تەوحید

لە بەرنامەی ئەهلی سوننەتدا

بەشی
بنەما و بنچینەکانی زانستی تەوحید

نووسینی
أحمد ملا فائق سعید

مکتبة صلاح الدین
للنشر والتوزیع

تەراویح

لە بەرنامەی ئەهلی سوننەتدا

نـــــاوی کـتێب:	تەوحید لە بەرنامەی ئەهلی سوننەتدا
نـــــووسـیـنـی:	أحـمد مـلا فـائق سعید
ژمـارەی لاپـــەڕە:	٥٩٥ لاپەڕە
قەبـارەی لاپـەڕە:	١٧ x ٢٤ سم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی
(١٢٣٧) ی ساڵی ٢٠٢٤ ی زایینی پێدراوە



مکتبة صلاح الدين
Salahaddin Bookshop

کتێبخانەی صلاح الدين

هەولێر | فلکەی شێخ محمود | بانەخانەی سید بهاء الدين

٠٠٩٦٤٧٥٠٤٨٥٥٦٦٤

تەوحید

لە بەرنامەی ئەهلی سوننەتدا

بەشی

بنەما و بنچینەکانی زانستی تەوحید

نووسینی

أحمد ملا فائق سعید

مكتبة صلاح الدين
للنشر والتوزيع

التوحيد

في منهج أهل السنة

قسم

قواعد ومقدمات علم التوحيد

تأليف

أحمد ملا فائق سعيد

مكتبة صلاح الدين
للنشر والتوزيع



بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

إِنَّ الْحَمْدَ للهِ، نَحْمَدُهُ، وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ، فَلَا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾ [آل عمران: ١٠٢].

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [النساء: ١].

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأحزاب: ٧٠-٧١].

🏛 قال رسول الله ﷺ: «أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيثِ كَلَامُ اللهِ، وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ، وَشَرُّ الْأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ»[(١)].

وَبَعْدُ: ئەبێت چی شاییستەی ئەوە بێت ببێتە عەقیدە و بیروباوەڕی مرۆڤەکان بێجگە لە ناسینی پەروەردگاریان و پەرستنی ئەو و هێنانەدی تەوحیدی ئەو نەبێت لە هەموو کار و کردەوە و بیروباوەڕێکیاندا؟! کە هەر ئەو خاوەنیانە و هێنەرەدی هەموو بوونەوەرەکانی تریشە، وە هیچ بوونێکی تر شاییستەی جێگرەوەی نییە لە پەرستندا.

---

(١) أخرجه مسلم (٨٦٧)، والنسائي في "الكبرى" (١٧٩٩)، وابن ماجه (٤٥)، وابن حبان في "صحيحه" (١٠)، وابن خزيمة في "صحيحه" (١٧٨٥)، وأحمد في "المسند" (١٤٩٨٤)، والطبراني في "الكبير" (٨٥٣١)، والبيهقي في "الكبرى" (٥٨٠٠)، وابن أبي عاصم في "السنة" (٢٤)، والمروزي في "السنة" (٧٣)، وغيرهم، وانظر "خطبة الحاجة" للألباني.

تاکە بیروباوەڕ و عەقیدەیەك توانای مانەوە و پاراستنی خۆی هەبێت تەوحید و بیروباوەڕی ئیسلامە، لەبەرئەوەی کاری سەلماندنی خۆی و دژایەتی دژەکانیەتی لە یەك کاتدا لەژێر ناونیشانی (الإثبات والنفي)دا، کە بە هەردوو بابەتەکەوە لە کارکردندایە بۆ جێگیرکردن و پاراستنیان، هیچ بیروباوەڕێکی دەستکردی مرۆڤەکان ئەم وەسفانە لەخۆناگرێت، هەولّی مرۆڤەکان زۆر دراوە جێگرەوەی بۆ دروستبکرێت هەرجارەی بە شتێك کە هەمووی لە خولگەی بوونەوەرەکان (مخلوقات) دەرنەچووە، ئەمەش بۆخۆی توانای بوون بە (خالق)یان نییە، بۆیە لە ئان و ساتێکی میژوویيدا کۆتاییان پێهاتووە هەر لە دانانی ئادەمیزاد و ناودار و فریشتە و جنۆکە و هەسارەکان و خاك و نەتەوە و ڕەنگ و دەسەلاّت و بیروڕا خەیالّییەکانی مرۆڤەکانەوە هەتا دوایی.

لەبەرئەوەی تەوحید لەگەلّ عەقلّ و ناخپاکی (فطرة)ی ئادەمیزاددا هاودۆست و گونجاوە وەکوو چۆن ئاو و خاك پێویستیان بە یەکە و تێکەلّکراوی یەکن، وە پێویستییەکی ئادەمیزادە بۆ ڕزگاربوونی لە هەموو کۆیلایەتی و بەندایەتییەکی ساختە، هەروەك نوێنەری موسولّمانان بە کیسرای فارسی وت: «لِنُخْرِجَ مِنْ عِبَادَةِ العِبَادِ إِلَى عِبَادَةِ رَبِّ العِبَادِ»[1]. خوای پەروەردگار دینێکی بۆ ناردووین تاوەکوو ڕزگارمان بکات لە بەندایەتی بەندەکان بۆ بەندایەتی خوای بەندەکان.

تەوحید نیشانەی یەکلاکەرەوەی ئەو کێشمەکێشمەیە کە لە نێوان حەق و بەتالّدا چێنراوە هەر لەو ڕۆژەوەی ئادەم و ئیبلیس دروستبوون هەتاوەکوو ڕۆژی دوایی، کە بەهۆیەوە بە جیاکردنەوەی ئیمان لە بێبڕوایی و تەوحید لە شەریك بڕیاردان و حەق لە بەتالّەکان دێنە دی، بە هیچ شێوەیەك ڕێککەوتن و نزیکبوونەوە و گونجاندن لەنێوانیاندا دروست نەبووە و نابێت، چۆن دەبێت یەکێکیان مافی (خالق) و خاوەنی بوونەوەرەکان بێت ئەویتریشیان زەوتکار و (مخلوقات) بێت و بیەوێت بەتالّ بە حەق بکات و شەریك بڕیاردان بە تەوحید و ئیمان بکات؟!

کەواتە تەوحید سەری هەموو حەق و خێرێکە و هێنانەدییەکەی چلّەپۆپەی هەموو دادپەروەرییەکە، وە پێچەوانەکەشی نیشانەی شەڕ و بێبڕوایی و ستەمە، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ١٣﴾ [لقمان: ١٣].

---

(١) "النبوات" لابن تيمية ص٢٢، و "البداية والنهاية" لابن كثير (٧/ ٣٩)، و "تأريخ ابن خلدون" (٢/ ٥٣٠)، و "الكامل" لابن الأثير (٢/ ٢٩٨)، و "تأريخ الطبري" (٣/ ٥٢٠).

تەوحید لـە دیندا وەکوو سەر وایە لـە جەستەدا، هەروەك چۆن جەستە بوونی نییە بەبێ سەر، ئیسلامێکی بێ تەوحیدیش رِێگە خۆشکەرە بۆ تێکەڵبوون بە هەموو جۆرەکانی بەتاڵ و گومرِایی، لەبەرئەوە یەك حەق هەیە و چەن جۆرە نابێت، هەروەك چۆن یەك (خالق) و خوا هەیە بە حەق و چەندەها جۆر خوایەتی تر نابێت.

هێنانەدی تەوحید یەکەم هۆکاری دروستبوونی ئادەمیزاد و جنەکانە، وەکوو خوای پەروەردگار تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ [الذَّارِيَات : ٥٦]. واتە مەبەست لـە دروستبوونی ئادەمیزاد و جنەکان تەوحیدێکی پاك و بێگەردە، وە هەر بە هۆکاری تەوحیدەوە پەروەردگار پەیامەکانی ناردووە و پێغەمبەرانی رِەوانە کردووە، وەکوو دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ ﴿٢٥﴾﴾ [الأَنبِيَاء : ٢٥]، ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ﴾ [النَّحل : ٣٦]. واتە هەر پێغەمبەرێك نێردرابێت لەمەوپێش و بۆ هەر گەلێك بە مەبەستی پەرستنی پەروەردگار و رِەواندنەوەی شەریك بڕیاردان بووە.

هەر تەوحیدە خوای پەروەردگار لـە پێناویدا وادە و پەیمانی لـە هەموو مرۆڤەکان وەرگرتووە لـە ئەزەلدا پێش ئەوەی بێنە دونیاوە کە بیپەرستن و شەریکی بۆ بڕیار نەدەن، وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ شَهِدْنَآ ۛ أَن تَقُولُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَٰفِلِينَ ﴿١٧٢﴾﴾ [الأَعرَاف : ١٧٢]. ئەم وادە و پەیمانەش عەقڵ نکوولێکار نییە لـەسەری، وە (فطرة) و ناخ پاکیش هەردووکیان شایەتحاڵن بۆ بوون و پێویستی هاتنەدی ئەو کارە، بە پاڵپشتی بیرخستنەوەی هەموو پێغەمبەران لـەسەر گەل و مرۆڤەکان.

تەوحید یەکەم وشە و داواکارییە پێی دێتە ناو ئیسلامەوە، هەر بە هۆکاری تەوحیدەوەیە ئادەمیزاد دابەشکراوە بۆ ئیماندار و بێبڕوا، وە جیهاد و تێکۆشانیش لـەپێناوی هێنانەدی مافەکانی تەوحیددا پێویست کراوە لـەسەر ئیمانداران.

وشەی تەوحید لـەسەر (بطاقة)ی کێشانە بۆ کارەکان نەخشێنراوە لـە رِۆژی دواییدا و کارتی رِزگاربوونە، هەر تەوحیدە بنەما و بوون و سەرەتایە، وە شەریك بڕیاردانیش کاری کتوپڕ (طارئ) و دروستبـووی مـرۆڤەکانە، بۆیە هـەر لـە ئادەمـەوە تاوەکـوو نوح سەلامی خـوایان لێبێت لـەسەر

تەوحیدی بێگەرد و خواپەرستی بوون، پاشان شەریك بڕیاردان دروستبووە.

وە بە هۆکاری حەقپێدانی کاملّی لە تەوحیددا حەفتا هەزار کەس لە موسولّمانان دەچنە بەهەشتەوە بەبێ هیچ لێپرسینەوە و سزایەك.

وە هەر تەوحیدە دەبێت یەکەم هەنگاوی بانگخوازی بێت لە بانگەوازیدا، هەروەك (ابن عباس) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەیگێڕێتەوە: «لَمَّا بَعَثَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مُعَاذًا نَحْوَ الْيَمَنِ، قَالَ لَهُ: إِنَّكَ تَقْدَمُ عَلَى قَوْمٍ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ، فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَى أَنْ يُوَحِّدُوا اللهَ تَعَالَى ...»[(١)]. کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ (مُعاذ)ی نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو: تۆ دەچیت بۆلای گەلێك کە ئەهلی کیتابن، با یەکەم کارت بانگەوازیکردنیان بێت بۆ پەرستنی خوا بە تاك و تەنیا.

وە یەکەم پرسیاری گۆڕ هەر تەوحیدە: «فَيُقَالُ لَهُ: مَنْ رَبُّكَ؟»[(٢)]. پێی دەوترێت خوات کێیە؟

وە هەر تەوحیدە مافی خوایە بەسەر بەندەکانیەوە: «حَقُّ اللهِ عَلَى الْعِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلَا يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا»[(٣)].

واتە: مافی خوا بەسەر بەندەکانیەوە ئەوەیە کە بە تاك و تەنیا بیپەرستن و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن.

تەوحید مەرجی یەکەمینە لە مەرجەکانی وەرگرتنی کارەکان لە کێشانەی خوای پەروەردگاردا، ئەو دوو مەرجەش (الإخلاص والمتابعة)ن، وە هەرە گرنگترین بەش لە بەشەکانی تەوحید تەوحیدی کارکردن و یەکتاپەرستییە (التوحيد العملي والألوهية) لە ژیاندا.

---

(١) رواه البخاري (٧٣٧٢)، ومسلم (١٩)، وابن خزيمة في "صحيحه" (٢٣٤٦)، والدارمي في "سننه" (١٦٥٥)، والدارقطني في "السنن" (٢٠٥٩)، والطبراني في "الكبير" (١٢٢٠٧)، والبيهقي في "الشعب" (٣٢٩٢).

(٢) رواه مسلم (٢٨٧١)، وأبو داود (٤٧٥٣)، والترمذي (٣١٢٠)، والنسائي في "الكبرى" (٢١٩٥)، وابن ماجه (٤٠٧٧)، وأحمد في "المسند" (١٨٥٣٤)، والبزار في "المسند" (٩٧٦٠)، والطبراني في "الكبير" (٩١٤٥)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (١٢٤٢١)، وابن أبي عاصم في "السنة" (٨٦٦)، والآجري في "الشريعة" (٨٦٠).

(٣) رواه البخاري (٥٩١٢)، ومسلم (٣٠)، والنسائي في "الكبرى" (٥٨٤٦)، وابن ماجه (٤٢٩٦)، وأحمد في "المسند" (١٣٧٤٢)، والطبراني في "الكبير" (٨١)، والطيالسي في "مسنده" (٥٦٦).

هەر تەوحیدە یەك لەسەر سێی قورئان دەگرێتەوە و دوو بەشەکەی تریشی هەر لە پێناو هێنانەدی و مافەکان و پاداشت و سزای ڕێگای تەوحید و هەڵگرانیدایە.

لەبەرئەوە ناونیشانی ئەهلی سوننەت لە پێهەڵگرتنی بەرنامەی حەقدا دوو وشەیە (التوحید والسنة)، کە لە مافی خوادا تەوحیدە و لە مافی پێغەمبەرەکەشیدا شوێنکەوتەی سوننەتە و پێچەوانەکەشی شەریك بڕیاردان و بیدعەکارییە (شرك وبدعة).

هەر ئەو دوو وشەیەیە کە هەرەسی هێناوە بە پێدانی هەموو سیفاتەکانی خوایەتی (الألوهیة) یاخود پێگەی (معصوم)یەتی پێغەمبەرایەتی بۆ (طاغوت) و پەرستراو و ناوداره دینی و دونیاییەکان، کاتێك کە زەوتیان کردووە بۆ خۆیان و بەشێك لە خوایەتی یاخود پێغەمبەرایەتی بە خۆیان دەدەن، دەیانەوێت سیفاتی ڕاستەقینەی ئادەمیزادییان لە کەم و کوڕی و ناتەواوی و لەخۆگری هەوا و ئارەزوو و گومڕایی مرۆڤەکان لە خۆیان بڕەوێننەوە، بەڵام قەدەری خوایی زاڵە بەسەریاندا کە دەبێت هەر (مخلوق) و جۆرێك بن لە دروستکراوەکان و لەخۆگری هەموو سیفاتەکانی ناتەواوی بن و نابێت بگەنە ئەو پێگە و ئاستانە.

کەواتە تەوحید بنەما و ڕاست و دروستییە گەورەکەی ئیسلامە، تاکە ڕێگەی بژاردەی پەروەردگارە بۆ بەندەکانی، هۆکاری سەرەتایی بەختەوەری و ڕێگای هیدایەتی پاکی خواییە، ناونیشان و پشت و پەنای ڕزگاربوونە، بنچینە و کۆکەرەوەی هەموو خێر و نیعمەتەکانی خواییە.

تەوحید ئەو بناغەیەیە کە قورسایی ئیسلامی ڕاگرتووە، ئەو نهێنییەیە کە هەموو هێزێکی لەخۆگرتووە، تەوحید ئەو لوتکە و بڵندییەیە کە ئیسلامی تیادا ئەدرەوشێتەوە، تەوحید ئەو دروشمەیە کە لەناوبەری هەموو جۆرەکانی ئیلحاد و شەریك بڕیاردانانە، ئەو شورایەیە کە ئیسلام دەپارێزێت لە هەموو بیدعە و گومڕاییەك.

لەبەرئەوە هەموو زانستێك بە باس و ناوەڕۆکەکەیەوە ڕێزدارە، زانستی تەوحیدیش وەکوو وتراوە: «أَشْرَفُ الْعُلُومِ عِلْمُ التَّوْحِیدِ وَأَنْفَعُ الْعِلْمِ أَحْکَامُ الْعَبِیدِ»[1]. ڕێزدارترین زانست زانستی تەوحیدە، وە بەسوودترین زانستیش زانستی حەڵاڵ و حەرام و شەرعی خوایە.

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٧/ ١٣٢).

سەرەتا و ناوەڕۆك و کۆتایی زانستی تەوحید بەس باسە لە پەروەردگاری بوونەوەرەکان لە ناو و سیفات و کار و ناسینی زاتی ئەودا، لەگەڵ دیاریکردنی هەموو جۆرەکانی پەرستن کە هەر ئەو خاوەنیەتی و شاییستە بەوە.

گەر هەوێنی کارەکانی هەر ڕێگەیەکی بانگەوازی تەوحید نەبێت و چەقی بناغەی بانگەوازییەکەیان لەسەر تەوحید بنیاد نەنرابێت، ئەوا هۆکاری هەموو جۆرە شکستی و ناتەواوی و کەوتنە ناو زەلکاوی گومڕاییەکەوەیە کە ئەنجامی کارەکانیان لەدەستدانی حەق و ئارام نەگرتنە لە بەرامبەر دوژمندا، وە هۆکاری بەفیڕۆدانی هەموو توانا و کار و کاتەکانیانە لە کاتێکدا کە موسوڵمانان چاوەڕێی ئەوەن لەو ڕێگایانەوە ئیسلامی ڕاستەقینەیان بۆ بگەڕێتەوە.

وە هەموو شتێکیش بێگومان بەپێی کێشانە و قورسایی خۆی بەڵا هەر ڕووی تێدەکات، بۆیە ئاوڕ نادرێتەوە بەلای کاری سووك و کەم نرخدا، تەوحیدێکیش بەم گەورە و گرانی و پیرۆزی و بەو هەموو پلە و پێگەیەوە ئاشکرایە بەر لێشاوی گومڕاکاران و تانە و گومان و لەکەدارکردنی موڵحیدان و موشریکان و بێبڕوایان و سەرلێشێواوانی ناو دین و دەرەوەی دین کەوتووە، ئەوانەی کارلێکراو و هەڵگرانی ڕێڕەوانی ڕێی کوفر و شەریك بڕیاردانن لە دینە پێشووەکانیان، یاخود بیروڕای ڕێڕەوی عەقڵی فەلسەفی پڕ لە گومان و گومڕایانی دونیایان لەخۆگرتووە، هاتوون بە هەموو شێوەیەك کاری گۆڕین و واتا بۆ دروستکردن و لەکارخستنی واتاکانیان لە ئاستی دەقەکاندا گرتووەتە بەر، بە شێوازێك هەموو هەوڵێکیان چڕ کردووەتەوە بۆ نەهێنانەدی واتا و مەبەستەکانی تەوحید و تێکەڵکردنی بە هەموو ڕێگە بەتاڵەکان لە شەریك بڕیاردان تاوەکوو ئەو تاکە ڕێگای تەوحیدە ون و شێواو بێت لە خەڵکی و نەتوانن پێی بگەن.

ئەمانە کاری دوژمنانی دەرەوەی دینن لەگەڵ فیرەقە گومڕاکانی ناو دیندا، بەڵام زانایانی ئەهلی سوننەت زۆر بە تونڈی بەرهەڵستیان بوونەتەوە و سەنگەریان بەرامبەر لێداون وەکوو ئەرکێکی شەرعی و واجبێکی دینی بۆ گەیاندنی بەرنامەی حەقی خوایی و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلۡهُدَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ١٥٩﴾ [البَقَرَة : ١٥٩]. ئەوانەی پەیامی خوا و ڕێگەی هیدایەتەکەی دەشارنەوە لە خەڵك لەپاش ئاشکرابوونی، ئەوانە بەر نەفرەتی خوا و نەفرەتکاران دەکەون.

زانایانیش ئەم کارەیان بە عیبادەت ناساندووە، هەروەك ئیمام (أحمد) رَحِمَهُ اللَّهُ لە وەلآمی کەسێکدا کە دەڵێت نوێژی سوننەت خێری زیاترە یاخود زانست و فێرکردنی موسوڵمانان؟ دەڵێت: زانست خێری زۆرترە، لەبەرئەوەی ئەوە بۆ گشت موسوڵمانانە، بەڵآم نوێژی سوننەت تەنها بۆ خۆیەتی.

وە ئیمامی (الشافعي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: طَلَبُ الْعِلْمِ أَفْضَلُ مِنْ صَلَاةِ النَّافِلَةِ[١]. **واتە فێربوونی زانست و زانیاری شەرعی باشترە لە نوێژی سوننەت.**

وە ئیمام (أحمد) رَحِمَهُ اللَّهُ لە پێشەکی کتێبی "الرد على الجهمية والزنادقة"دا دەڵێت: الحمد لله الذي جعل في كل زمان فترة من الرسل، بقايا من أهل العلم يدعون من ضل إلى الهدى، ... ينفون عن كتاب الله تحريف الغالين، وانتحال المبطلين، وتأويل الجاهلين، الذين عقدوا ألوية البدع[٢]. **واتە ستاییش بۆ ئەو خوایەی کە وای داناوە لە هەموو سەردەمێکدا پاشماوەی زانایان لەسەر ڕێڕەوی پێغەمبەران بوونیان هەبێت، بانگەوازی گومڕایان دەکەن بۆ ڕێگەی هیدایەت، هەوڵیان ڕەواندنەوەی گۆڕانکاری زیادەڕەوانە لە فەرمووەی خوادا، وە بەتاڵکردنەوەی حیلە و فێڵی ئەهلی بەتاڵە لە ئایەتەکاندا، وە ڕاستکردنەوەی واتاگۆڕینی نەزانەکانە لە دەقەکاندا، ئەوانەی کە ئالآی بیدعەکارییان هەڵگردووە و کۆدەنگن لە دژایەتی قورئان و دووركەوتنەوە لێی، وە یەکدەنگن لە دژایەتیکردنی مەبەست و داواکارییەکانی.**

زانایانی ئەهلی سوننەت زۆر بە تووندی و دڵسۆزییەوە بەرهەڵستی گومڕایان و بیدعەکاران بوونەتەوە و ناویان زڕاندوون و ڕێڕەو و بەرنامە و نهێنی ووردی گومڕاییەکانی ئەوانیان ئاشکرا و والآ کردووەتەوە بۆ موسوڵمانان، تاوەکوو حەق لە بەتاڵ جیابێتەوە و هیدایەت لە گومڕایی دەربکەوێت، لەم بوارەدا ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان گێڕاوە، ئەوەندەی کە دژایەتی هەڵگرانی نەخۆشی (شبهات)یان کردووە ئەوەندە دژایەتی ئەهلی (شهوات)یان نەکردووە، لەبەرئەوەی هەروەك (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: إِذْ مَضَرَّةُ الْبِدَعِ وَهَدْمُهَا لِلدِّينِ وَمُنَافَاتُهَا لَهُ أَشُدُّ[٣]. **واتە**

---

(١) "مسند الشافعي" ص٢٤٩، و "آداب الشافعي ومناقبه" لابن أبي حاتم ص٧٢.

(٢) "الرد على الجهمية والزنادقة" للإمام أحمد بن حنبل ص٥٥، ٥٦.

(٣) "مدارج السالكين" لابن القيم (١/ ٣٧٨).

ئەوەندەی خاوەن گومان و گومڕایان زیانیان زۆرە بۆ دین و موسوڵمانان ئەوەندە تاوانباران زیانیان نییە.

تێکدان و شێواندنی عەقیدە و بیروباوەڕ زۆر زیانی گەورەترە لە (فساد) و تێکدانی ئەخلاقییان، ئەگەرچی هەموویان ڕێڕەوی تاقیکردنەوەی ئادەمیزادە و کەسیشی لێ دەرباز نابێت و مامەڵەی خوایی بەگوێرەی نیەت و کار دەکرێت و هەر بۆ ئەم تاقیکردنەوەیەش دروستبووین، وەك دەفەرموێت: ﴿وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخۡتَلِفِينَ ١١٨ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمۡۗ﴾ [هُوۡدٖ: ١١٨، ١١٩]. خۆ ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێت هەموو خەڵکی دەبنە یەك گەلی هیدایەتدراو، بەڵام تاقیکردنەوەی خواییە و دەبێت بەردەوام لە جیاواز و جیاکاریدا بن، مەگەر کەسێك بەر بەزەیی خوا کەوتبێت، وە هەر بۆ ئەم تاقیکردنەوەیەش دروستبوون.

ئەمە قەدەری کەونییە لەسەرتان و هەر دەبێت ببێت، ڕۆژیش بەبێ شەو بوونی نییە.

بەڵام ئەوەی شوێنی گرنگی و شاییستەی دڵنیابوونە لە ئەنجامی توێژینەوە و بەدواداچوونی بەرنامەی فیرقە گومڕاکاندا ئەوەیە هەموو هۆکاری گومڕاییەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارە سەرەکییە ئەویش بوونی کۆمەڵێك گومانی عەقڵی داڕێژراوی پێشوەختەی خۆیانە کە بەرنامەڕێژییان لەسەر کردووە و خۆیانیان داوە بەدەستەوە و خاوەنیەتییان بۆ دەربڕیوە، لەپێش ئەوەی تێڕوانین لەسەر دەقە شەرعییەکان بکەن و بە ڕێڕەوی زانستە شەرعییەکان گەورە بن، بۆیە کاتێك کە دەگەنە سەر دەقە شەرعییەکان تەفسیر و شیکارییان لەسەر ئەو گومانە عەقڵییە داڕێژراوە پێشوەختەیەی خۆیانیان بۆ ئەنجام دەدەن، لەم کاتەشدا بەڵگە شەرعییەکان بەشیان شوێنکەوتە و خۆگونجێنەر و سەپێنراو (محکوم) دەبن نەك (حاکم).

بەم هۆکارەوە گومڕاییەکانیان دوو هێندەیە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی بەرنامەڕێژی عەقڵی پێشوەختەیان و دروستبوون و پەروەردەبوونیان لەسەری، وە کاری تاوانکارییان لەگەڵ دەقە شەرعییەکان و مامەڵەکردن و سەیرکردنیان بە چاوێکی پڕ لە گومانەوە و دەستنەکەوتنی یەقین و یەکلابوونەوە تیایاندا، بۆیە لە ئەنجامدا پەنایان بردووەتە بەر (تأویل وتحریف وتعطیل) گۆڕانکاری و ترازاندن و لەکارخستنی مەبەستی دەقەکان بە پشتیوانی بەڵگە لێکچووەکان (المتشابه) و فەرموودە ناڕاست و نادروستەکان و خوێندنەوەی ڕووکەشی زمانەوانی بۆیان لەگەڵ چەندەها ڕێڕەوی تر.

بەڵام بە دڵنیاییەوە گەیشتن بە یەقین دەستناکەوێت لایان و ئەنجامیان فراوانتربوونی بازنەی جیاوازی و دووبەرەکایەتییە لەبەرئەوەی دەستکردی عەقڵی مرۆڤەکانە و ئەوانیش زۆرترین کاریگەری هەوا و ئارەزوویان لەسەرە.

ئەوەی خاڵی کۆکەرەوەیان بێت و هۆکاری داماوی ئەوان بێت کۆدەنگییانە لە دژایەتی ئایەتەکانی خوا و فەرموودەکانی پێغەمبەرەکەی، پاشان ڕێککەوتنی گشتییان لەسەر چەند خاڵێك، بەڵام لە ئەنجامی تۆژینەوە و باسیاندا لە هەر خاڵێکی عەقیدەدا لەسەر پەیوەستبوون و ئەنجامی کۆتایی ئەو خاڵە یەکگرتووەیان سەرئەنجام جیاوازییان تێکەووە، ئەویش بە هۆکاری ئەوەی هەریەکەیان مەرج و تایبەتمەندی جیاوازی خۆیان هەیە بۆ ئەو خاڵ و بنەمایەی کە لەسەری بوون، ئەمە بووەتە هۆکاری بوونی جیاوازی زۆرتر لەناویاندا، ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە کۆدەنگ بوون لە دژایەتی بەرنامەی ئەهلی سوننەت، ئەمە بۆخۆی هەوا و ئارەزووی ئادەمیزادە و بێ پشت و پەنایبانە لە زانستە شەرعییەکانی قورئان و فەرموودە.

بەڵام بەپێچەوانەی بەرنامەی ئەهلی سوننەتەوە کە پەیوەستبوونە بە دەق و جۆری داڕێژراوییەکانیانەوە لەگەڵ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی مەبەستی دەقەکان هەر بە پشتیوانی دەقەکان خۆیان و شیکاری هاوەڵان و زانایانی ئەم ئومەتە و دەرنەچوون لە سنووری دەق و باسەکان و دەرگا نەکردنەوەی عەقڵ بۆ بابەتە غەیبییەکان و وەرنەگرتنی هیچ باس و خواسێکی دەرەکی و خۆپارێزی لە ڕێڕەو و نەخۆشی گومڕایان، لەگەڵ پارێزگاری تەواو لە بەرنامە و ڕێڕەوی زانستی ئەهلی سوننەت بۆ جۆری وەرگرتنی دین وەکوو خۆی و گەیاندنی، تاوەکوو حەق و هیدایەت و بەرنامەیان سەرکەوتوو و زاڵ بێت بەسەر هەموو جۆرەکانی ڕێڕەوی گومڕاییدا.

بۆ ئەم مەبەستە زانایانی ئەهلی سوننەت ڕێگەی زانستی شەرعییان هەیە بۆ وەرگرتنی زانستە دینییەکان (العلوم الشرعية) وەکوو: (أصول الفقه، علوم الحديث، علوم القرآن ...) تاوەکوو زانستی (فقه وحديث وقرآن) وەکوو خۆی بە ڕاست و دروستی وەربگرن، هەر بەم شێوەیەش بۆ تەوحید و بابەتە عەقیدەییەکان زانستی تەوحیدیان هەیە بۆ جۆر و ڕێڕەوی ووردەکاری تەوحید بەناوی (قواعد ومبادئ علم التوحيد) بنەما و پێشەکییەکانی زانستی تەوحید، لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت هەرسێ جۆرەکەی تەوحید وەکوو خۆی وەربگیرێت و ئاشنایی بەسەر (الإثبات والنفي والشرك والتعطيل) و بابەتە گرنگ و هەستیارەکانیدا بەدەست بهێنرێت.

بابەتەکانی ئەم زانستە بریتین لە بنەما و یاسا و پێشەکییەك تاوەکوو بتوانرێت کەسی ئیماندار لەم ڕێگە زانستییەوە هەڵگری تەوحید بێت وەکوو خۆی و متمانەی پارێزراوی لە هەموو جۆرەکانی گومڕایی بەدەستبێنێت.

وە ئاشنا و شارەزا بێت بەسەر سەرچاوە و بناغە و یاساکانی تەوحید و دارشتنەکانیدا لەسەر بەرنامەی حەقی ئەهلی سوننەت و پەیوەست بە قورئان و سوننەتەوە.

لە بەرامبەریشدا خستنەڕووی سەرچاوە و بنەمای بیدعەکاران و گومڕایان لە مامەڵەیان لەگەڵ تەوحید و عەقیدەی ئیسلامیدا، تاوەکوو خوێنەر بە تێروپڕی بتوانێت پێوانە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت لەنێوان بەرنامەی حەق و هیدایەتی خوایی و بە بەرنامەی بەتاڵ و گومڕایی مرۆڤەکان و دەرکەوتنی و تاوانکارییان لە ئاست پەیام و دینی ڕاستەقینەی خوادا، تاوەکوو هەموو شتێکی نهێنی و شاراوەیان لا ئاشکرا بێت و خۆیان بتوانن هەڵسەنگاندن و پێوانەیان بۆ بکەن، وە بەڵگەکاریشیان لەسەر بێتە دی.

پاشان ئەم زانستە ووردەکاری دەدات لەسەر ڕێگەکانی گەیاندن و بنیادنانی عەقیدە و تەوحید لای ئادەمیزاد کە وتاری خوایی لەم بوارەدا لەگەڵ عەقڵی ساغ و دروست و (فطرة) و ناخ پاکیدا دەدوێت و دەتوانێت تەوحید و حەقەکانی پێبگەیەنێت.

پاشان ڕوونکردنەوە دەدات لەسەر تایبەتمەندی تەوحید لای ئەهلی سوننەت و پلە و پێگە و بەڕێزی تەوحید لە دیندا، وە هەروەها ڕوونکردنەوە لەسەر بەدەستهێنانی تەوحید و ئاگادارکردنەوە بەسەر ڕێگەکانی لەکەدارکردن و ناتەواوییەکان تیایدا، پاشان خستنەڕووی جۆرەکانی دابەشکردنی تەوحید لە قورئان و سوننەتدا، وە دابەشکردنی تەوحید لای فیرقە گومڕاکان.

ئەم نووسینەش کار و هەنگاوێکە بۆ خزمەتی زانستی تەوحید و ڕوونکاری و والاکردنێکە لەم بوارەدا، بەو هیوایەی شوێنی ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بێت، پاشان ڕێنموونی و چاوڕۆشنییەکی زیاتر بێت بۆ هەڵگرانی تەوحید، گومانیش نییە هەموو پێکاندنێك لەم بابەتەدا بە پشتیوانی خوا و بەخشندەیی ئەوەوە بووە، لەبەرئەوەی سەرچاوەکانی هەمووی قورئان و فەرموودەیە و شیکاری زانایانی ئەم دینەیە و ئێمە خاوەنی نین، وە هەموو هەڵە و نەپێکاندن و لەبیرچوون و کەم و کورتییەك پێوەلکاوی ئادەمیزاد و سروشتی خۆیەتی و دینی حەق لێی

بێبەرییە، هەروەك (العماد الأصفهاني) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت**: إني رأيت أنه لا يكتب إنسانٌ كتابًا في يوم إلا قال في غده: لو غيِّر هذا لكان أحسن، ولو زيد كذا لكان يستحسن، ولو قدّم هذا لكان أفضل، ولو ترك هذا لكان أجمل، وهذا من أعظم العبر، وهو دليل على استيلاء النّقص على جملة البشر [١].

واتە: من بينيومە هيچ كەسێك ئەمڕۆ كتێبێكی نەنووسيوە گەر بۆ سبەی نەيوتبێت: گەر ئەمەم بگۆڕيايە باشتر دەبوو، ياخود گەر ئەمەم زياد بكردايە باشتر دەبوو، گەر ئەمەم پێشبخستايە باشتر دەبوو، گەر ئەوەم واز لێبێنايە جوانتر دەبوو، كە ئەمەش بەڵگەيە لەسەر ناكاملّی ئادەميزاد و كاملّيش هەر بۆ خوايە.

(**ابن القيم**)**يش** رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت**: لك غنمه، وعلى مؤلفه غرمه، ولك فائدته، وعليه عائدته، فلا تعجل بإنكار ما لم يتقدم لك أسباب معرفته، ولا يحملنك شنآن مؤلفه وأصحابه على أن تحرم ما فيه من الفوائد التي لعلك لا تظفر بها في كتاب ولعل أكثر من تعظمه ماتوا بحسرتها ولم يصلوا إلى معرفتها، والله يقسم فضله بين خلقه بعلمه وحكمته وهو العليم الحكيم والفضل بيد الله يؤتيه من يشاء والله ذو الفضل العظيم [٢].

واتە: ئەی خوێنەر سوودمەندی نووسينەكە بۆ تۆيە و باجەكەی لەسەر نووسەرە، پەلە مەكە لە دژايەتيكردنی بابەتێك كە لەمەوپێش هۆكاری فێربوونيت نەبووە، وە ڕقلێبوونی خاوەنەكەی و هاوشێوەكانی نەبێتە هۆكاری بێبەشبوونی سوودەكانی كە ڕەنگە لە كتێبێكی تردا بەدەستی نەهێنيت ... خوای پەروەردگار خۆی بە زانست و دانايی خۆی پلەوپايەكان دابەش دەكات بەسەر بەندەكانيدا.

---

(١) "إعلام الموقعين" لابن القيم (١/ ٢٨٨) ت – أبو عبيدة مشهور بن حسن آل سلمان.

(٢) "شفاء العليل في مسائل القضاء والقدر والحكمة والتعليل" لابن القيم ص٦.

ئێمەش دەڵێین هەروەك پێشەوای موسوڵمانان (عمر بن الخطاب) ﷺ لە یەکێك لە نزاکانیدا دەیوت: اللَّهُمَّ اجْعَلْ عَمَلِي كُلَّهُ صَالِحًا وَاجْعَلْهُ لِوَجْهِك خَالِصًا وَلَا تَجْعَلْ لِأَحَدِ فِيهِ شَيْئًا[١]. پەروەردگار هەموو کارەکانم شوێنکەوتەی بەڵگەکان بێت و بێگەرد بێت لەپێناوی تۆدا و بەشی کەسی تێدا نەهێڵێت.

وَالْحَمْدُ لِلهِ دَائِمًا وَأَبَدًا

وَالْصَّلَاةُ وَالْسَّلَامُ عَلَى نَبِيْنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ تَسْلِيْمًا كَثِيْرًا





أحمد ملا فائق سعيد

١ / ربيع الثاني / ١٤٤٥ هـ

١٦ / ١٠ / ٢٠٢٣ م - الجمعة

سلێمانی

(١) "مدارج السالكين" لابن القيم (١/ ٣٧٨).

بەندی یەکەم

بـەشـی یـەکـەم

پێناسەی (التوحيد)

تعريف التوحيد في اللغة والاصطلاح

*** پێناسەی تەوحید لە زمانەوانیدا (تعريف التوحيد في اللغة):**

وشەی (توحيد) چاووگە، واتە (مصدر)ە، لە وشەی کرداری واتە (الفعل)ی ئەمانەوە هاتووە: (وحَّدَ، يُوَحِّدُ، تَوْحِيد)[١]، واتە بە تەنیا بووە و تەنیا دەبێت، وە وشەی (توحيد)یش کە چاووگە واتە تاك و تەنیایی (الإفراد).

(ابن فارس) لە واتای وشەی (توحيد)دا دەڵێت: إِمَّا جَعَلَهُ وَاحِداً، أو: اعْتَقَدَهُ وَاحِداً[٢].

واتە: وشەی (توحيد) دوو واتا دروستدەکات: یەکەم بە واتای بڕیاردانە لەسەر تاك و تەنیایی خوا، دووەم بە واتای باوەڕبوونە بەوەی کە خوا هەر تاك و تەنیایە.

گومانیش نییە مەبەست پێی باوەڕبوونە بە تاك و تەنیایی خوا، نەك بڕیاردان لەسەر تاك و تەنیایی خوا، لەبەرئەوەی ئەمە جێگیرە و پێویستی بە بڕیاردان نییە و لەسەر بڕیاردان نەوەستاوە، هەر بۆیە وشەی (توحيد) لەسەر (وزن) و پێوانەی (تفعيل)ە کە دەبێتە (توحيد)، واتە دەبێت باوەڕ بێنیت بە تاك و تەنیایی خوا.

وەك ئیمامی (السفاريني) رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت: فَمَعْنَى وَحَّدْتُ اللهَ نَسَبْتُ إِلَيْهِ الْوَحْدَانِيَّةَ، لَا جَعَلْتُهُ وَاحِدًا، فَإِنَّ وَحْدَانِيَّةَ اللهِ تَعَالَى ذَاتِيَّةٌ لَهُ، لَيْسَتْ بِجَعْلِ جَاعِلٍ[٣].

---

(١) "القاموس المحيط" للفيروز آبادي ص٤١٤، و "معجم مقاييس اللغة" لابن فارس (٦/ ٩٠)، و "الصحاح" للجوهري (٢/ ٥٤٧).

(٢) "معجم مقاييس اللغة" لابن فارس ص١٠٨٤.

(٣) "لوامع الأنوار البهية" للسفاريني (١/ ٥٧).

واتە: واتای باوەڕبوون بە تاك و تەنیایی خوا وەسف و باسکردنیەتی بە تاك و تەنیایی، نەك من لەلای خۆمەوە بڕیار لەسەر تاك و تەنیایی خوا بدەم و وای دابنێم، لەبەرئەوەی خۆی تاك و تەنیایە و پەیوەستییەکی خۆییەتی، نەك کەسێك بڕیار لەسەر ئەمە بدات.

وە (ابن العثيمين) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت**: والتوحيد هنا ليس بمعنى التصيير والجعل، فالله واحد اعتقدت ذلك أم لم تعتقده[١].

واتە: وشەی (توحید) لێرەدا واتای باوەڕبوونە بە تاك و تەنیایی خوا، نەك بڕیاردان بێت کە تاك و تەنیایە، لەبەرئەوەی خوای پەروەردگار تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ خۆی تاك و تەنیایە، جا باوەڕت پێی بێت یاخود نا.

وە باوەڕ و وەسفکردنی خوای پەروەردگار بە تاك و تەنیا؛ نایەتەدی و مافی تەواوی خۆی پێنادرێت تاوەکوو بنەمای (النفي والاثبات) نەیەتە دی، کە (النفي) واتە ڕێگریکردن لەو بابەتانەی کە شاییستە نییە بۆ باوەڕبوون بە خوا، وە (الاثبات) واتە ئەو بابەتانەی کە پێویستن بۆ باوەڕبوون بە خوا، لە یەك کاتدا و بێ جیاکردنەوەیان.

لەبەرئەوەی یاسای بەیەکەوەبوونی (النفي والاثبات) لە یەك کاتدا بەبێ جیاکردنەوەیان لە یەکتر لە (توحید)دا؛ هۆکارە بۆ تەواو هاتنەدی باس و وەسف و مافەکانی خوا لە ناسین و باوەڕپێبوونیدا، گەر نا وەکوو زانایان دەڵێن: لأنَّ الإثبات وحده لا يمنع المشاركة، ولأنَّ النفيَ وحده تعطيلٌ محض؛ فالتوحيد ليس هو الإثبات فقط، وليس هو النفي فقط، وإنَّما حقيقة التوحيد هي الجمع بين النفي والإثبات[٢]. **(الإثبات) باوەڕبوون و بڕیاردان و دانانی هەرشتێکە بۆ خوا (بۆ نموونە بینین)، ئەم سیفاتە ڕێگر نییە لەوەی کە بێجگە لە خوا (بۆ نموونە ئادەمیزاد) بەشدار بێت لەو سیفاتەدا، کە ئەمە بۆخۆی مەبەستە لە (توحید)دا، وە (النفي) ڕێگریکردن و باوەڕنەبوون بە کۆمەڵێك باس و خواس کە نابێت بۆ خوا بێت، کە بڕیاردانی ئەمەش "بەتەنیا" سەرکێشییە بەرەو باوەڕنەبوونی تەواو بە وەسف و مافەکانی خوا، لەبەرئەوە ڕاست و دروستی (توحید)ی تەواو ئەوەیە کە لە یەك کاتدا (النفي والاثبات) هەبێت، واتە باوەڕبوون بە شاییستەکان**

---

(١) أشرطة "شرح العقيدة السفارينية" للعثيمين، و "طريق الهداية" لدكتور محمد يسري ص١٠٦.

(٢) "قواعد في توحيد الربوبية والألوهية والأسماء والصفات" للشيخ وليد السعيدان ص٥.

بۆ خوا و رێگری لە ناشاییستەکان بۆ خوا، ئەوکات تەوحید بەتەواوی لە باوەڕی ئیماندارادا دێتە دی، وەکوو لە پێناسە شەرعییەکەدا باسدەکرێت.

*** پێناسەی تەوحید لە بەکارهێنانی شەرعیدا (تعريف التوحيد في الإصطلاح):**

لە پێناسە شەرعییەکەیدا زانایان گرنگییان بەوە داوە کە پێناسەیەك بێت هەرسێ جۆری (توحید)ەکە بە ناو و پێویستییەکانی لەخۆ بگرێت، یاخود گرنگییان داوە بە لەخۆگرتنی لایەنی پێناسە زانستی و کردارییەکەی (العلم والعمل).

کورتترین و کۆکراوەترین پێناسەی شەرعی (توحید) لای زانایان بەم شێوەیەیە:

(السفاريني) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: هُوَ إِفْرَادُ الْمَعْبُودِ (اللَّهِ) عَزَّوَجَلَّ بِالْعِبَادَةِ مَعَ اعْتِقَادِ وَحْدَتِهِ ذَاتًا وَصِفَاتٍ وَأَفْعَالًا[1].

واتە: پەرستنی پەروەردگارە بە تاك و تەنیایی، لەگەڵ باوەڕبوون بە تاك و تەنیایی و بێ هاوتایی لە زاتی پەروەردگار و سیفات و کرداریدا.

ئەم پێناسەیە هەرسێ بەشەکەی تەوحیدی گرتووەتەوە: پەرستنی پەروەردگار کە (توحيد الألوهية)ە، وە باوەڕبوون بە بێ هاوتایی پەروەردگار لە سیفات و زات و کردارادا کە (توحيد الربوبية) و (توحيد الأسماء والصفات)ە. یاخود بەشێوەی (العمل) کرداری (توحيد الألوهية)ە، وە بە شێوەی (العلم) زانستی (توحيد الربوبية والأسماء والصفات)ە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: التَّوْحِيدُ ... أَمَرَ اللهُ عِبَادَهُ أَنْ يَعْبُدُوهُ وَحْدَهُ لَا يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ... هَذَا فِي الْعَمَلِ. وَفِي الْقَوْلِ: هُوَ الْإِيمَانُ بِمَا وَصَفَ بِهِ نَفْسَهُ وَوَصَفَهُ بِهِ رَسُولُهُ[2].

واتە: (توحید) بریتییە لە فەرمانی خوا بە پەرستنی و هاوبەش بڕیارنەدان بۆی، ئەمە لە کردارادا، بەڵام لە قسە و زانستدا باوەڕبوونە بەو وەسف و باسانەی کە خوای پەروەردگار بۆخۆی بڕیار دەدات لە قورئاندا، وە بەو شێوەیەش کە پێغەمبەرەکەی ﷺ لە فەرموودەکاندا بۆی بڕیار دەدات.

---

(١) "لوامع الأنوار البهية" للسفاريني (١/ ٥٧).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ١٥١).

(ابن العثيمين) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: إفراد الله سبحانه وتعالى بما يختص به من الربوبية والألوهية والأسماء والصفات[١].

واتە: باوەڕبوونە بە تاك و تەنیایی خوا و ئەوەی تایبەتە بەوەوە لە هەرسێ جۆرەکەی تەوحیددا.

بەڵام بە شێوەیەکی ووردتر و کورت و کۆکراوەیی لە "شرح العقيدة السفارينية"کەیدا دەڵێت: علم التوحيد: هو العلم الذي يبحث في الله وما يجب له وما يجوز وما يمتنع، وهذا يشمل الأنواع الثلاثة من التوحيد: الربوبية، والألوهية، والأسماء والصفات[٢].

واتە: زانستی تەوحید بریتییە لەو زانست و تۆژینەوەیەی کە پەیوەستە بە خوای پەروەردگارەوە لە ڕوانگەی ئەو شتانەی کە (واجب) و پێویستە بۆی، لەگەڵ ئەوانەی کە دروستە و شاییستەیە بۆی، وە ئەوانەشی کە بەکارهێنانی بۆی ناشاییستە و ڕێگرە، لەڕووی کردار و باوەڕ و زانستەوە لە هەرسێ جۆرەکەی تەوحیددا.

کەواتە بە کورتی: تەوحید زانستێکە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاست و دروست خوای پەروەردگار بناسرێت بە هەرسێ جۆرەکەی تەوحید لەڕووی زانستی و کردارییەوە، بەو شێوەیەی کە شاییستە و مایەی هێنانەدی تاك و تەنیایی و بێ هاوتایی خوا بێت، لەگەڵ باوەڕنەبوون و دووڕکەوتنەوە لەو شتانەی کە ناشاییستە و نەشیاوە بۆ هێنانەدی تاك و تەنیایی پەروەردگار، واتە هێنانەدی بنەمای (النفي والإثبات) لەوانەی کە (واجب وجائز وممنوع)ە لە بواری زانستی و کرداریدا بۆ خوای پەروەردگار.

بەرهەمی ئەم پێناسە شەرعییە بۆ (توحید) ئەمەیە:

سەلماندنی سیفاتە تەواوەکان بۆ خوا و شاییستەبوونی پەرستن بەتەنها بۆ ئەو.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَاَللَّهُ سُبْحَانَهُ لَمْ يَذْكُرْ هَذِهِ النُّصُوصَ لِمُجَرَّدِ تَقْرِيرِ صِفَاتِ الْكَمَالِ لَهُ، بَلْ ذَكَرَهَا لِبَيَانِ أَنَّهُ الْمُسْتَحِقُّ لِلْعِبَادَةِ دُونَ مَا سِوَاهُ، فَأَفَادَ الْأَصْلَيْنِ اللَّذَيْنِ بِهِمَا يَتِمُّ

(١) "مجموع فتاوى ورسائل العثيمين" (١/ ١٧).

(٢) أشرطة "شرح العقيدة السفارينية" للعثيمين، و "طريق الهداية" لدكتور محمد يسري ص١٠٨.

التَّوْحِيدُ: وَهُمَا إثْبَاتُ صِفَاتِ الْكَمَالِ رَدًّا عَلَى أَهْلِ التَّعْطِيلِ وَبَيَانِ أَنَّهُ الْمُسْتَحِقُّ لِلْعِبَادَةِ لَا إلَهَ إلَّا هُوَ رَدًّا عَلَى الْمُشْرِكِينَ. وَالشِّرْكُ فِي الْعَالَمِ أَكْثَرُ مِنْ التَّعْطِيلِ؛ ... وَالْقُرْآنُ يُذْكَرُ فِيهِ الرَّدُّ عَلَى الْمُعَطِّلَةِ تَارَةً؛ كَالرَّدِّ عَلَى فِرْعَوْنَ وَأَمْثَالِهِ؛ وَيُذْكَرُ فِيهِ الرَّدُّ عَلَى الْمُشْرِكِينَ[١].

وە دەڵێت: فَالْإِسْلَامُ يَتَضَمَّنُ الِاسْتِسْلَامَ للهِ وَحْدَهُ؛ فَمَنْ اسْتَسْلَمَ لَهُ وَلِغَيْرِهِ كَانَ مُشْرِكًا، وَمَنْ لَمْ يَسْتَسْلِمْ لَهُ كَانَ مُسْتَكْبِرًا عَنْ عِبَادَتِهِ، وَالْمُشْرِكُ بِهِ وَالْمُسْتَكْبِرُ عَنْ عِبَادَتِهِ كَافِرٌ، وَالِاسْتِسْلَامُ لَهُ وَحْدَهُ يَتَضَمَّنُ عِبَادَتَهُ وَحْدَهُ وَطَاعَتَهُ وَحْدَهُ. فَهَذَا دِينُ الْإِسْلَامِ الَّذِي لَا يَقْبَلُ اللهُ غَيْرَهُ[٢].

واتە: خوای پەروەردگار لە دەقەکانی قورئاندا باسی وەسف و ماف و شاییستەییەکانی دەکات، مەبەستیش پێی تەنها باسکردن و پێناسەی خۆی نییە، بەڵکوو مەبەست لەوەدا دوو بنەمای سەرەکییە:

یەکەم: سەلماندنی خاوەنیەتی سیفات و شاییستە کاملّییە بێ هاوتاکانە بۆخۆی، کە ئەمە بەرپەرچدانەوەی بێبڕواکانە.

دووەم: سەلماندنی خاوەنیەتی و شاییستەبوونی هەموو جۆرەکانی پەرستنە، کە ئەمە بۆخۆی بەرپەرچدانەوەی موشریکەکانە کە هاوبەش بڕیار دەدەن بۆ خوا.

ئەگەرچی هاوبەش بڕیاردان لە دونیادا زۆرترە تاوەکوو بێبڕوایی، وە قورئانیش هەردوو ئەم بابەتە لەخۆدەگرێت، هەروەك لە بەرپەرچدانەوەی فیرعەون و هاوشێوەکانی و بەرپەرچدانەوەی موشریکەکانیش.

لەبەرئەوە ئیسلام مەبەست تیایدا ڕووکردنە خوایە و خۆبەدەستەوەدانی ئەوە بەتەنیا، هەرکەسێك لە هەمان کاتدا خۆی ڕادەستی ئیسلام و بێجگە لە ئیسلام بکات؛ ئەوە هاوبەش بڕیاردەر و موشریکە، وە هەرکەسێك خۆی ڕادەستی ئیسلام نەکات؛ لووت بەرز و خۆبەگەورەزانە، لەبەرئەوە موشریك و لووت بەرز لە ئاستی ئیسلامدا بێبڕوان، بەڵام خۆڕادەستکردن

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٦/ ٨٣).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٩١).

و ڕووکردنە ئیسلام بە تاك و تەنیا لەخۆگری هەموو جۆرەکانی عیبادەتە و هەر ئەوەیە ڕاست و دروستی ئیسلام، بێجگە لەمە هیچ شتێکی تر لای خوا وەرگیراو نییە.

ناوەکانی زانستی (التوحید)

لای ئەهلی سوننەت

أسماء علم التوحيد عند أهل السنة

یاسای (الإسم يدل على المسمى)[1] واتە ناو بەڵگەیە لەسەر ناونراو، بۆیە هەموو ئەو ناوانەی ناونراوە لەسەر تەوحید و بیروباوەڕی ئیسلامی یەك مەبەست و بابەت دەگرێتەوە، وە ناو و نازناویش گەر زۆر بێت لەسەر هەر زانست و عیلمێك؛ ئەوە بەڵگەیە لەسەر پلەوپایە بەرزی و گرنگی ئەو زانستە بەشێوەیەکی گشتی، وە زانستی (توحید)یش یەکێکە لەو زانستانەی زۆرترین ناو و ناونیشان لەخۆ دەگرێت، لەبەر زۆر گرنگی و پێویستی و پلەوپایە بەرزی و لەخۆگری بنەمای دینی تیایدا.

وە لەلایەکی تریشەوە هەموو ئەو ناو و ناونیشانانەی تەوحید بۆ خستنەڕووی ئەو مێژووە درێژە پڕ ململانێیەی نێوان حەق و بەتاڵ و هیدایەت و گومڕاییە، وە هەروەها هەموو ئەو سەرچاوە و ناونیشانانەی نووسینەکانی تەوحید بەڵگەیە لەسەر کۆششی زانایانی ئەهلی سوننەت لەپێناوی بەرنامەی حەقدا و ئاشنابوونی هەڵگرانی تەوحید بەسەر سەرچاوەکانی تەوحید و ناسینەوەیاندا.

ناوە شەرعییەکانی تەوحید:

یەکەم: (علم التوحيد).

هۆکاری ئەم ناونانە دەگەڕێتەوە بۆ لەخۆگرتنی بابەتەکانی سەلماندنی تاك و تەنیا و بێ هاوتایی بۆ خوا لە زات و سیفات و کردارداو بەو شێوازەی کە شایستە بە خۆیەتی، ئەگەرچی بۆخۆی ئەمە بەشێکی گرنگ و ناوەڕۆکی بابەتەکانی تەوحیدە و بەم هۆکارەوە ئەم ناونیشانە ناودار بووە بەسەر زانستی بیروباوەڕی ئیسلامیدا، بۆیە زۆرێك نووسراو لە کۆن و تازە لەلایەن زانایانەوە ئەم نازناوەی هەڵگرتووە لەم باسەدا، لەوانە:

---

(١) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٢/ ٦٨١).

١. (كتاب التوحيد) للبغدادي رَحِمَهُ اللَّهُ.
٢. (كتاب التوحيد) لابن خزيمة رَحِمَهُ اللَّهُ.
٣. (كتاب التوحيد) للحازمي رَحِمَهُ اللَّهُ.
٤. (كتاب التوحيد) لمحمد بن عبد الوهاب رَحِمَهُ اللَّهُ.

دووەم: (العقيدة).

ئەم ناوەی لەخۆگرتووە لەڕووی زۆری لەخۆگرتنی هەموو بابەتە عەقیدەییەکانەوە، کە دەبێت ئەم ناوە هەموو ئەو بابەتانەی تێدابێت کە پەیمان و پەیوەستییەکی دڵی لەخۆدەگرێت و چاوەڕێی هەڵوەشاندنەوەی لێ ناکرێت.

ئەگەرچی ئەم ناوە گشتگیرترە تاوەکوو ناوی (التوحيد)، لەبەرئەوەی هەموو بابەتەکانی بیروباوەڕی ئیسلامی بە بەڵگەوە لەخۆدەگرێت، لەگەڵ بەرپەرچدانەوەی گومان و بەڵگەی بێبڕوایاندا و هەڵسەنگاندنی بیروڕای فیرەق و ئایینە دونیاییەکان، بۆیە ئەم ناوەش کۆمەڵێك لە زانایان بەکاریان هێناوە لەسەر ئەو نووسینانەی کە پەیوەستن بە تەوحیدەوە، لەوانە:

١. (عقيدة السلف أصحاب الحديث) للإمام أبو عثمان الصابوني رَحِمَهُ اللَّهُ.
٢. (شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة) للإمام اللالكائي رَحِمَهُ اللَّهُ.
٣. (العقيدة) رواية أبي بكر الخلال للإمام أحمد بن حنبل رَحِمَهُ اللَّهُ.
٤. (العقيدة الطحاوية) للإمام الطحاوي رَحِمَهُ اللَّهُ.
٥. (العقيدة الواسطية) للإمام ابن تيمية رَحِمَهُ اللَّهُ.
٦. (العقيدة الصحيحة) للإمام ابن باز رَحِمَهُ اللَّهُ.

سێیەم: (الإيمان).

مەبەست بەم ناوەش هەرسێ مەرجەکەی هۆکاری بوونی ئیمانە لە باوەڕبوونی دڵی و دانپێدانانی زمانی و کاروکردەوە بە ئەندامەکانی لاشە (الإعتقاد، الإقرار، العمل)، هەروەها مەبەست پێی بەتایبەت بابەتە غەیبییەکانە، وەکوو لە ڕیوایەتی فەرموودەکەی (جبريل)دا عليه السلام هاتووە: «فَأَخْبِرْنِي عَنِ الْإِيمَانِ، قَالَ: "أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ، وَمَلَائِكَتِهِ، وَكُتُبِهِ، وَرُسُلِهِ، وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ"»[1]، «"هَلْ تَدْرُونَ مَا الإِيمَانُ بِاللَّهِ وَحْدَهُ؟" قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ

(١) رواه مسلم (٨)، وأبو داود (٤٦٩٥)، والآجري في "الشريعة" (٢٠٥)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (٣٣٢).

أَعْلَمُ، قَالَ: "شَهَادَةُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، وَإِقَامُ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءُ الزَّكَاةِ، وَصَوْمُ رَمَضَانَ، ..."»[1].

فەرموودەی یەکەم لەسەر بابەتە دڵییەکانە لە باوەڕبوون بە خوا و پێغەمبەران و فریشتەکان و ڕۆژی دوایی و پەیامەکانی و قەزا و قەدەر، فەرموودەی دووەمیش لەسەر بابەتە کردارییەکانە وەك نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج.

نووسراوی زانایان بەم ناوەوە:

١. **(كتاب الإيمان) لأبي عبيد القاسم البغدادي** رَحِمَهُ اللَّهُ.
٢. **(كتاب الإيمان) لإبن أبي شيبة** رَحِمَهُ اللَّهُ.
٣. **(كتاب الإيمان) لإبن منده** رَحِمَهُ اللَّهُ.
٤. **(كتاب الإيمان) لإبن تيمية** رَحِمَهُ اللَّهُ.

چوارەم: (السنة).

هەڵبژاردنی ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنکەوتەی تەواوی سوننەت لە ڕێگەی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیەوە بەتایبەت چۆنیەتی وەرگرتن لە بابەتەکانی بیروباوەڕدا، بەو واتایەی سوننەت تاکە یەکلاکەرەوە و مایەی دڵنیایی تەواوی ئیماندارانە، لەبەر شیکاری ووردی سوننەت و کارپێکردنی ڕۆژانەی هاوەڵان کە دوور بوون لە هەموو هەوا و ئارەزووەکانی تێکەڵ بە دین، تا بووە ناونیشانی هەرکەسێك کە لەسەر ئەو ڕێگایە بێت و پێی دەوترا (فلان صاحب السنة) واتە فلان کەس هەڵگری ڕێگای سوننەتە، پێچەوانەکەشی خاوەن هەوا و ئارەزوو و بیدعە و لادەر و گومڕاییەکانە.

نووسراوی زانایانیش بەم ناوەوە:

١. **(السنة) للإمام أحمد** رَحِمَهُ اللَّهُ.
٢. **(السنة) لأبي بكر ابن الأثرم** رَحِمَهُ اللَّهُ.
٣. **(السنة) لإبن أبي عاصم** رَحِمَهُ اللَّهُ.
٤. **(السنة) للبربهاري** رَحِمَهُ اللَّهُ.

---

(١) رواه البخاري (٨٧)، ومسلم (١٧)، والنسائي في "الكبرى" (٥٨١٨)، وابن حبان في "صحيحه" (١٧٢)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٣٠٣١٠).

پێنجەم: (أصول الدين).

ئەم ناوە بنەما گشتییەکانی دین و ئەو یاسایانە لەخۆدەگرێت کە بابەتە گەورەکانی دینی لەخۆ گرتووە، کە پێکهاتووە لە بابەتە عەقیدەیی و بیروباوەڕییەکان و کار و کردەوە عیبادەتییەکان، کە ڕوکنەکانی ئیمان و ئیسلام کۆدەکاتەوە.

ئەگەرچی لەژێر ئەم ناونیشانەدا فیرقەکان بابەتە دینییەکانیان دابەش کردووە بەسەر دوو جۆردا، ئەویش بنەما و لقەکانن (الأصل والفروع) کە بەبێ بەلّگەکاری ئەم کارەیان ئەنجامداوە و حوکمیشیان لەسەر دابەزاندووە، لەگەلّ ئەوەشدا زۆر بابەتی گەورەی دین کراوەتە لق و زۆر بابەتی بچووکیش کراوەتە بنەما.

هەر بۆیە بەر ڕەخنەی زانایان کەوتووەتەوە کە زۆری نووسینەکان لەژێر ئەم ناونیشانانەدا تەنها بواڕەکانی عەقیدەیان باسکردووە بەبێ بابەتە گەورە و بنەماییەکانی وەك نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج کە نەیانخستووتە ژێر ناونیشانی بنەماکانی دینەوە، ئەمە لە کاتێکدا کۆمەلّێك بابەتی بچووکی وەك بیستنی قسەی زیندوو لەلایەن مردووەوە یاخود بینینی خوا لەلایەن پێغەمبەرەوە لە شەوی (الإسراء والمعراج)دا ... خراوەتە ژێر ناونیشانی بنەماکانی دین کە بۆخۆی هەندێکیان لقەکانی دینە (فروع الدين)[1].

بەلّام بەشێوەیەکی گشتی لەو ڕووەوە کە بابەتە عەقیدەییەکان شاییستەی ئەوەن بنەمای دین بن ئەم ناوەیان لێناوە، وەکوو:

١. (الشرح والإبانة عن أصول السنة والديانة) لإبن بطة رَحِمَهُ اللَّهُ.
٢. (الإبانة عن أصول الديانة) للأشعري رَحِمَهُ اللَّهُ.

شەشەم: (الشريعة).

ئەم ناوە بەو واتایە دارێژراوە کە ئەمە شەرع و یاسای پەروەردگارە بۆ بەندەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە، نووسراوی زانایانیش وەکوو:

١. (الشريعة) للإمام الآجري رَحِمَهُ اللَّهُ.
٢. (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ...) لإبن بطة رَحِمَهُ اللَّهُ.

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٣٠٩)، ورسالته "أصول الدين".

حەوتەم: (الفقه الأكبر).

بەو واتایەی شارەزایی و تێگەیشتنی بچووك بواره کردارییەکانه، بەڵام شارەزایی و تێگەیشتنی گەوره بواری بیروباوەڕی عەقیدەییه، لەو نووسینانەش:

- (الفقه الأكبر) للإمام أبو حنيفة رَحِمَهُ اللَّهُ.

قۆناغەکانی میژووی ئەم نووسینانەش تا ڕێژەیەکی زۆر خوێنەر بە ناونیشانەکانیان بۆی دەردەکەوێت، کە هەر ناونیشانێك زۆرتر لە دارشتنەکانی قورئان و سوننەت و قسەی هاوەڵانەوە نزیك بێت ئەوانە سەرەتا بوون، وە تا بێتە خوارەوە گۆڕانکاری و جۆرێك کاڵبوونەوەی پێوە دیار دەبێت، بەتایبەت لە ئاستی ناودارانی ئەشعەری و ماتۆریدییەکاندا.

لەبەرئەوە بەگوێرەی میژووی ژیانی زانایان دەردەکەوێت کە دارشتنی ناونیشانی (الإيمان، الفقه الأكبر) لە سەدەی دووەمدا بووە، وە دارشتنی ناونیشانی (السنة) لە سەدەی سێهەمدا بووە کە سەرەتای دروستبوونی فیرقەکان بووە، وە لە سەرەتای سەدەی چوارەمیشدا ناونیشانی (التوحيد، الشريعة، أصول الدين، العقيدة) دانراوە، وە کۆتا ناویان لەلایەن ئیمامی (اللالكائي والصابوني)یەوە نووسراوە[1]، ئەگەرچی ناوەکانی ئەم دواییانەی تەوحید زۆری بەرپەرچدانەوەی فیرقەکان لەخۆدەگرێت لەسەر تەوحید، وەکوو لەمەودوا دێت.

ناودارترین ناوی شەرعی بۆ تەوحید

لە ڕووە گشتییەکەوە ناوی (العقيدة) بۆ لەخۆگرتنی بواڕەکانی بیروباوەڕی ئیسلامی گونجاوترە، لەبەرئەوەی بابەتەکانی بیروباوەڕ پێکهاتووە لە باسەکانی (توحيد وملائكة والنبوات والمعاد ...)، تەنانەت ئەو بابەتانەشی کە خاڵی ووردی جیاکەرەوەی نێوان ئەهلی سوننەت و فیرقە گومڕاکانی ناو بازنەی ئیسلامن لە بابەتی (الإيمان والقدر والخلفاء الراشدون) و تەنانەت بابەتە فیقهییەکانیش ...، بەڵام لە ڕووی ئەوەوە کە بەس بابەتی هەرسێ جۆرەکەی تەوحید لەخۆ بگرێت، ئەوە گومان نییە ناوی (التوحيد) شەرعیترین و شیاوترین ناوە بۆ هەڵگرتنی ئەم بابەتە، وە هەماهەنگ و گونجاوترە ناو ببرێت بە ناوی تەوحیدەوە لەبەرئەوەی هەموو باسەکان دەگەڕێتەوە بۆ

(١) "علم التوحيد" لدكتور محمد يسري ص٩٠.

سەلماندنی تاك و تەنیایی و بێ هاوتایی لێكنەچوویی خوای پەروەردگار لە (الربوبية، الألوهية، الأسماء والصفات)دا بە شێوازێك كە شاییستەی ئەو سێ جۆرە تەوحیدە بێت، وە ئەم بەڵگە شەرعیانەش پشتیوانن لەسەر ئەو ناوە كە شیاوترە و ناودارترە تا ناوەكانی تر:

١. ئاماژەكردنی قورئان بۆ ئەم باسە بە وشەی (أحد، الواحد، وحده، واحداً ...):

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ [الإخلاص: ١]، ﴿وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ﴾ [إبراهيم: ٤٨]، ﴿وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ﴾ [ص: ٦٥]، ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ﴾ [البقرة: ١٦٣]، ﴿أَجَعَلَ ٱلْءَالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا﴾ [ص: ٥]، ﴿قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ ٱللَّهَ وَحْدَهُۥ﴾ [الأعراف: ٧٠]، ﴿قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥ﴾ [غافر: ٨٤]. هەموو ئەم دارشتنانە پێداگرییە لەسەر ناوبردنی تاك و تەنیایی بۆ خوا.

٢. یەكێكە لەو وشانەی لە كاتی ناردنی (معاذ بن جبل) رضي الله عنه كە پێغەمبەر ﷺ ناردی بۆ یەمەن و ڕێنمایی كرد و پێی فەرموو: «فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَى أَنْ يُوَحِّدُوا اللهَ تَعَالَى»[(١)]. واتە یەكەم كارێك كە بانگەوازی بۆ دەكەیت با یەكلاكردنەوەیان بێت لەسەر تەوحید و ناسینی خوا.

٣. ڕیوایەتی بنەماكانی ئیسلام كە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «بُنِيَ الْإِسْلَامُ عَلَى خَمْسَةٍ، عَلَى أَنْ يُوَحَّدَ اللهُ»[(٢)]. واتە بنەماكانی ئیسلام پێنجن، یەكەمیان ناسینی تەوحید و تاك و تەنیایی خوایە.

٤. لە باسی هاتنی پیاوێك بۆلای پێغەمبەر ﷺ لە سەرەتای بانگەوازیدا لە شاری مەككە بەناوی (عمرو بن عبسة) و چووە لای و پێی وت: مَا أَنْتَ؟ تۆ كێیت؟ فەرمووی: قَالَ: «أَنَا نَبِيٌّ». من پێغەمبەری خوام، وتی: آاللهُ أَرْسَلَكَ؟ ئەوە ئایا بە دڵنیاییەوە خوا تۆی ناردووە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «نَعَمْ» بەڵێ، وتی: وَبِأَيِّ شَيْءٍ أَرْسَلَكَ، قَالَ: «... وَأَنْ يُوَحَّدَ اللهُ لَا يُشْرَكُ بِهِ شَيْءٌ»[(٣)]. واتە بۆچی تۆی ناردووە؟ فەرمووی: بۆئەوەی خوا بە تاك و تەنیا بناسن و هیچ

---

(١) رواه البخاري (٧٣٧٢)، ومسلم (١٩)، وابن حبان في "صحيحه" (١٥٦)، والدارقطني في "السنن" (٢٠٥٩)، والطبراني في "الكبير" (١٢٢٠٧)، وأبو نعيم في "الحلية" (١/ ٢٣).

(٢) رواه مسلم (١٦)، والبيهقي في "السنن الكبرى" (٧٨٩١).

(٣) رواه مسلم (٨٣٢)، والبيهقي في "السنن الكبرى" (٤٣٨٥).

شەریکێکی بۆ بڕیار نەدەن، بە وشە (یوحد الله) تەوحید و یەکتاپەرستی خوا، ئاماژەی بە باوەڕبوون بە خوا کرد.

٥. لە پێناسەی گشت هاوەڵاندا کاتێك باس لە تاك و تەنیایی و پەرستنی خوا کراوە لە شیعارە دینییەکاندا؛ هاوەڵان ناونیشانی تەوحیدیان خستووەتە پێشی، وەکوو لە باسی حەج کردنەکەی پێغەمبەر ﷺ بۆ سەرەتا چوونە ناو مەراسیمی حەجەوە دەڵێن: فَأَهَلَّ بِالتَّوْحِيدِ «لَبَّيْكَ اللهُمَّ، لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ، إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ، وَالْمُلْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ»[(١)]. واتە پێغەمبەری خوا سەرەتای دەستپێکردنی کردووەتەوە بە تەوحید کە وتوویەتی (لبيك اللهم لبيك ...)، کە هەمووی شیعاری یەکتاپەرستی خوایە و وەسف و باسی ئەوە.

هەروەها لە باسی چۆنیەتی حەجکردندا هاوەڵان دەڵێن: پێغەمبەری خوا ﷺ چووە لای (مقام ابراهيم) عليه السلام و دوو ڕکات نوێژی کرد و «فَقَرَأَ فِيهِمَا بِالتَّوْحِيدِ وَقُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ»[(٢)]. سوورەتی تەوحید کە (قل هو الله أحد)ە و سوورەتی (قل يا أيها الكافرون)ی تیادا خوێندە.

وە لە باسی قوربانییەکەیدا دەڵێن: پێغەمبەری خوا ﷺ بەرانێکی بۆ موسوڵمانان سەربڕی: «فَذَبَحَ أَحَدَهُمَا عَنْ أُمَّتِهِ، لِمَنْ شَهِدَ للهِ بِالتَّوْحِيدِ، ...»[(٣)]. بۆ ئەو کەسانەی لە ئومەتەکەی کە شایەتی بۆ خوا دەدەن بە تەوحید و یەکتاپەرستی.

٦. (عاص بن وائل) لە سەردەمی نەفامیدا پێش ئیسلام نەزری کرد سەد حوشتر سەربڕێت هەر لەو سەردەمەدا مرد و موسوڵمان نەبوو، (هشام)ی کوڕی پەنجا حوشتری بۆ سەربڕی و (عمر بن الخطاب) رضي الله عنه پرسی پێغەمبەری ﷺ کرد بۆی لەو بارەیەوە، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: «أَمَّا أَبُوكَ، فَلَوْ كَانَ أَقَرَّ بِالتَّوْحِيدِ، فَصُمْتَ، وَتَصَدَّقْتَ عَنْهُ، نَفَعَهُ ذَلِكَ»[(٤)]. واتە گەر باوکت دانی

---

(١) رواه مسلم (١٢١٨)، وأبو داود (١٩٠٥)، وابن ماجه (٣٠٧٤)، وابن خزيمة في "صحيحه" (٢٦٢٦)، وابن حبان في "صحيحه" (٩/ ٢٥٤)، وأحمد في "المسند" (١٤٤٤٠)، وأبو يعلى في "مسنده" (٢١٢٦)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (١٣٤٦٤).

(٢) رواه أبو داود (١٩٠٩) وصححه الألباني وشعيب الأرنؤوط، وأبو يعلى في "مسنده" (٢١٢٦).

(٣) رواه ابن ماجه (٣١٢٢)، وصححه الألباني، والبيهقي في "الشعب" (١٤٨٦).

(٤) رواه أحمد في "المسند" (٦٧٠٤)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (٤٨٤).

بنایە بە تەوحیددا، ئەوکات سوودی لـە ڕۆژوو و خێرەکانی تۆ دەبینی.

کەواتە وشەی (التوحید) و یەکتاپەرستی[١] خوا شیاوترین و شەرعیترین و نزیکترین ناوە لـە بابەتەکەوە و زانایان کردوویانەتە ناونیشان بۆ ئەهلی سوننەت.

ناونیشانەکانی زانستی (التوحید) لای فیرەقەکان

أسماء علم التوحيد عند الفرق

١. (علم الكلام):

ئەم ناونیشانە بەکارهێنراوترین ناونیشانە لـەلای فیرەقەکانی وەکوو: موعتەزیلـەکان و ئەشعەرییەکان و ماتۆریدییەکان ... لـە کۆن و تازەوە.

بە ناونیشانەکەیەوە دیارە کە زانستێکە لـە تەوحیددا پشتی بە قسە و شیکاری ناوداڕەکانی فەلسەفە و منطق و بیروبۆچوونەکان بەستووە، نەك بەڵگەکانی قورئان و سوننەت.

وە هەڵگرانیشی کەسانی خاوەن پێشینە و پەروەردەکراوی عەقڵی و فەلسەفە بوون، هەر بۆیە بەم ناونیشانەشەوە ناوبراوە لـەبەرئەوەی بۆ هەموو شتێکی دینی قسەیان هەبووە، وەکوو: (الكلام في القدر، الكلام في الإيمان ...)، وە پەیوەستبوونیان نەبووە بە دەقەکانەوە و لـەو بابەتانەدا قسەکردنیان نەوەستاوە کە هاوەڵان وەستاون و تەسلیمی بابەتە غیبییەکان بوون.

لەبەرئەوە ئەم ناونیشانە هێمای گومڕاکاران و گومڕایی بووە، هەروەك:

* ئیمامی (الشافعي) رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت: حُكمي فِي أَصْحَابِ الْكَلَامِ أَنْ يُضْرَبُوا بِالْجَرَائِدِ، وَيُحْمَلُوا عَلَى الْإِبِلِ، وَيُطَافَ بِهِمْ فِي الْعَشَائِرِ وَالْقَبَائِلِ[٢].

---

(١) ئەگەرچی بۆچوونێك دەڵێت وشەی یەك خواپەرستی (عبادة الإله الواحد) تەواوترە تاوەکوو یەکتاپەرستی، بەڵام هیچ جیاوازییەکیان تیادا نییە لـەبەرئەوەی (عبادة الواحد الأحد) کە بە واتای یەکتاپەرستی دێت، لـەگەڵ وشەی (عبادة الإله الواحد) یەك مەبەستە و جیاواز نییە.

(٢) رواه عن الإمام الشافعي الإمام أبو نعيم في "الحلية" (٩/ ١١٦)، وابن عبد البر في "الانتقاء" ص٨٠، والبيهقي في "مناقب الشافعي" (١/ ٤٦٢)، وذكره ابن الجوزي في "تلبيس إبليس" ص١٠٢، والبغوي في "شرح السنة" (١/ ٢١٨) وفي "الإعتصام" للشاطبي (١/ ٢٢٧)، و "شرح الطحاوية" لناصر العقل (٥/ ٧).

واتە: حوکمی من بۆ خاوەن قسە و فەلسەفەکان لە دیندا لێدانیانە و گەڕاندنیانە بە سواری حوشتر بەسەر هۆز و عەشیرەتەکاندا.

* **ئیمامی (أحمد بن حنبل)** رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** لَا يُفْلِحُ صَاحِبُ الْكَلَامِ أَبَدًا[١].

واتە: خاوەن قسە و فەلسەفەکاری لە دیندا ڕزگاربوونیان نییە لە گومڕایی.

* **ئیمامی (مالك بن أنس)** رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** لَوْ كَانَ الْكَلَامُ عِلْمًا لَتَكَلَّمَ فِيهِ الصَّحَابَةُ وَالتَّابِعُونَ كَمَا تَكَلَّمُوا فِي الْأَحْكَامِ وَالشَّرَائِعِ، وَلَكِنَّهُ بَاطِلٌ يَدُلُّ عَلَى بَاطِلٍ[٢].

واتە: خۆ ئەگەر ئەم قسە و فەلسەفەکارییە لە دیندا زانست بوایە ئەوا هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان ئەم قسانەیان دەکرد، هەروەك قسە و ئیجتیهادیان لە حوکمە شەرعییەکاندا کردووە، بەڵام ئەم جۆرە قسانە بەتاڵن و بەڵگەن لەسەر بەتاڵی.

* **ئیمامی (البربهاري)** رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** اعلم أنها لم تكن زندقة، ولا كفر، ولا شكوك، ولا بدعة، ولا ضلالة، ولا حيرة في الدين، إلا من الكلام، وأهل الكلام والجدل والمراء والخصومة والعجب[٣].

واتە: بزانە هەرچییەك لە دەرچوون لە دین و بێبڕوایی و بیدعەکاری و گومڕایی و سەرلێشێواوی هەیە هەمووی بە هۆکاری ئەم فەلسەفە و قسەکارییەوەیە بەناوی دینەوە.

هەموو ئەم قسانە ئەوە دەگەیەنێت کە ناونانی زانستی (التوحید) بە ناوی (علم الکلام)ەوە کاڵبوونەوە و دەرچوون و گومڕاییە لە دیندا، وە خاوەنەکانیان لە هێڵی جیاواز و بەرامبەری زانایانی ئەهلی سوننەتن بە لاشە و ڕۆحەوە، دوو ئومەتی جیاوازن، وە زۆر ستەمە زانستی (التوحید) بەو ڕێگایەدا بناسرێت و لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنەکانیان ناسراون بە ئەهلی بیدعە و گومڕایی.

---

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٧/ ١٤٧)، و "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٤/ ١٢٦٩)، و "الإعتصام" للشاطبي (٣/ ٣٠٠)، و "تلبيس إبليس" لابن الجوزي ص٧٥.

(٢) "ذم الكلام وأهله" للهروي (٥/ ٧٣) برقم (٨٦٠)، و "شرح السنة" للبغوي (١/ ٢١٧)، و "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٣/ ١١٢).

(٣) "شرح السنة" للبربهاري ص٣٨.

٢. (الفلسفة):

ئەم ناونیشانە بۆ بواره دینییەکان وەکوو ئەوە وایە لە ولاّتی موسولّمانانەوە چووبێتە ناو ولاّتی بێڕوایان، خۆ ئەگەر (علم الكلام) لە ناونیشان و بنەما دینییەکانەوە دەستی پێکردبێت و پاشان بگەڕێت بەدوای ڕێگە عەقلّییەکاندا بۆ سەلماندن و دلّنیابوونی، ئەوا فەلسەفە خۆی بۆخۆی هیچ بنەمایەکی وەحی و دینی نییە، خۆ ئەگەر (علم الكلام) بوونی خوا بسەلمێنێت ئەوا فەیلەسووف باوەڕی بە بوونی هەر نییە.

کاری فەلسەفە گومان خستنە سەر شتە ئاشکراکانە و دلّنیاییە لەسەر گومانەکان بە پێشینە و دارِشتنێکی عەقلّی ڕووت، وە بەرهەمەکەشی گرێ کوێرە و پێچ و پەنا و دوورخستنەوەی نزیك و نزیکخستنەوەی دوورە، وە کاری تێکدانی عەقلّە بە گومانەکان (الشبهات)، وە شێواندنی ناخ پاکییە (فطرة) بە حەز و ئارەزووەکان (الشهوات)، وە دەرچوونە لە هەموو سنووردارییەکی عەقلّی، بۆیە هیچ پێوەرێك ئەمە هەلّناگرێت نە بۆ دونیا و نە بۆ دین، پێیشی دەوترێت فەلسەفە.

وە هەر بەناو زانایەك کەوتبێتە ئەم بوارەوە کەوتووەتە دۆزەخی گومڕاییەوە، وە کۆتاییەکەشی هەمووی پەشیمانی و حەسرەت و نالّە بووە، وەکوو ئیمامی (الجويني، الآمدي، الرازي، الغزالي، الشهرستاني ...) کە ژیاننامەیان باشترین بەلّگەیە، بەدەر لە بێڕوایی (ابن سينا وفارابي واخوان الصفا ...) کە وەکوو (الغزالي) دەلّێت: وجب الحكم بكفر أرسطاليس ومن قبله من الفلاسفة كأفلاطون وسقراط وغيرهم ... وكفر متبعيهم من متفلسفة الإسلاميين كإبن سينا والفارابي وأمثالهم[1]. **پێویستە حوکمی بێبڕوایی بەسەر (أرسطاليس) و پێشووەکانیدا بدرێت هەر لە ئەفلاتوون و سوقراتەوە تا شوێنکەوتووانیان لە (ابن سينا وفارابي) و هاوشێوەکانیان.**

٣. (الإلـهـيـّات):

ئەم ناونیشانە بە زۆرینە لەلایەن شیعە و تصوف لە ئیسلامدا و ڕۆژهەلاّتناسەکانی ئەوروپا (المستشرقون) و گاوور و جوولەکەکان و فەلسەفەییەکانەوە ناونراوە، بۆ تۆڕینەوە لەسەر هەموو دینەکانی سەر زەوی بە بتپەرست و بێبڕوا و ئاسمانییەکانەوە، زۆرتر نازناوی کۆلیژە دینییەکان لە ئێران و ئەوروپا ئەم ناونیشانانە لەخۆدەگرن، وە لەوەش ترازاوتر ئەوەیە کە نووسینەکانیان لەم

(١) "المنقذ من الضلال" للغزالي ص١٧.

کۆتاییەدا زۆرتر نازناوی (المیتافیزیقیا)، (ما وراء الطبیعة)، (المثالیة) لەخۆدەگرێت بۆ بابەتەکانی باس لە خوا و دین، کە کۆتاییەکەی هەمووی ئیلحاد و بێبڕوایی و دەرچوونە لە دین و کەمترینیشی بیروڕای (وحدة الأدیان)ە. ئەم سێ ناوە نازناوی زانستی تەوحیدە لای فیرقە گومڕاکان.

پێناسەی (التوحید) لای فیرقەکان

تعریف التوحید عند الفرق

لەگەڵ ئەو هەموو ڕوونی و ئاشکراییەی پێناسەی تەوحید کە لە قورئان و فەرموودەدا هەیە، گومڕایی تەواو و لادانی ئاشکرا بەدی دەکرێت لە پێناسە و مەبەستی تەوحیددا لای فیرقەکان، بە هۆکاری بوونی بەرنامە و گومڕایی پێشوەختەیان لە دیندا، بۆیە هەندێکیان بە پێناسە و تێگەیشتنەکەیان بۆ تەوحید هۆکاری دەردەچوونە لە ئیسلام، وە هەیانە هەڵە و تێنەگەیشتن یاخود خۆ لادان تیایاندا بەدیدەکرێت، یاخود هەیانە تێگەیشتنیان بۆ هەندێك لق و بەشەکانی هەیە بەڵام لە ناوەڕۆك و باسەکان بێئاگان، هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێکیان وەکوو ئومەت و خاوەن بەرنامەی جیاواز لەم بوارەدا دێنە پێشەوە، وە هەندێکیان وەکوو خۆهەڵواسین یاخود لەکۆڵکردنەوە دەیەوێت لەم باسەدا دەرچێت، وەکوو لەم پێناسە و شیۆازانەیاندا دەخوێنرێتەوە:

١. پێناسەی (التوحید) لای فەیلەسووفەکان:

(الفلسفة) وشەیەکی یۆنانییە، پێکهاتووە لە دوو وشە: (فیلا) واتە خۆشەویستی، (سوفا) واتە حیکمەت و دانایی، بە هەردووکیان واتە خۆشەویستی حیکمەت و دانایی[١].

ئەم ناوە فەیلەسووفەکان (الفلاسفة): قد صار هذا الاسم في عرف كثير من الناس مختصا بمن خرج عن ديانات الأنبياء، ولم يذهب إلا إلى ما يقتضيه العقل في زعمه[٢]. لە پێناسەی ئەم دواییەی خەڵکدا بە زانایانیشەوە فەیلەسووفەکان بریتین و تایبەتە بەو کەسانەی کە لە دینی پێغەمبەران دەرچوون، وە هەموو بنەما و باسەکانیان گەڕانەوەیە بەتەنیا بۆعەقڵ بە قسەی خۆیان.

هەموو پێناسەکانی فەلسەفە بۆ تەوحید شیکارییە لە واتای وشەی (الواحد، الوحدة) یەك تاك و یەك بوون و بەس.

---

(١) (٢) "إغاثة اللهفان" لابن القيم (٢/ ٢٥٦، ٢٥٧).

(ابن سينا) **دەڵێت**: وجود الباري وجود معقول، أي وجود مجرد[١]. **بوونی خوا بوونێکی عەقڵییە و بەس، وە دەڵێت**: غير داخل في جنس، أو واقع تحت حد، أو برهان، بريئًا عن الكم، والكيف، والماهية، والأين، والمتى، والحركة[٢]. **واتە بوونی خوا ناچێتە ژێر باری زاتێکی خاوەن بوون و سنووردارەوە، وە ناچێتە ژێر باری بەڵگەکارییەوە، و چەندێتی و چۆنیەتی و شێواز و شوێن و کات و جوولەی بۆ نییە.**

وە (ابن رشد) **دەڵێت**: هو الذي لا يتجزأ إما في الكمية، وإما في الصورة والكيفية[٣]. **واتە ئەو خوایەیە کە بەش بەش نابێت لە چەندێتی و شێوە و چۆنیەتیدا.**

هەردوو پێناسەکە واتە: خوا دەبێت باس و بوونی تەنها لە عەقڵ و خەیاڵدا هەبێت، لە واقعدا نەبێت کە خاوەنی ناو و سیفات و شوێن و چۆنیەتی و کار بێت و زاتێکی خاوەن بوون و سەربەخۆ بێت جیاواز لە دروستکراوەکانی.

هەموو ئەم پێناسانە ڕاکردنە لەو باس و سیفات و شێواز و چۆنیەتییەی کە خوا لە قورئاندا بۆ خۆی باسی کردووە و پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەکاندا باسی دەکات، شێوەکاری خوایە بە نەبووەوە، وە بە ئەستەم لە بوونداە (معدوم، مستحيل).

(ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ **لە باسی ئەم پێناسانەدا دەڵێت**: هو إنكار ماهية الرب الزائدة على وجوده، وإنكار صفات كماله وأنه لا سمع له ولا بصر ولا قدرة ولا حياة[٤].

واتە: هەموو مەبەستەکەیان سەلماندنی بوونی خوایە بە تەنیا و دژایەتی بوونی چۆنیەتییەکانە هەر لە ناو و زات و سیفاتە تەواوەکان بۆ خوا، دەڵێن گەر بەو شێوەیە بێت لە سیفاتدا؛ ئەوا خاوەنی پێکهاتەیە، وە بەوەش دەبێتە لاشەیەکی لێك پێکهاتوو، ئەمەش بۆخۆی سیفاتی (مخلوقات)ە کە نابێت لێکچوون و خاوەنیەتی سیفات لەخۆ بگرێت وەکوو دروستکراوەکانی.

---

(١) "التعليقات" لابن سينا (٣/ ٣١).

(٢) "النجاة" لابن سينا (٢/ ٨٤)، و "الألفاظ والمصطلحات المتعلقة بتوحيد الربوبية" لآمال بنت عبد العزيز العمرو ص٢٨.

(٣) "تفسير ما بعد الطبيعة" لابن رشد ص٥٤٧.

(٤) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٣/ ٩٣٠)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٦/ ٥١٦).

کۆتا مەبەستیان سەلماندنی بوونی خوایە بەشێوەیەکی گشتی ڕەها و بەس، دارنراو لە هەموو چۆنیەتی و سیفاتێك: إِثْبَاتُ وُجُودٍ مُجَرَّدٍ عَنِ الْمَاهِيَّةِ وَالصِّفَةِ، بَلْ هُوَ وُجُودٌ مُطْلَقٌ[١].

خاڵی سەرەکی گومڕاییان جیاوازی نەکردنە لە نێوان بوونێك کە لە عەقڵ و زانستی مرۆڤدا هەبێت لەگەڵ بوونێکی حەقیقی و واقعی دەرەکی: الْوُجُودُ الْعَيْنِيُّ الْخَارِجِيُّ الْحَقِيقِيُّ ... الْوُجُودُ الذِّهْنِيُّ وَالْعِلْمِيُّ[٢]. **واتە ئەو شتانەی کە لە عەقڵ و خەیاڵدا بوونی هەیە لە واقعدا زۆر جار بوونی نییە و نابێت، بۆیە عەقڵ و خەیاڵ زۆرتر شت لەخۆدەگرن تاوەکوو حەقیقی و بوونی تەواو.**

واتە ئەو پێناسەیەی کە بۆ خوای دادەنێن تەنها لە عەقڵ و خەیاڵدا بوونی دەبێت نەك لە واقع و حەقیقیدا، بەڵام خۆ بوونی شتێك بە شێوەی گشتی و مەرجی گشتی؛ بە هیچ شێوەیەك ئەمە وجوودی نییە و نابێتە سەلماندنی بوونێك، بەدەر لە بوونی خواش.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت:** أن المطلق بشرط الإطلاق لا يكون في الخارج، فليس في الخارج حيوان مطلق بشرط الإطلاق، ولا إنسان مطلق بشرط الإطلاق[٣]. **واتە گەر بڵێیت بە شێوەیەکی گشتی و مەرجی گشتی ئادەمیزادێك هەیە، ئەمە نابێتە دیاریکردنی هیچ بوونێك بەناوی ئادەمیزادەوە، لەبەر جیاوازی و چۆنیەتی و خاوەنیەتی تایبەتی هەموو جۆرەکانی ئادەمیزاد.**

کەواتە ناتوانیت بەمە بوونی ئادەمیزادێك بسەلمێنیت، چ جای بوونی پەروەردگاری باڵا.

ئەم بیروڕایانە باوەڕبوون بە بەرجەستەکان (المادة) دەسەلمێنێت، لە بەرامبەریدا باوەڕنەبوونە بە نادیار و غەیبییەکان، تاکە سەرچاوەی بەڵگەیان کە هاوبەش و شەریکی بۆ نییە عەقڵە و (معصوم) و پارێزراوە لە هەڵە و لێتێکچوون، وە هەموو پێوەر و یاساکانی عەقڵیش (قیاس)ە، کاری هەڵسەنگاندنی نادیارەکانە بە دیارەکان (الغائب بالشاهد)، وە پشتیوان و ڕێگەی عەقڵیش بۆ زانین پێنج هەستەکەیە، وە گەر دەرنەچوو بەو ڕێگایە ئەوا بوون و حەقیقەتی نییە.

---

(١) "مدارج السالكين" لابن القيم (٣/ ٤١٥).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ١٥٨)، و "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٢٩٠).

(٣) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٢/ ٣٩٦).

بیروڕای موخالیفەکانی ئەم سەردەمەش هەمان باوەڕبوونە بە (المادیات) بوونەکان و ڕووگە و سەرچاوەی وەرگرتنی زانستیشیان عەقڵ و هەستەکانە، باوەڕیان بە هەموو مادە و پێکهاتەکان هەیە و ڕووگەیانە و دەیپەرستن و هاوبەشی بۆ بڕیار نادەن و شیعاریشیان (لبیك یا عقل لا شریك لك) ئەی عەقڵ و ژیری ئادەمیزاد هەر تۆیت و هاوبەشت نییە.

بەڵام باوەڕ بە خوایەك کە دروستکاری ئەو عەقڵ و ژیرییەیە و مایەی پێدانی مەعریفەکانە لای ئەوان بوونی نییە، بە غەیبیاتی بێ بنەما ناویان دەبەن، وە ناونیشانی باوەڕپێنەبوونیان پێی ناوی (المیتافیزیقیا، ما وراء الطبیعة ...)ی لێدەنێن، بەڵام خۆ ئەگەر سەرچاوەکانی عەقڵ تێکچوو و (فطرة) و دەروون و ناخ پاکی سڕایەوە؛ گومان نییە هەستەکان نرخیان نامێنێت و گومڕایی و سەرلێشێواوی هەورێکی باڵکێشراوە بەسەر عەقڵی ئادەمیزاددا.

هەمان شێوازی موشریکەکانی مەککەیان هەیە کاتێك سەیری هەستەکانیان کرد بە چاوی گەورە و پایەدارەوە، وە عەقڵیان کردە پێوەر، باوەڕیان بە خوایەك بووە کە بەرجەستە بێت لە بتێکدا و لە جیهانی (مادیات) بوونی ببێت تاوەکوو بپەرستن و ڕزگاریان بێت لە جیهانی غەیبیات، ئەگەرچی پێشوەختە باوەڕیان بە (خالق)ی بوونەوەرەکان هەبوو، بەڵام ناوێك بوو بەبێ ناوەڕۆك مایەوە و هەموو ئەو کۆشش و کوشتار و بەرهەڵستکارییەیان بەرامبەر ئیسلام ئەنجامدا بۆ مانەوەی خواوەندە بەرجەستەکان.

بەڵام خۆ بە هەموو پێوەرێك دەبێت (خالق) هاوشێوە و لێکچووی (مخلوقات) نەبێت، وە پێغەمبەران دەبێت هاوشێوەی ئادەمیزاد بن بۆ گەیاندنی پەیامی خوا تاوەکوو بتوانن بیگەیەنن، لەگەڵ ئەوەشدا داوایان دەکرد کە خوا بەرجەستە بێت بەڵام پێغەمبەر کە (مخلوق)ە بەرجەستە نەبێت، وەکوو دەیانوت: ﴿وَقَالُواْ مَالِ هَٰذَا ٱلرَّسُولِ يَأۡكُلُ ٱلطَّعَامَ وَيَمۡشِي فِي ٱلۡأَسۡوَاقِ﴾ [الفرقان: ٧]. واتە ئەمە چۆن پێغەمبەرێکە کە وەکوو ئێمە نان دەخوات و بە بازاڕدا دەڕوات؟! وە دەیانوت با فریشتە بێت: ﴿وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ مَلَكٗا لَّجَعَلۡنَٰهُ رَجُلٗا وَلَلَبَسۡنَا عَلَيۡهِم مَّا يَلۡبِسُونَ ٩﴾ [الأنعام: ٩]. بەڵام خۆ ئەگەر فریشتەش بێت ئەوا دەبێت هەروەك ئادەمیزاد بێت، لەبەرئەوەی فریشتە نابینرێت.

وە گومڕاتر جـوولەکەکان بوون کە باوەڕیان بە (مخلوق)یەتی پێغەمبەر (موسی) علیه السلام هەبوو،

بەڵام دەیانوت دەبێت (خالق)یش هەر (مخلوق) بێت، بۆیە بتیان لەسەر شێوەی (العجل) بۆ خوا دەتاشی.

وە بە هەمان پێوەری لێکچوو گاوورەکانیش دەیانوت ئادەمیزاد دەبێت مالّ و منداڵی هەبێت ئەوکات تەواوە، بۆیە دەبێت (خالق)یش بە هەمان شێوە مالّ و منداڵی هەبێت، بۆیە (عیسی) عليه السلام کوڕی خوایە، کەواتە هەموو پێوەرەکانی گومڕایی پێوەری هاوشێوەکارییە بە مادەی و بەرجەستەکانەوە، وە ڕاکردنە لەو غەیبییاتانەی کە هاو ناو و شێوە و بوونی هەیە ئەگەر هاوشێوە و لێکچووش نەبن، کە خۆی خودی ئادەمیزاد بوونێکە لەنێوان دوو غەیبیدا، وەکوو خوای گەورە جَلَّوَعَلَا دەفەرموێت: ﴿هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ١﴾ [الإِنسَان: ١]. ئادەمیزاد سەرتا نەبوو بووە، پاشان دەبێتە خاوەن بوون و پاشان دەبێتەوە بە غەیبی، وە جەستە ماددیەکەی و ڕۆحە غەیبییەکەی نەیتوانی لە کۆت و زنجیری ماددە ڕزگاری بکات کە بوونەوەرەکان دروستکاری خۆیان نین، بۆیە هەڵەیە هاوشێوەکاری لەنێوان دیار و نادیارەکاندا.

ئەمانە هەمووی گومڕایی دەستی پێوەرەکانی عەقڵن لای مرۆڤەکان، کە ناتوانن بە عەقڵ و پێوانەکان بگەنە ئەنجامی ڕاست و دروست، کە لوتکەی عەقڵ لایان گەیشتنە ئاستی فەلسەفەکارییە.

لە پێناسەی فەلسەفەدا (أرسطو)یان دەڵێت: الْبَحْث عَن علل الْأَشْيَاء ومبادئها الأولى أَو هِيَ الْعلم الَّذِي يبْحَث فِي الْوُجُود من حَيْثُ هُوَ وجود[1].

واتە: فەلسەفە بریتییە لە توێژینەوەی هۆکارەکان و بنەماکانی سەرەتایی بوون، یاخود زانستێکە لێکۆڵینەوەی لە بوونەوەرەکان هەیە وەکوو بوون.

لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت باس لە غەیبییات نییە بە هیچ شێوەیەك، تەنانەت پاشماوەی دینێکی ئاسمانیشیان نییە و هیچ پاشماوەیەکی زانستی خوایی بە ڕێگەی پێغەمبەراندا بوونی نییە لەناویاندا، بۆیە هەموویان فەلەك و هەیکەل پەرست بوون[2].

---

(١) "أرسطو المعلم الأول" لماجد فخري ص٢١، و "قول الفلاسفة اليونان الوثنيين في توحيد الربوبية" لسعود بن عبد العزيز الخلف ص٢٠٣.

(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ٦٥)، و "الرد على المنطقين" لابن تيمية ص٢٨٣.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قسەیان لەسەر ماددەکان هەبووە باس و خواسیشیان لەسەر هۆکاری بوونەکان (علة الوجود) هەبووە، وە سروشتی فەلسەفەش بریتییە لە دوورخستنەوەی دیارەکان و ئالۆزکردنی ئاشکراکان و گومان دروستکردن لەسەر بوونەکان و دوورخستنەوەی دڵنیاییەکان، بۆیە گەر سەیری ژیانی فەیلەسووفێك بکەی لەگەڵ کەسانی تر زۆر جیاوازن، کەسانی تر بەختەوەری سادەیی و لەسەر (فطرة) و سروشتی پاك و تێگەیشتنیان لەسەر ژیان و دونیا باشتر و ئاسوودەترە تا ژیانی فەیلەسووفەکە، لەبەرئەوەی لای فەیلەسووفەکە گەیشتن بە یەقین بوونی نییە و یاسا و بنەما و تێڕوانینەکان لە قاڵب دراون.

وەك (رسل برتراند) دەڵێت: إن قيمَة الفلسفة لَيست فِيمَا تقدمه من حُلُول نهائية للمسائل الَّتِي تطرحها، إِذْ لَيْسَ من الضَّرُورِيّ أَن تكون هُنَاكَ دَائِما إجابات نهائية صَحِيحَة[1].

واتە: بەهای فەلسەفە ئەنجامی یەکلاکەرەوەی نییە بۆ شتەکان، وە لە پێویستی فەلسەفەش نییە بەردەوام وەڵامی دروستی کۆتایی هەبێت، بەڵکوو تۆژینەوەیەکی کراوەیە.

لەبەرئەوە فەلسەفە دەبێتە دوو بەشەوە لە ئاستی تەوحیددا[2]:

١. فەیلەسووفە بێبڕواکان کە باوەڕیان بە ئەزەلیەت و (قدیم)ی جیهان و ماددە هەیە نەك خوایەك کە ئەزەڵی و ئەبەدی بێت، ئەمانە مێژوویان بۆ (٦٠٠) ساڵ پێش هاتنی (مسیح) عليه السلام دەگەڕێتەوە، باوەڕیان وایە کە بنەمای بوون چەند توخمێکە، هەندێکیان دەڵێن ئاگرە وە هەندێکیان دەڵێن ئاوە یاخود هەوایە یاخود هەردووکیانە، ئەمانە باوەڕیان بە خوایەك و بەدیهێنەرێك نییە بۆ کەون و بوونەوەرەکان، بەڵکوو ماددە بە جێگرەوەی خوا دادەنێن.

٢. (المؤلهة) واتە ئەو فەیلەسووفانەی کە باوەڕیان بە بوونی خوایەك هەیە بۆ بوونەوەرەکان، بەڵام جیاوازی باوەڕ و تێگەیشتنیان هەیە لە ئاستی باس و سیفات و بوونی خوادا، هەموو باس و تۆژینەوەکانیان قسە و دەربڕینە، وە گەر نا پەیوەستبوون بە باوەڕ و شوێنکەوتەی دینێکی ئاسمانی کار و کردەوەیان نەبووە، زۆری پەیامەکانیان دەرکپێکردنێکی عەقڵی ڕووت بووە و پێوەر و (قیاس)یان لەسەر بینین بووە بۆ نەبینراوەکان، بەڵام شوێنکەوتەی هەواڵ (الخبر) و زانست و

(١) "قول الفلاسفة اليونان الوثنيين في توحيد الربوبية" لسعود بن عبد العزيز الخلف ص٢٠٥.

(٢) "قول الفلاسفة اليونان الوثنيين في توحيد الربوبية" لسعود بن عبد العزيز الخلف ص٢٠٦.

پەیامێکی خوایی دروست لایان بوونی نەبووە، هیچ بەڵگەیەکی دینی ئاسمانییان بەدەستەوە نییە لەم بارەیەوە، هەموو سەرەتا و کۆتایی باوەڕبوونیان بە خوا ئەوە بووە کە دەبێت (خالق) و دروستکار و بەدیهێنەرێکی بالادەست بوونی هەبێت، ئەمەش بۆخۆی ناخ و سروشت و عەقڵی ئادەمیزاد بە گشتی لەم بوارەدا ئەو باوەڕەیان هەر هەیە و پێویستی بە بەڵگە و قسەی کەس نەکردووە و چێنراوە لە ناخی ئادەمیزاددا، کەواتە هیچ زانستێکی تازە و زیاتریان پێ نەبووە بێجگە لە باوەڕبوون نەبێت بە بوونی خوا بە شێوەیەکی گشتی.

هەر بەم رێگایەیە خوای پەروەردگار پەیمان لە هەموو ئادەمیزاد وەردەگرێت لەسەری تاوەکوو پەیوەست بن بە پەرستنەکەشیەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَآ﴾ [الأعراف : ١٧٢]. پرسیاریان لێدەکات ئایا من (خالق) و خوای ئێوە نیم؟ کەواتە شاییستەی پەرستنم و دەبێت بمپەرستن.

گومان نییە کە پرسیار لەسەر شت و کاری زانراو و بێگومان و دڵنیابووەوە دەکرێت کە (ربوبیة)ەکەیە، بۆیە ڕاستەوخۆ وەڵام دەدرێتەوە: ﴿قَالُوا۟ بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَآ﴾ دەڵێن بەڵێ تۆ خوای ئێمەیت و شایەتی دەدەین، کەواتە باوەڕبوون بە تەوحیدی (الربوبیة) لای هەموو ئادەمیزاد بەڵگە نەویستراوە و زانینێکی ناخی و سروشتییە.

بە بەڵگەی عەقڵیش خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ ﴿٣٥﴾﴾ [الطور : ٣٥]. پرسیار لە ئادەمیزاد دەکات ئایا ئێوە بەبێ (خالق) و داهێنەرێك دروست بوون یاخود خۆتان (خالق) و داهێنەری خۆتانن؟! کەواتە دەبێت ئێوە دروستکراو (مخلوق) بن و (خالق) و دروستکارێکتان هەبێت.

تەنانەت یەکێك لە قوڕەیشییەکان کە ئەم ئایەتەی بیست: قَالَ جُبَيْرُ ابْنُ مُطْعِمٍ: لَمَّا سَمِعْتُهَا أَحْسَسْت بِفُؤَادِي قَدْ تَصَدَّعَ[1]. وتی: هەستم کرد دڵم لە هۆش خۆی چوو و داچڵەکا.

وە پرسیار لە لادێییەکی عەرەب کرا بەڵگەت چییە لەسەر بوونی خوا؟ وتی: البعرة تدلّ على البعير، والأثر يدلّ على المسير، فسماء ذات أبراج وأرض ذات فجاج، ألا تدل على العليم

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ١١).

الخبير[١]. پاشەڕۆی حوشتر بەڵگەیە لەسەر حوشتر، وە ڕێگا بەڵگەیە لەسەر بوونی ڕێڕەو، وە ئاسمانێکی ڕازاوە بە ڕووناکی و زەوییەکی خاوەن شێوە و چاڵ و چۆڵی و دەریایەکی خاوەن شەپۆل ئایا بەڵگە نییە لەسەر خاوەنێکی زانا و ووردبین؟!

وە قورئانیش پرسیارێك بەشێوەی نکوولێکردن دەکات و دەفەرموێت: ﴿أَفِي ٱللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ [إبراهيم: ١٠]. ئەوە گومان هەیە لەسەر بوونی خوایەك کە ئاسمانەکان و زەوی بەڵگەیە لەسەر داهێنەریان و دروستکاریان؟!

٢. پێناسەی (التوحيد) لای (معتزلة) و (المتكلمين)ەکان و شوێنکەوتووانی فەلسەفە:

لای ئەم گرووپانەش پێناسەی سەربەخۆی خۆیان هەیە، ناوداریان (القاضي عبد الجبار الهمذاني) دەڵێت: إن التوحيد هو ما يصير به الواحد واحدا[٢].

واتە: تەوحید بریتییە لەو ڕێگایەی کە دەبێتە هۆکاری سەلماندنی تاك بە تاکیەتی.

لای ئەمان مەبەست بە تەوحید ئەوەیە کە خوا یەکە، وە خواش وەسف ناکرێت بە یەك تاوەکوو سیفەتی (قدیم)ی بەتایبەت بۆ بڕیار نەدرێت کە تایبەتمەندترین سیفاتی خوایە.

بۆیە (الجبائي) دەڵێت: إنَّ القديم يوصف بأنه واحد على وجوهٍ ثلاثة: أحدها بمعنى أنه لا يتجزَّأ ولا يتبعَّض،والثاني بمعنى أنه متفرد بالقُدُم لا ثاني فيه، والثالث أنه متفرد بسائر ما يستحقّهُ من الصفات النفسية ...[٣].

واتە: سیفەتی (قدیم)یەت سێ بابەت لەخۆدەگرێت: یەکەمیان بەش و پارچە لەخۆنەگرێت، دووەمیان هەر ئەو خاوەنی سیفەتی ئەزەلی و (قدیم)یەت بێت بەبێ یەکێکی تر، سێیەمیان بەس ئەو بە تەنیا خاوەنی سیفاتە ناخییەکانە، لەوانە زانست و توانا و زیندوویەتی ... .

---

(١) "شرح العقيدة الواسطية" للحازمي ص٢١، و "الموسوعة العقدية" (١/ ١٩٠)، و "شرح باب التوحيد الربوبية من فتاوى ابن تيمية" لناصر بن عبد الكريم العقل (٢/ ٤).

(٢) "المغني في أبواب التوحيد والعدل" للقاضي عبد الجبار الهمذاني (٤/ ٤٢).

(٣) "المغني في أبواب التوحيد والعدل" للقاضي عبد الجبار الهمذاني (٤/ ٢٣٠).

مەبەست لەم پێناسەیە:

یەکەم: باوەڕنەبوونە بەو هەموو سیفاتانەی کە خوا بۆخۆی باسی کردووە، لەبەرئەوەی لای ئەوان دانانی ئەو سیفاتانە دەبێتە هۆکاری پارچە پارچەبوون وەکوو مرۆڤەکان (مخلوقات).

دووەم: سیفاتەکانی (حادث) واتە (دروستکراوەکان) نابێت لە ناو و سیفاتدا لە خوا بچێت کە (قدیم)ییە، بۆیە ئەوەی بۆ (مخلوق) باسدەکرێت نابێت (خالق) خاوەنی بێت، گەر نا ئەوکات لەیەك دەچن.

سێیەم: دەبێت بە تاك و تەنیا خاوەنی سیفاتە ناخییەکان بێت وەك (علم، قدرة، حي)، بەڵام سیفاتەکانی تر کە ناخی نین وەك (يد، سمع، بصر، ساق، وجه) نابێت بۆ خوا بڕیار بدرێت.

کەواتە وشەی (الواحد، الوحدانية) لایان سیفاتێکی (سلبي، نفي)یە، وە دەبێت دژایەتی بوونی هەموو سیفات و چۆنیەتییەك بکەین بۆ خوا تا لە (مخلوقات) و دروستکراوەکانی نەچێت، لە ئەنجامی ئەمەدا هیچ سیفات و چۆنیەتییەك ناسەلمێنرێت بۆ خوا.

لە کۆتاییدا پێناسەی تەوحید لای (معتزلة)کان باوەڕبوونە بە بوونی خوا لە زانست و بیر و هۆشدا بەبێ بوونی هیچ سیفات و کار و شوێن و چۆنیەتییەکی تایبەت بەو کە بۆخۆی لە قورئان و سوننەتدا باسکراوە بۆی.

وە یەکێك لە ڕوکنەکانی ئیمان لای ئەوان کە (التوحید)ە مەبەستیان پێی باوەڕنەبوونە بەو هەموو سیفات و چۆنیەتییانەی کە خوا بۆخۆی باسکردووە، لەبەرئەوەی گەر وابێت ئەوا لە (مخلوقات) دەچێت، وە ئەوەش (شرك) و هاوبەش بڕیاردانانە لای ئەوان.

وەکوو (ابن حجر) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت:** قَدْ سَمَّى الْمُعْتَزِلَةُ أَنْفُسَهُمْ أَهْلَ الْعَدْلِ وَالتَّوْحِيدِ وَعَنَوْا بِالتَّوْحِيدِ مَا اعْتَقَدُوهُ مِنْ نَفْيِ الصِّفَاتِ الْإِلَهِيَّةِ لِاعْتِقَادِهِمْ أَنَّ إِثْبَاتَهَا يَسْتَلْزِمُ التَّشْبِيهَ وَمَنْ شَبَّهَ اللهَ بِخَلْقِهِ أَشْرَكَ[1].

واتە: موعتەزیلەکان خۆیان ناوناوە هەڵگری دادپەروەری و تەوحید، وە مەبەستیشیان بە تەوحید باوەڕنەبوونە بە سیفاتەکانی خوا، لەبەرئەوەی وا گومان دەبەن بڕیاردانی ئەو سیفاتانە هاوشێوە دروستکردنە بۆ خوا، وە هاوشێوەش و شەریك بڕیاردانە بۆ خوا.

(١) "فتح الباري" لابن حجر (١٣/ ٣٤٤).

بەدەر لەوەی لە پێناسەکەیاندا بە هیچ شێوەیەك (التوحيد الألوهية) كە تەوحیدی كردار و پەرستنە بوونی نییە، بەڵكوو تەوحید لای ئەوان تێڕوانینێكی عەقڵییە (نظرية عقلية) لە بوونی خوا و بەس، ئەویش تەوحیدی (الربوبية) دەگرێتەوە، بەبێ تەوحیدی (الألوهية والأسماء والصفات).

٣. پێناسەی (التوحيد) لای ئەشعەرییەکان و ماتۆریدییەکان:

لای ئەمانیش تەوحید پێناسەی خۆی هەیە و بە هەڵە باڵیان كێشاوە بەسەر ئەهلی سوننەت و جیهانی ئەمرۆدا، (الرازي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: واحد في ذاته، وواحد في صفاته، وواحد في أفعاله[١]، وە (الشهرستاني)یش رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فالباري تعالى واحد في ذاته لا قسيم له، وواحد في صفاته لا شبيه له، وواحد في أفعاله لا شريك له[٢].

واتە: تەوحید بریتییە لە باوەڕبوون بەوەی كە خوا بە زاتی خۆی تەنیایە و نابێتە چەند خوایەك، وە تەنیایە لە سیفاتدا و هاوشێوەی نییە، وە تەنیایە لە كردارەدا و هاوبەشی نییە.

لەژێر ئەم ناونیشانانەدا گومڕایی زۆریان لەخۆگرتووە و بەو ناونیشانانە خۆیان هەڵخەڵەتاندووە، مەبەست لەوەی كە خوا بە زاتی تەنیایە و بەش بەش نابێت؛ ئەوەیە كە ئەوەی بۆخۆی بڕیاری لێداوە كە خاوەن چاو و دەست و ... ئەو سیفاتانەی كە لە قورئاندا بۆخۆی باسكردووە كە پێی دەڵێن (الصفات الإختيارية) سیفاتە بژاردەكان لەوانە كە خوا بە بەندەی (معجب)ە و پێدەكەنێت و قسەی لەگەڵ دەكات و دێتە ئاسمانی دونیا و لە دواڕۆژدا لێپرسینەوە لە بەندەكانی دەكات، دەڵێن ئەمانە هیچیان نابێت بۆ خوا ببێت و باس بكرێت، لەبەرئەوەی ئەمانە (تجسيم) و لاشە و جەستە بۆ خوا دروستدەكات و ئەوكات لە دروستكراوەكانی دەچێت.

وە مەبەستیان بەو قسەیەیان (واحد في صفاته لا شبيه له) تەنیایە لە سیفاتدا و هاوشێوەی نییە؛ بە هەمان شێوازی پێشوو باوەڕیان وایە كە خوا خاوەنی ئەو سیفاتانە نییە وەك (سميع وبصير، يغضب ويستحي ...) دەبیستێت و دەبینێت و تووڕە دەبێت و پێدەكەنێت و شەرم لە بەندەكانی دەكات لە كاتی دووعادا و ... لەبەرئەوەی ئەم سیفاتانە لێكچوو و هاوشێوەی سیفاتی ئادەمیزادە، بەم هۆیەشەوە هاوشێوەی بەندەكانی دەبێت، لەبەرئەوە تەوحید لای ئەمانە باوەڕنەبوونە

(١) "المطالب العالية من العلم الإلهي" للرازي (٣/ ١٦٣).

(٢) "نهاية الأقدام في علم الكلام" للشهرستاني ص٩٠، و "الملل والنحل" للشهرستاني (١/ ٤٢).

بە هەموو ئەو سیفاتانەی کە واتای جەستە و لاشە دەبەخشێت تاوەکوو نەبێتە هاوشێوە بۆ خوا، ئیتر ئەمان پەیوەندییان بەو یاسایەوە نییە ئەگەر لە ناودا لێکچوون هەبێت ئەوا لە سیفاتدا جیاوازن، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بەو دوو دابەشکراویە سەربەخۆیە هەیە کە بوون دوو بەشە: (خالق ومخلوق) و دەبێت هیچیان نەبنە یەك و جیاواز بن، کەچی ئەم دابەشکردنە لەبیر دەکەن.

وە مەبەستیان بە (واحد في أفعاله لا شريك له) خوا تەنیایە لە کار و کردەوەدا و هاوبەشی نییە واتە لە (ربوبية) و دروستکراوەکانیدا؛ ئەمەش مەبەستیان پێی کار و کردەوەکانی ئادەمیزادە لە قەزا و قەدەردا کە:

(معتزلة)کان دەڵێن: ئادەمیزاد سەربەخۆیە لە کاردا و خوا هیچ توانا و دەسەڵاتێکی تیادا نییە، تاوەکوو نەبێتە ستەم و زوڵم بۆ خوا.

(ئەشعەرییەکان) دەڵێن: ئادەمیزاد هیچ دەسەڵات و سەربەخۆییەکی نییە لە کردنی کارەکانیدا، بەڵکوو هەموو کار و توانا و دەسەڵات کاری خوایە و هاوبەشی نییە، تاوەکوو توانا و کار و دەسەڵاتی خوا ناتەواو و لەکەدار نەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی کورت وشەی (کسب)ی بۆ بەکاردەهێنن.

بێئاگان لە جیاوازی نێوان (خلق وفعل) دروستکردنی خوایی و بۆڕەخساندن لەگەڵ کارپێکردن و ئەنجامدان ... ئەمە بابەتێکە لە کتێبی "قەزا و قەدەردا" ڕوونمان کردووەتەوە.

بە کورتی پێناسە و ناونیشانەکانیان بۆ تەوحید بە ڕووکەش و سادەیی سەیرکردن هیچ گرژی و گومڕایی تیادا دەرناکەوێت تا نەچیتە ناو مەبەست و ناوەڕۆکە بەرنامەییەکانیانەوە کە ئەم وشانەیان هەمووی هەڵگری حەق و بەتاڵە، وە ئەوانیش مەبەستەکەیان بە بەشە بەتاڵەکەیە؛ بۆ لەخشتەبردن ئەم شێوازە دارشتنانە بەکاردەهێنن.

لە کۆتاییدا پێناسەیان بۆ تەوحید بەس تەوحید نەبوو، بەدەر لەوەی وەکوو (معتزلة)کان بەس لایەنی زانستی بوو کە (توحيد العلمي)یە بە گومڕاییەوە، لایەنی کرداری و پەرستنی لەخۆ نەگرت لە گرنگترین بەشەکانی تەوحیددا کە (توحيد الألوهية)یە.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أن ما فسر به هؤلاء اسم الواحد من هذه التفاسير التي لا اصل لها في الكتاب والسنة وكلام السلف والأئمة باطل بلا ريب شرعًا وعقلاً ولغة[1].

(١) "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٣/ ١٤٦)، و "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٢٢٤).

واتە: ئەوەی ئەوان پێناسەی تاك و تەنیایی خوایان پێکرد بە وشەی (الواحد) بۆ تەوحیدی خوا؛ هیچ بنەمایەکی نەبوو لە قورئان و سوننەت و لای هاوەڵان و زانایان، بۆیە بێگومان هەڵە و بەتاڵە بە شەرع و عەقڵ و زمانەوانی عەرەب.

٤. پێناسەی (التوحيد) لای (تصوف):

پێناسەی سوفییەکان بۆ تەوحید دوو جۆرە[١]:

جۆرێکیان پێناسەیان نییە بۆی، لەبەرئەوەی هەستپێکراوێکی ناخییە کە پێی دەوترێت (وِجْدْ) و پێناسەش بۆی دەبێتە بێبڕوایی و شەریك پەیداکردنە.

یەکێك لە ناودارەکانیان بەناوی (الشبلي) دەڵێت: من أجاب عَنِ التوحيد بالعبارة فَهُوَ ملحد، ومن أشار إِلَيْهِ فَهُوَ ثنوي، ومن أومأ إِلَيْهِ فَهُوَ عابد وثن، ومن نطق فِيهِ فَهُوَ غافل، ومن سكت عَنْهُ فَهُوَ جاهل[٢].

واتە: ئەوەی پێناسەی تەوحید بکات بێبڕوایە، ئەوەی ئیشارەتی بۆ بکات (ثنوي) هیندییەکانە، کە باوەڕیان بە خوای خێر و شەڕ هەیە، ئەوەی ئاماژەی بۆ بکات بتپەرستە، ئەوەی قسەی لەسەر بکات بێئاگایە، ئەوەی بێدەنگ بێت لەسەری نەزانە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت:** قَوْلُ الْمُتَصَوِّفَةِ إِنَّهُ لَا تَصِحُّ الْعِبَارَةُ عَنْ التَّوْحِيدِ: كُفْرٌ بِإِجْمَاعِ الْمُسْلِمِينَ، فَإِنَّ اللهَ قَدْ عَبَّرَ عَنْ تَوْحِيدِهِ وَرَسُولِهِ عَبَّرَ عَنْ تَوْحِيدِهِ وَالْقُرْآنُ مَمْلُوءٌ مِنْ ذِكْرِ التَّوْحِيدِ؛ بَلْ إِنَّمَا أَرْسَلَ اللهُ الرُّسُلَ وَأَنْزَلَ الْكُتُبَ بِالتَّوْحِيدِ[٣].

واتە: قسەی سۆفییەکان لەسەر نەبوونی پێناسەی ڕاست و دروست بۆ تەوحید بێبڕواییە بە کۆدەنگی زانایانی ئیسلام، بەڵکوو خوا و پێغەمبەر ﷺ پێناسە و باس و دەربڕینیان هەیە لەسەری، وە قورئانیش پڕە لە باسی تەوحید، بەڵکوو پێغەمبەران و پەیامەکانی خوا بۆ ناسین و هێنانەدی تەوحید نێردراون.

---

(١) "الشرك في القديم والحديث" لأبو بكر محمد زكريا (١/ ٢٥).

(٢) "الرسالة القشيرية" (٢/ ٤٦٦).

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١١/ ٣٦٥).

وە هەندێکیشیان پێناسەیان هەیە بۆ تەوحید کە دەبنە دوو بەشی جیاواز:

یەکەم: الإتحادية.

دووەم: الحلول.

جیاوازی نێوانیشیان بەم شێوەیەیە:

الإتحادية: واتە تێکەڵبوون و یەکبوونی دوو شتی جیاواز تا دەبنە یەک[١]. مەبەستیان پێی خوا و دروستکراوەکانیەتی.

ئەم پێناسەیە لەژێر ناونیشانی (شوق الخلق إلى الحق) دەربڕینی خۆشەویستی دروستکراوەکانە بۆ خوا.

ئەم یەکبوونە (الإتحادية)ش دوو جۆرە:

١. الإتحاد الخاص: ئەو کەسە ئیماندارە خواناسە تایبەتییانەیە کە ڕێگەی پاکی و دینداری دەگرنە بەر تاوەکوو تێکەڵ بە زاتی پەروەردگار دەبن و هیچ پاشماوەیەکیان نامێنێت[٢].

ئەمە بۆخۆی باوەڕی مەزهەبی (يعقوبي)یەکانە لە گاوورەکاندا کە دەڵێن (اللاهوت والناسوت) تێکەڵ دەبن وەکوو ئاو و ماست.

٢. الإتحاد العام: واتە هەموو بوونەوەرەکان بە هەموویانەوە خودی بوونی خوان، وە خواش ئەوانە، ئەمانە پێیان دەوترێت (وحدة الوجود)، ئەمە بیروڕای ئەمانەن: القونوي والتلمساني وَابْنِ سَبْعِينَ والششتري وَابْنِ الْفَارِضِ وَأَتْبَاعِهِمْ؛ مَذْهَبُهُمْ الَّذِي هُمْ عَلَيْهِ: أَنَّ الْوُجُودَ وَاحِدٌ؛ وَيُسَمَّوْنَ أَهْلَ وَحْدَةِ الْوُجُودِ[٣].

ئەم قسەیەیان: الِاتِّحَادُ الْعَامُّ وَهُوَ قَوْلُ هَؤُلَاءِ الْمَلَاحِدَةِ الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُ عَيْنُ وُجُودِ الْكَائِنَاتِ وَهَؤُلَاءِ أَكْفَرُ مِنْ الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى ... مِنْ جِهَةِ أَنَّ أُولَئِكَ خَصُّوا ذَلِكَ بِمَنْ عَظَّمُوهُ

(١) "الشرك في القديم والحديث" لأبو بكر محمد زكريا (٢/ ٨٤١)، و "التعريفات" للجرجاني ص٩.

(٢) "الصوفية معتقدا ومسلكا" لدكتور صابر طعيمة ص٣٥٤.

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ١٢٤).

كَالْمَسِيحِ وَهَؤُلَاءِ جَعَلُوا ذَلِكَ سَارِيًا فِي الْكِلَابِ وَالْحَنَازِيرِ وَالْأَقْذَارِ وَالْأَوْسَاخِ وَإِذَا كَانَ اللهُ تَعَالَى قَدْ قَالَ: ﴿ لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ ﴾ [المَائِدَة : ١٧] الْآيَةَ. فَكَيْفَ بِمَنْ قَالَ: إنَّ اللهَ هُوَ الْكُفَّارُ وَالْمُنَافِقُونَ وَالصِّبْيَانُ وَالْمَجَانِينُ وَالْأَنْجَاسُ والأنتان وَكُلُّ شَيْءٍ[١].

واتە: ئەوانەی باوەڕیان بە (الإتحاد العام) تێکەڵبوونی گشتی هەیە بێبڕوان، بەڵکوو لە گاوور و جوولەکە بێبڕواترن لەو ڕووەوە کە ئەوان ئەو یەکگرتن و تێکەڵبوونەیان بەس پەیوەست کردبوو بە (مسیح) و ناوداڕەکانەوە، بەڵام ئەمان گشتگیریان کردووە لە هەموو شتێکدا، هەر لە سەگ و بەراز و پیسی و ئەو بۆگەنانەی کە هەیە، خۆ ئەگەر خوای گەورە بفەرموێت: ﴿ لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ ﴾ [المَائِدَة : ١٧]. واتە ئەوانە بێبڕوان کە دەڵێن خوا مەسیحی کوڕی مەریەمە، دەبێت چۆن و چی بڵێت بەوانەی کە دەڵێن خوا کەسی بێبڕوا و دووڕووەکان و منداڵ و شێت و پیسی و بۆگەن و هەموو شتەکانە؟!

الحلول: واتە: اتِّحَاد الجسمين بِحَيْثُ تكون الْإِشَارَة إِلَى أَحدهمَا إِشَارَة إِلَى الآخر[٢].

یەکبوونی دوو لاشە و بوون بەشێوەیەك ئاماژە بۆ یەکێکیان ئەویتریشیان دەگرێتەوە.

ئەمەش لای سۆفییەکان لەژێر ناونیشانی (شوق الخلق إلى الحق)دا دایدەڕێژن و دوو جۆرە[٣]:

١. الحلول الخاص: تێکەڵبوونی تایبەت بە واتای (أن اللاهوت حلَّ في الناسوت) ئادەمیزاد تێکەڵ بە خوا دەبێت، ئەمە بۆچوونی مەزهەبی (النسطورية)کانە لە گاوورەکاندا، وە ئەمەش گوازراوەتەوە بۆ ئیسلام و ڕافیزە و عەلەوییەکان کە هەڵگری ئەم بیروباوەڕەن و دەڵێن خوا تێکەڵی (علي كوڕی أبي طالب) بووە، وە هەروەها تێکەڵی ئیمامە ناوداڕەکان بووە[٤].

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ١٧٢، ١٧٣).

(٢) "المعجم الوسيط" (١/ ١٩٤).

(٣) "الشرك في القديم والحديث" لأبو بكر محمد زكريا (٢/ ٨٤٣).

(٤) "الفرق بين الفرق" للبغدادي ص٢٥٤.

وە سۆفییەکانیش کە دەڵێن ئەولیاکانمان و خوا تێکەڵی یەکتر بوون (الفناء في الله)[١].

٢. **الحلول العام:** تێکەڵبوونی گشتی، ئەمە قسە و بیرۆڕای (الجهمية والأشاعرة والماتريدية)کانن کە دەڵێن: أَنَّ اللهَ بِذَاتِهِ فِي كُلِّ مَكَانٍ[٢]. واتە خوا بە زات و بوونی خۆی لە هەموو شوێنێکە.

ئەمە لەکاتێکدا هەندێ شوێنی نەشیاو و خراپ هەیە کە شیاو نییە بۆ ئادەمیزاد تیایدا بێت، چ جای خوای ئادەمیزاد!

هەردوو بۆچوونەکان یەکن بە جیاوازییەکی کەمەوە ئەویش[٣]:

- **الإتحاد والحلول الخاص:** باوەڕیان وایە شەوقی مەخلوقە بۆلای خالق کە دوو شتی جیاواز لە یەکن و پاشان تێکەڵ دەبن.

- **الإتحاد العام والحلول العام:** (وحدة الوجود) ئەمە شەوقی خالقە بۆ مەخلوق، کە یەك بوون و یەك شت هەیە ئەویش بوونی (خالق)ە و بەس بەبێ بوونێکی تر و جیاوازی نێوانیان بە وورد و درشتەوە، هەموو بوونێك بەس (خالق)ە و (مخلوقات) وجوودی هەر نییە.

سەرچاوەی ئەم بیروبۆچوونەی (وحدة الوجود) بە هەردوو جۆرەکەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونێکی وەرگیراو لە فەلسەفەی یۆنانی و سەرچاوە سەرەکییەکەشی لە فەلسەفەی هیندیدا هەیە، وە تەنانەت گاوورەکان لە هیندۆسییەکانەوە وەریان گرتووە[٤].

ئەوانەی هەڵگری ئەم بیروڕایانەن ناودار و سەرەکانی شوێنکەوتەی ڕێبازی تصوف و شیعە و جەهمییەکانن و بەرهەمی قسەی ئەشعەری و ماتۆریدییەکانە لەگەڵ بۆچوونی قادیانییەکان و بابییەکان و بەهائییەکان و قەرامیتەکان و دروزییەکان ... [٥].

---

(١) "الفرق بين الفرق" للبغدادي ص٢٦٠، و "المقالات" للأشعري ص٨١، و "اعتقادات" للرازي ص٧٤.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ١٧٢)، و "مقدمة ابن خلدون" (١/ ٥٨٩).

(٣) "الشرك في القديم والحديث" لأبو بكر محمد زكريا (٢/ ٨٤٤).

(٤) "الشرك في القديم والحديث" لأبو بكر محمد زكريا (٢/ ٨٤٦)، و "الفلسفات الهندية" لعلي زيعور ص١٦٨، و "الهند حضارتها وديانتها" لمحمد اسماعيل الندوي (٢/ ٨٤٣)، و "العقائد الوثنية في الديانة النصرانية" لمحمد التنير ص١٣٠.

(٥) "البابية عرض ونقض" لإحسان إلهي ظهير ص١٨٢، و "القاديانية" لإحسان إلهي ظهير ص١٠٠، و "العلويون والنصيريون" لأبي موسى الحريري ص٣٦.

لەناو ناودارانی (تصوف)دا ئەوانەی کە خاوەنی ئەم عەقیدەیەن ئەمانەن: (الشبلي، ابن الفارض، ابن عربي، الحلاج، ابن سبعين، التلمساني، الشاذلي، النابلسي الحنفي، التجاني، الديوبندي الحنفي، البريلوي، الغزالي)[١].

پێناسەشیان بۆ تەوحید وەکوو (الغزالي) دەڵێت: الرابعة: أن لا يرى في الوجود إلا واحداً وهي مشاهدة الصديقين وتسمية الصوفية الفناء في التوحيد[٢].

واتە: کاکڵە و ناوەڕۆکی تەوحید بەشی چوارەمە کە بگاتە ئەو ئاستەی بێجگە لە یەك بوون (وجود) هیچ بوونێکی تر نەبینێت، ئەمەش بینینی (صديقين)ە و فەنا و تووانەوەی سۆفییەکانە لە تەوحیددا.

وە (النابلسي النقشبندي) دەڵێت: المراد بالتوحيد ظهور صفة الوحدانية للعبد حتى ينمحق كله فيها[٣].

واتە: مەبەست بە تەوحید دەرکەوتنی سیفاتی تەنیایی خوایە بۆ بەندەکەی، تاوەکوو نوقم دەبێت تیایدا و دەبنە یەك بوون.

کەواتە بەس تەوحیدی (الربوبية)یان لایە کە خوا دروستکراوەکانی دروستکردووە، لە دروستکراوەکانی تێڕوانە تا دەگەیتە ئەو و تێکەڵ دەبیت پێی.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَكَذَلِكَ طَوَائِفُ مِنْ أَهْلِ التَّصَوُّفِ وَالْمُنْتَسِبِينَ إلَى الْمَعْرِفَةِ وَالتَّحْقِيقِ وَالتَّوْحِيدِ: غَايَةُ مَا عِنْدَهُمْ مِنْ التَّوْحِيدِ هُوَ شُهُودُ هَذَا التَّوْحِيدِ وَأَنْ يَشْهَدَ أَنَّ اللَّهَ رَبُّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكُهُ وَخَالِقُهُ ... فَهَذَا عِنْدَهُمْ هُوَ الْغَايَةُ الَّتِي لَا غَايَةَ وَرَاءَهَا وَمَعْلُومٌ أَنَّ هَذَا هُوَ تَحْقِيقُ مَا أَقَرَّ بِهِ الْمُشْرِكُونَ مِنْ التَّوْحِيدِ وَلَا يَصِيرُ الرَّجُلُ بِمُجَرَّدِ هَذَا التَّوْحِيدِ مُسْلِمًا فَضْلًا عَنْ أَنْ يَكُونَ وَلِيًّا للَّهِ أَوْ مِنْ سَادَاتِ الْأَوْلِيَاءِ[٤].

---

(١) "الشرك في القديم والحديث" لأبو بكر محمد زكريا (٢/ ٨٦٠ – ٨٦٥).

(٢) "إحياء علوم الدين" للغزالي (٤/ ٢٤٥).

(٣) "رسالة التوحيد" للنابلسي النقشبندي ص٤٣، و "الألفاظ والمصطلحات المتعلقة بتوحيد الربوبية" لآمال بنت عبد العزيز العمرو ص٤١.

(٤) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ١٠١، ١٠٢)، و "التدمرية" لابن تيمية ص١٨٦.

واتە: کۆمەڵێك لە ئەهلی تەسەوف کە خۆیان دەدەنە پاڵ عیرفان و حەقیقەتی تەوحید؛ باوەڕیان وایە کە کۆتا پلەی تەوحید لای ئەوان باوەڕبوونە بەوەی خوا دروستکار و داهێنەر و خاوەنی دروستکراوەکانە، کە ئەمە بۆخۆی (توحید الربوبیة)ە و لەمە زیاتر باسی تەوحید بوونی نییە لایان، کە بۆخۆی ئەم جۆرە تەوحیدە موشریکەکانی قورەیش دانیان پێدا دەنا، وە هیچ کەسێك بەم تەوحیدە بەتەنها پێی نابێتە موسوڵمان، بەدەر لەوەی بە هۆکاریەوە ببێتە یەکێك لە وەلییەکانی خوا یاخود پلەی بالای ئەولیاکان.

وە هەروەها لای شیعەکانیش بەشێوەیەکی گشتی باس لە تەوحیدی (الربوبیة) و سەلماندنی بوونی خوایە و هیچ جۆرێکی تر لە تەوحیدیان پێنییە، ئەگەرچی بە دریژایی مێژووی شیعە خاوەنی بیر و بەرنامەی سەربەخۆی خۆیان نەبوون، بەڵکوو تێکەڵ بوون بە هەموو بیروڕای فیرقە گومڕاکانی ناو بازنەی ئیسلام کە دژی بەرنامەی ئەهلی سوننەت بوون، لای ئەوان گرنگ ئەوەیە لەخۆگری بەرنامەی ئەهلی سوننەت نەبێت لە هەموو بواڕە فیقهییەکان و سیفاتەکانی خوا و قەزا و قەدەر و ئیمان و کوفر و تەوحیددا ...، بەڵکوو لەخۆگری بەرنامەی خەوارج و مەعتەزیلە و قەدەری و فەیلەسووفەکان و تەسەوفەکانن بەگشتی، لەبەرئەوەی ئەوەندەی ڕێبازێکی سیاسی و دژایەتی عەرەب و ئیسلام بەدیدەکرێت تیایاندا ئەوەندە ڕێبازێکی دینی بەدی ناکرێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بیر و ڕێبازی (عبد الله بن سبأ اليهودي) لەگەڵ فارسە مەجووسییەکان کاتێك ئیسلام ئیمپڕاتۆریەتەکەیانی ڕووخاند، هەستان بۆ تۆڵەکردنەوە لە ئیسلام ئەم ڕێبازەیان تاشی.

(ابن حزم) رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت: أَن الْفرس كَانُوا من سَعَة الْملك وعلو الْيَد على جَمِيع الْأُمَم ... فَلَمَّا امتحنوا بِزَوَال الدولة عَنْهُم على أَيدي الْعَرَب وَكَانَت الْعَرَب أقل الْأُمَم عِنْد الْفرس خطراً تعاظمهم الْأَمر وتضاعفت لديهم الْمُصِيبَة وراموا كيد الْإِسْلَام بالمحاربة فِي أَوْقَات شَتَّى ... فأظهر قوم مِنْهُم الْإِسْلَام ... وَقد سلك هَذَا المسلك أَيْضا عبد الله بن سبأ الْحِمْيَرِي الْيَهُودِيّ[1].

واتە: فارسەکان دەسەڵاتێکی بالایان هەبوو بەسەر هەموو گەلاندا، کاتێکیش تاقی کرانەوە بە نەمانی دەسەڵاتیان لەسەر دەستی عەرەبەکان کە کەمترین ترسیان لێیان هەبوو، ئەمەیان زۆر لەسەر

(١) "الفصل في الملل والأهواء والنحل" لابن حزم (٢/ ٩١).

قورس بوو، بە بەڵایەکی زۆر گەورەیان دەزانی، لەبەرئەوە هەستان بە دژایەتیکردنی ئیسلام و فێڵکردن لێیان لە چەندەها کاتدا و هەندێکیشیان موسوڵمانبوونیان ئاشکرا کرد، (عبد الله بن سبأ)یش هەر ئەم ڕێگایەی گرت کە یەهوودی بوو.

کاریگەری ئەم پێناسانە لەسەر تەوحید

بە هۆکاری دەرچوون لە پێناسەی شەرعی و حەقەکەی خۆی لە تەوحیددا هەروەك لای ئەهلی سوننەت هەیە، وە بە هۆکاری بەرنامەی پێشوەختەی تایبەتی هەریەك لەو فیرقانە، کاریگەرییەکان بەدی دەکرێت لەسەر پێناسە و حوکم و کاری تەوحید، بووەتە هۆکاری لادان و گومڕایی و ترازاندنی پلەوپایەی تەوحید لە شوێنی خۆیدا، وە کار و کاردانەوەی پێچەوانەی مەبەستی خۆی دروستکردووە، ئەوەی پێچەوانەی مەبەست و پێناسە و کاری تەوحیدە کراوەتە تەوحید و ئەو ناونیشانەی لێنراوە؛ بۆ شاردنەوەی گومڕایی و لادانەکانیان و چەواشەکردنی خەڵکی گشتی لەو بوارەدا، وەکوو لەم شێوازانەدا دەردەکەوێت:

یەکەم: لە پێناسەدا:

ئەو پێناسە شەرعییەی کە زانایانی ئیسلام بۆ تەوحید دایان نابوو کە هەرسێ جۆرەکەی تەوحیدی دەگرتەوە، بەڵام ئەمان پێناسەکەیان گۆڕیوە و بەس بەشی (توحيد الربوبية) دەگرێتەوە: فليس التوحيد عندهم إلا إثبات الوحدانية لله في إنشاء الخلق واختراعهم[1]. هەموو پێناسەیان بۆ تەوحید سەلماندنی بوونی خوا و تاك و تەنیاییەتی لە دروستبوون و هێنانەدی (مخلوقات) و دروستکراوەکانیدا.

دووەم: جیاوازی نەکردنیان لەنێوان وشەی (الرب والإله):

لە پێناسەی وشەی (الإله)دا دەڵێن: ظَنُّوا أَنَّ الْإِلَهِيَّةَ هِيَ الْقُدْرَةُ عَلَى الِاخْتِرَاعِ دُونَ غَيْرِهِ[2].

واتە وشەی (الإله) توانا لەسەر دروستکردن و هێنانەدییە، کە ئەمە بۆخۆی وشەی (الرب) و (توحيد الربوبية) دەگرێتەوە و بەس.

---

(١) "رسالتان في التوحيد" لدكتور محمد بن عبد الرحمن الجهني ص٢٧.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ١٠١).

ئەمەش پێچەوانەی بانگەوازی تەوحیدی پێغەمبەرانە کە (الألوهية)ە، ئەمە لەخۆگری تەوحیدێکی (فطري)یە کە (ربوبية)ە و هەموو گەلانی دونیای لەسەر کۆکە، بەمە جیاوازی و جیاکاری نێوان ئیمانداران و موشریکەکان نایەتەدی بەڵکوو تێکەڵکارییە لەنێوان حەق و بەتاڵدا.

سێیەم: وشەی (شرك) و هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا:

بەم هۆکارەوە دژایەتی شەریك بڕیاردان و جۆرەکانی بۆ خوا بوونی نەما لایان، وە هەموو پێناسەیان بۆ هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا بڕیاردانی بوونێکی تری خوایە لە دروستکردنی (مخلوقات) و بەشداری خوایە لە هێنانەدیدا، وەکوو (الغزالي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وأما قولنا لا ند له، نعني به أن ما سواه هو خالقه لا غير[1].

واتە: مەبەستمان بەوەی کە دەڵێین (لا ند له) هاوبەش و شەریکی نییە: مەبەستمان پێی بێجگە لە خوا هیچ بوونێکی تر داهێنەر و (خالق) نییە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أَنَّ غَايَةَ مَا يُقَرِّرُهُ هَؤُلَاءِ النُّظَّارُ؛ ... إنَّمَا هُوَ تَوْحِيدُ الرُّبُوبِيَّةِ وَأَنَّ اللَّهَ رَبُّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَعَ هَذَا فَالْمُشْرِكُونَ كَانُوا مُقِرِّينَ بِذَلِكَ مَعَ أَنَّهُمْ مُشْرِكُونَ[2].

واتە: کۆتا کاری ئەم تێڕوانینکارانە هێنانەدی تەوحیدی (ربوبية)ە کە خوا دروستکار و هێنەرەدی هەموو بوونێکە، خۆ موشریکەکانیش باوەڕیان بەمە هەبوو، هەر موشریکیش بوون.

لەگەڵ ئەم تێڕوانینەشدا (معتزلة)کان بەخۆیان دەڵێن (أهل التوحيد والعدل) و ئەشعەرییەکانیش بەخۆیان دەڵێن (أهل التوحيد والتنزيه) هەڵگری تەوحید[3].

چوارەم: بۆ هێنانەدی تەوحید و عەقیدە دەڵێن:

یەکەم کار لە هێنانەدی تەوحیددا لای ئەوان سەلماندنی بوونی خوایە و پاشان تێڕوانینە لە بەڵگەکان، وە ئەم ڕێگایەش دەبێت بە ڕێگەی قسە و توێژینەوە فەلسەفییەکان بێت کە خۆیان دایانڕشتووە، گەر نا ئیمان بەدەست نایەت.

---

(١) "الاقتصاد في الاعتقاد" للغزالي ص٤٨.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ١٠١).

(٣) "رسالتان في التوحيد" للجهني ص٣٢.

لەبەرئەوە لای ئەوان یەکەم کاری هاتنە ناو دین و هۆکاری دروستبوونی ئیمان دەبێت بەدواداچوون و توێژینەوەی سەلماندنی بوونی خوا بێت، وە ڕای جیاوازیشیان هەیە لەسەر ئەمە و هەندێکیان دەڵێن بەڵکوو پێشوەختە دەبێت نیەت و مەبەستی سەلماندن (القصد إلى النظر) کاری بێت پاشان سەلماندن، وە هەندێکی تریشیان دەڵێن بەڵکوو دەبێت گومان و دوودڵی (شك) دروستکات ئەوکات سەلماندن کاری بێت، وە حوکمی ئەم ڕێگایانە بە واجبێکی شەرعی دادەنێن، وەکوو (الباقلاني والقاضي عبد الجبار وابن فورك وأبو اسحاق الأسفراييني والشيرازي والجويني وأبو هاشم ...)[1] کە خاوەنی بیروڕای یەکەم واجبی هاتنەناو دین و ئیمان و ئیسلامەوەن.

وە (ابن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێبێت: والنبي صلى الله عليه وسلم لم يدع أحداً من الخلق إلى النظر ابتداءً، ولا إلى مجرد إثبات الصانع، بل أول ما دعاهم إليه الشهادتان، وبذلك أمر أصحابه[2].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ یەك کەسێکی بانگەواز نەکردووە بۆ تێڕوانین و بیرکردنەوە بۆ سەرەتا هاتنەناو ئیسلامەوە و هەروەها بۆ سەلماندنی بوونی دروستکارێك، بەڵکوو یەکەم کارێك بانگەوازی بۆ کردووە باوەڕبوون بووە بە وتنی (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ)، وە هەر بەوەش فەرمانی کردووە بە هاوەڵانی.

حوکمی شەریك بڕیاردانیشیان لە تەوحیددا پەیوەستکردووە بەم دوو خاڵەوە[3]:

یەکەم: (اعتقاد استحقاق المعبود للعبادة من دون الله) واتە عەقیدە و بڕوای وابێت ئەوەی ئەو کارە عیبادەتیەی بۆ ئەنجام دەدات شایەستەی حەقیقییە کە عیبادەتی بۆ بکرێت بێجگە لە خوا؛ ئەوکاتە شەریك بڕیاردانە، بەڵام ئەگەر عەقیدە و بیروباوەڕی بەو شێوەیە نەبێت ئەوە تاوانە و پەیوەندی بە شەریك بڕیاردانەوە نییە. کەواتە شەریك بڕیاردانیان پەیوەستکردووە بە لایەنی عەقیدەیی و بیروباوەڕەوە نەك بە نیەت و کارەوە.

---

(١) "الإنصاف" للباقلاني ص٢٩، و "شرح الأصول الخمسة" للقاضي عبد الجبار ص٣٩، و "فتح الباري" لابن حجر (١٣/ ٣٤٩)، و "المواقف" لأبو هشام ص٣٢، و "الإرشاد" للجويني ص٢٥، و "شرح اللمع" للشيرازي (١/ ٩٢).

(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٨/ ٦).

(٣) "الشرك في القديم والحديث" لأبو بكر محمد زكريا (١/ ٣٧).

دووەم: دەڵێن ئەگەر ناویش ببرێت بە (شرك) ئەوا شەریك بڕیاردانی بچووكە (شرك الأصغر) و لە تاوان و گوناهەكانە و هیچ كاریگەری لەسەر تەوحید و عەقیدەی نییە.

واتە دەبێت باوەڕی بە سەربەخۆیی و توانا و دروستكردن و هێنانەدی وەكوو خوایەكی سەربەخۆ هەبێت بۆ ئەوەی كە داوا و هاواری لێدەكات، ئەوكاتە دەبێتە شەریك بڕیاردان.

خۆ ئەگەر سوجدە و هاوار و پشتیوانی و خۆشەویستی و هەر جۆرێكی عیبادەت بۆ هەر شتێك ئەنجام بدەیت و سیفاتەكانی خۆی وەكوو خوا پێ نەبەخشیت؛ ئەوە شەریك بڕیاردان نییە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** ولهذا كان من أتباع هؤلاء من يسجد للشمس والقمر والكواكب، ويدعوها كما يدعو الله تعالي، ويصوم لها، وينسك لها، ويتقرب إليها، ثم يقول: إن هذا ليس بشرك: وإنما الشرك إذا اعتقدت أنها هي المدبرة لي، فإذا جعلتها سبباً وواسطة لم أكن مشركاً، ومن المعلوم بالاضطرار من دين الإسلام أن هذا شرك[1].

واتە: لە سەرانی ئەم فیرقە گومڕایانە و شوێنكەوتووانی هەبوو سوجدەی بۆ ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەكان دەبرد و داوای لێدەكردن وەكوو چۆن داوا لە خوا دەكرێت، بەڵكوو بۆیان بەڕۆژوو دەبوو وە قوربانی بۆ دەكردن و پاشان دەیوت ئەمە شەریك بڕیاردان نییە، بەڵكوو كاتێك دەبێتە شەریك بڕیاردان كە تۆ بە عەقیدە و بیروباوەڕەوە وابزانی ئەوە كار بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیكارتە وەكوو خوا، بەڵام گەر وەكوو ئەوە سەیریان بكەیت كە هۆكار و گەیاندنن لە نێوان بەندە و خوادا؛ ئەوە شەریك بڕیاردان نییە، وە ڕوون و ئاشكرایە لە دینی ئیسلامدا هەموو ئەمانە بە هەرجۆرێك بكرێت شەریك بڕیاردانە.

تەنانەت كار گەیشتە ئەوەی ڕێخۆشكەر بن بۆ خەڵكی نەزان كە بكەونە ناو گێژاوی شەریك بڕیاردان و بێبڕواییەوە، هەروەك: (أبو عبد الله محمد الخطيب) ناودار بە (الفخر الرازي) كتێبێكی دانا بەناوی "السر المكتوم في السحر ومخاطبة النجوم": على مذهب المشركين الكلدانيين والكشدانيين. على مذهب المشركين من الهند والصابئة، والمشركين من العرب وغيرهم، مثل طمطم الهندي، وملكوشا البابلي[2]. وقد قيل إنه صنفه لأم الملك علاء الدين محمد ابن تكش

---

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٢٢٧).

(٢) "اقتضاء الصراط المستقيم" لابن تيمية (٢/ ٣٠١).

أبي جلال الدين وأنها أعطته عليه ألف دينار، وكان مقصودها ما فيه من السحر والعجائب والتوصل بذلك إلى الرئاسة وغيرها من المآرب[١].

(الفخر الرازي) ناوداریان کتێبێکی بەناوی "نهێنییه شاراوەکانی سیحر و قسەکردن لەگەڵ ئەستێرەکان" نووسی بۆ دایکی مەلیك (علاء الدين) و ئەویش هەزار دیناری پێدا، نووسراوەکەی بە بیروبۆچوونی موشریکەکانی عەرەب و رێڕەوی کلدانییەکان و ساحیرەکانی بابل (کشدانییەکان) و (طمطمة)ی هیندییەکان بوو، وە مەبەستی هەموو ئەو رێگە سیحر و جادوو و پەرستن و سەیر و سەمەرانە گەیشتن بوو بە ئاواتە دونیاییەکان و پلەوپایەکان، کە ڕەواجیان بە ئەستێرە و جۆرەکانی سیحر دەدا بەناوی (روحانيات الكواكب) ڕۆحی هەسارەکان[٢].

وە (الكرخي أبو الحسين الحنفي) کتێبی "تحليل النبيذ"ی بۆ ئەمیرەکانی سەردەمی خۆی نووسیوە، وە (الجاحظ) چەندەها کتێبی بۆ دەسەلاتداران نووسیوە، وە (سهروردي)ش کتێبی "الألواح العمادية"ی بۆ ئەمیری (ارسلان) نووسیوە[٣].

وە هەروەها: ابن وحشية وأبي معشر البلخي وثابت بن قرة[٤]. وَأَبُو مَعْشَرٍ البلخي لَهُ "مُصْحَفُ الْقَمَرِ" يَذْكُرُ فِيهِ مِنْ الكفريات وَالسِّحْرِيَّاتِ مَا يُنَاسِبُ الِاسْتِعَاذَةَ مِنْهُ[٥]. **هاوشێوەی ئەوان هەریەك لەمانیش بەتایبەت (أبو معشر البلخي) کتێبێکی بەناوی "قورئانی مانگ"ەوە دانابوو پڕبوو لە کوفر و سیحرەکان کە پێویست ئەکات پەنا بگری بە خوا لە ئاستیاندا.**

وە (ثابت بن قرة) کتێبێکی بەناوی "الزيج"ەوە نووسیوە[٦]. وە (البوني المغربي) کتێبێکی بەناوی "الشُّعْلَةِ النُّورَانِيَّةِ"ەوە نووسیوە کە پڕە لە هەموو جۆرەکانی شەریك بڕیاردان[٧].

---

(١) "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٣/ ٥٤)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٣/ ١٨٠).

(٢) "الصفدية" لابن تيمية (١/ ١٧٣)، و"مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٣/ ١٨٠).

(٣) "دراسات في أهل الأهواء والفرق والبدع" لناصر العقل ص٣٣٣، و "سنن الدارمي" (١/ ٩٦) عَنْ عُرْوَةَ بْنِ الزُّبَيْرِ.

(٤) "اقتضاء الصراط المستقيم" لابن تيمية (٢/ ٣٠٢).

(٥) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٧/ ٥٠٧).

(٦) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٢٨٧.

(٧) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٠/ ٤٥١).

هەموو ئەم نووسراوانە پێداگرییە لەسەر: عِبَادَةِ الْكَوَاكِبِ وَدَعْوَتِهَا مَعَ السُّجُودِ لَهَا وَالشِّرْكِ بِهَا وَدُعَائِهَا مِثْلَ مَا يَدْعُو الْمُوَحِّدُونَ رَبَّهُمْ؛ بَلْ أَعْظَمَ وَالتَّقَرُّبِ إِلَيْهَا[1]. هَؤُلَاءِ تَنْزِلُ عَلَيْهِمْ أَرْوَاحٌ تُخَاطِبُهُمْ وَتُخْبِرُهُمْ بِبَعْضِ الْأُمُورِ، وَتَقْضِي لَهُمْ بَعْضَ الْحَوَائِجِ، وَيُسَمَّوْنَ ذَلِكَ رُوحَانِيَّةَ الْكَوَاكِبِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَظُنُّ أَنَّهَا مَلَائِكَةٌ، وَإِنَّمَا هِيَ شَيَاطِينُ تَنْزِلُ عَلَيْهِمْ[2]. **سیحر و عیبادەتکردن بۆ ئەستێرە و هەسارەکان لەگەڵ سوجدەبردن بۆیان و داوا لێکردنیان و ئەو شتانەی کە خواپەرستان دەیکەن بۆ خوا، بەڵکوو لەوە زیاتریش کاریان بۆ ئەنجام دەدەن، ئەمانە کۆمەڵێکیان بۆ دادەبەزن قسەیان لەگەڵ دەکەن و هەوالّی زۆر شتیان پێ دەدەن، وە کاریان بۆ جێبەجێ دەکەن، پێیان دەڵێن ڕۆح و هەستی ئەستێرەکان، هەندێکیان وا گومان دەبەن (ملائکة)کانن، لە کاتێکدا جنۆکە و شەیتانەکانن و فێڵیان لێ دەکەن.**

ئەمە کۆتا زانست و تەوحید و دینداری ئەم فیرقە گومڕایانە بوو، کە بوونە هۆکاری ڕێگە خۆشکەر و پەرەپێدان و بڵاوبوونەوەی هەموو جۆرەکانی شیرك و بێبڕوایی و دوورکەوتنەوە لە ناخ و ناوەڕۆکی داواکارییەکانی قورئان و سوننەت، لەبەرئەوە شوێنێك عەقیدەی ئەشعەری و ماتۆریدی بوونی هەبێت تیایدا ئەوە تەسەوف و قەبر پەرستی و هەموو جۆرەکانی شەریك بڕیاردان بۆ خوا والاّیە تیایاندا، وە هەموو جۆرەکانی گومڕایی بەناوی مەزهەب و تەریقەت و ڕێبازی جۆراوجۆرەوە بوونی هەیە، بەدەر لە بوونی شیعەکان و گومڕاییە جۆراوجۆرەکانیانەوە.

وە تەنانەت ژیاننامەی ناوداڕەکانی ئەم فیرقانە شایەتحاڵی هەڵگری بەرنامە و ڕێبازە گومڕاییەکانیانە، کە لە کۆتایی تەمەنیاندا ڕوویان کردووەتە لادان و تاوان و شەرمەزاری لە دونیادا، سەیری ژیاننامەی (أبو هاشم الجبائي) بکە لە "الفرق بين الفرق" للبغدادي ص١٩١، و "التبصير في الدين" ص٨٧، وە ژیاننامەی (عمرو بن عبيد) لە "ميزان الاعتدال" (٢٧٨/٣)، وە (النظام) لە "سير أعلام النبلاء" للذهبي (٥٤٢/١٠)، وە (أبو هذيل العلاف) سەری موعتەزیلەکان لە "سير أعلام النبلاء" للذهبي (٥٤٣/١٠)، و (عبد الجبار الهمذاني القاضي) لە "لسان الميزان" (٣٨٧/٣)، وە (الإيجي) ناوداریان لە "هامش ترجمة في الأعلام" (٢٩٥/٣).

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٣/ ١٨١).

(٢) "الفتاوى الكبرى" لابن تيمية (١/ ١٩٢).

وە ئەوانەی پێشووش نووسراوەکانی (الرازي) و ناودارەکانیان بوو کە پڕ بوون لـە شیرك و سیحر و گومڕایی، ئەگەر سەیری ژیاننامەی ئەوانە بکەیت شەرمەزار دەبیت لـەو ناو و نازناوە گەورانەیان کە پێیان دراوە و ناودارن بە هەڵگری زانست و شارەزایی دینی.

هەروەك ئیمامی (الشاطبي) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەربارەی (ابن سینا) کە عەرەقی بۆخۆی حەڵاڵ کردووە بەناوی چارەسەریەوە دەڵێت:** فَإِنَّ بَعْضَ الْفَلَاسِفَةِ الْإِسْلَامِيِّينَ تَأَوَّلَ فِيهَا غَيْرَ هَذَا، وَأَنَّهُ إِنَّمَا يَشْرَبُهَا لِلنَّفْعِ لَا لِلَّهْوِ، وَعَاهَدَ اللهَ عَلَى ذَلِكَ، فَكَأَنَّهَا عِنْدَهُمْ مِنَ الْأَدْوِيَةِ أَوْ غِذَاءٌ صَالِحٌ يَصْلُحُ لِحِفْظِ الصِّحَّةِ. وَيُحْكَى هَذَا الْعَهْدُ عَنِ ابْنِ سِينَا، وَرَأَيْتُ فِي بَعْضِ كَلَامِ النَّاسِ مِمَّنْ عُرِفَ عَنْهُ أَنَّهُ كَانَ يَسْتَعِينُ فِي سَهَرِهِ لِلْعِلْمِ وَالتَّصْنِيفِ وَالنَّظَرِ بِالْخَمْرِ، فَإِذَا رَأَى مِنْ نَفْسِهِ كَسَلًا أَوْ فِتْرَةً شَرِبَ مِنْهَا قَدْرَ مَا يُنَشِّطُهُ وَيَنْفِي عَنْهُ الْكَسَلَ، ... كَانَ ابْنُ سِينَا لَا يَتْرُكُ اسْتِعْمَالَهَا عَلَى مَا ذُكِرَ عَنْهُ وَهُوَ كُلُّهُ ضَلَالٌ مُبِينٌ، عِيَاذًا بِاللهِ مِنْ ذَلِكَ[(١)].

واتە: هەندێك لـە فەیلەسووفە ئیسلامییەکان واتاگۆڕکێیان دەکرد لـە حەڵاڵکردنی عەرەقدا و دەیانوت بۆ سوودمەندی دەیخۆینەوە، نەك گاڵتە و خۆشی، وە لەسەر ئەمە پەیمانیان دەدا بە خوا کە وەکوو دەرمان یا خواردنێکی بەسوود بۆ تەندروستی بەکاری دەهێنن، لـەوانە (ابن سینا)، تەنانەت دەیگێڕنەوە لێی کە پشتیوانییەکی تەواوی بوو بۆ مانەوە و نووسین و خوێندنەوە، وە ئەگەر تەمەڵی و تەوەزەڵی لـە خۆی بەدی بکردایە ئەوەندەی دەخواردەوە تا تەمەڵییەکەی لاچێت، بۆیە (ابن سینا) بەردەوام بووە لـە خواردنەوەی وەکوو دەڵێن، خوا پەنامان بات ئەمانە هەمووی گومڕاین .

وە (ابن تیمیة) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَكَذَلِكَ ابْن سينا فِي إشاراته أَمر بِسَمَاع الألحان وبعشق الصُّور وَجعل ذَلِك مِمَّا يُزكي النُّفُوس ويهذبها ويصفيها وَهُوَ من الصابئة الَّذين خلطوا بهَا من الحنيفة مَا خلطوا وَقَبله الفارابي كَانَ إِمَامًا فِي صناعَة التصويت موسيقيا عَظِيما[(٢)].

وە دەڵێت: كان ابن سينا وأمثاله من أهل دعوة القرامطة الباطنية من أتباع الحاكم الذي

(١) "الإعتصام" للشاطبي (٢/ ٥٢٨)، و "شرح العقيدة الأصفهانية" لابن تيمية ص١٦٨.

(٢) "الإستقامة" لابن تيمية (١/ ٢٣٩، ٢٤٠).

كان بمصر[١].

واتە: (ابن سينا) لە كتێبی "اشارات"ەكەیدا فەرمانی داوە بە مۆسیقا ژەندن و سەیركردنی وێنەی ئافرەت و جوانەكان، ئەمانەی بە ناخ پاككەرەوە داناوە و بە بەهێزكەری نەفسی نرخاندووە، وە (ابن سينا) لەسەر دینی (صابئة) رۆژپەرستەكان بووە بە تێكەڵی ئیسلامەوە، وە هەروەها فارابیش پێشەوایان بووە لە مۆسیقا و ژەندنیدا و ناوداریكی دروستكاری ئامێری مۆسیقا بووە و شارەزا بووەلە ژەندنیدا، بۆیە (ابن سينا) و هاوشێوەكانی لە بنەماڵەی قەرامیتە بەناو شیعەكانی (فاطمي) شوێنكەوتەی حاكمی میسر بوون.

وە فارابی دەڵێت: أَنَّ الْفَيْلَسُوفَ أَكْمَلُ مِنْ النَّبِيِّ؛ وَإِنَّمَا خَاصَّةُ النَّبِيِّ جَوْدَةُ التَّخْيِيلِ لِلْحَقَائِقِ[٢]. **واتە فەیلەسووف كامڵ و تەواوترە لە پێغەمبەران، پێغەمبەران بەهێز بوون لە نەخشاندنی حەقیقەتەكان و بابەتە دینییەكان بە خەیاڵ لای خەڵكی. واتە بە خەیاڵ (جبريل) وەحی هێناوە و بینینی بەهەشت و دۆزەخ و هەموو بابەتە دینییەكانیان بۆ خۆیان دروستكردووە و گەیاندوویانە بە خەڵك.**

وە دەڵێت: وَيَجْعَلُونَ النُّبُوَّةَ مِنْ جِنْسِ الْمَنَامَاتِ[٣]. **واتە پێغەمبەرایەتی و وەحییەكانیان هاوشێوەی خەو بووە نەك حەقیقی.**

وەكوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: ولهذا تجد كثيراً من هؤلاء لما لم يتبين له الهدي في طريقة نكص علي عقبيه، فاشتغل باتباع شهوات الغي في بطنه وفرجه أو رياسته وماله ونحو ذلك، لعدم العلم واليقين الذي يطمئن إليه قلبه، وينشرح له صدره[٤].

وە دەڵێت: فحذاق أهل الكلام والنظر يعترفون بالحيرة والشك كما هو معروف عن غير واحد منهم[٥].

---

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٢٨٩).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ٦٧).

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٦/ ٤٤٠).

(٤) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ١٦٥).

(٥) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ٣٤٦).

كۆتا كارەكانی ئەم ناودارانەيان گەڕاوەتەوە بۆ دوو هۆكار:

يەكەم: (الحيرة والشك) گومان و يەكلانەبوونەوە لە دينداا، تاوەكوو لە ناچاريدا وتوويانە: وَهَذَا يَجْعَلُونَ الْحَيْرَةَ مُنْتَهَى الْمَعْرِفَةِ[١]. **گومان و گومڕايی و يەكلانەبوونەوە تەواو كۆتا شارەزاييە لە دينداا.**

دووەم: لەبەر دروستنەبوونی يەقين و دڵنيايی لەسەر بابەتەكانی دين و دروستنەبوونی بە حەقيقی تياياندا بە هۆكاری بەرنامە گومڕاييەكانيانەوە، لە كۆتاييدا ڕوويان كردووەتە حەز و ئارەزووە دونياييەكان، هەر لە تێركردنی ورگ و شەهوەت و ماڵ و دەسەڵاتەوە و بەوانەوە خۆيان سەرقاڵ كردووە تاوەكوو دەرچوون لە دونيا، ئەمەش ئەنجامی كۆتا كاری بەناو دينداراني خاوەن ڕێبازی بيدعە و هەڵگرانی بيروبۆچوونە عەقڵييە گومڕاييەكانن لە هەموو سەردەمێكدا.

پێنجەم: لە كاريگەری پێناسەی فيرەقەكان لە (توحيد الأسماء والصفات)يشدا:

باوەڕيان بە (وجود المطلق شرط الإطلاق) بوونێكی گشتی بە مەرج، بوونی گشتی كە بەس بوون ناسەڵێنێت چ جای ناو و سيفاتەكان بۆ خوا، وە بەشێوەی ياسايەكی گشتی دەڵێن: كل متصف بالصفات جسم حادث[٢]. **هەموو وەسفكراوێك بە سيفاتەكان دەبێتە لاشە و دروستكراو، لەبەرئەوە لای ئەوان نابێت خوا خاوەنی هيچ جۆرە سيفاتێك بێت، بەڵكوو بڕياريان دا بەوەی كە دەبێت خوا بەس لە بيروبۆچوونێكی زيهنی بوونی هەبێت، وە خوا لەناو بوونەوەرەكاندا وە لە دەرەوەی بوونيشدا نابێت (وجود)ی ببێت، گەر نا (حادث) و دروستكراوە، كە ئەمە بۆخۆی پێناسە و حەقيقەتی (معدوم ومستحيل)ە بە مانای نەبوو و ئەستەمە بوونی ببێت.**

ئەمە هەموو ناسين و پێناسەی خوايە لايان لە ناو و سيفات و كاردا، كەواتە: التوحيد في عرف المتكلمة هو تعطيل الله عن صفاته أو تشبيهها بصفات خلقه، هذه حقيقة توحيدهم[٣]. **تەوحيد لە پێناسەی فيرەقەكاندا لەكارخستنی سيفاتەكانە بۆ خوا ياخود شێوەكارييانە بە**

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ٢٦).

(٢) "رسالتان في التوحيد" لدكتور محمد بن عبد الرحمن الجهني ص٢٢.

(٣) "رسالتان في التوحيد" لدكتور محمد بن عبد الرحمن الجهني ص٣٣.

دروستکراوەکانیەوە کە لە ئەنجامدا بوونی نابێت، ئەمە گەورەترین بێبڕواییە لە خوادا کە خاوەنی (موجود) و بوونە و ئەوان دەیکەن بە (معدوم ومستحیل) واتە نەبوو و ئەستەم، وە خاوەن سیفاتە و (خالق)ی سیفاتەکانیشە، بەڵام سیفاتەکان لەو بسەنرێتەوە و خاوەنی نەبێت؟! ﴿سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ﴾.



بـــەشـــی دووەم

سەرچاوەکانی ئەهلی سوننەت
لە واتـا و دارِشتنەکانی تەوحیددا
مصادر أهل السنة في معاني ومصطلحات التوحيد

- **سەرچاوە سەرەکییەکانی بەڵگەکانی ئەهلی سوننەت لە تەوحیددا:**

- **سەرچاوەی یەکەم:** قورئان.
- **سەرچاوەی دووەم:** فەرموودە (صحيح)ەکان.

- **ڕاگر و تەواوکاری ڕێڕەوی تێگەیشتنی سەرچاوەکان:**

- **یەکەم:** تفسير السلف: ڕێڕەوی شەرح و شیکاری هاوەڵان.
- **دووەم:** اللغة العربية: زمانی دەقەکان.

باوەڕبوون بە خوای پەروەردگار و ناسینی بە شێوەیەکی تەواو لە هەرسێ جۆرەکەی تەوحیددا، بابەتێکی غەیبی و نادیارە و ئادەمیزاد زانین و ئاشنابوونی نییە بەسەریدا بێجگە لە ڕێگەی خوا خۆیەوە نەبێت، یاخود لەڕێی فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ نەبێت.

ئاشکرایە لای هەموو عاقڵانی دونیا کە دوو دابەشکردن هەیە لە بوونداا، ئەویش (الخالق والمخلوق)ە، واتە داهێنەر و دروستکاری بوونەکان کە خوایە، وە دروستکراوەکان و بوونەوەرەکانیش (مخلوق)، بوونەوەرەکان بە ڕێگەی هەستەکان و عەقڵ و شیکاری و تاقیکردنەوەوە ئادەمیزاد ئاشنا دەبێت بەسەریاندا، لەبەرئەوەی (مادة) و جەستەی پێکهاتەی دروستکراون، بەڵام بابەتە غەیبییە نادیارەکان وەکوو پەروەردگار؛ ناسین و دەرکپێکردنی ناچێتە ژێر باری هەست و چۆنیەتی تاقیکردنەوەوە، وە لە عەقڵیشدا شوێنی پێشەکییەکان و تێڕوانینە عەقڵییەکان نییە تا ببێتە ڕێگایەك بۆ ناسینی وەکوو بابەتە مادییە بوونەوەرییەکان[1].

(١) "مجمل اعتقاد أئمة السلف" لدكتور عبد الله بن عبد المحسن التركي ص١٣٤.

سەرەتا و کۆتا ڕێگا بۆ ناسینی (الخالق) ڕێگای وەحی و زانستی خوایی خۆیەتی و ئەو ڕێگایەش پێوانە ناکرێت بە ڕێگاکانی شیکاری عەقڵی یاخود بەڵگە هێنانەوەی ئەهلی کەشف و خەوبینینی سالّحان، یاخود قسە و بۆچوونی ئیمام و ناوداران و پێشەوایانی ناو خەڵکی.

تاکە ڕێگای ناسینی تەوحید زانستی خوا خۆیەتی کە بەشێوەیەکی وورد و تەواو خۆی دەناسێنێت بە ئادەمیزاد، ئەو وەسف و ناسینانە بۆ خوا جَلَّجَلَالُهُ تەواو لەخۆگری پڕ زانستی و حیکمەت و دەربڕینن، وە ئەو داڕشتنە خواییانە بە شێوەیەکن کە گومان و گۆڕین و واتا ترازاندن نایانگرێتەوە، وە هاوشێوەکاری و نەزانین لە واتاکاندا لەخـۆناگرێت، ئەمانە پێیان دەوترێت (عدم التحريف والتعطيل والتشبيه والتأويل).

ڕوون و ئاشکراترین بەڵگەکان لە قورئاندا بەڵگەی تەوحیدە کە هۆکاری دڵنیایی و یەکلابوونەوەن و ئیمان پێهێنان لە دڵ و عەقڵدا دەنەخشێنێت، وە دەبێتە هۆکاری گونجاندنی تەواو لەگەڵ عەقڵی پاك و فیترەت و ناخی پاکی دروستکراوی خوایی ئادەمیزاد.

لەبەرئەوە لای ئەهلی سوننەت تاکە ڕێگای ناسینی تەوحید دەقەکانی وەحییە بە قورئان و سوننەتەوە، وە دەبێت بە شێوەیەکی گشتی و ڕەها پەیوەستبین پێیانەوە بەبێ بەرپەرچدانەوە و بەرامبەریەتیکردنی بە هیچ شێوەیەك، لەگەڵ پەیوەستبوون بە هەموو جۆرە بڕیاردانەکانی لە ناسین و باوەڕبوونداً کە پێی دەوترێت (الإثبات)، وە لەخۆنەگرتنی ئەوانەی کە بۆخۆی بڕیار نادات لەسەری کە پێی دەوترێت (النفي)، لەگەڵ نەبەزاندنی سنووری نەزانین، وە وەستان لەو شوێنانەی کە دەقەکان لە باسەکانیاندا دەوەستن، وە گەڕانەوەی ئەو زانین و زانیارییانە بۆ غەیب (الوقوف حيث تقف بهم النصوص والرجوع إلى مصادر الغيب).

ئەم شێوازی بەڵگانە پێیان دەوترێت (التوقيفية) واتە وەستان لە ئاستی دەقەکاندا، وە گرنگترین بابەت لە بەڵگە عەقیدەییەکاندا بوونی (الصراحة والصحة)یە[1]، دەبێت بەڵگەکان هەڵگری داڕشتنی ڕاستەوخۆی بابەتەکە بن، یاخود لەخۆگری پلەی (صحيح) بن لە فەرموودەدا، یا ڕێگەی دروست بن بۆ کردنە بەڵگە لە قورئاندا.

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٣/ ٣٤٤): الْعِلْمُ إمَّا نَقْلٌ مُصَدَّقٌ وَإِمَّا اسْتِدْلَالٌ مُحَقَّقٌ.

بەم هۆکارانەوە بەڵگەکانی ئەهلی سوننەت لە تەوحیددا دوو جۆرن:

جۆری یەکەم: بەڵگە سەرەکییەکان کە قورئان و فەرموودەن.

جۆری دووەم: هۆکاری دروستی بەڵگەکان کە کۆدەنگی هاوەڵانە و شوێنکەوتووانیەتی و پێی دەوترێت (الإجماع)، یاخود رێگای ئاشنا و شارەزابوون بەسەر زمانی دەقدا (اللغة) کە زمانی عەرەبی ڕەسەنە و قورئان و سوننەتی لەسەر دابەزیوە و داڕێژراوە.

جۆری یەکەم

سەرچاوە سەرەکییەکانی بەڵگەکانی ئەهلی سوننەت لە تەوحیددا

سەرچاوەی یەکەم: قورئان.

تاکە رێگە و ڕۆشنایی وەرگرتنی زانستی تەوحید قورئانە، لەبەرئەوەی زانستی خواییە و هەر ئەو رێگایە باس لە بابەتە غەیبییەکان دەکات بە ڕاست و دروستی، وە هەر ئەو رێگایەش بەڵگەکاری خوایە لەسەر ئادەمیزاد، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِ﴾ [النِّسَآء: ١٦٥]. تاوەکوو هیچ بەڵگەیەك بەدەست ئادەمیزادەوە نەمێنێت لەپاش ناردنی پێغەمبەران.

وە گەر ناسینی خوا و تەوحیدەکەی ئادەمیزاد بە عەقڵ و هەست بیزانیایە؛ ئەوا پێویستی بە ناردنی کتێبەکانی و پێغەمبەران نەدەکرد، لەبەرئەوە ئەهلی سوننەت تاکە سەرچاوەیان قورئانە بۆ داڕشتنی وشەکانی تەوحید و شیکردنەوەی واتاکانی، بە شیکاری و پشتیوانی فەرموودە (صحیح)ەکان، وە شوێنی دڵنیاییە داڕشتنەکانی قورئان و سوننەت و تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە پێناسە و واتا و دەربڕیندا، کە هیچ داڕشتنێکی تر ئەو جۆرە لەخۆناگرێت و شوێنگرەوەی نییە، بەم هۆکارەوە دەبێت قورئان پێشەوا و پێشەنگ بێت لە تەوحیددا و پێشخەر و پێشوەختەی نەبێت لە بەرنامە و سەرچاوەدا.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێت:** أَنَّ النَّاسَ عَلَيْهِمْ أَنْ يَجْعَلُوا كَلَامَ اللهِ وَرَسُولِهِ هُوَ الْأَصْلُ الْمُتَّبَعُ، وَالْإِمَامُ الْمُقْتَدَى بِهِ سَوَاءٌ عَلِمُوا مَعْنَاهُ أَوْ لَمْ يَعْلَمُوهُ، فَيُؤْمِنُونَ بِلَفْظِ النُّصُوصِ وَإِنْ لَمْ

يَعْرِفُوا حَقِيقَةَ مَعْنَاهَا، وَأَمَّا مَا سِوَى كَلَامِ اللهِ وَرَسُولِهِ فَلَا يَجُوزُ أَنْ يُجْعَلُ أَصْلًا بِحَالٍ، ...[1].

واتە: دەبێت موسوڵمانان فەرموودەی خوا و پێغەمبەرەکەی بنەما و پێشەوایان بێت و شوێنکەوتەی بن، وە پەیوەستی داڕشتنەکانی بن ئەگەر واتای بزانن و نەیزانن، وە باوەڕیان بە هەموو باسەکانی بێت ئەگەر حەقیقەت و دروستییەکەشی نەزانن، لەبەرئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی تری غەیبی نییە لەسەری.

وە دەڵێت: فطريقة السلف والأئمة أنهم يراعون المعاني الصحيحة المعلومة بالشرع والعقل، ويراعون أيضاً الألفاظ الشرعية، فيعبرون بها ما وجدوا إلى ذلك سبيلاً[2].

واتە: ڕێڕەوی پێشووە سالّحەکان و زانایان بۆ تێگەیشتنیان ڕەچاوی مەبەست و واتای ڕاست و دروستی بەڵگە قورئانییەکان دەکەن بە ڕێگە ناسراوی و دەربڕینە شەرعی و عەقڵییەکان، هەروەك چۆن بەتایبەت ڕەچاوی داڕشتنە شەرعییە قورئانییەکان دەکەن و لێیان لانادەن هەتا بتوانن.

کەواتە داڕشتنەکان خاوەن واتای خۆیانن و لادان نییە لێیان بەگوێرەی ئەو مەبەستانەی کە قورئان خۆی لەو شوێنانەدا و بەو مەبەستە تایبەتییانە دەینەخشێنێت، واتاترازاندن و واتاگۆڕین و داڕشتنی عەقڵ و بۆچوونی ئادەمیزاد شوێنی نابێتەوە تیایدا، وە لە هەر شوێنێکدا باسەکە وەستا دەبێت بوەستیت و پێ هەڵنەگریت و سنووری باسەکان نەبەزێنرێت و بپارێزرێت، وەکوو چۆن هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان پاراستوویانە.

ئیعجازەکانی قورئان
لە باس و بەڵگەکارییەکانی هێنانەدی تەوحیددا

ڕوونترین باس و بەڵگەکان باس و بەڵگەکانی تەوحیدە لە قورئاندا، قورئان کاریگەرترین و بەهێزترین شێواز لەخۆدەگرێت بۆ سەلماندنی ناسینی خوا و تەسلیمبوونی، لەگەڵ خستنەڕووی ڕاستەوخۆی باسەکان، وە یەکلابوونەوە و ئەنجام دەدات بەدەستەوە بە شێوازێك کە گومانەکان دەڕەوێنێتەوە و دڵنیایی دەهێنێتە دی لە هەست و دڵەکاندا.

---

(١) "الفتاوى الكبرى" لابن تيمية (٦/ ٣٣٨).

(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٢٥٤).

❁ قورئان باسەکان دەبەستێتەوە بە باس و چیرۆك و بەڵگە و ژیان و بیرکردنەوەکانەوە، وە لەلایەکی تریشەوە بەستنەوەیان بە هەڕەشە و موژدەکانەوە، وە نموونەکاری و بەدەستەوەدانی دەرئەنجامەکان لەسەری.

❁ وە نەخشاندنی تەوحید بە زمانڕەوانی و بەلاغییەکەی قورئان کە لە شێوازی گشتیدا باسی تایبەت دەکات، وە تایبەتیش لە شێوازی گشتیدا باس دەکات بۆ زیاتر کاریگەری، یاخود بەستنەوەی نموونە دوورەکان بە نزیکەکانەوە، وە نموونە نزیکەکان بە دوورەکانەوە، وە هەڵسەنگاندنی هاوشێوەکان و جیاکردنەوەی جیاوازەکان لە یەکتر، تاوەکوو گەیشتنە قەناعەت و دڵنیایی لای ئادەمیزاد.

❁ قورئان بۆ هێنانەدی تەوحید و چەسپاندنی لە ناخی مرۆڤەکاندا؛ وتوێژ دەکات لەگەڵ ناخ و فیترەتی پاکی ئادەمیزاددا کە لەلایەن خواوە ئەم مەعریفەیەی تیادا چێنراوە.

❁ بانگەوازکردنی ئادەمیزاد بۆ بیرکردنەوە لە نیشانە و دروستکراوەکانی خوا بۆ گەیشتن بە خوای خۆی.

❁ باسی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی بوونەوەرەکان لەلایەن خواوە، وە بیرخستنەوەی نیعمەتەکانی خوایی بەسەر ئادەمیزادەوە.

❁ پرسیارکردن لەسەر شێوەی نکوولێکردن لە پەرستنی بێجگە لە خوای پەروەردگار و شەریك بۆ بڕیاردانی.

❁ سەلماندنی تەوحید بەشێوەی وتوێژکردن و بەسەرهاتی پێغەمبەران و ئیمانداراني ڕابوردوو لەگەڵ بێبڕوایاندا.

❁ بێزاندنی شەریك بڕیاردان بەشێوەی پەندهێنانەوە و نموونە گێڕان بۆ گەیشتن بە ڕاست و دروستی ڕێگای باوەڕبوون بە خوا.

❁ داواکردنی گەڕان و تێڕوانین لە هەسارەکان و کەون و ئەو یاسا و بەرنامە دارێژراوەی کە لەسەرین.

❁ خستنەڕووی ناتەواوی سیفاتی ئەو خوایانەی دەیپەرستن، کە شاییستەی خوایەتی و پەرستن نین.

❁ بەهۆش هێنانەوە و ئاگادارکردنەوەی نەوەکان لە گومڕایی باو و باپیران و ڕابوردوویان لە نەدۆزینەوەی تەوحید و حەقدا.

❁ باسکردنی تەوحید بەشێوەی هەڕەشەکردن لە ڕێگاکانی شیرك و خاوەنەکانیان و ناوبردنیان بە گومڕا و سەرلێشێواو.

❁ خستنەڕووی باسکردنی سوودەکانی تەوحید و پاداشتی عەقیدە پاکان و هیدایەتدراوان و موژدەی سەرپەرشتیکاری تایبەتییان لەلایەن خواوە.

❁ بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی لە ناڕاستی و نادروستی پەرستراوەکان و بێهوودەییان.

❁ بەرپەرچدانەوەی بەڵگەکانی گومڕایان و بەدرۆخستنەوەیان و خستنەڕووی بەڵگە حەقەکان لەسەر تەوحید.

❁ وە هەندێك جاریش ڕاپێچکردنیان بۆ (المباهلة) و سوێندخواردن تاوەکوو داچڵەکێن و بگەڕێنەوە.

❁ وە هاندانی ئیمانداران بۆ گرتنەبەری ڕێگەی بانگەوازی و دژایەتیکردنی ڕێگەکانی شیرك و گومڕایی، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کۆچکردن و جیاکردنەوەی گەڵی تەوحید لە موشریکەکان دێتە دی، وە گرتنەبەری جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی سەرخستنی دینی خوا و پەرستنی، تاوەکوو کۆتایی بە گومڕایی موشریکەکان بێت.

(ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: بَلْ نَقُولُ قَوْلًا كُلِّيًّا: إِنَّ كُلَّ آيَةٍ فِي الْقُرْآنِ فَهِيَ مُتَضَمِّنَةٌ لِلتَّوْحِيدِ، شَاهِدَةٌ بِهِ، دَاعِيَةٌ إِلَيْهِ، فَإِنَّ الْقُرْآنَ: إِمَّا خَبَرٌ عَنِ اللهِ، وَأَسْمَائِهِ وَصِفَاتِهِ وَأَفْعَالِهِ، ... وَإِمَّا دَعْوَةٌ إِلَى عِبَادَتِهِ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، ... وَإِمَّا أَمْرٌ وَنَهْيٌ، وَإِلْزَامٌ بِطَاعَتِهِ فِي نَهْيِهِ وَأَمْرِهِ، فَهِيَ حُقُوقُ التَّوْحِيدِ وَمُكَمِّلَاتُهُ، وَإِمَّا خَبَرٌ عَنْ كَرَامَةِ اللهِ لِأَهْلِ تَوْحِيدِهِ وَطَاعَتِهِ، وَمَا فَعَلَ بِهِمْ فِي الدُّنْيَا، وَمَا يُكْرِمُهُمْ بِهِ فِي الْآخِرَةِ، فَهُوَ جَزَاءُ تَوْحِيدِهِ وَإِمَّا خَبَرٌ عَنْ أَهْلِ الشِّرْكِ، وَمَا فَعَلَ بِهِمْ فِي

الدُّنْيَا مِنَ النَّكَالِ، وَمَا يَحِلُّ بِهِمْ فِي الْعُقْبَى مِنَ الْعَذَابِ، فَهُوَ خَبَرٌ عَمَّنْ خَرَجَ عَنْ حُكْمِ التَّوْحِيدِ[١].

واتە: بەڵكوو بە گشتی دەڵێین: هەموو ئایەتێك لە قورئاندا لەخۆگری تەوحیدە و بەڵگەكار و بانگەوازكارە بۆی، قورئان بریتییە لە هەواڵدان لەسەر خوا و ناسینی بە ڕێگەی ناو و سیفات و كارەكانی، ئەمانە هەمووی تەوحیدێكی زانستییە لەسەر خوا، یاخود بانگەوازكردنیەتی بۆ عیبادەتی خوا و هاوبەش بۆ بڕیارنەدانی و دارنینی ئادەمیزاد لە هەموو جۆرەكانی پەرستن بۆ بێجگە لە خوا، ئەمەش تەوحیدی داواكاری و كردارییە.

یاخود قورئان پێكهاتەیە لە فەرمان و ڕێگرییەكان، فەرمانە بۆ عیبادەتی و بەندایەتیكردنی خوا، وە نەكردنی ڕێگرییەكانیەتی كە شەریك بڕیاردانە، ئەمانەش تەواوكاری مافەكانی تەوحیدن.

یاخود قورئان هەواڵە لەسەر ڕێزگرتنی خواناسان و عەقیدە پاكان لە دونیا و ئاخیرەتدا، ئەمەش پاداشتە لەسەر تەوحید و هەڵگرانی، یاخود هەواڵە لەسەر سزا و هەڕەشەكان لەسەر شەریك بڕیاردەران و گومڕایانی ڕێگەی تەوحید، وە قورئان هەواڵ دەدات لەسەر ستەمكاران كە ناچنە ژێر باری خواپەرستی و جێبەجێكردنی فەرمانەكانی ئەوەوە، ئەمەش هەواڵە لەسەر دەرچووانی ڕێگەی تەوحید: فَالْقُرْآنُ كُلُّهُ فِي التَّوْحِيدِ وَحُقُوقِهِ وَجَزَائِهِ، وَفِي شَأْنِ الشِّرْكِ وَأَهْلِهِ وَجَزَائِهِمْ[٢]. **كەواتە هەموو قورئان باسە لەسەر تەوحید و ماف و پاداشتەكانی، یاخود باسە لەسەر شەریك بڕیاردەران و سزاكانیان.**

سەرچاوەی دووەم: فەرموودە (صحیح)ەكان.

ناونیشانی سونـنەت و پەیوەستبوون پێوەی گەورەترین ناونیشان و سیمای بەرنامەی ئەهلی سونـنەتە، سەرچاوەی دووەمە و سەربەخۆیە لە (تشریع) و جێبەجێكاری دینیدا[٣].

كاری سونـنەت ڕووڵكردنەوە و شیكاری قورئانە، وەكوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾ [النحل: ٤٤]، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغْ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾ [المائدة: ٦٧]،

(١) "مدارج السالكين" لابن القيم (٣/ ٤١٧، ٤١٨).

(٢) "مدارج السالكين" لابن القيم (٣/ ٤١٨).

(٣) "السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي" لمصطفى السباعي ص٣٨٥.

﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ﴾ [النحل: ٨٩]. قورئانمان ناردووەتە خوارەوە بۆئەوەی شیکاری بکەیت بۆ خەڵکی، وە گەیاندنی ئەم قورئانە لەسەر پێغەمبەر ﷺ پێویستە، وە لە هەموو باسەکان لەپێشتر کە پێویستی بە شیکاری و ڕوونکاری هەبێت بابەتی عەقیدە و ناسینی خوایە بە خەڵکی.

گرنگترین ئەو شێوازانەی قورئان کە سوننەت لەخۆدەگرێت[1]:

١. قورئان بە ئەرك و پێویستی سەر شانی موسوڵمانی دادەنێت جێبەجێکاری سوننەت بن.

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ۝٣ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ۝٤﴾ [النجم: ٣، ٤].

واتە: پێغەمبەر ﷺ هیچ گوفتارێکی نییە بە ویستی خۆی بێجگە لەوە نەبێت کە وەحییە لەلای ئێمەوە.

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ﴾ [المائدة: ٩٢]، ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟﴾ [الحشر: ٧]، ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ ٱللَّهَ﴾ [النساء: ٨٠].

واتە: گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بن، ئەوەی گوێڕایەڵی پێغەمبەر بێت گوێڕایەڵی خوا بووە، تەنانەت لەڕووی بەلاغییەوە وشەی (أطیعوا) بە سەربەخۆ بۆ خوا و بۆ پێغەمبەریش ﷺ هەر بە سەربەخۆ و تایبەت باسکراوە، کە بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر گوێڕایەڵی تایبەت و دیاریکراو و قابیلی لانەدان.

٢. ئاشکرایە لای زانایان قورئان داڕشتنەکانی (مجمل) و کورت و گشتگیرە، بەڵام سوننەت کاری (مفصل) و شیکار و یەکلاکەرەوەیە، بۆ نموونە پایەکانی ئیسلام لە نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج بە کورتی لە قورئاندا هاتووە، بەڵام سوننەت شیکاری وورد و گەیاندنی هەیە لەسەری، وە هەروەها بوارەکانی تەوحید و هاوبەش بڕیاردان و جۆرەکانی؛ لە سوننەتدا شوێنی شیکاری و گەیاندن و وورددەکاری بووە.

٣. سوننەت هەموو ئەو کار و مەبەستانە لەخۆدەگرێت کە قورئان لەخۆی گرتووە.

وەکوو (مقاصد الشريعة) هەر لە (الضروريات والحاجيات والتحسينيات) ئەو بابەت و

(١) "السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي" لمصطفى السباعي ص٣٨٦ - ٣٩٢.

هۆکارانەی کە دەبنە تەواوبوونی یاساکانی دین بۆ دونیا و ئاخیرەتی ئادەمیزادە، وە پێداگری لە مەبەستە گشتییەکانی قورئان کاری سوننەتە.

٤. سوننەت وورەدەکاری ئەو حوکم و یاسا هاوکێشانەیە کە لە قورئاندا هەیە، بۆ نموونە ئەو حەلاڵ و حەرامانەی لە خواردندا هەیە کە قورئان بە گشتی ئاماژەی بۆ دەکات: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ﴾ [الأعراف: ١٥٧]. خوا پاکەکانی حەلاڵ کردووە و پیسەکانی حەرام کردووە.

بەڵام دیاریکردنی پاکەکان و سەربڕدراوەکان و جۆری سەربڕین و پاك و پیسی گیانلەبەران و خۆراکەکان کاری وورەدی سوننەتن.

بە کورتی سوننەت لەخۆگری وورەدەکاری هەموو ئەو یاسا گشتی و مەبەستانەیە کە لە قورئاندا هاتووە، وە کاریشی لە چوارچێوە و سنووری قورئاندایە، هیچ جۆرە پێچەوانەیی و هەڵوەشاندنەوە و دەرچوونێکی نییە لێی.

هەر لەبەر ئەمەیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «أَلَا إِنِّي أُوتِيتُ الْكِتَابَ، وَمِثْلَهُ مَعَهُ»[(١)]. واتە: دڵنیا بن من قورئان و هاوشێوەی قورئانم بۆ نێردراوە.

ئەمەش بۆخۆی ئاماژەیە بەو ئایەتەی کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَمَآ أَنزَلَ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡحِكۡمَةِ يَعِظُكُم بِهِۦ﴾ [البقرة: ٢٣١]. واتە نیعمەتەکانی خوا لەبیر نەکەن کە بۆی ناردوون، لەوانە قورئان و حیکمەت و دانایی بۆ ئامۆژگاریکردنتان.

ئیمامی (الشافعي) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: فسمعتُ مَنْ أَرْضى من أهل العلم بالقُرآن يقول: الحكمة سنة رسول الله[(٢)].

واتە: ئەوەی من بیستوومە لەو زانایانەی قورئان کە شوێنی ڕازیبوونم؛ دەڵێن وشەی حیکمەت لە قورئاندا واتە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ.

---

(١) رواه أبو داود (٤٦٠٤)، وأحمد في "المسند" (١٧١٧٤)، والمروزي في "السنة" (٢٤٤)، والآجري في "الشريعة" (٩٧)، والبغوي في "شرح السنة" (١/ ٢٠١)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع الصغير" (٢٦٤٣).

(٢) "الرسالة" للشافعي ص٧٣.

پێغەمبەریش ﷺ بۆ دڵنیاییدان بە (عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بنِ العَاص) بۆ نووسینەوەی فەرمووە فەرموویی: «اكْتُبْ فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا يَخْرُجُ مِنْهُ إِلَّا حَقٌّ»[(١)]. واتە بنووسە، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە حەق نەبێت لە زمانم نایەتە دەرەوە.

وە دەفەرموێت: «عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي»[(٢)]. واتە پەیوەست بن بە سوننەتی منەوە.

لە هەموو بەڵگەیەك ڕوونتر بۆ ئەم مەبەستە ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ (معصوم) و پارێزراوی تایبەتی خوایی لەسەرە بۆ گەیاندنی دینی خوا، دەرئەنجام دەبێت تاکە سەرچاوەی ناسینی خوا و داڕشتنەکانی تەوحید لەپاش قورئان سوننەت بێت.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: ومن الوجوه الصحيحة أن معرفة الله بأسمائه وصفاته على وجه التفصيل لاتعلم إلا من جهة الرسول عليه الصلاة والسلام، إما بخبره وإما بخبره وتنبيهه ودلالته على الأدلة العقلية، ولهذا يقولون لا نصف الله إلا بما وصف به نفسه أو وصفه به رسوله صلى الله عليه وسلم[(٣)].

واتە: یەکێك لە ڕێگە دروستەکان ئەوەیە ناسینی خوا بە ڕێگەی ناو و سیفاتەکانی بە شێوە شیکاری وورد نازانرێت بێجگە لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە ﷺ نەبێت، ئەو ڕێگەیەش یا بە هەواڵی خوایی یاخود ئاگادارکردنەوەیە بەسەر ئەو بەڵگە عەقڵییانەدا لەسەر ئەو ڕێگەیەیە بۆ ناسینی خوا،

---

(١) رواه أبو داود (٣٦٤٦)، وأحمد في "المسند" (٦٨٠٢)، وقال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح، ورواه الدارمي في "سننه" (٥٠١)، والحاكم في "المستدرك" (٣٥٩)، والطبراني في "الكبير" (١٤٢٦٤)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٢٦٤٢٨)، والبيهقي في "المدخل" (٧٥٥)، وابن عبد البر في "الجامع" (٣٨٩)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (١٥٣٢)، و "صحيح الجامع الصغير" (١١٩٦).

(٢) رواه أبو داود (٤٦٠٧)، والترمذي (٢٦٧٦)، وابن حبان في "صحيحه" (٥)، وأحمد في "المسند" (١٧١٤٤)، وقال شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح، والدارمي في "سننه" (٩٦)، والحاكم في "المستدرك" (٣٢٩)، والبزار في "المسند" (٤٢٠١)، والطبراني في "الكبير" (٦١٧)، والمروزي في "السنة" (٦٩)، والطحاوي في "شرح مشكل الآثار" (١١٨٦)، والبيهقي في "السنن الكبرى" (٢٠٣٣٨)، وابن بطة في "الإبانة" (١٤٢)، والآجري في "الشريعة" (١٧٠٦)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (٨١)، وأبو نعيم في "الحلية" (٥/ ٢٢٠)، وابن عبد البر في "الجامع" (٢٣١١)، والبغوي في "شرح السنة" (١٠٢)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (٢٧٣٥)، و "صحيح الجامع الصغير" (٢٥٤٩).

(٣) "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٢/ ١٣٧).

لەبەرئەوە زانایان دەڵێن: هیچ وەسفێکی خوا ناکەین بێجگە لەو جۆرە وەسفانە نەبێت کە خوا بۆخۆی دەیکات، یاخود پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆی دەکات.

وە باشترین جۆری ڕێگەی تێگەیشتن لە بابەتە غەیبییەکان بەتایبەت بابەتەکانی تەوحید و ناسین و جۆری عیبادەتەکان؛ شوێنکەوتەی قورئان و فەرموودەیە بەو شێوازو دارشتن و باس و جۆری دەربڕین و مەبەستانەی کە لە دەقەکاندا هەیە بە مەرجی دەرنەچوون لە سنووریان، وەکوو ئیمامی (الشافعي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: آمَنْت بِاَللَّهِ وَبِمَا جَاءَ عَنْ اللَّهِ عَلَى مُرَادِ اللَّهِ وَآمَنْت بِرَسُولِ اللَّهِ وَمَا جَاءَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ عَلَى مُرَادِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ[(١)].

واتە: باوەڕم هێناوە بە خوا و بەوەی لای ئەوەوە هاتووە لەسەر مەبەستەکانی خوا، وە باوەڕم بە پێغەمبەر ﷺ هێناوە و بەوەی لای ئەوەوە هاتووە لەسەر مەبەستەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ.

ئەمانەش هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ ناسینی تەواوی پێغەمبەر ﷺ لە ڕووە پێغەمبەرایەتییەکەیەوە کە وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وثبت أن رسولنا كان أعلم الناس بالله وبما يخبر به عن الله تعالى وكان أنصح الناس لأمته وكان أفصح الناس وأكملهم بياناً وإيضاحاً[(٢)].

واتە: ئاشکرایە کە پێغەمبەری خوا ﷺ زاناترین کەس بووە بەسەر ناسینی خوادا، وە بەسەر ئەو هەواڵ و دارشتنانەی قورئاندا لەسەر خوا، وە پێغەمبەر ﷺ دڵسۆزترین کەس بووە لە ئامۆژگاریکردنی موسوڵمانان، وە ڕەوانبێژترین کەس بووە لە دەربڕیندا و زمان پاراو بووە، وە خاوەنی تەواوترین ڕوونکردنەوەیە.

بە هۆکاری ئەم بنەما دینییانە ئەهلی سوننەت گەورەترین بەش و زۆرترین کاریان بە سوننەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بووە، بە ڕێگەی (الرواية والدراية) زنجیرەی سەنەد و گێڕانەوەکان وە بە ڕێگەی باشترین شێوازی تێگەیشتنی دەقی فەرموودەکان.

هیچ ئوممەت و گەلێك نییە لە دونیادا خاوەنی سەنەد و زنجیرەی ڕێگەی گێڕانەوەی دروست و پاك و دڵنیایی بێت بێجگە لە ئیسلام، وە لە ئیسلامیشدا ئەگەر گەورەترین پلەوپایە لەم بوارەدا

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٦/ ٣٥٤)، و"لمعة الإعتقاد" لابن قدامة ص٧، و"العرش" للذهبي (١/ ١١)، و"معارج القبول" للحافظ الحكمي (١/ ٣٦٥).

(٢) "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٦/ ٣٤٧).

بە کەسانێك درابێت ئەوا بە ئەهلی سوننەت دراوە، کە خاوەنی سەروەتێکی بێشوماری سەنەدی زانستین لە پێغەمبەرەکەیانەوە، وە زانستی فەرموودە (علوم الحديث) خاوەن و مولکی تایبەتی ئەوانە و خاوەن منەت و نیعمەتی خوایی ئەو بوارەن.

وەکوو ئیمامی (اللالكائي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: الَّذِينَ تُعُهِّدَتْ بِنَقْلِهِمُ الشَّرِيعَةُ، وَانْحَفَظَتْ بِهِمْ أُصُولُ السُّنَّةِ، فَوَجَبَتْ لَهُمْ بِذَلِكَ الْمِنَّةُ عَلَى جَمِيعِ الْأُمَّةِ[1].

واتە: ئەوانەی پەیوەست بوون بە گواستنەوەی ئەم شەریعەتی ئیسلامەوە بوونە هۆکاری پاراستنی بنەماکانی هەموو سوننەت، بەم هۆکارانەوە خاوەن ڕێز بوون و پلەوپایەیان بڵند بوو بەسەر هەموو موسوڵمانانداً.

وە ئەم تایبەتمەندییە بووە سیمای بەرنامەی ئەهلی سوننەت، وە فیرقە گومڕاکان بێبەش بوون لێی و هەموویان چوونە سەنگەر بۆ دژایەتیکردنی سوننەت بە سەنەد و ڕیوایەتەوە.

ڕافیزە و شیعەکان خاوەن سەنەد نین، لەبەرئەوەشە خاوەن زۆرترین ڕێژەی درۆ و هەڵبەستراوین لە گێڕانەوەکانیاندا، وە هەروەها سۆفییەکانیش، وە خەوارێجەکانیش یەکەم بڕیاریان کارکردن بووە بە ڕووکەشی قورئان و پەراوێزخستنی فەرموودە، وە هەروەها فیرقە کەلامییەکان (المعتزلة ...) بە هەرهەموویانەوە کەوتنە دژایەتیکردنی ئەهلی سەنەد کە هاوەڵانن، خەوارجەکان بێبڕوایان کردن و ڕافیزەکان بە هەڵگەڕاوەیان دانان بێجگە لە حەوت کەسیان نەبێت، وە (معتزلة)کان بە تاوانبار و (فاسق)یان دەزانین، وە ئەوەی مایەوە لە (الأشعرية والماتريدية والمرجئة)کان بێدەنگییان هەڵبژارد، وە سوننەتیان دابەشکرد بەسەر (الظني والقطعي) شوێنی گومان و دڵنیاییدا، لەسەر بنەمای بیروڕای تێگەیشتنی فیرقەکانیان بۆ ئیسلام.

کار گەیشتە ئەوەی هەڵوێستیان لەسەر سوننەت بەم شێوەیە بوو وتیان فەرموودە لە عەقیدە و تەوحیددا بە هیچ شێوەیەك وەرناگیرێت، وە هەندێکیان وتیان (متواتر) وەردەگیرێت، خۆ ئەگەر نەگونجا لەگەڵ بنەماکانماندا ئەوا ڕێگەی (التأويل، التحريف، التفويض)ی بۆ دەگرینە بەر بۆ گونجاندنی واتا و مەبەستەکانی، وە بە هیچ شێوەیەك (الآحاد) وەرناگیرێت کە ڕێژەی زۆری فەرموودەیە لە هەموو بوارەکاندا، وە لە بریتی فەرموودەکان عەقڵیان جێگیر کرد لەسەر

(١) "شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة" للالكائي (١/ ٢٤).

دەقەكانی قورئان، خۆ ئەگەر نەگونجايە لـەگەڵ عەقڵدا ئەوا بەشی سوننەت پەراوێزخستن بوو بە پێشخستنی عەقڵ بەسەريدا، بۆيە بە يەك وشە (فخر الدين الرازي) دەڵێت: فإذن الدليل السمعي لا يفيد اليقين بوجود مدلوله، إلا بشرط أن لا يوجد دليل عقلي على خلاف ظاهره، ... فخرج مما ذكرناه أن الأدلة النقلية لا يجوز التمسك بها في المسائل العلمية[١].

واتە: دارشتنەكانی قورئان و سوننەت دڵنيايی نادەن بەدەستەوە بێجگە لە كاتێك نەبێت كە پێچەوانە نەبێت لـەگەڵ بەڵگە عەقڵييەكاندا، لەپاش هەڵسەنگاندنێك دەڵێت: بەم شێوەيە بۆم دەركەوت كە بەڵگە نەقڵييەكان (قورئان و فەرموودە) نابێت پەيوەست بيت پێوەی لە بابەتە عەقيدەييە زانستييەكاندا.

وە سۆفييەكانيش كەشف و خەوبينينەكانيان و قسەی ئەولياكانيان پێشدەخست بەسەر قورئان و سوننەتدا، وە هەروەها شيعەكانيش قسەی ئيمامە بەناو (معصوم)ەكانيان پێشدەخست بەسەر دەقەكاندا، وە (مقلد)ی مەزهەبەكانيش بيروڕای ئيمامەكانيان پێشدەخست بەسەر دەقەكاندا.

بە كورتی و كۆتايی (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَالْإِسْنَادُ مِنْ خَصَائِصِ هَذِهِ الْأُمَّةِ، وَهُوَ مِنْ خَصَائِصِ الْإِسْلَامِ، ثُمَّ هُوَ فِي الْإِسْلَامِ مِنْ خَصَائِصِ أَهْلِ السُّنَّةِ[٢].

واتە: سەنەد و ڕيوايەت تايبەتمەندی ئەم ئومەتەيە، وە لەناو موسوڵمانانيشدا تايبەتمەندی ئەهلی سوننەتە.

وە (عبد الله بن مبارك) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: الْإِسْنَادُ مِنَ الدِّينِ، وَلَوْلَا الْإِسْنَادُ لَقَالَ مَنْ شَاءَ مَا شَاءَ[٣].

واتە: زنجيرەی سەنەدی گێڕانەوەكان لەناو كرۆكی دينە، خۆ ئەگەر زنجيرەی گێڕانەوەكان نەبوايە ئەوا هەركەس هەرچی بوێستايە دەيوت.

---

(١) "نهاية العقول" للرازي (١/ ١٣)، و "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ٣٣١، ٣٣٥).

(٢) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٧/ ٣٧).

(٣) "صحيح مسلم" (١/ ١٥)، و "شرح السنة" للبغوي (١/ ٢٤٤)، و "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٧/ ٣٦٠)، و "جامع المسائل" لابن تيمية ص٩٢.

وە ئیمامی (الحاكم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَلَوْلَا الْإِسْنَادُ وَطَلَبُ هَذِهِ الطَّائِفَةِ لَهُ وَكَثْرَةُ مُوَاظَبَتِهِمْ عَلَى حِفْظِهِ لَدَرَسَ مَنَارُ الْإِسْلَامِ[١].

واتە: زانستی سەنەد دینداریمانە، خۆ ئەگەر سەنەد نەبوایە و ئەهلی سوننەت هۆکار نەبوونایە بۆ پاراستنی؛ ئەوا کار و کردەوە ناوداریيەکانی ئیسلام ون دەبوو.

جۆری دووەم

ڕاگر و تەواوکاری ڕێڕەوی تێگەیشتنی سەرچاوەکان

یەکەم: تفسير السلف: ڕێڕەوی شەرح و شیکاری هاوەڵان.

هاوەڵان خوایان لێ ڕازیبێت ئەوانەن کە ئەم دینەیان بۆ دابەزیوە و بە زمانی پاراوی ئەوان داڕێژراوە، وە لەسەر شانی ئەوان گەیشتووەتە نەوەکانی دوای خۆیان و شایەت و زانایانی سەر ئەم ئومەتەن، ئیجتیهاد و کۆدەنگییان (الإجماع) لە هەر بابەتێکی ئەم دینەدا بەڵگەی سێیەمی تەشریعی ئیسلامە لەدوای قورئان و سوننەتەوە، هەموو زانایانی ئیسلام لە سەردەمی تابعینەوە گرنگییان داوە بە وتە و شەرح و شیکار و ئیجتیهادی هاوەڵان بە نووسین و کۆکردنەوەیان، شان بە شانی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە هەمان ڕێگای سەنەد و دەقەکانی (متن)، هەر لە "الموطأ"ی ئیمام (مالك)ەوە و (مصنف)ەکانی (عبد الرزاق، ابن أبي شيبة، البيهقي ...) هەموو تێگەیشتن و شەرح و قسەکانیان بووەتە پاڵپشتێکی گەورەی بابەتەکانی تەفسیر و فیقە و تەوحید و یاساکانی ئیسلام.

خاوەنی پلەوپایەیەکن خۆشیان هەستیان پێکردووە کە هیچ کەسانێك دوای خۆیان نایانگەنێ، هەروەکوو (عمر بن الخطاب) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ لەدوای هاتنەخوارەوەی ئایەتی: ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ﴾ [التوبة: ١٠٠]. لەدوای ئەم موژدەیە کە خوا لەوان ڕازییە و ئەوانیش لە پاداشتی بەخشینی خوا ڕازین، فەرمووی: لَقَدْ كُنْتُ أَظُنُّ أَنَّا رُفِعْنَا رِفْعَةً لَا يَبْلُغُهَا أَحَدٌ بَعْدَنَا[٢]. واتە من گومانم دەبرد کە ئێمە

(١) "معرفة علوم الحديث" للحاكم ص٦.

(٢) "تفسير الطبري" (١١/ ٦٤١)، و "تفسير ابن كثير" (٤/ ٢٠٣).

پلـەوپایەیەکمان پێبەخشراوە کەس دوای ئێمە نامانگاتێ.

❁ وەسفەکانی قورئان لەسەریان زۆرە و دیارترینیان ئەم ئایەتانەن:

١. قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ﴾ [التوبة: ١٠٠].

واتە خوا لـەوان ڕازییە و ئەوانیش لە خوا ڕازین.

٢. قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ [البقرة: ١٤٣].

واتە ئێوە گەلێکن شایەتی سەر ئەو خەڵکەن، لـەبەرئەوەی دادپەروەرترین کەسانن لـەناو گەلاندا، کە لـە زیادەڕەوی و کەمڕەوی پارێزراون.

٣. قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ [آل عمران: ١١٠].

واتە ئێوە خێرۆمەندترین و بەسوودترین کەسانن بۆ خەڵکی.

٤. قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ ٱلْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِۦ جَهَنَّمَ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾﴾ [النساء: ١١٥].

واتە ئەوەی جیاکاری بکات لـەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ، وە شوێنکەوتەی ڕێگەی ئیمانداران نەبێت؛ گومڕای دەکەین و سزای دۆزەخی دەدەین.

دژایەتی و جیاکاری پێغەمبەرەکەی ﷺ خستووەتە پاڵ شوێننەکەوتنی ڕێگە و جۆری دینداری هاوەڵانەوە، وە بە یەك ڕێگە و بەرنامە باسیان دەکات و هەڕەشەش دەکات لە دژایەتیکارانی ئەو دوو ڕێگەیە، وە پەیوەست بە یەك ناویان دەبات.

🏛 وەسفەکانی سوننەت لەسەریان:

١. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «خَيْرُ أُمَّتِي قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ»[(١)].

---

(١) رواه البخاري (٣٦٥٠)، وأحمد في "المسند" (٢٢٩٦٠)، وأبو يعلى في "المسند" (٧٤٢٠)، والطيالسي في "المسند" (٢٩٧)، والطبراني في "الكبير" (٦٥٨)، وابن أبي عاصم في "الآحاد والمثاني" (٣١٦٩)، وأبو نعيم في "الحلية" (٢/ ٧٨)، والطحاوي في "شرح معاني الآثار" (٦١٢٥).

واتە باشترینی ئومەتەکەم کەسانی ئەم سەدەیەن، بە بەڕەکەتی ئەمانەوە دوو چینی دوای ئەمانیش، کەواتە بژاردە و خێرترین و کاملترین و زاناترین چین لەناو ئیسلامدا چینی هاوەڵانە.

٢. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «وَإِنَّ هَذِهِ الْأُمَّةَ سَتَفْتَرِقُ عَلَى ثَلَاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً فِي الْأَهْوَاءِ، كُلُّهَا فِي النَّارِ إِلَّا وَاحِدَةً، وَهِيَ الْجَمَاعَةُ»(١).

واتە موسوڵمانان دەبنە حەفتا و سێ بەشەوە، حەفتا و دوو بەشیان بە هۆکاری هەوا و ئارەزوویانەوە لە ئاگردان بێجگە لە یەکێکیان نەبێت، ئەویش ئەوانەن کە وەک ئەم کۆمەڵەن، واتە هاوەڵان.

وە بە ڕوونی لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: «مَا أَنَا عَلَيْهِ وَأَصْحَابِي»(٢). واتە ئەوەی من و هاوەڵان لەسەرین.

کەواتە سەنگی مەحەک بۆ ڕزگاربوون شوێنکەوتەی بەرنامە و پێهەڵگری دینی هاوەڵانە و تاکە ڕزگاربووی دۆزەخن، ئەمانە و دەیان موژدەی بەهەشت و کاملّی بەخشراوە بە هاوەڵان لە فەرموودەکاندا، بەم هۆکارانەوە کۆدەنگ و ئیجتیهادی گشتییان لە دیندا پێی دەوترێت (الإجماع) کە بەڵگەیەکی دینییە، وە بەدوایشیدا کۆدەنگی زانایانی ئەم ئومەتە کە شوێنکەوتەی هاوەڵانن، لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «إِنَّ اللهَ تَعَالَى قَدْ أَجَارَ أُمَّتِي مِنْ أَنْ تَجْتَمِعَ عَلَى ضَلَالَةٍ»(٣). واتە خوای پەروەردگار زانایانی ئەم ئومەتەی پاراستووە لەوەی کۆببنەوە لەسەر گومڕایی.

---

(١) رواه أبو داود (٤٥٩٦)، والترمذي (٢٦٤٠)، وابن ماجه (٣٩٩١)، وأحمد في "المسند" (٨٣٩٦)، وابن حبان في "صحيحه" (٦٢٤٧)، والطبراني في "الأوسط" (٤٨٨٦)، وأبو يعلى في "المسند" (٥٩١٠)، والحاكم في "المستدرك" (١٠)، وابن بطة في "الإبانة" (٢٧٣)، والبيهقي في "السنن الكبرى" (٢٠٩٠١)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (١٤٩)، والآجري في "الشريعة" (٢١)، والمروزي في "السنة" (٦١)، وابن أبي عاصم في "السنة" (٢)، وابن وضاح في "البدع" (٢٥٠)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (٢٠٣)، و "صحيح الجامع الصغير" (١٠٨٣).

(٢) رواه الترمذي (٢٦٤١)، والطبراني في "الكبير" (٦٢)، والبغوي في "شرح السنة" (١/ ٢١٣)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (١٤٧)، والآجري في "الشريعة" (١١١)، وابن وضاح في "البدع" (٢٥٠)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (١٣٤٨)، وفي "المشكاة" التحقيق الثاني (٢٦٤١).

(٣) رواه ابن أبي عاصم في "السنة" (٨٢)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (١٣٣١)، و "صحيح الجامع الصغير" (١٧٨٦).

ئەمەش بۆخۆی تایبەتمەندییەکی زانایانی ئەم ئومەتەیە کە پێشەنگیان هاوەڵانە، وە خاوەنی وەسف و پلەوپایەی تایبەتن لە قورئان و سوننەتدا، وە بە کرداریش لەپاش پێغەمبەری خوا ﷺ لەناو هاوەڵاندا هیچ لادان و جیاوازی و گومڕاییەك لە بواری عەقیدە و عیبادەت و بابەتەکانی تردا ڕووی نەداوە، بەتایبەت لە مافی خوا و پێغەمبەردا ﷺ (شرك والبدعة)، بە نەمانی هاوەڵان فیرەق و لادان و گومڕاییەکان لە بوارەکانی دیندا سەریان هەڵدا، هەرە بەڵگەی پشتیوانی بۆ کاملّی هاوەڵان و زانست و کاری دینییان ئەوەیە لەپاش کۆدەنگی (الإجماع)ی هاوەڵان هیچ کۆدەنگییەك ئەتوانین بڵێین دروست نەبووە، خۆ ئەگەر باسیش کرابێت مەبەستیان ڕێژەیەکی بەرچاو بووە نەك کۆدەنگییەك کە لە بەرامبەریدا ڕای جیاواز بوونی نەبووبێت وەکوو کۆدەنگی هاوەڵان.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** لَكِنَّ الْمَعْلُومَ مِنْهُ (أَيِ الإِجْمَاع) هُوَ مَا كَانَ عَلَيْهِ الصَّحَابَةُ، وَأَمَّا مَا بَعْدَ ذَلِكَ فَتَعَذَّرَ الْعِلْمُ بِهِ غَالِبًا، وَلِهَذَا اخْتَلَفَ أَهْلُ الْعِلْمِ فِيمَا يُذْكَرُ مِنْ الإِجْمَاعَاتِ الْحَادِثَةِ بَعْدَ الصَّحَابَةِ[1].

واتە: ئاشکرایە هەر کۆدەنگییەك (الإجماع) هەبووبێت هەر ئەو کۆدەنگییەیە کە هاوەڵانی لەسەر بووە، بەڵام دوای ئەوان کۆدەنگییەك لەسەر کارێك زەحمەتە بوونی هەبووبێت، لەبەرئەوە زانایان بە گومانن لەسەر ئەو کۆدەنگیانەی دوای ئەوان باس دەکرێت.

بۆیە ئیمام (أحمد) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** مَنْ ادَّعَى الْإِجْمَاعَ فَهُوَ كَاذِبٌ، وَمَا يُدْرِيهِ لَعَلَّ النَّاس قَدْ اخْتَلَفُوا[2]. **واتە ئەوەی وا دەری ببڕێت کە کۆدەنگی زانایان هەیە لەسەر کارێك بە هەڵەدا چووە، چۆن دەزانێت؟! ڕەنگە زانایان ڕای جیاوازیان لەسەری هەبێت.**

لەسەر ئەم بنەمایە ئەهلی سوننەت لەپاش قورئان و سوننەتەوە و سەرچاوەیەکی متمانەکراو هەبێت کە تێگەیشتنی دینی لەسەر وەرگرن و شوێنی دڵنیایی و سەلامەتی و نەکەوتنە گومڕاییەوە بیت؛ تێگەیشتن و ئیجتیهاد و جۆری شیکاری هاوەڵان و شوێنکەوتووانیانە لەسەر دەقەکانی

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١١/ ٣٤١).

(٢) "مسائل الإمام أحمد" ص٤٣٩، و "الفتاوى الكبرى" لابن تيمية (٦/ ٢٨٦)، و "آداب الزفاف" للألباني ص٢٣٩، و "فتح ذي الجلال والإكرام بشرح بلوغ المرام" لمحمد بن صالح العثيمين (٥/ ١٤).

قورئان و فەرموودە، بەتایبەت لەسەر بابەتە غەیبییەکان، لە سەروو هەموویانەوە تەوحید و ناسینی خوایە بە ڕێگەی هەرسێ جۆرەکەی تەوحید و پاشان کاری عیبادەتی و بانگەوازی و هەموو لایەنەکانی تر، وە هۆکاری ئەوەشی کە ئەهلی سوونەت تێگەیشتنی هاوەڵانیان کردووەتە تاکە ڕێگەی تێگەیشتن لە بواڕەکانی دین؛ ئەوەیە شایەتحاڵی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان بوون، شارەزایی تەواویان بەسەر فەرموودەکاندا هەبووە، لە سەروو هەموشییەوە بە زمانی ڕەسەن و پاراوی ئەوان دابەزیوە، کە بۆخۆی تێگەیشتن لە ووردەکارییەکانی دەربڕین (خطاب) لە وشەی پێش و پاش و مەبەستی تەواوی زمانەکە لای خاوەن زمانی ڕاستەقینەیە، وە گومان نییە لەدوای ئەوانەوە گۆڕانکاری و ترازاندنێکی ئاشکرا لەنێوان خەڵك و زمانەوانیدا دروست بووە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** والطريق إلى معرفة ما جاء به الرسول أن تعرف ألفاظه الصحيحة، وما فسرها به الذين تلقوا عنه اللفظ والمعنى، ولغتهم التي كانوا يتخاطبون بها، وما حدث من العبارات وتغير من الاصطلاحات[١].

واتە: تاکە ڕێگەیەك بۆ زانین و ئاشنابوون لەسەر ئەو قورئانەی بۆ پێغەمبەر ﷺ دابەزیوە بە شێوەی داڕشتنی دروستی خۆی و تەفسیرەکەی؛ ڕێگە و ئاشنابوونی ئەوانەیە کە قورئانیان بە وشە و واتای خۆی وەرگرتووە، وە بە زمانی خۆیان گوفتاریان لەگەڵ کراوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی داڕشتن و جۆری دەربڕینەکانیان.

وە دەڵێت: وَأَنَا لَا أَقُولُ إِلَّا مَا جَاءَ بِهِ الْكِتَابُ وَالسُّنَّةُ، وَاتَّفَقَ عَلَيْهِ سَلَفُ الْأَمَةِ[٢].

واتە: من هیچ شتێك نالێم بێجگە لەوەی لە قورئان و سوننەت و کۆدەنگی پێشینە سالحەکانی ئەم ئوممەتەدا نەبێت.

وە دەڵێت: أن مانطق به الكتاب وبينه أو ثبت بالسنة الصحيحة أو اتفق عليه السلف الصالح فليس لأحد أن يعارضه معقولا ونظرًا أو كلامًا وبرهانًا وقياسًا عقليًّا أصلا، بل كل ما يعارض ذلك فقد علم أنه باطل علمًا كليًّا عامًّا[٣].

---

(١) "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (١/ ٤٧٣).

(٢) "الفتاوى الكبرى" لابن تيمية (٦/ ٣٢٥).

(٣) "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٢/ ١٣٦).

واتە: ئەوەی قورئان ڕوونی کردووەتەوە و باسی کردووە یاخود فەرموودەی (صحيح)ی لەسەر هاتووە، یاخود کۆدەنگی هاوەڵان و شوێنکەوتووانی لەسەرە، بە هیچ شێوەیەك کەس بۆی نییە دژایەتی بکات بە عەقڵ و تێڕوانینەکان یاخود قسە و بەڵگەکارییە پێوانەییەکان (قیاس)ی لەسەر دروستبکات، بەڵکوو ئەوەی بە هەریەك لەو شێوازانە بەرامبەرکێ لەگەڵ دەقەکان بکات ئەوە با بزانێت بەتاڵە و هەڵەیە بە شێوەیەکی گشتی زانستی.

وە ئیمام (أحمد) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: لَسْتُ أَتَكَلَّمُ إِلَّا مَا كَانَ فِي كِتَابِ اللهِ وَسُنَّةِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَوْ عَنْ أَصْحَابِهِ أَوْ عَنِ التَّابِعِينَ، وَأَمَّا غَيْرُ ذَلِكَ فَالْكَلَامُ فِيهِ غَيْرُ مَحْمُودٍ[1].

واتە: ئەوەی من قسەی لەسەر ئەکەم و ئەیکەمە بەڵگە قورئانە و فەرموودەی پێغەمبەری خوایە ﷺ، یاخود ئەو جۆری تێگەیشتن و قسەی هاوەڵ و شوێنکەوتوانەیانە (تابعين) کە بە ڕیوایەت بۆ ئێمەیان گواستووەتەوە، بێجگە لەمانە قسەکردنەکان شوێنی ڕازیبوون نین.

وە (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَإِذَا كَانَ الصَّحَابَةُ تَلَقَّوْا عَنْ نَبِيِّهِمْ مَعَانِيَ الْقُرْآنِ كَمَا تَلَقَّوْا عَنْهُ أَلْفَاظَهُ لَمْ يَحْتَاجُوا بَعْدَ ذَلِكَ إِلَى لُغَةِ أَحَدٍ، فَنَقْلُ مَعَانِي الْقُرْآنِ عَنْهُمْ كَنَقْلِ أَلْفَاظِهِ سَوَاءً[2].

واتە: ئەگەر هاوەڵان واتا و تەفسیری قورئانیان لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەرگرتبێت وەکوو چۆن وشە و دارشتنەکانیان وەرگرتووە ئەوا پێویست بە جۆری زمانی کەسانی تر ناکات، گواستنەوەی واتا و تەفسیرەکانی قورئان لە هاوەڵانەوە وەکوو گواستنەوەی وشەکانی قورئان وایە، واتە چۆن قورئانتان وەرگرتووە بۆ خوێندنەوە لێیان؛ ئاواش شەرح و شیکاری واتاکانیان لێ وەرگرن.

وە ڕێگەی شارەزابوون بەسەر سەرچاوەکانی تێگەیشتن و ئیجتیهادی هاوەڵان و تابعين لەسەر بابەتەکانی دین دوو ڕێگایە:

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَأَمَّا أَهْلُ الْحَدِيثِ: فَإِنَّمَا يَذْكُرُونَ مَذْهَبَ السَّلَفِ بِالنُّقُولِ الْمُتَوَاتِرَةِ ... فَإِنَّا لَمَّا أَرَدْنَا أَنْ نُبَيِّنَ مَذْهَبَ السَّلَفِ ذَكَرْنَا طَرِيقَيْنِ: **أَحَدُهُمَا**: أَنَّا ذَكَرْنَا مَا تَيَسَّرَ مِنْ ذِكْرِ أَلْفَاظِهِمْ وَمَنْ رَوَى ذَلِكَ مِنْ أَهْلِ الْعِلْمِ بِالْأَسَانِيدِ الْمُعْتَبَرَةِ. **وَالثَّانِي**: أَنَّا ذَكَرْنَا مَنْ نَقَلَ

(١) "المسند" للإمام أحمد (١/ ٩١)، و "الإبانة الكبرى" لابن بطة (٦٧٤).

(٢) "مختصر الصواعق المرسلة" لابن القيم، اختصره ابن الموصلي ص٥٣٥.

مَذْهَبَ السَّلَفِ مِنْ جَمِيعِ طَوَائِفِ الْمُسْلِمِينَ ... فَصَارَ مَذْهَبُ السَّلَفِ مَنْقُولًا بِإِجْمَاعِ الطَّوَائِفِ وَبِالتَّوَاتُرِ لَمْ تُثْبِتْهُ بِمُجَرَّدِ دَعْوَى الْإِصَابَةِ لَنَا وَالْخَطَأِ لِمُخَالِفِنَا كَمَا يَفْعَلُ أَهْلُ الْبِدَعِ[١].

واتە: ئەهلی سوننەت ئیجتیهاد و تێگەیشتنی هاوەڵان بە دوو ڕێگە وەردەگرن:

یەکەمیان: ئێمە چەندە بتوانین وشە و داڕشتەکانیان باس دەکەین، لەگەڵ ئەو هەموو ڕیوایەتانەی زانایان کە بە سەنەدێکی پڕ متمانە دەیگوێزنەوە.

دووەمیان: بیروڕای هاوەڵان و جۆری تێگەیشتنیان گوازراوەتەوە لە ڕێگەی زانایانی هەموو چینەکانی موسوڵمانان بە (متواتر)ی و زۆری ژمارەی ڕاوییەکان بە شێوازێکی ڕەها، ئەمە شێوازی گواستنەوەی سەرچاوەی تێگەیشتنی هاوەڵانە لای ئەهلی سوننەت، نەك بەس ئەو شێوەیەی کە بگونجێت لەگەڵماندا و پێچەوانەیەتی دژەکانمان بکات، وەکوو چۆن ئەهلی بیدعە و گومڕاکاران ئەمە کاریانە.

ئەگەر هەر بابەتێك سەلێنرا کە ئیجتیهاد و بیروڕای هاوەڵان و تابعینە ئەوا دەبێت لە ئاستیدا ئەمانە دابەزنە سەری:

نابێت پێچەوانەیەتی ڕێگەی تێگەیشتنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بکات، گەر نا بیدعە و گومڕاییە، وە ئەگەر پێچەوانەیەتی ڕێگەی سوننەتی کرد ئەوا نابێت بانگەوازی بۆ بکرێت و ڕەواجی پێبدرێت، ئەگەر وابێت دەبێتە ڕێگەیەکی گومڕایی[٢].

بەم هۆکارەوەیە سەرچاوەی سێیەم لە داڕشتەکان و واتاکانی تەوحید لای ئەهلی سوننەت، پاشماوە و تێگەیشتنەکانی هاوەڵان و تابعینە، هەر لەم سەرچاوانەوە ئەهلی سوننەت یاسا و بنەماکانی عەقیدەشیان داڕشتووە هەروەك لەمەودوا دێت.

بەڵام ئەوەی شوێنی سەرنجە ئەوەیە کە تێگەیشتنی قورئان و فەرموودە بە شێوەی ڕاست و دروستی خۆی بەستراوەتەوە بە تێگەیشتنی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیانەوە، لەبەرئەوە هۆکاری پاراستنە لە هەڵە و گومڕایی، هەروەك ئەم ناونیشانە و دووبارەبوونەوەی ئەم سەردێڕە زۆر بەربڵاوە لەناو زانایان و خاوەن عیلمدا کە دەڵێن: (الكتاب والسنة بفهم السلف الصالح)[٣]،

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ١٥١، ١٥٢).

(٢) "البناء المنهجي للمسألة العقدية عند أهل السنة والجماعة" لدكتور عصر محمد النصر ص١٦.

(٣) "موسوعة الألباني في العقيدة" (١/ ٢٢٥).

لەبەرئەوەی هەموو فیرەقەکان بە تێگەیشتنی سەربەخۆی خۆیان و بەرنامەکەیانەوە قورئان و فەرموودە وەردەگرن، هەر بۆیە بەم هۆکارەوە ئەهلی سوننەتیان ناوناوە ڕەشۆکییەکان (الحشوية)، واتە سادە و ساکارەکان.

هەروەك (عمرو بن عبيد) دەیوت: «كَانَ عَبْدُ اللهِّ بْنُ عُمَرَ حَشْوِيًّا»[١]. واتە (عبدالله ی کوڕی عومەر) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا ڕەشۆکییە، کەسێکی سادە و ساکارە.

مەبەستیان تانەدان و کەمکردنەوەی پلەوپایەی هاوەڵانە بەگشتی، بە مەبەستی ئەوەی کە ئەوان لە بواری عەقڵ و فەلسەفەدا بێئاگان و هەرچییەك لە دەقەکانی قورئان و سوننەتدا هەبێت وەری دەگرن بەبێ هەڵسەنگاندنیان بە ڕێگەی دارشتنە عەقڵی و فەلسەفییەکان وەکوو خۆیان.

بەم شێوەیەش هەرکەسێك ڕێڕەوی بەرنامەی هاوەڵانی گرتبێتە بەر تۆمەتباریان کردوون بەوەی: وَيُعَبِّرُونَ عَنْهُمْ بِعِبَارَاتِ تَارَةً يُسَمُّونَهُمْ الْجُمْهُورَ وَتَارَةً يُسَمُّونَهُمْ الْحَشْوِيَّةَ وَتَارَةً يُسَمُّونَهُمْ الْعَامَّةَ[٢]. واتە بە چەند ناونیشانێك ناویان لێ دەنان، وەکوو ڕافیزەکان پێیان دەوتن کۆی خەڵکی (جمهور)، وە ئەهلی فەلسەفە دەیانوت ڕەشۆکییەکان، یا نەزان و گشتییەکان (عامة)ی خەڵکی.

لەگەڵ ئەوەشدا وشەی ڕەشۆکیەکان (الحشوية) خۆی بۆخۆی بەرنامە و کەسانی دیاریکراو ناگرێتەوە و بوونیشی نییە: فَأَمَّا لَفْظُ "الْحَشْوِيَّةِ" فَلَيْسَ فِيهِ مَا يَدُلُّ عَلَى شَخْصٍ مُعَيَّنٍ وَلَا مُقَالَةٍ مُعَيَّنَةٍ، فَلَا يُدْرَى مَنْ هُمْ هَؤُلَاءِ ... وَإِنْ كَانَ مُرَادُهُ بِالْحَشْوِيَّةِ أَهْلَ الْحَدِيثِ عَلَى الْإِطْلَاقِ ... فَاعْتِقَادُ أَهْلِ الْحَدِيثِ هُوَ السُّنَّةُ الْمَحْضَةُ[٣]. وشەی (الحشوية) ئەگەرچی مەبەستیان پێی ئەهلی فەرموودەناسە، بەڵام خۆ ئەوان باوەڕیان بە لەخۆگری و دەرنەچوونە لە سوننەتە بەتەواوی.

وە تەنانەت پاساویشیان دروستەکرد بۆ ئەم دەرچوونانەیان لە تێگەیشتن و هەڵگرتنی ئەم دینە بە بەرنامە و ڕێڕەوی هاوەڵان، بە دارشتنی سەردێڕێکی بەناو زانستی کە دەیانوت: «طَرِيقَةَ

---

(١) "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٢/ ١٢٨)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٢/ ١٧٦)، و "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٢/ ٥٢٠)، و "شذرات الذهب" لابن العماد الحنبلي (١/ ٢١١)، و "معجم المناهي اللفظية" لبكر أبو زيد ص٢٢٨.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢٢/ ٣٦٦).

(٣) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٢/ ٥٢٠، ٥٢١).

السَّلَفِ أَسْلَمُ، وَطَرِيقَةَ الْخَلَفِ أَعْلَمُ وَأَحْكَمُ»[(١)]. واتە ڕێڕەو و بەرنامەی (الخلف) ئەوانەی دوای سەدەی یەکەمی هاوەڵان زاناتر و تۆکمەترن بۆ دین، بەڵام ڕێڕەوی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان هۆکاری سەلامەتییە لە دیندا.

بەو واتایەی وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: مِنْ حَيْثُ ظَنُّوا: أَنَّ طَرِيقَةَ السَّلَفِ هِيَ مُجَرَّدُ الْإِيمَانِ بِأَلْفَاظِ الْقُرْآنِ وَالْحَدِيثِ مِنْ غَيْرِ فِقْهٍ لِذَلِكَ بِمَنْزِلَةِ الْأُمِّيِّينَ الَّذِينَ قَالَ اللهُ فِيهِمْ: ﴿وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِيَّ﴾ [البَقَرَة : ٧٨]. وَأَنَّ طَرِيقَةَ الْخَلَفِ هِيَ اسْتِخْرَاجُ مَعَانِي النُّصُوصِ الْمَصْرُوفَةِ عَنْ حَقَائِقِهَا بِأَنْوَاعِ الْمَجَازَاتِ وَغَرَائِبِ اللُّغَاتِ. فَهَذَا الظَّنُّ الْفَاسِدُ أَوْجَبَ " تِلْكَ الْمَقَالَةَ " ... فَجَمَعُوا بَيْنَ الْجَهْلِ بِطَرِيقَةِ السَّلَفِ فِي الْكَذِبِ عَلَيْهِمْ[(٢)].

واتە: مەبەستیان لەو داڕشتنە گومان بردنە بەوەی کە ڕێگەی هاوەڵان ئیمانێکی ڕووتە بە وشەکانی قورئان و فەرموودە بەبێ تێگەیشتن لێیان، ئەمانە وەکوو ئەو نەخوێندەوارانەن کە خوا دەربارەیان دەفەرموێت: لە نێوانیاندا نەخوێندەوارانێك هەیە کە شتێکی وا لە کتێبەکانی خوا نازانن، بەڵام ڕێگەکانی پاش ئەوان (الخلف) ڕێگەی دەرکردنی واتا و مەبەستە ڕاستییەکانی دەقەکانە بە چەندەها شێوازی سەرسوڕهێنەری زمانەوانی و دەربڕینی جۆراوجۆر، ئەمەش هەڵەیەکی تێگەیشتنیانە و بووەتە هۆکاری داڕشتنی ئەو قسە و سەردێڕە، کە لە ئەنجامدا نەزانین و درۆکردن بەسەر بەرنامەی هاوەڵاندا لەخۆدەگرێت.

وەك ئیمامی (الطحاوي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَكُلُّ هَؤُلَاءِ مَحْجُوبُونَ عَنْ مَعْرِفَةِ مَقَادِيرِ السَّلَفِ، وَعُمْقِ عُلُومِهِمْ، وَقِلَّةِ تَكَلُّفِهِمْ، وَكَمَالِ بَصَائِرِهِمْ وَتَاللَّهِ مَا امْتَازَ عَنْهُمُ الْمُتَأَخِّرُونَ إِلَّا بِالتَّكَلُّفِ وَالِاشْتِغَالِ بِالْأَطْرَافِ الَّتِي كَانَتْ هِمَّةُ الْقَوْمِ مُرَاعَاةَ أُصُولِهَا، وَضَبْطَ قَوَاعِدِهَا، وَشَدَّ مَعَاقِدِهَا، وَهِمَمُهُمْ مشمَّرة إِلَى الْمَطَالِبِ الْعَالِيَةِ فِي كُلِّ شَيْءٍ فَالْمُتَأَخِّرُونَ فِي شَأْنٍ، وَالْقَوْمُ فِي شَأْنٍ آخَرَ، وَقَدْ جَعَلَ اللهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا[(٣)].

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٨)، و "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ٣٧٨)، "لوامع الأنوار البهية" للسفاريني (١/ ٢٥)، و "فتح رب البرية" للعثيمين ص٢٤.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٧/ ١٦).

(٣) "شرح العقيدة الطحاوية" لابن أبي العز الحنفي ص٧٦.

واتە: لە ڕاستیدا هەموو ئەمانە بێئاگان لە ناسینی پلەوپایەی هاوەڵان، هەر لە شارەزایی قوڵ و چاوکراوەیی تەواو و کارئاسانی دینییان، سوێند بە خوا پاشکۆی ئەوان هیچ پلەوپایەیەکیان نییە بەسەریاندا بێجگە لە قورسکردنی دین و سەرقاڵبوون بە لاوەکییەکانەوە نەبێت، بەڵام هیممەت و توانای هاوەڵان پاراستنی بنەماکان و ڕەچاوکردنی یاساکان و تووندوتوڵکردنی مەبەستە شەرعییەکان بووە، هەموویان قوڵیان لێ هەڵماڵیبوو بۆ بەدەستهێنانی لوتکەی هەموو کار و پێگە گەورەکانی دین، گومان نییە پاشکۆکانیان لە ئاستێکدان و ئەوانیش لە ئاستێکی تر، وە خوای پەروەردگار بۆ هەموو شتێك ڕێژەی دیاریکراوی هەیە لە بەخشیندا.

ئیمامی (الشاطبي) رَحِمَهُ اللَّهُ لە باسی بەسوودترین ڕێگەکانی زانست و زانیاری شەرعی دەڵێت: فَأَوَّلُ ذَلِكَ مُلَازَمَةُ الصَّحَابَةِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ لِرَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَخْذُهُمْ بِأَقْوَالِهِ وَأَفْعَالِهِ، وَاعْتِيَادُهُمْ عَلَى مَا يَرِدُ مِنْهُ، كَائِنًا مَا كَانَ، وَعَلَى أَيِّ وَجْهٍ صَدَرَ؛ فَهُمْ فَهِمُوا مَغْزَى مَا أَرَادَ بِهِ أَوَّلًا حَتَّى عَلِمُوا وَتَيَقَّنُوا أَنَّهُ الْحَقُّ الَّذِي لَا يُعارض، وَالْحِكْمَةُ الَّتِي لَا يَنْكَسِرُ قَانُونُهَا، وَلَا يَحُومُ النَّقْصُ حَوْلَ حِمَى كَمَالِهَا، وَإِنَّمَا ذَلِكَ بِكَثْرَةِ الْمُلَازَمَةِ، وَشِدَّةِ الْمُثَابَرَةِ ... وَصَارَ مِثْلُ ذَلِكَ أَصْلًا لِمَنْ بَعْدَهُمْ؛ فَالْتَزَمَ التَّابِعُونَ فِي الصَّحَابَةِ سِيرَتَهُمْ مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى فَقُهُوا، وَنَالُوا ذِرْوَةَ الْكَمَالِ فِي الْعُلُومِ الشَّرْعِيَّةِ[1].

واتە: یەکەم هۆکارێك بۆ زانستی هاوەڵان پەیوەستبوونیانە بە پێغەمبەری خواوە ﷺ، وەرگرتنی هەموو کار و گوفتارەکانی بە شێوەیەك هەموو پشتیوانییەکیان لەسەر ئەو بووە، ئەگەر بابەتەکە هەرشتێك بووبێت و هەر ڕوویەك بووبێت؛ ئەوان ناوەڕۆکی مەبەستەکانی پێغەمبەر ﷺ تێگەیشتوون لەسەر هەموو باسەکان بە ئاستێکی پڕ زانستی و دڵنیایی، بە شێوازێکی وا ئەمانە حەقێکن هیچ شتێك توانای دژایەتیکردنیانی نییە، وە داناییەکیان هەیە یاساکانیان قابیلی شکاندن نییە، هیچ جۆرە کەم و کورتییەك نییە لە چواردەوریدا، ئەم جۆرە تێگەیشتنانە بە زۆر پەیوەستبوون و مانەوە و پێداگری لە وەرگرتندا دێتە دی، ئەم ڕێڕەوەش بووەتە بنەمایەك بۆ دوای خۆیان، وەکوو (تابعین)یش بەم شێوازە پاش هاوەڵان شوێنکەوتەیان بوون، تاوەکوو ئەوانیش گەیشتوونەتە چڵەپۆپەی کاملّی لە زانستە شەرعییەکاندا.

(١) "الموافقات" للشاطبي (١/ ١٤٢، ١٤٤).

(ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَلَيْسَ مَنْ سَمِعَ وَعَلِمَ وَرَأَى حَالَ الْمُتَكَلِّمِ، كَمَنْ كَانَ غَائِبًا لَمْ يَرَ وَلَمْ يَسْمَعْ، أَوْ سَمِعَ وَعَلِمَ بِوَاسِطَةٍ أَوْ وَسَائِطَ كَثِيرَةٍ، وَإِذَا كَانَ لِلصَّحَابَةِ مِنْ ذَلِكَ مَا لَيْسَ لِمَنْ بَعْدَهُمْ كَانَ الرُّجُوعُ إِلَيْهِمْ فِي ذَلِكَ دُونَ غَيْرِهِمْ مُتَعَيِّنًا قَطْعًا، وَلِهَذَا قَالَ الْإِمَامُ أَحْمَدُ: أُصُولُ السُّنَّةِ عِنْدَنَا التَّمَسُّكُ بِمَا كَانَ عَلَيْهِ أَصْحَابُ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. وَلِهَذَا كَانَ اعْتِقَادُ الْفِرْقَةِ النَّاجِيَةِ هُوَ مَا كَانَ عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَصْحَابُهُ، كَمَا شَهِدَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِذَلِكَ فِي قَوْلِهِ: **"مَنْ كَانَ عَلَى مِثْلِ مَا أَنَا عَلَيْهِ وَأَصْحَابِي"**[1].

واتە: کەسێك پێغەمبەری ﷺ بنیبێت و لێی بیستبێت وەکوو ئەو کەسە نییە کە ئامادە نەبووبێت و لێی نەبیستبێت و نەیبینیبێت، چ جای ئەوەی زانیبێتی بە چەند نێوەندگیرییەك و هۆکارێکی زۆر، خۆ ئەگەر هاوەڵان بەو شێوەیە بووبێتن ئەوا گەرانەوە بۆلای تێگەیشتن و زانستیان گومانی تێدا نییە و دیاریکراوێکی یەکلاکەرەوەیە، هەر بۆیە ئیمام (أحمد) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: یەکێك لە بنەماکانی ئەهلی سوننەت پەیوەستبوونە بە ڕێڕەوی دینداری هاوەڵان و تێگەیشتنیانەوە، لەبەرئەوە بیروباوەڕی کۆمەڵێ ڕزگاربوو ڕێڕەوی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانە، هەروەك پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەیەکدا شایەتی لەسەر ئەوە دەدات و دەفەرموێت: هاوشێوەی ئەو ڕێگایەی کە من و هاوەڵانی لەسەرە.

وە ئیمامی (الشافعي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَقَدْ أَثْنَى اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى عَلَى أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي الْقُرْآنِ وَالتَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ، وَسَبَقَ لَهُمْ عَلَى لِسَانِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ الْفَضْلِ مَا لَيْسَ لِأَحَدٍ بَعْدَهُمْ، ... أَدَّوْا إِلَيْنَا سُنَنَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَشَاهَدُوهُ وَالْوَحْيُ يَنْزِلُ عَلَيْهِ فَعَلِمُوا مَا أَرَادَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَامًّا وَخَاصًّا وَعَزْمًا وَإِرْشَادًا، وَعَرَفُوا مِنْ سُنَّتِهِ مَا عَرَفْنَا وَجَهِلْنَا، وَهُمْ فَوْقَنَا فِي كُلِّ عِلْمٍ وَاجْتِهَادٍ وَوَرَعٍ وَعَقْلٍ وَأَمْرٍ اُسْتُدْرِكَ بِهِ عِلْمٌ وَاسْتُنْبِطَ بِهِ، وَآرَاؤُهُمْ لَنَا أَحْمَدُ، وَأَوْلَى بِنَا مِنْ رَأْيِنَا عِنْدَ أَنْفُسِنَا[2].

---

(١) "مختصر الصواعق المرسلة" لابن القيم، اختصره ابن الموصلي ص٥٤٠.

(٢) "مناقب الشافعي" للبيهقي (١/ ٤٤٢، ٤٤٣)، و "إعلام الموقعين" لابن القيم (١/ ٦٣).

واتە: خوای پەروەردگار وەسف و سەنای هاوەڵانی پێغەمبەری ئیسلامی کردووە لە قورئان و تەورات و ئینجیلدا، وە لەسەر زمانی پێغەمبەریش ﷺ پلەوپایەیان نەخشێنراوە کە بۆ هیچ کەسێك نایەتە دی دوای خۆیان، سوننەتەکانی پێغەمبەریان بۆ گواستوونەتەوە و ئامادەی دابەزینی وەحی بوون و شارەزای فەرموودەکانی پێغەمبەر بوون ﷺ، هەر لە بواری گشتی و تایبەت و داواکاری و ئامۆژگارییەکان، ئەوان ئاشنای فەرموودەکان بوون ئەوەی دەیزانین و نایزانین، لەبەرئەوە هاوەڵان لە سەروو ئێمەوەن بە هەموو زانست و تێگەیشتنێك و خواناسینێك و ووردەکارییەك لە هەر بوارێکی عەقڵ و فەرمانیەکەیەوە کە هۆکاری بەدەستهێنانی زانست و حوکمێك بێت، ئیجتیهاد و تێگەیشتنەکانیان بۆ ئێمە لەپێشترە تاوەکوو ئیجتیهاد و تێگەیشتنی خۆمان.

وە (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** ولا تجد إماما في العلم والدين كمالك والأوزاعي والثوري وأبي حنيفة والشافعي وأحمد بن حنبل وإسحاق بن راهويه ... إلا وهم مصرحون بأن أفضل علمهم ما كانوا فيه مقتدين فيه بعلم الصحابة وهم يرون أن الصحابة فوقهم في جميع أبواب الفضل والمناقب[(١)].

واتە: ئیمام و پێشەوایەکی زانست و دین نییە هەر لە ئیمام مالیك و ئەوزاعی و ثەوری و ئەبو حەنیفە و شافعی و ئەحمەد ... بە ئاشکرا نەیاندرکاندبێت کە باشترین زانست ئەو زانستەیە لە هاوەڵانەوە وەریانگرتبێت، وە باشترین کار و کردەوەی دینی ئەو کارانەیە کە شوێنکەوتەی هاوەڵان بن، بۆیە بنەمای تێگەیشتن لای ئەوان ئەوەیە کە هاوەڵان لە سەروو ئەوانەوەن لە هەموو چاکە و پلەوپایەیەکدا.

وە (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** فَإِذَا كَانَ الصَّحَابَةُ تَلَقَّوْا عَنْ نَبِيِّهِمْ مَعَانِيَ الْقُرْآنِ كَمَا تَلَقَّوْا عَنْهُ أَلْفَاظَهُ لَمْ يَحْتَاجُوا بَعْدَ ذَلِكَ إِلَى لُغَةِ أَحَدٍ، فَنَقْلُ مَعَانِي الْقُرْآنِ عَنْهُمْ كَنَقْلِ أَلْفَاظِهِ سَوَاءً[(٢)].

واتە: ئەگەر هاوەڵان واتا و مەبەستەکانی قورئانیان لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەرگرتبێت هەروەك چۆن دەماودەم چۆنیەتی خوێندنەوەکانی قورئانیان وەرگرتووە؛ ئەوا بۆ شیکاری دینی پێویست بە

(١) "شرح العقيدة الأصفهانية" لابن تيمية ص١٨٠.

(٢) "مختصر الصواعق المرسلة" لابن القيم، اختصره ابن الموصلي ص٥٣٥.

زمان و واتای کەسی تر ناکات، چۆن خوێندنەوەی قورئان و ناسینی پیتەکانیان لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەرگرتووە، دەبێت ئاواش واتا و مەبەستەکانی قورئانیشیان لێ وەربگرین بێ جیاوازی.

هەر لەبەر ئەمە باشترین ڕێگەکانی تەفسیری قورئان وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أَنَّ أَصَحَّ الطُّرُقِ فِي ذَلِكَ أَنْ يُفَسَّرَ الْقُرْآنُ بِالْقُرْآنِ؛ ... فَإِنْ أَعْيَاكَ ذَلِكَ فَعَلَيْكَ بِالسُّنَّةِ فَإِنَّهَا شَارِحَةٌ لِلْقُرْآنِ وَمُوَضِّحَةٌ لَهُ؛ ... إذَا لَمْ نَجِدْ التَّفْسِيرَ فِي الْقُرْآنِ وَلَا فِي السُّنَّةِ رَجَعْنَا فِي ذَلِكَ إلَى أَقْوَالِ الصَّحَابَةِ فَإِنَّهُمْ أَدْرَى بِذَلِكَ لِمَا شَاهَدُوهُ مِنْ الْقُرْآنِ وَالْأَحْوَالِ الَّتِي اخْتَصُّوا بِهَا؛ وَلِمَا لَهُمْ مِنْ الْفَهْمِ التَّامِّ وَالْعِلْمِ الصَّحِيحِ وَالْعَمَلِ الصَّالِحِ؛ لَا سِيَّمَا عُلَمَاؤُهُمْ وَكُبَرَاؤُهُمْ[١].

واتە: ڕێگەی تەفسیری قورئان بە قورئانە، ئەگەر نەبوو ئەوا تەفسیری قورئانە بە فەرموودەکان، لەبەرئەوەی شیکەرەوە و ڕوونکەرەوەی قورئانە، ئەگەر لە هەردووکیاندا نەبوو ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ تەفسیری هاوەڵان، لەبەر شاهیدحاڵی دابەزینی قورئان و زانایان بەسەر یەکلابوونەوەی مەبەستە تایبەتەکان لەگەڵ تایبەتمەندییان بە تێگەیشتن و جێبەجێکاری تەواو لە دینداا، بەتایبەت گەورە و زاناکانیان.

سوودمەندییەکانی پەیوەستبوون بە تێگەیشتن و شیتەڵکاری هاوەڵانەوە لە دینداا[٢]:

یەکەم: گەورەترین سیمای جیاوازی بەرنامەی ئەهلی سوننەتە لە بیدعەکاران.

ئەم پەیوەستبوونەش بە هاوەڵانەوە بووەتە هۆکاری پاراستنی ئەهلی سوننەت لە بوونی دووبەرەکایەتی و جیاوازی، بەڵکوو یەکبوون و یەك دەنگییانی تێدا دروستکردووە.

دووەم: پەیوەستبوون بە هاوەڵان و شوێنکەوتووانیانەوە بووتە بەڵگەیەك لەسەر ڕاست و دروستی ئەو بواڕە دینییە، لەگەڵ نەمانی ئەگەری گومان و نەپێکاندن و لێتێنەگەیشتنێك لەسەر ئەو دەقە، وەك (الشاطبي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: يَجِبُ عَلَى كُلِّ نَاظِرٍ فِي الدَّلِيلِ الشَّرْعِيِّ مُرَاعَاةُ مَا فَهِمَ مِنْهُ الْأَوَّلُونَ[٣].

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٣/ ٣٦٣، ٣٦٤).

(٢) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد عند أهل السنة والجماعة" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٥٢٣).

(٣) "الموافقات" للشاطبي (٣/ ٢٨٩).

واتە: پێویستە لەسەر هەموو خاوەن تێڕوانینێك لە بوارەكانی دیندا ڕەچاوی تێگەیشتنەكانی هاوەڵان بكات.

سێیەم: هەموو بێدەنگبوونێك و وەستانێك لە هاوەڵاندا لەسەر بابەتێكی دینی خۆی بۆخۆی تەواوترین و شارەزاترین جۆری سنووڕپارێزی بابەتەكەیە، وە هەركات ئەوانەی دوای ئەوان قسەیان لەسەر كردبێت هەمووی بە هەڵە و بەتاڵ و ناكۆكی شكاوەتەوە بەسەریاندا، وە مایەی خێر نەبووە بۆ موسوڵمانان.

چوارەم: سنووردارکردنی دین بە تێگەیشتنی هاوەڵان و شوێنكەوتووانیان هۆكاری پاراستنیەتی لە هەموو بیدعەكاری و گومڕاییەك، لەبەرئەوەی بیدعەكاران بەرنامەیان دەرچوون بووە لە ڕێڕەوی ئەوان و بگرە قسەشیان پێ وتوون.

پێنجەم: یەكێك لە بەڵگەكانی ڕەتدانەوەی ئەهلی سونـنەت بۆ بیدعەكاران بەكارهێنانی ئەم بنەمایە بووە كە هاوەڵان قسەیان لەسەر ئەم بابەتە نییە و تەنانەت بوون و باسیشی لە نێوانیاندا نەبووە، هەروەك (ابن عباس) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا بە (الخوارج)ەكانی وت: جِئْتُكُمْ مِنْ عِنْدِ أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَلَيْسَ فِيكُمْ مِنْهُمْ أَحَدٌ، وَمِنْ عِنْدِ ابْنِ عَمِّ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَعَلَيْهِمْ نَزَلَ الْقُرْآنُ، وَهُمْ أَعْلَمُ بِتَأْوِيلِهِ[1].

واتە: لەلای هاوەڵانەوە هاتووم بۆ لاتان كە هیچ كەسێكیان بوونی لە نێوان ئێوەدا نییە، وە لەلای ئامۆزای پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووم كە قورئان بەسەر ئەواندا دابەزیوە و هەر ئەوانیش شارەزاترن بەسەر واتا و مەبەستەكانیدا.

دووەم لە ڕاگر و تەواوكاری تێگەیشتنی سەرچاوەكان: اللغة العربية: زمانی دەقەكان.

خوای پەروەردگار هەموو پێغەمبەرانی بە زمانی گەلەكانیان ناردووە، تاوەكوو مەبەستەكانی پەیامەكەی بگەیەنرێت، قورئان بە زمانی عەرەبی داڕێژراوە، وە پێغەمبەرەكەشی لە گەلی عەرەب بووە، وە مەبەستیش لە قورئان ڕێنموونی و چاوڕۆشنیكردنە، كەواتە دەبێت قورئان هەموو

(١) "السنن الكبرى" للنسائي (٧/ ٤٨٠) برقم (٨٥٢٢)، و "جامع بيان العلم وفضله" لابن عبد البر (٢/ ٩٦٢) برقم (١٨٣٤)، و "طبقات الحنابلة" لابن أبي يعلى (٢/ ٦٥)، و "الاعتصام" للشاطبي (٢/ ٦٩٦)، و "خصائص أمير المؤمنين علي بن أبي طالب" للنسائي ص١٩٧، و "الجامع لعلوم الإمام أحمد" (٥/ ٨٩).

هۆکارەکانی ڕوونکاری و تێگەیشتن لەخۆبگرێت، ئەمەش نایەتەدی تاوەکوو بە شێوازی ڕاست و دروستی قسەکردن و تێگەیشتن بە ڕێڕەوی ئاخاوتن و وتووێژی ناو خەڵك دانەڕێژرابێت، ئەم شێوازانەش دەبێت قورئان هەموویانی لەخۆگرتبێت.

کەواتە دەبێت پەیامەکەی خوا و پێغەمبەرەکەشی ڕوونکاری و زمان پاراوی و ڕەوانی تەواویان تیادا بەرجەستە بێت، وە بەرامبەریش توانای وەرگرتن و تێگەیشتنی هەبێت، ئەوکات دەبێتە بەڵگەی خوایی بەسەریانەوە و بەڵگەکاری دێتە دی و پاساوەکان دەبڕدرێن.

بەو هۆکارەوە (موسی) ﷺ داوای کرد (هارون)ی برای ﷺ ببێتە پێغەمبەر و بەشداری گەیاندنی پەیامەکەی خوا بکات، تاوەکوو جیاوازی لە نێوان پێش گەیاندنی پەیامەکە و دوای گەیاندنی هەبێت بەسەر خەڵکەوە بە هۆکاری زمانپاراوی (هارون)ی برایەوە، وەکوو دەفەرموێت: ﴿ وَأَخِي هَٰرُونُ هُوَ أَفْصَحُ مِنِّي لِسَانًا فَأَرْسِلْهُ مَعِيَ رِدْءًا يُصَدِّقُنِيٓ﴾ [القصص : ٣٤]. واتە هاروونی برام بکەرە پێغەمبەر لەبەرئەوەی زمان پاراوترە لە من تاوەکوو هۆکاری ڕوونکەرەوەی بێت، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ﴾ [إبراهيم : ٤]. واتە هەموو پێغەمبەرێك نێردرابێت بە زمانی گەلەکەی بووە، تاوەکوو بۆیان ڕوونبکاتەوە.

یەکێك لە بنەماکانی ئەهلی سوننەت بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی بوارەکانی تەوحید و بیروباوەڕی ئیسلامی وەکوو خۆی بەبێ هیچ لادانێك؛ پەیوەستبوونە بە شێوازی داڕشتنەکانی قورئان و فەرموودەوە وەکوو خۆی، ئەمەش پێویست بە شارەزابوونی تەواو دەکات بەسەر زمانی عەرەبیدا بە لەهجەی قوڕەیشی ڕەسەن، تاوەکوو متمانەی دەرنەچوون لە مەبەست و سنوور نەبەزاندن و نەکەوتنە ناو گومڕایی باسەکانەوە پارێزراو بێت.

ئاشکرایە ئەوەی ئاشنا و شارەزا بێت بەسەر زمانی ڕەسەنی عەرەبی و شێوازی وتار و گوفتاری تایبەتی خۆی؛ ئەوا شارەزایی تەواوی دەبێت بەسەر واتا و مەبەست و باسەکانی قورئان و فەرموودەدا، هەروەکوو چۆن لە سەردەمی (موسی)دا ﷺ ئەو کەسەی تا شارەزایی تەواوی هەبوایە بەسەر سیحر و چۆنیەتییەکانی؛ باوەڕی زیاتر و تەواوتر دەبوو بەسەر موعجیزەی گۆچانەکەی (موسی)دا ﷺ کە بووە مار و هەموو سیحرەکانی تری دەپێچایەوە، هەر ئەمەش

هۆکار بوو ساحیرەکان پێش هەموو کەس باوەڕیان هێنا و هەڵگەڕانەوە لـە فیرعەون، وە تەنانەت سزا و هەڕەشەکانیشی نەبوونە هۆکاری پاشگەزبوونەوەیان، وە بە هەمان شێوەش لە سەردەمی (عیسی)شدا ﷺ هەرکەسێك بەسەر بوارەکانی چارەسەرکردن و پزیشکیدا شارەزاتر بوایە؛ باشتر باوەڕی بە پێغەمبەرایەتی (عیسی) ﷺ و موعجیزەکانی دەهێنا، بە هەمان شێوەش لـە بواری زمان و ڕەوانبێژیدا بۆ قورئان.

یەکێك لـە مەرجەکانی زانایان لـە بورای زانستیدا شارەزابوون و ئاشنابوونە بەسەر زمانی عەرەبیدا، ئەوکات بە کەسایەتی خاوەن زانستی شەرعی دادەنرێت، وەکوو ئیمامی (الشاطبي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَعَلَى النَّاظِرِ فِي الشَّرِيعَةِ وَالْمُتَكَلِّمِ فِيهَا أُصُولًا وَفُرُوعًا أَمْرَانِ: أَحَدُهُمَا: أَنْ لَا يَتَكَلَّمَ فِي شَيْءٍ مِنْ ذَلِكَ حَتَّى يَكُونَ عَرَبِيًّا، أَوْ كَالْعَرَبِيِّ فِي كَوْنِهِ عَارِفًا بِلِسَانِ الْعَرَبِ، بَالِغًا فِيهِ مَبَالِغَ الْعَرَبِ[1].

واتە: دوو کار پێویستە لەسەر کەسانی تایبەتمەند بە ناسینی شەریعەت و یاساکانی، جا گەر بنەماکان بێت یان پەلەکانی (أصول وفروع الدين): یەکەمیان ئەوەیە کە قسە لەسەر هیچ شتێك نەکات تاوەکوو هاوشێوەی عەرەبی ڕەسەن نەبێت لـە زماندا، یاخود ئاستی شارەزابوونی زمانی عەرەبی بگاتە ئاستی عەرەبی ڕەسەن.

مەبەستی بەوەیە ئاستی تێگەیشتنمان بۆ دەقەکان بە شێوازێك نەبێت کە عەرەب بەو شێوازە نەیناسیبێت و لێی تێنەگەیشتبێت، بەڵکوو پێویستە ڕەچاوی تێگەیشتنی دەقەکان بکرێت بە شێوازی ڕاهاتووی ڕەسەنی عەرەب و لانەدان لـە دروستی و ڕاستی قسەکانیان، مەرجی سەرەکیش گەیشتنە بە مەبەستی دەقەکان.

ئیمامی (الشافعي) رَحِمَهُ اللَّهُ لـە کتێبی "الرسالة"کەیدا ئاماژە بە چەند شێوازێکی بەکارهێنانی زمانی عەرەب دەکات کە دەقەکانیش بە هەمان شێوە لەخۆیانی دەگرن، وەك بابەتێك بە شێوازی گشتی باس دەکات و مەبەستی پێی گشتییە، یاخود بە شێوازێکی گشتی باسی دەکات لـە هەمان کاتدا گشتی و تایبەتیش دەگرێتەوە، یاخود بەشێوەی گشتی باسی بابەتێك دەکات تەنیا مەبەستی تایبەتەکەیەتی و بەس، یا بە ڕووکەش باسی شتێك دەکات و مەبەستی ڕووکەشەکەی نییە بەڵکوو

(١) "الإعتصام" للشاطبي (٢/ ٢٩٧).

ناوەڕۆکیەتی، هەموو ئەمانە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی داڕشتنە شەرعییەکاندا بە ڕێژەیەکی زۆر بوونی هەیە، لەدوای باسی هەموو ئەمانەوە دەڵێت: فَمَنْ جَهِلَ هَذَا مِنْ لِسَانِهَا يَعْنِي لِسَانَ الْعَرَبِ، وَبِلِسَانِهَا نَزَلَ الْقُرْآنُ وَجَاءَتِ السُّنَّةُ بِهِ، فَتَكَلَّفَ الْقَوْلَ فِي عِلْمِهَا تَكَلُّفَ مَا يَجْهَلُ لَفْظَهُ، ... وَكَانَ فِي تَخْطِئَتِهِ غَيْرَ مَعْذُورٍ[١].

واتە: ئەوەی ئەم بابەتانە نەزانێت لە زماندا کە قورئان و سوننەت بەو شێوازە داڕێژراوە؛ دەبێتە هۆکاری نەزانین و قسەی نەگونجاو بەسەر قورئان و سوننەتدا و پاساویشی نییە لە هەڵەکانیدا.

هەروەك (حسن البصري) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت:** أهلكتهم العجمة؛ يتأولونه القرآن على غير تأويله[٢]. **واتە بێگانەییان بەسەر زمانی عەرەبی هۆکاری تیابردنیانە، وە دەبێتە هۆکاری ئەوەی تەفسیری قورئان بە شێوازی خۆی نەکەن.**

وە ئیمامی (عمر) رَضِيَ اللهُ عَنْهُ **دەڵێت:** تُرِكتُم على أوضح الطريق، إلا أن يُتأول القرآن على غير تأويلَهُ، فَيُقاتَل عليه، فَيلتبس على رجال ونساء، فيقتتلا عليه[٣]. **واتە لەسەر ڕوونترین ڕێگا دانراون، مەگەر قورئان تەفسیری ڕاستەقینەی خۆی بۆ نەکرێت، ئەو کاتە شاراوە دەبێت و شەڕی لەسەر دروستدەبێت.**

وە (عبد الله بن سعد) دەیگێڕێتەوە لە ئیمامی (عمر)ەوە رَضِيَ اللهُ عَنْهُ **کە دەڵێت:** «أَخْوَفُ مَا أَتَخَوَّفُ عَلَى هَذِهِ الْأُمَّةِ قَوْمٌ يَتَأَوَّلُونَ الْقُرْآنَ عَلَى غَيْرِ تَأْوِيلِهِ»[٤]. **واتە ئەوەی بترسم بەسەر ئەم گەلەدا بێت ئەوەیە کەسانێك بێن کە قورئان بە تەفسیری ڕاستەقینەی خۆی نەکەن.**

---

(١) "الرسالة" للشافعي (٢/ ٨٠٩).

(٢) "التأريخ الكبير" للبخاري (٥/ ٩٣) برقم (٢٥٩) دار الكتب العلمية، و " الموسوعة العقدية" (١/ ٩١) موقع الدرر السنية.

(٣) "التأريخ الكبير" للبخاري (٨/ ٢٣٣) برقم (٢٨٣٤) طبعة دائرة المعارف، و " الجرح والتأويل" لابن أبي حاتم (٩/ ١٠٠) برقم (٤١٨).

(٤) "مسند الفاروق" لابن كثير (٢/ ٣٢١)، و "مسند البزار" (١٢٨٦)، و "المصنف" لابن أبي شيبة (٧/ ٥٠٣) برقم (٣٧٥٧١)، و "جامع البيان" لابن عبد البر (٢٣٦٤).

هەر بەم هۆکارەشەوە زۆری فیرەقەکان گومڕا بوون لە بوارەکانی دیندا، وەکوو لە بواری قەدەر و ئیمان و سیفاتەکانی خوا و بابەتەکانی ڕۆژی دوایی و هەموو بابەتە هەستیارەکانی تر.

وە بەتایبەتیش زمانی عەرەبی کە خاوەنی سروشتێکی تایبەتی سەربەخۆی خۆیەتی و دەوڵەمەندە بە زۆری وشە و شێوازی دەربڕین، ئیعجازە کە ئەم دینەش لەناو ووردەکاری ئەو زمانەدا دەردەکەوێت.

ئیمامی (الشافعي) ڕَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** ولسان العرب: أوسع الألسنة مذهباً، وأكثرها ألفاظاً، ولا نعلمه يحيط بجميع علمه إنسان غيرُ نبي، ولكنه لا يذهب منه شيء على عامتها، حتى لا يكون موجوداً فيها من يعرفه[(١)].

واتە: زمانی عەرەبی فراوانترین زمانە، زۆرترین ڕوو و وشە لەخۆدەگرێت، نابینین کەسێك توانای بەسەر ئەم زمانەدا بشکێت بێجگە لە پێغەمبەرێك نەبێت، بەڵام بەشێوەی گشتی شاراوە نییە لە گشت خەڵکی تا بڵێیت شتێك هەیە کەس ئاشنا و شارەزا نییە پێی.

وە (ابن تيمية) ڕَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** والطريق إلى معرفة ما جاء به الرسول أن تعرف ألفاظه الصحيحة، وما فسرها به الذين تلقوا عنه اللفظ والمعنى، ولغتهم التي كانوا يتخاطبون بها، وما حدث من العبارات وتغير من الاصطلاحات[(٢)].

واتە: ئەو ڕێگەیەی کە هۆکارە بۆ ئاشنابوون بەسەر ئەوەی کە بۆ پێغەمبەر ﷺ **دابەزیوە، ڕێگەی شارەزابوونە بەسەر شێوازی وشە و دارشتنە دروستەکانی زمانی عەرەبیدا، یاخود شوێنکەوتەی ئەو کەسانەی کە بەو وشە و مانایانە لە پێغەمبەرەوە** ﷺ **وەریان گرتووە، وە ڕەچاوکردنی ئەو زمانەی کە بەکاریان هێناوە لە قسەکردنی نێوانیاندا لەڕووی گۆڕانکاری پێناسە و بەکارهێنانەکانەوە.**

(عبد العزيز الكناني) ڕَحِمَهُ اللَّهُ **ئەمە بیری خەلیفە (مأمون) دەخاتەوە کاتێك گفتوگۆ لەگەڵ سەرانی بیدعەکاران دەکات وەك (بشر المريسي المعتزلي) لە بەردەم خەلیفەدا و هۆکارەکانی گومڕاییان دەخاتە ڕوو، دەڵێت:** إن الله عَزَّوَجَلَّ شرف العرب وكرمهم بأن أنزل القرآن بلسانهم

(١) "الرسالة" للشافعي (١/ ٣٤).

(٢) "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (١/ ٤٧٣).

وجعله مكتتبا على تبيان فقال عَزَّوَجَلَّ: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا﴾ [يُوسُفَ: ٢]. وقال عَزَّوَجَلَّ: ﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾﴾ إلى قوله ﴿بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾﴾ [الشُّعَرَاءِ: ١٩٢ - ١٩٥]. وقال عَزَّوَجَلَّ: ﴿فَإِنَّمَا يَسَّرْنَٰهُ بِلِسَانِكَ﴾ [مَرْيَمَ: ٩٧]. فخص الله عز وجل العرب بفهمه ومعرفته وفضلهم على غيرهم بعلم أخباره ومعاني ألفاظه وخصوصه وعمومه ومحكمه ومبهمه، وخاطبهم بما عقلوه وعلموه، ولم يجهلوه ... وبشر رجل من أبناء الأعاجم يتأول كتاب الله على غير ما عناه الله عَزَّوَجَلَّ ويحرفه عن مواضعه ويبدل معانيه، ويقول ما تنكره العرب ولا تتعارفه في كلامها ولغاتها، ... وإنما يكفر بشر الناس ويبيح دماءهم بتأويل التنزيل[(١)].

واتە: خوای پەروەردگار گەلی عەرەبی ڕێزدار و پایەبەرز کردووە بە هۆکاری ناردنەخوارەوەی قورئان بە زمانی ئەوان، وە قورئانیش بەسە بۆ شیکاری هەموو شتێکیان، وە خۆشیانی تایبەت کردووە بە تێگەیشتن و ئاشنابوونی و بەو هۆکارەشەوە پایەبەرزی کردوون بەسەر بێجگە لە خۆیاندا، شارەزاییان هەیە بەسەر هەواڵ و واتا و وشەکانی، هەر لە بەکارهێنانی شێوە گشتی و تایبەتەکانی و واتا ئاشکرا و شاراوەکانی، گوفتارەکانی قورئان بەو شێوازە بووە کە بیزانن و لێی تێبگەن، بەڵام (بشر المريسي) نەوەی بێگانەیە بە عەرەب، بەو هۆکارەوە واتا و تەفسیری قورئان دەکات لەسەر ئەو مەبەست و واتایانەی کە خوای پەروەردگار مەبەستی نییە، مەبەستەکانی لە شوێنی خۆیدا دەترازێنن و لە ئەنجامدا شتێك دەڵێن کە عەرەب نکوولّی لێدەکات و ئاشناییان نییە بەسەر ئەو شێوازی تەفسیر و قسە و زمانەدا، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە (بشر المريسي) خەڵکی بە بێبڕوا دەزانێت و خوێنیان حەڵاڵ دەکات.

کەواتە سەری هەموو گومڕاییەکان ئاشنانەبوونە بەسەر زمانی قورئان و شێوازی داڕشتنی بە شێوازی زمانی قورەیش و عەرەبی ڕەسەن، وەك ئیمام (أحمد) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أَكْثَرُ مَا يُخْطِئُ النَّاسُ مِنْ جِهَةِ التَّأْوِيلِ وَالْقِيَاسِ[(٢)]. **واتە زۆری فیرقەکان گومڕاییەکانیان سەرچاوەی گرتووە**

---

(١) "الحيدة والاعتذار في الرد على من قال بخلق القرآن" لعبد العزيز الكناني ص٥٤ - ٦٠.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٦٣)، و "التمسك بالسنن والتحذير من البدع" للذهبي ص١٠٢، و "لوامع الأنوار البهية" للسفاريني (١/ ٢٠٦).

لە تەفسیری هەڵە و پێوانە و هاوشێوەکردنی نەپێکراوەوە.

بۆیە (سفيان الثوري) رَحِمَهُ اللَّهُ **ئەگەر بیبینیایە کەسانی تازە هاتووی ناو ئیسلام لە گەلانی بێجگە عەرەب خەریکی زانست و نووسینی دینین دەم و چاوی تێکدەچوو و دەیوت:** كَانَ الْعِلْمُ فِي الْعَرَبِ وَفِي سَادَةِ النَّاسِ فَإِذَا خَرَجَ عَنْهُمْ وَصَارَ إِلَى هَؤُلَاءِ يَعْنِي النَّبَطَ وَالسَّفِلَةُ غُيِّرَ الدِّينُ[١].

واتە کاتی خۆی زانستی شەرعی لەنێو عەرەب و گەورەکانیان بوو، بەڵام کاتێك لەوانەوە دەرچوو و گەیشتە ناو ئەمانە و کەسە نزمەکان ئەوا گۆڕانکاری بەسەر دیندا هات.

وە خەلیفەی دووەمیش (عمر بن الخطاب) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ **هەستی بەمە دەکرد و دەیوت:** قَدْ عَلِمْتُ مَتَى صَلَاحُ النَّاسِ وَمَتَى فَسَادُهُمْ إِذَا جَاءَ الْفِقْهُ مِنْ قِبَلِ الصَّغِيرِ اسْتَعْصَى عَلَيْهِ الْكَبِيرُ وَإِذَا جَاءَ الْفِقْهُ مِنْ قِبَلِ الْكَبِيرِ تَابَعَهُ الصَّغِيرُ فَاهْتَدَيَا[٢]. **واتە هەستم بەوە کردووە و زانیومە کەی خەڵك تیادەچن، کاتێك شارەزابوونی دین و زانست لە کەسانی تەمەن کەم و بێ ڕێزەوە دەربچێت و گەورە و ناوداراەکان دەستەوەستان بن لە ئاستیدا، بەڵام ئەگەر لە گەورە وتاردەرەکانەوە دابەزێتە خوارەوە بۆ سەر بچووکەکان ئەوا هەردوولا هیدایەتدراو دەبن.**

وە (ابن مسعود) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ **دەڵێت:** لَا يَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا أَخَذُوا الْعِلْمَ عَنْ أَكَابِرِهِمْ وَعَنْ أُمَنَائِهِمْ وَعُلَمَائِهِمْ، فَإِذَا أَخَذُوهُ مِنْ أَصَاغِرِهِمْ وَشِرَارِهِمْ هَلَكُوا[٣]. **واتە بەردەوام خەڵکان لەسەر خێر و هیدایەتن تاوەکوو زانست و عیلم لە گەورە ئەمین و زاناکانیانەوە وەربگرن، خۆ ئەگەر سەرچاوە بگرێت لە بچووك و خراپەکانیانەوە ئەوا تیاچوون.**

ئەمانە هەمووی ڕوونکاری و پاڵپشتن بۆئەوەی بەرنامەی ئەهلی سوننەت لە دارشتنەکانی تەوحید و سەردێڕەکانیدا دەبێت زمانی عەرەبی ڕەسەن شان بە شانی دەقەکان پێوەر بێت بۆ وەرگرتن و ڕەتدانەوەی ئەو وشە و دەربڕینانەی کە پەیوەندی بە واتا و ناوەڕۆکی عەقیدەی

---

(١) "جامع بيان العلم وفضله" لابن عبد البر (١/ ٦٢٠) برقم (١٠٧٢)، و "الاعتصام" للشاطبي (٢/ ٦٨٣).

(٢) "جامع بيان العلم وفضله" لابن عبد البر (١/ ٦١٥) برقم (١٠٥٥)، و "الحوادث والبدع" للطرطوشي ص٧٩، و "الاعتصام" للشاطبي (٢/ ٦٨٢)، و "كنز العمال" للشاذلي (١٠/ ٢٥٣).

(٣) "جامع بيان العلم وفضله" لابن عبد البر (١٠٥٧)، و "طبقات الحنابلة" لابن أبي يعلى (١/ ٦٩)، و "المدخل إلى السنن الكبرى" للبيهقي (٢٧٥)، و "الاعتصام" للشاطبي (٢/ ٦٨٢)، و "الحوادث والبدع" للطرطوشي ص٧٩.

ئیسلامییەوە هەیە یاخود نییە، تاوەکوو متمانەبەخش بێت لە دەرنەچوون لە ڕێڕەوی دەقەکان و نەکەوتنە ناو گومڕایی فیرقەکان بە هۆکاری بەکارهێنانی سەردێڕ و وشە و داڕشتەکانیانەوە، کە بۆخۆی ئەمە هۆکاری سەرەکی تێکەڵبوونی بەرنامەی ئەهلی سوننەتە بە ڕافیزە و خەوارج و ئەشعەرییەکانەوە بەتایبەت پاشماوەی ڕێڕەوەکانیان لە جیهانی ئیسلامی ئەمڕۆدا.

مەبەست بە تێگەیشتنی پێشینە سالحەکان دوو بابەتە:

یەکەم: تێگەیشتنێکی بیروڕایی ئادەمیزادییە کە هاوەڵان خاوەنی بوون، بە زانینی هۆکاری دابەزینی دەقەکان و زمانی تێگەیشتن و شیکاری وشە نامۆکان و ئاشنابوون بەسەر جۆری مەبەستەکاندا، ئەمانە هەموویان پێکهاتەی زانستی هاوەڵان بووە کە بە شێوەیەك ئەوانەی دوای خۆیان لەم بوارەدا کورت و کوێر بوون.

هەروەك (عمر بن الخطاب) پرسیاری لە (ابن عباس) ﷺ کرد و وتی: كَيْفَ تَخْتَلِفُ هَذِهِ الْأُمَّةُ، وَكِتَابُهَا وَاحِدٌ، وَنَبِيُّهَا وَاحِدٌ، وَقِبْلَتُهَا وَاحِدَةٌ؟ فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، إِنَّا أُنْزِلَ عَلَيْنَا الْقُرْآنُ فَقَرَأْنَاهُ وَعَلِمْنَا فِيمَ نَزَلَ، وَإِنَّهُ سَيَكُونُ بَعْدَنَا أَقْوَامٌ يَقْرَءُونَ الْقُرْآنَ وَلَا يَعْرِفُونَ فِيمَ نَزَلَ، فَيَكُونُ لَهُمْ فِيهِ رَأْيٌ، فَإِذَا كَانَ لَهُمْ فِيهِ رَأْيٌ اخْتَلَفُوا، فَإِذَا اخْتَلَفُوا اقْتَتَلُوا ...[1].

واتە: چۆن ئەم گەلە جیاوازییان تیادا دروستدەبێت کە کتێب و پێغەمبەر و قیبلەیان یەکە؟ ئەویش وتی: قورئان بۆ ئێمە دابەزیوە و خوێندوومانەتەوە و دەزانین هۆکاری دابەزینی و مەبەستەکانی، گەلانی دوای ئێمە ئەمە نازانن و بیروڕای جیاوازیان تیا دروستدەبێت، تا دەگاتە شەڕ و ئاژاوە.

دووەم: بە نیەتێکی پاك و دڵێکی پڕ لە ئیمانەوە ویستوویانە لە دەقەکان تێبگەن و ڕێڕەوی ژیانیان بێت، دوور لە گومان و دووڕوویی و دونیا ویستی لەگەڵیدا، هەر بەو هۆکارەوە بە هەناسە و جوولّە لەگەڵ ئاماژەی دەقەکاندا ژیاون.



(١) "شعب الإيمان" للبيهقي (٣/ ٥٤٢) برقم (٢٠٨٦)، و "فضائل القرآن" للهروي ص١٠٢، و "التفسير من سنن سعيد بن منصور" (١/ ١٧٦)، و "الاعتصام" للشاطبي (٢/ ٦٩١)، و "كنز العمال" للشاذلي (٢/ ٣٣٣).

بـــەشـــی سێیەم

بنەماکانی ئەهلی سوننەت
لە واتا و دارشتنەکانی تەوحیددا
قواعد أهل السنة في معاني ومصطلحات التوحيد

بنەمای یەکەم: پەیوەستبوون بە دارشتنە شەرعییەکانەوە .

بنەمای دووەم: لەخۆگرتنی قورئان و سونـنەت لەسەر هەموو بەڵگە و بنەماکانی تەوحید .

بنەمای سێیەم: ئیجتیهاد و سڕینەوە و گۆڕانکاری لە بوارەکانی تەوحید و بنەماکانی دیندا نییە .

بنەمای چوارەم: ئیمان بە ڕووکەشی دەقەکان کە لەخۆگری مەبەستە شەرعییەکانە .

بنەمای پێنجەم: نەبوونی دژایەتی لە نێوان خودی دەقەکان و لە هەمان کاتدا لەگەڵ عەقڵیشدا .

بنەمای شەشەم: باوەڕبوون بە دەقە (متشابه)ەکان و کارکردن بە جۆری (محکم) .

بنەمای حەوتەم: بەڵگەکاری بە تێگەیشتنی پێشینە سالـحەکان.

مەبەست لە بنەماکانی دین و پەلەکانی
أصول الدين وفروعه

دابەشکردنی دین بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا کە ئەمانە بنەماکانی دینن (أصول الدين)، وە ئەوانەی تریش پەلەکانی دینن (فروع الدين)، ئەم بابەتە دوو شت لەخۆدەگرێت:

یەکەم: ئەمە قسە و باسێکی حەق و ڕاست و دروستە کە دین کۆمەڵێ بابەت تیایدا بنەمایە، وە کۆمەڵێك بابەتی تر پەل و فەرعەکانیەتی، بەڵام بڕیاردان و سنوور دیاریکردن بۆ ئەم بابەتانە گەڕانەوەیە بۆ بەڵگەکاری لە دیندا و دیاریکردنیان بە ڕێگەی ئیجتیهادی زۆری زانایانی بەرنامە پاکی ئەهلی سوننەت.

دووەم: ئەم باسە بە بابەتکردن لە دیندا بە پێناسە و باس و سنوور و حوکمدانی شەرعی لەسەری لە دیندا، بەبێ گەڕانەوە بۆ بەڵگە شەرعییەکان و زانایانی ناوداری خاوەن ئیجتیهاد لەو بابەتانە؛ کاری فیرەقە گومڕاکانە وەك (المعتزلة والقدرية والأشعرية ...)کان کە کاریان دابەشکردنی تازەیە لە دیندا بۆ پشتیوانی بەرنامەی خۆیان و سەلماندنی کۆمەڵێك بابەت وەك: (الآحاد والمتواتر، القطعي والظني والحقيقة والمجاز ...).

هۆکارەکانی ئەوەی ئەم دابەشکردن و دیاریکردن و حوکمدانە لەم بابەتەدا کاری بیدعەکارانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازیکردنانەیان لە نێوان (أصول وفروع) بە چەند جیاوازییەکی گومڕا و دوور لە بەڵگە دینییەکان، وە کۆدەنگ نەبوونیان لەسەر دیاریکردنی (أصول وفروع) بەم جیاوازییە زۆرانەی خوارەوە:

١. دەڵێن بنەماکانی دین (أصول الدين) دەبێت بەڵگەکانی دڵنیایی (قطعي) بن، وە پەلەکانی دین (فروع الدين) بەڵگەکانی گوماناوی (ظني) بن، وە (قطعي وظني) لە بەڵگەکاندا ڕێژەیین لای خاوەنەکەی، دەشێت لای کۆمەڵێك (قطعي) بن وە لای ئەوانیتر (ظني) بن، وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: فَكَوْنُ الْمَسْأَلَةِ قَطْعِيَّةً أَوْ ظَنِّيَّةً هُوَ أَمْرٌ إضَافِيٌّ بِحَسَبِ حَالِ الْمُعْتَقِدِينَ[1]. واتە بابەتێك کە شوێنی دڵنیایی و گومان بێت بابەتێکی پەیوەستە بە حاڵی خاوەنەکەیەوە.

بڕیاردانی سەربەخۆ لەسەر دڵنیایی و گومان بۆ بەڵگەکان نابێتە پێوەرێك بۆ ناسینی بەڵگەکان، پاشان هەموو دین هەر لە عەقیدە و عیبادات و ئادابدا ... دەبێت بەڵگەکان (قطعي) بێت و گوماناوی نەبێت، گەر نا هۆکاری هیدایەت و ڕێنموونی و گەیاندن و کاملّی نابێت، کە ئەمانە بۆخۆی کاری بەرنامەی خوایین کە خۆی وادەی پێداوە لە دیندا، وەکوو دەفەرموێت: ﴿يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلرُّشۡدِ﴾ [الجن: ٢]. هیدایەتدەرە بۆ ڕێگەی کاملّبوون، وە دەفەرموێت: ﴿يَهۡدِي لِلَّتِي هِيَ أَقۡوَمُ﴾ [الإسراء: ٩]. هیدایەتدەرە بۆ ڕێکترین ڕێگا، وە گومانیش بە لەخۆنەگرتنی حەق ناودەبات، وەکوو دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغۡنِي مِنَ ٱلۡحَقِّ شَيۡـٔٗا﴾ [يونس: ٣٦]. گومان هیچ لە حەق زیاد ناکات.

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٩/ ٢١١).

٢. دابەشكردنيان بۆ (علم وعمل): بنەماكان (أصول الدين) بە بابەتە زانستييە عەقيدەييەكان ناو دەبەن (المسائل العلمية الإعتقادية)، وە پەلەكانيش بە بابەتە كردارييەكان ناو دەبەن (المسائل العملية).

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** فَمِنْهُمْ مَنْ قَالَ: مَسَائِلُ الْأُصُولِ هِيَ الْعِلْمِيَّةُ الِاعْتِقَادِيَّةُ ... وَمَسَائِلُ الْفُرُوعِ هِيَ الْعَمَلِيَّةُ ... وَهَذَا فَرْقٌ بَاطِلٌ؛ فَإِنَّ الْمَسَائِلَ الْعَمَلِيَّةَ فِيهَا مَا يُكَفِّرُ جَاحِدَهُ مِثْلَ: وُجُوبِ الصَّلَوَاتِ الْخَمْسِ وَالزَّكَاةِ وَصَوْمِ شَهْرِ رَمَضَانَ؛ وَتَحْرِيمِ الزِّنَا وَالرِّبَا وَالظُّلْمِ وَالْفَوَاحِشِ. وَفِي الْمَسَائِلِ الْعِلْمِيَّةِ مَا لَا يَأْثَمُ الْمُتَنَازِعُونَ فِيهِ كَتَنَازُعِ الصَّحَابَةِ: هَلْ رَأَى مُحَمَّدٌ رَبَّهُ؟ ... وَكَتَنَازُعِ النَّاسِ فِي دَقِيقِ الْكَلَامِ كَمَسْأَلَةِ الْجَوْهَرِ الْفَرْدِ وَتَمَاثُلِ الْأَجْسَامِ[١].

واتە: دانانی بنەما دينييەكان بە زانستی وە فەرعييەكان بە بابەتە كردارييەكان، جياكردنەوەيەكی بەتاڵ و هەڵەيە، لەبەرئەوەی لە بابەتە كردارييەكاندا هەيە كە هەركەسێك نەيانكات پێی كافر دەبێت، وەك واجب بوونی نوێژ و ڕۆژوو و زەكات و حەرامكردنی تاوانەكان كە ئەمانە خۆيان بۆ خۆيان بابەتێكی عەقيدەيين، لە كاتێكدا فيرەقەكان ئەمانەيان بە پەلەكانی دين داناوە، وە لە بابەتە زانستييەكانيشدا بابەت هەيە خاوەنەكەی باوەڕی پێ نەبێت تاوانبار نابێت نەك پێی كافر بێت، وەكوو بينينی خوا لە شەوی ميعراج لەلايەن پێغەمبەری خواوە ﷺ، ياخود ئەو بابەتە فەلسەفيانەی كە خۆيان بە عەقيدەی دەزانن وەكوو وشەی (جوهر، فرد، الأجسام ...) گەردیلە و ماددە و لاشە ... .

(ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** فَالْمَسَائِلُ الْعِلْمِيَّةُ عَمَلِيَّةٌ وَالْمَسَائِلُ الْعَمَلِيَّةُ عِلْمِيَّةٌ فَإِنَّ الشَّارِعَ لَمْ يَكْتَفِ مِنَ الْمُكَلَّفِينَ فِي الْعَمَلِيَّاتِ بِمُجَرَّدِ الْعَمَلِ دُونَ الْعِلْمِ، وَلَا فِي الْعِلْمِيَّاتِ بِمُجَرَّدِ الْعِلْمِ دُونَ الْعَمَلِ[٢].

واتە: لە دينداا بابەتەكان زانستی و كردارين و جياناكرێنەوە لە يەك، داوا نەكراوە زانستييەكان زانستی ڕووت بن بەبێ كردار، وە كردارييەكان كردار بن بەبێ زانست، لەبەرئەوەی ئيمان باوەڕبوون و كاركردنە.

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٩/ ٢٠٨).

(٢) "مختصر الصواعق المرسلة" لابن القيم ص٥٩٦.

٣. بڕیاردان لەسەر ئەوەی بنەماکان (أصول الدين) ئەو بابەتانەن کە ئەگەر پەیامەکەی خواش نەبێت و پێغەمبەرانیش نەبن بۆ گەیاندنی؛ ئەوا زانست و زانیاری لەسەریان ون نییە لای ئادەمیزاد و دەیزانن، بەڵام بۆ فەرع و پەلەکانی دین بەپێچەوانەوە بە ڕێگەی شەرع و دین دەزانرێت، لەبەرئەوەی کردارن.

ئەمەش هەڵەیە لەبەرئەوەی زۆری بابەتە زانستییە عەقیدەییەکان ئادەمیزاد نایزانێت، وەکوو بابەتە غەیبییەکان لەسەر بینینی خوا و هاتنە ئاسمانی دونیا و لێپرسینەوە و پاداشت و سزا لەسەر کردارەکان و زۆرێك لە ناو و سیفات و کارەکانی خوا ... یاخود سزای گۆڕ و ڕووداوەکانی ڕۆژی دوایی[١].

٤. بابەتە بنەماکانی دین باوەڕنەبوون پێیان دەبێتە هۆکاری بێبڕوایی، بەڵام پەل و فەرعە دینییەکان بێبڕوا پێی کافر نابێت.

ئەمەش هەڵەیە لەبەرئەوەی: فَإِنَّ الْكُفْرَ وَالْفِسْقَ أَحْكَامٌ شَرْعِيَّةٌ لَيْسَ ذَلِكَ مِنْ الْأَحْكَامِ الَّتِي يَسْتَقِلُّ بِهَا الْعَقْلُ[٢]. **واتە حوکمە شەرعییەکان لە کوفر و تاوانبارکردن هەر لە حوکمی (فسق وفجور ونفاق) ئەمانە بە ڕێگەی عەقڵ نازانرێت و دەرکیان پێ ناکرێت، بەڵکوو ئەمانە بەتەنیا بە ڕێگەی شەرع دەزانرێت.**

وەکوو (ابن القيم) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت:** فَإِنَّ كَثِيرًا مِنْ مَسَائِلِ الْفُرُوعِ يَكْفُرُ جَاحِدُهَا، وَكَثِيرٌ مِنْ مَسَائِلِ الْأُصُولِ لَا يَكْفُرُ جَاحِدُهَا كَمَا تَقَدَّمَ بَيَانُهُ، وَأَيْضًا فَالتَّكْفِيرُ حُكْمٌ شَرْعِيٌّ، فَالْكَافِرُ مَنْ كَفَّرَهُ اللهُ وَرَسُولُهُ، وَالْكُفْرُ جَحْدُ مَا عُلِمَ أَنَّ الرَّسُولَ جَاءَ بِهِ، سَوَاءٌ كَانَ مِنَ الْمَسَائِلِ الَّتِي تُسَمُّونَهَا عِلْمِيَّةً أَوْ عَمَلِيَّةً، فَمَنْ جَحَدَ مَا جَاءَ بِهِ الرَّسُولُ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَعْدَ مَعْرِفَتِهِ بِأَنَّهُ جَاءَ بِهِ فَهُوَ كَافِرٌ فِي دِقِّ الدِّينِ وَجِلِّهِ[٣].

واتە: زۆری بابەتە فەرعییەکانی ئەوان کە بڕیاریان لەسەر داوە؛ باوەڕپێنەبوونی خاوەنەکەی کافر دەکات، وە زۆرێك لە بابەتە بنەماییەکانی ئەوان کە بڕیاریان لەسەر داوە؛ نکوولێکردنی

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٢٤٧).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٩/ ٢١٢).

(٣) "مختصر الصواعق المرسلة" لابن القيم ص٥٩٦.

خاوەنەکەی پێی کافر نابێت، پاشان حوکمی کوفر حوکمێکی شەرعییە و کافر ئەو کەسەیە کە بڕیاری خوا و پێغەمبەرەکەی کافری بکەن نەك بڕیاری ئەمان، وە بێبڕواش باوەڕنەبوونە بەوەی کە پێغەمبەر ﷺ گەیاندوویەتی، ئیتر بابەتی زانستی بێت یان کرداری، وەك دەڵێن ئەوەی باوەڕی بەوە نەبێت کە پێغەمبەر ﷺ گەیاندوویەتی لەپاش زانینی و ناسینی؛ ئەوە بێبڕوایە، ئیتر ئەگەر لە ووردەکارییەکانی دین بێت یا بابەتە گەورەکان بێت.

٥. بنەماکان ئەو بابەتانەن کە بەڵگە عەقڵییەکانی لەسەرە، وە فەرعەکانیش ئەو بابەتانەن کە بەڵگەی شەرعییان لەسەرە.

ئەمەش هەڵەیە بەو ڕەتدانەوانەی پێشوو، پاشانیش پێوەر بۆ عەقڵیش کام عەقڵە؟ عەقڵی پێشووان یاخود ناوداران یاخود خەڵگی گشتی؟! یاخود ئەمانەی لە دواییدا دێن یاخود زانایان؟! وە ئەگەر وابێت زانایانی کام دین و فەلسەفەی چ مەدرەسەیەك؟! لە ڕۆژهەڵات یاخود ڕۆژئاوا؟! ئەمەش پێوەرێکی بێسنوور و ڕەها و نەناسراو دەبێت.

٦. لەلایەکی تریشەوە ڕا و بۆچوونێکی تری زۆر هەیە لەسەر دیاریکردنی بنەما و پەل و فەرعەکانی دین، لەوانە: بِأَنَّ الْأُصُولَ مَا تَتَعَلَّقُ بِالْخَبَرِ، وَالْفُرُوعَ مَا تَتَعَلَّقُ بِالطَّلَبِ، ... وَهُوَ فَاسِدٌ أَيْضًا، ... وَفَرَّقَ آخَرُونَ بَيْنَهُمَا بِأَنَّ مَسَائِلَ الْأُصُولِ هِيَ مَا لَا يَسُوغُ التَّقْلِيدُ فِيهَا، ... وَهُوَ أَيْضًا فَاسِدٌ طَرْدًا وَعَكْسًا[1].

واتە: ئەوانەی پەیوەستن بە هەواڵە غەیبییەکانەوە بنەمان، وە ئەوانەی پەیوەستن بە داواکارییەکانەوە فەرع و پەلەکانن، ئەمەش هەڵەیە لەبەرئەوەی هەردوو جۆرەکە داواکاری دینن و دەبێت باوەڕ و پەیوەستبوون پێیانەوە بوونی هەبێت.

یاخود: هەندێکیان دەڵێن بنەماکان ئەو بابەتانەن کە نابێت تەقلید و شوێنکەوتەییان تیادا ئەنجام بدرێت، بەڵام پەلەکان تیایاندا دروستبێت و ئەنجام بدرێت، ئەمەش هەڵەیە، لەبەرئەوەی ئەوانەی بە فەرعەکانی دین لای ئەوان دادەنرێت وەك واجبوونی نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و ... تەقلید تیایاندا دروست نییە و ئەمەش زۆر ئاشکرایە لە شەرعدا.

(١) "مختصر الصواعق المرسلة" لابن القيم ص٥٩٧.

٧. زەقکردنەوە و دەرخستنی ئەم باسە و کردنە بابەتێکی زانستی دینی، کاری فیرەق و بیدعەکارانە و هیچ بنەمایەکی نییە، وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَالْفَرْقُ بَيْنَ ذَلِكَ فِي مَسَائِلِ الْأُصُولِ وَالْفُرُوعِ كَمَا أَنَّهَا مُحْدَثَةٌ فِي الْإِسْلَامِ لَمْ يَدُلَّ عَلَيْهَا كِتَابٌ وَلَا سُنَّةٌ وَلَا إجْمَاعٌ بَلْ وَلَا قَالَهَا أَحَدٌ مِنْ السَّلَفِ وَالْأَئِمَّةِ فَهِيَ بَاطِلَةٌ عَقْلًا؛ فَإِنَّ الْمُفَرِّقِينَ بَيْنَ مَا جَعَلُوهُ مَسَائِلَ أُصُولٍ وَمَسَائِلَ فُرُوعٍ لَمْ يُفَرِّقُوا بَيْنَهُمَا بِفَرْقٍ صَحِيحٍ يُمَيِّزُ بَيْنَ النَّوْعَيْنِ[١].

واتە: ئەم جیاوازییەیان لە دیندا و دابەشکردنی بۆ (أصول الدين والفروع) بنەما و پەلەکانی دین تازە و بیدعەیەکە لە ئیسلامدا دروستیان کردووە، بە شێوەیەك هیچ بەڵگەیەکی قورئان و فەرموودە و کۆدەنگی زانایانی لەسەر نییە، تەنانەت قسەی هیچ کەسێك لە هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان لەسەر نییە، خۆی بۆخۆی ئەم بابەتە بەتاڵ و هەڵەیە بەگوێرەی بنەماکانی عەقڵ، تەنانەت جیاوازیکاران خۆشیان جیاکردنەوەی دروست و تەواویان لەسەر بنەما و پەلەکان نییە کە یەکلا بکرێنەوە لەسەر چەند سنوورێکی دیاریکراو.

ئەگەر دابەشکردنێکی زانستی هەبێت لە دیندا ئەوا دابەشکردنی بەڵگە شەرعییەکانە بۆ هەواڵ و داڕشتن (الخبر والإنشاء)، وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: الْمُقَسِّمُونَ لِلْكَلَامِ؛ مِنْ أَهْلِ النَّظَرِ وَالنَّحْوِ وَالْبَيَانِ فَذَكَرُوا أَنَّ الْكَلَامَ نَوْعَانِ: خَبَرٌ وَإِنْشَاءٌ، وَالْخَبَرُ دَائِرٌ بَيْنَ النَّفْيِ وَالْإِثْبَاتِ، وَالْإِنْشَاءُ أَمْرٌ أَوْ نَهْيٌ أَوْ إبَاحَةٌ[٢].

وە (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَإِنَّ الْقُرْآنَ مَدَارُهُ عَلَى الْخَبَرِ وَالْإِنْشَاءِ[٣].

واتە: زانایانی شارەزا بەسەر داڕشتن و قسەکاندا لە کەسانی ڕەوانبێژ و تێڕوانین لە بابەتەکانی ڕێزمانی عەرەبی و شیکارەکاندا دەڵێن قسە و داڕشتنە شەرعییەکان دەبنە دوو بەشەوە: هەواڵ و داڕشتن (الخبر والإنشاء): هەواڵ (الخبر) لەخۆگری (النفي والإثبات)ە، (الإثبات) واتە پەیوەستبوون بەو شتانەی کە دەقەکان بڕیاری لەسەر دەدات بۆ بابەتەکە، وە (النفي) دژایەتی ئەو شتانەیە کە دەقەکان بڕیاری لەسەر نادات بۆ بابەتەکە.

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٩/ ٢٠٧، ٢٠٨).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٢).

(٣) "زاد المعاد" لابن القيم (١/ ٣٦٠).

وە دابڕشتنەکانیش (الإنشاء) پێکهاتووە لە (الأمر والنهي والإباحة)، واتە فەرمانەکان و قەدەغەکراوەکان و حەلاڵەکان، وە هەموو قورئانیش پێکهاتووە لەسەر هەواڵ و دابڕشتن.

هەواڵەکان لەخۆگری بابەتەکانی تەوحید و عیبادەت و بابەتە غەیبییەکان و باسە ڕابوردوو و داهاتووەکانن، کە دەبێت پەیوەست بن بەو باس و شێواز و دابڕشتنانەوە و لێیان لانەدەین، وە دابڕشتنەکانیش بابەت و یاسا شەرعییەکانن کە پەیوەندییان بە کار و کردارەوە هەیە.

هەردوو ئەم بابەتە (الخبر والإنشاء) بنەما و پەلەکانی دین لەخۆ دەگرێت، وە هەروەها هەموو جۆری بەڵگەکان لەخۆ دەگرێت، وە هەیانە پێی بێبڕوا دەبێت و هەیانە پێی بێبڕوا نابێت، هەروەك هەموویان بەڵگەکاری شەرعی و عەقڵی بۆ بەکاردەهێنرێت بەبێ جیاوازی.

ئەنجامی ئەم دابەشکردنە بیدعەییەی کە فیرقەکان بۆ دینیان کرد بەناوی (أصول وفروع) بەو شێوازەی باسکرا؛ بووە هۆکاری شەڕ و گومڕاییەکی زۆر بۆ موسوڵمانان، لەوانە: بنەماکان بەڵگەی شەرعییان لەسەر نییە بێجگە لە عەقڵی نەبێت، وە بەڵگە شەرعییەکان توانای یەقین و ڕوونکارییان لەم بوارەدا نییە، وە تەنانەت پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان ڕوونکردنەوەیان لا نەبووە، وە دابڕشتنە دینییەکان ڕووکەشێکی گوماناوین کە دڵنیایی و یەقین لایان دەستناکەوێت، بۆیە یەکلاکردنەوە و دڵنیایی لەسەر بابەتە عەقڵییەکانە کە ئەمە بیروڕای (أهل الكلام والمعتزلة)کانە، وە سۆفییەکانیش یەقین و یەکلاکارییان لەسەر (المكاشفات والرؤيا والوجد) دەرکپێکردن و خەو و هەستە پاکەکانی گەورەکانیانە، وە لای (أهل المذاهب) شوێنکەوتەی مەزهەبەکانیش ئیجتیهاد و ڕاوبۆچوونی ناوداڕەکانیانە، نیشانە و سیمای ئەم گومڕاکارانە پشتهەڵکردنە لە قورئان و سوننەت، وە بگرە کۆدەنگییانە، وە دواڕۆژی بەڵگەکان بەدرۆخستنەوەی ناڕاستەوخۆ و گۆڕین و گونجاندنی واتا و مەبەستەکانیەتی تاوەکوو بیگونجێنن لەگەڵ بەرنامە و بیروڕاکانیاندا. ئەمانەش بۆخۆی لەکارخستن و بێبڕوایی و گومڕاییەکە دەیگرنە بەر بەرامبەر دین، بەڵام بە بەرگێکی دۆستانەوە.

پێگەی بنەماکان و بەڵگەیەتییان لای ئەهلی سوننەت

منزلة القواعد وحجيتها عند أهل السنة

الشَّيْخ (ناصر السعدي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: الأصول والقواعد للعلوم بمنزلة الأساس للبنيان، ... وبالقواعد والأصول يثبت العلم ويقوى وينمى نماءً مطردًا، وبها تعرف مآخذ

الأصول، وبها يحصل الفرقان بين المسائل التي تشتبه كثيراً[١].

واتە: بنەما و یاساکان بۆ زانستەکان لە ئاستی پێگە و بناغەدایە بۆ بنیادنانی باڵەخانە و بیناکان، بنەما و یاساکان هۆکاری دامەزراندنی زانستەکان و بەهێزبوون و گەشەکردنیانە، بە هۆکاریانەوە ئاشنایی پەیدادەکەیت بەسەر وەرگرتنی جۆری ڕێگەی بنەماکانەوە، وە هۆکاریشە بۆ جیاکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە هاوشێوە و لێکچووی یەکترن.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** لَا بُدَّ أَنْ يَكُونَ مَعَ الْإِنْسَانِ أُصُولٌ كُلِّيَّةٌ تُرَدُّ إلَيْهَا الْجُزْئِيَّاتُ لِيَتَكَلَّمَ بِعِلْمِ وَعَدْلٍ، ثُمَّ يَعْرِفُ الْجُزْئِيَّاتِ كَيْفَ وَقَعَتْ؟ وَإِلَّا فَيَبْقَى فِي كَذِبٍ وَجَهْلٍ فِي الْجُزْئِيَّاتِ، وَجَهْلٍ وَظُلْمٍ فِي الْكُلِّيَّاتِ، فَيَتَوَلَّدُ فَسَادٌ عَظِيمٌ[٢].

واتە: زۆر پێویستە بۆ ئادەمیزاد خاوەنی شارەزایی ئەو بنەما گشتییانە بێت کە هەموو جۆرە پەل و بەشەکانی تری دەگەڕێتەوە سەری، تاوەکوو بۆچوونەکانی بە زانست و دادپەروەرییەوە بێت، پاشان شارەزا بێت بەسەر بەش و پەلەکانی تردا کە چۆن دانراوە، گەر نا هۆکارە بۆ بەدرۆخستنەوە و نەزانینی بەسەر ئەو بەش و پەلانەدا کە بڕیاری لەسەر دراوە، وە ستەم و نەزانینیش بەرامبەر بنەما گشتییەکان و بەدوای خۆیدا تێکدان و شێواندنێکی زۆر دروستدەکات لە دیندا.

(القرافي) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَمَنْ ضَبَطَ الْفِقْهَ بِقَوَاعِدِهِ اسْتَغْنَى عَنْ حِفْظِ أَكْثَرِ الْجُزْئِيَّاتِ لِانْدِرَاجِهَا فِي الْكُلِّيَّاتِ، وَاتَّحَدَ عِنْدَهُ مَا تَنَاقَضَ عِنْدَ غَيْرِهِ وَتَنَاسَبَ[٣].

واتە: هەرکەسێك لەخۆگری زانستی (فقه) بێت بە بنەماکانیەوە پێویستی بە لەبەرکردنی ئەو هەموو پەل و بەشانە نابێت کە هەیەتی، لەبەرئەوەی هەموویان دەچنەوە ژێر بنەما گشتییەکان، لای کەسی شارەزا لەم بوارەدا هەموو ئەوانە یەکدەگرنەوە و گونجاو دەبن کە لای کەسانی تر دژ و پێچەوانەی یەکترین.

الشَّيْخ (ناصر السعدي) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** من محاسن الشريعة وكمالها وجمالها وجلالها: أنَّ

(١) "طريق الوصول إلى العلم" للسعدي ص٥.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٩/ ٢٠٣).

(٣) "أنوار البروق في أنواء الفروق" للقرافي (١/ ٣).

أحكامَها الأصوليَّة والفروعية والعبادات والمعاملات وأمورها كلّها لها أصولٌ وقواعدُ تَضبِطُ أحكامَها وتَجمعُ مُتفرِّقَها وتَنشر فروعَها وتَردُّها إلى أصولها[١].

واتە: لە بەها و ڕازاوەیی و جوانی و کاملّی شەریعەتی ئیسلام ئەوەیە کە هەموو یاسا و بنەما و بەشەکانی لە پەرستن و مامەلّە و شتەکانی تردا خاوەنی کۆمەلّێك بنەما و بناغەیە بۆ لەخۆگرتن و خڕکردنەوەی هەموو یاساکانی، تاوەکوو هەموو جیاوازەکان کۆبکاتەوە و هەموو پەلەکانیش بلاّوە پێبکات و بیگێڕێتەوە بۆ بنەماکانی دین.

بەم هۆکارەوە ئەهلی سوننەت گرنگییەکی گەورەیان داوە بە بنەما شەرعییەکان و ئەوانەی ئەو بنەما شەرعییانە دەیانگرێتەوە لەڕووی دارشتن و تێگەیشتن و کردنە بەلّگەوە، وەك نووسینەکانی ئیمام (أحمد وابن القيم وابن كثير والذهبي ...) وە لە نووسینی زانایانی دوای ئەوان تاوەکوو ئەمڕۆ لە دین و عەقیدەدا، وە یەکڕیزییان هۆکاری پاراستن و مانەوەی بەرنامەی ئەهلی سوننەتە کە سەرچاوەکەی قورئان و فەرمودە و ڕێڕەوی دینداری هاوەلاّن و شوێنکەوتووانیانە.

سەرچاوەی بنیادنانی بنەما شەرعییەکان بریتین لە:

١. قورئان و فەرمودە یاخود پاشماوەی هاوەلاّن و شوێنکەوتووانی، بۆ نموونە:

❁ **قولە تعالى:** ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾ [الشورى: ١١]. **بنەمایە بۆ جۆری تێگەیشتنی ناو و سیفاتەکانی خوا** جَلَّجَلَالُهُ.

🏛 **قول رسول الله ﷺ:** «**إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ**»[٢]، «**وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ**»[٣]. **بنەمان بۆ نیەت و شوێنکەوتن (الإخلاص والمتابعة).**

---

(١) "الرياض الناظرة" للسعدي ص٢٤٣.

(٢) رواه البخاري (١)، ومسلم (١٩٠٧).

(٣) رواه أبو داود (٤٦٠٧) وصححه الألباني والأرنؤوط، والنسائي في "الكبرى" (١٧٩٩)، وابن خزيمة في "صحيحه" (١٧٨٥)، وابن حبان في "صحيحه" (٥)، وأحمد في "المسند" (١٤٩٨٤)، والدارمي في "سننه" (٩٦)، والبزار في "المسند" (٢٠٧٦)، والطبراني في "الكبير" (٨٥٢١)، والبيهقي في "الشعب" (٤٤٥٢)، وابن أبي عاصم في "السنة" (٢٤)، والآجري في "الشريعة" (٨٤)، وأبو نعيم في "الحلية" (٣/ ١٨٩)، وابن عبد البر في "الجامع" (٢٣٠١)، والبغوي في "شرح السنة" (٣٥٧٥).

یاخود (ابن مسعود) ﷺ دەڵێت: «الِاقْتِصَادُ فِي السُّنَّةِ خَيْرٌ مِنَ الِاجْتِهَادِ فِي الْبِدْعَةِ»[١].

واتە: مانەوە لەسەر سوننەت خێرتر و باشترە لە کۆششکاری لە بیدعەدا. کە بنەمایە بۆ دەرنەچوون لە سوننەت و پەیوەستبوون پێوەی و دژایەتی بیدعەکاری.

یاخود (إمام مالك) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: «الِاسْتِوَاءُ مَعْلُومٌ، وَالْكَيْفُ مَجْهُولٌ، وَالْإِيمَانُ بِهِ وَاجِبٌ، وَالسُّؤَالُ عَنْهُ بِدْعَةٌ»[٢]. واتە: لەسەر عەرش بوونی خوا ئاشکرایە و چۆنیەتییەکەی نادیارە و ئیمان پێبوونی واجبە و پرسیارکردن لەو بارەیەوە بیدعە و گومڕاییە. کە بنەمایە بۆ چۆنیەتی تێگەیشتنی تەوحید و ناو و سیفاتەکانی خوا و سنوور نەبەزاندن تیایدا.

٢. وشە و داڕشتنی بنەماکان وەرگیراون لە ئەنجامی بەدواداچوونێکی ووردی تەواو لە تێگەیشتنی بەڵگەکانی قورئان و فەرموودە لە ڕێگەی هاوەڵان و تابعین و زانایانی هەڵگری بەرنامەی ئەهلی سوننەت، هەروەك ئیمام (أحمد والبخاري وأبو حاتم وأبو زرعة الرازي ...) و دوای ئەوان نووسیوانەتەوە و خاڵبەندییان کردووە و وەکوو بنەما دایانڕشتووە و بردوویانەتەوە سەر هاوەڵان.

بەو هۆکارانەوە ئەو بنەمایانە شەرعین و ڕۆڵی بەڵگەکاری دەگێڕن لە دیندا، مەرجی ئەم بنەما و بنچینانە ئەوەیە نابێت بە هیچ شێوەیەك پێچەوانەیەتی و دژایەتی و بەرامبەری لەگەڵ بەڵگە شەرعییەکان و بنەماکانی تر لە نێوان یەکدا بکات، بەڵکوو دەبێت ئەم بنچینانە گونجاو و پاڵپشت و ڕوونکار و تەواوکاری یەکتر بن، وە کاریان بەرەنگاربوونەوەی شەریك بڕیاردان و بیدعەکاری و بۆچوون و ڕا هەڵەکان بێت (الشرك والبدعة والإجتهادات الخاطئة)، وە ڕۆڵیان سەلماندن و چەسپاندنی تەوحید و سوننەت و هێنانەدی عیبادەتەکان بێ و شوورا و قەڵای پاراستنی ئیسلام بن.

---

(١) رواه الدارمي في "السنن" (٢٢٣)، والحاكم في "المستدرك" (٣٥٢)، والبيهقي في "الكبرى" (٤٧٤٥)، وابن بطة في "الإبانة" (١٦١)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (١٤)، والقرطبي في "الجامع" (٢٣٣٤)، وابن وضاح في "البدع" ص١٠، وانظر "صحيح الترغيب والترهيب" (٤١)..

(٢) "الموطأ" للإمام مالك (١/ ٢٥٣)، و "الرد على الجهمية" للدارمي ص٦٦ رقم (١٠٤)، و "العرش وما روي فيه" لمحمد بن عثمان بن أبي شيبة ص١٧٥، و "شرح أصول اعتقاد" للالكائي (٣/ ٤٤١) رقم (٦٦٤)، و "حلية الأولياء" لأبو نعيم (٦/ ٣٢٥)، و "الاعتقاد" للبيهقي ص١١٦، و "شرح السنة" للبغوي (١/ ١٧١)، و "الحجة في بيان المحجة" للأصبهاني (٢/ ١٠٨)، و "لمعة الاعتقاد" لابن قدامة ص١٤، و "العرش" للذهبي (١/ ١١٧)، و "الاعتصام" للشاطبي (١/ ١٧٣).

لـە بەرامبەریشدا فیرەق و بیدعەکاران چۆن لـە بەڵگە شەرعییەکان خۆیان دەدزنەوە بە رِێگەی ترازاندن و واتا بۆ گۆرِین (تحریف وتأویل ...)؛ ئاواش بە هەمان شێوە کار و مامەڵەیانە لـەگەڵ بنەما و بنچینە شەرعییەکاندا بە هۆکاری بێئاگاییان لـەسەر بەڵگە و ئەو مەبەست و بابەتانەی کە لـەخۆیان دەگرن.

هۆکاریش ئاشکرایە بەڵگە شەرعییەکان لای ئەوان بنەمای بەڵگە نین، بەڵکوو عەقڵ و تێرِوانینە فەلسەفییەکان بنەمان، بەڵگە شەرعییەکان وەکوو پاڵپشت و پشتیوان بۆ بەرنامەکانیان سەیر دەکەن، رِێرِەوی هاوەڵان و تابعین و زانایانی ئەو بەرنامەیە هیچ پێگە و گرنگییەکیان نییە، بەڵکوو شوێنی تۆمەت و رِەخنە و کورت بینینە لایان لـە دیندا.

وە تێرِوانین بەشێوەی ووردبینی و بژاردەکردن لـە بەڵگە شەرعییەکان و پاشماوەی پێشینە سالِحەکان و یاسا گشتییەکان و کۆکردنەوەی هەموو چمکی بەڵگەکان لـەسەر بابەتێکی دینی، کاری فیرەق و بیدعەکاران نییە، لـەبەرئەوەی بە گشتی زۆر نەزان و بێئاگان لـەم بوارەدا.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: والذين خالفوهم لم يفهموا حقيقة أقوال السلف والأئمة، فلم يعرفوا حقيقة المنصوص والمعقول[١].

وە دەڵێت: وَأَمَّا الْحَدِيثُ فَهُمْ مِنْ أَبْعَدِ النَّاسِ عَنْ مَعْرِفَتِهِ: لَا إِسْنَادَهُ وَلَا مَتْنَهُ، وَلَا يَعْرِفُونَ الرَّسُولَ وَأَحْوَالَهُ[٢].

واتە: ئەوانەی دژایەتی ئەهلی سوننەت دەکەن هیچ تێگەیشتنێکی تەواویان نییە لـەسەر قسەی هاوەڵان و زانایان، لـەبەرئەوە بێئاگان لـە رِاستی و دروستی دەقە شەرعی و بوارە عەقڵییەکان، وە لـە فەرموودەشدا دوورترین کەسن لـە ئاشنایی بەسەر سەنەد و دەقی فەرموودەدا، بگرە زۆر بێئاگان بەسەر حاڵ و ژیانی پێغەمبەر ﷺ و فەرموودەکانیدا.

وە سەرچاوەی بنیادنانی بنەماکانی فیرەقەکانیش پێکهاتوون لە:

١. بنەما و بنچینەیان لـەسەر بەڵگەی نادروست لـە فەرموودەی (ضعيف وموضوع)، یاخود بەناوی کۆدەنگی زانایانەوە لـەگەڵ ئەوەشدا بوونی نییە.

---

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٢/ ٣٠١).

(٢) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٦/ ٣٧٩).

٢. بنەما و بنچینەیان هەیە لەسەر بەڵگەی شەرعی یاخود کۆدەنگی زانایان، بەڵام بە تێگەیشتنێکی هەڵە و لادراو و ڕووکەش خوێندنەوە.

٣. بنەما و بنچینەیان داڕشتووە لەسەر عەقڵی ڕووت و هەوا و ئارەزوو و بۆچوونی خۆیان بەبێ ئاوڕدانەوەیان بۆ هیچ بنەما و بەڵگە و تێگەیشتنێکی دینی لەو بوارەدا[١].

(**صديق حسن خان**) **ڕەحمەتوڵڵاهی دەڵێت**: ما أكثر هذا اليوم في الأحزاب المتحزبة، والجموع المجتمعة، من فرق الشيعة، والمتصوفة، وطوائف المبتدعة، يُسَيِّرون قواعد لم تتأسس على علم، ولا هدى، ولا كتاب منير، ثم يبنون عليها قناطير علمهم وعملهم، وما لم يشهد له دليل من الافتراء والشبهة التي نشأت عن الهوى والإلف والتقليد[٢].

واتە: ئەمڕۆ گرووپ و کۆمەڵێکی زۆر لە فیرقەکانی شیعە و سۆفی و بیدعەکاران بنەماکانی دینیان داڕشتووە بەبێ بنەمای زانست و ڕێی هیدایەت و ڕێڕەوێکی ڕوونا‌ك، پاشان کۆمەڵێکی زۆر لە کار و زانستیان بنیاد ناوە لەسەریان کە هیچ بەڵگەیەك پشتگیرییان ناکات، بەڵکوو درۆ و گومانێکی زۆریان بنیاد ناوە لەسەر حەز و ئارەزوو و عادەت و عورف و شوێنکەوتەی کوێرانەی ناو خۆیان.

(**ابن تيمية**) **ڕەحمەتوڵڵاهی دەڵێت**: ولكن أهل البدع أصل كلامهم الكذب: إما عمداً وإما بطريق الابتداع، ولهذا يقرن الله بين الكذب والشرك في غير موضع من كتابه[٣].

واتە: بنەمای قسەی بیدعەکاران درۆیە و بە دوو ڕێگا دروستکراوە: یا بە دەس ئەنقەست، یاخود بە ڕێگەی بیدعەکاری لە دینداا، هەر لەبەر ئەمەشە خوای پەروەردگار لە زۆرێك لە شوێنەکانی قورئاندا درۆ و شەریك بڕیاردانی بەیەکەوە بەستووەتەوە.

ئەهلی سوننەت بۆ پاراستنی بەرنامەی حەق لە هەموو بوارەکانی دینداا کۆمەڵێك بنەما و بنچینەیان داڕشتووە تا ببێتە سنوور و شورا و تێگەیشتن و ڕێگای زانستی بۆ هەموو ئەو بوارانە.

---

(١) "منهج أهل السنة في نقض شبه أهل الأهواء والبدعة" لدكتور أحمد سردار (٢/ ٦٣٨).

(٢) "قطف الثمر في بيان عقيدة أهل الأثر" لمحمد صديق خان ص١٠٣.

(٣) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ٣٩٠).

بۆ ئەم مەبەستە لە بواری تەوحیددا کۆمەڵێك بنەما و بنچینەی زانستی هەیە بۆ پاراستن و تۆکمەکردنی تێگەیشتنی مەبەستەکان، ئەبێتە هۆکاری جیاکاری بەرنامەی ئەهلی سوننەت لەگەڵ فیرەقەکان، وە پەنجە بخرێتە سەر خاڵی لادان و گومڕاییەکان، لەو بنەمایانەش ئەمانەن:

بنـەمـای یـەکـەم

پەیوەستبوون بە دارشتنە شەرعییەکانەوە

(إلتزام بألفاظ الشرع في التوحيد)

ئەگەر قورئان بۆخۆی ئیعجازێکی ڕەوانبێژی و دارشتن بێت و هۆکاری هیدایەت و ڕێنموونی و ڕزگارکردن بێت لە گومڕایی و تاریکی، وە بابەتەکانی تەوحید غەیبی بێت و ڕێگەی دەرکپێکردنی نەبێت بە عەقڵ و هۆکارەکانی تر، وە پێغەمبەرەکەشی پارێزراو بێت و هەموو پێویستییەکانی گەیاندنی تەواوی پێ بەخشرابێت لە نیەت پاکی و زمان پاراوی و باشترین جۆری گەیاندن ...؛ ئەوا هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ وەرگرتنی تەوحید بێجگە لە دەقەکانی قورئان و فەرمووەی (صحیح)ەکان نەبێت، وە ئەو ڕێگایەش دەبێت ڕەچاوی وورد و درشتی دارشتنەکان بکرێت لەگەڵ پەیوەستبوونی تەواو پێوەی.

باس و دەربڕین و پێناسە و ناسین لەسەر هەرسێ بەشەکەی تەوحید لە قورئاندا زۆر ڕوون و ئاشکرا و والایە، بە شێوەیەك هیچ گرێ و تێنەگەیشتن و شاراوەییەك لەخۆ ناگرێت، وە دەبێت واش بێت لەبەرئەوەی سوننەتی پەروەردگار لەوەدایە، ئەوەی زۆر پێویست بێت بۆ ژیانی ئادەمیزاد لە دونیادا زۆر والاّی کردووە تاوەکوو پەکی نەکەوێت لەسەری، هەروەك هەوا و ئاو ... لە هەموو کات و شوێندا بوونی هەیە لەگەڵ زۆر ئاسان وەرگرتندا تا دەگاتە پێویستییەکانی تری.

کەواتە ناسینی خۆی و ئاشنابوون پێی، کە لە هەرچی لە دونیا و ژیان و پێویستییەکانی تر پێویستترە بۆ ئادەمیزاد؛ چۆن دەبێت شاراوە و نەزانین و تێنەگەیشتن لەخۆ بگرێت لە دەقەکاندا و خەڵك بە کوێری و نەزانین بهێڵێتەوە؟! ئەمانە هەمووی لە خوایەتی و دادپەروەری و کاملّی خوا دوورە.

ئیمان و باوەڕبوون بە باس و دەقەکانی قورئان و سوننەتیش دوو جۆرن:

یەکەم: (الإيمان المجمل): ئیمان و باوەڕبوونێکی کورت: ئەمە واجبە لەسەر هەموو ئیماندارێك بە شێوەیەکی کورت و کۆکراوە باوەڕی بە هەموو دەقەکان هەبێت لەدوای ئەوەی

باوەڕی بە خوا و پێغەمبەر هێنا و زانی ئەمانە سەرچاوەی دروستی خوایین، جا ئەگەر ئەو دەقانە واتا و مەبەستەکانی بزانێت یان نا، ئەمە جۆری ئیمانی گشتی خەڵکی ئیماندارانە، وە ئەمەش واتای ئەوە نییە ئەو دەقانە خاڵین لە واتا و مەبەست و ڕێگەی تێگەیشتن، بەڵکوو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام ئەوە بزانین کە ئیمانهێنانی دەقەکان تێگەیشتن لێیان بە مەرج نەگیراوە، یاخود بە مەرج نەگیراوە کە نابێت ئەو دەقانە پێچەوانە و دژایەتی بیر و عەقڵی ئادەمیزاد لەخۆ بگرێت، یاخود پێچەوانەیەتی کەشف و کەراماتی ناوداران و قسەی زانایان لەخۆبگرێت.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** أَنَّ النَّاسَ عَلَيْهِمْ أَنْ يَجْعَلُوا كَلَامَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ هُوَ الْأَصْلُ الْمُتَّبَعُ، وَالْإِمَامُ الْمُقْتَدَى بِهِ سَوَاءٌ عَلِمُوا مَعْنَاهُ أَوْ لَمْ يَعْلَمُوهُ، فَيُؤْمِنُونَ بِلَفْظِ النُّصُوصِ وَإِنْ لَمْ يَعْرِفُوا حَقِيقَةَ مَعْنَاهَا، وَأَمَّا مَا سِوَى كَلَامِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ فَلَا يَجُوزُ أَنْ يُجْعَلُ أَصْلًا بِحَالٍ[1].

واتە: دەبێت خەڵکی فەرموودەی خوا و پێغەمبەر ﷺ بکەنە بنەمای شوێنکەوتن و پێشەوای خۆیان، ئیتر ئەگەر واتا و مەبەستەکانی بزانن یاخود نا، وە ئیمانیان بە وشە و داڕشتنی دەقەکان هەبێت ئەگەر ڕاست و دروستی مەبەستەکانیشی نەزانن، وە بێجگە لە فەرموودەکانی خوا و پێغەمبەر ﷺ بە هیچ شێوەیەك هیچ قسە و گوفتارێکی تر نابێت بە بنەما و پێشەوای شوێنکەوتن.

دووەم: (الإيمان المفصل): ئیمان و باوەڕپێهێنانێك بە شێوەیەکی ووردەکار و دوور و درێژ: ئەمە تایبەتە بە کەسانێك کە توانایان دەشکێت بەسەر بەڵگەکاری و یەکلاکاری لە بوارەکانی بەدواداچوون و گەیشتنە دەرئەنجام، ئەوەی توانای لەم بوارەدا هەیە ئەوە واجبە لەسەری بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانستە ڕێگا بگرێتە بەر بە مەبەستی پاراستنی دین و سوککردنی ئەرك لەسەر موسوڵمانان و تێگەیشتنیان و گەیشتنیان بە بەرنامەی حەق، ئەم ئەرکەش لەسەر کەسانی تایبەت (فرض الكفاية)یە.

(ابن أبي العز) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَلَا رَيْبَ أَنَّ مَعْرِفَةَ مَا جَاءَ بِهِ الرَّسُولُ عَلَى التَّفْصِيلِ فَرْضٌ عَلَى الْكِفَايَةِ[2].

واتە: گومان نییە ناسینی ئەوەی کە بۆ پێغەمبەر ﷺ هاتووە بە شێوەی ووردەکاری و دوور

(١) "الفتاوى الكبرى" لابن تيمية (٦/ ٣٣٨).

(٢) "شرح العقيدة الطحاوية" لابن أبي العز ص٧٠.

و دریژ فەرزە لەسەر کەسانی تایبەت.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَالْأَحْسَنُ فِي هَذَا الْبَابِ مُرَاعَاةُ أَلْفَاظِ النُّصُوصِ فَيُثْبِتُ مَا أَثْبَتَ اللهُ وَرَسُولُهُ بِاللَّفْظِ الَّذِي أَثْبَتَهُ وَيَنْفِي مَا نَفَاهُ اللهُ وَرَسُولُهُ كَمَا نَفَاهُ[١].

واتە: باشتر وایە لەم بوارەدا ڕەچاوی دارشتن و وشەی دەقەکان بکرێت، ئەوەی فەرموودەی خوا و پێغەمبەر ﷺ باس و بڕیاری لەسەر داوە هەر بەو شێوەیە باس و بڕیاری لەسەر بدرێت، وە ئەوەی نکوولّی لێ دەکات هەر بەو شێوەیە نکوولّی لێ بکرێت.

وە ئەگەر شێوازێك دارشتن هەبوو بێجگە لە قورئان و سوننەت لە بوارەکانی تەوحیددا ئەوا هەڵوێست بەم شێوەیە دەبێت وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** كان سلف الأمة وأئمتها ... يجعلون العبارات المحدثة المجملة المتشابهة ممنوعاً من إطلاقها: نفياً إثباتاً، لا يطلقون اللفظ ولا ينفونه إلا بعد الاستفسار والتفصيل[٢].

وە دەڵێت: بَلْ يَجِبُ الْمَنْعُ مِنْ إطْلَاقِ نَفْيِهِ وَإِثْبَاتِهِ، وَالتَّفْصِيلِ وَالِاسْتِفْسَارِ[٣].

واتە: بەرنامەی پێشینی ئەم گەلە و زانایانی ئەهلی سوننەت وایە ... ئەگەر هەر دەربڕین و پێناسە و دارشتنێکی تازە لە بوارەکانی تەوحیددا هەبێت بە شێوەیەکی کورت و هاوشێوەکاری؛ ئەوا ڕێگری دەکەن لە بەکارهێنانیدا بە شێوەی بڕباردان بێت لەسەری یاخود پێچەوانەکەی هەتاوەکوو شیکاری تەواو و ووردەکاری لەسەر نەکەن ئەگەر حەق بوو وەردەگیرێت وە ئەگەر بەتاڵ بوو ڕەت دەکرێتەوە.

وە گەر تێکەڵ بوو ڕێگری لە بەکارهێنانی دەکرێت بە هەردوو شێوەکە بوون و نەبوون تاوەکوو یەکلا دەکرێتەوە، هەروەك کاتێك پرسیار لە ئیمامی (الأوزاعي وأحمد بن حنبل) دەکرێت ڕەحمەتی خوایان لێبێت لەسەر وشەی (الجبر) بەزۆر پێکردن؛ وتی: مَا أَعْرِفُ لِلْجَبْرِ أَصْلًا مِنَ الْقُرْآنِ وَلَا السُّنَّةِ، فَأَهَابُ أَنْ أَقُولَ ذَلِكَ، وَلَكِنِ الْقَضَاءَ وَالْقَدَرَ وَالْخَلْقَ وَالْجَبْلَ، فَهَذَا يُعْرَفُ فِي

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٦/ ٤٢٣، ٤٢٤).

(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٧٦).

(٣) "الفتاوى الكبرى" لابن تيمية (٦/ ٣٣٨).

الْقُرْآنِ وَالْحَدِيثِ[١]، من قال إنه جبر فقد أخطأ، ومن قال لم يجبر فقد أخطأ، بل يقال: إن الله يهدي من يشاء ويضل من يشاء[٢].

واتە: وشەی (الجبر) کە واتای بەزۆر پێکردنە (الجبرية)کان بەکاریان دەهێنا لەسەر کردارەکانی ئادەمیزاد، ئەو دوو ئیمامە وتیان: وشەی (الجبر) هیچ بنەمایەکی نییە لە قورئان و سوننەتدا، ناتوانم بەکاری بهێنم، بەڵکوو دەڵێم قەزا و قەدەر و دروستکردن و ڕاهێنان (الجبل) ئەمانە هەیە لە قورئان و سوننەتدا، لەبەرئەوە ئەوەی بڵێت (جبر) و بەزۆرپێکردن هەیە یاخود نییە هەڵەی کردووە، بەڵکوو خوا ئەوەی ویستی لێیەتی هیدایەتی دەدات و ئەوەیشی ویستی لێیە گومڕای دەکات.

بە هەموو پێوەرێك دەبێت لە تەوحیددا شوێنکەوتەی داڕشتنەکانی قورئان و فەرموودە بیت ئەگەر واتا و مەبەستەکانیشی نەزانیت، ئەمە ڕێگای ڕاستەقینەی باوەڕ و ئیمانی تەواوی خاوەنەکەیەتی، لەبەرئەوەی نەزانین بەسەر حەقیقەتی ڕاست و دروستی بابەتەکاندا هۆکار نییە بۆ باوەڕپێنەبوونی.

هەروەك چۆن ئەوەی پێغەمبەر ﷺ گەیاندوویەتی و هەواڵی لەسەر داوە حەقە و بوونی هەیە بە ڕاست و دروستی، ئیتر ئەگەر بزانین یاخود نەزانین، هەروەك چۆن پێغەمبەرە بۆ هەموو خەڵکی ئەگەر خەڵك باوەڕی پێبکات یاخود نەیکات، وە هەر هەواڵێکی دابێت لەسەر خوا حەق و دروستە ئەگەر خەڵکیش باوەڕی پێبکات یاخود نەیکات، وە هەر فەرمانێکی خوا بگەیەنێت فەرمانی خوایە ئەگەر خەڵکیش جێبەجێی بکات یاخود نەیکات، باوەڕبوون بە پەیامی خوا و پێغەمبەرەکەی و فەرمان و هەواڵەکانی ڕانەوەستاوە لەسەر باوەڕبوون و نەبوونی ئێمە، چ جای بوونی عەقڵ و تێگەیشتنی ئێمە.

وە تەنانەت لە بوارە دونیاییەکانیشدا هەر لە پزیشکی و کشتوکاڵ و ئەندازەسازی و پیشەسازیدا ... خەڵکی بە گشتی باوەڕ و دڵنیاییان هەیە لە وەڵام و شیکاری هەموو کەسانی

---

(١) "السنة" لأبي بكر بن الخلال (٣/ ٥٥٥) رقم (٩٣٢)، و "شرح أصول اعتقاد" للالكائي (٤/ ٧٧٥) رقم (١٣٠٠)، و "الفتاوى الكبرى" لابن تيمية (٣/ ٣٢٣)، و "لوامع الأنوار البهية" للسفاريني (١/ ٣٠٨).

(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٢٥٥)، و "الألفاظ والمصطلحات المتعلقة بتوحيد الربوبية" لآمال بنت عبد العزيز العمرو ص٧٦.

تایبەتمەنددا بەبێ ڕەخنە و گومان، وە ئەگەر گومانیشیان لەسەر شتێك هەبێت ئەوا دەیگێڕنەوە بۆ سەروو خۆیان لە کەسانی خاوەن ئەزموون و زانست، کەواتە زانستی شەرعی لەپێشترە.

پەیوەستبوون بە داڕشتنە شەرعییەکان لە عەقیدەدا بنەمایەکی سەرەکی ئەهلی سوننەتە، ئەم بنەمایەش ئەمانە دەگەیەنێت:

١. هێنانەدی ئیمان و باوەڕی تەواو بە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ، لەبەرئەوەی ئیمان لانەدان و پەیوەستبوونە.

٢. هۆکاری پارێزراوییە لە بەرنامەی گومڕاکاران و گەلانی سەرلێشێواوی دونیا، لەوانە ئیمان و باوەڕی مەرجدار هەروەك جوولەکە دەیانوت: ﴿لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً﴾ [البَقَرَة : ٥٥]. واتە باوەڕت پێ ناهێنین تاوەکوو بە ئاشکرا خوا نەبینین، وە بێبڕوایان دەیانوت: ﴿لَن نُّؤْمِنَ حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَآ أُوتِىَ رُسُلُ ٱللَّهِ﴾ [الأنعَام : ١٢٤]. واتە ئیمان ناهێنین تاوەکوو ئەوەی کە بۆ پێغەمبەران هاتووە بۆ ئێمەش نەیەت، کەواتە ئیمان و باوەڕی مەرجداریان هەبوو، بەڵام پەیوەستبوون بە داڕشتنە شەرعییەکانەوە لە تەوحیددا مایەی ئیمان و باوەڕهێنانی بێ مەرجە.

٣. ئەم بنەمایە بەتاڵکردنەوەی ئەو بڕیارەیانە کە دەڵێن عەقڵ بەتەنها دەتوانێت هەموو زانست و زانیارییەکان بەدەستبێنێت، یاخود بڵێن عەقڵ مەرجە بۆ بەدەستهێنانی زانستەکان.

٤. ئەگەر ئیمانهێنان بە دەقەکان لەسەر بڕیاری عەقڵ ڕاوەستێنین؛ ئەوا هیچ جیاوازییەك نییە لەسەر بوون و نەبوونی پەیامی خوا و پێغەمبەرەکەی، بوون و نەبوون لە یەك ئاستدایە.

٥. ئەم بنەمایە دەرگا بە ڕووی هەوڵی گۆڕانکاری و ترازاندنی واتا و مەبەستی دەقەکان (تأویل وتحریف)دا دادەخات، لەبەرئەوەی (تأویل وتحریف)کاران باوەڕیان وایە واتا و مەبەستی دەقەکان سوودبەخش نین، بۆیە پەنا دەبەنە بەر گۆڕانکاری (تأویل وتحریف) بۆ هێنانەدی واتاکانی.

٦. ئەم بنەمایە ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ دژایەتی و جیاوازییەك لە واتا و مەبەستی دەقەکاندا نییە، وە هیچ دژایەتییەك لە نێوان وەحی و عەقڵدا نییە، ئەگەر بەو شێوانەش لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

بنـەمـای دووەم

لەخۆگرتنی قورئان و سوننەت لەسەر هەموو بەڵگە و بنەماکانی تەوحید
(اشتمال الكتاب والسنة على التوحيد دلائله ومسائله)

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَإِنَّ النَّاسَ كُلَّمَا قَوِيَتْ حَاجَتُهُمْ إِلَى مَعْرِفَةِ الشَّيْءِ يَسَّرَ اللهُ أَسْبَابَهُ كَمَا يَتَيَسَّرُ مَا كَانَتْ حَاجَتُهُمْ إِلَيْهِ فِي أَبْدَانِهِمْ أَشَدَّ، فَلَمَّا كَانَتْ حَاجَتُهُمْ إِلَى النَّفَسِ وَالْهَوَاءِ أَعْظَمَ مِنْهَا إِلَى الْمَاءِ، كَانَ مَبْذُولًا لِكُلِّ أَحَدٍ فِي كُلِّ وَقْتٍ، .. وَكَذَلِكَ لَمَّا كَانَتْ حَاجَتُهُمْ إِلَى مَعْرِفَةِ الْخَالِقِ أَعْظَمَ، كَانَتْ آيَاتُهُ وَدَلَائِلُ رُبُوبِيَّتِهِ وَقُدْرَتِهِ وَعِلْمِهِ وَمَشِيئَتِهِ وَحِكْمَتِهِ أَعْظَمَ مِنْ غَيْرِهَا، وَلَمَّا كَانَتْ حَاجَتُهُمْ إِلَى مَعْرِفَةِ صِدْقِ الرُّسُلِ بَعْدَ ذَلِكَ أَعْظَمَ مِنْ حَاجَتِهِمْ إِلَى غَيْرِ ذَلِكَ، أَقَامَ اللهُ سُبْحَانَهُ مِنْ دَلَائِلِ صِدْقِهِمْ وَشَوَاهِدِ نُبُوَّتِهِمْ وَحُسْنِ حَالِ مَنِ اتَّبَعَهُمْ وَسَعَادَتِهِ وَنَجَاتِهِ، ... وَهَذَا الَّذِي ذَكَرْنَاهُ مِنِ اعْتِبَارِ الشَّيْءِ بِنُظَرَائِهِ وَمُوَافِقِيهِ وَأَشْبَاهِهِ، وَاعْتِبَارِهِ بِأَضْدَادِهِ وَمُخَالِفِيهِ، حَتَّى يُعْرَفَ فِي الْمُتَشَابِهِينَ أَيُّهُمْ أَكْمَلُ وَأَفْضَلُ، وَفِي الْمُخْتَلِفِينَ أَيُّهُمْ أَوْلَى بِالْحَقِّ وَالْهُدَى[1].

واتە: لە کار و سوننەت و ڕەحمەتە فراوانەکەی پەروەردگار و خوایەتی بۆ بەڕێوەبردنی دروستکراوەکانی ئەوەیە ئەوەی پێویستیان بێت بۆ ژیانی دونیایان بۆی دروستکردوون، تا زۆرتریش پێویستیان بێت زۆرتر و ئاسانتر بۆی ڕەخساندوون، وە بۆ بەدەستهێنانیشی پێویستی بە گەڕان و کات و شوێن و ژمارە ... نەبووە و بە ڕەهایی بەردەستی خستوون، وەکوو ڕووناکی و تاریکی و ئاو و هەوا و زەوی و ئاسمان و ڕووەك و خۆراك ...، کە ئەمانە هەمووی هۆکاری پێویستییەکانی جەستە و لاشەیانە، کاتێکیش پێویستییان بۆ ناسینی خوا زیاترە، ئەوکات بەڵگە و نیشانەی خوایەتی و بالادەستی و زانستی و حیکمەت و ئیرادەی خوایەتی خۆی زۆرتر نەخشاندووە و والای کردووە، وە کاتێکیش پێویستییان بۆ ناسینی پێغەمبەرەکەی پێویست بووە، ئەوکات بەڵگە و موعجیزە و نیشانەی زۆری ڕەخساندووە بۆ ناسینی و خۆشحاڵی و کامەرانی شوێنکەوتووانی، ئەمانە هەمووی بەراوردکردنی شتەکانە بە هاوشێوە و لێکچوو لەلایەك، وە لەلایەکی ترەوە بە پێچەوانە و دژەکانی خۆی، تاوەکوو هاوشێوەکان بناسرێتەوە بە باشترینیانەوە و

(١) "الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح" لابن تيمية (٥/ ١٤١، ١٤٢).

دژەکانیش بناسرێتەوە بەوانەی کە لەپێشترە بە حەق و رێگەی هیدایەتەکە.

کەواتە دەبێت بوارەکانی تەوحید زۆر ڕوون و ئاشکرا بێت و ناسین و زانستی تەواوی لەسەر بێت و والآ کرابێت لە قورئان و فەرموودەدا، گەر نا ئەم ئومەتە کە هەڵگری بەرنامەی خواییە دەبێت جیاوازی چی بێت لەگەڵ گەلە گومڕا و بێبڕواکاندا.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** مِنْ الْمُحَالِ أَنْ يَتْرُكَ تَعْلِيمَهُمْ مَا يَقُولُونَهُ بِأَلْسِنَتِهِمْ وَيَعْتَقِدُونَهُ فِي قُلُوبِهِمْ فِي رَبِّهِمْ وَمَعْبُودِهِمْ رَبِّ الْعَالَمِينَ الَّذِي مَعْرِفَتُهُ غَايَةُ الْمَعَارِفِ وَعِبَادَتُهُ أَشْرَفُ الْمَقَاصِدِ وَالْوُصُولُ إلَيْهِ غَايَةُ الْمَطَالِبِ[1].

واتە: ئەستەمە گەلێکی هیدایەتدراو پشتگوێ بخرێت لەو بابەتەی کە بە زمان دەیڵێن و دەبێت بە دڵ باوەڕی پێبێنن سەبارەت بە خوای خۆیان، ئەو خوایەی کە ناسینی گەورەترین ناسینەکانە، وە پەرستنەکانی بەڕێزترین مەبەستەکانە، وە گەیشتن بەو لوتکەی ئاواتەکانە.

کرۆك و ناوەڕۆکی ئەم دینە تەوحید و عەقیدەیە، وە بانگەوازی بۆی پێشەنگی بانگەوازییەکانە و کۆشش و جیهادکردن لەپێناویدا خوا فەرزی کردووە، خوای پەروەردگار خۆی وادەی تەواوکردنی دینەکەی داوە، چۆن دەبێت شیکاری تەوحید بە هەرسێ جۆرەکەی شاراوە بێت لە دیندا؟!

ئەوانەی بواری عەقڵی لە تەوحیددا بەکاردەهێنن بە خەیاڵی خۆیان بۆ تەواوکردنی؛ دەبێت بڵێن دین تەواو نەبووە، یاخود پێغەمبەرەکەی نەیگەیاندووە، وە هاوەڵانیش بێئاگا و نەزان بوون لەسەری و خۆیان سەرقاڵ کردووە بە بابەتە لاوەکییەکانەوە، بۆیە ئەم ئومەتە کورتی هێناوە لەو بوارەدا و پێویستی بە پڕکردنەوەی عەقڵ و فەلسەفە و (منطق وكشف وكرامات) و ڕاوبۆچوونی ناوداران هەیە بۆی، قورئان و سوننەت لەخۆگر نییە لە باس و خواسیدا، وە بگرە دابەزینی قورئان و ناردنی پێغەمبەران بوون و نەبوونی وەك یەك وایە، بۆیە (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَلَازِمُ هَذِهِ الْمَقَالَةِ: أَنْ يَكُونَ تَرْكُ النَّاسِ بِلَا رِسَالَةٍ: خَيْرًا لَهُمْ فِي أَصْلِ دِينِهِمْ. لِأَنَّ مَرَدَّهُمْ قَبْلَ الرِّسَالَةِ وَبَعْدَهَا وَاحِدٌ؛ وَإِنَّمَا الرِّسَالَةُ زَادَتْهُمْ عَمًى وَضَلَالَةً[2].

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٧).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ١٩).

واتە: بەرهەمی ئەو قسانەیان ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵکی بەبێ پەیامی خوا ژیانی باشتر و دوورە لە ئاڵۆزی، لەبەرئەوەی وا دەگەیەنێت لەپێش بوونی پەیامی خوا و دوای بوونیشی وەك یەکە، بگرە مەبەستیان ئەوەیە بوونی پەیامی خوا بووە هۆکاری نەزانین و گومڕایی زیاتریان.

پێویستە بە چاوی کاملّی و دوور لە لەخۆگری ناتەواوییەکان سەیری قورئان بکرێت، وە سەرچاوەی تەواو بێت بۆ بابەتەکانی تەوحید و عیبادات و مامەڵەکان، بەشێوەیەك کە دەرچوون لێی مایەی گومڕایی و سەرلێشێواوییە، زیادەڕەو و کەمڕەو تیایدا بیدعەکارە و لادەرە لەسەر ڕێگای ڕاست.

پەروەردگار خۆی وادەی هیدایەت و ڕوونکردنەوە و چاوڕۆشنی داوە لەسەر هەموو شتێك لە قورئاندا، وەك دەفەرموێت: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ﴾ [النحل: ٨٩]. واتە پەیامان بۆ ناردوویتەتە خوارەوە بۆ ڕوونکاری هەموو شتێك و بوونە هۆکاری هیدایەت بۆ ئیمانداران.

وە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًۢا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ﴾ [التوبة: ١١٥]. واتە لە کاری پەروەردگار نییە گەلانێك هیدایەت بدات و ڕێنموونییان بکات و پاشان پەراوێزیان بخات بەبێ چاوڕۆشنی و پێدانی زانستی تەواو لەسەر پێویستییەکانیان بۆ سەر ڕێگای ڕاست.

وە پەیمانی تەواوبوونی دینی پێداون بەبێ لەخۆگری ناتەواوی و کەموکوڕی، وەکوو دەفەرموێت: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِى وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾ [المائدة: ٣]. واتە ئەمڕۆ دینم بۆ تەواو کردوون و تەواوکاری هەموو نیعمەتەکانم بەسەردا ڕژاندوون و ڕەزامەندی منی لەسەرە کە ئیسلام دینتان بێت.

(ابن كثير) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: هَذِهِ أَكْبَرُ نِعَمِ اللهِ، عَزَّ وَجَلَّ، عَلَى هَذِهِ الْأُمَّةِ حَيْثُ أَكْمَلَ تَعَالَى لَهُمْ دِينَهُمْ، فَلَا يَحْتَاجُونَ إِلَى دِينٍ غَيْرِهِ، وَلَا إِلَى نَبِيٍّ غَيْرِ نَبِيِّهِمْ[1].

واتە: ئەمە گەورەترینی نیعمەتەکانی خوایە بەسەر ئەم ئومەتەوە کە دینی بۆ تەواوکردوون و

(١) "تفسير ابن كثير" (٣/ ٢٦).

پێویستیان بە دینێکی تر نییە، وە پێویستیشیان بە پێغەمبەرێکی تر بێجگە لـە پێغەمبەری خۆیان نییە.

وە تەنانەت بە شیکارییەکانی قورئان و سونەت بەڵگەکاری خەڵکی کردووە و پاساوی بڕیون، وەکوو دەفەرموێت: ﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ﴾ [النِّسَآء : ١٦٥]. واتە پێغەمبەرانێکمان ناردووە موژدەدەر و ئاگادارکار بن بۆ خەڵکی، تا ببنە بەڵگەی خوایی بەسەر خەڵکییەوە و لەپاش ناردنی پێغەمبەران پاساویان نەمێنێت.

(أبو ذر) ﷺ دەڵێت: «لَقَدْ تَرَكَنَا مُحَمَّدٌ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَمَا يُحَرِّكُ طَائِرٌ جَنَاحَيْهِ فِي السَّمَاءِ إِلَّا أَذْكَرَنَا مِنْهُ عِلْمًا»[(١)].

واتە: پێغەمبەر ﷺ بەجێیهێشتین لـە کاتێکدا تەنانەت بالّندەیەك لـە ئاسماندا نافڕێت ئیلا ئەو زانستی پێداوین لەسەری.

جوولەکەکان بە (سەلمانی فارسی)یان ﷺ وت: «قَدْ عَلَّمَكُمْ نَبِيُّكُمْ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كُلَّ شَيْءٍ حَتَّى الْخِرَاءَةَ. قَالَ: أَجَلْ»[(٢)].

واتە: پێغەمبەرەکەتان ﷺ هەموو شتێکی فێرکردوون تەنانەت ئادابی چوونە سەرئاویش، وتی: بەڵێ وایە.

چ جای تەوحید و باسە سەرەکی و پێویستییەکانی دونیا و قیامەتی ئادەمیزاد!

لـەبەرئەوە تاکە سەرچاوەیەك شوێنی گەڕانەوەی ئەهلی سونەت بێت بۆ بەشەکانی تەوحید و بابەتەکانی تەنها قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوایە ﷺ، لـەگەڵ کۆدەنگی هاوەڵان و زانایانی خاوەن بەرنامە، بەتایبەتیش بەو شێواز و تێگەیشتنەی هاوەڵان و تابعین، لـەبەرئەوەی بابەتەکە غەیبییە و ئادەمیزادیش لـە ئاستی غەیبییەکاندا دەستەوەستانە و تاکە سەرچاوەش سەرچاوە غەیبییەکەی خوایە، وە هەر خۆشی دەتوانێت پێناسە و ناسین و باس بۆ خۆی بکات بە شێوەی تەواو، وەك دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۚ ٱلرَّحۡمَٰنُ فَسۡـَٔلۡ بِهِۦ خَبِيرٗا ٥٩﴾ [الفُرقَان : ٥٩].

---

(١) رواه أحمد في "المسند" (٢١٣٦١)، والهيثمي في "مجمع الزوائد" (١٣٩٧١)، وابن سعد في "الطبقات الكبرى" (٢/ ٢٧٠).

(٢) رواه مسلم (٢٦٢)، والترمذي (١٦)، وأحمد في "المسند" (٢٣٧١٩)، والطبراني في "الكبير" (٦٠٨٢)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (١٦٠٠).

خوای پەروەردگار لەسەر عەرشە، پرسیار لەو بارەیەوە لە خۆی بکە، ئەو زانا و ووردەکارە بەسەریدا.

بنەمای سێیەم

ئیجتیهاد و سڕینەوە و گۆڕانکاری لە بوارەکانی تەوحید و بنەماکانی دیندا نییە

(لا اجتهاد ولا نسخ في الأخبار وأصول الدين):

ئیجتیهاد و سڕینەوە

الإجتهاد والنسخ

ئیجتیهاد (الإجتهاد): ئەو بوارەیە کە زانایانی ئیسلام ڕۆڵی تیادا دەبینن و بە بەڵگەی سێیەم و چوارەمی شەرعی دادەنرێت کە پێی دەوترێت (الإجماع والقياس).

هەر زانایەك خاوەندارێتی و کەسایەتی تەواوی زانستی تیادا بێت بەو مەرجانەی زانایان بۆیان گرتووەتە بەر؛ دەتوانێت ئیجتیهاد بکات، ئەگەر بە هەموو کۆششێکی زانستییەوە پێکای ئەوا دوو پاداشتی هەیە، وە گەر نەشی پێکا یەك پاداشتی هەیە، لەسەر فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «إِذَا حَكَمَ الحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ»[1].

بۆیە کەسی زانا لە ئیجتیهادی شەرعیدا لە نێوان دوو پاداشتدایە، لە پاداشت دەرناچێت بە مەرجێك خۆی کەسایەتی ئیجتیهادی تیادا بێت، وە ئیجتیهادەکەشی لە شوێن و ڕێگەی خۆیدا بێت، گومانیش نییە لە بوارە زانستییە غەیبییەکاندا کە پێیان دەوترێت (الخبر) وەکوو تەوحید و باسە غەیبییەکانی لە ڕۆژی دوایی و (الملائكة والكتب والرسل والبرزخ والأسماء والصفات ...)، وە هەواڵەکانی گەلانی پێشوو و نیشانەکانی قیامەت و ڕووداوە داهاتووەکان ...، ئەمانە شوێنی ئیجتیهاد نین، لەبەرئەوەی ناکەونە ژێر بابەتی زانستی و تێگەیشتن و دەرکپێکردنی ئادەمیزادەوە،

(١) رواه البخاري (٧٣٥٢)، ومسلم (١٧١٦)، وأبو داود (٣٥٧٤)، والترمذي (١٣٢٦)، والنسائي في "الكبرى" (٥٨٨٧)، وابن ماجه (٢٣١٤)، وابن حبان في "صحيحه" (٥٠٦٠)، وأحمد في "المسند" (١٧٧٧٤)، والدارقطني في "السنن" (٤٤٦٤)، والبزار في "المسند" (٨٥٧٦)، وأبو يعلى في "مسنده" (٥٩٠٣)، والطحاوي في "شرح مشكل الآثار" (٥١)، والبغوي في "شرح السنة" (٢٥٠٩).

ئەم بابەتانە شوێنی باوەڕپێکردن و وەرگرتنە وەکوو خۆی و مەرجی باسەکانی وەستانە لە ئاستی سنووردارییەکانیاندا، ئەگەر ئەم پەیوەستبوونانە نەپارێزرێت ئەوا بێجگە لە بەدرۆخستنەوەی و شێواندن و تووشبوون بە گومڕایی نەبێت هیچی تر بەدەست ناهێنێت.

کەواتە ئیجتیهادی شەرعی بەس لە بواڕە کردارییەکاندا (العملية) دەکرێت، وەك نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات و مامەڵە و ڕەوشتی ڕۆژانە ... تەنانەت ئەمانەش لە بواری باوەڕبوون بە واجبوونی نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات و حەڵاڵ و حەرامی و بناغەی کارەکاندا لە چەندیەتی و چۆنیەتییەکانیاندا؛ ئیجتیهاد تیایاندا وەرناگیرێت، ئەمانە پێیان دەوترێت (عبادات)، حوکمەکانیان وەستانە لە ئاستیاندا، وەکوو خۆی (التوقيفية) دەبێت جێبەجێ بکرێت، بەڵکوو ئیجتیهاد لە ووردەکاری و چۆنیەتی و ئاداب و مەرج و سوننەتەکانیاندایە.

زانایانی ئەهلی سوننەت ئەم سنوورانەیان پاراستووە و ئیجتیهادیان بەس لە بواڕەکانی خۆیدا بەکارهێناوە و لە ئەنجامدا ئەو مەزهەبانە دروستبوون و خەڵکیش شوێنکەوتەیانە و بووەتە واقعی حاڵی پێویستی خەڵکی بۆ چاوڕۆشنی دینی، ئەگەرچی بەردەوام پێویستیان بە (مقارنة) و بەڵگەکاری و پێداچوونەوەی زانستی هەیە تاوەکوو پەیوەستتر بن بە بەڵگە شەرعییەکانەوە و پاك و خاوێنتر بن لە ڕاوبۆچوونی بێ بنەما و تەقلیدی کوێرانەی (متأخرين)، بەڵام بیدعەکاران و فیرقە گومڕاکان بەپێچەوانەوە لە بواڕە کردارییەکاندا (عملي) هیچ جۆرە کار و خۆ هیلاککردن و ئیجتیهادێکیان نییە و بگرە بە گشتی شوێنکەوتەی کوێرانەی مەزهەبەکانی ئەهلی سوننەتن و تەنانەت سەر و ناوداڕەکانیشیان زۆر بێئاگا و نەزان بوون لە یاسا فیقهییەکاندا.

وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت: وَمِنْ الْمَعْلُومِ: أَنَّ الْمُعَظِّمِينَ لِلْفَلْسَفَةِ وَالْكَلَامِ الْمُعْتَقِدِينَ لِمَضْمُونِهِمَا هُمْ أَبْعَدُ عَنْ مَعْرِفَةِ الْحَدِيثِ وَأَبْعَدُ عَنْ اتِّبَاعِهِ مِنْ هَؤُلَاءِ. هَذَا أَمْرٌ مَحْسُوسٌ بَلْ إذَا كَشَفْت أَحْوَالَهُمْ وَجَدْتهمْ مِنْ أَجْهَلِ النَّاسِ بِأَقْوَالِهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَحْوَالِهِ وَبَوَاطِنِ أُمُورِهِ وَظَوَاهِرِهَا، حَتَّى لَتَجِدُ كَثِيرًا مِنْ الْعَامَّةِ أَعْلَمَ بِذَلِكَ مِنْهُمْ وَلَتَجِدَهُمْ لَا يُمَيِّزُونَ بَيْنَ مَا قَالَهُ الرَّسُولُ وَمَا لَمْ يَقُلْهُ، بَلْ قَدْ لَا يُفَرِّقُونَ بَيْنَ حَدِيثٍ مُتَوَاتِرٍ عَنْهُ وَحَدِيثٍ مَكْذُوبٍ مَوْضُوعٍ عَلَيْهِ. وَإِنَّمَا يَعْتَمِدُونَ فِي مُوَافَقَتِهِ عَلَى مَا يُوَافِقُ قَوْلَهُمْ سَوَاءٌ كَانَ مَوْضُوعًا أَوْ غَيْرَ مَوْضُوعٍ ... بَلْ غَالِبُ هَؤُلَاءِ لَا يَعْلَمُونَ مَعَانِيَ الْقُرْآنِ فَضْلًا عَنْ الْحَدِيثِ، بَلْ كَثِيرٌ مِنْهُمْ لَا يَحْفَظُونَ الْقُرْآنَ

أَصْلًا ... حَتَّى تَجِدَ فِي أَئِمَّةِ عُلَمَاءِ هَؤُلَاءِ مَنْ لَا يُمَيِّزُ بَيْنَ الْقُرْآنِ وَغَيْرِهِ، بَلْ رُبَّمَا ذُكِرَتْ عِنْدَهُ آيَةٌ فَقَالَ: لَا نُسَلِّمُ صِحَّةَ الْحَدِيثِ وَرُبَّمَا قَالَ: لِقَوْلِهِ عَلَيْهِ السَّلَامُ كَذَا وَتَكُونُ آيَةً مِنْ كِتَابِ اللهِ. وَقَدْ بَلَغَنَا مِنْ ذَلِكَ عَجَائِبُ وَمَا لَمْ يَبْلُغْنَا أَكْثَرُ[(١)].

واتە: کەسانی شوێنکەوتەی فەلسەفە و قسەکاری لە دیندا زۆر دوور و بێئاگان لە ناسینی فەرموودە و شوێنکەوتنی، ئەگەر بەدواداچوونیان بۆ بکەیت بارودۆخیانت بۆ دەردەکەوێت کە چەندە نەزانن بە فەرموودە و حاڵ و ناوەڕۆکی واقعی پێغەمبەری خوا ﷺ و تەنانەت خەڵکە سادەکە شارەزاترن تا ئەوان، وە تەنانەت قورئان و فەرموودە لەیەك جیاناکەنەوە و جۆری فەرموودەکان لە (صحيح وموضوع وضعيف) ئاشناییان بەسەریاندا نییە، ئەوان هەر جۆرە فەرموودەیەکیان دەستبکەوێت بەس گونجاو بێت لەگەڵ بەرنامەیاندا بەکاری دەهێنن ئەگەر هەڵبەستراو و درۆش بێت، بەڵکوو زۆریان ئاگایان لە واتا و مەبەستەکانی قورئان نییە چ جای فەرموودە، بەڵکوو قورئانیان هەر لەبەر نییە، وە تەنانەت ناوداڕەکانیان جیاکردنەوەیان نییە لە نێوان قورئان و فەرموودە، ئەگەر ئایەتێك بخوێنرێتەوە بۆی دەڵێت متمانە لەسەر (صحيح)ی ئەو فەرموودەیە نییە، یاخود فەرموودەیەك بزانێت دەڵێت ئایەتێك لە قورئاندا هەیە وادەڵێت، شتانێك و کاری زۆر سەرسوڕهێنەریان لێوە دەگێڕنەوە کە ئەوەی پێمان نەگەیشتووە دەربارەیان زیاترە لەوەی پێمان گەیشتووە.

ئیمامی (الذهبي) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت:** وَلَقَدْ سُئِلَ جَهْمٌ عنْ رَجُلٍ طَلَّقَ امْرَأَتَهُ قَبْلَ أَنْ يَدْخُلَ بِهَا فَقَالَ: عَلَيْهَا الْعِدَّةُ. فَخَالَفَ كِتَابَ اللهِ بِجَهْلِهِ، وَقَالَ اللهُ سُبْحَانَهُ: ﴿فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا﴾ [الأحزاب: ٤٩][(٢)].

واتە: پرسیار لە (جهم بن صفوان) کرا کە سەرکردەی (جهمي)یەکانە: ئەگەر پیاوێك ژنەکەی تەڵاق بدات پێش ئەوەی بچێتە لای، ئایا (عدة)ی شەرعی لەسەرە؟ وتی: بەڵێ (عدة)ی لەسەرە. بەپێچەوانەی قورئانەوە کە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ٩٥، ٩٦).

(٢) "خلق أفعال العباد" للبخاري ص٣٠، و "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٤/ ١٣٩٩)، و "دراسات في الأهواء والفرق والبدع" لناصر بن عبد الكريم العقل (١/ ٤٤٥).

فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا﴾ [الأحزاب: ٤٩]. **واتە ئەگەر تەلاقتان دان پێش ئەوەی بچنە لایان ئەوا هیچ (عدة)یەکیان لەسەر نییە.**

بەڵام هەموو هەوڵ و کۆشش و زانستیان بەکارهێناوە لە بابەتە زانستییە عەقیدەییە غەیبییەکاندا (العلمية العقدية) کە پێیان دەوترێت هەواڵەکان (الخبر)، وەکوو ناو و سیفات و ڕۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ و لێپرسینەوە و (ملائكة) و سزای گۆڕ و زیندووبوونەوە ... کە بۆخۆی ئەم بابەتانە هیچ جۆرە بواریکی شوێنی ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوە نییە، لەبەرئەوەی بابەتانێکی غەیبین و هیچ سەرچاوە و پێوەر و ڕێگەیەکی تر نییە لە زانین و زانست بەسەریاندا بێجگە لە سەرچاوەی وەحی خوایی نەبێت، لەبەرئەوەی: لا يشبه شيئاً من الحوادث ولا يشبهه شيء منها[1]. **هیچ شتێك نییە لە پەروەردگار بچێت و ئەویش لە هیچ شتێك ناچێت.**

وە هیچ ڕێگەیەك نییە بێجگە لە وەحی خوایی نەبێت، هەر ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی وەکوو (ابن تيمية) ڕَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: الفلاسفة لا يعرفون النبوة ... أنّ كثيراً من هؤلاء لم يعرفوا الرسل ... فلم تبق أخبار الرسول وأقواله معروفة عندهم ... كان في هؤلاء من درست أخبار الأنبياء عندهم، فلم يعرفوها. وأرسطو لم يأت إلى أرض الشام[2].

واتە: فەیلەسووفەکانی یۆنان و ڕۆمان دوورترین کەس بوون لە زانستی خوایی و پێغەمبەرانی، ئەوەی هەیانبووە لایان بەس بابەتە عەقڵی و بوونەوەرە هەستپێکراوەکان بووە و هیچ پاشماوە و زانستێکی پێغەمبەران و ئایینیان لانەبووە تاوەکوو بەشێك بێت لە زانست و تێگەیشتنەکانیان بۆ شتەکان، بەڵکوو هەموویان: وَأَرِسْطُو وَنَحْوُهُ مِنْ الْمُتَفَلْسِفَةِ وَالْيُونَانِ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْكَوَاكِبَ وَالْأَصْنَامَ وَهُمْ لَا يَعْرِفُونَ الْمَلَائِكَةَ وَالْأَنْبِيَاءَ وَلَيْسَ فِي كُتُبِ أَرِسْطُو ذِكْرُ شَيْءٍ مِنْ ذَلِكَ وَإِنَّمَا غَالِبُ عُلُومِ الْقَوْمِ الْأُمُورُ الطَّبِيعِيَّةُ[3]، كَمَا كَانَ أَرِسْطُو وَقَوْمُهُ مِنْ الْيُونَانِ مُشْرِكِينَ يَعْبُدُونَ الْأَصْنَامَ وَيُعَانُونَ السِّحْرَ[4]، وَالْفَلَاسِفَةُ الْيُونَانِيُّونَ كَانُوا مِنْ جِنْسِ هَؤُلَاءِ

---

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ١٨٦).

(٢) "النبوات" لابن تيمية (١/ ١٩٥ - ١٩٨).

(٣) "الفرقان بين أولياء الرحمن وأولياء الشيطان" لابن تيمية ص٩٧، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١١/ ٢٢٨).

(٤) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ١٦١).

الْمُشْرِكِينَ يَعْبُدُونَ الْكَوَاكِبَ وَالْأَصْنَامَ وَيَصْنَعُونَ السِّحْرَ[١]. واتە هەموو فەیلەسووفە یۆنانییەکان و ڕۆمانیەکان فەلەك پەرست بوون و هەیکەل و بتیان بەناوی ئەستێرەکانەوە دروستدەکرد و دەیانپەرست و باوەڕیان وابوو فەلەکەکان کاریگەرییان لەسەر زەوی و ژیان هەیە، بەڵکوو باوەڕیان بە (ملائکة) و پێغەمبەران نەبوو، یارمەتیدەری ساحیر و فاڵچییەکان بوون کە جنەکان قسەیان لەگەڵ دەکردن و بە ڕۆحی فەلەکەکانیان دەزانین.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت هەر گەلێك دوور بووبێت لە پاشماوەی زانستی خوایی بە ڕێگەی پێغەمبەران؛ گەلێکی بێبڕوا و بتپەرست و هاوبەش بڕیاردەر بوون لە عەقیدە و تەوحیدیاندا بۆ خوا، وە هەر گەلێکیش پابەندی زانستی خوایی بووبێتن عەقیدە و تەوحیدیان پاك بووە، وە بە ئەندازەی پەیوەستییەکەیانەوە لە شەریك بڕیاردان و گومڕایی دوور بوون.

کورتەی مەبەست ئەوەیە زانایانی ئەهلی سوننەت ئیجتیهادیان کردووە لە بابەتە کردارییەکاندا کە پێی دەوترێت (العملية الإرادية)، کە (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ پێی دەڵێت (الإنشاء) کە پێکهاتووە لە (الأمر والنهي)، بەڵام ئیجتیهادیان نەکردووە لە بوارە (العلمية العقدية)کاندا کە پێی دەوترێت (الخبر) واتە هەواڵە غەیبییەکان، لەبەرئەوەی شوێنی ئیجتیهاد و تۆێژینەوە نییە.

بە پێچەوانەوە فیرقە گومڕاکان گومڕاییان لەوەدا بووە کە ئیجتیهادیان کردووە لە بابەتە عەقیدەیی و هەواڵە غەیبییەکاندا، بەڵام لە بوارە (العملية)کاندا هیچ ئیجتیهاد و کارێکی زانستییان نییە و بگرە زۆر نەزان و (مقلد)ی کوێرانەی مەزهەبەکانی ئەهلی سوننەتن، تەنانەت (ابن رشد) کە کتێبی "بداية المجتهد" ی نووسی، لە ترسی هەڕەشە و کوشتن بوو بۆ سڕینەوەی تۆمەتی فەلسەفی لەسەر خۆی، دەبینین بەس (نقل) و گواستنەوەی ڕاوبۆچوونەکانە و توانای (ترجیح) و یەکلابوونەوەی نییە، لەبەر بێئاگایی لە ووردەکاری بەڵگە و شێوازی بەڵگەکاری لە بوارە فیقهییەکاندا، تەنانەت زۆری قوتابییەکانی جوولەکە و گاوور بوون[٢].

وە کۆتا کاریان کەوتنە ناو هەوا و ئارەزووەکانیانەوە بووە لەلایەك، وە لەلاکەی تریەوە گومان و دوودڵی، وەك (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أن الكلام في الدين نوعان: أمر وخبر: فما

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٥٤٩).

(٢) مقدمة كتاب "بدايةت المجتهد" ص١٤ بتحقيق أبو عبد الرحمن عبد الحكيم بن محمد.

عارض الأمر كان من باب الهوى الذي يأمر به الشيطان والنفس، وما عارض الخبر كان من باب الظن والخرص الذي هو أكذب الحديث، وهؤلاء لا تجدهم إلا وقد جمعوا بين الأمرين، فهم في الإرادات تابعون لأهوائهم، وفي الاعتقادات تابعون لظنونهم، قال الله: ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهۡوَى ٱلۡأَنفُسُۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلۡهُدَىٰٓ ٢٣﴾ [النجم: ٢٣] (١).

واتە: هەموو بابەتە دينييەكان دوو جۆرن (أمر وخبر)، فەرمانە كردارييەكان كە پێيان دەوترێت (الإنشاء) هەموو ئەو شتانەی دژايەتی و پێچەوانەيەتييان دەكات هەوا و حەز و ئارەزووەكانە لە نەفس و شەيتانەوە، وە هەموو ئەوانەی پێچەوانە و دژايەتی (الخبر) و بواره عەقيدەييەكان دەكات گومان و درۆيە، هەموو ئەو فيرەقە گومڕايانە كۆكەرەوەی هەردووكيانن، وەكوو خواى پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ ...﴾ هەموو شوێنكەوتنەكانيان بۆ گومان و حەز و ئارەزووە نەفسييەكانيانە لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی هيدايەت لەلايەن خواوە نێردرابوو.

سڕينەوە (النسخ):

(النسخ في الإصطلاح) سڕينەوە لە بەكارهێنانی دينيدا خاوەنی دوو پێناسەيە:

- **يەكەم پێناسەی لای زانايانی (السلف) وەكوو (ابن القيم)** رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێت:** وَمُرَادُ عَامَّةِ السَّلَفِ بِالنَّاسِخِ وَالْمَنْسُوخِ رَفْعُ الْحُكْمِ بِجُمْلَتِهِ تَارَةً وَهُوَ اصْطِلَاحُ الْمُتَأَخِّرِينَ، وَرَفْعُ دَلَالَةِ الْعَامِّ وَالْمُطْلَقِ وَالظَّاهِرِ وَغَيْرِهَا تَارَةً، إمَّا بِتَخْصِيصٍ أَوْ تَقْيِيدٍ أَوْ حَمْلِ مُطْلَقٍ عَلَى مُقَيَّدٍ وَتَفْسِيرِهِ وَتَبْيِينِهِ حَتَّى إنَّهُمْ يُسَمُّونَ الِاسْتِثْنَاءَ وَالشَّرْطَ وَالصِّفَةَ نَسْخًا(٢).

واتە: سڕينەوەی حوكمێك بۆ حوكمێكی تر لای پێشينی ئەم ئومەتە هەندێك جار بريتييە لە هەڵگرتنی تەواوی ئەو حوكمە بە حوكمێكی تر، كە ئەمە بۆخۆی پێناسەی زانايانی (متأخرين)ە، ياخود هەندێك جار بريتييە لە هەڵگرتنی مەبەستی گشتی و ڕەها و ڕووكەشی حوكمەكە، وە مانەوەی حوكمەكە لە چوارچێوەی (الخاص والمقيد ومفسر) تايبەت و دياريكراو شيكراوەی ناو

(١) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٤/ ١٢١٠).

(٢) "إعلام الموقعين" لابن القيم (١/ ٢٩).

حوکمەکە، واتە مەبەست لە حوکمەکە تایبەتەکانە، وە تەنانەت لەلای زانایانی (السلف) بە (الإستثناء والشرط والصفة) لە حوکمەکاندا دەیانوت (النسخ).

واتای سڕینەوەی حوکمەکان (النسخ) لەلای زانایانی (السلف) واتاکەی زۆر فراوانتر تاوەکوو زانایانی ئەم دواییە (المتأخرين).

دووەم پێناسەی (النسخ) لای زانایانی ئەم دواییەی موسوڵمانان (المتأخرين) بریتییە لە: رَفْعُ الْحُكْمِ الشَّرْعِيِّ بِدَلِيلٍ شَرْعِيٍّ مُتَأَخِّرٍ[١].

واتە: هەڵگرتنی تەواوی حوکمێك بە حوکمێکی تری پاش خۆی.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** أَنَّ الْكَلَامَ نَوْعَانِ: خَبَرٌ وَإِنْشَاءٌ، وَالْخَبَرُ دَائِرٌ بَيْنَ النَّفْيِ وَالْإِثْبَاتِ، وَالْإِنْشَاءُ أَمْرٌ أَوْ نَهْيٌ أَوْ إبَاحَةٌ[٢].

واتە: داڕشتنە شەرعییەکان دوو جۆرن: هەواڵ و داڕشتن، هەواڵەکان کاریان لە نێوان بڕیاردان و بڕیارنەداندایە (النفي والإثبات)، بەڵام داڕشتن جۆرەکانی حوکمە شەرعییەکانە کە لەخۆگری فەرمانپێدان و ڕێگری و حەڵاڵبوونەکانە.

سڕینەوە (النسخ) لە هەواڵە غەیبییەکاندا بە هیچ شێوەیەك ئەنجام نادرێت و ڕووندادات، کە پەیوەندی بە بەشی (الخبر)ەوە هەیە، بەڵام (النسخ) لە داڕشتنە حوکمە شەرعییەکاندا (الإنشاء) کاری خۆیەتی و ڕووددەدات.

بەڵام لێرەدا ئەوە سەیر و سەمەرەیە کە فیرقە گومڕاکان بابەتی سڕینەوە و گۆڕانکارییان

---

(١) هذا تعريف ابن الحاجب وابن النجار "العضد على ابن الحاجب" (٢/ ١٨٥)، "شرح الكوكب المنير" (٣/ ٥٢٦)، وانظر: "المستصفى" (١/ ١٠٧)، "المعتمد" (١/ ٣٩٦)، "الإحكام للآمدي" (٣/ ١٠٤)، "المحصول" (٣/ ٤٢٣)، "فواتح الرحموت" (٢/ ٥٣)، "أصول السرخسي" (٢/ ٥٤)، "الفصول" (٢/ ١٩٧)، "كشف الأسرار" (٣/ ١٥٥)، "شرح تنقيح الفصول" ص٣٠١، "العدة" (٣/ ٧٧٨)، "المسودة" ص١٩٥، "روضة الناظر" ص٦٩، "نهاية السول" (٢/ ١٦٢)، "البحر المحيط" (٤/ ٦٣)، "إرشاد الفحول" (٢/ ٥٣٣) ط دار السلام، محققة، "الحاوي" للماوردي (٢٠/ ١٣٠)، "أصول الفقه الإسلامي" الزحيلي (٢/ ٩٣١)، "حاشية التفتازاني" (٢/ ١٨٥)، "الموافقات" للشاطبي (٢/ ٣٤١)، "الدرر اللوامع في شرح جمع الجوامع" لشهاب الدين أحمد بن اسماعيل الكوراني (٢/ ٤٦١)، "شرح الكواكب المنير" لابن النجار الحنبلي (٣/ ٥٢٦).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٢).

(النسخ والتبديل) لـه بەشی هەواڵە غەیبییەکاندا (الخبر) بەکاریان هێناوە بەتایبەت عەقیدەییەکان، بۆ نموونە وتوویانە (استوى) واتە (استولى)، وە (يد الله) واتە (قدرة الله)، وە دێتە ئاسمانی دونیا واتە فەرمانی دێت، وە بینینی خوا واتە چاوی ڕەحمەت ... .

ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا کە یاسای (نسخ) دەبێت دەقێکی ئایەت یان فەرموودەی پێش خۆی هەبێت بۆ سڕینەوەی، بەڵام ئەمان بۆ ئەم (نسخ وتبديل)ە هیچ دەقێکیان نییە، بێجگە لە بۆچوونە عەقڵییەکان و واتا و ڕاڤە شێواوەکانی خۆیان نەبێت بۆ دەقەکان، کە ئەمانەش دەقی شەرعی نین.

خۆ ئەگەر (نسخ) و گۆڕانکاری لە بابەتە عەقیدەییەکاندا ڕووبدات، ئەوا ئەنجامەکەی ئەم واتایانە دەگەیەنێت:

١. ئەگەر سڕینەوە و گۆڕانکاری بەسەر هەواڵەکانی خوادا بێت لە ناو و سیفات و کار و زاتیدا، ئەوا زانست و عیلمی خوا و هەموو سیفاتەکانی ناتەواوی و بێ متمانەیی لەخۆدەگرێت و: كذباً، مستلزماً سبق الجهل، وحدوث العلم وتجدده، وهذا مما يعلم ضرورة أن الله تعالى منزه عنه، بل هو من صفات المخلوقين المربوبين، لا من صفات الخالق سبحانه[1]. واتای ئەوە دەگەیەنێت خوا پەنامان بات هەر لە درۆ و نەزانینی پێشوەختە و تازەگەری لە زانینی خوادا و کۆکردنەوەی دوو پێچەوانەی دژبەیەك لە یەك کاتدا، کە ئەمانەش بۆخۆی سیفاتی دروستکراوەکانیەتی و سیفاتی پەروەردگار نییە.

٢. دەبێتە هۆکاری بەدرۆخستنەوەی خۆی، وەکوو (أبو جعفر النحاس) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَهَذَا الْقَوْلُ عَظِيْمٌ جِدّاً يُؤَوِّلُ إِلَى الْكُفْرِ، لِأَنَّ قَائِلا لَوْ قَالَ: قَامَ فُلانٌ ثُمَّ قَالَ: لَمْ يَقُمْ، فَقَالَ: نَسَخْتُهُ لَكَانَ كاذباً[2].

واتە: ئەنجامی ئەم قسەیە گەورەیە، هۆکارە بۆ بێبڕوابوون، لەبەرئەوەی خاوەن قسە ئەگەر بێت و بڵێت فلان کەس هەستاوە دوایی بڵێت هەڵنەستاوە؛ دەبێتە درۆ بەسەر خاوەنەکەیەوە.

یاخود هۆکارە بۆ نەبوونی عیلم و زانست، یاخود خاوەن گوفتار بە گومانەوە قسە دەکات و بێئاگایە لە حەقیقەتی شتەکان، کە ئەمانە بۆخۆی شاییستە نین بۆ پەروەردگار و خاوەنی ئەم

(١) "منهج الإستدلال على مسائل الإعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٢٦٩).

(٢) "الناسخ والمنسوخ" للنحاس ص٣، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٦٥).

سیفاتانە ئادەمیزادە نەك خوا.

(**ابن تيمية**) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت**: كتاب الله نوعان: خبر وأمر: أما الخبر فلا يجوز أن يتناقض، ولكن قد يفسر أحد الخبرين الآخر ويبين معناه. وأما الأمر فيدخله النسخ، ولا ينسخ ما أنزل الله إلا بما أنزل[1].

واتە: فەرموودەکانی خوا دوو جۆرە: جۆرێکی هەواڵە غەیبییەکانە و جۆرێکی فەرمانە شەرعییەکانە، هەواڵەکان نابێت بە هیچ شێوەیەك دژبەیەك بن، بەڵکوو شیکەرەوەی یەکن، بەڵام فەرمانە شەرعییەکان سڕینەوە و گۆڕانکاری تیایاندا ڕووەدات.

بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە سڕینەوە و گۆڕانکاری (النسخ والتبديل) بابەتە عەقیدەییەکان ناگرێتەوە ئەوەیە کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ٢٥﴾ [الأنبياء: ٢٥]. واتە هەر پێغەمبەرێك پێش تۆ ڕەوانەمان کردبێت هەموویان وەحیمان بۆ ناردوون بیگەیەنن بەو خەڵکە کە هیچ خوایەك نییە شاییستەی پەرستن بێت بێجگە لە پەروەردگار، کەواتە پێغەمبەران لە تەوحیددا یەك بەرنامە و ڕێڕەویان هەبووە بەڵام لە (تشريع)دا شەریعەتیان جیاواز بووە.

وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی: «الْأَنْبِيَاءُ إِخْوَةٌ لِعَلَّاتٍ، أُمَّهَاتُهُمْ شَتَّى وَدِينُهُمْ وَاحِدٌ»[2]. واتە پێغەمبەران بران و لە نەوە و بنەماڵە پایەدارەکانن، ئەگەرچی دایکیان جیاوازن بەڵام دینیان هەر یەکە، وە دینیش مەبەست پێی تەوحیدە.

ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی پێغەمبەران عليهم السلام بانگەوازییان بۆ تەوحید و عەقیدە و ئیمان یەکێکن و هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوانیاندا بە هۆکاری کات و شوێن و زمانەوە، بە زانست و عیلمی خوای ئەزەڵی نێردراون و هیچ سڕینەوە و گۆڕانکارییەك (نسخ وتبديل) لە عەقیدە و تەوحیدیاندا ڕووی نەداوە تیایاندا و ڕووش نادات.

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٧/ ١٦)، و "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ٢٠٨).

(٢) رواه البخاري (٣٤٤٣)، ومسلم (٢٣٦٥)، وابن حبان في "صحيحه" (٦١٩٤)، وأحمد في "المسند" (٨٢٤٨)، والحاكم في "المستدرك" (٤١٥٣)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٣٧٥٢٦)، والطيالسي في "مسنده" (٢٦٩٨).

وە هەر ئەمەش شاییستەی زانستی پەروەردگارە، هەموو لـەبیرچوون و نەزانین و لێتێکچوون و هەڵـە و گۆڕانکارییەك شاییستەی دروستکراوەکانیەتی و سیفاتی ئادەمیزادە.

مەبەست لـەم بابەتی (النسخ)ەشدا ئەوەیە فیرەقە گومڕاکان بڕیاری سڕینەوە و گۆڕانکاری (النسخ والتبدیل) لـە بواڕەکانی عەقیدە و تەوحیددا دەدەن، کە ئەمەش بۆخۆی هەڵـەیەکی شەرعی و زانستییە بووەتە هۆکاری گومڕایی و لادانیان لـە بەرنامەی قورئان و فەرموودە بە تێگەیشتنی هاوەڵان و زانایانی ئەهلی سوننەت.

کورتە و کۆتایی ئەم بابەتە ئەوەیە بە هەموو پێوەرێکی شەرعی و زانستی و عەقڵی و (فطرة)ی ئادەمیزاد (اجتهاد ونسخ وتبدیل) لـە بوراەکانی تەوحید و عەقیدەییەکاندا کە غەیبین جێگەی نابێتەوە و نایەتە دی، وە هەر ئەم بابەتە هۆکاری سەرەکی هەموو گومڕاییەکی فیرەقەکانە لـە بواڕەکانی هەرسێ جۆرەکەی تەوحیددا بەتایبەت (الأسماء والصفات)، بەڵکوو هەریەك لـە (اجتهاد ونسخ وتبدیل) لـە بواڕە کرداریەکاندا ڕووەدات کە پێی دەوترێت شەریعەت و فیقهی ئیسلامی و بەتەنیا ئەهلی سوننەت ئەم یاسا شەرعی و زانستییەی پاراستووە و هەموو ئیجتیهاد و هەوڵـدانێکیان لـە فیقهدا بەکارهێناوە، بواری عەقیدە و تەوحید و بابەتە غەیبییەکانیان وەکوو خۆی وەرگرتووە و گواستوویانەتەوە و باوەڕ و یەقینیان لـەسەر دامەزراندووە و لـەسەر ڕێڕەوی ئەو بەرنامە و شێواز و تێگەیشتنانە بوون کە هاوەڵان و شوێنکەوتووانیانی لـەسەر بووە.

بنـەمـای چـوارەم

ئیمان بە ڕووکەشی دەقەکان کە لەخۆگری مەبەستە شەرعییەکانە
(الإیمان بظواهر النصوص المطابقة لمراد الشارع)

بنەما لـە دەقەکانی قورئان و فەرموودەدا وەرگرتنیەتی بە گوێرەی ڕووکەشی دارشتنەکانی، بەبێ پەنابردنە بەر هیچ گۆڕانکارییەك و لـەکارخستنی واتاکانی، وە باوەڕبوون بەوەی کە ڕووکەشی دارشتنە شەرعییەکان دەقاودەق لـەخۆگری مەبەستی خاوەن گوفتارە، بەتایبەت بابەتەکانی عەقیدە و تەوحید کە بۆخۆی هیچ بواڕێکی ئیجتیهاد لـەخۆ ناگرێت.

بنەما لـە قسەدا ئەوەیە گوفتار دەبێتە بەڵگە لـەسەر مەبەستی خاوەن گوفتار، وە ڕێگەیەکیش نییە بۆ زانینی مەبەستەکانی خاوەن قسە بێجگە لـە وشە و دارشتنەکانی نەبێت لـە قسەکانیدا، بۆیە

ئەگەر گوێبیست بیەوێت مەبەستەکانی خاوەن قسە بزانێت دەبێت ئاشنا و شارەزا بێت بەسەر زمان و وشە و جۆری داڕشتن و لێکدانی وشەکانی خاوەن قسەدا، وە دەبێت دوو بابەتی سەرەکی لە نێوانیاندا هەبێت[١]:

یەکەم: دەبێت خاوەن قسە توانای هەبێت بەسەر دەربڕین و نەخشاندنی ئەوەی کە دەیەوێت لە مەبەستەکانیدا بە هەموو شێوازەکانی دەربڕین.

دووەم: گوێبیستیش خاوەنی توانای تێگەیشتن بێت لە زمانی خاوەن قسە.

وە ڕێگەی دەربڕینی مەبەستەکانی قسەش دوو جۆرە:

جۆری یەکەم: ڕێگەی بینین و هەستپێکردن لە گوێگردا: ئەمەش پێویستی بە زمانی قسەکردن هەیە لەلای قسەکەر، هەتا زمان پاراوتر و توانای دەربڕینی زیاتر بێت؛ تێگەیشتن ئاشکرا و قوونڵتر دەبێت لای گوێگر.

جۆری دووەم: (قیاس الغائب علی الشاهد) هاوشێوە و پێوانەکاری نادیار بە دیارەکان و بوونەکان: ئەمەش دەبێت ئەو شتەی کە تۆ باسی دەکەیت هاوشێوەی لە بووندا هەبێت، ئەوکاتە پێویستی بە پێناسە و هاوشێوەکاری هەیە لە نێوانیاندا بە ئەندازەی بەشداربوو و جیاکارییان لە یەکتر، هەتا ئەم شێوازی هاوشێوەکارییە بەهێزتر بێت دەربڕین و تێگەیشتن تەواوتر دەبێت، وە ئەگەر هاوشێوەش نەبێت ئەوا بە ڕێگەی خوێندنەوە و تێگەیشتنی دیاری مەبەستەکان لێتێگەیشتن دروستدەبێت.

وە مەبەستی خاوەن قسە و گوفتار بە چەند ڕێگەیەك دەناسرێتەوە، لەوانە:

١. دەربڕینی ڕاستەوخۆی مەبەستەکانی.

٢. بەکارهێنانی ئەو وشە و داڕشتنانەی کە بە ڕووکەش داڕێژراوە بۆ مەبەستەکان بەبێ بەکارهێنانی هیچ پاشگر و پەیوەستییەکی قسەکە کە لە واتای داڕێژراوی خۆی بیترازێنێت.

٣. یاخود قسەکانی دەورە دراوە بە پێش و پاشگرێك لە دەربڕیندا کە مەبەستەکانی خۆی تیادا دەردەبڕێت[٢].

---

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٣٩٣).

(٢) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٣٩٤).

ئەمانە رِێگەی تێگەیشتنی قسە و دارِشتنەکانی ناو ئادەمیزادە بۆ گەیشتن بە رِاست و دروستی مەبەستەکانی نێوانیان.

وە بە هەمان شێوەش ئەگەر بمانەوێت لە مەبەستە شەرعییەکانی قورئان و فەرمودە تێبگەین پێویستمان بە هەمان رِێگە هەیە، لەبەرئەوەی پەروەردگار وتار و مەبەستەکانی بە گوێرەی ئەو زمان و شێواز و ئاشنا و شارەزابوونەی نێوان ئادەمیزاد دەربڕیوە کە ئاشنای کردوون بەسەریدا، گەرنا بەڵگەکاری و پێگەیشتن و تێگەیشتن بە ئەنجام نایەت.

دەقە شەرعییەکان لە رِووی مەبەست و واتاکانیەوە سێ جۆرن[1]:

یەکەم: جۆرە دەقێك کە زیاتر لە یەك واتا و مەبەست لەخۆ ناگرێت، ئەمانە دڵنیایی و زانستی تەواو بە دارِشتنەکانیان دەدەن بەدەستەوە، وەك: ﴿فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمْسِينَ عَامًا﴾ [العنكبوت: ١٤]. کە مانەوەی (نوح) علیه السلام نۆ سەدە و پەنجا ساڵ بووە لەنێو گەلەکەیدا، لەوە زیاتر هیچی تر لەخۆناگرێت تا لە واتاکەی بتزازێت.

دووەم: جۆرە دەقێك ئەگەری لەخۆگری واتا و مەبەستەکانی بێجگە لە خۆی هەیە لە دارِشتندا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە دارِشتنانە لە بەکارهێناندا ئەو ئەگەرەیان نامێنێت، بۆیە لە رِیزبەندی ئەوانەدایە کە لە یەك واتا و مەبەستدا خۆی دەبینێتەوە و هەڵگری هیچ واتا و مەبەستێکی بێجگە لە خۆی نییە.

ئەم شێوازە دەقانەش لە بناغەی بەکارهێناندا بەوەدا دەناسرێنەوە کە هیچ واتایەکی بێجگە لە خۆی لەخۆنەگرێت و ئەم شێوازەش بەتایبەت بەکاردەهێنرێت لە نووسینەوەدا، لەبەر رِاهاتوویی بیسەری ئەو گوفتارانە و دەق پێوەگرتنی قسەکەر لە وتاردا، دەبێتە بەشێك لەو دەقانەی کە واتا گۆرِکێ و بەکارهێنانی دوور (تأویل ومجاز) لەخۆ نەگرێت، بەتایبەت ئەگەر خاوەن ئەم دارِشتنانە لە پێگەی ئامۆژگاری و رِێنموونیدا خۆی ببینێتەوە کە هەموو هەوڵێکی گەیاندنی مەبەست و تێگەیشتنی بەرامبەر بێت، وەکوو دەقە شەرعییەکان، بۆ نموونە وشەی (الإستواء) کە واتای لەسەربوونی خوایە لەسەر عەرِش، بەڵام فیرقەکان دەڵێن (استولی) واتە دەستی بەسەر عەرِشدا گرتووە، بەڵام لە کۆتا بەکارهێناندا هەر واتای (استواء) دەگەیەنێت کە لەسەربوونی عەرِشە.

---

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٣٩٨).

سێیەم: کۆمەڵە دەقێکی کورت کە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە، بەبێ ڕوونکاری لەسەری هۆکارە بۆ ئەگەری مەبەستی تر، ئەمانەش بە ڕێگەی دەقانێکی پەیوەست بە خۆی یاخود جیاواز و دوور لە شوێنی خۆی دەبێت شیکاری و دیاریکردنی مەبەستی لەسەر بکرێت، وەکوو قورئان بۆ شیکاری فەرموودە، وە لە ئەگەری مانەوەی واتای تردا بۆی وە هیچ دەقێکی تر نەبێت بۆ شیکاری و یەکلاکردنەوەی؛ ئەوە دڵنیا دەبین کە لە قورئان و فەرموودەدا ئەم شێواز و داڕشتنانە بوونی نییە، لەبەرئەوەی خەڵك نابێت لە گوماندا بمێنێتەوە، مە گەر بوونی ئەمانە بەس لە پیتە پچڕاوەکانی سەرەتای سوورەتەکاندا هەبێت.

لە ئەنجامدا دەرکەوت دەقەکانی قورئان و فەرموودە ڕوون و ئاشکرا و شیکەرەوەن، بە شێوەیەك مەبەستەکانی شاراوە نین و نابێت شاراوە بن، لەبەرئەوەی قورئان بۆخۆی وەسف کراوە بەوەی ئامۆژگاری و شیفا و هۆکاری هیدایەت و ڕێنموونی و پڕ بەزەیی خواییە بۆ ئادەمیزاد و هۆکاری ڕزگاربوونیەتی لە گومڕایی و تاریکییەوە بۆ ڕێگەی ئیمان و ڕووناکی، بەم پێوەرانە دەبێت وشە و داڕشتنەکانی دەقاودەق گونجاو بێت لەگەڵ مەبەستەکانی خاوەن دین و شەرعدا، وەکوو خۆی دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٥٧﴾ [يُونُس: ٥٧]. ئەی خەڵکینە لەلایەن پەروەردگارتانەوە ئامۆژگاری و هۆکاری شیفای دڵەکان و هیدایەت و بەزەییتان بۆ ڕەوانە کراوە.

گەر وانەبێت چۆن گەیاندنی دین و ئاگاداری خوایی و بەڵگەکاری بۆ قیامەتیان دێتە دی تاوەکوو ببێتە هۆکاری نەمانی هیچ پاساوێکی ڕزگاربوونیان لە قیامەتدا؟! وە تەنانەت لە ئەوپەڕی ڕوون و ئاشکراییدا پێغەمبەران ﷺ بەس پێگەیاندنیان لەسەر بووە، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ﴾ [النور: ٥٤]، [العنكبوت: ١٨].

(ابن عباس) رَضِيَٱللَّهُعَنۡهُمَا دەڵێت: التَّفْسِيرُ عَلَى أَرْبَعَةِ أَوْجُهٍ تَفْسِيرٌ تَعْرِفُهُ الْعَرَبُ مِنْ كَلَامِهَا وَتَفْسِيرٌ لَا يُعْذَرُ أَحَدٌ بِجَهَالَتِهِ وَتَفْسِيرٌ تَعْلَمُهُ الْعُلَمَاءُ وَتَفْسِيرٌ لَا يَعْلَمُهُ إِلَّا اللهُ مَنْ ادَّعَى عِلْمَهُ فَهُوَ كَاذِبٌ، ... وَقَدْ قَالَ مُجَاهِدٌ: عَرَضْت الْمُصْحَفَ عَلَى ابْنِ عَبَّاسٍ مِنْ فَاتِحَتِهِ إلَى خَاتِمَتِهِ أُوقِفُهُ عِنْدَ كُلِّ آيَةٍ وَأَسْأَلُهُ عَنْ تَفْسِيرِهَا[1].

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٥٥)، و "تفسير الطبري" (١/ ٧٠)، و "تفسير ابن كثير" (١/ ١٤).

واتە: تەفسیری قورئان چوار جۆرە: تەفسیرێك عەرەب بەگوێرەی زمانەكەیان دەیزانن، وە تەفسیرێك كەس پاساوی نییە نەیزانێت، وەكوو: ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾، وە تەفسیرێك كە زاناكان دەیزانن، وەك: (مطلق ومقيد وعام وخاص ...)، وە تەفسیرێك كەس نایزانێت بێجگە لە خوا، ئەوەی بانگەوازی زانینی بكات درۆزنە، وەكوو: (هاتنی رۆژی قیامەت و چۆنیەتی سزای گۆڕ و وورەدەكارییەكانی بەهەشت و جەهەننەم ...). وە ئیمامی (مجاهد) دەڵێت: پیاچوونەوەی قورئانم كردووە لە خزمەت (ابن عباس)دا هەر لە سووڕەتی (الفاتحة)وە تا كۆتاییەكەی قورئان لەسەر هەموو ئایەتێك دەوەستام و ڕاڤە و تەفسیریم پێ دەكرد، مەبەستی (مجاهد) لەوەدایە كە هیچ شتێك نەبوو لە قورئاندا (ابن عباس) بڵێت نایزانم و نادیارە.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت: أَنَّ الصَّحَابَةَ وَالتَّابِعِينَ لَمْ يَمْتَنِعْ أَحَدٌ مِنْهُمْ عَنْ تَفْسِيرِ آيَةٍ مِنْ كِتَابِ اللهِ وَلَا قَالَ هَذِهِ مِنْ الْمُتَشَابِهِ الَّذِي لَا يُعْلَمُ مَعْنَاهُ وَلَا قَالَ قَطُّ أَحَدٌ مِنْ سَلَفِ الْأُمَّةِ وَلَا مِنْ الْأَئِمَّةِ الْمَتْبُوعِينَ: إنَّ فِي الْقُرْآنِ آيَاتٍ لَا يَعْلَمُ مَعْنَاهَا وَلَا يَفْهَمُهَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَلَا أَهْلُ الْعِلْمِ وَالْإِيمَانِ جَمِيعُهُمْ وَإِنَّمَا قَدْ يَنْفُونَ عِلْمَ بَعْضِ ذَلِكَ عَنْ بَعْضِ النَّاسِ وَهَذَا لَا رَيْبَ فِيهِ[1].

واتە: هاوەڵان و تابعین هیچیان ڕێگرییان نەكردووە لە تەفسیری ئایەتێك لە قورئان، وە نەیان وتووە ئەوە واتای جۆراوجۆری هەیە (المتشابه) و كەس تەفسیری نازانێت، وە یەكێكیان نەیانوتووە تەنانەت ئیمامە ناوداركانیش كە لە قورئاندا چەند ئایەتێك هەیە تەفسیرەكەی نازانرێت، تەنانەت پێغەمبەری خوا و زانایان و بڕوادارانیش نایزانن، ئەوەی بیڵێن ئەوەیە كە هەندێك لە خەڵكی زانیارییان نییە بەسەر هەندێك لە دەقەكاندا، ئەمەیان بێگومان تەواوە لەبەرئەوەی ئەوان لە ئاستی زانیاری و زانستدا نین.

ئایا دەقەكان مەبەستی ڕووكەش و ناوەڕۆكیان هەیە؟!

هل للنصوص ظاهر وباطن؟

فیرەقەكانی (الشيعة والصوفية والقرامطة الباطنية والإسماعيلية ...) دەڵێن قورئان خاوەنی

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٣/ ٢٨٥).

ڕووکەش و ناوەڕۆکە لە ڕووی واتا و مەبەستەکانیەوە، وە (معتزلة وأهل الكلام ...) لە فیرقە فەلسەفییەکان بە جۆرێکی تر ئەم بابەتە دەردەبڕن، ئەویش ئەگەر ڕووکەشی دارشتنی دەقەکان نەگونجا لەگەڵ عەقڵدا ئەوا واتا و مەبەستێکی تری بۆ دەدۆزنەوە کە بگونجێت لەگەڵ بۆچوونە فەلسەفی و عەقڵییەکاندا، کە لە ئەنجامدا هەمان کار دەگرێتەوە، ئەویش ترازاندنی دەقەکانە لە واتا و دارشتنەکان لە مەبەست و واتای ڕاست و دروستی خۆیان.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَقَدْ شَاعَ فِي كَلَامِ كَثِيرٍ مِنْ النَّاسِ: "عِلْمُ الظَّاهِرِ وَعِلْمُ الْبَاطِنِ" و "أَهْلُ الظَّاهِرِ وَأَهْلُ الْبَاطِنِ". وَدَخَلَ فِي هَذِهِ الْعِبَارَاتِ حَقٌّ وَبَاطِلٌ. وَقَدْ بُسِطَ هَذَا فِي غَيْرِ هَذَا الْمَوْضِعِ؛ لَكِنْ نَذْكُرُ هُنَا جُمَلًا مِنْ ذَلِكَ فَنَقُولُ: قَوْلُ الرَّجُلِ: "الْبَاطِنُ" إمَّا أَنْ يُرِيدَ عِلْمَ الْأُمُورِ الْبَاطِنَةِ مِثْلَ الْعِلْمِ بِمَا فِي الْقُلُوبِ مِنْ الْمَعَارِفِ وَالْأَحْوَالِ وَالْعِلْمِ بِالْغُيُوبِ الَّتِي أَخْبَرَتْ بِهَا الرُّسُلُ وَإِمَّا أَنْ يُرِيدَ بِهِ الْعِلْمَ الْبَاطِنَ أَيْ الَّذِي يَبْطُنُ عَنْ فَهْمِ أَكْثَرِ النَّاسِ أَوْ عَنْ فَهْمِ مَنْ وَقَفَ مَعَ الظَّاهِرِ وَنَحْوِ ذَلِكَ[1].

واتە: قسەکردن لەسەر بابەتی ڕووکەش و ناوەڕۆك لە واتا و مەبەستدا بۆ دەقە شەرعییەکان لەناو خەڵکیدا بلاوە، ئەم قسە و باسانە حەق و بەتاڵ لەخۆدەگرێت، کەسێك کە دەڵێت (علم الباطن) ئەو عیلمەیە کە زانیاری دەدات بەسەر ئەو ووردەکاری و ئاشنابوونەدا کە لە دڵدا هەیە لە ئیمان بە بابەتە غەیبییەکان، وەکوو ئیمان بە خوا و فریشتەکان و ڕۆژی دوایی و بەهەشت و جەهەننەم ... وە بابەتی نیەتپاکی و پشتبەستن بە خوا و خۆشەویستی و لێترسانی خوا ... ئەمانەش بۆخۆیان زۆرجار حەق و بەتاڵ لەخۆدەگرن، زانینی ئەمەش بە گونجاوی و پێکاندنی قورئان و فەرموودە دەبێت بەبێ بوونی دژایەتی لەگەڵیان.

یاخود (علم الباطن) ئەو عیلمەیە کە شاراوەتەوە لە زۆری خەڵکی یاخود ئەو کەسەی کە بە ڕووکەش هەڵوێستەی لەسەر دەکات، ئەمە گەر مەبەستی لەو جۆرە زانیارییانە بێت کە پێچەوانەیەتی لەگەڵ مەبەستی دارشتنەکانی قورئان و فەرموودە دەکات؛ ئەوە خاوەنی ئەمە گومڕا و بێبڕوایە و نەزانە، وەکوو (القرامطة والنصيرية والإسماعيلية وفلاسفة وغلاة المتصوفة والمتكلمين) و هاوشێوەکانیان.

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٣/ ٢٣٢).

وە ئەگەر پێچەوانەی دارشتنەکانی بەڵگە شەرعییەکان نەکات؛ ئەوا وەکوو ئەوەی پێشوو حەق و بەتاڵ لەخۆدەگرێت، ئەمەش بەگوێرەی گونجاوییان لەگەڵ قورئان و فەرموودە یاخود پێچەوانەیەتییان، وەکوو قسەی سۆفییەکان لەژێر ناونیشانی (الإشارات والكشوف لأرباب السلوك) ئاماژە و دەربڕینی پیاوانی ڕێگای خواناسی، ئەمانە زۆرجار قسەیەکی دروست دەکەن لەسەر شتێك پەیوەندی دووری بەو بابەتەوە دەبێت بەڵام نابێتە بەڵگە، وەك: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تَذۡبَحُواْ بَقَرَةٗ﴾ [البَقَرَة : ٦٧]. دەڵێن واتە نەفسی ئادەمیزاد سەربڕە، لەبەرئەوەی ئەوان بە نەفس و ئارەزووەکانیان مانگایان دەپەرست.

یاخود وەکوو پەند وەرگرتن و هاوکێشانەکردن بۆی واتای بۆ دەدۆزنەوە، وەك: ﴿لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ٧٩﴾ [الوَاقِعَة : ٧٩]. دەڵێن ئەگەر لەوحێك حەرفەکانی قورئانی لەسەر نووسرابێت بە پاکی نەبێت نابێ دەستی لێبدەیت، کەواتە بە هاوشێوەی ئەوە ئەگەر دڵێك پاك نەبێت ناتوانێت مەبەست و چێژی قورئان وەربگرێت، ئەمە پێکاندنێکی دوورە و گونجاوە بۆ مەبەستەکانی قورئان.

بە شێوەیەکی گشتی ڕووکەش و ناوەڕۆك لای (السلف الصالح) و پێشەوایانی خاوەن مەنهەجی دروستی ئەهلی سوننەت نەبیستراوە و بەکارنەهێنراوە، بەڵکوو ناونیشان و بەکارهێنانی فیرقە گومڕاکانە بۆ ڕزگاربوونیان لە دەقە شەرعییەکان لەکاتێکدا نەگونجێت لەگەڵ ڕێڕەو و بەرنامەیاندا.

وەکوو فیرقە فەلسەفییەکان لە بواری ناو و سیفاتەکانی خوادا دەڵێن ڕووکەشەکانیان هاوشێوەی سیفاتی ئادەمیزادە و نابێت سیفاتی خوا لە ئادەمیزاد بچێت، ئەم قسەیە تەواوە ئەگەرچی بەم قسەیە مەبەستیان باوەڕنەبوونە بە ناو و سیفاتەکانی خوا و دان نەنانە پیایاندا بە پاساوی لێکچوو و بوونی جەستە بۆ خوا؛ ئەوا ئەم واتا و ڕووکەش بڕیاردانانە بۆ دەقەکان پێچەوانە و دژایەتی وشە و دارشتن و مەبەستەکانی قورئان و فەرموودە دەکات.

وەك الشَّيۡخ (ابن عثيمين) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: ظاهر النصوص ما يتبادر منها إلى الذهن من المعاني وهو يختلف بحسب السياق، وما يضاف إليه الكلام، ... وتركيب الكلام يفيد معنى

على وجه ومعنى آخر على وجه[١].

واتە: ڕووکەشی دەقەکان ڕاستەوخۆ واتا و مەبەستێك دەداتە بیروهۆشی ئادەمیزاد هەرجارەی بە شێوازێکی جیاواز، کە بە هۆکاری جۆری داڕشتن و زیادکردنی وشەکان پێکهاتەی ڕستەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر واتاکانیان دەگۆڕدرێت.

ئەم پێناسەیەی (ابن عثیمین) بۆ (ظاهر النصوص) مەبەست پێی تێگەیشتنی زانایانی سەلەفە کە جیاوازە لە پێناسە و مەبەستی زانایانی (الأصولي) ئەم دواییە کە مەبەستیان پێی بوونی دەقێکە دوو واتا لەخۆ بگرێت: (الراجح والمرجوح)، واتای بەهێز و لەپێشتر یاخود لەپاشتر و لاوازتر لەو، ئەمە لە کاتێکدایە بە شێوەیەکی گشتی هەموو (نص) و دەقەکان بەتەنیا لەخۆگری یەك واتا و مەبەستن[٢].

ئەمەیە کە بیدعەکاران دەیقۆزنەوە و بۆ بەحساب بەهێزکردنی بیدعەکەیان وشە و داڕشتنی (ظاهر النصوص) بە شێوازی زانایانی (الأصولي) ئەم دواییە بەکاردەهێنن کە (الراجح والمرجوح)ە، لەگەڵ ئەوەشدا یەك مەبەست و واتا هەڵدەگرێت.

لەبەرئەوە (ابن تیمیة) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت:** فَلَفْظَةُ "الظَّاهِرِ" قَدْ صَارَتْ مُشْتَرَكَةً؛ فَإِنَّ الظَّاهِرَ فِي الْفِطَرِ السَّلِيمَةِ وَاللِّسَانِ الْعَرَبِيِّ وَالدِّينِ الْقَيِّمِ وَلِسَانِ السَّلَفِ غَيْرُ الظَّاهِرِ فِي عُرْفِ كَثِيرٍ مِنْ الْمُتَأَخِّرِينَ[٣].

واتە: وشەی "ڕووکەشی داڕشتنەکان" وشەیەکی تێکەڵە و لەخۆگرییەکی زۆری تیادا بەشداڕە، بەڵام ڕووکەشی داڕشتنە شەرعییەکان بە شێوازی نیەت و ناخ پاکی ئادەمیزاد و لە زمانی عەرەبی ڕەسەن و دینێکی پاکدا، وە تێگەیشتنی هاوەڵان و شوێنکەوتووانی، زۆر جیاوازە و ئەو ڕووکەش و داڕشتنانە نییە و ناگرێتەوە کە لە بەکارهێنانی فیرەقەکاندا بەدی دەکرێت و مەبەستیانە.

کۆی قسەکان ئەوەیە ڕووکەش و ناوەڕۆك بۆ داڕشتنی دەقەکانی قورئان و فەرمودە دەبێت

(١) "القواعد المثلى في صفات الله وأسمائه الحسنى" لابن عثيمين ص٣٦.

(٢) "علم التوحيد عند أهل السنة والجماعة" لدكتور محمد يسري ص٢٧١.

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣٣/ ١٧٥).

لە رێڕەوی مەنهەجی قورئان و فەرموودە بە تێگەیشتنی (السلف الصالح) لانەدات، بە لەخۆگری شێواز و داڕشتنی زمانی عەرەبی ڕەسەن.

لەبەرئەوە ئیمان بە ڕووکەشی داڕشتنە شەرعییەکان بە شێوازی دروستی خۆی و پەنا نەبردنە بەر (تأویل) و واتا گۆڕینی زۆرەملێ بۆ دەقەکان دەبێتە هۆکار بۆ پەیوەستبوون و لانەدان لە قورئان و سوننەت بە وشە و واتای تەواوی خۆی، وە هۆکاری پاراستنە لە ئالۆزکردن و بەزۆر گونجاندن، وە قسەکردنی بێ بنەما لەسەر دەقە شەرعییەکان، بەدەر لەوەی پاراستنی دین لەوەدایە ئەو ڕێگایانەی هۆکارە بۆ دەرچوون لە ڕێڕەوی دین دابخرێن و بەری پێبگیرێت، یەکێك لەو هۆکارانەی هەموو ئەمانەی تیادا کۆدەبێتەوە ئەوەیە لە مەبەستی دروستی (ظاهر) و ڕووکەشەکانی قورئان و سوننەت لانەدەین.

بەڵام فیرقە لادەرەکان بە هۆکاری بەرنامەی پێشوەختەی خۆیان بۆ تێگەیشتن لە دین و لانەدان لە ڕێڕەوی تایبەتیان بەریان بە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی دین گرتووە ﴿فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِهِۦ﴾، بە ترازاندنی لە ڕێگەی دروست و بەرنامەی پاکی خۆی، هەرجارێك بە ناونیشان و بیانوویەکی عەقڵی گومڕایی خۆیان، جارێك کارکردن بە لایەك لە دەقەکان، وەکوو خەوارجەکان کارکردن بە دەقە هەڕەشە ئامێزەکان بۆ موسوڵمانان و پەراوێزکردنی موژدە و لێخۆشبوون و هۆکاری ڕزگاربوونەکان (الوعد والوعيد)، وە لە بەرامبەریشدا مورجیئەکان بە پێچەوانەوە، وە (معتزلة والقدرية والأشاعرة ...)کانیش هەرجارەی بە ناوێك گومان دەخەنە سەر دەقەکان، جارێك بە ناوی (الحقيقة والمجاز) بۆ واتای دروستی دەقەکان، وە جارێك بەهێزی و لاوازی باوەڕپێکردن و متمانە خستنە سەر دەقەکان بەناوی (قطعي الدلالة، ظني الدلالة) یەکلاکاری و گومان لە بەڵگەکاندا، وە جارێك بەناوی ڕێژەی ژمارەی ڕاوییەکان (الخبر المتواتر والخبر الآحاد) تاوەکوو ببێتە پێوەری وەرگرتن.

تا لە کۆتایی بڕیاریاندا بە ئاشکرا بڕیاریان دا داڕشتنەکانی قورئان و سوننەت هیچ دڵنیاییەك و زانستێکی یەکلاکەرەوە نادات بەدەستەوە (اليقين والعلم) بە بیانووی ئەوەی ئەمانە داڕشتنێکی زمانەوانین و پێکهاتەن لە وشە و لێکدانی پیتەکان و هیچ ڕێگایەکی دروستمان نییە بۆ دڵنیابوون لە مەبەستەکانی خاوەن قسە کە خوا عَزَّوَجَلَّ بێت یاخود پێغەمبەر ﷺ.

وە ئەگەر ڕێگەیەکیش ببێت لای ئەوان بۆ ئەم مەبەستە ئەوا ئەوەندە مەرجی تیادایە کە نایەتە دی، بەڵکوو لە کۆتادا دەقە شەرعییەکان لایان وشە و لێکدراوێکی بێ واتا و مەبەستە و هۆکاری زانست و هیدایەت و یەکلاکاری نییە بۆ هیچ شتێك، وەکوو پیتە هیجائییەکانی سەرەتای سوورەتەکان وایە و ڕووکەشێکی داڕشتنە بەبێ واتا و مەبەستی دیاریکراوی تایبەتی خۆی، ئەمەش نموونەیەکە لە بڕیارەکانیان:

قال الإيجي: الدلائل النقلية هل تفيد اليقين؟. قيل: لا؛ لتوقفه على العلم بالوضع والإرادة. والأول (العلم بالوضع) إنما يثبت بنقل اللغة والنحو والصرف، وأصولها تثبت برواية الآحاد، وفروعها بالأقيسة، وكلاهما ظنيان. والثاني (الإرادة) يتوقف على عدم النقل والاشتراك، والمجاز والإضمار، والتخصيص والتقديم والتأخير، والكل لجوازه بانتفائه، بل غايته الظن. ثم بعد الأمرين لا بد من العلم بعدم المعارض العقلي؛ إذ لو وجد لقدم على الدليل النقلي قطعًا[(١)].

وقال الجرجاني في شرح هذا الكلام: إن القول بأن الأدلة النقلية لا تفيد اليقين هو مذهب المعتزلة وجمهور الأشاعرة[(٢)].

واتە: بەڵگە شەرعییەکان ئایا دڵنیایی دەدەن بەدەستەوە؟ دەڵێن نەخێر لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: زانستی داڕشتنەکان (الوضع)، وەکوو (النحو والصرف واللغة والبلاغة): ئەمانە دەبێت خوێنەر زانستی تەواوی زمانەوانی (نحو وصرف) شیکار و ڕاڤە و پێکهاتەی وشەکان بزانێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە بنەماکانی ئەم زانستانەش بە بڕیاری تاکەکەسی زانایانی (اللغة والنحو) بنیاد نراوە و داڕێژەری هەردوو ئەم ڕێگایانە (اللغة والنحو) هەر (آحاد)ن و تاکە زاناکانن و (معصوم) نین، بۆچی پلەی (آحاد)ی خۆیان ناخوێننەوە بۆ زانستەکانی (اللغة والنحو)ی خۆیان، بەڵام بۆ دەقە شەرعییەکان دەیکەنە ڕەخنە؟!

دووەم: زانستی تێگەیشتنی مەبەستەکان (الإرادة) "لە دەقەکاندا": هۆکاری ئەم زانینەش لای

---

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٤١٢)، و "المواقف" للإيجي ص٣٩ - ٤٠.

(٢) "شرح المواقف" للجرجاني (٢/ ٥١).

ئەوان وەستاوە لەسەر ئەم خالانە:

١. (عدم النقل): دەبێت متمانە بدرێت لەسەر ئەگەری نەگۆڕین و گواستنەوەی واتا و مەبەستە دیاریکراوەکانی دەقەکان هەر لە سەردەمی هاتنەخوارەوەی وەحی و ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ دوای ئەوان، لە نەمانی ئەم ئەگەرە ئەوکات مەبەستەکە دیاری دەکرێت لە دەقەکەدا.

٢. (عدم الإشتراك): دڵنیابین لەوەی کە دەقەکە واتا و مەبەستی تر لەخۆ نەگرێت.

٣. (عدم المجاز): دەبێت دەقەکە واتا و دارشتنی (مجاز) لەخۆ نەگرێت، مەبەستە حەقیقییەکەی بێت.

٤. (عدم الإضمار): دەقەکە نابێت ئاماژە و مەبەستە دوورەکان لەخۆ بگرێت.

٥. (عدم التخصيص): نابێت دەقەکە تایبەتمەندێتی (خاص)ی تیادا بەدیبکرێت، گەر نا (عام) و گشتی تیادا مەبەستە، نەك تایبەتمەندییەکە.

٦. (عدم التقديم والتأخير): نابێت دەقەکە لەخۆگری پێش و پاشخستنی تیادابێت، ئەگەر وابێت ئەوا واتا و مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە.

٧. (عدم المعارض العقلي): لە کۆتایی هەموو ئەو خالانەدا و لە ئەگەری نەبوونیاندا و سەلامەتی دەقەکەدا نابێت پێچەوانەی بۆچوون و ڕا عەقڵییەکان بێت، گەر پێچەوانە بوو ئەوە بە دڵنیاییەوە عەقڵییەکان پێش دەقەکان دەکەوێت.

لەگەڵ بوونی هەریەکێك لەو ڕێگری و ئەگەرانە لە دارشتنی دەقەکاندا؛ دڵنیابوون و یەکلابوونەوە بەدەست نایەت لە تێگەیشتنی مەبەستی دەقەکاندا.

ئەمانە هەمووی بیانوو و ڕێگرێکن دانراون بۆ لەکارخستنی واتا و مەبەستەکانی دەقە شەرعییەکان، لەبەرئەوەی ناگونجێت لەگەڵ بیر و بەرنامەی ئەواندا، بەڵام ئەهلی سوننەت هیچ مەرج و مەرجکارییەکیان نییە لەم بوارەدا.

گومانیش نییە لە هەموویان دەرچێت لە ڕێگرە گەورەکەی کۆتایی دەرناچێت کە عەقڵە.

(الجرجاني) دەڵێت: بڕیار لەسەر ئەوەی کە بەڵگە شەرعییەکان دڵنیایی نادەن بەدەستەوە بیرورای موعتەزیلە و کۆدەنگی ئەشعەرییەکانە.

وە ئەم ڕێگە و بیانووە بێبنەمایانەش (الفخر الرازي) لە کتێبی "أساس التقديس"دا دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت: الدلائل اللفظية لا تكون قطعية لأنها موقوفة على نقل اللغات، ونقل وجوه النحو والتصريف، وعلى عدم الاشتراك، والمجاز، والتخصيص، والإضمار، وعدم المعارض النقلي والعقلي. وكل واحد من هذه المقدمات مظنونة، والموقوف على المظنون أولى أن يكون مظنوناً، فثبت أن شيئاً من الدلائل اللفظية لا يمكن أن يكون قطعياً[١].

واتە: هەموو داڕشتنە وشەییەکان یەکلاکەرەوە نین (لەبەر ئەو هەموو هۆکارەی ڕابوردوو)، هەریەکێك لەوانە خۆیان بۆخۆیان هەڵگری گومان دەبن، ئەمانەش ئەوە دەسەلمێنن کە هیچێك لە داڕشتنە قسەییەکان دڵنیایی نادەن بەدەستەوە، واتە ئەگەر داڕشتنی خواییش بێت.

بەڵام وەکوو هەموو ڕێڕەوێکی گوماناوی خۆیان بەردەوام لە گوماندان تەنانەت لە بیروڕاکانیشیاندا، بۆیە زۆرجار گومان و پاشگەزبوونەوەیەك دەردەبڕن لەسەر ئەم بڕیارانەیان، ئەگەرچی هەر سوور و بەردەوامن لە پێچەوانەیەتی مەبەستی دەقەکان، بەتایبەت لە کاتی بوونی دژایەتی بابەتە عەقڵییەکان کە ئەمە خاڵی سەرەکییانە.

هەر بۆیە ئەو گومان و دڵەڕاوکێیە باس دەکات لە کتێبی "المحصول والأربعين"دا و دەڵێت: واعلم أن هذا الكلام على إطلاقه ليس بصحيح، لأنه ربما اقترن بالدلائل النقلية أمور عرف وجودها بالأخبار المتواترة ... وعلى هذا التقدير تكون الدلائل السمعية المقرونة بتلك القرائن الثابتة بالأخبار المتواترة مفيدة لليقين[٢]

واتە: بزانە ئەم قسانە بە شێوەیەکی گشتی ڕاست نین، لەبەرئەوەی ڕەنگە بە داڕشتنی دەقەکانەوە چەند کارێك پەیوەست کرابێت بە هۆکاریانەوە بزانرێت، لەوانەی لە ئاستی زانینی گشتی خەڵکیدا ئاشکرایە کە بەو هۆکارەوە واتا و مەبەستەکان تیایاندا دەردەکەوێت، لە ئەگەری ئەمانەدا دەبێت بڕیار بدرێت کە بەڵگە شەرعییەکان پەیوەست بەو زانینە گشتییەی ئاستی خەڵکی؛ دڵنیایی دەدات بەدەستەوە.

---

(١) "أساس التقديس" للرازي ص١٨٢، و "معالم أصول الدين" للرازي ص٢٤، و "المحصول" للرازي (١/ ٥٧٦)، و "المطالب العالية" للرازي (٩/ ١٣).

(٢) "الأربعين في أصول الدين" للرازي ص٤٢٦.

ئەم پاشەكشێیەش (الإيجي) لە كتێبی "المواقف"ەكەیدا و (الجرجاني)ش كە شەرحی كردووە ئاماژەی بۆ دەكات[1].

بەڵام ئەم پاشەكشێیەش سنووردار دەكەن لە بابەتە شەرعییەكانی كە پەیوەستن بە عیبادات و ئاداب ...ەوە، بەڵام بابەتە عەقیدەییەكان ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی نابێت پێچەوانەی بیروڕا عەقڵییەكان بێت، گەر نا عەقڵ لەپێش دەقەكانەوەیە، بۆیە دەقەكانی قورئان لای ئەمان بە زمانی حاڵ دەڵێن: أنت أدلة لفظية وظواهر سمعية لا تفيد العلم ولا اليقين فسندك آحاد وهو عرضة للطعن في الناقلين، وإن صح وتواتر ففهم مراد المتكلم منه موقوف على انتفاء عشرة أشياء لا سبيل إلى العلم بانتفائها ... إن حاصل كلام أرباب القانون يدور على ثلاث مقدمات:

الأولى: إن العلم بمراد المتكلم موقوف على حصول العلم بما يدل على مراده. **الثانية**: إنه لا سبيل إلى العلم بمراده إلا بانتفاء هذه الأمور العشرة. **الثالثة**: إنه لا سبيل إلى العلم بانتفائها.

فأي ذنب للنصوص إذا خالفت عقول بعض الناس فقد وافقت عقول أصح الناس عقلا

﴿فَإِن يَكْفُرْ بِهَا هَٰؤُلَآءِ فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُوا۟ بِهَا بِكَٰفِرِينَ ﴿٨٩﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ ۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ﴾ [الأنعام: ٨٩، ٩٠][2].

واتە: لە ئاستی قورئان و فەرموودەدا دەڵێن: تۆ ڕووكەشێكی داڕێژراوی قسە و بیستراویت و زانست و دڵنیایی نادەیت بەدەستەوە، ڕێگەی وەرگرتنەكانت ژمارە تاك و كەمەكانە (آحاد)، كە بۆخۆی لەبارن بۆ ڕەخنە و تانە لە ڕاوییەكان و هەڵگرانی، خۆ ئەگەر (صحيح متواتر)یش بیت ئەوا مەبەست و تێگەیشتن وەستاوە لەسەر ئەو دە خاڵەدا، وە ڕەوینەوەشیان ئەستەمە.

بە كورتی قسەی ئەم خاوەن یاسایانە لە سێ پێشەكی دەرناچێت:

یەكەم: ئاشنا و شارەزابوون بەسەر مەبەستی خاوەن قسە و داڕشتندا وەستاوە لەسەر شارەزایی بەسەر ئەو ڕێگایانەی كە دایان نابوو مەبەستەكان (الإرادة)ی پێ دیاری كەن كە لەمەوپێش باسمان كرد.

---

(١) "شرح المواقف" للجرجاني (٢/ ٥٦)، و "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٤١٣).

(٢) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (١/ ٢٩٨ – ٣٠٢).

دووەم: ڕێگەیەك نییە بەسەر ئاشنابوونی ئەو مەبەستانە بێجگە لە تێپەڕاندنی ئەو خاڵانە نەبێت.

سێیەم: وە دەربازبوون و تێپەڕاندنی ئەو خاڵانە هاتنەدی بۆیان ئەستەمە.

لەپاش ئەم بڕیارانەیان دەبێت هەڵوێستیان لە بەرامبەر دەقە شەرعییەکان ئەمانە بێت[1]:

١. گرتنەبەری ڕێگەی پاڵفتە و ڕزگاربوونی دەقەکان، بە بەکارهێنانی ئەو خاڵانەی ڕابوردوو تاوەکوو دڵنیایی بەدەست بهێنن، ئەو ڕێگایەش چنراوی دەستی خۆیانە بۆ نەگەیشتن بە مەبەست و واتاکانی قورئان و سوننەت.

٢. خۆ ئەگەر دەقەکان زاڵبن بەسەر مەبەستەکانیاندا و لەو خاڵانە دەرچوون ئەوا دەڵێن سەرقاڵ بن بە بەرپەرچدانەوەیانەوە، خۆ ئەگەر گومانیان باشبێت و داڕشتنێکی جوان بەکاربهێنن لە ئاستی دەقە شەرعییەکان دەبێت بڵێن: پێویستە ڕێگەی واتا و مەبەستەکانی (تفویض) بگرینە بەر، واتە مەبەست و واتاکانی بگێڕدرێنەوە بۆلای خوا و هیچی لە بارەوە نەزانین، وەکوو پیتەکان وایە و تاك تاك هیچ واتایەکیان نییە و هیچ ڕێنموونی و زانست و هیدایەتێکی لەسەر وەرناگیرێت وەکوو دەنگێکی بێ واتایە، لە ئاستیدا بەس خوێندنەوەیەکە کە چاوەڕێی پاداشت بیت لێی.

کەواتە تاوانی دەقەکانی شەرع چییە کە ناگونجێت لەگەڵ هەندێك لە عەقڵەکاندا؟! لەگەڵ ئەوەشدا گونجاو بوو لەگەڵ عەقڵی کاملترین کەسانی ئەم دینە وەکوو هاوەڵان و زانایان، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَإِن يَكۡفُرۡ بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ فَقَدۡ وَكَّلۡنَا بِهَا قَوۡمًا لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ ٨٩ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡ﴾ [الأنعام: ٨٩، ٩٠]. خۆ ئەگەر ئەمانە باوەڕی پێنەهێنن ئەوا کەسانێکی خاوەن ئیمان باوەڕیان پێی هێناوە و پەیوەستن پێوەی، هەر ئەوانە هیدایەتدراوی خوان، ئێوەش شوێنکەوتەی هیدایەتەکەیان بن.

خۆ ئەگەر ئەم یاسایەیان دابەزێنین بۆ ئاستی ئاخاوتنی نێوان خەڵك، بێ بنەمان بەگوێرەی ئەم خاڵانە:

١. تێگەیشتن و ئاشنابوون بە قسە و گوفتارەکان لە نێوان ئادەمیزاددا کارێکی پێویستە و بە

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٤١٥).

واقعی حاڵ هیچ کێشەیەك نییە لە نێوانیاندا، مەگەر هەندێك قسە و مەبەست کە خاوەنەکانیان بەجۆرێك بەکاریان دەهێنن کە بۆخۆیان کەس و چواردەور و چۆنیەتییەکەی لەلای بەرامبەر شاراوە نییە، گەر نا دەبێت هەموویان وەکوو کەرِ و لاڵ مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن کە بۆ خۆشیان ئەوانیش ئاشنان بەسەر هەموو جوولّە و ئاماژەیەکیاندا ...، بەدەر لەوەی هەموو گیانلەبەرێکیش هەموو تێگەیشتنی مەبەستەکانیان دەگەیەنن بە یەکتر، هەروەك منداڵێك لە سەرەتای تەمەنیدا هەموو مەبەست و پێویستییەکانی دەگەیەنێتە بەرامبەر ... گەر وانەبوایە ژیان دەوەستا و ناتەواو دەبوو.

٢. هەموو ئەو زانستانەی کە گوازراونەتەوە بۆمان هەر لە فەلسەفە عەقلّییەکانی ئەوانەوە هەمووی کەسانی خۆی لێی تێگەیشتوون و سوودمەند بوون، هەر لە بواری (الطب والهندسة والرياضيات والحكمة ...) کە دەشێت ئەگەری ئالۆزی لە هەندێکی کەمیاندا هەبێت، بەڵام هەموویان هۆکاری تێگەیشتن بوون.

خۆ ئەگە بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کە دەبێت دڵنیایی هەبێت لەسەر هەموو قسە و دارِشتنێك؛ ئەمە هیچ کەسێکی خاوەن عەقڵ بانگەوازی بۆ ناکات، وە بە پێچەوانەشەوە گەر بڵێن هیچ دڵنیاییەك نییە لەسەر هیچ قسە و دارِشتنێك ئەمەش بۆخۆی درۆ و قسەیەکی بەتاڵە و بەرامبەرکێیە لەگەڵ شتی ڕِوون و ئاشکرا و زۆر دیاردا.

٣. هەموو ئەو خاڵ و ڕِێگایەی دایان ڕِشتووە بۆ یەکلاکردنەوەی واتا و قسە و مەبەستەکان هەموویان لە کات و ئاستێکدا دەبێت کە دارِشتن و قسەکە ڕِوون نەبێت و ئەگەری واتا و مەبەستێکی تری تیادا بەدی بکرێت، وە ئاشکراشە ڕِێگەیەکی زۆر هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی مەبەستەکان لە ڕِووکەشی دارِشتنەکان، بەتایبەت لە ئاستی ڕِاستترین و بەهێزترین و پاکترین دارِشتن کە فەرموودەی خوا و پێغەمبەری خوایە ﷺ و هیچ پێویستییەکیان بە ئالۆزی و شاردنەوە و درۆ و گومڕایی نییە، بەڵام ئادەمیزاد ئەمانەی پێویستە لەبەر هێنانەدی پێویستییەکانی.

٤. یاسای ئەوەی زانست و ئاشنابوون بەسەر واتا و مەبەستی دارِشتن و قسەکاندا وەستاوە لەسەر بەدەستهێنانی زانست و شارەزایی بەسەر عیلمەکانی (اللغة والنحو والصرف ...) ڕِاست نییە، لەبەرئەوەی عادەت و ڕِاهاتنی هەموو گەلێك ئاشکرایە بەسەر جۆری قسەکردن و مەبەستەکاندا، وە ئەو عیلمانەش لەسەر ئەو ڕِاهاتنانە دارِێژراوە، وە هەموو پێغەمبەرێکیش بە زمانی

گەلەکەی نێردراوە تاوەکوو بەڵگەکاری بێت لەسەریان.

بەڵکوو یاسای شیکاری (نحو وصرف ...) لە قورئانەوە وەرگیراوە و پاڵپشت کراوە، هەربۆیە چۆن سەر و بۆری ئیعرابی قورئان و جۆری نووسینەوەکەی نەقڵ کراوە ئاواش واتا و تەفسیر و مەبەستەکانی نەقڵ کراوە بەبێ جیاوازی، بگرە واتا و تەفسیرەکانی زۆر بڵاو و ئاشکراترن تاوەکوو ئیعراب و پێکهاتەی وشەکان.

٥. ئەنجامی ئەم یاسا و بنەمایانەیان بۆ مەرجی تێگەیشتن لە دەقەکان بەدوای خۆیدا ئەمانە دەهێنێت:

أ. لەبەر ئەستەمی هاتنەدی ئەو خاڵانە دەقەکانی قورئان و سوننەت دەبێت بۆ گومڕایی خەڵکی دانرابێت نەك ڕێنموونی و هیدایەتیان.

ب. دەقەکانی قورئان و سوننەت هەموو هۆکارێکی ڕوونکردنەوە و پێکاندنی حەقی لەخۆنەگرتووە و بەدەستی نەهێناوە، بەڵکوو هەمووی ئاماژە و ناونیشان و شاردنەوەیە نەك ئاشکرا.

ج. دەبێت داواکاری خوا بۆ پەرتووکەکەی تێنەگەیشتن و ئاڵۆزی بێت و لەبەرئەوەی داڕشتنێکە هیچ واتا و مەبەستێکی لێ وەرناگیرێت، وە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ڕێگە و یارمەتیدانێکی تیادا نییە بۆ تێگەیشتنی و کارپێکردنی.

د. ئەو خاڵانە دەبێتە بڕیاردان بەسەر هاوەڵان و شوێنکەوتووانی پێغەمبەر ﷺ کە هیچیان نەزانیوە و تێنەگەیشتوون لە دین و هەڵنەستاون بە ڕوونکردنەوە و ڕێنموونی بۆ تێگەیشتنی ئەم دینە.

هـ. ئەو یاسایانەیان ئەوە دەگەیەنێت پەراوێزخستنی خەڵك و نەناردنی ئەم دینە زۆر خێرتر بوو بۆ ئادەمیزاد تا ناردنی، لەبەرئەوەی سوودمەند نەبوون لە ناردنی و تەنانەت بووە هۆکاری تووشبوونی گومڕایی و دووبەرەکایەتی لە نێوانیاندا.

وە ئەم یاسا و بیروڕایانەیان دەرگاکردنەوە و هۆکار بوو بۆ دروستبوونی گومڕایی و تانەدان لە ئیسلام و ناشرینکردنی و دروستبوونی هەموو جۆرە فیرقەیکی گومڕایی.

کاردانەوەی ئەمانە هۆکار بووە بۆئەوەی هەریەك لەو فیرەقانە بە لایەك و بە جۆرێك لە دارِشتن و باسەکانی قورئان کارنامەیان بێت، وەکوو خەوارج و لە بەرامبەریدا مورجیئەکان، وە قەدەریيەکان و لە بەرامبەریاندا جەبرییەکان، وە رِافیزەکان و لە بەرامبەریاندا (ناصبة)کان، پاشان هاتنی فیرەقە کەلامییەکان هەر لە ئەشعەرییەکانەوە کە باوەرِیان بە دارِشتن و رِووکەشەکانی هەندێك لە سیفاتەکانی خوا و بابەتەکانی قیامەت نەبوو، واتا و (تأویل)یان بۆ دادەرِشت، پاشان (معتزلة)کان زالّبوون و باوەرِیان بە هیچ جۆرێك لە سیفاتەکانی خوا و بابەتە غەیبییەکان نەما و (تحریف)یان دەکرد بۆ بیرورِای خۆیان، پاشان جەهمییەکان زالّبوون و باوەرِیان بە هیچ ناو و سیفاتێکی خوا نەما و بگرە هەموو باس و خواسەکانی قیامەت و غەیبیان لەکارخست، بەدوای ئەماندا (القرامطة) فیرەقە بەناو شیعە ناوەرِۆك خوێنەرەوەکانی دەقەکان هاتن هەموو جۆرە دارِشتن و باسێکی شەرعی واتا و مەبەستی ناوەرِۆکیان بۆ دارِشتن، بەتایبەت بابەتە عەقیدەیی و غەیبییەکان، تاوەکوو ناونیشانی بەرنامەکەیان بریتی بوو لە (نفي النقيضين) نەبوونی دوو پێچەوانە بەرامبەر بەیەك، وەکوو خوایان وەسف دەکرد بە هەردوو وەسفەکە (لا موجود ولا معدوم) نە بوونە و نە نەبوونە، ناو و سیفاتەکانی نە هەیەتی و نە نیەتی، کە بۆخۆی (نفي النقيضين) لە رِیزبەندی (الممتنعات) نەبوونەکانە کە قابیل بە بوون نین و هەر نابن. ئەم یاسایە بۆ ناو ژیانی ئادەمیزاد شاییستەی بوون نابێت چ جای بۆ پەروەردگار، کە ئەمە بۆخۆی هۆکاری رِێگەی (إلحاد) و گومرِایی و کەوتنە ئەودیو ئیسلامەوەیە.

بەدوای ئەمانەدا هێرشی فەیلەسووفەکانی ناو بازنەی ئیسلام بەسەر هەموویاندا هات و وتیان نەخێر بە هیچ شێوەیەك باس و پێناسە و ناسینی خوا لە باسی بوون و نەبوونداجێگەی نابێتەوە، بەڵکوو دەبێت پێناسەی (الوصف المطلق) وەسفی رِەها و گشتی بۆ خوا بکرێت، ئەویش بە مەرجی گشتی (وجود المطلق بشرط الإطلاق) واتە خوا بوونی هەیە بەشێوەیەکی گشتی بەبێ دیاریکردن لە بووندا، واتە بەس لە بیر و زیهن و عەقڵی خۆتدا دایبنێ خوا هەیە و بەس، بەڵام لە دەرەوەی عەقڵ و زیهندا بوونی نییە و خاوەنی ناو و سیفات و شوێن نییە، ئەمە بۆخۆی پراوپڕ بیرورِای ئیلحادە بەرامبەر بە خوا و بابەتە غەیبییەکان.

لە کۆتایی ئەمانەدا هێرشی (الباطنية الملاحدة) هاتن دەیانوت هەموو عەقیدە و شەریعەتی ئیسلام سەرتاپا ئاماژە و نیشانە و رِەمز و نهێنییەکە بۆ مەبەستێکی دوور، هیچی مەبەستی خۆی نییە، وەکوو نوێژ واتە (كشف الأسرار) دەرکەوتنی نهێنییەکان، وە رِۆژوو (كتم الأسرار)

شاردنەوەی نهێنییەکانە، وە حەج واتە سەفەر بۆلای گەورەکان، و (ملائكة والجن) واتە هێزە دەروونییەکان لە پاك و پیس، ئەمانیش بەدوای خۆیاندا سۆفییە فەیلەسووفەکانیان هێنا وەکوو (ابن عربي وابن سبعين وحلاج وسهروردي واخوان الصفا ...) دەیانوت قسەی شەیتان و فیرعەون و پەرستنی بتەکان خۆی بۆخۆی پەرستن و باوەڕبوونە بە خوا، لەبەرئەوەی خوا هەموو شتێکە و هەموو شتێکیش خوایە (وحدة الوجود)، باوەڕیان بە (الأوامر والنواهي) فەرمان و ڕێگرییە شەرعییەکان نەما و تەوحید و شەریك بڕیاردان و ئیلحادیش بوون بەیەك و جیاوازییان نەما، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆتایی بە مەبەستەکانی دین هات و دژایەتی هەموو دینیان کرد، وە دەقەکانی قورئان و سوننەت وشە و داڕشتنێکی بێ ڕۆح و هیچ واتا و مەبەست و هیدایەتێکی تیادا بەدی نەدەکرا و لەکار خرا و دەرگای بێبڕوایی و دەرچوون لە دین والا کرا بەبێ هێرشی سەربازی بۆ سەری و بەبێ داگیرکردنی ولاتی ئیسلامی؛ موڵحید و عیلمانییەکان لەدایك بوون.

لە کۆتاییدا ئەوەی مایەوە بە تاك و تەنیا بەرنامە و بیروڕای ڕاستەقینەی ئەهلی سوننەت بوون، ئەوانەی پەیوەستی تەواویان بە قورئان و فەرموودەوە هەبوو بە ڕێڕەوی (السلف الصالح) و دریژەپێدانیان، لەگەڵ پەیوەستبوونی تەواو بە بنەماکانی ئەهلی سوننەت لەوانە (ظواهر النصوص مطابقة لمراد الشارع) داڕشتن و ڕووکەشەکانی قورئان و سوننەت لەخۆگری مەبەستەکانیانە و لادان قبوڵ ناکات[1].

بنـەمـای پێنجـەم

نەبوونی دژایەتی لە نێوان خودی دەقەکان و لە هەمان کاتدا لەگەڵ عەقڵیشدا

(درء التعارض بين النصوص وبين صحيح المنقول وصريح المعقول)

ئەم بابەتە پێکهاتووە لە دوو تەوەر:

یەکەم: نەبوونی پێچەوانەیەتی و دژایەتی لە نێوان دەقە شەرعییەکاندا (درء التعارض بين النصوص):

زۆر جار بیانوو و پاساوی فیرەقەکان بۆ پەیوەستنەبوون بە دەقەکانەوە بەتایبەت لە بوارەکانی عەقیدە و تەوحیددا بوونی پێچەوانەیەتی و دژایەتییە لە دەقەکاندا، بەڵام بەرنامەی ئەهلی سوننەت بۆ سەڵماندن و ڕەواندنەوەی ئەم بابەتە ئەم هەنگاوانەی هەیە:

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٣٨٩).

هەنگاوی یەکەم: کار بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو دەقانەی لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە دەکرێت لەسەر بابەتێکی دیاریکراوی عەقیدەیی بە شێوەیەکی گشتگیری بێ پەراندن، لەگەڵ خوێندنەوەی وردەکاری بۆ ناوەڕۆکی دارشتنەکانیان، وە بە پشتبەستن لە فەرموودەدا بە پلەی (صحیح)ی فەرموودەکان لەگەڵ پشتیوانی تەواو بە تێگەیشتنی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان لە تابعین و زانایانی خاوەن متمانەی هەڵگر و خەمخۆری بەرنامەی ئەهلی سوننەت.

هەنگاوی دووەم: لە ئەگەری بوونی دژایەتییەك لە ڕووکەشی بەڵگەکاندا؛ ئەوا پێویستە زانایان ڕێگەی لێکدان و کۆکردنەوەی بەڵگەکان لە مەبەستێکی شەرعیدا کۆبکەنەوە، بە گەڕاندنەوەی نادیار و شاراوەکانی بابەتەکە بۆ بابەتە ئاشکراکانی، یاخود وابەستەکردنی دیار و تایبەتەکان بە ڕەها و گشتییەکانەوە لە باسەکانی (مطلق ومقید وعام وخاص)، لەبەرئەوەی دەقەکان تەواوکار و شەرح و شیکاری یەکترین.

وەك (الإمام أحمد) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: الْحَدِيثُ إِذَا لَمْ تَجْمَعْ طُرُقَهُ لَمْ تَفْهَمْهُ وَالْحَدِيثُ يُفَسِّرُ بَعْضُهُ بَعْضًا[1].

واتە: فەرموودە ئەگەر هەموو ڕێگاکانی کۆنەکرێتەوە لێی تێناگەیت، هەر بۆیە فەرموودە هەندێکیان شیکەرەوەی یەکترین.

وە (الإمام الشاطبي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَمَدَارُ الْغَلَطِ فِي هَذَا الْفَصْلِ إِنَّمَا هُوَ عَلَى حَرْفٍ وَاحِدٍ، وَهُوَ الْجَهْلُ بِمَقَاصِدِ الشَّرْعِ، وَعَدَمِ ضَمِّ أَطْرَافِهِ بَعْضِهَا بِبَعْضٍ؛ فَإِنَّ مَأْخَذَ الْأَدِلَّةِ عِنْدَ الْأَئِمَّةِ الرَّاسِخِينَ إِنَّمَا هُوَ عَلَى أَنْ تُؤْخَذَ الشَّرِيعَةُ كَالصُّورَةِ الْوَاحِدَةِ[2].

واتە: هۆکاری هەڵە تێگەیشتنی دەقەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەزانین بەسەر مەبەستە شەرعییەکاندا و کۆنەکردنەوەی چمکی بەڵگە و بابەتەکان بۆ یەکتر، ڕێگەی بەڵگەکاری لای زانایانی ڕۆچوو لە دیندا ئەوەیە کە یاسا و بەڵگە شەرعییەکانی دین بە یەك دارشتن و شێوە وەربگیرێت کە لادان و دژایەتی لەخۆ نەگرێت.

---

(١) "الجامع لأخلاق الراوي" للخطيب البغدادي (٢/ ٢١٢)، و "مقدمة ابن صلاح" ص١٨٨.

(٢) "الاعتصام" للشاطبي (١/ ٣١١).

فیرەقەکان چەندەها هەڵوێستیان هەیە پێچەوانەی کۆدەنگی زانایانی ئەهلی سوننەتن بەبۆنەی دژایەتییان بۆ ئەم بنەما گەورەیە، هەر بۆیە کاریان لەگەڵ بەڵگەکاندا دابەشکارییە و لایەك دەخوێننەوە و چاو دەپۆشن لە لاکەی تری، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی هەر فیرەقێك لەسەر لایەکی بەڵگەکان خۆی ببینێتەوە و نەتوانن هەموو بەڵگەکان لەخۆبگرن، بەڵام ئەهلی سوننەت بە هۆکاری پابەندبوونیان بەم بنەما و یاسا و زانستە شەرعییانەوە توانیویانە ڕێڕەوی لەخۆگری حەق لەخۆ بگرن و کار بە هەموو بەڵگەکان بکەن، وە کامەران و بەختەوەرترین کەس بن بە بەڵگە شەرعییەکان و دوورەپەرێزترین کەسیش بن لە دووبەرەکایەتی و جیاوازی، وە ئەم کارە ڕێڕەوێکی گەورەی زانایانی ئەهلی سوننەتە بۆ بەرپەرچدانەوەی بیدعەکاران و هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانیان.

بنەمایەکی تر لە بنەماکانی ئەهلی سوننەت بریتییە لە:

دەشێت بوونی پێچەوانەیەتی و دژایەتی لە ناخی زانای (مجتهد)دا هەبێت نەك لە ناوەڕۆکی فەرمانەکەدا

(التعارض في نفس المجتهد لا في نفس الأمر)

ئایا لە ڕاستیدا دەشێت دژایەتی بوونی هەبێت لە فەرمانێکی شەرعیدا بە کردن و نەکردن یاخود سەلماندنی بوون و نەبوونی؟ یاخود ئەو دژایەتییە لە عیلمی خاوەن ئیجتیهاددا بوونی هەیە و لەخۆگریەتی؟

(**الخطيب البغدادي**) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت**: يَقُولُ الْبَاقلاَنِيُّ: فَكُلُّ خَبَرَيْنِ عُلِمَ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَكَلَّمَ بِهِمَا فَلَا يَصِحُّ دُخُولُ التَّعَارُضِ فِيهِمَا عَلَى وَجْهٍ، وَإِنْ كَانَ ظَاهِرُهُمَا مُتَعَارِضَيْنِ، لِأَنَّ مَعْنَى التَّعَارُضِ بَيْنَ الْخَبَرَيْنِ وَالْقُرْآنِ مِنْ أَمْرٍ وَنَهْيٍ وَغَيْرِ ذَلِكَ، أَنْ يَكُونَ مُوجِبُ أَحَدِهِمَا مُنَافِيًا لِمُوجِبِ الْآخَرِ، وَذَلِكَ يُبْطِلُ التَّكْلِيفَ إِنْ كَانَا أَمْرًا وَنَهْيًا وَإِبَاحَةً وَحَظْرًا، أَوْ يُوجِبُ كَوْنَ أَحَدِهِمَا صِدْقًا وَالْآخَرِ كَذِبًا إِنْ كَانَا خَبَرَيْنِ، وَالنَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مُنَزَّهٌ عَنْ ذَلِكَ أَجْمَعَ، وَمَعْصُومٌ مِنْهُ بِاتِّفَاقِ الْأُمَّةِ وَكُلِّ مُثْبِتٍ لِلنُّبُوَّةِ[1].

(١) "الكفاية في علم الرواية" للخطيب البغدادي ص٤٣٣.

واتە: ئیمامی (الباقلاني) دەڵێت: هەر هەواڵێك پێغەمبەری خوا ﷺ گەیاندبێتی (لە قورئان و فەرموودە) نابێت دژایەتی لەخۆبگرێت، تەنانەت گەر لە ڕووبەکیشەوە بێت، خۆ ئەگەر بە ڕووکەشی دەقەکانیش دژایەتییان پێوە دیار بێت، لەبەرئەوەی ئەگەر یەکێکیان فەرمان بێت و ئەویتریان ڕێگری بێت (الأمر والنهي)، وە یاخود بەڵگەیەك حەڵاڵی بکات و ئەوی تریش حەرامی بکات، وە بە بوونی ئەویان نەمانی ئەویتریان بێت؛ ئەوا ئەمە دەبێتە هۆکاری بەتاڵکەرەوەی (تکلیف) و داواکارییە شەرعییەکە.

خۆ ئەگەر هەواڵ بێت لە بوارە عەقیدەییەکاندا، بەڵگەیەك هەواڵ و بڕیاری لەسەر بدات، ئەویتریش بەپێچەوانەوە بڕیار لەسەر نەبوونی بدات، ئەوا ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەدرۆخستنەوە.

پێغەمبەریش ﷺ بۆخۆی بەری و بێگەردە و پارێزراوە لەم بوارەدا بە کۆدەنگی هەموو خاوەن ئیمانداریك بە پێغەمبەرایەتی.

لەبەرئەوە بە هیچ شێوەیەکی زانستی دژایەتی و پێچەوانەیەتی حەقیقی لە نێوان بەڵگەکاندا بوونی نییە، ئەگەر بڵێین بوونی هەیە ئەوە لای خاوەن ئیجتیهاد و زانا بوونی هەیە و پەیوەندی بە هێز و ڕێژە و توانای زانیاری ئەوەوە هەیە، وەك (الشاطبي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أَدِلَّةُ الشَّرِيعَةُ لَا تَعَارُضَ فِي نَفْسِ الأَمْرِ، وَلِذَلِكَ لَا تَجِدُ أَلْبَتَّةَ دَلِيلَيْنِ أَجْمَعَ الْمُسْلِمُونَ عَلَى تَعَارُضِهِمَا بِحَيْثُ وَجَبَ عَلَيْهِمُ الْوُقُوفُ؛ لَكِنْ قَدْ يَقَعُ الْتَّعَارُضُ فِي فَهْمِ الْنَّاظِرِيْن[1].

واتە: بەڵگە شەرعییەکان لە خودی بابەتەکاندا پێچەوانەی یەکتری نین، لەبەرئەوە نابینیت کۆدەنگی زانایان لەسەر دوو بەڵگە هەبێت و لە هەمان کاتدا دژایەتی یەکتری بکەن و ببێتە هۆکاری وەستانی کارکردن پێیان، بەڵام ئەشێت دژایەتی دروستبێت لە تێگەیشتنی دوو بەڵگەدا لای (مجتهد) بە هۆکاری کورتبینیی و ئاستی زانستی بەسەریاندا.

جۆر و هۆکارەکانی کورتبینی ئاستی زانستی بەسەر دەقەکاندا:

١. جیانەکردنەوەی بابەتی (عام وخاص ومطلق ومقيد واستثناء) لە یەکتری.

٢. ئاشنا نەبوون بەسەر فراوانی زمانی عەرەبی لە جۆرەکانی دارشتندا، وەکوو دارشتنێکی ڕووکەش گشتی هەموو جۆرە ڕووکەشە گشتییەکان بگرێتەوە، یاخود گشتی بێت و مەبەست پێی

(١) "الموافقات" للشاطبي (٥/ ٣٤١).

تایبەتەکان بێت، وە بە مەبەستی تایبەتیش بەکاردێت: عامًّا، ظاهِرًا، يُراد به العام، الظاهر، أو يُراد به الخاص[١].

٣. سەنەد و ئەنجامی فەرموودەکان لەڕووی پلەی (صحيح وضعيف)یيەوە (مجتهد) ووردەکاری نەبێت بەسەریاندا، یاخود فەرموودەیەك بە کورتی هاتووە لە ڕیوایەتێکدا، لە شوێنێکی تر بە درێژی هاتووە، یاخود فەرموودەکە لە بەرامبەری پرسیارێکدا هاتووە پرسیارەکە ونە لای (مجتهد) ... .

بەڵگەکاری عەقڵیش لەسەر نەبوونی دژایەتی بەڵگە شەرعییەکان لە نێوان خۆیاندا بەم شێوەیەیە:

١. هەوڵدان بۆ هێنانەدی بڕیارێك لەسەر بوونی دژایەتی لە نێوان بەڵگە شەرعییەکاندا، تاوەکوو بەو پاساوەوە زۆری بەڵگەکان یاخود هەندێکیان پەراوێز بخرێن، بەم بڕیارەیان دەقە شەرعییەکان ڕووبەڕووی تۆمەتی (العجز والجهل) دەبێتەوە، (العجز) واتە نەتوانینی دەقە شەرعییەکان بۆ هێنانەدی بەڵگەکارییەك کە دژایەتی لە نێوانیاندا لەخۆ نەگرێت، یاخود (الجهل) واتە نەزانین بەسەر ناوەڕۆك و کۆتایی کارەکان لەلایەن خاوەنی دەقە شەرعییەکانەوە، کە ئەمانە بۆخۆی خوای پەروەردگاری خاوەنی دەقە شەرعییەکان بێگەرد و بەرییە لێی و قابیلی بوون نییە.

٢. شەریعەتی خوایی هاتووە بۆ نەهێشتنی دووبەرەکایەتی و جیاوازی لە نێوان ئادەمیزاددا، خۆ ئەگەر بەڵگەکانی خوا دژایەتی و پێچەوانەی یەکتر بن و دڵنیایی نەدەن بەدەستەوە، ئەوا نەبوونی باشتر بوو تاوەکوو بوونی و ئادەمیزادیش لە نەبوونیدا سەلامەتتر دەبوو، ئەمەش پێچەوانەی ڕاست و دروستی شەریعەتی خوایە، وە ئادەمیزادیش بە دروستی لە ژیانیدا بەختەوەر و ڕزگاربووە بە هۆکاری دینەوە.

٣. باوەڕبوون بە بوونی دژایەتی لە نێوان بەڵگە شەرعییەکاندا دەبێتە هێنانەدی ئەم حاڵەتانە بەدوای خۆیدا:

أ. کارکردن بە هەردوو جۆری بەڵگە دژبەیەکەکان لە هەر بواریکی (الأمر أو النهي)دا بێت: لەم حاڵەتەدا کۆکردنەوەی دوو جۆر داواکاری دژ و پێچەوانە بە یەك؛ داواکارییەکە

(١) "الرسالة" للشافعي ص٥٢.

دەخاتە قۆناغی توانای جێبەجێنەکردنەوە کە پێی دەوترێت (تکليف ما لايطاق)، ئەمەش خۆی بۆخۆی بەتاڵە و بوونی نییە لە دیندا.

ب. کارنەکردن بە هیچ جۆرێك لەو دوو بەڵگانەی کە دژ بەیەکن: ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی هیچ حوکمێك بوونی نەبێت لەسەری، یاخود بوونی ئەم دوو جۆرە داواکارییە دژ بەیەکە جۆرێك لە گاڵتە و هەڵە لەخۆ بگرێت، ئەمانەش هەردووکیان هەڵەن و لەکارخستنی دینە.

ج. کارکردن بە لایەك و پەراوێزکردنی لایەکەی تر بەبێ هیچ بڕیار و بنەمایەك، ئەمەش قسە و بڕیاری ئارەزوومەندانەیە لە دیندا و مەبەست ون دەبێت لەو نێوەندەدا.

٤. بڕیاردان لەسەر ئەوەی دوو بەڵگەی دژبەیەك بوونی هەیە لە دیندا، هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێگە زانستییە بنەمایانەی زانایانی (الأصوليون)ە کە دەیگرنە بەر بۆ ڕەواندنەوەی هەموو ئاڵۆزییەکانی سەر ئەو بەڵگانەی کە پێچەوانە بە یەکن، وەکوو زانستی (التوافق، الناسخ والمنسوخ، الترجيح ...)، کە لەژێر ناونیشانی (التعارض بين الأدلة) بوونی هەیە، ئەمانە بۆخۆیان لەخۆگری چەند بنەما و یاسا و ڕێکخستنێکی تایبەتین بۆ شیکاری بەڵگەکان.

چۆن ئەو ڕووکەشە دژایەتییانە دەڕەوێنینەوە؟!

پێشوەختە سەلماندمان بوونی دژایەتی نێوان دوو بەڵگە لەلای زانا و خاوەن (اجتهاد)ە نەك لە خودی دەقە شەرعییەکاندا.

وە کۆدەنگی زانایان لەسەر ئەوەیە (عدم التعارض بين الأدلة القطعية لا الظنية)[١] بە هیچ جۆرێك بەڵگەی دژبەیەك لە بەڵگە یەکلاکەرەوەکاندا نییە، بەڵکوو لە بەڵگە گوماناوییەکاندا هەیە، وە کۆدەنگی زانایان لەسەر ئەوەیە کە دوو بەڵگەی شەرعییە دژبەیەك لە حەقیقەتی هیچ کارێکدا نەبووە و بوونی نییە، بەڵام ئەشێت لای زانا و (مجتهد) بوونی هەبێت.

زانایان بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ڕووکەشە دژایەتی و پێچەوانەیەتییەی هەیە لە دەقە شەرعییەکاندا؛ ئەم ڕێگە زانستییانە دەگرنە بەرکە لە زۆری کتێبە (أصول)ییەکاندا هەیە[٢]:

یەکەم: ڕێگەی (الجمع بين الدليلين).

---

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٣٣١، ٣٤١)، و "الشريعة" للآجري ص٤٩.

(٢) "الموافقات" للشاطبي (٤/ ٩٤)، و "الرسالة" للشافعي ص٣٤٢، و "روضة الناظرين" لابن قدامة (٢/ ٤٣٢).

هەوڵی کۆکردنەوەی هەردوو واتا و مەبەستی دوو بەڵگەکە بە جۆر و شێوازێك کە گونجاو بێت لەگەڵ مەبەستە شەرعییەکان (مقاصد الشريعة) یاخود بنەماکانی دین (أصول الدين) یاخود خوێندنەوە و دیاریکردنی جۆری مەبەستی گشتی و تایبەت تیایاندا لە (عام وخاص ومطلق ومقيد).

لەبەرئەوەی بنەما لە بەڵگە شەرعییەکاندا کارکردنە بە هەموو بەڵگەکان نەك بە لایەك و لایەکەی تری پەراوێز بخرێت، وەکوو (الشاطبي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَإِعْمَالَ الْأَدِلَّةِ أَوْلَى مِنْ إِهْمَالِ بَعْضِهَا[1].

زۆری ڕەواندنەوەی ئەو ڕووکەشە پێچەوانەیەتییەی هەبوو لە بەڵگەکاندا بەم ڕێگەیە کۆتاییان پێهاتووە، وە نووسراوی تایبەت لەلایەن زانایانیش زۆرە لەم بارەیەوە، وەکوو کتێبی "مشكل الآثار" للخطابي و "مختلف الحديث" لابن قتيبة ... .

ئەگەر بەم ڕێگەیە کۆتایی بەو شێوازی پێچەوانەیەتییەی سەر دەقەکان نەهات لە حاڵەتێکدا؛ ئەوا پەنا دەبرێتە بەر ڕێگەی دووەم کە بریتییە لە:

دووەم: ڕێگەی (الناسخ والمنسوخ):

ئیمامی (الشافعي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَإِذَا لَمْ يَحْتَمِلِ الْحَدِيثَانِ إِلَّا الِاخْتِلَافَ كَمَا اخْتَلَفَتِ الْقِبْلَةُ نَحْوَ بَيْتِ الْمَقْدِسِ وَالْبَيْتِ الْحَرَامِ كَانَ أَحَدُهُمَا نَاسِخًا، وَالْآخَرُ مَنْسُوخًا[2].

واتە: ئەگەر دوو فەرموودەکە هەر هەڵگری جیاوازی بوون ... ئەوا یەکێکیان سڕەرەوەی ئەویتریانە.

لەدوای نەتوانینی بەدەستهێنانی (الجمع) کۆکەرەوەی واتای هەردوو بەڵگەکە پەنا دەبەینە بەر ئەوەی دەشێت یەکێکیان حوکمەکەی پێش ئەوی سڕیبێتەوە، ئەمەش لە حاڵەتێکدا دەکرێت کە دەبێت مێژوو (تأريخ)ی هەردوو فەرموودەکە دیار بێت و بزانرێت کامیان لەپێش ئەوەوە هاتووە و کامیان لەدوای ئەوەوە هاتووە، ئەگەر ئەم مێژووە دیار بێت ئەوا یەکلا دەبینەوە لەسەر کۆتا حوکمە شەرعییەکە، وە گەر نا ئەوا پەنا دەبەینە بەر حاڵەتی سێیەم.

---

(١) "الاعتصام" للشاطبي (١/ ٣١٥)، و "ارشاد الفحول" للشوكاني ص٢٧٦.

(٢) "اختلاف الحديث" للشافعي (٧/ ١٦)، و "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٣٢٣).

سێیەم: ڕێگەی (الترجيح):

ئەگەر (ناسخ ومنسوخ)مان بۆ فەراهەم نەکرا بە ڕێگەی (تأريخ)ی فەرموودەکان؛ ئەوا حاڵەتی سێیەم بەکاردەهێنرێت کە (الترجيح)ە، واتە بەهێزکردنی لایەك بەسەر لایەکەی تردا بە ڕێگەکانی بەهێزکردن (ترجيح)، ڕێگەکانی بەهێزکردنیش زۆرن، هەندێك دەڵێن پەنجا ڕێگەن وەکوو (ابن صلاح)ی شارەزووری لە "التقييد والإيضاح" ص[٤٥] و "مقدمة" ص[١٤٣] هێناویەتی و هەندێکیش زیاتری دەکەن، بە گرتنەبەری ڕێژەی زۆری ڕێگەیەك لەو ڕێگایانە گەر لایەکیان بەهێزکرا بەسەر ئەویتردا ئەوا ئەو ڕێگەیە کاری پێدەکرێت و ئەویتر پەراوێز دەخرێت، ئەگەر بەم ڕێگەیەش یەکلا نەبووەوە پەنا دەبەینە بەر کۆتا ڕێگە ئەویش بریتییە لە حاڵەتی چوارەم.

چوارەم: ڕێگەی بژاردەکان (التخيير):

ئەگەر بە ڕێگەی سێهەم یەکلا نەبووەوە ئەوا یەکێکیان (مجتهد) بژاردەی دەکات بەسەر ئەویتریاندا بەگوێرەی تێگەیشتن و زانستی شەرعی قوونڵی خۆی.

وە هەندێك لە زانایان دەڵێن: حاڵەتی چوارەم دەبێت ڕابووەستین لە کارپێکردنیدا (التوقف) تاوەکوو بەڵگەی سێیەمان دەستدەکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر دوو بەڵگە دژبەیەکەکە ئایەت بوو دەگەڕێینەوە بۆ سوننەت بۆ بەڵگەی سێیەم، وە گەر سوننەت بوو دەگەڕێینەوە بۆ (قياس) یاخود (قول الصحابي) و دەیانکەینە بەڵگەی سێیەم، وە گەر هەر نەبوو دەگەڕێینەوە بۆ (البراءة الأصلية) واتە ئەو بابەتە لە بناغەدا هیچ حوکمێکی لەسەر نییە وە دروستە کردنی یاخود نەکردنی[(١)].

بەم شێوەیە هیچ پێچەوانەیەتی و دژایەتییەك بوونی نامێنێت لەنێوان بەڵگە شەرعییەکاندا تاوەکوو ببێتە پاساو بۆ پەراوێزخستنی هیچ جۆرە بەڵگەیەك لە هیچ بوارێکدا.

بیدعەکارانی کۆن و تازە هەموو دەم ئەم پاساوانەیان هێناوەتەوە هەرجارەی لەژێر ناونیشانێکدا بۆ پەیوەستنەبوون بە بەڵگەکانەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ بنەما زانستییەکان، بە هۆکاری سەرخستنی بیروڕا و بەرنامە گومڕاییەکانیان، بەتایبەت لە بواری عەقیدە و تەوحیددا.

---

(١) "إرشاد الفحول" للشوكاني ص٢٧٥، و "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٣٢٥)، و "حاشية البناني على جمع الجوامع" (٢/ ٣٥٩).

دووەم: نەبوونی دژایەتی لە نێوان بەڵگە (صحيح)ە شەرعییەکان و عەقڵێکی بێگەرددا (درء تعارض بين صحيح النقل وصريح العقل):

پێناسەی ژیری و عەقڵ: العقل: هي الغريزة والعلوم الضرورية والعلوم المكتسبة (النظري) والعمل بالعلم[١].

واتە: عەقڵ و ژیری بریتییە لە غەریزە و زانستە سەرەکییەکان و زانستە تێڕوانینە بەدەستهاتووەکان و کارکردن بە زانست، هەموو ئەم چوارە کەرەوەی پێناسەی عەقڵی ئادەمیزادە.

عەقڵ دوو جۆرە: (العقل نوعان: غريزي واكتسابي)[٢].

عەقڵی غەریزەیی ئەو عەقڵەیە لەگەڵ لەدایکبووندا خوا بەخشیویەتی بە ئادەمیزاد، وەکوو فێربوونی خواردن و داواکارییەکان بە ڕێگەی پێکەنین و گریان و ... وە عەقڵی بەدەستهاتووش ئەو زیادە عەقڵەیە کە بەگوێرەی تەمەن بەدەستدێت و بە ڕێگەی فێربوون زیاد دەبێت، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت عەقڵ و ژیری لاوازترە لە زانست و فێربوون، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر زیانێك بەر سەر و مێشکی ئادەمیزاد بکەوێت ئەوا عەقڵ و ژیرییە بەدەستهاتوویەکەی لەدەست دەچێت و عەقڵ و ژیری غەریزەیی منداڵی دەمێنێتەوە وەکوو شێتەکان[٣].

ئایا شوێنی عەقڵ لە ئادەمیزاددا دەماغە یاخود دڵ؟!

دوو ڕای جیاواز هەیە لەسەر ئەم بابەتە و هەریەکەیان لەسەر بۆچوونێکن، بەڵام ئەوەی یەکلاکەرەوە بێت ئەوەیە کە عەقڵ پەیوەندی بە دەماغ و دڵەوە هەیە، وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَمَا يَتَّصِفُ مِنْ الْعَقْلِ بِهِ يَتَعَلَّقُ بِهَذَا وَهَذَا لَكِنَّ مَبْدَأَ الْفِكْرِ وَالنَّظَرِ فِي الدِّمَاغِ وَمَبْدَأَ الْإِرَادَةِ فِي الْقَلْبِ[٤].

واتە: سەرەتای بیرکردنەوە و تێڕوانین لە دەماغ و مۆخی ئادەمیزادایە، وە سەرەتای مەبەست و ویستەکان لە دڵدایە، هەر بۆیە ویست و ئیرادە بوونی نییە تاوەکوو لە مێشکدا

(١) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص١٣.

(٢) "الحجة في بيان المحجة" للأصبهاني ص٢٥٠.

(٣) "الحجة في بيان المحجة" للأصبهاني ص٢٥١.

(٤) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٣٠٣، ٣٠٤).

بۆچوونی بۆی نەبێت، واتە زانیت لە مێشکدایە و کردار لە دڵدایە.

هەر بۆیە دەوترێت دڵ شوێنی هیدایەتی خواییە و دەماغیش شوێنی بیرکردنەوەیە، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَآ﴾ [الحج: ٤٦]. واتە تاوەکوو دڵێکیان بێت پێی عاقڵ بن، بۆیە دەشێت کەسێك هەبێت بە دڵ هیدایەتی وەرگرتبێت بە مێشکیش بیرکردنەوەی نەبێت، وە بە پێچەوانەشەوە کەسێك هەبێت بە مێشك بیرکردنەوەی هەبێت بەڵام بە دڵ هیدایەتی وەرنەگرتبێت، وەکوو بێبڕوایان[1].

ڕێگاکانی بەدەستهێنانی زانست و مەعریفەی عەقڵی سێ ڕێگایە (وسائل العلم والمعرفة):

الشَّيْخ (ناصر السعدي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وأما العقل فجميع العقلاء المعتبرين يثبتون للعلوم مدارك ... فإن مدارك العلوم الحس والعقل والأخبار الصادقة[2].

واتە: کۆدەنگی ناودارانی عەقڵ لەسەر ئەوەن بۆ بەدەستهێنانی زانستەکان ڕێگەی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەو ڕێگایانەی عەقڵ زانست و مەعریفەکانی لێ وەردەگرێت سێ جۆرن:

جۆری یەکەم: ڕێگەی هەستەکان (طريق الحس): لە تام و بۆن و بینین و بیستن و دەست لێدان، لەم ڕێگایانەوە زانستەکان دەگەنە عەقڵ، ئەگەر چی شاییستە بەوەن هەڵەیان تیادا ڕووبدات و شوێنی متمانە و پشتبەستنی تەواو نین بۆ بڕیاردان لەسەریان و کردنە سەرچاوەی یەکلاکەرەوەی بڕیاردان.

بۆ نموونە: قەڵەمێك لە پەرداخێك ئاودا بە شکاوەیی دەبینرێت، تامێکی شیرین لە دەمی نەخۆشێکدا بە تاڵی چێژ دەکرێت، بۆنی گوڵێك یا خواردنێکی دیاریکراو دەکرێت بە جۆرێك و ئەویش بەو شێوەیە نابێت، وە دەنگی کەسێك دەبیستیت و تەنانەت بانگیشی دەکەیت و ئەویش نییە و بگرە زۆر دووریشە، لاشەی کەسێکی نەخۆش دەڵەرزێت لە سەرمادا کەچی گەرما و تایەکی زۆریشی هەیە و دەبێت فێنك بکرێتەوە، بەڵکوو هەموو هەستەکان بە کۆی دەنگ هەست بە جێگیری و نەجوولانی زەوی و هەسارەکان دەکەن، کەچی ﴿كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٣٣﴾﴾ [الأنبياء: ٣٣]. هەموویان لە جوولەدان.

---

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ١٦٣).

(٢) مجموع مؤلفات عبد الرحمن ناصر السعدي "الأدلة القواطع والبراهين في إبطال أصول المحدين" (٦/ ١٨).

کەواتە بڕیاری یەکلاکەرەوە و دەرککردن بە هەموو شتەکانیان لانییە و سەرچاوە نین، بەڵکوو ڕێژەیین و بەپێی کات و ساتن، بەڵکوو هەموو هەستەکان بەشێکن لەو زانیارییانەی پێیان دەوترێت (الضروريات) لای هەندێك لە زانایان.

پاشان: ثم قسموا الضروريات إلى أنواع، ردها بعضهم إلى ثلاثة: الوجدانيات، والحسيات، والبديهيات[1].

ئەو زانیارییانەی کە پێویستە هەموو کەس هەیبێت و لە بوونیدا نکوولێ لێ ناکرێت سێ بەشە:

یەکەم: الوجدانيات: هەستە دەروونییەکان بە شتەکانی چواردەور لە خۆشی و ناخۆشی و بوون و نەبوونی شتەکان، هەستە دەروونییەکان کەمترین سوودمەندی زانیاری و مەعریفەییان تیادایە و نابنە بەڵگە، بۆیە زانایان پەراوێزیان کردووە بەتەواوی لەناو بوونداً، وەکوو ئەوەی تۆ بە دەروون و ناخی خۆت هەست و گومان بە شتێك دەکەیت و بەڵام لای بەرامبەر یا چواردەورت ئەو هەست و گومانە هەر بوونی نییە، لەبەر جیاوازی جۆری دەروونەکان و کەسەکان لە بەهێزی و لاوازیدا.

ئەم هەستانە بۆ ئیماندار زۆرترە تاوەکوو بێبڕوا، لەبەر ڕاگرتنی (فطرة) و پاکییان، بەتایبەت بابەتی خەو بینین.

دووەم: الحسيات: هەستەکان وەکوو پێشتر باسمان کرد.

سێیەم: البديهيات: ڕوون و ئاشکراکان کە قابیلی گومان نین، وەکوو داڕێکی ڕووەکی بێگیان کە نابێتە گیانلەبەرێکی گۆشت و خوێن، یاخود ئەستەمبوونی پێوانەی شتی نادیار بە دیار، یاخود گەیشتنی دەنگ لەمسەری دونیا بۆ ئەوسەری دونیا، یاخود بینینی بوونەوەرە زۆر نادیارەکان، یاخود نوستنی کەسێك لە ڕۆژهەلآت و خەبەربوونەوەی لە ڕۆژئاوا ... ئەمانە هەموویان لەپێش ئێمەوە لەلای کۆی عاقڵ و فەیلەسوفەکان لەو ڕوون و ئاشکرایانە بوون کە بە هیچ شێوەیەك قابیلی بوون، وە ئەستەم بووە بوونیان.

---

(١) "القائد إلى تصحيح العقائد" لعبد الرحمن بن يحيى المعلمي –ابن وزير– ص٤٦.

کەچی لەم سەردەمەدا بە هۆکاری ئەم پێشکەوتن و ئامێرە تازانەوە هەمووی هاتوونەتە دی، وە هەر لە سەردەمی خۆیشیدا ئەمانە بەشێك بوون لە موعجیزاتی پێغەمبەران کە (تحدی) و بەرهەڵستکاری بێبڕوایانی پێ کراوە، تاوەکوو بسەلمێنرێت کە ئادەمیزاد هیچ زانست و زانیارییەکی نییە تاوەکوو بەو ڕێگەیەوە بگاتە یەقین و یەکلاکەرەوەی شتەکان، نابێت پشت بە عەقڵ و ڕێگاکانی مەعریفەی ببەستێت بەتەنیا و پشت بکاتە چلەپۆپەی زانست و مەعریفەی خوا لەڕێی فەرموودەکانی و فەرموودەی پێغەمبەرەکەیەوە، ئەمانە هەمووی سەلمێنەری ئەوەن کە بەشی ئادەمیزاد هەر نەقس و ناتەواوی و کورتهێنانە و دەبێت هەر خۆی بە دروستکراوێکی لاواز بزانێت و کاری تەسلیمبوون بێت لە ئاستی دینی ڕاست و ڕەوانی پەروەردگاریدا.

هەر بۆیە گۆچانە ڕووەکییەکەی (موسی) ﷺ بووە گیانلەبەرێکی گۆشتن، وە لە ئاسمانەوە خۆراکێکی ڕازاوە بێتە خوارەوە بۆ حەواریییەکانی (عیسی) ﷺ، کە ئاسمان خۆراك خۆری تیادا نییە، وە دەستی (موسی) ﷺ ببێتە کارەبایەکی پرشنگدار، وە دەستە گۆشتنییەکەی (محمد) ﷺ بووە خاکێکی کانیاو بۆ هەڵقوڵینی ئاو لە نێوان پەنجەکانیدا، وە لە تاشە بەردێکی بێ گیان حوشترەکەی (صالح) ﷺ دروستبێت، وە ئەو موشریکە بێبڕوایانەی قوڕەیش کاتێك پێغەمبەر ﷺ هەوالّی پێدان کە ئەمشەو چوومەتە (بیت المقدس) قودسی ئێستای فەڵەستین، باوەڕیان پێنەکرد و بە کۆی دەنگیان بە شێت و ساحیر و درۆزنیان زانی و بڕیاریان دا ئەوەی باوەڕ بە پێغەمبەر ﷺ لەمەدا بهێنێت لە هاوەڵانی ئەوا کەم عەقڵ و نەزان و ناتەواوە، لەبەرئەوەی قودس لە مەککەوە مانگێك ڕێگا دوورە و بە شەوێك چۆن دەڕوات و دەگەڕێتەوە! وە ئەوەشی باوەڕ بەمە نەکات وەکوو موشریکەکان ئەوە خاوەنی عەقڵێکی کامڵ و پارێزراوە و حەقبینە و گومڕا نییە.

بەڵام خۆ ئەگەر ئێستا هەر ئەو موشریکانەی قوڕەیش زیندوو ببنەوە و پێیان بڵێن فەرموون سواری فڕۆکەیەك بن بە کەمتر لە چوار کاتژمێر کە یەك لەسەر سێی شەوێکە بڕۆن بۆ قودس و بگەڕێنەوە، ئەوا ئەوکات (معادلة) هەڵسەنگاندنەکە پێچەوانە دەبێتەوە، ئەوانەی بڕوایان بە (محمد) ﷺ هێنا ئەوا عاقڵترین و هۆشمەندترین کەس بوون و دەرکیان بە سەرچاوەی ڕاستییەکان کردووە، وە ئەوانەشی باوەڕیان پێ نەهێنا و ئەو تۆمەتانەیان خستە پاڵی؛ کەم عەقڵترین و گومڕاترین کەس بوون.

کەواتە سەرچاوەی مەعریفە و زانیارییەکان لەلای عەقڵ و بوونەوەرەکان بوونی نییە، بەڵکوو لای (خالق) و دروستکاری عەقڵ و بوونەوەرەکان بوونی هەیە.

خۆ فیرەقە فەلسەفییەکان وەکوو (معتزلة)کان باوەڕیان بەوە نەبوو کە چاکە و حەسەنات و خێرکردنەکان کە نادیارن لە قیامەتدا بیبۆرێن، لەبەرئەوەی هەر شتە مادییەکان دەپۆرێن، ئەمەش بە هۆکاری قیاس و پێوانەکانی دونیاوە، بەڵام خۆ ئێستا ئەو فیرەقانە زیندوو ببنەوە و ببینن کە تەزووی کارەبا دەپۆرێت و ناشبینرێت، وە (وحدة) و بالآنسی مۆبایل و هۆکارەکانی پەیوەندی دەپۆرێت و نابینرێت، ڕۆیشتنی هەوایی دەپۆرێت، وە دەنگەکان بە ڕێگەی ئەم ئامێرانەوە وەکوو خۆیان دەگەنە ئەوپەڕی دونیا، وە خۆ ئەگەر کەسێك لە فڕۆکەیەکدا بخەوێت سەر لە ئێوارە لە شوێنێك، بە هەندەی نوستنی شەوێك لە ڕۆژهەلاتەوە بڕوات ئەوا لە ڕۆژئاوا بەخەبەر دێت.

یەکێکی تر لە هەرە ئاشکراکان (بدیهیات) سزا و ئازارەکانە لای ئادەمیزاد، کە مایەی نەخوازراو و ڕقلێبوون و نەویستنە، بەڵام لای دڵە بەهێزەکان هۆکارێکی لەزەت و خۆشین ئەگەر لەسەر بیروباوەڕ و ڕاستی و دروستی حەق ئەو ئازارانە بدرێن، بەڵام لای دڵە لاوازەکان هەر ئازار و مایەی ڕقلێبوونیانە[1].

ئەمانە و چەندەها نموونەی واقعی سەلمێنەری ئەوەن کە بەشی سێیەمی زانست و مەعریفەکان کە پێیان دەوترێت (البدیهیات) شتە نەگۆڕ و ئاشکرا و ڕوونەکان کە قابیلی گۆڕانکاری نین سەرچاوەیەکی زانستی مەعریفی نین و پشتیان پێ نابەسترێت بۆ یەکلاکردنەوە و هەڵسەنگاندن و گەیشتنە ئامانج، لەبەرئەوەی ئەگەری گۆڕانکاری لە (بدیهیات)ەکاندا لە هەموو سەردەمێکدا زۆرە و یاسای نەگۆڕ و جێگیر نین.

جۆری دووەم: هەواڵە ڕاستەکان (الأخبار الصادقة):

بە ڕێگەی هەواڵە ڕاست و دروستەکان دەتوانرێت بگەینە کۆمەڵێك زانست و مەعریفە، بە مەرجێك ئەو هەواڵانە لەخۆگری درۆ و لێتێکچوون و هەڵە نەبێت، دەبنە بەڵگەکاری لە هەموو بوارەکانی دین و دونیادا وەکوو پزیشکی و ئەندازەیی و میژوویی و فەلەکی ...، بەڵام تەواوترین و کاملترین و پلەوپایە بەرزترین هەواڵ هەواڵەکانی خوا و پێغەمبەرەکەیەتی کە ڕوونکاری و هیدایەت و حەق و یەکلاکاری لەخۆ دەگرن و چاوڕۆشنی تەواو دەدەنە ئادەمیزاد لە پێویستییەکانی دونیا و ئاخیرەتدا، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ

(١) "القائد إلى تصحيح العقائد" لعبد الرحمن بن يحيى المعلمي ص٤٦.

قِيلًا ﴾ [النِّسَاء: ١٢٢]. ﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثًا ﴾ [النِّسَاء: ٨٧]. ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ۚ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١١٥﴾﴾ [الأنعَام: ١١٥]. واتە کێ هەیە لە خوا ڕاستگۆتر بێت؟! فەرموودەکانی خوا لەخۆگری ڕاستگۆیی و دادپەروەرییە و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بەڵام هەموو وشە و وتارەکانی تر درۆ و ستەم و گۆڕانکاری بەسەریاندا دێت.

جۆری سێیەم: ڕێگەی زانستە عەقڵییەکان (العقل):

پلە و پێگەی عەقڵ لە ئیسلامدا:

پلە و پێگەی عەقڵ لە ئیسلامدا لە پلەیەکی ڕێزدار و بڵنددایە، بەو هۆکارەوە ئادەمیزادی بەڕێز کردووە و بااڵدەستی کردووە لەسەر زەویدا و نهێنییەکانی پێ سپاردووە و پایەبەرزی کردووە بەسەر باقی بوونەوەرەکانی تردا، هەموو ئەوانە بەو هۆکارەوە نییە کە دەخوا و دەخواتەوە و زاووزێ دەکات، بگرە زۆر لە گیانلەبەرەکانی سەر زەوی لەو بوارانەدا بەهرەمەندترن.

پلەوپایە و پێگەی عەقڵ و ژیری لە ئیسلامدا لەم ڕوانگانەوە دەردەکەوێت:

یەکەم: بە هۆکاری پێدانی عەقڵ بە ئادەمیزاد خراوەتە ژێر باری جێبەجێکردنی فەرمانە شەرعییەکانەوە (جعل الله العقل سببًا في التكليف):

هەموو فەرمانە شەرعییەکان مەرجی یەکەمیان لە داواکاری جێبەجێکاریدا بوونی عەقڵە، لەبەرئەوەی هۆکاری تێگەیشتن و دەرکپێکردن و سەرچاوەی ئیرادەی جێبەجێکردنە، وە لە ئەگەری هەموو حاڵەتێکی لەکارکەوتن و هەڵەکاری و لێتێکچوونیدا هۆکاری لێبوردن و بەخشینە، وەکوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلَاثَةٍ: عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ، وَعَنِ الصَّغِيرِ حَتَّى يَكْبَرَ، وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ، أَوْ يُفِيقَ»[(١)].

واتە: حوکم و لێپرسینەوە هەڵگیراوە لەسەر سێ کەس: منداڵێك تاوەکوو بالّغ دەبێت، وە خەوتوویەك تاوەکوو خەبەری دەبێتەوە، وە شێتێك تاوەکوو چاك دەبێتەوە.

---

(١) رواه البخاري (٥٢٦٨)، وأبو داود (٤٤٠١)، والترمذي (١٤٢٣)، والنسائي في "الكبرى" (٥٥٩٦)، وابن ماجه (٢٠٤١)، وابن خزيمة في "صحيحه" (١٠٠٣)، وابن حبان في "صحيحه" (١٤٢)، وأحمد في "المسند" (١١٨٣)، والدارمي في "سننه" (٢٣٤٢)، والدارقطني في "السنن" (٣٢٦٧)، والبزار في "المسند" (٩٠٥٥)، وأبو يعلى في "مسنده" (٤٤٠٠)، والطبراني في "الكبير" (١١١٤١)، والطيالسي في "مسنده" (٩١).

وە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ [البَقَرَة: ٢٨٦]. پەروەردگار لێمان مەگرە لەکاتی لەبیرچوونەوە و هەڵەدا.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «إِنَّ اللهَ وَضَعَ عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأَ، وَالنِّسْيَانَ، وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ»[(١)].

واتە: خوای پەروەردگار لێپێچینەوەی لەسەر موسوڵمانان لابردووە بە هۆکاری هەڵە و لەبیرچوون و بەزۆرپێکردن.

کۆدەنگی زانایانی (أصول الفقه)یش لە مەرجەکانی جێبەجێکردندا (من شروط المكلف: العقل وفهم الخطاب)[(٢)] بوونی عەقڵ و تێگەیشتنی دەقەکانە.

کەواتە عەقڵ قورستڕین پێگەی داواکاری شەرعییە و بەهای تایبەتی خۆی هەیە.

دووەم: ئیسلام پارێزگاریکردنی لە عەقڵ بە یەکێك لە پێنج بنەما پێویستەکانی دین ناوە (سلامة العقل أحد الضروريات الخمس):

پارێزگاریکردن لە عەقڵ یەکێکە لە پێنج مەبەستە شەرعییەکانی دین (المقاصد الشريعة)، کە بریتین لە: فَقَد اتَّفَقَتِ الْأُمَّةُ بَلْ سَائِرُ الْمِلَلِ عَلَى أَنَّ الشَّرِيعَةَ وُضِعَتْ لِلْمُحَافَظَةِ عَلَى الضَّرُورِيَّاتِ الْخَمْسِ وَهِيَ: الدِّينُ، وَالنَّفْسُ وَالنَّسْلُ، وَالْمَالُ، وَالْعَقْلُ[(٣)].

واتە: هەموو زانایانی ئیسلام کۆدەنگن لەسەر ئەوەی شەرعی خوای پەروەردگار داڕێژراوە بۆ پاراستن لە پێنج پێویستییە سەرەکییەکان کە بریتین لە: دین و ژیان و نەوە و ماڵ و عەقڵی ئادەمیزاد.

---

(١) رواه ابن ماجه (٢٠٤٥)، وقال شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح، وابن حبان في "صحيحه" (٧٢١٩)، والدارقطني في "السنن" (٤٣٥١)، والحاكم في "المستدرك" (٢٨٠١)، وقال: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ، وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ، ووافقه الذهبي، والطبراني في "الكبير" (١١٢٧٤)، و "الأوسط" (٨٢٧٣)، و "الصغير" (٧٦٥)، والطحاوي في "شرح معاني الآثار" (٤٦٤٩)، والبيهقي في "السنن الكبرى" (١٥٠٩٤)، و "الصغير" (٢٦٨٩)، وأبو نعيم في "الحلية" (٦/ ٣٥٢)، وصححه الألباني في "المشكاة" (٦٢٩٣)، و "صحيح الجامع الصغير" (١٧٣١).

(٢) "شرح مختصر الروضة" للطوفي (١/ ١٨٠).

(٣) "الموافقات" للشاطبي (١/ ٣١).

بۆیە بەو هۆکارەوە هەموو جۆرەکانی عەرەق و (مخدرات) هۆشبەرەکان و درۆ و فێڵ و سیحر و هەڵخەڵەتاندن و هەموو رێگەکانی لەکارخستنی ژیری و بیرکردنەوەی حەرامی قەدەغە کردووە و یاسای سزادانی لەسەر داناوە.

سێیەم: قورئان لەخۆگری هەموو بەڵگە عەقڵییەکان و یەکلاکەرەوەکانە کە دڵنیایی دەداتە ئادەمیزاد، بە شێوازی رێگە ڕاست و دروستەکانی بەڵگەکاری و سەلماندن، وە کاری پێوانەکاری تەواوە بە شێوازی یەکسانیکردن لە نێوان هاوشێوەکان و جیاکاریکردن لە نێوان جیاوازەکاندا، وە رێگەی گرێدانی هۆکار و کارەکان و بەشە پەیوەندیدارەکانە بەیەکەوە، وە هەروەها پێوانەکردنی نادیارەکان بە دیارەکانەوە و هاوشێوە گرێدان بە یەکترییەوە و پەیوەستکراوەکان بە پەیوەستەکانیانەوە و ڕەچاوکردنی خاڵبەندییەکانیش بەدوای یەکترێدا تاوەکوو ئەنجامەکەی دەردەچێت: اعتبار الشيء بمثله وخلافه، فيسوي بين المتماثلين ويفرق بين المختلفين، ويقيس الغائب على الشاهد ويليق الشيء بنظيره، مرتبًا له، والفرع بأصله والملزوم بلازمه، رابطًا لأجزائه بعضها ببعض غير ذلك من الأعمال العقلية ثم يخرج النتيجة[1].

هەروەکوو خوای گەورە هاوشێوە و نموونەی نەخشاندووە بەیەکەوە لە قورئاندا و هانی ئادەمیزادی داوە بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن و وەرگرتنی، هەر بۆیە بە رێگەکانی قورئان لە بەڵگەکاری عەقڵیدا بەهێزتر و نزیکترە بۆ پێکاندن و تێگەیشتن، وە بەسوودترە لە هێنانەدی مەبەستەکان، تاوەکوو رێگەی بەکارهێنانی عەقڵ لای فەیلەسووف و فیرەق و بیدعەکارەکان.

قورئان هاندەری هەموو رێگەکانی تاقیکردنەوە و پێوانەی عەقڵی و بەکارهێنانی هەستەکانە، وە دەیانجوولێنێت بۆ بەکارهێنان تا بگەنە ئەنجامی دروست و تێگەیشتنی ڕاست، وە لەلایەکی تریشەوە دووربکەونەوە لە جیهانی خەیاڵی عەقڵی و بڕیاری بێبنەما و خۆدزینەوە لە ڕاستییەکان، وە قورئان ئەو رێگایانە بەکاردەهێنێت بە شێوەی پرسیار و تێڕوانین و هەڵسەنگاندن، بۆ نموونە: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ ...﴾ [يُوسُفَ: ١٠٩]، ﴿أَوَلَمْ يَرَوْاْ كَيْفَ يُبْدِئُ ٱللَّهُ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ...﴾ [العَنكَبُوتِ: ١٩]، ﴿أَوَلَمْ يَعْلَمُوٓاْ ...﴾ [الزُّمَرِ: ٥٢]، ﴿هَلْ يَسْتَوِي ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٢٤٧)، و "منهج أهل السنة في نقض شبه أهل الأهواء والبدعة" لأحمد سردار (٢/ ٦٨).

أَفَلَا تَنفَكَّرُونَ﴾ [الأنعام: ٥٠]، ﴿أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾ [الأعراف: ٦٥]، ﴿أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ [يونس: ٣]، ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِي ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُ أَمْ جَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ...﴾ [الرعد: ١٦]، ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا...﴾ [الزمر: ٢٩]، ﴿كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْحَقَّ وَٱلْبَٰطِلَ﴾ [الرعد: ١٧]، ﴿وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟...﴾ [التحريم: ١١]، ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمِيزَانَ﴾ [الحديد: ٢٥]. **هەموو ئەم پرسارانە: ئەوە بۆ ناگەڕێن؟ ئەوە بۆ نابینن؟ ئەوە بۆ نازانن؟ وە ئایا هاوشێوەی یەکن؟ وە نموونەتان بۆ دەگێڕین ... تاوەکوو ببنە هۆکاری گەیشتن بە ئەنجام و ڕاستییەکان.**

چوارەم: **خوای پەروەردگار کەسانی خاوەن عەقڵ و بیرکردنەوەی تایبەت کردووە بە تێگەیشتوو لە مەبەستە شەرعییەکان و عیبادەتەکان، وەکوو دەفەرموێت:** ﴿وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ [البقرة: ١٩٧]، ﴿وَلَكُمْ فِى ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ [البقرة: ١٧٩] **لە یاسا شەرعییەکاندا ژیان هەیە ئەی خاوەن عەقڵە کاملەکان، وە هەر خاوەن عەقڵە کاملەکان پەرستنی من بەتەواوی دێننە دی.**

وە تەنانەت سوودمەندی لە باس و ئامۆژگارییەکانی قورئانی مولکاندووە بە تەنیا لە کەسانی خاوەن عەقڵ و ژیریدا، وەکوو دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ [البقرة: ٢٦٩]، ﴿لَقَدْ كَانَ فِى قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ [يوسف: ١١١]. **واتە بیرکەوتنەوە و پەندوەرگرتن لە بەسەرهاتەکان بەس کەسانی خاوەن عەقڵ سوودمەندن لێی، وە دەفەرموێت:** ﴿وَلَقَد تَّرَكْنَا مِنْهَآ ءَايَةًۢ بَيِّنَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ [العنكبوت: ٣٥] **نیشانە و پاشماوەمان بەجێهێشت بۆ کەسانی خاوەن عەقڵ.**

وە تەنانەت تێڕوانین و بیرکردنەوە کە هۆکاری زیکر و پەیوەستبوونە بە خواوە گرێی داوە بە کەسانی خاوەن عەقڵی تەواوەوە، وەکوو دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِى خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٠﴾ ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا﴾ [البقرة: ١٩٠، ١٩١]. **کەواتە خاوەن عەقڵ پلە و پێگە و تایبەتمەندی خۆیان هەیە.**

پێنجەم: خوای پەروەردگار بە خراپ و بێزاندن باسی کەسانی شوێنکەوتەی کوێرانەی باو و باپیران و ناوداران دەکات، لەکاتێکدا کە هەموویان خاوەنی عەقڵی خۆیانن بەڵام بەتاڵیان کردووەتەوە و لەکاریان خستووە و سوودی لێ نابینن، وەکوو دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ بَلۡ نَتَّبِعُ مَآ أَلۡفَيۡنَا عَلَيۡهِ ءَابَآءَنَآۚ أَوَلَوۡ كَانَ ءَابَآؤُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَهۡتَدُونَ ١٧٠﴾ [البَقَرَة : ١٧٠]. ئەگەر پێیان بوترێت شوێنکەوتەی بەرنامەی خوا بن دەڵێن بەڵکوو شوێنکەوتەی باو و باپیران و ڕاهاتووەکانی خۆمان دەبین، ئەوە ئایا نازانن کە باو و باپیرانیان خاوەنی هیچ عەقڵ و هیدایەتێك نەبوون؟!

وە دەڵێن: ﴿ بَلۡ قَالُوٓاْ إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهۡتَدُونَ ٢٢﴾ [الزُّخرُف : ٢٢]. ئێمە ڕێ و شوێنی باو و باپیرانمان بەرنادەین و هیدایەتدراوی ڕێگەی ئەوانین.

بە هەموو شێوەیەك (تقلید) و کوێرانە شوێنکەوتەی گەورە و ناوداڕەکان بەبێ هیدایەتی خوایی گومڕایی و سەرلێشێواوی و لەکارخستنی عەقڵی ئادەمیزادە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ [التَّوبَة : ٣١]. زانا و عابیدەکانیان هەریەکە کردبووە خوایەك بۆ جێبەجێکردنی فەرمان و ڕێنموونییەکانیان.

وە دەڵێن: ﴿ وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ٦٧﴾ [الأحزَاب : ٦٧]. ئێمە شوێنکەوتەی گەورە و ناوداڕەکانمان بووین، بوونە هۆکاری گومڕاییمان لەسەر ڕێگەی ڕاست.

شەشەم: عەقڵ و ژیری هۆکار و ئەندامێکە لای ئادەمیزاد کە سنوور و توانای تایبەتی خۆی هەیە وەکوو هەموو ئەندامەکانی تری ئادەمیزاد لە بینین و بیستن ...، کە توانای تێپەڕاندنی سنووری خۆی نییە و ناتوانێت گشتگیر بێت لە بەدەستهێنانی هەموو زانیارییەکاندا، بۆیە بە ناچاری هەریەکەی لە زانایان پەنایان بردووەتە بەر خاوەن (الإختصاص) و تایبەتمەندکارەکان، تاوەکوو بە ڕێژەیەکی باش پێکاندنەکانیان تەواو بێت.

لەبەرئەوە عەقڵ و ژیری شوێنی متمانە و یەکلاکەرەوەی تەواو نین بۆ هیچ شتێك و پێویستیان بە ڕێنموونیکارێك هەیە بۆ گومڕانەبوون، وە باشترین ڕێنموونیکار و خاوەن زانست؛ ڕێنموونی و زانستی خوایە بۆ دروستکراوەکانی، وە هەر خۆشی خاوەن و دروستکاری عەقڵ و ژیرییە.

لەبەرئەوە عەقڵ سەربەخۆ و بەشدار بوو نییە لە یاسا و شەرع و دینی خوادا، بەڵکوو لە چوارچێوە و سنووری ئەودا کار دەکات بە ڕێنموونی و زانیاری ئەو، نە لەکارکەوتووە و نە سەربەخۆیە، بەڵکوو کارپێکراوە لە چوارچێوەی توانا و سنووری خۆیدا، وەك لە بەشی (القیاس) لە (أصول الفقه) و (الإجتهاد) لە (فقه)دا و (تخریج) لە زانستی فەرموودەدا ڕۆڵ و دەوری خۆی دەبینێت.

زیادەڕەویکردن لە بەکارهێنانی عەقڵدا

الإفراط في إعمال العقل

خوای پەروەردگار ئادەمیزادی دروستکرد بۆ پەرستنی و کردنیە جێگرەوەی یەکتری بۆ ئاوەدانی سەرزەوی، وە بۆ ڕەخساندنی بەرەوپێشچوون و بنیادنانی شارستانی و ڕێکخستنی ژیانی، وە بەم هۆیەوە هەموو شتەکانی بۆ ڕەخساندن و خستنییە ژێر دەسەلاتیانەوە، بە هۆکاری پشتبەستن بە نیعمەتی عەقڵ و پەیامی خوایی، بەم دوو هۆکارە ئادەمیزاد دەتوانێت بە چاوکراوەیی و ڕێنموونی تەواو کارەکانی بگەیەنێتە ئەنجام.

جا لێرەدا دەشێت دژایەتی بخەینە نێوان ئەم دوو نیعمەتە خواییەوە، یاخود هەستین بە نکوولێکردن و پەراوێزکردنی یەکێکیان و کارکردن بەویتریان بەتەنیا، ئەمە بۆخۆی دەرچوونە لە فیترەت و سروشت و دەروونپاکی لە ئادەمیزاددا، وە لەدەستدانی زانیاریی ڕاست و دروستەکانە و بەربەستە لە ڕەوڕەوەی ژیانی ئادەمیزاددا، وە هۆکاری گومڕایی دواڕۆژیشە، بەتایبەت کارکردن بە عەقڵی ڕەها و پەراوێزکردنی وەحی خوایی، بەو هۆکارەوە کۆمەڵێك گومڕایی دەستی زیادەڕەویکردنی عەقڵە و کۆمەڵێکیش کوژراوی دەستی پەراوێزکردنی عەقڵن.

شێوازی یەکەم: زیادەڕەویکردن لە عەقڵدا:

زیادەڕەویکردن و کەمڕەویکردن (الإفراط والتفریط) دوو دەرد و نەخۆشی سەرەکی دین و دونیای ئادەمیزادە، گرتنەبەری نێوەندگیری و بەدەستهێنانی سەلامەتی لەو دوو نەخۆشییە کارێکی ئەستەمە، وە ئەگەر لە بواری عەقڵدا ئەوە ڕووبدات بە زیادەڕەویکردن یاخود کەمڕەویکردن ئەوە باش بزانین کە سنوور بەزاندنیەتی یاخود پەراوێزکردنیەتی لە سنوور و چوارچێوە و شێوازی دروستی خۆی، کە لە ئەنجامدا بە هەردوو ڕێڕەوەکە ناتوانین بگەینە دەرئەنجامێکی ڕاست و دروستی مەبەستەکان، ژیانی ئادەمیزاد و گیانلەبەران زۆر نزیك و لەیەکچوو دەبێت، سەرکردەیی

ئادەميزاد لەسەر زەويدا لەدەستدەچێت.

بەڵام كێشەی گەورە سنوور بەزاندن و زيادەڕەوييە لە بەكارهێنانی عەقڵ و پشتبەستن بە ڕێگە مەعريفەكانيەتی، بە هۆكاری پێدانی پلەی گەورە و سيفەتی ڕەها و (معصوم) و پارێزراوی گشتی پێی كە شاييستەی نييە و لە خشتەبردنی ئادەميزادە، بەڵام پێچەوانەكەی كە بەكارنەهێنانی عەقڵە و لەكارخستنيەتی دەبێتە هۆكاری نەزانين و (تقليد) و شوێنكەوتەيی كوێرانە كە ئەمەيان ئاشكرايە لە خراپيدا.

ڕێگاكانی زيادەڕەويكردن لە عەقڵدا دەگەڕێتەوە بۆ پێدانی وەسف و پێناسەيەكی پيرۆز (مقدس) و ڕەها و بەتوانا و كاريگەر بۆ عەقڵ كە هەموو شتەكان لە خولگەی ئەودا دەسووڕێنەوە، وە مامەڵەكردن لەگەڵيدا وەكوو (إله) و خوايەك كە هاوەڵ و هاوشێوە و بەشداربووی نەبێت لە ڕێگەكانی مەعريفە و زانست و دەركپێكردنەكاندا، جۆرێك لە بەندايەتی و كار و پەرستنی ئايينی بۆ بڕيار دەدرێت و بە هاوشێوەی بەندايەتی و پەرستنەكان بۆ خوای پەروەردگار، بەبێ ئەوەی بەخۆيان بزانن ئەگەرچی لە تۆمارەكانی مێژوودا هيچ جۆرە پەيكەر و پەرستگايەكی فەرمی و ناودار دروست نەكراوە بۆ عەقڵ، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤەكان زۆر لە عەقڵ كەمتريان پەرستووە و بەندايەتييان بۆ ئەنجامداوە، وەكوو (مانگا و پەيكەر و مشك و گيانلەبەرانی تر ...).

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی جياكاری لە نێوان (خالق ومخلوق)دا و تێكەڵكردنيان بە يەكتر، وە هەروەها عەقڵيش پێناسە بكرێت بە هەندێك لە سيفەتەكانی خوای حەق بەبێ دياريكردنی سنووردارى لە ناسين و پێناسەيدا، ئەمە گومڕايی و تێكەڵكردنێكە لە تێگەيشتنی نێوان خوا و عەقڵدا بەبێ جياوازی ديار و جياكردنەوەيان لە يەكتر، كە هەر لە كۆنەوە لە نێوان فەلاسيفەكانی يۆنان و ڕۆماندا ئەم تێكەڵكردنە و بگرە پێناسەكردنی عەقڵ بە خواوە هەبووە.

وەكوو فەيلەسووفی يۆنانی (انكساغوراس) دەڵێت: إن العقل هو مبدأ الوجود[1]. واتە عەقڵ سەرەتای بوونە.

وە (سقراط)يش بەمە ڕازييە و دەڵێت بيستم كە دەڵێن: (العقل الذي رتب الكل وهو علة

(١) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٢٦، و "تأريخ المذاهب الفلسفية" لدكتور عصام الدين محمد علي ص٥٩.

الأشياء جميعًا) ففرحت لمثل هذه العلة[١]. واتە بیستم کە دەڵێن عەقڵ ڕێکخەر و هۆکاری هەموو بوونەکانە بە گشتی، خۆشحاڵ بووم بەم قسەیە کە دۆزینەوەی هۆکارەکانی بوونە.

بەڵام ئایا مەبەستیان بە عەقڵ عەقڵی ئادەمیزادە یاخود بوونێکی تری جیاواز لە ئادەمیزاد؟! خۆ ئەگەر عەقڵی ئادەمیزاد بێت ئەوا چۆن دەبێت عەقڵ هاوشێوە و تەواوتر لە خۆی دروستبکات؟! کەواتە دەبێت هەر مەبەستیان پێی وەسفی خوا بێت بە عەقڵ و عەقڵیش ئەو هێزە بێت لە ئاستی ئەودا، ئەمەش بۆخۆی گومڕایی و تێکەڵکردنێکە لە نەدۆزینەوەی خوادا و جیاکردنەوەی عەقڵە لە دروستکراوەکانی.

هەر لە ئەنجامی زۆر سەرسامبوونیان بە عەقڵی ئادەمیزادەوە پێناسەی هەموو شتە گرنگەکانیان کردووە بە عەقڵ و سیفەتی خوایەتییان پێبەخشیوە وەکوو کەسانی خاوەنی بیروڕای (العقول العشرة) لەناو فەیلەسووفەکانی یۆناندا.

بیروڕای (العقول العشرة) بیروباوەڕی فەیلەسووفە یۆنانییەکانە کە ناوداڕە بە دە عەقڵە سەرەکییەکە، کە دەڵێن (خالق) بە (فیض) و ڕژاندن ژمارەی یەکەمی دروستکردووە ئەویش عەقڵی یەکەمە، وە لە عەقڵی یەکەم عەقڵی دووەمیشی دروستکردووە کە هەسارە بڵندەکەیە، وە لەویشەوە عەقڵی سێیەم و فەلەکێکی تری دروستکردووە تا لەویشەوە دەگاتە عەقڵی دەیەم کە فەلەکی مانگە، وە لە عەقڵی دەیەم و مانگەوە (العقل الفعال) عەقڵی کاریگەری دروستکردووە، وە ئەو عەقڵە بەڕێوەبەری جیهانی بوونەوەرەکانە و پەیوەندی نێوان جیهانی سەرو و خواروو[٢].

هەموو بوونەوەرەکان و هێزەکانیان ناوزەند کردووە بە عەقڵ، پێوانە بە عەقڵی ئادەمیزاد کە کارەکانی بەو ڕێگەیە دەبات بەڕێوە، یەکەم کەسێك لە ئیسلامدا ئەم بیروڕایەی پەسەند کرد و شوێنکەوتەی بوو (فارابي وابن سينا) بوون، ئەم بیروڕایەش بۆیە پەسەند بوو لایان لەبەرئەوەی هەڵدەستێت بە شیکاری ئەوەی کە هەموو بوونەکان لە یەك ژمارەوە دەرچووە و سەرچاوەیان گرتووە، وە ئەو یەك ژمارەیەش لە هەموو لایەکەوە بەس یەك ژمارەی لێ دروستدەبێت کە بە ژمارە یەکە و بە بوون هەر یەکە و بە کاریش هەر یەکە.

---

(١) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٢٦.

(٢) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٣١، و "آراء المدينة الفاضلة" للفارابي ص٦١.

ئەم بیروڕایە بۆ فەیلەسووفەکانی ناو بازنەی ئیسلام گرنگە، کە بەو ڕێگایە دەیسەلێنن خوای پەروەردگار بە ژمارە یەکە و بە زات و بوون یەکە و نابێت خاوەنی ئەو هەموو ناو و سیفات و باسانە بێت، ئەگەر نا لە ژمارە یەك دەردەچێت و سیفاتی خوایەتی نامێنێت، بەو ڕێگەیەوە باوەڕیان بە ناو و سیفاتەکان و کارەکانی خوا نییە، پێناسەیان بۆ خوا یەك بوونێکە کە هیچ پێناسە و بوون و کارێك هەڵناگرێت و بە ڕەها و گشتی لە زیهن و میشك و خەیاڵی ئادەمیزاددا هەیە بەبێ بوونی حەقیقی و شوێن و کار و سیفات و ناو، گەر نا لە بوونەوەرەکان دەچێت، وە خواش یەکە بە ڕەها و (مطلق) بەبێ کۆتایی، وە نابێت بچێتە ژێر باری هیچ تێگەیشتن و ناسینێکەوە، لەبەرئەوەی لە پێناسەدا هەموو ناسینێك جیاکەرەوەی هەیە لە نێوان خودی خۆی و بوونێکی تردا، خوا لە سەروو ئەم جیاکارییەوەیە بۆی لەبەرئەوەی تاکە و کاملە و پێویستی بە بوونێکی تر نییە[1].

وە بیروڕای (فیض) بیری فەیلەسووفێکی یۆنانییە بەناوی (أفلوطين) کە کردوویانە بە پێناسە بۆ خوا کە ڕژێنەرە و دروستکارە بەبێ بەرامبەر و هیچ مەبەستێك، هەموو بوونەکانی لە (فیض)ی ئەوەوە دروستبووە، ئەم پێناسەیە لە بەرامبەر وەسفی (قديم) ئەزەلیەت دانراوە، وە لە لایەکی تریشەوە واتای سەرەتای بوونە لە نەبوونەوە بۆ بوون، ئەگەرچی ئەم ڕایە لە فەلسەفەی یۆنانیدا زۆر لاوازە لەبەرئەوە ئەوان باوەڕیان بە ئەزەلیەت و قەدیمی (المادة) و بوونەکانە و باوەڕیان بە (الوجود من اللاوجود) بوون لە نەبوونەوە نییە بەڵکوو دەبێت هەر بوون بەردەوام هەبووبێت، گەر نا (قديم وحادث) ئەزەلی و تازەی دروستکراو تێکەڵ دەبێت، ئەوەش ئەستەمە، بە هۆکاری ئەم بیردۆزەوە (فارابي و ابن سينا) باوەڕیان بە بوارەکانی عەقیدەی (الأسماء والصفات) نییە و ناچنە ژێر باری (توحيد الألوهية)ەوە و بەندایەتی بۆ خوا، لەبەرئەوەی (فیض) دەڵێت تۆی دروستکردووە و دەتبات بەڕێوە بەبێ هیچ (العوص والغرض) مەبەست و بەرامبەرێك لەبەرئەوەی پێویستی پێی نییە، پێویستییەکان کاری (مخلوق)ە نەك (خالق)، بەڵکوو باوەڕیان بەس بە (توحيد الربوبية) هەیە ئەویش واتە خاوەنی (مخلوقات) دروستکاریان بە تەنیا و تاك و ڕەها بەبێ بوون وەك (مخلوقات)، وە هەر ئەمانیش (العقول العشرة) دە عەقڵەکەیان پێناسە کردووە لە ئیسلامدا بە حەوت هەسارەکە و عەرش و کورسی ...[2].

---

(١) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٣٢، و "الفلسفة الإسلامية" لدكتور جمال مرزوق ص١٠٠، و "موقف شيخ الإسلام ابن تيمية من آراء الفلاسفة ومنهجه في عرضها" لصالح بن غرم الله الغامدي ص٣٧٠.

(٢) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٣٧.

بەڵام ئەم بیروڕایە شوێنی ڕاجیاییەکی زۆرە، لەلایەکەوە بۆ ژمارە (١٠) بە تەنیا بۆ عەقڵەکان و لەلایەکی تریشەوە ئەو ژمارە یەکە دەبێت هەر ژمارە یەکی لێ دروستببێت، لە کۆتاییشدا ئەم هەموو بوونە چۆن بە تەنها لە ژمارە (١٠) دەبێت؟! ئەم بیرۆکەیە شێوەکارە بە خەیاڵ و ئەفسانەیەك کە دەیانەوێت بەرجەستەی بکەن لە واقیعدا.

بەڵام مەبەست لێرەدا (تقدیس)ی عەقڵە لای یۆنانییەکان و شوێنکەوتەیان، هەموو توانا و بوونەکان ناودەبەن بە عەقڵ و ژمارەیان بۆ دادەنێن، لە پێناسەی عەقڵیشدا دەرناچێت و هیچ شتێکی تر نییە بۆ جیاکاری بوونەکان لە (خالق)، باس و خواسی خوا و داهێنەری بوونەکان هەر باسی نییە و بەڵکوو زنجیرەی تێکەڵە بە دروستکراوەکان، وە هەموو بوون و هێزێك و داهێنەرێك لایان ناوی عەقڵە و پێناسەی عەقڵیان بۆ دروستکردووە.

وە هۆکاری پەرستنی ئەفلاکەکان لە ئەنجامی ڕازاندنەوەی توانا و دەسەڵاتی فەلەکەکان بووە لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە، کە لە دواییدا بووە هۆکاری (شرك) و بتپەرستی سەردەمی پێغەمبەر (إبراهیم) عليه السلام کە خوای پەروەردگار ناردی بۆ بانگەوازی تەوحید لە ناویاندا.

وەك (ابن تیمیة) رحمه الله دەڵێت: أو ليس أصل الشرك في العالم هو من بعض هؤلاء المتفلسفة؟[١]، هم أَعدَاء إِبْرَاهِيم الْخَلِيل عَلَيْهِ السَّلَام وهم يعْبدُونَ الْكَوَاكِب ويبنون الهياكل للعقول والنجوم وَغَيرهمَا[٢]، ثمَّ قوم إِبْرَاهِيم انتقلوا إِلَى الشّرك بالسماويات فالكواكب، وضعُوا لَهَا "الْأَصْنَام" بِحَسب مَا رَأَوْهُ من طبائعها يصنعون لكل كَوْكَب بَيْتا وَطَعَامًا وخاتما وبخورا وأقوالا تناسبه[٣].

واتە: بنەمای بتپەرستی لە ئەنجامی تێڕوانینی هەندێك لە فەیلەسووفەکانەوە دروست بووە کە دوژمنی پێغەمبەر (إبراهیم) عليه السلام و پەیامەکەی بوون، بەو هۆکارەوە پەرستگا و پەیکەری جۆراوجۆریان بۆ پەرستنی هەسارەکان دروستکردووە لەسەر شێواز و بۆن و خواردن و جۆری عیبادەتی تایبەت بۆیان.

---

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ٦٥).

(٢) "أمراض القلب وشفاؤها" لابن تيمية ص٦٨.

(٣) "جامع الرسائل" لابن تيمية (٢/ ٥٣).

لەبەرئەوە: وليست أمة مستمسكة بالتوحيد إلا أتباع الرسل، قال الله سبحانه: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ كَبُرَ عَلَى ٱلۡمُشۡرِكِينَ مَا تَدۡعُوهُمۡ إِلَيۡهِ﴾ [الشورى: ١٣][(١)].

واتە: هیچ گەلێك نییە پەیوەست بێت بە تەوحید و یەکتاپەرستی خواوە بێجگە لە شوێنکەوتەی پێغەمبەران نەبێت، هەروەك چۆن ئایەتەکە ئاماژە بە شوێنکەوتەی پێغەمبەران دەکات و دژایەتی موشریکەکان دەکات.

وە ئەو بیروڕای (فَيْضْ) و ڕشتنە بەخشندەیە بێپایانەی خستوویانەتە پاڵ ئەفلاکەکانەوە و بووەتە هۆکاری دروستبوونی هەموو بوونەوەرەکان، هەمان بیروڕای (الغزالي) و ئەهلی کەلامە کە پێناسەی وەحی خوایی بۆ پێغەمبەران دەکەن: يُنْكِرُونَ أَيْضًا حَقِيقَةَ تَكْلِيمِهِ لِمُوسَى وَيَقُولُونَ إِنَّمَا هُوَ فَيْضٌ فَاضَ عَلَيْهِ مِنْ الْعَقْلِ الْفَعَّالِ وَهَكَذَا يَقُولُونَ فِي الْوَحْيِ إلَى جَمِيعِ الْأَنْبِيَاءِ[(٢)]، أَوْ إنَّ النُّبُوَّةَ هِيَ فَيْضٌ يَفِيضُ عَلَى النُّفُوسِ مِنْ الْعَقْلِ الْفَعَّالِ مِنْ جِنْسِ مَا يَرَاهُ النَّائِمُ[(٣)]. **وە دژایەتی ڕاست و دروستی وەحی خوایی دەکەن بە ڕێگەی (جبريل) بۆ پێغەمبەران و دەڵێن پێغەمبەرایەتی و وەحی خوایی ڕژاندنێکی عەقڵی زۆرە بەسەر نەفسەکاندا لەسەر شێوەی خەوبینینێك و:** وَأَنَّ "كَلَامَ اللَّهِ" لَيْسَ إلَّا مَا يَحْصُلُ فِي النُّفُوسِ مِنْ الْمُخَاطَبَاتِ كَمَا أَنَّ "الْمَلَائِكَةَ" مَا يَحْصُلُ فِي الْقُلُوبِ مِنْ الصُّوَرِ الْخَيَالِيَّةِ[(٤)]. **فەرموودەی خوا بۆ پێغەمبەران ﷺ هیچ شتێك نییە بێجگە لەوە نەبێت کە لە ناخ و نەفسی پێغەمبەراندا وتووێژێك دروستدەبێت، وە بوونی فریشتەی گەیاندنی وەحییەکان خەیاڵاتێکە لەبەرچاو و دڵیاندا دەنەخشێت، تا وا تێبگەن کە وەحی خواییە بۆیان.**

وە (فارابي وابن سينا) باوەڕیان وایە (جبريل) ﷺ عەقڵە کاریگەرەکەیە (القوة الفعالية أو العقل الفعال): وَإِنَّ خَاصَّةَ النُّبُوَّةِ جَوْدَةُ تَخْيِيلِ الْأُمُورِ الْمَعْقُولَةِ فِي الصُّوَرِ الْمَحْسُوسَةِ، أَوْ نَحْوُ هَذِهِ

---

(١) "الصارم المسلول على شاتم الرسول" لابن تيمية ص٢٥٠.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٢/ ٥١٦).

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٩/ ١٨٧).

(٤) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٦/ ٥٤٠).

الْعِبَارَةِ. وَابْنُ سِينَا يَذْكُرُ هَذَا الْمَعْنَى فِي مَوَاضِعَ[١]. وە پێغەمبەرایەتی و وەحی خوایی خەیاڵێکی بەهێزە لە عەقڵدا لەسەر شێوەی هەستپێکراوەکان دەرکی پێدەکرێت، ئەو جۆرە پێناسانە (ابن سينا) لە چەندەها شوێندا باسی دەکات.

بەڵکوو هەر بەمەشەوە نەوەستان تاوەکوو فەیلەسووف (هیگڵ) هات و بیرورِاکەی (انكساغوراس)ی لە بارەی عەقڵەوە پەرە پێدا و کردییە بناغەی تێڕوانینی بۆ مێژووی ئادەمیزاد لەسەر زەوی: وجعله أساسًا في تفسير التأريخ ... بأن العقل هو الذي يحكم العالم نقطة تحول في تأريخ العقل البشري[٢]. بە هۆکاری ئەم عەقڵی بەهێزەوە هەموو گۆڕانکارییەکانی ناو مێژوو دروستبووە، عەقڵ خاڵی سەرەتا و جەمسەری کاریگەرە لە ژیانی ئادەمیزاددا.

ئەم بیرۆکەیەی (هیگڵ) لەوەدا خۆی دەبینێتەوە: مهمة فلسفة هيجل تكمن في إظهار العقل المحرك الباطن في الطبيعة وفي التأريخ[٣]. بیرۆکەکە بریتییە لەوەی ئەو عەقڵە ناوەکییە هەیە لە ئێمە و سروشتی چواردەورماندا، ئەوە سەرەکی و هۆی گۆڕانکاری ناوەکییە لە سروشت و مێژوودا.

واتە ئەو هێز و یاسا پەروەردگارییەی کە خوای پەروەردگار لە ئێمە و بوونەوەرەکاندا دروستی کردووە: ﴿قَدَّرَ فَهَدَىٰ﴾ [الأعلى: ٣]؛ ئەو بە عەقڵ ناوی دەبات و دەیکاتە ئەزەڵی و قەدیم و لە بریتی خوا و کارەکانی پێناسەی دەکات.

وە ئەو هێزەی بوونی هەیە لە گۆڕانکاری سروشتدا هەمان ئەو هێزەیە کە لە ئادەمیزاددا پێی دەوترێت عەقڵ، ئەم هێزانەی ناوبردووە بە فەلسەفەی (دیالیکتیکی) یا (الجدلية)، بەو واتایەی هەموو پێگەکانی بوونەوەر دووبەرەکایەتی یەك دەکەن لە جوولانەوەی بەردەوامدا، وە هەر ئەو هێزەیە کە (هیگڵ) بە کاریگەر و هۆکاری دەزانێت لە هۆکاری هەڵسووڕاندنی کەوندا: لكنه اعتبر هذا القانون نظامًا للقوة الغيبية المهيمنة على الكون والمتصرفة فيه[٤]. ئەو هێزە کاریگەرە

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ٩٩)، و "آراء المدينة الفاضلة" للفارابي ص٦١، و "الهداية" لابن سينا ص٤٧٤.

(٢) "تأريخ الفلسفة اليونانية" لمصطفى النشار (١/ ٢٦٧).

(٣) "فلسفة هيجل" لعبد الفتاح الدبدي ص١٩ نقلاً عن "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٣٩.

(٤) "الألفاظ والمصطلحات المتعلقة بتوحيد الربوبية" لآمال بنت عبد العزيز العمرو ص٣٣٨.

هێزێکی غەیبی نادیارە، جارێك بە عەقڵ ناوی دەبات جارێك بە ڕۆحێکی نادیار، ئەمەش وەکوو هەموو فەیلەسووفەکان قسەکانیان پێچەوانە و دژ و هەڵوەشاندنەوەی یەکتری زۆری تێدایە.

هەمان ئەم بۆچوونەی (هیگل ونتیشة) کە دەڵێن مادە و سروشت و هێزەکانیان دروستکاری گۆڕانکاری ناو مێژووی ئادەمیزادە، (کارل مارکس وإنجلز) ئەم تیۆرەیان گەشە پێدا و کردیانە بنەمایەك بۆ بیروڕای نەبوونی خوا و خاوەنی بوونەوەرەکان، وە باوەڕبوون بوو بەوەی مادە و بوونەوەرەکان هەموویان یاسای زۆرەملێی خۆیان هەیە بۆ بەڕێوەبردن و خودی خۆیان هۆکارن کە پێی دەوترێت (الصفات الذاتية والتحديد الذاتي) سیفات و سنووردارییە خۆییەکان واتە هیچ یاسا و کاریگەرییەکی دەرەکی خۆیان نییە بۆ دروستبوون و گۆڕانکاری و بەڕێوەبردنیان.

کە بۆخۆی ئەمە بووە بنەمایەك بۆ دروستبوونی ئیلحادی دژ بە ئیمان، ئەگەرچی (هیگل) باوەڕی بە هێزێکی دەرەکی غەیبی هەبوو بۆ بەڕێوەبردنیان، بەڵام (مارکس) ئەو باوەڕەی لێدەرکرد و کردیە هێزێکی ماددی تەنیا و پێناسەی بۆ هەموو شتێك مادە و هێزەکەی بوو نەك هیچ بوونێك و هێز و دروستکار و ڕاگیرکارێك.

بەڵام خۆ ماددەش مردووە چۆن دەبێت توانای دروستکردنی زیندووی هەبێت؟! خۆ ماددە خاوەن عەقڵ و ژیری نییە چۆن دەبێت عاقڵ و خاوەن ژیری و مەعریفە دروستبکات؟! خۆ ماددە خاوەن توانا و ئیرادە نییە چۆن دەبێت خاوەن توانا و ئیرادە دروستبکات؟! خۆ ماددە نەبوون بووە و پاشان بووە بە بوون و دەبێتەوە بە بوون چۆن دەبێت توانای بوون و دروستکردنی بێجگە لە بوونی خۆی هەبێت کە خۆی توانای هێنانەدی خۆی نەبووە؟! ماددە ئەزەلی نییە و توانای بەڕێوەبردنی خۆی نییە چۆن دەبێت ئەم هەموو ڕێکخستنە کەونییە بێنێتە دی؟! وە لە کۆتاییدا خۆ ماددە (مخلوقة) چۆن بوو بە (خالق)؟! ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ قَدۡ ضَلُّواْ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ﴿١٦٧﴾﴾ [النساء: ١٦٧]. ئەوانەی بێبڕوا بوون و لادەر بوون لە ڕێڕەوی خوا؛ گومڕا بوون و لە گومڕاییەکی زۆر دوورداون.

مرۆڤەکان هەر لە کۆنەوە گەڕاون بەدوای ئەو هێزەی کە بوونەوەرەکان هەڵدەسووڕێنێت، جارێك بەناوی مەلائیکە و فریشتەکان و ڕۆژ و مانگ و جارێك بەناوی جنەکانەوە و جارێك بەناوی پیاوە ناوادارەکانەوە لە پێغەمبەران و پیاوچاکان و جارێکی تر بەناوی عەقڵ و جارێك ماددە و بوونەکان و جارێك ئەو هێزەی کە لە گەردووندا هەیە و جارێك بەناوی (تطور) ئەو هێزی

پێشخستنە کوێر و کەڕەی کە بوونەوەرەکان بەرەو لوتکە دەبات و جارێك بەناوی هێزی (الجاذبية) یاسای ڕاکێشەرێکی فیزیایی بۆ هێنانەدی ژیان و بوون، وە جارێك بەناوی زانست و عەولەمەی ماددی بێ گیانی تازەوە ... .

هەموو ئەمانە و ئەوانەی تریش کە بەڕێوەن بۆ پەرستنی ماددە و بوونەکان لە ئادەمیزاد و ئارەزووەکانیان و بەخواکردنی هێز و مرۆڤەکان و بوونەکان ... گرنگ ئەوەیە ئەمانە لە بازنەی شەریك بڕیاردانە و هاوتا دۆزینەوەیە بۆ خوای پەروەردگار و دەرچوونە لەو تەوحید و یەکتاپەرستییە بۆ پەروەردگاری بوونەوەرەکان ﴿سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ﴾ گەورەیی و پاك و بێگەردی بۆ ئەو پەروەردگارەی کە خاوەنی بوونەوەرەکانە و هەر ئەو شاییستەی پەرستنە، وە مرۆڤەکانیش ﴿إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومٗا جَهُولٗا﴾ [الأحزاب : ٧٢]. بە دڵنیاییەوە زۆر ستەمکار و نەزانن، وە ﴿وَكَانَ ٱلۡكَافِرُ عَلَىٰ رَبِّهِۦ ظَهِيرٗا﴾ [الفرقان : ٥٥]. هەر لە ئەزەلەوە سروشتی بێبڕواکان وایە کە پشتی کردووەتە خوای خۆی، هیچ کەسێکیش لەم بوون و دونیایە ڕزگاری نابێت و هەر دەبێت بمرێت و ببێتە خاك و خۆڵ لە بەردەم پەروەردگاریدا.

کەواتە ئەو هێزە عەقڵییەی کە لە بریتی خوا پێناسە دەکرا بووە ئەو هێزە مادییەی کە خاوەنی هەموو ئاڵۆگۆڕییەکانە، وە میژووش دروستکراوی دەستی ئەو هێزە مادییەیە، دەبێت ئادەمیزاد خاوەنی ئەو هێزە بێت و بەکارهێنەری بێت ﴿سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ﴾ هەمووی ڕاکردنە لە ناوی خوا، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُ ٱشۡمَأَزَّتۡ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ﴾ [الزمر : ٤٥]. خۆ ئەگەر ناوی خوا بە تەنیا و تاك ببەیت دڵی بێبڕوایان دادەگیرێت.

خۆ ئەگەر ئەم کەون و بوونەوەر و هەسارانە خۆیان دروستکاری خۆیان و هێزیان بن و لە چواردەوری خۆیان دەرنەچێت ئەوا وەڵام بۆ ئەم پرسیارە نابێت کە دەڵێت: خاوەنی بەڕێوەبردنی ووردی گرێدانی هۆکارەکان بە کارەکانەوە و هێنانەدی پێویستییەکانی بوون بە یەکترییەوە دەبێت کێ بێت؟! ﴿أَمۡ خُلِقُواْ مِنۡ غَيۡرِ شَيۡءٍ أَمۡ هُمُ ٱلۡخَٰلِقُونَ ٣٥﴾ [الطور : ٣٥]. بوونەکان لە بێ هێنانەدییەك نەبوون، وە نەبوونێکیش توانای هێنانەدی خۆی نییە چ جای بێجگە لە خۆی، چۆن دەبێت بڕیاری نەبوون بۆ خوایەك بدرێت لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن کار و بوونە؟! کە بۆخۆی

خاوەن کار و بوون سیفاتەکانی بوونە، کەواتە دەبێت ئەم بوونەوەرە هێنانەدییەکی هەبێت، ئەمە یاسای (عدم الجمع بين النقيضين)ە[١] بوون و نەبوون لە یەك کاتدا کۆنابێتەوە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: ذَكَرَ الدَّلِيلَ بِصِيغَةِ اسْتِفْهَامِ الْإِنْكَارِ لِيُبَيِّنَ أَنَّ هَذِهِ الْقَضِيَّةَ الَّتِي اسْتَدَلَّ بِهَا فِطْرِيَّةٌ بَدِيهِيَّةٌ مُسْتَقِرَّةٌ فِي النُّفُوسِ لَا يُمْكِنُ لِأَحَدِ إنْكَارُهَا[٢].

واتە: خوای گەورە بەڵگەی بۆ بوونی خۆی بە شێوەی پرسیارێکی نکوولێکار کردووە تاوەکوو ڕوون ببێتەوە ئەم بابەتە مەعریفەیەکی چێنراوی ناخی مرۆڤەکانە و جێگیرە و هیچ کەس ناتوانێ نکوولی لێ بکات.

کەواتە زیادەڕەوی لە پێگەی عەقڵ لای ئادەمیزاد بووە هۆکاری ئەوەی هەموو هێز و بوونێك ببێتە جێگرەوەی هاوشێوەی عەقڵ لە ئادەمیزاددا، تاوەکوو لە ئەنجامدا بکرێتە خوایەکی بێ شەریك و هاوشێوە و هەموو ڕێز و پەرستنێکی پێ شکۆی بۆ ئەنجام بدرێت تا لە ئەنجامدا عەقڵ و ئادەمیزاد بەیەکەوە بمرن و ژێر خاك بنرێن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوی بنرێت بە (هو الحي الذي لايموت) ئەو زیندووەیە کە مردنی بەسەردا نایەت لەگەڵ ئەوەشدا هاتووە، هەموو ئەمانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێگەی خوایەتی و پلەی (مقدس)یان بەخشی بە عەقڵ، ئەوەش بووە یەکێك لە گومڕایی عەقڵ لەخۆیەوە بۆ خۆی.

بەڵام خۆ ئەگەر ئەو پێگەیەشی بە ئاشکرا نەدرێتێ ئەوا خۆ پێگەی کارکردنی ڕەها و گشتی لە هەموو بوارێکدا دراوەتە عەقڵ کە بۆخۆی سەرکەشی (طغيان) و زیادەڕەوی و دەرچوونە لە سنووری خۆی، جا زۆرجار بەناوی عەقڵەوەیە، وە زۆرجاریش پەردەپۆش دەکرێت بەناوی زانستی تازە و تەکنەلۆجیاوە کە بەشێکە لە بەرهەمەکانی عەقڵ .

ئەم پێگە ڕەهایە بۆ عەقڵ بە هۆکاری ئەوەوەیە کە عەقڵ توانای ئەوەی پێ بەخشراوە کە زۆری یاسا و ڕێسا و نهێنییەکانی بوون بزانێت، یاخود عەقڵ خاوەنی بنەما گشتییەکانە بۆ تێگەیشتن لە هەموو شتێك و دەتوانێت بەردەوام بگەڕێتەوە سەری بیانکاتە ڕێگە و پەیژەیەك بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنەکان.

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٩/ ٢٩٨).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٢١٢)، و "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٢٥٣.

بەم هۆکارانەوە پێگەی عەقڵ ڕەها دەکرێت لە کارکردندا و دڵنیایی دەدرێتێ بە شێوەیەك کە پێویستی بە هیچ ڕێگەیەکی تر نەبێت بۆ پشتیوانی و تێگەیشتن و گەیشتن بە کۆتا ووردەکارییەکان.

وە گوومانیش نییە لە ئیسلامدا سێ بواری سەرەکی هەیە کە عەقڵ توانای کارکردنی نییە تیایاندا، خۆ ئەگەر کاربکات تیایاندا دەیانشێوێنێت، لەبەر زاڵبوونی هەوا و ئارەزوو و کاریگەرییەکانی چواردەوری، ئەو سێ بوارەش ئەمانەن[1]:

یەکەم: بوارەکانی بیروباوەڕی ڕاستەقینە (العقیدة): خۆ ئەگەر کار بکات تیایدا ئەوا ڕێگە بە پەرستنی مانگا و مشك و گیانلەبەران و مردووەکان و دار و بەرد دەدات، وەکوو عەقڵی فەیلەسووفەکان کە ڕێگەیان پێداوە و هەزارەها ساڵە مرۆڤەکان پێوەی دەنالێنن.

دووەم: بوارەکانی ئاکار و ڕەوشتەکان (الأخلاق): کە بۆخۆی پێویستییەکانی ژیانی ئادەمیزادە و ناتوانێت لێی دوورکەوێتەوە و قابیلی ئاڵوگۆڕیش نییە، ئەگەر کار بکات بە دەردی ژیانی ئەوروپی و ئەمریکییەکان دەچێت کە لەدەستدانی هەموو بنەماکانی ژیانە.

سێیەم: بوارەکانی (تشریع) و یاسا و پێویستییەکان بۆ ڕاگرتنی ژیانی ئادەمیزاد لەسەر زەوی کە هەموو یاساکان لەسەر بنەمای ڕاگرتن و ئاڵوگۆڕی سوودمەندییەکان بنیادنراوە و پێچەوانەکەی دەبێتە غەش و خیانەت و درۆ و خواردنی لاوازەکان لەلایەن بەهێز و خاوەن سوودمەندەکانەوە.

وە ئەم سێ بوارەش پێویستی بە پێشکەوتن و تازەگەری نییە، بەڵکوو ئادەمیزاد هەر ئادەمیزادە و ژیان هەر ژیانە و پێچەوانە و لادانەکانی بیروباوەڕی ڕاستەقینە گومڕاییە، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَمَاذَا بَعۡدَ ٱلۡحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُ﴾ [يُونِسٓ : ٣٢]. چی هەیە لەدوای حەق بێجگە لە گومڕایی نەبێت!

بوارەکانی عەقڵیش بۆ خزمەتی ئادەمیزاد بریتییە لە بوارەکانی (الطب والهندسة والحسابات والزراعة والصناعة) دەوڵەتداری و ئاستی گشتی ئادەمیزاد لە وشکانی و ئاسمانی و دەریاییدا.

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٩/ ٢٩٨).

گومانی تیادا نییە دەبێت دان بنرێت بە بوونی سنووری کارکردنی عەقڵ، گەر نا دەگەڕێینەوە بۆ یەکەم هەڵەیەك لە مێژوودا تۆمار کراوە ئەویش هەڵەی (إبلیس)ە کە عەقڵی کردە پێگە و سەرچاوە و متمانە و کاری ڕەهای خۆی تا گومڕای کرد و وتی: ﴿أَنَاْ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ﴾ [الأعراف: ١٢]، [ص: ٧٦].

وە دڵنیاییش بۆئەوەی کە عەقڵ سنووردارە و دەبێت پارێزراو بێت، وە خاوەنی سیفاتی (قديم وأزلي ومطلق) نییە؛ ئەوەیە کە (خالق) هەیە و (مخلوق)یش، وە عەقڵیش بێگومان (مخلوق)ە، وە سیفاتی خۆیەتی، سیفاتی (مخلوقات)یش ناتەواوی و کورتهێنانە و پێویستی بە یارمەتی و پاڵپشتی مەعریفی هەیە بۆ کارکردنی و پاراستنی لە هەڵە، وە ئەو پاڵپشتەش دەبێت وەحی و زانستی خوایی بێت بۆی.

وە لەلایەکی تریشەوە بە عەقڵ نەبوونی گومان و دوودڵی بۆ پارێزراوی دەقەکانی وەحی و پێکاندنی لە هەموو بوارەکاندا سەلمێنەری کاملی بوارەکانی عەقڵە و بەهێزبوونیەتی، وە ئەگەر بڕیاری پێچەوانەی نێوان عەقڵ و دەقەکان درا ئەوا گومان نییە دەشێت هەڵە تێگەیشتن هەبێت لە واتای دروستی دەقەکاندا، یاخود بوونی هەڵە لە سەنەد و پلەی دەقەکان وەکوو بۆ فەرموودەکان هەیە (صحيح وضعيف)، یاخود بوونی هەڵە لە کردنە بەڵگە بۆ ئەو بابەتە دیاریکراوە.

وە لەلایەکی تریشەوە پاڵپشت بۆئەوەی عەقڵ توانای دەرچوون و سەربەخۆیی نییە ئەوەیە هەموو دەقەکان هۆکاری هێنانەدی سوودمەندی و پێویستییە گشتییەکانی ژیانی ئادەمیزادە کە هیچ توانای نکوولێکردنی نییە و تۆمار کراوە بەناوی (المقاصد الكلية للشريعة الإسلامية)، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی یاساکانی دەسکردی ئادەمیزاد شوێنی متمانەی ئادەمیزاد نەبێت و بەردەوام کەسی موسوڵمان کە ئاشنایە بە ئیسلام دەگەڕێتەوە سەر یاسا شەرعییەکان، ئەمەش بۆخۆی هۆکاری ڕاگرتنی دینی ئیسلامە لەناو خەڵکدا بەبێ دەوڵەت و هێز، وە هەر ئیسلام شوێنی متمانەیە و زیندووە و هۆکاری ئارامی ئادەمیزادە.

زانیمان کە یەکێك لە ڕێگەکان عەقڵە و زیادەڕەوی کراوە لە کردنە سەرچاوەی تەنیای گەیشتن بە هەموو مەعریفە ڕاست و دروستەکانی بوون لای ئادەمیزاد، ئەمەش هۆکاری قـۆرخکردنی هەموو ئەو ڕێگـایانەیە و کـۆکـردنەوەیەتی لـە مەعـریفەی عەقڵدا بە تەنیا و تاك، ئەم

قۆرخکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارە[١]:

کاتێك گرووپی (السوفسطائیون) کە لەمەودوا باسیان بە درێژی دێت، لە نیوەی سەدەی پێنجی پێش زایینداا پەیدا بوون لە ئەسینای پایتەختی یۆنان، فکرە و بۆچوونیان بریتیی بوو لەوەی کە ڕێگەکانی زانست و مەعریفە بەس ڕێگەی هەستەکانە (الحواس الخمس)، وە هیچ ڕاست و دروستێکی بوون لە دەرەوەی ئەو ڕێگایانە بوونی نییە، هەر لە بابەتە ئەخلاقییەکان و حەق و بەتاڵ و خێر و شەڕ و چاکە و خراپە و هەموو بیرە عەقڵییە دروستەکانی ناو ئادەمیزاد کە بە ڕێگەی هەست بوونی نییە و دەرکی پێناکرێت کەواتە دەبێت بوونی نەبێت، وە هەروەها هەرچی یاسا و بنەمای تاك و کۆمەڵ و دەوڵەت هەیە بوونی نییە، لەبەرئەوەی بە هەستەکانی دەرکیان پێ ناکرێت بەڵکوو کارێکە خەڵك خۆی لەسەری ڕاهێناوە بۆ هێنانەدی سوودمەندی و پێویستییەکانیان یاخود خۆپارێزییان لە شەڕ و زیانی یەکتری، گەر نا هیچ بنەمایەکیان نییە.

ئەم گرووپە کاتێك کە پەیدابوون لە یۆنان فەیلەسووفەکانی ئەو سەردەمە هەستان بە بەرپەرچدانەوەیان، یەکێك لە هەرە پێشەنگەکەیان (سقراط) بوو.

هەستا بە سەلماندن و بیردۆزی ئەوەی: (أن لكل شيء طبيعة أو ماهية هي حقيقته، يكشفها العقل وراء الأعراض المحسوسة، ويعبِّر عنها بالحد)[٢]. واتە هەموو شتێك سروشت و بوونێکی هەیە کە حەقیقەتەکەیەتی و عەقڵ دەتوانێت دەرکی پێبکات لەدوای بوونە ماددیەکەی کە بە ڕێگەی هەستەکانەوە دەرکی پێدەکرێت و ئەو ڕێگا عەقڵییە پێناسە دەکرێت و ناودەبرێت بە (الحد) سنووردارێکردن.

ئەم سنووردارییە زانستییە مەبەستی پێی ئەوەبوو کە بۆ ناسینی بوونەکان تەنها ڕێگەی هەستەکان بەس نییە تا قۆرخ بکرێت لەسەری، بەڵکوو ناسینە عەقڵییەکان لە (الحد الكلي) سنووردە گشتییەکانیدا دەتوانرێت بەو ڕێگایەوە پێناسە بکرێت و بناسرێت، واتە (سقراط) قورسایی مەعریفە و زانستەکانی خستە ناو مەعریفە عەقڵییەکانەوە کە دەکەوێتە پشت ناسینە هەستییەکانەوە کە بریتین لە مادە و بوونی هەستپێکردن، بۆ نموونە پێش ئەوەی بڵێین ئەوە ئاوە دەڵێین ئەوە شلەمەنییە و هەموو شلەمەنییەکیش شوێن داگیردەکات، ئەمە پێی دەوترێت (الماهيات والكليات)

---

(١) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٧٧.

(٢) "تأريخ الفلسفة اليونانية" ليوسف كرم ص٨٥.

چۆنیەتی و گشتییەکان پاشان بە هەستەکان دەڵێین ئەمە ئاوە.

(أفلاطون)ی قوتابی (سقراط) ئەم تێڕوانینەی بەرەوپێش برد و زیادەڕەوی تیادا کرد بەناوی (نظرية المثل) تێڕوانینی هاوشێوە، بەو واتایەی ئەوەی لەپێش هەستەکانەوە عەقڵ دەرکی پێدەکات یەك جۆرە پێناسەی عەقڵییە و دووبارە نابێتەوە و بگرە حەقیقەتیشی نییە، واتە هەموو شتەکان یەکەمجار لە مێشکدا تۆمار دەکرێن، کاتێك کە دووبارە دەبێتەوە هەر یەکەمجار حەقیقییە، ئەوانیتر هاوشێوەی ئەوە.

وەك (أفلاطون) دەڵێت: لا تسم الماء المحسوس ماء، وإنما قل إنه شيء شبيه بالماء[1]. واتە بەو ئاوەی کە بە هەست دەرکی پێدەکەیت مەڵێ ئاوە، بەڵکوو بڵێ شتێکە لە ئاو دەچێت، لەبەرئەوەی پێشوەختە لە مێشکدا یەکەم ئاو تۆمار کراوە.

وەکوو دەڵێن: العقل يقدم لنا صورة واحدة للحصان هي الإدراك الكلي للنوع بصفة عامة، ... كانت كل الجياد التي رأيناها في الحياة العملية ظلاً للحقيقة لا الحقيقة نفسها[2]. واتە عەقڵ یەك شێواز و شێوەی ئەسپێك دەداتە مێشك، ئەمە بۆخۆی دەرکپێکردنێکی گشتییە بۆ هەموو جۆرێکی شێواز، پاشان هەموو ئەو ئەسپانەی دەیبینین لە ژیاندا ئەسپی حەقیقی نین بەڵکوو هەر ئەو شێوە عەقڵییەی یەکەم حەقیقی بوو، ئەوانی تر سێبەری حەقیقین.

ئەم بیرورا و تێڕوانینەی (أفلاطون) بۆخۆی زیادەڕەوییەك بووە لە ناسین و دەرکپێکردنە عەقڵییەکاندا بۆ زیاتری سەلماندنی باوەڕنەبوون بە زانینەکانی ڕێگەی هەستەکان، پاش (أفلاطون) (أرسطو)ی قوتابی هات لەسەر بنەمای (المفاهيم الكلية أو الحد الكلي) بۆ تێگەیشتنە گشتییەکانی عەقڵ زانستی (المنطق)ی دانا بۆ ناسینی هەموو شتە عەقڵییەکان کە بریتین لە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا بەو ڕێگایە پێناسەی بۆ شتەکان کرد، تاوەکوو بناسرێن بە ڕێگەی (التصورات والتصديقات) تێڕوانین و باوەڕپێکردن، ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ شیکردنەوەی مەعریفە عەقڵییەکان نەك مادییە واقعەکان، کە بۆخۆی جۆرێکی تر بوو لە ڕۆڕچوونێکی تری هاوشێوەی (سۆفسەتائییەکان) بۆ باوەڕنەبوون بە مادە و هەستەکان: سيخوضون في بحر الثقافة اللفظية الفارغة ... ثم يصبح مجهودهم الفكري بعد ذلك هو أن يشرحوا هذه الألفاظ ثم يشرحون الشروح ثم يضعون لهذه

(١) "العقل والوجود" ليوسف كرم ص١٥٥، و "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٥٢.

(٢) "قصة الفلسفة اليونانية" لزكي نجيب محمود وأحمد أمين ص١٥٣.

الشروح هوامش ... مجلدات في أثر مجلدات مع أن الألفاظ الأولى التي بنوا عليها هذا البناء الهش كله قد تكون زائفة بغير معنى[١]. **زانستی (علم المنطق) زانستێکی جەدەلییە لە دەریای ڕۆشنبیری بێ واتا و حەقیقی نوقومبووندایە، هەموو ئەم هەوڵ و تێکۆشانانە فیکرین و بەردەوام لە شیکردنەوەی بەرگ بەدوای بەرگدا هاتووە بۆیان و پاشان کاری پەراوێز بۆکردن و شیکردنەوەی تر کە زۆر جار لەسەر بنەمایەك ئەم نووسینانە هاتووە سەرەتاکەی هەر هەڵبەستراوە و بێ واتایە و هیچ ڕاستییەکی نییە.**

بەڵام بەداخەوە جیهانی ئیسلامی بەم زانستی (منطق)ەوە تێوەگلان تا گەیشتە ئاستی ئەوەی گرووپ بەدوای گرووپدا دروست بوو لەسەر ئەم جەدەلە کەلامیانە بە مەبەستی شیکاری و پێناسە بۆ دین بەناوی (معتزلة وقدرية ومرجئة والأشاعرة والماتوريدية ...)، تا وایان لێهات باوەڕیان بە هیچ شتێکی غەیبی ئەم دینە نەما، لەگەڵ ئەوەشدا (الغزالي) بەم زانستە (علم المنطق) دەڵێت: مَدَارِكَ الْعُقُولِ وَانْحِصَارَهَا فِي الْحَدِّ وَالْبُرْهَانِ، ... هِيَ مُقَدِّمَةُ الْعُلُومِ كُلِّهَا، وَمَنْ لَا يُحِيطُ بِهَا فَلَا ثِقَةَ لَهُ بِعُلُومِهِ أَصْلًا[٢]. **واتە زانستی (علم المنطق) کە زانستێکی عەقلییە و پێکهاتووە لە بابەتی (الحد والبرهان) سنووردارى و بەڵگە، پێشەنگی هەموو عیلمەکانە و ئەوەی نەزان بێت بەسەریدا هیچ متمانەیەك نییە لەسەر عیلمەکەی.**

لەگەڵ ئەوەشدا هەر چوار ئیمامەکانی ئەهلی سوننە لە (أحمد بن حنبل والشافعي وأبو حنيفة ومالك) و (البخاري ومسلم والترمذي ...) هیچیان نە (منطق)یان ناسیوە نە لەسەریشی پەروەردە بوون و لەگەڵ ئەوەشدا جیهانی ئیسلامیشیان بۆزاندووەتەوە بە زانستەکانیان.

وە زانستی (المنطق) وا پێناسە کراوە کە: الآلة العاصمة للذهن عن الخطأ فيما نتصوره ونصدق به[٣]. **واتە زانستێك و ئامێرێکی پاراستنی عەقڵە لە هەڵەی ئەوانەی دەرکی پێدەکرێت و باوەڕی پێدەکەین.**

لەگەڵ ئەوەشدا (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **هەستاوە بە بەرپەرچدانەوەی ئەم زانستە بە جوانترین**

(١) "نحو فلسفة علمية" لزكي نجيب ص٩، و "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص١٣٢.

(٢) "المستصفى" للغزالي (١/ ١٠).

(٣) "النجاة في الحكمة والمنطقية" لابن سينا ص٤٠.

شێوەی عەقڵی و نەقڵی لە نووسینێکدا بەناوی "نقض المنطق والرد على المنطقيين" ، وە بە ڕستەیەکی کورت پێناسەی (منطق) و زانستەکەی دەکات و دەڵێت: فإني كنت دائما أعلم أن المنطق اليوناني لا يحتاج إليه الذكي ولا ينتفع به البليد[١]. واتە من هەموو دەم زانیومە کە زانستی (المنطق)ی یۆنانی، زیرەك و عاقڵ پێویستی پێی نییە، وە کەم عەقڵ و نەزانیش سوودمەند نییە لێی.

ئەوانەی زانستی (منطق)یان هێنایە بازنەی ئیسلامەوە ئەو عیلمە نەیپاراستن لە جیاوازی و دووبەرەکایەتی و گومڕایی دینی، وە ئەهلی فەلسەفە و (منطق) و عەقڵ پەرتەوازەترین و پڕ لە ڕاوبۆچوونی جیاواز و دووبەرەکایەتین، بە شێوەیەکیش پێناسەی دەکەن گوایە عەقڵ و بیرکردنەوەیان دەپارێزێت لە هەڵە.

هەموو ئەم گومڕاییانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی باوەڕیان بە توانای بێ سنوور هەیە بۆ عەقڵ، جارێك لە ڕێی هەستەکانەوە وەکوو (سۆفسەطائییەکان)، وە جارێك لە ڕێی دارشتنی چەند ڕێگەیەکی عەقڵی بۆ ناسینی شتەکان بەناوی (المنطق)ەوە، وە جارێك بە ڕێگەی تاقیکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی شتەکان لە ڕێگەی هاوشێوە و دژبەیەکەکان کە پێیان دەوترێت (التجربي) کە ئەمڕۆ ئەوروپا و دونیای (علماني) پێ گومڕا بووە و بووە بە جێگرەوەی هەموو شتێکی تر و ژیانی ئادەمیزادی لەلایەکەوە پێ هەڵدێراوە و ئاڵۆزی کردووە، وە جارێکی تریش لەڕێی پێدانی هەموو بڕیارێك و یەکلاکەرەوەیەك بەسەر شتەکاندا بەناوی (التحسين والتقبيح العقليين) بەچاك و خراپ زانینی عەقڵ، کە ئەمە بۆخۆی بیروڕای (سقراط) بووە بە کاریگەری لەسەر (انكساغوراس) و ئەویش بە کاریگەری بۆچوونی فەیلەسووفەکانی پێش خۆی کە باوەڕیان وابوو (العقل مبدأ الوجود) عەقڵ سەرەتا و بنەمای بوونە، تا (العقول العشرة) و هاوشێوەکانی لێ دروستبوون و پاشان شۆڕبوونەوەی ئەم (تقديس)ەی عەقڵ و کاریگەرییەکانی بۆ ناو بازنەی ئیسلام لە ڕێی (معتزلة)ەکانەوە، تا کار گەیشتە سەر ئەوەی لەژێر ئەم ناونیشانەی (التحسين والتقبيح)ەدا ئەم گومڕاییانەی خوارەوەی لەسەر دروستبوون[٢]:

یەکەم: نرخاندن و پێدانی پێگەی بێشوماری ڕەها بۆ عەقڵ و بەرهەمەکانی.

دووەم: بەم ڕێگەیە گەیشتنە خوا و دەرهاویشتەکانی عەقڵیان فەرز کرد بەرامبەر خوا و

(١) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية (١/ ٣).

(٢) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٩٦.

وتیان واجبە (فعل الأصلح والعوض ...) بژاردەی چاك و پاداشت بۆ بەندەکانی بژاردە بکات و نابێت لێی لابدات.

سێیەم: وە بە هۆکاری بوونی عەقڵ لای مرۆڤەکان وتیان بە ڕێگەی عەقڵ چاکە و خراپە دەزانرێت، لەبەرئەوە بەسەر بەندەکانیشدا سزا و پاداشتی خواییان فەرز کرد بەبێ هیچ جیاکردنەوەیەك بۆ جۆرەکانی عەقڵ و ڕووبەڕووبونکردنەوەیەك لەسەریان، واتە بەبێ هاتنی دین ئادەمیزاد هەر شاییستەی لێپێچینەوەی خواییە.

چوارەم: هەر بە عەقڵ خوایان هاوشێوە و شێوەکار کرد بە هاوشێوەی دروستکراوەکانیەوە و جیاوازی لە نێوانیاندا نەما، بۆیە بڕیاریان دا و وتیان ئەوەی لای (مخلوق) چاکە یان خراپە دەبێت لای (خالق)یش هەمان شێوە بێت.

ئەمانە هەموویان دەرئەنجامی یاخیبوونی عەقڵ و بەرهەمەکانی بوو لەگەڵ دەرچوون لە دین و زانستی پەروەردگار.

هەموو ئەم زیادەڕەوییانە لە عەقڵدا دەگەڕێتەوە بۆ سەیرکردنی عەقڵ وەکوو کۆگایەك بۆ مەعریفەکان، وە لەلایەکی تریشەوە کارکردن بە دەرهاویشتەکانی عەقڵ بەبێ سنوورپارێزی (ضوابط) تایبەت بە خۆی، یاخود جیانەکردنەوەی بیردۆز و بیرکردنەوەکان لە واقعی ڕاست و دروستی خۆی (عدم التفريق بين الفرض النظريات والحقائق العلمية) کە زۆرجار ئەمە دەبێتە تارماییەکی بیرورا و جێگرەوەی دین و شتەکانی تر بەناوی عیلم و زانستی سەردەمەوە و بگرە زۆر جاریش دەبێتە دەستێك بۆ لێدانی دین بەتایبەت، وەکوو تێڕوانینی گەشەکردن لەلای داروین (نظرية التطور) وە تێڕوانینی (جنس) لەلای فرۆید کە نزیکەی سەد ساڵ بەکاریان هێنا بۆ لەقکردنی بنەماکانی دین لای ئادەمیزاد و پاشان لەناو جەرگەی خۆیان لێی پاشگەز بوونەوە و بەڕەچیان دانەوە و بوو بە قسەیەکی بێ بنەما لە عەقڵ و عیلمدا.

یاخود تێڕوانینی (الإنفجار الكوني) تەقینەوەی گەردوون لە ڕێی ڕێکەوت و (الصدفة)ی بێ گیانەوە، تاوەکوو گەیشتە بوونی ئەم هەموو هەسارە و ژیان و بوونە پڕ ووردەکارە بەڕێوەچوونە، ئەمەش خەو و خەیاڵێکی پڕ لە ئەندێشە بوو بۆ عەقڵ و بەرهەمە بەناو زانستییەکانی، هەروەکوو چۆن (سۆفسەطائییەکان) و (منطق) و (أرسطو) بوونە ئەندێشەیەکی گەورە بۆ ئادەمیزاد، یاخود تێڕوانین بۆ لادانە ئەخلاقییەکان بەناوی (جینات) کە گوایە هەموو ئەو لادانانە خەتا و هەڵەی

پێکهاتەی خودی کەسەکەیە و لە بوونیدا هەیە هەروەکوو ئەوەی باقی ئادەمیزاد سپی و بێگەردن لەو ڕەگەز و (غریزة)انەی کە پێویستی ژیانی ئادەمیزادە.

هەموو ئەمانە بوونە ئەفسانە (خرافیات) و (أساطیر)یکی بەناو عیلمی بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی، لەبەرئەوە بەردەوام بوون لە پشتکردنە دین و سووربوون لە (انحرافات) لادانە ئەخلاقییە ڕاگرەکانی نێو ئادەمیزاد کە خوا دروستی کردووە بۆ ژیانی ئادەمیزاد و دینی ناردووە بۆ ڕێنموونی و پەیڕەوکردنی تا ترازاندن و هەڵدێران بۆ ژیان دروست نەبێت، هەموو ئەمانە باوەڕبوونێکی (مطلق) و ڕەهایە بە عەقڵ و بەرهەمی مەعریفە عەقڵییەکانە بەبێ سنووردارى، وە بەبێ بەکارهێنانی لە شوێنی خۆیدا، وەکوو (شذوذ الجنسي) بەناوی تێکچوونی (جینات)ەکانەوە ڕێگەی بۆ والاّ دەکەن کە بۆخۆی دەبێت ئەو دیاریکردنی نەخۆشییە بۆ چارەسەرکردن بێت بە هۆکاری پاراستنی ڕەوڕەوەی ژیانی ئادەمیزاد، نەك کردنە بەڵگە بۆ بڕەوپێدانی یاخود ڕێگەیەك بۆ دژایەتی دین و بنەماکانی، گومانیش نییە بەتایبەت ئایینی ئیسلام گونجاو و پاڵپشت و بڕەوپێدانی زانستە نەك پێچەوانەکەی وەکوو ئایینەکانی تر.

یاخود تێڕوانینە عەقڵییەکان بەکاربهێنرێت و پەرەی پێبدرێت بەبێ خوێندنەوەی دوور و ئەگەری دەرئەنجامەکانی بۆی، وەکوو تێڕوانینی (الحریة، العلمانیة، ...) ئازادی ڕەها و دژایەتیکردنی دین بەبێ هیچ خوێندنەوەی دەرئەنجام و دواڕۆژی، لەبەرئەوەی هەموو داهێناوێکی دینی و بیروڕایەکی عەقڵی لە سەرەتاوە کەم و کورت و سنووردارە، بەڵام ڕێڕەوی دواڕۆژی بەدەست خاوەنەکانی نییە بەرەو کوێ دەڕوات و ئەنجامی چی دەبێت!

گومان نییە هەر بیردۆز و تێڕوانینێکی عەقڵی یەك نیەت و کار و ئەنجامی نییە، بۆیە ئەگەر لە (ملحد)یکەوە بێت مەبەستەکانی دیارە، وە ئەگەر لە (مؤمن)یکەوە بێت زۆر جیاوازترە، وە یاسای خواییشە کە ﴿وَٱلۡبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخۡرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذۡنِ رَبِّهِۦۖ وَٱلَّذِي خَبُثَ لَا يَخۡرُجُ إِلَّا نَكِدٗا﴾ [الأعراف: ٥٨]. زەوی و خاکی پاك بەرهەمی پاکە، وە زەوی و خاکی پیسیش بەرهەمی پیس و نالەبارە.

پێشخستنی عەقڵ بەسەر وەحیدا

تقديم العقل على الوحي

پێشەکییەک لەسەر عەقڵ و ژیری:

عەقڵ و ژیری بریتییە لەو بەهرەمەندییەی کە پەروەردگار بە ئادەمیزادی بەخشیوە، ئەو ڕێزداریيەیە کە بووەتە هۆکاری بالادەستی و پلەوپایەداری بەسەر هەموو بوونەوەرەکانی کەوندا ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ٧٠﴾ [الإسراء: ٧٠].

هەر بە هۆکاری ئەو ژیرییەوەیە (إختیار) و بژاردەی پێداون و پایەداری کردوون بە ناردنی پەیامی خۆی بۆیان، بەو هۆکارەشەوە داواکاری دونیا و لێپرسینەوەی دوارۆژیانی لەسەر داناوە.

بەڵام ئەوەش بزانین ژیری و عەقڵ ئامێرێکە وەکوو ئامێرەکانی بینین و بیستن و هەموو تواناکانی تر و دەبێت شوێنکەوتەی لە خۆی بەتواناتر بێت لە هەموو بوارێکدا، بەختەوەر ئەو کەسەیە سنووری عەقڵ نابەزێنێت و بنەماکانی ڕێگەی زانین و زانستی دەزانێت و ڕەچاو و کاری پێدەکات لە چوارچێوە و تواناکانی خۆیدا و دەوەستێت لە ئاستی نەزانینەکانیدا،، وە گەر نا مردنی خاوەنەکەی بە منداڵی زۆر باشترە بۆی تا بەکارهێنانی بە هەڵە لەکاتی گەورەبوونیدا: ﴿وَقَالُواْ لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِيٓ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ١٠﴾ [الملك: ١٠]. دۆزەخییەکان دەڵێن: ئەگەر بمانبیستایە یاخود عەقڵ و ژیریمان بەکاربهێنایە ئەوا لە دۆزەخییەکان نەدەبووین.

نەمانبینیوە وەسفی تەمەنی زۆر بکرێت لەگەڵ نەبوونی عەقڵدا، بەڵکوو لەگەڵ بوونی عەقڵدا وەسف کراوە، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: «طُوبَى لِمَنْ طَالَ عُمْرُهُ، وَحَسُنَ عَمَلُهُ»[(١)]. موژدە بۆ کەسانێك تەمەنێکی زۆریان هەیە بە کرداری چاکەوە.

وە ئەم عەقڵیەش تاوەکوو تێڕوانین و زانست و زانیاری و (تجربة) و هاوردەی زۆری لەسەر بێت زۆرتر بەهێزتر و بەتواناتر و زیرەکتر دەبێت لە دەرکپێکردنی شتەکاندا، ئەوکات عەقڵ

---

(١) رواه ابن أبي شيبة في "المصنف" (٣٤٢٦٥)، وأبو نعيم في "الحلية" (٦/ ١١١)، والبغوي في "شرح السنة" (١٢٤٥)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (١٨٣٦)، و "صحيح الجامع الصغير" (٣٩٢٨)، وفي "المشكاة" (٢٢٧٠).

فراوانییەکی زۆر و ئازادییەکی زۆرتر لە لاشەی بەدەست دێنێت، دەشێت لاشە بەند بێت بەڵام عەقڵ ئازاد بێت، وە هەیشە لاشەی ئازادە بەڵام عەقڵی بەند کراوە.

ئەگەر سەیری میژوو بکەین هەموو شەڕ و کوشتار و دووبەرەکایەتییەکان و پەرستن و گومڕایی و شوێنکەوتەی نەزانەکان و ... هەموویان هۆکاری نەبوونی عەقڵ یاخود نەزانینی بەکارهێنانی بووە، ئەشێت چەندەها ناودار و سەرکردەی خەڵك و نەتەوەکان لە دواڕۆژدا بەو ئاواتەوە بوونایە کە دایك و بەخێوکاری چەند منداڵێك بوونایە تاوەکوو حاڵی پێشوویان.

لەبەرئەوەی عەقڵەکانیان لەژێر بژاردەی هەوا و ئارەزووەکانیاندا بووە، ئەو عەقڵانە وەکوو ئەو دەستانە وابوون کە لە کاتی خواردنێکی ڕازاوەدا بە فەرمانی حەزەکانیان بژاردەی خواردنیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا عەقڵ بۆیە ناونراوە عەقڵ تا حەزەکان ببەستێتەوە لە یاخیبوون، تەنانەت پەروەردگار چەند سوێندێك دەخوات بۆ خاوەن عەقڵە کاملەکان، دەفەرموێت: ﴿هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ ۝٥﴾ [الفجر: ٥]. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ وَمُجَاهِدٍ، قَوْلُهُ ﴿هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ﴾ قَالَ: لِذِي عَقْلٍ[1]. ئەمانە سوێندێکن بۆ خاوەن عەقڵەکان.

توانای عەقڵ لای ئادەمیزاد فراوانتر و زۆرتر شت لەخۆ دەگرێت تاوەکوو توانای لاشەی ئەوەی بە چاو و بیستن دەرکی پێدەکات و نەفسیش دەیەوێت بیگاتێ لاشەی لە توانایدا نییە بەدەستی بێنێت، ئەمە نیشانەیەکی خواییە بۆ ئادەمیزاد کە عەقڵ دەبێت سنووردار بکرێت و ڕێگری لێ بکرێت و هاوسەنگی لە نێوان توانای لاشەی و دەرکپێکردنەکانیدا ڕابگرێت، هەتا ژیانی گونجاو و لەبار و هاوتا دەبێت.

ئەی نابینیت بە کۆبوونەوەی عەقڵ و بیستن و چاو و دەست لە کاتی نووسینێکدا نووسەرترین کەس هێشتا پێویستی بە ڕاستەیەك هەیە خەتی بۆ بکێشێت تاوەکوو ڕێنموونی بکات و بیپارێزێت لە لادان!

کەواتە بەم عەقڵە تەنیایە چۆن ئادەمیزاد دەتوانێت هەر لە دونیایەوە ڕێبکات تا دەگاتە لای خوای بەێ شوێنکەوتەی ڕێگاکەی، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا

(١) "تفسير الطبري" (٢٤/ ٣٥٩).

فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ﴾ [الأنعام : ١٥٣]. شوێنکەوتەی ڕێگە ڕاستەکەی خوا بن و شوێنکەوتەی ڕێگە لادەرەکانی ئەم ڕێگایە نەبن.

ئادەمیزاد لاوازە لە مەعریفە و زانستەکانیدا، هەر بۆیە تا ئاوڕ نەداتەوە نازانێت چی لە پشتییەوە هەیە، وە ئەوەی لە گیرفانیدایە تا نەیهێنێتە دەرەوە نازانێت چییە، وە تامەکان لە شیرینی و ترشی و تاڵی تا تامیان نەکات نازانێت چین، هەموو پاڵپشتەکانی بەس هەستەکانیەتی، لەگەڵ ئەمەشدا یاخی دەبێت لە خوای خۆی و بەربەرەکانێی دەکات لە دروستکردن و قەدەرەکانیدا، وە دەم وەردانی هەیە لە بواره غەیبییەکاندا و دەیەوێت بە عەقڵ و هەستەکانی دەرکیان پێبکات، تەنانەت دەگاتە ناو و سیفەت و کارەکانی خواش کە هیچ ڕێگەیەکی عەقڵی نییە بۆی: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾ [الشورى : ١١]، ﴿لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَهُوَ يُدۡرِكُ ٱلۡأَبۡصَٰرَ﴾ [الأنعام : ١٠٣]. هیچ هاوشێوە و لێکچوو و پێوەرێك بۆ خوا نییە و خاوەنی بیستن و بینینیشە، بە چاوەکان ناگەنە بینینی ئەو، ئاگاداریشە بەسەر چاوەکاندا.

ئادەمیزاد بە خۆی و عەقڵییەوە بۆخۆی لە بابەتە مادییەکاندا هەڵە دەکات و ڕاڕا و نەزانە چ جای لە بابەتە گەورە غەیبییەکاندا کە بۆخۆی لەناو ژیاندا ئەوەندەی نادیار و غەیبی بوونی هەیە ئەوەندە دیار و دەرکپێکراوەکان بوونی نییە.

وە گومانیش نییە عەقڵ و زانستەکان ڕێژەیین و بە گوێرەی سەردەم و کەس و کاریگەرییەکانی چواردەوری و ڕابوردوو دەگۆڕێن، ئەو شتانەی لەم سەردەمەدا هەیە عەقڵەکانی پێشوو باوەڕیان پێی نەبووە، بگرە بە درۆ و گومڕاییان زانیوە ئەگەر هەواڵیان پێبدرایە لەسەریان، تەنانەت عەقڵەکان هەندێکیان بڕیار لەسەر هەندێکیان دەدەن بە نەزان و شێت و هەڵە، بۆیە کۆدەنگی عەقڵی گەلێك بە درێژایی هەزار ساڵ کۆدەبێتەوە لەسەر گوێنەگرتن و وەرنەگرتنی ڕاستییەکان لە پێغەمبەر (نوح) ﷺ، وە کۆدەنگی عەقڵی گەلێکی وەکوو (قوم لوط) کۆدەبێتەوە لەسەر کاری خراپە و بە دروستی دەزانن، وە کۆدەنگی عەقڵی گەلێك وەکوو (قوم شعیب) کۆدەبێتەوە لەسەر تەرازووبازی و دزیکردن لەسەر یەکتری و دەقیشی پێوەدەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو گەلانە خاوەن عەقڵ بوون، هەروەك ئەم سەردەمەش عەقڵەکان کۆدەنگن لەسەر بێبڕوایی و والاکردنی خراپەکان و دەرچوون لەسەر هەموو یاسا و ڕێسایەکی ڕاگرتنی

ژیانی ئادەمیزاد بەناوی ئازادی و ماف و بیروڕا ...، ئەگەر بینراو کاریگەری هەبێت لەسەر نەبینراو، وە عادات و ڕاهاتووەکان کاریگەری هەبێت لەسەر تازە و نامۆکان، وە زۆرینە کاریگەری هەبێت لەسەر کەمینە، وە ناوداڕەکان لەسەر خەڵکی، وە دەسەڵات لەسەر ژێردەستەکان، وە بەهێز لەسەر لاواز ...، ئەوا دەبێت ڕێنموونیکار و چاودێریکارێك هەبێت بۆ ئەم خاوەن عەقڵانە تاوەکوو پارێزراو بن لە هەموو کاریگەرییە هەڵەکان، وە متمانەی مانەوەیان لەسەر ڕاست و دروستییەکانی هەبێت، ئەمەش هیچ ڕێگایەك نییە بێجگە لە شوێنکەوتەی بەرنامە و ڕێنموونی (خالق)ی عەقڵ و ئادەمیزاد نەبێت، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا﴾ [المَائِدَة: ٥٠]، ﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثًا ﴿٨٧﴾﴾ [النِّسَاء: ٨٧]، ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا﴾ [الأَنعَام: ١١٥]. چ حوکم و یاسا و فەرموودەیەك لە یاسا و فەرموودەی خوا دروستترە؟ فەرمان و فەرموودەکانی خوا ڕاست و دادپەروەر و تەواوترین پێکاندن و هێنانەدی هەیە، وە هیچ خێر و حەقێکی بۆ کەس نەهێشتووەتەوە بەدەستی بهێنێت بێجگە لەناو دینەکەی خۆیدا نەبێت کە بەدەست بێت.

هۆکارەکانی پێشخستنی عەقڵ بەسەر دەقەکاندا

أسباب تقديم العقل على النقل

ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی ئەوەی عەقڵ پێشبخرێت بەسەر نەقڵدا ئەمانەن:

هۆکاری یەکەم: بڕیاردان لەسەر ئەوەی بەڵگەی دەقەکان گوماناوین و بەڵگە عەقڵییەکان شوێنی دڵنیایین و یەکلاکەرەوەن (الأدلة النقلية ظنية والأدلة العقلية قطعية).

ژیری و عەقڵ دروستکراوێکن لە دروستکراوەکانی پەروەردگار، کار و پیشەی تێگەیشتنە لە (خالق) و دروستکراوەکانی و هۆکاری وەرگرتن و ئەنجامدانی دینەکەیەتی، مافی ئەوەی نییە هیچ بابەتێکی وەحی خوایی ڕەتبکاتەوە بە بەڵگەی ئەوەی پێچەوانەی بواریکی عەقڵییە، وە لە هەڵسەنگاندنیشدا، خۆ دەبێت یەکێکیان زانا بێت و ئەویتریان نەزان، خۆ دەبێت یەکێکیان بەخشەری عەقڵ بێت و ئەویتریان پێبەخشراو، وە دەبێت خاوەن و بەخشەری عەقڵ کامڵ و پایەدارتر بێت، بۆیە لە ئەنجامدا دادپەروەریش نییە بخرێنە ئاستی یەکەوە، نەك پێشخستن، بگرە بەرامبەرکێکردنیش ﴿سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿١٨﴾﴾ [يُونُس: ١٨]. پاك و بێگەردی بۆ

خوایە لەسەر ئەو هەموو بەشداربووەی بۆی بڕیار دەدەن.

سەرکەشی ژیری و عەقڵ لەلای ئادەمیزاد گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات لەسەر ئەوەی فەرموودەی خوا و کاملّترین ئادەمیزاد کە پێغەمبەرانن شوێنی گومان و دلّەڕاوکێ و یەکلانەبوونەوەن، وە لە بەرامبەریدا ئەو ژیری و عەقلّە پەرەپێدراوەی دەستی ئادەمیزاد بەو هەموو جیاوازی و جۆراوجۆرەوە و پڕاوپڕ لە هەلّە و دووبەرەکایەتییەوە کە بووەتە هۆی ئەو هەموو گومڕایی و تالاّویەی ژیانیان؛ هۆکاری یەقین و دلّنیایی تەواو و یەکلاکەرەوەی هەموو شتەکانە، ئەگەرچی لە ئاستی واقیعدا ئەمە هەر بوونی نییە و جیهانی خەیالّە.

بێگومانین لەوەی رێگەی بیدعەکاران و گومڕایان لە دیندا کاریان فێڵ و پێچ و پەنایە لە داڕشتن و قسە و بەرنامەکانیاندا، هەموو بنەما و بەرنامەیان بەکارهێنانی وشەی کورت و کوێر و گشتگیرە، نەك شیکار و وورد و بەش بەشکردن بێت بۆ یەکلاکردنەوە و لەخۆنەگرتنی ئالۆزییەکان و هاوشێوەکان، لەم بابەتەشدا وشەی گومان و دلّنیایی (الظني والقطعي) بەکاردەهێنن بۆ سەلماندنی، کە بۆخۆی هەردوو وشەکە لە بواری جێبەجێکردندا رێژەیین (النسبي)، وە نابنە بڕیاری کۆتایی و دەرئەنجامی تەواو، ئیتر چۆن دەبنە یاسا و بنەما بۆ کارکردن؟!

بڕیاردان لەسەر ئەوەی زانستێك یاخود بەلّگەیەك گوماناوییە، یاخود دلّنیاییە، یاخود ئەمە بوون و واقیعە، یاخود تێڕوانینە (قطعيًا أو ظنيًا أو بديهيًا أو نظريًا)، ئەم بوارانە بۆخۆیان رێژەیین لای خاوەنەکانیان، دەشێت لای یەکێك گومان بێت و لای یەکێکی تر دلّنیایی بێت، یاخود ئەمڕۆ گومانە و سبەی دلّنیاییە، بەگوێرەی بەلّگە و بینراو و هەوالّەکان دەگۆڕێت، کەواتە: كثير من الناس يحسب أن كون العلم المعين ضروريا أو كسبيا أو بديهيا أو نظريا هو من الأمور اللازمة له بحيث يشترك في ذلك جميع الناس وهذا غلط عظيم وهو مخالف للواقع[1].

واتە: ئەوانەی گومان دەبەن کە زانستێکی دیاریکراو گومانە یا تێڕوانینە یا یەکلاکەرەوە و ئاشکرا و دلّنیاییە لای هەموو کەس و هەموو کەسێك بەشدارە لەم زانینەدا و پەیوەستە بە ئاستی هەموو کەسێکەوە، ئەم گومان بردنە بۆخۆی هەلّەیەکی گەورەیە و پێچەوانەی ڕاست و دروستی ناو خەلّکە.

(١) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص١٣.

کەواتە بڕیاری گومان و دڵنیایی لەسەر بەڵگەکان پەیوەستە بە خاوەنەکانیانەوە نەک بەڵگە و زانستە دینییەکان، لەبەرئەوەی خاوەنی بەڵگە شەرعییەکان خوا و پێغەمبەرەکەیەتی کە بۆخۆیان گومان نییە لەسەریان، بەڵکوو گومان لەسەر ناتەواوی و نەخۆشییەکانی ئادەمیزاد هەیە لە نەزانین و نیەت خراپی و فێڵ و تەمەڵی و کەمتەرخەمییان.

بگرە زۆری گومڕاییەکان سەرچاوەیان لەم هاوشێوە و تێکەڵییە وەرگرتووە، وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: عامة الضلال من جهة التشابه وما من شيئين إلا ويجتمعان في شيء، ويفترقان في شيء، فبينهما اشتباه من وجه وافتراق من وجه، ولهذا كان ضلال بني آدم من قبل التشابه والقياس الفاسد لا ينضبط كما قال الإمام أحمد رحمه الله: أكثر ما يخطئ الناس من جهة التأويل والقياس، فالتأويل في الأدلة السمعية، والقياس في الأدلة العقلية، وهو كما قال، والتأويل الخطأ إنما يكون في الألفاظ المتشابهة، والقياس الخطأ إنما يكون في المعاني المتشابهة[1].

واتە: هەموو گومڕاییەکان لە ڕوانگەی ئەو بەڵگانەوە دروستدەبێت کە لەخۆگری هاوشێوەکانە، دوو شت نییە لە شتێکدا کۆببنەوە و لە شتێکی تردا جیاواز نەبن، بەڵکوو لەخۆگری هاوشێوە و جیاوازیشن، لەبەرئەوەی گومڕایی ئادەمیزاد سەرچاوەکەی هاوشێوەکاری و پێوانەکارییە، وەکوو ئیمام (أحمد) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: زۆری هەڵەکانی خەڵکی لە ڕوانگەی تەفسیری هەڵەوەیە بۆ بەڵگە دینییەکان لەگەڵ واتای هاوشێوە لە پێوانەییە عەقڵییەکاندا.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَمَنْ أُوتِيَ الْعِلْمَ بِالْفَصْلِ بَيْنَ هَذَا وَهَذَا لَمْ يَشْتَبِهْ عَلَيْهِ الْحَقُّ بِالْبَاطِلِ وَالْقِيَاسُ الْفَاسِدُ[2].

واتە: ئەو کەسەی ووردەکاری زانستی پێبەخشرابێت لەسەر جیاکردنەوەی نێوانیان لە یەکتر، ئەوا ڕاست و دروست و حەق و بەتاڵی لێ تێکەڵ نابێت و پێوانە و هاوشێوەکاری هەڵە و ڕاستیشی لا جیاواز دەبێت.

ئەگەرچی پێشوەختە فیرەقەکان بە بنەما و بەرنامەی جیاواز و تایبەت گۆشکرابوون کە تەواو جیاواز بوون لە ڕێگە و زانست و بنەما شەرعییەکانی ئەهلی سوننەت، بەڵام بە هـۆکاری و بوونی

---

(١) "التدمرية" لابن تيمية ص١٠٧.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٦٢)، و "التدمرية" لابن تيمية ص١٠٦.

گومڕایی و گومان و دڵنیانەبوونی دینی لە فیرقەکاندا بوونەتە هۆکاری سەپاندنی بیرۆکەی بوونی دژایەتی و پێچەوانەیەتی لە نێوان دەقە شەرعییەکان و عەقڵدا، بۆ تۆکمەکردنی بەرنامەی خۆیان و لەلایەکی تریشەوە لاوازکردنی دەسەڵاتی دەقە شەرعییەکان بەسەر عەقڵ و ئیمانی خەڵکدا، تاوەکوو لەو نێوەندەدا خوێندنەوە و پیاچوونەوەیەکی تازەگەری ئەو سەردەمە بە نیەتی خۆیان ببەخشنە ئەو دینە و بەرهەڵستی شەپۆلی عەقلانی و فەلسەفییەکانی پێبکەن ﴿يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴿١٠٤﴾﴾ [الكهف : ١٠٤]. ئەمەش بۆخۆی تاقیکردنەوەی هەموو سەردەمێکە بۆ موسوڵمانان لە ڕووەکانی سیاسی و زانستی و ئابووری و پزیشکی و دەسەڵات و ... هەتا دوایی.

هەر ئەو هۆکارانەن بوونەتە بیرۆکەی بەناو جەنگی نێوان عەقڵ و نەقڵدا، کە بناغەکەی لەپێش ئادەمیزادەوە دەگەڕێتەوە بۆ (إبلیس) کاتێك وتی: ﴿أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ﴾ [الأعراف : ١٢]، [ص : ١٢]، ﴿ءَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا ﴿٦١﴾﴾ [الإسراء : ٦١]، ﴿هَٰذَا ٱلَّذِى كَرَّمْتَ عَلَىَّ﴾ [الإسراء : ٦٢]، ﴿قَالَ فَبِمَآ أَغْوَيْتَنِى﴾ [الأعراف : ١٦]. بە عەقڵی ئیبلیس و پێوانەکەی ئەو خێر و چاکترە لە ئادەم، ئادەم قوڕە و شاییستەی ئەو ڕێزداریە نییە و هەر تۆ خوایە سەرت لێ شێواندم، کە هەموو پاساو و ڕەخنەکانی عەقڵی بوون و بەرپەرچی جێبەجێکردنی فەرمانی خوای پێدایەوە.

هۆکاری دووەم: دەرهێنان و جیاکردنەوەی بەڵگە عەقڵییەکان لە بازنەی بەڵگە شەرعییەکاندا (استخراج الأدلة العقلية من الأدلة النقلية) .

فیرقە گومڕاکان بە هۆکاری ئەوەی کە بە عەقڵ و فەلسەفە و ڕێگە بەناو زانستییەکانی دەرەوەی ئیسلام گەورە بوون و گۆشکراون، بێئاگایی تەواویان هەیە بەسەر زانستە شەرعییەکانی ناو ئەهلی ئیسلام و ئەوانەی قاڵ بوونەتەوە و کامڵ بوون بەسەر قورئان و فەرموودەدا، بۆیە بڕیاری ئەوەیاندا کە بەڵگە شەرعییەکان لەخۆگری بەڵگە عەقڵییەکان نییە و جیاوازن، بەڵگە شەرعییەکانیان ناو نابوو بە بەڵگە نەقڵییەکان و گواستراوەکان، بەس وەرگرتن و گوێڕایەڵی لەسەرە بەبێ تێڕوانین، ئەوەتا (الجويني)یان دەڵێت: لَقَدْ خُضْت الْبَحْرَ الْخِضَمَّ وَخَلَّيْت أَهْلَ الْإِسْلَامِ وَعُلُومَهُمْ[1]. واتە کەوتمە ناو شەپۆلی دەریای بێ پەیەوە، موسوڵمانان و زانستەکانیانم

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ٧٣).

پشتگوێ خست.

ئەمانەش بووە هۆکاری هێنانەدی دوو ڕێگای جودا و زۆر دوور و جیاواز لە یەکتر بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە و زانستە دینییەکان، وتیان جۆری یەڵگەکان دوو جۆرن:

جۆری یەکەم: یەڵگە عەقڵییەکان (الأدلة العقلية): ئەم یەڵگە عەقڵییانە بۆخۆیان سەرچاوەی یەکلاکەرەوە و دڵنیایی تەواو و یەڵگەکارین لە دیندا.

بۆیە (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وأوحى إليهم أن القواطع العقلية والبراهين اليقينية في المناهج الفلسفية، والطرق الكلامية[1].

واتە: پەیامیان ئەوەیە دارشتنە عەقڵییەکان و یەڵگە دڵنیاییەکان لەناو بەرنامە فەلسەفییەکان و ڕێگەی خاوەن زانستی (منطق) و قسەکانیانەوەیە.

ئەم یەڵگە عەقڵیانەش لای ئەوان بناغەی بابەتە عەقیدەییەکانن و بگرە لەسەر ئەم بنەمایانە نەبێت قابیلی وەرگرتن نین، ناونیشانەکەشی (الدلائل القطعية اليقينية البرهانية)ەیە، (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** يريدون أن يجعلوا مثل هذه القضايا الكاذبة والخيالات الفاسدة اصولا عقلية يعارض بها ما ارسل الله به رسله وأنزل به كتبه[2].

واتە: دەیانەوێت بەم خەیاڵات و بابەتە عەقڵییە درۆینانەیان بنەمایەکی عەقڵی دروستبکەن بۆ دژایەتی ئەو بەرنامەیەی کە خوای پەروەردگار لە کتێبەکانیدا بە پێغەمبەران ناردوویەتی و ئاشکرای کردووە.

لای ئەوان بابەتە عەقیدەییەکان کە پێی دەوترێت (أصول الدين) بەتایبەت لەسەر ئەم بنەمایە یەکلادەکرێنەوە، وە سیفەتی (الدلائل القطعية اليقينية البرهانية) دەکەنە ناونیشانی.

جۆری دووەم: یەڵگە شەرعییەکان (الأدلة الشرعية) یاخود یەڵگە بیستراوییەکان (الأدلة السمعية): مەبەستیان پێی هەموو قورئان و فەرمودەیە و کاری ئەم یەڵگانە لای ئەوان بەس لە بواری کارکردنەکاندایە (العملية)، وەکوو یاسای مامەڵەکاری و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و بواری ژیانی دونیایی، واتە بواڕە عەقیدەییەکان و غەیبییەکانی تیادا نییە و نابنە یەڵگە و بنەما بۆیان.

---

(١) "إغاثة اللهفان من مصايد الشيطان" لابن القيم (١/ ١١٩).

(٢) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٣٢٣.

ئەم جۆرە دابەشکردن و خوێندنەوەیە جۆرێکی دەسکرد و داهێنانە، بە مەبەستی پاساو هێنانەوە و ڕێ خۆشکردن بۆ دەرچوون لەژێر باری دەسەلاتی دەقە شەرعییەکان لە لایەکەوە، وە لە لایەکی تریشەوە بەزانستکردن و سەپاندنی بەرنامەی خۆیان لەژێر ناونیشانی بەڵگە عەقڵییەکاندا.

بەڵام لە ڕاستیدا بە پێچەوانەوە دەبێت جۆری دابەشکردنی بەڵگەکان لە ڕووە دینییەکەیەوە بەم شێوەیە دابەش بکرێن:

١. **بەڵگە شەرعییەکان (الأدلة الشرعية).**

٢. **بەڵگە بیدعەییەکان (الأدلة البدعية).**

شەرعی و پێچەوانەکەی کە داهێنراوەکانە بەرامبەر یەکن بۆ جیاکردنەوەی حەق و بەتاڵ لە یەکتری، نەك عەقڵی و شەرعی کە هەردووکیان ڕێگایەکن بۆ سەلماندنی حەقەکان، لەبەرئەوەی لە بەڵگە شەرعییەکاندا بەڵگە عەقڵییەکان بەشێکن تیایاندا و لێك جیانابنەوە.

(**ابن تيمية**) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت**: وكثير من أهل الكلام يظن أن الأدلة الشرعية منحصرة في خبر الصادق فقط، وأن الكتاب والسنة لا يدلان إلا من هذا الوجه، ولهذا يجعلون أصول الدين نوعين: العقليات، والسمعيات، ويجعلون القسم الأول مما لا يعلم بالكتاب والسنة، وهذا غلط منهم، بل القرآن دل علي الأدلة العقلية وبينها ونبه عليها[1].

واتە: فیرەقە عەقڵییەکان زۆریان وا گومان دەبەن کە بەڵگە شەرعییەکان بەس قورئان و فەرموودەن کە بە ڕێگەی وەحی گەیەنراون و بەڵگەی عەقڵی لەخۆ ناگرن، وە بنەما بۆ بەڵگە دینییەکانیان بەوە پێناسە کردووە کە دوو جۆرن: عەقڵییەکان و بیستراوەکان (العقليات والسمعيات)، وە عەقڵییەکانیشیان بەوە پێناسە کردووە کە بە ڕێگەی قورئان و فەرموودە توانای ئاشنابوون بەسەریاندا نابێت، ئەمەش بۆخۆی هەڵەیە، بەڵکوو قورئان ڕێنموونیکارە بۆ بەڵگە عەقڵییەکان زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی و بە شێوازی ئاگادارکردنەوەش.

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ١٩٩).

پاشان ناونیشان و پێناسەکاری بۆ بابەتە عەقڵییەکان لەژێر ناونیشانی بەڵگە یەکلاکەرەوە و دڵنیاییەکان (القطعية اليقينية)؛ ئەمەش بۆخۆی دووبارە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە: فَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْمَسَائِلِ الْعَمَلِيَّةِ بَلْ أَكْثَرُهَا عَلَيْهَا أَدِلَّةٌ قَطْعِيَّةٌ ... وَكَثِيرٌ مِنَ الْمَسَائِلِ الَّتِي هِيَ عِنْدَهُمْ أُصُولٌ أَدِلَّتُهَا ظَنِّيَّةٌ[١]. واتە زۆری ئەو بابەتانەی کە بە کردار (عملي) ناوی دەبەن بەڵگەکانیان (قطعي) و یەکلابووەوەیە، وە زۆری بابەتە بنەما دینییەکان و عەقیدەییەکان بەڵگەکانیان گوماناوییە (ظني)، ئەمە لە کاتێکدایە گومان نییە لەوەی بابەتە عەقڵییەکان لەخۆگری زۆرترین ڕای جیاواز و یەکلانەبووەوەن و لانەی گومانن، بە پێچەوانەی قسەی ئەوانەوە.

پێشوەختەش ڕێگەکانی مەعریفەمان باس کردووە کە سێ بەشە:

١. **الضروريات.**
٢. **النظريات.**
٣. **الخبر الصادق.**

ڕێگەی یەکەم و دووەمیان دوو جۆرە، جۆرێکیان هەیە سەرچاوەکەی بەس بە ڕێگەی عەقڵ پێی دەزانرێت وەکوو (الطب والحساب والحِرَفْ والهندسة ...)، وە جۆرێکی تریان بە ڕێگەی عەقڵ و نەقڵ دەزانرێت وەکوو سەلماندنی بەڵگە عەقڵییەکان بە ڕێنموونی بەڵگە شەرعییەکان، وە سێیەمیان بەس بە ڕێگەی دەقە شەرعییەکانەوە دەزانرێت کە پەیوەستە بە بابەتە غەیبییەکانە.

کەواتە بەس لە بابەتە زۆر پیشەییە دونیاییەکاندا عەقڵ و تاقیکردنەوە سەربەخۆیە، گەر نا لە دوو حاڵەتەکەی تردا عەقڵ لە چوارچێوەی شەرعدا پشتیوان و یەکلاکەرەوەیە، سەربەخۆ و جیا نییە، وەکوو بەڵگەی (إجماع وقياس)[٢].

یەکێك لەو شتانەی کە قورئان لەخۆی دەگرێت هاندانی عەقڵە بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن و بنەماکاری بۆ بابەتە سەرەکییەکان لە ژیاندا و بەڵگەکاری بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاستی خواناسین و باوەڕپێبوون، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ﴾ [النَّحل: ٨٩]. واتە ئەم قورئانەمان ناردووەتە خوارەوە بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو شتێك.

---

(١) "مختصر الصواعق المرسلة" لابن القيم ص٥٩٥، اختصره ابن الموصلي.

(٢) بڕوانە "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٩/ ٢٣١).

❁ شێوازەکانی هاندانی قورئان بۆ بەکارهێنانی عەقڵ شێوازی پرسیار و نموونە هێنانەوەیە بۆ شتەکان، وەك: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُواْ لَهُۥٓ﴾ [الحج: ٧٣]، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسْتَحْيِۦٓ أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا﴾ [البقرة: ٢٦]، ﴿وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً﴾ [البقرة: ١٧١]، ﴿مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى ٱسْتَوْقَدَ نَارًا﴾ [البقرة: ١٧].

یاخود لە کاتی کۆکردنەوەی هاوشێوەکان بۆ یەکتر و جیاکردنەوەی جیاوازەکان لە یەکتر بۆ حوکمدان و ئەنجامکاریدا (أن لا يتفرق بين المتماثلين وأن لا يجتمع بين المتفرقين)[1]، تاوەکوو پێوانە و دەرئەنجامێکی ڕاست و دروستمان دەسکەوێت.

❁ بۆ جیاکردنەوەی جیاوازەکان خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا ۚ لَّا يَسْتَوُۥنَ ﴿١٨﴾﴾ [السجدة: ١٨]. واتە ئایا ئیماندار و تاوانبار وەکوو یەکن؟ وە دەفەرموێت: ﴿أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ ۗ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٧﴾﴾ [النحل: ١٧]. واتە خوایەك (خالق) و دروستکار بێت وەکوو ئەو خوایانە وایە کە توانای (خلق) و دروستکردنیان نەبێت؟ وە دەفەرموێت: ﴿أَفَمَن يَمْشِى مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦٓ أَهْدَىٰٓ أَمَّن يَمْشِى سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٢٢﴾﴾ [الملك: ٢٢]. واتە کەسێك بەبێ بوونی ڕێنموونیکارێك ڕێ بکات وەکوو ئەو کەسە وایە لەسەر ڕێگایەکی ڕێنموونیکراو ڕێ بکات؟ وە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِى ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُ﴾ [الرعد: ١٦]. واتە ئایا بینا و نابینا و تاریکی و ڕووناکی ئەمانە وەکوو یەکن؟ .

ئەمانە هەموویان سەلمێنەری ئەوەن شتە جیاواز و پێچەوانەکان کۆناکرێنەوە و یەك ناست و حوکم و بوونیان نییە، کەواتە ستەمە قسەی خوا بخرێتە ڕیزی قسەی (مخلوقات)ەکانیەوە، چ جای بخرێتە پاشکۆی قسەی مرۆڤەکانەوە، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: ﴿لَا تُقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَىِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ [الحجرات: ١]. واتە پێش مەکەون بەسەر فەرموودەی خوا و پێغەمبەرەکەیدا.

❁ بۆ کۆکردنەوەی هاوشێوەکانیش دەفەرموێت: ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ

(١) "إعلام الموقعين" لابن تيمية (١/ ٢٩٠)، و "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٧/ ٣٤٤).

بِبَعۡضٖ﴾ [البَقَرَة : ٨٥]. واتە ئایا باوەڕتان بە هەندێك لە ئایەتەكانی خوا هەیە وە باوەڕتان بە هەندێكی تری نییە؟ كەواتە چۆن لە یەكیان جیا دەكەنەوە؟ وە دەفەرموێت: ﴿هَلۡ جَزَآءُ ٱلۡإِحۡسَٰنِ إِلَّا ٱلۡإِحۡسَٰنُ ٦٠﴾ [الرَّحمَٰن : ٦٠]. واتە ئایا پاداشتی چاكە چاكە نییە؟ كەواتە هەر دەبێت چاكە چاكە ڕابكێشێت، وە دەفەرموێت: ﴿وَيُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ وَكَذَٰلِكَ تُخۡرَجُونَ ١٩﴾ [الرُّوم : ١٩]. واتە زەوی دەژیێنێتەوە لەپاش وشكبوونی، وە هەر بەو شێوەیەش ئێوە زیندوو دەكەینەوە لەڕۆژی زەوییەوە، وە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهۡوَنُ عَلَيۡهِ﴾ [الرُّوم : ٢٧]. واتە ئەوەی سەرەتا دروستی كردووە بۆ دووەم جار دروستكردنەوەی ئاسانتر بۆی، وە دەفەرموێت: ﴿أَوَلَيۡسَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يَخۡلُقَ مِثۡلَهُمۚ بَلَىٰ وَهُوَ ٱلۡخَلَّٰقُ ٱلۡعَلِيمُ ٨١﴾ [يٰسٓ : ٨١]. واتە ئەوەی ئاسمانەكان و زەوی دروستكردووە لە توانایدا نییە هاوشێوەیان دروستبكاتەوە؟! وە دەفەرموێت: ﴿لَخَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ أَكۡبَرُ مِنۡ خَلۡقِ ٱلنَّاسِ﴾ [غَافِر : ٥٧]. واتە ئەگەرچی دروستكردنی ئاسمانەكان و زەوی گەورەترە لە دروستكردنی ئادەمیزاد، وە دەفەرموێت: ﴿ٱلۡخَبِيثَٰتُ لِلۡخَبِيثِينَ وَٱلۡخَبِيثُونَ لِلۡخَبِيثَٰتِۖ وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِ﴾ [النُّور : ٢٦]. پیاوە پاكەكان بۆ ژنە پاكەكان و پیسەكان بۆ پیسەكانە، وە دەفەرموێت: ﴿قَالَ مَن يُحۡيِ ٱلۡعِظَٰمَ وَهِيَ رَمِيمٞ ٧٨﴾ [يٰسٓ : ٧٨]. واتە دەڵێن كێ ئێسكە پەرتبووەكان زیندوو دەكاتەوە؟ بڵێ ئەوەی یەكەم جار دروستی كردووە، وە دەفەرموێت: ﴿وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤۡمِنُ بِبَعۡضٖ وَنَكۡفُرُ بِبَعۡضٖ﴾ [النِّسَاء : ١٥٠]. واتە باوەڕیان بە هەندێك لە كتێبەكان و پێغەمبەران هەیە و باوەڕیان بە هەندێكیان نییە و دەیانەوێت جیاكاری لەو نێوەندەدا بكەن.

ئەمانە هەمووی وەكوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِۖ وَمَا يَعۡقِلُهَآ إِلَّا ٱلۡعَٰلِمُونَ ٤٣﴾ [العَنكَبُوت : ٤٣]. ﴿وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ٢١﴾ [الحَشر : ٢١]. ئەم نموونە و خستنەڕووی هاوشێوە و جیاوازانەمان بۆ نەخشاندوون تاوەكوو بیربكەنەوە.

وە کەسانێك عەقڵی لێ وەردەگرن کە زانا بن، وەکوو دەفەرموێت: ﴿لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾ [آل عمران : ١٩٠]، ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ ۝٥٤﴾ [طه : ٥٤]، ﴿لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ﴾، ﴿لَعَلَّكُمۡ تَتَفَكَّرُونَ﴾ [البقرة : ٢١٩، ٢٦٦]، ﴿لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾، ﴿لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ﴾، ﴿لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾، هەموو ئەمانە بەڵگەن بۆ خاوەن عەقڵەکان بەڵکوو بیێتە هۆکاری عەقڵ کاملبوون و بیرکردنەوە و هیدایەت و ڕزگاربوونیان.

ئەمانە هەموو ئەو ڕێگە عەقڵیانەن کە قورئان بەکاریان دەهێنێت بۆ دۆزینەوە و گەیشتن بە ڕاست و دروستەکان و هۆکاری سەلامەتی لە گومڕایی و لێتێکچوون.

بەڵام فیرقە گومڕاکان بەتەنیا ئەو ڕێگە و بەڵگە عەقڵییە فەلسەفییانەی فەیلەسووف و شارەزایانی بواری مادە و تێڕوانینە دونیاییەکان بەکاردەهێنن، کە هیچ زانیارییەکیان لە بوارە غەیبییەکاندا نییە و تەنانەت پاشماوەی پێغەمبەرانیان بەدەستەوە نییە و لە ڕووە ماددیەکانەوە دەڕوانن غەیب، لە بواری باوەڕبوون بە خوا و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و مەلائیکەت و بەرزەخ و ... هیچ زانیارییەکییان نییە، فیرقەکانیش لە ڕێگەی ئەمانەوە دەیانەوێت تەفسیر و هەڵسەنگاندن بکەن بۆ بابەتە غەیبییەکانی قورئان و فەرموودە، دەرئەنجامەکەی بە گۆڕانکاری لە دەقەکان و گومڕایی و بێبڕوایی لە بابەتە عەقیدەییەکان سەر دەردەکات.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَالرَّسُولُ بَيَّنَ الْأَدِلَّةَ الْعَقْلِيَّةَ الدَّالَّةَ عَلَيْهَا؛ فَجَمَعَ بَيْنَ الطَّرِيقَيْنِ: السَّمْعِيِّ؛ وَالْعَقْلِيِّ. وَبَيَّنَّا أَنَّ دَلَالَةَ الْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ عَلَى أُصُولِ الدِّينِ لَيْسَتْ بِمُجَرَّدِ الْخَبَرِ؛ كَمَا تَظُنُّهُ طَائِفَةٌ مِنْ الغالطين مِنْ أَهْلِ الْكَلَامِ وَالْحَدِيثِ وَالْفُقَهَاءِ وَالصُّوفِيَّةِ وَغَيْرِهِمْ بَلْ الْكِتَابُ وَالسُّنَّةُ دَلَّا الْخَلْقَ وَهَدَيَاهُمْ إلَى الْآيَاتِ وَالْبَرَاهِينِ وَالْأَدِلَّةِ الْمُبَيِّنَةِ لِأُصُولِ الدِّينِ وَهَؤُلَاءِ الغالطون الَّذِينَ أَعْرَضُوا عَمَّا فِي الْقُرْآنِ مِنْ الدَّلَائِلِ الْعَقْلِيَّةِ وَالْبَرَاهِينِ الْيَقِينِيَّةِ صَارُوا إذَا صُنِّفُوا فِي أُصُولِ الدِّينِ أَحْزَابًا: حِزْبٌ: يُقَدِّمُونَ فِي كُتُبِهِمْ الْكَلَامَ فِي النَّظَرِ وَالدَّلِيلِ وَالْعِلْمِ وَأَنَّ النَّظَرَ يُوجِبُ الْعِلْمَ وَأَنَّهُ وَاجِبٌ ... وَهُوَ دَلِيلٌ مُبْتَدَعٌ فِي الشَّرْعِ وَبَاطِلٌ فِي الْعَقْلِ. وَالْحِزْبُ الثَّانِي: عَرَفُوا أَنَّ هَذَا الْكَلَامَ مُبْتَدَعٌ وَهُوَ مُسْتَلْزِمٌ مُخَالَفَةَ الْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ وَعَنْهُ يَنْشَأُ الْقَوْلُ بِأَنَّ الْقُرْآنَ

مَخْلُوقٌ وَأَنَّ اللهَ لَا يَرَى فِي الْآخِرَةِ وَلَيْسَ فَوْقَ الْعَرْشِ وَنَحْوَ ذَلِكَ مِنْ بِدَعِ الْجَهْمِيَّة فَصَنَّفُوا كُتُبًا قَدَّمُوا فِيهَا مَا يَدُلُّ عَلَى وُجُوبِ الِاعْتِصَامِ بِالْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ مِنْ الْقُرْآنِ وَالْحَدِيثِ وَكَلَامِ السَّلَفِ وَذَكَرُوا أَشْيَاءَ صَحِيحَةً لَكِنَّهُمْ قَدْ يَخْلِطُونَ الْآثَارَ صَحِيحَهَا بِضَعِيفِهَا وَقَدْ يَسْتَدِلُّونَ بِمَا لَا يَدُلُّ عَلَى الْمَطْلُوبِ. وَأَيْضًا فَهُمْ إنَّمَا يَسْتَدِلُّونَ بِالْقُرْآنِ مِنْ جِهَةِ إخْبَارِهِ لَا مِنْ جِهَةِ دَلَالَتِهِ ... سَمَّوْا كُتُبَهُمْ أُصُولَ السُّنَّةِ وَالشَّرِيعَةِ وَنَحْوَ ذَلِكَ ... وَهَؤُلَاءِ يَنْسُبُونَ أُولَئِكَ إلَى الْبِدْعَةِ بَلْ إلَى الْكُفْرِ لِكَوْنِهِمْ أَصَّلُوا أُصُولًا تُخَالِفُ مَا قَالَهُ الرَّسُولُ. وَالطَّائِفَتَانِ يَلْحَقُهُمَا الْمَلَامُ؛ لِكَوْنِهِمَا أَعْرَضَتَا عَنْ الْأُصُولِ الَّتِي بَيَّنَهَا اللهُ بِكِتَابِهِ فَإِنَّهَا أُصُولُ الدِّينِ وَأَدِلَّتُهُ وَآيَاتُهُ فَلَمَّا أَعْرَضَ عَنْهَا الطَّائِفَتَانِ وَقَعَ بَيْنَهُمَا الْعَدَاوَةُ؛ كَمَا قَالَ اللهُ تَعَالَى: ﴿فَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَأَغۡرَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾ [المَائِدَة: ١٤]. وَالْمَقْصُودُ أَنَّ هَؤُلَاءِ الغالطين الَّذِينَ أَعْرَضُوا مَا فِي الْقُرْآنِ مِنْ الدَّلَائِلِ الْعَقْلِيَّةِ وَالْبَرَاهِينِ الْيَقِينِيَّةِ لَا يَذْكُرُونَ النَّظَرَ وَالدَّلِيلَ وَالْعِلْمَ الَّذِي جَاءَ بِهِ الرَّسُولُ وَالْقُرْآنُ مَمْلُوءٌ مِنْ ذَلِكَ[1].

واتە: ڕێگەی ڕاست و دروست بۆ بابەتە عەقیدەییەکان ڕێگەی پێغەمبەری خوایە ﷺ ئەویش ڕێگەی قورئانە، لەخۆگری ڕێگەی عەقڵ و نەقڵە، پێغەمبەری خوا بە کۆکردنەوەی ئەو دوو ڕێگایە لە قورئان و فەرموودەدا توانیویەتی باشترین ڕوونکردنەوە و گەیاندن بگەیەنێت لە بابەتە دینی و عەقیدەییەکاندا، نەک بەس بە ڕێگای هەوالّی غەیبی، وەکوو چۆن کۆمەڵێك لە (محدث وفقیە و سۆفی و کەلامییەکان) تەنها بە ڕێگەی نەقڵ بنەما دینییەکانیان ڕوونکردووەتەوە و پشتیان کردووەتە ئەو بەڵگە و ڕوونکردنەوە عەقڵییانەی کە قورئان بەکاری هێناوە بۆ سەلماندن و ڕوونکاری.

بۆیە ئەم چینانە ئەگەر نووسراویان هەبێت لەسەر (أصول الدین) و عەقیدە و غەیبییەکان چەند جۆرێك بوون:

جۆری یەکەم: (أهل الكلام)ن پێشەکی نووسینەکانیان دەکەنەوە بە تێڕوانینە عەقڵییەکان و یاسا و دارشتنە فەلسەفییەکان، وە بە واجبێکی زانستی دەزانن بەم شێوازە بڕوانن بواڕە

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٩/ ١٦٠ - ١٦٣).

عەقیدەییەکان و وەرگرتنی بابەتە غەیبییەکان، ئەم ڕێگەیەش بۆخۆی ڕێگەیەکی بیدعە و گومڕایی و لەخۆگری بەتاڵە.

جۆری دووەم: (محدث وفقهاء) مەزهەبەکانن دەرکیان بەوە کردووە کە ئەو ڕێگای ئەهلی کەلامە پێچەوانە و دژایەتی ڕێگای قورئان و فەرموودەیە، وە هۆکارە بۆ کەوتنەناو بیروڕا و گومڕاییەکانەوە، لەوانە (قورئان مخلوق) و خوا نابینرێت و لەسەر عەرش نییە کە فیرەقی جەهمی و هاوشێوەکانیان ئەمانەیان لەخۆ گرتووە، بۆیە دەستیان کرد بە نووسین و دانانی جۆرەها کتێب لە بواری عەقیدەییەکاندا، بە شێوەیەك زیاتر لەخۆگری پەیوەستبوون بە قورئان و فەرموودە و قسەی (سلف) و پێشووە سالّحەکانی پێوە دیار بێت، شتانێکی زۆریان لە ڕاست و دروستەکان و ڕیوایەتە (صحیح)ەکان باس کردووە، وە هەندێك جاریش ڕیوایەتەکان تێکەڵ بە (صحیح وضعیف) کراون، یاخود بەڵگەکارییەکیان هێناوە کە نابێتە بەڵگە بۆ ئەو بابەتانە، بەڵگەکارییان بۆ قورئان بە شێوەی هەوالّ و باسەکانیەتی نەك شێوازی کردنە بەڵگە لە ڕووی ووردەکاری و داڕشتنەکانەوە بێت، نووسینەکانیشیان ناوناوە (أصول السنة والشريعة) بنەماکانی ڕێگای سوننەت یاخود شەریعەت و هاوشێوەکانیان.

ئەم کۆمەڵانە بە ئەوانەی پێش خۆیان لە (أهل الكلام)یان دەگوت بیدعەکاران، بەڵکوو (تکفیر) و بێبڕوایان دەکردن لەبەر دوورکەوتنەوە و پێچەوانەیەتییان لە ڕێگای سوننەت.

بەڵام هەردوو کۆمەڵەکە شوێنی لۆمە و سەرزەنشتن، لەبەر پشتگوێخستنی ئەو بنەمایانەی قورئان لەخۆی دەگرێت لە بەڵگەکاری عەقڵی و پەیوەستبوون بە هەوالّە غەیبییەکانەوە وەکوو خۆی لەلایەن خواوە، کە بۆخۆی قورئان ئەم دوو شێوازە بەڵگەکارییەی لەخۆگرتووە و هیچیانی پەراوێز نەکردووە و بە بنەماکانی دین و بەڵگەکانی ئایەتەکانی خوا ناودەبرێن، ئەمەش بووەتە هۆکاری دژایەتی نێوان هەردوولایان بەبۆنەی لەبیرکردنی بەشی حەق و دروست لە کارەکانیاندا، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ﴾ [المَائِدَة : ١٣]. کاتێك بەشە ڕاستییەکەی یەکترییان لەبیرکرد، دوژمنایەتی کەوتە نێوانیان.

مەبەست بەوەیە نابێت ڕێگەی بیرکردنەوەی بەڵگە عەقڵییەکانی قورئان بە هەوالّە غەیبییەکانەوە پەراوێز بکرێت لە بابەتە عەقیدەییەکاندا.

ئیمامی (اسماعيل الأصبهاني) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَاعْلَم أَن فصل مَا بَيْننَا وَبَين المبتدعة هُوَ مَسْأَلَة الْعقل فإنهم أسسوا دينهم عَلَى الْمَعْقُول، وَجعلُوا الِاتِّبَاع والمأثور تبعا للمعقول، وَأما أهل السّنة؛ قَالُوا: الأَصْل فِي الدّين الِاتِّبَاع والمعقول تبع، وَلَو كَانَ أساس الدّين عَلَى الْمَعْقُول لَا ستغنى الْخلق عَنِ الْوَحْي، وَعَن الْأَنْبِيَاء، ولبطل معنى الْأَمر وَالنَّهْي[1].

واتە: جیاوازی نێوان ئەهلی سوننە و بیدعەکاران لە بەکارهێنانی عەقڵ و پێگەیدا بەم شێوەیە: بیدعەکاران دینەکەیان بنیادناوە لەسەر بابەتە عەقڵییەکان بەتەنیا، وە دەقەکانی قورئان و فەرموودەیان کردووەتە پاشکۆ و شوێنکەوتەی، بەڵام ئەهلی سوننەت بنەمایان لە دیندا شوێنکەوتەی دەقە شەرعییەکانە و بابەت و ڕێگە عەقڵییەکانیان کردووەتە شوێنکەوتەی.

خۆ ئەگەر بنەما و سەرچاوە لە دیندا عەقڵ بوایە ئەوا خەڵکی پێویستی بە وەحی خوایی و پێغەمبەران نەدەبوو، وە شەریعەت بە فەرمان و قەدەغەکراوەکانیەوە لەکاردەکەوت.

تەنانەت (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ باسی ئەو بنەما و یاسایەی کردووە کە (فخر الدين الرازي) وای دەسەلێنێت گوایە عەقڵ بناغە و بنەمای وەرگرتنی دینە، دەڵێت: لأن العقل أصل النقل، فلو قدمناه عليه كان ذلك قدحاً في العقل الذي هو أصل النقل، والقدح في أصل الشيء قدح فيه[2].

واتە: عەقڵ بنەمای دەقەکانە، خۆ ئەگەر لە کاتی پێچەوانەیەتی عەقڵ لەگەڵ نەقڵدا؛ ئەگەر نەقڵ و دەقەکان پێش بخەین بەسەر بابەتە عەقڵییەکاندا؛ ئەوا ئەم کارە دەبێتە هۆکاری ڕەخنە لەسەر عەقڵ کە بۆخۆی بنەمای وەرگرتنی دەقە شەرعییەکانە، وە لە ئەگەری ڕەخنە لەسەر عەقڵ و تۆمەتبارکردنی؛ ئەوا هۆکاری ڕەخنەیە لەسەر نەقڵ و دەقە شەرعییەکان.

کەواتە بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادەن ڕەخنە لە عەقڵ بگیرێت، وە بە بنەمای وەرگرتنی دینی دەزانن، وە گەر ئەم بنەمایەش لەق بێت ئەوا دین وەرناگیرێت.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **بەرپەرچیان دەداتەوە و دەڵێت:** الوجه الثالث: نفي قاعدة أن العقل

---

(١) "الحجة في بيان المحجة" للأصبهاني (١/ ٣٤٧).

(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٤)، و "أساس التقديس" للرازي ص٢١٠.

أصل النقل: لأن قوله: إن العقل أصل للنقل إما أن يريد به: أنه أصل في ثبوته في نفس الأمر، أو أصل في عملنا بصحته، والأول لا يقوله عاقل، فإن ما هو ثابت في نفس الأمر بالسمع أو بغيره هو ثابت، سواء علمنا بالعقل او بغير العقل ثبوته، أو لم نعلم ثبوته لا بعقل ولا بغيره، إذ عدم العلم ليس علماً بالعدم، ... وثبوت صدق الرسول، وثبوت ما اخبر به في نفس الأمر: ليس موقوفاً علي وجودنا، فضلاً عن أن يكون موقوفاً علي عقولنا، ... فتبين بذلك أن العقل ليس أصلاً لثبوت الشرع في نفسه، ... وأما إن أراد أن العقل أصل في معرفتنا بالسمع ودليل لنا علي صحته ـ وهذا هو الذي أراده ـ فيقال له: أتعني بالعقل هنا الغريزة التي فينا، أم العلوم التي استفدنا بتلك الغريزة؟ وأما الأول فلم ترده، ويمتنع أن تريده، ... وإن أردت بالعقل الذي هو دليل السمع وأصله المعرفة الحاصلة بالعقل، فيقال لك: من المعلوم أنه ليس كل ما يعرف بالعقل يكون أصلاً للسمع ودليلاً علي صحته، فإن المعارف العقلية أكثر من أن تحصر، والعلم بصحة السمع غايته أن يتوقف علي ما به يعلم صدق الرسول صلي الله عليه وسلم، ... وإذا كان كذلك لم تكن جميع المعقولات أصلاً للنقل[1].

واتە: بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بنەمایەی کە دەڵێن: عەقڵ بنەمای وەرگرتنی دین و دەقەکانیەتی، بۆیە ئەگەر ڕەخنە لە عەقڵ بگیرێت ئەوا دەبێتە ڕەخنە لەسەر دین. بەڵام ئەم بنەمایە ڕاست نییە گەر ڕەخنە لە عەقڵ بگیرێت وەکوو وابێت ڕەخنە لە دین بگیرێت؛ لەبەرئەوەی یەکەم ئەگەر مەبەستیان پێی ئەوەیە عەقڵ بووەتە هۆکاری سەلماندنی ڕاست و دروستی دین و بابەتەکانی، وە دووەم یاخود مەبەستیان پێی ئەوەیە بنەمای زانست و زانینمانە بۆ ڕاستی دین: یەکەمیان هەڵەیە و هیچ عاقلێك نایلێت، لەبەرئەوەی ئەوەی بە ڕاستی و دروستی هەیە (وەکوو دین)؛ ئەوا هەیە و ڕاست و دروستە، جا بوونی بزانین بە عەقڵ یا بێجگە لە ڕێگەی عەقڵ، یاخود نەبوونی بزانین بە عەقڵ یا بێجگە لە عەقڵ، کەواتە نەبوونی زانیاری لەسەر شتێك بوونی زانیاری نییە لەسەر نەبوونی (عدم العلم ليس علما بالعدم)، ئەو کەسەی کە خوا ناردوویەتی بە پێغەمبەرایەتی بۆ ئادەمیزاد، ئەوە پێغەمبەر و ڕەوانەکراوی خوایە، جا ئەگەر خەڵك بزانێت یاخود نەزانێت، وە ئەو هەواڵانەیش کە

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٨٧، ٩٠).

بەودا ڕەوانەی کردووە حەقە و ڕاستە ئەگەر خەڵکیش باوەڕی پێ بکەن یا نەیکەن، وە هەروەها هەموو شەرعەکەشی بە فەرمان و ڕێگرییەکانەوە شەرعی خوایە ئەگەر خەڵکیش جێبەجێی نەکەن.

سەلماندنی ڕاست و دروستی ئەو شتانەی ناردوویەتی بە پێغەمبەرەکەیدا لەسەر بوونی ئێمە ڕانەوەستاوە و بنیاد نەنراوە، چ جای ئەوەی ڕاوەستابێت لەسەر باوەڕپێکردنی عەقڵمان، کەواتە عەقڵ بنەمای وەرگرتنی شەرعی خوا نییە.

خۆ ئەگەر مەبەستیان بە عەقڵ ئەوە بێت کە هۆکارە بۆ ناسینی شەرعی خوا، وە هەر ئەویش دەبێتە بەڵگە لەسەر ڕاستی و دروستی دین، کە ئەمە مەبەستیانە، پێیان دەڵێین: مەبەستتان لە عەقڵ ئەو غەریزە هێز و بوونەیە کە لە ئێمەدا هەیە، یاخود ئەو زانستانەی بە هۆکاری ئەو غەریزەوە وەرگیرابێت؟

یەکەمیان مەبەست نییە و نابێت مەبەستیشیان بێت.

وە مەبەستیان بە دووەمیش بێت: ئەو هۆکار و زانستە عەقڵییانە بێت کە ڕاستی و دروستی دینمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ... ئەوا دەڵێین: زانستە عەقڵییەکان ئەوەندە جۆراوجۆر و زۆرن کە سنووردار ناکرێن، وە ئاشکراشە هەرچی زانستە عەقڵییەکانە نابنە بنەما و سەلێنەری ڕاستی و دروستی هەموو بوارەکانی دین و بەڵگەکاری بۆ تەواوی دین وەك (طب و هندسة و کیمیا و فیزیا و حسابات ...) هەموو زانستە عەقڵییەکان نابنە بەڵگە و ڕێگا بۆ ناسین و ڕاستگۆیی ئەوەی بە پێغەمبەرەکەیدا ڕەوانەی کردووە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە سەلێنەری بوونی خوا و ڕاستگۆیی دینەکەی، کەواتە هەموو بابەتە عەقڵییەکان نابنە هۆکاری بنەمای سەلماندنی دین و شەرع و پێغەمبەرەکەی خوا.

وە خۆ ئەگەر ڕاست و دروستی نەقڵ بە مەرج گیرابێت لەسەر بڕیاری عەقڵ، ئەوا وەکوو ئەوە وایە بڵێیت باوەڕم بە پێغەمبەر هێناوە بە مەرجێك پێچەوانەی عەقڵ نەبێت، ئەمەش بۆخۆی سەرەتای گومڕایی و کۆتاییەکەشی بێبڕواییە.

ئیمامی (الشاطبي) رَحِمَهُ اللهُ پێنج ڕێگەی باسکردووە بۆ سەلماندنی ئەوەی بەڵگە شەرعییەکان پێچەوانەی بابەتە عەقڵییەکان نییە و نابن و دەڵێت: الْأَدِلَّةُ الشَّرْعِيَّةُ لَا تُنَافِي قَضَايَا الْعُقُولِ، وَالدَّلِيلُ عَلَى ذَلِكَ مِنْ وُجُوهٍ:

أَحَدُهَا: أَنَّهَا لَوْ نَافَتْهَا؛ لَمْ تَكُنْ أَدِلَّةً لِلْعِبَادِ عَلَى حُكْمٍ شَرْعِيٍّ وَلَا غَيْرِهِ، لَكِنَّهَا أَدِلَّةٌ بِاتِّفَاقِ الْعُقَلَاءِ ... .

وَالثَّانِي: أَنَّهَا لَوْ نَافَتْهَا؛ لَكَانَ التَّكْلِيفُ بِمُقْتَضَاهَا تَكْلِيفًا بِمَا لَا يُطَاقُ.

وَالثَّالِثُ: أَنَّ مَوْرِدَ التَّكْلِيفِ هُوَ الْعَقْلُ، وَذَلِكَ ثَابِتٌ قَطْعًا بِالِاسْتِقْرَاءِ التَّامِّ.

وَالرَّابِعُ: أَنَّهُ لَوْ كَانَ كَذَلِكَ لَكَانَ الْكُفَّارُ أَوَّلَ مَنْ رَدَّ الشَّرِيعَةَ بِهِ.

وَالْخَامِسُ: أَنَّ الِاسْتِقْرَاءَ دَلَّ عَلَى جَرَيَانِهَا عَلَى مُقْتَضَى الْعُقُولِ، بِحَيْثُ تُصَدِّقُهَا الْعُقُولُ الرَّاجِحَةُ[1].

یەکەم: ئەگەر بەڵگە شەرعییەکان پێچەوانەی یاسا عەقڵییەکان بێت، ئەوا بەڵگەکاری خوا بەسەر بەندەکانییەوە نەدەهاتە دی، وە کۆدەنگی زانایانی عەقڵی کۆکن لەسەر ئەوەی بەڵگە شەرعییەکان دابەزیون بۆ سەر عەقڵی خەڵکی تاوەکوو وەری بگرن و کاری پێبکەن، خۆ ئەگەر پێچەوانە بوایە ئەوا قابیلی وەرگرتن نەدەبوو چ جای کارپێکردن.

دووەم: خۆ ئەگەر عەقڵ پێچەوانەی دەقە شەرعییەکان بوایە، ئەوا داواکاری لە عەقڵ بۆ باوەڕپێکردنی دەبووە داواکارییەك کە لە ئاستی جێبەجێنەکردنیدا دەبوو (تکلیف ما لایطاق)، کەواتە کاتێك کە لە توانایدا هەیە وەری بگرێت؛ ئەوە پێچەوانەی عەقڵ نییە.

سێیەم: خۆ ئەگەر پێچەوانەیەتی لە نێوان بەڵگە شەرعی و عەقڵییەکاندا ببێت ئەوا (تکلیف) و داواکارییە شەرعییەکان لەکار دەکەوتن لەسەر هەموو خەڵکی، لەبەرئەوەی داواکاری لەسەر (شێت و تێکچوو و خەوتوو و منداڵ ...) نییە لەبەر هۆکاری نەبوونی عەقڵ تیایاندا، لە بەرامبەریشدا بە هەمان ئاڕاستە خۆ ئەگەر بەڵگە شەرعییەکان ڕاست و دروست نەبوونایە، ئەوا داواکاری جێبەجێکردنی فەرمانە شەرعییەکان لە خاوەن عەقڵەکان وەکوو داواکاری جێبەجێکردن وایە لەو کەسانەی خاوەن عەقڵ نین، کەواتە داواکاری لە عەقڵ بۆ جێبەجێکردنی شتێك کە بە ڕاستی نەزانێت قورسترە لەوەی کە بە عەقڵ لێی تێنەگات و نەزان بێت بەرامبەری.

(١) "الموافقات" للشاطبي (٣/ ٢٠٨ - ٢١٠).

چوارەم: خۆ ئەگەر بەڵگە شەرعییەکان پێچەوانەی عەقڵی مرۆڤەکان بوایە، ئەوا بێبڕوایان یەکەم کەس دەبوون لە وەرنەگرتنی، دەی لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەیان لێ نەدەگرت، بەڵکوو پەنایان دەبردە بەر قسە و توانج و درۆ هەڵبەستن بۆ پێغەمبەرەکەی بە (سحر، کاهن وشاعر ...)، لەبەرئەوەی لێی تێدەگەیشتن و مەبەستەکانی ئاشکرا بوو.

پێنجەم: بە گوێرەی حەقیقەت و بوون عەقڵە کاملەکان توانای وەرگرتن و پەیوەستبوونیان هەیە و بووە، کەواتە ئەوە سەلماندوویەتی کە دژایەتی و پێچەوانەیەتی نییە لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا.

زانایانی ئەهلی سوننەت ڕێگەی پێوانە عەقڵییەکانیان بەم شێواز و ڕێگایانە بەکارهێناوە:

١. بەکارهێنانی پێوانەی لەپێشتر بۆ خوا (القياس الأولى) کە هەرشتێك مایەی کاملبوون و تەواوتر بگەیەنێت ئەوا بۆ خوا لەپێشترە وەکوو ژیان و بیستن و بینین و زانست و توانا و ئیرادە ... .

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: وهذا النمط هو الذي كان السلف والأئمة ... وذلك أن الله سبحانه لا يجوز أن يدخل هو وغيره تحت قياس الشمول الذي تستوي أفراده ولا تحت قياس التمثيل الذي يستوي فيه حكم الأصل والفرع، فإن الله تبارك وتعالى ليس كمثله شيء لا في نفسه المذكورة بأسمائه ولا في صفاته ولا في أفعاله ولكن يسلك في شأنه قياس الأولى كما قال: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ﴾ [النحل: ٦٠]. فإنه من المعلوم أن كل كمال ونعت ممدوح لنفسه لا نقص فيه يكون لبعض الموجودات المخلوقة المحدثة، فالرب الخالق الصمد القيوم القديم الواجب الوجود بنفسه هو أولى به[(١)].

واتە: پێشووە سالحەکان ئەمە ڕێگەی بەکارهێنانی عەقڵییان بووە کە دەبێت هەموو پێوەرێك و هاوشێوەکارییەك کاتێك هۆکاری کاملێ و تەواوی بێت بە مەرجی لەخۆنەگری ناتەواوی ئەوا دەبێت بەکاربهێنرێت بۆ خوای پەروەردگار، خۆ ئەگەر ئەو خاوەنی بەخشین و دروستکردنی بووبێت بۆ بەندەکانی ئەوا خۆی لەپێشترە بە چاکترین شێوە خاوەنی بێت، وەکوو ناو و سیفات و

(١) "شرح العقيدة الأصفهانية" لابن تيمية ص٩٥.

کار و دروستکردن و بەڕێوەبردن (الخلق والإرادة).

نەك پێوانەیەك كە هاوتا بن لە ئاستی یەکدا یاخود نزمتر لەو (قیاس الشمول والتمثیل والأدنی) ئەمانە هەر شاییستەی (مخلوقات) و کردارياني نەك (خالق) و بەدیهێنەری (مخلوقات).

بۆ نموونە لەسەر (قیاس الشمول): وەکوو ئەگەر ناوی هەبێت چۆن دەبێت واتا و سیفات نەگەیەنێت بۆ خوا، وە ئەگەر سیفاتی هەبێت چۆن دەبێت نەبێتە کار و بەڕێوەبردن بۆی، ئەم پێوانانە لە دروستکراوەکانی خوادا جێگەی دەبێتەوە کە شتێکی هەبێت و شتێکی تری نەبێت، بەڵام بڕیاردانی ئەم پێوانەییە بۆ خوا گومڕاییە.

وە نموونە لەسەر (قیاس الأدنی) پێوانەی لەخوارتر: وەکوو لە (القضاء والقدر)دا ئەگەر (خالق) و دروستکاری ئادەمیزاد بێت چۆن دەبێت دەسەڵاتی لە کار و کرداری (مخلوقات)دا نەبێت؟ وە ئەگەر (الإرادة)ی بەخشیبێتە (مخلوقات) چۆن دەبێت (إرادة)ی ئەو بالاّدەست نەبێت بەسەریاندا؟!

یاخود ئەگەر خوا لە هەموو شوێنێك بێت ئەوا هاتنە ئاسمانی دونیای بۆچییە؟ یاخود وەکوو ئیمامی (الدارمي) رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت: وَمَا يَصْنَعُ بِالتَّنْزِيلِ مَنْ هُوَ بِنَفْسِهِ فِي كُلِّ مَكَانٍ ... وَالرَّبُّ بِزَعْمِكُمُ الْكَاذِبِ فِي الْبَيْتِ مَعَهُ، وَجِبْرِيلُ يَأْتِيهُ مِنْ خَارِجٍ[1]. واتە خۆ ئەگەر خوا لە هەموو شوێنێك بێت ئەوا لەگەڵ (مُحَمَّد) بووە لەناو ژوورەکە، ئیتر پێویستی بەوە نەبووە (جبریل) عَلَيْهِ السَّلَامُ لە دەرەوەی ژوورەکەوە وەحی بۆ بهێنێت.

وە خۆ ئەگەر لە هەموو شوێنێك بێت ئەوا هەرچی بپەرستێت ئەوە خودی خوایە و (شرك) نییە، ئەوا جیاوازی نەما لە نێوان (خالق ومخلوق)دا، کەواتە دین و شەرع و عیبادەت بۆ کێ؟ (خالق) یاخود (مخلوق)؟!

خۆ ئەگەر قورئان (مخلوق) و دروستکراو بێت وەکوو هەموو دروستکراوەکان ئەوا هەرچی (مخلوق)ە دەمرێت دەبێت قورئانیش بمرێت، ئەمانە پێوانەی فیرەقە گومڕاکانن بۆ خوا.

٢. بەکارهێنانی یاسای عەقڵی (يجب أن يجتمع بين المتماثلين وأن يتفرق بين المتفرقين) لە کاری نموونەهێنانەوە و سەلماندنا دەبێت ڕەچاوی ئەم یاسایە بکرێت (کۆکردنەوەی

(١) "الرد على الجهمية" للدارمي ص٦٣ رقم (٩٦).

هاوشێوەکان بە یەکتر بێت و جیاوازەکان لە یەکتری جیابکرێتەوە).

لەبەرئەوە خوا بە (مخلوقات) پێوانە ناکرێت، وە (مخلوقات)یش بە (خالق) هاوشێوە ناکرێت، وە (توحيد وشرك، بدعة وسنة، طاعة ومعصية) بە یەکتر هاوشێوە ناکرێن، وە کاری (خالق ومخلوق) بە یەکتری پێوانە ناکرێت، وە (القدر الشرعي والقدر الكوني) لە هەموو شتێکدا کۆناکرێتەوە، وە هەروەها (الإيمان والكفر) لە یەك خەندەقدا کۆ نابنەوە.

٣. رێگەیەکی تر لە رێگەکانی عەقڵ بەکارهێنانی رێگەی (النبر والتقسيم) واتە دابەشکردن و بژاردەکاری بۆ یەکلاکردنەوە.

قورئان ئەم رێگەیەی زۆر بەکارهێناوە بۆ بەڵگەکاری و نەهێشتنی قسەی بەرامبەر، وەك دەفەرموێت: ﴿أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ ﴿٣٥﴾﴾ [الطور: ٣٥]. واتە ئایا ئێوە هیچ (خالق) و بەدیهێنەرێك دروستی نەکردوون؟ یاخود خۆتان خۆتانتان دروستکردووە؟ دەبێت سێیەم ئەنجام بێت ئەویش ئەوەیە بەڵێ ئێمە خوا دروستی کردووین، کەواتە دەبێت بەس ئەو بپەرستن و پەیوەست بن بە دینەکەیەوە، وە دەفەرموێت: ﴿مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَٰهٍ ۚ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍۭ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ [المؤمنون: ٩١]. بۆ سەلماندنی ئەوەی کە یەك خوا هەیە بۆ (مخلوقات)، خۆ ئەگەر چەند خوایەك هەبێت ئەوا دەبێت هەریەکەیان بەرێوەبەری (مخلوقات)ی خۆی بێت و بالآدەست بێت بەسەریاندا، ئەوکات لە نێوان خواکاندا شەڕ دەبێت و لە ئەنجامدا دەبێت بالآدەستترینیان سەرکەوتوو بێت، کەواتە دەبێت لە کۆتاییدا هەر یەك خوای تاك و تەنیا و بێ هاوتا هەبێت.

ئەم رێگەی بژاردە و دابەشکردنە (النبر والتقسيم) دەگیرێتە بەر لە نێوان (الإثبات والنفي) سەلماندن لەسەر بوونی شتێك و دژایەتی دژەکەی بۆ یەکلاکردنەوەی یەکێکیان، وەکوو ئەم دەقانە:

❁ قولە تعالى: ﴿أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِۦ مُفْتَرَيَٰتٍ وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٣﴾﴾ [هود: ١٣].

واتە: دەڵێن قورئان دروستکراوە، بڵێ دە سوورەتی دەستکرد و هەڵبەستراوم بۆ بێنن ئەگەر ڕاست ئەکەن.

❁ قوله تعالى: ﴿وَقَالُواْ لَن يَدۡخُلَ ٱلۡجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوۡ نَصَٰرَىٰۗ تِلۡكَ أَمَانِيُّهُمۡۗ قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١١١﴾ [البَقَرَة : ١١١].

واته: دەڵێن بێجگە لە جوولەکە و گاوور ناچنە بەهەشتەوە، بڵێ ئەگەر ڕاست دەکەن بەڵگەم بۆ بێنن.

❁ قوله تعالى: ﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥۚ قُلۡ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُمۖ بَلۡ أَنتُم بَشَرٞ مِّمَّنۡ خَلَقَ﴾ [المَائِدَة : ١٨].

واته: جوولەکە و گاوور دەڵێن ئێمە نەوە و خۆشەویستانی خواین، پێیان بڵێ ئەی بۆچی سزاتان دەدات بە هۆکاری تاوانەکانتانەوە؟ بەڵکوو ئێوە ئادەمیزادن وەکوو ئەوانی تر.

❁ قوله تعالى: ﴿أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلۡأُنثَىٰ ٢١ تِلۡكَ إِذٗا قِسۡمَةٞ ضِيزَىٰٓ ٢٢﴾ [النَّجۡم : ٢١، ٢٢].

واته: بۆ خۆتان کوڕ بژاردە دەکەن و بۆ خوا کچ؟ کەواتە بە شتێکی کەم بۆ خوا بڕیار دەدەن بە گوێرەی خۆتان.

٤. ڕێگەیەکی تر لە بواره عەقڵییەکان بە ڕێگەی نموونە هێنانەوە (ضرب الأمثلة).

❁ قوله تعالى: ﴿وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ ٱلَّذِي يَنۡعِقُ بِمَا لَا يَسۡمَعُ إِلَّا دُعَآءٗ وَنِدَآءٗۚ صُمُّۢ بُكۡمٌ عُمۡيٞ فَهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ ١٧١﴾ [البَقَرَة : ١٧١].

واته: نموونەی بێبڕوایان وەکوو کەسێك وایە هاوار و بانگی لێبکەیت هیچ نەبیستێت بێجگە لە شەپۆلی دەنگێك نەبێت، بێبڕواش تێناگات و نابیستێت و کەڕ و کوێر و لاڵە لە ئاستی حەقدا.

❁ قوله تعالى: ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتۡ سَبۡعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٖ مِّاْئَةُ حَبَّةٖۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٢٦١﴾ [البَقَرَة : ٢٦١].

واته: نموونەی ئەوانەی مالّەکانیان دەبەخشن لە پێناوی خوادا وەکوو دەنکە گەنمێك وایە حەوت گوڵە گەنم بگرێت و لە هەموو گوڵێکیدا سەد دەنکە گەنمی تێدا بێت.

❁ قوله تعالى: ﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوۡلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلۡعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتۡ بَيۡتٗاۖ وَإِنَّ أَوۡهَنَ ٱلۡبُيُوتِ لَبَيۡتُ ٱلۡعَنكَبُوتِۖ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٤١﴾ [العَنكَبُوت : ٤١].

واتە: نموونەی ئەو هاوبەشانەی بڕیاری دەدەن لەگەڵ خوادا وەکوو مالّی جالّجالۆکە وایە کە بێهێزترین مالّە ئەگەر بزانن، بە مالّیش ناودەبرێت.

❁ قولە تعالی: ﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ ثُمَّ لَمۡ يَحۡمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلۡحِمَارِ يَحۡمِلُ أَسۡفَارَۢاۚ﴾ [الجُمُعَة: ٥].

واتە: نموونەی ئەوانەی شوێنکەوتەی تەوراتن و کاری پێناکەن وەکوو گوێدرێژ وان کە باری کتێبی لێبنێیت.

❁ قولە تعالی: ﴿وَلَقَدۡ ضَرَبۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ٢٧﴾ [الزُّمَر: ٢٧].

واتە: لەم قورئانەدا هەموو جۆرە نموونەیەکمان بۆ گێڕاون تاوەکوو ببێتە هۆکاری بیرکەوتنەوەتان بۆ یەکلاکردنەوەی خێر و حەقەکان.

ئەمانە چەند شێوازێکی سەرەکی و دیارن کە قورئان بەکاریان دێنێت بۆ گەیاندنی حەقەکان بە ڕێگەی عەقڵ و ژیری ئادەمیزاد، هەر عەقڵی خۆیان دەکاتە بەڵگە بەسەر خۆیانەوە.

هۆکاری سێیەم: هۆکارێکی تر لە پێشخستنی عەقڵ بەیاساکردنی (الدلالة اللفظية لاتفيد اليقين)ە، واتە داڕشتنە وشەییەکان دڵنیایی نادەن بەدەستەوە.

ڕێگەیەکی تر لەو ڕێگایانەی گومڕایان گرتوویانەتە بەر بۆ کەمکردنەوە و لەکەدارکردنی دەسەڵاتی دەقە شەرعییەکان، ڕێگەیەکی بەناو زانستییە کە دەڵێن هیچ داڕشتنێکی نووسین نابێتە بەڵگە، وە هۆکاری یەکلاکردنەوە و دڵنیایی نییە و نایدات بەدەستەوە، پێویست بەوە دەکات چەند ڕێگایەك بگیرێتە بەر بۆ یەکلاکلادنەوەی مەبەست و واتا دروستەکانی، وە ئەو ڕێگایانەش خۆیان بە بەرنامە و تێگەیشتنی خۆیان دایان ڕشتووە، وە هەموو مەبەستێکیش لێیان ترازاندنی دەقەکانە لە مەبەستی ڕاست و دروستی خۆیان و ڕێگەی لەقاڵبدان و گونجاندنیانە لەگەڵ بیدعەکارییەکانیاندا، گەر نا لەکارخستنی دەقەکان و پێشخستنی عەقڵ بەسەریاندا مسۆگەرە.

هەروەك ئەمڕۆ بانگەوازی بۆ دەکەن بە شێوازێکی تر و لەژێر ناونیشانی تەفسیر و خوێندنەوەی تازە و سەردەمیانە بۆ دەقەکان، تاوەکوو لەگەڵ ڕەوڕەوەی گۆڕانکارییەکاندا بگونجێت، وە ئیسلام خۆی بگونجێنێت لەگەڵ عەولەمە و هەڵگەڕانەوەی دینی ئەمڕۆی خەڵکیدا،

بەو واتایەی هیچ بوونی بنەما و نەگۆڕێك نییە لە ئیسلامدا و بەردەوام ئیسلام شوێنکەوتە و بچووکی و گونجاندن و خۆبەدەستەوەدان کاری بێت لەگەڵ هەموو سەردەمێکدا.

دەربارەی دەقی بەرنامە و یاساکەیان لەم خاڵەدا دەڵێن:

قال (الرازي): مسألة الدليل اللفظي لا يفيد اليقين إلا عند تيقن أمور عشرة عصمة رواة تلك الألفاظ وإعرابها وتصريفها وعدم الاشتراك والمجاز والنقل والتخصيص بالأشخاص والأزمنة وعدم الإضمار والتقديم والتأخير والنسخ وعدم المعارض العقلي[١]، وكل واحد من هذه المقدمات مظنونة، والموقوف على المظنون أولى أن يكون مظنونًا، فثبت أن شيئًا من الدلائل اللفظية لا يمكن أن يكون قطعيًا[٢].

واتە: بابەتی ئەوەی داڕشتنە قسەکان دڵنیایی نادەن بەدەستەوە بێجگە لەدوای هاتنەدی دە خاڵی تایبەت نەبێت، لەوانە: پارێزراوی ڕاوییەکان و تێڕوانینی تاك تاکی وشەکان و شیکاری تەواو و بەشدارنەبوون لە واتاکاندا وە هەروەها لە کاتیشدا وە شاراوەیی تیادا نەبێت و ئاماژەکاری لەخۆ نەگرێت و پێش و پاش نەخستنی وشەکان لەخۆ نەگرێت، لە کۆتاییشدا ئەگەر ئەمانە هەمووی بوونیان بێتە دی مەرجی دەیەم ئەوەیە نابێت دژایەتی و پێچەوانەی بابەتە عەقڵییەکان لەخۆ بگرێت، هەریەك لەمانەش بۆخۆیان هۆکاری گومانن، کارکردن لەسەر گومان هەر گوماناوییە، کەواتە دڵنیا بوون داڕشتنەکان بە هیچ شێوەیەك یەکلاکەرەوە نابن.

ئەم یاسایە (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ ناوی ناوە بە یەکێك لە (الطواغيت الأربعة)[٣]، واتە چوار بتپەرستییە یاخیبووەکەی سەر دین، بەو ڕێگایانە دەیانەوێت قەڵا و شووڕای دین و وەحی بڕووخێنن و قەدر و ڕێز و بناغەی دین لەق بکەن لە دڵی موسوڵمانان، وە بە چوار مەنجەنیقی تۆپبارانی سەر شووڕا و قەڵای وەحی پێناسەیان دەکات و ناویان دەبات.

---

(١) "محصل أفكار المتقدمين والمتأخرين" للرازي ص١٤٢، و "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٢/ ٦٣٣)، و "موسوعة الفرق المتنسبة للإسلام" (٢/ ١٢٠)، و "وسطية أهل السنة بين الفرق" محمد با كريم ص٦٩، و "موقف ابن تيمية من الأشاعرة" للعبد الرحمن بن صالح المحمود ص١١٢٤، وبنحو هذا قال الإيجي في "المواقف في علم الكلام" ص٤٠.

(٢) "أساس التقديس" للرازي ص١٨٢، و "موسوعة الفرق المتنسبة للإسلام" (١/ ٤٤٤).

(٣) ينظر "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٢/ ٦٣٣).

لـە هەمووی سەیر و سەمەرەتر ئەوەیە ئەمانە مەبەستیان بەم یاسایە بەس بەرهەڵستکردنی قورئان و سوننەتە، گەر نا هەر ئەم یاسایە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت بەسەر بەرنامە و سەرچاوە فەلسەفییە عەقڵییە پڕ گرێ کوێرە نەکراوەی باسەکانیاندا، ئەوا بە دڵنیاییەوە خاوەنی هیچ سەرچاوە و بنەمایەکی فەلسەفی نابن، بەڵام هەموو مەبەست و فڕ و فێڵەکەیان ڕێگرتن و بەرهەڵستکارییە لـە ئاستی دەقە شەرعییەکاندا، وە ئەوەی بەکاری دەهێنن بۆ بەرامبەریان بۆ خۆیان بەکاری ناهێنن.

(ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ لـە کتێبی "الصواعق المرسلة على الجهمية والمعطلة" بە دوور و درێژی بەرپەرچی ئەمە دەداتەوە و بە شێوەیەکی کورت و ناوبڕ بابەتەکانی دەگوازینەوە: الطاغوت الأول: قولهم نصوص الوحي أدلة لفظية وهي لا تفيد اليقين ... أنا لا نسلم أنه موقوف على هذه المقدمات العشر بل نقول ليس موقوفا على ما به يعرف مراد المتكلم فإن مراد القائل بقوله الأدلة اللفظية لا تفيد اليقين أنه لا يعلم بها مراد المتكلم[1].

واتە: زیادەڕەو و یاخیبووی یەکەم: دەڵێن بەڵگە شەرعییەکان دارشتنی قسەکارین و دڵنیایی نابەخشنە بەرامبەر.

ئەمە بۆخۆی ئێمە ناتوانین ئەو قسەیەی ئەوان بکەینە بەڵگە کە گوایە هیچ مەبەستێك ناسەلێنرێت مەگەر بەم دە ڕێگایە نەبێت، وە هۆکاریش نییە بۆ دەرنەکەوتنی مەبەستەکانی خاوەن قسە، بەڵکوو مەبەستی ئەو قسەیەی کە دەڵێت دارشتنەکان دڵنیایی نادەن بەدەستەوە ئەوەیە کە مەبەستی خاوەن قسە هەر نازانرێت.

ئەمە بۆخۆی هەموو دارشتنێك ناگرێتەوە، بەڵکوو هەیانە زۆر ڕوون و ئاشکرایە و شاراوەیی تێدا نییە، وە دەشێت هەبێت شاراوەیی و نادیاری لەخۆبگرێت و مەبەست بەس ئەم لایەنە بێت، وە گومانیش نییە ئەوەی باوەڕی بە وەحی و پێغەمبەرەکەی بێت دڵنیا دەبێت هیچ شتێك نییە نەزانرێت تیایاندا، بەڵکوو زانا و شارەزاکان کاری یەکلاکەرەوە و دیاریکردن لـە ئەستۆیانە نەك هەموو کەسێك، وە دەبێت مەبەستەکانی وەحی زۆر و زیاتر لـە هەموو شتێك ڕوون و ئاشکراتر بێت لەبەر کاملی و تەواوی زانست و زانیاری خاوەن قسە کە خوایە، وە پێغەمبەرەکەشی کە

(١) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٢/ ٦٣٣).

زمان پاراوترین و ڕوونکار و ڕێنموونیکارترین هۆکاری هیدایەتە، لەگەڵ ئەو هەموو ئاسانکارییە ڕەخساوە بۆ قورئان و فەرموودە لە خوێندنەوە و تێگەیشتن و ڕەوانبێژی، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾ [القمر: ١٧، ٢٢، ٣٢، ٤٠]. واتە قورئانمان ئاسان کردووە بۆ خوێندنەوە و لەبەرکردن، ئەوە هەیە پەندلێوەرگر و بیرکراوە بێت؟! وە پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: «...وَأُوتِيتُ جَوَامِعَ الْكَلِمِ»[(١)]. واتە زمانپاراوی و کۆکراوەیی قسەکانم پێ بەخشراوە.

وە ئەو ژمارە زۆرەی هاوەڵان و تابعین چۆن دەقەکانیان بە (اللفظ) و وشە و دارشتن بۆ گواستووینەتەوە ئاوا بە هەمان شێوەش بە واتا و تەفسیری خۆیشی تێگەیشتوون و گەیاندوویانە بە ڕێگەی ژمارەی زۆری پشتاوپشت (نقل المتواتر).

وە بە دڵنیاییەوە ئەوەندەی لە ڕووکەش و وشە و دارشتنەکان لەناو خەڵکیدا تێگەیشتن دیار و ئاشکرایە و گرنگی پێدەدرێت، ئەوەندە لە جۆراوجۆری واتا و ووردەکاری شاراوەی قسە گرنگی پێنادرێت و پێویستیان پێی نییە، وە (المعنى أعظم لمقصودين والقدرة عليه أقوى) ئەوەندەی توانا و هێز هەیە بۆ وەرگرتنی واتا و مەبەستەکانی قسەکار ئەوەندە توانای نووسین و دارشتن نییە لەناو خەڵکدا.

تانەدان لە وشە و دارشتنەکانی قورئان کاری ڕافیزە و شیعەکانە، هەروەك تانەدان لە واتا و مەبەستەکان کاری فیرەقە (باطنية)کانە کە دەڵێن دەقەکان واتا و مەبەستی شاراوەیان هەیە، وەکوو ئیسماعیلی و فاتیمییەکان (الطعن في نقل ألفاظه من فعل الرافضة وأما الطعن في حصول بمعانيه فإنه من فعل الباطنية الملاحدة)[(٢)].

وە بگرە ئاشنابوون بەسەر جۆراوجۆری دارشتنە وشەییەکاندا دەبێتە پێشەکی و بنەمایەك بەسەر ئاشنابوون بەسەر مەبەست و واتاکاندا، (بل العلم بمدلول الأدلة اللفظية أسبق فإنه يوجد في أول تمييز الإنسان)[(٣)]، وە بگرە سەرەتا و پێشینەی ئادەمیزاد و یەکەم کاری مندالّی فێربوونی وشە و دارشتنەکانە، وە تەنانەت هەموو مرۆڤەکانی جیهان لە یەکتری تێدەگەن بە ڕێگەی دارشتن، وە

(١) رواه مسلم (٥٢٣)، والترمذي (١٥٥٣)، وابن حبان في "صحيحه" (٢٣١٣)، وأحمد في "المسند" (٧٦٣٢)، والبزار في "المسند" (٦٥٦)، والطحاوي في "شرح مشكل الآثار" (٤٤٨٦)، والآجري في "الشريعة" (١٠٤٢).

(٢) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٢/ ٦٣٨).

(٣) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٢/ ٦٤٦).

تەنانەت گیانلەبەران بە ڕێگەی دەنگ و جوولّەوە لـە مەبەستەکانی یەکتری تێدەگەن چ جای مرۆڤەکان.

ئەم یاسا و بڕیارەیان (من أعظم أنواع السفسطة وأكثر أسباب الزندقة وإن هؤلاء شر من الأدربة وشر من الباطنية)[١] لـە گەورەترین جۆری قسە هەلّیت و پەلّیتەکانە و دژایەتیکردنی حەقیقەتەکانە، وە ئەمانە زۆرترین هۆکاری گومڕابوونن و خراپترینن لـە (باطنية) ناوەڕۆك خوێندنەوەکان بۆ شتەکان.

لـەبەرئەوەی (أنواع السفسطة ثلاثة: أحدها: اللاأدرية والثاني: النفي والجحود، والثالث: قلب الحقائق وهو جعل الموجود معدوماً والمعدوم موجود إما في نفس الأمر وإما بحسب الإعتقاد)[٢]. واتە ڕێ لێتێکچوون و سەفسەتە و نەزانین سێ جۆرە، یەکەمیان: نازانینە، دەلّێن هیچ شتێك نازانرێت، دووەم: دەلّێن هیچ شتێك ڕێگەی زانینی نییە، سێیەم: دەلّێن بوونەکان پێچەوانەن، بوونەکان نەبوونن، وە نەبوونەکان بونن، واتە خودی شتەکان هەر خۆی یاخود بیروباوەڕی کەسەکان بەو شێوەیە لـەسەری بنیاد نراوە.

بۆیە بڕیاردان لـەسەر ئەوەی مەبەستی دەقەکان هەر مەبەست نییە تیایاندا گەورەترین سەرلێشێواوی (سفسطة) و نەزانین و تێکچوونی عەقلّە.

وە ئەم یاسایەیان ئەگەر مەبەستیان پێی (نفي العموم أو عموم النفي)[٣] بێت، (نفي العموم) واتە نازانرێت بە گشتی؛ ئەوا ڕاستە کەس نەیوتووە هەموو خەلّك و کەسەکان واتا و مەبەستی دەقەکان دەزانێت، وە ئەگەر مەبەستی پێی (عموم النفي) بێت، واتە هیچ کەس واتای دەق و دارشتنەکان نازانێت؛ ئەوە بۆخۆی (مكابرة للعيان وبهتًا ومجاهرة بالكذب والباطل) خۆ زالّکردنە بەسەر هەبوو و بوونەکاندا وە درۆ و بەتالّییەکی ئاشکرایە کە چۆن هەموو کەس بێ ئاگایە و نازانێت؟!

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە ئەو هەموو هاوەلاّن و چینانەی دوای ئەوان بە کۆی گشتی لـە هەموو بوارەکانی دین تێگەیشتوون و پێویستیان بەو دە ڕێگایە نەبووە، بگرە زۆریشیان شارەزای ئەو وورددەکارییە زمانەوانی و بەلاغی و دارشتنە نەبـوون و بە شێواز و ڕاهاتنی (السياقة والـقريحة)

(١) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٢/ ٦٤٧).

(٢) (٣) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٢/ ٦٥٠).

عەرەبییەی خۆیان تێگەیشتوون و گەیاندوویانە.

وە ئەوەندەی خەڵك و زانایان و شارەزایانی ئەو دینە لە دین تێگەیشتوون و دڵنیا بوون و وەکوو خۆی وەریان گرتووە و هیچ کێشەیەکیان لەگەڵیدا نەبووە، دەیەها ئەوەندە و بگرە زیاتریش خەڵك و تەنانەت تایبەتمەندەکان لە بابەتە عەقڵییەکان تێنەگەیشتوون، لەبەر ناتەواوی و بەرنامەی سەقەتییان.

وە بزانە داڕشتنەکانی قورئان و سوننەت لەم سێ بەشە تێپەڕ نابێت: (ألفاظ القرآن والسنة ثلاثة أقسام: نصوص لا تحتمل إلا معنى واحداً وظواهر تحتمل غير معناها احتمالاً بعيداً مرجوحاً وألفاظ تحتاج إلى بيان من دون البيان عرضه الإحتمال)[1]. واتە بەشێکی دەقەکان یەك واتا زیاتر نادەن بەدەستەوە، وە بەشێکی تریان ڕووکەشی دەقەکەیان ئەگەری هەڵگری واتا و مانایەکی لەخۆگری دوورن، وە بەشی سێیەمیش دەقێکن پێویستیان بە ڕوونکردنەوەیەکە بەبێ ڕوونکاری ماونەتەوە بووەتە هۆکاری ئەگەری تووشبووی واتای تر.

بزانە دیاریکردنی مەبەستی خاوەن گوفتار دەزانرێت لە شێواز و ڕێڕەوی قسەکانیدا، ڕوونترین شێواز ڕێڕەوی قورئان و سوننەتە، زۆری داڕشتنەکانی قورئان دەقێکی ڕاست و ڕەوان و بێ پێچ و پەنان و لەخۆنەگری هیچ واتا و مەبەستێکی تر، ئەوەندەی قورئان و سوننەت دڵنیایی و تێگەیشتن دەبەخشێت، بابەتە فەلسەفی و عەقڵییەکان نایبەخشن و بگرە هۆکاری سەرەکین بۆ نەتوانینی وەرگرتن و تێگەیشتن وەکوو خۆی وە بوونە هۆکاری کەوتنە گومڕاییەوە.

هەموو ئەم یاساگەرییە مەبەست پێی لەکارخستنی پەیامی خوایە و گومان دروستکردنە لەسەر پێغەمبەرایەتی و بگرە نەناردنیان هۆکاری سەلامەتی خەڵك بووە نەك ناردنیان، وە بوونە هۆکاری ئازار و ئاژاوە و مشتومڕێکی یەکجار زۆر لەناو خەڵکیدا، لە ئەنجامدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی ڕزگاربوونی ئادەمیزاد لەگەڵ دەقە شەرعییەکاندا بە شێوازی (تأويل والتحريف والأعراض والتفويض والتخييل والكشف والمنام ...) بووە تاوەکوو تا ڕادەیەك ئاسوودەیی ببەخشنە مرۆڤەکان، بەڵام لای ئەمان هەموو ڕێگە عەقڵییەکان هۆکاری یەکلاکەرەوە و دڵنیایی و گەیشتنە ئامانجە نەك ڕێگەی وەحی خوایی.

(١) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٢/ ٦٧٠).

بە زمانی حاڵیان هاوار دەکەن ئێمە ئیمان و باوەڕێکی مەرجدارمان هەیە ئەویش ئەوەیە ئیمان بە مەرجێك دێنین بە دەقە شەرعییەکان کە پێچەوانەی عەقڵی تیادا بەدی نەکرێت، وە (تصوف)یش دەڵێت بە مەرجێك پێچەوانەی خەو و کەشف و کەراماتمان نەکات، ئەوانی تریش دەڵێن بە مەرجێك پێچەوانەی تاقیکردنەوە زانستییەکان نەکات، ئەوانی تریش دەڵێن پێچەوانەی قسەی ناودار و گەورەکانمان نەکات، ئەوانی تریش دەڵێن پێچەوانەی مەزهەب و گرووپ و عادەت و نەتەوە و (مصلحة)ی وڵات و ڕەگەز و ... نەکات.

ئەم جۆرە ئیمانانە ئیمانی مەرجداری ئەو بێباوەڕانەن کە مەبەستیان وەرنەگرتنی ئیمان بووە، وەکوو خوای گەورە لێیان دەگێڕێتەوە و دەفەمووێت: ﴿قَالُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَآ أُوتِىَ رُسُلُ ٱللَّهِ﴾ [الأنعام: ١٢٤]. ئیمان ناهێنین تاوەکوو چی دراوە بە پێغەمبەران لەو موعجیزە و وەحی و ... بدرێت بە ئێمەش، یاخود دەیانوت: ﴿لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً﴾ [البقرة: ٥٥]. ئیمان ناهێنین ئەی (موسی) علیه السلام هەتاوەکوو بە چاوەکانمان خوا نەبینین، یاخود دەیانوت: ﴿لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفْجُرَ لَنَا مِنَ ٱلْأَرْضِ يَنۢبُوعًا ﴿٩٠﴾ أَوْ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَعِنَبٍ فَتُفَجِّرَ ٱلْأَنْهَٰرَ خِلَٰلَهَا تَفْجِيرًا ﴿٩١﴾ أَوْ تُسْقِطَ ٱلسَّمَآءَ كَمَا زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفًا أَوْ تَأْتِىَ بِٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ قَبِيلًا ﴿٩٢﴾ أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِّن زُخْرُفٍ أَوْ تَرْقَىٰ فِى ٱلسَّمَآءِ وَلَن نُّؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَٰبًا نَّقْرَؤُهُۥ﴾ [الإسراء: ٩٠ - ٩٣]. واتە ئیمان ناهێنین تاوەکوو کانیاو و باخ و باخاتت نەبێت، یاخود پارچەیەك لە ئاسمان نەکەوێتە خوارەوە بەسەرماندا، یاخود خوا و فریشتەکانی نەبینین، یاخود لە ئاسمانەوە کتێبێکمان بۆ نەیەتە خوارەوە تا بیخوێنینەوە.

ئەم جۆرە ئیمانانە وەرناگیرێت و شیعاریان ﴿سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا﴾یە نەك ﴿سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا﴾.

لە ئەگەری بوونی پێچەوانەیەتی نێوان عەقڵ و دەقەکاندا
إحتمالية مخالفة العقل مع النقل

پێویستە ئەو باوەڕەمان هەبێت کە دەقەکانی قورئان و فەرمودە لەخۆگری سیفەتەکانی (الصحيح والصريح)ن لەڕووی ڕێگا و سەنەدەوە (الرواية)، وە لەڕووی (الدراية) و واتا و مەبەستەوە، ئەم جۆرە بەڵگە و دەقانە بابەتە عەقڵییەکان هیچ ڕێگرییەك و پێچەوانەیەتی و

دژایەتییەکیان ناکات و هەڵی ناگرێت، بەهێزترین ڕێگەی زانستیش ئەوەیە لەخۆگری ئەو دوو مەرجە بێت (الرواية والدراية) یەکەم بوونی زنجیرەی نەپچڕاوی زانستی قوتابخانە و زانایان لەسەری، دووەم شیکار و هەڵسەنگاندن و ووردەکاری لەسەر دەقە زانستییەکە.

خوای گەورە عەقڵی دروست کردووە و یەکێك لە کار و پیشەکانی تێگەیشتنی دین و شەرعەکەیەتی، وە عەقڵیش خۆی شایەتحاڵی سەر خۆیەتی کە دانی بە ڕاست و دروستی و بێگومانی وەحی و پێغەمبەرەکەیدا ناوە، وە پەیوەستبوونی ئەم شایەتییە بریتییە لەوەی دەبێت هەرچی هەوالّی دەقە شەرعییەکانە بە ڕاستی بزانێت و باوەڕی پێبکات.

خۆ ئەگەر عەقڵ دەستەوەستان و بێ توانا بوو لە زانین و دەرکپێکردنی هەندێك لە بابەتە شەرعییەکان؛ ئەوا گەورەیی و بەهای دین دەگەیەنێت نەك پێچەوانەکەی، وە عەقڵیش بۆخۆی ڕێگری لەوە ناکات کە ئەو دەستەوەستان و بێ تواناییە ڕووبدات، (فالرسل تخبر بمحارات العقول لا تخبر بمحالات العقول، فهذا سبيل الهدى والسنة والعلم)[1] پێغەمبەران هەوالّ دەدەن لەسەر شتانێك کە عەقڵ دەستەوەستانە لە ئاستیدا نەك جێگەبوونەوەی ئەستەم بێت لە عەقڵدا، عەقڵ کاری پێوانەکردن و هاوشێوەکارییە بەگوێرەی دەقە شەرعییەکان، نەك دژایەتیکاریان بێت، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ﴾ [الحديد: ٢٥]. بە پێغەمبەرانماندا بەرنامەی ڕوون و ئاشکرامان نارد‌ووە، لەگەڵیاندا کتێب و ڕێڕەوی خۆمانمان نارد‌ووە تاوەکوو بەو هۆیەوە عەقڵ شتەکانی تری پێ پێوانە بکات.

عەقڵ لە هەرسێ جۆرەکەی زانستدا (الضروري والنظري والغيبي) پێویستی بە ڕێنومایی و بەڵگەی زیاتر و یەکلاکەرەوە هەیە چ جای لە بابەتە غەیبییەکاندا، کەواتە عەقڵ توانای تەواوی یەکلاکردنەوەی بابەتە ئالۆزەکانی نییە لە زانستە (مادية) هەستییەکانی ژیاندا، چ جای دژایەتی یاخود پێشخەری دەقە غەیبییەکان بێت؛ بۆیە: الْعَقْلَ الصَّرِيحَ لَا يُخَالِفُ النَّقْلَ الصَّحِيحَ كَمَا أَنَّ الْمَنْقُولَ عَنْ الْأَنْبِيَاءِ عَلَيْهِمْ السَّلَامُ لَا يُخَالِفُ بَعْضُهُ بَعْضًا وَلَكِنْ كَثِيرٌ مِنْ النَّاسِ يَظُنُّ تَنَاقُضَ[2].
عەقڵێکی دروست دژایەتی دەقێکی شەرعی (صحيح) ناکات، هەروەك چۆن پەیامی پێغەمبەران

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٧/ ٤٤٤).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٧/ ٦٦٥).

پێچەوانە و دژایەتی یەکتری لە دەقەکاندا لەخۆ ناگرێت، ئەگەرچی زۆر لە خەڵکی وا گومان دەبات.

ئەم بابەتە: فَهُوَ أَصْلٌ اقْتَضَى لِلْعَاقِلِ أَمْرَيْنِ، أَحَدُهُمَا: أَنْ لَا يُجْعَلَ الْعَقْلُ حَاكِمًا بِإِطْلَاقٍ، وَالثَّانِي: أَنَّهُ إِذَا وَجَدَ فِي الشَّرْعِ أَخْبَارًا تَقْتَضِي ظَاهِرًا خَرْقَ الْعَادَةِ الْجَارِيَةِ الْمُعْتَادَةِ فَلَا يَنْبَغِي لَهُ أَنْ يُقَدِّمَ بَيْنَ يَدَيْهِ الْإِنْكَارَ بِإِطْلَاقٍ، بَلْ لَهُ سَعَةٌ فِي أَحَدِ أَمْرَيْنِ: إِمَّا أَنْ يُصَدِّقَ بِهِ عَلَى حَسَبِ مَا جَاءَ وَيَكِلُ عِلْمَهُ إِلَى عَالِمِهِ. وَهُوَ ظَاهِرُ قَوْلِهِ تَعَالَى: ﴿وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَا﴾ [آل عمران: ٧]. يَعْنِي الْوَاضِحَ الْمُحْكَمَ، وَالْمُتَشَابِهَ الْمُجْمَلَ، إِذْ لَا يَلْزَمُهُ الْعِلْمُ بِهِ، وَلَوْ لَزِمَ الْعِلْمُ بِهِ لَجُعِلَ لَهُ طَرِيقٌ إِلَى مَعْرِفَتِهِ، وَإِلَّا كَانَ تَكْلِيفًا بِمَا لَا يُطَاقُ. وَإِمَّا أَنْ يَتَأَوَّلَهُ عَلَى مَا يُمْكِنُ حَمْلُهُ[1].

ئەمە بنەمایەکە پێویستە هەموو عاقڵێك ڕەچاوی دوو کار بکات:

یەکەم: عەقڵ نەکاتە حاکم و یەکلاکەرەوە بە گشتی، ئەوەی حاکمە و یەکلاکارە و شاییستەی پێشخستنە بەس شەرعی خوایە، هەر ئەمەش ڕاست و دروستەکەیەتی، لەبەرئەوەی عەقڵ هەژار و ناتەواو و کەم زانستە و شەرعی خوا کاملّ و بی کەم و کوڕییە بۆیە شاییستە نییە ناتەواو پێش تەواو بکەوێت، ئەمە بۆخۆی لە عەقڵیشدا جێگەی نابێتەوە.

دووەم: ئەگەر بابەتێکی شەرعی هەبوو ڕووکەشەکەی پێچەوانەی عەقڵ بوو، ئەوا پێویستە دەستپێشخەری نکوولّی و دژایەتی نەکرێت، بەڵکوو بگێڕدرێتەوە بۆ زاناتر لە خۆی، یاخود بووەستێت لە ئاستیدا و باوەڕی پێبکات، وەکوو سەرچاوەیەکی خوایی وەری بگرێت نەك سەرچاوەیەکی مرۆڤەکان.

لە ئەگەری بوونی دژایەتی لە نێوان دەقە شەرعییەکان و عەقڵدا ئەوا لەم سێ حاڵەتە بەدەر نییە[2]:

یەکەم: أن يكون العقل ليس بصحيح، أو أن يكون صحيحا لكنه ليس بصريح.

بەڵگە عەقڵییەکان یان ڕاست نین یاخود ڕاستن بەڵام وەکوو ڕێگەی دروستی خۆیان بەکار

(١) "الإعتصام" للشاطبي (٢/ ٨٤٠).

(٢) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٣٦٢ - ٣٦٥).

نەهێنراون، لەبەرئەوەی: فعامة ما ليس به هؤلاء النفاة ألفاظ مجملة متشابهة إذا فسرت معانيها وفصل بين ما هو حق منها وبين ما هو باطل زالت الشبهة وتبين الحق. **زۆری هەڵەکان لە بەکارهێنانی عەقڵدا هۆکاری قسەی کورت و لەخۆگری زۆر واتا و چەن جۆر مەبەستە، خۆ ئەگەر یەکلابکرێتەوە و شیکار بکرێت حەق و بەتاڵ لە یەك جیادەکرێنەوە و گومانەکان دەڕەوێنەوە.**

یاخود بەڵگە عەقڵییەکان دروستن بەڵام مەبەستی ڕاستەوخۆیان ئەوانە نییە کە لە پێناویاندا کراونەتە بەڵگە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وقد تأملت ذلك في عامة ما تنازع الناس فيه، فوجدت ما خالف النصوص الصحيحة الصريحة شبهات فاسدة يعلم بالعقل بطلانها، بل يعلم بالعقل ثبوت نقيضها الموفق للشرع[1].

واتە: تێڕوانینم کردووە بۆ ئەو بابەتانەی شوێنی ڕای جیاوازن بەتایبەت ئەوانەی دژایەتی ئەو دەقانە دەکەن کە (صحيح وصريح) هەموویان گوماناوییەکی پڕ هەڵەن و بە عەقڵ دەرك بە بەتاڵەکانیان دەکرێت و بگرە بە عەقڵ پێچەوانەی ئەوانە گونجاوترە لەگەڵ دەقە شەرعییەکاندا.

دووەم: أن يكون العقل صحيحًا صريحًا، لكن يكون النقل مكذوبًا موضوعًا.

بەڵگە و ڕێگە عەقڵییەکە (صحيح وصريح) ڕاست و دروستن بۆ بەڵگەکاری و ڕاستەوخۆی بابەتەکە، بەڵام ئەو بەڵگانەی کردوویانەتە دژایەتیکاری لە دەقە شەرعییەکاندا درۆ و هەڵبەستراوە یاخود (ضعيف)ە، ئەمەش کەمتەرخەمی خاوەنەکەیەتی لە نەبوونی جیاکاری نێوان بەڵگەکانی (دليل صحيح ودليل فاسد)، بەڵگەی دروست و هەڵە، بەڵگە هەڵەکە هەر بەڵگە نییە، لەبەرئەوە پێویستە بەڵگە (صحيح)ەکە پێشبخرێت، ئیتر ئەگەر عەقڵی بێت یاخود نەقڵی، لەبەرئەوەی عەقڵییەکە دژایەتی نەقڵییەکەی پێ ناکرێت.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** كَاحْتِجَاجِهِمْ بِقِيَاسٍ فَاسِدٍ أَوْ نَقْلٍ كَاذِبٍ أَوْ خِطَابٍ أُلْقِيَ إلَيْهِمْ اعْتَقَدُوا أَنَّهُ مِنْ اللَّهِ وَكَانَ مِنْ إلْقَاءِ الشَّيْطَانِ. وَهَذِهِ الثَّلَاثَةُ هِيَ عُمْدَةُ مَنْ يُخَالِفُ السُّنَّةَ[2].

---

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ١٤٧).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٣/ ٦٨).

واتە: زۆری ئەوانەی دژایەتی سوننەتی پێدەکەن سێ ڕێگای هەڵەن بەکاریان دەهێنن، هەرسێکیان بەڵگە نین، (قیاس) و پێوانەیەکی عەقڵی هەڵە یاخود دەقێکی درۆی هەڵبەستراو بەناوی دینەوە یاخود (إلهامات) و قسە و باسێك کە لە ڕێگەی جن و (شیطان)ەکانەوە پێیان دەگات.

سێیەم: أن يكون النقل صحيحًا لكن غلط المستدل في الاستدلال به فيظهر التعارض نتيجة الفهم القاصر، فالتقصير في معرفة النقل تارة يكون في معرفة طرقه، وتمييز الصحيح من السقيم، وتارة يكون في معرفة دلالته وتحقيق معانيه.

حاڵەتی سێیەم بەڵگە شەرعییەکان (صحيح) و دروستن، بەڵام بە هەڵە بەکاریان دێنن و تێگەیشتنی کورت و کوێرانەیان هەیە، کەم و کورتی دروستدەبێت لە ناسینی بەڵگەی دەقەکاندا، هەندێك جار لە نەناسینی کۆی گشتی ڕێگەی دەقەکانە یاخود جیانەکردنەوەی پلەی ڕیوایەتەکانە لە یەکتری، هەندێك جاریش ئاشنا نەبوونە بەسەر دارشتن و واتای ووردەکاری بەڵگەکەدا.

(**ابن تيمية**) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت**: ومتى تعارض في ظن الظان الكتاب والميزان النص والقياس الشرعي أو العقلي فأحد الأمرين لازم أما فساد دلالة ما احتج به من النص أما بأن لا يكون ثابتا عن المعصوم أو لا يكون دالا على ما ظنه أو فساد دلالة ما احتج به من القياس سواء كان شرعيا أو عقليا بفساد بعض مقدماته أو كلها لما يقع في الأقيسة من الألفاظ المجملة المشتبهة[1].

قَالَ ابْنُ الْقَيِّمُ رَحِمَهُ اللَّهُ[2]:

فَإِذَا تَعَارَضَ نص لَفظ وَراد ... وَالْعَقْلُ حَتى لَيْس يَلتَقِيَانِ

فَالعَقلُ إِمَّا فَاسِدٌ وَيَظُنُّهُ الرَّائِي ... صَحِيْحًا وَهُوَ ذُو بطلَانِ

أَو أَنْ ذَاكَ النَّص لَيسَ بِثَابِتٍ ... مَا قَالَهُ المعْصُومُ بالبُرْهَانِ

واتە هەرکات وا گومان برا کە دەقەکانی شەرع لەگەڵ بەڵگەی عەقڵییەکاندا نەگونجا ئەوا

(١) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٣٧٣، و "إعلام الموقعين" لابن القيم (٢/ ٣).

(٢) "نونية ابن القيم" ص١٥٤.

یەکێك لەم دوو کارە بەدەر نییە: یا هەڵەکارییە لە کردنە بەڵگەی شەرعییەکاندا و نەپێکاوە، یاخود ئەو بەڵگەیە (صحیح) نییە، یاخود نابێتە بەڵگە بۆ ئەو باسەی ئەو، یاخود هەڵەکارییە لە بەڵگە عەقڵییەکاندا بە هۆکاری ناتەواوی هەندێك لە پێشەکییەکانی یا هەمووی، لەبەر بوونی وشەی کورت و کوێر و هاوشێوە لە پێوانەکاریدا.

(ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت**: أن الكلام في الدين نوعان: أمر وخبر، فما عارض الأمر كان من باب الهوى الذي يأمر به الشيطان والنفس، وما عارض الخبر كان من باب الظن والخرص الذي هو أكذب الحديث، وهؤلاء لا تجدهم إلا وقد جمعوا بين الأمرين فهم في الإرادات تابعون لأهوائهم وفي الاعتقادات تابعون لظنونهم، قال الله: ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهۡوَى ٱلۡأَنفُسُۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلۡهُدَىٰٓ ٢٣﴾ [النجم: ٢٣][1].

واتە: قسەکردن لە بابەتە دینییەکاندا دوو جۆرن: فەرمان و داواکارییە شەرعییەکان، یاخود هەواڵە غەیبییەکان (الأمر والخبر)، هەر قسە و باسێکی هەڵە بکرێت و دژایەتی فەرمانە شەرعییەکان بکات ئەوە هەوا و ئارەزووە و هۆکارەکەی نەفس و شەیتانە، وە هەر قسە و باسێکی هەڵە بکرێت و دژایەتی هەواڵە غەیبییەکان بکات ئەوە هۆکارەکەی درۆ و گومان و هەڵە عەقڵییەکانە کە دەبنە درۆترین قسە و باس.

هەموو ئەو کەسانەی کە گومڕان کۆکەرەوەی هەردوو لایەنە گومڕاکەن، ئەوان لە مەبەست و ویستەکانیاندا شوێنکەوتەی هەواو ئارەزووەکانیان لە جێبەجێکردنی (الأمر والنهي)دا.

وە لە عەقیدە و بیروباوەڕەکاندا شوێنکەوتەی گومانە عەقڵییە هەڵەکانیانن، بۆیە خوای پەروەردگار هەردوو نەخۆشییەکەی بەیەکەوە گرێداوە و دەفەرموێت: ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهۡوَى ٱلۡأَنفُسُۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلۡهُدَىٰٓ ٢٣﴾ [النجم: ٢٣] واتە شوێنکەوتەی گومان و هەوا و ئارەزووەکانیانن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی هیدایەت لەلایەن خواوە بۆیان نێردراوە.

بە کورتی و کۆکراوەیی لە ئەگەری دژایەتی و پێچەوانەیەتی لە نێوان عەقڵ و دەقە شەرعییەکاندا ئەوا لەم سێ حاڵەتە بەدەر نییە:

---

(١) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٤/ ١٢١٠).

إذا تعارض بن الدليل النقلي والدليل العقلي، فلا بد من أحد ثلاثة احتمالات[1]:

الأول: أن يكون أحد الدليلين قطعيًا والآخر ظنيًا، فيجب تقديم القطعي نقليًا كان أم عقليًا، وأما إن كانا ظنيين فالواجب تقديم الراجح، عقليًا كان أم نقليًا.

يەكەم: ئەو دژايەتييەی كە بڕيارى لەسەر دەدەن لە نێوان ئەو دوو جۆرە بەڵگەيەدا كە دروست بووە، خۆ ئەگەر بەڵگەيەكيان (قطعي) و يەكلاكەرەوە بێت و ئەوىترياں (ظني) و گوماناوى بێت؛ ئەوا پێويستە (قطعي)يەكە پێش بخرێت ئيتر ئەو كاتە بەڵگە عەقڵييەكە بێت ياخود نەقڵييەكە، لەم كاتەدا بڕيار نادرێت لەسەر ئەوەی كە عەقڵی (قطعي)يە و نەقڵی (ظني)يە، خۆ ئەگەر ئەو دوو بەڵگەيە (ظني) و گوماناوى بن ئەوا بەڵگە خاوەن واتا و مەبەستە بەهێزەكەيان پێشدەخرێت، ئەگەر عەقڵی بێت ياخود نەقڵی.

الثاني: أن يكون أحد الدليلين فاسدا، فالواجب تقديم الدليل الصحيح على الفاسد سواء أكان نقليًا أم عقليًا.

دووەم: ئەگەر لايەك لە بەڵگەكان بێ بنەما و ناتەواو بوو لە كردنە بەڵگەدا، ئەوا پێويستە بەڵگە (صحيح) و تەواو و بنەماداركە پێش بخرێت، جا ئەگەر عەقڵی بێت ياخود نەقڵی بێت، واتە لە هەموو ڕووەكانی بەڵگەكارييەوە هەڵەكاری لەخۆنەگرێت لە كردنە بەڵگەدا.

الثالث: أن يكون أحد الدليلين صريحًا والآخر ليس بذلك، فهنا يجب تقديم الدلالة الصريحة على الدلالة الخفية.

سێيەم: ئەگەر يەكێك لە بەڵگەكان دارشتنەكەی ڕوون و ئاشكرا بوو بابەتی ترى لەخۆ نەگرت، ئەوى تريان شاراوەيى و بابەتی ترى لەخۆ دەگرت، ئەوا پێويستە بەڵگە ئاشكرا و ڕوون و ڕەوانەكە پێش بخرێت بەسەر ئەويتردا، دەشێت لاى هەندێك تا ڕادەيەك شاراوەيى لەخۆ بگرێت، بەڵام لاى هەندێكى تر لە خەڵكى ئاشكرا و ڕوون بێت، لەم حاڵەتەدا ئەوە توانای پێچەوانەيەتی و دژايەتی دروست ناكات، بەڵام دەبێت دڵنيا بين كە دوو بەڵگەی (قطعي) و دڵنياكەرەوە لەڕووی (سند ومتن) بە هيچ شێوەيەك دژ بە يەكتر و پێچەوانەيەتی لەخۆ ناگرێت، لەبەر زۆر ڕوون و

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٣٦٦).

ئاشکرا و بەهێزی بەڵگەکان لە هەردوو ڕووەوە، جائیز ئەو دوو بەڵگەیە هەردووکیان شەرعی بن یاخود عەقڵی بن، یاخود عەقڵی و شەرعی بن.

دەبێت بوونی ڕەخنە لە (سند ومتن) هەبێت ئەوکات بەڵگەکە لاوازە و یەکلاکەرەوەیی نادات بەدەستەوە و دەبێتە شوێنی گومان.

دەبێت هەوڵی بێ لایەنی لە نێوان بەڵگەکاندا بگیرێتە بەر، هیچ لایەك پەراوێز نەکرێت لەژێر ناونیشانی (عقلي وظني)دا، بەڵکوو هێز و توانای بەڵگەکان دەبێت سەنگی مەحەك بێت بۆ یەکلاکردنەوە و بەدەستەوەدانی دڵنیایی و ئەنجامی ڕاست و دروست.

دەقە شەرعییەکان و پێگەیان
الأدلة الشرعية ومكانتها

پێگەی بەڵگە شەرعییەکان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

یەکەم: بەڵگە شەرعییەکان دەبێت توانای ئەوەیان هەبێت ببنە بەڵگەکاری خوایی بەسەر ئادەمیزادەوە، خۆ ئەگەر عەقڵ بتوانێت پێچەوانەیەتییان بکات ئەوا نابنە بەڵگە چ جای بەڵگەکاری، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ١٦٥﴾ [النِّسَاء : ١٦٥]. واتە پێغەمبەران نێردراون بۆ ئاگادارکردنەوە و موژدەدان لەسەر ڕێگای خێر و ناسینی شەڕ، تاوەکوو هیچ پاساو و بەڵگەیەك بۆ خەڵکی نەمێنێتەوە لەسەر بێئاگاییان لە پەیامی خوا لەپاش ناردنی پێغەمبەران ﷺ.

وە ئەگەر بەرپەرچدانەوەی بەڵگەکان بوونی هەبێت ئەوا خستنەپاڵی ناتەواوییە بۆ (خالق) کە توانای بەڵگەکاری تەواوی نەبووە، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿قُلۡ فَلِلَّهِ ٱلۡحُجَّةُ ٱلۡبَٰلِغَةُۖ﴾ [الأنعَام : ١٤٩]. واتە ئەی (محمد) ﷺ پێیان بڵێ کە توانای بەڵگەکاری بەسەر دروستکراوەکانەوە تەنها بۆ خوایە.

دووەم: خۆ ئەگەر عەقڵ توانای دژایەتی و ڕەتدانەوەی بەڵگە شەرعییەکانی هەبێت ئەوا پەیامی خوا توانای هیدایەت و ڕێنموونی تەواوی نابێت بۆ ئادەمیزاد، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢﴾ [البَقَرَة : ٢]. واتە ئەو کتێبەی خوا بێگومان

هۆکاری هیدایەت و خواناسانە، وە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ جِئۡنَٰهُم بِكِتَٰبٖ فَصَّلۡنَٰهُ عَلَىٰ عِلۡمٖ هُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ٥٢﴾ [الأعراف: ٥٢]. واتە کتێبێکمان بۆ ناردوون شیکەرەوە و ڕوونکەرەوەی زانستی لەخۆ گرتووە و هۆکاری هیدایەت و بەزەیی خواییە بۆ ئیمانداران.

سێیەم: کۆی ڕێنموونی و شیفا و هیدایەت و ئامۆژگاری و ڕەحمەت بەتەواوی کۆکراوەیە لە قورئاندا نەك لە عەقڵدا، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٥٧﴾ [الأنعام: ١٤٩]. واتە ئەی خەڵکینە لەلایەن خوای خۆتانەوە ئامۆژگاری و شیفای دڵەکان و هۆکاری هیدایەت و بەزەییمان بۆ ئیمانداران ڕەوانە کردووە.

چوارەم: خۆ ئەگەر عەقڵ توانای ڕکابەرێتی هەبێت ئەوە دەگەیەنێت کە پێغەمبەرەکەی بەتەواوی نەیگەیاندووە و کەمتەرخەمی تیادا کردووە، لەبەرئەوەی خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥ﴾ [المائدة: ٦٧]. واتە ئەی پێغەمبەر پەیامەکەی خوا بگەیەنە، خۆ ئەگەر نەیگەیەنیت ئەوا پەیامەکەی خوات نەگەیاندووە.

پێنجەم: پەیمان و وادەی خوایە کە پەیامەکەی لەخۆگری ڕاستگۆیی و دادپەروەرییە و حەق و دروستە، گەر نا ئەوا ئەم وادە و پەیمانانە نەهاتوونەتە دی و قورئان لەخۆگری نییە، لە کاتێکدا خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدۡقٗا وَعَدۡلٗاۚ﴾ [الأنعام: ١١٥]. واتە فەرموودەکانی خوا ڕاست و دروست دەیانپێکێت و بەرهەمەکەشی دادپەروەرییە، وە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ هُوَ ٱلۡحَقُّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ﴾ [فاطر: ٣١]. واتە ئەوەی بۆمان ناردوویتەتە خوارەوە لە قورئاندا هەر ئەوە حەقە و ڕاستخەرەوەی ئەوانەی پێش خۆیەتی، وە دەفەرموێت: ﴿هَٰذَا بَيَانٞ لِّلنَّاسِ وَهُدٗى وَمَوۡعِظَةٞ لِّلۡمُتَّقِينَ ١٣٨﴾ [آل عمران: ١٣٨]. واتە ئەم قورئانە ڕوونکەرەوەی تەواوە بۆ مرۆڤەکان و هۆکاری هیدایەت و ئامۆژگارییە بۆ خواناسان، وە دەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾ [المائدة: ٣]. واتە ئەمڕۆ دینی خوامان بۆ تەواو کردن و هەموو نیعمەتەکانمان هێنایەدی بۆتان، ڕازی بووین بەوەی ئیسلام دینتان بێت.

ئەگەر عەقڵ توانای ڕکابەرێتی و دژایەتی و پێچەوانەیەتی هەبێت لە ئاستی وەحی خواییدا ئەوا ئەم هەموو وادە و موژدە و وەسفانەی بۆ قورئان بڕیار دراوە نەهاتووەتە دی و ناتەواوە، بۆ خۆیشی قورئان هەڵگری ئەم واقیعانەیە، وە باوەڕ بەوەش ناکرێت کە عەقڵکاری توانای جێگرەوەی ئەو هەمووە سیفاتانەی هەبێت کە بە دڵنیاییەوە توانای ئەوەی نییە و ناشیبێت.

باوەڕبوون و پەیوەستبوون بەوەی کە عەقڵ دژایەتی و پێچەوانەیەتی شەرعی خوای پێ نییە و پێ ناکرێت سەلێنەری (عصمة الشارع) پارێزراوی شەرعە لەپاش ئەوەی سەلێنرا کە لە شەرعدا شتێك بوونی نییە کە پێچەوانەی عەقڵی دروست بکات، وە لە عەقڵیشدا بابەتێك نییە پێچەوانەی شەرع بکات، بەڵام لە ئەگەرێکدا ئەگەر هەرکەس شەرع پێشبخات بەسەر عەقڵدا؛ گەر پێچەوانەی عەقڵیشی بێت، ئەوا شەرعی بەبێ بەڵگەی عەقڵی دەستکەوتووە و هۆکاری سەلامەتییەتی بۆ دونیا و ئاخیرەتی، بەڵام گەر بە پێچەوانەوە عەقڵ وەربگرێت و بەرپەرچی بەڵگە شەرعییەکانی پێ بداتەوە ئەوا بەدەر لەوەی کە لە گومان دەرناچێت؛ کۆتاییەکەشی نە شەرع بەدەست دێنێت نە عەقڵ، وە هۆکاری گومڕاییشیەتی.

وە گومان نییە وەکوو باسمان کرد ئیمانی بە مەرج گیراو (الإيمان المشروط) وەرناگیرێت، ئەمانە هاوشێوەی دووڕووەکانن (منافقين)، نەك ئیمانداران.

وە ئەم ئیمانە بە مەرج گیراوەی کە دەبێت شەرع کاتێك وەربگیرێت کە پێچەوانەیەتی عەقڵی لەخۆ نەگرێت؛ ئەوا ئەنجامەکەی باوەڕنەبوون و دەرچوونە لە هەموو قورئان و سوننەت.

وە بە لایەنی هەرە کەمەوە دەبێت پەنا بباتە بەر دەرگاکردنەوەی (تأويل وتحريف وتفويض وتجهيل) هەموو ئەوانەی کە لەکارخەری دینن (تعطيل الدين) و هەڵتەکێنەرین، وە والاکردنی ڕێگای فیرەق و گومڕایی و هەوا و ئارەزووەکانی مرۆڤن.

بەڵام باوەڕبوون و پەیوەستبوون بەوەی کە هیچ دژایەتی و پێچەوانەیەتی لە نێوان قورئان و فەرموودە و عەقڵدا نییە و نابێت بە ڕاست و دروستی؛ هۆکارە بۆ پەرەپێدانی ئیمان و بەنرخ و بەهایە بۆ دین و سەلامەتی و پاراستنی خەڵکییە لە گومڕایی.

کەم و کورتی و پەراوێزکردنی عەقڵ لە بەکارهێناندا

التقصير والإهمال في إعمال العقل

سوننەتی خوایە لەناو ئادەمیزاددا کە توانای نێوەندگیری نییە لە نێوان زیادەڕەوی و کەمڕەویدا (الإفراط والتفريط)، بگرە هەموو جیاوازی و مشت و مڕەکانی ناو ئادەمیزاد لە دین و دونیادا هۆکارە کە زیادەڕەوی و کەمڕەوییە، هەموو فیرقەکانی ناو ئیسلامیش ئەوە هۆکاری دروستبوونیانە، وە ئەم بابەتەش بە هەمان شێوە زیادەڕەوی و کەمڕەویشی تیادا دەکرێت، وەکوو کۆی گشتی ئادەمیزادیش کەوتوونەتە لایەنی کەمڕەوییەکەوە کە (التفريط والتقصير)ە، وەکوو لە قورئان و فەرموودەدا ئاماژەی ژمارە زۆرەکان بۆ ئەم چینەیە و تۆمەتباریان دەکات، وەکوو دەفەرمووێت: ﴿قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلُ ۚ كَانَ أَكْثَرُهُم مُّشْرِكِينَ ﴿٤٢﴾﴾ [الزُّمَر: ٤٢]. واتە ئەی (محمد) ﷺ پێیان بڵێ بگەڕێن لەسەر زەویدا و ببینن پاشماوەی پێش خۆیان، زۆریان بێبڕوا و هاوبەش بۆ خوا بڕیاردەر بوون.

وە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾﴾ [يُوسُف: ١٠٦]. واتە زۆری ئەوانەی دەڵێن باوەڕمان بە خوا هەیە هاوبەش بڕیاردەر بوون.

وە دەفەرمووێت: ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ﴾ [يُونُس: ٦٠]، ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [النَّحل: ٧٥]، ﴿وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ [النَّحل: ٨٣]، ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْحَقَّ فَهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الأنبياء: ٢٤]، ﴿وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ﴾ [المؤمنون: ٧٠]، ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [الشُّعَرَاء: ٨]، ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ﴾ [العَنكبوت: ٦٣]، ﴿أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا كَٱلْأَنْعَٰمِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٤﴾﴾ [الفُرقَان: ٤٤]. واتە زۆرینە سوپاسگوزار نین و بێئاگا و بێبڕوان، پشتهەڵکەرن لە حەق و بێزراوە لایان، وا گومان دەبەیت کە زۆرینەیان دەبیستن یاخود خاوەن عەقڵن، بەڵکوو وەکوو گیانلەبەران وان، بەڵکوو گومڕاترن.

وە پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: «لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ»[١]. وە دەفەرموێت: «لَتَفْتَرِقَنَّ أُمَّتِي عَلَى ثَلَاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً، وَاحِدَةٌ فِي الْجَنَّةِ، وَثِنْتَانِ وَسَبْعُونَ فِي النَّارِ»[٢]. واتە بەردەوام کۆمەڵێك لە گەلەکەم لەسەر حەقن تاوەکوو قیامەت دێت، وە دەبنە حەفتا و سێ بەشەوە و یەك بەشیان ڕزگار بووە و لە بەهەشتدایە.

بەڵام چەند گروپ و فیرەق و کۆمەڵێك دروستبوون بەتایبەت بەرنامە و کاریان بە جۆرێك لە جۆرەکان بەکارنەهێنانی عەقڵە و لەکارخستنیەتی و بگرە بە بەرزترین ڕێگەی مەعریفی عەقڵ و گەیشتن بە حەقیقەتەکانی دەزانن، وەکوو سۆفسەتائییەکان و پێگە و پلەی (سکر) و بێهۆشی لای ئەهلی (تصوف)، هەروەك چۆن کەسانێك عەرەق و ماددەی بێهۆشکەر دەخۆنەوە تاوەکوو عەقڵیان نەمێنێت، وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَمِنْهُ السكر بالأطعمه والأشربة المسكرة ... ويغيب عقله فتغيب عَنهُ الهموم والأحزان تِلْكَ السَّاعَة[٣]. بۆیە دەیخۆن بۆئەوەی ماوەیەك غەم و پەژارەکانیان لێ ونبێت و بحەوێنەوە بە خەیاڵی خۆیان.

ئەو گرووپ و کۆمەڵانەی کە بەرنامەیان بەکارنەهێنان و لەکارخستنی مەعریفە عەقڵییەکانە ئەمانەن:

گرووپی یەکەم: نکوولێکارانی بوون و حەقیقەتەکان (السوفسطائيون): ئەگەرچی وشەی (سفسطة) لە (سوفرس)ەوە هاتووە واتە (الحكيم)[٤] دانا، پێیان دەوترێت (وجووديەکان).

هەرە ناوداڕەکانیان دوو کەسن بەناوی (بروتاغوراس، غورغیاس)[٥]، بەرنامە و ڕێڕەویان

---

(١) رواه البخاري (٧٣١١)، ومسلم (١٩٢٠)، والترمذي (٢٢٢٩)، وأحمد (١٦٩١٢)، والدارمي في "السنن" (٢٤٧٧)، والحاكم في "المستدرك" (٨٣٨٩)، وسعيد بن منصور في "سننه" (٢٣٧٢).

(٢) رواه أبو داود (٤٥٩٦)، والترمذي (٢٦٤٠)، وابن ماجه (٣٩٩٢)، وابن حبان في "صحيحه" (٦٢٤٧)، والحاكم في "المستدرك" (١٠)، وأبو يعلى في "مسنده" (٥٩١٠)، والطبراني في "الكبير" (١٢٩)، وابن أبي عاصم في "السنة" (٦٣)، والآجري في "الشريعة" (٢٢)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (١٤٩)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (١٤٩٢)، و "صحيح الجامع الصغير" (١٠٨٢).

(٣) "الإستقامة" لابن تيمية (٢/ ١٤٥).

(٤) "قصة الفلسفة اليونانية" لزكي نجيب محمود وأحمد أمين ص٩٤.

(٥) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص١٣.

(الشك المطلق) گومانە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بوون و شتەکان، لە دەرئەنجامدا نکوولّی و دژایەتی حەقیقەتی هەموو بوونێکە، ئەمانەش لە سێ گرووپ پێکدێن هەروەك لەمەوپێش (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ باسی کرد، بەلاّم بە شێوەی تازە پێکهاتوون لەمانە:

١. العنادية.

٢. العِندية.

٣. اللاأدرية.

العنادية: دەلّێن (حقائق الأشياء أوهام وخيالات باطلة)[١]: حەقیقەت و بوونی شتەکان هەموویان گومان و خەیالاّتێکی بێ بنەما و بەتالّن، بۆیە پێیان دەوترێت (العنادية) واتە نکوولّیکاران لە بوونی شتەکاندا ئەمانەش ڕوویان لە (غورغياس السوفسطائي)یە کە دەلّێت: لا يوجد شيء حتى إن وجد فلن تستطيع معرفته وحتى إن استطعنا معرفته فلن نستطيع تبليغه للآخرين[٢]. واتە هیچ شتێك بوونی نییە، خۆ ئەگەر بوونیشی هەبێت توانای ناسینیت نییە، خۆ ئەگەر توانای ناسینیشیت هەبێت توانای گەیاندنیت نییە بە کەسانی تر.

العِندية: واتە خۆییەتی، مەبەست پێی ئەوەیە هەموو حەقەکان ئەوانەن کە لای منن و شوێنی بیروباوەڕی منن (حقائق الأشياء تابعة للإعتقادات دون العكس)[٣]، واتە حەقیقەتی شتەکان پەیوەندی بە بیروباوەڕی کەسەکانەوە هەیە نەك بوونی حەقیقی خۆیان، ئەوەی دەیبینیت حەقیقەتی خۆتە، وە ئەوەشی من دەیبینم حەقیقەتی خۆمە، پێوەرێکی گشتی نییە بۆ بوونی حەقیقەت و شتەکان، ئەم بیروڕایە سەر بە (بروتاغوراس السوفسطائي)یە کە دەلّێت: الإنسان مقياس كل شيء[٤]. واتە ئادەمیزاد خۆی پێوەری هەموو شتەکانە، نەك خودی شتەکان خۆیان پێوەر بن.

اللاأدرية: واتە نەزانین و وەستان لە ئاستی هەموو حەقیقەت و بوونێکدا، ئەمانە پێشەنگیان ناوی (برون)ە و دوابەدوای ئەوانیش دروستبوون، باوەڕیان بە زانینەکانی ڕێگەی هەست و

(١) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٢٢٣.

(٢) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٢٢٣.

(٣) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٢٢٦.

(٤) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٢٢٣، و "تأريخ الفلسفة اليونانية" ليوسف كرم ص٥٩.

عەقڵەکان نییە، ئاشکرایە بیروڕاکانیش لەسەر بوونی شتەکان لە ڕێگەی هەست و عەقڵەوە دەدرێتە ئادەمیزاد، ئەو دوو ڕێگایەش پڕ لە هەڵەن، بۆیە بیروباوەڕەکانیش لەسەر بنەمای ئەو دوو ڕێگایە هەر هەڵە دەدەن بەدەستەوە، وەستان و نەزانین لە ئاستی بوونەکاندا کۆتا ڕێگەی مەعریفەیانە.

هەموو ئەم سێ ڕێگایانەش ئەوە دەسەلمێنن کە ڕێگەکان و زانینی مەعریفەکانی عەقڵ بریتییە لە (ضرورات ونظریات)، کە پێکهاتوون لە هەستەکان و عەقڵ و زانینە ناوەڕۆکییەکان، ئەمانەش پڕن لە هەڵە و نەپێکاندن، بۆیە دەڵێن دەبێت هەموویان پەراوێز بکرێن و ڕێگەی نەزانین تاکە چارەسەرە بۆ گەیشتن بە کۆتا زانین و دڵنیاییەکان.

(ملحد) و بێبڕواکانی ئەم سەردەمەش هەمان ڕێڕەویان گرتووەتە بەر لە باسە دینییەکاندا، بەڵام لە بابەتە دونیاییەکاندا هەموویان عەقڵ بەکاردەهێنن بۆ پێشکەوتنی بوارەکانی ژیانیان، بەڵام بۆ باوەڕبوون بە خوا و دوارۆژ و پێغەمبەران و زانینی بابەتی قەدەر ... و بنەما دینییەکان لە ئەخلاقیات و یاساکانی حەڵاڵ و حەرام و ... ڕێڕەویان ڕێڕەوی ئەم (السوفسطائیون)انەیە کە پێیان دەوترێت (وجوودییەکان)، بەڵام بەداخەوە لە جیهانی ئیسلامیدا گومڕاکاران بە چاولێکەری ئەورووپا ئەم ڕێڕەوانە دەگرنە بەر بەس لە بواری دژایەتیکردنی دیندا نەك تێڕوانینیان لە دونیا و خۆیاندا، وەکوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «لَتَتْبَعُنَّ سَنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، شِبْرًا شِبْرًا وَذِرَاعًا بِذِرَاعٍ، حَتَّى لَوْ دَخَلُوا جُحْرَ ضَبٍّ تَبِعْتُمُوهُمْ»، قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ، اليَهُودُ وَالنَّصَارَى؟ قَالَ: «فَمَنْ»[1].

واتە: شوێنکەوتەی ڕێڕەوی گەلانی پێش خۆتان دەبن بست بە بست و هەنگاو بە هەنگاو، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ گاوور و جوولەکە؟ فەرمووی: کێی تر هەیە لەوان زیاتر؟!

(١) رواه البخاري (٧٣٢٠)، ومسلم (٢٦٦٩)، وابن ماجه (٣٩٩٤)، وأحمد (٩٨١٩)، والطبراني في "الكبير" (٥٩٤٣)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٣٧٣٧٦)، وابن حبان في "صحيحه" (٦٧٠٣)، والروياني في "المسند" (٢/ ٢١٨)، والبزار في "المسند" (٨٤١١)، والبيهقي في "معرفة السنن والآثار" (٢٣١)، والمروزي في "السنة" (٤٤)، وابن أبي عاصم في "السنة" (٧٣)، والآجري في "الشريعة" (٣٢)، وابن بطة في "الإبانة" (٧١١)، والحاكم في "المستدرك" (١٠٦)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (٢٠٦)، والبغوي في "شرح السنة" (٤١٩٦)، وابن عساكر في "المعجم" (٦٧٥).

گرووپی دووەم: (الكشف الصوفي).

يەكێكی تر لە پەراوێزكارانی مەعريفە عەقڵييەكان لەژێر ناونيشانی (عەقڵ هۆكار نييە بۆ گەيشتن بە ڕێگە زانستييەكان)؛ كەشفی صۆفييە، دەڵێن: على اعتبار أن المنطق العقلي وحده لا يكفي في تحصيل المعرفة وإدراك حقائق الموجودات، إذ يتطور المرء بالرياضة النفسية حتى تنكشف عن بصيرته غشاوة الجهل وتبدو له الحقائق منطبقة في نفسه تتراءى فوق مرآة القلب[١].

واتە: هەموو ڕێگە عەقڵييەكان بەتەنيا توانايان نييە حەقيقەتە مەعريفييەكان دەرك پێبكەن، بەڵام بە ڕێگای ڕاهێنانی نەفسی؛ هۆكارە بۆئەوەی هەموو پەردە و تارماييەكی نەزانين لەسەر بينينەكان لابدرێت و حەقيقەتە واقيعەكان وەكوو خۆی ببينرێت لە سەروو ئاوێنەی پەردەی دڵەوە.

مەبەستيان بە ڕاهێنانی نەفسی ئەو ڕێگەی عيبادەت و گۆشەگيرييەيە كە دەگيرێتە بەر تاوەكوو بير و مێشك و نەفس دوور بن لە سەرقاڵبوون و تێكەڵبوونی خەڵكی و تاوانكاری، تا لە ئەنجامدا نەفس و بير و ئيرادەكانيان پاك ببنەوە، وە لەو ڕێگەيەوە ئيلهاماتی خواييان بۆ دابەزێت و بە شێوەی فريشتەكان پاك و بێگەرد بن، تا وەكوو ئەوان بگەنە هەموو زانين و مەعريفە غەيبييەكان و دەرك بە هەموو زانستە شاراوەكان بكەن وەكوو هاوشێوەی پێغەمبەر (خضر) عليه السلام.

ناوداريان (جُنيد البغدادي) دەڵێت: أحبّ للمريد المبتدي أن لا يشغل قلبه بهذه الثلاث وإلا تغيّر، حاله التكسب وطلب الحديث والتزوّج، وأحبّ للصوفيّ أن لا يقرأ ولا يكتب لأنه أجمع لهمّه[٢].

واتە: پێم خۆشە بۆ كەسی سەرەتا و خاوەن ويستی ئەم ڕێگايە دڵی سەرقاڵ نەكات بە سێ شتەوە: كاركردن بۆ بژێوی ژيان، كۆكردنەوە و نووسينەوەی فەرموودەكانی پێغەمبەر ﷺ، وە ژن و ماڵ و منداڵ بوون، وە پێم خۆشە صۆفی سەرقاڵ نەبێت بە عيلم و زانست و نووسين و

---

(١) "الموسوعة الميسرة في الأديان والمذاهب والأحزاب المعاصرة" لمجموعة من المؤلفين بإشراف د. مانع بن حماد الجهني (١/ ٢٦٥).

(٢) "قوت القلوب في معاملة المحبوب ووصف طريق المريد إلى مقام التوحيد" لأبي طالب المكي (١/ ٤٤٣)، و "إحياء علوم الدين" للغزالي (٤/ ٢٣٩).

خوێندنەوەوە، لەبەرئەوەی نەبوونی ئەمانە هۆکارە بۆ کۆکردنەوەی ویست و ئیرادە بۆ کارە عیبادەتییەکان و پێداگری لەسەریان.

وە (أبو الحسن الشاذلي)یان دەڵێت: علوم النظر أوهام إذا قرنت بعلوم الإلهام[1].

واتە: زانستە تێڕوانینە عەقڵییەکان هەموویان گومانن، گەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ زانستە ئیلهامیەکانی صۆفیدا.

بۆ بەدەستهێنانی ئەم زانستی کەشف و ئیلهامە پەنایان بردە بەر خەڵوەتگا و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگا و تەنانەت زۆریان بەشداری نوێژی (جمعة وجماعات) و حەج و جیهادیان نەدەکرد و ئامادەی کۆڕی زانستی شەرعی ... نەدەبوون، تا لە ئەنجامدا بە هۆکاری زۆر بێئاگاییان لە شەرعی خوا و زانستە دینییەکان نقوم بوون لە گومڕایی پڕ لە (شرك وبدعة) و هاوبەش بڕیاردان لە عەقیدەیاندا، وە عیبادەتەکانیان پڕ بوون لە بیدعە و گومڕایی و خۆشیان بە خاوەنی عیرفانیات و ئەهلی حەقیقەت دەزانی و بە هەڵگرانی زانستە شەرعییەکانیان دەوت خاوەن زانستە ڕووکەشەکان، بەڵام خۆیانیان بە خاوەنی زانستە ناوەڕۆکییەکان دەزانی، وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ پێناسەیان دەکات بە (أهل السمع والإرادة)، وە زانایانی ئەهلی عەقڵ و کەلامیش ناو دەبات بە (أهل البصر والكلام) و دەڵێت: وَمِمَّا يعْتَبر بِهِ أَن النساك وَأهل الْعِبَادَة والإرادة توسعوا فِي السّمع وَالْبَصَر وَتوسع الْعلمَاء وَأهل الْكَلَام وَالنَّظَر فِي الْكَلَام وَالنَّظَر بِالْقَلْبِ حَتَّى صَار لهَؤُلَاء الْكَلَام الْمُحدث ولهؤلاء السماع الْمُحدث هَؤُلَاءِ فِي الْحُرُوف وَهَؤُلَاء فِي الصَّوْت وتجد أهل السماع كثيري الْإِنْكَار على أهل الْكَلَام ... ونجد أهل الْعلم وَالْكَلَام مبالغين فِي ذمّ أهل السماع ... وَذَلِكَ أَن هَؤُلَاءِ فيهم انحراف يشبه انحراف الْيَهُود أهل الْعلم وَالْكَلَام وَهَؤُلَاء فيهم انحراف يشبه انحراف النَّصَارَى أهل الْعِبَادَة والإرادة، وَقد قَالَ الله فِي الطَّائِفَتَيْنِ: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ لَيْسَتِ ٱلنَّصَـٰرَىٰ عَلَىٰ شَىْءٍ وَقَالَتِ ٱلنَّصَـٰرَىٰ لَيْسَتِ ٱلْيَهُودُ عَلَىٰ شَىْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ ٱلْكِتَـٰبَ كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ ۚ فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١١٣﴾﴾

(١) "اليواقيت والجواهر في بيان عقائد الأكابر" لعبد الوهاب الشعراني (١/ ٢٨)، و "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٢٤٨، و "أصول مسائل العقيدة عند السلف وعند المبتدعة" لسعود بن عبد العزيز الخلف (١/ ٢٨).

[البَقَرَة : ١١٣]. وَهَذَا تَجِد تنافرا بَين الْفُقَهَاء والصوفية وَبَين الْعلمَاء والفقراء من هَذَا الْوَجْه[١].

ئەوانەی ئەهلی عیبادەت و زوهدن لە سۆفییەکان زیادەڕەوییان کردووە لە بیستنەکاندا (واتە ئەوانەی بە بیستن دەبیسترێت وەکوو زیکر بە دەنگی بەرز و دەنگە نادیارەکان)، وە ئەهلی عەقڵ و فەلسەفەش زیادەڕەوییان کردووە لە بینینەکاندا (وەکوو خوێندنەوە و تێڕوانین و شیکاری)، صۆفییەکان ئەهل و خاوەنی بابەتەکانی بیستنن کە پەیوەندی بە بیستنەوە هەیە و پێیان دەوترێت (أصوات) دەنگەکان، وە ئەهلی عەقڵ و کەلام بابەتەکانیان پەیوەندی بە بینینەوە هەیە و پێیان دەوترێت (حروف) پیتەکان، لە نێوانیاندا دژایەتی یەکتریان زۆرە و نووسینیان زۆرە لەسەر یەکتر، بەڵام هەردوو لایان لادان و گومڕاییان هەیە بە هاوشێوەی لادان و گومڕاییەکانی جوولەکە و گاوورەکان، ئەهلی عەقڵ و کەلام هاوشێوەی جوولەکەکان لادەرن، وە ئەهلی عیبادەت و نیەتەکانیش هاوشێوەی گاوورەکان، وە خوای پەروەردگاریش لە بارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ لَيْسَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ عَلَىٰ شَيْءٍ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ لَيْسَتِ ٱلْيَهُودُ عَلَىٰ شَيْءٍ ...﴾ [البَقَرَة : ١١٣]. جوولەکەکان دەڵێن گاوورەکان لەسەر ڕێبازی ڕاست و دروست نین، وە گاوورەکانیش دەڵێن جوولەکەکان لەسەر هیچ شتێکی ڕاست و دروستی خوایی نین و هەردوولاشیان بەرنامەی خواییان لەبەردەستە، بە هاوشێوەی ئەمانەش کەسانی نەزان هەڵگری ڕێگایانن، بەڵام خوای پەروەردگاریان لە ڕۆژی دواییدا یەکلاکەرەوەی ئەو جیاوازییەی نێوانیانە.

ئەهلی کەشفی صۆفی نەك پشتکردنە زانست بە ڕێگەی کاملّی دەزانن، بەڵکوو حاڵەتی بێهۆشبوون (السکر) و ڕۆچوون (فناء) بە کۆتا ڕێگای گەیشتن بە عیرفانیات و حەقیقەتەکان دەزانن، هەمووی ئەنجامەکەی بە بێهۆشی و نەمانی عەقڵ و (تمیز) کۆتایی دێت.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێت:** وَهَذَا لم يكن فِي الصَّحَابَة من حَاله السكر لَا عِنْد سَمَاع الْقُرْآن وَلَا عِنْد غَيره وَلَا تكلم الاولون بالسكر وانما تكلم بِهِ طَائِفَة من متأخري الصُّوفِيَّة صَار يحصل لَهُم نوع سكر بِمَا فِي قُلُوبهم من الذَّوْق والوجد مَعَ سُقُوط التَّمْيِيز وَالْعقل ... فَهَذِهِ الامور يجب ان يعرف انها لَيست كمالا مُطلقًا كالفناء[٢].

---

(١) "الإستقامة" لابن تيمية (١/ ٢٢٠، ٢٢١).

(٢) "الإستقامة" لابن تيمية (٢/ ١٦٣).

وە دەڵێت: يظنون أن هذا المقام مقام الفناء هو غاية السالكين وهو منتهى الواصلين[١].

وە دەڵێت: وَالَّذِينَ يَسْلُكُونَ فِي مَحَبَّةِ اللهِ مَسْلَكًا نَاقِصًا يَحْصُلُ لِأَحَدِهِمْ نَوْعٌ مِنْ ذَلِكَ يُسَمَّى "الِاصْطِلَامُ" وَ "الْفَنَاءُ" يَغِيبُ بِمَحْبُوبِهِ عَنْ مَحَبَّتِهِ ... وَمِنْهُمْ مِنْ قَدْ يَنْتَقِلُ مِنْ هَذَا إلَى "الِاتِّحَادِ". فَيَقُولُ: أَنَا هُوَ وَهُوَ أَنَا وَأَنَا اللهُ وَيَظُنُّ كَثِيرٌ مِنْ السَّالِكِينَ أَنَّ هَذَا هُوَ غَايَةُ السَّالِكِينَ وَأَنَّ هَذَا هُوَ "التَّوْحِيدُ" الَّذِي هُوَ نِهَايَةُ كُلِّ سَالِكٍ[٢].

واتە: بێهۆشبوون و بێئاگایی هیچ کات حاڵەت و بەسەرهاتی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ نەبووە، نە لە کاتی بیستنی قورئاندا نە کاتی تر، وە هیچ باس و خواسێکیان نییە لەسەری، بەڵکوو کۆمەڵێك لە صۆفییەکانی ئەم دواییە ئەو حاڵەتەیان بەسەردا هاتووە و بە هۆکاری زۆر تامەزرۆیی و دەربڕینی خۆشەویستی خوایی ناوی دەبەن، بەڵام بووەتە هۆکاری بێ هەست و نەستی و نەمانی عەقڵ، هەر بۆیە شێت و ناتەواوەکان بە ئەولیای خوا و خاوەن کەراماتەکان ناودەبەن، بۆیە ئەم حاڵەتانە وەکوو (فناء) نقووم بوون لە خۆشەویستی خوادا، پلە و کاملّی ئیمانی نییە.

ئەگەرچی ئەم پلە و مەقامە بە کۆتا پلە و گەیشتن بە پێگە و پایەی ڕێڕەوانی گەیشتوو بە پەروەردگاری دەزانن، کەچی ئەم حاڵەتانە زۆر جار نقووم بوون تیایاندا هۆکاری لەبیرچوونی شەرع و فەرمانەکانی خوایە، وە هۆکاری کەوتنەناو بیروڕای (اتحاد وحلول) تێکەڵبوونە لەگەڵ خوا و دەگەنە ئەوەی دەڵێن من ئەوم و ئەویش منە ... کە بە کۆتایی یەقین و کاملّبوونی ئیمانی و مەعریفەی خوایی دەزانن، وە بە ئەوپەڕی تەواوی (تەوحید)ی ڕێڕەوان و موریدانی ڕێگەی خوایی دەزانن.

گرووپی سێیەم: دوورخستنەوەی عەقڵ لە تێگەیشتنی بەڵگە شەرعییەکان (ابعاد العقل عن فهم نصوص الشرعية).

لەژێر ئەم ناونیشانەدا چەندەها مەزهەب و گرووپ و بەناو ڕووگەی زانستی هەن کە هەموویان لە دەرئەنجامدا کاریان لەکارخستنی عەقڵە و وەستاندنیەتی، وە دەرگا داخستنیەتی لە بەکارهێنانی و ڕاوەستانیەتی لە بەرەوپێشچوونیدا، بە هەرجۆرێك بێت لە جۆرەکانی وەستان و

(١) "الرد على الشاذلي" لابن تيمية ص١٩٢.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٠/ ٥٩٤).

لەکارخستن و بەکارنەهێنان، لەو جۆرانەش:

١. مەزهەبی (السُّمنية)کان لە کۆندا مەزهەبێکی فەلسەفی هیندی بووە، باوەڕیان بە تێڕوانین و بەکارهێنانی عەقڵ نەبووە، بەڵگەکارییان تەنها بە ڕێگەی هەستەکان بووە.

ئەم کۆمەڵە ئەوانە بوون کە گفتوگۆ و وتووێژیان لەسەر بوونی خوا کرد لەگەڵ (جهم بن صفوان) و وتیان: ئەو خوایەی تۆ دەیپەرستیت ئایا بینیوتە؟ بیستووتە؟ یاخود بۆنت کردووە؟ یاخود تامت کردووە؟ یاخود دەستت لێ داوە؟ (جهم) وتی: نەخێر، ئەوانیش وتیان: کەواتە تۆ نەبوو (معدوم) دەپەرستیت. بەم هۆکارەوە (جهم) کەوتە گومانەوە و چل ڕۆژ وازی لە خواپەرستی هێنا[١].

٢. بەکارنەهێنانی عەقڵ لە بواری زانستی و هۆکارەکانی پێشکەوتندا، وەکوو بالأدەستی کەنیسەی مەسیحییەکانی ئەوروپا بە سەرۆکایەتی قەشەکان بەسەر هەموو جومگەکانی ژیاندا و بەرهەڵستکاری و دژایەتیکردنی زانایانی (كيمياء وفيزياء وعلوم الطبيعة ...) کە ناویان بردوون بەناوی ئیلحاد و دژایەتیکردنی دینەوە: وأكثر ما يبرز طغيان الكنيسة وتسلطها في الجانب العلمي، هو ردُّها للنظريات العلمية والحكم على أصحابها بالكفر والإلحاد ومن ثم احراقهم أو قتلهم وأنشأت لذلك محاكم التفتيش[٢]. واتە یاخیبوونی کەنیسە و دەسەلاتی بەسەر لایەنی زانست و زانایانیدا، کە کاریان ڕەتدانەوەی تێڕوانینە زانستییەکان بووە و حوکمدان بووە بەسەر خاوەنەکانیاندا بە بێبڕوایی و ئیلحاد بلاوکردنەوە، هەستاون بە دروستکردنی دادگای بەدواداچوون و لەو ڕێگەیەوە حوکمیان دەدا بەسەر زانایاندا بە کوشتن و سوتاندن.

لەو کەسە ناودارانەی بەر ئەم شالاوە کەوتن (کوبرنیکوس وجالیلو) بوو کە لەسەر بیروڕای ئەوە بوو زەوی بەدەوری ڕۆژدا دەسوڕێتەوە نەك بە پێچەوانەوە، کۆژرا، وە (جوردانوبرونو) بە

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٢/ ٤١٠)، و "الفرق بين الفرق" للبغدادي ص٢٥٣، و "خلق أفعال العباد" للبخاري ص٣٠، و "الإبانة" لابن بطة (٢٧٨)، و "شرح أصول اعتقاد" للالكائي (٦٣٠)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ٥٤)، و "شرح العقيدة الطحاوية" لابن أبي العز الحنفي ص٥٢٣، و "موسوعة مواقف السلف في العقيدة والمنهج والتربية" لأبو سهل المغراوي (٤/ ٣٨٣).

(٢) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٢٥٣، و "الصراع بين الكنيسة والعلم" لأحمد الغامدي ص٣٤٨.

زیندویی سووتێنرا، وە (دولت) لە بەندیخانەکەیدا هەڵواسرا و پاشان لاشەکەی سووتێنرا[١].

هەموو ئەمانە نەیاندەویست عەقڵ بەکاربهێنرێت تاوەکوو هەڵە و گومڕایی قەشە و کەنیسە و دینی گۆڕدراو (منحرف) بۆ خەڵك ئاشکرا بێت.

گرنگیدان بە زانست و پەرەپێدانی خاڵی سەلێنەری دینی ئیسلامی بەرنامە پاکە و جیاکەرەوەیەتی لە مەسیحیەت و یەهوودیەت، بەردەوام پێشوازی لە هەموو زانست و تێڕوانینێك دەکات، (اجتهاد وقیاس وإجماع)ی زانایان بەردەوام تێڕوانینی زانستییە لە ئیسلامدا، هەر لە توێژینەوە لەسەر (إعجاز البلاغية)کانی قورئان و فەرموودە و (إعجاز العلمي والطبي) و پەروەردەیی و دەوڵەتداری و ڕێکخستنی ژیان هەر لە (خلفاء الراشدين) وە تا ئەمڕۆ لەژێر ناونیشانی (مصالح المرسلة والإستحسان) و (قواعد الأصولي والفقهي والمقاصد الشريعة) بەردەوام لە تازەگەری و توێژینەوەی زانستیدان، بۆیە هەموو هۆکارەکانی هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانی بە هۆکاری فیکرە و بیروبۆچوونی دوو فیرەقی گومڕاوە بوون، ئەوانیش (تصوف والمرجئة) بوون، کاری هەردووکیان لەکارخستنی (عمل) و کارکردن و پێشبڕکێی ئیمانی بووە، وە ئاوەدانکردنەوەی دونیا بووە بە نیەت و کرداری قیامەتی، ئەویان گۆشەگیری و چوونە خەڵوەتگا و بەجێهێشتنی کۆمەڵگا، (مرجئة)ش دەرکردنی کار و کردەوە (عمل) و هەوڵدان و (منافسة) لە ئیماندا و ئیمان کردنە (نظرية) تێڕوانینێکی عەقڵی بێ ڕۆح بەدەر لە هەموو کارەکانی (الإسلام والإيمان والإحسان) لەگەڵ خوا و خەڵکیدا، تا بووە هۆکاری دواکەوتن و هەرەسهێنانی بەناو (خلافة)ی ئیسلامی.

٣. جۆرێکی تر لە بەکارنەهێنانی عەقڵ و لەکارخستنی و بەدوادانەچوونی دەقە شەرعییەکان لەژێر ناونیشانی (القطعي والظني)، وەستان و سنووردارکردنی عەقڵ لە خەڵکی بە چەند سەردێڕ و وشەیەك کە ئەنجامەکەی سڕبوونی عەقڵە لە تێگەیشتن و تێڕوانین، لەژێر ناونیشانی (ظنية الثبوت والدلالة) گومان لە بوون و بەڵگەداری واتا و مەبەست تیاياندا، خۆی بۆخۆی ئەم سەردێڕە توانای لەخۆگری (ضوابط العلمية) سنووردار و پێناسەی زانستی نییە و لەخۆی ناگرێت، ئاخۆ چەند باس و بابەت بگرێتەوە؟! یاخود کام ڕێگایانە و بە چی پێوەرێك گومانە! ئاخۆ تا کەی و

(١) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٢٩٤، و "فلسفة العلم في القرن العشرين" ليمنى الخولي ص٧٣، و "محاكم التفتيش في اسبانيا وبرتغال" لعلي مظهر ص١٠٠.

چەند رِێژەی گومان لەخۆ دەگرێت! وە ئایا کام پلەیەی گومانن؟ وە ئەمە بە عەقڵی کێ یاسارِێژی بۆ کراوە و دەبێت تا کەی (بدیل) و شوێنگرەوەی ئەو گومانانە دەستنەکەوێت و بوونی نەبێت؟!

ئاشکرایە هەر بنەما و یاسایەك بەبێ (ضوابط العلمية أو الشرعية) دارِێژرا ئەوە ناونیشان و سیمای بیدعەکارانە، گەر نا هیچ شتێك لە بنەما و سنووردارى و چوارچێوەی زانستی و شەرعی دەرناچێت، وە بگرە هەر بوونی نابێت، وە تەنانەت (الفخر الرازي والإيجي) دە مەرجیان داناوە بۆ یەکلاکردنەوەی واتا و مەبەستەکانی دەق، کە زۆریان بوونی ئەو مەرجانەیان تێدا نییە، لەبەرئەوەی هەریەك لەو مەرجانە کەسانی تایبەتمەند لەخۆی دەگرێت، تەنانەت (إمام الحرمين)یان کە ناوی (الجويني)یە کتێبێکی نووسیوە لە (فقه)ی شافیعیدا بەناوی "نهاية المطالب" یەك فەرموودەی تیادا نییە کردبێتییە بەڵگە لە هەموو ئەو بابەتە فیقهییانەدا، بگرە یەك فەرموودەی لەسەر (بسم الله الرحمن الرحيم) هێناوە و وتوویەتی لە (البخاري)دایە و بەس لە بوخاریشدا نییە[(١)]. تا ئەو رِادەیە بێئاگان لە زانستە ئیسلامییەکان.

وە تەنانەت دەقەکانی قورئان و فەرموودە ناو دەبەن بە (أنها خطابية لا برهانية) دەقە وتارییەکان نەك بەڵگەییەکان، وەکوو (التفتازاني) لە تەفسیری ئایەتی ﴿لَوۡ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَا﴾ [الأنبياء: ٢٢]. دەڵێت: حجة إقناعية، والملازمة عادية، على ما هو اللائق بالخطابيات[(٢)]. واتە ئەم ئایەتە بەڵگەکارییەکی قەناعەتپێکەری سادەیە، کە خۆی ئەم شێوازە شاییستە بە جۆری قسە و وتاردانە، مەبەستی پێی دابەزینی ئاستی قورئانە لە بەڵگەکاری و رِێگەی زانستی بۆ وتارێکی زارەکی.

هەروەك نەیانبینیبێت خوای پەروەردگار سەرزەنشتیان دەکات و پێیان دەڵێت: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ أَمۡ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقۡفَالُهَآ ٢٤﴾ [محمد: ٢٤]. ئەوە بۆ تێڕوانین و بیرکردنەوەتان نییە لەسەر قورئان، یاخود دڵەکانتان داخراوە بە چەندەها قوفڵ.

٤. مەزهەب و بیرورِای (التفويض) واتە گەرِاندنەوەی واتا و مەبەستەکان بۆ خاوەنەکەی کە خوایە، وە مرۆڤەکان هیچ زانیارییەکیان لەسەری نییە.

---

(١) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي.

(٢) "شرح العقائد النسفية" لسعد الدين التفتازاني ص١٠٧.

ئەم مەزهەبە کاریان بەس لەسەر بابەتە غەیبییەکانە، وا بڕیار دەدەن عەقڵ نابێت بەکاربهێنرێت بۆ دەرککردن بە واتا و مەبەستەکانی، لەبەرئەوەی نە واتا و نە چۆنیەتی و نە چەندێتی نازانرێت تیایاندا و عەقڵ توانای بەسەردا ناشکێت.

گومڕایی ئەمانە لەوەدایە واتا و مەبەست و مانا جیا ناکەنەوە لە چۆنیەتی و ووردەکاری تیایاندا، دەبێت بزانرێت کە مەرج نییە مەبەست و واتاکەی بزانرێت و لەگەڵ ئەوەشدا ووردەکارییەکانی و چۆنیەتییەکانیشی هەر بزانرێت، تەنانەت زۆربەی بابەتە دونیاییەکان لە (الصناعة والطب والهندسة والزراعة والجغرافية والتأريخ ...) بەس ناسین لەسەر ناو و هەندێك چۆنیەتی و بوون دەکرێت، نەك ناسینی هەموو ووردەکارییەکی سەربەخۆی لەڕووی چەندیەتی و چۆنیەتی و کات و شوێن و ژمارە و ... ئەنجام بدرێت.

بەڵام ئەمان وا بڕیاریانە بۆ بابەتە عەقیدەییە غەیبییەکان کە واتاکانیشیان نازانین نەك چۆنیەتییەکانیشیان، وە دەبێت عەقڵ ڕابگرین لە واتا و مەبەستەکانیشیاندا.

هەروەك ئەوەی (قورئان و فەرمودە وشەی بێ ڕۆح و بێ ناوەڕۆك بن)، پێکهاتەی پیت و وشەی جیاجیان و ئەشێت بوون و نەبوونیان وەك یەك بن، لەبەرئەوەی نابێتە هیدایەت و ئامۆژگاری و زانست و نوور و شیکار و ڕەحمەت بۆ خەڵکی، بەڵکوو نەهاتن و نەبوونی خێرێ زۆرتر تیادا بوو تاوەکوو هاتن و بوونی، وا بڕیاریانە نە پێغەمبەر ﷺ و نە هاوەڵانی و نە زانایانی دوای ئەوان هیچێك لە واتا و مەبەستی ئەو دەقانە حاڵی نەبوون و تێنەگەیشتوون و هەر بە شێوەی زارەکی گەیاندوویانە.

ئەمەش ڕێگایەکی تری خەفە و خەواندن و لەکارخستنی عەقڵە بە ناوێکی ترەوە، وە شێت و عاقڵ لەم بوارانەدا یەکسانن.

* هەر بە هاوشانی ئەم (مفوضة)انە مەزهەبێکی فیقهی شەرعی هەیە بەناوی (الظاهرية) کە (داود بن علي الظاهري وابن حزم الأندلسي) سەرکردایەتی دەکەن، ئەوانیش بڕیاریان وایە لە بەرامبەر (تفويض) لە عەقیدەدا (ظاهري) و ڕووکەش خوێندنەوە لە بواڕە فیقهییەکاندا بخوێنرێتەوە و نەچنە ناوەڕۆك خوێندنەوەی بواری (العلل والمقاصد والأسباب والحكم والغاية ...)دا، لە هۆکاری حەڵاڵ و حەرامی و واجب و سوننەت ... ی کار و عیبادەتەکاندا، ئەمانیش بوونە هۆکاری مامەڵەکردنی حەرفی و خوێندنەوەی ڕووکەشی دەقە شەرعییەکان، بووە هۆکاری

لەکارخستن و نەشیاوی شەریعەتی ئیسلام بۆ هەموو کات و شوێن و خەڵکی، ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو ئەم مەزهەبە لە ماوەیەکی کەمدا کۆتایی پێبێت و ببێتە مێژووی هەڵەی بەکارنەهێنانی عەقڵ و زانستە شەرعییەکان، ئاخۆ دەبێت (علوم الشرعي، أصول الفقه، علوم الحديث، علوم القرآن ...) کاریان چی بووبێت؟!

مەزهەبی (ظاهري) دوژمنی سەرسەختی بابەتی (قیاس)ن و دژایەتی دەکەن، لەبەرئەوەی لە (قیاس)دا (علل والأسباب) و ووردەکارییەکانی مەبەستە شەرعییەکان دەخوێنرێتەوە.

٥. خوێندنەوەی دەقەکان و تەفسیرکردن بۆیان بە ڕێگە ناوەڕۆك و ئاماژەکاری بۆیان (الإتجاه الباطني والإشاري في التفسير).

ئاشکرایە تەفسیری قورئان دەبێت ڕێڕەوی خۆی بۆ بگیرێت، ئەویش بریتییە لە ڕێگای تەفسیری ئایەتەکان بە خۆیان یاخود بە فەرموودەکان یاخود بە ڕێگەی تەفسیری هاوەڵ و زانایانی ئەم ئومەتە یاخود بە ڕێگە زمانەوانی و بەڵاغە و سەلیقەی زمانی عەرەبی، ئەم ڕێگایانە هەموویان پەراوێز بخرێن و بە هیچ شێوەیەك عەقڵ گەڕان و دەوری نەمێنێت تیایاندا، بەڵکوو پەنا ببرێتە بەر کۆمەڵێك خوێندنەوەی بەناو ناوەڕۆك و شاراوەیی و ئاماژەیی خۆی، بە هەوا و ئارەزووی کۆمەڵێك لە گومڕایان خوێندنەوە و تەفسیری تایبەتی بۆ بکرێت و بێجگە لەوانە هیچ تەفسیرێکی تر هەڵنەگرێت، ئەوانەی هەڵگری ئەم ڕێگایەن:

أ. (الإتجاه الباطني) ڕێڕەوی خوێندنەوەی ناوەڕۆك و شاراوەیی لە تەفسیری دەقەکاندا.

ئەم ڕووگەیە تایبەتە بە ڕافیزە و شیعە و هاوشێوەکانیان و پێیان دەوترێت (الباطنية)، ئەوەی ئەم ناوە کۆیان دەکاتەوە ئەمانەن: (القرامطة، الإسماعيلية، النصيرية، البابية، البهائية والدزرية)[١].

زۆریان لەژێر ناونیشانی خۆشەویستی بۆ (آل البيت) خۆیان شاردووەتەوە و بێبڕوایی و گومڕاییانی پێ داپۆشیوە، کاریان تەفسیری دەقەکانی قورئانە بە شێوەی واتا و مەبەستی شاراوەیی لەژێر دەقەکاندا، هەموو ئەو تەفسیرانە مەبەست پێی خزمەتکردنی بیروڕا و گومڕاییەکانی خۆیانە، وەکوو "تفسير القمي" و "تفسير الطبرسي" کە ناودارترین تەفسیرەکانی شیعەن، تەفسیرەکانیان لە ڕووی زمان و دارشتنی ئایەتەکان و پێش و پاش و مەبەستەوە هەڵی ناگرێت، وە خەڵکیان پێ

(١) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٢٨٨.

هەڵخەڵەتاندووە و عەقڵیان پێی لەدەستداون، وەکوو گیانلەبەران شوێنکەوتەیانن و خاوەنی هیچ بیر و هۆشێك نین، لە هەموویان گومڕاتر ئەوانەن کە عەرەبن و زمانی شەو و ڕۆژی خۆیانە، تەنانەت لە جۆر و قسە و مەبەستەکانی خۆیاندا جێگەی نابێتەوە.

چەند نموونەیەك لەو تەفسیرانە:

دەڵێن: ﴿تَذْبَحُواْ بَقَرَةً﴾ [البَقَرَة : ٦٧]. واتە (عائشة) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، وە ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ﴾ [المَسَد : ١]. واتە (أبو بكر) رضي الله عنه، وە ﴿سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ﴾ [المَسَد : ٣]. واتە (عمر) رضي الله عنه، وە ﴿لِأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ﴾ [طٰهٰ : ٥٤، ١٢٨]. واتە (شيعة وآل البيت)، وە ﴿وَٱلشَّجَرَةَ ٱلْمَلْعُونَةَ﴾ [الإِسْرَاء : ٦٠]. واتە (بنەماڵەی ئەمەوییەکان)، وە ﴿ٱلْبُقْعَةِ ٱلْمُبَٰرَكَةِ مِنَ ٱلشَّجَرَةِ﴾ [القَصَص : ٣٠]. واتە (ئیمامەکانی شیعە)[١].

ب- (الإتجاه الإشاري الصوفي) ڕووگە ئاماژەییەکانی سۆفییەکان لە تەفسیری دەقەکان.

سۆفییەکانیش بە هەمان بەرنامەی شیعەکان چۆن ئەوان ئیمامەکانیان (علم الباطن)یان هەبوو بۆ تەفسیر و شەرحە دینییەکان، وە پلەی (معصوم)یان دەدەنێ و دەبێت شوێنکەوتەیان بیت، ئاواش سۆفییەکان شێخەکانیان (علم الباطن)یان هەیە و تەفسیر و شەرحی تایبەتییان هەیە بۆ دەقەکان، هەموویان بە ئاماژەی دوور و شاراوەیی کە شێخە ناوادارەکانیان دەرکیان پێدەکەن و ئەوە دەبێتە تەفسیر و شەرحی تەواو و بنەمادار، باقییەکەی تری (ظاهر) و ڕووکەش خوێندنەوەیەکی (سطحي) و سادە تێگەیشتنە.

نموونەی ئەم جۆرە تەفسیرانە تەفسیری "حقائق التفسير" للسُّلمي، وە تەفسیری "حقائق القرآن" لأبو محمد الشيرازي[٢]یە، کە هەموو تەفسیرەکانیان بۆ سەلماندنی ئەولیا و ناودار و کەشف و کەراماتەکانیان و (طريقة)ی سۆفیگەرییەکەیان خستووەتە گەڕ.

وەك (السُّلمی) لە تەفسیری ﴿وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِيَ وَأَنْهَٰرًا﴾ [الرَّعْد : ٣].دا دەڵێت: جعل فيها أوتاد من أوليائه[٣]. واتە لەسەر زەویدا چەندەها ئەولیای بالآدەست کردووە.

---

(١) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٢٩١ - ٢٩٤.

(٢) (٣) "إعمال العقل بين الغلو والإهمال" لمحمد بن سفر النفيعي ص٢٩٥ - ٢٩٧.

مەبەست لـەم جۆرە تەفسیرە ئەوەیە لـەسەر زەویدا (أقطاب وأوتاد وأولیاء)ەکانی خۆی جێنشین کردووە بۆ بەڕێوەبردن و ڕاگرتنی زەوی.

وەك (الشیرازي) لە ئایەتی ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلًا ﴾ [النحل : ٨١]. واتە خوای گەورە لـەسەر زەویدا سێبەری بۆ کردوون بە دروستکراوەکانی، دەڵێت واتە ئاماژەی بە ئەولیاکانیەتی کە سێبەر و لانەی موریدەکانیانە بۆ پاراستنیان لـە خراپەکارانی (شیاطین الإنس والجن).

ئەمانە هەموویان ڕێگای لـەکارخستنی عەقڵە کە (حجة) و بەڵگەی خواییە بەسەر ئادەمیزادەکانەوە.

٦. شوێنکەوتەی کوێرانە بۆ ناوداران و دەسەڵاتداران و مەزهەب و حیزب و گرووپە گومڕاکان (التقلید).

شوێنکەتنی کوێرانە گەورەترین لـەدەستدانی عەقڵ و بەکارنەهێنانیەتی، هەریەکەی لـەژێر ناونیشان و هۆکارێکدا (مقدس)یان کردوون و عەقڵیان لـەکارخستوون و مردوون و لـە بەرگی زیندووەدان، وەکوو شاعیر دەڵێت:

مَنْ یَهُنْ یَسْهُلِ الهَوَانُ عَلَیْهِ مَا لِجُرْحٍ بِمَیِّتٍ إِیلَامُ[1]

واتە ئەوەی بێڕێزی قبوڵ بکات ڕادێت لـەسەری، وەکوو مردوویەك دەبێت هەست بە بریندارى ناکات، ئەمانەش هەست بەو مردوویەتییە ناکەن.

ئەم (تقلید) و شوێنکەوتنە کوێرانەیەش چەند جۆرێکە:

أ. شوێنکەوتەی باو و باپیران و کەسانی پێش خۆیان: ئەمە هۆکاری زۆربەی گومڕاییەکانی گەلانی دونیان بەتایبەت سەردەمی پێغەمبەران ﷺ، وەکوو خوای پەروەردگار بە خراپ و زەم باسیان دەکات دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۚ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٧٠﴾﴾ [البقرة : ١٧٠]. واتە

(١) "شرح دیوان المتنبي" للواحدي (١/ ١٣٤).

ئەگەر پێیان بوترایە شوێنکەتە و هەڵگری بەرنامەی خوا بن، دەیانگوت بەڵکوو شوێنکەوتەی بەرنامەی ڕاهاتووی باو و باپیرانمانین، ئەوە نازانن و تێناڕوانن باو و باپیرانیان خاوەنی هیچ جۆرە عەقڵێك نەبوون و نەیانتوانیوە هیدایەت و ڕێگای ڕاست بدۆزنەوە!

وە دەیانوت: ﴿إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ﴾ و ﴿مُّقْتَدُونَ﴾ [الزخرف: ٢٢، ٢٣]. واتە ئێمە شوێنکەوتەی ڕێگەی باو و باپیرانمان ئەبین و هەر ئەوان شاییستەی شوێنکەوتەیی و هیدایەتن.

ب. شوێنکەوتەی بەناو زانا و خوانەناسە ناودارەکانیش بەشێکی ترن لە ڕێگاکانی بەکارنەهێنانی عەقڵ و هۆکاری گومڕایی.

ئەم جۆرەیان پێشەنگیان جوولەکە و گاوورەکانن لەم بوارەدا، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ [التوبة: ٣١]. هەریەك لە قەشە و عابیدەکانیان دەکردە خوا بۆخۆیان لە گوێڕایەڵیکردندا، وەکوو پێغەمبەری خوا شی دەکاتەوە و دەفەرموێت: «أَمَا إِنَّهُمْ لَمْ يَكُونُوا يَعْبُدُونَهُمْ، وَلَكِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا أَحَلُّوا لَهُمْ شَيْئًا اسْتَحَلُّوهُ، وَإِذَا حَرَّمُوا عَلَيْهِمْ شَيْئًا حَرَّمُوهُ»[(١)]. واتە خۆ نەیاندەپەرستن، بەڵکوو ئەگەر شتێکیان بۆ حەڵاڵ کردنایە حەڵاڵیان دەکرد، وە حەرامیان کردایە حەرامیان دەکرد، واتە عەقڵیان لدەستداون و گوێڕایەڵی کوێرانەیان دەکەن.

هەروەکوو شوێنکەوتەی مەزهەبەکانی ناو ئیسلام دەمارگیرییەکی کوێرانەیان لەسەر دروستدەکرد و تا زۆرجار دەبووە هۆکاری ئاژاوە و شەڕ لە نێوان شافیعی مەزهەب و حەنەفی مەزهەبدا، وەکوو لە "البداية والنهاية"ی (ابن كثير)دا رَحِمَهُ اللَّهُ پڕە لەم باس و ڕووداوانە، تا کار گەیشتووەتە ئەوەی بە پشت سەری یەکەوە نوێژیان نەدەکرد و تەنانەت لە حەرەمی مەککەدا چوار قیبلەی جیاواز هەبوو بۆ هەر چوار مەزهەبەکەی ئەهلی سوننەت: حتى بلغ الحال إِلى أَن الحنفي المتعصب لا يصلي خلف الشافعي، ولا يزوجه، وأَنه بمنزلة الذمي[(٢)]. حەنەفی

(١) رواه الترمذي (٣٠٩٥)، والبيهقي في "الشعب" (٨٩٤٨)، وفي "السنن الكبرى" (٢٠٣٥٠)، وحسنه الألباني في "الصحيحة" (٣٢٩٣).

(٢) "المدخل المفصل إلى فقه الإمام أحمد وتخريجات الأصحاب" لبكر أبو زيد (١/ ٥٥).

مەزهەب بەپشت شافعی مەزهەبەوە نوێژی نەدەکرد وە ژنیان لێ مارە نەدەکرد، خۆ ئەگەر بیانکردایە هاوشێوەی (أهل الكتاب) لە گاوور و جوولەکەکان هەژماریان دەکرد.

ج- شوێنکەوتەی دەسەلاتداران: خەڵکانی بێ عەقڵ بەردەوام شوێنکەوتەی دەسەلاتداران و زاڵێزانن و بیر لە هیچ شتێك ناکەنەوە و عەقڵ بەکارناهێنن، ئەمانە لە هەموو سەردەمێکدا بوونەتە هۆکاری دروستکردنی دیکتاتۆرەکان (طواغيت) و بەو هۆکارەوە لەسەر جومجومەی ئەم خەڵکە ڕەشۆکیانە دەسەلاتیان دروستدەکرد و هۆکاری مانەوەیان بوو، وەکوو خوای گەورە سەبارەت بە فیرعەون دەفەرموێت: ﴿فَٱسۡتَخَفَّ قَوۡمَهُۥ فَأَطَاعُوهُۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ ٥٤﴾ [الزخرف: ٥٤]. گەلەکەی دەترساند و ئەوانیش گوێڕایەڵییان دەکرد، بەڵام گەلێکی تاوانبار و ستەمکار بوون.

هەموو پێوانەکان لای ئەم خەڵکانە پێوانەی هێز و دەسەلاتە، نەك حەق و بەتاڵ و چاك و خراپ و ستەمکار و بێ تاوان، عەقڵێکیان نەبوو بۆ هەڵسەنگاندن، بەتایبەت لەم سەردەمەشدا، ئەمانە زۆریان پێکهاتەی نەخوێندەوار و لادێیەکان و دوور لە شارستانیەت و چاوکراوەیین، بۆیە هەرچییەکیان پێ بکرێت دەیکەن و تەنانەت پاساوی قیامەتیشیان ئەوەیە کە دەڵێن: ﴿وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ٦٧﴾ [الأحزاب: ٦٧]. خوایە ئێمە گوێڕایەڵی گەورەکانمان کرد ئەوانیش گومڕایان کردین.

بنـەمـای شەشەم

باوەڕبوون بە دەقە (متشابه)ەکان و کارکردن بە جۆری (محکم)

(الإيمان بالمتشابه والعمل بالمحكم)

یەکێکی تر لە بنەما و یاساکان بۆ پەیوەستبوونی دین وەکوو خۆی و وەرگرتنی لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەت بابەتەکانی عەقیدە؛ ئەم بنەما و یاسایەیە لای زانایان کە دەڵێن: وجوب الإيمان بالكتاب كله، محكمه ومتشابهه، والمتشابه نوعان: ما لا يعلمه إلا الله تعالى، وما يعلمه الراسخون في العلم بعد رده إلى المحكم، وكلاهما مفهوم من جهة اللفظ والمعنى[1]. واجبه

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٤٧١)، بڕوانە "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٢٧٣)، (١٧/ ٣٧٢، ٣٨٠)، و "الموافقات" للشاطبي (٣/ ٩١).

باوەڕمان هەبێت بە هەموو قورئان، ئەوانەی واتا و مەبەستیان ڕوون و یەکلاکراوەیە (المحکم)، وە ئەوانەشی کە لێکچوون لە ڕووی واتا و مەبەستەکانیانەوە (المتشابه)، وە جۆری لێکچووەکانیش دوو جۆرن: جۆرێکیان واتا و مەبەستیان بەس خوا دەیزانێت، وە جۆری دووەمیان بەس زانایان و ڕۆچوو لە عیلمدا واتاکانیان دەزانن ئەویش لەپاش گەڕانەوەیان بۆ دەقە یەکلاکراوەکان، بەڵام هەردوولایان (محکم ومتشابه) مەبەستەکانیان و واتاکانیان ڕوون و ئاشکرایە و لە ڕووی تێڕوانین و واتا و مەبەستەکانیانەوە شتێك نییە تیایاندا نەزانرێت.

بەڵام بیدعەکاران و گومڕایان پەنا دەبەنە بەر ئەم بابەتە و بە بیرورا و بەرنامە هەڵەکانیان بەرگی دەقە (متشابه)ەکانیان پێ دەپۆشن و بەناو دەیکەنە بەڵگەی دین و بەرنامەی حەق لە ئیسلامدا، بەتایبەت کارکردنیان لەسەر پەراوێزکردنی دەقە (محکم)ەکانی قورئان کە ڕێژە و پێکهاتەی زۆری دەقەکانە، وە بەکارهێنانی دەقە کەمەکانی (متشابه) بە هۆکاری لەخۆگرتنی واتای دوور و گشتی ئەو بابەتەی کە مەبەستیانە، وە هەوڵدان بۆ خۆدزینەوەی ئاشکرا لە مەبەستە ڕەسەن و دیارەکانی ئەو دەقانە، هەمان فێڵ و شێوەی دووڕووەکان: ﴿لَيَّۢا بِأَلۡسِنَتِهِمۡ وَطَعۡنٗا فِي ٱلدِّينِۚ﴾ [النِّسَآء : ٤٦]. قسەکانیان لەژێر لێو و دەربڕینی نیوەناچلّی و دەیکەنە تانە و تەشەر بۆ لێدانی دین، بە هەمان شێوەی ئەوان ئەمانیش لە خەمی خۆیانن، نەك پاراستنی ڕێگەی ڕاست و ڕەسەنیەتی دین.

چەند نموونەیەك لە جۆرەکانی ئەم گومڕاییە: وەکوو (الجهمية)کان باوەڕیان بە سیفاتەکانی خوا نەکرد، بە هۆکاری پەنابردنیان بۆ هەندێك لەو دەقانەی کە ئەو بابەتەیان لەخۆدەگرت لە جۆرەکانی (المتشابه)، وەکوو: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ﴾ [الشُّورَىٰ : ١١].

وە قەدەرییەکانیش ئەو دەقە (محکم) و ئاشکرایانەیان پەراوێز دەکرد کە باس لە توانا و دەسەلاّتی خوا دەکات بەسەر هەموو کردار و کارێکدا، بە هۆکاری ئەو بەڵگانەی کە (المتشابه)ن و لەخۆگری واتای گشتین، وەکوو: ﴿وَلَا يَظۡلِمُ رَبُّكَ أَحَدٗا﴾ [الكَهۡف : ٤٩]. خوا ستەم لە کەس ناکات، بۆیە دەیانوت نابێت خوا دەسەلاّتی بەسەر کاری بەندەکانیدا هەبێت و پێیان بکات، گەر نا ستەمە.

وە (الجبرية)کانیش دەقە (محکم)ەکانیان واز لێدەهێنا کە باس لە توانا و دەسەلاّت و بژاردەی ئادەمیزاد دەکات لە کارەکانیدا، بۆ ئەو بەڵگانەی کە (متشابه) لەخۆدەگرێت، وەکوو:

﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾ [الإنسان : ٣٠]. هيچ ويست و دەسەلاتێك نييە بێجگە لە ويست و دەسەلاتی خوا نەبێت، بۆيە دەيانوت هيچ بژاردە و ئازادييەك بۆ مرۆڤەكان نييە.

وە (معتزلة)كانيش ئەو هەموو دەقانەی كە باس لە (شفاعة) دەكات ڕەتيان كردەوە بەو بەڵگانەی كە (متشابه) بوو لايان، وەكوو: ﴿فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ ﴿٤٨﴾﴾ [المدثر : ٤٨]. ئەوانەی چوونە ناو ئاگر (شفاعة) سوودی نييە بۆيان، لەبەرئەوە دەيانوت تكاكاری بۆ هيچ كەسێك نييە گەر بچێتە ناو ئاگر ئەگەر ئيمانداريش بێت.

وە (الرافضة)كانيش ئەو دەقانەی كە بەتايبەت باسی لە وەسف و ڕازيبوونی خواييان دەكرد بۆ هاوەڵان پەراوێزيان دەخست، لە بەرامبەردا بەڵگە گشتييەكانيان دەخستە ڕوو كە تايبەت نييە بە هاوەڵانەوە، وەكوو: «لَا تَرْجِعُوا بَعْدِي كُفَّارًا يَضْرِبُ بَعْضُكُمْ رِقَابَ بَعْضٍ»[1]. لەدوای من هەڵنەگەڕێنەوە لە دين و شەڕ بكەن و لە گەردنی يەكتری بدەن.

(الخوارج)ەكانيش ئەو هەموو دەقانەيان ڕەتدەكردەوە كە باس لە (ولاء) و خۆشەويستی بۆ ئيمانداران دەكرد ئەگەر خاوەن هەڵە و تاوانيش بن، بەو دەقانەی كە گشتگير بوون لە هەڕەشە و سزا لەسەر كاری هەڵە و تاوان بۆ ئەنجامدەرەكەی، واتە كاريان بە دەقە هەڕەشە ئاميزەكانيان دەكرد (وعيد) بۆ موسوڵمان بەبێ ئەو دەقانەی كە (وعد) و موژدە و لێخۆشبوونی تيادايە بۆ ئيمانداران.

هۆكاری بوونی ئەم فيرقانە لێدانی هەندێك لە دەقەكانە بە هەندێك و پەراوێزكردنی لايەكە لە دەقەكان، كە ئەمانەش بەر هەڕەشەی ئەم ئايەتە دەكەون: ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ﴾ [البقرة : ٨٥]. واتە ئەوە باوەڕتان بە هەندێك لە ئايەتەكانی خوا هەيە و باوەڕتان بە هەندێكی تری نييە؟! هەريەكەيان لە ڕيزبەندی لايەكدا خۆی دەبينێتەوە، يا زيادەڕەوی ياخود كەمڕەوی (الإفراط والتفريط).

---

(١) رواه البخاري (١٢١)، ومسلم (٦٥)، وأبو داود (٤٦٨٦)، والترمذي (٢١٩٣)، والنسائي في "الكبرى" (٣٥٧٧)، وابن ماجه (٣٩٤٢)، وابن حبان في "صحيحه" (١٨٧)، وأحمد في "المسند" (٢٠٣٦)، والبزار في "المسند" (١٩٥٩)، وأبو يعلى في "مسنده" (١٤٥٢)، والطبراني في "الكبير" (٢٢٧٧)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٣٧١٧٤)، والطيالسي في "مسنده" (٦٩٩).

ئەوەی مابێتەوە ئەهلی سوننەتە کە نێوەندگیر و کارپێکەری هەموو بەڵگەکانن و کۆکەرەوەیانە، لەبەرئەوەی بەرنامەیان لە بابەتەکانی دیندا بەتایبەت عەقیدەییەکان کارکردنە بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو دەق و ڕیوایەتانەی کە ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێت، لەگەڵ تێڕوانینێکی وورد لەسەر ووردەکاری داڕشتنەکانی، شان بەشانی پلە و ئاستی فەرموودەکان لە (تصحیح وتضعیف)کردنیاندا، وە پشتبەستن بە تێگەیشتنی هاوەڵان و زانایانی متمانەداری ڕێگەی (السلف) و شوێنکەوتووانیان لە تێگەیشتن و مەبەستی دەقەکان.

وە دەرئەنجامیش لە ئەگەری بوونی دژایەتی و پێچەوانەیەتی لە ڕووکەشی بەڵگەکان لای زانای تێڕوانین (مجتهد)، نەك لە واقع و خودی دەقەکان و مەبەستەکانیدا؛ ئەوا پێویستە هەموو بەڵگەکان کۆبکرێتەوە و ئەم ڕێگایانە بگیرێتە بەر، ئەوانەی مەبەست و واتاکانیان جۆرێك لە جۆرەکانی نادیاری و شاراوەیی تیادا بەدی دەکرێت بخرێنەوە سەر ئەو واتا و مەبەستانەی لە بەڵگەکانی تردا ئاشکرا و دیارە، ئەویش بە گرتنەبەری ڕێگەی (تقیید المطلق بالمقید) بەستنەوەی واتا و مەبەستە گشتییەکان بە واتا و مەبەستە دیاریکراوەکان، یاخود (تخصیص العام بالخاص) بەستنەوەی گشتییەکان بە تایبەتمەندەکانەوە.

خۆ ئەگەر بە ڕوون و ئاشکرا نەگونجاندن و پێچەوانەیەتی لە نێوان واتا و مەبەستەکانی هەردوولای دەقە شەرعییەکاندا دەرکەوت، ئەوا دەبێت پەنا ببرێتە بەر (ناسخ ومنسوخ) دەقێکیان سڕەرەوەی دەقەکانی تر بێت، بەڵام ئەبێت ئەوە ئاگادار بین (نسخ) و سڕینەوە بەس لە بوارەکانی حەڵاڵ و حەرامدا کار دەکات، لە بوارەکانی عەقیدەدا کاری پێ ناکرێت، وەکوو لەمەوپێش باسمان کرد لەژێر ناونیشانی (لا اجتهاد ولا نسخ في الأخبار وأصول الدین).

خۆ ئەگەر لە ووردەکارییەکانی عەقیدەدا بوو وەکوو سیفاتەکانی خوا، ئەوا ئەو نەزانین و چۆنیەتییانە دەگێڕینەوە بۆلای پەروەردگار، وەکوو (الإستواء علی العرش، النزول إلی السماء الدنیا، الضحك والإعجاب ...)، دەڵێین: (الإستواء معلوم والکیف مجهول) واتای سیفەتەکان ئاشکرایە و چۆنیەتییەکەی نادیارە و دەبێت بەو شێوەیەش بێت کە شاییستە بە خوایە، ئەمانە ڕێگەی دروستی پڕ زانستی ئەهلی سوننەتە، کە تەواوی حەق و ئیمان و پەیوەستبوونی دینی لەخۆدەگرێت.

مەبەست لە (المحكم والمتشابه) چييە؟

دەقەكانی قورئان خوای پەروەردگار ناوی بردوون بە دوو جۆر (محكم ومتشابه).

(المحكم) واته: الفصل بين الشيئين، فصلاً يمنع اختلاطهما وتداخلهما، وهو اتقان الشيء واحسانه[1]. **ئەو ئايەتە قورئانيانەيە كە يەك واتا و مەبەست زياتر لەخۆی هەڵناگرێت لەبەر زۆر ڕوون و ئاشكرايی، وە بە شێوەيەك كە تێكەڵبوون لەخۆ ناگرێت.**

(المتشابه) واته: شابه الشيء الشيء وتشابهاً، إذا أشبه كل واحد منهما صاحبه[2]. **لێكچووی شتێك بە شتێك، هەريەكەيان لە يەكتر بچن، ئەگەر هەردوولايان لێكچوو لە نێوانياندا هەبێت.**

خوای پەروەردگار وەسفی قورئان دەكات بە هەردوو وەسفەكانی (المحكم والمتشابه):

١. وەسفی قورئان دەكات لە شوێنێكيدا بە (محكم).

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ ١﴾ [هُودٓ: ١]. **واته قورئان نووسراوێكە ئايەتەكانی زۆر (محكم) و تۆكمە و لەخۆگری واتا و مەبەستی ئاشكرا و ڕوونە، پاشان لەلايەن خواوە شيكاری بۆ كراوە.**

٢. وەسفی قورئان دەكات بە (متشابه).

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا﴾ [الزُّمَر: ٢٣]. **واته خوای پەروەردگار كتێبێكی ناردووەتە خوارەوە بە جوانترين گوفتار بە شێوەی (متشابه)و لێكچووی يەكتر.**

٣. وەسفی قورئان دەكات لە سێيەم شوێندا بەوەی هەندێكی (متشابه)ە و هەندێكی تری (محكم)ە.

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞ﴾ [آل عِمۡرَان: ٧]. **واته ئەو خوايەی كتێبێكی ناردووەتە خوارەوە هەندێكی (محكم) ڕوون و ئاشكرايە كە**

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٤٧٢).

(٢) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٤٧٣).

ئەمانە زۆرینەی قورئانن، وە هەندێکی تری لێکچوو و هاوشێوەی یەکترن (متشابه).

زانایان بۆ ئەم سێ وەسفەی قورئان دەڵێن: (محكم ومتشابه) دەبنە دوو بەشەوە: (عام وخاص): (المحكم العام والخاص، والمتشابه العام والخاص). واتە (محكم) بە جۆری گشتی و تایبەت باسکراوە، وە (متشابه)یش بە هەمان شێوە.

*** بەڵام مەبەست لە ئایەتی یەکەم: ﴿كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ﴾: قورئان بە شێوەیەکی گشتی بە (محكم) ناو دەبات، کە مەبەست پێی (محكم العام) ئەویش ئەوەیە:** (إن القرآن) في غاية الإحكام ونهاية الانتظام، فأخباره كلها حق وصدق، لا تناقض فيها ولااختلاف، وأوامره كلها خير وبركة وصلاح، ونواهيه متعلقة بالشرور والأضرار والأخلاق الرذيلة والأعمال السيئة فهذا إحكامه[١]. **مەبەست پێی ئەوەیە قورئان ئەوپەڕی تۆکمەیی و بەهێزی داڕشتن لەخۆدەگرێت، هەواڵەکانی هەمووی حەق و ڕاستە و هیچ دژایەتی و جیاوازییەك لەخۆناگرێت، وە فەرمانەکانیشی هەمووی خێر و هیدایەت و ڕێککردنەوە و بەرەکەتە، وە ڕێگرییەکانی (النواهي) هەمووی ئەوانەن کە بە زیان و شەڕ و خراپە دەشکێتەوە بەسەر ئادەمیزاددا، مەبەست بە (محكم) بۆ قورئان بە شێوەیەکی گشتی ئەمەیە.**

*** وە مەبەستیش لە ئایەتی دووەم: ﴿كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا﴾: مەبەست پێی (متشابه) و لێکچووە بە شێوەیەکی گشتی (متشابه العام):** فَالتَّشَابُهُ هُنَا: هُوَ تَمَاثُلُ الْكَلَامِ وَتَنَاسُبُهُ: بِحَيْثُ يُصَدِّقُ بَعْضُهُ بَعْضًا[٢]، متشابهًا في الحسن والصدق والحق، وورود ه بالمعاني النافعة المزكية للعقول، المطهرة للقلوب، المُصلحة للأحوال، فألفاظه أحسن الألفاظ ومعانيه أحسن المعاني[٣]. **دەفەرموێت قورئان بە شێوەیەکی گشتی (متشابه)ە واتە: داڕشتن و وشەکانی قورئان هاوشێوە و گونجاوی یەکترین و یەکترییش بەڕاست دەخەنەوە لە ڕاستی و دروستییەکاندا و لە ڕێنمایی و هیدایەت و ڕوونکردنەوەی حەقدا، بە واتا و مەبەستێك دابەزیوە کە پاککەرەوەی عەقڵ و دڵەکان**

(١) "القواعد الحسان لتفسير القرآن" للسعدي ص٦٠.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٦١)، و "الموسوعة العقدية" لموقع الدرر السنية (١/ ٩٢).

(٣) "القواعد الحسان لتفسير القرآن" للسعدي ص٦٠.

بێت و ڕێکخەری ژیان بێت، بۆیە وشەکانی باشترین وشەن، وە مەبەستەکانیشی باشترین مەبەست و واتا لەخۆدەگرن، قورئان (محكم ومتشابه)ە بە شێوەیەکی گشتی و گشتگیر لە بابەتەکانیدا و تەواوکاری یەکترین و جیاوازی و پێچەوانەیەتی و هەڵە و نەپێکاندن لەخۆ ناگرێت.

* وە مەبەستیش لە ئایەتی سێیەم: ﴿ءَايَٰتٌ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٌ﴾: کە قورئان دەکاتە دوو بەشەوە، بەشێکی (محكم) ئەویش ڕێژەی زۆری قورئانی پێکهێناوە، بەشەکەی تریشی (متشابه)، زانایان دەڵێن مەبەست بەم جۆرە (المحكم والمتشابه الخاص)ە.

وە مەبەست بە (المحكم والمتشابه) لای زانایان و جیاکردنەوەیان ئەمانەیە[1]:

١. (المحكم): ئەوەیە واتاکانی بزانرێت و مەبەستەکەی دیار بێت، (المتشابه): ئەوەیە واتا و مەبەست تیایدا دیار نەبێت، وەکوو (قيام الساعة، خروج الدجال، ونزول عيسى ...).

٢. (المحكم): ئەوەیە یەك واتا زیاتر هەڵناگرێت، توانای واتاگۆڕینی بۆ ناکرێت، بەڵام (المتشابه) زیاد لە واتایەك لەخۆدەگرێت بە دوور و نزیکی.

٣. (المحكم): واتە سەربەخۆیە و پێویستی بە ڕوونکاری نییە، (المتشابه) پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە.

٤. (المحكم): (ناسخ) و سڕەرەوەکانە، وە (المتشابه) سڕدراوەکانە (منسوخ).

هەموو ئەم پێناسانە لە یەك بازنەدا کۆدەبنەوە ئەویش (محكم) ئاشکرا و دیار و پێویستی بە هیچ شتێکی دەرەکی نییە، بەڵام (المتشابه) بە پێچەوانەی ئەوەوەیە.

ئیمامی (الشوكاني) رَحِمَهُ اللَّهُ ئەو پێناسانە بە ڕای جیاواز نازانێت، لەبەرئەوەی هەریەکەیان پێناسەی (المحكم)یان کردووە بە هەندێك لە وەسفەکانی، وە پێناسەی (المتشابه)یان کردووە بە بەرامبەرەکەی، بۆیە بۆ پێناسەی هەردووکیان دەڵێت: إِنَّ الْمُحْكَمَ: هُوَ الْوَاضِحُ الْمَعْنَى الظَّاهِرُ الدَّلَالَةِ، إِمَّا بِاعْتِبَارِ نَفْسِهِ أَوْ بِاعْتِبَارِ غَيْرِهِ، وَالْمُتَشَابِهُ: مَا لَا يَتَّضِحُ مَعْنَاهُ، أَوْ لَا تَظْهَرُ دَلَالَتُهُ لَا بِاعْتِبَارِ نَفْسِهِ وَلَا بِاعْتِبَارِ غَيْرِهِ[2]. واتە (محكم) ئەوەیە کە واتاکەی ڕوونە و دارشتنەکەی

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٤٧٤).

(٢) "فتح القدير" للشوكاني (١/ ٣٦٠).

ئاشکرایە، جا بە ڕێگەی خۆی بێت یاخود بێجگە لە خۆی، وە (المتشابه)یش واتاکەی ڕوون نییە و داڕشتنەکەشی ئاشکرا نییە، جا بە ڕێگەی خۆی بێت یاخود بێجگە لە خۆی.

لە کۆتاییدا دەڵێین: پێناسەی (المحكم والمتشابه) لە قورئاندا بە دوو شێوە کراوە، بە شێوە و مەبەستی چۆنیەتی و چەندێتی (الكم والكيفية).

کەواتە ئایەتی یەکەم و دووەم مەبەست تیایاندا چۆنیەتییە (كيفية)، واتە چۆنیەتی پێکهاتە و داڕشتن و واتا و مەبەستەکانی قورئانە، وە ئایەتی سێیەم مەبەست تیایدا چەندیەتییە (الكم)، واتە لە ڕووی ژمارەوە جۆری پێکهاتە و داڕشتنەکە دوو جۆرە (محكم ومتشابه) کە دوو جۆری جیاوازن.

جۆرەکانی دەقە لێکچووەکان (المتشابه)

لەدوای تێڕوانین لە بیروڕای زانایان لە پێناسەی دەقە لێکچووەکان (المتشابه)، ڕوون بووەوە کە (المتشابه) دوو جۆرە[1]:

جۆری یەکەم (متشابه حقيقي): ئەو بابەتانەی واتاکەی دەزانرێت، بەڵام وورددەکاری لە بارەی چۆنیەتییەکانیانەوە نازانرێت، وەکوو (الروح، الساعة، الملائكة، الصفات الله تعالى، البرزخ ...) بابەتە غەیبییەکان و عەقیدەییەکان، شاراوەیی و نەزانین تیایاندا ڕێژەی زۆرە و زانست دەربارەی نییە، ئەمە (متشابه حقيقي)یە، ئەمەیە مەبەست پێی ﴿وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَا﴾ [آل عمران: ٧]. زانایانی ڕۆچوو دەڵێن باوەڕمان پێیەتی لە ڕووی واتاکەیەوە بەڵام چۆنیەتییەکەی لای خوایە و ئێمە نەزانین دەربارەی چۆنیەتییەکەی.

جۆری دووەم (متشابه إضافي): بوونی هاوشێوە و واتاکارییەکی لێکچوو لای کەسی دیاریکراو، ئەم نەزانین و دەرکپێنەکردنە دەگەڕێتەوە بۆ خوێنەر و کەسی بەدواداچوو، نەك ڕاستەوخۆ لە خودی دەقە شەرعییەکەوە بێت، ئەم نەزانینەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

١. کەمتەرخەمی لەلایەن کەسەکەوە لە بەدواداچوون و توێژینەوە و وورددەکاری.
٢. هۆکاری کاریگـەری کەسەکە لەژێر پاڵەپەستۆی هـەوا و ئارەزووە بیدعەکارییەکەیەوە و

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٤٨٥)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٧/ ٣٧٢)، و "الموافقات" للشاطبي (٣/ ٩١).

مەبەستی پێی لادان و نەگەیشتنە حەقیقەتەکانە، یاخود شاردنەوە و خۆ بێئاگاکردنە لێی، گەر نا دەگاتە ئامانج.

ئەم (متشابه إضافي) لێکچوونە هۆکارەکەی لە بابەتە ووردەکانی زانستی (أصول)دا ڕەنگ دەداتەوە و پەیوەندی بەم بابەتانەوە هەیە (الناسخ والمنسوخ، المجمل، الظاهر، العام، المطلق، المشترك ...) چارەسەرەکانیشی پەیوەندی بەم بابەتانەوە هەیە (الناسخ، المفصل، المفسر، الخاص، المقيد، المؤول ...) کە یەکلاکەرەوەی ئەوانیترە، ئەم زانستانەش ووردەکارییەکانی لای زانایانی ڕۆچوو لە عیلمدایە ﴿وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ﴾ کە بواری تیادا دەبین بە ڕاستی و دروستی.

شوێنکەوتووانی جۆری (متشابه حقيقي) وەکوو (معتزلة، قدرية، جهمية ...)کان بەر ئەم ئایەتە دەکەون کە دەفەرموێت: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦ﴾ [آل عمران : ٧]. واتە ئەوانەی گومڕایی لە دڵیاندا هەیە شوێنکەوتەی (متشابه) و ئاڵۆزەکانن بۆ پشێوی نانەوە و واتاگۆڕین، نیەت و کاری پێشوەختەیان گومڕایی و بیدعەکارییە و پاشان مەبەستیشیان تێکدانی ڕیزی موسوڵمانانە لە مافی خەڵکدا، وە لە مافی خواشدا واتاگۆڕینە لە مەبەستەکانی خوا، ستەمکارن لە مافی خوا و خەڵکیدا.

خاڵی کۆکەرەوەی بیدعەکاران بە هەموو جۆرەکانیەوە لە فیرەق و حیزب و گرووپەکانی کۆن و تازەدا پەنا بردنە بەر (متشابه)ەکانە بۆ بنەماکردنی بیدعەکارییەکەیان و لەبەرکردنی بەرگی شەرعی بۆیان.

بوونی (المتشابه) لە دەقە شەرعییەکاندا

شتێکی بێگومان و بنەماداڕە لە دەقەکاندا ڕێژەی (المتشابه) بە هەردوو جۆرەکەیەوە (حقيقي وإضافي) زۆر کەمە و کورتە، وە دەبێت هەر بەو شێوەیەش کەم و کورت بێت لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١. خوای گەورە خۆی دەفەرموێت: ﴿هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ [آل عمران : ٧]. ئایەتە (محكم)ەکان ڕێژەی زۆری پێکهاتەی قورئانن، ئەمە شایەتی قورئانە لەسەری.

٢. قورئان دەبێت لەخۆگری وەسفەکانی خۆی بێت لە هیدایەت و شیفا و ڕوونکاری و ڕزگاربوون لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی و لە گومڕاییەوە بۆ حەق و ڕاستی و ڕۆشنایی ...، ئەمانە موژدەکانی قورئانن، خۆ ئەگەر (متشابه) زۆرتر بێت تاوەکوو (محكم) ئەوا ئەو هەموو موژدە و وەسفەی قورئان نایەتە دی، ئەوکات قورئان نادیار و نارووون دەبێت و حەقیقەت و ڕاست و دروستییەکانی نازانرێت ئەگەر بڕیاری (متشابه حقيقي) لەسەر بدەین، خۆ ئەگەر بڕیاری (متشابه إضافي) لەسەر بدەین ئەوا زۆرینەی قورئان پڕ لە ئالۆزی و ناجێگیری و گومان لەخۆدەگرێت، هەموو ئەمانە یەکسانە بە نەهاتنەدی مەبەستەکانی قورئان.

٣. لە ڕووی بنەما و حەقیقەتەوە هەموو زانایان و تێڕوانینکاران کاتێك سەیری بەڵگە شەرعییەکان دەکەن دەبینن لەسەر یەك شێوازی تێڕوانین و یاسادارێژی ڕوون و ئاشکرا دارێژراوە، بە شێوەیەك هەموو لایەك و چمکەکان بەیەکەوە گرێ دەدرێن و تەبان، ئەمەش بەڵگە نەویستە لەسەری، لەبەرئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡحَكِيمِ ﴾ [لقمان : ٢]. واتە ئەوانە ئایەتە قورئانییەکانن کە پڕن لە حیکمەت، وە دەفەرموێت: ﴿كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ﴾ [هود : ١]. واتە ئایەتانێکی جێگیر و بنەمادارن پاشان شیکراوەن لەلایەن خاوەن دانا و ئاگادارەوە، وە دەفەرموێت: ﴿ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَحۡكَمِ ٱلۡحَٰكِمِينَ ٨﴾ [التين : ٨]. ئەوە پەروەردگار خاوەن کاملّ و تۆکمەترین یاسا نییە؟! وە دەفەرموێت: ﴿ وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدۡقٗا وَعَدۡلٗا ﴾ [الأنعام : ١١٥]. فەرموودەکانی خوا تەواوکارە لەڕووی ڕاستگۆیی و دادپەروەرییەوە، وە دەفەرموێت: ﴿وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثٗا﴾ [النساء : ٨٧]. کێ هەیە لە پەروەردگار ڕاستگۆترین فەرموودەی هەبێت؟!

پاشان گەر وانەبێت چۆن دەبێتە بەڵگە و بەرنامەی خوایی بەردەوامی ئادەمیزاد و بەرهەڵستی (تحدی)ی بێبڕوایانی پێدەکات تا ڕۆژی دوایی!

بەرنـامەی ئەهلی سوننەت لەم بنەمایەدا

ئەهلی سوننەت خاوەنی بەرنامەی زانستی پڕ حەق و خێر و دادپەروەرین، خاوەنی ڕێڕەوی ڕێگەی زانستین (سند الرواية)، وە خوێندنەوەی گشتگیر و کارکردن بە هەموو دەقەکان ڕێگەی تایبەتی زانستییانە.

لـەم بابەتەشدا سەردێڕیان (الإيمان بالمتشابه والعمل بالمحكم) باوەڕبوون بە (متشابه) و پەراوێزنەکردن و کارکردنە بە (محكم)، وە باوەڕیان وایە قورئان هەمووی لـەلایەن خواوەیە و هەمووی لـەخۆگری حەقە و پالـپشتی یەکترین و هیچ جیاوازییەکی دژبەیەك لـەخۆناگرێت.

وە (محكم) پێکهاتەی زۆری قورئانە و واتا و مەبەستەکانی زۆر ڕوون و ئاشکران و یەك تەفسیر و شیکاری لـەخۆدەگرێت، وە (متشابه)یش ڕێژەیەکی کەمن کە مامەلـەکردن لـەگەلـیاندا زانستیانە دەبێت، دەیگێڕنەوە بۆ (محكم)ەکان، وە ئەگەر (عام ومطلق) بوو ئەوا دەگەڕێن بەدوای (خاص ومقيد)دا، وە ئەگەر (نسخ ومجمل ومؤول وخفي ...) بوو ئەوا ڕێگاکانی کردنەوەی ئەو ئالـۆزیانەی لـەپێناودا دەگیرێتە بەر، خۆ ئەگەر (متشابه حقيقي) بوو ئەوە بۆخۆی سنووری زانستی وەستانە لـەسەری، (ابن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێبێت: وَقَدْ قَالَ كَثِيرٌ مِنْ السَّلَفِ: إنَّ الْمُحْكَمَ مَا يُعْمَلُ بِهِ وَالْمُتَشَابِهَ مَا يُؤْمَنُ بِهِ وَلَا يُعْمَلُ بِهِ[1].

واتە: زۆری زانایانی سەلـەف وتوویانە کار بە (محكم)ەکان دەکرێت و باوەڕ و ئیمانیش بە (متشابه)ەکان دەهێنرێت و کاریان پێ ناکات.

بەدواداچوون بەدوای جۆری (المتشابه حقيقي)دا ناکرێت، گەر کرا ئەوە نیشانەی فیتنەگێڕی و گۆڕانکاری درۆیینەیە لـە تەفسیر و مەبەستەکەیدا و دەبێتە نیشانەی دیاری بیدعەکاری و گومڕایی خاوەنەکەی، وە (متشابه إضافي) واجبە ئیمانی بە شێوەی گشتی پێبێت تاوەکوو ڕوون دەکرێتەوە لـەلایەن (الراسخون في العلم) زانایانی خاوەن بەرنامەی حەق، (ابن القيم) ڕەحمەتی خوای لێبێت: إن الله سبحانه قسم الأدلة السمعية إلى قسمين محكم ومتشابه وجعل المحكم أصلا للمتشابه وأما له يرد إليه[2]. پەروەردگار بەڵگەکانی قورئانی کردووە بە دوو بەشەوە: (محكم

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٧/ ٣٨٦).

(٢) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٢/ ٧٧٢).

ومتشابه)، (محكم)یشی به بنەما داناوە بۆ (متشابه) و سەرچاوەی گەڕانەوەیە بۆی.

سیما و کاری ئەهلی سوننەت نیەتپاکی و لەخۆنەگری بیدعە و گومڕاییە، لەبەرئەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەقەکاندا زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایە و پەیوەستبوونی گشتییە بەبێ خۆدزینەوە و پەراوێزکردنی هیچ جۆرێك لە دەق و یاسا زانستییەکان، وە باوەڕ و ئیمانی سەرەکییان بە قورئان بەو شێوەیەیە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «إِنَّ الْقُرْآنَ لَمْ يَنْزِلْ يُكَذِّبُ بَعْضُهُ بَعْضًا، بَلْ يُصَدِّقُ بَعْضُهُ بَعْضًا، فَمَا عَرَفْتُمْ مِنْهُ، فَاعْمَلُوا بِهِ، وَمَا جَهِلْتُمْ مِنْهُ، فَرُدُّوهُ إِلَى عَالِمِهِ»[(١)].

واتە: قورئان بۆ ئەوە نەهاتووەتە خوارەوە کە ئایەتەکانی یەکتری بەدرۆ بخەنەوە، بەڵکوو پاڵپشت و سەلمێنەری ڕاستی یەکترین، ئەوەی زانیتان کاری پێبکەن، ئەوەی نەتانزانی بیگێڕنەوە بۆلای زانای خۆی.

بیدعەکاران و گومڕایان لەم بنەمایەدا

بیدعەکاران بەرنامە و ڕێڕەوی تایبەت بە خۆیان هەیە، پێشینە و ڕابوردوویەکی دریژیان لەسەر بنیاد ناوە، کاتێك ڕووداوەکەنە بەڵگە و دەقەکان بەم مەبەستانەوە ڕووی تێدەکەن: وَالْمُفْتَرِقَةُ مِنْ أَهْلِ الضَّلَالِ تَجْعَلُ لَهَا دِينًا وَأُصُولَ دِينٍ قَدْ ابْتَدَعُوهُ بِرَأْيِهِمْ ثُمَّ يَعْرِضُونَ عَلَى ذَلِكَ الْقُرْآنَ وَالْحَدِيثَ فَإِنْ وَافَقَهُ احْتَجُّوا بِهِ اعْتِضَادًا لَا اعْتِمَادًا وَإِنْ خَالَفَهُ فَتَارَةً يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَوَاضِعِهِ وَيَتَأَوَّلُونَهُ عَلَى غَيْرِ تَأْوِيلِهِ وَهَذَا فِعْلُ أَئِمَّتِهِمْ وَتَارَةً يُعْرِضُونَ عَنْهُ[(٢)]. واتە فیرەق و گومڕایان دین و بنەماکانیان داهێناوە بە بیروڕای خۆیان، پاشان قورئان و فەرموودەی لەسەر پێوانە دەکەن، ئەگەر گونجا لەگەڵیاندا ئەوا وەکوو پشتیوان وەری دەگرن نەك وەکوو بنەما و بەڵگەکاری، خۆ ئەگەر پێچەوانە بوو ئەوا هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن و تەفسیری بۆ دادەتاشن، ئەمە کاری ئیمامە بەرزەکانیانە، وە هەندێك جاریش بەڵگەکان پەراوێز و پشتگوێ دەخەن.

---

(١) رواه أحمد في "المسند" (٦٧٠٢) وصححه شعيب الأرنؤوط، وصححه أيضاً أحمد شاكر، والطبراني في "الأوسط" (٥١٥)، وابن أبي عاصم في "الآحاد والمثاني" (٨١٢)، والأصبهاني في "الحجة في بيان المحجة" (١٣٧)، والشاذلي في "كنز العمال" (٩٧٨).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٣/ ١٤٢).

کاریان پشتهەڵکردنە لە دەقە (محکم)ەکان، لەبەرئەوەی توانایان بەسەریاندا ناشکێت تا بیانگۆڕن، بەڵکوو ڕووەکەنە (متشابه)ەکان و شەرح و شیکاری بۆ دروستدەکەن بەبێ ڕەچاوکردن و گرتنەبەری ڕێگە زانستییەکانی تایبەت بە خۆی.

(ابن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێبێت: مِنَ اتِّباع الْمُتَشَابِهَاتِ: الأَخذ بالْمُطْلَقَات قَبْلَ النَّظَرِ فِي مُقَيِّداتِها، أَوْ بالعمومات مِنْ غَيْرِ تأَمُّل: هَلْ لَهَا مُخَصَّصَاتٌ أَم لَا؟ وَكَذَلِكَ الْعَكْسُ؛ بأَن يَكُونَ النَّصُّ مُقَيَّدًا فَيُطْلَقُ، أَوْ خَاصًّا فيُعَمّ بالرأْي مِنْ غَيْرِ دَلِيلٍ سِوَاهُ[1].

واتە: جۆرێك لە شوێنکەوتەی (متشابه)ەکان کارکردنە بە دەقە گشتی و ڕەهاکان پێش ئەوەی بەدواداچوون بکرێت بۆ تایبەت و پەیوەستەکان (خاص ومقيد)، وە هەروەها بە پێچەوانەشەوە دەقەکان پەیوەست کراون بەڵام ئەوان گشتگیری دەکەن، یاخود تایبەتە و ئەوان گشتی دەکەن بە بیروڕای خۆیان بەبێ هیچ بەڵگەیەك، زۆری بیدعە و گومڕاییەکانی ئەمڕۆش لە (متشابهات) سەر دەردەکات، وەکوو وشەی (الجماعة، الدعوة، الجهاد ...) ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی و گشتگیر بەکاردەهێنرێن بەبێ سنووردارى لە شیکاری شەرعی و عیلمی بۆیان.

بنـەمـای حەوتەم

بەڵگەکاری بە تێگەیشتنی پێشینە سالّحەکان

(حجية فهم السلف الصالح)

پلە و پێگەی هاوەڵان لە دیندا و پاشان واقعی ڕەسەنی خۆیان لە کاملّی هەڵگری و تۆکمەیی دیندا، لەگەڵ لەخۆگری زمانی ڕەسەنی عەرەبی و تێگەیشتنی پڕ و تێر و تەسەلی دەقەکان لەبەر شایەتحالّییان لە هاتنەخوارەوەیدا، وە چەندەها وەسفی تایبەتمەندی دینییان، زانایان تێگەیشتن و شێوازی وەرگرتنی باسە دینییەکان و شیکاریان دەکەنە بەڵگە بۆ سەلماندن و یەکلاکردنەوەی بابەتەکان بە شێوەی ڕاست و دروسی خۆیان.

بە هەمان شێوەش پەروەردەکارانی دەستی ئەم سەدەی یەکەمە و نەوە تایبەتییەکانیان لە (التابعين وتابعي التابعين) لە قوتابخانەکانی مەککە و مەدینە و شام و عێراق و یەمەن، شان بە شانی

(١) "الإعتصام" للشاطبي (٢/ ٦٣).

هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ﷺ دەکرێتە بەڵگە و شیکاری پلەی یەکەم لە هەموو باسەکانی دیندا و پێشدەخرێت بەسەر زانایانی دوای خۆیاندا.

ئەمە یەکێکە لە بنەماکانی بەرنامەی ئەهلی سوننەت و جیاکردنەوەی لەگەڵ بەرنامەی بیدعەکاراندا، لەبەرئەوەی بیدعەکاران بە کۆی گشتییان کۆدەنگن لە لێدانی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان بە چەندەها جۆری جیاواز.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: مَعْرِفَةُ مَا أَرَادَ اللهُ وَرَسُولُهُ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِأَلْفَاظِ الْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ بِأَنْ يَعْرِفُوا لُغَةَ الْقُرْآنِ الَّتِي بِهَا نَزَلَ وَمَا قَالَهُ الصَّحَابَةُ وَالتَّابِعُونَ لَهُمْ بِإِحْسَانِ وَسَائِرُ عُلَمَاءِ الْمُسْلِمِينَ فِي مَعَانِي تِلْكَ الْأَلْفَاظِ فَإِنَّ الرَّسُولَ لَمَّا خَاطَبَهُمْ بِالْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ عَرَّفَهُمْ مَا أَرَادَ بِتِلْكَ الْأَلْفَاظِ وَكَانَتْ مَعْرِفَةُ الصَّحَابَةِ لِمَعَانِي الْقُرْآنِ أَكْمَلَ مِنْ حِفْظِهِمْ لِحُرُوفِهِ وَقَدْ بَلَّغُوا تِلْكَ الْمَعَانِيَ إلَى التَّابِعِينَ أَعْظَمَ مِمَّا بَلَّغُوا حُرُوفَهُ فَإِنَّ الْمَعَانِيَ الْعَامَّةَ الَّتِي يَحْتَاجُ إلَيْهَا عُمُومُ الْمُسْلِمِينَ مِثْلَ مَعْنَى التَّوْحِيدِ ... فَلَا بُدَّ أَنْ يَكُونَ الصَّحَابَةُ يَعْرِفُونَ ذَلِكَ فَإِنَّ مَعْرِفَتَهُ أَصْلُ الدِّينِ[1].

واتە: بۆ ئاشنا و شارەزابوون لەسەر مەبەستەکانی خوا و پێغەمبەر ﷺ لە قورئان و فەرموودەدا، پێویستی بە ئاشنا و شارەزایی زمانی عەرەبی هەیە کە قورئانی پێ هاتووەتە خوارەوە، وە شارەزابوون بەسەر شیکاری و دارشتنەکانی (صحابة وتابعين) و زانایانی ئیسلام، کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ گوفتاری لەگەڵ هاوەڵان کردووە شارەزا و زانا بوون بەسەر مەبەستەکانی پێغەمبەردا، وە هەروەها هاوەڵانیش شارەزاییان لە واتا و مەبەستەکانی قورئان کاملّتر بووە تاوەکوو لەبەرکردن و گەیاندنی پیت و وشەکان، وە گەیاندنی ئەو مەبەستانە بە (تابعين)ی دوای خۆیان زۆر کاملّتر و تەواوتر بووە تاوەکوو خوێندنەوەی حەرفی قورئان، وە شارەزاییان بۆ ئەو واتا گشتییانەی کە موسوڵمانان پێویستییانە وەکوو وشەی (التوحيد)، کەواتە (صحابة) دەبێت شارەزاییان بەسەریدا هەبووبێت، وە شارەزاییەکانیشیان بنەمای ئەم دینەیە.

بەڵام ئەوەش باش بزانین هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ زانا و شاهیدی گەیاندنی ئەم دینەن

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٧/ ٣٥٣).

بۆ دوای خۆیان، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: ﴿لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗا﴾ [البَقَرَة : ١٤٣]. پێغەمبەر ﷺ شایەتە بەسەر هاوەڵانەوە، وە هاوەڵانیش شایەتن بەسەر دوای خۆیانەوە.

هیچ پێغەمبەرێك خاوەنی هاوەڵانێك نەبووە وەکوو پێغەمبەری ئیسلام کە هاوەڵانی پشتیوانی بوون لە جیهاد و بانگەوازی و گەیاندنی دیندا، وە هاوەڵان سەنەد و ڕاوی و ڕێگەی عیلمی ئەم ئومەتەن.

هیچ پێغەمبەرێك سوننەت و ووردەکاری ژیانی لەدوای خۆی بەجێ نەماوە بە هێندەی سوننەت و ووردەکارییەکانی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ، ئەویش بە هۆکاری دادوەری (عدالة) و دەست و زمان و نیەتپاکی هاوەڵانەوەیە، لەسەر شانی ئەوان ئەم دینە گەیەندراوە، وە کۆدەنگ (الإجماع) هاوەڵان بەڵگەی سێهەمی ئەم دینەیە، وە کۆدەنگی (الإجماع) بە حەقیقەت بوونی نەبووە بێجگە لە سەردەمی هاوەڵان نەبێت.

نەوە و چینێکن وەسف کراون پێش هاتنیان بۆ دونیا لە تەورات و ئینجیلدا، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿مُّحَمَّدٞ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡۖ تَرَىٰهُمۡ رُكَّعٗا سُجَّدٗا يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٗاۖ سِيمَاهُمۡ فِي وُجُوهِهِم مِّنۡ أَثَرِ ٱلسُّجُودِۚ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمۡ فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِۚ وَمَثَلُهُمۡ فِي ٱلۡإِنجِيلِ كَزَرۡعٍ أَخۡرَجَ شَطۡـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسۡتَغۡلَظَ فَٱسۡتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعۡجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلۡكُفَّارَ﴾ [الفَتۡح : ٢٩]. (محمد) پێغەمبەری خوایە و ئەوانەی لەگەڵیدان دوژمنی بێبڕوایانن و لەنێو خۆیاندا بەبەزەیین و بەردەوام لە ڕکووع و سوجدە و ڕازیبوونی خواییدان و سیمای سوجدەکانیان لە نێوچەوانیاندا نەخشێنراوە، نموونەیان لە تەورات و ئینجیلدا نەخشێنراوە.

وە موژدەی ڕازیبوون و ناخپاکی و نیەتیان و کاملبوونیان لە قورئان و فەرموودەدا تۆمارە:

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿لَّقَدۡ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذۡ يُبَايِعُونَكَ تَحۡتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمۡ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيۡهِمۡ وَأَثَٰبَهُمۡ فَتۡحٗا قَرِيبٗا ١٨﴾ [الفَتۡح : ١٨].

خوا ڕازییە لەم ئیماندارانەی پەیمانیان داوە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ لە (صلح الحديبية)دا، زانایە بە نیەت و ناخ پاکییان، بەو هۆکارەوە خوا ئارامی دڵ و دڵنیایی ئیمانداریان پێدەبەخشێت لە پاداشتیاندا، وە سەرکەوتنێکی نزیکیان پێدەبەخشێت، ئەم ڕازیبوونەش موژدەیەکە وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فلا يرضى إلا عن عبد علم أنه يوافقه على موجبات الرضى، ومن رضي الله عنه لم يسخط عليه أبدا[1]. ڕازیبوونی خوایی دادەبەزێتە سەر کەسێك کە لەخۆگری هەموو هۆکارەکانی ڕازیبوونە، وە ئەوەشی خوا لێی ڕازیبێت بە هیچ شێوەیەك هیچ هەڕەشە و نارازیبوونێك نایگرێتەوە، هەموو ئەوانەشی کە بەشداری ئەم پەیمانە بوون کۆی گشتی هاوەڵان بوون ﷺ.

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٠٠﴾ [التوبة: ١٠٠].

سەرەتاکانی کۆچەران و خەڵکی مەدینە لە هاوەڵاندا وە شوێنکەوتووانیان بە چاکە، خوا لێیان ڕازییە و لە پاداشتدا بەهەشتێکی نەبڕاوەیان پێدەبەخشێت و سەرکەوتن و سەرفرازی هەتایی بەشیانە.

(عمر بن الخطاب) ﷺ فەرمووی: لَقَدْ كُنْتُ أَظُنُّ أَنَّا رُفِعْنَا رِفْعَةً لَا يَبْلُغُهَا أَحَدٌ بَعْدَنَا[2]. واتە من گومانم دەبرد پلەوپایە بەرزییەکمان پێبەخشراوە هیچ کەسێك دوای خۆمان پێمان ناگات، (أبي بن كعب) وتی: وایە ئەوە نییە خوا دەفەرموێت: ﴿وَءَاخَرِينَ مِنۡهُمۡ لَمَّا يَلۡحَقُواْ بِهِمۡ﴾ [الجمعة: ٣]. واتە لەدوای ئەوانەوە کەسانێك دەیانەوێت پێیان بگەن، وە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ﴾ [الحشر: ١٠]. واتە ئەوانەی دوای ئەوان دێن دەڵێن خوایە لە ئێمە و ئەو برایانەی پێش ئێمەش کە خاوەن و هەڵگری ئیمان بوون لێیان خۆشبیت.

---

(١) "الصارم المسلول على شاتم الرسول" لابن تيمية ص٥٧٢.

(٢) "تفسير الطبري" (١١/ ٦٤١).

قال رسول الله ﷺ: «خَيْرُ أُمَّتِي قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ»[١].

واتە: باشترینی ئومەتی من ئەوانەن لەم سەردەمەدا دەژین، پاشان ئەوانەی دوای ئەمان، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان.

قال رسول الله ﷺ: «... وَأَصْحَابِي أَمَنَةٌ لِأُمَّتِي، فَإِذَا ذَهَبَ أَصْحَابِي أَتَى أُمَّتِي مَا يُوعَدُونَ»[٢].

واتە: هاوەڵانم دەرگا و دەروازەی پاراستن و ئەمانن بۆ ئومەتەکەم، ئەگەر نەمان ئەوا هەموو ئەو وادە و بەڵێنانە دێتەدی بەسەریاندا کە وادەیان پێدراون.

هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ بَعْدِي فَسَيَرَى اخْتِلَافًا كَثِيرًا»[٣].

واتە: ئەوەی لەدوای من بژی جیاوازی و دووبەرەکایەتییەکی زۆر دەبینێت، با شوێنکەوتەی من و خەلیفە (راشدین)ەکان بن و پەیوەست بن پێیانەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ خەلیفەکانی خستووەتە پاڵ سوننەتەکەی خۆی، وە ڕا و کۆدەنگی خەلیفەکان ڕا و کۆدەنگی هەموو هاوەڵانە، وە هەر ئەوانن (الفرقة الناجية) و لە حەفتا و سێ بەشەکە جیاوازن.

---

(١) رواه البخاري (٣٦٥٠)، وأحمد في "المسند" (٢٢٩٦٠)، وأبو يعلى في "المسند" (٧٤٢٠)، والطيالسي في "المسند" (٢٩٧)، والطبراني في "الكبير" (٦٥٨)، وابن أبي عاصم في "الآحاد والمثاني" (٣١٦٩)، وأبو نعيم في "الحلية" (٢/ ٧٨)، والطحاوي في "شرح معاني الآثار" (٦١٢٥).

(٢) رواه مسلم (٢٥٣١)، وأحمد في "المسند" (١٩٥٦٦)، وأبوبكر بن الخلال في "السنة" (٧٧٢)، وابن حبان في "صحيحه" (٧٢٤٩)، والبزار في "المسند" (٣١٠٢)، والبغوي في "شرح السنة" (٣٨٦١)، والبيهقي في "الاعتقاد" ص٣١٨، والآجري في "الشريعة" (١١٥٥).

(٣) رواه أبو داود (٤٦٠٧)، وابن ماجه (٤٣)، وأحمد في "المسند" (١٧١٤٥)، والدارمي في "السنن" (٩٦)، وابن حبان في "صحيحه" (٥)، والطبراني في "الكبير" (٦١٧)، والحاكم في "المستدرك" (٣٢٩)، وابن بطة في "الإبانة" (١٤٢)، والبغوي في "شرح السنة" (١٠٢)، والبيهقي في "السنن الكبرى" (٢٠٣٣٨)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (٧٩)، والآجري في "الشريعة" (٨٨)، والمروزي في "السنة" (٦٩)، وابن أبي عاصم في "السنة" (٥٤)، وأبو نعيم في "الحلية" (٥/ ٢٢٠)، وابن عبدالبر في "الجامع" (٢٣٠٥)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (٩٣٧)، و "صحيح الجامع الصغير" (٢٥٤٩).

قال (ابن مسعود وابن عمر) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ: «مَنْ كَانَ مُسْتَنًّا فَلْيَسْتَنَّ بِمَنْ قَدْ مَاتَ، أُولَئِكَ أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانُوا خَيْرَ هَذِهِ الْأُمَّةِ، أَبَرَّهَا قُلُوبًا، وَأَعْمَقَهَا عِلْمًا، وَأَقَلَّهَا تَكَلُّفًا، قَوْمٌ اخْتَارَهُمُ اللهُ لِصُحْبَةِ نَبِيِّهِ صلّى الله عليه وسلم وَنَقْلِ دِينِهِ، فَتَشَبَّهُوا بِأَخْلَاقِهِمْ وَطَرَائِقِهِمْ فَهُمْ أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، كَانُوا عَلَى الْهُدَى الْمُسْتَقِيمِ»[1].

واتە: ئەوەی دەیەوێت شوێنکەوتە بێت با شوێنکەوتەی ئەوانە بن کە نەماون، واتە (صحابة) بەڕێزەکان، لەبەرئەوەی زیندوو متمانەی سەلامەتی لەسەر نییە، هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ چاکترین کەسی ئەم ئومەتەن، خاوەنی قوولترین زانستن، وە خاوەنی کەمترین قورسایی لە فەتوا و دینداریدا، کەسانێك بوون خوا بژاردەی کردوون بۆ هاوەڵایەتی پێغەمبەرەکەی و سەرخەری دینەکەی، بۆیە ڕێزیان بزانن و شوێنکەوتەیان بن، بەدڵنیاییەوە ئەوان لەسەر ڕێگەی ڕاستی هیدایەتی خوایی بوون.

قال (عمر بن عبد العزيز) رَحِمَهُ اللهُ: «فَارْضَ لِنَفْسِكَ مَا رَضِيَ بِهِ الْقَوْمُ لِأَنْفُسِهِمْ، فَإِنَّهُمْ عَلَى عِلْمٍ وَقَفُوا، وَبِبَصَرٍ نَافِذٍ كَفُّوا، وَهُمْ عَلَى كَشْفِ الْأُمُورِ كَانُوا أَقْوَى، وَبِفَضْلِ مَا كَانُوا فِيهِ أَوْلَى، فَإِنْ كَانَ الْهُدَى مَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ لَقَدْ سَبَقْتُمُوهُمْ إِلَيْهِ وَلَئِنْ قُلْتُمْ إِنَّمَا حَدَثَ بَعْدَهُمْ مَا أَحْدَثَهُ إِلَّا مَنِ اتَّبَعَ غَيْرَ سَبِيلِهِمْ وَرَغِبَ بِنَفْسِهِ عَنْهُمْ، فَإِنَّهُمْ هُمُ السَّابِقُونَ، فَقَدْ تَكَلَّمُوا فِيهِ بِمَا يَكْفِي، وَوَصَفُوا مِنْهُ مَا يَشْفِي، فَمَا دُونَهُمْ مِنْ مَقْصَرٍ، وَمَا فَوْقَهُمْ مِنْ مَحْسَرٍ، وَقَدْ قَصَّرَ قَوْمٌ دُونَهُمْ فَجَفَوْا، وَطَمَحَ عَنْهُمْ أَقْوَامٌ فَغَلَوْا، وَإِنَّهُمْ بَيْنَ ذَلِكَ لَعَلَى هُدًى مُسْتَقِيمٍ»[2].

واتە: ئەی ئیماندار ڕازی بە بەوەی هاوەڵان پێی ڕازیبوون بۆخۆیان لە دینداریدا، لەبەرئەوەی ئەوان بە عیلم و زانست لە هەندێك شتدا ڕاوەستاون و قسەی لەسەر ناکەن، وە بە چاوکراوەیی تەواو هەڵوێستەیان وەرگرتووە، خاوەنی ووریایی تەواو بوون لەسەر ناسینی شتەکان و بەتوانا و پایەدار بوون، خۆ ئەگەر ئەو ڕێگە و هیدایەتەی ئێوەی لەسەرن تەواوتر بێت ئەوا پێشی

(١) رواه أحمد في "المسند" (١/ ٣٧٩)، وأبو نعيم في "الحلية" (١/ ٣٠٥)، والبغوي في "شرح السنة" (١/ ٢١٤) برقم (١٠٥)، وابن بطة في "منهاج السنة" (١/ ١٦٦).

(٢) رواه أبو داود (٤٦١٢) وصححه الألباني، وابن بطة في "الإبانة" (١٨٣٣)، والآجري في "الشريعة" (٥٢٩).

ئەوان کەوتوون کە ناشبێت، خۆ ئەگەر پاساوتان ئەوە بێت چەند گۆڕانکارییەك هاتووەتە کایەوە لە پاشی ئەوان و ڕوویداوە، دڵنیا بن ئەوانەی ئەو بیدعەکاریانەیان داهێناوە شوێنکەوتەی ڕێگای ئەوان نین، وە خاوەنەکانیان خۆیان بە جیاواز دەزانن لەوان و ڕازی نین پێیان، دڵنیا بن ئەوان پێشکەوتەی ئێوەن، هاوەڵان ئەوەندە ڕوونکاری و شیکارییان کردووە بۆ بابەتە دینییەکان کە بەس بێت و شەرحەکانیان شیفادەر بێت، وە بزانن ئەوانەی لەخوار ئەوانەوەن بە هۆکاری کورت و کۆڕییانەوەیە لە دیندا، وە ئەوانەی لەسەروو ئەوانەوەن خاوەنی هیچ پلە و زانستێك نین، کەسانێك کەمڕەوییان کرد لە ئاستیاندا بووە هۆکاری کورت و کۆڕی و کەمڕەوی دینی، وە کەسانێك هەڵپەی پێشڕەوی ئەوانیان کرد بووە هۆکاری زیادەڕەوی و گومڕایی دینی بۆیان، هاوەڵان لەسەر ڕێگەی نێوەندگیری هیدایەتی ڕێگەی ڕاستن.

📖 قال (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ: «ولا تجد إماما في العلم والدين كمالك والأوزاعي والثوري وأبي حنيفة والشافعي وأحمد بن حنبل وإسحاق بن راهويه ومثل الفضيل بن عياض وأبي سليمان ومعروف الكرخي وأمثالهم إلا وهم مصرحون بأن أفضل علمهم ما كانوا فيه مقتدين فيه بعلم الصحابة وهم يرون أن الصحابة فوقهم في جميع أبواب الفضل والمناقب»[(١)].

📖 وقال: «ثُمَّ إِنَّهُ مَنْ كَانَ إِلَى الرَّسُولِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَصْحَابِهِ وَالتَّابِعِينَ لَهُمْ بِإِحْسَانٍ أَقْرَبَ، كَانَ أَقْرَبَ إِلَى كَمَالِ التَّوْحِيدِ وَالْإِيمَانِ وَالْعَقْلِ وَالْعِرْفَانِ، وَكُلُّ مَنْ كَانَ عَنْهُمْ أَبْعَدَ كَانَ عَنْ ذَلِكَ أَبْعَدَ»[(٢)].

واتە: کۆدەنگی هەموو زانایانی وەکوو (مالك والأوزاعي والثوري وأبي حنيفة والشافعي وأحمد بن حنبل ...) پێداگرن لەسەر ئەوەی باشترین زانست و عیلم ئەو زانست و عیلمەیە کە شوێنکەوتەی هاوەڵانی پێغەمبەر بێت، وە باشترین کار و عیبادەت ئەو کار و عیبادەتانەن کە شوێنکەوتەی هاوەڵان بێت، وە هەموویان بیروڕایان وایە هاوەڵان لە سەروو هەموویانەوەن لە هەموو پلەیەکی دینیدا.

---

(١) "شرح العقيدة الأصفهانية" لابن تيمية ص١٨٠.

(٢) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٣/ ٢٩٣).

وە دەڵێت: هەرکەسێك هەتاوەکوو لە سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵان و تابعینەوە نزیك بێت ئەوە نزیکترە لە کاملّترین عەقیدە و ئیمان و عەقڵ و شارەزایی، وە ئەوەشی هەتا لە سەردەمیانەوە دوور بێت دوور و بێبەشە.

📖 قال (سفيان الثوري) رَحِمَهُ اللهُ: «إِنَّمَا الدِّينُ الْآثَارُ»[1]. **دین واتە پاشماوەی هاوەڵان.**

📖 قال (شريح وابن سيرين) رحمهما الله: «لَنْ نَضِلَّ مَا تَمَسَّكْنَا بِالْأَثَرِ»[2]. **گومڕا نابین تاوەکوو پەیوەست بین بە پاشماوەکانیانەوە.**

📖 قال (أحمد بن حنبل) رَحِمَهُ اللهُ: «أُصُولُ السُّنَّةِ عِنْدَنَا: التَّمَسُّكُ بِمَا كَانَ عَلَيْهِ أَصْحَابُ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَالِاقْتِدَاءُ بِهِمْ»[3].

واتە: دینی ڕاست و ڕەوان فەرموودە و پاشماوەی هاوەڵان و تابعینە، متمانەی نەکەوتنە گومڕاییمانەوە پەیوەستبوونە بە ڕیوایەت و پاشماوەکانیانەوە، وە یەکێك لە بنەماکانی ئەهلی سوننەت پەیوەستبوونە بە ڕێبازی هاوەڵان و دوورەپەرێزییە لە بیدعەکاری.

📖 قال (الشافعي) رَحِمَهُ اللهُ: «وَقَدْ أَثْنَى اللهُ تَعَالَى عَلَى أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَرَضِيَ عَنْهُمْ فِي الْقُرْآنِ، وَالتَّوْرَاةِ، وَالْإِنْجِيلِ، وَسَبَقَ لَهُمْ عَلَى لِسَانِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ الْفَضْلِ مَا لَيْسَ لِأَحَدٍ بَعْدَهُمْ، ... أَدَّوْا إِلَيْنَا سُنَنَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَشَاهَدُوهُ وَالْوَحْيُ يَنْزِلُ عَلَيْهِ فَعَلِمُوا مَا أَرَادَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَامًّا

---

(١) "ذم الكلام وأهله" للهروي (٢/ ١٨٠) برقم (٣٢٧)، و "الحجة في بيان المحجة" للأصبهاني (١/ ٢٢٢).

(٢) "شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة" للالكائي (١٠٦)، و "نقض الدارمي على المريسي" للدارمي (٢/ ٦٦٧)، و "الحجة في بيان المحجة" للأصبهاني (٢/ ٤٥٨) برقم (٤٤٨) عن ابن مسعود، و "الاقتصاد في الإعتقاد" للمقدسي ص٢١٤، و "ذم التأويل" لابن قدامة المقدسي (٥٩)، و "إعلام الموقعين" لابن القيم (٤/ ١١٥)، و "الفقيه والمتفقه" للخطيب البغدادي (١/ ١٤٧).

(٣) "شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة" للالكائي (٣١٧)، و "ذم التأويل" لابن قدامة المقدسي (٧١)، و "طبقات الحنابلة" لابن أبي يعلى (١/ ٢٤١)، و "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٤/ ٨١)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ١٠٢)، "المقصد الأرشد في ذكر أصحاب الإمام أحمد" لابن مفلح (٧٨٧)، و "مناقب الإمام أحمد" لابن الجوزي ص٢٣٠.

وَخَاصًّا وَعَزْمًا وَإِرْشَادًا، وَعَرَفُوا مِنْ سُنَّتِهِ مَا عَرَفْنَا وَجَهْلِنَا، وَهُمْ فَوْقَنَا فِي كُلِّ عِلْمٍ وَاجْتِهَادٍ وَوَرَعٍ وَعَقْلٍ، ... وَآرَاؤُهُمْ لَنَا أَحْمَدُ، وَأَوْلَى بِنَا مِنْ رَأْيِنَا عِنْدَ أَنْفُسِنَا»[(١)].

واتە: خوای پەروەردگار وەسف و پلەوپایەی هاوەڵانی لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا باسکردووە، وە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیشیدا ﷺ وەسف و باسی کردوون کە کەسانی دوای خۆیان پێیان ناگەن، ئەوان فەرموودە و سوننەتەکانی پێغەمبەریان ﷺ بۆ گەیاندووین، هەر ئەوان شایەتحاڵی هاتنەخوارەوەی قورئان و بینینی پێغەمبەرەکەین، لەبەرئەوە زانان بەسەر مەبەستەکانی پێغەمبەر ﷺ بە شێوەی گشتی و تایبەت و پابەندبوون و ڕێنماییەکانی، هەر ئەوان ئاشنای سوننەتەکانی پێغەمبەرن ئەوەی دەیزانین و نایزانین، هەر ئەوان لە سەروو ئێمەوەن لە هەموو ئیجتیهاد و زانست و وەرع و عەقڵێکی تەواودا، گومان نییە بیروڕاکانیان بۆ ئێمە زۆر لەبار و باشترە تاوەکوو بیروڕاکانی خۆمان.

گەورەترین و دیارترین وەسفی هاوەڵان لەپاش دینداری ڕاستەقینەیان کە لەسەر شانی ئەوان دینیان سەرخست و گەیاندیان؛ شارەزاییانە بەسەر زمان و ناوەڕۆك و ڕێزمان و ووردەکاری و جۆری بەکارهێنانی وشەکانی زمانی عەرەبی، تەواو شارەزای عادەتی وتوونژ و شێوازی ڕاهاتووی ڕەسەنی عەرەبین، بۆیە هەرکەسێك ئەم وەسفە لەخۆبگرێت خاوەنی بەتواناترین ئاستە لە ئاشنایی و بەهێزی و جوان دەرکپێکردنی وشەکانی قورئان و داڕشتنەکانی، هیچ سەردەمێك نییە خاوەنی زمان پاراوی و وتاربێژی و دەربڕینی تەواو بن و بەهێز بن بە هێندەی سەردەمی هاوەڵان و تابعین، وەکوو (الشافعي) ڕَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: مَا جَهِلَ النَّاسُ وَلَا اخْتَلَفُوا، إِلَّا لِتَرْكِهِم لِسَانَ العَرَبِ، وَمِيلِهِمْ إِلَى لِسَانِ أَرْسطَاطَالِيْسَ[(٢)]، **وە (السيوطي) ڕَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت:** وقد وجدت السلف قبل الشافعي أشاروا إلى ما أشار إليه من أن سبب الابتداع الجهل بلسان العرب[(٣)].**واتە هەموو نەزانینەکان و جیاوازییەکان بە هۆکاری دوورکەوتنەوەیە لە زمانی عەرەبی و ڕووکردنە زمانی**

(١) "المدخل إلى السنن الكبرى" للبيهقي ص١١١ برقم (٤٠)، و "إعلام الموقعين" لابن القيم (١/ ٦٣)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ١٥٨).

(٢) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (١٠/ ٧٤)، و "تأريخ الإسلام" للذهبي (١٤/ ٣٣٩)، و "صون المنطق" للسيوطي ص١٥، و "منازل الأئمة الأربعة" لأبو بكر السلماسي ص٢٠٩.

(٣) "صون المنطق والكلام عن فني المنطق والكلام" للسيوطي ص٢٢.

بێگانەیە.

کاتێك ئەمە پلەوپایەی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان بێت و خاوەنی ئەو پێداکوتراوی و ڕەسەنایەتییەن لەگەڵ نیەتپاکی لە کارە دینییەکانیاندا؛ ئەوا تەفسیری قورئان بە وتەی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان تەفسیری پلە سێیەمە لە ڕێڕەوی تەفسیری قورئاندا، هەندێك لە (محدثین)ی وەکوو (إمام الحاکم) رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت: لِيَعْلَمَ طَالِبُ هَذَا الْعِلْمِ أَنَّ تَفْسِيرَ الصَّحَابِيِّ الَّذِي شَهِدَ الْوَحْيَ وَالتَّنْزِيلَ عِنْدَ الشَّيْخَيْنِ حَدِيثٌ مُسْنَدٌ[1]. واتە با قوتابی زانستی شەرعی بزانن کە تەفسیری هاوەڵانێك ئامادەکاری قورئان و هاتنەخوارەوەی بووبێت لەلای (بوخاری و مسلم) وەکوو ڕێڕەوی گێڕانەوەیەك وایە گەیشتبێتەوە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ، وە تەفسیرەکانیشیان هیچ جۆرێك لە دژایەتی و پێچەوانەیەتی یەکتری لەخۆناگرێت، وەك (ابن تیمیة) رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت[2].

بەرنامە و هەڵوێستی بیدعەکاران دەربارەی هاوەڵان

ناوەڕۆکی بەرنامەی هاوەڵان پەیوەستبوونە بە سوننەتەوە و دژایەتی بیدعەکارانە، بۆیە فیرەق و گرووپە بیدعەکارەکان بەرنامە و هەڵوێستیان دەربارەی هاوەڵان بە پێچەوانەی ئەهلی سوننەتەوەیە، ئەهلی سوننەت هاوەڵان بە زانا و سەندی ڕیوایەت و ڕێگەی عیلمی خۆیان دەزانن، وە شاهید و پێشەوای ئەم ئومەتەن و تەفسیر و بیروڕایان بەڵگەن بۆ شیکاری ئەم دینە، کەسانێکن زیادەڕەوییان تیادا ناکرێت، نە وەکوو کەسانێکی ئاسایی سەیردەکرێن وە نە (معصوم)یەت و پلەی پێغەمبەرایەتییان پێدەدرێت، بەڵکوو نێوەندگیری ئەم دوانە پلەیانە کە ئەویش (عدالة) و دادپەروەری دینی و دونیاییە کە شاییستەن پێی، وە (ولاء) لایەنگیرییان بەشێکە لە ڕەسەنایەتی ئەم دینە لەگەڵ بە زیندوو ڕاگرتنی ژیان و بەرنامەیان بۆ هەموو (جیل) و نەوەکانی دوای خۆیان، ئەمەش کار و بەرنامەی ئەهلی سوننەتە.

---

(١) "المستدرك على الصحيحين" للحاكم (٢/ ٢٨٣)، و "إغاثة اللهفان" لابن القيم (١/ ٢٤٠)، و "إعلام الموقعين" لابن القيم (٦/ ٣١)، و "المقنع في علوم الحديث" لابن الملقن (١/ ١٢٨)، و "شرح التبصرة والتذكرة" للعراقي (١/ ١٩٤)، و "تدريب الراوي" للسيوطي (١/ ٢١٥).

(٢) "مقدمة في أصول التفسير والفتاوى" لابن تيمية (١٣/ ٣٣٣).

بەڵام بیدعەکاران هەڵوێستیان بەم شێوەیەیە:

نە بە زانا و نە بە شاهید و نە بە سەنەد و ڕێگەی عیلمی و نە بە (عدالة) ناویان دەبەن و سەیریان دەکەن و نە (ولاء) و پاڵپشتیشیان هەیە بۆیان، ئەمەش بەرنامە و کاری فیرەق و بیدعەکارانی دونیایە، بەڵکوو قسەپێوتن و (براء) و بەکەم سەیرکردن و بگرە حوکمی قورسدان بەسەریاندا کار و هەڵوێستیانە.

هەر بۆیە ئەهلی سوننەت یەکێك لە سنووری جیاکارییان لەگەڵ بیدعەکاراندا (ولاء) و خۆشەویستییە بۆ هاوەڵان، وە بەپێچەوانەشەوە نیشانەی بیدعە و گومڕاییە لە دیندا.

وەکوو (إمام أحمد بن حنبل) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت:** إِذَا رَأَيْتَ أَحَدًا يَذْكُرُ أَصْحَابَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِسُوءٍ فاتَّهِمْهُ عَلَى الْإِسْلَامِ[(١)].

واتە: هەرکاتێك یەکێکت بینی بە سووك و خراپ سەیری یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری ﷺ کرد، ئەوا هەموو تۆمەتێکی دژ بە ئیسلامی بخەرە پاڵ.

وە (أبو حاتم الرازي) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت:** عَلَامَةُ أَهْلِ الْبِدَعِ الوَقِيعَةُ فِي أَهلِ الْأَثَرِ[(٢)].

واتە: نیشانەی بیدعەکاران قسەوتنە بە هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان.

وە (أبو زرعة الرازي) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت:** إِذَا رَأَيْتَ الرَّجُلَ يَنْتَقِصُ أَحَدًا مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَاعْلَمْ أَنَّهُ زِنْدِيقٌ[(٣)].

واتە: هەرکاتێك لە کەسێکت بینی تۆمەت و ڕەخنەی خستە پاڵ هاوەڵان ئەوە بزانە دژە دینە.

---

(١) "شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة" للالكائي (٢٣٥٩)، و "الحجة في بيان المحجة" للأصبهاني (٣٦٨)، و "الصارم المسلول على شاتم الرسول" لابن تيمية ص٥٦٨.

(٢) "شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة" للالكائي (١/ ١٩٧)، و "شرح عقيدة السلف وأصحاب الحديث" لعبد العزيز الراجحي (١٤/ ١٩).

(٣) "الكفاية في علم الرواية" للخطيب البغدادي ص٤٩، و "مشارق الأنوار الوهاجة ومطالع الأسرار البهاجة في شرح سنن الإمام ابن ماجه" لمحمد بن علي بن آدم بن موسى (٣/ ١٢)، و "تأريخ دمشق" لابن عساكر (٣٨/ ٣٢)، و "تهذيب الكمال في أسماء الرجال" للمزي (١٩/ ٩٦)، و "الإصابة في تمييز الصحابة" لابن حجر العسقلاني (١/ ٢٢).

بەڵکوو: سب السلف ولزهم منهج وسمة[١]. قسەوتن و تانەدان لە هاوەڵان و تابعین بەرنامە و سیمای هەموو بیدعەکارانە.

حوکمدانیان بەسەر هاوەڵاندا[٢]:

ڕافیزە و شیعەکان قسە و تانە و هەڵگەڕانەوە دەخەنە پاڵ گشت هاوەڵان بێجگە لە حەوتیان نەبێت، وە خەوارجەکان تۆمەتباریان دەکەن بەتایبەت بەشداربووانی شەڕەکانی (جمل وصفین).

(المعتزلة والجهمية والقدرية)کان بە (منزلة بين منزلتين) ناویان دەبەن واتە نە کافرن وە نە موسوڵمانن، بەڵکوو (فاسق)ن.

وە (الأشاعرة والماتريدية والكرامية والكلابية)کان نە (ولاء) نە (براء) دەردەبڕن بە ئاشکرا بۆیان، بەڵکوو بە گوێرەی بەرنامەیان هاوەڵان شوێنی عیلم و زانست و بەڵگەکاری نین و قورساییان نییە لەناویاندا، وە هەر بەوەشەوە نەوەستاون بەڵکوو کۆدەنگی قسەیان سەبارەت بە (صحابة) وا دەردەکەوێت وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: كَانَتْ النَّتِيجَةُ اسْتِجْهَالَ السَّابِقِينَ الْأَوَّلِينَ واستبلاههم وَاعْتِقَادَ أَنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا أُمِّيِّينَ بِمَنْزِلَةِ الصَّالِحِينَ مِنْ الْعَامَّةِ؛ لَمْ يَتَبَحَّرُوا فِي حَقَائِقِ الْعِلْمِ بِاَللَّهِ وَلَمْ يَتَفَطَّنُوا لِدَقَائِقِ الْعِلْمِ الْإِلَهِيِّ[٣]. واتە بەرهەمی قسەکانیان ئەوە دەگەیەنێت پێشینە سالّحەکان لە هاوەڵان و تابعین نەزان و بێئاگا بوون و تێنەگەیشتوو بوون و کەسانێکی نەخوێندەوار بوون، لە ئاستی پیاوانی سالّحی ڕەشۆکی ئەو خەڵکە بوون و هیچ شارەزا و زانینێکیان نەبووە بەسەر حەقیقەت و وورەکارییەکانی عەقیدە و لێکۆڵینەوە بەسەر زانستە خواییەکاندا.

وە دەسەڵاتدارانی دوای خۆیان هاوەڵانیان بە بێئاگا دەزانی لە سیاسەتدا و دەیانوت ئێمە یاسا و بەرنامەڕێژی ئەکەین بۆ وورەکاری حوکمڕانی لەم بوارەدا، (سلف) پێیان نەزانیوە بە هۆکاری سەرقاڵییانەوە بە عیلم و عیبادەتەوە.

---

(١) "دراسات في أهل الأهواء والفرق والبدع" لناصر العقل ص٤٨٤.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ١٥٣)، و "منهاج السنة النبوي" لابن تيمية (٣/ ٤٥٦)، وە بڕوانە "دراسات في أهل الأهواء والفرق والبدع" لناصر العقل ص٤٨٦، و "منهج أهل السنة" لأحمد سردار (٢/ ٥٣٣).

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ١٠)، و "الفتوى الحموية الكبرى" لابن تيمية ص١٩٠.

وە ئەهلی (تصوف) حەقیقەتی پلـە و پێگە و حالّەتە دەروونییەکانیان لـە (مقامات وأحوال)ی ئیمانییاندا بەوە دەدایە قەلّەم کە هاوەلاّن ئەم حالّەتانەیان بۆیە نەبووە و نەچوونەتە ناوەرۆکیانەوە لـەبەر سەرقالّییان بووە بە (الجهاد والدعوة) و بلاّوکردنەوەی دینەوە و نەیانپرژاوەتە سەری.

وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللهُ دەلّێت: وَغَايَتُهُمْ عِنْدَهُمْ: أَنْ يُقِيمُوا أَعْذَارَهُمْ فِي التَّقْصِيرِ وَالتَّفْرِيطِ ...[1]. هەموو مەبەستەکانیان پاساو هێنانەوەیە بە خەیالّی خۆیان بۆ سارِێژکردنی کەموکورتییەکانی ناو هاوەلاّن و تابعین، بەلاّم لـە ڕاستیدا پینەی گومڕاییەکەی خۆیانی پێدەکەن، وە نەزانن بەسەر پلـە و پێگەی هاوەلاّندا، بەتایبەت قوولّی عیلـم و ئاسانی دینداریان و چاوکراوەییان، سوێند بە خوا (متأخرون) بەس بە دروستکردنی قورسایی و سەرقالّی بێهوودەوە بە شتی لاوەکییەوە خۆیان بە پلـەدارتر دەزانن بەسەر ئەواندا، دلّنیابە ئەوان لـە پێگەیەکدان و ئەمانیش لـە پێگەیەکی جیاوازدا، سوننەتی خواش وایە هەریەکە خاوەنی پێگەی تایبەتی خۆیەتی.

بەلّکوو ڕق و کینە و بە سووك سەیرکردنیان بۆ هاوەلاّن و تابعین وە تەنانەت شوێنکەوتووانیان لـە ئەهلی سوننەت؛ گەیشتووەتە ئەو ئاستەی ناو و ناتۆرەی پڕ سووکایەتییان لێدەنێن، وەکوو[2]: ڕافیزەکان بە ئەهلی سوننەتی پێهەلّگری (السلف الصالح) دەلّێن (نواصب)ەکان، ئەمانیش ئەوانەن کە ڕقیان لـە (أهل البيت) و بنەمالّەی پێغەمبەرە و قسەیان پێدەلّێن، ئەمە لـە کاتێکدا ئەم کۆمەلّە لـە شام بوون و هەر زوو کۆتاییان پێهاتووە، وە ئەهلی سوننەتیش بەرین لـەو کۆمەلّ و وەسفە.

(معتزلة وجهمية)کان پێیان دەلّێن (مشبهة، مجسمة) شوبهێنەر و جسم و لاشە دانەر بۆ خوا، لـە ئەنجامی ئەوەی ئەهلی سوننەت باوەڕیان بە (صفات)ەکانی خوا هەیە بەلاّم (كيفية) و چۆنیەتییەکی بۆ بڕیار نادەن، کەچی ئەمان ئەم درۆیەیان بۆ هەلّدەبەستن دەیانخەنە ناو ئەو تاقمانەوە.

(قدرية ومعتزلة وجبرية)کان پێیان دەلّێن (حشوية)کان و خەلّکە ڕەشۆکییە نەخوێندەوارەکان، وەکـوو (عـمرو بن عبيد) دەیوت: «كَانَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ حَشْوِيًّا»[3]. واتە

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ١٥٧). (٢) "دراسات في أهل الأهواء والفرق والبدع" لناصر العقل ص٤٩٠.

(٣) "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٢/ ١٢٨)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٢/ ١٧٦)، و "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٢/ ٥٢٠)، و "شذرات الذهب" لابن العماد الحنبلي (١/ ٢١١)، و "معجم المناهي اللفظية" لبكر أبو زيد ص٢٢٨.

(عبدالله ی کوڕی عومەر) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا کەسێکی ڕەشۆکی بووە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَهَذَا نَظِيرُ مَا تَحْكِي الرَّافِضَةُ عَنْ أَهْلِ السُّنَّةِ مِنْ أَهْلِ الْحَدِيثِ وَالْفِقْهِ وَالْعِبَادَةِ وَالْمَعْرِفَةِ أَنَّهُمْ نَاصِبَةٌ وَتَحْكِي الْقَدَرِيَّةُ عَنْهُمْ أَنَّهُمْ مُجْبِرَةٌ وَتَحْكِي الْجَهْمِيَّة عَنْهُمْ أَنَّهُمْ مُشَبِّهَةٌ وَيَحْكِي مَنْ خَالَفَ الْحَدِيثَ وَنَابَذَ أَهْلَهُ عَنْهُمْ: أَنَّهُمْ نَابِتَةٌ وَحَشْوِيَّةٌ وَغُثَاءٌ وَغَثْرًا. إلَى غَيْرِ ذَلِكَ مِنْ الْأَسْمَاءِ الْمَكْذُوبَةِ[1].

واتە: هاوشێوەی ڕافیزەکان لە تانەدانیان لە ئەهلی سوننەت کە پێیان دەڵێن (ناصبة)کان؛ (قدرية)کان پێیان دەڵێن (جبرية)کان، وە (جهمية)کان پێیان دەڵێن (مشبهة)کان، وە دژایەتیکەرانیان پێیان دەڵێن (حشوية وغثاء) ڕەشۆکی و کەفی سەر دەریاکان، چەندەها ناو و ناتۆرەی درۆی تریان لێدەنێن.

(الشاطبي) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** فَإِنَّهُمْ ذَمُّوا مَنْ مَدَحَهُ اللهُ وَرَسُولُهُ وَاتَّفَقَ السَّلَفُ الصَّالِحُ عَلَى مَدْحِهِمْ وَالثَّنَاءِ عَلَيْهِمْ، وَمَدَحُوا مَنِ اتَّفَقَ السَّلَفُ الصَّالِحُ عَلَى ذَمِّهِ كَعَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ مُلْجِمٍ قَاتِلِ عَلِيٍّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ[2].

واتە: یەکێك لە نیشانەکانی بیدعەکاران قسە و تانەدانە لەو کەسانەی کە خوا و پێغەمبەر و هاوەڵان و تابعین کۆدەنگن لە وەسف و پلە و پێگەی دینییان، وە یەکێکی تر لە نیشانەیان وەسفکردن و باش باسکردنی ئەوانەیە کە کۆدەنگی هاوەڵان و تابعینیان لەسەرە لە زەم و خراپەیان، وەکوو بکوژی ئیمامی (علي كورِی أبو طالب)، بەڵکوو بەوەشەوە نەوەستاون ناونیشان و سەردێڕی بەناو زانستییان بۆ وەسفی خۆیان و کەم سەیرکردنی هاوەڵان داناوە، وەکوو سەردێڕی: «طَرِيقَةَ السَّلَفِ أَسْلَمُ، وَطَرِيقَةَ الْخَلَفِ أَعْلَمُ وَأَحْكَمُ»[3]. واتە بەرنامەی زانایانی (سلف) هۆکاری سەلامەتییە، بەڵام ڕێگە و بەرنامەی زانایانی (خلف) پڕ زانستی و تۆکمەییە.

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣٣/ ١٧١).

(٢) "الاعتصام" للشاطبي (٢/ ٧٤١).

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٨)، و "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ٣٧٨)، "لوامع الأنوار البهية" للسفاريني (١/ ٢٥)، و "فتح رب البرية" للعثيمين ص٢٤.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَإِنَّ هَؤُلَاءِ الْمُبْتَدِعِينَ الَّذِينَ يُفَضِّلُونَ طَرِيقَةَ الْخَلَفِ عَلَى طَرِيقَةِ السَّلَفِ: إنَّمَا أَتَوْا مِنْ حَيْثُ ظَنُّوا: أَنَّ طَرِيقَةَ السَّلَفِ هِيَ مُجَرَّدُ الْإِيمَانِ بِأَلْفَاظِ الْقُرْآنِ وَالْحَدِيثِ مِنْ غَيْرِ فِقْهٍ لِذَلِكَ، بِمَنْزِلَةِ الْأُمِّيِّينَ الَّذِينَ قَالَ اللهُ فِيهِمْ: ﴿وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِيَّ﴾ [البَقَرَة : ٧٨]. وَأَنَّ طَرِيقَةَ الْخَلَفِ هِيَ اسْتِخْرَاجُ مَعَانِي النُّصُوصِ الْمَصْرُوفَةِ عَنْ حَقَائِقِهَا بِأَنْوَاعِ الْمَجَازَاتِ وَغَرَائِبِ اللُّغَاتِ. فَهَذَا الظَّنُّ الْفَاسِدُ أَوْجَبَ تِلْكَ الْمَقَالَةَ الَّتِي مَضْمُونُهَا نَبْذُ الْإِسْلَامِ وَرَاءَ الظَّهْرِ، وَقَدْ كَذَبُوا عَلَى طَرِيقَةِ السَّلَفِ، وَضَلُّوا فِي تَصْوِيبِ طَرِيقَةِ الْخَلَفِ؛ فَجَمَعُوا بَيْنَ الْجَهْلِ بِطَرِيقَةِ السَّلَفِ فِي الْكَذِبِ عَلَيْهِمْ. وَبَيْنَ الْجَهْلِ وَالضَّلَالِ بِتَصْوِيبِ طَرِيقَةِ الْخَلَفِ[1].

واتە: هۆکاری ئەوەی ئەم بیدعەکارانە پلە و پێگە و بەرنامەی (خلف) پلەدار و وەسف دەکەن بەسەر پێگە و بەرنامەی (سلف)دا ئەوەیە کە گومان وا دەبەن ڕێگەی (سلف) و هاوەڵان بەس ئیمانهێنانە بە دەقەکانی قورئان و فەرموودە بەبێ تێگەیشتن لێی، وەکوو کەسانی نەخوێندەوارن هیچ لە خوێندن و عیلم و زانستەکان نازانن بێجگە لە کەم و کورتییەك نەبێت، هەروەك چۆن خوای پەروەردگار باسی نەزانەکان دەکات دەفەرموێت: ﴿وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِيَّ﴾ [البَقَرَة : ٧٨]. بەڵام ناودارانی (خلف)ی ئەم ئومەتە کاریان وورددەکاری زانستییە لە دەقەکاندا و دۆزینەوەی ڕاستی و ئاماژەکانە بە جۆرەکانی (بلاغة) و نادیارەکانی (مجاز) بە ڕێگەی دارشتنە شاراوەکان لە زمانەوانیدا، ئەم گومانە هەڵانەیە کە ئەو قسانەیان دروستکردووە، هەموو مەبەست و ناوەڕۆکەکەشیان پشتگوێ خستنی ئیسلامی ڕاستەقینەیە، درۆ دەکەن بەدەم ڕێبازی (سلف)ەوە، وە گومڕاشن بە بژاردە و بەڕاست دانانی ڕێگای (خلف)، لە خۆیاندا دوو شتیان کۆکردووەتەوە کە درۆ و نەزانینە بەسەر هاوەڵان و (سلف) و گومڕایی و نەشارەزاییە بەسەر (خلف)دا.

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٩)، و "الفتوى الحموية الكبرى" لابن تيمية ص١٨٨، ١٨٩.

هەموو ئەم تۆمەتانە بێبنەما و هەڵبەستراون لە ڕاستیدا، وەکوو (ابن تيمية) ڕَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: مِنْ الْمُحَالِ أَيْضًا أَنْ تَكُونَ الْقُرُونُ الْفَاضِلَةُ ... كَانُوا غَيْرَ عَالِمِينَ وَغَيْرَ قَائِلِينَ فِي هَذَا الْبَابِ بِالْحَقِّ الْمُبِينِ لِأَنَّ ضِدَّ ذَلِكَ إمَّا عَدَمُ الْعِلْمِ وَالْقَوْلِ وَإِمَّا اعْتِقَادُ نَقِيضِ الْحَقِّ وَقَوْلِ خِلَافِ الصِّدْقِ. وَكِلَاهُمَا مُمْتَنِعٌ[1]. **واتە کارێکی ئەستەمە ئەو سێ سەدەیەی کە سەرەتاکەی پێغەمبەرایەتی تیادا بووە نەشارەزا بووبێتن و هیچ گوفتار و شیکارێکی دینییان نەبووبێت، کەواتە وا گومان دەبرێت هاوەڵان یا دەبێت عیلم و زانستیان نەبووبێت یاخود دەبێت هەڵگری پێچەوانەی ئەو بەرنامە حەقەی دین قسە و باس و هەڵوێستیان بووبێت، ئەم دوانەش بۆخۆیان پێچەوانەی ڕاستییەکانە و دەبێت هیچێك لەم دوانە بوونیان نەبووبێت، لەبەرئەوەی هاوەڵان خاوەنی عیلم و دین و بانگەوازی و گەیاندن بوون، وە هەرکەسێك بەدواداچوونێکی زانستی بکات دەگاتە ئەو ئەنجامەی:** مَنْ آتَاهُ اللهُ عِلْمًا وَإِيمَانًا؛ عَلِمَ أَنَّهُ لَا يَكُونُ عِنْدَ الْمُتَأَخِّرِينَ مِنْ التَّحْقِيقِ إلَّا مَا هُوَ دُونَ تَحْقِيقِ السَّلَفِ لَا فِي الْعِلْمِ وَلَا فِي الْعَمَلِ وَمَنْ كَانَ لَهُ خِبْرَةٌ بِالنَّظَرِيَّاتِ وَالْعَقْلِيَّاتِ وبالعمليات عَلِمَ أَنَّ مَذْهَبَ الصَّحَابَةِ دَائِمًا أَرْجَحُ مِنْ قَوْلِ مَنْ بَعْدَهُمْ[2]. **ئەوەی خوای پەروەردگار زانست و ئیمانی پێدابێت دەزانێت لای زانایانی ئەم دواییە وورەکاری و تێڕوانینی عیلمییان لە خواروی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیانەوەیە، ئەوەی وورەکار بێت لە بابەتە عەقڵی و تێڕوانین و کرداریەکاندا؛ بۆی دەردەکەوێت کە ڕێڕەوی هاوەڵان بە بەردەوامی ڕێگەی ڕاست و دروستە لە هەموو بوارەکاندا لەچاو ئەوانەی دوای خۆیان.**

(ابن تيمية) ڕَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَهَذَا هُوَ لِلْمُسْلِمِينَ بِالنِّسْبَةِ إلَى سَائِرِ الْأُمَمِ وَلِأَهْلِ السُّنَّةِ وَالْحَدِيثِ بِالنِّسْبَةِ إلَى سَائِرِ الْمِلَلِ ... وَذَلِكَ لِأَنَّ اعْتِقَادَ الْحَقِّ الثَّابِتِ يُقَوِّي الْإِدْرَاكَ وَيُصَحِّحُهُ، قَالَ تَعَالَى: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدٗى﴾ [مُحَمَّد: ١٧]، وَقَالَ: ﴿وَلَوۡ أَنَّهُمۡ فَعَلُواْ مَا يُوعَظُونَ بِهِۦ لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ وَأَشَدَّ تَثۡبِيتٗا ٦٦﴾ [النِّسَاء: ٦٦][3].

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٧، ٨).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٧/ ٤٣٦)، و "الإيمان" لابن تيمية ص٣٣٩.

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ١٠).

واتە: ئەو لەخۆگری حەق و کاملّییە بەخشراوە بە موسولّمانان و نەبەخشراوە بە گەلان و ئایینەکانی تر، هەر بەو شێوەیەش ئەو لەخۆگری حەق و کاملّییە بەخشراوە بە ئەهلی سوننەت، نەبەخشراوە بە فیرەق و گومڕایانی ناو بازنەی ئیسلام، لەبەرئەوەی بیروڕای حەقی ڕاست و دروستە کە دەرکپێکردن و تێڕوانینەکان بەهێز و زیادی دەکات، وەکوو خوای گەورە جَلَّ وَعَلَا دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدٗى﴾ [مُحَمَّد: ١٧]. ئەوانەی هیدایەتیان وەرگرتووە و هیدایەت و چاوڕۆشنی زیاتریان پێدەبەخشین، وە دەفەرموێت: ﴿وَلَوۡ أَنَّهُمۡ فَعَلُواْ مَا يُوعَظُونَ بِهِۦ لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ وَأَشَدَّ تَثۡبِيتٗا ٦٦﴾ [النِّسَآء: ٦٦]. خۆ ئەگەر گوێڕایەڵمان بن ئەوە خێرتر و باشترە بۆیان و هۆکاری پێداکوتین و جێگیری تەواویانە لەسەر حەق.

بیدعەکاران هەر بەوەشەوە نەوەستاون بانگەشەی ئەوە بکەن کە هەر خۆیان خاوەن (تحقیق) و زانستی وورد و تێگەیشتنی قوولّ بن لە دینداء بەڵکوو ناونیشانی گەورە و ڕەسەنیان لەخۆیان ناوە بۆ چاوبەسکردنی لایەنگرانیان، وە بۆ ناشرینکردنی ئەهلی سوننەتیش ناونیشانی ناشرینیان لێناون، وەکوو[1]:

خەوارجەکان خۆیان پێگەدار دەکەن بە (المؤمنون) ئیمانداران و شوێن و لانەیان ناودەبەن بە (دار الإسلام والهجرة) و بەرامبەرەکانیان کە ئەهلی سوننەتن بە (مرتد، کفار) و شوێنیان بە (دار الحرب) ناودەبەن، وە هەروەها ڕافیزە و شیعەکان خۆیان پێگەدار دەکەن بە (المؤمنون) ئیمانداران و ئەهلی سوننەت بە (الجمهور) خەڵکی گشتی و نەزان، وە خۆیان بە میراتگر و لایەنگری (آل البیت)ی پێغەمبەر و نەوەکانی دەزانن.

وە (معتزلة وجهمية)کان خۆیان بە (موحد) دەزانن و هەرچی (تعطیل) و باوەڕنەبوون هەیە بە ناو و سیفاتەکانی خوا و غەیبییەکان بە (توحید) ناودەبەن، وە ئەهلی سوننەتیش لە ئەنجامی باوەڕیان بە ناو و سیفات و غەیبییەکانە ناودەبەن بە (تجسیم والمشبهة)کان، واتە هاوشێوەکاری خوا بە (مخلوقات).

هەموو ئەمانە یەکێك لە بەرنامەکانیان کاریان دەرچوون و هەڵگەڕاوەنەوە بووە لە دەسەڵات و خەلافەتی ئیسلامی لەژێر ناونیشانی (الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر).

(١) "دراسات في أهل الأهواء والفرق والبدع" لناصر العقل ص٤٦٦.

کاری (تصوف) و سۆفییەکانیش هەرچی لە (الحلول والإتحاد والشركيات) هەیە ناوی دەبەن بە حەقیقەت و عیرفان و گەیشتن بە ئەوپەڕی یەقین و خالّی کۆتایی و کاملّبوونی ئیمان.

هەرچی (القدرية)کانیشە باوەڕنەبوون بە (القضاء والقدر) ناودەبەن بە دادپەروەری (العدل).

هاوشێوەکانیان لە (الأشعرية والماتريدية)کانیش باوەڕیان بە هەندێك سیفات هەیە و باوەڕیان بە باقیەکەی تری نییە، وە هەڵگری بیروڕای (الجبرية)کانن لە قەدەردا و (تأويل)کردنیش بەناوی (تفسير)ەوە، وە باوەڕبوون بەوەی خوا لە هەموو شوێنێکە، وە (تعطيل) و لەکارخستنی سیفات و (أفعال الإختيارية)کانی خوا لە هاتنی بۆ ئاسمانی دونیا و لێپرسینەوەی خەڵکی، وە (تحريف)کردنی هەموو دەقە غەیبییەکان، ئەمانە ناودەبەن بە بەرنامە و مەنهەجی (أهل السنة)، وە ناوبردنی ئەهلی سوننەت بە (مجسمة، مشبهة، حشوية).

وە (الفلاسفة والباطنية) فەیلەسووفەکانی ناو بازنەی ئیسلام و فیرەقە (باطنية)کان لە شیعە و ئیسماعیلی و بابی و بەهائی و قەرامیتەکانی دەوڵەتی فاطمیةکانی میسر و بووەیهییەکانی (شرق) هەرچی (الإلحاد) و بیروڕای گومڕاییان هەیە لە باوەڕنەبوون بە دەقەکانی قورئان و سوننەت و پەیوەستنەبوون بە جێبەجێکردنی شەرعی خواوە ناوی دەبەن بە (حكمة ومعرفة، حقيقة)، وە هەموو شەرعی خوا ناودەبەن بە (ظواهر، تخييلات، وجهالات ...) ڕووکەش و خەیاڵییەکان و دەقە نادیارەکان.

هەموو ئەم لێشاوە لە شەڕ و جەنگ لەگەڵ ئەهلی سوننەت و پێشەوا سالّحەکانیان لە (السلف الصالح)دا بە هۆکاری پەیوەستبوون و لانەدانی ئەهلی سوننەتە لە قورئان و سوننەت، گەر نا هیچ شتێکیان لەگەڵ ئەواندا نییە بێجگە لە هۆکاری مەنهەج و بەرنامەیان نەبێت، ئەو هەموو تۆمەتی کەم و کورتی و ناتەواوی خستنەپاڵیان لە حەقیقەتدا هیچ بوونێکیان نییە و هەموویان هەڵبەستراون بە پاڵپشتی پڕ لە ڕق و کینە ئەنجامی دەدەن.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وهؤلاء النفاة هم كذابون: إما عمداً وإما خطأً: على الله وعلى رسوله، وعلى سلف الأمة وأئمتها، كما أنهم كذابون: إما عمداً وإما خطأً: على عقول الناس[1].

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ٣٧٩).

واتە: هەموو نکوولێکاران لە دەقەکان و ناوەرۆکیان درۆزنن، جا یا بە ئەنقەست یا بە هەڵە لەسەر فەرموودەکانی خوا و پێغەمبەری خوا و پێشووانی ئەم ئوممەتە لە هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان و زانایانی هەڵگری ئەو ڕێڕەوە، هەروەکوو چۆن درۆزنن و درۆ دەکەن بە ئەنقەست و بە هەڵە لەگەڵ عەقڵی خەڵکیدا.

نیشانەی بیدعەکاران ڕق هەڵگرتنە لە موسوڵمانان (الغل على المسلمين)، وەکوو ئیمامی (الأوزاعي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: مَا ابْتَدَعَ رَجُلٌ بِدْعَةً إِلَّا غَلَّ صَدْرُهُ عَلَى الْمُسْلِمِينَ[1]. واتە هەرکەسێك بیدعەیەك دابهێنێت ئەنجامەکەی ڕق هەڵگرتن دەبێت لە موسوڵمانان.

وە یەکێکی تر لە نیشانەکانیان ڕقلێبوونی تایبەت و سەرەکییانە لە زانایانی فەرموودە (المحدثين)، هەروەکوو بڵێیت خیناتێکی لەگەڵ کردبێتن.

وەکوو (أحمد بن سنان) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: لَيْسَ فِي الدُّنْيَا مُبْتَدِعٌ إِلَّا وَهُوَ يُبْغِضُ أَهْلَ الْحَدِيثِ، وَإِذَا ابْتَدَعَ الرَّجُلُ نُزِعَ حَلَاوَةُ الْحَدِيثِ مِنْ قَلْبِهِ[2]. واتە بیدعەکارێك نییە لە دونیادا ڕق و کینەی لە زانایانی فەرموودەناس نەبێت، هەرکەسێك بیدعەیەك بکات خوای پەروەردگار خۆشەویستی فەرموودە و سوننەت لە دڵیدا هەڵدەگرێت.

وە (أبو نصر أحمد بن سلام) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: لَيْسَ شَيْءٌ أَثْقَلَ عَلَى أَهْلِ الْإِلْحَادِ وَلَا أَبْغَضَ إِلَيْهِمْ مِنْ سَمَاعِ الْحَدِيثِ وَرِوَايَتِهِ بِإِسْنَادٍ[3]. واتە هیچ شتێك بە هێندەی گوێلێگرتنی فەرموودە و سەنەدی ڕیوایەتەکان قورس نییە لەسەر دڵی گومڕایان.

تەنانەت (عمرو بن عبيد) سەرکردەی (معتزلة)کان بە زانایانی ئەهلی سوننەت لە (أيوب

(١) "تأريخ الإسلام" للذهبي (٤/ ١٢٠)، و "ذم الكلام وأهله" للهروي (٩١٩)، و "الحجة في بيان المحجة" للأصبهاني (١/ ٣٣٠).

(٢) "تأريخ الإسلام" للذهبي (١٩/ ٤٥)، و "سير أعلام النبلاء" للذهبي (١٢/ ٢٤٥)، و "ذم الكلام وأهله" للهروي (٢٢٩)، و "الحجة في بيان المحجة" للأصبهاني (١/ ٢٢٠)، و "معرفة علوم الحديث" للحاكم ص٤، و "شرف أصحاب الحديث" للخطيب البغدادي ص٧٣، و "صون المنطق" للسيوطي ص٧٧.

(٣) "ذم الكلام وأهله" للهروي (٢٣١)، و "معرفة علوم الحديث" للحاكم ص٤، و "شرف أصحاب الحديث" للخطيب البغدادي ص٧٣، و "صون المنطق" للسيوطي ص٧٨.

ويونس وابن عون والتيمي) دەڵێت: أُولَئِكَ أَرْجَاسٌ أَنْجَاسٌ، أَمْوَاتٌ غَيْرُ أَحْيَاءٍ[١]. **ئەوانە پیس و پۆخڵ و مردوون، زیندوو نین.**

وە بە (عبد الله بن عمر)ی دەوت: كَانَ عَبْدُ اللهِ بْنُ عُمَرَ حَشْوِيًّا[٢]. **کەسێکی ڕەشۆکی و نەزانە.**

وە بە هاوەڵی بەڕێز (سمرة بن جندب) دەڵێت: قَبَّحَ اللهُ سَمُرَةَ[٣]. **واتە خوا بێزراو و ناشرینی بکات.**

وە بە هاوەڵانی دەوت: لَوْ شَهِدَ عِنْدِي عَلِيٌّ وَعُثْمَانُ وَطَلْحَةُ وَالزُّبَيْرُ عَلَى شِرَاكِ نَعْلٍ؛ مَا أَجْزَتُ شَهَادَتَهُمْ[٤]. **ئەگەر (علي کوڕی أبو طالب و عثمانی کوڕی عفان و طلحەی کوڕی عبید الله و زبیر بن عوام) شایەتی بدەن لەسەر پاژنە نەعلێك شایەتییان لێ وەرناگرم.**

وە تەنانەت ناودارانی (خلف، متأخرین)ی ئەم دواییە ڕێبازی ڕێگەی حەق و زانستی تەواوی دینی لە ئەهلی سونەتدا نابینەوە، بەڵکوو لە فیرقە گومڕاکاندا دەیبینەوە، وەکوو (محمد الغزالي)یان دەڵێت: أصناف الطالبين عندي في أربع فرق:

١. المتكلمون.

٢. الباطنية.

٣. الفلاسفة.

---

(١) "الإعتصام" للشاطبي (١/ ١٥٨)، و "تأويل مختلف الحديث" لابن قتيبة ص١٤٠، و "الضعفاء الكبير" للعقيلي (٣/ ٢٨٤)، و "المجروحين من المحدثين" لابن حبان (١/ ٧٩)، و "ميزان الإعتدال" للذهبي (٣/ ٢٧٤)، و "تأريخ الإسلام" للذهبي (٩/ ٢٤٠).

(٢) "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٢/ ١٢٨)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٢/ ١٧٦)، و "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٢/ ٥٢٠)، و "شذرات الذهب" لابن العماد الحنبلي (١/ ٢١١)، و "معجم المناهي اللفظية" لبكر أبو زيد ص٢٢٨.

(٣) "الإعتصام" للشاطبي (١/ ١٥٨)، و "الضعفاء الكبير" للعقيلي (٣/ ٢٨٠)، و "المجروحين من المحدثين" لابن حبان (٢/ ٦٩)، و "تأريخ البغداد" للخطيب البغدادي (١٤/ ٦٣)، و "ميزان الاعتدال" للذهبي (٣/ ٢٧٤).

(٤) "الاعتصام" للشاطبي (١/ ١٥٨)، و "المنتظم" لابن الجوزي (٨/ ٦٢)، و "الكامل في ضعفاء" لابن عدي (٦/ ١٨٠)، و "تأريخ بغداد" للبغدادي (١٤/ ٧٧)، و "ميزان الاعتدال" للذهبي (٣/ ٢٧٥).

٤. الصوفية ... فقلت في نفسي: الحق لا يعدو هذه الأصناف الأربعة، فهؤلاء هم السالكون سبل طلب الحق[١].

واتە: ئەو كۆمەڵانەی لەلای من حەقیان لا دەستدەكەوێت و زانستی دینی لێیان دەرناچێت چوارن: ئەهلی عەقڵ و كەلامی فەلسەفی، (باطنية) فیرقە شیعەكان و ئەوانەی دەڵێن واتا و مەبەستی شاراوە هەیە لە دیندا، فەیلەسووفەكان بە گشتی، سۆفییەكان، ئەمانە ڕێڕەوی بەدەستهێنانی حەقیان لا دەستدەكەوێت.

وە تەنانەت (البغدادي) خاوەنی كتێبی "الفرق بين الفرق" دەڵێت: فَأَمَّا الْفِرْقَة الثَّالِثَة وَالسَّبْعُونَ (الناجية) فَهِيَ أهل السّنة وَالْجَمَاعَة من فريقى الرَّأْي والْحَدِيث[٢]. **واتە حەفتاو سێیەمین گرووپ (الفرقة الناجية) ئەهلی سوننەت و فەرموودەن، ئەهلی سوننەتیشی بە فیرەق و ڕاجیاوازەكان ناوبردووە، نەك بە تاكە لایەنی خاوەن حەق و بەرنامە.**

وە (الشهرستاني) خاوەنی كتێبی "الملل والنحل"[٣] ئەهلی سوننەتی لە ڕیزی (مشبهة)كاندا ناوبردووە.

ئەهلی سوننەتیش لە بەرامبەری ئەماندا ناونیشان و سیمای ناسینەوەی (منهج) پاك و هەڵگری ڕێڕەوی ئەهلی سوننەت و بەریبوون لە بیدعە و بیدعەكاران و گومڕایانیان داناوە بە خۆشەویستی و پەیوەستبوون بە باس و بەرنامەی هاوەڵان و تابعین و زانایانی چین بەدوای چینی ئەهلی سوننەتدا لە هەموو سەردەمێكدا.

هەروەك ئیمامی (البربهاري) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** إذا رأيت الرجل يحب أبا هريرة وأنس بن مالك وأسيد بن حضير، فاعلم أنه صاحب سنة إن شاء الله، وإذا رأيت الرجل يحب أيوب، وابن عون، ويونس بن عبيد، وعبد الله بن إدريس الأودي، والشعبي، ومالك بن مغول، ويزيد بن زريع، ومعاذ بن معاذ، ووهب بن جرير، وحماد بن سلمة، وحماد بن زيد، ومالك بن أنس،

---

(١) "المنقذ من الضلال" للغزالي ص١١٧.

(٢) "الفرق بين الفرق" للخطيب البغدادي ص١٩.

(٣) "الملل والنحل" للشهرستاني (١/ ١٠٣).

والأوزاعي، وزائدة بن قدامة، فاعلم أنه صاحب سنة، وإذا رأيت الرجل يحب الحجاج بن المنهال، وأحمد بن حنبل، وأحمد بن نصر، فاعلم أنه صاحب سنة إن شاء الله، إذا ذكرهم بخير، وقال بقولهم[١].

واتە: واتە ئەوەی هاوەڵانی وەکوو (أبو هريرة وأنس بن مالك ...)، وە لە تابعین (أيوب، يونس، الشعبي ...)، وە لە تابعی تابعین (أحمد بن حنبل وأحمد بن نصر والأوزاعي ...) ئەمانەی خۆشویست و ڕێبازەکانی ئەوانیان دەوتەوە و وەسف و باسیانی بە باشی کرد، ئەوە نیشانەی ئەهلی سونەتە.

بەدوای ئەوانیشدا (ابن تيمية وابن القيم ومحمد بن عبد الوهاب وابن باز والعثيمين والألباني وصالح الفوزان ...) تا دەگاتە زانایانی ئەم سەردەمە خۆشەویستی و پابەندبوون پێیانەوە نیشانەی ئەهلی سونەت و دژایەتی بیدعەکارانە، گومانی تێدا نییە هەموو شتێك بە نیشانە تایبەت و دیارەکانیدا دەناسرێتەوە، هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «آيَةُ الإِيمَانِ حُبُّ الأَنْصَارِ، وَآيَةُ النِّفَاقِ بُغْضُ الأَنْصَارِ»[٢].

واتە: نیشانەی ئیمانداری خۆشەویستی ئەهلی مەدینەیە (الأنصار)، وە نیشانەی دووڕوویی ڕقلێبوونی (الأنصار) و ئەهلی مەدینەیە.

ئەم سەردەمەش هەرچی لە گرووپ و حیزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکانە پێشەوا و ناودار و (مفتي) خۆیانیان هەیە هەڵگری ڕێڕەوی ئەوانن لە هەموو جۆرەکانی ڕێڕەوی (حركي وسياسي وعقلاني وجيهادي و مفكري ...)، گەورەترین کێشەش لەم گرووپ و تاقمانەدا کەوتنە ناو بیروڕا و بەرنامەی بیدعەکارانی کۆنە بە کورت و کوێر و نیوەناچڵ بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، لەلایەکی تریشەوە بێئاگایی و نەزانینی وورددەکاری تەواو بەسەر بەرنامەی حەقی ئەهلی سونەتدا کە تاکە ڕێڕەوی حەقە، تا وایان لێهاتووە خۆیان بۆ جیاناکرێتەوە لە شیعە و سۆفی و ئەشعەری و خەوارج و فەلسەفی ... .

---

(١) "شرح السنة" للبربهاري ص١١٦ - ١١٩.

(٢) رواه البخاري (١٧، ٣٧٨٤)، وأحمد في "المسند" (١٢٣١٦)، والبغوي في "شرح السنة" (٣٩٦٦)، والبيهقي في "الشعب" (١٤٢٣)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (١٦٤٥).

📖 **هەروەك (علي بن أبي طالب) رضي الله عنه دەڵێت:** (اعْرِفِ الْحَقَّ تَعْرِفْ أَهْلَهُ)[1]. **واتە حەق بناسە خاوەنەكانی دەناسیت.**

بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی بنەماکانی ئەهلی سونەت لە تەوحیددا



(١) "الحاوي الكبير" للماوردي (١٦/ ١١٤)، و "تفسير السمعاني" (١/ ٧٢)، و "تلبيس إبليس" لابن الجوزي ص٧٤، و "تفسير القرطبي" (١/ ٣٤٠).

بـــەشـــی چوارەم

سەرچاوە و بنەماکانی بیدعەکاران لە داڕشتنەکانی تەوحیددا

مصادر وقواعد أهل البدع في ألفاظ العقيدة ومصطلحاتها

یەکەم: سەرچاوەکانیان.

١. ژیری (العقل).

٢. فەلسەفە و ڕەوانبێژی یۆنانی (الفلسفة والمنطق).

٣. گەلان و دینەکان (الملل والديانات).

٤. کەشف و خەوبینینەکان (الكشف والمنام).

دووەم: بنەماکانیان.

١. پەیوەست نەبوون بە دەقە شەرعییەکان و داڕشتنەکانیانەوە (عدم الالتزام بالنصوص وألفاظها).

٢. بەکارهێنانی وشەی داهێنراو و کورت (استعمال الألفاظ البدعية و الألفاظ المجملة).

٣. پەیوەست نەبوون بە واتای زمانەوانی و بەکارهێنانەکانی (عدم التزام معاني اللغة ودلالاتها).

٤. واتاگۆڕین و لادان و لەکارخستن (التحريف والتأويل والتعطيل).

٥. بەڵگەکاری بە دەقە هاوشێوەکان (الاستدلال بالمتشابه من النصوص).

٦. ڕەخنە و پەراوێزکردنی بەرنامەی پێشینە سالّحەکان (القدح وهجر منهج السلف الصالح).

يەكەم: سەرچاوەكانی بيدعەكاران لە تەوحيددا

سەرچاوەی يەكەمی بيدعەكاران: ژيری (العقل).

هەروەك لەمەوپێش باسی سەرچاوەكانی ئەهلی سوننەتمان كرد كە تاكە رێگای ناسينی حەق و دينی خوايە، لە بەرامبەريشدا رێگەی بەتاڵ و شەڕ دەبێت خاوەنی سەرچاوە و رێگە و بنەمای خۆيان بن، لەبەرئەوە سوننەتی خوا وايە هەر لە دروستكردنی ئادەم و تاقيكردنەوەكەی ئيبليسەوە ئەم كێشمەكێش و شەڕە لە نێوان حەق و بەتاڵدا هەيە تا رۆژی دوايی و پەروەردگار يەكلای دەكاتەوە.

هەموو بيروڕايەك بۆخۆی رێگايە و هەموو رێگايەكيش لەخۆگری بەرنامەڕێژييە، وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: ومثل هذا القانون الذي وضعه هؤلاء يضع كل فريق لأنفسهم قانوناً فيما جاءت به الأنبياء عن الله، فيجعلون الأصل الذي يعتقدونه ويعتمدونه هو ما ظنوا أن عقولهم عرفته، ويجعلون ما جاءت به الأنبياء تبعاً له، فما وافق قانونهم قبلوه، وما خالفه لم يتبعوه[1]. **واتە: هاوشێوەی ياسا و قانونەكەی (فخر الدين الرازي) لە عەقڵ كردنە بەڵگە هەموو فيرەق و گرووپێك ياسا و قانونی تايبەتی دارێژراوی خۆيان هەيە كە وەحی و پەيامی خوای پێ پێوانە دەكەن، ئەم ياسا و بەرنامەڕێژيەيان لای ئەوان بنەما و ئەسڵ و بناغەيەكی تەواوی دەركپێكراوی عەقڵييە و بە هيچ جۆرێك قابيلی دەرچوون نييە لێی، لە بەرامبەريشدا دەبێت پەيامی خوا و پێغەمبەران پاشگر و شوێنكەوتەی بن، ئەوەی گونجا لەگەڵيدا وەريدەگرن، وە ئەوەی نەگونجا وەری ناگرن.**

كەواتە سەرچاوەی سەرەكی و پلە يەكەمی هەموو گومڕايان هەر لە ئيبليسەوە تاوەكوو ئێستا بەس عەقڵ و تێڕوانينە بيركردنەوە عەقڵييەكان بووە، بۆيە سنووری جياكەرەوە و ديارىكراو لە نێوان وەحی خوايی و گومڕاكارانی دژ بە دين بەس عەقڵ و بنەماكانيەتی.

هەروەك ئيمام (أبو القاسم التيمي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَاعْلَم: أَن فصل مَا بَيْننَا وَبَين المبتدعة هُوَ مَسْأَلَة الْعقل فإِنهم أسسوا دينهم عَلَى الْمَعْقُول، وَجعلُوا الِاتِّبَاع والمأثور تبعا للمعقول، وَأما

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٦).

أهل السّنة؛ قَالُوا: الأَصْل فِي الدّين الِاتِّبَاع والمعقول تبع، وَلَو كَانَ أساس الدّين عَلَى الْمَعْقُول لَا ستغنى الْخلق عَنِ الْوَحْي، وَعَن الْأَنْبِيَاء، ولبطل معنى الْأَمر وَالنَّهْي، ولقال من شَاءَ مَا شَاءَ، وَلَو كَانَ الدّين بني عَلَى الْمَعْقُول لجَاز للْمُؤْمِنين أَن لَا يقبلُوا شَيْئا حَتَّى يعقلوا[1].

واتە: جیاوازی نێوان ئەهلی سوننەت و بیدعەکاران بابەتی عەقڵە، ئەوان دینیان بنیاد ناوە لەسەر عەقڵ، وە دەقە شەرعییەکانیان کردووەتە شوێنکەوتەیان، بەڵام ئەهلی سوننەت بنەمایان دین و دەقە شەرعییەکانە و عەقڵ شوێنکەوتەی دەقەکانە، خۆ ئەگەر بنەمای دین تێڕوانینە عەقڵییەکان بوایە ئەوا خەڵکی پێویستیان بە وەحی و پێغەمبەران نەدەبوو و فەرمانە شەرعییەکانیش بەتاڵ دەبوونەوە، وە ئەوەی خاوەنەکەی دەیوت دەوترا، خۆ ئەگەر دین بنیاد بنرێت لەسەر عەقڵ ئەوا دەبێت ئیماندارانی هیچ شتێك وەرنەگرن تاوەکوو عەقڵ پشتیوانی لێ نەکات.

بیدعەکاران هەر بەوەوە نەوەستاون کە عەقڵ و بنەماکانی دەبێت شوێنی دڵنیایی بن، بەڵکوو باوەڕیان وایە قورئان و سوننەت لەخۆگری دڵنیایی و بەڵگە عەقڵییەکان نین، تاوەکوو ببێتە هۆکاری یەکلاکاری و هیدایەت، بەڵکوو لە بازنەی گومان و دوودڵیدا بەردەوام خۆیان دەبینەوە، لەبەرئەوە پەنایان بردووەتە بەر داهێنانی پێشەکی و یاسا و بەڵگە عەقڵییەکان تاوەکوو حاکم بێت بەسەریانەوە.

وە (**الغزالي**) **دەڵێت**: كُلُّ مَا دَلَّ الْعَقْلُ فِيهِ عَلَى أَحَدِ الْجَانِبَيْنِ فَلَيْسَ لِلتَّعَارُضِ فِيهِ مَجَالٌ إِذْ الْأَدِلَّةُ الْعَقْلِيَّةُ يَسْتَحِيلُ نَسْخُهَا، وَتَكَاذُبُهَا، فَإِنْ وَرَدَ دَلِيلٌ سَمْعِيٌّ عَلَى خِلَافِ الْعَقْلِ فَإِمَّا أَنْ لَا يَكُونَ مُتَوَاتِرًا فَيُعْلَمُ أَنَّهُ غَيْرُ صَحِيحٍ، وَإِمَّا أَنْ يَكُونَ مُتَوَاتِرًا، فَيَكُونَ مُؤَوَّلًا، وَلَا يَكُونَ مُتَعَارِضًا، وَأَمَّا نَصٌّ مُتَوَاتِرٌ لَا يَحْتَمِلُ الْخَطَأَ، وَالتَّأْوِيلَ، وَهُوَ عَلَى خِلَافِ دَلِيلِ الْعَقْلِ فَذَلِكَ مُحَالٌ؛ لِأَنَّ دَلِيلَ الْعَقْلِ لَا يَقْبَلُ النَّسْخَ، وَالْبُطْلَانَ[2].

واتە: ئەگەر عەقڵ بەڵگە بێت لەسەر لایەك، ئەوا دەبێت لایەکەی تری هەڵگری پێچەوانەیەتی و دژایەتی نەبێت، لەبەرئەوەی ئەستەمە بەڵگە عەقڵییەکان بسڕینەوە و لەخۆگری

(١) "الحجة في بيان المحجة وشرح عقيدة أهل السنة" لأبو القاسم التيمي (١/ ٢٤٧)، و "الألفاظ والمصطلحات المتعلقة بتوحيد الربوبية" لآمال بنت عبد العزيز العمرو ص٩٣.

(٢) "المستصفى" للغزالي ص٢٥٢.

بەدرۆخستنەوەی یەکێکی نین، ئەگەر بەڵگە شەرعییەکە پێچەوانەی عەقڵ بێت، ئەوا لەو کاتەدا دەقەکان دەشێت پلەی (متواتر) لەخۆ نەگرن، بەوەش یەکسەر دەزانرێت بەڵگەکە (صحیح) و ڕاست نییە، واتە عەقڵییەکە لەخۆگری ڕاستییە، وە ئەگەر بەڵگەکە (متواتر) بێت پێچەوانەی عەقڵ بێت ئەوا لەم کاتەدا دەبێت بەڵگەکە (تأویل) و واتا و مەبەست گۆڕینی بۆ بکرێت تاوەکوو لەگەڵ عەقڵدا بگونجێت، خۆ ئەگەر دەقە شەرعییەکە (متواتر) بوو وە هەڵە و (تأویل)ی لەخۆنەگرت و لە هەمان کاتدا پێچەوانەی عەقڵ بوو، ئەم حاڵەتە ئەستەمە بوونی، لەبەرئەوەی بەڵگە عەقڵییەکان قابیلی سڕینەوە و کارپێنەکردن و لەخۆگری بەتاڵ نین.

باشە دەبێت لەلای (الغزالي) رَحِمَهُ اللَّهُ لە عەقڵ (طاغوت)تر و یاخیبووتر چی بێت لەژێر باری جێبەجێکاری فەرمانەکانی خوادا؟! هەر دەبێت (لات وعزة ومناة وهبل ...) تاغوت بن کاتێك خەڵکیان یاخی کرد! هەروەك (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ باسی چوار (طاغوت)ەکە دەکات و دەڵێت: الطواغيت الأربع ... المجاز، الآحاد، الظنية الدلالة، تقديم العقل[1]. چوار یاخیبووەکە یەکێك لەوانە پێشخستنی عەقڵە.

بەڵکوو (فخر الدين الرازي) رَحِمَهُ اللَّهُ یەکەم کەس بوو ئەم بابەتەی کردە یاسا و بنەما بۆ تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ دیندا، ئەمەش دەقی یاسا و بنەماکەیەتی کە دەڵێت: اعلم أن الدلائل القطعية العقلية إذا قامت على ثبوت شيء، ثم وجدنا أدلة نقلية يشعر ظاهرها بخلاف ذلك، فههنا لا يخلو الحال من أحد أمور أربعة:

- إمّا أن نصدق بمقتضى العقل والنقل، فيلزم تصديق النقيضين وهو محال.
- وإمّا أن نبطلهما فيلزم تكذيب النقيضين وهو محال.
- وإمّا أن نكذب الظواهر النقلية، ونصدق القواطع العقلية.
- وإمّا أن نصدق الظواهر النقلية، ونكذّب القواطع العقلية، وذلك باطل.

لأنه لا يمكننا أن نعرف صحة الظواهر النقلية، إلا إذا عرفنا بالدلائل العقلية ... فثبت أن القدح في العقل لتصحيح النقل يفضي إلى القدح في العقل والنقل معًا، وإنه باطل، ولما بطلت

(١) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٢/ ٦٣٢).

الأقسام الأربعة، لم يبق إلا أن نقطع بمقتضى الدلائل العقلية القاطعة بأن هذا الدلائل النقلية إما أن يقال أنها غير صحيحة، أو يقال إنها صحيحة، إلا أن المراد منها غير ظواهرها، ثم إن جوزنا التأويل اشتغلنا على سبيل التبرع بذكر تلك التأويلات على التفصيل، وإن لم يجوزوا التأويل فوضنا العلم بها إلى الله تعالى، فهذا هو القانون الكلي المرجوع إليه في جميع المتشابهات[1].

واتە: ئەگەر بەڵگە عەقڵییەکان سەلمێنەری بابەتێك بن، وە ئەو بابەتە لە ڕوانگەی دەقە شەرعییەکانەوە پێچەوانەی عەقڵ بێت، ئەوا لە چوار حاڵەت بەدەر نییە:

یەکەم: **دەبێت باوەڕ بە عەقڵ و نەقڵ بکەین، هەردووکیان لە کاتێکدا پێچەوانەی یەکترین، ئەمەش نابێت لەبەر کۆکردنەوەی دوو دژبەیەك کە ئەستەمە شتی وا.**

دووەم: **یاخود دەبێت باوەڕ بە هیچیان نەکەین، نە عەقڵ نە نەقڵ، ئەمەش بەدرۆخستنەوەی هەردووکیانە، بۆخۆی ئەمەش ئەستەمە.**

سێیەم: **یاخود دەبێت باوەڕ بە داڕشتنی دەقە شەرعییەکان نەکەین و بەدرۆیان بخەینەوە، وە باوەڕ بە بەڵگە عەقڵییەکان بکەین.**

*** لێرەدا (ڕازی) هیچ لە بارەی ئەم خاڵەوە نالێت و بێدەنگە!**

چوارەم: **یاخود دەبێت باوەڕ بە دەقە شەرعییەکان بکەین و بەڵگە عەقڵییەکان بەدرۆ بخەینەوە، ئەمەش ناڕاست و بەتاڵە، لەبەرئەوەی ئێمە ڕاست و دروستی دەقە شەرعییەکان بە ڕێگەی عەقڵ دەزانین، ئەگەر عەقڵ تۆمەتبار بێت و قسەی لێ وەرنەگیرێت ئەوا نەقڵیشی بە هەمان شێوە لێ وەرناگیرێت.**

بەم شێوەیە سەلمێنرا گەر ڕەخنە لە عەقڵ بگیرێت بۆ ڕاستکردنەوەی نەقڵ، ئەوا عەقڵ و نەقڵ بەیەکەوە ڕەخنەلێگیراو و تۆمەتبار دەبن.

لە کاتێکدا ئەم چوار ڕێگەیە گەر نەسەلمێنراو و بەتاڵ دەرچوو، ئەوا هیچ ڕێگەیەك لە بەردەمماندا نامێنێت بێجگە لەوە نەبێت بە بەڵگەی عەقڵی دەبێت بیسەلمێنین کە ئەو دەقە

---

(١) "أساس التقديس" للرازي ص٢٢٠، و "محصل أفكار المتقدمين والمتأخرين" للرازي ص٥١، و "المطالب العالية" (٩/ ١١٦)، وه له "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٤)، و "القصيدة النونية" لابن القيم" ص٢١٧.

شەرعییانەی ناگونجێن و دژایەتی عەقڵ دەکەن لـەم حاڵەتانە بەدەر نین:

یەکەم: دەبێت ئەو بەڵگانە ڕاست و دروست (صحیح) نەبن لـە دیندا.

دووەم: یا دەبێت بڵێین (صحیح)ن بەڵام دارشتن و باسەکانی هەڵگری بەڵگەکاری نین بۆ ئەو مەبەستانە.

ئەوکات ئەگەر هات و باوەڕمان بە (تأویل) هەبوو، وە ڕێگەمان پێدا، **"کە (تاویل)یش لـە مەبەستی (سلف)دا واتە تەفسیری حەقیقی تەواو، وە لـە (متأخرین) واتە واتا گۆڕین، ئەمیش مەبەستی پێی (متأخرین)ە نەك (سلف)"** کەواتە ئەگەر ڕێگەمان بە (تأویل متأخرین) دا، ئەوا دەبێت بە شێوەی خۆبەخشی (تبرع) دەستبکەین بە واتاگۆڕین و گونجاندن بۆ دۆزینەوەی واتا و مەبەستی دەقەکان، وە ئەگەر باوەڕمان بە (تأویل) نەبوو، ئەوا پەنا دەبەینە بەر (تفویض) مەبەست پێی (واتا و مەبەستەکەی نازانین بەس خوا دەیزانێت)، **"واتە دەقە شەرعییەکان لـەم کاتەدا وشە و دارشتنێکی بێ ڕۆح و بێ ناوەڕۆکن، بوون و نەبوونیان وەکوو یەك وایە"** .

پاشان دەڵێت: ئەمەیە ئەو یاسا گشتییەی پێویستە بگەڕێینەوە سەری لـە کاتی دژایەتیکردنی عەقڵ و نەقڵدا.

(ابن الخطیب فخر الدین الرازي) دەڵێت: پێویستە بە ڕێگەی خۆبەخشی (سبیل التبرع) بکەوینە پینەکردنی دین و ئیمە تەواوکاری بین، وە دین هەتیوە و پێویستی بە سەرپەرشتیکار هەیە بەشێوەی خۆبەخشی بۆ پڕکردنەوەی ناتەواوییەکانی، کەواتە دین ناتەواو لـەکەدارە و نادیار و بێ مەبەستە وە هۆکاری هیدایەتدەر و شیفا و نوور ... نییە، بەڵکوو بوونی هۆکاری ئەرکە تا نەبوونی، وە ئەوە دەگەیەنێت (خالق) پێویستی بە (مخلوق)ە لـە دەربڕین و زانست و گەیاندنی مەبەستەکانیدا، ئەمە بۆخۆی پێناسەی مرۆڤی لاڵ و نەزان و بێ توانایە لـە گەیاندندا نەك (خالق)، ئەم پیاوەش خۆبەخشە و منەتکارە بەسەر دیندا لـەبەرئەوەی پینەکاری بۆ دەکات.

پاشان (الرازي) پەنا دەباتە بەر دوو ڕێگای گومڕایی (التأویل والتفویض)، کە هەردوو ڕێگاکە کاریان لـەکارخستنی بەڵگە شەرعییەکانە، یەکەمیان بە گۆڕینی مەبەستەکانیان و ئەوەی مەبەست و واتای نییە بیکەنە مەبەستی و بیسەپێنن بەسەر دەقەکەدا، ئەویتریش هەمان کارە و بەتاڵکەرەوەی دەقەکانە لـە هەموو مەبەست و واتاکانی، کەواتە دەبێت واتا و مەبەست لای

خوێنەر خۆی بێت، هەردوو جەمسەر کاریان بەتاڵکردنەوەی دینە و لەکارخستنیەتی بە ناڕاستەوخۆ، ئەمەش بەشێکە لە (الإلحاد) و بەرهەڵستکاری نەك تەسلیمبوون و شوێنکەوتەیی بۆی.

ئەمە یاسا و قانونەکانیانە بۆ تێگەیشتنی دین، بناغەی ئەم یاسایەش لەسەر ئەوە بنیادنراوە کە دەڵێن: الاستدلال بالسمعيات في المسائل الأصولية لا يمكن بحال لأن الاستدلال بها موقوف علي مقدمات ظنية، وعلى دفع المعارض العقلي، وإن العلم بانتفاء المعارض لا يمكن، إذ يجوز أن يكون في نفس الأمر دليل عقلي يناقض ما دل عليه القرآن، ولم يخطر ببال المستمع[١]. **بەڵگە شەرعییەکان لە بابەتی عەقیدەدا بە هیچ شێوەیەك ناکرێنە بەڵگە، لەبەرئەوەی کردنیانە بەڵگە لای ئەوان بە مەرج گیراوە لەسەر کۆمەڵێك ڕێگە و پێشەکی وەکوو:** مثل نقل اللغة والنحو والتصريف ونفي المجاز والإضمار والتخصيص[٢]. **دەبێت ڕێگری زمان و (نحو وصرف) و (مجاز) و مەبەستی شاراوە و تایبەتیکردن و ... ئەمانە لەخۆنەگرێت، لەدوای ئەمانەش دەبێت دژایەتی عەقڵی لەخۆنەگرێت، خۆ ئەگەر بە ڕووکەشیش دژایەتی عەقڵی لەخۆنەگرت، ئەوا هەر دەشێت دژایەتی و پێچەوانەیەتی عەقڵی لەخۆبگرێت لەلای کەسی خوێنەر ئەمە ئەگەرە کە تاوەکوو ئێستا دەرنەکەوتووە و بە خەیاڵی خوێنەریشدا نەهاتووە.**

کەواتە سەرەتا و کۆتایی مەبەستیان ئەوەیە کە بەڵگە شەرعییەکان گوماناوین و قابیلی بوونە بەڵگەییان نییە، بە هەر جۆرێك بێت شاییستەی پێشکەوتنیان نییە بەسەر عەقڵدا.

ئەم بەرنامەڕێژییە کە (أهل الكلام والمتكلمين) دایان ڕشتووە بۆ دەربازبوون لە دەقەکان، بە هەمان شێوەش (أهل التصوف) بەرنامەی خۆیان دارشتووە بۆ دەربازبوون لە دەقە شەرعییەکان وەکوو دەڵێن: وهذا الذي ذكره هذا في العقل ذكره طائفة أخرى في الكشف، كما ذكره أبو حامد في كتابه الإحياء في الفرق بين ما يتأول وما لا يتأول، وذكر أنه لا يستدل بالسمع على شيء من العلم الخبري، وإنما الإنسان يعرف الحق بنور إلهي يقذف في قلبه، ثم يعرض الوارد في

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٢١).

(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٢٢).

السمع عليه، فما وافق ما شاهدوه بنور اليقين قرروه، وما خالف أولوه[١]. **واته (أبو حامد الغزالي) دەڵێت: بەڵگە شەرعییەکان ناکرێنە بەڵگە لەسەر بابەتە عەقیدەیی و غەیبییەکان، بەڵکوو ئادەمیزاد حەق دەناسێتەوە بە ڕێگەی نوور و ڕووناکی خوایی کاتێك دەیخاتە دڵیەوە بەم ڕێگایانە (الكشف والوجد والذوق)، پاشان بەڵگە شەرعییەکان دەداتە بەر ئەو نوورە خواییە، ئەوەی گونجا لەگەڵ ئەو هەست و تێگەیشتن و نوورە یەقینییەدا ئەوا وەری دەگرێت و ئەوەشی نەگونجا دەبێت ڕێگەی واتاگۆڕین (تأويل)ی بۆ بدۆزرێتەوە.**

هەروەك لەم سەردەمەشدا ئەوەی لەگەڵ بەناو (العلم وطب وسياسة وتكنلوجيا ...) و فیکر سیاسەت و بیروبۆچوونی (مفكرون) نەگونجا ئەوا هەموارکردنەوە بە عەقڵ لەگەڵ بەڵگە شەرعییەکاندا دەکرێت، لەبەرئەوەی ناگونجێت لەگەڵ سەردەمدا.

لەسەر ئەو یاسا و قانونەی (الرازي) زانای پایەبەرزی ئەهلی سوننەت (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ هەستاوە بە ڕەتدانەوەی بە نووسینێکی تایبەت بەناوی "درء تعارض العقل والنقل" کە لە دە بەرگ پێکهاتووە، (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ ی قوتابیشی دەربارەی کتێبەکە دەڵێت: فإنه كتاب لم يطرق العالم له نظير في بابه، فإنه هدم فيه قواعد أَهل الباطل من أُسها فخرت عليهم سقوفه من فوقهم، وشيد فيه قواعد أَهل السنة والحديث وأحكمها ورفع أعلامها ... فجاءَ كتاباً لا يستغنى من نصح نفسه من أهل العلم عنه، فجزاه الله عز وجل عن أهل العلم والإيمان أفضل الجزاء، وجزى العلم والإيمان عنه كذلك[٢]. **واتە کتێبێکە کەس هاوشێوەی نەبینیوە لێی لە بابەتی خۆیدا، بەڕاستی بنەماکانی ئەهلی بەتاڵی تێدا ڕووخاندووە، بە شێوەیەك سەقف و سەربانی بەسەردا دارماندوون، وە بنەماکانی ئەهلی سوننەتی تیادا پتەو و بەرز و بڵند کردووە، کتێبێکی نووسیوە هیچ کەسێك بێ پێویست نابێت لێی گەر مەبەستی کاملی خۆی بێت لە زانستدا، خوای گەورە پاداشتی بداتەوە لەسەر ئەهلی عیلم و ئیمان بە باشترین پاداشت، وە پاداشتی عیلم و ئیمانیش بداتەوە لەسەری بە هەمان شێوە.**

---

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ٣٣٩، ٣٤٠)، و "إحياء علوم الدين" للغزالي (١/ ١٠٤).

(٢) "طريق الهجرتين وباب السعادتين" لابن القيم ص١٥٥.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ لەم کتێبەدا بە (٤٤) ڕێگەی پڕ زانستی وەڵامیان دەداتەوە، وە (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ لە نووسینێکی سەربەخۆدا بەناوی "الصواعق المرسلة" بە (١٧٣)[١] ڕووگەی تری ووردەکاری عیلمی و شیکاری بەرپەرچیان دەداتەوە، بەڵام ناتوانرێت لەم نووسینەدا کۆبکرێتەوە، ئەگەرچی (عثمان علي حسن) لە کتێبی "منهج الإستدلال على مسائل الإعتقاد"دا پێنج بڕگەی زانستی بەهێزی لێ کورت کردووەتەوە و ئێمەش بە باشی دەزانین ئەو پێنج بڕگەیە بخەینە ڕوو و بەس بێت بۆ ئەم بابەتە:

الوجه الأول: قانون المتكلمين مبني على مقدمات ثلاث:

الأولى: ثبوت تعارض الدليلين السمعي والعقلي.

الثانية: انحصار التقسيم فيما ذكروه من الأقسام الأربعة.

الثالثة: بطلان الأقسام الثلاثة، وتعين القسم الرابع، وهو تقديم الدليل العقلي.

والمقدمات الثلاث باطلة، وبيان ذلك ... [٢].

بڕگەی یەکەم: یاسای عەقڵانییەکان بنەماکراوە لەسەر سێ بەش:

بەشی یەکەم: سەلماندنی بوونی دژایەتی لە نێوان بەڵگەی شەرعی و عەقڵیدا.

بەشی دووەم: قۆرتکردنی ئەو بیرۆکەیە و دابەشکردنی بەتەنیا لە چوار بەشدا و هەڵنەگرتنی ڕێگە و بەشی تر.

بەشی سێیەم: بڕیاردان بەسەر ئەوەی سێ بەشی دەبێت ئەنجامی بەتاڵ بێت، تەنیا یەك بەشی بڕیاری کۆتایی بێت، ئەویش پێشخستنی عەقڵە بەسەر نەقڵدا.

لە ڕەتدانەوەیدا (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: ئەم سێ بڕگەیە هەرسێکی هەڵەیە و لەخۆگری بەتاڵە، بەم شێوەیە:

سەلماندنی دژایەتی لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا بە شێوەیەکی ڕەها و گشتی، ڕاست و واقیعی نییە و بڕیاردان لەم بارەیەوە و کردنە یاسایەکی بنەڕەتی تا بڵێی پڕ لە هەڵەیە، لەبەرئەوەی

(١) (علي حسن الأثري) ئەم کتێبەی (ابن القيم) "الصواعق المرسلة"ی کورت کردووەتەوە بۆ (٥٤) ڕووگەی بەهێز لە کتێبی "العقلانيون أفراخ المعتزلة العصريون" ص٨٤ – ١٦٧.

(٢) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٣٧٢، ٣٧٣).

عەقڵەکان جیاوازن و گومانیش لەسەر بوونی دژایەتی ڕێژەیی دەبێت، وە ئەو گومانەش دوو جۆرە (الظن الراجح والظن المرجوح) گومانی بەهێز و گومانی لاواز، کە یەکەمیان دەبێتە عیلم و زانست بۆ بابەتەکە وە دووەمیان بە هۆکاری ڕێژەی گومانی زۆر تیایدا دادەنرێت بە زانستێکی دوور بۆی، دەربارەی دوو جۆرەکەی گومانیش کە یەکەمیان زانستە (الراجح) و ئەویتریان لە گومان دەرناچێت (المرجوح) خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَاقٍ حِسَابِيَهْ ﴿٢٠﴾﴾ [الحَاقَّة: ٢٠]. لە قیامەتدا دەڵێت من گومانم برد قیامەت هەیە و دەگەمە لێپرسینەوەی خۆم، بەو شێوەیەش دەرچوو.

وە دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿٤٦﴾﴾ [البَقَرَة: ٤٦]. وەسفی ئیمانداران دەکات کە یەقینیان هەیە دەگەڕێنەوە بۆلای خوا.

بۆ دووەمیش (الظن المرجوح) خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ ۖ وَإِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغْنِى مِنَ ٱلْحَقِّ شَيْـًٔا ﴿٢٨﴾﴾ [النَّجم: ٢٨]. هیچ زانیارییەك بە بیناوەڕان نییە بێجگە لە شوێنکەوتەی گومان نەبێت، وە ئەو گومانانەش هیچ لە حەق زیاد ناکات.

بۆ هەردووجۆرەکەی گومانیش دەفەرموێت: ﴿إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ﴾ [الحُجُرَات: ١٢]. هەندێك لە گومان تاوانە، واتە نەك هەمووی لەبەرئەوەی زانستی تەواو بەسەر شتەکاندا بەس لای خوایە و ﴿عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ﴾ە، بەڵام لای ئادەمیزاد بەرزترین ئاستی زانست لە گومان دەرناچێت، واتە هەر پڕ لە وردەکاری نەزانین لەخۆدەگرێت.

زۆرجاریش گومانەکە بە هۆکاری کەسەکەوە دروستبووە، ئەشێت لای یەکێکی تر گومان نەبێت و زانستی باشی بەسەریدا هەبێت، بۆیە: مَا مِنَ الْأُمُورِ الظَّنِّيَّةِ أَوِ الْقَطْعِيَّةِ أَمْرٌ نِسْبِيٌّ يَخْتَلِفُ بِاخْتِلَافِ الْمُدْرِكِ الْمُسْتَدِلِّ، لَيْسَ هُوَ صِفَةً لِلدَّلِيلِ فِي نَفْسِهِ[1]. هەر بابەتێك بانگەوازی (قطعي وظني) بۆ بکرێت هەر بابەتێکی ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و سیفەتی خۆییەتی کەسەکەیە، نەك سیفەتی لەخۆگری زانستی بەڵگەکە بێت، بەڵگە لێرەدا هیچ تاوانێکی نییە، سەقەت و ناتەواوی کەسەکەیە ساغی دەکاتەوە بەسەر دەقەکەدا.

(١) "مختصر الصواعق المرسلة" لابن القيم، اختصره ابن الموصلي ص٦٠٤.

کەواتە دەبێت بگەینە ئەو ڕاستییەی (النقل الصحيح لا يخالف العقل الصريح) دەقێکی (صحيح) و تەواو پێچەوانەی عەقڵێکی ڕاست و دروستی بێ کاریگەری دەرەکی ناکات، بەڵام ئەگەر عەقڵ خۆی چلکن بێت ڕاستی بۆ وەرناگیرێت.

کەواتە بڕیار و بەیاساکردنی ئەوەی کە عەقڵ و هەڵسەنگاندنەکانی (قطعي) و یەکلاکەرەوە و متمانەیە بە شێوەیەکی ڕەها و گشتی؛ ئەوە هەڵەیە و ستەمە لە خودی خۆیدا، لەبەرئەوەی ئەو هەموو جیاوازیانەی سەر زەوی بە هۆکاری عەقڵە جیاوازەکانەوە بوون، کۆمەڵێك شتی زۆر لە بیروڕای نەوەکانی پێشوودا ئەفسانە بوون، کەچی ئێستا بووەتە متمانە و ڕاست و دروستی ژیان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی عەقڵ لەخۆگری پڕ لە گومان و دوودڵی و هەڵەیە.

بڕیار و بەیاساکردنی ئەوەی نەقڵ و دەقە شەرعییەکان (ظني) و لەخۆگری گومان و دوودڵییە بە شێوەیەکی ڕەها و گشتی، ئەمە ڕاست نییە و ستەمێکە لە ئاستیدا دەکرێت، بۆیە دەبینین زۆرێك لە بابەتەکانی (قصص، آداب وأخلاق، معاملات وأحكام ...) لە دەقە شەرعییەکاندا هەڵگری یەك واتا و مەبەستی دیاریکراون و قابیلی نکوولێکردن نییە و نابێت، وە ئەگەر ببێت ئەوا بەدرۆخستنەوەی ئەو ڕاستی و دروستانەیە کە نکوولێ لێ ناکرێت.

دەرئەنجام دەبێت بڵێین عیلم و زانست بەهێزترە تاوەکوو عەقڵ، لەبەرئەوەی ئەو هەموو عەقڵە هەیە و زانستی تیادا نییە، لەگەڵ بوونی ئەو هەموو زانستەشدا، بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ بۆ خاوەن عەقڵەکان، وەدەفەرموێت: ﴿لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ بەڵکوو عەقڵ بەکاربهێنن.

کەواتە عەقڵ واقیع و ڕاستی و دروستییەکەی بێهێزی و بێتواناییەکەیەتی، لەبەرئەوە هەندێك لە زانایان دەڵێن: لَا يُوصَفُ اللهُ بِكَوْنِهِ عَاقِلًا وَيُوصَفُ بِكَوْنِهِ عَالِمًا، فَدَلَّ أَنَّ الْعِلْمَ أَقْوَى مِن الْعَقْلِ[1].

واتە: خوای گەورە جَلَّ وَعَلَا وەسفی ناکرێت بەوەی عاقڵە و خاوەن عەقڵە، بەڵکوو وەسف دەکرێت بەوەی زانایە و خاوەن زانستە.

(١) "الحجة في بيان المحجة" للأصبهاني (٢/ ٥٤٥).

وە لەلایەکی تریشەوە دابەشکردنی ئەم هەڵسەندگاندنە بۆ چوار ڕووگەی سنووردار و نابێت لەو چوارە دەرچێت هەڵەیەکی زانستییە و خۆ بێئاگاکردنە لەو ڕاستیانەی تر.

سەرەتا (الرازي) تێکەڵکردنێکی سەیری کردووە، لەوانە: (الدليل السمعي والعقلي)، جیاکردنەوەی تەواو لە نێوان بەڵگەی شەرعی و عەقڵی بە شێوەیەك کە لە ڕاستیدا خودی خۆیان بەرامبەر یەك نین، ئەمە وەکوو باسمان کرد هەڵەیەکی زانستییە.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە وشەی (النقل والعقل) مەبەست پێی خودی دەقەکانە و ناوەڕۆکیانە، وە (القطعي والظني) سیفەتی بەهێزی و لاوازی واتا و مەبەستی دەقەکانە، ئەمەش بۆخۆی جیاوازییەکی یەکجار زۆرە لە نێوانیاندا، بۆیە دەبێت ئەگەر بەهێز بێت یاخود لاواز بێت نابێت جیاوازی دروستبکرێت لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا، بەڵکوو (قطعي) کامیان بوو بڕیاری لەسەر بدرێت وە (ظني)ش کامیان بوو بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەم تێکەڵکردنە بە جۆرێك لە فێڵ و ناپاکی نیەت دادەنرێت.

لەبەرئەوەی دەبێت بە ڕوون و ئاشکرا بڵێین (الدليل السمعي لا يكون قطعياً)[1]. بەڵگە شەرعییەکان گومانن و یەکلاکەرەوە نین و عەقڵییەکان (قطعي)ن و یەکلاکەرەوەن، ئەمەش بەتاڵ و درۆیە، یاخود دەبێت بڵێین پێویستە عەقڵ پێشکەوێت، نەك لەبەرئەوەی سیفەتی (قطعي) یا (ظني) لەخۆدەگرێت، بەڵکوو لەبەرئەوەی عەقڵییە (کە مەبەسی الرازي ئەمەیانە).

وە لە لایەکی تریشەوە قۆرخکردنی ئەو دابەشکردنە بۆ چوار بەشی دیاریکراو بەبێ بەشی تر هەڵەیەکی زانستییە، بەڵکوو دەبوایە ئاماژەی بۆ ئەم بەشانەش بکردایە[2]:

یەکەم: بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی کامیان (قطعي) بێت پێشدەخرێت، ئەگەر عەقڵی بێت یا شەرعی بێت.

دووەم: بەڵگەی هەڵە و نادروست لەبەرامبەر ڕاست و دروستدایە (فاسد وصحيح)، کەواتە دەبێت دروست و (صحيح) پێشبخرێت، ئیتر ئەگەر عەقڵی بێت یا شەرعی بێت.

سێیەم: بەڵگەی ئاشکرا و ڕوون لەبەرامبەر شاراوە و نادیاردایە (صريح ومبهم)، لەم کاتەدا بەڵگەی (صريح) و ئاشکراکە پێشدەخرێت بەسەر شاراوەکەدا.

---

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٣٧٤).

(٢) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٣٦٦).

ئەمانە چەند بەشێکی ترن لەو بەشانەی لە زانستی (أصول الفقه) باسیان هاتووە و عەقڵیش نکوولێ لێ ناکات، بەڵام ئەم خۆی لێ نەداوە.

کۆتا باسیشمان لەم بابەتەدا هەڵوەشاندنەوەی یاساکەی (الرازي)یە لە پێشخستنی عەقڵ بەسەر نەقڵدا و بەتاڵکردنەوەیەتی، کە هەڵەیەکی گەورەیە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین: لا نسلم انحصار القسمة فيما ذكرته من الأقسام الأربعة، إذ من الممكن أن يقال: يقدم العقلي تارة والسمعي أخري، فأيهما كان قطعياً قدم، وإن كانا جميعاً قطعيين، فيمتنع التعارض، وإن كانا ظنيين فالراجح هو المقدم ... بل هنا قسم ليس من هذه الأقسام، كما ذكرناه، بل هو الحق الذي لا ريب فيه[١].

واتە: یەکێك لەو بەشانەی باست نەکردووە لەو چوار بەشەدا ئەوەیە کە دەڵێین: دەبێت بەڵگەی عەقڵی هەندێك جار پێشبکەوێت، وە بەڵگەی شەرعیش هەندێك جار پێشبکەوێت، ئەویش کامیان (قطعي) بێت ئەوەیان پێشدەکەوێت، خۆ ئەگەر هەردوولا (قطعي) بن ئەوا ئەستەمە بوونی دژایەتی و پێچەوانەیەتی لە نێوانیاندا، وە ئەگەر هەردوولا (ظني) بن ئەوا بەهێز و بنەمادار (الراجح هو المقدم) پێشدەکەوێت، ئەم بەشەی باس نەکردووە و هەر ئەمەش حەقە و دەبوایە باسی بکردایە.

بڕگەی دووەم: لأن العقل أصل النقل، فلو قدمناه عليه كان ذلك قدحاً في العقل الذي هو أصل النقل ... فوجب تقديم العقل[٢]. **دەڵێن عەقڵ بنەمای وەرگرتنی نەقڵە، بۆیە بەڵگەی شەرعی نابێت پێشکەوێت بەسەر عەقڵدا، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆکاری لەکەدارکردن و ڕەخنە لەسەر عەقڵ، دەرئەنجام لەکەدارکردنی عەقڵ لەکەداریيە بۆ نەقڵ.**

وە بەو هۆکارەوە: فكان تقديم النقل قدحاً في النقل والعقل جميعاً[٣]. **دەڵێن: پێشخستنی نەقڵ دەبێتە ڕەخنە لەسەر عەقڵ و نەقڵ، لەم کاتەشدا هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نامێنێت.**

---

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٨٧).

(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٤).

(٣) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٤).

ئەمەش هەڵەیە، لەبەرئەوەی ئەگەر مەبەستت (أصل في ثبوت النقل) عەقڵ بنەما و بناغەیە بۆ سەلماندنی نەقڵ، ئەمە (لا يقوله عاقل)[١]. عاقڵ ئەمە نالێت، لەبەرئەوەی عەقڵ بزانێت و نەزانێت و دانی پێدابنێت و نەنێت هەر بەڵگە شەرعییەکان ڕاست و دروستن، بۆیە نەبوونی زانیاری بەڵگە نییە لەسەر نەبوون (عدم العلم ليس علماً بالعدم)، چەندەها شت و شوێن لە دونیادا هەیە و تۆ نایزانیت، چەندەها شتیش هەیە لە غەیبدا تۆ بیزانیت و نەیزانیت بوونی هەیە و لەسەر عەقڵی تۆ نەوەستاوە، چ جای بابەتە دینییەکان.

وە لە لایەکی تریشەوە: القدح في بعض العقليات ليس قدحًا في جميعها، كما أنه ليس القدح في بعض السمعيات قدحًا في جميعها، ولا يلزم من صحة بعض العقليات صحة جميعها[٢]. **ڕەخنە لە هەندێك بابەتی زانستی عەقڵی ڕەخنە نییە لەسەر هەمووی، هەروەکوو چۆن ڕەخنە لە هەندێك بابەتی شەرعی ڕەخنە نییە لەسەر هەمووی، وە مەرجیش نییە ڕاستی هەندێك بابەتی عەقڵی ڕاستی بێت بۆ هەمووی.**

ئەو بابەتە عەقڵیانەی کە سەلێنەری ڕاست و دروستی دینن نابێتە سەنگی مەحەك بۆ ڕاستی و دروستی هەموو بابەتە عەقڵییەکانی تر، ئیتر چ جای بەڕاست دانانی ئەو بابەتە عەقڵیانەی کە پێچەوانەی بەڵگە شەرعییەکانن!

بڕگەی سێیەم: (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** أن يقال: إذا تعارض الشرع والعقل وجب تقديم الشرع، لأن العقل مصدق للشرع في كل ما أخبر به، والشرع لم يصدق العقل في كل ما أخبر به، ولا العلم بصدقه موقوف على كل ما يخبر به العقل[٣].

واتە: دەتوانرێت بوترێت ئەگەر بەڵگە عەقڵییەکان و شەرعییەکان پێچەوانەی یەکتر بوون، پێویستە بەڵگە شەرعییەکان پێشبکەوێت، لەبەرئەوەی عەقڵ باوەڕی بە هەموو هەواڵەکانی شەرع هێناوە، بەڵام بەڵگە شەرعییەکان باوەڕیان بە هەموو هەواڵەکانی عەقڵ نەهێناوە.

---

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٨٧).

(٢) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (١/ ٣٧٥).

(٣) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ١٣٨).

بڕگەی چوارەم: (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** أن يعارض دليلهم بنظير ما قالوه، فيقال: إذا تعارض العقل والنقل وجب تقديم النقل، لأن الجمع بين المدلولين جمع بين النقيضين، ورفعهما رفع للنقيضين، وتقديم العقل ممتنع، لأن العقل قد دل علي صحة السمع ووجوب قبول ما أخبر به الرسول صلي الله عليه وسلم، فلو أبطلنا النقل لكنا قد أبطلنا دلالة العقل، وإذا أبطلنا دلالة العقل لم يصلح أن يكون معارضاً للنقل، لأن ما ليس بدليل لا يصلح لمعارضة شيء من الأشياء ... فصار تقديم العقل علي النقل قدحاً في العقل بانتفاء لوازمه ومدلوله[1].

واتە: دەتوانین بەڕەچیان بدەینەوە بە هاوشێوەی ئەو دابەشکاریانەی ئەوان، دەڵێین: ئەگەر عەقڵ و نەقڵ دژبەیەك بوون پێویستە نەقڵ پێشبکەوێت لەبەرئەوەی کۆکردنەوەی هەردوو بەڵگە عەقڵی و نەقڵییە دژبەیەکەکە، کۆکردنەوەی دوو دژبەیەکن، ئەمەش ئەستەمە.

بەدرۆخستنەوەی هەردووکیشیان کە دژبەیەك نین: بوون و سەلماندنی ئەمەش ئەستەمە.

وە نابێت بە هیچ شێوەیەك عەقڵ پێشبکەوێت و کاری پێبکەین، لەبەرئەوەی لە کاتێکدا کە عەقڵ بووەتە بەڵگە بۆ سەلماندنی ڕاست و دروستی نەقڵ؛ خۆئەگەر نەقڵ بەتاڵ بکەینەوە، ئەوا بەڵگەکاری عەقڵمان بەتاڵ کردووەتەوە، کەواتە ئەگەر بەڵگەکارییەکەی بەتاڵ بکەینەوە، ئەوا شیاو و شاییستە و توانای نییە دژایەتی نەقڵ بکات، لەبەرئەوەی ئەو شتەی بەڵگە نەبێت توانای بوونە بەڵگەشی نابێت، چۆن دەبێت عەقڵ دژایەتی شتێك بکات کە خۆی سەلێنەری ڕاستی و دروستییەکەیەتی؟! کەواتە ئەم دژایەتییەی عەقڵیش عەقڵ بە هەموو پێویستییەکانیەوە لە بەڵگەکاری دەخات، چ جای ئەوەی پێشکەوێت بەسەر نەقڵدا!

ئەمە لە ئەگەری دژایەتی نەقڵدا، گەر نا ئەو عەقڵەی بە ڕاستخەرەوەی نەقڵ بێت عەقڵێکی (صحیح) و ڕەوانە، بە هیچ شێوەیەك ئەوەی لێ ڕانابینیت دژایەتی نەقڵ بکات، وەکوو کەسێکی نەزان و نەخوێندەوار دان بە زانایی زانایەکدا بنێت و پاشان بکەوێتە ڕەخنەی زانستی لێی، ئەمە بوونی ئەستەمە نەك ئەگەری بوونی بکرێت.

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ١٧٠، ١٧١).

برگەی پێنجەم: (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أن يقال: المعارضون للكتاب والسنة بآرائهم لا يمكنهم أن يقولوا: إن كل واحد من الدليلين المتعارضين هو يقيني، وقد تناقضا على وجه لا يمكن الجمع بينهما، فإن هذا لا يقوله عاقل يفهم ما يقوله، ولكن نهاية ما يقولونه: إن الأدلة الشرعية لا تفيد اليقين، وإن ما ناقضها من الأدلة السمعية الشرعية ... أنها براهين قطعية ولهذا كان لازم قولهم والإلحاد والنفاق، والإعراض عما جاء به الرسول، ... كما قال تعالى: ﴿مَا يُجَٰدِلُ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَا يَغۡرُرۡكَ تَقَلُّبُهُمۡ فِي ٱلۡبِلَٰدِ ٤﴾ [غَافِر: ٤][1].

واتە: ئەوانەی کە دژایەتی قورئان و فەرمودە دەکەن بە بیروڕاکانیان ناتوانن ئەوە بسەلمێنن کە هەریەك لەو دوو بەڵگانەی دژبەیەکن (عقل ونقل) لە هەمان کاتیشدا لەخۆگری دڵنیایی تەواون واتە (قطعي)ن، ئەمەش وانییە، لەبەرئەوەی دەشێت لە ڕوویەك لە ڕووەکانەوە نەگونجێن و توانای یەکخستن و کۆکردنەوەیان نەبێت، لەبەرئەوە هەرکەسێك عاقڵ بێت و ئاگای لە قسەکانی بێت ئەوە نالێت کە دژبەیەکن و لە هەمان کاتیشدا دڵنیایین (قطعي)، لەبەرئەوەی دەشێت لە ڕوویەك یان چەند ڕوویەکەوە بگونجێن، بەڵام ئەوان مەبەستیان لەوەدایە کە بەڵگە شەرعییەکان دڵنیاییان تیادا نییە و بەڵگە عەقڵییەکان شوێنی دڵنیایی و یەکلاکەرەوەیە، بەڵام وەحی زانستی خوایە کامڵ و تەواوە لە هەموو ڕوویەکەوە، وە عەقڵیش زانستی ئادەمیزادە و پڕ لە ناتەواوی و کەم و کورتییە، چەند جیاوازی لە نێوان (خالق ومخلوق)دا هەیە ئەوەندەش زیاتر جیاوازی زانستی لە نێوانیاندا هەیە، بەڵکوو کۆتا قسەیان ئەوەیە بەڵگە شەرعییەکان هیچ دڵنیاییەك نادەن بەدەستەوە و بگرە لەخۆگریشی نین، وە ئەوەی کە بە عەقڵ و بەڵگەکاری عەقڵ دەیزانن ئەوە کۆتا یەقین و دڵنیایی، دەرئەنجام و پەیوەستی ئەم قسانەیان بێبڕوایی و دووڕوویی و پشتکردنە ئەو وەحییەی خوایە کە بە پێغەمبەرەکەیدا ﷺ ناردوویەتی، هەروەك چۆن موشریکەکان نەیاندەویست باوەڕ بە پێغەمبەرەکەی بێنن، دەیانوت ساحیر و شاعیرە، وە مەبەستیشیان بە حەقیقەتی سیحر و شیعر نەبوو کە پێغەمبەرەکەی لەخۆی گرتبێت، بەڵکوو بەس ڕەتدانەوە و پشتهەڵکردن بووە، ئەمانەش هەمان کار و قسەی بێبڕوایان دەکەن کاتێك بەرامبەر پێغەمبەران کردوویانە، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: ﴿مَا يُجَٰدِلُ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ [غَافِر: ٤]. دژایەتی و دووبەرەکایەتیکردنی

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٦/ ٣، ٤).

ئایاتەکانی خوا ناکرێت بێجگە لەلایەن بێبڕوایانەوە نەبێت.

سیما و کاری بیدعەکاران بە شێوەیەکی کورت[1]:

یەکەم: دەرکردنی بەڵگە عەقڵییەکان لە بەڵگە شەرعییەکان و پێدانی متمانە و توانای بەرامبەریەتی لەگەڵ بەڵگە شەرعییەکاندا.

دووەم: پێشخستنی بەڵگە عەقڵییەکان بە شێوەیەکی ڕەها و گشتی و بێ سنوور بەسەر نەقڵدا.

سێیەم: باوەڕنەبوون بە بوونی کاملێ و بەڵگەکاری لە بەڵگە شەرعییەکاندا، بەڵکوو مۆرکی بەڵگە شەرعییەکان لایان گومان و کاری یەکلانەکردنەوە و ناتەواوییە لە گەیشتن بە مەبەستەکاندا.

چوارەم: پەراوێزخستنی بەڵگە عەقڵییە شەرعییەکان و ڕێڕەوەکانیان لە تێڕوانین و کردنە بەڵگەیەتیدا، بەو شێواز و داڕشتنەی کە لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە.

پێنجەم: گرتنەبەری کۆمەڵێك ڕێڕەو و پێوانەی عەقڵی بۆ سەلماندنی عەقیدە و پاراستنی دین، لە کاتێکدا هەموویان بۆخۆیان زۆرجار بە پێچەوانەوە دەشکانەوە بەسەر دیندا.

شەشەم: فیرقەکان لە ڕێڕەوی دینییاندا بە دوور و نزیك پەیوەندییان بە مەدرەسەی زانایانی ئەهلی سوننەتەوە نییە و نەبووە و ئیمامەکانی ئەهلی سوننەت هیچ باس و پێناسەیان نییە لایان، بگرە لای ئەوان زۆر نەزان و بێئاگان بەسەر زانستە شەرعییەکاندا، وە هەڵە و نەپێکاندنی زانا ناوداڕەکان لە ئیجتیهاد و بۆچوونەکانیاندا؛ سەرچاوە و شوێنکەوتەی دینییانە، وە بەڵگەکاریشیان بە بەڵگە (متشابە) و فەرموودە (ضعیف وموضوع)ەکانە.

حەوتەم: مۆرکی هەوا و ئارزووکاری سیما و نیشانەیانە، زۆر شەرمن و لەرزۆکن لە بابەتە غەیبییەکاندا، بەرنامە و ڕێڕەوی دینییان بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە و هیچ سنووردارییەکیان لە تێگەیشتنی ئەم دینەدا بوونی نییە، (معصوم) و پارێزراوی بۆ دەقە شەرعییەکان لایان دەستناکەوێت، دەمارگیری و شوێنکەوتەی کوێرانە (تعصب، تقلید) بۆ بەرنامە عەقڵییەکانیان ڕێڕەوی سەرەکییانە.

---

(١) "دراسات في أهل الأهواء والفرق والبدع" لناصر العقل (٢/ ٣١٧-٥٥٩).

هەشتەم: هەموو فیرقەکان لە بازنەی زیادەڕەوی و کەمڕەوی (الإفراط والتفریط) دەرناچن، ئەوەی بنەما نییە لە دیندا ئەوان دەیکەنە بنەما، خۆهەڵواسین بە ڕووکەشی دارشتنی دەقەکاندا بەبێ ناوەڕۆك خوێندنەوە کاریانە، (قیاس) و پێوانەکاری لە نێوان غەیبییەکان و مادییەکاندا دەکەن و دژەکان لە یەکدا کۆدەکەنەوە و لووت بەرز و خۆبەگەورەزانن لە ئاستی خۆدانەدەستی حەقەکان، وە کاریان پۆشینی بەرگی حەقە بەسەر بەتاڵدا.

نۆیەم: دووبەرەکایەتی و پەرتبوون و ڕای جۆراوجۆری زۆر سیمای فیرقەکانە، پێشوەختە بڕیاری خۆیان داوە و ڕێڕەوی بیدعەکارییان چنیوە و پاشان دین لە قاڵب دەدەن لەسەری و ئەوکات وەری دەگرن، هەموو هەوڵێکیان پارێزگارییە لە بیدعەکارییەکانیان، ڕق و کینەی زۆریان بۆ هاوەڵان و تابعین و زانایانی ڕێڕەوی ئەوانە، هیچ ناوداڕێکیان بە ئیمام و پێشەوای موسوڵمانان ناو نەبراوە و بگرە بێزراویشە لە سەردەمی خۆیدا، وە هیچ تایبەقەندێکی زانستییان لە زانستە شەرعییەکاندا نەبووە وەکوو (محدث وفقیه ومجتهد ...).

دەیەم: پەیوەستبوونیان بە عیبادەت و سوننەتەکان و سیما دینییەکانەوە نەبووە و لەخۆگری (زهد وورع وتقوی ...) نەبوون، شوێنکەوتەیان کەسانی ئەهلی دونیا و عەقڵ و ئارەزووەکان بووە، شووم و بێبەرەکەتییان بەسەر دین و موسوڵمانانەوە نیشانەیەکی ئاشکرا بووە، لەوانە کردنەوەی دەرگای هەوا و ئارەزووەکان و گومان دروستکردن و لەقبوونی دین لە دڵی خەڵکیدا، کۆتا کاری دینداریان دڵەڕاوکێ و گومان و سەرلێشێواوی بووە و بەرهەمەکانیان هۆکاری لەرزۆکی دین و بێبڕوایی بووە، چ خەنجەرێك لە پشتی ئەهلی سوننەت درابێت بە دەست و پەنجەی ئەمان بووە، بەردەوام هۆکاری غوربەتی بەرنامەی حەق بوون.

یەکێك لەوانە بۆ نموونە بۆ سەلماندنی بوونی (صانع) و خوایەك: أَنَّهُمْ قَالُوا: لَا يُمْكِنُ مَعْرِفَةُ الصَّانِعِ إِلَّا بِإِثْبَاتِ حُدُوثِ الْعَالَمِ[1]. دەڵێن: ناتوانرێت بوونی دروستکارێك (خالق) بسەلمێنرێت بێجگە لە ڕێگەی سەلماندنی بوونی گۆڕانکاری و دروستکردنی بەردەوامەوە نەبێت تیایاندا، ئەویش بریتییە لەوەی دروستکراو (مخلوق، حادث) دەبێت لەخۆگری کاری دروستکراوی و تازە بێت، وەکوو خواردن و خەوتن و ڕۆیشتن و هەڵسوکەوت ...، وە (خالق)یش دەبێت بە هیچ شێوەیەك لەخۆگری کاری تازە نەبێت بۆئەوەی جیابێت لە (مخلوق).

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٢/ ٢١٣، ٢١٤).

کەواتە دەبێت خوا نەبینێت و نەبیستێت و ڕزق و ڕۆزی و ژیان و مردن و بەڕێوەبردن و کاری (مخلوقات) ئەنجام نەدات تاوەکوو لە (مخلوقات) نەچێت، ئا بەم شێوەیە شکایەوە بەسەر سیفاتەکانی خوادا و بێبڕوایی تیادا دروستبوو.

ئەم یاسایەشیان: وَالْمَقْصُودُ هُنَا أَنَّ كَلَامَهُمْ الَّذِي زَعَمُوا أَنَّهُمْ أَثْبَتُوا بِهِ الصَّانِعَ إِنَّمَا يَدُلُّ عَلَى نَفْيِ الصَّانِعِ وَتَعْطِيلِهِ. فَلَا يَكْفِي فِيهِ أَنَّهُ بَاطِلٌ لَمْ يَدُلَّ عَلَى الْحَقِّ[1]. ئەم یاسایە خۆی بۆخۆی هەڵگەڕاندنەوەیە بۆ پێچەوانەکەی، کە باوەڕنەبوونە یا گومانکارییە لەسەر بوونی دروستکار، ئەمە ئەو یاسایەیە کە دەڵێت نابێت (خالق) سیفاتی (مخلوق)ی تیادا بێت و بەو هۆکارەوە (معتزلة)کان باوەڕیان بە سیفاتی خوا نەما، خەوارجەکانیش وتیان دەبێت (إیمان)ی خەڵکی بێبڕوایی و تاوانی تیادا نەبێت لە یەك کاتدا و لە ئەنجامدا خەڵکیان کافر کرد بە هۆکاری بوونی تاوان و هەڵەکانەوە، بەوەشەوە نەوەستان ئەوانەی پشتگیری و یارمەتیدەر و لایەنگریان بوون کافریان کردن، وە (مرجئة)کانیش لەژێر یاسای پێناسەی ئیمان لە زمانەوانیدا (عمل) و کاریان لە سێ بەشەکەی ئیمان دەرهێنا و وتیان بەس (معرفة) و باوەڕە و بەبێ (عمل) کەسەکە ئیماندارە.

هەروەکوو لەم سەردەمانەی کۆتاییشدا هەوڵی کەمکردنەوەی پەیوەستبوون بە دەقە شەرعییەکانەوە زۆر درا، هەرجارێك لەژێر ناونیشانێکدا، لەوانە:

١. فراوانکردنی بازنەی (ظنية للنص الشرعي من جهة الثبوت أو الدلالة) گومان دروستکردن لەسەر دەقەکان بە ڕێگەی سەلماندن یاخود بەڵگەکاری.

وەك (يوسف القرضاوي) دەڵێت: معظم الأحكام ثابت بنصوص ظنية ... ربما تصل إلى ٩٩٪ من أحكام الشريعة، وهي دائرة مرنة، قابلة للتجدد، والتطور، ويدخل فيها الإجتهاد[2].

زۆری یاسا شەرعییەکان بە بەڵگە گوماناوییەکان (ظنية) سەلێنراون، ڕەنگە بگاتە ڕێژەی ٩٩٪ لە یاسا شەرعییەکان، کە بۆخۆیان بازنەیەکی نەرمڕەوین و قابیل بە تازەکردنەوە و پێشخستنە و ئیجتیهادیشی تیادا جێگە دەبێتەوە.

ئەم بیروڕایە و خاوەنەکانی بڕیاریان وایە کە قورئان و فەرمودە بە شێوەیەکی گشتی دەقێکی

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٦/ ٤٤٣).

(٢) "التطرف العلماني" للقرضاوي ص٦٤.

گوماناوين، يەك واتا هەڵناگرن، بەڵكوو كراوەيە بۆ زياد لە يەك واتا و مەبەست، بەڵكوو دەقێك نييە هيچ واتا و مەبەستێكی دياريكراوی هەبێت[١].

وەك (علي حرب) دەڵێت: النص يتسع للكل ويتسع لكل الأوجه والمستويات[٢]. واتە دەقەكان كراوەن بۆ هەموو كەسێك وە هەموو ئاست و ڕووگەيەك لەخۆ دەگرێت.

وە (فهمي هويدي) پارچە نووسينێكی هەيە بەناوی "وثنيون هم عبدة النصوص"[٣]. واتە هەر بتپەرستەكانە دەقەكان دەپەرستن.

وەك (محمد الغزالي) دەڵێت: ألا فالنعلم أن ما حكم العقل ببطلانه يستحيل أن يكون ديناً[٤]. واتە با بزانين ئەوەی عەقڵ حوكمی بەسەردا دا كە بەتاڵە ئەستەمە ئەوە دين بێت.

ئەوانەی لەم پێڕە كار دەكەن زۆرن، هەموويان لەژێر ناونيشانی (مفكرون، الدعاة ...) وەكوو (محمد شحرور، محمد عمارة، حسن الترابي، يوسف القرضاوي و محمد الغزالي هاوەڵی و محمد أحمد خلف الله و محمد أبو رية و العشماوي ...) ئەمانە و زۆرێكی تر لە هەڵگرانی ڕێڕەوی ئەهلی كەلام و فەلسەفەی كۆن و بيروڕای (باطنية) شيعەكان و ئەهلی (تصوف) هەموويان كۆدەنگن لە ڕزگاربوونيان لە دەقەكانی خوا و پێغەمبەرەكەی ﷺ.

هەموو ناونيشانەكانيشيان لەژێر ناوی (روح الإسلام، التسامح، الوسطية، فقه الواقع، العصرية، الشمولية ...) خۆيان حەشار داوە.

بەڵام كردنەوەی ئەم گۆڕەپانە پڕ ژاوەژاو و گێژەڵۆكەيە لە قسە و باسی هەموو جۆر و هەموو كەسێكی جياوازدا بەبێ هيچ سنووريك و بنەمايەك؛ هەمان كاری موشريكەكانی سەردەمی وەحييە كە دەيانوت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَسۡمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ وَٱلۡغَوۡاْ فِيهِ لَعَلَّكُمۡ تَغۡلِبُونَ ٢٦﴾ [فصلت: ٢٦]. بێبڕواكان دەيانوت گوێ مەگرن بۆ ئەم قورئانە و ژاوەژاو و قسە زۆر بكەن، بەڵكوو سەركەون بەسەريدا.

---

(١) سەيری "تأريخية الفكر العربي الإسلامي" لمحمد أركون ص١٤٥، و "بدعة إعادة فهم النص" لمحمد صالح المنجد ص٦٠، و "التراث والتجديد" لدكتور حسن حنفي ص١١٢. (٢) "نقد الحقيقة" لعلي حرب ص٤٥.

(٣) "العقلانيون" لعلي حسن ص٦٣، و "مجلة العرب" عدد (٢٣٥ / ١٩٧٨).

(٤) "العقلانيون" لعلي حسن ص٦٤، و "مجلة الدوحة القطرية" عدد (١٠١ / ١٤٠٤ هـ).

هەر لە کۆنەوە ئەمە کاری مرۆڤەکانە لە ئاستی وەرگرتنی حەقدا ئیتر هەر کات و شوێنێك بێت کاتێك کە نەیانەوێت وەری بگرن، خوای پەروەردگاریش چاکیان دەناسێت و دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا﴾ [الأحزاب : ٧٢]. **واتە بە دڵنیاییەوە ئادەمیزاد زۆر ستەمکارە، لەبەرئەوەی زۆر نەفام و نەزانە.**

٢. کردنەوەی دەرگای (التأويل المذموم) گۆڕانکاری هەڵە لە واتای دەقەکاندا، بێگومان بە واتا و مەبەستی (متأخرين).

وەك (ابن القيم) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێت:** فجرى بسبب هذا التأويل الباطل على الإسلام وأهله ما جرى ... فقاتل الله التأويل الباطل وأهله[(١)].

واتە: بە هۆکاری واتاگۆڕین (تأويل)ەوە چ فیتنە و ڕووداوێك نەهات بەسەر موسوڵمانانداا؟! هەر لە شەهیدبوونی (عثمان وعلي ومعاوية وابن الزبير وە ڕووداوەکانی وابن الأشعث والخوارج وأبو مسلم وعلويين) و بەندکردن و داركاريكردنی ئیمامەکانی وەکوو (مالك وأحمد ونعيم بن حماد ...)، خوا (تأويل)ی هەڵە و خاوەنەکانی لەناو ببات.

٣. فراوانکردنی بازنەی (مجاز) بە شێوەیەك ئەنجامەکەی باوەڕیان بە زۆر حوکم و فەرموودە نەماوە، وەکوو حوکمی (مرتد) و ئەو باسانەی کە پەیوەندییان بە ئافرەت و مامەڵەوە هەیە و بابەتی (ولاء وبراء) لە بێبڕوایان و ڕێگری لە بیدعەکاران.

تا گەیشتە ئەو ئاستەی (يوسف القرضاوي) دەڵێت تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا دروستە و فەتوای حەڵاڵبوونی مۆسیقا و گۆرانی دەرکرد، بەڵکوو نووسینێکی هەیە بەناوی "كيف نتعامل مع السنة" هەموو ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت.

وە دەڵێت: إن إغلاق باب المجاز في فهم الأحاديث، ... يصدر كثيرًا من المثقفين المعاصرين عن فهم السنة[(٢)]. **واتە دەرگاداخستنی (مجاز) هۆکارە بۆ لادانی زۆری ڕۆشنبیران لە تێگەیشتنی سوننەت.**

---

(١) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (١/ ٣٧٧ - ٣٨١).

(٢) "كيف نتعامل مع السنة النبوية" للقرضاوي ص١٨٤.

٤. إمكانية معارضة النص الشرعي[١].

ئەگەریەتی و بەتواناگرتنی بەرەنگاربوونەوەی دەقە شەرعییەکان، وەکوو ڕەتکردنەوەی دەقێك بە دەقێك، وەکوو (براءة) لە بێبڕوایان بەو دەقانەی کە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکەن لە ئاستی ئەو بێبڕوایانەی کە دوژمنکارییان بۆ موسوڵمانان نییە.

یاخود ڕەتکردنەوەی دەقەکان بە عەقڵێکی بەناو سەردەمیانە، یاخود ڕەتکردنەوەی دەقەکان بەناوی گونجاندن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ئەم سەردەمەی موسوڵمانانداا.

یاخود ڕەتکردنەوەیان بەناوی (مصلحة) و پێویستییەکانی ژیانی ئەم سەردەمەوە بەبێ هیچ (ضوابط الشرعية)ییەك، یاخود ڕەتکردنەوەیان بەناوی (المقاصد الشرعية) بۆ ئەو مەبەستانەی خۆیان دایانهێناوە وەکوو (الحرية والعدالة، التكامل وتحقيق السلام العالمي ...)[٢].

یاخود ڕەتدانەوەی دەقەکان بەناوی بوونی (الخلاف الفقهي) و ڕای جیاوازی ناو زانایان، بەو واتایەی مادام هەڵگری ڕای جیاوازە دەتوانرێت پشتی تێبکرێت، نەك بەدواداچوون و یەکلابوونەوەی بۆبکرێت، یاخود بەلایەنی کەمەوە کامیان نزیکە لە حەقەوە و باشترە و (احتیاط) لەخۆدەگرێت بۆ دینی موسوڵمان ئەوەیان کاری پێبکرێت.

یاخود کردنەوەی هەندێك کەلەبەر لەژێر هەندێك ناونیشاندا کە بۆخۆی هاتنەژوورەوەی بیروڕا عیلمانییە ئیلحادییەکانە، بەڵام نیەت لە پشتەوەیان لێدانی دینە بەناوی جیاواز و جۆراوجۆرەوە، لە ڕووکەشیشدا ئیلحادیان پێوە دیار نییە.

٥. دعوى تعدد قراءات النص[٣]:

بانگەواز بۆ کردنەوەی چەند جۆرێك خوێندنەوەکاری بۆ دەقەکان، ئەمە هاوردەی بیروڕای ڕۆژئاواییە عیلمانییەکانە لەسەر بنەمای ئەوەی کە دەڵێن دەقەکان هەموویان وەکوو یەك وان و جیاوازییان لە هیچ بوارێکدا نییە، وە دەقەکان واتا و مەبەستی بنەڕەتییان نییە، وە بنەما لە هەموو قسەیەکدا وتارکاری و مەبەست دۆزینەوەیە بۆی، یاخود بوونی ڕێژەییە لە هەموو شتێکدا، ئەمەش پاشماوەی (سوفسطائية)کانە بە جۆرێکی تر.

---

(١) "أصول أهل السنة والجماعة في التعامل مع النصوص الشرعية" لعبد الله بن عمر الدميجي ص١١٣.

(٢) لە کێبی "نحو تفعيل مقاصد الشريعة" لدكتور جمال الدين عطية ص٩٨، و "مدخل لدراسة الشريعة" للقرضاوي ص٧٤.

(٣) "أصول أهل السنة والجماعة في التعامل مع النصوص الشرعية" لعبد الله بن عمر الدميجي ص١٤٤ - ١٤٨.

کردنەوەی ڕێگا بۆ چەندەها جۆر خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقە شەرعییەکان ڕێڕەوی (الباطنية) ناوەڕۆك خوێندنەوەکان و (القرامطة) شیعە فاتمییەکانی میسڕ و لیبیایە، ئامانجیان پێداچوونەوەی هەموو دەقە شەرعییەکانە بە گشتی بە شێوەیەکی سەردەمیانە و گونجاو لەگەڵ سەردەم و جۆری بیرکردنەوە و تێڕوانینە جیاوازەکان، هیچ بابەتێکی دینی ڕێگری پێناکات هەر لە بنەما دینییەکان بێت یاخود پەلەکانی، تەنانەت ئەگەر تەوحید و بواڕە عەقیدەییەکان بێت دەبێت بچێتە ژێر باری خوێندنەوەی تازەوە بۆی.

هەڵگری ئەم ڕێڕەوانە بە گشتی بەداخەوە ناوداڕە بانگخوازەکانی جیهانی ئیسلامییە و ناسراون بە ئیسلامخواز و بیرمەند و سیاسی و ئەدیب و نووسەر و هەتا دوایی، کە دەیانەوێت ئیسلام بە قاڵب و ناوەڕۆك و بەرگی تازەوە بناسێنن بە خەڵکی، بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی زیانیان بۆ ئیسلام هەیە و ڕیزی موسوڵمانان تێکدەدەن ئەوەندە خزمەتی ناکەن، وەکوو پێغەمبەر ﷺ کاتێك (حذيفة اليماني) ﷺ پرسیاری شەڕ و ڕێڕەوەکانی لێدەکات، بۆی دەناسێنێت و دەفەرموێت: «...قَوْمٌ يَهْدُونَ بِغَيْرِ هَدْيِي، تَعْرِفُ مِنْهُمْ وَتُنْكِرُ ... هُمْ مِنْ جِلْدَتِنَا، وَيَتَكَلَّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا»[(١)]. واتە کەسانێکن ڕێگەی هیدایەتی منیان نەگرتووە، کاری خێر و خراپیان لێ دەبیرنرێت، کەسانێکن لە موسوڵمانان بە زمانی ئێمە قسە دەکەن.

(ابن تيمية)ش رَحِمَهُ اللَّهُ بەم شێوەیە دەیاناسێنێت: هَذَا الْمَذْهَبُ أَوَّلُهُ سَفْسَطَةٌ وَآخِرُهُ زَنْدَقَةٌ يَعْنِي: أَنَّ السَّفْسَطَةَ جَعْلُ الْحَقَائِقِ تَتْبَعُ الْعَقَائِدَ كَمَا قَدَّمْنَاهُ. فَمَنْ قَالَ: إنَّ الْإِيجَابَ وَالتَّحْرِيمَ يَتْبَعُ الِاعْتِقَادَاتِ فَقَدْ سَفْسَطَ فِي الْأَحْكَامِ الْعَمَلِيَّةِ وَإِنْ لَمْ يَكُنْ مُسَفْسِطًا فِي الْأَحْكَامِ الْعَيْنِيَّةِ وَقَدْ قَدَّمْنَا أَنَّهُ لَمْ تَجْرِ الْعَادَةُ بِأَنَّ عَاقِلًا يُسَفْسِطُ فِي كُلِّ شَيْءٍ لَا خَطَأً وَلَا عَمْدًا لَا ضَلَالًا وَلَا عِنَادًا لَا جَهْلًا وَلَا تَجَاهُلًا وَأَمَّا كَوْنُ آخِرِهِ زَنْدَقَةً فَلِأَنَّهُ يَرْفَعُ الْأَمْرَ وَالنَّهْيَ وَالْإِيجَابَ وَالتَّحْرِيمَ وَالْوَعِيدَ فِي هَذِهِ الْأَحْكَامِ وَيَبْقَى الْإِنْسَانُ إنْ شَاءَ أَنْ يُوجِبَ وَإِنْ شَاءَ أَنْ يُحَرِّمَ وَتَسْتَوِي الِاعْتِقَادَاتُ وَالْأَفْعَالُ وَهَذَا كُفْرٌ وَزَنْدَقَةٌ[(٢)]. واتە ئەم ڕێڕەوە سەرەتاکەی قسەی بێهوودەیە و کۆتاییەکەی

(١) رواه البخاري (٣٤١١)، ومسلم (١٨٤٧)، والبيهقي في "السنن الكبرى" (١٦٦١٠)، وأبو نعيم في "الحلية" (١/ ٢٧٢)، والبغوي في "شرح السنة" (٤٢٢٢).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٩/ ١٤٤، ١٤٥).

دەرچوونە لـە دین، لـەبەرئـەوەی دەبێتە هۆکاری نەمانی فەرمانە شەرعییەکان و هەڕەشەکانی قیامەت، ئادەمیزاد دەخاتە باری ئەوەی هەرکات ویستی فەرزی بکات یاخود حەرامی بکات، وە ئەنجامەکەی یەکسانبوونەوەی عەقیدە و بیروباوەڕ و کردارەکانە بە تێکەڵی و وەکوو یەك، ئەمەش بۆخۆی بێبڕوایی و دەرچوونە لـە دین.

٦. القول بتأريخية النص: مێژوویەتی بۆ دەقەکان.

واتە باوەڕبوون بەوەی هەموو دەقێك مێژووی تایبەتی خۆی هەیە و بۆ سەردەمی خۆیەتی، وە کات و شوێن و کەسانی قسەبۆکراو کاریگەری لەسەر شیکاری دەقەکان هەیە، بۆیە مەبەستی بنەمای نەگۆڕ لـە دەقەکاندا بوونی نییە.

بانگەوازیکردن بۆ چەند جۆرێك خوێندنەوە بۆ دەقەکان واتە ئەوەی دەقە شەرعییەکان لـە یاساکانی گرتووە ئەوە مەبەست بەو یاسایانە بۆ کەسانێکی سەردەمی پێشوو و کاتی هاتنەخوارەوەی بووە، یاخود هەر شوێنێك بێت هاوشێوەی ئەو حاڵە بێت، بەڵام دوای ئەوان هەر کۆمەڵگایەك بێت ژیانیان جیاواز بێت لـەگەڵ ئەو شێوەدا ئەوا ئەو جۆرە دەق و مەبەستانە نایانگرێتەوە، ئەم بیروڕایانە بەتایبەت بواری (تشریع) لـە دەستبڕین و ڕەجمکردن و کوشتنی مورتەد و حیجابی ئافرەت ... بە هیچ شێوەیەك ناچنە ژێر باری دەقە شەرعییەکانەوە، بۆ نموونە (محمد شحرور)یان بۆ دەستبڕین لـەو ئایەتەدا: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا﴾ [المَائِدَة : ٣٨]. دەڵێت: أي كفوا أيديهما عن السرقة بالسجن مثلاً[1]. واتە ڕێگری لـە دزی بکەن بە بەندکردنیان، نەك دەستبڕینیان.

بۆ هەموو بابەتێکی غەیبی و یاسایی ئەم خوێندنەوە بێسنوورەی بۆ ئەکەن، بەرهەمی ئەم ڕێڕەوەش بەتاڵکردنەوەی متمانەیە بە دەقەکانی دین، وە لـەکارخستنی کارە دینییەکانە، وە بەتاڵکردنەوەی تێگەیشتنی ڕاست و دروست و نەگۆڕی دینە.

٧. القول بالنسبية:

ڕێژەیی لـە خوێندنەوەدا یەکێکە لـە بنەماکانی چەند جۆرێك خوێندنەوە بۆ دەقەکان، باوەڕیان وایە نابێت کەس حەق لـە خۆیدا قۆرخ بکات، یاخود بیروڕای خۆی بسەپێنێت، بەو مەبەستەی واتا جێگیری بوونی نییە.

---

(١) "بدعة إعادة فهم النص" لمحمد صالح المنجد ص٦٢، و "نحو أصول جديدة للفقه الإسلامي" لمحمد شحرور ص٩٩.

وەکوو ئەوە وابێت لە تێڕوانینی عیلمانییەکاندا قورئان وتارێکی میژوویی و ڕێژەیی و هەڵگری گۆڕانکارییە، هیچ خوێندنەوەیەکی بنەمادارى نییە تاوەکوو بەرامبەرەکەی لە ئاستیدا هەڵە بێت، بەڵکوو گۆڕانکارییەکان کاریگەری گۆڕان دروستدەکات بەسەریەوە.

ئەمانە باوەڕیان بە یەك مەبەست و واتای دیاریکراوی حەقیقی نییە لە هیچ کات و شوێنێکدا، بەڵکوو حەقەکان ڕێژەییە، ئەوەی تۆ بە حەقی دەبینیت بەرامبەرەکەت بە بەتاڵ دەبینێت، ئەوەی ئەمڕۆ بە ڕاستی دەزانیت دەشێت بەیانی بە بەتاڵ ببینیت، بۆیە کەس لەخۆگر و خاوەنی یەك حەقیقەتی ڕەها نییە.

دوو وشە سەردێڕ و ناونیشانیانە بۆ ئەم بیروبۆچوونەیان ئەوانیش چەندێتی و قبوولکردنی کەسی تر (التعددية وقبول الآخر)، وە مەبەستیان بە کەسی تر هەر کەسێك بێت و هەر دین و باوەڕێکی تری هەبێت، کەواتە ئەشێت تەوحید شەریك بڕیاردان بێت و سوننەتیش بیدعە بێت، بیدعەکاران ئەهلی سوننەت بن و ئەهلی سوننەتیش بیدعەکاران بن، ئەشێت خوا هەبێت و نەشبێت، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: ﴿ فَذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمُ ٱلْحَقُّۖ فَمَاذَا بَعْدَ ٱلْحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُۖ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ [يُونُس : ٣٢]. پەروەردگار خوای حەقیقیتانە و هیچ شتێك لەدوای حەقەوە بوونی نییە بێجگە لە بەتاڵ نەبێت، بۆچی خۆتان لادەدەن؟!

هەر بەم خوێندنەوانە (حسن الترابي) دەڵێت: چۆن کەسی مەسیحی دەتوانێت دینەکەی بگۆڕێت ئاواش کەسی موسوڵمان دەتوانێت، وە باوەڕی بە (رجم الزاني) و (حد الشارب) و (حجاب) ... نییە[1].

ئەمانە هەمووی بیروڕای شەوەزەنگی تاریکی گومڕاییانە بۆ وەرنەگرتنی حەق و جیانەکردنەوەی لە بەتاڵ، خوای گەورەش جَلَّوَعَلَا دەفەرموێت: ﴿وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلَءَامُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلْأَنْعَٰمِ وَلَءَامُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ ٱللَّهِۚ وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيْطَٰنَ وَلِيًّا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا ﴿١١٩﴾ يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ وَلَا يَجِدُونَ عَنْهَا مَحِيصًا ﴿١٢١﴾ ﴾ [النِّسَاء : ١١٩-١٢١]. شەیتان ئاساکان دەیانەوێت بە هەموو شێوەیەك گومڕابن، گومڕاییەکی زۆر دوور لە حەقەوە.

---

(١) بۆ ئەم بابەتانە بگەڕێرەوە سەر کتێبی "العقلانيون" لعلي حسن ص٧٠ - ٧٢، و "بدعة إعادة فهم النص" لمحمد صالح المنجد ص٦٦ - ٧٦، و "أصول أهل السنة والجماعة في التعامل مع النصوص الشرعية" لعبد الله بن عمر الدميجي ص١٤٦ - ١٤٨.

سەرچاوەی دووەمی بیدعەکاران لە تەوحیددا: ڕەوانبێژی و فەلسەفە (المنطق والفلسفة).

ڕەوانبێژی (المنطق) بریتییە لە: الآلة العاصمة للذهن عن الخطأ فيما نتصوره ونصدق به والموصلة إلى الإعتقاد الحق بأعطاء أسبابه ونهج سبله[١].

واتە: کۆمەڵێك هۆکار و یاسایە بۆ پاراستنی عەقڵ و بیرکردنەوە لە هەڵەکاری لەو شتانەی دەرکیان پێدەکەین و شوێنی باوەڕمانن کە بە گرتنەبەری هۆکار و ڕێگاکانیەوە دەگەینە بیروڕای ڕاست و دروست.

(أهل المنطق) دەڵێن دوو جۆر دەربڕین (نطق) هەیە: (الظاهر والباطن)، دەرەکییەکان (الظاهر): بریتین لەو وشە و قسە و پێکهاتانەی کە بە هۆکاری (النحو والنثر والعروض) شیکاری و دارشتن و پەخشانەوە لە شیعردا دەردەکەوێت، وە بە ڕێگای (التجوید) لە خوێندنەوەدا دەردەکەوێت.

وە ناوەڕۆکی (الباطن): کاری دڵییە و هۆکاری بیرکردنەوەیە، ئەمەش بە هۆکاری زانستی (منطق)ەوە بێ هەڵە دەبێت.

کەواتە (منطق) بریتییە لە: فن يحتوى مجموعة من القواعد إذا فهمها العاقل والتزم تطبيقها في تفكيره فالمفترض ألاّ يخطيء في نتائجه[٢]. **هونەرێکە پێکهاتەیە لە کۆمەڵێك یاسا ئەگەر کەسی خاوەن ژیری لێی تێبگات و پەیوەست بێت پێوەی و جێبەجێی بکات لە بیرکردنەوەیدا، وا پێویستییە لە ئەنجامەکانیدا هیچ هەڵەیەك نەکات، هەروەکوو زانستی (نحو وتجوید) وایە بۆ ڕاستکردنەوەی زمان لە خوێندنەوەی دروستدا.**

بابەتەکانی (منطق) بریتین لە دوو بەشی سەرەکی[٣]:

یەکەم: معرفة التصورات: وهي إدراك الماهية من غير حكم عليها بنفي أو إثبات وطريق الوصول إلى ذلك يكون بالحد.

---

(١) "النجاة في الحكمة المنطقية والطبيعية والالهية" لابن سينا ص٣.

(٢) "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص٢٩.

(٣) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦٠٠).

واتە: ناسینی دەرکپێکردنەکان کە بریتییە لە دەرککردن بە شتەکان بەبێ حوکمدان بەسەریاندا بە بوون و نەبوون، وە تاکە ڕێگەش لەلایان بۆ ئەم دەرککردنە زانستی سنووردارییە (الحد)ە، ئەم زانستەش ناوداراە بە (الحد الأرسطي)، ئەو سنووردارییەیە کە (أرسطو) داینواە، ئەویش پێکهاتووە لە دوو بنەما: (الماهية الكلية والصفات الذاتية)[1]، واتە پێکهاتە گشتییەکەی لەگەڵ سیفاتە خۆییەکانیدا، بەم دوو بنەمایە تێڕوانینمان سنووردار دەبێت بۆ شتەکان و دەبێتە هۆکاری هەڵەنەکردن و بەدەستهێنانی دڵنیایی لە ناسینی شتەکاندا، بەم یاسای (الحد)ە دەوترێت (الحد الحقيقي)[2]، کە بە ڕێگەی (الماهية الكلية) بوونی شتەکە دیاری دەکات و بە ڕێگەی (الصفات الذاتية) جیای دەکاتەوە لە هاوشێوەکانی.

دووەم: معرفة التصديقات: وهي نسبة الحكم إلى الماهية المتصورة، وطريق الوصول إلى ذلك يكون بالقياس.

واتە: حوکمدانە بەسەر ئەو شتانەی کە دەرکی پێ کراوە، ئەمەش بە ڕێگاری پێوانەکارییەوە (قیاس) دەبێت.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ ئەم دوو ڕێگایەی ڕەتداوەتەوە بە ووردی و دوور و درێژی لە کتێبی "الرد على المنطقيين"، هەردوو ڕێگاکە ناودەبات بە نەزۆک و هۆکاری ئاڵۆزی دروستکردن و یەکلانەکردنەوە و دڵنیایی نەدانە بەدەستەوە، وە (د. سعود بن عبد العزيز العريفي) هەستاوە بە کورتکردنەوەی کتێبەکەی (ابن تيمية) بەناوی "النقد التيمي للمنطق" بە شێوەیەکی زۆر جوان و ئەکادیمی.

هۆکاری دروستبوونی (المنطق) لە یۆنان

ئەم زانستە ناسراوە بەناوی (المنطق اليوناني) ڕەوانبێژی یۆنانییەکان، بە هۆکاری ئەوەی یۆنانییەکان یەکەم کەس بوون لەسەر دەستی فەیلەسووفەکانیان ئەم زانستە گەشەی کرد و بڵاوبووەوە.

هۆکاری دروستبوونی ئەم زانستەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (٤٠٠) ساڵ پێش لەدایکبوونی

(١) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٢.

(٢) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص١٢.

(مسيح) ﷺ كه كۆمەڵێك دروستبوون بەناوی (سوفسطائيين) به واتای (الحكمة الموهة)[١] واته حيكمەتێكی شاراوە، بەرنامەيان پەرەپێدانی (جدل) و وتوويژی بەرپەرچدانەوە بوو، وە گرنگييان دەدا به زانستی (اللغة والبلاغة والخطابة)[٢]، بۆ بەرپەرچدانەوەی بەرامبەر به هەموو شێوەيەك، بۆ دروستبوونی گومان و گومان خستنەسەر هەموو شتێك و نەبوونی دڵنيايی لە هەموو بوونێكدا، باوەڕيان وابوو (النسبية المطلقة في الحقائق)[٣]، بوونی ڕێژەيی ڕەها لە هەموو شتێكدا و نكوولێكردن لەو ڕاستی و دروستی و حەقيقەتانەی ئادەميزاد هەموويان ئاشنان بەسەرياندا، بەو واتايەی حەقيقەتێك نييە بچينەوە سەری لە كاتی جياوازييەكاندا، وە هەموو تاكێك پێوانەی تايبەتی خۆی هەيە كە پێوانەی حەقيقەتەكانی پێبكات، وە دەشێت يەكێك بۆ يەكێكی تر جياوازتر بێت، هەروەك ناودار و پێشەوايان (بورتاغوراس) دەڵێت: الإنسان مقياس كل شيء[٤]. واته ئادەميزاد خۆی پێوانەی هەموو شتێكە، واته: الأشياء بالنسبة إليَّ على ما تبدو لي وهي بالنسبة إليك على ما تبدو لك[٥]. شتەكان بەو شێوەيە بۆ من دەردەكەوێت، وە بەو شێوەشە كە بۆ تۆ دەردەكەوێت، لە هەمان كاتيشدا هەموو كەس ڕاستەكات و دەپێكێت، ئەگەر هەنگوين لە دەمی تۆدا شيرين بێت لای من تاڵ بێت ئەوا تەواوە، وە سيفەتی شيرينی بۆ هەنگوين شتێكی جێگير و حەقيقەت نييە تا بگەڕێنەوە سەری، وە هەروەها ئيمان لای تۆ ڕاستە و كوفريش لای بەرامبەر هەر ڕاستە، شتێك نييە ئيمان جيابكاتەوە لە كوفر و جێگيری بكات لە حەقيقەتدا.

مەبەست لێرەدا ئەوەيە (سوفسطائي)يەكان (أنكر الحقيقة الكلية المشتركة)[٦] دژايەتی و نكوولێ ڕاستييە بەشداربووە گشتييەكانی نێو مرۆڤيان دەكرد.

هەموو بنەما و بەڵگەيان لەم بيروڕايەدا ئەوە بوو: أن الموجودات المحسوسة خارج الذهن في تغير دائم فكيف تكون لها حقيقة ثابتة[٧]. بەڵگەيان بەس ڕێگەی هەستەكان بوو بەبێ

(١) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٤١، و "تأريخ الفلسفة اليونانية" ليوسف كرم ص٤٥.

(٢) "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص٣٤.

(٣) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٤١، و "تأريخ الفلسفة اليونانية" ليوسف كرم ص٤٥.

(٤) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٤٢، و "تأريخ الفلسفة اليونانية" ليوسف كرم ص٤٧.

(٥) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٤٣.

(٦) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٤٤، و "مدخل إلى الفلسفة" لأحمد سيد رمضان ص٢٤٧.

(٧) "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص٣٤، و "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٤٤.

مەعریفەی عەقڵی بۆ شتەکان، بۆیە دەیانوت هەموو بوونەوەرەکانی چواردەورمان لە دەرەوەی عەقڵ لە گۆڕانکاری بەردەوامدان و حەقیقەتێکی نەگۆڕیان نییە تا بڕیاریان لەسەر بدرێت، بۆ نموونە ئەگەر بەردێك ببێت بە خۆڵ لە ئەنجامی گۆڕانکاریدا ئەوا بڕیار نادرێت کە بەرد دەبێت بە خۆڵ، یاخود کاتی خۆی بەردێك بووە.

هەموو بیروڕاکانیان بۆ دروستبوونی گومان و خستنە گومانەوە بووە، بۆیە پێیان وترواوە (الشكاكين) گوماناویەکان، بڕیارەکانیان لەسەر دوو بناغەیە (الأول: ظنهم أن الحواس يتعلق بها حكم على الأشياء، والثاني: ظنهم أن ما تدركه الحواس على أي حال هو الحقيقة في نفسها)[١]. یەکەمیان بڕیاردان و حوکمدان بەسەر شتەکاندا کە پەیوەستن بە هەستەکانەوە نەك سروشتی شتەکە خۆی، دووەمیان دەرکپێکردنی هەستەکان بە هەرشێوەیەك بێت ئەوە حەقیقەتی شتەکانە، ئەمەش (كون الشيء موجودًا وكون الشيء مدركًا)[٢]، جیاوازی نەکردنە لە نێوان بوونی شتەکان و دەرکپێکردنی شتەکاندا، بە جۆرێکی تر جیاوازی نەکردنە لە نێوان (الذاتي والموضوعي) خۆیەتی کەسەکە و بابەتی حەقیقی دەرەوەی کەسەکە.

کەواتە باوەڕیان بە هەستەکان هەیە بەڵام باوەڕیان بە ڕێگەی تێگەیشتنی عەقڵی و فیکرییەکان نییە بۆ شتەکان، بەم هۆکارەوە پۆلێك لە بیرمەندەکانیان هاتن بۆ پەرچدانەوەیان و ئاگادارکردنەوەیان بە سەر ڕێگەی مەعریفی عەقڵی و زیهنی بیری مرۆڤەکان.

یەکەم کەس کە هەستا بە ڕەتدانەوەیان (سقراط ٣٩٩ پ.ز) بوو، پاشان قوتابییەکەی (أفلاطون ٣٤٧ پ.ز)، پاشان قوتابییەکەی (أرسطو ٣٢٢ پ.ز) ئەمانە بوون بناغەی زانستی (منطق)یان بۆ دەربڕینی بیروڕاکان داڕشت[٣].

یەکەم کەس (سقراط) بوو هەستا بە دانانی بنەمای بیری (الماهية الكلية) چۆنیەتی گشتی بۆ شتەکان لە مەعریفەی عەقڵیدا نەك لە مەعریفەی هەستەکاندا، واتە سەلماندنی بوونی شتەکان بە ڕێگەی مەعریفەی عەقڵی و زیهنی دوور لە زانیاری هەستەکان، یاسایەکیشی بنیاد نا بۆ ناسینی

(١) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٤٥.

(٢) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٤٥.

(٣) "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص٣٤، و "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٤٦، "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦٠٢).

شتەکان بەناوی بیردۆزی (الحدّ)، واتە سنووردارکردنی شتەکان بە رِێگەی (الحد الكلي والجزئي) سنووری گشتی و هەندیەتی تا بەو رِێگەوە بگەینە ناسینی شتەکان، بووە هۆکاری کەوتنە ناو هەمان هەڵەی ئەوانەوە (فقد وافقهم على أصل شبهتهم وهي القول بعدم صلاحية المحسوسات المتغيرة أن يكون مصدرًا لإدراك حقائقها)[١]. بەم رِێگەیەش ناتوانن بەرپەرچی (سوفسطائي)یەکان بدەنەوە لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەواندا کۆدەنگن کە هەستپێکراوەکان لەبەر هۆکاری گۆرِانکاری بەردەوام بەسەریاندا نابنە سەرچاوەی مەعریفەتی حەقیقەتەکان.

وە هەڵەی دووەمی ئەمان ئەوەیە کە هەرچی بڕیاری ناسینی دەدەن لە بیروڕا و زیهنی ئادەمیزاددا بوونی هەیە بەڵام لە دەرەوەی بیری ئادەمیزاد لە هەستەکان و ماددەدا بوونی نییە: وَهَذَا هُوَ عِنْدَهُمُ الْحِكْمَةُ الْعُلْيَا وَالْفَلْسَفَةُ الْأُولَى، وَمُنْتَهَى ذَلِكَ الْعِلْمُ بِالْوُجُودِ الْمُطْلَقِ الَّذِي لَا يُوجَدُ إِلَّا فِي الْأَذْهَانِ دُونَ الْأَعْيَانِ[٢]، العلم بالكلي من حيث هو كلي، لا يوجب علماً بشيء من المعينات الموجودة[٣]. حیکمەتی گەورە و فەلسەفەی یەکەم لایان ئەوەیە کە باوەڕ بە هەستپێکراوەکان (محسوسات) نەکەیت، بەڵکوو بڕیاری بوونی گشتی بە شێوەی گشتی بۆ شتەکان بدەیت لە بیری مرۆڤدا، هەر لەسەر ئەم بیردۆزە فەیلەسووفە ئیسلامییەکانی (معتزلة): فسروا الغيب الذي جاءت به الرسل بالكليات[٤]. غەیبییەکانیان پێناسە کردووە بە بابەتە گشتییەکان کە بەس لە زیهن و بیری مرۆڤدا بوونی هەیە، گەر نا لە بوون و رِاستی هەستپێکراوەکاندا بوونی نییە و نابێت، وەکوو باوەڕبوون بەوەی خوا نە لەناو بوونداە هەیە وە نە لە دەرەوەی بوون، بەڵکوو وەکوو (ابن سينا) وتویەتی (موجود شرط الإطلاق) خوا هەیە بە مەرجی گشتی، واتە باوەڕبوون بە خوا بە شێوەیەکی گشتی لە بیر و زیهندا نەك تایبەتی بکەی بە ناو و سیفات و شوێن ... .

پاشان دوای (سقراط) (أفلاطون) هات بۆ پەرەپێدانی بیردۆزەکەی (سقراط) و بڕیاری بیردۆزی (نظرية المثل)ی دا، واتە (أن الحس لا يوصل إلى هذه الحقيقة، فالحقيقة إذن تكون فيما

---

(١) "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص٣٥.

(٢) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (١/ ٣٦٦).

(٣) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١٠/ ٣٠).

(٤) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٧١.

وراء الحس)[١]. هەستەکان هۆکار نین بۆ گەیشتن بە حەقیقەتەکان، بەڵکوو حەقیقەت لە پشت هەستەکانەوەیە، واتە بوونی شتەکان بە ناو لە بیری مرۆڤدا هەیە و ناسراوە و باقی بوونی شتەکان لە بووندا هاوشێوەیە (المثل) نەك حەقیقی، وەکوو خۆی دەڵێت (لا تسم الماء المحسوس ماء، وإنما قل إنه شيء شبيه بالماء)[٢]. واتە ئەو ئاوەی هەستی پێدەکەیت مەڵێ ئاوە، بەڵکوو بڵێ شتێکە لە ئاو دەچێت، لەبەرئەوەی یەك جار شتێکت بینیوە ناوی ئاو بووە هەر ئەوە حەقیقەتی ئاوە، هەر ئاوێکی تر بێت ئەوە هاوشێوەیەتی.

ئەوەندەی تر بوونی شتەکانی لە بیری مرۆڤدا دوورخستەوە بۆ پێناسە و بینینی یەکەم بوونی شتەکان، ئەوانەی دوای ئەمان نابێتە بوون، ئەمەی ناو نا (الجدل الصاعد) وتوویژە هەڵکشاوەکان کە: وهو الانتقال بالفكر من العالم المحسوس إلى صور كلية ذهنية أسماها عالم المثل[٣]. گواستنەوەی بیروڕاکانە لە جیهانی هەستەکانەوە بۆ شێوازە گشتییەکانی بیری ئادەمیزاد و ناوی نا جیهانی هاوشێوە نەك حەقیقی، واتە: بل هو صورة ومحاكاة للعالم الحقيقي عالم المثل[٤]. جیهانی لاسایی و شێوەکاری بۆ حەقیقەتەکان.

پاش (أفلاطون)یش (أرسطو) هات ئەم بیروڕایانەی کردە یاسا و هەستا بە دیاریکردنی وشە و داڕشتنی تایبەت بۆی وە هەروەها بابەتەکانی بەدوای یەکدا ڕێکخست و بەش بەشی کردن و کردیە زانستێکی سەربەخۆی فیکری، بۆیە (أرسطو) داهێنەری ئەم زانستە نەبوو، بەڵکوو ڕێکخەری بوو، وەکوو (ابن خلدون) دەڵێت: وتكلم فيه الأقدمون أول ما تكلموا جملا جملا، ومفترقا، ولم تهذب طرقه، ولم تجمع مسائله حتى ظهر في يونان أرسطو فهذب مباحثه، ورتب مسائله وفصوله، وجعله أول العلوم الحكمية، وفاتحتها، ولذلك يسمى بالمعلم الأول[٥]. واتە پێشینەکانی پێش (أرسطو) بە جیا و پارچە پارچە قسەیان لەسەر داڕشتنی (منطق) هەبوو، بەڵام یەکەم کەس کە ڕێکخەر و پاڵاڤتەکاری بوو (أرسطو) بوو، بۆیە بە یەکەم مامۆستای (منطق) ناودەبرێت.

---

(١) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٤٨.

(٢) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٤٨، و "العقل والوجود" ليوسف كرم ص١٦٠.

(٣) (٤) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦٠٣).

(٥) "مقدمة ابن خلدون" ص٤٦٢.

هەموو خەمێکی بۆ ئەم زانستە (الماهية الكلية المطلقة) بوو کە چۆنیەتی پێناسەکاری بوو بۆ بابەتەکان لە ڕووە گشتییە ڕەهاکەیەوە نەك لە (جزئيات) و ووردەکارییەکانیەوە، لەبەرئەوەی بابەتە مادییەکان لە گۆڕانکاری بەردەوامدان لە بەشە (جزئيات) و کەمەکانیانەوە، بەلاّم سەلماندنی بوونەوەرەکان و پێناسە و ناسینی گشتییەکەی هەر وەك خۆیەتی، بۆ نموونە بەرد هەر بەردە گەر هەر گۆڕانکاری و جیاوازییەکی بەسەردا بێت.

وەك (أرسطو) دەڵێت: لا أنازع في أن المحسوسات الطبيعيات ليس من الوجود بشيء، فلا يمكن اتخاذها أساسًا للمعرفة، ولا أنازع في أن العلم لا يتعلق إلا بالكليات[١]. واتە دژایەتی لەگەڵ ئەوەدا ناکەم کە بابەتە هەستییە مادییەکان شوێنی بنەمای زانستی مەعریفی نین، وە نکوولێش لەوە ناکەم زانست و مەعریفەکان بەس پەیوەستن بە پێناسە گشتی و ڕەهاکانیانەوە.

لێرەدا ڕوون بووەوە (يظهر مما سبق أن أرسطو قصر العلم الصحيح على ما يدركه العقل)[٢] (أرسطو) هەموو زانستە ڕاست و دروستەکانی پەیوەست کرد بە دەرکپێکردنە عەقڵییەکانەوە و هەستەکانی پەراوێز کرد، بڕیاری دا بوونی هەموو شتێك بە شێوەیەکی گشتی لە عەقڵدا هەیە ئەگەرچی لە بوونیشدا نەبێت، (فجعل موضوعه الأمور الكلية التي لا توجد إلا في الذهن، ولهذا رتب قواعد منطقه على أن توصل إلى التصور الكلي للأشياء)[٣] هەموو مەعریفە و زانستەکەی کۆکردەوە لە گەیشتن بۆ پێناسەی (تصور الكلي) دەرکپێکردنە گشتییەکان بۆ شتەکان، ئەویش بەس لە عەقڵدا هەیە بە ڕێگەی (وصف العام والخاص للأشياء) وەسفی گشتی و تایبەت بۆ شتەکان، (ولهذا جعلوا الفرق بين العقلي والحسي هو الفرق بين الغيب والشهادة)[٤] لەبەرئەوە جیاوازی نێوان عەقڵ و هەستەکانیان کردووە بە جیاوازی نێوان شتە غەیبی و دیارەکان، (ولا يثبتون الصفات الإلهية التي يثبتها الأنبياء ويرون الملائكة عقولاً والنبوة قوة نفسانية وينكرون بعث الأجساد)[٥] هەروەك باوەڕیان بەو سیفاتانە نییە کە پێغەمبەران پێناسەی خوای پێدەکەن، وە

(١) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٤٩، و "المذاهب اليونانية الفلسفية" لسانتلانا ص٦٥.

(٢) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٥٠.

(٣) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٥١.

(٤) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٧١.

(٥) "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص٤٣.

مەلائیکە بە عەقڵ ناودەبەن و باوەڕیان بە زیندووبوونەوەی لاشە نییە، دەڵێن ئەمانە لە بیر و هزری مرۆڤدا جێگەی دەبێتەوە بەڵام لە ڕاستیدا بوونی نابێت.

وە تەنانەت کامەرانی مرۆڤیان گرێداوە بە زانستە مەعریفییە عەقڵییەکانەوە، نەك بوونەکان، وەك (ابن سينا) دەڵێت: النفس الناطقة كمالها الخاص بها أن تصير عالمًا عقليًا مرتسمًا فيها صورة الكل[١]. **واتە نەفسی مرۆڤەکان کاملبوونی تایبەتییان پەیوەستە بەوەی ببنە زانا بەسەر شتە عەقڵییەکانەوە بە شێوەی وێنەکاری گشتی بۆیان.**

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَالْمَعَانِي الْكُلِّيَّةُ وُجُودُهَا فِي الذِّهْنِ لَا فِي الْخَارِجِ. فَمَا فِي الْخَارِجِ لَا يَتَعَيَّنُ وَلَا يُعْرَفُ بِمُجَرَّدِ الْحَدِّ وَمَا فِي الذِّهْنِ لَيْسَ هُوَ حَقَائِقَ الْأَشْيَاءِ[٢].

واتە: واتا و ناسینە گشتییەکان بوونیان بەس لە بیر و زیهنی مرۆڤدایە، گەر نا لە دەرەوەی بیرکردنەوەیان بوونیان نییە و ناناسرێن بە ڕێگەی سنووردارکردنیان، ئەوەی لە بیردا هەیە ڕاستی شتەکان نییە، کەواتە چ کامەرانییەك پەیوەستە بە نەبوونی شتەکانەوە لە واقیعدا؟!

هەموو بابەتەکانی (منطق) دوو بەشن (التصورات والتصديقات) تێڕوانین و باوەڕپێکردنە.

هەموو هەڵەکانیشیان: وقد كان يكفي أرسطو وسابقيه للرد على شبهات السوفسطائيين أن يلزمهم بالتفريق بين وجود الأشياء الحقيقي وبين ادراكنا له، فوقوع الخلل أحيانًا في ادراكنا لحقائق الأشياء بسبب العوارض الإستثنائية لا يلغى حقيقتها وثبوتها في الواقع خارج عقولنا[٣]. **(أرسطو) خۆی و دوو مامۆستاکەی پێشووی (سقراط وأفلاطون) ئەوەندەیان بەس بوو بۆ ڕەتدانەوەی (سوفسطائي)ەکان و گومانەکانیان و پەیوەستیان بکەن بە جیاکردنەوەی بوونی شتەکان بە شێوەی ڕاستی خۆیان و زانین و دەرکپێکردنی مرۆڤەکان بۆیان، زۆر جار هەڵەکان بە هۆکاری گۆڕانکارییەکانی سەریانەوە دروستدەبێت، کە ئەم گۆڕانکاریانەش ڕاستی و دروستی حەقیقەت و بوونیان هەڵناوەشێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوانە پێویستیان بە دەرکپێکردنی ئێمە نییە، پاشان بوونیان پێش ئێمە هەبووە و دوای ئێمەش هەر بەردەوامە.**

---

(١) "النجاة في الحكمة المنطقية والطبيعية والالهية" لابن سينا (١/ ١٢)، و "الحد الأرسطي" لسلطان العميري ص٧٢.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٤٨).

(٣) "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص٣٦.

(أرسطو) لـه زانستی (منطق)یەکەیدا بنەماکانی بیری ئادەمیزاد و سروشتییەکانی سەلماندووە بۆ بەرپەرچدانەوەی (سوفسطائي)ەکان، وەکوو سەلماندنی بوونی شتەکان لـه بیر و ناسیندا گەر لـه بوونیشدا گۆڕانکاری بەسەر بێت، وە بنەمای (دوو دژ و پێچەوانە بە یەك کۆنابێتەوە لـه بوون و نەبوونی شتێکدا)، وە نێوەندگیری لـه نێوانیشیاندا بوونی نابێت، دەبێت هەر یەکێکیان بوونی هەبێت، وە بنەمای (السببية) بوونی هۆکارەکان بەو واتایەی هەموو ڕووداوێك هۆکاری هەیە بۆ سەلماندنی شتەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان[1].

بەڵام هەرچۆنێك بێت زانستی (منطق) بەدەر نییە لـه هەڵە و لێتێکچوون و نەپێکاندن، هەر لـەو سەردەمەوە تاوەکوو فەیلەسووفە ئیسلامییەکان و (أهل الكلام) و فیرقەکان (منطق) هەر بەرگ و کاڵای جیاواز جیاوازی بەسەردا دەبڕێت و دەکرێتە بنەمای چەندەها جۆر زانست و بیرکردنەوە لـه هەموو بوارەکاندا.

پەیوەندی زانستی (المنطق) بە (فلسفة)وە

ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاست و دروستی زانستی (منطق) کە پێناسە دەکرێت بەوەی: آلة تعصم مراعاتها الذهن من الوقوع في الخطأ، وهذه الآلة عبارة عن قواعد وأصول يسير الذهن على مقتضاها حتى يتحقق من وصوله إلى مطلوبه الصحيح[2]. واتە (منطق) ئامێرێکە بە ڕەچاوکردنی لـه بەکارهێنانی عەقڵدا دەبێتە هۆکاری نەکەوتنە هەڵەوە، ئەم ئامێرە بریتییە لـه چەند یاسا و بنەمایەك کە عەقڵ لـەسەری دەڕوات، تاوەکوو بەو هۆکارانەوە دەگاتە مەبەستە ڕاست و دروستەکانی.

ئەم بنەما و یاسایانە نایەتەدی و بوونی نابێت بەبێ داهێنەرێك، کەواتە (منطق) بەتایبەت دەبێت خاوەن و داهێنەری هەبێت، لـه ئەنجامدا دەبێت ئەم زانستە کاریگەری (فەلسەفە)ی لـەسەر بێت، لـەبەرئەوەی داهێنەرەکەی خۆ دەبێت ڕەچاوی بنەما و یاسایەکی لێکدانەوەی هەبووبێت و پەیڕەوی کردبێت، ئەوەش بۆخۆی ڕێگەیەکی فەلسەفیانەی بیرکردنەوەیە، هەموو ئەو ڕێگا ئاڵۆز و گرێیانە پێیان دەوترێت فەلسەفە، کەواتە زانستی (منطق) دەبێت کاریگەری فەلسەفەی لـەسەربێت.

---

(١) "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص٣٥.

(٢) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٢٦١.

بەدەر لەوەی داهێنەری یەکەمی (سقراط) بوو، وە هۆکارەکەشی بۆ بەرپەرچدانەوەی (سوفسطاي)یەکان بوو لەگەڵ سەلماندنی هەڵەکاری ڕێگەکەیان، پاشان لەدوای (أفلاطون) ئەوکات (أرسطو) هات و کاری کۆکردنەوە و ڕێکخستنی تەواوی بۆ کرد، ڕێگای هەرسێکیان جۆرێکی تایبەت لە بیرکردنەوە و ڕەتدانەوە بووە، کەواتە (منطق) لە سکی فەلسەفە و بیرکردنەوەکانیدا لەدایك بووە.

هەروەك (زكي نجيب) دەڵێت: ما من موضوع من موضوعات المنطق إلا وتختلف النظرة إليه باختلاف المذهب الفلسفي الأساسي الذي يتجه إليه الباحث[١].

واتە: تێڕوانین لەسەر هەر بابەتێك لە بابەتەکانی (منطق) جیاوازە بە هۆکاری ئەو ڕێگە فەلسەفییەوە کە تۆیژەر گرتوویەتییە بەر لەسەری و بنەمای کردووە.

هەروەك (برتراندرسل) دەڵێت: من الصعب أن يستعمل فيلسوفان اثنان كلمة المنطق بمعنى واحد[٢].

واتە: زۆر زەحمەتە دوو فەیلەسووف وشەیەکی (منطق) بە یەك مەبەست و واتا بەکاربهێنن، لەبەرئەوە جۆرەکانی (منطق) زۆرن، لەوانە (منطق الوضعي والجدلي والدياليكتي والنسبي ...).

وە بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە (سلطان بن عبد الرحمن بن حميد العميري) لە نامەی ماستەرەکەیدا بەناوی "الحد الأرسطي" کە سەرپەرشتیکارەکەی (د. سعود بن عبد العزيز العريفي)یە و خاوەنی کتێبی "النقد التيمي"یە، دەڵێت: الأصول الفلسفية التي قام عليها الحد الأرسطي ... أربعة أصول، هي: **الأول**: إثبات المبادئ الفطرية.

الثاني: القول بوجود المعاني الكلية في الخارج.

الثالث: التفريق بين الوجود والماهية.

الرابع: تقسيم الوجود إلى القوة والفعل[٣].

---

(١) "المنطق الوضعي" لزكي نجيب ص١، و "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٢٦١.

(٢) "الفلسفة الوضعية المنطقية في الميزان" ليحي هويدي ص٧، و "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٢٦٢.

(٣) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٢٨١.

واتە: ئەو بنەما فەلسەفیانەی کە یاساکانی (أرسطو)ی لەسەر بنەما کراوە بە ناوی سنووردارییەوە (الحد) چوار بنەمای فەلسەفییە:

بنەمای یەکەم: سەلماندنی بنەما سروشتییە ناخییەکانی ئادەمیزادە (الفطرية)، ئەم بنەما ناخییە سروشتی و فیتریانەش وەك (ابن سينا) دەڵێت: قضايا ومقدمات تحدث في ذهن الإنسان من جهة قوته العقلية، من غير سبب يوجب التصديق بها إلا ذواتها[١]. **ئەو زانیاری و بابەتانەن کە لە عەقڵدا دروست دەبن لەڕووی بەهێزی عەقڵەوە، بە ناچاریش دەبێت باوەڕی پێبکەیت بەبێ هیچ هۆکارێکی دەرەکی، خۆی بەڵگە دەبێت لەسەر خۆی.**

ئەم زانیاریانەش لە بەشی (ضروريات، كليات)دان و بابەتە بەڵگە نەویستەکان و بوونە گشتییەکانن.

ئەم بابەتە (ضروريات)انە تایبەتمەندییان هەیە، لەوانە: پێویستیان بە بەڵگە و سەلماندن نییە، وە نابێت بە ڕێگەی (نظريات) و تێڕوانینەکان ڕەخنە بگیرێت لە (ضروريات)، لەبەرئەوەی (فالضروريات أصل النظريات)[٢]، واتە زانستە ناخییەکان بناغەی زانستە عەقڵییە تێڕوانینەکانن، وە پاشان نابێت لەم زانستەدا کە ناخییە هەڵە و بەتاڵ لەخۆبگرێت، لەبەرئەوەی (ضروريات فهو حق صحيح)[٣] ئەم جۆری زانستە هەمووی حەق و پێکاندنە، بۆیە پێی دەوترێت (البديهيات)[٤] ڕوون و ئاشکراکان، وە پاشان نابێت ئەم زانستە (ضروريات وبديهيات)انە پێچەوانە و دژبەیەك لەخۆبگرن، (فالشيئان اللذان لا يمكن أن يكون أحدهما خطأ فإنه لا يمكن أن يتعارضا، والبديهيات لا يمكن أن تكون متعارضة)[٥] گەر دوو شت نەشێت یەکێکیان هەڵە بێت ئەوا نابێت دژبەیەکیش بن، بۆیە (بديهيات) دژبەیەك نین.

ئالێرەدا (متكلمين)ی ناو بازنەی ئیسلام لە (معتزلة) و فیرەقە کەلامییەکان کەوتوونەتە گومڕاییەکی ئالۆز و زۆرەوە، بۆیە دەڵێن: (فكل ما وقعت المخالفة فيه فهو ليس ضروري

---

(١) "النجاة في الحكمة المنطقية والطبيعية والالهية" لابن سينا (١/ ٨١)، و "الحد الأرسطي" لسلطان العميري ص٢٨٣.

(٢) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٢/ ٦٤٤).

(٣) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٢٨٧.

(٤) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٦/ ١٥).

(٥) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٢٨٨.

عندهم)[١] هەرشتێك ڕای جیاوازی لەسەر بوو ئەوا زانستی (ضروري وبديهي) نییە.

وە تەنانەت باوەڕبوون بە خواش دەخەنە ئەم بازنەیەوە، لەبەرئەوەی کەسانێك هەن باوەڕیان بە خوا نییە، هەروەك (قاضي المعتزلة عبد الجبار) وا دەڵێت لە "شرح الأصول الخمسة"دا[٢]، کەواتە دروستە و دەشێت باوەڕ بە خوا نەکرێت.

وە تەنانەت (فخر الدين الرازي) گومانێکی زۆر دەخاتە سەر ناو و سیفاتە ڕووون و ئاشکراکانی خوا، وەکوو ئەوەی نابێت خوا لەسەر عەرش بێت و لە بەشی سەرەوە بێت، بە بیانوی ئەوەی هەندێك لە خاوەن عەقڵەکان پێچەوانەی ئەمەن: أن جمهور العقلاء المعتبرين اتفقوا على أنه تعالى ليس يتحيز، ولا مختص بشيء من الجهات[٣]. کۆدەنگی عاقڵە ناوداڕەکان لەسەر ئەوەن نابێت خوا خاوەنی سنووردارى لەخۆبگرێت و پەیوەست بێت بە شوێن و لایەکەوە، واتە ئەمە بۆ (مخلوق)ە نەك (خالق).

وە هەروەها باوەڕنەبوونیان بە هەموو سیفاتەکانی خوا وە بە بینینی پەروەردگار وە زیندووبوونەوەی لاشە بۆ ڕۆژی دوایی و زۆرێك لە بابەتەکانی ئیمان و قەدەر و غەیبییەکان ... وە تەنانەت باوەڕنەبوونیان بە فەرموودەی (حديث المتواتر)یش بە هۆکاری ئەوەی لەخۆگری ڕای جیاوازە.

وە لە بنەمای دووەمیشدا: (المعاني الكلية في الخارج) کەوتوونەتە گومڕاییەکی فەلسەفییەوە وەکوو (سوفسطائي)یەکان لەبەرئەوەی: فهم لما أدركوا المعنى الكلي في أذهانهم ظنوا أنه يمكن أن يتحقق في الخارج كليًا كما تصوروه[٤]. کاتێك دەرکیان بە شتە گشتییەکان کرد لە عەقڵیاندا وا گومانیان برد کە دەبێت وەکوو خۆیان بوونیان ببێت لە بوونداً، ئەم جیانەکردنەوەیە بووە هۆکاری زۆرێك لە گومڕاییەکانیان کە لە جیهانێکی خەیاڵدا دەژیان، لەبەرئەوەی ڕێگەکانی عەقڵ ڕێگەی هەستەکانە، گەر لە بوونداً نەبێت ناتوانێت بوون و بیرکردنەوەی بۆ دابنێت، وەك

(١) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٢٨٨.

(٢) "شرح الأصول الخمسة" للقاضي عبد الجبار ص٦٦.

(٣) "أساس التقديس" للرازي ص١٧، و "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٢٨٩.

(٤) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٣٤٠.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فطرق العلم ثلاث: أحدها: الحس الباطن والظاهر، ... والثاني: الاعتبار بالنظر والقياس، وإنما يحصل العلم به بعد العلم بالحس، فما إفاده الحس معيناً يفيده العقل والقياس كلياً مطلقاً، فهو لا يفيد بنفسه علم شيء معين، لكن يجعل الخاص عاماً، والمعين مطلقاً، فإن الكليات إنما تعلم بالعقل، كما أن المعينات إنما تعلم بالإحساس، والثالث: الخبر، والخبر يتناول الكليات والمعينات والشاهد والغائب، فهو أعم وأشمل، لكن الحس والعيان أتم أكمل[1].

واتە: ڕێگەکانی زانست سیانن، یەکەمیان هەستە ناوەڕۆکی و دەرەکییەکانە، دووەمیان تێڕوانین و پێوانەکردنەکانە، ئەمانەش بە ڕێگەی هەستەکان زانستیان دەستدەکەوێت، ئەگەر هەستەکان زانستی دیاریکراویان بدەنێ ئەوا ڕێگەی عەقڵ و پێوانەکان بەشێوەی گشتی و ڕەها زانستیان لێی دەستدەکەوێت، وە گەر نا عەقڵ بۆ خۆی و خودی خۆی سەربەخۆ زانستی دیاریکراوی نییە بێجگە لە دابەشکاری نەبێت بۆ شتەکان، وەکوو تایبەتکردن بە گشتی و دیاریکراوەکان بە شتە ڕەهاکان، وە لەلایەکی تریشەوە گشتییەکان بە عەقڵ دەزانرێت و تایبەتەکان بە هەستەکان، سێیەمیش هەوالّەکانە، هەوالّەکان بریتین لە بابەتە گشتییەکان و تایبەتەکان وە دیار و نادیاریش لەخۆدەگرێت، ئەم جۆرەش زانست تیایاندا گشتگیرن، بەڵام هەستەکان و دیاریکراوەکان تەواوترن، شتە دەرەکییەکان (الخارج) سەربەخۆ و بوونن بەڵام زیهنییەکان خۆیی و کەسین لەبەرئەوە جیاوازن بەگوێرەی مەزاجی بیرکەرەوەکان.

ئەوەی دەرەکییە یا بوونە یا نەبوون، بەڵام زیهنییەکان یا ڕاستن یا درۆ، ئەم دوو جیاوازییەیان هەیە.

بیرکردنەوەی زیهنی زۆر فراوانترن لە بوونە دەرەکییەکان، دەشێت لە زیهن و بیرکردنەوەی مرۆڤدا بیر لە نەبووەکان (مستحيل) بکرێتەوە و دوو شتە جیاوازە دژبەیەکەکان کۆبکرێنەوە، بەڵام لە بوون و واقیعدا ئەمە نییە و نابێت.

هەر لەژێر ئەم بابەتەدا فیرەقەکان کەوتوونەتە گومڕاییەوە، دەڵێن دەشێت باوەڕت بە خوا هەبێت لە بیر و هزرتدا، ئەگەر لە بوونیشدا بوونی زاتی خۆی و عەرش و سیفاتیشی نەبێت، هەر

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٧/ ٣٢٤).

لەبەرئەمە باوەڕیان بەس (نظري) و بیروهۆش بوو، باوەڕیان بە هەموو غەیبییەکان نەبوو لە (مەلائیکە و جن و قیامەت) کە لە واقیعدا بەو شێوەیە بێت کە قورئان باسیانی کردووە.

ئەمە دەیانگێڕێتەوە بۆ هەمان گومڕایی (سوفسطائي)یەکان کە دەیانوت: وجود الموجودات في الخارج تابعًا لتصوراتنا لها[1]. بوونی شتە دەرەکی و هەستپێکراوەکان پەیوەستن بە بیر و هزرمانەوە، لەبەرئەوەی گەر هەرشتێك لە بیرماندا بوونی هەبێت ئەوا بە بوون دادەنرێت.

وە لە بنەمای سێیەمدا: (التفريق بين الوجود والماهية) هەمان شێوازی هاوشێوەی پێشووی گومڕایی لەخۆدەگرێت ئەویش جیاوازییە کە دەبێت لە نێوان بوون و چۆنیەتییەکەیدا ببێت، ئەوەی لە بیری تۆدا بێت ئەوە (ماهية) و چۆنیەتییەکەیەتی وە ئەوەی دەرکەییە لە بووندا ئەوە (وجود)ە، کەواتە جیاوازن مەرج نییە ئەوەی لە بیری تۆیا هەبێت بوونی هەبێت، یاخود بە واتایەکی تر دەڵێن: وَأَمَّا إِذَا عَنَى بِالْمَاهِيَّةِ وَالْوُجُودِ جَمِيْعاً مَا هُوَ ثَابِتٌ فِي الْخَارِجِ ... فَهُوَ خَطَأٌ[2].

وە ئەگەر مەبەست بە (الوجود والماهية) ئەوە بێت کە ئەوەی لە هزر و بیری تۆدا هەبێت، دەبێت بوونیشی لە دەرەوەی تۆدا هەبێت؛ ئەوە هەڵەیە، وەکوو بابەتەکەی پێشووە.

یاخود دوو بنەما گەورەکەی (منطق) (تصورات وتصديقات) واتە یەکەم (تصورات) لە بیر و عەقڵدا دەبێت بسەلمێنرێت ئەوکات دووەم باوەڕی پێبکرێت، ئەمەش هەمان هەڵەیە بەو واتایە دەبێت خوا بسەلمێنرێت ئەوکات باوەڕی پێبکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ (تصورات) دەبێت بوونی (تصديقات) بەبێ گومان هەبێت، بەبێ بوونی خەڵك و عەقڵیان و بیرکردنەوە و سەلماندنیان بوونی خوا هەر بووە و هەر دەبێت و هیچ گۆڕانکارییەك بەسەریدا بوونی نابێت، وە بۆ هەموو شتەکانی تر بەبێ سەلماندنی لە عەقڵی بوونەوەرەکاندا هەر بوون و هەڵگری نکوولّی نییە.

کەواتە ئەمە زانستی (منطق)ە کە فیرەقەکان و صۆفییەکان و شیعەکان و ئەشعەرییەکان ... بە رێگەی زانستی شەرعی دادەنێن بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی تەواوی قورئان و فەرموودە (وا إسلاما) هاوار بۆ ئەو ئیسلامە و هەڵگرانی !!!

---

(١) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص١٣٣.

(٢) "الصفدية" لابن تيمية (٢/ ٢٨٢)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٦/ ٢٦٥).

حوكمی زانستی (منطق)

ئەم زانستە بە هەوێنی فەلسەفە و بیرۆكەكانی ناودەبرێت و بە خاك و زەمینەی بیری فەیلەسووفەكان ناوزەند دەكرێت، زانایانی ئیسلام بیروڕایان لەسەر حوكمدان بەسەر سەرقاڵبوون و زانین و بە زانست گرتنی ئەم زانستە حوكمی جیاوازیان هەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سروشتی زانستەكە لەخۆگری حەق و بەتاڵ و خێر و شەڕ و ڕاست و درۆیە، وە بۆخۆی لەم كات و چۆنیەتییەدا حوكمەكان جیاواز دەبن بە هۆكاری خوێندنەوەی لایەك و جۆری بەكارهێنانیان وە سنوورداركردنی و بەكارهێنانی لەلایەكی تردوە.

(ابن حزم) رَحِمَهُ اللَّهُ ڕایەكان لەسەر ئەم زانستە دەكاتە چوار بیروڕا، سیانیان ڕەتی دەكاتەوە و یەكێكیان دانی پیادا دەنێت، خاوەنی بیروڕای یەكەم كە حەرامیان كردووە بە هیچ شێوەیەك خوێندنەوەیان لەسەر ئەم زانستە نەبووە، بەڵام كاتێك بیستوویانە كۆتاییەكەی بەرەو گومڕاییە و داهێنەرەكانی بتپەرستەكانن؛ حەرامیان كردووە و ڕێگرییان لێ كردووە، بیروڕای دووەم كەسانێكن كە (منطق)یان نەزانیوە و دوژمنایەتی نەزانینیان كردووە، سێیەمیان كەسانێكن بە چاوی ڕەخنە و ڕەتدانەوە خوێندوویانەتەوە، تاوەكوو لە تۆمەتی (إلحاد) بەدوور بن و تێگەیشتنیان بۆی نەبووە، چوارەم دەڵێت: الضرب الرابع: قوم نظروا بأذهان صافية وأفكار نقية من الميل وعقول سليمة فاستناروا بها ووقفوا على اغراضها فاهتدوا بمنارها وثبت التوحيد عندهم ببراهين ضرورية ... وشاهدوا انقسام المخلوقات وتأثير الخالق فيها وتدبيره إياها[1]. كەسانێك بە عەقڵێكی كراوە و تێگەیشتنێكی سەلامەتەوە خوێندوویانەتەوە، بووەتە هۆكاری ڕووناكی و گەیشتن بە مەبەستەكان، لەوانە سەلماندنی تەوحید بە بەڵگە نكوولێ لێنەكراوەكانەوە و تێگەیشتن لە دروستكراوەكان و دەسەڵاتی خوا لە بەڕێوەبردنیاندا، تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت: ورأينا هذه الكتب كالدواء القوي[2]. وا دەبینین ئەم كتێبانە وەكوو دەرمانێكی بەهێز وان، ئەگەر كەسی بەهێز و خاوەن توانا بەكاری بهێنێت سوودمەند دەبێت، وە كەسی نەخۆش و لاواز بەكاری

(١) "التقريب لحد المنطق والمدخل إليه بالألفاظ العامية والأمثلة الفقهية" لابن حزم ص٧، و "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص١٠٩.

(٢) "التقريب لحد المنطق والمدخل إليه بالألفاظ العامية والأمثلة الفقهية" لابن حزم ص٧.

بهێنێت لەناوی دەبات و دەیکوژێت، تا دەڵێت هەموو جۆرەکانی زانست پێویستیان پێیەتی وەکوو زانستی (النحو والبلاغة والطب والهندسة وعلم الأديان والمقالات).

بەڵام (منطق) پایەدار ناکات بەسەر زانستە شەرعییەکاندا و بە پاشگر و پشتیوان ناوی دەبات بۆیان: فبعضه علم حدود المنطق، فنقول لهم: إنكم لم تحصلوا إلا على العلوم التي لا منفعة لها ولا فائدة، إلا تصريفها في سائر فأنتم كمن جمع آلة البناء ولم يصرفها في البنيان فهي معطلة لديه لا معنى لها[١]. هەندێك زانستی (منطق)یان بەدەستهێناوە پێش ڕەخنەلێگرتنی، پێیان دەڵێین زانستێکتان بەدەستهێناوە هیچ سوودمەند نین تیایدا، ئێوە وەکوو ئەوانە وان کە پێداویستییەکانی کردنەوەی بینا و باڵەخانە کۆدەکەنەوە و لەگەڵ ئەوەشدا بەکاری ناهێنن بۆ کاری خۆی، ئەوا لە ئەنجامدا لەکارکەوتوو دەبێت.

بە کورتی حوکمدانەکە دەبێتە سێ بەشەوە، هەروەك (أحمد بن عبد المنعم الدمنهوري) لە کتێبی "إيضاح المبهم في معاني السلم"[٢] وە خاوەنی کتێبی "منهج الإستدلال"[٣] دەیگوازێتەوە و دەڵێت: سێ ڕای جیاواز هەیە لەسەری:

یەکەم: هەندێك دەڵێن واجبە بزانرێت و فێری بیت، ئەویش ئەوانەن کە بە فەیلەسووفەکانی ناو ئیسلام ناودەبرێن، وەکوو (الكندي والفارابي وابن سينا).

ئەمانەش بۆ خۆیان تۆمەتبارن بە دەرچوون لە دین و لەخۆگری هەموو جۆرەکانی (زندقة) و هەڵدێران لە بنەماکانی دین، وە خاوەنی هیچ خزمەت و پێگەیەکی دینی نین و بە پشتیوانانی ئەو دینە ناونەبراون، بەڵکوو نووسینەکانیان سەرچاوەی گومڕایی و دژایەتی دینە و بە زانایانی خزمەتکاری ناوداری ئیسلام ناو نابرێن، هەڵگری ڕێگە و زانستی (سلف الصالح) نین و بەڵکوو دوژمنایەتی و دژایەتیکردنی ئەوان کاریان بووە، هەر بۆیە (الغزالي) کتێبی "تهافت الفلاسفة" و "المنقذ من الضلال"ی دەرکردووە لەسەریان و هەموو تۆمەتێکی گومڕایی خستووەتە پاڵیان.

وە ئەم پشتیوانییەشیان بۆ (منطق) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ماددەی خاو و ڕێگەی گەیشتنە بە

(١) "رسائل ابن حزم الأندلسي" لابن حزم (٤/ ٨٩)، و "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص١١٤.

(٢) "إيضاح المبهم في معاني السلم"للدمنهوري ص٥.

(٣) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦٣٠).

فەلسەفە بۆیان، نەك بە قورئان و سوننەت.

دووەم: (جائز) و دروستە بۆ كەسانی پێگەیشتوو لەو بوارەدا.

هەندێك لە زانایان بڕوایان وایە (منطق) دوو جۆرە، بەشی تێكەڵ بە فەلسەفە و بەشی پالاّفتە لە فەلسەفە[١].

وە بۆ بەشی پالاّفتە و شاییستەی بەكارهاتوو بۆ پشتیوانی دین دەڵێن دەبێت بزانرێت، وە تەنانەت هەندێكیان ئەم دوو جۆرە باس ناكەن، وەكوو (ابن حزم والغزالي)، بەڵام بە كۆكراوەی باسەكانیان و نووسینیان مەبەستیان لە (منطق) بەشە سوودمەندەكەیەتی لایان بە مەرجی متمانەی لەخۆنەگری گومڕایی، لەبەرئەوەی بە شێوەیەكی گشتی لە كۆتاییدا ئەمانەش بۆخۆیان پشتیان كردووەتە زانستی (منطق).

لەوانە (ابن حزم الأندلسي) رَحِمَهُ اللَّهُ كە زیادەڕەوییەكی زۆری كردووە لە وەسفی نووسراوەكانی (أرسطو) و (منطق)ەكەیدا، هەروەك ئیمامی (الذهبي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەربارەی (ابن حزم) دەڵێت: وَعُنِي بِعِلْم الْمنطق وَبَرَعَ فِيْهِ، ثُمَّ أَعرض عَنْهُ مَا أَعرض عَنْهُ حَتَّى زرع فِي بَاطِنه أُمُوْراً وَانحرَافاً عَنِ السّنَة ... وَأَمعَنَ فِيْهِ، فَزلزله فِي أَشيَاء[٢]. واتە (ابن حزم) گرنگی داوە بە زانستی (منطق) و هەڵكەوتوو بووە تیایدا، پاشان پشتی تێكردووە، وە كاتێك پشتیشی تێكردووە كە لادان لە ڕێڕەوی سوننەت و چەند كارێكی تیادا چاندووە، وە لەرزین و هەڵدێران و لادانی لە كۆمەڵە شتێكدا بۆ دروستكردووە.

هەروەها (أبو حامد الغزالي) رَحِمَهُ اللَّهُ گرنگییەكی زۆری بە (منطق) داوە و كاری نووسین و كورتكردنەوە و دەسكاریكردنێكی زۆری ئەنجام داوە لە بوارەكانی (منطق)دا، وەكوو نووسینی "معيار العلم" و "محك النظر" وە لە كۆتاییدا وەكوو تاكە ڕێگەیەكی ڕاست و دروست لە زانستدا كتێبێكی نووسیوە بەناوی "القسطاس المستقيم" تاوەكوو بیسەلمێنێت كە قورئانیش هەمان سێ پێوانەكەی (منطق)ی بەكارهێناوە كە بریتییە لە (ميزان التعادل، ميزان التلازم، ميزان التناقض)، وە لە پێشەكی كتێبی "المستصفى"دا پێشەكییەكی تێر و تەسەلی نووسیوە لە باس و پلەی (منطق) لە

(١) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٢٧٨.

(٢) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (١٨/ ١٨٨، ٢٠١).

زانستدا بۆ خاوەن عیلم و دەڵێت: بَلْ هِيَ مُقَدِّمَةُ الْعُلُومِ كُلِّهَا، وَمَنْ لَا يُحِيطُ بِهَا فَلَا ثِقَةَ لَهُ بِعُلُومِهِ أَصْلًا[١]. واتە زانستی (منطق) پێشەکییە بۆ هەموو جۆرەکانی زانست، ئەوەی شارەزا نەبێت بەسەریدا بە دڵنیاییەوە هیچ متمانەیەك نییە لەسەر عیلمەکەی.

ئەم جۆرە بۆچوونەشی لەسەر ئەو بنەمایەیە کە (منطق) هیچ پەیوەندییەکی بە دینەوە نییە و زانستێکی سەربەخۆیە، وە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە هەموو بوارەکانی زانستدا، وەك دەڵێن: وأما المنطقيات: فلا يتعلق شيء منها بالدين نفياً وإثباتاً، بل هي النظر في طرق الأدلة والمقاييس، وشروط مقدمات البرهان، وكيفية تركيبها[٢]. واتە بابەتەکانی (منطق) هیچ پەیوەندییان بە دینەوە نییە، نە لە سەلماندنی بوونی و نە لە نەبوونیدا، بەڵکوو تێڕوانینێکە بە ڕێگەکانی بەڵگەکاری و پێوانەیی، لەگەڵ مەرجەکان و پێشەکییەکانی سەلماندن و چۆنیەتی ڕێکخستنیان.

وە تەنانەت لە کتێبی "مقاصد الفلاسفة"[٣] دەڵێت و دەیڕازێنێتەوە کە ئەو (منطق)ەی لای یۆنانییەکانە زۆری لەسەر ڕاست و دروستییەکانە و هەڵە دەگمەنە تیایاندا، وە بگرە جیاوازییەکانیان لەگەڵ بەرنامەی حەقی ئیسلامدا لەسەر داڕشتن و وشەکارییەکانە، نەك مەبەست و واتاکانیان.

بەڵام خۆ نەیتوانیوە هەموو (منطق) وەکوو خۆی وەربگرێت و بگرە دژایەتی چەندەها بابەتیشی کردووە، لەوانە یاسای (السببية) هۆکاربوون، هەروەك خاوەنی کتێبی "الحد الأرسطي" دەڵێت: ولما أراد الغزالي أن يعرض المنطق الأرسطي في كتابه "معيار العلم" لم يستطع أن يقبل كل ما ذكره أرسطو، بل قد خالفه لأجل مخالفته في مبتدأ السببية[٤]. کاتێك (الغزالي) ویستوویەتی بابەتەکانی (منطق) لە کتێبی "معيار العلم" بناسێنێت نەیتوانیوە هەموو ئەو شتانەی (أرسطو) باسی کردووە وەریبگرێت، بەڵکوو جیاوازی لەگەڵدا هەبووە بە هۆکاری ڕای جیاوازی

(١) "المستصفى" للغزالي ص١٠.

(٢) "المنقذ من الضلال" للغزالي ص١٤١.

(٣) "مقاصد الفلاسفة" ص١٠.

(٤) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٢٦٥.

لە بابەتی (السببية) هۆکارەکان و بنەماکانیان.

کەواتە پێچەوانەی بڕیارەکانی خۆیەتی لەگەڵ ئەو هەموو ڕازاندنەوە و جوانکردنی (منطق)ە لەلای زانست خوازان، لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە لەسەر دژایەتی فەلسەفە و فەیلەسووفەکان کتێبی نووسیوە بەناوی "المنقذ من الضلال" ، "تهافت الفلاسفة" لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر زانستی (منطق) ئەوەی نەنووسیوە کە (منطق) بناغەی فەلسەفەیە و هۆکاری گومڕاییانە.

هەروەك (ابن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێبێت: والمقصود هنا أن كتب أبي حامد وإن كان يذكر فيها كثيراً من كلامهم الباطل، أما بعبارتهم أو بعبارة أخرى فهو في آخر أمره يبالغ في ذمهم ويبين أن طريقهم متضمنة من الجهل والكفر ما يوجب ذمها وفسادها أعظم من طريقة المتكلمين ومات وهو مشتغل بالبخاري ومسلم والمنطق الذي كان يقول فيه ما يقول ما حصل له مقصوده ولا أزال عنه ما كان فيه من الشك والحيرة، بل كان متوقفاً حائراً فيما هو من أعظم المطالب العالية الإلهية والمقاصد السامية الربانية ولم يغن عنه المنطق شيئاً[(١)].

واتە: مەبەست لێرەدا ئەوەیە کتێبەکانی (أبو حامد الغزالي) کە زۆرێك لە قسە گومڕاکانی (منطق وفلسفة) باس دەکات بە قسە و دارشتنی خۆیان یاخود جۆرێکی جیاواز، بەڵام لە کۆتایی کاریدا زۆر قسەیان پێدەڵێت و زەمیان دەکات، ڕێگەکەیان بە نەزانین و بێبڕوایی ناو دەبات، خراپتر لە فیرقە کەلامییەکانی ئیسلام، لە کۆتایی تەمەنیشیدا خۆی سەرقاڵ کردبوو بە (صحيح)ی بوخاری و موسلیمەوە و بەو شێوەیە وەفاتی کرد، ئەو (منطق)ەی ئەو هەموو باس و پیاهەڵدانەی بۆ دەکرد هیچ سوودێکی بۆی نەبوو و ئاواتیشی نەهێنایەدی و نەبووە هۆی ڕەواندنەوەی ئەو هەموو گومان و سەرسامیەی؛ کە دەبوایە بە زانستی (منطق) بەدەستی بهێنایە، بەڵکوو حەیران بوو لە هەموو بابەتە بەنرخەکانی زانستی خواناسیدا و (منطق)یش هیچ کەڵێنێکی بۆ نەگرت.

هەر بۆیە هەموو نووسینەکانی زۆر دوور بوون لە قوواڵایی دین و بەرنامەی ئەهلی سوننەتەوە، وەك (ابن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێبێت: كلام الغزالي ينفع الفلسفي ويضر المسلم[(٢)]. **واتە**

---

(١) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص١٩٨.

(٢) "النبوات" لابن تيمية (١/ ١٥٩).

قسەکانی (غەزالی) فەیلەسووف لێی سوودمەندە و موسوڵمان لێی زەرەرۆمەندە.

وە دەڵێت: وَأَبُو حَامِدٍ يَمِيلُ إِلَى الْفَلْسَفَةِ لَكِنَّهُ أَظْهَرَهَا فِي قَالَبِ التَّصَوُّفِ وَالْعِبَارَاتِ الْإِسْلَامِيَّةِ، وَلِهَذَا رَدَّ عَلَيْهِ عُلَمَاءُ الْمُسْلِمِينَ حَتَّى أَخَصُّ أَصْحَابِهِ أَبُو بَكْرٍ بْنُ الْعَرَبِيِّ فَإِنَّهُ قَالَ: شَيْخُنَا أَبُو حَامِدٍ دَخَلَ فِي بَطْنِ الْفَلَاسِفَةِ ثُمَّ أَرَادَ أَنْ يَخْرُجَ مِنْهُمْ فَمَا قَدَرَ[١]. **واتە (أبو حامد الغزالي) مەیل و لایەنگری بۆ فەلسەفە هەبوو، بەڵام لە چوارچێوەی تەسەوف و داڕشتنە ئیسلامییەکاندا دەری دەبڕی، بەو هۆیەوە زۆری زانایانی ئیسلام ڕەتیان دەدایەوە، بەتایبەت قوتابی هەرە نزیکی (ابن العربي المالكي) دەڵێت: مامۆستاکەمان (غەزالی) چووە ناو سکی فەلسەفەوە و پاشان ویستی بێتە دەرەوە نەیتوانی.**

وە دانی بەوەدا ناوە وەکوو خۆی دەڵێت: حَتَّى قَالَ أَبُو حَامِدٍ الْغَزَالِيُّ: أَكْثَرُ النَّاسِ شَكًّا عِنْدَ الْمَوْتِ أَهْلُ الْكَلَامِ[٢]. **واتە زۆری ئەو کەسانەی گوماناوین لە سەرەمەرگدا کەسانی ئەهلی فەلسەفە و کەلامن.**

(ابن حزم والغزالي) بە دوو کەسایەتی ناوداری پەرەپێدەر و ناسینی زانستی (منطق) ناودەبرێن، بەڵام ئەوەی (غەزالی) کردی لە پێناوی بڵاوبوونەوە و ناسینی (منطق)دا ئیمامی (ابن حزم) نەیکرد.

یەکەم کەس کە بەرگی زانستی (منطق)ی پۆشی بە زانستی ئیسلامیدا بەتایبەت لە بابەتی (أصول الفقه)؛ (غەزالی) بوو لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی ئیسلامدا.

هەروەك نووسەری فەلسەفەی میسڕی ناودار (علي سامي النشار) لە کتێبی "مناهج البحث عند مفكري الإسلام"[٣] دەڵێت: يعتبر الغزالي المازج الحقيقي للمنطق الأرسطوطاليسي بعلوم الإسلام[٤]. **(غەزالی) بە تێکەڵکاری (منطق)ی (أرسطو)یی بە زانستە ئیسلامییەکانەوە دادەنرێت.**

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ١٦٤).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ٢٨).

(٣) "مناهج البحث عند مفكري الإسلام" لعلي سامي النشار ص٩٠.

(٤) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٤٣٢.

تا (غەزالی) دەگاتە ئەو ئاستەی کە دەڵێت: لا يوثق بعلمه إلا من عرف هذا المنطق[١]. واتە متمانە لەسەر عیلمی کەس نییە تاوەکوو (منطق) نەزانێت.

بەم هۆکارەوە بووە پێشەنگی گرنگیدان بە (منطق)، وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: ولكن بسبب ما وقع منه في أثناء عمره وغير ذلك صار كثير من النظار يدخلون المنطق اليوناني في علومهم حتى صار من يسلك طريق هؤلاء من المتأخرين يظن أنه لا طريق إلا هذا[٢]. بە هۆکاری ئەم کارانەیەوە لە ماوەی تەمەنیدا زۆرێك لە ئەهلی بیر و تێڕوانینە عەقڵییەکان زانستی (منطق)یان خستە نێو زانستەکان و تەنانەت ئەم کەسانە وا گومانیان دەبرد هیچ ڕێگایەك نییە بۆ زانست بێجگە لە ڕێڕەوی (منطق) نەبێت.

زانایانی پێش (غەزالی) هیچ ئاشناییەکیان لەگەڵ (منطق)دا نەبووە، وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: صُنِّفَ فِي الْإِسْلَامِ عُلُومُ النَّحْوِ وَاللُّغَةِ وَالْعَرُوضِ وَالْفِقْهِ وَأُصُولِهِ وَالْكَلَامِ وَغَيْرِ ذَلِكَ. وَلَيْسَ فِي أَئِمَّةِ هَذِهِ الْفُنُونِ مَنْ كَانَ يَلْتَفِتُ إلَى الْمَنْطِقِ بَلْ عَامَّتُهُمْ كَانُوا قَبْلَ أَنْ يُعَرَّبَ هَذَا الْمَنْطِقُ الْيُونَانِيُّ[٣]. زانستی زۆر لە ئیسلامدا نووسراوەتەوە لە زانستی (نحو واللغة والعروض وفقه وأصول) لەناو زانایانی ئەم زانستانەدا کەسێکیان نەبووە ئاوڕ لە (منطق) بداتەوە، وە بگرە کۆی گشتییان پێش ئەو سەردەمە بوون کە (منطق) وەربگێڕدرێت بۆ زمانی عەرەبی.

تەنانەت (ابن صلاح الشهرزوري) ئەم کارەی (غەزالی) بە پێچەوانەی (إجماع العلماء) کۆدەنگی زانایان ناودەبات و دەڵێت: فَكَيْفَ غَفَلَ الْغَزَالِيّ عَن حَال شَيْخِهِ إِمَام الْحَرَمَيْنِ فَمن قبله من كل إِمَامٍ هُوَ لَهُ مقدم، ولمحله فِي تَحْقِيق الْحَقَائِق رَافع لَهُ ومعظم، ثمَّ لم يرفع أحد مِنْهُم بالْمنْطق رَأْسًا، ... وَلَقَد أَتَى بخلطه الْمنطق بأصول الْفِقْه بِدعَة عظم شؤمها على المتفقهة حَتَّى كثر بعد ذَلِك فيهم المتفلسفة[٤]. واتە کاتێك (غەزالی) دەڵێت متمانە لەسەر زانستی کەسێك نییە

(١) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص١٩٤، و "المستصفى" للغزالي ص١٠.

(٢) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص١٩٨.

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٢٣).

(٤) "طبقات الفقهاء" لابن صلاح (١/ ٢٥٤).

(منطق) نەزانێت، باشە (غەزالی) چۆن بێئاگا بووە لە مامۆستاکەی (إمام الحرمين الجوينی) و ئەوانەی پێش ئەویش لە زانایانی پلەدار و خاوەن نووسینی شیکار و (تحقیق)؟ خۆ هەموو ئەمانە لای غەزالی ناودار بوون، لەگەڵ ئەوەشدا هیچیان بە هۆکاری (منطق)ەوە پلەدار و ناودار نەبوون، ئەم تێکەڵکردنەی (منطق) بە (أصول الفقه) لەلای غەزالی بیدعەیەك بوو بووە هۆکاری نەگبەتی و شوومێکی گەورە بەسەر شارەزایانی (فقه) تاوەکوو کەسانی فەلسەفە ئامێزیان تیادا زۆر بوو.

ئەم هەموو لادانانە بووە هۆکاری ئەوەی لە سەدەی شەشەمدا لەسەر دەستی ناوداری شیعە (نصير الدين الطوسي) کە بووە هۆکاری سەرەکی و بەکرێگیراو بۆ هاتنی هۆلاکۆی تەتەرەکان و داگیرکردنی (بغداد) و ڕووخاندنی دەوڵەتی (العباسي)، وەکوو (ابن القيم) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: نَصِير الشرك والكفر الملحد، وزير الملاحدة، النّصير الطُّوسي، وزير هُولاكو[١]. (الطوسي) کە سەرخەری موشرکین و بێبڕوایان و وەزیری هۆلاکۆی موڵحیدەکان بوو بە پشتیوانی وەزیرێکی شیعە بەناوی (علقمي) لە دەوڵەتی عەبباسیدا لە بەغداد لە سەردەمی تەتەرەکاندا (دار الحكمة)ی دامەزراند و سێ درهەم ڕۆژانەی بڕییەوە بۆ ئەو کەسانەی کە خەریکی فەلسەفەن، وە بۆ ئەوانەی کە خەریکی (الطب) بوون دوو درهەم، وە بۆ ئەوانەی کە سەرقاڵی فێربوونی فەرموودە بوون نیو درهەم.

ئەم کارانەیان لە سەرەتاوە بە شاراوەیی و لە ئاستی تاکەکەسیدا بوو وە لە زانایانیان دەشاردەوە[٢].

وە تەنانەت (تقي الدين السبكي) دژایەتی ئەو زانایانەی دەکرد کە زانستی (منطق)یان حەرام دەکرد[٣].

کورِەکەشی (تاج الدين السبكي) ئەگاتە ئەوەی دەڵێت (أبو بكر وعمر) رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا شارەزای تەواوی ئەو جۆرە زانستی (منطق)ە بوون لەبەرئەوەی ئەم زانستە چێنراوە لە عەقڵدا و ئەوانیش خاوەنی کاملّترین عەقڵ بوون[٤].

---

(١) "إغاثة اللهفان" لابن القيم (٢/ ١٠٣٢).

(٢) لە "البداية والنهاية" لابن كثير (١٣/ ٢٦٨)، و "الأعلام" للزركلي (٧/ ٢٥٧).

(٣) "فتاوى السبكي" (٦٤٤).

(٤) "رفع الحاجب عن مختصر ابن الحاجب" لتاج الدين السبكي ص٢٨١.

وە (ابن حجر الهيتمي) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَأَمَّا الْمُنْطِقُ الْمُتَعَارَفُ الْآنَ بَيْنَ أَيْدِي أَكَابِرِ عُلَمَاءِ أَهْلِ السُّنَّةِ فَلَيْسَ فِيهِ شَيْءٌ مِمَّا يُنْكَرُ وَلَا شَيْءٌ مِنْ عَقَائِدِ الْمُتَفَلْسِفِينَ[١]. **واتە ئەو (منطق)ەی کە ناسراوە و لە بەردەستی زانایانی گەورەی ئەهلی سونەتدایە هیچ شتێکی تیادا نییە مایەی نکوولێ بێت یاخود لەخۆگری بیروباوەڕی فەیلەسووفەکان بێت.**

تا ئەو ئاستەی (محمد أمين الشنقيطي) رَحِمَهُ اللَّهُ **خاوەنی "أضواء البيان" لە کتێبی "آداب البحث والمناظرة"دا دەڵێت:** وجئنا بتلك الأصول المنطقية خالصةً من شوائب الشُّبه الفلسفية، فيها النفع الذي لا يخالطه ضررٌ البتة؛ لأنها من الذي خلّصه علماء الإسلام من شوائب الفلسفة، ... وإنما يعتريه الخلل من جهة الناظر فيه[٢].

واتە: چەند بنەمایەکی (منطق)یمان هێناوە پاڵافتە کراوە لە هەموو تێکەڵییەکی فەلسەفی و هۆکاری سوودمەندییە و تێکەڵی هیچ زیانێك نییە، لەبەرئەوەی زانایانی ئیسلام پاڵافتەیان کردووە لە زیانەکانی فەلسەفە، ... تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت: هەڵە لە (منطق)دا بە هۆکاری بەکارهێنەر و تووێژەرەوە دروستدەبێت.

(د. سعود بن عبد العزيز العريفي) لە کتێبی "النقد التيمي" لە وەڵامیدا دەڵێت: أن ما ذكره الشنقيطي من تنقية العلماء المسلمين المنطق من شوائب الفلسفة ليس على إطلاقه بل يخص الضلالات الفلسفية المغلظة[٣]. **واتە ئەوەی (الشنقيطي) باسی دەکات لە پاڵافتەکردنی فەلسەفە لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە، بەو شێوە گشتییە نییە، بەڵکوو لەخۆگری گومڕایی گەورەی فەلسەفەیە.**

ئایا دەبێت چۆنیەتی و چەندیەتی ئەو جیاکردنەوەیە هاتبێتە دی؟! وە متمانەی پاراستن چۆن بەدەستبێت؟! وە ئەو کەسایەتییە کێ بێت و چۆن بێت بۆ چوونە ناوەوەی ئەم زانستە؟! هەموو ئەمانە لە ئەستەمدا خۆیان دەبینەوە.

---

(١) "الفتاوى الفقهية الكبرى" لابن حجر الهيتمي (١/ ٥٠).

(٢) "آداب البحث والمناظرة" للشنقيطي ص٥، ٧.

(٣) "النقد التيمي" ص١٠٨.

سێیەم: (حرام)ە فێربوونی و سەرقاڵبوون پێوەی.

ئەمە ڕای زۆری زانایانی شوێنکەوتەی (السلف الصالح) و ڕێڕەو و بەرنامەی ئەوانن لە ئیمامە ناوداڕەکان و زانایانی فەرموودەناس، وە تەنانەت ناوداڕە سەرەتاکانی (أهل الكلام) وەك: القاضي أبي بكر بن الطيِّب، والقاضي عبد الجبار، والجُبَّائي، وابنه، وأبي المعالي، وأبي القاسم الأنصاري وخلقٍ لا يُحْصَوْنَ كثرة[١].

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** مَا زَالَ عُلَمَاءُ الْمُسْلِمِينَ وَأَئِمَّةُ الدِّينِ يَذُمُّونَهُ وَيَذُمُّونَ أَهْلَهُ وَيَنْهَوْنَ عَنْهُ وَعَنْ أَهْلِهِ حَتَّى رَأَيت لِلْمُتَأَخِّرِينَ فُتْيَا فِيهَا خُطُوطُ جَمَاعَةٍ مِنْ أَعْيَانِ زَمَانِهِمْ مِنْ أَئِمَّةِ الشَّافِعِيَّةِ وَالْحَنَفِيَّةِ وَغَيْرِهِمْ فِيهَا كَلَامٌ عَظِيمٌ فِي تَحْرِيمِهِ وَعُقُوبَةِ أَهْلِهِ[٢].

واتە: بەردەوام زانایانی موسوڵمان و ئیمامەکانی دین بە خراپ باسی (منطق) و خاوەنەکانیان دەکەن، ڕێگری لە فێربوونی و لایەنگری و هەڵگرانی دەکەن، وە تەنانەت لە زانایانی ئەم دواییە فەتوای حرامبوونی و سزای قورسیان لەسەر خاوەنەکانیان داناوە، لە ئیمامەکانی مەزهەبی شافیعی و حەنەفی و ئەوانیتر.

لە هەموویان تووندوتیژتر لەسەر ئەم بابەتە لە زانایان (ابن الصلاح الشهرزوري ت ٦٤٣ هـ)یە کە دەڵێت: الفلسفة رَأس السَّفه والانحلال ومادة الْحيرَة والضلال ومثار الزيغ والزندقة وَمن تفلسف عميت بصيرته عَن محَاسِن الشَّرِيعَة ... استحوذ عَلَيْهِ الشَّيْطَان وَأظلم قلبه عَن نبوة نَبينَا صلى الله عَلَيْهِ وَسلم ... واستعمال الاصطلاحات المنطقية في مباحث الأحكام الشرعية من المنكرات المستبشعة، والرقاعات المستحدثة، وليس بالأحكام الشرعية ولله الحمد افتقار إلى المنطق أصلا، هو قعاقع قد أغنى الله عنها كل صحيح الذهن، فالواجب على السلطان أعزه الله أن يدفع عن المسلمين شر هؤلاء المشائيم، ويخرجهم من المدارس ويبعدهم[٣]. **فەلسەفە سەر و بناغەی کەم عەقڵی و دەرچوونە لە دین، کەرەستەی گومڕایی و سەرسامییە، هاندەری زیندیقی و**

(١) "مفتاح دار السعادة" لابن القيم (١/ ٤٤٧)، و "إغاثة اللهفان" لابن القيم (٢/ ٢٦٠).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٧).

(٣) "آداب المفتي والمستفتي" لابن الصلاح ص١٦، و "فتاوى ابن الصلاح" (١/ ٢٠٩) رقم (٥٥).

بێدینی و ڕێ لێتێکچوونە، ئەوەی فەلسەفەکاری بکات چاوی کوێر دەبێت لە جوانییەکانی شەریعەت کە بەڵگەکان سەلمێنەریەتی، ئەوەی تێوەی گلیێت شەیتان زاڵە بەسەریدا و قۆرتی کردووە، وە دڵی تاریکە لە ڕوناکییەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، بەکارهێنانی دارشتنەکانی (منطق) لە توێژینەوەی حوکمە شەرعییەکاندا کارێکی قێزەونە، ڕووکەشێکی داهێنراوی دووەە لە حوکمە شەرعییەکانەوە، سوپاس بۆ خوا شەریعەت هیچ پێویستی بە (منطق) نییە لە بنەمادا، بەڵکوو قیرەقیرێکە هیچ کەسێکی خاوەن عەقڵێکی تەواو پێویستی پێی نییە، پێویستە لەسەر دەسەڵات ئەم شەرە لە موسوڵمانان دوور بخاتەوە و لە قوتابخانەکاندا دەریان بکات.

ئەم هەڵوێستەی (ابن الصلاح) بەم تونديیە (أبو حيان الأندلسي) پشتیوانی لێ دەکات لە باسی چوون بۆ میسرێیدا و دەڵێت: لە ئەندەلووس ئەوەندە کتێبی (منطق) قەدەغەکراو بوو بە دزییەوە دەفرۆشرا و تەنانەت ئەگەر باس بکرایە لە ترسا ناویان نەدەبرد بەڵکوو بە ئاماژەی (مَفْعِلْ) ناویان دەبرد کە لەسەر وەزنی (مَنْطِقْ)ە[١].

خۆ ئەگەر: وَإِذَا كَانَ أَمِيرُ الْمُؤْمِنِينَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ نَهَى عَنْ قِرَاءَةِ التَّوْرَاةِ مَعَ كَوْنِهَا كِتَابًا إِلَهِيًّا، فَلَأَنْ يَنْهَى عَنْ قِرَاءَةِ كَلَامِ الْفَلَاسِفَةِ أَحَقُّ[٢]. ئەمیری ئیمانداران ڕێگری لێ کرابێت لە خوێندنەوەی تەورات کە کتێبێکی ئاسمانییە ئەوا قسە فەلسەفییەکان لەپێشترە ڕێگەی لێ بگیرێت.

وە هەروەها میژوونووسی ناودار ئیمامی (الذهبي) قوتابی (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللهُ زۆر بە تۆکمەیی پشتیوانی (ابن الصلاح) دەکات لە دژایەتی (منطق)دا، تەنانەت لە کتێبی "سير أعلام النبلاء"دا لە باسی ژیاننامەی زانایاندا زۆر دائەبەزێتە سەر ئەو کەسانەی پشتیوان و وەسفکاری (منطق) بوون، وەکوو لە باسی خەلیفە (المأمون)[٣] و (الـكِـنْدِيُّ)[٤] و (ثـابت بن قـرة)[٥] و (فخـر الدين الرازي)[٦] و (فارابي)[٧] و (ابن سينا)[٨] و (ابن حزم)[٩] و (أبو حـامد الغـزالي)[١٠] و

(١) "البحر المحيط في التفسير" لأبو حيان (٦/ ٤٦).
(٢) "البحر المحيط في التفسير" لأبو حيان (٦/ ٤٦، ٤٧).
(٣) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (١٠/ ٢٧٣).
(٤) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (١٢/ ٣٣٧).
(٥) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (١٣/ ٤٨٥).
(٦) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (١٤/ ٣٥٤).
(٧) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (١٥/ ٤١٧).
(٨) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (١٧/ ٥٣٥).
(٩) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (١٨/ ١٨٨).
(١٠) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (١٩/ ٣٢٩).

(السهروردي)[١] و (ابن الرشد الحفيد)[٢] و (الآمدي)[٣] ... .

تاوەکوو دەڵێت: المنطق نفعه قليل، وضرره وبيل، وما هو من علوم الاسلام، والحق منه فكامن في النفوس الزكية بعبارات غريبة، والباطل فاهرب منه ... وإن قرأته للفرجة لا للحجة، وللدنيا لا للآخرة، فقد عذبت الحيوان وضيعت الزمان، والله المستعان، وأما الثواب فأيِّس منه ولا تأمن العقاب إلا بمثاب، ... فإن هذا العلم في شق وما جاءت به الرسل في شق، ... وا غوثاه بالله، إذا كان الذين قد انتدبوا للرد على الفلاسفة قد حاروا ولحقتهم كسفة، فما الظن بالمردود عليهم؟! وما دواء هذه العلوم وعلمائها والعاملين بها علما وعقدا إلا الحريق والإعدام من الوجود، إذ الدين ما زال كاملا حتى عُرِّبت هذه الكتب، ونظر فيها المسلمون، فلو أعدمت لكان فتحا مبينا[٤].

واتە: زانستی (منطق) سوودی کەم و زیانی زۆرە و لە زانستە ئیسلامییەکان نییە، ئەوەی حەق بێت بۆ خۆی لە زیهن و نەفسی پاکی خەڵکیدا بە دەربڕینی سادە بوونی هەیە و پێویستی بە (منطق) نییە، وە بەتاڵەکەشی ئەوە هەر لێی ڕابکە، خۆ ئەگەر بیخوێنیتەوە بۆ خۆشی و بێتاقەتی، نەك بۆ بەڵگەکاری، وە بۆ دونیا نەك بۆ ئاخیرەت، ئەوا نەفسێکت خستووەتە سزا و زەحمەتەوە و کاتت بەفیڕۆ داوە، خوا پشتیوانمان بێت، وە پاداشتیش ئەوە بێئومێد بە لێی ئەگەر سزا نەدرێیت، ئەم زانستە لەلایەکە و زانستی پێغەمبەرانیش لەلایەکی تر، هاوار بۆ خوا، گەر ئەوانەی کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ ڕەتدانەوەیان تووشی گیرانی خۆری ئیمانی بووبێتن، دەبێت حاڵی ئەوانە چی بێت کە کەوتوونەتە ناوی؟! دەرمانی ئەم زانستە و ناودارانیان لە ڕووی زانستی و بیروڕاوە هیچ نییە بێجگە لە سووتاندن و نەمان نەبێت لە بوونداو، خۆ دین تەواو و کامڵ بوو لەناو خەڵکیدا، هەتاوەکوو ئەم کتێبانە نەخرانە سەر زمانی عەرەبی و خوێنەریان بۆ پەیدا نەبوو، خۆ ئەگەر نەمێنن ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ دین.

---

(١) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (٢١/ ٢١٠).

(٢) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (٢١/ ٣٠٨).

(٣) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (٢٢/ ٣٦٤).

(٤) "زغل العلم" للذهبي ص٤٣ – ٤٥، و "سير أعلام النبلاء" للذهبي المقدمة ص٤٠.

وە تەنانەت (الذهبي) رَحِمَهُ اللَّهُ لە كاتی ڕەتدانەوەی (ابن حزم)دا رَحِمَهُ اللَّهُ گلەیی لە مامۆستاكەی دەكات كە (ابن تيمية)یە رَحِمَهُ اللَّهُ بۆ قوولبوونەوەی و زۆر سەرقالبوونی بە ڕەتدانەوەی ئەهلی (منطق)ەوە و بە شیاویان نازانێت پێیانەوە سەرقاڵ بن و دەڵێت: فما أظنك في ذلك تبلغ رتبة ابن تيمية ولا والله تقربها، وقد رأيت ما آل أمره إليه[1]. **بڕوا ناكەم (ابن حزم) بگەیتە پلەی (ابن تيمية) و بگرە نزیكیشی لەو بوارەدا، بەڵام بینیم كۆتاییەكەی بەرەو كوێ ڕۆیشت (مەبەستی پێی زۆر قوولبوونەوە بووە لە ڕەتدانەوەیاندا).**

(**ابن القيم**) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** أمَّا المنطق، ... باطلُه أضعافُ حقِّه، وفسادُه وتناقضُ أصوله واختلافُ مبانيه توجبُ مراعاتُها للذِّهن أن يزيغَ في فكره ... وأخبَر بعضُ من كان قد قرأه وعُنِيَ به أنه لم يزل متعجِّبًا من فساد أصوله وقواعده، ومباينتها لصريح المعقول، وتضمُّنها لدعاوٍ محضةٍ غير مدلولٍ عليها، وتفريقه بين متساويَيْن، وجمعه بين مختلفَيْن؛ فيحكمُ على الشيء بحكمٍ وعلى نظيره بضدِّ ذلك الحكم ... إلى أن سألتُ بعض رؤسائه وشيوخ أهله عن شيءٍ من ذلك، فأَفْكَرَ فيه، ثمَّ قال: «هذا علمٌ قد صقلَته الأذهان، ومرَّت عليه من عهد القرون الأوائل، فينبغي أن نتسلَّمه من أهله»، وكان هذا أفضلَ من رأيتُ في المنطق[2].

واتە: زانستی (منطق) هەڵە و بەتاڵییەكەی چەندەها قاتی لەخۆگری حەقەكەیەتی، هەڵە و پێچەوانەیەتی بنەماكانی و جیاوازی بناغەكانی هۆكارە بۆ ئەوەی ڕێگەی پاراستنی عەقڵ و ژیری بگیرێتە بەر بۆئەوەی گومڕات نەكات، هەندێك لەوانەی گرنگییان پێداوە و خوێندنەوەیان بۆی هەیە، بەردەوام سەریان سووڕ دەمێنێ لەو هەموو هەڵە و بنەما و یاسایانەی كە پێچەوانەی ڕاست و دروستی ڕێگە عەقڵییەكانن، لەخۆگری پڕوپاگەندەیەكە بۆ كۆمەڵێك شت كە بەڵگەی هەر لەسەر نییە، وە بڕیاری جیاكاری و جیاوازی نێوان هاوشێوەكان دەدات و جیاوازە دژبەیەكەكان یەكسان دەكات، حوكم دەدات بەسەر شتێكدا بە حوكمێكی دیاریكراو، بەڵام بەسەر هاوشێوەیەكیدا بە جیاواز لەو، یاخود بەسەر پێچەوانەیەكدا بە حوكمێك وە بەسەر هاوشێوەی پێچەوانەیەكی تردا بە جیاواز لەو، ... پرسیارم لە هەندێك ناودار و سەرەكانی كرد كە مامۆستای

(١) "زغل العلم" للذهبي ص٤٢.

(٢) "مفتاح دار السعادة" لابن القيم (١/ ٤٤٦).

تایبەتی (منطق)ن، دوای بیرکردنەوە دەیوت: ئەمە زانستێکە عەقڵ بەرهەمی هێناوە و سەدەکانی پێشوو بەسەریدا تێپەڕ بوون، پێویستە لێیان وەربگرین. ئەمە باشترین بڕیارە لەسەر (منطق) بینیبێتم.

وە ئیمامی (السيوطي) رَحِمَهُ اللَّهُ کەسێکی ترە لەوانەی زانستی (منطق)ی حەرام کردووە، وە نووسینێکی تایبەتی داناوە لەسەری بەناوی "القول المشرق في تحريم المنطق" ، وە دوای ئەمە کتێبێکی تری نووسیوە لەسەری بەناوی "صون المنطق والكلام عن فني المنطق والكلام" هەموو ڕای زانایانی تیادا کۆکردووەتەوە لەسەر حەرامی (علم الكلام)، لە کۆتایی ئەم نووسینەیدا بۆ تایبەتکردنی (منطق) کتێبەکەی (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ "الرد على المنطقيين"ی کورت کردووەتەوە، وە (د. علي سامي النشار) لە کتێبی "مناهج البحث عند مفكري الإسلام"[1] دەڵێت ئەو دوو کتێبەی (السيوطي) فراوانترین نووسینە لەسەر ڕەخنەگری (منطق) ئەگەرچی ڕا و بۆچوونی تازەی خۆی تیادا لەسەر نییە.

بەڵام لەبەرئەوەی (منطق) زەمینەیەکی لەبارە بۆ بیروڕا فەلسەفییەکانی (معتزلة وأشاعرة وماتريدية ...)کان گرنگی زۆریان پێداوە و هاوتەمەنەکانی (السيوطي) لە ئەشعەرییەکان وەکوو (المغيلي والسنوسي وزكريا الأنصاري ...) بەرپەرچی (السيوطي)یان داوەتەوە.

وە لەو زانایانەی تر کە بە حەرامیان داناوە (ابن نجيم الحنفي) وە (مرتضى الزبيدي)یە کە دەڵێت: وأنت لا تجد في كتب هؤلاء ذكر الله ورسوله قط ماعدا الخطبة[2].

واتە: کتێبەکانی (منطق) نابینیت ناوی خوا و پێغەمبەری تیابێت بێجگە لە پێشەکییەکەی نەبێت، ئەمە دەکاتە بێکەڵکی ئەو زانستە بۆ دین.

لەو زانایانەی تر (ابراهيم ابن الوزير اليماني)یە رَحِمَهُ اللَّهُ کتێبێکی لەسەر خراپی (منطق) نووسیوە بەناوی "ترجيح أساليب القرآن على أساليب اليونان".

بەڵام هەموو بەڵگەی لایەنگرانی (منطق) لەسەر ئەم زانایانە تۆمەتبارکردنیانە بە بێئاگایی و نەشارەزاییان لەسەر زانستی (منطق)، وەکوو (ابن حزم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: ثُمَّ زَادَت هَذِه الطَّائِفَة

(١) "مناهج البحث عند مفكري الإسلام" لعلي سامي النشار ص٢٨٨.

(٢) "اتحاف السادة المتقين بشرح إحياء علوم الدين" لمرتضى الزبيدي (١/ ١٧٠)، و "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص٦١.

الثَّانِيَة غلواً فِي الْجُنُون فعابوا كتبنَا لَا علم لَهُم بهَا وَلَا طالعوها وَلَا رَأَوْا مِنْهَا كلمة وَلَا قراؤها وَلَا أخْبرهُم عَن مَا فِيهَا ثِقَة ... والكتب الَّتِي جمعهَا أرسطاطاليس فِي حُدُود الْكَلَام[1]. **واتە چینی دووەم لەو زانایانەی پشتیان هەڵکردووە لە زانستی پێشووەکان و بەس خەریکی زانستە شەرعییەکانن، زیادەڕەوییەکی شێتانەیان کردووە، وە ڕەخنەیان گرتووە و کتێبەکانیان لەکەدارکردووە کە هیچ زانستێکیان بەسەریدا نییە و خۆیندنەوەیان لەسەر نەبووە، تەنانەت وشەیەکیان لێ نەبینیوەتەوە و هیچ کەسێکی متمانەپێکراویشیان هەوالّی پێنەداون لەسەری ... لەوانە کتێبەکانی (أرسطوطالیس).**

وە (ابن حجر الهيتمي) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَإِنَّمَا وَقَعَ التَّشْنِيعُ عَلَيْهِ مِنْ جَمَاعَةٍ مِنْ الْمُتَأَخِّرِينَ؛ لِأَنَّهُمْ جَهِلُوهُ فَعَادَوْهُ كَمَا قِيلَ: (مَنْ جَهِلَ شَيْئًا عَادَاهُ)[2]. **واتە ناشرینکردنی ئەم زانستە لەلایەن هەندێك لە زانایانی ئەم دواییەوە ڕوویداوە، لەبەرئەوەی نەزان بوون بەرامبەری، وەکوو وتراوە: ئەوەی نەزان بێت بەرامبەر شتێك دوژمنایەتی دەکات.**

بەڵام خۆ ئەمە تۆمەتبارکردنێکی کوێرانەیە، لەبەرئەوەی زانا هەیە قوولّبوونەوەی تیادا ئەنجامداوە وەکوو (ابن تيمية وابن القيم ...)، وە هەندێکیشیان بەشی خۆی سەرباس و بنەما و بابەتەکانی هەڵسەنگاندووە و ئاڕاستەی هاتن و ئەنجامەکانی تێگەیشتوون، ئەوەندە شارەزاییان هەبووە لە حاڵیبوون و چوارچێوەی ئەو زانستە، نووسینیان لەسەر دوورکەوتنەوە و قاڵ نەبوون پێوەی نووسیوە، وەکوو (السيوطي وابن الوزير والذهبـي ...).

ئەگەرچی هەندێکی تر لەو زانایانەی کە شوێنی سەرنجیان بووە و هێشتا بڕیاری سەرتاسەرییان لەسەر (منطق) نەداوە، بەڵکوو لەپاش پالاّفتەکردن و لادانی هەندێك بنەما و بابەت و ڕێگەی (منطق)؛ بڕیاری بەکارهێنانیان داوە، ئەویش دەبێت پاشماوەکەی تری بە ئاڕاستە و بەرنامەڕێژی تایبەت بەکاربهێنرێت، تاوەکوو دەرئەنجامەکانی پشتیوانی دینی بێت.

کەواتە لای ئەمانیش هەر شوێنی خۆپارێزی بووە و متمانەی تەواوی زانستی نەبووە.

---

(١) "الفصل في الملل والأهواء والنحل" لابن حزم (٢/ ٧٧).

(٢) "الفتاوى الفقهية الكبرى" لابن حجر الهيتمي (١/ ٥٠).

وە دەشێت هەندێك لە زانایانی تریش دوور بە دوور لەم مشتومڕە تێگەیشتبێتن و بە باشیان نەزانیبێت کاتی لەسەر بەفیڕۆ بدەن و ببێتە هۆکاری لەدەستدانی کاری باشتر، یاخود بەشێوەیەکی گشتی خوێندنەوە و تێڕوانینیان بۆ (منطق) تا پەراوێزکردنە بە هۆکاری ئەم خاڵانەوەیە:

١. گەشەکردن و بنەماکردن و لەدایکبوونی (منطق) لە وڵاتێکی وەك (یۆنان و ڕۆمان)دا بووە، کە وڵاتی بتپەرستی و بێبڕوایی بووە، وە بناغە داڕێژەرەکانی وەکوو (سقراط وأفلاطون وأرسطو) کەسانی بێئاگا لە دینی ئاسمانی و زانستی خوایی بوون، بتپەرست و ئەستێرە و فەلەك پەرست بوون، وە گومڕاییان لە بابەتەکانی عەقیدەییدا ئاشکرا و ڕوون بووە، وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَضَلَالُهُمْ فِي الْإِلَهِيَّاتِ ظَاهِرٌ لِأَكْثَرِ النَّاسِ وَهَذَا كَفَّرَهُمْ فِيهَا نُظَّارُ الْمُسْلِمِينَ قَاطِبَةً[1]. واتە گومڕاییان لە ناسینی خواییدا ئاشکرا بووە، ئەوەش هۆکاری ئەوەبوو زۆری خوێنەرانی (أهل الكلام) لە بازنەی ئیسلامیدا حوکمی کوفریان داوە بەسەریاندا.

(أبو القاسم السهيلي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: نَعُوذُ بِاَللَّهِ مِنْ قِيَاسٍ فَلْسَفِيٍّ وَخَيَالٍ صُوفِيٍّ[2]. واتە پەنا ئەگرین بە خوا لە پێوانەیی فەلسەفی فەیلەسووفەکان و خەیاڵ پلاوی سۆفییەکان.

٢. ئەم زانستە بە هیچ شێوەیەك بنەما و بوونی نەبووە لە سەردەمی زێڕینی هاوەڵان و تابعین و زانایانی ئەم ئوممەتە، ئیسلام بۆخۆی هیچ پێویستییەکی نەهێشتووەتەوە بۆ زانستی دەرەکی تاوەکوو ئیسلامی پێ کاملّ بێت.

٣. سروشت و شێوازی (منطق) پێکهاتووە لە کۆمەڵێك یاسای گشتگیری هەمەلایەنە کە وا دەگەیەنێت لەخۆگری هەموو ڕاستی و دروستییەکان بن، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی وا گومان ببرێت هەموو حەقەکان لەخۆبگرێت، ئەمانە بووەتە هۆکاری ئەوەی بکەونە ناو گومڕایی و تێوەگلانی هەموو بابەتە بەتاڵەکانی، هەروەك لە ژیانی زانایانی پشتیوانکاریشیدا ئەمە بەدی دەکرێت، (ابن حزم والغزالي) لە کۆتایی تەمەنیاندا پشتی تێدەکەن، وە لە سەرەتایشدا ئەم هەستی خۆپاڕێزییەیان دەرك پێکردووە، وەك (الغزالي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وربما ينظر في المنطق أيضاً من يستحسنه ويراه واضحاً، فيظن أن ما ينقل عنهم من الكفريات مؤيد بمثل تلك البراهين،

(١) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٢٠٠، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ١٨٧).

(٢) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٤٨٢، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٤٩١).

فيستعجل بالكفر قبل الانتهاء إلى العلوم الإلهية[١]. **ڕەنگە کەسێك سەیری (منطق) بکات بە باش و ڕێگەی ڕوون و دروستی بزانێت، وا گومان ببات ئەوەی لێیانەوە وەردەگیرێت لە ئیلحاد و بێبڕواییەکان دەبنە بنەما و بەڵگەکاری بۆیان، ئەو پەلەکردنەی هۆکار بێت بۆ کەوتنەناو کوفر و بێبڕواییەوە پێش ئەوەی بگاتە زانستە خواناسییەکان.**

وە تەنانەت ئەم حاڵەتەش (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **هەستی پێکردووە و دەڵێت:** كُنْت أَحْسَبُ أَنَّ قَضَايَاهُ صَادِقَةٌ لِمَا رَأَيْنَا مِنْ صِدْقِ كَثِيرٍ مِنْهَا، ثُمَّ تَبَيَّنَ لِي فِيمَا بَعْدُ خَطَأُ طَائِفَةٍ مِنْ قَضَايَاهُ[٢]. **من وا هەستم دەکرد بابەتەکانی (منطق) ڕاستگۆن لە پێکاندندا، لەبەرئەوەی زۆری بابەتەکان ڕاستن و ئاڕاستەیان تەواوە، پاشان لە دواییدا بۆم ڕوون بووەوە هەڵەی هەندێك لە بابەتەکانی. هەر ئەو بابەتانەی کە لە (منطق)دا لەخۆگری هەڵە بوون بوونەتە هۆکاری گومڕایی لە ناسینی خوادا.**

٤. زۆر بلاّو و ئاشکرایە بە ڕێگەی فەلسەفی کەس ناگاتە دڵنیایی و یەقین، بەڵکوو: بَلْ طَوَّلُوا فِيهِ الطَّرِيقَ وَسَلَكُوا الْوَعْرَ وَالضَّيِّقَ وَلَمْ يَهْتَدُوا فِيهِ إلَى مَا يُفِيدُ التَّحْقِيقَ[٣]. **فەیلەسووفەکان ڕێگاکەیان دوور و درێژ کردووەتەوە، ڕێگای سەخت و تەنگەبەریان گرتووەتە بەر، نەگەیشتوونەتە ڕێگایەك یەکلابوونەوە بەدەستبێنن، هەموو ئەمانە ڕێگای (منطق)ن.**

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَلَكِنْ وَفِيهِ تَطْوِيلٌ كَثِيرٌ مُتْعِبٌ فَهُوَ مَعَ أَنَّهُ لَا يَنْفَعُ فِي الْعِلْمِ فِيهِ إتْعَابُ الْأَذْهَانِ وَتَضْيِيعُ الزَّمَانِ وَكَثْرَةُ الْهَذَيَانِ[٤]. **(منطق) پێوانەکانی درێژکەرەوەیەکی هیلاککارە، لەگەڵ ئەوەشی کە زانستێکی بێ سوودە؛ بێزارکەرە لە بیستندا، هۆکاری کات بەفیڕۆدانە و لەخۆگری زۆر هەڵێت و پەڵێتە.**

لە ئەنجامیشدا ئیمامە ناوداڕەکانیان وەکوو (الخونجي) لە سەرەمەرگدا دەڵێت: أموت وما علمت شيئا إلا علمي بأن الممكن يفتقر إلى الواجب[٥]. **وا دەمرم هیچ فێر نەبووم بێجگە لەوەی کە ئەوەی قابیل بە بوونە پێویستی بە داهێنەرێك هەیە.**

---

(١) "المنقذ من الضلال" للغزالي ص١٤٢.
(٢) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٣، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٨٢).
(٣) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٢٠٠، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ١٨٧).
(٤) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٢٤٨، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٢٠٧).
(٥) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٢٤٩.

(الجويني) كه ناوداره به (امام الحرمين) له كۆتايى تەمەنيدا دەڵێت: يَا أَصْحَابَنَا لَا تَشْتَغِلُوا بِالْكَلَامِ، فَلَوْ أَنِّي عَرَفْت أَنَّ الْكَلَامَ يَبْلُغُ بِي إلَى مَا بَلَغَ مَا اشْتَغَلْت بِهِ، وَقَالَ عِنْدَ مَوْتِهِ: لَقَدْ خُضْت الْبَحْرَ الْخِضَمَّ وَخَلَّيْت أَهْلَ الْإِسْلَامِ وَعُلُومَهُمْ وَدَخَلْت فِيمَا نَهَوْنِي عَنْهُ. وَالْآنَ إنْ لَمْ يَتَدَارَكْنِي رَبِّي بِرَحْمَتِهِ فَالْوَيْلُ لِابْنِ الْجُوَيْنِي وَهَا أنذا أَمُوتُ عَلَى عَقِيدَةِ أُمِّي، أَوْ قَالَ: عَقِيدَةِ عَجَائِزِ نَيْسَابُورَ[1]. واتە ئەی هاوڕێیان سەرقاڵ مەبن بە فەلسەفە و (علم الكلام)ەوە، ئەگەر بمزانیایە ئەو عیلمە دەمگەیەنێتە ئەم حاڵەتە سەرقاڵ نەدەبووم پێی، وە لە سەرەمەرگدا دەیوت: خۆم دا بە دەریایەکی بێ پەیدا و موسوڵمانان و زانستەکانیانم وەلاخست، کەوتمە ناو ئەوەی ڕێگرییان لێ دەکردم، وا ئێستاش ئەگەر خوا بە ڕەحمەتی خۆی فریام نەکەوێت هاوار بۆ (ابن الجويني) ئەوە ئێستا ئەمرم لەسەر عەقیدەی دایکم، یاخود دەیوت: لەسەر عەقیدەی پیرەژنەکانی نەیسابوور.

وە (محمد بن عبد الكريم الشهرستاني)یان دەیوت: لَمْ يَجِدْ عِنْدَ الْفَلَاسِفَةِ وَالْمُتَكَلِّمِين إلَّا الْحَيْرَةَ وَالنَّدَمَ، وَكَانَ يَنْشُدُ:

لَعَمْرِي لَقَدْ طُفْت الْمَعَاهِدَ كُلَّهَا ... وَسَيَّرْت طَرْفِي بَيْنَ تِلْكَ الْمَعَالِمِ

فَلَمْ أَرَ إلَّا وَاضِعًا كَفَّ حَائِرٍ ... عَلَى ذَقَنٍ أَوْ قَارِعًا سِنَّ نَادِمِ[2]

واتە: لەلای فەیلەسووف و ئەهلی کەلام هیچ شتێك بەدی ناکرێت بێجگە لە سەرگەردانی و پەشیمانی نەبێت، وە بە شیعر دەیگوت: سوێند بەو خوایەی تەمەنی پێداوم هەموو ئاوەدانییەك گەڕاوم، وە چاوم گێڕاوە بە هەموو ئەوانەی تیایدان، بەڵام هیچم نەبینی بێجگە لەوەی دەستم لەسەر چەناگەی سەرسامیدا نەبێت، یاخود گەستنی دانی پەشیمانی نەبێت.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَكَلَامُ أَرِسْطُو مُعَلِّمُهُمْ فِيهَا قَلِيلٌ كَثِيرُ الْخَطَأِ فَهُوَ لَحْمُ جَمَلٍ غَثٌّ عَلَى رَأْسِ جَبَلٍ وَعْرٍ لَا سَهْلٌ فَيُرْتَقَى؛ وَلَا سَمِينٌ فَيُنْتَقَى[3].

---

(١)(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ٧٣).

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٩/ ١٦٣).

واتە: قسەکانی ئەرستۆ کە مامۆستایانە قسانێکی کەمن و لەخۆگری هەڵەی زۆرن، بە گشتی قسەکانیان وەکوو گۆشتی حوشترێکی لەڕ وایە لەسەر شاخێکی دژوار، نە ئاسانە سەرکەوتن بەسەر شاخەکەدا بۆی و نە قەڵەویشە تا ئەو زەحمەتەی لە پێناودا بکێشرێت.

وە دەڵێت: وَالْوَاصِلُ مِنْهُمْ إِلَى عِلْمٍ يُشَبِّهُونَهُ بِمَنْ قِيلَ لَهُ: أَيْنَ أُذُنُك؟ فَأَدَارَ يَدَهُ عَلَى رَأْسِهِ وَمَدَّهَا إِلَى أُذُنِهِ بِكُلْفَةٍ. وَقَدْ كَانَ يُمْكِنُهُ أَنْ يُوصِلَهَا إِلَى أُذُنِهِ مِنْ تَحْتِ رَأْسِهِ؛ وَهُوَ أَقْرَبُ وَأَسْهَلُ. وَالْأُمُورُ الْفِطْرِيَّةُ مَتَى جُعِلَ لَهَا طُرُقٌ غَيْرُ الْفِطْرِيَّةِ كَانَ تَعْذِيبًا لِلنُّفُوسِ بِلَا مَنْفَعَةٍ لَهَا[1].

واتە: رێژەی بەدەستهێنانی زانستی (منطق) شێوەکار دەکرێت بە کەسێك پێی بوترێت کامەیە گوێچکەت؟ ئەویش دەست ببات لە سەروو سەریەوە بۆ ئەودیو سەری و بڵێت ئەوە گوێچکەمە، لەگەڵ ئەوەشدا دەیتوانی لەژێر چەناگەیەوە دەست ببات بۆ گوێی و بڵێت ئەوە گوێمە، ئەوە ئاسانتر و نزیکترە.

هەموو کارێکی سروشتی رێگە سروشتییەکانی بۆ نەگیرێتە بەر، دەبێتە هۆکار بۆ ئازاری نەفسەکان بەبێ هیچ سوودمەندییەك.

یاخود قسە ناوداراکەی (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەربارەی (منطق) دەڵێت: فَإِنِّي كُنْت دَائِمًا أَعْلَمُ أَنَّ الْمَنْطِقَ الْيُونَانِيَّ لَا يَحْتَاجُ إلَيْهِ الذَّكِيُّ وَلَا يَنْتَفِعُ بِهِ الْبَلِيدُ[2].

واتە: من بەردەوام دەمزانی و دڵنیا بووم زانستی (منطق)ی یۆنانی زیرەك پێویستی پێی نییە، وە نەزانیش لێی سوودمەند نییە.

کەواتە «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لَا يَنْفَعُ»[3]. پەروەردگار پەنات پێدەگرم لە زانستێك کە سوودی نەبێت.

---

(١) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٢٤٩، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٢٠٨).

(٢) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٣، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٨٢).

(٣) رواه مسلم (٢٧٢٢)، والنسائي في "الكبرى" (٧٨٢١)، وابن ماجه (٢٥٠)، وابن حبان في "صحيحه" (٨٣)، وأحمد في "المسند" (١٣٦٧٤)، وأبو يعلى في "مسنده" (٢٨٤٥)، والطبراني في "الكبير" (٥٠٨٥)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٢٩١٢٤)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (١١٨٢)، وأبو نعيم في "الحلية" (٤/ ٣٦٢).

٥. کۆتا کاری (منطق) بابەتە فەلسەفییە ئیلحادییەکانە، کە بوونەتە بەرهەم و پاشماوەی کاریگەرییەکانی (منطق) بەتایبەت لەسەر عەقیدە و بابەتە سەرەکییەکانی دین، لەوانە:

أ. باوەڕبوون بە (قدم العالم) بوون و ئەزەلیەتی ماددە و بوونەوەرەکان، ئەمەش یەکێکە لەو کارانەی کە (الغزالي) فەیلەسووفەکانیانی پێ بێبڕوا دەکات لە کتێبی "تهافت الفلاسفة"، کە باوەڕیان وایە لەم بابەتەدا بوونی خوا پێش بوونەوەرەکان نەکەوتووە لە ڕووی کاتەوە، بەڵام لە ڕووی فیکرییانەوە دەشێت پێشی ماددە کەوتبێت[١].

ب. باوەڕنەبوون بە سیفاتەکانی خوا ئەوانەی لە قورئان و سوننەتدا بۆی بڕیار دراوە، بەڵکوو وەسفکردنی بە سیفاتی نەرێنی (السلبي)، واتە دەبێت سیفاتی نەبێت لەبەرئەوەی لە (مخلوقات) نەچێت، لە کۆتاییدا ئەنجامەکەی وەسفکردنیەتی بە (جمادات) یاخود (مستحیلات) ولله المثل الأعلى.

ج. باوەڕنەبوون بەوەی کە خوا زانستی نییە بەسەر ووردەکارییەکاندا (إنكار علم الله بالجزئيات)[٢]، بەڵکوو عیلمی هەیە بەس بەسەر گشتیدا (الكليات)، ئەمەش یەکێکی تری لەوانەی کە (الغزالي) پێیان (تكفير) دەکات لە کتێبی "تهافت الفلاسفة"دا.

د. باوەڕنەبوون بە پێغەمبەرایەتی (نبوات)، لەبەرئەوەی باوەڕیان وایە بە ڕاهێنان و کاری بەردەوام دەتوانرێت ئەو پلەیە بەدەست بێت نەك خوا بیبەخشێت و بژاردەی بکات، لەبەرئەوە پێغەمبەران و کۆی گشتی ئادەمیزاد بەشدارن لە پێکهاتەی نەفسیەت و بارودۆخی ژیاندا لە هێز و بیرکردنەوە و کارتێکردن و خەیاڵ و خەو ... [٣].

هـ. بەرهەمی (منطق) کاری سەلماندنی ئەوەیە کە دڵنیایی لە هیچ شتێکدا نییە و هەموو شتێك ئەگەری ڕاست و درۆ هەڵدەگرێت لە خۆیدا (يحتمل الصدق والكذب لذاته)، تەنانەت لە گومان دانان لەسەر (الأخبار المتواترة) لەو هەوالانەی کە کۆدەنگی مرۆڤی لەسەرە وەك باوەڕبوون بە خوا و بە پێغەمبەران و بە ئایینەکان، وە تەنانەت بە هەموو بوونەوەرەکان، ئەمانە بەس لای خاوەنەکەی دەبێتە دڵنیایی نەك لای کۆی گشتی خەڵك.

---

(١)(٢) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦١٣).

(٣) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٢٧٧.

٦. زانستی (منطق) زانستێکی فیکری زیهنی تەنیایە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و بوونەوە نییە، ئەو زانستە دەڵێت شت و بوونەکان (کلیات) هەموو گشتییەکان لە بیروڕادا بیسەلێنە ئەگەرچی لە بوونیشدا بوونی نەبێت، ئەوکات پێناسە بۆ تاکەکان دیاری دەکرێت، بەم هۆکارەوە بەتەواوی دوورکەوتنەوە لە زانستی تاقیکردنەوەی مادییەکان و بەس لە خەیاڵدا دەژیان[١].

ئەمە هۆکاری ئەوە بووە ئەم زانستی (منطق)ە بە نەزۆك ناوبراوە و بووەتە هۆی دواکەوتنی یۆنان لە ڕەوڕەوەی شارستانی و پشتی کردە ژیانی مەدەنیەت و زانستە تاقیکردنەوەییەکان (التجريبي) و ڕووی کارکردنی کردە (عالم ميتافيزيقا، ما وراء الطبيعة)[٢].

هەروەك (علي لبن) دەڵێت: يكاد يتفق مؤرخو الفلسفة على أن العلم لم ينهض في مطلع العصر الأوربي الحديث إلا بعد الثورة المزدوجة على السلطة العلمية ممثلة في المنطق الأرسطي، والسلطة الدينية ممثلة في رجال الكنيسة[٣]. **واتە کۆدەنگی میژوونووسانی فەلسەفە لەسەر ئەوە کۆکن کە پێشکەوتنی ئەوروپای تازە لە پیشەسازی و تەکنەلۆجیای سەردەمیانەدا نەهاتووەتە دی تاوەکوو شۆڕشیان نەکرد بەسەر دەسەلاتی زانستیدا کە خۆی دەبینێتەوە لە (منطق الأرسطي)دا، لەگەڵ دەسەلاتی ئایینی کە خۆی لە پیاوانی کەنیسەدا دەبینییەوە، کەواتە ئەوروپا لەو (الجدل الكلامي) دەمەقاڵێیەی (منطق) ڕزگاری بوو بۆ زانستی (تجربي) تاقیگەیی کرداری لە مادەکاندا و لادانی دەسەلاتی دینی بۆ عەلمانیەت و ئیلحاد، بەڵام ئەگەرچی یەکەمیان پێکابێتی، بەڵام لە دووەمدا سەرکەوتوو نەبوون و نەیانپێکا، هەر مانەوەی ئەو دینە شەق و شڕە لەبارتر بوو بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵگایان تاوەکوو ئەو ئیلحادە بێسنوورە.**

لەوەش دڵنیاین زۆری زانستەکانی وەك (هندسة وطب وفلك ...) هیچ پێشکەوتنێکیان بە هۆکاری زانستی (منطق)ەوە بەدەست نەهێناوە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** لَا تَجِدُ أَحَدًا مِنْ أَهْلِ الْأَرْضِ حَقَّقَ عِلْمًا مِنْ الْعُلُومِ وَصَارَ

---

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦٢٨).

(٢) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦١٦).

(٣) "الغزو الفكري" لعلي لبن ص٤٢، "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦١٦).

إِمَامًا فِيهِ مُسْتَعِينًا بِصِنَاعَةِ الْمَنْطِقِ لَا مِنْ الْعُلُومِ الدِّينِيَّةِ وَلَا غَيْرِهَا فَالْأَطِبَّاءُ وَالحِسَابُ وَالْكُتَّابُ وَنَحْوُهُمْ يُحَقِّقُونَ مَا يُحَقِّقُونَ مِنْ عُلُومِهِمْ وَصِنَاعَاتِهِمْ بِغَيْرِ صِنَاعَةِ الْمَنْطِقِ. وَقَدْ صُنِّفَ فِي الْإِسْلَامِ عُلُومُ النَّحْوِ وَاللُّغَةِ وَالْعَرُوضِ وَالْفِقْهِ وَأُصُولِهِ وَالْكَلَامِ وَغَيْرِ ذَلِكَ. وَلَيْسَ فِي أَئِمَّةِ هَذِهِ الْفُنُونِ مَنْ كَانَ يَلْتَفِتُ إِلَى الْمَنْطِقِ بَلْ عَامَّتُهُمْ كَانُوا قَبْلَ أَنْ يُعَرَّبَ هَذَا الْمَنْطِقُ الْيُونَانِيُّ[١].

واتە: ئیمە هیچ کەسێکمان نەبینیوە لەسەر زەوی زانستێك لە زانستەکان بەدی بێنێت و پێشەوا بێت تیایدا بە هۆکاری (منطق)ەوە، نە لە زانستە دینییەکان و نە لە دونیاییەکانیشدا، تەنانەت پزیشکان و ئەندازیاران و ژمێریاران و بێجگە لەوانیش (منطق) ڕاگر و بەدیهێنەری زانستەکانیان نەبووە، وە تەنانەت لە ئیسلامدا زانستی (نحو وعروض وفقه وأصول ...) زۆرتر نووسراوەتەوە، زانایانی ئەم زانستانە ئاوڕیان بەلای (منطق)دا نەداوەتەوە، وە بگرە هەموویان بوونیان پێش هاتنی زانستی (منطق) بووە.

وە ئەم زانستە پڕ دژوارە هەر لە (سقراط)ەوە تا ئێستاش پڕە لە ڕەتدانەوە و گۆڕانکاری بەردەوام لە نێوانیاندا، تا گەیشتووەتە سەردەمی (ابن سينا وفارابي وكندي ...) کە دەسکارییەکی زۆریان بۆ کردووە تاوەکوو لە هەموو سەردەمێکدا بگونجێت بە ئاستی زانستی ئەو سەردەمە، تاوەکوو بنەماکانی لە یەك ترازاون و نەماون بێجگە لە سەردێڕەکانیان و ناونیشان نەبێت، هەروەك (ابن تيمية) ڕَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: بعد بلوغي بقريب وعندي من الرغبة في طلب العلم وتحقيق هذه الأمور ما أوجب أني كنت أرى في منامي ابن سيناء وأنا أناظره في هذا المقام وأقول له أنتم تزعمون أنكم عقلاء العالم وأذكياء الخلق وتقولون مثل هذا الكلام الذي لايقوله أضعف الناس عقلًا[٢].

واتە: لەپاش بالّغبوونم بە کەمێك، ئەوکاتەی کە زۆر خولیای عیلم و بەدواداچوون بووم لەم بوارەدا وەکوو پێویست، لە خەومدا (ابن سينا)م بینی و من سەرقاڵی ئەم باسانە بووم لەگەڵیدا و ڕووم تێکرد و پێم دەوت: ئێوە وا دەری دەبڕن عاقڵەکانی جیهان و زیرەکترین کەسانی ناو خەڵکن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئائەم قسانە دەکەن کە خاوەن لاوازترین عەقڵ ئەم

(١) "نقض المنطق" لابن تيمية ص١٦٨، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٢٣).

(٢) "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٥/ ٢٦٣).

قسانە ناکات.

ئەمانە وەکوو (بنو إسرائيل)یان لێ هات کە (موسی) عليه السلام پێی وتن: ﴿أَتَسْتَبْدِلُونَ ٱلَّذِى هُوَ أَدْنَىٰ بِٱلَّذِى هُوَ خَيْرٌ﴾ [البَقَرَة : ٦١]. واتە ئەوە ئێوە شتە نزم و بێ کەڵکەکان دەگۆڕنەوە بە شتە پڕ چاك و خێرەکان؟!

خوای گەورە جَلَّوَعَلَا دەفەرموێت: ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا﴾ [الأنعَام : ١١٥]، وە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثًا﴾ [النِّسَاء : ٨٧]، وە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلًا﴾ [النِّسَاء : ١٢٢]. فەرموودەکانی پەروەردگار پڕ و تێرن لە ڕاستییەکان و لە هێنانەدی دادپەروەریدا، کێ هەیە لە خوا قسەی ڕاستتر بێت لە کەمترین وشەدا؟! ئەمانیش فەرموودەی خوا و پێغەمبەرەکەیان گۆڕییەوە بە فەلسەفە و (منطق).

شوێنگرەوە و (بدیل)ی (منطق)[1]

لەگەڵ ئەوەی زانایان لە زانستی (منطق)یان داوە و بێزاندوویانە بۆ شوێنگرەوە و (بدیل)ی، ئاماژەیان بە کۆمەڵێك ڕێگەی دروست و لەخۆگری حەق کردووە بەشێوەیەك کە گونجاوە لەگەڵ سروشتی (فطرة)ی ئادەمیزاد و وەحی خواییدا، دارشتنیان بۆ کردووە و ڕێنموونییان کردوون، لەو ڕێگایانەش:

یەکەم: شوێنگرەوەی سنووردارییەکانی ئەرستۆ (الحد الأرسطي) بۆ ناسین و پێناسە و مەعریفەکردنی شتەکان ئەم ڕێگایانەی هەیە:

١. شوێنگرەوە بۆ (الحد) سنووردارکردن لە ئیسلامدا پێناسە بەڕێگەی (الإسم) هەیە، ئەم ڕێگایە سنووردار جیادەکاتەوە لە چواردەوری، ناسراوە بە (التعريف اللفظي) پێناسەی زارەکی بۆ شتەکان.

هەر ئەمەشە پەروەردگار ئاماژەی بۆ دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلْأَسْمَآءَ كُلَّهَا﴾ [البَقَرَة : ٣١]. واتە خوای گەورە (آدم)ی فێری هەموو ناوەکان کرد، واتە پێناسە و ناسین و

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٢٦٤، ٢٦٨)، و "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص١٣٣.

سنووردارى هەموو شتەكانى پێ ناسان.

٢. سنووردارکردن و ناسینی شتەکان بە سیفەتە تایبەتە لەخۆگرەکانی[١]، ئەم ڕێگایەش هۆکاری بەتەواو ناسینی بابەتەکانە.

٣. پێناسە بۆ داڕشتنە شەرعییەکان (تعريف المصطلحات الشرعية)[٢].

٤. پێناسە بۆ داڕشتنە ناسراوەکان (تعريف بالمصطلحات العرفية)[٣] ، هەروەك لە زانستی (علوم الحديث والفقه وأصول الفقه والعقيدة والبلاغة واللغة ...)دا هەیە.

٥. پێناسە بە ڕێگەی هاوناوەکانی یاخود نموونە و ئاماژەکاری (التعريف بالمرادف اللفظي أو المثال أو الإشارة والصورة)[٤].

ئەمانە دەتوانن ببنە بەڵگەکاری تەواو بۆ پێناسەکردن لە جێگرەوەی زانستی بەناو (الحد الأرسطي).

دووەم: جێگرەوەی (قیاس)ە بەتاڵەکانی (منطق) لە ئیسلامدا:

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلْقِسْطِ﴾ [الحَدِيد : ٢٥]. ئێمە بە پێغەمبەراندا بەرنامە و پێوانەکاریمان نارد‌ووە بۆتان، پێوانەی هاوشێوە و نموونەکاریيەکانە بە ڕێنموونی قورئان.

١. پێوانە عەقڵییەکان ڕێگەیەکە بۆ ناسینی هاوشێوەکان و لێکچووەکان، وە جیاکاری نێوان جیاوازەکان کە پێیدەوترێت (قیاس الطرد) پێوانەیەکی پاڵاڤتەکراو، ئەویش بە ڕیزبەندکردنی هەموو سیفاتەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە و پاشان پاڵاڤتەکردنی.

٢. پێوانەی هاوشێوەکاری (قیاس التمثيل)، پێوانەیەکە زانایانی شەریعەت بەکاری دەهێنن بۆ حوکمی شتەکان بە یەککگرتنەوەی (أصل وفروع) لە بابەتەکەدا، پاشان دەبێت لە (العلة) و هۆکاردا یەکبگرنەوە، بەڵام ئەم پێوانەکارییە بۆ خوا بەکارناهێنین لەبەرئەوەی لە (أصل وفروع) یەك نین کە خوا و مەخلوقەکانە، ئەمە لە پێوانەی (أرسطو)دا پێی دەوترێت (الحد الأوسط).

---

(١) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٣٥٩.

(٢)(٣)(٤) "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص١٣٥.

٣. بەڵگەکاری تایبەتی قورئان (الإستدلال القرآني)، بەم پێوانەیە قورئان بەڵگەکاری ئەنجام دەدات بەسەر ئادەمیزاددا بۆ دڵنیابوون، ئەویش پێیدەوترێت (الإستدلال بجزئي على جزئي ملازم له)[1]، بەڵگەی شتێکی تایبەت لەسەر شتێکی تایبەت بە پەیوەستبوون پێوەی، وەکوو سەلماندنی زیندووبوونەوەی ڕۆژی دوایی بە زیندووبوونەوەی سەرزەوی و ڕووەکەکان بەڕێگەی باران، یاخود لە خەو هەستان بۆ سەلماندنی زیندووبوونەوەی ڕۆژی دوایی.

یاخود (الاستدلال بالكلي على الكلي الملازم له) بەڵگەکاری گشتی دەبێتە بەڵگە بە شێوەی گشتی لەسەر شتەکانی تر، وەکوو بەڵگەی خودی زیندووبوونەوەکەی دونیا لەسەر خودی زیندووبوونەوەکەی ڕۆژی دوایی، بەبێ لەخۆگرتنی هەموو ووردەکارییەکی نێوانیان، واتە (الجزئي) تیادا نییە.

بەڵام لە (منطق)ی ئەرستۆدا (الإستدلال بالكلي على الجزئي) هەبووە، واتە بەڵگەکاری گشتی دەبێتە بەڵگە لەسەر شتە تایبەتەکان، بۆ نموونە باوەڕبوون بە زات و سیفاتەکان بۆ خوا بە گشتی دەبێتە بەڵگە لەسەر بوونێکی تر کە خاوەن هەمان جۆری زات و سیفات بێت وەك یەك ئەگەر لە نێوان (خالق ومخلوق)یشدا بێت، بەڵام ئایا چۆن دەبێت هەموو بەڵگەیەکی گشتی هەموو تایبەتەکان وەکوو خۆی بگرێتەوە؟! گشتی و تایبەت جیاوازە، گشتی فراوانترە و تایبەت سنووردارە، یاخود باوەڕبوون بە (معجزة) بۆ پێغەمبەران بە گشتی دەبێتە باوەڕبوون بە (معجزة) بۆ هەموو تاکەکانی ئادەمیزاد، دەبێت هەموویان (معجزة)یان لە توانادا هەبێت، لەبەرئەوە باوەڕیان بە (معجزة) نەبووە کە تایبەت بێت بە پێغەمبەران، بەڵکوو دەبێت خەڵکانی تریش بەشدار بن تیایدا، کەواتە لای ئەوان کاری سیحر و (معجزة) یەکن بەس بانگەوازی پێغەمبەرایەتی و ساحیریەتی جیای کردوونەتەوە، کەواتە دەتوانرێت بە ساحیر بوترێت پێغەمبەر و بە پێغەمبەریش بوترێت ساحیر، بۆیە دەبێت هەموو کەسێك لە توانایدا هەبێت، واتە ئەگەر بە گشتی بڕیار بۆ شتێك بدەین دەبێت شتەکانی تریش بەشدار بن، بەڵام لە ئیسلامدا بەڵگەی گشتی بە گشتی پێوانە دەکرێت، لای ئەوانیش گشتی بە تایبەت پێوانە دەکرێت.

٤. پێوانەی لەپێشتر (قياس الأولى): بریتییە لەو پێوانەیەی بۆ داواکراو لەپێشتر بێت تا پێوانە پێوەکراوەکە، ئەم پێوانەیە لە قورئان و سوننەت و قسەی سەلەفدا بەکاردەهێنرێت بۆ مافەکانی

(١) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري (٢/ ٦٢٩).

خوا لە باوەڕبوون بە زات و ناو و سیفات و کاری، بەو واتایەی: كُلُّ مَا ثَبَتَ لِلْمَخْلُوقِ مِنْ كَمَالٍ لاَ نَقْصَ فِيهِ بِوَجْهٍ مِنَ الْوُجُوْهِ فَاللهُ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى أَوْلَى بِهِ، وَكُلُّ نَقْصٍ تَنَزَّهَ عَنْهُ مَخْلُوقٌ مَا فَتَنْزِيهُ الْخَالِقِ عَنْهُ أَوْلَى[1]. واتە هەر سیفاتێك بۆ ئادەمیزاد دابنرێت و هۆکاری کاملّی بێت و لەخۆگری هیچ ناتەواوییەك نەبێت لە ڕووەکانەوە، ئەوا خوای پەروەردگار لەپێشترە بۆ ئەو سیفاتانە کە خاوەنی بێت، وە هەر سیفاتێکی نەقس و ناتەواوی کە ئادەمیزادی پێ بەری بکرێت، ئەوا خوا لەپێشترە پێی بەری بکرێت.

ئەگەر زانست و عیلم هۆکاری کاملّی بێت بۆ ئادەمیزاد ئەوا خوا لەپێشترە خاوەنی ئەو سیفاتانە بێت، وە ئەگەر لەبیرچوونەوە و نەزانین سیفاتی ناتەواوی ئادەمیزاد بێت، ئەوا خوا لەپێشترە بێگەرد بێت لەو سیفاتانە.

بەڵام لە پێوانەکانی (منطق)دا لەم شوێنەدا پێوانەی هاوتای یەکسان (قياس التمثيل أو الشمول) بەکاردەهێنن، دەڵێن ئەگەر خوا سیفاتی هەبێت دەبێت وەکوو (مخلوقات) بێت یاخود دەبێت نەیبێت، ئەوانیش لەبەرئەوەی لە (مخلوقات) نەچێت دەڵێن نیەتی، یاخود دەڵێن هەیەتی بەڵام بۆئەوەی لە (مخلوقات) نەچێت واتاگۆڕی بۆ دەکەن بە ڕێگەی (مجاز) و (تأويل) و واتا و پێناسەی تری بۆ بڕیار دەدەن.

هەموو ئەم پێوانانەی (منطق وفلسفة) بۆ شتە مادديیەکان بەکاریان هێناوە و غەیبیان نەناسیوە، وە پێوانەی (التمثيل والكلي على الجزئي) تەواو هەڵەکاری دروستکردووە، بەڵام ئەهلی کەلام لە بازنەی ئیسلامدا بۆ غەیبییەکان بەکاریان هێناوە و لە هەردووکیاندا گومڕا بوون.

مێژوو و هۆکاری هاتنەناوەوەی (منطق) بۆ ناو موسوڵمانان

لەگەڵ فراوانبوونی بازنەی سنووری ئیسلام و هاتنەناوەوەی گەلان بە دین و شارستانیەتی جیاوازەوە، هەڵپژان و جۆرێك لە ئاڵۆگۆڕ و گونجاندن دروستبوو لە نێوان موسوڵمانان و ئەو گەلە تازانەی کە جیهانی ئیسلامی ئەو سەردەمە بەخۆیەوە بینی، لەبەرئەوە عاقڵەکانی گەلەکان

(١) "العقيدة الطحاوية" لابن أبي العز الحنفي ص٨٥.

دەگەڕان بەدوای خاڵی هاوبەش و گونجاو لەنێوان ئیسلام و ڕابوردوویاندا، هەندێك ڕێکخستن و داتاشین ئەنجامدرا بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دینی ئیسلامی تازەدا، یاخود گواستنەوەی زانست و مەعریفەی تازەی گەلان بۆناو موسوڵمانان ئەنجامدرا.

بەڵام ئەم گۆڕانکاریانە سەردەمی دەسەڵاتی ئەمەوییەکانی زۆر نەگرتەوە لەبەر ڕەسەنیەتی دەوڵەتی ئەمەوییەکان بە ڕەگەزی عەرەبەوە.

هەروەك (أبو زيد القيرواني) دەڵێت: رحم الله بني أمية لم يكن فيهم قط خليفة ابتدع في الإسلام بدعة، وكان أكثر عمالهم وأصحاب ولايتهم العرب، فلما زالت الخلافة عنهم. ودارت إلى بني العباس قامت دولتهم بالفرس وكانت الرياسة فيهم، وفي قلوب أكثر الرؤساء منهم الكفار والبغض للعرب ودولة الإسلام[١].

واتە: ڕەحمەتی خوا لە بنەماڵەی ئەمەوییەکان بێت، لەبەرئەوەی خەلیفەیەکیان بیدعەیەکیان دانەهێنا لە ئیسلامدا، زۆری کاربەدەستەکانیان لە عەرەب بوون، بەڵام کاتێك دەسەڵات کەوتە دەستی بنەماڵەی عەباسییەکان بناغەی دەوڵەت بە فارسەکان بنیاد نرا، بۆیە زۆری کاربەدەستەکانی فارس بوون، وە زۆری سەرکردەکانیان لە ناخدا بێڕوا بوون، وە لە دڵەوە ڕق و کینەیان لە عەرەب و ئیسلام بوو، لەبەرئەوە بووە هۆکاری هاتنەناوەوەی زۆری بیدعەکاران.

بەڵام دەشێت هەندێك کاری وەرگێڕان و هێنانەدی زانستەکان لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا بەتایبەت لە (طب وحسابات)دا لە سەردەمی (خالد بن يزيد بن معاوية ٨٦ هـ) وەکوو سەرەتایەك ڕووی دابێت.

بەڵام بە شێوەی فەرمی و پشتیوانیکردنی دەوڵەت لە سەردەمی (هارون الرشيد)دا لەسەر دەستی وەزیرێکی فارس بەناوی (يحيى بن خالد البرمكي ١٩٠ هـ) بە فەرمی داوای لە پاشای ڕۆمەکان کرد کتێبەکانی (منطق وفلسفة)ی یۆنانی و ڕۆمانییەکانیان بۆ بنێرن، ئەوانیش هەموو قەشەکانیان دژی ئەم داواکارییە وەستانەوە بێجگە لە ناوداریکیان نەبێت کە وتی: جَهِّزْهَا إِلَيْهِمْ، فَمَا دَخَلَتْ هَذِهِ الْعُلُومُ عَلَى دَوْلَةٍ شَرْعِيَّةٍ إِلَّا أَفْسَدَتْهَا، وَأَوْقَعَتْ بَيْنَ عُلَمَائِهَا[٢]. **واتە بۆیان بنێرن،**

---

(١) "صون المنطق" للسيوطي ص٣٩.

(٢) "صون المنطق" للسيوطي ص٤١، و "العواصم من القواصم" لابن العربي المالكي ص٢٦٥.

ئەم زانستانە بکەونە هەر دەوڵەتێکی شەرعی و دینییەوە تێکدەری دەبێت و فیتنەگێڕی دروستدەکات لە نێوان زاناکانیاندا.

لەبەرئەمە (أبو جعفر المنصور) لە سەردەمی خۆیدا مالێکی بەناوی (بيت الحكمة)وە لە بەغداد دروستکرد بەتایبەت بۆ وەرگێڕان و هێنانی سەرچاوەی گەلان.

وە لە سەردەمی (مأمون بن هارون الرشيد)دا بەتەواوی دەرگایان والاّ کرد لەسەر ئەم کارە و فیتنە بەدوای فیتنەدا سەری هەڵدا و بەو هۆکارەوە گرووپ و فیرەقی زۆر دروستبوون، یەکەم فیتنەگێڕی کە ڕوویدا بابەتی (خلق القرآن) بوو کە لە سەردەمی (مأمون)دا سەری هەڵدا و زانایان بەر لێشاوی ئەم فیتنەیە کەوتن، لەوانە (إمام أحمد بن حنبل) رَحِمَهُ اللَّهُ.

لە دیدەی (ابن تيمية)وە رَحِمَهُ اللَّهُ لە لایەنی سیاسییەوە (مأمون) هۆکاری سەرەکی و لەئەستۆگری هاتنی فەلسەفە و (منطق)ە، وە (أبو حامد الغزالي)یش رَحِمَهُ اللَّهُ لە لایەنی زانستییەوە هۆکار و لەئەستۆگری تێکەڵاوکردنی (منطق وفلسفة)یە بە زانستە ئیسلامییەکانەوە بەتایبەت (أصول فقه وأصول الدين)[1].

✍ **سەرچاوەی سێیەمی بیدعەکاران: ئایین و ڕێبازی گەلان (الملل والديانات الأخرى).**

ئادەمیزاد وەك دەڵێن: فإن الإنسان مدنيّ الطبع[2]. سروشتی هاوەمییە لەگەڵ هاوشێوەکانیدا، بۆیە دەڵێن وشەی (الإنسان) لە (الإيناس)ەوە وەرگیراوە، واتە بەردەوام وێڵە بەدوای هاوەمی و ڕێکخستنی ژیانیدا، وە لەلایەکی تریشەوە ئادەمیزاد لە بابەتی وازهێنان و گۆڕانکاری لەسەر ئەو ژیانەی کە ڕاهاتووە لەسەری بۆ جۆرێکی تر زۆر سەخت و دژوارە، لەبەرئەوە بەردەوام لە هەوڵی ڕێککەوتن و گونجاندن و شاردنەوەی ڕاستییەکان و خۆ بێئاگاکردنە لە هەڵەکان تاوەکوو ژیانی بڕوات و تووشی پەراوێزی کۆمەڵگا نەبێت، هەر بۆیە وەلاّمی گەلانیش بۆ پێغەمبەران ئەوە بووە کە وتوویانە: ﴿ بَلْ قَالُوٓاْ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ٢٢﴾ [الزخرف : ٢٢]. ئێمە باو و باپیرانمان بەدی کردووە لەسەر ڕێبازێك و ئێمەش شوێنکەوتەی ئەو ڕێبازانەین.

---

(١) "النقد التيمي" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص٧٣.

(٢) "جامع المسائل" لابن تيمية (٣/ ٢٥٥).

کاتێك جیهانی ئیسلامی بەرفراوان بوو چەندەها گەل و ئایین و ڕێبازی جیاجیا هاتنە ناو ئاینی تازەوە، بێگومان ئەو نەوە تازانە هەڵگری ڕابوردووی خۆیان بوون، بۆیە بە ناچاری و بەزۆر هەوڵی خۆگونجاندن و ڕێکخستنیان دا لەگەڵ ئیسلامدا.

لەبەرئەوە تازەگەری و جۆرێك لە جۆرەکانی داهێنان و بیرورای تازە هاتە کایەوە و سەرچاوەکانیشی ئەو پاشماوە ئایینی و ڕێبازانەی پێشوو بوو.

وەکوو قورئان ئاماژە بۆ هۆکارەکانی گۆڕانکاری دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ ٱللَّهِ ۖ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَٰهِهِمْ ۖ يُضَٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ ۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ ۚ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٣٠﴾﴾ [التوبة: ٣٠]. جوولەکەکان و گاوورەکان دەیانوت (عوزەیر و مەسیح) کوڕی خوان، قسەیەکی هەڵبەستراو بوو لەلایەن خۆیانەوە، لاسایی و هاوشێوەکاری بتپەرستە ڕۆمانییەکانیان دەکرد کە هەندێك لە ئەستێرەکان و هەسارەکانیان بە باوك و کوڕ ناوزەند دەکرد، یاخود موشریکەکان دەیانوت فریشتەکان کچی خوان، خۆیان دەگونجاند لەگەڵ بێبڕوایانی پێش خۆیان.

وە دەفەرموێت: ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ ۘ تَشَٰبَهَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ [البقرة: ١١٨]. پێشووانی دوای خۆشیان هەمان قسەیان هەبوو لەبەرئەوەی دڵەکانیان لەیەك دەچوون.

ئەم کاریگەری و کارتێکردنەی یەکتری شتێکی سروشتییە لە مرۆڤدا گەر پەیوەست نەبێت بە مەنهەج و بەرنامەڕێژی تۆکمەی حەقی خۆی.

وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «لَتَتْبَعُنَّ سَنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، شِبْرًا شِبْرًا وَذِرَاعًا بِذِرَاعٍ، حَتَّى لَوْ دَخَلُوا جُحْرَ ضَبٍّ تَبِعْتُمُوهُمْ»، قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ، اليَهُودُ وَالنَّصَارَى؟ قَالَ: «فَمَنْ»[1].

(١) رواه البخاري (٧٣٢٠)، ومسلم (٢٦٦٩)، وابن ماجه (٣٩٩٤)، وأحمد (٩٨١٩)، والطبراني في "الكبير" (٥٩٤٣)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٣٧٣٧٦)، وابن حبان في "صحيحه" (٦٧٠٣)، والروياني في "المسند" (٢/ ٢١٨)، والبزار في "المسند" (٨٤١١)، والبيهقي في "معرفة السنن والآثار" (٢٣١)، والمروزي في "السنة" (٤٤)، وابن أبي عاصم في "السنة" (٧٣)، والآجري في "الشريعة" (٣٢)، وابن بطة في "الإبانة" (٧١١)، والحاكم في "المستدرك" (١٠٦)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (٢٠٦)، والبغوي في "شرح السنة" (٤١٩٦)، وابن عساكر في "المعجم" (٦٧٥).

واتە: شوێنکەوتەی کار و کردەوەی پێش خۆتان دەبن پێ بە پێ و هەنگاو بە هەنگاو، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا شوێنکەوتەی جوولەکە و گاوور؟ فەرمووی: کێ هەیە بێجگە لەوان؟!

لەبەر کاریگەری ئەم تێکەڵبوون و توانەوەیەیە لە نێوان حەق و بەتاڵدا کە ئیسلام یاساداڕێژی کردووە بۆ سنوور پاراستن بەناوی (التشبه) هاوشێوە و لاسایی کردنەوە، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ»[1].

واتە: هەرکەسێك خۆی بگۆڕێتە سەر شێوەی هەر گەلێك ئەوە لەوانە.

لێرەدا ئیسلام تێکەڵبوون و بەشداریکردنی بۆنە ئایینییەکانیان یاخود بەکارهێنانی هێما و شێواز و چۆنیەتی جل و بەرگ و کاریان ... دەرگای لەسەر هەموو ئەمانە داخستووە، تاوەکوو تێکەڵاوی و لێگۆڕان لە نێوان ڕێگەی حەق و بەتاڵ و خێر و شەڕدا ڕوو نەدات، بە هۆکاری ئەوەی ئادەمیزاد ئەوەندە کاریگەری خۆبەدەستەوەدانی لەسەر ئاسانە هەموو شتەکانی بە ڕاهاتن و بەکارهێنان لێ ون دەبێت و ناگەڕێنەوە سەری.

لەبەرئەوە لاسایی و هاوشێوەکاری بە بێڕوا و موشریك و موڵحیدەکانەوە حەرام کردووە، بە هۆکاری ئەوەی لاساییکار خۆی بە پلە دووەم دەزانێت و ئەویتر بە پلە یەکەم و ئەنجامەکەشی ڕووخاندنی کەسایەتی دووەمە، لەبەرئەوەی لاساییکار هەست بە لاوازی و پاشگری دەکات و کۆتاییەکەشی خۆبەدەستەوەدانە و توانەوەیە لە بەرامبەردا.

ئەم لاساییکردنەوە و خۆبەدەستەوەدانە بە زەقی و ڕوون و ئاشکرا دیارە بەسەر فیرقە گومڕاکانەوە کە هەریەکێکیان هۆکاری دروستبوونی لە زەمینە و کەسان و پاشماوەی ئایین و بەرنامەی پێشوەختە دروست بووە و لەخۆی گرتووە، وەکوو تەصەوف و شیعە و موعتەزیلە و مورجیئە ... .

جۆرەکانی گومڕایی و هەڵە لە باوەڕبوون بە خوا و ناسینیدا دوو جۆرن:

یەکەمیان: (تشبیه المخلوقات بالخالق): دروستکراوەکان (مخلوقات) هاوڕێنە و شێوەکاری دەکەن بە خواوە، وەکوو پەرستنی هەسارەکان و فەلەك لەلایەن فەیلەسووف و یۆنان و

(١) رواه أبو داود (٤٠٣١)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٣٣٠١٦)، والطبراني في "الأوسط" (٨٣٢٧)، والبزار في "المسند" (٢٩٦٦)، وصححه الألباني في "المشكاة" (٤٣٤٧)، وفي "الإرواء" (١٢٦٩)، و "صحيح الجامع الصغير" (٦١٤٩).

ڕۆمانەکانەوە، کە لە بتپەرستییەکانی سەردەمی (إبراهیم) علیه السلام خۆی دەبینێتەوە، یاخود پەرستنی (ملائکة) و هێزی نادیار کە لە جنۆکەکان پێکهاتبوو، یاخود هاوشێوەکردنی ناوارانی گەلانی دونیا بە خواوە لە هەموو جۆرەکانی پەرستندا هەر لە پێغەمبەرانەوە وەکوو (مسیح وعزیر ویونس ...) وە ناوارانی وەکوو (بوذا وزرادشت ونشتو وکونفوشیوس والمانویة ...)، یاخود ئەو هەموو گۆڕ و مەزار و شوێنانەی لەسەر ناوارانی دین و پیاوچاکان کراونەتەوە و بەردەوام دەکرێنەوە لە جیهانی ئیسلامیدا بەتایبەت لە شوێنەکانی بوونی تەصەوف و شیعەدا وە ئەو فیرەقانەی لێیان بوونەتەوە، یاخود پەرستن و (تعظیم)کردنی ڕۆژ و ڕووناکی وەك لە سەردەمی (بلقیس) پاشای (سبأ)دا بووە کە ئێستا لە ئایینی (صابئة المشرکین)دا بوونی ماوە لەگەڵ مەجووسییەکاندا، وە تەنانەت لە ئالاّی ئێران و ئەو گەلانەی تردا وێنەی ڕۆژ و ئەستێرە هەر ماوە، وە تەنانەت ئێرانی ئێستا نووسینی (الله)یەکیان کێشاوە لەسەر شێوازی شێوەی خۆر، وە ڕۆژژمێریان خۆرییە (شمسي)، وە هەروەها لە ئایینی یابانییەکاندا، هەروەها پێگەدارکردن و پەرستنی (مانگا و گوێرەکە) لە ئایینەکانی هیندۆسییەکاندا و بەرهەمییەکان و سیخەکاندا، بۆخۆی پاشماوەی ئایینی جوولەکەکانی میسرِ بوو، بە هۆکاری ناردنی پێغەمبەر (موسی) علیه السلام و سەربڕینی ئەو مانگایەی لە سووڕەتی (البقرة)دا هاتووە کۆتایی پێهات و بەرەو ئەفریقا و لەوێوە بە ڕێگەی دەریایی گەیشتە هندستان و لەوێ جێگیر بووە.

هۆکاری ئەم دین و ڕێبازانە بەخشینی پێگە و پەرستنی ئەو (مخلوقات)ە جۆراوجۆرانە بووە و بردوویانەتە ڕیزی خواوە لە (تعظیم)و پەرستن و ئەنجامدانی هەموو جۆرەکانی بەندایەتی بۆیان.

ئەم گومڕاییانەش قورئان ئاماژەی پێدەکات، وەك دەفەرموێت: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ﴾ [التوبة : ٣١]. واتە کەسە ناوداڕەکانتان لە زانایان و عابیدان دەگەیەنن پێگەی خوایەتی، وە تەنانەت بە پێغەمبەرانیشەوە، وەکوو (مسیح) علیه السلام، ئەمە گومڕایی بەردەوامی نێو مرۆڤەکانە هەر لە کۆنەوە تاوەکوو بوونیان بێت لەسەر زەویدا.

ئەمانەش هەمووی سەلێنەری ئەوەیە نەك تەنها فیرەقەکانی ناو ئیسلام لەخۆگری ئەو ئایین و ڕێباز و پاشماوە کۆنەی چواردەوریانن، بەڵکوو دینەکانیش تێکەڵ و وەرگیراوی یەکترین، خوای پەروەردگار لەم بارەیەشەوە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖ ﴾ [الأنفال : ٧٣].

بێباوەڕان هەندێکیان سەرپەرشتیکاری هەندێکیانن.

دووەمیان: (تشبیه الخالق بالمخلوق): شوبهاندن و شێوەکارکردنی خوای پەروەردگار بە دروستکراوەکانیەوە کە پێی دەوترێت.

لێرەشدا هۆکار هەر لێوەرگرتن و تێکەڵاوی بۆچوونەکانە کە چوونەتەوە سەر خەتی سەرچاوەی یەکتری کە بە ڕێگەی ڕابوردوویان دروست بوون.

شێوەکاری خوا بە بااڵدەستێکی وەك نەمروود و فیرعەون کە دەیانوت ﴿أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ﴾ [النَّازِعَات: ٢٤]. وە لەلایەن جوولەکەکانیشەوە بە گوێرەکەیەك و پاشان بە هێزێکی سەرووی نادیار (القوة الفعالة)، (واجب الوجود)، یاخود هێزی فەلەکەکان لەلای فەیلەسووفەکانی ڕۆمان و یۆنانەوە، تاوەکوو پێناسەی بە (الموجود المطلق) بوونێك بە شێوەی گشتگیر، تاوەکوو شۆڕبوونەوەی بۆئەوەی ئەو هێزە کارایە و بوونە گشتگیرە دەشێت تێکەڵ و بەرجەستە بێت لە هەموو بوونداو (الاتحاد والحلول)، وەکوو چۆن لای (هندۆس)ەکان بۆ ناسینی (خالق) دەبێت چوار قۆناغ تێپەڕێنی: یەکەم خوا بە دروستکراوەکانیدا بناسیتەوە و دووەمیش: توانای جیاوازیکردنت هەبێت لە نێوان (خالق ومخلوق)دا، سێیەمیش: لە کۆتادا یەکبوونی تەواو هەست پێبکەیت لە نێوان خوا و هەموو ئەو گەردیلە و بوونانەدا کە ئەم بوونەوەرەی لێ دروستبووە، لە چوارەمدا: مەبەست و ئامانجی گەورەی هندۆسەکانە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت ئەوە ببینیت کە هەموو بوون و گەردیلەکان دەتوێنەوە لەنێو زات و بوونی حەقیقی (خالق)دا، لەبەرئەوەی ئەو هۆکاری بوون و ئەنجامی بوونەکانە، لەبەرئەوە ئەگەر لەگەڵیدا خوای تر بپەرستێت نکوولی لێ ناکرێت و دروستە[1].

وە ئەم بیر و دیدەی هیندۆسەکان گاوورەکان لێیان وەرگرتوون لەسەر دەستی (بۆڵس)ی قەشەی کۆنە جوولەکەی گاوورەکان و کراوەتە بیرورایەکی عەقیدەیی (اللاهوت) لە (الناسوت) واتە خوا لە ئادەمیزاددا تێکەڵ بووە وەکوو شیر و ئاو لە جامێکدا، وە مەسیح بەشێکە لە خوا و لێی جیا ناکرێتەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٍ﴾ [المَائِدَة: ٧٣]، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ﴾ [المَائِدَة: ٧٢]. جوولەکەکانیش بەشدار بوون لەم بابەتەدا ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ﴾

(١) لە کتێبی "أثر الملل والنحل القديمة في بعض الفرق المنتسبة إلى الإسلام" لدكتور عبد القادر بن محمد عطا صوفي ص٥٠.

[التوبة : ٣٠]. هەر ئەم (بۆلّس)ە عەقیدەی گاوورەکانی گۆڕی لە باوەڕبوون بە خوایەتی خوا و ئادەمیزادیەتی (مسیح)ەوە ﷺ بۆ باوەڕبوون بەوەی کە (مسیح) بەشێکە لە خوا، وە لەگەڵ قەشە و لایەنگری (ئاریوس) لە میسڕ و فەلەستیندا کەوتنە دژایەتی و شەڕ و کوشتاری یەکتر لەسەر ئادەمیزادیەتی (مسیح) کە (ئاریوس) بڕیاری لەسەر دەدا، تاوەکوو (بۆلّس) توانی (قسطنطین)ی پاشای ڕۆمەکان بەوە قایيل بکات کە (مسیح) بەشێکە لە خوا لە کۆبوونەوەی (نیقیا) بە پشتیوانی (٣١٨) قەشەی گاوورەکان و بووە عەقیدەی فەرمی دەوڵەت، وە ئاریوس و هاوتیرەکانی بە بێبڕوا و دوور لە دین ناسێنران[١].

وە هاتنەناوەوەی ئەم دید و بیرانە بۆناو بازنەی ئیسلام و بوونە بیروباوەڕی صۆفییەکان بەتایبەت (التصوف الفلسفي) و لەژێر ناونیشانی (وحدة الوجود) یاخود (الحلول)، پێشەنگ و هەلّگری ئەم بیروڕایانە (حسين بن منصور ناودار بە الحلاج، وابن سبعين وسهروردي واخوان الصفا وأبو زيد البسطامي) و چەندەهای تر بوون.

وە لە شیعەکانیشدا عەلەوییەکان (العلوية) و (النصيرية)کان، وە ڕەنگدانەوەی لە (القرامطة)کاندا، باوەڕ و عەقیدەیان بۆ (علي بن أبي طالب) ﷺ ئەوەبوو بەشێکە لە خوا و سیفاتی خوایەتی پێدراوە.

وە ئەمەش بیروڕای (الدروزية)کانە کە باوەڕیان بە (تألية الحاكم) خوایەتی دەسەلاّتدار هەیە وەك (المعز الفاطمي الملقب بالحاكم بأمر الله) کە یەکێکە لە دەسەلاّتدارە فاتمییەکان باوەڕیان وایە خوا چووەتە سەر شێوەی ئەو و بەرجەستە بووە تیایاندا، دروزییەکانیش لە (لبنان ومسر) جێگیرن و پەیامەکەیان بەناوی (رسائل الحكمة)یە کە پێکهاتووە لە (١١١) نامە[٢].

ئەم بیروڕای دروزییانە ڕێبازەکەیان چووەتەوە سەر ڕێبازی فەلسەفییەکانی (معتزلة وأهل الكلام) لە پێناسەکردنیان بۆ خوا لەژیر ناونیشانی (الوجود المطلق) بوونی ڕەها و گشتی، بەلاّم نەبوونە لە بووندا، خوایان شێوەکار و پێناسە کردووە بە (معدومات ومستحيلات) لە هەمان کاتیشدا خاوەنی هیچ سیفات و تەنانەت ناو و شوێن و زاتێك ... نییە، ئەمەش بۆخۆی نەك بەرجەستە و تێکەلّکردنە لە (مخلوقات)دا، بەلّکوو هەموو بوونەکان هەر ئەون و ئەویش هەموو

(١) لە کتێبی "دراسات في اليهودية والمسيحية وأديان الهند" لدكتور محمد ضياء الرحمن الأعظمي ص٣٤٥.

(٢) "موسوعة الفرق المنتسبة للإسلام" لمجموعة من الباحثين، بإشراف الشيخ علوي بن عبد القادر السقاف ص٣٨٤.

بوونەکانە.

ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە سەرچاوەی فیرقەکان بە گشتی ئایین و ڕێبازەکانی پێش خۆیانن کە بە ڕێگەی کاریگەری و تێکەڵاوی و ئاڵوگۆڕی و وەرگرتن دروستبوون و هەر لادان و گومڕاییەك ئەنجام درابێت لە فیرقەکاندا بەجۆرێك لە جۆرەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان و سەرچاوەکانیان، جا بە ڕاستەوخۆ یاخود دەستکاری و گۆڕانکارییەوە بووبێت، هەر لەبەر ئەمەشە ناوبراون بە (الفرق الضالة، أهل البدع والضلال) فیرقە گومڕا و بیدعەکارەکان.

گومڕاییەکانیان لە بواری پێغەمبەرایەتیدا بە هەمان شێوەکارییە لەبەرئەوەی فیرقەکان دەگەڕێنەوە سەر دوو سەرچاوە ﴿غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ ڕێگەی جوولەکەکان کە پێغەمبەرانیان بە ئادەمیزادێکی ئاسایی شێوەکار دەکرد و پلەی پاڕێزراوی و تایبەتی خوایی (معصوم، الرسالة)یان پێ نەدەدان، بۆیە ﴿وَيَقْتُلُونَ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ﴾ [آل عمران: ١١٢]. ناودار بوون بە بکوژی پێغەمبەران (قتلة الأنبياء)، وە گاوورەکانیش پلەوپایەی خوایەتییان پێ دەدان و شێوەکارییان دەکردن بە خواوە، وە هەموو جۆرەکانی پەرستنیان بۆ ئەنجام دەدان تا دەیانوت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ﴾ [المائدة: ١٧، ٧٢].

هەر ئەم زیادەڕەوی و کەمڕەوییەیە (الإفراط والتفريط) کە گوێزراوەتەوە بۆ فیرقەکان، ئیتر ڕاستەوخۆ بێت وەکوو (التصوف والشيعة) لە زیادەڕەویدا، وە بگرە ئەولیا و ئیمامەکانیان پلەی (معصوم)یان پێدەبەخشن، یاخود ناڕاستەوخۆ وەکوو جوولەکەکان لە کەمڕەویدا کە پلەی پێغەمبەرایەتییان لێ دادەبڕین، هەر بە جۆرێك لەم شێوەکارییە فیرقە فەلسەفییە کەلامییەکان باوەڕیان بە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ نەبوو، لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆری وەکوو (الآحاد، ظني الدلالة، المجاز ...)، لە ئەنجامدا کۆدەنگییەکیان پێوە دیارە لە پەراوێزخستنی سوننەت بە گشتی یاخود بە لایەنی کەمەوە لانەی گومان و دوودڵییە، یا هەروەك باوەڕنەبوون بە هەموو سوننەت و دژایەتیکردنی بە ئاشکرا، وەك (الخوارج والمعتزلة والقرآنيون ...)، یاخود هەر باوەڕنەبوون بە (خاتم الأنبياء) وەکوو قادیانی و بابی و بەهائییەکان و وەکوو (نصيرية والدرزية والإسماعيلية والقرامطة)کان[1].

(١) "أثر الملل والنحل القديمة في بعض الفرق المنتسبة إلى الإسلام" لدكتور عبد القادر بن محمد عطا صوفي ص٦٣.

شوێنکەوتووانی فەلسەفە بیروڕایان وایە: الْفَيْلَسُوفَ الْكَامِلَ أَعْلَمُ مِنَ النَّبِيِّ بِالْحَقَائِقِ الْعِلْمِيَّةِ وَالْمَعَارِفِ الْإِلَهِيَّةِ[١]. **فەیلەسووف شارەزاترە لە ووردەکاری و ناوەڕۆکی زانستەکاندا، لەبەرئەوەی پێغەمبەران لە دیدی ئەماندا وتاری گشتی و خەیاڵییان پێیە بۆ مرۆڤەکان تاوەکوو ڕێکخەریان بن لەسەر ژیانی دونیا، وە دەشێت لەو پێناوەشدا درۆ بکەن:** إذ كانوا عندهم يُخاطبون الجمهور بالتخييل؛ فهم يكذبون عندهم للمصلحة[٢].

وە پێغەمبەرایەتی لای ئەمان کارێکی بەدەستهاتووە: فَالنُّبُوَّةُ عِنْدَهُمْ ... وَهِيَ مُكْتَسَبَةٌ ... وَمَنْ كَانَ مُتَمَيِّزًا فِي قُوَّتِهِ الْعِلْمِيَّةِ ... كَانَ نَبِيًّا عِنْدَهُمْ[٣]. **واتە پێغەمبەرایەتی لای ئەوان بە ڕێگەی بەدەستهێنانە، هەرکەسێك تایبەت بێت لە بەهێزی زانستی و کرداریدا ئەوە پێغەمبەرە.**

لەبەرئەوە: طائفة من المتفلسفة يقولون: إن الفيلسوف أفضل من النبي وأكمل منه، وهكذا ملاحدة الشيعة من الإسماعيلية ونحوهم، يقولون: إن أئمتهم كمحمد بن إسماعيل بن جعفر ونحوه، أفضل من موسى وعيسى ومحمد صلى الله عليهم أجمعين. ثم إن هذا كثر في طوائف من جهال البربر والأكراد، والفرس والعرب، يعتقدون في شيخهم أنه أفضل من النبي صلى الله عليه وسلم، ومن شيوخه هؤلاء من يكون منافقاً زنديقاً[٤]. **واتە کۆمەڵێك لە شوێنکەوتەی فەیلەسووفەکان دەڵێن: فەیلەسووف پلەدارتر و کاملّترە تاوەکوو پێغەمبەران، وە تەنانەت لە شیعەکانیشدا وەکوو ئیسماعیلییەکان باوەڕیان وایە (محمد بن اسماعیل بن جعفر) لە پێغەمبەرانی وەك (موسی وعیسی ومحمد) علیهم الصلاة والسلام پلەدارترە، وە ئەم بیروڕایە کەوتووەتە ناو زۆرێك لە کۆمەڵانی بەڕێوەرەکان و کوردەکان و فارس و عەرەبەکان، بیروڕایان وایە ناودار و شێخی گەورەیان لە پێغەمبەر بەڕێزتر و بالّادارترە، ئەگەرچی گەورە و ناوداراەکانیان (منافق) و بـێبڕوان لە ناوەوە و پـێشی نازانن، هەروەك لە سەردەمی (فاطـمي)یـەکاندا لە لیبیا و**

(١) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٨/ ٥٩).

(٢) "النبوات" لابن تيمية (١/ ٦١١).

(٣) "النبوات" لابن تيمية (١/ ٣٤)، و "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٢/ ٤١٥).

(٤) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ٣٦١).

میسڕ و ئێران، بەناوی بووەیهییەکان و (قرامطة)کانەوە دروستبوون.

خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە سەر سەرەتای دروستبوونی فیرقەکان ئاماژەیە بۆ بناغە و بنەمای فیکر و بیروڕاکانیان، هەروەك (التصوف والقدرية) تەصەوف ئەو ڕێگای (تقشف وزهد) و زەرادەشتی و بوزییەکانە بە تێکەڵی لەگەڵ ﴿وَرَهْبَانِيَّةً ٱبْتَدَعُوهَا﴾ ڕەهبانیەتەکەی گاوورەکان بە ڕێگەی دەریا لە هیندستان و ڕۆژهەلاتەوە گەیشتووەتە شاری بەسرەی عێراق، وە لەوێوە بۆناو جیهانی ئیسلامی.

وە بیروڕای قەدەری و گومانە عەقڵییەکان ﴿وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ﴾ لەسەر غەیب بە هەمان شێوە لە ڕێگەی دەریاوە لە کیشوەری هیند و شەرقەوە گەیشتووەتە شاری بەسرەی عێراق و ناو موسوڵمانان: الْجَبْرِيَّةِ الْقَدَرِيَّةِ ... وَالصُّوفِيَّةُ... وَكِلْتَا الطَّائِفَتَيْنِ نَشَأَتْ مِنْ الْبَصْرَةِ[1].

وە خەوارج و ڕافیزەکانیش لە کوفە دروستبوون، ئەگەرچی لە کۆتاییدا فیکرەی شیعە قۆزرایەوە بۆ ناوچەی فارسەکان و بووە جێگرەوەی دینی (مجوس)، بەو ڕێگەیەوە فارسەکان ویستیان لە ئیسلام بدەن کاتێك ئیمپراتۆریەتی مەجووسی لەبن هێنا، بە ڕێگەی تاشینی دینێك بەناوی شیعەگەرییەوە، تێکەڵ بە هەموو بنەماکانی مەجووسی، لەوانە فیکرەی پشتاوپشتی کیسراوی فارسیان گۆڕی بۆ پشتاوپشتی ئیمامەتی شیعە هەر لە (علي بن أبي طالب) و دوو کوڕەکەیەوە تاوەکوو چەندەها نەوەی تری، وە ئیباحیەتی بیروڕای مەزدەکیەتی فارس بۆناو دینی تازەی شیعە بەناوی (سيغة)وە، وە پەنابردنە بەر هەموو ئەو شتانەی مۆرکی ئیسلامییان لێ دادەبڕێت، ئەگەرچی شیعە تێکەڵە بە بیروڕای دینی جوولەکەکان ئەویش بە ڕێگەی (مؤسس) بناغەدارێژەری سەرەتای شیعەوە بوو لە سەردەمی کۆتایی (عثمان بن عفان) ﷺ و سەرەتای دەسەڵاتی خەلافەتی چوارەم (علي بن أبي طالب) ﷺ بەناوی (عبد الله بن سبأ)[2] کە یەهوودی یەمەن بوو پاشان موسوڵمان بووبوو.

وە ئێستاش لە زۆر خاڵدا یەك دەگرنەوە وەك (وصيَّ) کە جێگرەوە بیروڕای جوولەکەکانە بۆ دەسەڵات، وەك جوولەکەکان (يوشع) بە جێگرەوەی (موسى) عليه السلام ی دادەنێن، ئەمانیش (علي

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ١٢٦).

(٢) بۆ ووردەکاری لەسەر پێناسەی ئەم پیاوە لە "بذل المجهود في إثبات مشابهة الرافضة لليهود" لعبد الله الجميلي (١/ ١٩٨).

بن أبي طالب) ﷺ بە جێگرەوەی پێغەمبەر (ﷺ) دادەنێن، ئەوان شەبقەی ڕەش هێمای سەرەکییانە، ئەمانیش عەمامەی ڕەش، وە ئەو (نفاق) و درۆیەی جوولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ بەکاریان دەهێنا، ئەمان بەناوی (تقية) درۆکردن بەکاری دەهێنن، ئەوان (مهدي المنتظر) ئەمانیش (مهدي) لە نەوەی (حسين بن علي) ﷺ، ئەوان (اثنا عشر نقيبا) ئەمانیش دوانزە ئیمامەی شیعە، ئەوان دەسەلآت و مولکی دینی جوولەکە هۆکارە بۆ دروستبوونی دەولەت و کۆمەلگا، ئەمانیش دینی شیعە خالی دروستبوونی دەولەت و کۆمەلگایە، ئەوان جوولەکە (شعب الله المختار)، ئەمانیش چینی شیعە هەرە ئیماندار و خۆشەویست و پشتیوانی (أهل بيت)ی پێغەمبەری ئیسلامن، ئەوان دوژمنترین کەسانن بە موسولمانان، ﴿أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلۡيَهُودَ﴾ [المَائِدَة : ٨٢]، ئەمانیش دوژمنی سەرسەختی ئەهلی سوننەتن[1].

وە هەروەها (تصوف)یش لە شوێن و لانەی کۆنە گاوورەکانی ئەوروپا لەدایك بووە، کە کاتێك دەسەلآتی ئیسلامی ڕۆمەکانیان لە شام و تورکیای ئێستا پاڵ پێوە نا بۆ ناوجەرگەی ئەوروپا، تورکەکان توانییان لەسەر بنەمای (رهبانية)ی دینی مەسیحییەتی پێشوویان (تصوف) بە ناونیشانەکانی ئیسلامەوە لەقاڵب بدەن و درۆستی بکەن و ڕێگەیەکی تازە بتاشن لەناو ئیسلامدا و خۆیانیانی لەسەر بگونجێنن، تا گەیشتە ئەوەی دەسەلآتیشیان گێڕایەوە بۆ خۆیان و دەولەتی عوسمانییان بە بەرنامەی تەصەوفەوە دروستکرد و توانییان حوکمڕانی ئیسلام بگرنە دەست، لە کۆتایی ئەم دوو گەلە خاوەن شارستانیەتە توانییان دوو دەولەتی وەکوو سەفەوییەکان و عوسمانییەکان بهێنن واقیعی تازەی گۆڕەپانی ئیسلامەوە، بەڵام بە بەرنامە و دینی کۆنی خۆیانەوە ئیسلامیان بۆ تاشی، وە گەلی بەربەرییەکان بە دینی ڕابوردووی ئەستێرەپەرستی و بتپەرستییەوە مەزهەبی ئیسماعیلییە قەرامیتییەکانیان دروستکرد، لە ئەنجامدا دەولەتی فاتمییەکانیان لێکەوتەوە.

وە فیرەقە کەلامییەکانیش بە ڕێڕەو و جۆری بیرکردنەوە فەلسەفییە عەقڵییەکانی ڕۆمان و یۆنانییەکان؛ ئیسلامێکی عەقڵی فەلسەفی ڕووتیان هێنایە کایەوە و دەولەتی عەباسییەکانیان لەسەر دروستکرد و دژایەتی ئەهلی سوننەتیان پێ کرد و ئیسلامێکی (مشوه)شێواویان دایە دەست خەڵك و تا ئێستاش بە ڕێژەی هەشتا لە سەدی جیهانی ئیسلامی زانکۆ ئاینییەکانیان لەسەر بنەمای ئەشعەری و ماتـۆریدی کـۆنی موعتەزیلەکان (دراسة)ی ئیسلام و دین دەکەن، ناتـوانن بگەڕێنەوە

(١) بۆ ئەم بابەتە بە ووردی لە "بذل المجهود في إثبات مشابهة الرافضة لليهود" لعبد الله الجميلي (١/ ١٥٠).

سەر ڕێڕەوی (أهل السنة) بە تێگەیشتنی هاوەڵان لە قورئان و سوننەت.

ئەمانە نموونەیەکی کورت بوون بۆ سەلماندنی ئەوەی سەرچاوە و ڕێڕەوی بەرنامەی فیرقەکان ئایین و بیرورا پێشووەکانی گەلانی پێش ئیسلام بوون، بەتایبەت شێوەکاری لە ناسینی خوادا.

✍ **سەرچاوەی چوارەمی بیدعەکاران: پلەی دەرکپێکردن و خەو بینین (منزلة الكشف والرؤى).**

شارەزابوون و دەرکپێکردن بەسەر ئەو شتانەی کە بوونن (موجودات) چەندەها ڕێگەی هەیە، لەوانە: ڕێگەی هەستەکان و عەقڵییەکان و نەقڵییەکان و (کشف) و دەرکپێکردنەکان، ئەمەی کۆتاییان هەڵبەت ڕێگەی تایبەتی ئەهلی (تصوف) و ئەشعەرییەکان و شیعە و دەرویش و خەڵکی گشتی ناو بازنەی ئیسلامە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دوو ڕێگەی زانستی ناو دەبات کە ڕێگەی بیستن و بینینە: ﴿إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ﴾ ڕێگەی بینین ڕێگەی حەرف و خوێندنەوە و زانستە کە فەیلەسووف و ئەهلی کەلام گرتوویانەتە بەر، وە ڕێگەی بیستن ڕێگەی (صوت) و ئاواز و (کشف) و خەو و هەواڵی دەنگییە لە غەیبەوە، ئەمە بەتایبەت ڕێگەی (التصوف)ە، کە بە شێوەیەکی گشتی ڕێگەی فریودان و فێڵی جنۆکە و شەیتانەکان و دەروونی و نەفسی و خەیاڵاتی ناخی کەسەکانە وادەزانن ڕێگەی خواییە بە ڕێگەی فریشتەکان ئەم کارانە ئەنجام دەدرێت و لەم ڕێگەیەوە تووشی گومڕایی و لادانی دینی دەبنەوە، هەروەك خاوەن (فلسفة وكلام)ە عەقڵییەکان بە ڕێگەی پێوانە عەقڵییەکان بە زیادەڕەوی یاخود کەمڕەوی لەم بوارەدا تووشی گومڕایی دەبن، وە هەردوو ئەم لایەنە ڕێگەی یەکتری بە گومڕا و نەگەیشتنە حەقیقەتەکان ناو دەبەن، بەڵام دەشێت هەریەك لەمانە بە ڕێژەیەك لەخۆگری ڕێگەی زانستی بن، بەڵام بە مەرجی پەیوەستبوون و لانەدان لە قورئان و سوننەت و هەڵنەگرتنی پێچەوانەیەتییەکەیان.

ئەگەرچی هەریەك لەو دوو ڕێگایە پاشماوەی گەلانی پێشوون لە جوولەکە و گاوورەکان، وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: وَإِمَّا مُنْحَرِفَةٌ إِلَى يَهُودِيَّةٍ أَوْ نَصْرَانِيَّةٍ مَنْ أَهْلِ الْمَنْطِقِ وَالْقِيَاسِ الطَّالِبِينَ لِلْعِلْمِ وَالْكَلَامِ وَمِنْ أَهْلِ الْعَمَلِ وَالْوَجْدِ الطَّالِبِينَ لِلْمَعْرِفَةِ. وَالْحَالِ: أَهْلُ الْحُرُوفِ.

وَأَهْلُ الْأَصْوَاتِ سَلَكُوا فِي أَصْلِ الْعِلْمِ الْإِلَهِيِّ طَرِيقَيْنِ: كُلٌّ مِنْهُمْ سَلَكَ طَرِيقًا[١]. **وە دەڵێت:** أَنَّ أَكْثَرَ مَنْ سَلَكَ الطَّرِيقَيْنِ الْمُنْحَرِفَيْنِ: لَمْ يَعْتَقِدْ أَنَّ هُنَاكَ طَرِيقًا ثَالِثًا ... فَهُمْ يَنْتَقِلُونَ مِنْ مَادَّةٍ فَلْسَفِيَّةٍ صابئية: إِلَى مَادَّةٍ إِرَادِيَّةٍ نَصْرَانِيَّةٍ إِلَى مَادَّةٍ كَلَامِيَّةٍ يَهُودِيَّةٍ ... وَالطَّرِيقَةُ الْإِيمَانِيَّةُ النَّبَوِيَّةُ الْمُحَمَّدِيَّةُ الدِّينِيَّةُ السُّنِّيَّةُ الْأَثَرِيَّةُ: لَا يَهْتَدُونَ إِلَيْهَا وَلَا يَعْرِفُونَهَا وَلَا يَظُنُّونَ أَنَّهَا طَرِيقَةٌ إِلَى مَطْلُوبِهِمْ وَلَا تُفْضِي إِلَى مَقْصُودِهِمْ ... الْوَجْهُ السَّادِسُ: أَنَّ تينك الطَّرِيقَيْنِ لَيْسَتَا بَاطِلًا مَحْضًا؛ بَلْ يُفْضِي كُلٌّ مِنْهُمَا إِلَى حَقٍّ مَا؛ لَكِنْ لَيْسَ هُوَ الْحَقَّ الْوَاجِبَ[٢].

واتە: ئەم فیرەقانە هەریەکەیان لادەر و گومڕان و شوێنکەوتەی جوولەکەکانن لە عەقڵ و فەلسەفەدا، یاخود شوێنکەوتەی گاوورەکانن لە کار و زانینە دەروونییەکاندا، لە ئەهلی حەرف و (صوت)دا، زۆری شوێنکەوتووانی ئەم دوو ڕێگایە گومان بە ڕێگەی سێیەم نابەن کە ڕێگەی پێغەمبەرایەتی (ﷺ) و سوننەتەکەیەتی، بەم ڕێگەیە نازانن و گومان نابەن ڕێگای هیدایەت بێت و بیانگەیەنێتە مەبەستیان، هەریەکە لەم دوو ڕێگایە بەتەواوی بەتاڵ نین، بەڵکوو هەریەکەیان بەشێك لە خۆگری و حەقە بەڵام حەقی تەواو نین.

بەڵکوو (الغزالي) رَحِمَهُ اللَّهُ ڕێگەکانی مەعریفەی بە بەڵگەکانی قورئان و سوننەت نەناساندووە و بگرە هەر ڕێگەیەکی باس کردبێت شوێنکەوتە و لانەدانی لە قورئان و سوننەت بە مەرج دانەناوە، وە تەنانەت دەڵێت: فَمَنْ ظَنَّ أَنَّ الْكَشْفَ مَوْقُوفٌ عَلَى الْأَدِلَّةِ الْمُجَرَّدَةِ فَقَدْ ضَيَّقَ رَحْمَةَ اللهِ الْوَاسِعَةَ[٣]. **هەرکەس وا گومان ببات ڕێگەکانی (کشف)ی سۆفی دەبێت ڕاوەستاو بێت لەسەر بەڵگەکان بەتەنیا ئەوا ڕەحمەتی فراوانی خوای بچووك کردووەتەوە.**

بەڵکوو هەموو ڕێگاکانی مەعریفەی بە چوار ڕێگا ناوبردووە بەس قورئان و سوننەتی تێدا نییە: انْحَصَرَتْ طُرُقُ الطَّالِبِينَ عِنْدِي فِي أَرْبَعِ فِرَقٍ: الْمُتَكَلِّمُونَ. وَالْبَاطِنِيَّةُ. وَالْفَلَاسِفَةُ. وَالصُّوفِيَّةُ ... فَقُلْت فِي نَفْسِي: الْحَقُّ لَا يَعْدُو هَذِهِ الْأَصْنَافَ الْأَرْبَعَةَ فَهَؤُلَاءِ هُمْ السَّالِكُونَ سُبُلَ

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ٥٤).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ٧٣، ٧٤).

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ٥٥)، و "المنقذ من الضلال" للغزالي ص١١٥.

طَرِيقِ الْحَقِّ؛ فَإِنْ سُدَّ الْحَقُّ عَنْهُمْ فَلَا يَبْقَى فِي دَرْكِ الْحَقِّ مَطْمَعٌ[١]. **واتە لای من تەنها چوار ڕێگەی ناسینی حەق هەیە بۆ خاوەن مەبەستان (ئەهلی کەلام و فیرقە باطنییەکان و فەیلەسووفەکان و سۆفییەکان)، ئەمانە ڕێگەی ناسینی حەق و مەعریفەکانن، خۆ ئەگەر فێربوونی زانست لەسەر ئەو ڕێگایانە دابخرێت ئەوا هیچ هیوایەك نامێنێت بۆ ناسینی حەق و مەعریفییەکان.**

سەبارەت بە (کشف وکرامات) دەڵێت: وهذه هي العلوم التي لا تسطر في الكتب ولا يتحدث بها من أنعم الله عليه بشيء منها إلا مع أهله[٢]. **واتە ئەم زانست و مەعریفەی (مکاشفات)ە نە لە کتێبدا نانووسرێتەوە و نییە و باس ناکرێت، مەگەر لای کەسی تایبەت دەست بکەوێت.**

لە ئەنجامی ئەم زانستەدا دەڵێت: ومن أول الطريقة تبتدئ المكاشفات والمشاهدات، حتى أنهم في يقظتهم يشاهدون الملائكة، وأرواح الأنبياء ويسمعون أصواتاً ويقتبسون منهم فوائد[٣]. **لە سەرەتای ئەم ڕێگەیەوە کۆمەڵێك دەرکپێکردن و بینین دەردەکەوێت، تا ئەگاتە ئەوەی لە کاتی بەئاگابوونیاندا (ملائکة)کان و ڕۆحی پێغەمبەران دەبینن و گوێبیستی دەنگەکانیان دەبن و شتیان لێوەردەگرن.**

بە گشتی زانستەکان (ضروري ونظري)ن، واتە ڕێگەی هەست و ناوەڕۆکییەکان یا عەقڵییەکانن، وە هەموو زانستە دینییەکانیش: أَمَّا الْعِلْمُ بِالدِّينِ وَكَشْفُهُ فَالدِّينُ نَوْعَانِ: أُمُورٌ خَبَرِيَّةٌ اعْتِقَادِيَّةٌ وَأُمُورٌ طَلَبِيَّةٌ عَمَلِيَّةٌ[٤]. **زانستە دینییەکان دوو جۆرن: هەواڵییەکان یا داواکارییەکان (الخبر والطلب)، بەڵام دووبەرەکایەتییەك هەیە لە نێوان (ضروري ونظري)دا زۆری (أهل الكلام) دژایەتی هەموو ڕێگەکانی (کشف) و مەعریفەی سۆفییەکان دەکەن، وە ئەهلی (تصوف)یش نکوولێ و دژایەتی ڕێگە عەقڵییەکان دەکەن، ئەم ڕێگە مەعریفییانە:** الْعَقْلِيَّةُ وَالنَّقْلِيَّةُ

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ٥٥)، و "المنقذ من الضلال" للغزالي ص١١٧.

(٢) "إحياء علوم الدين" للغزالي (١/ ٢٠)، و "المنقذ من الضلال" للغزالي ص٥١.

(٣) "المنقذ من الضلال" للغزالي ص١٧٨.

(٤) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١١/ ٣٣٥).

وَالْكَشْفِيَّةُ ... قَدْ تَجَاذَبَهَا النَّاسُ نَفْيًا وَإِثْبَاتًا فَمِنْ النَّاسِ مَنْ يُنْكِرُ مِنْهَا مَا لَا يَعْرِفُهُ وَمِنْ النَّاسِ مَنْ يَغْلُو فِيمَا يَعْرِفُهُ فَيَرْفَعُهُ فَوْقَ قَدْرِهِ وَيَنْفِي مَا سِوَاهُ. فَالْمُتَكَلِّمَةُ والمتفلسفة تُعَظِّمُ الطُّرُقَ الْعَقْلِيَّةَ وَكَثِيرٌ مِنْهَا فَاسِدٌ مُتَنَاقِضٌ ... وَكَثِيرٌ مِنْ الْمُتَصَوِّفَةِ وَالْفُقَرَاءِ يَبْنِي عَلَى مَنَامَاتٍ وَأَذْوَاقٍ وَخَيَالَاتٍ يَعْتَقِدُهَا كَشْفًا وَهِيَ خَيَالَاتٌ غَيْرُ مُطَابِقَةٍ وَأَوْهَامٌ غَيْرُ صَادِقَةٍ[1]. **هەموو رێگە مەعریفییەکان لە نێوان خەڵکیدا بە جۆری باوەڕپێکردن و باوەڕپێنەکردنەوە بوونی هەیە، هەیانە باوەڕ بەوە ناکات کە نایزانێت وە هەیانە زیادەڕەوی دەکات لەوەی کە دەیزانێت و لە ئاستی خۆی بەرزتری دەکاتەوە، باوەڕ بە بێجگە لەوەش ناکات، بۆیە فەیلەسووف و ئەهلی کەلام رێگە عەقلییەکان زۆر پایەدار دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆریان پێچەوانەی یەکترین و لەخۆگری هەڵەن، وە سۆفییەکانیش رێگەی خەو و حەز و خەیالاتی خۆیان بە تەواو دەزانن و پێیدەڵێن کەشف و کەرامات و دەرکپێکردنەکان، لەگەڵ ئەوەشدا گومانە وەهمییەکانن و ڕاست نین، لادەر و پێچەوانەی بەڵگە شەرعییەکانن بە ئاشکرا.**

گومان نییە خاوەن رێبازی (تصوف) رێگەی وەحی خوایی بە یەکێك لە رێگاکانی شارەزایی شەرعی دادەنێن نەك تاکە رێگەی وەرگرتن، بەڵام زۆریان بۆ تێگەیشتن لە قورئان و سوننەت دوو رێگەیان هەیە، رێگەیەکی ڕووکەش و ئەویتریان ناوەڕۆك، لەگەڵ ئەوەشدا پێچەوانەی یەکترن، ئەمە هەوڵێکە بۆئەوەی وەحی بگونجێنن لەگەڵ بیروباوەڕ و بەرنامەیاندا، دەڵێن وەحی بڕیاردەر نییە، بەڵکوو پشتیوانە، (حاکم) نییە، بەڵکوو (محکوم) بڕیار بەسەرادراوە، بۆیە بەشی وەحی خوایی لای ئەوان هێرش بۆسەربراوە و خۆبەدەستەوەدراوە، تەفسیرکردنیان بۆی بە رێگەی (ظاهر وباطن) یاخود (التأویل والتحریف والتفویض)، دەرئەنجام لەکارخستن و پەراوێزکردنیەتی و وەرنەگرتنی و باوەڕپێنەبوونیەتی بە ناڕاستەوخۆ، هەروەك (إبلیس) ڕاستەوخۆ نەیوت فەرمانت جێبەجێ ناکەم، بەڵکوو کەوتە (قیاس) و پێوانەکاری و بیانووی ڕەخنە و خۆدزینەوە.

ئەمە کاری گومڕایانی ئەهلی (تصوف)ە بە گشتی، وە ئەهلی فەلسەفەش ئەگەر وەحی نەگونجا ئەوا عەقڵ پێش دەخەن، هەروەك دەسەڵاتداران و سیاسەتمەداران ئەگەر وەحی خوایی نەگونجا ئەوا رێگەی سیاسەت و پێویستی دەسەڵاتیان بە بیانووی (المصلحة العامة، المقاصد الشرعية

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١١/ ٣٣٨، ٣٣٩).

...)وە پێشدەخەن، هەروەها خاوەن (مذاهب) و ئیمامە ناودارەکان کە قسەی ئەوان پێشدەخەن بەسەر قورئان و سوننەتدا، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: ﴿لَا تُقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ [الحجرات: ١]. واتە پێش مەکەون بەسەر خوا و پێغەمبەرەکەیدا، وە دەفەرموێت: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ﴾ [النساء: ٥٩]. واتە جێبەجێکاری فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەر بن، وە پێغەمبەرەکەشی ﷺ دەفەرموێت: «خَيْرَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللهِ. وَخَيْرُ الْهُدَى هُدَى مُحَمَّدٍ»[(١)]. واتە باشترین فەرموودە بەرنامەکەی خوایە، وە باشترین ڕێگەی هیدایەت؛ شوێنکەوتەی (محمد)ە ﷺ. وە دەفەرموێت: «إِنِّي قَدْ تَرَكْتُ فِيكُمْ شَيْئَيْنِ لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُمَا: كِتَابَ اللهِ وَسُنَّتِي»[(٢)]. واتە من لەپاشی خۆم دوو شتم بۆ بەجێهێشتوون گەر پەیوەست بن پێیانەوە گومڕا نابن، ئەوانیش کتێبەکەی خوا و سوننەتەکانی منن.

ڕێگاکانی زانست و مەعریفەی دینی لای ڕێبازی (تصوف) و چۆنیەتی بەدەستهێنانی:

یەکەم: (الكشف):

واتە گەیشتن بە کۆتا حەقیقەت و نهێنییەکان: الكشف هو الاطلاع على ما وراء الحجاب من المعاني الغيبية، والأمور الحقيقية وجودًا وشهودًا[(٣)]. کەشف بریتییە لە دەرکپێکردنی زانست و بابەتە غەیبی و شاراوەکان بە ڕێگەی واتا و هێماکانیان، جا ئەگەر شتە ئاشکراکان بێت یاخود شاراوەکان بێت.

بەشێك لە زانستی (بدیهیات) بابەتی (معنویة)کانە، ئەویش خەوبینین و خستنەدڵەوە و زانینە بە هۆکاری ووریایی کەسەکە، ئەمان دەڵێن بە ڕێگەی (معنویة)کان ڕاست و دروستی بابەتە شاراوەکان لە غەیب و دین دەزانین نەك بە ڕێگەی وەحی.

---

(١) رواه مسلم (٨٦٧)، وابن حبان في "صحيحه" (١٠)، وأحمد في "المسند" (١٤٩٨٤)، وأبو يعلى في "مسنده" (٢١١١)، والبيهقي في "السنن الكبرى" (٥٧٥٣)، والبغوي في "شرح السنة" (١٠٣).

(٢) رواه الدارقطني في "السنن" (٤٦٠٦)، والحاكم في "المستدرك" (٣١٩) واللفظ له، والبزار في "المسند" (٨٩٩٣)، والبيهقي في "السنن الكبرى" (٢٠٣٣٧)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (٩٠)، وابن عبد البر في "الجامع" (٢٢٩٩)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (١٧٦١)، و "صحيح الجامع الصغير" (٢٩٣٧)، و "المشكاة" (١٨٦).

(٣) "كتاب التعريفات" للجرجاني ص١٨٤.

بەڵام ئەوەش دەڵێن کە یارمەتیدەری (معنوية)کانیش لەلای خواوە پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ ئەو زانینانە کە بە هۆکاری عیبادەت و گۆشەگیری و خۆپارێزی لە تاوانەکان ئەو ڕێگایانە بەهێز دەبێت، بەڵام کێشەکە لێرەدا لەوەدایە یارمەتییە غەیبییەکان جیهانی جنەکانیش (عالم الجن) دەشێت بەشدار بن بە هۆکاری بێئاگایی دینییانەوە.

وە ئەو ڕێگە دەرکپێکردنانەش: المكاشفة حضور للقلب لا ينعت بالبيان، فيكشف له ما يستتر على الفهم كأنه رأي عين[١]. **بۆ بەدەستهێنانی ئەم ڕێگایەش ئامادەبوونێکی باشی دڵی دەوێت، کە بە زمان دەرنابڕدرێت، بەڵام بەو ڕێگە سۆفییانە شاراوەکانی تێگەیشتن ئاشکرا دەبێت وەکوو بە چاوی خۆت ببینی.**

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَكَذَلِكَ الْخَوَارِقُ: كَثِيرٌ مِنَ الْمُتَأَخِّرِينَ صَارَتْ عِنْدَهُ مَقْصُودَةً لِنَفْسِهَا، فَيُكْثِرُ الْعِبَادَةَ وَالْجُوعَ وَالسَّهَرَ وَالْخَلْوَةَ ؛ لِيَحْصُلَ لَهُ نَوْعٌ مِنَ الْمُكَاشَفَاتِ وَالتَّأْثِيرَاتِ، كَمَا يَسْعَى الرَّجُلُ لِيَحْصُلَ لَهُ مِنَ السُّلْطَانِ وَالْمَالِ. وَكَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ إِنَّمَا يُعَظِّمُ الشُّيُوخَ لِأَجْلِ ذَلِكَ، كَمَا تُعَظَّمُ الْمُلُوكُ وَالْأَغْنِيَاءُ لِأَجْلِ مُلْكِهِمْ وَمِلْكِهِمْ[٢]، أو صاحب مكاشفات وتصرفات ونحو ذلك، فهو هنا لم يرد الله، بل جعل الله وسيله له إلى ذلك المطلوب الأدنى[٣].

واتە: زۆرێك لەمانەی دوایی خاوەن عیبادەت و ئەوانەی جۆرێك لە کەشف و کەراماتیان بۆ بەدەست دێت لە ناوەڕۆکدا زۆرێك لەمانە مەبەستیان بۆ خودی خۆیانە نەك بۆ خوا بێت، ڕێگەی هەوڵ و کۆششی عیبادەتی دەگرنە بەر بە هەموو جۆرەکانیەوە، تاوەکوو جۆرێك لە کەشف و کەرامات و کاریگەرییان لەسەر شتەکان هەبێت و پێی دەرکەون و پلە و پێگەیان لەناو خەڵکیدا بۆ دروستبێت و ڕێزدار و شکۆدار بن، ئەمانە مەبەستیان ئەوە نییە تەنیا بۆ خوا بێت، بەڵکوو خوایان کردووەتە ڕێگە و هۆکارێك بۆ هێنانەدی مەبەستەکانیان، وە ڕێز لە زۆرێك لەو خەڵك و کەس و شێخانەیان دەگرن و شوێنیان دەکەون تاوەکوو لەو جۆرەیان بەش بدەن، هەروەك ڕێز لە دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندان دەگرن و شوێنیان دەکەون تاوەکوو بەشداریان بکەن لەوەی هەیانە.

---

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦٣٨)، و "كتاب التعريفات" للجرجاني ص١١٩.

(٢) "منهاج السنة" لابن تيمية (٨/ ٢٠٦).

(٣) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٦/ ٦٧).

وە ئەم ڕێگەی کەشفە سۆفییەکان دەیگرنەبەر بۆ گەیشتن بە نهێنییەکانی قەدەری کەونی وەکوو خۆشێوەکارێك بە پێغەمبەر (خضر)ەوە عليه السلام.

بۆ ئەم پێگە و پلەیە کە ناوی (کشف وکرامات)ە ئەهلی (تصوف) زۆرێك لە ناو و ناونیشانیان بۆی داناوە، ئەم ناو و قۆناغانە بە شێوەی تایبەت و گشتی لەژێر ناوی (کشف) و مەبەستەکانیدا جێگەی دەبێتەوە، لەوانە (الخاطر، الوارد، التجلي، المحادثة، المسامرة، الذوق، البصيرة)[١].

دووەم: (الرؤى) خەوبینینەکان:

بریتییە لە: إدراكات علقها الله تعالى في قلب العبد على يد ملك أو شيطان، إما بأسمائها أي حقيقتها، وإما بكناها أي بعبارتها، وإما تخليط، ونظيرها في اليقظة الخواطر[٢]. ئەم خەوانە دەرکپێکردنێکی خواییە و پەیوەستە بە دڵەکانەوە لەسەر دەستی فریشتەکان یاخود جنەکان ڕاستەوخۆ یان نارِاستەوخۆ کارەکانیان پێ پیشان دەدرێت، یاخود بە تێکەڵی بینین، وە هاوشێوەی ئەمە لە بەخەبەربوونداو خەیاڵاتەکانە کە دێت بە مێشك و دڵدا بە هەموو جۆرێکیەوە.

*** بیروڕاکان دەربارەی خەوبینین:**

پزیشکەکان دەڵێن خەو بینین هۆکاری تێکچوونی باری تەندروستی لاشەیە و بەس.

فەیلەسوفەکان دەڵێن ڕووداوەکانی سەر زەوی لە بەشی سەرووی زەویدا وەکوو نەخش کێشراون، ئەگەر ڕۆح تێپەڕیێت بەلایاندا دەنەخشێنرێت[٣].

بەڵام ئەهلی سوننەت دەڵێن: خەو کۆمەڵێك بیروڕا و زانستە خوای گەورە دروستی دەکات لە دڵی خەوتوودا، هەروەك چۆن لە کەسی بەخەبەردا زانست و بیرەکان دروستدەکات، ئەو بیروڕایانەش: وَتِلْكَ الِاعْتِقَادَاتُ تَقَعُ تَارَةً بِحَضْرَةِ الْمَلَكِ فَيَقَعُ بَعْدَهَا مَا يَسُرُّ أَوْ بِحَضْرَةِ الشَّيْطَانِ فَيَقَعُ بَعْدَهَا مَا يَضُرُّ[٤]. هەندێك جار دروستدەبن بە هۆکاری (ملائكة)یەك و دەبێتە هۆکار بۆ

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦٣٨).

(٢) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦٤٠)، و "فتح الباري" لابن حجر (١٢/ ٣٥٢).

(٣) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦٤٠).

(٤) "فتح الباري" لابن حجر (١٢/ ٣٥٣).

موژدە و خۆشییەکان، وە هەندێك جار بە ئامادەبوونی شەیتانەکانە و بەو هۆکارەوە ناخۆشییەکان دروستدەبێت پێیان.

سێیەم: (إلهام) خستنە دڵەوە:

وهو ما يحصل من العلوم في القلب من غير نظر أو استدلال، ... حصوله عن طريق الملك، ... حصول الإلهام للولي من وجه خاص، ... بارتفاع الوسائط بينه وبين الله، ... من حيث أخذه الرسول الملكي[١]. **ئەو زانست و بیروڕایانەیە کە لە دڵدا دروستدەبێت بەبێ هۆکاری بیرکردنەوە یاخود بەڵگەکاری بە ڕێگەی (ملائكة)، یاخود بەتایبەت لە ڕێگەی (أولياء)ەکانەوە بە هۆکاری خواوە وەریدەگرن ڕاستەوخۆ بەبێ هیچ پەیوەندییەك وەکوو چۆن (ملائكة) وەحی ڕاستەوخۆ لە خواوە وەردەگرن، لەو بەناو ئەولیایانە وتویەتی:** حَدَّثَنِي قَلْبِي عَنْ رَبِّي ... أَخَذْتُمْ عِلْمَكُمْ مَيِّتًا عَنْ مَيِّتٍ وَأَخَذْنَا عِلْمَنَا عَنْ الْحَيِّ الَّذِي لَا يَمُوتُ[٢]. **دڵم لە خواوە دەیگێڕێتەوە، ئێوە زانستەکەتان مردوو لە مردووەوە وەردەگرێت، بەڵام ئێمە زانستەکەمان لە زیندوویەکەوە وەردەگرین هەرگیز نامرێت واتە خوا.**

چوارەم: (الفراسة) تێگەیشتنە شاراوەییەکانی ناو دڵ:

أنها تختص بمعرفة خواطر النفوس وأحاديثها وما يضمره المرء في قلبه من ضمائر[٣]. **ئەمە تایبەتە بە زانینی ئەو باس و خوتورانەی کە بە شاراوەیی لەناو دڵدا هەیە.**

پێنجەم: (الخضر عليه السلام):

ئەو پێغەمبەرەی کە لە سەردەمی (موسی)دا بوو ﷺ، ئەم کەسایەتییە لای سۆفییەکان کەسایەتییەکی (اسطوري) و پڕ لە ڕووداوی هەیە، زۆر گرنگی پێدەدەن و دەیسەلمێنن کە بەردەوام هەر زیندووە، پێیدەگەن و زانستی لێوەردەگرن و ڕێنموونییان دەکات و نهێنییەکانیان پێدەڵێت، زۆری بینینی و پێگەیشتنەکانیان لە بیابان و چۆڵییەکاندایە و لەپڕ لێیان دیارنامێنێت، لە خەویشدا

(١) "المصادر العامة للتلقي عند الصوفية" لدكتور صادق سليم صادق ص١١٢.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٣/ ٢١٨).

(٣) "المصادر العامة للتلقي عند الصوفية" لدكتور صادق سليم صادق ص١١٢.

دەبینرێت و ئەمەش ڕێگەیەکی وەرگرتنی زانیارییانە لێی، لەم باسەدا گێڕانەوە و بەسەرهاتی پڕ سەیر و سەمەرەی زۆریان هەیە بەتایبەت ئەولیا و ناوداڕەکانیان، وە بە بیروڕایان گەر کەسێك نەگاتە ئاستی گەیشتن بە (خضر) بە ئاستێکی نزم و ناتەواوی دینی دادەنێن.

ڕێگاکانی بەدەستهێنانی مەعریفەی سۆفی

طرق اكتساب المعرفة الصوفية

بەدەستهێنانی مەعریفەی سۆفییەکان ئاشکرایە کەسانی (أهل العلم) و زانا و ناوداڕەکانی ئیسلام نین، ناودارانی ئەم ڕێبازە خاوەنی هیچ نووسراو و پەرتووکێکی زانستە شەرعییەکان و بگرە فیقهییەکان یاخود تەفسیر و ڕیوایەتی فەرموودە صەحیحەکان یاخود شیکار و شەرحی نین و نەبوون، خۆ ئەگەر هەیانبێت کاری تۆخکردنەوەی ڕێگا مەعریفییە سۆفییەکانی خۆیانە کە پڕە لە فەرموودەی (ضعيف وموضوع وإسرائيليات وحكايات ومنامات وكرامات)، هەر ئەو شێخ و ناودارانەی ئەوان هەندێك جار زانایان جێگرەوە و (بدیل)ی نووسینەکانیان بۆ نووسیونەتەوە تاوەکوو نووسینەکەی ئەوان نەخوێنرێنەوە، وەکوو کتێبی "إحياء علوم الدين" ی الغزالي کە ئیمامی (ابن قدامة المقدسي) هەستاوە بە نووسینی کتێبی "منهاج القاصدين" وەکوو (بدیل) و جێگرەوەی ئەو نووسینە، تاوەکوو نەخوێنرێتەوە لەبەر ئەو هەموو لادان و ڕیوایەتە هەڵبەستراوانەی کە تیایدا هەیە.

ئەوە ئاشکرایە ڕێگە و بەرنامەی (تصوف) ڕێگەی زانستە عەقڵی و شەرعییەکان نین، بەڵکوو ڕێگایەکە: لا يمكن تعلمها ولا شرحها ولا الاستدلال عليها، وإنما يمكن معرفة طرقها ووسائلها ومناهجها وتعاليمها، وأحكامها، فيأخذ بها السالك ليصل إلى المقصود[١]. وأن العلوم الصوفية علوم لدنية إلهامية، ذوقية، لا تعتمد على العقل واستدلالاته، ولا على المعرفة الحسية المباشرة، أو المعرفة العقلية المباشرة المنطقية، ولا على المشاهدة الحسية وتجاربها[٢]. ئەم ڕێگایانەیان ڕێگای فێربوون و شیکار و بەڵگەکاری نییە، بەڵکوو دەتوانرێت ناسینی ڕێگا و هۆکار و بەرنامە و کار و فێربوون و حوکمەکانی بزانرێت تاوەکوو کەسی خاوەن مەبەست لەو ڕێگادا

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦٤١).

(٢) "المصادر العامة للتلقي عند الصوفية" لدكتور صادق سليم صادق ص١٢٧.

بیگرێتە بەر بۆ هێنانەدی مەبەستەکانی بە ئاداب و شێوازی خۆی تاوەکوو شاییستەی ئەو کەشفە خواییە بێت، زانستی سۆفییەکان زانستێکی ئیلهامی خستنە دڵەوەیە لە غەیبەوە، بنەماکراو نییە بە عەقڵ و هەست و داڕێژراوە (منطق)ییەکانەوە یاخود تاقیکردنەوە هەستپێکراوەکان، واتە ڕێگەیەکی بەربڵاوی بێسنوورە و قابیلی هەموو جۆرە تازەگەری و گۆڕانکارییەکە بەگوێرەی هەوا و حەز و عەقڵیەتی کەسایەتییەکانیانە.

بەڵکوو دوژمنی سەرسەختی زانستی شەرعی و ڕێگە عیلمییەکانن و لە بەرەیەکی دژ بەواندان، وەکوو (الغزالي)یان دەڵێت: فالأنبياء والأولياء انكشف لهم الأمر وفاض على صدورهم النور لا بالتعلم والدراسة والكتابة للكتب بل بالزهد في الدنيا والتبري من علائقها وتفريغ القلب من شواغلها ... فإذا عرفت هذا فاعلم أن ميل أهل التصوف إلى العلوم الإلهامية دون التعليمية فلذلك لم يحرصوا على دراسة العلم وتحصيل ما صنفه المصنفون والبحث عن الأقاويل والأدلة المذكورة بل قالوا الطريق تقديم المجاهدة ومحو الصفات المذمومة وقطع العلائق كلها. **وە دەڵێت:** وتفريغ القلب منها وبقطع الهمة عن الأهل والمال والولد والوطن وعن العلم والولاية والجاه ... ولا يفرق فكره بقراءة قرآن ولا بالتأمل في تفسير ولا بكتب حديث ولا غيره[1].

واتە: پێغەمبەران و ئەولیاکان زۆر کاریان بۆ دەردەکەوت و نووری خوایی دەڕژایە سەر سنگیان کە بە هۆکاری فێربوونی زانست و بەدواداچوونی عیلم و نووسینی زانایانەوە نەبووە، بەڵکوو بە هۆکاری پشتکردنە دونیا و دوورکەوتنەوە لە پەیوەستییە دڵییەکانەوە بە دونیا و حەزەکانیانەوە بووە، لەبەرئەوە ئەهلی (تصوف) بەدوای زانستە خواییەکانەوە بووە نەك زانستە فێرکارییەکان، بەڵکوو وتوویانە ڕێگای پێشخستنی جیهادی نەفس و ئارەزووە و سڕینەوەی حەزەکانە لەگەڵ دڵ بەتاڵکردنەوە و پڕاندنی لە کەس و کار و بوونی مادّ و منداڵ و سەروەت و سامان و نیشتیمان و عیلم و دەسەڵات و پلەوپێگەکان، وە نابێت ببروهۆشی سەرقاڵ بکات بە قورئان خوێندنەوە و تێڕوانین لە تەفسیرەکانی و نووسینەوەی فەرموودە و شتەکانی تر.

(١) "إحياء علوم الدين" للغزالي (٣/ ١٩).

زانستی زانایان بە (علماء الرسوم) بە زانستی وێنەکێشی پێتەکان ناو دەبات و زانستی سۆفییەکان بە زانستی (المعاملة والمكاشفة) مامەڵە بۆ دەرکەوتنی کارە غەیبییەکان ناو دەبات[(١)].

یەکێك لە ناوداڕەکانی ئەم ڕێگایەش (جنيد البغدادي)ە رَحِمَهُ اللَّهُ **کە دەڵێت:** أحب للمريد المبتدي أن لا يشغل قلبه بثلاث وإلا تغير حاله التكسب وطلب الحديث والتزوج، وقال أحب للصوفي أن لا يكتب ولا يقرأ لأنه أجمع لهمه[(٢)]. **پێم خۆشە کەسی سەرەتا لەم ڕێگەیەدا دڵی سەرقاڵ نەکات بە سێ شتەوە، کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ماڵ و کۆکردنەوەی و نووسینی فەرموودە و ژن هێنان، وە پێم خۆشە سۆفی خۆی خەریك نەکات بە نووسین و خوێندنەوەوە لەبەرئەوەی باشتر دەتوانێت خەم و هیممەتەکانی کۆبکاتەوە.**

وە (أبو سليمان الداراني) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** إذا طلب الرجل الحديث أو تزوج أو سافر في طلب المعاش فقد ركن إلى الدنيا[(٣)]. **واتە هەرکەسێك بەدوای نووسینی فەرموودە و ژن هێنان و کاسپیکردندا بڕوات ئەوە پەنای بردووەتە بەر دونیا و خۆشییەکانی.**

وە (أبو الحسن الشاذلي) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** علوم النظر أوهام إذا قرنت بعلوم الإلهام[(٤)]. **واتە زانستە تێڕوانینییەکان (ڕێگەی وەحی) هەموویان خەیاڵاتن ئەگەر بخرێنە ئاستی زانستە ئیلهامییەکانەوە.**

وە تەنانەت زانایانی زانستە شەرعییەکانی ئیسلام بە دوژمن و فیرعەون و دەجاڵی ڕێگەی ناوداڕانی ئەهلی (تصوف) ناودەبەن.

---

(١) "إحياء علوم الدين" للغزالي (٣/ ١٨).

(٢) "إحياء علوم الدين" للغزالي (٤/ ٢٣٩)، و "قوت القلوب" لأبي طالب المكي (١/ ٤٤٣)، و "موسوعة الفرق المنتسبة للإسلام" لمجموعة من الباحثين بإشراف الشيخ علوي بن عبد القادر السقاف (٤/ ٢٣٩).

(٣) "إحياء علوم الدين" للغزالي (١/ ٦١)، و "قوت القلوب" لأبي طالب المكي (١/ ٢٣٤)، و "تلبيس إبليس" لأبي فرج الجوزي ص٢٦٢، و "موسوعة الفرق المنتسبة للإسلام" لمجموعة من الباحثين بإشراف الشيخ علوي بن عبد القادر السقاف (٧/ ١١٢).

(٤) "اليواقيت والجواهر" (١/ ٢٨)، و "أصول مسائل العقيدة عند السلف وعند المبتدعة" لسعود بن عبد العزيز الخلف (١/ ٢٨)، و "جهود علماء السلف في القرن السادس الهجري في الرد على الصوفية" لدكتور محمد بن أحمد بن علي الجوير ص١٩٩.

هەروەك (قطب) و هەرەمی تەسەوف (محي الدين ابن العربي الصوفي) دەڵێت: وما خلق الله أشق ولا أشد من علماء الرسوم على أهل الله المختصين بخدمته العارفين به من طريق الوهب الإلهي الذي منحهم أسراره في خلقه، وفهمهم معاني كتابه، وإشارات خطابه فهم لهذه الطائفة مثل الفراعنة للرسل عليهم السلام[(١)].

أليس هذا موجوداً في الفقهاء وأصحاب الأفكار، الذين هم فراعنة الأولياء ودجاجلة عباد الله الصالحين؟![(٢)].

واتە: هیچ چینێك خوا دروستی نەكردووە نەگبەت و تۆندوتیژتر بێت لە زانایانی وێنەكێشی پیتەكان (رسوم) و ڕووكەش خوێنەرەكان (ظاهر) لەسەر ئەهلی خوا و خزمەتكارانی تایبەتی و عارفینی ڕێگەی بەخشندەیی خوایی، ئەوانەی كە هەموو نهێنییەكانی پێ سپاردوون لەناو هەموو دروستكراوەكانیدا، واتا و ئاماژەی فەرموودەكانی پێ بەخشیون، ئەوان لە ئاستی ئەم عاریفانەدا وەكوو فیرعەونەكانن لە ئاستی پێغەمبەراندا، ئایا ئەمە بوونی نییە لەناو فەقیهەكان و خاوەن بیرمەندەكاندا؟ ئەمانە خۆیان قیرعەونی ئەولیاكان و دەجالەكانی بەندە سالّحەكانی خوان.

گومان نییە لەسەر ئەوەی ئەم هەموو ڕق و دژایەتی و سووككردنەی ڕێگای زانایانی ئەهلی سوننەت بە هۆكاری ئەوەوەیە هەر ئەمان زانا و شارەزا و ئاشنایی تەواویان هەیە بەسەر ڕێگای گومڕایی و سەرلێشێواوی ئەهلی (تصوف)دا، زانایان نموونەی ڕووناكی و ڕۆشناین بەسەر تاریكیدا، وەكوو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «... وَإِنَّ فَضْلَ الْعَالِمِ عَلَى الْعَابِدِ كَفَضْلِ الْقَمَرِ عَلَى سَائِرِ الْكَوَاكِبِ، إِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الْأَنْبِيَاءِ ...»[(٣)]، وە دەفەرموێت: «فَضْلُ الْعَالِمِ عَلَى الْعَابِدِ

---

(١) "الفتوحات المكية" لابن عربي (١/ ٢٧٩) الباب الرابع والخمسون، و "تفسير ابن عربي للقرآن حقيقته وخطره" لدكتور محمد السيد حسين الذهبي ص١٩، و "التصوف المنشأ والمصادر" لإحسان إلهي ظهير الباكستاني ص٢٥٩، و "موسوعة الفرق المنتسبة للإسلام" لمجموعة من الباحثين بإشراف الشيخ علوي بن عبد القادر السقاف (٧/ ٤٢٨).

(٢) "الفتوحات المكية" لابن عربي (١/ ٣٠٤)، و "المصادر العامة للتلقي عند الصوفية" لدكتور صادق سليم صادق ص٢١٥.

(٣) رواه أبو داود (٣٦٤١)، والترمذي (٢٦٨٢)، وابن ماجه (٢٢٣)، وأحمد في "المسند" (٢١٧١٥)، والدارمي في "سننه" (٣٥٤)، والبيهقي في "الشعب" (١٥٧٣)، وأبو نعيم في "الحلية" (٩/ ٤٥)، وابن عبد البر في "الجامع" (١٦٩)، والبغوي في "شرح السنة" (١/ ٢٧٦)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع الصغير" (٦٢٩٧).

كَفَضْلِي عَلَى أَدْنَاكُمْ»[١]. واتە پلەوپایەی زانا بەسەر عابیداندا وەکوو پلەوپایەی مانگ وایە بەسەر ئەستێرەکانەوە، وە زانایان میراتگری پێغەمبەرانن، وە پلەی زانایان بەسەر عابیداندا وەکوو پلەوپایەی من وایە بەسەر نزمترین کەستاندا.

شەریعەت و حەقیقەت

الشريعة والحقيقة

پلەی حەقیقەت هەرە پلەی بالای (تصوف)ە و کۆتا مەبەست و (غاية)ی سۆفیگەرییەکانە کە دەیانەوێت پێی بگەن، گەیشتن بەو پلەیە گەیشتنە بە نهێنییەکانی قەدەر و ناسینی یاسا و زانستەکانی ئادەمیزاد، وە گەیشتنە بە حەقیقەتی فەرمانە خواییەکان کە لەسەر ئەولیاکان هەڵدەگیرێت و داواکار جێبەجێکردنیان لەسەر نامێنێت، وە پلەی حەقیقەت دەگاتە ئەو پلەیەی کە بەس دەسەلاتی خوا بوونی هەیە و دەسەلاتی ئادەمیزاد بوونی نییە.

شەریعەت: بریتییە لە شەریعەتەکەی خوا و ئەو داواکاریانەی کە لە قورئان و سوننەدا هاتووە بە (أمر ونهی وحلال وحرام ...).

شەریعەت نزیکبوونەوەیە لە خوا بە هۆکاری پێغەمبەرانەوە، بەڵام حەقیقەت نزیکبوونەوەیە لە خوا بەبێ هیچ هۆکارێك، شەریعەت هێنانەدی ڕووکەشی کارەکانە بەڵام حەقیقەت دەرکپێکردنی ناوەڕۆکی کارەکانە، حەقیقەت ئەنجامی گرتنەبەری (طريقة)یە، وە (طريقة)ش ئەنجامی گرتنەبەری شەریعەتە، واتە: شەریعەت پاشان تەریقەت پاشان حەقیقەت، واتە لە پلەی نزمەوە کە شەریعەتە بۆ پلەی بەرز کە (طريقة)ە[٢].

لەبەرئەوە دەڵێن: أَنَّكَ مَعَ الْعَالِمِ فِي تَعَبٍ. وَمَعَ الْعَارِفِ فِي رَاحَةٍ. لِأَنَّ الْعَارِفَ يَبْسُطُ عُذْرَ الْعَوَالِمِ وَالْخَلَائِقِ. وَالْعَالِمَ يَلُومُ. وَقَدْ قِيلَ: مَنْ نَظَرَ إِلَى النَّاسِ بِعَيْنِ الْعِلْمِ مَقَتَهُمْ. وَمَنْ نَظَرَ إِلَيْهِمْ بِعَيْنِ الْحَقِيقَةِ عَذَرَهُمْ[٣]. تۆ لەگەڵ زانایاندا لە زەحمەت و بارقورسیدایت، بەڵام لەگەڵ عاریفاندا

(١) رواه الترمذي (٢٦٨٥)، والدارمي في "سننه" (٢٩٧)، والطبراني في "الكبير" (٧٩١١)، والبغوي في "شرح السنة" (١/ ٢٧٨)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع الصغير" (٤٢١٣)، و "صحيح الترغيب والترهيب" (٨١).

(٢) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦٥٠)، و "جامع الأصول" للنقشبندي ص٤٣.

(٣) "مدارج السالكين" لابن القيم (٣/ ١٥٨).

لە بێ ئەرکی و بارسووکیدایت، لەبەرئەوەی عاریفین پاساو و عوزرەکانی (مخلوقات) دەڕازێننەوە و دەیبەنەوە سەر قەدەری کەونی بۆیان، بەڵام زاناکان لۆمەکاری و تاوانباریان بەرامبەر دەکەن، بۆیە دەڵێن ئەوەی بە چاوی زانست سەیری (مخلوقات) بکات ڕقی لێیان دەبێت، بەڵام بە چاوی حەقیقەت سەیریان بکات پاساوکاریان بۆ دەکات.

بەڵگەکاریشیان بۆ ئەم بیرۆکەیەیان باس و بەسەرهاتەکەی (موسی وخضر)ە سەلامی خوایان لێبێت، دەڵێن ئەولیاکان زانستی حەقیقەتیان هەیە، بەڵام پێغەمبەران زانستی شەریعەتیان هەیە[١].

لەسەر ئەم باسە (غەزالی) دەڵێت: ڕەنگە ئەوەی لە شەریعەتدا تاوان بێت لە حەقیقەتی سۆفیەتیدا عیبادەت و نزیکبوونەوە بێت لە پەروەردگار.

ئەم ڕێڕەوەی مەعریفەی سۆفی باوەڕیان وایە ئەولیاکان (معصوم)ن و پارێزراون لە هەڵە و تاوانەکان، بۆ ئەمەش وشەی پارێزراو (محفوظ) بەکاردەهێنن، هەروەك (القشيري) دەڵێت: أَن أجل الكرامات الَّتِي تكون للأولياء: دوام التوفيق للطاعات، والعصمة عَنِ المعاصي والمخالفات[٢].

واتە تەواوی ڕێزداری بۆ ئەولیاکانی خوا بەردەوامی عیبادەتەکانە و پارێزراوییە لە تاوان و فەرمان شکاندنی خوایی.

(سهروردي)یان دەڵێت: ومن الخواطر ما هي رسل الله إلى العبد، كما قال بعضهم: لي قلب إن عصيته عصيت الله[٣]. واتە هەندێك لە (خواطر) و کەوتنە ناو دڵی ئەولیاکان لەلایەن خواوە نێردراوە بۆ بەندەکەی، هەروەك هەندێکیان وتوویانە: دڵێکم هەیە ئەگەر فەرمانی بشکێنم فەرمانی خوام شکاندووە.

خۆ ئەگەر دژایەتی دروستبێت لە نێوان حاڵی ئەولیاکاندا و شەرعی خوادا، ئەوا حاڵ و ئیلهاماتی حەقیقەتی وەلییەکان پێشدەخرێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت لایان، هەروەك چۆن (موسی) عليه السلام بڕیاری لەسەر کارەکانی (خضر) عليه السلام دا.

---

(١) "إحياء علوم الدين" للغزالي (١/ ١٠٢).

(٢) "الرسالة القشيرية" للقشيري (٢/ ٥٢٦).

(٣) "عوارف المعارف" للسهروردي ص٣٢٠.

هەروەك (الغزالي)یان رَحِمَهُ اللَّهُ لە بارەی بابەتە عەقیدەییەکانەوە لە (الأسماء والصفات والميزان والصراط وعذاب القبر ...) دەڵێت: وحد الاقتصاد بين هذا الانحلال كله وبين جمود الحنابلة دقيق غامض لا يطلع عليه إلا الموفقون الذين يدركون الأمور بنور إلهي لا بالسماع ثم إذا انكشفت لهم أسرار الأمور على ما هي عليه نظروا إلى السمع (الكتاب والسنة) والألفاظ الواردة فما وافق ما شاهدوه بنور اليقين قرروه وما خالف أولوه[1]. واتە سنووری یەکلاکەرەوە لەم بابەتانەدا زۆر وورد و شاراوەیە، هیچ کەسێك بۆی یەکلانابێتەوە بێجگە لە یارمەتیدراوانی خوایی نەبێت، ئەوانەی دەرك بە کارەکان دەکەن بە ڕووناکی خوایی نەك بە بەڵگەی قورئان و سوننەت، پاشان ئەگەر بۆیان یەکلابووەوە نهێنی کارەکان بە مەعریفەی حەقیقەتی خۆیان، ئەوکات سەیری قورئان و سوننەت دەکەن، لەگەڵ ئەو داڕشتنانەی لەسەری هاتووە، ئەوکات ئەوەی گونجا لەگەڵ کەشف و نووری دڵنیایاندا بڕیاری لەسەر دەدەن، وە ئەوەشی نەگونجا واتاکارییان (تأويل) بۆ ئەنجام دەدەن.

کار گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی لە ئەنجامی کەشف و حەقیقەت و یەقینیاتی خاوەنەکانیان دەرچووە ئەوکات وەری دەگرن، بەڵام پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن ئەو زانست و عیلمەی پێیان دراوە هەمووی بۆ ئەم تێگەیشتنانەیە کە لەلایەن خواوەیە و هیچی لەلایەن خۆیانەوە نییە، هەروەك نەوەی (شێخ عبد القادر گيلاني) بەناوی (عبد الكريم الجيلي) دەڵێت دەربارەی دانانی کتێبێکی بەناوی "الإنسان الكامل": وكنت قد أسست الكتاب على الكشف الصريح وأيدت مسائله بالخبر الصحيح وسميته بالإنسان الكامل في معرفة الأواخر والأوائل ... فأمرني الحق الآن بإرازه بين تصريحه وألغازه ووعدني بعموم الإنتفاع فقلت طوعًا للأمر المطاع[2]. واتە ئەم کتێبەم دانا بە ڕێگەی کەشفی ئاشکرا (واتە لەلایەن خواوە)، وە بابەتەکانیم پشتڕاست کردووەتەوە تایبدا بە هەواڵی ڕاست و دروستی خوایی و ناوم نا "الإنسان الكامل" ، وە خوای حەق فەرمانی پێدام بە بڵاوکردنەوەی بە ڕێگەی ئاماژە و ئاشکرای خوایی، وە پەیمانی پێدام کە دەبێتە سوودمەندی لەناو گشت خەڵکیدا، منیش وتم: جێبەجێکاری خاوەن فەرمانم.

(١) "إحياء علوم الدين" للغزالي (١/ ١٠٤).

(٢) "الإنسان الكامل في معرفة الأواخر والأوائل" لعبد الكريم بن إبراهيم الجيلاني (١/ ١٠٤).

ناوداریان (ابن العربي الطائي) لەسەر نووسینە ناوداركەی "الفتوحات المكية" دەڵێت: فوالله ما كتبت فيه حرفًا إلا عن إملاء إلهي، وإلقاء رباني، أو نفث روحاني في روع كياني[1]. واتە سوێند بە خوا لەلایەن خۆمەوە هیچم نەنووسیوە لەم كتێبەدا تەنانەت پێتێكیش، بێجگە لەوە نەبێت كە لەلایەن خواوە بەسەرمدا ڕژێنراوە و پێم گەیشتووە، یاخود خراوەتە ناو ڕۆح و دڵم و ناوەڕۆكی دەروونم.

هەر ئەمە نییە ڕێڕەویان، بەڵكوو ڕێڕەوییان زۆرە بۆ وەرگرتنی هەواڵ و ئەو زانست و شارەزاییەی پڕوپاگەندەی بۆ دەكەن، لەوانە: (إلهام، الهواتف، رواية الخضر، رؤية النبي، رؤية الله في المقام، المنامات، الوجد، الإسراء والمعراج ...) واتە خستنە ناو دڵ و نەفسی كەسەكانەوە و گوێبیستی و بانگ لێكردن لە دەنگێكی نادیارەوە و پڕوپاگەندەی بینینی (خضر) علیه السلام یاخود بینینی پێغەمبەر ﷺ لە خەودا یا لە خەبەربووندا، یاخود بینینی خوا لە خەودا، یا بە گشتی خەوبینینەكانیان، یا شەوڕەوی پێكردنیان بە شەو بەناوی (الإسراء والمعراج)ەوە، یا هەست و ویستی تایبەتەكانیان (وجد وذوق)، ئەمانە هەموویان بە گشتی ڕێگە و سەرچاوەی مەعریفەی ئەهلی (تصوف)ن.

گومانیش لەوەدا نییە هەموو سەرچاوەكانیان غەیبین بە ڕێگەی بیستن و بینین، ڕێگەی بیستن و بینینی غەیبیش دوو ڕێگان: ڕێگەی (الملائكة) و ڕێگەی (عالم الجن)، فریشتەكانی خوا و جنەكانن، وە (الملائكة)ش بەندە و (مخلوقات)ی خوان: ﴿لَا يَسۡبِقُونَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ وَهُم بِأَمۡرِهِۦ يَعۡمَلُونَ ٢٧﴾ [الأنبياء: ٢٧]، ﴿لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٦﴾ [التحريم: ٦]. بەس فەرمانی خوا جێبەجێ دەكەن و سەربەخۆ هیچ كارێك ئەنجام نادەن، دانیشتووی ئاسمانەكانن و لەخۆگری سیفاتەكانی ئادەمیزاد و جنەكان نین لە خواردن و خەوتن و نێر و مێ، لەبەرئەوە بێگەردن لە هەموو حەز و شەهەواتێك، كارەكانیان لە ڕازیبوون و خۆشەویستی خوادایە، بەو واتایەی پشتیوانی یەكتاپەرستی (التوحيد)ن و شوێنكەوتەی (السنة)ن و هەموو كارەكانیان عیبادەتە و پشتیوانی تاوان و فەرمان شكاندنی خوایی نین، بە كورتی كاریان لەسەر (التوحيد والسنة والطاعة)یە و لەو كەسانەشەوە نزیكن كە ئەو ڕێڕەوەیان گرتووە و بە ئیزن و ویستی پەروەردگار

(١) "الفتوحات المكية" لمحي الدين بن عربي الطائي (١/ ٨٧).

یارمەتیدەریانن، بەمەش دەوترێت (الکرامات) ڕێزلێنان، ئەوانیش بۆ خۆیان نە بۆ (کرامات) کار دەکەن و نە دەشیانەوێت، لەبەرئەوەی نەبێتە (استدراج) و پاداشتی کردەوەکانیان و ڕیا و شۆرەت و پلەوپایەی ناو ئادەمیزاد، کە هەموو ئەمانە ڕێگەکانی شەریك بڕیاردانن.

جیهانی جنەکانیش جیهانێکن لە نێوان ئادەمیزاد و گیانلەبەراندان و لەخۆگری پڕ لە شەهەوات و حەز و ویستەکانی خۆیانن و لە ئادەمیزاد خوارترن لە عەقڵ و مەعریفەدا، لەبەرئەوە پێغەمبەرانیان تیادا نەهاتووە، خوای پەروەردگاریش ئادەمیزادی ڕێزدار کردووە وەکوو دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ﴿٧٠﴾﴾ [الإسراء: ٧٠]. واتە ئادەمیزادمان ڕێزدار کردووە و دەریا و وشکانییەکانمان خستووەتە ژێر دەسەڵاتیانەوە و ڕزق و پاکخۆریمان پێبەخشیون و پلەوپایە و ڕێزدارمان کردوون بەسەر زۆری دروستکراوەکانماندا.

لەبەرئەوە جیهانی جنەکان کەم عەقڵ و کەم مەعریفەن و زۆریان شوێنکەوتەی (شرك وبدعة ومعصية)ن، یارمەتیدەری ئەو ئادەمیزادانەشن کە شوێنکەوتەی ئەو ڕێگایانەن و ڕۆچوون تیایاندا، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿هَلْ أُنَبِّئُكُمْ عَلَىٰ مَن تَنَزَّلُ ٱلشَّيَٰطِينُ ﴿٢٢١﴾ تَنَزَّلُ عَلَىٰ كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ﴿٢٢٢﴾﴾ [الشعراء: ٢٢١، ٢٢٢]. واتە هەواڵتان بدەمێ شەیتانەکان هەوارگەیان لەلای ئەو کەسانەیە کە زۆر درۆزن و تاوانبارن، ئەم هەوارگە و هاوڕێیەتییەیان بەگوێرەی قووڵبوونەوە و تۆخبوونەوەیانە لەسەر ڕێگای (شرك وبدعة ومعصية)، ئەم هاوڕێیەتی و یارمەتییانەشیان بۆ ئادەمیزادی هاوشێوەی خۆیان پێی دەوترێت (السحر والشعوذة ...) و بۆ بەڕێکردنی پێویستییەکانی خۆیانن، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ أَوْلِيَآؤُهُم مِّنَ ٱلْإِنسِ رَبَّنَا ٱسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ﴾ [الأنعام: ١٢٨]. واتە کاربەڕێکارەکانیان لە مرۆڤەکان دەڵێن خوایە ئێمە کار و پێویستییەکانی یەکترمان جێبەجێ دەکرد.

لەم دوو ڕێگایە بەدەر بەس نەفس و دەروونی ئادەمیزاد بوونی هەیە کە خەو و خەیاڵات و (معلومات)ی لێ وەربگیرێت، ئەویش بە گوێرەی حەز و ئارەزووەکانی خۆی کار دەکات.

ئێستا بە کورتی با بڕێنەوە سەر باسەکەمان، (إلهام، السماع، الهواتف، الخضر، رؤية، الكشف، المنامات، الوجد، الإسراء والمعراج ...) ئەمانە هەموویان ڕێگاکانی ئەهلی (تصوف)ن لە

سەرچاوەی مەعریفە و زانستدا، هەموو ئەمانە ژیانە لەگەڵ حەزەکانی نەفس و جیهانی (شیاطین)، بۆخۆیان یارییان پێدەکەن، هەمووشیان وادەزانن ئیلهامات و گەیاندنی خواییە بە رێگەی (ملائکة)کانەوە، بەڵام نازانن و نەزانن کە: وَكَثِيرٌ مِنْ هَؤُلَاءِ يَتَمَثَّلُ لَهُ الشَّيْطَانُ، وَيَرَى نُورًا أَوْ عَرْشًا أَوْ نُورًا عَلَى الْعَرْشِ وَيَقُولُ: أَنَا رَبُّكَ. وَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ: أَنَا نَبِيُّكَ، وَهَذَا قَدْ وَقَعَ لِغَيْرِ وَاحِدٍ. وَمِنْ هَؤُلَاءِ مَنْ تَخَاطُبِهِ الْهَوَاتِفُ بِخِطَابٍ عَلَى لِسَانِ الْإِلَهِيَّةِ أَوْ غَيْرِ ذَلِكَ، وَيَكُونُ الْمُخَاطِبُ لَهُ جِنِّيًّا، كَمَا قَدْ وَقَعَ لِغَيْرِ وَاحِدٍ. لَكِنَّ بَسْطَ الْكَلَامِ عَلَى مَا يُرَى وَيُسْمَعُ وَمَا هُوَ فِي النَّفْسِ وَالْخَارِجِ، وَتَمْيِيزِ حَقِّهِ مِنْ بَاطِلِهِ ... وَكَثِيرٌ مِنَ الْجُهَّالِ أَهْلِ الْحَالِ وَغَيْرِهِمْ يَقُولُونَ: إِنَّهُمْ يَرَوْنَ اللهَ عِيَانًا فِي الدُّنْيَا ... وَأَهْلُ الْوَحْدَةِ الْقَائِلُونَ بِوَحْدَةِ الْوُجُودِ، كَأَصْحَابِ ابْنِ عَرَبِيٍّ وَابْنِ سَبْعِينَ يَدَّعُونَ أَنَّهُمْ يُشَاهِدُونَ اللهَ دَائِمًا[1]. **زۆرێك لەوانە شەیتانەکان بۆیان ئەنەخشێنن لە وێنە و هاوشێوەی ڕووناکی و عەرش و قسەیان لەگەڵ دەکەن و دەڵێن من خوام یا پێغەمبەرم، وە زۆرێکیان لە بەخەبەربوونداو بە دەنگێکی نادیار قسەیان لەگەڵ دەکەن لەسەر زمانی ئەو کەسەی کە پایەدارە لایان و پێی (معجب)ن، لەگەڵ ئەوەشدا جنۆکە و شەیتانەکانن و بۆ فریودانی عابیدە نەزانەکانن، زۆریان وەکوو (ابن عربي وابن سبعين)ی ناوداریان دەڵێن ئێمە بەردەوام خوا دەبینین لە بەخەبەربوونداو، هەروەك بەسەر ناوداریاندا هاتووە (الشيخ عبد القادر الكيلاني)** رَحِمَهُ اللهُ: كَالشَّيْخِ عَبْدِ الْقَادِرِ فِي حِكَايَتِهِ الْمَشْهُورَةِ حَيْثُ قَالَ: كُنْت مَرَّةً فِي الْعِبَادَةِ فَرَأَيْت عَرْشًا عَظِيمًا وَعَلَيْهِ نُورٌ فَقَالَ لِي: يَا عَبْدَ الْقَادِرِ أَنَا رَبُّك وَقَدْ حَلَلْت لَك مَا حَرَّمْت عَلَى غَيْرِك. قَالَ: فَقَلَتْ لَهُ أَنْتَ اللهُ الَّذِي لَا إلَهَ إلَّا هُوَ اخْسَأْ يَا عَدُوَّ اللهِ. قَالَ: فَتَمَزَّقَ ذَلِكَ النُّورُ وَصَارَ ظُلْمَةً وَقَالَ يَا عَبْدَ الْقَادِرِ نَجَوْت مِنِّي بِفِقْهِك فِي دِينِك وَعِلْمِك وَبِمُنَازَلَاتِك فِي أَحْوَالِك. لَقَدْ فَتَنْت بِهَذِهِ الْقِصَّةِ سَبْعِينَ رَجُلًا. فَقِيلَ لَهُ: كَيْفَ عَلِمْت أَنَّهُ الشَّيْطَانُ؟ قَالَ بِقَوْلِهِ لِي "حَلَلْت لَك مَا حَرَّمْت عَلَى غَيْرِك" وَقَدْ عَلِمْت أَنَّ شَرِيعَةَ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا تُنْسَخُ وَلَا تُبَدَّلُ وَلِأَنَّهُ قَالَ أَنَا رَبُّك وَلَمْ يَقْدِرْ أَنْ يَقُولَ أَنَا اللهُ الَّذِي لَا إلَهَ إلَّا أَنَا[2]. **دەڵێت: جارێك لە عیبادەتدا بووم لەپڕ عەرشێکی**

(١) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٢/ ٦٢٥، ٦٢٦).
(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١/ ١٧٢).

گەورەم بینی و ڕووناکییەك بەسەریەوە بوو، دەنگێکی لێوە هات و وتی: ئەی (عبد القادر) من خوای تۆم (أنا ربك)، هەرچی حەرامە لەسەرتم حەلاڵ کرد، منیش وتم تۆ ئەو (الله)یەی کە هیچ خوایەك نییە بێجگە لەو، هیچ وەلامێك نەبوو، منیش وتم تیابچیت و ڕسوا بیت ئەی دوژمنی خوا، دوای ئەوە ڕووناکییەکە لەت بوو و بووەوە بە تاریکی، وتی: ئەی (عبد القادر) ڕزگارت بوو بە شارەزاییت لە دینەکەتدا، بەم شێوەیە حەفتا کەسم گومڕا کردووە. پاشان پێیان وت چۆن زانیت شەیتان بوو؟ وتی بە دوو شتدا: یەکەم نەیتوانی بڵێت من (الله)م، وە بەوەشی کە وتی حەرامم لەسەر حەلاڵ کردی، منیش زانیم شەریعەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ناگۆڕدرێت و ناسڕدرێتەوە.

هەڵوێستی ئەهلی سوننەت لەسەر مەعریفەی (تصوف)

موقف أهل السنة من معرفة التصوف

هەڵوێستی بەرنامەیی ئەهلی سوننەت لەسەر ڕێگاکانی زانست و مەعریفەکانی (تصوف) بە چەند خاڵێك بە کورتی دەخەینە ڕوو[(١)].

١. کێشانەی ڕاست و دروست (الميزان الصحيح).

لای ئەهلی سوننەت کێشانەی ڕاست و دروست کە هیچ جۆرە هەڵە و بەتاڵێك لەخۆ نەگرێت؛ قورئان و سوننەتە لەگەڵ کۆدەنگی زانایانی ناودار بۆ هەموو بابەتێکی دینی (الكتاب والسنة والإجماع).

بۆیە هەرشتێك بوێسترێت بناسرێت چەندی حەقە و چەندی بەتاڵە ئەوا دەکێشرێت بە بەڵگەکانی قورئان و سوننەت و شیکاری زانایان لەسەری، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩﴾ [النساء: ٥٩]. دەبێت قورئان و سوننەت (حاکم) بن و لەسەرووی هەموو شتێکەوە بن و هیچ شتێك لە سەرووی ئەوانەوە نەبێت، وە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ﴾ [النساء: ٥٩]. ئەی ئیمانداران گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر بن، ئەمە داواکاری هەموو قورئانە.

(١) "منهج الاستدلال على مسائل الاعتقاد" لعثمان بن علي حسن (٢/ ٦٥٥، ٦٨٨).

کەواتە هەموو بابەتێك لە (كشف، وجد، ذوق، إلهام، فناء ...) دەپێورێت بە بەڵگەکانی قورئان و سوننەت، چەندی ڕاست و پێکابێتی بڕیاری لەسەر دەدرێت و چەندیشی لەخۆگری بەتاڵ و هەڵە بوو ڕەتدەکرێتەوە و بە سنووربەزێن پێناسە دەکرێت و هەموو قسە و بیروباوەڕ و حاڵەتی خاوەنەکەی ڕەتدەکرێتەوە و لێی وەرناگیرێت، ئەگەر هەر ناو و پلەوپایەیەکیشی هەبێت.

٢. ڕێگاکانی بەدەستهێنانی ئیلهامی پاك و فیراسەتی ئیماندارانە بە شوێنکەوتەی ڕاست و دروستی قورئان و سوننەت و لانەدانی لە (منهج) و بەرنامەی حەقی ئەهلی سوننەت بەدەستدێت، لەگەڵ ڕاست و دروستی ئیمان و کار و کردەوەی ڕاستگۆیانەی خاوەنەکەی بە پەیوەستبوونێکی ناوەڕۆکی و ڕووکەشی شەرعی خوا، ئەمانە هەموویان دەبنە هۆکاری کردنەوەی تێگەیشتن و ئیلهامات و فیراسەت و دەرکپێکردنێکی خوایی و بێگەرد لە (رياء وسمعة وشهرة) ڕیا و ناوداری و مەبەستی دونیایی خاوەنەکەی، ئەم ووریایی و دەرکپێکردنە خاوەنەکەی سەرەتا نەیویستووە و بەو مەبەستە ڕێگەی دینی نەگرتووەتەبەر و زۆریش خۆپارێزی کردووە و ترسی هەیە لەسەری تاوەکوو نەبێتە پاداشتی کردەوە چاکەکانی یاخود زیانی دینی و ڕۆچوون لە تاوان و سڕینەوەی دینداری خۆی.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَكُلَّمَا قَوِيَ الْإِيمَانُ فِي الْقَلْبِ قَوِيَ انْكِشَافُ الْأُمُورِ لَهُ؛ وَعَرَفَ حَقَائِقَهَا مِنْ بَوَاطِلِهَا وَكُلَّمَا ضَعُفَ الْإِيمَانُ ضَعُفَ الْكَشْفُ[١].

واتە: هەتا ئیمان بەهێز بێت لە دڵدا ووریایی و دەرکەوتنی حەقیقەت و ناوەڕۆکی شتەکان بۆی والاّ دەبێت لە جیاکردنەوەی حەق و بەتاڵ و خێر و شەڕ و جۆری کار و ناسینی کەس و ڕێگاکانی و باشتر ئاشنا دەبێت بەسەریدا، وە تا ئیمان لاواز بێت مەعریفە و ووریایی دینی لاواز دەبێت.

هەروەك خەلیفە (عمر بن الخطاب) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێت: اقْتَرِبُوا مِنْ أَفْوَاهِ الْمُطِيعِينَ؛ وَاسْمَعُوا مِنْهُمْ مَا يَقُولُونَ فَإِنَّهُ تَتَجَلَّى لَهُمْ أُمُورٌ صَادِقَةٌ[٢].

واتە: نزیك ببنەوە لە گوفتاری گوێڕایەڵانی خوا و بیسەری قسەکانیان بن، ئەوان زۆر کاری

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢٠/ ٤٥).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٠/ ٤٧٤).

ڕاستگۆییان بۆ دەردەکەوێت، بەڵام دەبێت خاوەن بەرنامەی ڕاست و هەڵگری ئەهلی سوننەت بن بەبێ لادان، وە هەڵگری هیچ ڕێڕەوێکی گومڕایی بیدعەکاران نەبن.

هەروەك لە ئاماژەی ئەم ئایەتانەدا دەردەکەوێت: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُ﴾ [البَقَرَة : ٢٨٢]، ﴿وَلَوۡ أَنَّهُمۡ فَعَلُواْ مَا يُوعَظُونَ بِهِۦ لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ وَأَشَدَّ تَثۡبِيتٗا ٦٦ وَإِذٗا لَّأٓتَيۡنَٰهُم مِّن لَّدُنَّآ أَجۡرًا عَظِيمٗا ٦٧ وَلَهَدَيۡنَٰهُمۡ صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا ٦٨﴾ [النِّسَآء : ٦٦ - ٦٨]. ﴿وَأَشَدَّ تَثۡبِيتٗا﴾، ﴿صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا﴾. تا گوێرایەڵی فەرمانەکانی خوا بن؛ خوای گەورە شارەزایی و ئاشناییتان پێدەبەخشێت، خۆ ئەگەر جێبەجێکاری فەرمانەکانی خوا بن خێرترە و دامەزراوتر دەبن، واتە لە کاملبوون و قۆناغ بڕیندا.

٣. بوونی کەشف و کەرامات و شت زانین بەڵگە و مەرجی پلەوپایەی ئیمانی خاوەنەکەی نییە، وە بگرە بە نەبوونی هۆکاری سەلامەتی و نیەتپاکی پارێزراوی خاوەنەکەیەتی، یاخود کەسانی ئەهلی تەسەوف کە خاوەن ڕاهاتنێکی تایبەتن بە برسیەتیکردنی خۆیان و نەخەوتن و دوورکەوتنەوەیان لە دونیا تاوەکوو کۆمەڵە زانینێکیان بۆ ڕوون ببێتەوە کە بۆ کەسانی تر وانەبێت، وەکوو بوزا و کۆنفۆشیۆس کە ئەم ڕێگەیەیان گرتووەتە بەر، ئەم جۆرە هاتنەدی و کارانە بەشدارە لە نێوان موسوڵمان و کافردا کە پێیان دەوترێت (أهل الرياضة) کەسانی خۆڕاهێنەر لەسەر ڕەسم و کارێکی تایبەت، وەکوو ڕێورەسمەکانی یۆگا.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: فَاعْلَمْ أَنَّ عَدَمَ الْخَوَارِقِ عِلْمًا وَقُدْرَةً لَا تَضُرُّ الْمُسْلِمَ فِي دِينِهِ، فَمَنْ لَمْ يَنْكَشِفْ لَهُ شَيْءٌ مِنْ الْمُغَيَّبَاتِ وَلَمْ يُسَخَّرْ لَهُ شَيْءٌ مِنْ الْكَوْنِيَّاتِ لَا يَنْقُصُهُ ذَلِكَ فِي مَرْتَبَتِهِ عِنْدَ اللَّهِ؛ بَلْ قَدْ يَكُونُ عَدَمُ ذَلِكَ أَنْفَعَ لَهُ فِي دِينِهِ[1].

واتە: نەبوونی مەعریفە و توانا بەسەر نەزانینەکان و شت و بوونەکاندا، وە کاریگەرییان هیچ زیانێك بە موسوڵمان ناگەیەنێت، وە هەرکەسێك گەر هیچ شتێکی غەیبی بۆ ئاشکرا نەبێت یاخود هیچ شتێکی کەونی بۆ دەستەبەر نەکرێت؛ نابێتە ناتەواوی لە پلە و ئیمانی کەسەکەدا، بەڵکوو دەشێت نەبوونیان بەسوودتر بێت بۆی تا بوونیان.

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١١/ ٣٢٣).

بەڵام کەسی ئیماندار بەبێ ویست و مەبەست و داواکاری و بەدواداچوونی دەشێت کارئاسانی بۆ بکرێت وەکوو ڕێزێکی خوایی بۆی، ئەمە وادەی خوایە وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ﴾ [الطلاق: ٢، ٣]. ڕێگەی تەقوا و خواپەرستی هۆکارە بۆ دەرگاکردنەوەی هەموو پێویستییەکان بۆی و ڕۆزی بدرێت بەبێ هیچ پێوانەیەك، بەڵام بوونی کەشف و کەرامات لەسەر دەستیدا و هێنانەدی داواکارییەکانی ئەم بەتەنیا بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی ئەم کەسە (أولیاء) و خۆشەویستی خوایە، بەڵکو گەورەترین نیشانەی خۆشەویستانی خوا شوێنکەوتەی ووردەکاری سوننەتە و لانەدانە لە بەرنامەی حەقی قورئان و سوننەت، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ﴾ [آل عمران: ٣١]. واتە ئەی (ﷺ) بڵێ ئەگەر ئێوە خواتان خۆشدەوێت ئەوا شوێنکەوتەی من بن ئەوکات خوا خۆشی دەوێن و خۆشەویستانی خوا دەبن.

گرتنەبەری ڕێگاکانی دینداری بە نیەتی بەدەستهێنانی پلە و ناوداری و کەشف و کەرامات ئەمانە هەمووی بەشی حەز و ئارەزووی نەفسی دونیای ئادەمیزادە (حضوض النفس)، بە نەفس و حەزەکانی خۆی لەگەڵ خوادا دەبێت نەك وەکوو بەندەیەکی گوێڕایەڵی کە بە (إخلاص) و نیەتپاکییەوە لەگەڵ خوای خۆی دەبێت.

هەروەك (أبو علي الجوزجاني) ڕَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: كُنْ طَالِبًا لِلاسْتِقَامَةِ لَا طَالِبًا لِلْكَرَامَةِ. فَإِنَّ نَفْسَك منجبلة عَلَى طَلَبِ الْكَرَامَةِ وَرَبُّك يَطْلُبُ مِنْك الِاسْتِقَامَةَ[1].

واتە: هەوڵ و کۆششەکانت با بۆ مانەوە بێت لەسەر ڕێگەی حەقی دین، با هەوڵ و کۆششەکانت بۆ هێنانەدی کەرامات و کەشف و پلەداری نەبێت، نەفست داواکاری کەرامات و هێنانەدی کەشف و ئیلهاماتە، بەڵام خوای پەروەردگارت داوای شوێنکەوتە و مانەوەت لێدەکات لەسەر ڕێگای دینداری حەق.

(ابن تيمية) ڕَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَسَبِيلُ الصَّادِقِ مُطَالَبَةُ النَّفْسِ بِالِاسْتِقَامَةِ فَهِيَ كُلُّ الْكَرَامَةِ. ثُمَّ إذَا وَقَعَ فِي طَرِيقِهِ شَيْءٌ خَارِقٌ كَانَ كَأَنْ لَمْ يَقَعْ فَمَا يُبَالِي وَلَا يَنْقُصُ بِذَلِكَ. وَإِنَّمَا يَنْقُصُ

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١١/ ٣٢٠)، و"شرح العقيدة الطحاوية" لابن أبي العز (٢/ ٧٤٧).

بِالْإِخْلَالِ بِوَاجِبِ حَقِّ الِاسْتِقَامَةِ[١].

واتە: ڕێگەی ڕاستگۆیان داواکارییان لە نەفسیان مانەوەیە لەسەر دینی خوا، ئەوە هەموو ڕێزدارییەك و کەراماتێکە لایان، خۆ ئەگەر لەسەر ڕێگایدا شتێکی بۆ ئەنجامدرا و ڕێ ڕۆشنی پێ بەخشرا؛ ئەوا دەبێت وا هەست بکات کە هەر نەبووە، وە بیرو خەیاڵی نەداتێ و کەمتەرخەمی و ساردبوونەوەی بۆ دروست نەبێت، بەڵکوو کەمتەرخەمی و نەبوون ئەوەیە کەموکورتی لەسەر ڕێگەی دینداریدا دروست ببێت.

(**ابن القيم**) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت**: فَالْكَشْفُ الصَّحِيحُ: أَنْ يَعْرِفَ الْحَقَّ الَّذِي بَعَثَ اللهُ بِهِ رُسُلَهُ، وَأَنْزَلَ بِهِ كُتُبَهُ[٢].

واتە: کەشف و کەراماتی ڕاست و دروست شارەزابوون و ناسینی ڕێگەی حەقی خوایە، ئەوەی بە پێغەمبەراندا ناردوویەتی و لە کتێبەکەیدا ڕوونی کردووەتەوە.

٤. ئەهلی کەشف و کەرامات (معصوم) نین، بەڵکوو بەس پێغەمبەران (معصوم)ن و موعجیزە و ئیلهام و خەوەکانیان و زانینی شتەکانیان پارێزراو و لەخۆگری حەقن و هیچ هەڵە و گومڕاییەك لەخۆناگرن و بۆ خزمەتی دینن.

باقی هەموو خاوەن کەشف و کەرامات و ئیلهام و خەوێك قابیلی هەڵە و ناتەواوی و گومڕایی و زەفەرپێبردنی شەیتانە، وە خاوەنەکەشی لەسەر لێواری ترسناکی دینی و پێ هەڵخلیسکانە و هیچ متمانەیەکی لەسەر نییە.

ئیمامی (**الشاطبي**) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت**: لابد من التفريق بين الرسول وبين آحاد أمته في الحكم بالرؤيا والكشف لأن مع الرسول العصمة والمعجزة الدالة على صدقه، وليس ذلك لأحد من أمته، بل يجوز عليهم الغلط والنسيان والخطأ[٣].

واتە: پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان پێغەمبەر و کەسانی تر لە ئومەتەکەی لە حوکمی خەو و کەشف و کەراماتدا، لەبەرئەوەی لەگەڵ پێغەمبەردا (معصوم) پارێزراوی تایبەتی خوایی

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١١/ ٣٢١).

(٢) "مدارج السالكين" لابن القيم (٣/ ٢١٤).

(٣) "الموافقات" للشاطبي (٤/ ٨٣).

هەیە و (معجزة)ی تایبەت هەیە لەسەر ڕاستگۆیی ئەو، ئەمە بۆ هیچ کەسێك لە ئومەتەکەی نییە، بەڵکوو کەسانی تر شوێنی هەموو هەڵە و لەبیرچوون و ناتەواوییەکن.

(ابن تيمية)ش رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: لَيْسَ مَنْ شَرْطِ وَلِيِّ اللهِ أَنْ يَكُونَ مَعْصُومًا لَا يَغْلَطُ وَلَا يُخْطِئُ ... وَيَجُوزُ أَنْ يَظُنَّ فِي بَعْضِ الْخَوَارِقِ أَنَّهَا مِنْ كَرَامَاتِ أَوْلِيَاءِ اللهِ تَعَالَى وَتَكُونُ مِنْ الشَّيْطَانِ لَبَّسَهَا عَلَيْهِ لِنَقْصِ دَرَجَتِهِ وَلَا يَعْرِفُ أَنَّهَا مِنْ الشَّيْطَانِ وَإِنْ لَمْ يَخْرُجْ بِذَلِكَ عَنْ وِلَايَةِ اللهِ تَعَالَى[1].

واتە: لە مەرجی ئەولیای خوادا ئەوە نییە (معصوم) و بێ هەڵە ببێت، دروستە و دەشێت یەکێك لە ئەولیاکانی خوا هەندێك شتی بۆ دروستبێت و وا گومان ببات کەراماتە و لە خواوەیە و لەگەڵ ئەوەشدا لە خواوە نەبێت و لەلایەن شەیتانەوە بۆی دروست بووبێت وەکوو لێتێکدانێك بۆی، کە بە هۆکاری کەمتەرخەمی دینی و ناتەواوییەکی ئیمانی خۆیەوە بێت، ئەگەرچی بەوە لە پلەی وەلیەتی خوا پێی دەرناچێت.

٥. بەرنامەی ئەهلی سوننەت تێڕوانین و هەڵوێستی هەیە لەسەر هەموو بنەمای فیرەق و بیدعەکاران، لەبەرئەوەی بە چاوی گومان و نیەت خراپ و دوژمن سەیریان دەکات، بۆیە ئەگەر هەر کار و دینداریەکی باشیشیان لێ بوەشێتەوە و یاخود ناودار بن بە کۆمەڵێك بەها و ئاکاری گرنگی ئیمانی ئەمانەیان لێ وەردەگیرێت، بەڵام لە بەرامبەریشیدا ئەوەش ئەخوێنرێتەوە کە ئەمانە خاوەن و هەڵگری (منهج أهل السنة) نین بەتایبەت لە بواری تەوحید و شوێنکەوتەی سوننەتدا، وە لەوە خراپتریش زۆر بێئاگان لە ڕێگەکانی فیرەق و بیدعەکاران، بەو واتایەی بەتەواوی حەق و بەتاڵ ناناسن و لە یەکیان جیاناکەنەوە، بگرە دەشێت بە هۆکاری نیەتپاکی و بێئاگاییانەوە هەڵگری زۆرێك لە بیروڕای بیدعەکاران بن.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَكَثِيرًا مَا يبتلى من أهل السماع بشعبة من حَال النَّصَارَى من الغلو فِي الدّين وَاتِّبَاع أهواء قوم قد ضلوا من قبل وَإِن كَانَ فيهم من فِيهِ فضل وَصَلَاح فهم فِيمَا ابتدعوه من ذَلِك ضالون عَن سَبِيل الله يحسبون أَن هَذِه الْبِدْعَة تهديهم إِلَى محبَّة الله وَإِنَّهَا

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١١/ ٢٠١، ٢٠٢).

لتصدهم عَن سَبِيل الله ... وَلِهَذَا كَانَ السّلف ... يأمرون بألا يغتر بهم وَلَو أظهرُوا مَا أظهروه من الْعلم وَالْكَلَام وَالْحجاج أَو الْعِبَادَة وَالْأَحْوَال مثل المكاشفات وخرق الْعَادَات[١].

واتە: زۆرێك لەوانەی گیرۆدەی ڕێگەی تەسەوف و بیستنەکان بوون لە ئەهلی (زهد وورع)، لێکچوونێکیان هەیە بە شێوازێك لە شێوازەکانی گاوورەکانەوە لە زیادەڕەوی لە دین و شوێنکەوتەی حەز و ئارەزووەکانیان لەو گەلانەی کە پێشوەختە گومڕا بوون، ئەگەرچی جۆرێك لە پلە و سالّحییەتی دینداریان تیادا هەیە، بەلاّم هەر گومڕان لەو بابەتانەی کە بیدعەکارییان تیادا کردووە و لایان داوە، لەگەلّ ئەوەشدا وا گومانیان بردووە ئەو بیدعەکاریانە هۆکارە بۆ دروستبوونی خۆشەویستی خوا، وە بەپێچەوانەوە گەر نەیکەن لادەریانە لەسەر ڕێگەی خوا، بۆیە سەلەفی سالّح فەرمانیان داوە هیچ کەسێك پێیان فریو نەدرێت ئەگەرچی ڕووکەشێکی زانستی و قسە و بەلّگەکاری و عیبادەتی دینداریشیان پێوە دیاربێت لە کەشف و کەرامات و کاری نامۆ.

بەلاّم گەورەترین گومڕایی لەماندا ئەوەیە وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللهُ **دەلّێت:** لَكِنَّ هَؤُلَاءِ يَقُولُونَ لِمَنْ تَبِعَهُمْ: إِنْ لَمْ تَتْرُكِ الْعَقْلَ وَالنَّقْلَ، لَمْ يَحْصُلْ لَكَ التَّحْقِيقُ وَالتَّجَلِّي الَّذِي حَصَلَ لَنَا[٢].

دەلّێن ئەوەی شوێنکەوتەی ئێمە بێت ئەگەر واز لە بەلّگە عەقلّییەکان و نەقلّییەکان واتە قورئان و سوننەت نەهێنێت، ئەوا هیچ شتێکی لە کەشف و کەرامات و ئیلهامات و ڕوونبوونەوە بۆ دەرناکەوێت، وەکوو چۆن بۆ ئێمە دەرکەوتووە.

هەموو ناوداڕەکانیان بە شێوەیەکی گشتی لە ڕیزی زانایان و (أهل الاختصاص) ئەهلی زانستە شەرعییەکان نین و ناودار نین بە نووسین لە بواری (فقه وتفسير وحديث ...)دا، وە تەنانەت زۆریان خەلّکی شوێنە دوورەکان و سنوورەکانی ئیسلام بوون، وەکوو خوراسان بەشی ڕۆژهەلاّتی ولاّتانی ئیسلام وە ولاّتی میسڕ و مەغریب[٣]، لەگەلّ ئەوەشدا (حجاز) و چواردەوری بەردی بناغەی ئیسلام و (فتوحات) و زانستی ئیسلامی بووە و هیچ کەسێکیان لەو جۆر و بابەتەدا تیادا دروست نەبووە.

---

(١) "الإستقامة" لابن تيمية ص٢٥٢، ٢٥٤.

(٢) "الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح" لابن تيمية (٤/ ٣٠٩).

(٣) "المصادر العامة للتلقي عند الصوفية" لدكتور صادق سليم صادق ص٤٣.

هەروەك ناوی (طريقة)كانيان شايەتحالّی ئەمەن لە (طريقة النقشبندية والرفاعية والشاذلية والجيلانية والرومية والتيجانية والبدوية ...).

وە تەنانەت وشە و دارِشتن و شيعارات و جل و بەرگيان، پاشماوەی دين و مەزهەب و رِێرِەوی رِۆژهەلّات و رِۆژئاوای دونيايە.

وەكوو وشەی (الناسوت واللاهوت) كە بەكارهێناوی (نصاری) گاوورەكانە، وە هەروەها (ناموس، رحموت، رهبوت، نفساني، شعشعاني ...) وە ئەو (تبتل) و ژن نەهێنانەيان كاری رِەهبانەكانی مەسيحييەكانە.

وە ئەو (زهد وسياحة) و بەرگی شرِ و نەخواردن و نەخەوتن و دوورکەوتنەوە لە خۆشييەكانی دونيا هەمووی گوێزراوەی ديانەتە هيندييەكانە وەكوو ژيانی بوزا و كۆنفۆشيۆسی چينی و نيشتۆ و زەرادەشتە مەجووسييەكان، وە تەنانەت جل و بەرگ و عەمامە و گۆچان و دەسماڵ و تەسبيح ... كە ئەمانە بە شێوەيەكی ديار لە ژيان و قسەی ناودارانياندا بەرجەستە بووە، وە تەنانەت (حلاج وابن عربي) بەتايبەت سەفەريان كردووە بۆ هيندستان و جۆرێك لە سيحر و خۆبادان و رِەقص و سەما و (شعوذة)ی هيندیان گواستووەتەوە بۆ (تصوف)، لەگەڵ فيكرە و بيرورِای (وحدة الوجود والتناسخ الأرواح والإتحاد والحلول) كە هەموو ئەمانە لەناو دينە هيندييەكان و شەرقييەكاندا والاّ بووە.

پێناسە و فيكرەی (الغتوصية) واتە: (المعرفة) و عيرفانياتی سۆفی و وشەی (عرفانا) كە لە (تصوف)دا بە (الغناء) پێناسە كراوە، واتە تێكەڵبوون بە حەق، هەموو ئەم عادات و كارانەيان هاوشێوەی هيندی و شەرقييەكانە، تەنانەت ئەگەر كۆچيان بكردايە بۆ بەدەستهێنانی رِێگای سۆفيگەری دەرِۆيشتن بەرەو هيندستان، هەروەك (خالد نقشبندي) رِۆيشت (طريقة)ی نەقشبەندی هێنايەوە لە نيودلی پايتەختی هندستانە.

وە بەتايبەت بەشە فەلسەفييەكەی (تصوف) رِەنگدانەوەيەتی لە (سهروردي والحلاج وابن عربي وابن سبعين وابن الفارض وعبد الكريم الجيلي ...) كاريگەری فەلسەفەيان بەسەرەوە زۆر رِوون و ئاشكرايە، وەكوو (وحدة الوجود وفيض أفلوطين والغنوصية والأفلاطونية الحديثة).

وەكوو (د. علي سامي النشار) لە كتێبی "نشأة الفكر الفلسفي في الإسلام" باسی يەكێك لە بيرورِاكانيان دەكات بەوەی كە (محمد ﷺ) يەكەم بوونێك دروستبووە لە خوا و وە لەويشەوە

هەموو (مخلوقات)ەکان دروستبووە، ئەمە لە بیروڕای (تصوف)دا بە (الإنسان الكامل) ناوبراوە یاخود (الحقيقة المحمدية)[١].

بۆ ووردەکاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە هەستیارانەی باسمان کرد گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی وەکوو "المصادر العامة للتلقي عند الصوفية" لدكتور صادق سليم صادق، و "تأريخ التصوف" لعبد الرحمن بدوي، و "تأريخ التصوف في الإسلام" لدكتور قاسم غني، و "التصوف المنشأ والمصادر" لإحسان إلهي ظهير الباكستاني، و "نشأة الفكر الفلسفي في الإسلام" لدكتور علي سامي النشار، و "مدخل إلى التصوف الإسلامي" للتفتازاني. ئەم سەرچاوانە کاری زۆر وورددەکار و سەیر و سەمەرەیان باس دەکەن.

٦. ئەهلی سوننەت تێڕوانینی بەرنامەی (المنهجية)یان هەیە لەسەر هەموو بڕگە بەرنامەییەکانی (تصوف) لە هەموو بوارەکانیدا، کە هۆکاری قبوولنەکردن و چاوپۆشی نییە، بەو هۆکارانەوە ڕیزبەندیان دەکات بە فیرەق و بیدعەکاران و گومڕایان، وە ئەو تێڕوانینانەش بریتین لەم خاڵ و بڕگانەی خوارەوە:

یەکەم: بەرنامەی ئەهلی (تصوف) لە تەوحیددا بریتییە لە (الربوبية) لە کارکردن و نووسین و بانگەوازی و قۆناغ بڕینی تاکەکانیاندا، وە لوتکەی هەڕەمیان گەیشتنە بەو پلەی کە خوا ببینیتەوە لە دروستکراوەکانیدا بە ناونیشانی (الفناء في الله والإتحاد والحلول) هەموو ئەمانە بوونیان لە (ربوبية)دایە.

بە هیچ شێوەیەك (الألوهية) باس و خواس و ناسینی نییە لایان، لەگەڵ ئەوەشدا تاکە ڕێگەی بەرنامەی پێغەمبەران و ناوەڕۆکی کتێبەکانی پەروەردگارە ... کەواتە ئەوان بەرنامەیان لە تەوحیددا (الربوبية)ە و بەس کە موشریکەکان و گاوور و جوولەکە و هەموو سەر زەویش بەس تەوحیدی ڕبوبیەت ئەناسن و پێیان.

دووەم: لە دوو مەرجەکەی کارکردن و هۆکاری قبوولنبووندا (الإخلاص والمتابعة)؛ ئەهلی (تصوف) چەقی کارکردنیان بەس لەسەر دروستبوونی (الإخلاص) نیەت پاککردنەوەیە، بەڵام پەیوەستبوون بە قورئان و سوننەت و لانەدان لەو ڕێڕەوە کە (المتابعة)یە بە هیچ شێوەیەك باسی نییە.

---

(١) "نشأة الفكر الفلسفي في الإسلام" لدكتور علي سامي النشار (١/ ٢١١).

بۆیە هەموو قسە و باس و حیکمەتێك لە قسەکانیاندا هێنانەدی (الإخلاص) و نیەت پاککردنەوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە شوێنی گومان و پرسیارە، ئایا دەبێت بەبێ (توحید) بوونی (الإخلاص) دروست ببێت و حەقی تەواوی خۆی پێبدرێت؟!

وەکوو (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وسمعتُ شيخَ الإسلام ابنَ تيميّة قدَّس الله روحَه يحكي عن بعض العارفين أنّه قال: العامَّةُ تعبُد الله، وهؤلاء يعبدون نفوسَهم[1].

واتە: بیستوومە لە (ابن تيمية)وە لە هەندێك لە خواناسانی دەگێڕایەوە و دەیوت: هەندێك لە خواناسان دەڵێن: بە گشتی خەڵکی خوا دەپەرستن، بەڵام ئەمانە (ئەهلی تەصەوف) عیبادەتی نەفسی خۆیان دەکەن، مەبەستی پێی ڕۆچوونە لە (سبب) کە (الإخلاص)ە و لەبیرکردنی (غاية)یە کە پەرستنی خوایە.

لەگەڵ ئەوەشدا مەرجی قبوولبوونی کردەوەکان لە یەك کاتدا بوونی (الإخلاص والمتابعة)یە بەیەکەوە و بەبێ یەك مایەی قبوولبوون نین و هێنەرەدی (عمل الصالح) نین لای پەروەردگار، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾﴾ [الكهف: ١١٠]. ئەوەی بە ئاواتی گەیشتن و ڕازیبوونی خواییە با کردەوەی چاك بکات، واتە (المتابعة)، وە شەریك بۆ خوا بڕیار نەدات، کە ئەویش (الإخلاص)ە.

سێیەم: کۆدەنگی زانایان لەسەر ئەوەیە (العلم) لەپێش (العمل)ەوەیە، هەردووکیان لە یەك کاتدا تەواوکاری یەکن، خۆ ئەگەر زانست بەبێ کردار یاخود کردار بەبێ زانست مایەی قبوولبوون بوایە خوای گەورە دای نەدەنا لە خوێندنی سوورەتی (الفاتحة)دا ڕۆژی چەندەها جار داوا بکەیت و بڵێیت ﴿غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ [الفاتحة: ٧]. خوایە وەکوو جوولەکەکانم لێ مەکە کە زانستیان هەبوو کاریان پێ نەدەکرد، وە وەکوو گاوورەکانیشم لێ مەکە کە کرداریان هەبوو بەبێ زانست، ئەمانیش لێکچوونێکی تەواویان هەیە لەگەڵ گاوورەکاندا لەم بوارەدا.

(سفيان بن عيينة) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: مَنْ فَسَدَ مِنْ عُلَمَائِنَا كَانَ فِيهِ شَبَهٌ مِنْ الْيَهُودِ وَمَنْ فَسَدَ مِنْ عِبَادِنَا كَانَ فِيهِ شَبَهٌ مِنْ النَّصَارَى[2].

(١) "مدارج السالكين" لابن القيم (١/ ٢٧٢).
(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٦/ ٥٦٧).

واتە: هەر زانایەکمان کار نەکات بە زانستەکەی هاوشێوەی جوولەکەکانە، وە هەر عیبادەتکارێکمان بەبێ زانست کار بکات هاوشێوەی گاوورەکانە.

ئەهلی تەصەوفیش (عمل) و کاریان هەیە بەبێ (علم)، وە زانا ناوداڕەکانی ئیسلامیش لە بوارەکانی (فقه وتفسیر وحدیث وأصول ...) هیچیان سۆفی نەبوون.

گومانیش لە گومڕایی بێ عیلم و زانستەکان نییە لە هەر بوارێکدا کە بیگرنە بەر، لەبەرئەوە ئەهلی (تصوف)یش بەس هەڵگر و لەخۆگری (منهج أهل السنة) نین، بەڵکوو لەخۆگری و هەڵگری هەموو ڕێڕەوی فیرەقەکان و بیدعەکارانن، وە والآیە بۆ هەموو شتێکی تر هەتا قیامەت.

وە هەڵگری ئالآی (توحید) و دژایەتیکردنی (شرك) نین، وە هەڵگری ئالآی (سنة) و دژایەتی (بدعة) نین، ئەم دوانە بۆخۆیان مافی خوا و پێغەمبەرەکەین، دوای ئەم دوانە مافی خەڵکی و مافی کەسەکە خۆی دێت ئەویش (الطاعة)یە، جا با هەر نەبێت! وە هەر لەسەر دەستی تەسەوفدا خەلافەتی ئیسلامی پێچرایەوە کە عوسمانییەکان بوون، لەبەر پڕاوپڕبوونی بیدعە و شەریك بڕیاردان تیایاندا.

چوارەم: لەم ڕێڕەوانەدا گومڕایی و کەوتنە ناو هەڵەی بەرنامەییان هەیە:

أ. گرنگیدان بە پاککردنەوەی نەفس و دژایەتیکردنی، وە پەراوێزکردنی دژایەتی (شیطان) و وەسوەسە و ڕێگە گومڕاییەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی قورئان فەرمانی بە دژایەتی (شیطان) کردووە و ئاگاداری ڕێگەکانی دەکاتەوە ئەوەندە باس و فەرمانی بە دژایەتی نەفس نەکردووە.

ئەمەش بووەتە هۆکاری بێئاگابوونیان لە جیهانی وەسوەسە و کاری جن و شەیتانەکان، وە لەو ڕێگەیەشەوە زەفەریان پێ براوە و بەکاریان دەهێنن بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن.

وەك (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: الباب الثاني عشر: في علاج مرض القلب بالشيطان: هذا الباب من أهم أبواب الكتاب وأعظمها نفعاً، والمتأخرون من أرباب السلوك لم يعتنوا به اعتناءهم بذكر النفس وعيوبها وآفاتها، فإنهم توسعوا في ذلك، وقصروا في هذا الباب. ومن تأمل القرآن والسنة وجد اعتناءهما بذكر الشيطان وكيده ومحاربته أكثر من ذكر النفس، ... وأما الشيطان فذكر في عدة مواضع، وأفردت له سورة تامة. فتحذير الرب تعالى لعباده منه جاء أكثر

من تحذيره من النفس، وهذا هو الذي لا ينبغي غيره، ... وقد أمر الله سبحانه بالاستعاذة منه عند قراءة القرآن وغير ذلك، وهذا لشدة الحاجة إلى التعوذ منه، ولم يأمر بالاستعاذة من النفس في موضع واحد[١].

واتە: بەشی دوانزە: سارێژکردنی برینەکانی دڵ بەهۆی وەسوەسە و فێڵی شەیتانەوە: ئەم بابەتە لە گرنگترین بابەتەکانی کتێبەکەیە و بەسوودترین باسە، زۆرێك لە سۆفییەکانی ئەم دواییە گرنگییان پێ نەداوە بە ئەندازەی گرنگیدانیان بە نەخۆشییەکانی نەفسی ئادەمیزاد، بەڵکوو لەم بوارەدا زۆر ڕۆچوون، ئەوەی دیقەتی قورئان و سوننەت بدات دەبینێت ئەوەندەی گرنگی دەدات بە باسی شەیتان و فێڵ و دژایەتییەکانی ئەوەندە گرنگی نەداوە بە نەفسی ئادەمیزاد، لە چەندەها شوێن لە قورئاندا باسی کردووە و سوورەتی تایبەتیشی لەسەر ناردووەتە خوارەوە، ئەمەیان حەقیقەتێکی ئاشکرایە، بۆیە خوا فەرمانی داوە بە پەناگرتن لە شەیتان لەکاتی قورئان خوێندن و چەندەها کاری تردا، لەبەر زۆر پێویستی بۆ پەناگرتن پێی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە یەك شوێندا فەرمانی نەداوە بە خۆپەنادان بە خوا لە نەفسی ئادەمیزاد.

ب. **لە بابەتەکانی قەزاوقەدەردا ئەهلی (تصوف) لە نێوان قەدەری کەونی و قەدەری شەرعی (القدر الكوني والقدر الشرعي)دا بەم شێوەیەن: ئەوان کار و تێڕوانین لەسەر (القدر الكوني) دەکەن و ئەمیش پەیوەندی بە تەوحیدی (ربوبية)ەوە هەیە، وە کاریان پەراوێزکردنی (القدر الشرعي) و یاسا شەرعییەکانە لە (أمر ونهي) فەرمانەکانی قورئان و سوننەت و قەدەغەکراوەکانی، ئەمەش بۆخۆی گومڕاییە، بەڵکوو کار و تێڕوانین دەبێت لەسەر قەدەری شەرعی بێت و بەس.**

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** فَهَؤُلَاءِ الْمُتَصَوِّفُونَ الَّذِينَ يَشْهَدُونَ الْحَقِيقَةَ الْكَوْنِيَّةَ مَعَ إعْرَاضِهِمْ عَنْ الْأَمْرِ وَالنَّهْيِ: شَرٌّ مِنْ الْقَدَرِيَّةِ الْمُعْتَزِلَةِ[٢].

وە دەڵێت: وَهَؤُلَاءِ قَدْ يَشْهَدُونَ الْقَدَرَ أَوَّلًا وَهِيَ الْحَقِيقَةُ الْكَوْنِيَّةُ وَيَظُنُّونَ أَنَّ غَايَةَ الْعَارِفِ أَنْ يَشْهَدَ الْقَدَرَ وَيَفْنَى عَنْ هَذَا الشُّهُودِ، وَذَلِكَ الْمَشْهَدُ لَا تَمْيِيزَ فِيهِ بَيْنَ الْمَأْمُورِ وَالْمَحْظُورِ وَمَحْبُوبَاتِ اللهِ وَمَكْرُوهَاتِهِ وَأَوْلِيَائِهِ وَأَعْدَائِهِ. وَقَدْ يَقُولُ أَحَدُهُمْ: الْعَارِفُ شَهِدَ أَوَّلًا الطَّاعَةَ

(١) "إغاثة اللهفان في مصايد الشيطان" لابن القيم (١/ ٩٠).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ١٠٤).

وَالْمَعْصِيَةَ ثُمَّ شَهِدَ طَاعَةً بِلَا مَعْصِيَةٍ -يُرِيدُ بِذَلِكَ طَاعَةَ الْقَدَرِ- كَقَوْلِ بَعْضِ شُيُوخِهِمْ: أَنَا كَافِرٌ بِرَبٍّ يُعْصَى، وَقِيلَ لَهُ عَنْ بَعْضِ الظَّالِمِينَ: هَذَا مَالُهُ حَرَامٌ، فَقَالَ: إنْ كَانَ عَصَى الْأَمْرَ فَقَدْ أَطَاعَ الْإِرَادَةَ. ثُمَّ يَنْتَقِلُونَ إلَى الْمَشْهَدِ الثَّالِثِ: لَا طَاعَةَ وَلَا مَعْصِيَةَ ... وَهَذَا غَايَةُ إلْحَادِ الْمُبْتَدَعَةِ جهمية الصُّوفِيَّةِ كَمَا أَنَّ الْقَرْمَطَةَ آخِرُ إلْحَادِ الشِّيعَةِ وَكِلَا الْإِلْحَادَيْنِ يَتَقَارَبَانِ. وَفِيهِمَا مِنْ الْكُفْرِ مَا لَيْسَ فِي دِينِ الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى وَمُشْرِكِي الْعَرَبِ وَاَللَّهُ أَعْلَمُ[1].

واتە: سۆفییەکان گرنگی و تێڕوانینیان خستووەتە سەر قەدەری کەونی و پشتیان کردووەتە قەدەری شەرعی کە فەرمان و ڕێگرییەکانی خوایە، ئەمان خراپترن لە قەدەری و موعتەزیلەکان، سۆفییەکان لە سەرەتادا قەدەری کەونی دەبینن و ناسینی خوا لەو بوارەدا گرنگی پێ دەدەن کە چۆن (مخلوقات)ی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، چۆن ڕزق و ڕۆزی و بەڕێوەبردن و ... ئەمانە ئەنجام دەدات، هەمووی لەژێر ویست و دەسەلاتی خوادایە و (مخلوقات) بێ دەسەلاتە، وە ڕۆچوون لەم بوارەدا بەوپەڕی پلە و ئیمانداری کەسەکەی دەبینن، لەو پلەیەشدا لێجیانەکردنەوە لە نێوان فەرمانەکانی خوادا ڕووەدات، ڕەنگە هەندێکیان بڵێن خواناسی تەواو یەکەمجار بینینی (طاعة ومعصية)یە لە شەرعی خوادا، پاشان لە ئەنجامی تێڕوانین لە قەدەری کەونیدا دەسەلاتی خوا بە ڕەها دەبینێت بەسەر دروستکراوەکانیەوە و دەگاتە ئەوەی بەس (طاعة) و گوێڕایەڵی خوا لە هەموو بووندا دەبینێت، واتە (طاعة)ی خوا لە قەدەردا، هەروەك کەسی ناوداریان دەڵێت: من بێڕوام بەو خوایەی ئەگەر فەرمان شکاو بێت. واتە ئەگەر لە قەدەری شەرعیدا فەرمانی بشکێت ئەوا لە کەونیدا فەرمانی شکاو نابێت. خۆ ئەگەر بە ستەمکارێك بڵێن ماڵەکەی حەرامە دەڵێن: ئەگەر فەرمانی لە شەرعدا شکاندبێت خۆ لە ئیرادەی کەونیدا نەیشکاندووە، پاشان دەگەنە تێڕوانینی سێیەم ئەویش ئەوەیە کە حەقیقەتی (طاعة ومعصية) هەر بوونی نییە بێجگە لە ئیرادەی ڕەهای خوا نەبێت (الإرادة المطلقة)، ئەمە کۆتا قۆناغە بەو هۆکارەوە گەیشتوونەتە (الإتحاد ووحدة الوجود) هەموو ئیرادە و بوونەکان بەس ئیرادە و بوونی خوایە، ئەمە کۆتا ئیلحادی بیدعەکارانە لە جەهمی و سۆفییەکان، هەروەك کۆتا ئیلحادی شیعەکان (قرامطة)کانە کە دەڵێن قورئان واتا و مەبەستی سەربەخۆی خۆی نییە و (علم ظاهر وباطن)ی هەیە، واتە دەشێت (أمر) ببێتە (نهي) وە

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٧/ ٥٠٤).

(وحيد)يش ببێتە (شرك)، هەردوو ئيلحادەكە نزيكن لە يەكەوە، ئەمان شەرعيان نەهێشت ئەوانيش تەوحيديان نەهێشت، لەخۆگرى بێبڕواييەكن كە گاوور و جوولەكە و موشريكەكانيش لەخۆيانيان نەگرتووە.

ج. لە پاك ڕاگرتنى دڵ و دەروون و جل و بەرگدا سۆفييەكان پاك ڕاگرتنى ناوەڕۆك و دڵ و دەروون بژاردە دەكەن بەسەر ڕووكەش و جل و بەرگدا، خواى پەروەردگاريش دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِينَ ٢٢٢﴾ [البَقَرَة : ٢٢٢]. نيەت و ناوەڕۆك پاكڕاگران و ڕووكەش پاكژكارانى خۆشدەوێت.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أَنَّ اللهَّ أَمَرَ بِطَهَارَةِ الْقَلْبِ، وَأَمَرَ بِطَهَارَةِ الْبَدَنِ، وَكِلَا الطَّهَارَتَيْنِ مِنْ الدِّينِ الَّذِي أَمَرَ اللهُّ بِهِ وَأَوْجَبَهُ، ... فَنَجِدُ كَثِيرًا مِنْ الْمُتَفَقِّهَةِ وَالْمُتَعَبِّدَةِ، إنَّمَا هِمَّتُهُ طَهَارَة الْبَدَنِ فَقَطْ، وَيَزِيدُ فِيهَا عَلَى الْمَشْرُوعِ اهْتِمَامًا وَعَمَلًا، ... وَنَجِدُ كَثِيرًا مِنْ الْمُتَصَوِّفَةِ وَالْمُتَفَقِّرَةِ، إنَّمَا هَمَّتْهُ طِهَارَةُ الْقَلْبِ فَقَطْ، ... مَعَ اشْتِمَالِ قُلُوبِهِمْ عَلَى أَنْوَاعٍ مِنْ الْحَسَدِ وَالْكِبْرِ وَالْغِلِّ لِإِخْوَانِهِمْ، وَفِي ذَلِكَ مُشَابَهَةٌ بَيِّنَةٌ لِلْيَهُودِ. وَالْآخَرُونَ ... لَا يَجْتَنِبُونَ النَّجَاسَاتِ، وَيُقِيمُونَ الطَّهَارَةَ الْوَاجِبَةَ مُضَاهَاةً لِلنَّصَارَى[1].

واتە: خواى گەورە فەرمانى داوە بە پاككردنەوەى دڵ و لاشە، هەردوو پاككردنەوەكان فەرمانى دينى خوايە، بۆيە دەبينين زۆرى سۆفييەكان خەمى سەرەكييان پاككردنەوەى دڵ و دەروونە و بەس، وە زۆرى زاناكانيش لە حوكمە شەرعييەكاندا خەمى سەرەكييان پاككردنەوەى ڕووكەش و لاشەيانە، ئەمانە گوێ نادەن بە پاككردنەوەى دڵ و نەفسيان لە (الحسد والكبر والغل) بەرامبەر براكانيان، ئەمانە هاوشێوەى جوولەكەكانن، سۆفييەكانيش گرنگى نادەن بە پاككردنەوەى لاشە و ڕووكەشيان، ئەمانيش هاوشێوەى گاوورەكانن.

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١/ ١٥، ١٦).

دووەم: بنەماکانی بیدعەکاران لە تەوحیددا

✍ **بنەمای یەکەمی بیدعەکاران: پەیوەستنەبوون بە دەقەکان و داڕشتنەکانیانەوە (عدم التزام بالنصوص وألفاظها).**

لە بەرنامەی ئەهلی سوننەتدا دەقەکان بەچاوێکی پڕ قەدر و بەها و کاملّی و لەخۆگرتنی حەق و ڕاستگۆییەوە سەیر دەکرێن و پارێزراوی تایبەتی خوایی لەسەرە، بە شێوەیەك لە ئاستی ڕەخنە و تەواوکاریدا نییە و لەخۆی ناگرێت، گرتنەبەری زیادەڕەوی و کەمڕەوی لە ئاستیدا بیدعەکارییە، خۆدانە دەستی تەواوی دەقەکان و ڕازیبوونی دلّی لەسەریان نیشانەی ئیمانی ڕاستەقینە و سەلماندنی ڕازیبوونە بە خوایەتی پەروەردگار و ڕاستگۆیی پێغەمبەرەکەی و کاملّی شەریعەتەکەی، پێکهاتەی دەقەکانیش بریتین لە یەکەیەکی تەواوکاری و پشتیوانی یەکتری و نەبوونی هیچ دژایەتی و جیاوازییەك لە نێوانیاندا، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٌ ﴿٤١﴾ لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦۖ تَنزِيلٌ مِّنۡ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾﴾ [فصلت: ٤١، ٤٢]. واتە کتێبێکی بالاّدەست و حەقە، لەخۆگری بەتاڵ نییە لەڕووی داڕشتن و واتا و پێش و پاشگرەکانیەوە، نێردراوی خوای پڕ دانا و ستاییشکراوە.

بەڵام ڕێڕەوی بیدعەکاران لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکاندا بە تەواوی و پڕاوپڕ پێچەوانەی ئەهلی سوننەتە، لەبەرئەوەی لەخۆگری هەردوو نەخۆشی (شبهات وشهوات) گومان و هەوا و ئارەزوو و حەزە عەقلّی و نەفسییەکانیانە.

هەریەکە لە فیرقەکان بۆ خۆیان بنەما و ڕێڕەوی سەربەخۆی خۆیان هەیە و لەوێوە دەڕوانە دەقەکان، ئەو بنەما و ڕێڕەوانەیان پلە یەك و پێشەنگ و نەگۆڕ و (معصوم) و حاکمن و قابیلی هەڵە نین، وە بەشی دەقەکانیش پلە دوون و پاشگرن و (محکوم)ن و بەشیان خۆگونجاندن و ڕێکخستنە، لەگەڵ سەیرکردنیان بە ڕوانگەیەکی گوماناوی و دوودڵی و نەبوونی هیچ جۆرە دڵنیاییەك تیایاندا.

چوار سەنگەریان لێداوە بەرامبەر دەقەکان: وجاء أفضل متأخريهم فنصب على حصون الوحي أربعة مجانيق. الأول: أنها أدلة لفظية لا تفيد اليقين. الثاني: أنها مجازات واستعارات لا

حقيقة لها. الثالث: أن العقل عارضها فيجب تقديمه عليها. الرابع: أنها أخبار آحاد[١]. **بەرامبەر وەحی خوایی چوار مەنجەنیقیان جێگیر کردووە:**

یەکەم: دەڵێن دەقەکان بەڵگەیەکی زاراوەیی داڕێژراون هیچ دڵنیاییەك لەخۆ ناگرن.

دووەم: دەقەکان مەجاز و واتابەخشی دووریان هەیە و هیچ حەقیقەتێك لەخۆناگرێت.

سێیەم: دەقەکان پێچەوانەی عەقڵن و دەبێت عەقڵ پێشیان بکەوێت.

چوارەم: دەقەکان هەواڵ و گێڕانەوەیەکن سەنەدیان لەخۆگری تاکەکەسی و ژمارەی کەمن لەبەرئەوە هۆکاری گومانن.

کۆتا هەڵوێستیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە دەبنە چەند بەشێکەوە، بە ئاشکرا هەر بەشێکیان دەڵێن: الأول: أهل الوهم والتخييل، الثاني: أهل التجهيل، الثالث: أهل التحريف والتأويل[٢]. **فەیلەسووفەکان دەڵێن دەقەکان هەموویان خەیاڵات و وەهمن بۆ ڕاگرتن و قەناعەتپێکردنی خەڵکی گشتی و ڕەشۆکی گیراوتەبەر، یاخود وەکوو ئەهلی عەقڵ و کەلام دەڵێن تەنانەت پێغەمبەرانیش مەبەستی دەقە شەرعییەکانیان نەزانیوە بۆیە واتایان نادیارە، یاخود وەکوو ئەشعەری و سۆفی و شیعەکان دەڵێن پێغەمبەران مەبەستیان حەق بووە، وە ئەو حەقانەش ئەمانەیە کە ئێمە دەرکی پێدەکەین و واتاکارییان بۆ دەکەین.**

هۆکاری هەموو ئەمانە: لَكِنَّ كَثِيرًا مِنْ الْمُتَكَلِّمِينَ أَوْ أَكْثَرَهُمْ لَا خِبْرَةَ لَهُمْ بِمَا دَلَّ عَلَيْهِ الْكِتَابُ وَالسُّنَّةُ وَآثَارُ الصَّحَابَةِ وَالتَّابِعِينَ لَهُمْ بِإِحْسَانِ؛ بَلْ يَنْصُرُ مَقَالَاتٍ يَظُنُّهَا دِينُ الْمُسْلِمِينَ[٣]. **ئەوەیە کە زۆری ئەهلی عەقڵ و کەلام و فیرقەکان هیچ ئاشناییان نییە بەسەر مەبەستەکانی قورئان و سوننەتدا، وە هەروەها هیچ ئاشناییەکیان نەبوو بەسەر وتە و قسەی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیاندا، بەڵکوو پشتیوانی کۆمەڵێك هەڵوێست و بیروڕایان کرد بە گومانی ئەوەی ئەم بیروڕایانە دینی ئیسلامە و کۆدەنگی موسوڵمانانی لەسەرە.**

---

(١) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٣/ ١٠٣٩).

(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ١٢).

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٧/ ٣٣٤).

هەر (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَعَدَلَ كَثِيرٌ مِنْ الْمُنْتَسِبِينَ إلَى الْإِسْلَامِ إلَى أَنْ نَبَذَ الْقُرْآنَ وَرَاءَ ظَهْرِهِ وَاتَّبَعَ مَا تَتْلُو الشَّيَاطِينُ فَلَا يُعَظِّمُ أَمْرَ الْقُرْآنِ وَنَهْيَهُ وَلَا يُوَالِي مَنْ أَمَرَ الْقُرْآنُ بِمُوَالَاتِهِ وَلَا يُعَادِي مَنْ أَمَرَ الْقُرْآنُ بِمُعَادَاتِهِ[١].

واتە: زۆرینەی فیرەقەکانی ناو بازنەی ئیسلام قورئانیان پشتگوێ خستووە و وەلایان ناوە و شوێنکەوتەی وتار و گوفتاری لادەران و شەیتانەکانی ئادەمیزاد و جنییەکانن، بە هیچ شێوەیەك فەرمان و قەدەغەکراوەکانی قورئانیان لا بەقەدر و بەرێز نییە، شوێنکەوتەی مەبەستەکانی قورئان نین و پشتیوانی داواکارییەکانی و دژی قەدەغەکراوەکانی نین.

وە دەڵێت: فَهَؤُلَاءِ جَعَلُوا الْقُرْآنَ عِضِينَ وَضَرَبُوا لَهُ الْأَمْثَالَ؛ مِثْلُ مَا فَعَلَ الْمُشْرِكُونَ قَبْلَهُمْ كَمَا فَعَلُوا بِالنَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ... فَلَهُمْ مِنْ الْإِلْحَادِ وَالِافْتِرَاءِ فِي رُسُلِ اللهِ نَظِيرُ مَا لَهُمْ مِنْ الْإِلْحَادِ وَالِافْتِرَاءِ فِي رِسَالَاتِ اللهِ فَيَقِيسُونَ الْكَلَامَ الَّذِي بَلَّغَتْهُ الرُّسُلُ عَنْ اللهِ بِكَلَامِهِمْ وَيَقِيسُونَ رُسُلَ اللهِ بِأَنْفُسِهِمْ[٢].

واتە: ئەمانە قورئانیان پەراوێز کردووە بەتەواوی، وە هاوشێوەی بۆ دادەڕێژن و وێنەکاری بۆ دەکەن بە شتی ترەوە، هەروەك موشریکەکانی پێش خۆیان چی هەڵوێستێکیان هەبوو بەرامبەر پێغەمبەر ﷺ کە دەیانوت ساحیرە و شاعیرە و قسەی هەڵبەستراوە ...، وە خاوەنی بیروڕا و ئیلحاد و درۆ دروستکردنێکن لە بەرامبەر پێغەمبەراندا، هەروەك ئیلحاد و درۆکانیان لە ئاستی بەرنامەکانی خوادا، وە فەرموودەکانی خوایان پێوانە دەکرد بە هاوشێوەی قسەکانی خۆیانەوە، وە پێغەمبەرانیشیان هاوشێوە و پێوانە دەکرد بە خودی خۆیانەوە.

لەپاش ئەو هەموو سەرکێشییەیان لە بەرپەرچدانەوەی دەقەکان و گاڵتەکردن بە بنەما شەرعییەکان و بەڵگەکارییان، هاتنە قۆناغی دووەمەوە لە داهێنانی سەرچاوە و بنەماکاری تازە بۆ بەڵگەکاری خۆیان، جا ئیتر جێگرەوەی بنەما شەرعییەکان بێت یاخود تەنگ پێهەڵچنینیان بێت، ئەو بنەما و بەڵگەکاریانەشیان بریتییە لە شوێنکەوتەی بیروڕای ناوداراکانیان لە فەیلەسووف و پێشەوا و زاناکانیان لە بەناو (علم الباطن) زانستە شاراوەکانیان یاخود کەشف و ئیلهامات و

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٤/ ٢٢٧).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٢/ ٢٤).

ڕێڕەوە عەقڵییەکانیان.

✍ **بنەمای دووەمی بیدعەکاران: بەکارهێنانی وشەی داهێنراو و کورت (استعمال الألفاظ البدعية و الألفاظ المجملة).**

لەپاش ئەوەی سەنگەریان گرتە بەر لە بەرامبەر بەڵگە شەرعییەکاندا، کەوتنە دارشتنی بەرنامەڕێژییەکی وورد لە (بدیل) و جێگرەوەی هەموو بەڵگە و سەردێڕ و بنەما و مەبەستە شەرعییەکان، ئەمە بۆخۆی سروشتی بیدعەکار و نکوولێکارە لە ئاستی وەرگرتنی دەقە شەرعییەکاندا، وەك ئیمامی (الشاطبي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أَنَّ الْمُبْتَدِعَ قَدْ نَزَّلَ نَفْسَهُ مَنْزِلَةَ الْمُضَاهِي لِلشَّارِعِ ... فَهَذَا الَّذِي ابْتَدَعَ فِي دِينِ اللَّهِ قَدْ صَيَّرَ نَفْسَهُ نَظِيرًا وَمُضَاهِيًا لِلشَّارِعِ، حَيْثُ شَرَعَ مَعَ الشَّارِعِ، وَفَتَحَ لِلِاخْتِلَافِ بَابًا، وَرَدَّ قَصْدَ الشَّارِعِ فِي الِانْفِرَادِ بِالتَّشْرِيعِ، وَكَفَى بِذَلِكَ[1].

واتە: بیدعەکار خۆی خستووەتە ئاستی شەرعی خوا و بەرامبەرکێکردن لەگەڵیدا، ئەوەی بیدعەکارە لە دینی خوادا خۆی بە ئاست و هاوشێوەی شەرع دادەنێت و حەقی بە خۆی داوە دارێژەری یاسا و (تشریع) بێت، وە دەرگای جیاوازی و دووبەرەکایەتی خستووەتە سەر پشت و بەرهەڵستی ئەوە دەکات کە نابێت شەرعی خوا تاکڕەوانە یاسادارێژ بێت.

ڕێگەی تانەدان لە قورئان دەگرنە بەر بەناوی (قطعي وظني الدلالة) دڵنیایی بوون و گومان لە بەڵگەکاندا، هەموو مەبەستەکانیشیان بە گوماناویکردنی بەڵگەکانە نەك دڵنیایی تیایاندا، وە جارێکی تریش بەناوی (المجاز وخبر الآحاد)ەوە کە ڕێگەی ڕزگاربوونە لە بەڵگەکان، وە ڕێگەی تانەدان لە پێغەمبەر ﷺ دەگرنە بەر لەژێر ناونیشانی ئەوەی کە ئیجتیهادەکانی یا دینن یاخود دونیایین بۆیە دەبێت سونەتەکان دەشێت بکرێنە (تشریع) و یاسا و دەشێت نەکرێنە یاسا و شەرع (سنة التشريع وغير التشريع)، تا گەیشتە ئەوەی خەوارجەکان بەتەواوی سونەتیان پەراوێز کرد و بەس کاریان بە قورئان دەکرد، وە ڕێگەی تانەدانیان گرتە بەر لە هاوەڵان لەژێر ناونیشانی دینیدا کە گوایە کەسایەتی و شاییستەیی ئەوەیان تیادا نەبووە هەڵگری دین و گەیاندنی بن، وە حوکمدانیش بەسەر کار و کردەوەیاندا بە بێبڕوایی یاخود دروستبوونی گومانی ئیمانی لەسەریان، وەکوو شیعەکان کە هەموویان بە هەڵگەڕاوە دەزانن بێجگە لە حەوت کەسیان نەبێت، وە

(١) "الاعتصام" للشاطبي (١/ ٦٦).

خەوارجەکان هەموو لایەنگرانی ئیمامی (علي ومعاوية) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا بە بێبڕوا دەدەنە قەڵەم، وە (معتزلة وكلام)یەکان گومان دەخەنە سەر ئیمانیان و ناونیشانی (منزلة بين منزلتين) دەبڕن بەسەریاندا کە گوایە لە نێوان کوفر و ئیماندان، وە پاشان کەوتنە لێخوێندن لە زانایانی (محدث) و فەرموودەناس و زانایانی ناودارانی ئیسلام و ناو و ناتۆرە و سووکایەتییان پێدەکردن بە هۆکاری پابەندبوونیان بە سوننەت و ڕێڕەوی هاوەڵانەوە.

تا گەیشتە ئەوەی (معتزلة)کان پایەکانی ئیمانیان کردە پێنج پایە ئەوانیش (التوحيد والعدل والوعد والوعيد والمنزلة بين منزلتين والأمر بالمعروف والنهي عن المنكر)، وە شیعەکانیش کردیان بە چوار پایەوە، وەکوو ئیمامی (الطحاوي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَالرَّافِضَةُ الْمُتَأَخِّرُونَ، جَعَلُوا الْأُصُولَ أَرْبَعَةً: التَّوْحِيدَ، وَالْعَدْلَ، وَالنُّبُوَّةَ، وَالْإِمَامَةَ[1].

لەژێر ناونیشانی (التوحيد)دا باوەڕیان بە زۆرێك لە ناو و سیفاتەکانی خوا نەدەبوو.

وە لەژێر ناونیشانی (العدل)دا باوەڕیان بە دەسەڵاتی خوا لە بەڕێوەبردن و کاری (مخلوقات) لە قەزاوقەدەردا نەما، هەموو دەسەڵات و بژاردەیان خستە توانا و کاری (مخلوقات) بە تەنیا.

وە لەژێر ناونیشانی (الوعد والوعيد) هەموو هەڕەشەکانی قورئان و سوننەتیان دابەزاندە سەر کەسی ئیماندار و تەنانەت کۆمەڵگای موسوڵمانانیشیان خستە ژێر باری هەڕەشەکانەوە بەبێ خوێندنەوەی ئەو هەموو پاساو و عوزر و هەڵە و لەبیرچوون و نەزانینە ... کە لە ئادەمیزاددا بوونی هەیە.

وە لەژێر ناونیشانی (المنزلة بين منزلتين)دا موسوڵمانانیان دەرکرد لە بازنەی ئیمان و ئیسلامدا و بڕیاریاندان بەسەریاندا کە کۆمەڵگەیەکی (الجاهلية) و نەفامییە و ئیسلام نەناسراوە لەناویاندا.

وە لەژێر ناونیشانی (الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر)یشدا هەستان بە (تكفير)کردنی دەسەڵات و خەلافەتی ئیسلامی و پاساو هێنانەوە بە دەرچوون و یاخیبوون و شۆڕشکردن و دووبەرەکایەتی و خوێنڕێژی تا هەرەسهێنانی دەسەڵات و پەرتەوازەیی جیهانی ئیسلامی و دروستبوونی خێڵەکی و (دويلات) و دەسەڵاتی جیاجیا و پەرتبوون.

(١) "شرح العقيدة الطحاوية" لابن أبي العز الحنفي (٢/ ٤٠٤).

شیعەکانیش لەژێر ناونیشانی (الإمامة)دا هەستان بە (تکفیر)کردنی خەلیفە ڕاشیدەکان و باوەڕیان نەما بە هیچ پێشەوایەتییەکی دینی و ئیمامەت و دەسەلاّتێك بێجگە لە بنەماڵەی ئیمامەتی شیعەکان نەبێت و بەردەوام بوون لە فێڵ و کودەتاکردن بەسەر موسوڵمانان و دەسەلاّتیاندا بۆ گەڕانەوەی ئیمامەتی خۆیان.

وە لەژێر ناونیشانی (تنزیه الله عن النقائص) بێگەردکردنی پەروەردگار لە هەموو سیفاتەکانی کەموکورتی و ناتەواوی و لێکنەچوویی (مخلوقات) لە سیفاتەکانی (أعراض، الجسم، المادة، الجهة، التحییز، التركیب ...) باوەڕیان بە هیچ شتێك لە (صفات وأفعال وذات) ئەو باسانە نەما بۆ خوا کە لە قورئان و سوننەتدا بڕیاریان لەسەر دراوە.

وە لەژێر ناونیشانی (دلیل التمانع، الدور والتسلسل) هیچ وەسفێکی قورئان و سوننەتیان بۆ خوا و بابەتەکانی غەیب و قیامەت لە سزای گۆڕ و بەهەشت و دۆزەخ و پێوانەی کردارەکانیان ... نەما و نکوولّییان لێ دەکرد، لەژێر ناونیشانی دادپەروەری خوا و بوونی (اختیار) و بژاردە بۆ ئادەمیزاد باوەڕیان بە قەزاوقەدەر نەما، وە لەژێر پێناسەی زمانەوانی بۆ (ئیمان) باوەڕداریان لە هەموو موسوڵمانان وەرگرتەوە، یاخود بە پێچەوانەوە بە کەمترین قسە و کار هەموو ئیمانیان بۆ خاوەنەکەی بڕیار دەدا وەکوو (مرجئة)کان.

وە لەژێر ناونیشانی (حب آل البیت)دا حوکمی (تکفیر) و هەڵگەڕانەوەی هەموو هاوەڵان و موسوڵمانانی ئەهلی سوننەتیان دەرکرد، وە لەژێر ناونیشانی (تزکیة النفس) پاککردنەوەی نیەت و دەروون، هەموو بواڕەکانی (توحید) و عیبادەت و شارەزایی دینی و شوێنکەوتەی سوننەت پەراوێز کرا و گۆڕەپانی بیدعە و شەریك بڕیاردان والاّ کرا بۆ خەڵکی و بووە جێگرەوەی دین و (ولاء وبراء)ی لەسەر بڕیار درا.

وەك (ابن تیمیة) رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت: وهذا الكلام المتشابه الذي يخدعون به جهال الناس، هو الذي يتضمن الألفاظ المتشابهة المجملة التي يعارضون بها نصوص الكتاب والسنة، وتلك الألفاظ تكون موجودة مستعملة في الكتاب والسنة وكلام الناس، لكن بمعان أخر غير المعاني التي قصدوها هم بها، فيقصدون هم بها معاني أخر، فيحصل الاشتباه والإجمال[1].

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٢٢٢).

واتە: ئەمانە هەموو قسە و سەردێڕێکن هاوشێوە و لێکچووی نێوان حەق و بەتاڵن، خەڵکی نەزانی پێ هەڵدەخەڵەتێنن، لەبەرئەوەی پێکهاتەی قسەی کورت و کۆمەڵێك ئاماژەن دژایەتی قورئان و سوننەتی پێدەکەن، ئەشێت ئەو قسانە لە قورئان و سوننەت و قسەی خەڵکدا بەکارهاتبێت، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو مەبەست و بەکارهێنان و دەستەواژەی ئەوانەوە بێت، بەم هۆکارەشەوە لێتێکچوون دروستدەبێت.

هەروەك لەم سەردەمەدا وشەی (الجهاد، الدعوة، الحكمة، التربية، السياسة، التنظيم ...) بەکاردەهێنرێت بە تێکەڵییەك، بە شێوازێك مەبەست و داڕێژراوی بیروڕای خەوارجەکان و سۆفییەکان و موعتەزیلە لەخۆدەگرێت، وە تەنانەت لە سیاسەت و گرتنەبەری دەسەڵاتیشدا کاریگەری ڕێڕەوی عیلمانییەکانیشیان لەسەرە.

هەڵوێستی ئەهلی سوننەت لەسەر ئەم وشە کورت و داهێنراوانە ئەوەیە کە نابێت دان پیادانان و نکوولێ لێکردنی بە ڕەها و (مطلق)ی بێت، واتە گرتنەبەری (نفي وإثبات) لە ئاستیدا هەڵەیە، بەڵکوو وەکوو (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَأَمَّا الْأَلْفَاظُ الْمُجْمَلَةُ فَالْكَلَامُ فِيهَا بِالنَّفْيِ وَالْإِثْبَاتِ دُونَ الِاسْتِفْصَالِ يُوقِعُ فِي الْجَهْلِ وَالضَّلَالِ، وَالْفِتَنِ وَالْخَبَالِ، وَالْقِيلِ وَالْقَالِ، وَقَدْ قِيلَ: أَكْثَرُ اخْتِلَافِ الْعُقَلَاءِ مِنْ جِهَةِ اشْتِرَاكِ الْأَسْمَاءِ[١]، لأن تلك العبارة من الألفاظ المجملة المتشابهة المشتملة علي حق وباطل، ففي إثباتها إثبات حق وباطل، وفي نفيها نفي حق وباطل، فيمنع من كلا الإطلاقين، بخلف النصوص الإلهية فإنها فرقان فرق الله بها بين الحق والباطل، ولهذا كان سلف الأمة وأئمتها ... ويجعلون العبارات المحدثة المجملة المتشابهة ممنوعاً من إطلاقها: نفياً إثباتاً، لا يطلقون اللفظ ولا ينفونه إلا بعد الاستفسار والتفصيل[٢]، قيل أصل بلاء أكثر الناس من جهة الألفاظ المجملة التي تشتمل على حق وباطل فيطلقها من يريد حقها فينكرها من يريد باطلها فيرد عليه من يريد حقها، وهذا باب إذا تأمله الذكي الفطن رأى منه عجائب وخلصه من ورطات تورط فيها أكثر الطوائف[٣].

---

(١) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٢/ ٢١٧).
(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٧٦).
(٣) "شفاء العليل" لابن القيم ص١٣٦.

ئەم وشە و سەردێڕە کورت و کوێرانە داهێنراون، قسەکردن لە بارەیانەوە بە شێوەی ڕەها بە بوون و نەبوون بەبێ ووردەکاری و جیاکاری نێوان حەق و بەتاڵ تیایاندا؛ هۆکارە بۆ کەوتنە ناو نەزانین و گومڕایی و فیتنە و سەرلێتێکچوون و وتی وتییەوە، بۆیە وتوویانە زۆری جیاوازی و دووبەرەکایەتییەکانی نێوان خەڵك و عەقلانیەکان لە ڕێگەی ئەو ناونیشانانەوەیە کە گشتگیرن.

لەبەرئەوەی ئەو وشە و ناوە کورت و داهێنراوانە لەخۆگری حەق و بەتاڵن، لە دانپیانانیدا ئیقرارە لەسەر بەتاڵەکەی وە لە ڕەتدانەوەیاندا ڕەتدانەوەی ئەو حەقەیە کە تیایدایە، بۆیە هەردوو شێوازەکە ناگیرێتە بەر، وەك وتراوە بناغەی هەموو بەڵاکانی نێوان خەڵك لەم ڕێگایەوەیە، ئەم ووردەکارییە ئەگەر پێی بزانرێت لەلایەن کەسی زیرەکەوە شتی سەرسامی بۆ دەردەکەوێت و هۆکاری ڕزگاربوونیەتی لەو گومڕایی و سەرلێتێکچوونانەی کە فیرقەکانی تێکەوتوون، بە پێچەوانەی فەرموودە شەرعییەکانەوەیە کە جیاکاری نێوان حەق و بەتاڵە، لەبەرئەوە پێشینی سالح و زانایانی ئەم ئومەتە بڕیاری بەکارنەهێنانی ئەم قسە داهێنراو و تازە و کورتانەیان داوە و ڕێگرییان کردووە لە بەکارهێنانیان، مەگەر لەدوای گرتنەبەری شیتەڵ و ووردەکاری نەبێت لەسەریان.

چارەسەریش هەر ئەم ڕێگایەیە، وەکوو خوای گەورە جَلَّوَعَلَا دەفەرموێت: ﴿فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَا ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ ٱلۡحَقِّ بِإِذۡنِهِۦۗ وَٱللَّهُ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٢١٣﴾ [البَقَرَة: ٢١٣]. خوای پەروەردگار هۆکاری ڕێنموونی و هیدایەتی ئیماندارانە بۆ ئەو جیاوازییەی کە هەیە لە نێوانیاندا لەسەر پێکاندنی حەق و ڕەواکان بە ئیزنی خۆی، وە خواش بە ویستی خۆی هیدایەت و ڕێنموونی خەڵکان دەکات بۆ ڕێگە ڕاستەکەی خۆی.

(ابن القيم) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: فمن هداه الله سبحانه إلى الأخذ بالحق حيث كان ومع من كان ولو كان مع من يبغضه ويعاديه ورد الباطل مع من كان ولو كان مع من يحبه ويواليه فهو ممن هدى لما اختلف فيه من الحق[1].

واتە: هەرکەسێك خوای گەورە ئەوەندە ڕێنموونی کردبێت تا دەگاتە ئەوەی حەق وەربگرێت ئەگەر لای هەرکەسێك بێت جا ئیتر خۆشی بوێت یاخود ڕقی لێبێت، وە ڕەتدانەوەی هەبێت لەسەر بەتاڵ گەر لای هەرکەسێك بێت جا ئیتر خۆشی بوێت یاخود ڕقی لێبێت، ئەوە ئەم

(١) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٢/ ٥١٦).

کەسە لەو کەسانەیە کە خوا بەتایبەت هیدایەتی داوە بۆ چاوڕۆشنی و جیاکاری نێوان ئەو حەق و بەتاڵەی لە نێوان خەڵکیدا هەیە.

✍ **بنەمای سێیەمی بیدعەکاران: پەیوەستنەبوون بە واتای زمانەوانی و بەکارهێنانەکانی (عدم التزام معاني اللغة ودلالاتها).**

هۆکاری سەرەکی بۆ تێگەیشتنی بەڵگەکانی قورئان و سوننەت شارەزابوونی تەواوە بەسەر زمانی ڕەسەنی عەرەبیدا، ئەو زمانەی کە قورئانی پێ داڕێژراوە و گفتوگۆی پێ کراوە لەگەڵ پێغەمبەرەکەی و هاوەڵاندا، لەبەرئەوە زمانی عەرەبی پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە ئیسلامدا، بە هۆکاری هاتنەخوارەوەی وەحی بەو زمانە و هەر بەو زمانەش (تحدی) و بەرهەڵستی عەرەبی کردووە بتوانن هاوشێوەی قورئان داڕێژن.

(الشاطبي) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت: الْمَقْصُودُ هُنَا أَنَّ الْقُرْآنَ نَزَلَ بِلِسَانِ الْعَرَبِ عَلَى الْجُمْلَةِ، فَطَلَبُ فَهْمِهِ إِنَّمَا يَكُونُ مِنْ هَذَا الطَّرِيقِ خَاصَّةً، لِأَنَّ اللهَ تَعَالَى يَقُولُ: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا﴾ [يُوسُفَ : ٢]. وَقَالَ: ﴿بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ﴾ [الشُّعَرَاءِ : ١٩٥]. وَقَالَ: ﴿لِّسَانُ ٱلَّذِى يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِىٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِىٌّ مُّبِينٌ﴾ [النَّحْلِ : ١٠٣] ... إِلَى غَيْرِ ذَلِكَ مِمَّا يَدُلُّ عَلَى أَنَّهُ عَرَبِيٌّ وَبِلِسَانِ الْعَرَبِ، لَا أَنَّهُ أَعْجَمِيٌّ وَلَا بِلِسَانِ الْعَجَمِ، فَمَنْ أَرَادَ تَفَهُّمَهُ، فَمِنْ جِهَةِ لِسَانِ الْعَرَبِ يُفْهَمُ، وَلَا سَبِيلَ إِلَى تَطَلُّبِ فَهْمِهِ مِنْ غَيْرِ هَذِهِ الْجِهَةِ[1].

واتە: مەبەست بەو ئایەتانە هاتنەخوارەوەی قورئانە بە زمانی عەرەبی بە گشتی، بۆیە داواکراوە لەو ڕێگەیەوە لێی تێبگەن، هەروەك ئەو ئایەتانە ئاماژەی بۆ دەکات کە قورئان بە زمانی ڕوونی عەرەب هاتووەتە خوارەوە و عەرەبییە، بە زمانی عەجەمی بێجگە عەرەب نەهاتووەتە خوارەوە، ئەوەی دەیەوێت لێی تێبگات دەبێت لە ڕێی زمانی عەرەبییەوە لێی تێبگات، ڕێگای تر نییە بۆ تێگەیشتنی بێجگە لەو ڕێگایەی خۆی نەبێت.

(ابن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە "إقتضاء الصراط المستقيم"دا ئاماژە بەوە دەکات کە زمانی عەرەبی شیعار و ناونیشانی دیاری ئیسلامە و ئەوەی ڕقی لێبێت و بێزراوی کات ئەوە مەبەستی بێزاندنی

(١) "الموافقات" للشاطبي (٢/ ١٠٢).

ئیسلامە، وە دەڵێت: فإن نفس اللغة العربية من الدين، ومعرفتها فرض واجب، فإن فهم الكتاب والسنة فرض، ولا يفهم إلا بفهم اللغة العربية، وما لا يتم الواجب إلا به فهو واجب[١]. واتە فێربوونی خودی زمانی عەرەبی پێویستییەکی دینییە، بۆیە ئاشنابوون بەسەریدا واجبێکی دینییە تاوەکوو لە قورئان و سوننەت تێبگەین، وە هیچ رێگایەکیش نییە بێجگە لەو رێگایە نەبێت، لەبەرئەوە (هەر واجبێك نەیەتە دی بە هۆکارێکەوە نەبێت؛ ئەوا ئەو هۆکارەش گرتنەبەری واجبە).

یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی فیرقەکان و بیدعەکاران نائاشناییان بووە بەسەر زمانی رەسەنی عەرەبیدا، ئەمەش بە هۆکاری هاتنەناوەوەی عەجەمییەکان بووە بۆ ناو ئیسلام و کەمبوونی زانستی دینی لەناویاندا.

هەروەك (عمر بن الخطاب) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: إِنَّمَا هَلَكَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ حِينَ حَدَّثَ فِيهِمُ الْمُوَلَّدُونَ أَبْنَاءُ سَبَايَا الْأُمَمِ، فَوَضَعُوا الرَّأْيَ فَضَلُّوا[٢].

واتە: جوولەکەکان کاتێك گومڕابوون و دووبەرەکاییەتییان تێکەوت کە کەسان و نەوەی تازەی گەلانیان تیادا دروستبوو.

شادەماری رێگەی فیرقە بیدعەکارەکان گوێنەدانە بە شێواز و دارشتن و مەبەستەکانی زمانی عەرەبی و وشەکانی، بەڵکوو خۆیان واتا و مەبەستی تایبەتیان بۆ دادەڕشت، خۆ ئەگەر کەسێك شارەزا و خاوەنی زمانی عەرەبی رەسەن بوایە ئەوا بە ئاشکرا بۆی دەردەکەوت کە ئەمانە یا عەجەمن یاخود نیەت و مەبەستێکی تایبەتییان هەیە لەپشت ئەم کارانەیانەوە.

ئێستاش ئەو هەموو بزووتنەوە ئیسلامییانەی کە بە ناوەکانی دینەوە دروستبوون زۆریان لەناو عەجەمییەکانە و بە بنەما و تێگەیشتنە تایبەتەکانی خۆیانەوە پێناسەی دینی بۆ ناونیشانە دینییەکان دەکەن لە وشەکانی (جهاد ودعوة وجماعة ...) و هەتا دوایی.

هەروەك (حسن البصري) رَحِمَهُ اللَّهُ پێیان دەڵێت: أَهْلَكَتْكُمُ الْعُجْمَةُ تَتَأَوَّلُونَ الْقُرْآنَ عَلَى

---

(١) "اقتضاء الصراط المستقيم" لابن تيمية (١/ ٥٢٧).

(٢) "دراسات في أهل الأهواء والفرق والبدع" لناصر العقل ص٣٣٣، و "سنن الدارمي" (١/ ٩٦) عَنْ عُرْوَةَ بْنِ الزُّبَيْرِ.

غَيْرِ تَأْوِيلِهِ[١].

واتە: نەشارەزاییتان بەسەر زمانی عەرەبیدا هۆکاری تیاچوونتانە، قورئان تەفسیر دەکەن بەبێ شێوازی تەواوی خۆی.

خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە دەبێت زمان و داڕشتنە عەرەبییەکان (اللغة العربية ودلالاتها) شوێنکەوتەی بەکارهێنانە شەرعییەکان بن لە (تخصيص وتقييد) تایبەت و دیاریکردنەکان و ڕوونکردنەوەکاندا، نەك بگەڕێنەوە بۆ بەکارهێنانی عەرەب لە زمانەوانییاندا، ئەوە بۆخۆی ترازاندنی مەبەستە شەرعییەکانە و دین خستنە ژێر باری زمانی خەڵکەوەیە، دین زانایە وە خەڵك نەزانە تەنانەت لە زمان و بەکارهێنانەکانی خۆشیاندا، بەڵام ئەوەش بزانین کە ڕێژەی تێگەیشتن و ئاشنابوون لە دین هەرە زۆرییەکەی بە ڕێگەی زمانی عەرەبییە، بەڵام (اللغة والإصطلاح) زمان و بەکارهێنانی شەرعی دوو شتی سەربەخۆن.

هەروەك لە زمانەوانیدا (الصلاة والصيام والزكاة ...) واتە نزا و ڕێگری و پاککردنەوە، کەچی لە پێناسەی شەرعیدا مەبەست لێیان هەریەکەی عیبادەتێکی تایبەت و سەربەخۆیە.

بەڵام خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کە مەبەستە شەرعییەکان و جۆری داڕشتنیان لەپێش زمانەوانییەوەیە.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت: فَالنَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدْ بَيَّنَ الْمُرَادَ بِهَذِهِ الْأَلْفَاظِ بَيَانًا لَا يَحْتَاجُ مَعَهُ إِلَى الِاسْتِدْلَالِ عَلَى ذَلِكَ بِالِاشْتِقَاقِ وَشَوَاهِدِ اسْتِعْمَالِ الْعَرَبِ وَنَحْوِ ذَلِكَ؛ فَلِهَذَا يَجِبُ الرُّجُوعُ فِي مُسَمَّيَاتِ هَذِهِ الْأَسْمَاءِ إِلَى بَيَانِ اللهِ وَرَسُولِهِ فَإِنَّهُ شَافٍ كَافٍ[٢].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوونی کردووەتەوە کە مەبەست بەو وشە و داڕشتنانە چییە، بە شێوەیەك کە پێویستی بە بەڵگەکاری بەکارهێنانی عەرەب و هاوشێوە زمانەوانی عەرەبی نییە، بۆیە پێویستە بۆ تێگەیشتنیان بگەڕێینەوە بۆ ڕوونکارییەکانی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ کە بۆخۆیان بێپێویست و شیفادەرن.

زۆری گومـڕایی فیرقەکان هـۆکاری ئەوە بوو کە بەکارهێنانە شەرعییەکانیان دەگێڕایەوە بۆ

---

(١) "الاعتصام" للشاطبي (١/ ٢٣٩)، و "موسوعة الفرق المنتسبة للإسلام" (١/ ٥٧).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٧/ ٢٨٧).

سەر بەکارهێنانی زمانەوانی عەرەبی بەتەنها، بەبێ ڕەچاوکردنی مەبەستە شەرعییەکان، هەروەك جەهمییەکان و مورجیئەکان وشەی (الإيمان)یان بەس بە زمانەوانی پێناسە دەکرد کە بە واتای (التصديق) بەڕاست زانین دێت، بەبێ ڕەچاوکردنی واتا و مەبەستە شەرعییەکەی کە بریتییە لە دڵنیایی و دان پێدانان و کارکردن.

بەڵکوو لەوە زیاتریش فیرقەکان نەزان و سەرکەش بوون لە بەرامبەر قورئان و سوننەتدا، ئەویش زۆرجار بۆ سەرخستنی بیدعەکارییەکانیان، هەر هیچ خوێندنەوەیەکیان تەنانەت بۆ زمان و بەکارهێنانە عەرەبییە ڕەسەنەکان نەکردووە، بەڵکوو خۆیان واتاکارییان بۆ تاشیوە و ڕازاندووویانەتەوە بەبێ هیچ سەرچاوەیەکی زمانەوانی عەرەبی، لەلایەکی تریشەوە قورئان و سوننەت بە زمانەوانی عەرەبی دەپێون بەبێ گەڕانەوەیان بۆ مەبەستە شەرعییەکان، تەنانەت بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێگە سروشتییە زمانەوانییەکە، لەبەرئەوەی پشتیوانییان نییە و نابێت، هەموو ئەم بازبازێن و تێکەڵکاریانەیان هەیە.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: عامة ألفاظهم الإصطلاحية لا يريدون بها ما هو المعروف في اللغة من معناها، بل معاني اختصوهم بالكلام فيها نفياً واثباتاً، ولهذا قال الإمام أحمد فيهم: يتكلمون بالمتشابه من الكلام، ويلبسون على جهال الناس بما يشبهون عليهم[1].

واتە: زۆری وشە و بەکارهێنانەکانیان مەبەستیان پێی بەکارهێنانی خودی زمانە عەرەبییەکە و واتاکارییەکەی نییە، بەڵکوو مەبەست و واتای بەکارهێنانی دیاریکراوی خۆیانیان بۆی هەیە بۆ بنەماپێکردنی یا پێنەکردنی، هەروەك (ئيمام أحمد) رَحِمَهُ اللَّهُ پێیان دەڵێت: قسەکانیان بە هاوشێوەی قسەی زمانی عەرەبی خەڵکی دادەڕێژن بۆ سەرلێشێواندنی خەڵکی نەزان و فریودانیان.

وە دەڵێت: فَإِنَّ عَامَّةَ ضَلَالِ أَهْلِ الْبِدَعِ كَانَ بِهَذَا السَّبَبِ؛ فَإِنَّهُمْ صَارُوا يَحْمِلُونَ كَلَامَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ عَلَى مَا يَدَّعُونَ أَنَّهُ دَالٌّ عَلَيْهِ وَلَا يَكُونُ الْأَمْرُ كَذَلِكَ[2].

واتە: زۆری گومڕایی بیدعەکاران بەم هۆکارەوەیە، مەبەستەکانی خوا و پێغەمبەر دەبەنەوە سەر مەبەستەکانی خۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا بەو شێوەیە نییە.

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٢٢٢).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٧/ ١١٦).

چەند نموونەیەك لە نەزانین و بێئاگاییان لەسەر ڕەسەنی زمانی عەرەبی و مەبەستە شەرعییەکان کە سەلێنەری بیدعە و گومڕاییەکانیانە:

١. بۆ پێناسەی ئیمان فیرقەکان دەڵێن لەگەڵ تاوان کردن ئیمان نامێنێت هەروەکوو چۆن ئیمان بوونی نییە لە کاتی بێبڕواییدا (لایبقى الإيمان مع الذنب كما لايبقى الإيمان مع الكفر)، لەبەرئەوەی لەکاتی نەبوونی ئیماندا بێبڕوایە، هەروەك چۆن لەکاتی بوونی (طاعة) و عیبادەتدا ئیمانداریە.

ئەهلی سوننەتیش دەڵێن: لە بوونی تاواندا ئیمان وەکوو بنەمایەك دەمێنێت، بەڵام حەقیقەت و تەواوکاری کاملّییەکەی ناتەواو و لەکەدار دەبێت، هەروەك (أبو عبيد القاسم بن سلام) لە کتێبی "الإيمان"دا دەڵێت: أَلَا تَرَى أَنَّهُمْ يَقُولُونَ لِلصَّانِعِ إِذَا كَانَ لَيْسَ بمحكمٍ لِعَمَلِهِ: مَا صنعتَ شَيْئًا وَلَا عَمِلْتَ عَمَلًا، وَإِنَّمَا وَقَعَ مَعْنَاهُمْ هَاهُنَا عَلَى نَفْيِ التَّجْوِيدِ، لَا عَلَى الصَّنْعَةِ نَفْسِهَا، فَهُوَ عِنْدَهُمْ عَامِلٌ بِالِاسْمِ، وَغَيْرُ عَامِلٍ فِي الْإِتْقَانِ[١]. واتە نابینیت ئەگەر یەکێك لە کارەکەیدا کارامە نەبێت پێی دەڵێن هیچت دروست نەکردووە و هیچ کارێکت ئەنجام نەداوە، مەبەستیشیان لێرەدا نەبوونی کارامەیی و تەواوی ئەنجامدانی کارەکەیە، نەك نەبوونی حەقیقەتی کارەکە، وەکوو بوونی ناوەکەی ناوی دەمێنێت بەڵام وەك حەقیقەتان بوونی نییە.

ئیمانیش هەر بەو شێوەیەیە هەر تاوانێك بکرێت لە کەموکورتی بوونی ئیماندایە نەك نەبوونی، واتە (نفي الكمال لا نفي الصحة) نەبوونی کاملّییەکەیەتی نەك نەبوونی حەقیقەتی، وەك فەرموودەکە دەفەرموێت: «لَا يَسْرِقُ السَّارِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ»[٢]. واتە ئەوەی دزی دەکات لەکاتی دزیکردنەکەیدا ئیمانداری حەقیقی نییە، دەشێت (مؤمن)یەتەکەی نەمێنێت و ببێتە (مسلم)، وە دەفەرموێت: «سِبَابُ الْمُسْلِمِ فُسُوقٌ، وَقِتَالُهُ كُفْرٌ»[٣]. قسەی ناشرین بە موسوڵمانان

---

(١) "الإيمان" لأبو عبيد القاسم بن سلام البغدادي ص٨٠.

(٢) رواه البخاري (٥٥٧٨)، ومسلم (٥٧)، والترمذي (٢٦٢٥)، والنسائي في "الكبرى" (٥١٤٩)، وابن ماجه (٣٩٣٦)، وأحمد في "المسند" (٢٥٠٨٨)، والدارمي في "سننه" (٢١٥٢)، والبزار في "المسند" (٧٨١٥).

(٣) رواه البخاري (٤٨)، ومسلم (٦٤)، والترمذي (١٩٨٣)، والنسائي في "الكبرى" (٣٥٥٤)، وابن ماجه (٦٩)، وأحمد في "المسند" (٣٦٤٧)، والبزار في "المسند" (١٦٦٠)، والطيالسي في "مسنده" (٢٥٦).

تاوانباريیە، وە شەرِكردن لەگەلّيدا بيّرِوايیە، لەگەلّ ئەوەشدا خۆ كافر نەبوون، هەروەك چۆن خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُواْ﴾ [الحجرات: ٩]. واتە ئەگەر دوو كۆمەلّی ئيماندار شەرِيان كرد لەگەلّ يەكتر. واتە لەكاتی شەرِكردنەكەشدا هەر ئيماندارن. وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «بَشِّرْ أُمَّتَكَ أَنَّهُ مَنْ مَاتَ لَا يُشْرِكُ بِاللهِ شَيْئًا دَخَلَ الجَنَّةَ، قُلْتُ: يَا جِبْرِيلُ، وَإِنْ سَرَقَ، وَإِنْ زَنَى؟ قَالَ: نَعَمْ»[1]. واتە موژدە بدە بە گەلەكەت ئەوەی شەريك بريار نەدات ئەگەر دزی و زيناش بكات دەچێتە بەهەشتەوە، لەگەلّ ئەو تاوانانەشدا هەر ئيماندارە و دەچێتە بەهەشتەوە.

٢. هەروەك موعتەزيلەكان كە باوەرِيان بە بينينی حەقيقی خوا نييە، وە دەربارەی ئەو ئايەتەش: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ۝٢٢ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ۝٢٣﴾ [القيامة: ٢٢، ٢٣]. واتە رِووەكان دەگەشێنەوە كاتێك خوا دەبينن، باسی گەشانەوەی دەم و چاوی كردووە لەكاتی بينينيدا كە ئەمە بۆخۆی كاريگەری بينينەكەيە لە بينينی حەقيقيدا، بەلاّم ئەوان دەلێن: ﴿إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾ واتە چاوەرِێكردنە نەك بينين، (ابن قتيبة الدينوري) رَحِمَهُ اللهُ دەلێت: وما ننكر أن نظرت قد يكون بمعنى انتظرت ... غير أنه يقال أنا لك ناظر أي: أنا لك منتظر. ولا يقال أنا إليك ناظر ... إلا أن يريد نظر العين[2]. نكوولّی لەوە ناكەين كە دەشێت وشەی (نظرات) واتای چاوەرِێكردن بێت، بەلاّم دەلێين دارِشتنی (أنا لك ناظر) من بۆ تۆ چاوەرِێم: بۆ چاوەرِێكردنە، بەلاّم (أنا إليك ناظر) واتە من دەرِوانمە تۆ، بۆ بينينە بە چاو، نەك چاوەرِێبوون، كەواتە بە (لك) وە (إليك) واتاكە دەگۆرِێت، ئەوان هەردووكيانيان كردبوو بە يەك، ئەمە نەزانی و بێئاگاييە لە زمانی عەرەبی و ووردەكارييەكانی لای فيرەقەكان.

٣. (معتزلة)كان وشەی (جَعَلَ) لە قورئاندا بەس بە واتای دروستكردن (الخلق) لێك دەدەنەوە و بەو رِێگايەوە دەلێن: ﴿إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا﴾ [الزخرف: ٣]. واتە قورئانمان

---

(١) رواه البخاري (٦٤٤٣)، ومسلم (٩٤)، والنسائي في "الكبرى" (١٠٨٩٥٦)، والبزار في "المسند" (٣٩٨١)، والبيهقي في "السنن الكبرى" (٢٠٧٧١).

(٢) "الاختلاف في اللفظ والرد على الجهمية والمشبهة" لأبو محمد عبد الله بن مسلم بن قتيبة الدينوري ص٤٤، ٤٥.

دروستکردووە بە زمانی عەرەبی، کەواتە قورئان یەکێکە لە دروستکراوەکانی خوا (مخلوق)، بەڵام ئیمام (أحمد) رَحِمَهُ اللَّهُ لە کتێبی "الرد على الجهمية"[1] ڕەتیان دەداتەوە و دەڵێت: وشەی (جعل) لە یەك ڕووەوە بە واتای دروستکردن دێت ئەویش کاتێك کە باس لە دروستکردن بکات، وەك: ﴿وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ﴾ [النحل : ٧٨]، ﴿وَجَعَلۡنَا ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيۡنِ﴾ [الإسراء : ١٢]، ﴿وَجَعَلَ ٱلشَّمۡسَ سِرَاجٗا﴾ [نوح : ١٦]. هەموو ئەم وشەی (جعل)انە بە واتای دروستکردن (الخلق) دێت، بەڵام لە شوێنی تردا بە واتای (التسمية، الفعل، ...) ناوبراو و کردار دێت، وەك: ﴿ٱلَّذِينَ جَعَلُواْ ٱلۡقُرۡءَانَ عِضِينَ ٩١﴾ [الحجر : ٩١]. واتە ئەوانەی قورئان ناودەبەن بە شیعر و داستان، ﴿وَجَعَلُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمۡ عِبَٰدُ ٱلرَّحۡمَٰنِ إِنَٰثًا﴾ [الزخرف : ١٩]. واتە ئەوانەی فریشتەکانی خوا ناودەبەن بە کچانی خوا، وە بە واتای (فعل) کارێك لە کارەکان ناودەبرێت، وەك: ﴿يَجۡعَلُونَ أَصَٰبِعَهُمۡ فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ﴾ [البقرة : ١٩]. ئەوانەی پەنجەکانیان دەخەنە گوێیانەوە، وە بە واتای کردنی کارێکی داهاتوو دێت، وەك: ﴿رَبِّ ٱجۡعَلۡ هَٰذَا ٱلۡبَلَدَ ءَامِنٗا﴾ [إبراهيم : ٣٥]. واتە خوایە ئەم کەعبەیە پارێزراو بکەیت، ﴿رَبِّ ٱجۡعَلۡنِي مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ﴾ [إبراهيم : ٤٠]. واتە خوایە لە نوێژکردنی تەواودا بەکارم بێنیت.

کەواتە (جعل) بە واتای دروستکردن (خلق) نایەت بۆ قورئان ﴿إِنَّا جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا﴾، تاوەکوو موعتەزیلەکان بڵێن قورئان دروستکراوە و یەکێکە لە (مخلوقات)ی خوا.

هەروەك ئەمڕۆ وشەی (البدعة) بەکاردەهێنن بۆ کارێکی چاك (البدعة الحسنة)، لەگەڵ ئەوەشدا وشەی (بدعة) بەرامبەر (سنة)یە، واتە بیدعە هیچ بنەمایەکی دینی نییە، بەڵام سوننەت واتە بنەمادارەکانی دین، کەچی بیدعەکاران دەڵێن داهێناوی چاك (بدعة الحسنة)، ئەگەر داهێنراو بێت لەلایەن کەسێکەوە چۆن چاك دەبێت کە (مُحَمَّد) ﷺ نەیکردبێت؟! یاخود سوێندخواردن بە بێجگە لە خوا، دەڵێن دروستە، لەبەرئەوەی ئێمە بۆ (تعظيم) و قەدر و بەها سوێندی پێ ناخۆین.

وەك سۆفییەکان دەڵێن ئێمە کاتێك داوا لە بێجگە لە خوا دەکەین لە ناوداره مردووەکان؛ نالێین و مەبەستمان ئەوە نییە کە خوا بێت، بەڵکوو وەکوو (سبب) و هۆکارێك سەیریان دەکەین،

(١) "الرد على الجهمية" للإمام أحمد ص١٠٦.

هەروەك چۆن (ملك الموت) و (ملائكة)ی لێپرسراوی باران و (جبريل) كە لێپرسراوی وەحييە هۆكارن بۆ ئەو كارانە، ئێمەش وەكوو ئەو هۆكارانە بەكاری دەهێنین، لەبەرئەوە شەريك بڕياردان نييە بۆ خوا.

بەڵام خۆی لە خۆيدا ئەو كارانە وەكوو سوێندخواردن نيەت و مەبەست تيانيادا خوێندراوە نييە، بەڵكوو كردنی كارەكان خۆيان پەيوەستن بە مەبەستەكانيانەوە، ئەو كارانە شەريك بڕياردانە هەروەك موشريكەكان دەيانوت: ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ [الزمر: ٣]. واتە ئەم بتانە ناپەرستين و نالێين خوان، بەڵكوو هۆكارێكمانن بۆ نزيكبوونەوە لە خوا لەگەڵ ئەوەشدا پەرستنە.

وە پاشان مەرج نييە لە هەموو شتێكدا نيەت بەدەست تۆ بێت، بەڵكوو كەسێك كە سوێندت دەدات ئەوا دەبێت لەسەر نيەتی ئەو سوێند بخۆيت نەك خۆت.

پاشان (ملك الموت وجبريل وميكائيل) ئەمانە خوا دای ناون و كاری پێ سپاردوون، ئێوە بۆتان نييە كەس دياری بكەن لە نێوان خۆتان و خوادا، لەبەرئەوەی (مخلوق)ن و (خالق) نين، پاشان كێ دەڵێت خوا ڕازييە بەو كەسانە؟ خوای پەروەردگاريش دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنۡ أَذِنَ لَهُۥ﴾ [سبأ: ٢٣]. هيچ كەس بۆی نييە تكاكاری بكات لای خوا بەبێ ئيزنی ئەو.

وە پاشان ئەم (الملائكة)انە دانراوی خوان بۆ (القدر الكوني) و بەڕێوەبردنی كەون و بوونەوەرەكان، تۆ بۆت نييە بەڵگەكاری بكەيت بە (القدر الكوني)يەوە، ئەوە كاری خوايە و شوێنی كاركردنی تۆ نييە.

بەڵكوو تۆ دەبێت لە (القدر الشرعي)دا كار بكەيت كە قورئان و سوننەتە، وە لە قورئان و سوننەتيشدا ئەو كارانەی تۆ هەمووی شەريك و هاوبەش بڕياردانە لە (توحيد الألوهية)دا، هيچيان تەوحيد و خواپەرستی نييە، بەڵكوو (شريك) و هاوبەش بڕياردانانە.

وە هەروەها كۆمەڵێك وشەی بريق و باق و ڕازاوە بۆ لێدانی هەڵگرانی حەق بەكاردەهێنن وەكوو (فقه الواقع، حكمة، لب الإسلام، قشور، شرك القصور ...) كە بيدعەكارانی ئەمڕۆ بەكاری دەهێنن دژ بە هەڵگرانی تەوحيد و بەرنامەی پێشينی سالّحان كە هەمووی ستەمكاری و گومڕاييە، مەبەستی خۆشيان لەو شتانە هەوا و ئارەزوو و حەزەكانی خۆيانە.

بنەمای چوارەمی بیدعەکاران: واتاگۆڕین و لادان و لەکارخستن (التحريف والتأويل والتعطيل).

بیدعەکاران کاریان سەنگەرگرتنە لە دەقە شەرعییەکان، لەبەرئەوەی ڕێگرن لە هێنانەدی مەبەستەکانیان، هەروەك (بشر المريسي) و جگە لەویش لە سەرەکانی بیدعەکاران دەڵێن: ليس شيء أنقض لقولنا من القرآن، فأقروا به في الظاهر، ثم صرفوه بالتأويل، ويقال أنه قال: إذا احتجوا عليكم بالحديث فغالطوهم بالتكذيب، وإذا احتجوا بالآيات فغالطوهم بالتأويل[1]. **واتە شتێك نییە لە قورئان زیاتر پێچەوانە و هەڵوەشێنەرەوەی قسەکانمان بێت، لەبەرئەوە بە ڕووکەش بیخوێننەوە و پاشان خۆتانی لێ لادەن بە واتاگۆڕینی، وە هەر ئەو (مريسي)یە وتوویەتی: ئەگەر بەڵگەی فەرموودەیان بۆ هێنانەوە بە ڕێگەی بەدرۆخستنەوە بەڕەڕچیان بدەنەوە، وە ئەگەر قورئانیان بە بەڵگە هێنایەوە ئەوە بە واتاگۆڕین بەرهەڵستکاری بن.**

ئەمە هەڵوێست و قسە و کرداری سەرجەم فیرقە گومڕاکانی پێش و ئێستا و داهاتووە، لەبەرئەوە ئەوان دوژمنایەتییان لەگەڵ خوا و پێغەمبەرەکەی هەیە و خەندەقیان لێداوە بەرامبەریان.

ئەو ڕێگایانە هەمووی ڕێگای کارکردنیانە، یا بە (تحريف) واتاگۆڕین، گەر نا بە (تأويل) تەفسیر و شیکار بۆدروستکردنی، وە گەر نا بە (تعطيل) و لەکارخستنی واتاکەی بە ڕێگایەك لە ڕێگاکان، وە (تحريف)یش ڕێگایەکی کۆنی جوولەکەکانە بەرامبەر دەقەکان، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ﴾ [النِّسَآء : ٤٦]، **وە دەفەرموێت:** ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوۡمٍ ءَاخَرِينَ لَمۡ يَأۡتُوكَۖ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ مِنۢ بَعۡدِ مَوَاضِعِهِۦ﴾ [المَائِدَة : ٤١]. **جوولەکەکان فەرموودەکانی خوایان (التبديل والتغيير) دەگۆڕی لە شوێنی خۆی، پاشان:** ﴿ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعۡدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ٧٥﴾ [البَقَرَة : ٧٥]. **لەپاش تێگەیشتنیان، خۆشیان دەیانزانی کە ئەو واتاکارییەیان مەبەست نییە تیایاندا، بەڵام دەیانگۆڕین.**

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ٢١٨).

گۆڕين و گۆڕانكارى (التحريف) له واتاى دەقەكاندا سێ شێوەن، هەندێكيان شاراوەترە لەوياتريان[١]:

١. تحريف اللفظ: گۆڕانكارى لە وشەدا.

٢. تحريف المعنى: گۆڕانكارى لە واتادا.

٣. تحريف اللفظ والمعنى: گۆڕانكارى لە وشە و واتادا.

كارى ئەم گۆڕانكارييانە هەموويان كۆدەبنەوە بۆ لەكارخستنى مەبەستى دەقە شەرعييەكان و سەرخستنى حەز و ئارەزوو و بيدعەكارييەكانيان بەسەر دەقەكاندا.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** التَّأْوِيلُ الْمَذْمُومُ وَالْبَاطِلُ: فَهُوَ تَأْوِيلُ أَهْلِ التَّحْرِيفِ وَالْبِدَعِ الَّذِينَ يَتَأَوَّلُونَهُ عَلَى غَيْرِ تَأْوِيلِهِ وَيَدَّعُونَ صَرْفَ اللَّفْظِ عَنْ مَدْلُولِهِ إلَى غَيْرِ مَدْلُولِهِ بِغَيْرِ دَلِيلٍ يُوجِبُ ذَلِكَ[٢].

واتە: واتاگۆڕينى بەتاڵ و خراپ ئەو گۆڕانكارييەيە كە بيدعەكاران دەيگرنە بەر بۆ واتا و مەبەستێك كە دەقەكان مەبەستيان نييە، وە لادانى وشەكان و دارشتنەكان بۆ بێجگە لە مەبەست و دارشتنە دياريكراوەكانى خۆيان.

هەروەك ئيمام (أحمد) رَحِمَهُ اللَّهُ **وتوويەتى:** أَكْثَرُ مَا يُخْطِئُ النَّاسُ مِنْ جِهَةِ التَّأْوِيلِ وَالْقِيَاسِ[٣].

واتە: زۆرى هەڵەى خەڵكى لە رێگەى (تأويل) واتاگۆڕين و (قياس) و پێوانەى هەڵەوەيە لەسەر دەقە شەرعييەكان.

(ابن القيم)يش رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** فَأَصْلُ خَرَابِ الدِّينِ وَالدُّنْيَا إنَّمَا هُوَ مِنْ التَّأْوِيلِ الَّذِي لَمْ يُرِدْهُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ بِكَلَامِهِ وَلَا دَلَّ عَلَيْهِ أَنَّهُ مُرَادُهُ، وَهَلْ اخْتَلَفَتْ الْأُمَمُ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ إلَّا بِالتَّأْوِيلِ؟ وَهَلْ وَقَعَتْ فِي الْأُمَّةِ فِتْنَةٌ كَبِيرَةٌ أَوْ صَغِيرَةٌ إلَّا بِالتَّأْوِيلِ؟ فَمِنْ بَابِهِ دَخَلَ إلَيْهَا، وَهَلْ

(١) "منهج التلقي والإستدلال" لأحمد الصويان ص٧٩.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٦٧).

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٦٣).

أُرِيقَتْ دِمَاءُ الْمُسْلِمِينَ فِي الْفِتَنِ إِلَّا بِالتَّأْوِيلِ؟ الْأَدْيَانُ السَّابِقَةُ إِنَّمَا فَسَدَتْ بِالتَّأْوِيلِ، وَلَيْسَ هَذَا مُخْتَصًّا بِدِينِ الْإِسْلَامِ فَقَطْ، بَلْ سَائِرُ أَدْيَانِ الرُّسُلِ لَمْ تَزَلْ عَلَى الِاسْتِقَامَةِ وَالسَّدَادِ حَتَّى دَخَلَهَا التَّأْوِيلُ، فَدَخَلَ عَلَيْهَا مِنْ الْفَسَادِ مَا لَا يَعْلَمُهُ إِلَّا رَبُّ الْعِبَادِ[1].

واتە: واتاگۆڕین و لەکارخستنی مەبەستی دەقە شەرعییەکان هۆکار و بنەمای تێکدانی دین و دونیای خەڵکییە، بەتایبەت ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دەقەکانی خوا و پێغەمبەرەکەیدا دەکرێت کە ئەوان مەبەستیان نییە، وە هەر لە کۆنەوە گەلان بە هۆکاری (تأویل) و گۆڕانکاری و ترازاندنی مەبەستەکان لە پێغەمبەران هەڵدەگەڕانەوە، ئەو هەموو دووبەرەکی و فیتنەگێڕییە هەر لە بچووکەوە تا گەورە لەم ئومەتەدا ڕوویدا بە هۆکاری واتا و مەبەست گۆڕینی دەقەکانەوە بووە، هەرچی خوێنڕێژی ڕوویدابێت لە نێوان موسوڵمانانداا بە هۆکاری دەسکاری و واتاگۆڕینەوە بووە، خۆ ئەمە تایبەت نییە بە ئیسلامەوە و بەس، بەڵکوو هەموو دینەکانی تریش سەلامەت و پارێزراو بوون هەتا دەرگای گۆڕانکاری (تأویل وتحریف) یان لەسەر کرایەوە، ئەوکات تێکدان و خراپییەك ڕووی تێکردن مەگەر هەر خوا بزانێت.

کام لە فیرەقەکان کە دروستبوون بنەمایان لەسەر (تأویل وتحریف) دروست نەبووبێت؟! هەر لە خەوارج و موعتەزیلە و شیعە و قەدەری و مورجیئە و سۆفی و ئەشعەرییەکان ... تا دەگاتە ئەمڕۆ.

هەریەکەیان لە بەش و لایەکەوە بەرەنگاری دەقەکان بوونەتەوە هەر لە (تکفیر)کردنی هاوەڵان و باوەڕنەبوون بە سیفاتەکانی خوا و قەزا و قەدەر و ئیمان و کوفر و بابەتە غەیبییەکان و هەتا دوایی.

هەر لەم سەردەمەشدا چ گرووپ و حیزب و کۆمەڵێك هەیە کە دروست بووبێتن لەسەر گۆڕانکاری و واتاگۆڕینی دەقەکان نەبووبێت؟! بۆ چاوبەسکردنی خەڵکی ڕەشۆکی گشتی، هەر لە شەرعییەتدان بە دووبەرەکایەتی و پەرتکردنی ڕیزی موسوڵمانان بەناوی (الجماعة والدعوة)وە، وە بە (تکفیر)کردنی جیهانی ئیسلامی و کۆمەڵگەی موسوڵمانان بەناوی (جهاد)ەوە، بە پشتیوانی دەوڵەتی ڕافیزە و بێبڕوایانەوە تا گەیشتە ئەو ئاستەی جیهانی ئیسلامییان ناو برد بە (دار الکفر

(١) "إعلام الموقعين" لابن القيم (١/ ٧٠).

ودار الحرب)، بەڵام وڵاتی بێبڕوایان پەناگە و دالّدەی سەرانی ئەوانن و هەر لەوێشەوە حوکمی کوفر دەدەن بەسەر موسوڵمانانداا: «يَقْتُلُونَ أَهْلَ الإِسْلَامِ وَيَدَعُونَ أَهْلَ الأَوْثَانِ»[١]. کاری خەوارجەکان بریتییە لە کوشتنی موسوڵمانان و سەلامەتی بێبڕوایان لە دەست و زمانیان.

هەر لە سەرەتای مێژووی دروستبوونی خەوارجەکانەوە تا پاشماوەی ئەمڕۆیان چ (فتوحات)ێکی ئیسلامی لەسەر دەستیان هاتووەتە دی بێجگە لە بەڵا و نەهامەتی نەبێت بۆ موسوڵمانان و وڵاتی ئیسلامی؟!

هەر بە گۆڕانکاری (تحریف)ی لە ناونیشانە حەقەکاندا بێبڕوایان بەناوی ئازادی کەسایەتی و دیموکراتی و مافی چینەکان دەرگای خراپە و دژایەتی دینیان کردەوە لە خەڵکی و بەناوی پێشکەوتن و شارستانیەت هەموو فیتنە و فەساد و خراپەکارییەکیان بڵاو کردەوە و پشتیوان بوون بۆیان بە ڕێگەی ڕاگەیاندن و بەرنامە حیزبییەکانیانەوە.

(ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: إن المعارضين للوحي بآرائهم خمس طوائف: طائفة عارضته بعقولهم، ... وطائفة عارضته بآرائهم وقياساتهم، ... وطائفة عارضته بحقائقهم وأذواقهم، ... وطائفة عارضته بسياساتهم وتدبيرهم، ... وطائفة عارضته بالتأويل الباطن[٢].

واتە: ئەوانەی دژایەتی وەحی خوایی دەکەن پێنج چینن: چینێك بە پێشخستنی عەقڵ، وە چینێك بە پێشخستنی بیروڕاکانیان، وە چینێك بەناوی حەقیقەت و حەزەکانیانەوە، وە چینی دەسەڵاتیش بەناوی جۆری بەڕێوەبردن و سیاسەتکردنەوە، وە چینێك بە ڕێگەی واتاگۆڕینی دەقەکانەوە (التأويل).

بنەمای پێنجەمی بیدعەکاران: بەڵگەکاری بە دەقە لێکچووەکان (الإستدلال بالمتشابه من النصوص).

دەقەکانی قورئان دوو بەشن: (المحكم والمتشابه)، زۆرینەی ئایەتەکانی واتاجێگیرە (محكم):

---

(١) رواه البخاري (٣٣٤٤)، ومسلم (١٠٦٤)، وأبو داود (٤٧٦٤)، والنسائي في "الكبرى" (٢٣٧٠)، وأحمد في "المسند" (١١٦٤٨)، وعبدالرزاق في "المصنف" (١٨٦٧٦)، والطيالسي في "مسنده" (٢٣٤٨)، وابن أبي عاصم في "السنة" (٩١٠).

(٢) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٣/ ١٠٥١).

﴿هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ [آل عمران: ٧]. **واتاکانی ئاشکرا و ڕوونە، هۆکاری ڕەواندنەوەی هەموو ئالۆزی و لێتێکچوون و تێکەڵکارییەکە لەلای کەسی سادە نەك زانایانیش، وە هەردووکیان قورئانن و لەلایەن خواوە نێردراوە و هەموویان حەق و ڕاستن و پشتیوانی یەکتری دەکەن، وە یەکتری بە ڕاست دەخەنەوە، ئەوەی ئەم پێناسەیەی نەبێت بۆیان ئەوا (متشابه) بە دژ و پێچەوانەی (محکم) دەزانێت، ئەوکات:** ﴿مَا يُجَٰدِلُ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ [غافر: ٤]. **واتە:** مَا يُخَاصِمُ فِي دَفْعِ آيَاتِ اللهِ وَتَكْذِيبِهَا إِلَّا الَّذِينَ كَفَرُوا[1]. **ئەمانە کەسانێکن کە هەوڵی دژایەتی نێوان ئایەتەکانی خوا دەدەن و بە درۆیان دەخەنەوە، ئەوانە بێبڕوان.**

بەڵام بیدعەکاران ڕێگەیەکی فێڵاوییان گرتووەتە بەر بۆ سەرخستنی ڕێبازی خۆیان و بەناو بەڵگەکاری شەرعی بۆیان، پەنایان بردووە بۆ ئەو دەقانەی کە واتاکانیان شێوازێکی گشتی و ئالۆز لەخۆ دەگرێت تاوەکوو بەرگی گومڕایی خۆیانی پێداپۆشن و بەو ڕێگەیەوە پەیوەستبوونی دینی خۆیانی پێ بسەلمێنن.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت:** وإذاكان ألفاظ النصوص لها حرمة لا يمكن المظهر للإسلام أن يعارضها فهم يعبرون عن المعاني التي تنافيها بعبارات أخرى ابتدعوها ويكون فيها اشتباه وإجمال[2].

واتە: دەقە شەرعییەکان حورمەت و ڕێزێکی تایبەتییان هەیە، ئەوەی موسوڵمانێتی خۆی دەربڕێت ناتوانێت دژایەتییان بکات بە ئاشکرا، بەڵام پەنا دەبەنە بەر جۆرێکی تر لە داڕشتنەکان کە خۆیان دایان هێناوە بە شێوازێك کە جۆرێك لە هاوشێوەسازی و کورتی لەخۆبگرێت بۆ دەربڕینی مەبەستەکانیان.

گرتنەبەری ڕێگای بەڵگەکاری بە بەڵگە هاوشێوەکان (متشابه) ناونیشانە بۆ ئەوەی خاوەنەکەی کەسێکی نیەت پیس و فیتنەگێڕ و لادەرە لە دین و هەموو نیشانەیەکی سەرسووڕمان و پرسیاری لەسەر کەڵەکە بووە و قابیلی متمانەی دینی و دینداری نییە.

---

(١) "فتح القدير" للشوكاني (٤/ ٥٥٢).

(٢) "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٣/ ٣٠٤).

وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦ﴾ [آل عمران: ٧]. واتە ئەو کەسانەی کە گومڕایی لە دڵیاندا هەیە شوێنکەوتەی بەڵگەکارین بە بەڵگە (متشابە)ەکانەوە، بۆ هێنانەدی فیتنەگێڕی و دووبەرەکایەتی و ڕێگە خۆشکردن بۆ واتاگۆڕین و دەرچوون لە بەڵگەکان.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ بە (عائشة)ی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا فەرموو: «فَإِذَا رَأَيْتِ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ فَأُولَئِكِ الَّذِينَ سَمَّى اللهُ فَاحْذَرُوهُمْ»[١]. واتە ئەگەر بینیت کەسانێك شوێنکەوتەی بەڵگە (متشابە)ەکانن ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوا ناوی بردوون بە فیتنەگێڕ، خۆت بپارێزە لێیان.

چەند نیشانە و شێوازێکی تایبەت هەیە بۆ ناسینەوەی ئەو کەسانەی کە شوێنکەوتەی بەڵگە (متشابە)ەکانن، لەوانە:

یەکەم: پێکدادانی بەڵگەکان بە یەکتریدا: هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ بەو کەسانەی کە لە بابەتی قەدەردا بەڵگەکانیان دەدا بەیەکدا فەرمووی: «مَهْلًا يَا قَوْمِ، بِهَذَا أُهْلِكَتِ الْأُمَمُ مِنْ قَبْلِكُمْ، بِاخْتِلَافِهِمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ، وَضَرْبِهِمُ الْكُتُبَ بَعْضَهَا بِبَعْضٍ، إِنَّ الْقُرْآنَ لَمْ يَنْزِلْ يُكَذِّبُ بَعْضُهُ بَعْضًا، بَلْ يُصَدِّقُ بَعْضُهُ بَعْضًا»[٢]. واتە گەلانی پێشوو بەو شێوەیە تیاچوون کە جیاوازییان دروستەکرد لەسەر پێغەمبەرانیان و ئایەتەکانی خوایان دەدا بەیەکدا، قورئان بۆ ئەوە نەهاتووەتە خوارەوە کە یەکتری بەدرۆ بخاتەوە، بەڵکوو پشتیوان و بە ڕاستخەرەوەی یەکترین.

دووەم: پەراوێزخستنی بەڵگە ڕوون و ئاشکراکان (المحكم): زۆر بە ئاشکرا و ڕوونی بەڵگە (محكم) و واتا ئاشکرا و ڕوونەکان پەراوێز دەخەن و ئەوەی لەسەر زمانیان بێت (متشابە)ەکانە.

وەکوو ئیمامی (الشاطبي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَقَدْ عَلِمَ الْعُلَمَاءُ أَنَّ كُلَّ دَلِيلٍ فِيهِ اشْتِبَاهٌ وَإِشْكَالٌ لَيْسَ بِدَلِيلٍ فِي الْحَقِيقَةِ، حَتَّى يَتَبَيَّنَ مَعْنَاهُ وَيَظْهَرَ الْمُرَادُ مِنْهُ، وَيُشْتَرَطُ فِي ذَلِكَ أَنْ لَا يُعَارِضَهُ أَصْلٌ قَطْعِيٌّ ... وَلَا يُمْكِنُ أَنْ تُعَارِضَ الْفُرُوعُ الْجُزْئِيَّةُ الْأُصُولَ الْكُلِّيَّةَ، ... فَمَنْ عَكَسَ

---

(١) رواه البخاري (٤٥٤٧)، ومسلم (٢٦٦٥) والبغوي في "شرح السنة" (١/ ٢٢١).

(٢) رواه أحمد في "المسند" (٦٧٠٢)، وصححه شعيب الأرنؤوط، والبيهقي في "الشعب" (٢٠٦٢).

الْأَمْرَ؛ حَاوَلَ شَطَطًا، وَدَخَلَ فِي حُكْمِ الذَّمِّ؛ لِأَنَّ مُتَّبِعَ الشُّبُهَاتِ مَذْمُومٌ، فَكَيْفَ يُعْتَدُّ بِالْمُتَشَابِهَاتِ دَلِيلًا؟[١].

وە دەڵێت: مِنَ اتِّبَاعِ الْمُتَشَابِهَاتِ الْأَخْذُ بِالْمُطْلَقَاتِ قَبْلَ النَّظَرِ فِي مُقَيِّدَاتِهَا أَوْ فِي الْعُمُومَاتِ مِنْ غَيْرِ تَأَمُّلٍ؛ هَلْ لَهَا مُخَصِّصَاتٌ أَمْ لَا؟ وَكَذَلِكَ الْعَكْسُ؛ بِأَنْ يَكُونَ النَّصُّ مُقَيَّدًا فَيُطْلَقُ، أَوْ خَاصًّا فَيَعُمُّ بِالرَّأْيِ مِنْ غَيْرِ دَلِيلٍ سِوَاهُ[٢].

واتە: زانایان هەموویان دەزانن کە هەر بەڵگەیەك جۆرێك لە ئالۆزی و هاوشێوەیی لەخۆ بگرێت لە ڕاستیدا بەڵگە نییە، هەتاوەکوو واتاکەی ڕوون دەبێتەوە و مەبەستەکە تیایدا دەردەکەوێت، ئەمەش مەرج تیایدا ئەوەیە نابێت دژایەتی بنەمایەکی یەکلاکراوە بکات، یاخود لق و پەلێك دژایەتی بنەما گشتییەکان بکات.

کارکردن و بەکارهێنانی بەڵگە (مطلق) و ڕەهاکان بەبێ ئەوەی سەیری بەڵگە (مقید) و پەیوەستەکان بکات، یاخود بەڵگە گشتییەکان (عام) بگرێتە بەر بەبێ ئەوەی تێڕوانین بکات لەسەر ئەوەی بزانێت ئایا بەڵگە (خاص) و تایبەتمەندییەکانی هەیە یاخود نا، یاخود بەپێچەوانەوە بەڵگە (مقید) و پەیوەستەکان بکاتە (مطلق) و ڕەها، یاخود بەڵگە (خاص) و تایبەتەکان بکاتە گشتی (عام) بەبێ هیچ بەڵگەیەك؛ ئەوەی ئەم ڕێگایانە بگرێتە بەر ئەوا شوێنکەوتەی (متشابه)ەکانە و شوێنی تانە و گومانەکانە.

سێیەم: شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزووەکان: دوژمنێکی ناوەڕۆکی بۆ ئادەمیزاد هەوا و ئارەزووەکانی خۆیەتی، هەروەك چۆن دوژمنە دەرەکییەکەی شەیتانی ئادەمیزاد و جنەکانە، لەبەرئەوە کەسێك شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزووەکانیەتی کە نەفس و شەیتان زاڵ بووبێت بەسەریدا، وە زاڵبوونی ئەو دوانەش هۆکاری ئیمان لاوازی و دەرئەنجامی پەیوەستنەبوونی خاوەنەکەیەتی بە دینەوە، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ [ص: ٢٦]. شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزووەکانتان مەبن، تاوەکوو گومڕا نەبن لەسەر ڕێگاکەی خوا.

---

(١) "الاعتصام" للشاطبي (١/ ٣٠٤، ٣٠٥).

(٢) "الاعتصام" للشاطبي (١/ ٣١٢).

گەر سەیر بکەین بە ڕاست و دروستی هەرچی فیرەق و گرووپ هەیە کە دروست بووبێت سەر و سەرکردە و بناغە دارێژەرەکانیان هیچیان کەسانی ئیمام و خواناسان و ناودارانی دین نەبوون، بەڵکوو خاوەن هەوا و ئارەزوو و لەخۆگری مەبەستە دونیاییەکان بوون و پێشینەی زانست و دینداری و خواناسییان نەبووە، وە بگرە لەخۆگری بەرنامەی گەل و دین و ڕێڕەوانی پێشووی خۆیان بوون، هەر بۆیە ناونیشانی فیرەقەکان و نازناویان (أهل الأهواء) بووە واتە خاوەن هەوا و ئارەزوو پەرستەکان.

هەروەك (حَمَّاد بْنُ زَيْد) دەڵێت: سَمِعْتُ أَيُّوبَ، يَقُولُ: «مَا أَعْلَمُ أَحَدًا مِنْ أَهْلِ الْأَهْوَاءِ إِلَّا يُخَاصِمُ بِالْمُتَشَابِهِ»[(١)]. واتە (ئەیوبی سەختیانی) دەڵێت: یەك كەسم نەدیوە لە خاوەن هەوا و ئارەزووەكان كە بەڵگەكاری لە دیندا نەكردبێت بە بەڵگە (متشابه)ەكانەوە لە كاتی دژایەتیكردنەكانیدا.

چوارەم: پەنابردنە بەر هەڵە و نەپێكاندنەكانی زانایان و بیروڕا شازەكانیان: پەناگەی فیتنەگێڕان بیروڕا و ئیجتیهادی شازی زانایانە لە (قیل وقال)ی بێ بەڵگە.

(الحسن البصري) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: شِرَارُ عِبَادِ اللَّهِ يَتَّبِعُونَ شِرَارَ الْمَسَائِلِ يُعْمُونَ بِهَا عِبَادَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ[(٢)].

واتە: شەڕەنگێزترین بەندەكانی خوا ئەوانەن كە خراپترینی بابەتەكان هەڵدەبژێرن و بەندەكانی خوای پێ چاوبەس دەكەن.

پێنجەم: دەمەقاڵێكردن بە بەتاڵ: سەرقاڵبوون بە دەمەقاڵێكردن و وتی وتی دەرگایەكی گومڕایی و لادانە، وەكوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَجَٰدَلُواْ بِٱلۡبَٰطِلِ لِيُدۡحِضُواْ بِهِ ٱلۡحَقَّ﴾

(١) "الإبانة الكبرى" لابن بطة (٧٨٨)، و "الترغيب والترهيب" لأبو القاسم الأصبهاني(٣٤٧) ، و "نقد الصحابة والتابعين للتفسير" لعبد السلام بن صالح بن سليمان الجار الله ص٣٤٦.

(٢) "الإبانة الكبرى" لابن بطة (٣٠٤)، و و "جامع بيان العلم وفضله" لابن عبد البر (٢٠٨٤)، و "المدخل إلى السنن الكبرى" للبيهقي (٣٠٧)، و "الفقيه والمتفقه" للخطيب البغدادي (٢/ ٢١)، و "ذم الكلام وأهله" للهروي (٣/ ١٩٤)، و "جامع العلوم والحكم" لابن رجب الحنبلي (١/ ٢٤٧)، و "أخلاق العلماء" للآجري ص١١٠، و "الموافقات" للشاطبي (٥/ ٣٨٣).

[غَافِر: ٥]. **واتە دەمەقاڵێیان دەکرد لە دیندا بۆ بەدرۆخستنەوەی حەق.**

وە (عمر بن عبد العزيز) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** مَنْ جَعَلَ دِينَهُ عَرْضًا لِلْخُصُومَاتِ أَكْثَرَ التَّنَقُّلَ (أَوْ أَكثَرَ الْشَّكَّ)[1].

واتە: ئەوەی دینداریيەکەی تەرخان بکات بۆ دەمەقاڵێکردن و لێخوێندن، دەبێت زۆر گومان و گۆڕانکاری بەخۆیەوە ببینێت.

هەر بۆیە ناونیشانی (تَرْكُ الْمِرَاءِ وَالْجِدَالِ وَالْخُصُومَاتِ فِي الدِّينِ)[2] واتە وازلێهێنانی وتی وتی و دەمەقاڵێ و دووبەرەکایەتی لە دیندا ناونیشانی ڕێڕەوی ئەهلی سوننەتە و بەرنامە عەقیدەییەکانیانە، ئەمەش بێگومان مەبەست پێی پەراوێزکردنی بیدعەکارانە لەلایەن ئەهلی سوننەتەوە.

بیدعەکاران چۆن بە بەڵگە (متشابه)ەکاندا لکاون، ئاواش بە بابەت و کارە گوماناویەکانی موسوڵمانانداا لکاون، هەروەك خەوارجەکان بە لایەنی کارە گوماناوییەکانی هاوەڵاندا لکابوون لە (علي بن أبي طالب ومعاوية وأصحاب الجمل والصفين) تاوەکوو بێبڕوایان کردن و بە هەڵگەڕاوە لە دین هەژماریان کردن، بەڵام بە لایەنە جێگیرییەکانیانەوە کە هاوەڵانی پێغەمبەرن و خاوەنی ئیمان و کردەوەی چاکەن و خاوەن پلەوپێگەی دینین ... نەیاندەخوێندەوە.

موعتەزیلەکانیش بە لایەنی گومان لەوەی کە سیفات و کارەکانی خوا دەشێت لە مرۆڤەکان بچێت، بۆیە باوەڕیان بە سیفات و کارەکانی خوا نەما، بەڵام ئەو بنەمایەیان نەخوێندەوە کە دەبێت (خالق) لە (مخلوق) نەچێت و نابێت لەیەك بچن و دوو بەشی جیاوازی لەیەکنەچوون.

قەدەرییەکانیش بە گومانی ئەوەی بژاردە (اختيار) دەبێت بڕیار بدرێت بۆ مرۆڤەکان؛ باوەڕیان بەوە نەما کە دەسەڵاتی خوا ڕەها و بااڵدەستە بەسەر کاری مرۆڤەکاندا، ئەوەیان نەخوێندەوە کە دروستکردنی خوایی جیایە لە دروستکراوەکانی (الخلق من المخلوق)، خوای

---

(١) "الطبقات الكبرى" للبغدادي (٥/ ٢٨٨)، و "مسائل الإمام أحمد" (٢/ ٤٢٨)، و "شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة" للالكائي (١/ ١٤٤)، و "الاعتصام" للشاطبي (٢/ ٥٨٨).

(٢) "شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة" للالكائي (١/ ١٧٥)، و "شرح السنة" للبربهاري ص١٢٦، و "الاعتصام" للشاطبي (٢/ ٤٥٨)، و "اعتقاد أئمة السلف أهل الحديث" لمحمد بن عبد الرحمن الخميس ص٢٩٧.

گەورە هێنەرەدی و دروستکار و ڕێکخەر و هەڵسووڕێنەری دروستکراوەکانیەتی بەبێ ئەوەی بژاردە لە مرۆڤەکانیش وەرگرێتەوە، وە ئەم مامەڵەکارییە بە کردەوەی خۆیان لەگەڵیان دەکات.

وە هەروەها جەبرییەکان بە پێچەوانەی ئەمانەوە باوەڕیان بە بژاردە (اختیار) نەما بۆ مرۆڤەکان، ئەو بژاردە و بەخشینی ژیرییەی خۆیان نەدەخوێندەوە.

وە مورجیئەکان بە گومانی ئەوەی مرۆڤەکان باوەڕیان بە خوا هەیە لە (الربوبیة)دا و ئیقراری لەسەر دەکەن؛ بە ئیمانداریان ڕیزبەند کردن، بەبێ کردار و (طاعة)ی ئیمانییان، بەڵام ئەوەیان نەخوێندەوە کە لە ناخدا ئەمانە بێبڕوان و ئامادە نین بچنە ژێر باری (توحید الألوهیة)وە و ڕازی نین بە ئیسلام و بگرە دژایەتیکارین.

سۆفییەکانیش بە گومانی ئەوەی (تزکیة النفس) چارەسەرە بۆ پاك ڕاگرتنی ئادەمیزاد، بەس کرداری چاکیان بە دین زانی، بەڵام (توحید) و دژایەتی (شرك) و شوێنکەوتەی (سنة) و دژایەتی (بدعة)؛ هیچ خوێندنەوەیەکیان نەبوو لەسەری، وە پەراوێزیان کرد و هەڵگری پێچەوانەکەی بوون.

وە هەروەها شیعەکانیش بە گومانی پشتیوانی لە (آل بیت)ی پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتنە (تکفیر)کردنی هەموو هاوەڵان و تەبەڕاکردن لە لایەنگرانی و دژایەتیکردنی ئەهلی سوننەت.

ئەمڕۆش بە گومانی هێنانەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی بە شێوازی ئەمڕۆ، کەوتنە دروستکردنی حیزب و گرووپی جیاجیا و پەرتکردنی ڕیزی موسوڵمانان و دژایەتیکردنی یەکتری و کەوتنە دروستکردنی (تنظیم) و ڕێکخستنێکی حیزبی بەشێوەی قەومی و عیلمانی و هەوڵدان بۆ دەستکەوتنی کورسی دەسەڵات، ئەمە لایان تەوحیدی (الحاکمیة)یە، بەڵام تەوحیدی (الألوهیة) بەشی نەبوون و پەراوێزکردن بوو.

بۆیە پەنایان بردە بەر هەموو ئەو بەڵگە (متشابە، شبهات)انەی کە خزمەتی حیزبایەتی و دونیای خۆیانیانی پێدەکرد تاوەکوو بۆیاخێکی دینی بۆ خۆیان بکەن و خەڵکی پێ چاوبەس بکەن.

✍ **بنەمای شەشەمی بیدعەکاران:** ڕەخنە و پەراوێزکردنی بەرنامەی پێشینە سالّحەکان (القدح وهجر منهج السلف الصالح).

بنەمایەکی تر لە بنەماکانی بیدعەکاران لێخوێندن و بەکەم سەیرکردن و تانەدانە لە

تێگەیشتنی بەرنامە و جۆری ڕێڕەوی هاوەڵان و تابعین و شوێنکەوتووانیان لە زانایانی ناودارانی ئەهلی سوننەت، کاتێك هەموو ڕێگایەکیان گرتە بەر بۆ لێدانی دەقەکان و بۆیان نەچووە سەر؛ ئەوکات بیریان لەوە کردەوە لە هەڵگرانی و نەقڵکارانی بدەن، ئەو کەسانەی کە لەسەر شانیان ئەم دینەیان گەیاندووە، تاوەکوو ببێتە هۆکاری گومان و تانەدان لە دەقەکان و هەرەسهێنانیان.

کۆدەنگی هەموو فیرقەکان لێدان و لێخوێندن و قسەوتنە بە هاوەڵان و شوێنکەوتووانی و ئەوانەشی کە هەڵگرانی بەرنامەی ئەوانن، بۆیە هەر لە (خوارج، معتزلة، شيعة، قدرية، الأشاعرة، الماتريدية ...) هەموویان هێرشیان کردووەتە سەریان بە (تكفير وتفسيق ومرتد وجاهل ...)، لە کاتێکدا هیچ ڕەخنە و شتێکیان لەسەر کەسایەتییان نییە بێجگە لەوە نەبێت کە هۆکاری هەڵگرتنی ئەو ئیسلامەن و هەستاون بە گەیاندنی ئەو دەقە شەرعیانە وەکوو خۆیان و پارێزگاریکردن لێیان.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** أَنَّ أَوَّلَ هَذِهِ الْأُمَّةِ هُمُ الَّذِينَ قَامُوا بِالدِّينِ تَصْدِيقًا، وَعِلْمًا، وَعَمَلًا، وَتَبْلِيغًا، فَالطَّعْنُ فِيهِمْ طَعْنٌ فِي الدِّينِ مُوجِبٌ لِلْإِعْرَاضِ عَمَّا بَعَثَ اللهُ بِهِ النَّبِيِّينَ[1].

واتە: پێشەنگ و یەکەم کەسانی ئەم ئیسلامە هاوەڵانن بە هۆکاری ئەوەی باوەڕیان پێکرد و ئاشنای بوون و بە کردار جێبەجێیان کرد و هەستان بە گەیاندنی، بۆیە تانەدان لێیان تانەدانە لە دین، هۆکارە بۆ پشتکرنە ئەو پەیامەی کە خوا بە پێغەمبەراندا ناردوویەتی.

وە (الإمام أحمد) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** إِذَا رَأَيْتَ رَجُلًا يَذْكُرُ أَحَدًا مِنَ الصَّحَابَةِ بِسُوءٍ فَاتَّهِمْهُ عَلَى الْإِسْلَامِ[2].

واتە: ئەگەر بینیت کەسێك بە خراپ باسی هاوەڵانی کرد، ئەوا تۆمەتباری بکە لەسەر ئیسلام.

وە (أبو حاتم الرازي) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** عَلَامَةُ أَهْلِ الْبِدَعِ الْوَقِيعَةُ فِي أَهْلِ الْأَثَرِ[3].

---

(١) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (١/ ١٨).

(٢) "البداية والنهاية" لابن كثير (١١/ ٤٥٠).

(٣) "شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة" للالكائي (١/ ١٧٩)، و "ذم الكلام" للهروي (٢٧٥)، و "عقيدة السلف أصحاب الحديث" للصابوني ص٣٠٤.

واتە: نیشانەی بیدعەکاران قسەوتنە بە هەڵگرانی فەرموودە و پاشماوەی هاوەڵان.

وە (أحمد بن سِنان) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** لَيْسَ فِي الدُّنْيَا مُبْتَدِعٌ إِلَا وَهُوَ يُبْغِضُ أَهْلَ الْحَدِيثِ[١].

واتە: بیدعەکارێك نییە لە دونیادا هەر دەبێت ڕقی لە فەرموودە ناسان بێت.

قسەوتن بە زانایەکی ئەهلی سوننەت و هەڵگری (منهج السلف الصالح) قسەوتنە بە هاوەڵان، لەبەر یەکڕیزییان و پەیوەستبوونیان بە یەك بەرنامە و ڕێڕەوی دینییەوە.

وەکوو (قتيبة بن سعيد) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** إِذَا رَأَيْتَ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَهْلَ الْحَدِيثِ مِثْلَ يَحْيَى بْنِ سَعِيدٍ، وَعَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ مَهْدِيٍّ، وَأَحْمَدَ بْنِ مُحَمَّدِ بْنِ حَنْبَلٍ، وَإِسْحَاقَ بْنِ رَاهَوَيْهِ - وَذَكَرَ قَوْمًا آخَرِينَ - فَإِنَّهُ عَلَى السُّنَّةِ، وَمَنْ خَالَفَ هَؤُلَاءِ فَاعْلَمْ أَنَّهُ مُبْتَدِعٌ[٢].

واتە: ئەگەر بیستت کەسێك ئەهلی فەرموودەی خۆشویست لەو ناودارانەی ئەهلی سوننەت، ئەوە بزانە ئەهلی سوننەتە و بیدعەکار نییە، وە هەرکەسێك دژایەتی کردن ئەوە بیدعەکارە.

وە (أحمد بن عبد الله) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** امْتَحِنْ أَهْلَ الْمَوْصِلِ بِمُعَافَى بْنِ عِمْرَانَ ، فَإِنْ أَحَبُّوهُ فَهُمْ أَهْلُ السُّنَّةِ، وَإِنْ أَبْغَضُوهُ فَهُمْ أَهْلُ بِدْعَةٍ، كَمَا يُمْتَحَنُ أَهْلُ الْكُوفَةِ بِيَحْيَى[٣].

واتە: خەڵکی موصڵ بە زانای ئەهلی سوننەت تاقی دەکرانەوە، وەکوو (معافى بن عمران)، هەرکەسێك خۆشی بوێستایە ئەوە ئەهلی سوننەت بوو، وە هەرکەسێك ڕقی لێبوایە ئەهلی بیدعە بوو، هەروەها خەڵکی کوفە تاقی دەکرانەوە بە (يحيى بن سعيد).

بیدعەکاران هەر بەوەشەوە نەوەستاون کە تانە و ڕقلێبوونیان هەبێت بۆ هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان و زانایانی ئەم ئومەتە، بەڵکوو تانە و ڕقلێبوونیان هەبوو بۆ کەسانی ئەهلی سوننەی شوێنکەوتووانی ئەوان، وەك چۆن شیعەکان بە خۆیان دەڵێن (مؤمنين) ئیمانداران، بە

---

(١) "معرفة علوم الحديث" للنيسابوري ص٤، و "شرف أصحاب الحديث" للخطيب البغدادي ص٧٣، و "ذم الكلام وأهله" للهروي (٢٢٩)، و "الحجة في بيان المحجة" للأصبهاني (١/ ٢٢٠)، و "سير أعلام النبلاء" للذهبي (١٢/ ٢٤٥)، و "تذكرة الحفاظ" للذهبي (٢/ ٨٠).

(٢) "شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة" للالكائي (٥٩)، و "شرف أصحاب الحديث" للخطيب البغدادي ص٧١.

(٣) "شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة" للالكائي (٥٨)، و "التأريخ الكبير" لابن أبي خيثمة (٤٦٥٧).

ئەهلی سوننەتیش دەڵێن (جمهور، مسلمون، ناصبة ...) واتە خەڵگی گشتی و موسوڵمانان و تانەدەران لە (آل بیت).

خەوارجەکان بە خۆیان و لانەیان دەڵێن (دار الإسلام) و بە باقی موسوڵمانان دەڵێن (دار الحرب، دار الردة)، وە موعتەزیلە و ئەشاعرە بە ئەهلی سوننەت دەڵێن (حشوية، غثاء، ...) ڕەشۆکی و کەفی سەر دەریاکان، وە قەدەرییەکان بە ئەهلی سوننەت دەڵێن (مجبرة) ئەوانەی دەڵێن خوا بە زۆرەملێ کار بە ئادەمیزاد دەکات، وە مورجیئەکانیش بە ئەهلی سوننەت دەڵێن (شكاك ونقصانية) گوماناوییەکان و ناتەواوەکان، لەبەرئەوەی ئەهلی سوننەت دەڵێن ئیمان زیاد و کەم دەکات.

وە جەهمییەکان بە ئەهلی سوننەت دەڵێن (مشبهة، مجسمة) خوا شوبهێنەرەکان و ئەوانەی لاشە و ئەندام بۆ خوا دادەنێن.

ئەمڕۆش گرووپ و فیرەق و حیزبە ئیسلامییەکان بازنەی حیزبایەتی و گرووپێنەی خۆیان بە ئیسلام و ڕیزی ڕاستەقینەی موسوڵمانان دادەنێن، وە زانا و ئیمامە بەرزەکان و شارەزایانی ئەم دینە بە (مؤلفة قلوب) تازە موسوڵمان و کۆمەڵگای (الجاهلية) و جۆرێك لە جۆرەکانی دەرەوەی ئیسلام هەژمار دەکەن و دەیاندەنە بەر تانەی بێئاگاییان لە (فقه الواقع) و لە سیاسەت و تێگەیشتنی سەردەمیانەیان پێنییە و زۆر بێئاگا و دوورن لە ڕووداوەکان، بەڵکوو یەقین و دڵنیایی دینی لە بەرنامە و ڕێباز و بۆچوونەکانی خۆیاندا دەبینەوە.

هەموو ئەمانەش بە هۆکاری ئەوەوەیە کە بێئاگان لە بەرنامە و ڕێڕەوی پاکی ئەهلی سوننەت و لەلایەکی ترەوە نەناسینی ڕێڕەوی بیدعە و بیدعەکارانی ناو بازنەی ئیسلام لە فیرەقە گومڕاکان، وە لەلایەکی تریشەوە نەبوونی زانا و ئەهلی عیلمی مەنهەج پاك تیایاندا وەکوو سەرکردە و بەڕێوەبەریان، کەواتە ئەو ئیسلامەی پێیانە نە هەڵگری تەوحید و سوننەتە، نە دوژمنی شیرك و بیدعەشە.

هیچ شتێك لەمانەدا بەدی ناکرێت بێجگە لەو ململانێیە نەبێت کە خوا داینناوە لە نێوان حەق و جۆرەکانی بەتاڵدا هەر لە کۆنەوە بووە و هەر ئەبێت و هەرجارەی بە ناو و شێوازێکی تر بەگوێرەی کاڵ و تۆخی و نزیك و دووری لە ڕاست و دروستی بەرنامەی حەق و ڕوونی خواوە.

بەندی دووەم

بـــەشـــی یـــەکـــەم

رێگای گەیاندن و بنیادنانی عەقیدە
لای ئەهلی سوننەت

الركائز المنهجية لبناء العقيدة عند أهل السنة

رێگاکانی گەیاندنی رێنمایی و هیدایەتی خوایی بۆ ئادەمیزاد دوو رێگای سەرەکییە:

یەکەم: عەقڵ.

دووەم: سروشت پاکی (الفطرة).

خوای پەروەردگار عەقڵ و پاکی (الفطرة)ی بەخشیوە بە ئادەمیزاد، تا بتوانن بەو دوو رێگایە فەرمان و هیدایەتەکەی وەربگرن و پارێزراو بن لە گومڕایی و سەرلێشێواوی.

مەرجی سەرەکی ئەو دوو رێگایەش مانەوەی (العقل) عەقڵ و ژیرییە بە پاکی و تێکنەدان و نەشێواندنیەتی بە (شبهات) و گومان و لەخۆگری رێڕەو و بەرنامە و بیروڕای گومڕایی، تاوەکوو بە پاکی و سروشتی خۆی بتوانێت بەرنامەی خوایی وەکوو خۆی وەربگرێت.

وە هەروەها سروشت و ناخ پاکیش (الفطرة) رێگەی دووەمە و مەرج تیایدا پیسنەکردنیەتی بە (شهوات) و حەز و ئارەزوو و تاوانەکان، تا بتوانێت بەرنامەی پاك و سروشتی بێگەردی خوایی وەربگرێت.

هەموو بەرنامەیەك بێجگە لە بەرنامەی خوای پەروەردگار لەخۆگری (شبهات وشهوات)ە، ئەمانەش هۆکارن تاوەکوو نەتوانرێت بە دڵنیایی و متمانەوە بگەڕێنەوە سەر بەرنامەی خوایی، هەموو بێبڕوایان و عەلمانییەکان هەر لە سەرەتای مندالّی مرۆڤەوە هەوڵ دەدەن و کار لەسەر تێکدانی (فطرة) و سروشتپاکی ئادەمیزاد دەکەن بە رێگاکانی تاوان و سەرپێچییەکانی فەرمانی خوایی، پاش گەورەبوونیش بەرنامەڕێژی دەکەن بۆ تێکدانی رێڕەوی تێگەیشتنەکانی عەقڵ و پڕکردنیان بە گومان و دوودڵییەکان و هەڵگەڕانەوەی ئەو زانیارییانەی کە چێنراوە لە ژیری

ئادەمیزاد تاوەکوو نەتوانێت بگاتە یەقین و دڵنیایی.

وە هەر ئەم دوانەش نەخۆشی گەلانی پێشوو بووە، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿كَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنكُمۡ قُوَّةٗ وَأَكۡثَرَ أَمۡوَٰلٗا وَأَوۡلَٰدٗا فَٱسۡتَمۡتَعُواْ بِخَلَٰقِهِمۡ فَٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِخَلَٰقِكُمۡ كَمَا ٱسۡتَمۡتَعَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُم بِخَلَٰقِهِمۡ وَخُضۡتُمۡ كَٱلَّذِي خَاضُوٓاْۚ أُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ٦٩﴾ [التوبة: ٦٩].

واتە هەروەك گەلانی پێش خۆیان زۆر لە ئێوە بەهێز و بەتواناتر بوون لە ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی، خاوەنی زۆرترین مااڵ و منداڵ بوون، سەرقاڵ بوون بە بەشی دونیایانەوە، هەروەك چۆن ئێوە سەرقاڵ بوون بە بەشی دونیاتانەوە، هەروەها ئێوە چۆن کەوتوونەتە گومان و لادانە دینییەکانەوە ئەوانیش بە هەمان شێوە کەوتوونەتە گومان و لادانەکانەوە، ئەوان مایە پووچی دونیا و کۆتایین و زەرەرۆمەندی سەرەکین.

(ابن القيم) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێت:** فَقَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿فَٱسۡتَمۡتَعُواْ بِخَلَٰقِهِمۡ﴾ إِشَارَةٌ إِلَى اتِّبَاعِ الشَّهَوَاتِ وَهُوَ دَاءُ الْعُصَاةِ وَقَوْلُهُ: ﴿وَخُضۡتُمۡ كَٱلَّذِي خَاضُوٓاْ﴾ إِشَارَةٌ إِلَى الشُّبُهَاتِ وَهُوَ دَاءُ الْمُتَبَدِّعَةِ وَأَهْلِ الْأَهْوَاءِ وَالْخُصُومَاتِ[1]. **واتە فەرموودەی** ﴿فَٱسۡتَمۡتَعُواْ بِخَلَٰقِهِمۡ﴾ **ئاماژەیە بۆ شەهەوات و ئارەزووەکان کە دەردی تاوانبارانە، وە فەرموودەی** ﴿وَخُضۡتُمۡ كَٱلَّذِي خَاضُوٓاْ﴾ **ئاماژەیە بۆ گوماناوییەکان کە دەردی بیدعەکاران و گومڕایان و هەوا و ئارەزووپەرستانە،** فالأولى توجب فساد القصد والإرادة[2]، **یەکەمیان (شهوات) کە هۆکاری تێکدانی مەبەست و ئیرادەکانە، وە دووەمیان (شبهات) کە هۆکاری خراپی زانست و بیروڕاکانە،** ففتنة الشبهات: تُدفعُ باليقين، وفتنة الشهوات: تُدفع بالصبر[3]، **نەخۆشی گومانەکان بە یەقینیات دەرەوێتەوە و نەخۆشی تاوانەکانیش بە ئارامگرتن، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت:** ﴿وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ﴾ [العصر: ٣]. **پەیوەستبوون و لەخۆگرتنی حەق و ئارامگرتن لەسەری.**

---

(١) "إعلام الموقعين عن رب العالمين" لابن القيم (١/ ١٠٦).

(٢) "إغاثة اللهفان" لابن القيم (١/ ١٢).

(٣) "إغاثة اللهفان" لابن القيم (٢/ ٩٠٣).

ڕێگای یەکەم: عەقڵ

مانەوەی عەقڵ بە پاك و بێگەردی و پارێزگاریکردنی بە تێکەڵ نەبوونی گومانەکان؛ هۆکار و ڕێگەیەکی سەرەکییە بۆ وەرگرتنی هیدایەت و ڕێنمایی خوایی.

ڕێگە سەرەکییەکانی زانستی عەقڵی هەروەك باسمان کردووە دوو ڕێگەیە:

١. **العلوم الضرورية**: زانستە ئاشکرا و پێویستییەکان.

٢. **العلوم النظرية**: زانستە تێڕوانینەکان.

هەردوو ئەم ڕێگا سەرەکیانە مرۆڤەکان دەگەیەنێتە متمانە و یەکلاکاری و دڵنیایی لە شتەکاندا، بەو مەرجەی کە عەقڵ پێشوەختە بەرنامەڕێژی و گوماناوی نەکرابێت، بەڵکوو بەو سروشت و بێگەردییەی خۆیەوە مابێتەوە، خۆ ئەگەر پیس کرابێت ئەوا وەکوو زەوییەك وایە کە پیس بووبێت و خاوەنەکەی بیەوێت پاکی بکاتەوە و سەرلەنوێ چاندنی تیادا ئەنجام بدات، کە لەچاو زەوییەکی پاك و بێگەرددا تا ڕادەیەك ئەستەمە و متمانەی سەرهەڵدانەوەی پیسییەکانی هەر هەیە، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَٱلۡبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخۡرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذۡنِ رَبِّهِۦۖ وَٱلَّذِي خَبُثَ لَا يَخۡرُجُ إِلَّا نَكِدٗا﴾ [الأعراف: ٥٨]. زەوی پاك بەرهەمی پاکە و زەوی پیسیش بەرهەمی پیسە.

ڕێگای عەقڵیش بۆ بەکارهێنانی هەردوو جۆرە زانستەکە دەبێت بەم شێوەیە بێت بە هەستەکان لە بینین و بیستندا ...، کە دەتوانێت پێداچوونەوەیەکی ڕیزبەندی بەدوای یەکدا بۆ شتەکان بکات، پاشان پەیوەندییەکانی بەشەکان بەیەکەوە بگەیەنێت و پێوانەی دەکات بە نەبیناوەکانەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە پەیوەستی بکات بە هاوشێوەکەیەوە، وە پەلەکان بگەیەنێت بە بنەماکانیەوە و پەیوەستکراوەکان بە پەیوەستەکانەوە و کارەکان بە هۆکارەکانەوە ... هەتا دوایی هەموو جۆرە کارە عەقڵییەکان بەکاربهێنێت، تاوەکوو ئەنجامێکی ڕاست و دروست دەدات بەدەستەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەستەم بێت لەخۆگری هەڵە و نەپێکاندن، لە ئەگەری بەکارنەهێنانی هەر بەشێکدا ئەنجامەکەی هەڵە دەردەچێت و دەبێتە هۆکاری گومڕایی.

ئەوەشمان لەبیربێت عەقڵ وەکوو هەموو سیفاتەکانی تر کامڵ نییە و سنوور و توانای خۆی هەیە و ناتوانێت تێی پەڕێنێت، ئادەمیزاد و عەقڵ دروستکراون (مخلوق) و دەژین و دەشمرن بەیەکەوە، تـوانای شتە ماددیـەکانی هەیـە لە دەرکپێکـردندا، وە کـۆت کـراوە لە ئاسـتی بـابەتە

غەیبییەکاندا.

خۆ ئەگەر وانەبێت ئەوا پێویستی بە پێغەمبەران و وەحی خوایی نەدەبوو، لەبەرئەوە لەو دوو بەشە زانستە بترازێت بەشی سێیەمیان هەیە لە زانستە عەقڵییەکان کە ئەویش (الخبر الصادق) هەواڵی ڕاست و دروستە، وەکوو فەرموودەی خوا و پێغەمبەرەکان ﷺ لەسەر بابەتە غەیبییەکان کە هیچ سەرچاوەیەکی تر نییە بێجگە لەم دوانە نەبێت.

ئەگەرچی پێگەی دەقە شەرعییەکانیش چوار پێگەن:

یەکەم: قطعي الثبوت والدلالة: دەقە دڵنیاییەکان لەڕووی سەلێنراوی و واتاکارییانەوە.

دووەم: قطعي الثبوت ظني الدلالة: دەقە دڵنیاییەکان لەڕووی سەلێنراوییەوە بەڵام واتاکانیان یەکلاکەرەوە نین و گومان هەڵگرن.

سێیەم: ظني الثبوت قطعي الدلالة: بە پێچەوانەی پێشووەوە.

چوارەم: ظني الثبوت ظني الدلالة: لەڕووی بنەمایی بەڵگەوە شوێنی گومانە، وەکوو فەرموودەی (ضعيف) یاخود ئایەتی (متشابه)، وە لەڕووی واتاکاریشەوە هەر شوێنی ڕای جیاواز و یەکلانەکراوەیە.

ئەگەرچی لە بەڵگە زانستییەکانی ئەمڕۆشدا بە هەمان شێوەیە و ئەم چوار جۆرە دابەشکارییە لەخۆدەگرێت، ئیتر ئەگەر تاقیگەی پزیشکی بێت یاخود پیشەسازی بێت یاخود ئەندازیاری بێت.

بەڵام ئەوەی شوێنی سەرنجە ئەوەیە هەرکاتێك دژایەتی لە نێوان بەڵگە شەرعییەکان و بەڵگە عەقڵی یاخود زانستە (تجريبي)یەکاندا ڕوویدا ئەوە دەبێت بەم چوار ڕێگەیە یەکلایی بکرێتەوە:

یەکەم: دەبێت بەدواداچوونێکی وورد بکرێت لە نێوان بەڵگەکاندا، بۆ سەلماندنی بوونی دژایەتی و پێچەوانەیەتی نێوان ئەو دوو جۆرە بەڵگە شەرعی و زانستییانە، تاوەکوو بە دڵنیاییەوە بوونی دژایەتی و نەگونجاندن بسەلێنرێت، نەك ئەو نەگونجاندنە وەهمی و هەڵە تێگەیشتن بێت لە یەکێك لەو دوو جۆرە بەڵگانە.

دووەم: بە هیچ شێوەیەك بوونی دژایەتی نێوان دوو بەڵگەی شەرعی (قطعي الدلالة والثبوت) یەکلاکراوە و دڵنیا لە ڕووی ڕێگاکەی و واتاوە؛ بوونی نابێت و نییە، لەبەرئەوەی حەقیقەتەکانی کەونی و شەرعی (القدر الكوني والقدر الشرعي) لە یەك سەرچاوەوە هاتووە و هەڵە قبوڵ

ناكات، ئەو خوايەی كە كەون و بوونەوەرەكانی بەدی هێناوە و دەيانبات بەرێوە و لەخۆگری هيچ هەلّە و كەموكورتی و ناتەواوييەك نين و هەموويان بەلّگەن و ئايەتن لەسەر كاملّی و حەقيقەتی پەروەردگاری زانا و داهێنەر، ئەستەمە لەو خوايە و لە رێگەی پێغەمبەرەكەيەوە هەلّە و كەموكوڕی و نەپێكاندن لە قەدەر و ياسا شەرعييەكانيەوە بوونی هەبێت.

سێيەم: خۆ ئەگەر دژايەتييەك بوونی هەبێت؛ بەلاّم لايەك لە بەلّگەكان (قطعي) و دلّنيايی بێت و ئەويتريان (ظني) و لەخۆگری گومان بێت؛ ئەوا (قطعي) هەركامێكيان بێت دەبێت ئەوەيان پێشبخرێت بەسەر ئەويتريانداا.

چوارەم: لە ئەگەری دژايەتی نێوان دوو جۆر بەلّگەی جياواز وەكوو (شەرعی و زانستی) ئەگەر هەردووكيان جۆری گومان (ظني) بن، ئەوا دەشێت يەكێكيان بەسەر ئەويتريانداا پێشبخرێت، ياخود هەرجاری يەكێكيان پێشبخرێت لە چەند حالّەتێكی دياريكراودا كە پێويستە[1].

عەقلّ گەورەترين نيعمەت و بەهرەی خواييە كە بەخشيويەتی بە ئادەميزاد، تا ببێتە بەلّگە و رێنموونی و نەمانی پاساوی مرۆڤەكان بۆ تێگەيشتنی شتەكان و دلّنيايی لەسەريان، خۆ ئەگەر پێغەمبەرانيشی نەناردايە و كتێبەكانيشی دانەبەزانداياە؛ مرۆڤەكان هەر بە عەقلّ دەيانتوانی باوەڕ بە خوا بكەن و بە شاييستەی پەرستنی بزانن، هەر تێڕوانينی دروستكراوەكانی چواردەور و بوونی هەموو نيعمەتەكانی سەر زيانی ئادەميزاد؛ بەلّگەی عەقلّييە لەسەر بوونی (خالق) و پەرستنی.

(ابن القيم) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەلّێت: قال تعالى: ﴿ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ﴾ [البَقَرَة : ٢١]. ولم يقل إلهكم، والرب هو السيد والمالك والمنعم والمربي والمصلح، والله تعالى هو الرب بهذه الاعتبارات كلها، فلا شيء أوجب في العقول والفطر من عبادة من هذا شأنه وحده لا شريك له[2].

واتە: خوای پەروەردگار دەفەرموێت (اعبدوا ربكم)، نەيفەرموو (إلهكم)، لەبەرئەوەی (الرب) گەورە و خاوەن نيعمەت و بەرێوەبەر و رێكخەری بوونەوەرەكانە، ئەوەيشی وابێت ئەوا لە عەقلّ و (فطرة)دا هەر ئەوە شاييستەی پەرستنە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَا لِيَ لَآ أَعۡبُدُ ٱلَّذِي فَطَرَنِي

(١) "الإلحاد فرضية في أزمة" لأحمد محمد بلقيس ص١٤٢، ١٤٣.

(٢) "بدائع الفوائد" لابن القيم (٤/ ١٣٢).

وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٢٢﴾ [يٰسٓ : ٢٢]. **بۆچی ئەوە نەپەرستم کە دروستی کردووم؟! ئەمە بۆخۆی بەڵگەیەکی عەقڵییە لەسەر مرۆڤەکان.**

بەکارنەهێنانی بەڵگە عەقڵییەکان دەبێتە هۆکاری گومڕاییەکان، وەکوو خۆیان دەڵێن ﴿وَقَالُواْ لَوۡ كُنَّا نَسۡمَعُ أَوۡ نَعۡقِلُ مَا كُنَّا فِيٓ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴿١٠﴾﴾ [الملك : ١٠]. **ئەگەر بمانبیستایە و عەقڵمان بەکاربهێنایە ئێستا لە ئەهلی دۆزەخ نەدەبووین.**

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێت:** وَالْقُرْآنُ يُبَيِّنُ الْأَدِلَّةَ الْعَقْلِيَّةَ الدَّالَّةَ عَلَى ذَلِكَ. وَيُنْكِرُ عَلَى مَنْ لَمْ يَسْتَدِلَّ بِهَا. وَيُبَيِّنُ أَنَّهُ بِالْعَقْلِ يَعْرِفُ الْمُعَادَ وَحُسْنَ عِبَادَتِهِ وَحْدَهُ وَحُسْنَ شُكْرِهِ وَقُبْحَ الشِّرْكِ وَكُفْرَ نِعَمِهِ[1]. **واتە قورئان بەڵگەکارییان دەکات لەسەر بابەتە غەیبییەکان، وە دژایەتی ئەوانە دەکات کە بەو بەڵگە عەقڵییانە تێناگەن لەوەی کە ڕۆژی دوایی هەیە و عیبادەتکردنی خوا پێویستە و سوپاسگوزاری خاوەن نیعمەت و پەرستنی پێویستە، پێچەوانەکانیشی لە شەریك بۆ بڕیاردان و باوەڕپێنەبوونی گومڕایی و هەڵەیە.**

بۆ سەلماندنی تەوحید و پەرستنی پەروەردگاری بێ هاوتا گەورەترین و ڕوونترین بەڵگەکان بەڵگە عەقڵییەکانە، وەحی خواییش تەواوکاری تێگەیشتنە عەقڵییەکانە و پشتیوان و شیکار و ڕێنموونیکاریەتی، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: ﴿لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُ﴾ [الأعراف : ٥٤]. **هەموو دروستکراوەکان و فەرمانی بەڕێوەبردنیان بەس بۆ خوایە، عەقڵیش لە دروستکراوەکانە و وەحیش لە فەرمانەکانی خوایە و هەردووکیان سەرچاوە و گەڕانەوەیان بۆلای خوایە، وە هەرشتێکیش وابێت بنەما تیایاندا گونجاندن و پشتیوانییە نەك جیاوازی و دژایەتی، بۆیە لێرەدا عەقڵ کاری تەنها وەرگرتنە لەو شتانەی کە خۆی توانای دەرکپێکردنی نییە وەکوو بابەتە غەیبییەکان و ووردەکارییە عەقیدەییەکان کە ئیمان لەسەریان وەستاون.**

(ابن القيم) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێت:** إن تجويز معارضة العقل للوحي يوجب وصف الوحي بضد ما وصفه الله به[2].

واتە: ئەوانەی کە بە گونجاویان زانیوە عەقڵ دژایەتی وەحی بکات ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٦/ ٢٥٣).
(٢) "الصواعق المرسلة" لابن القيم (٢/ ٧٣٥).

وەسفانەی خوای پەروەردگار بۆ قورئانی کردووە بەو شێوە نەبێت.

لەوانە قورئان هیدایەت و شیفای گومانەکانە لە نەزانین و دوودڵی، یاخود نووری چاو و دڵەکانە ﴿جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا﴾ [الشُّورَىٰ : ٥٢]، ﴿قَدْ جَآءَكُم بُرْهَٰنٌ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ [النِّسَآء : ١٧٤]، ﴿نَزَّلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ﴾ [آلِ عِمْرَان : ٣]، ﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلًا ﴿١٢٢﴾﴾ [النِّسَآء : ٥٤]. حەقترین و ڕاستترین بەڵگە و فەرموودەن، خۆ ئەگەر دژایەتی عەقڵ بکات ئەوا دەبێت لەخۆگری ئەو وەسفانە نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕاست و دروستی لەخۆگری ئەو وەسفانەیە، کەواتە دەبێت لەخۆگری هەموو بەڵگە عەقڵییەکانیش بێت.

وەك قورئان وەسفی خۆی دەکات: ﴿وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا﴾ [الْفُرْقَان : ٣٣]. واتە هەر نموونە و بەڵگەیەك بهێننەوە بە باشتر و شیکارتر ئێمە دەیهێنینەوە، وە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِى هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٍ﴾ [الزُّمَر : ٥٨]، [الزُّمَر : ٢٧]، ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ [الْحَشْر : ٢١]. هەموو نموونە و پەند و وتەیەکمان لە قورئاندا بۆ دابەزاندوون، هەموو ئەو نموونە و پەندانە دەینەخشێنین بۆ مرۆڤەکان بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری بیرکردنەوەیان.

ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوەی عەقڵ بەڵگەی خوایە لەسەر ئادەمیزاد بۆ وەرگرتنی فەرموودە و ڕێنماییەکانی، خۆ ئەگەر بە پاکی بمێنێتەوە و هیچ گومان و کاریگەرییەکانی لەسەر نەبێت ئەوا زۆر بە ئاسانی و سەلامەتی دەتوانێت هەموو وەحی خوایی وەربگرێت، بەڵام بە کەمترین (شرك وبدعة وكفر) شێواندن دروستدەبێت و ئەگەری توانینی وەرگرتن و دڵنیایی و خۆبەدەستەوەدان کەمتر دەبێت.

ڕێگای دووەم: ناخ پاکی (الفطرة)

ناخ و سروشت پاکی (فطرة) یەکێکە لەو دوو ڕێگایەی کە پەروەردگار لە ئادەمیزاددا دروستی کردووە و ڕێگان بۆ وەرگرتنی زانیاری و ڕێنموونی و هیدایەتی خوایی، لەم ڕێگایەشەوە وتارەکانی خوامان بە ئاسانی بۆ وەردەگیرێت، بە مەرجێك پیس نەکرابێت و ڕێگری تیادا نەچێنرابێت.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: كون الخلق مفطورين على دين الله، الذي هو معرفة الله والإقرار به، بمعنى أن ذلك موجب فطرتهم، وبمقتضاها يجب حصوله فيها، إذا لم يحصل ما يعوقها، فحصوله فيها لا يقف على وجود شرط، بل على انتفاء مانع[١].

واتە: مرۆڤەکان ڕاهاتوون لەسەر باوەڕبوون بە دینی خوا، ئەویش ناسینی خوایە و باوەڕپێکردنیەتی، بەو واتایەی ڕاهاتوویەکی ناخیانەیە، ئەو (فطرة) و باوەڕهێنانە دێتە دی ئەگەر ڕێگرییەك نەبێت لە ڕێیدا، خۆ ئەگەر ڕێگرییەك هەبوو ئەوا بەڵگەکاری ناوێت بۆ باوەڕبوون بە دینی خوا؛ بەڵکوو کارکردن و هەوڵدانی دەوێت بۆ نەهێشتنی ڕێگرییەکە.

کەواتە ئەو تێڕوانین و باوەڕبوونە بە خوا سەپێنراوە بەسەر بیر و هۆشدا بە شێوەیەك کە پێویستی بە بەڵگەکاری و تێڕوانین نییە، بێجگە لە ئامادەبوونی باوەڕبوون نەبێت کە ئەوەش بۆخۆی چێنراوە[٢].

مەبەستیشمان بە (فطرة) و سروشت پاکی ئەوەیە کە ئادەمیزاد خوا ڕایهێناوە لەسەر پەرستنی و خۆشەویستی بۆ حەقەکان، ئەم ڕێگایەش پێویستی بە بیرخستنەوە و ئاگادارکردنەوە هەیە تاوەکوو تاکە کەس بتوانێت بگەڕێتەوە سەری و پێچەوانەکەی وەرنەگرێت، کە گەڕاشەوە خۆی دەدات بەدەستەوە لەسەری بەبێ بەڵگە و بەڵگەکاری، لە ناخیدا چێنراوە خۆشەویستی حەق و خێر و خوا و بەندایەتی و ڕاستگۆیی و ڕاست و دروستی لە هەموو کارەکاندا و ناسینی (خالق ومخلوق) و ماف و ژیان و پێویستییەکانی ئادەمیزاد و چواردەوری.

هەروەها ڕقلێبوونی شەڕ و بەتاڵ و ستەم و زەوتکردن و دژایەتی خوا و نەپەرستنی و تاوان و سەرپێچی کردن و لادان و خراپە و زیانەکان، ئەمانەش لە ناخیدا چێنراوە.

ئەگەرچی ئەم مەعریفانە پەروەردگار چاندوویەتی لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا بەبێ فێربوون و خوێندن و خۆشارەزاکردن، وەکوو منداڵ کە لەدایك دەبێت یەکسەر دەستی بۆ دەمی دەبات و هاوار بۆ پێویستییەکانی دەکات، وە دەگری لە ئاستی ستەم و زەوتکردنی حەزەکانی و هەڵسوکەوتی جۆراوجۆر دەکات بۆ ڕازیکردنی چواردەور و بەڕێکردنی کارەکانی.

---

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٨/ ٤٥٤).

(٢) "دلائل الربوبية" لأبو زيد محمد مكي ص٣٣.

لـەگەڵ هەموو قۆناغێکی تەمەنیدا ئەم مەعریفانە فراوانتر و جیاوازتر دەبن.

بەڵام لـەگەڵ کاریگەرییەکانی چواردەوریدا نەفس و ناخی مرۆڤەکان دەشێت لـەبیرچوون و بێئاگایی و کەم و کورتی لـەم مەعریفانەدا دروستببێت، بەڵام بە بیرخستنەوە و ئاگادارکردنەوە و ڕێنموونیکردن پەردەی نەزانین و بێئاگایی لـەسەریان لادەچێت، ئەمانەش پێویستیان بە کۆمەڵێك هۆکار هەیە کە بە ڕێگەی سەلامەتی هەستەکان و بوونی عەقڵێکی تەواو ڕێنموونی بکرێت.

ئەم مەعریفە و زانیارییانەی (فطرة) و ناخ پاکی پەیوەستە بە زانیاری جۆری (العلم الضروري البديهي)یەوە، ئەو زانیارییانەی کە پێویستیان بە هیچ بەڵگەکارییەك و سەلماندنێك نییە، بەڵکوو خۆیان سەلمێنەرن.

وە (عبد الرحمن بن يحيى المعلمي اليماني) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أما الفطرة فأريد بها ما يعم الهداية الفطرية، والشعور الفطري، والقضايا التي يسميها أهل النظر ضروريات وبديهيان، والنظر العقلي العادي وأعني به ما تيسر للأميين ونحوهم[1]. واتە (فطرة) و سروشت پاکی ئەو هەست و مەعریفەیەیە کە دەبێتە هۆکاری گشتی هیدایەت، وە ئەو هەستە ناخییانە و ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە زانایان پێیان دەڵێن (ضروريات وبديهيات)، ئەو تێگەیشتنە سادانەیە کە نەخوێندەوارەکان کارئاسانییان بۆ کراوە تاوەکوو لـەو ڕێگەیەوە لـە شتەکان تێبگەن، بۆ نموونە شوێن پێیەك ببینن دەزانن خاوەنی هەیە، بە تێڕوانین لـە ئاسمان و زەوی و گیانلـەبەران و هەموو جۆری بوونەوەرەکان دەزانن کە دەبێت (خالق) و بەڕێوەبەرێکیان هەبێت، ستەمەکان و خراپەکارییەکان ... دەزانن کە دەبێت خاوەنەکانیان تۆڵـەیان لێ بسەنرێتەوە، وە ڕاستگۆیی و ڕاست و دروستی و چاکە و یارمەتی و خۆشەویستی ... دەبێت خاوەنەکانیان شاییستەی ڕێز و خۆشەویستی بن و پاداشت بکرێن.

ئەم مەعریفە (فطرة)یانەیە کە عەقڵ دەگەڕێتەوە سەریان و بە بنەمای ئەمانە دەتوانێت لـە شتەکان تێبگات، وە بگرە هەموو دڵنیایی و (يقينيات) لـە (فطرة) هەیە و بگرە ڕەهایە، بەڵکوو گومان و نەپێکاندن لـە زانیارییە عەقڵییەکاندا زۆرینەیە.

---

(١) "القائد إلى تصحيح العقائد" وهو القسم الرابع من كتاب: "التنكيل بما تأنيب الكوثري من الأباطيل" لعبد الرحمن بن يحيى بن علي بن محمد المعلمي العتمي اليماني ص٣٧.

هەروەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فإن الله تعالى نصب على الحق الأدلة والأعلام الفارقة بين الحق والنور وبين الباطل والظلام، وجعل فطر عباده مستعدة لإدراك الحقائق ومعرفتها، ولولا ما في القلوب من الاستعداد لمعرفة الحقائق، لم يكن النظر والاستدلال ولا الخطاب والكلام، كما أنه سبحانه جعل الأبدان مستعدة للاغتذاء بالطعام والشراب، ولولا ذلك لما أمكن تغذيتها وتربيتها وكما ان في الأبدان قوة تفرق بين الغذاء الملائم والمنافي، ففي القلوب قوة تفرق بين الحق والباطل أعظم من ذلك[1].

واتە: خوای پەروەردگار لەسەر حەقەکان بەڵگە و نیشانەیەکی زۆری ئاشکرا و جیاوازکاری دروستکردووە کە بەو هۆیەوە جیاوازی نێوان حەق و بەتاڵ و ڕووناکی و تاریکی دەکرێت، وە مرۆڤەکانیشی ڕاهێناوە لەسەر وەرگرتن و ناسین و یەکلاکردنەوەی حەقیقەتەکان لەسەر ئەو ڕێگایە، خۆ ئەگەر لە دڵەکاندا ئەو ئامادەکاری و ناسین و مەعریفانە پێشوەختە نەبوایە ئەوا بە هیچ شێوەیەك قسە و باس و تێڕوانینە عەقڵییەکان بوونی نەدەبوو.

هەروەك خوای پەروەردگار لاشەی مرۆڤی وا ڕەخساندووە کە ئامادە بێت بۆ وەرگرتنی خواردن و خواردنەوە و خۆراکی تەندروست، ئەوکات قابیلی ئەوەیە خواردن و خواردنەوەی بدرێتێ، وە ئەو توانا و بەخشینە دراوە بە لاشە کە جیاکاری بکات لە نێوان خۆراکی تەندروست و ناتەندروست و خراپ و چاکدا بۆ لاشە، بە هەمان شێوەش لە دڵدا زۆر لەوە زیاتر توانا و هێز دراوە بۆ جیاکاری و ناسینی نێوان حەق و بەتاڵ و خێر و شەڕ، ئەمانە هەمووی ڕاهاتن و (فطرة)ی خواییە.

وە بگرە: فَإِنَّ مَبْنَى الْعَقْلِ عَلَى صِحَّةِ الْفِطْرَةِ وَسَلَامَتِهَا وَمَبْنَى السَّمْعِ عَلَى تَصْدِيقِ الْأَنْبِيَاءِ[2]. **بنەمای زانیارییە عەقڵییەکان لەسەر سەلامەتی زانیاریيە (فطري)یە ناخییە سروشتییەکانە، هەروەك چۆن بنەما لە باوەڕبوون بە ئایەتەکانی خوا باوەڕبوون و بەڕاست زانینی زانستی پێغەمبەرانە.**

---

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٥/ ٦٢).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٢٢٦).

بنەماش لە مەعریفە (فطرة)یيەكاندا بوونی ئەو زانستە (فطرة)یانەیە كە لە ئادەمیزاددا چێنراوە، نەك هەوڵدانە بۆ هێنانەدی و بەدەستهێنانی، بەڵكوو بنەما لە كاركردنی ئەو مەعریفە (فطرة)یانەدا نەبوونی ڕێگرییەكانیەتی تاوەكوو بە سروشتی خۆی كار بكات، گەر نا پێویستی بە فێربوونی دەرەكی نییە، مەگەر ڕووبكاری زیاتر نەبێت.

(**ابن تيمية**) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێت**: والكتاب والسنة دل على ما اتفقت عليه من كون الخلق مفطورين على دين الله، الذي هو معرفة الله والإقرار به، بمعنى أن ذلك موجب فطرتهم، وبمقتضاها يجب حصوله فيها، إذا لم يحصل ما يعوقها، فحصوله فيها لا يقف على وجود شرط، بل على انتفاء مانع.

ولهذا لم يذكر النبي صلى الله عليه وسلم لموجب الفطرة شرطاً، بل ذكر ما يمنع موجبها، حيث قال: «**كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ، أَوْ يُنَصِّرَانِهِ، أَوْ يُمَجِّسَانِهِ**»، كما قال تعالى: ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ۞ مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَٱتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا ۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ [الروم: ٣٠-٣٢]، فأخبر أن المشركين مفترقون[1].

واتە: بەڵگەكانی قورئان و سوننەت بەڵگەن لەسەر ئەوەی مرۆڤەكان ڕاهاتوون لەسەر وەرگرتنی دینی خوا و ناسینی، ئەوە سروشتی ناخ پاكییانە، هەر بە بوونی (فطرة) دینداری دێتە دی ئەگەر ڕێگرییەكان و كۆسپەكان نەبێت.

هاتنەدی دینداری و وەرگرتنی لە (فطرة)ی مرۆڤەكاندا هیچ مەرجێكی تیادا نییە كە بەزۆر دروستكرابێت، بەڵكوو كاركردنی (فطرة) پەیوەستە بە نەبوونی ڕێگرییەكانەوە، لە نەبوونی ڕێگرییەكان (فطرة) خودی خۆی ڕاهاتووە لەسەر وەرگرتنی دین.

بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ **بۆ هێنانەدی دینداری و پەیوەستبوون پێوەی مەرجكاری بۆ**

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٨/ ٤٥٤).

سەلماندنی (فطرة) باس نەکردووە، بەڵکوو هۆکاری نەهێنانەدی و ڕێگرییەکانی (فطرة)ی باسکردووە، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الفِطْرَةِ، ...». هەموو کەسێکی لەدایکبوو لەسەر باوەڕبوون بە دینی حەقی خوا و ڕاستییەکان ڕاهێنراوە، بەڵام کاریگەری چواردەوری گۆڕانکاری تیادا دروستدەکات وەکوو ڕاهێنان و کارلێکردنی تا ببێتە جوولەکە و گاوور و ئاگر پەرست، نەك ببێتە موسوڵمان، بۆیە دەبینین باسی ئیسلامی تیادا نییە، لەبەرئەوەی لە ناخ و سروشتیدا خۆی لە خۆیدا ئامادەکاری وەرگرتنی ئیسلامی هەیە، هەروەك پەروەردگار لەو ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا...﴾ واتە ڕوو بکەنە ئەو خوایەی کە ئێوەی ڕاهێناوە لەسەر پەرستنی، وەکوو موشریکەکان مەبن کە خەڵکیان پارچە پارچە کرد و ترازاندیانن لە ڕێگەی حەق.

کەواتە هەموو هۆکاری وەرنەگرتنەکان: فإذا لم يوجد فهو لوجود منافيه لا لعدم مقتضيه[1]. نەهاتنەدی دینی حەق و ئیسلام لە کەسەکەدا بە هۆکاری دژ و پێچەوانەکانیەوەیەتی نەك لەبەر هۆکاری نەتوانینی وەرگرتنی بێت، بەڵکوو توانای وەرگرتن ئامادەکاری بۆ کراوە لەلایەن خواوە کە (فطرة)یە.

(ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: لَيْسَ الْمُرَادُ بِقَوْلِهِ «يُولَدُ عَلَى الفِطْرَةِ» أَنَّهُ حِينَ خَرَجَ مِنْ بَطْنِ أُمِّهِ يَعْلَمُ هَذَا الدِّينَ، وَيُرِيدُهُ، فَاللَّهُ أَخْرَجَنَا مِنْ بُطُونِ أُمَّهَاتِنَا لَا نَعْلَمُ شَيْئًا، كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿وَاللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْـًٔا﴾ [النَّحل: ٧٨]، وَلَكِنَّ الْمُرَادَ أَنَّهُ فِطْرَتُهُ سُبْحَانَهُ مُوجِبَةٌ مُقْتَضِيَةٌ لِمَعْرِفَةِ دِينِ الْإِسْلَامِ، وَمَحَبَّتِهِ، فَفُطِرُوا عَلَى فِطْرَةٍ مُسْتَلْزِمَةٍ لِلْإِقْرَارِ بِالْخَالِقِ، وَمَحَبَّتِهِ، وَإِخْلَاصِ الدِّينِ لَهُ، وَمُوجِبَاتُ الْفِطْرَةِ وَمُقْتَضَيَاتُهَا تَحْصُلُ شَيْئًا بَعْدَ شَيْءٍ بِحَسَبِ كَمَالِ الْفِطْرَةِ إِذَا سَلِمَتْ عَنِ الْمُعَارِضِ[2].

واتە: مەبەست بە (فطرة) ئەوە نییە کە منداڵ لەگەڵ لەدایکبوونیدا شارەزای دین و خواناسییە، لەبەرئەوەی خوا دەفەرموێت لە سکی دایکتان دەردەچن هیچ شتێك نازانن، بەڵکوو

(١) "شفاء العليل" لابن القيم ص٣٠٣.

(٢) "أحكام أهل الذمة" لابن القيم (٢/ ١٠٢٠)، و "شفاء العليل" لابن القيم ص٢٨٩.

مەبەست پێی ئەوەیە کە (فطرة) و ناخی کەسەکە ڕەخساوە بۆ ناسینەوەی دینی حەقی ئیسلام و خۆشەویستی بۆی، وە ڕاهاتوون بەوەی باوەڕ بکەن بە خوا و ڕووی تێبکەن، بۆخۆی ئەم باوەڕپێکردنە خۆشەویستییە بۆی، پەیتا پەیتا دروستدەبێت بۆ خاوەنەکەی بەگوێرەی سەلامەتی (فطرة) و نەبوونی ڕێگرییەکانی.

(فطرة) ئەوە دەزانێت کە کاتێك داوای لە خوا کرد دەست بۆ سەرەوە بەرز بکاتەوە، وە کاتێك پێویستی پێی بوو ڕووی تێبکات و بەس داوا لەو بکات، وە ئەگەر ڕووداو و کاری گەورە ڕووبدات لە بوونەوەردا دەزانێن کە ئەو خاوەنیەتی، ئەوەش دەزانێت کە دروستکردنی ئادەمیزاد و مردنی هەر ئەو خاوەنیەتی، وە دڵنیایە لەوەی هەرچی سیفەتی کاملّە شاییستە بەوە، وە هەر ئەو خاوەنی هەموو بوونەوەرەکان و بەڕێوەبەریانە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** فَإِنَّ الْفِطْرَةَ تُعْلِمُ الْأَمْرَ مُجْمَلًا وَالشَّرِيعَةُ تُفَصِّلُهُ وَتُبَيِّنُهُ وَتَشْهَدُ بِمَا لَا تَسْتَقِلُّ الْفِطْرَةُ بِهِ[1]. **(فطرة) بە کورتی دەڵێ بە کارەکان دەکات، وە شەرعی خوا ڕوونکاری و شیکاری ووردی بۆ دەکات بە شێوەیەك (فطرة) بەتەنیا خودی خۆی توانای ناسینی نییە.**

لەگەڵ ئەوەشدا: ولكن قد يعرض للفطرة ما يفسدها، فتحتاج حينئذٍ إلى النظر، فهي في الأصل ضرورية، وقد تكون نظرية ... فيجب النظر لما طرأ على الفطرة من الفساد[2]. **دەشێت کارێك بەسەر (فطرة)دا بێت لێی تێکبدات و بیشێوێنێت، ئەوکات پێویستی بە تێڕوانینی زانستە (ضرورية) پێویستییەکان بێت، وە هەندێ جاریش پێویستی بە زانستە عەقڵییەکان بێت و خوێندنەوە و بەدواداچوونی بۆ بکات، تاوەکوو ئەو تێکدان و شێواندن و زیانەی لەسەریەتی لابچێت و ڕێنموونی بکات.**

نموونەی (فطرة) وەکوو: مَثَلُ الْفِطْرَةِ مَعَ الْحَقِّ: مَثَلُ ضَوْءِ الْعَيْنِ مَعَ الشَّمْسِ وَكُلُّ ذِي عَيْنٍ لَوْ تُرِكَ بِغَيْرِ حِجَابٍ لَرَأَى الشَّمْسَ وَالِاعْتِقَادَاتِ الْبَاطِلَةَ ... مَثَلُ حِجَابٍ يَحُولُ بَيْنَ الْبَصَرِ

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ٤٥).

(٢) "مجموعة الرسائل الكبرى" لابن تيمية (٢/ ٣٤١)، وانظر "مجموع الفتاوى" (٦/ ٧٣).

وَرُؤْيَةِ الشَّمْسِ. وَكَذَلِكَ أَيْضًا كُلُّ ذِي حِسٍّ سَلِيمٍ يُحِبُّ الْحُلْوَ إِلَّا أَنْ يَعْرِضَ فِي الطَّبِيعَةِ فَسَادٌ يُحَرِّفُهُ حَتَّى يُجْعَلَ الْحُلْوُ فِي فَمِهِ مُرًّا[١]. **(فطرة) و حەق وەکوو بینینی چاو و تیشکی ڕۆژە، هەموو چاوێك توانای بینینی ڕۆژی هەیە ئەگەر پەردە و ڕێگریەکان والاّ بکرێت لە نێوانیاندا، بیرورا بەتالّەکان وەکوو ئەو پەردە و ڕێگرییانە وایە، هەموو خاوەن هەستێکی سەلامەت حەزی بە شیرینییە مەگەر هۆکارێك سروشت و تەندروستی تێکبدات و ببێتە هۆکاری ئەوەی شیرینی لە دەمیدا بکاتە تالّی.**

پێغەمبەرانیش ﷺ: الرُّسُلُ إِنَّمَا تَأْتِي بِتَذْكِيرِ الْفِطْرَةِ مَا هُوَ مَعْلُومٌ لَهَا وَتَقْوِيَتِهِ وَإِمْدَادِهِ وَنَفْيِ الْمُغَيِّرِ لِلْفِطْرَةِ. فَالرُّسُلُ بُعِثُوا بِتَقْرِيرِ الْفِطْرَةِ وَتَكْمِيلِهَا لَا بِتَغْيِيرِ الْفِطْرَةِ وَتَحْوِيلِهَا. وَالْكَمَالُ يَحْصُلُ بِالْفِطْرَةِ الْمُكَمَّلَةِ بِالشِّرْعَةِ الْمُنَزَّلَةِ[٢]. **پێغەمبەران کاریان بیرخستنەوە و ئاشناکردنی مرۆڤەکانە بەو شتانەی کە ئاشنا و شارەزان پێی بە ڕێگەی بیرخستنەوەیان، وە کاریان لابردن و ڕەواندنەوەی ڕێگرییەکانە، کەواتە ناردنی پێغەمبەران بۆ کاملّبوونی زانستە (فطرة)یەکانە نەك گۆڕین و لادانی، وە ڕێگەی کاملّبوون بۆ ئادەمیزاد ڕێگەی بەهێزکردنی زانستە (فطرة)یەکانە کە بە هۆکاری زانستە شەرعییەکانەوە تەواوکار و کارامە دەبێت.**

بەڵگەکانی سەلماندنی بوونی (فطرة) لای ئادەمیزاد[٣]

١. ڕێگەی بیرخستنەوەی مرۆڤەکان کە بناغەیە بۆ گەڕانەوە سەری: وەك (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** ولذلك سمى الله سبحانه ما كمل به موجبات الفطرة بذكر أوذكرى وجعل رسوله مذكراً فقال: ﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ﴾ [الغَاشِيَة: ٢١]، وقال: ﴿فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكْرَىٰ﴾ [الأعلى: ٩]، وقال: ﴿وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ﴾ [غَافِر: ١٣]، وقال: ﴿وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ [البَقَرَة: ٢٦٩]، وقال: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُۥ قَلْبٌ﴾ [قٓ: ٣٧]، وقال: ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾ [القَمَر: ١٧]، وقال: ﴿فَإِنَّمَا يَسَّرْنَٰهُ بِلِسَانِكَ لَعَلَّهُمْ

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ٢٤٧). (٣) "الفطرة حقيقتها ومذاهب الناس" لعلي عبد الله القرني ص٤٣ – ٦٣.
(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٦/ ٣٤٨).

يَتَذَكَّرُونَ﴾ [الدخان: ٥٨]، وهذا كثير في القرآن يخبر أن كتابه ورسوله مذكر لهم بما هو مركوز في فطرهم من معرفته ومحبته وتعظيمه وإجلاله[١].

واتە: خوای پەروەردگار هۆکارەکانی کاملبوونی (فطرة)ی ناوبردووە بە یادخستنەوەوە، وە پێغەمبەرانی ناوبرووە بە یادخەرەوە: ﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ﴾ واتە بیریان بخەرەوە، تۆ تەنیا کاری بیرخستنەوەت لەسەرە، ﴿وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ ئەوانەی باش بیریان دەکەوێتەوە خاوەن کاملترین عەقڵن، ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُۥ قَلْبٌ﴾ ئەمە کاری بیرخستنەوەیە بۆ کەسێك دڵی کارامە بێت، ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾ دارشتن و خوێندنەوەی قورئانمان ئاسان کردووە بۆ بیرخستنەوە، ئایا کەسانێك هەن کە بیانەوێت بیریان بکەوێتەوە؟!

کەواتە بیرخستنەوە کاتێك دەبێت کە کۆمەڵێك مەعریفە و زانیاری بوونی هەبێت وەکوو بنەما و بناغەیەك تاوەکوو بچێتەوە سەری.

لە بەرامبەر ئەم کاری بیرخستنەوەیەشدا باسی لەبیرچوونەوەی زانیاریەکان دەکات و ئاماژەیان بۆ دەکات، وەك دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ﴾ [الأنعام: ٤٤]. واتە کاتێك ئەو زانیارییانەیان لەبیرکرد کە پێمان بەخشیبوون، وە دەفەرموێت: ﴿قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ﴾ [طه: ١٢٦]. واتە ئایەتەکانی ئێمەت لەبیر کرد و تۆش لەم ڕۆژەدا لەبیر دەکرێیت. وە ﴿نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ﴾ [التوبة: ٦٧]. واتە خوایان لەبیرکرد، خواش ئەوانی لەبیرکرد.

٢. لە بەڵگەکانی (فطرة) پەنابردنە بۆ خوا لە کاتی بەڵا و ناخۆشییەکاندا ﴿فَإِذَا رَكِبُواْ فِي ٱلْفُلْكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ [العنكبوت: ٦٥]. واتە کاتێك کە سواری بەلەم دەبوون لەناو دەریادا ترسناکییەکیان تووش دەبوو هاوار و پەنایان بۆ خوا بە تەنیا دەبرد گومان نابرێت دروستکراوەکان پەنا نابەنە بەر خوا لە کاتی ناخۆشییەکاندا مەگەر لە ناخ و سروشتیاندا نەچێنرابێت ناسینی خوا و باوەڕبوون پێی.

(١) "شفاء العليل" لابن القيم ص٢٩٠.

٣. کۆمەڵگەیەك بەبێ دین بوونی نییە لەسەر زەویدا، ئەمەش بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر ئەو مەعریفییە (فطرة)یانەی ئادەمیزاد کە وێڵە بەدوای پەرستنێکی حەقیقیدا.

وەکوو (هنري برجسون) دەڵێت: قد نرى في الماضي، أو في الحاضر، مجتمعات إنسانية لا حظ لها من علم أو فن أو فلسفة، ولكن لا نعرف مجتمعاً لا دين له[1]. **واتە کۆمەڵگایەك نابینین بێ دین، بەڵام دەیانبینین بەبێ شارستانی و قوتابخانە ... .**

٤. خۆ ئەگەر پرسیار بکرایە لە بێبڕواکان: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴾ [العنكبوت : ٦١]. **کێ ئاسمان و زەوی و ڕۆژ و مانگی دروستکردووە؟ موشریکەکان لە ناخی دەروونیانەوە دەیانوت خوای پەروەردگار و نکوولێیان لێ نەدەکرد.**

٥. پەیمان وەرگرتن هەر لە ئەزەلەوە لە ئادەمیزادەکان کە دەبێت خوا بپەرستن و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، کە ئەم پەیمانە لەسەر بوونی مەعریفەیەکی پێشوەختە وەرگیراوە، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ شَهِدْنَآ﴾ [الأعراف : ١٧٢]. **خوای پەروەردگار پەیمانی لە هەموو نەوەکانی ئادەمیزاد وەرگرت، فەرمووی ئایا من پەروەردگار و دروستکار و بەڕێوەبەری ئێوە نیم؟! وتیان بەڵێ شایەتی دەدەین، ئەم دانپیادانانەیان بە ناسینی خوا و وادەی پەرستنی خۆ ئەگەر لە ناخیاندا نەچێنرابێت چۆن ئەم شایەتییە دەدەن؟! وە چۆن ئەم شایەتی و پەیمانە ﴿بَلَىٰ﴾ بەبێ بنەما و مەعریفەی پێشوەختە وەردەگیرێت؟!**

٦. خوای پەروەردگار باس لە دروستکردنی (فطرة) دەکات کە ئادەمیزادەکانی لەسەر دروستکردوون: ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ﴾ [الروم : ٣٠]. **ڕوو بکەنە دینی ئەو پەروەردگارەی کە ئادەمیزادی ڕاهێناوە لەسەر ناسینی، وە ئەم (فطرة) بەخشینە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت.**

---

(١) "الفطرة" لعلي عبد الله القرني ص٥٩.

وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ، أَوْ يُنَصِّرَانِهِ، أَوْ يُمَجِّسَانِهِ»[(١)].

واتە: هەموو منداڵێك كە لەدایك دەبێت لەسەر ناسینی خوا و پەرستنی لەدایك دەبێت، بەڵام باوك و دایكی پێی دەگۆڕن بۆ جوولەكەیی و گاوورى و ئاگرپەرستی.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی بە ئیسلامبوون نەكردووە، لەبەرئەوەی ئەوە (فطرة)یە لای ئادەمیزاد، بەڵام ئاماژەی بە رێگرییەكانی كردووە كە جوولەكەیی و گاووریەتی و مەجووسیەتییە، بە لابردنی ئەم رێگرییانە دەچێتەوە سەر (فطرة)ەكە كە ئیسلامە.

وە خواى پەروەردگار جَلَّجَلَالُهُ لە فەرموودەیەكی قودسیدا دەفەرموێت: «خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ، وَإِنَّهُمْ أَتَتْهُمُ الشَّيَاطِينُ فَاجْتَالَتْهُمْ عَنْ دِينِهِمْ»[(٢)].

واتە: هەموو بەندەكانم بە پاكی دروستكردووە بەڵام شەیتانەكانی ئادەمی و جنەكان دەیانترازێنن لەسەر دینەكەیان.

٧. بەڵگەیەكی تر لەسەر (فطرة) لای ئادەمیزاد: ناردنی پێغەمبەران عليهم السلام بۆ هێنانەدی (توحيد الألوهية) نەك (توحيد الربوبية)، لەبەرئەوەی (ربوبية) لە (فطرة)ی مرۆڤەكاندا بوونی هەیە، وەك خواى پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ٢٥﴾ [الأنبياء: ٢٥]. واتە هەر پێغەمبەرێكمان پێش تۆ ناردبێت ناردوومانە بۆئەوەی بەس من بپەرستن و هاوبەشم بۆ بڕیار نەدەن.

---

(١) رواه البخاري (١٣٨٥)، ومسلم (٢٦٥٨)، وأبو داود (٤٧١٤)، والترمذي (٢١٣٨)، وأحمد في "المسند" (٧١٨١)، والبزار في "المسند" (٤٥١٥)، وأبو يعلى في "مسنده" (٦٣٩٤)، والطبراني في "الكبير" (٨٣٠)، والطيالسي في "مسنده" (٢٤٨٠)، والآجري في "الشريعة" (٣٩٦)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (٩٩٥)، وأبو نعيم في "الحلية" (٩/ ٢٢٨).

(٢) رواه مسلم (٢٨٦٥)، والنسائي في "الكبرى" (٨٠١٦)، وابن حبان في "صحيحه" (٤٧٥٥)، والبزار في "المسند" (٣٤٩١)، والطبراني في "الكبير" (٩٨٧)، وعبدالرزاق في "المصنف" (٢١١٥٥)، والطيالسي في "مسنده" (١١٧٥)، والطحاوي في "شرح مشكل الآثار" (٣٨٧٥)، والبغوي في "شرح السنة" (١٤٤٠٧).

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: لَيْسَ فِي الرُّسُلِ مَنْ قَالَ أَوَّلَ مَا دَعَا قَوْمَهُ: إنَّكُمْ مَأْمُورُونَ بِطَلَبِ مَعْرِفَةِ الْخَالِقِ فَانْظُرُوا وَاسْتَدِلُّوا حَتَّى تَعْرِفُوهُ. فَلَمْ يُكَلِّفُوا أَوَّلًا بِنَفْسِ الْمَعْرِفَةِ وَلَا بِالْأَدِلَّةِ الْمُوَصِّلَةِ إلَى الْمَعْرِفَةِ إذْ كَانَتْ قُلُوبُهُمْ تَعْرِفُهُ وَتُقِرُّ بِهِ وَكُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ[1].

واتە: کاری پێغەمبەران ئەوە نەبووە کە بانگەوازی گەلەکەی بکات بۆ ناسینی (خالق)، تا بەڵگەکاری بکات بۆ سەلماندن و ناسینی، بەڵکوو دڵەکانیان خوا دەناسن و باوەڕیان پێیەتی، هەموو لەدایکبوویەك لەسەر ناسینی ئەو ڕاهاتووە، هەروەك قورئان دەفەرموێت: ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾﴾ [يُوسُف: ١٠٦]. زۆری ئەوانەی باوەڕیان بە (ربوبية)ی خوا هێناوە شەریکی بۆ بڕیار دەدەن لە پەرستن و (الألوهية)دا، کەواتە (فطرة) لەسەر ناسینی خوا و باوەڕبوونە پێی نەك پەرستنی.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: وَمَعْلُومٌ أَنَّ أَحَدًا مِنْ الْخَلْقِ لَمْ يَزْعُمْ أَنَّ الْأَنْبِيَاءَ وَالْأَحْبَارَ وَالرُّهْبَانَ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ شَارَكُوا اللَّهَ فِي خَلْقِ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ. بَلْ وَلَا زَعَمَ أَحَدٌ مِنْ النَّاسِ أَنَّ الْعَالَمَ لَهُ صَانِعَانِ مُتَكَافِئَانِ فِي الصِّفَاتِ وَالْأَفْعَالِ[2].

واتە: ئاشکرایە هیچ کەسێك باوەڕی وانەبووە پێغەمبەران و قەشە و مەسیح عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ بەشداری دروستکردنی ئاسمان و زەوی کردبێت، وە باوەڕیان وانەبووە لە یەك کاتدا دوو خوای دروستکاری بوونەوەرەکان هەبێت بە یەك شێوە و سیفاتەوە.

٨. بەڵگەی عەقڵیش لەسەر بوونی (فطرة): ئاشکرایە مرۆڤەکان خاوەن جوولّە و ئیرادەن، خۆ ئەگەر دوو کار بخرێتە بەردەمی بریتین لە ڕاستی و سوودمەندییەکانی لەگەڵ درۆ و زەرەرۆمەندییەکانی، بە (فطرة) و ناخی خۆی بژاردەی ڕاست و سوودمەندییەکانی دەبێت، واتە لایەك زاڵ دەکات بەسەر لایەکی تردا، کەواتە باوەڕبوون بە خوا و دانپێدانانی و باوەڕنەبوون پێی و نکوولێکردنی کامیان بژاردە دەکات؟! بەبێ گومان یەکەمیان بژاردەیەتی، کەواتە بوونی زانستی (فطرة) و مەعریفەی خوایی بوونی هەیە لای دروستکراوەکانی و لە ناخیاندا چاندوویەتی.

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٦/ ٣٣٨).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٩٦).

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** أن كل حركة إرادية فإن الموجب لها قوة في المريد ... وهذا موجود في محبة الأطعمة والأشربة والنكاح والعلم وغيرها ... وإن كان وجوده قد يذكر ويحرك كما لو خوطب الجائع أو الظمآن بوصف طعام أو خوطب المغتلم بوصف النساء فإن هذا مما يذكره ويحركه ويثير شهوته الكامنة بالقوة في نفسه لا أنه يحدث له نفس تلك الإرادة والشهوة بعد أن لم تكن فيه فيجعلها موجودة بعد أن كانت عدما[1].

واتە: هەموو جوولّەیەکی خاوەن ئیرادە بوونی هێزێکی ئیرادەیی ناوەکی هەیە لەسەری، هەروەك حەزی خواردن و خواردنەوە و ژنهێنان و زانست، ئەگەرچی بوونی خواردن و خواردنەوە و بینینی جوولێنەر و بیرخەرەوەیە، وەك باسکردنی خواردن و خواردنەوە و وەسفکردنی ئەبێتە هۆکاری جوولاندنی و حەزەکانی لە ناخیدا و دەبێتە پاڵنەرێك لە خۆیدا، نەك بۆخۆی دروستی بکات و ئیرادەی بۆ بڕەخسێنێت و بیهێنێتە دی بەزۆر، کاتێك نەبووبێت لە نەبوونەوە بیکاتە بوون.

هەروەك پێغەمبەران عَلَيْهِمُ السَّلَامُ **بە گەلەکانیان دەفەرموو:** ﴿قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي اللَّهِ شَكٌّ﴾ [ابراهيم: ١٠]. **ئەوە گومان هەیە لەسەر بوونی خوا؟! وەك** (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** هذا استفهام إنكار بمعنى النفي والأنكار على من لم يقر بهذا النفي. والمعنى: ما في الله شك، وأنتم تعلمون أنه ليس في الله شك، ... وهذا يبين أنهم مفطورون على الإقرار[2].

واتە: ئەم ئایەتە پرسیارێکی نکوولێکارە بەو واتایەی نکوولی و دژایەتی دەکات لەگەڵ ئەوانەی دان بەم نکوولێیەدا نەنێن، واتە لە بوونی خوادا گومان نییە، ئەمەش ڕوونکارییە لەسەر ئەوەی ڕاهێنراون و (تعریف) کراون لەسەر باوەڕبوون بە خوا، هەروەك توانای بیستن و بینین لە مرۆڤەکاندا هەیە ئەگەر دەنگە بیستراوەکان و شتە بینراوەکانیش بوونی نەبێت، یاخود ئەگەر نەبیستێت و نەشبینێت شتە بینراو و بیستراوەکان بوونیان هەر هەیە، بەم شێوەیەش ئەگەر بزانن و نەزانن خۆ خوا هەر هەیە.

---

(١) "شفاء العليل" لابن القيم ص٣٠١، و "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٨/ ٤٤٩).

(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٨/ ٤٤١).

هەروەك منداڵێك ئەگەر لە ناخیدا هێز و توانایەك لەسەر فێربوونی زانست نەچێنرابێت توانای وەرگرتنی زانست و عیلمی نابێت، وەکوو گیانلەبەران دەبن کە توانای وەرگرتنیان نییە، بەو واتایەی گەر (علم الضروري) پێشوەختە لە ناخی مرۆڤەکاندا نەبێت ئەوا (علم النظري) هیچ کاریگەرییەکی نییە بۆ وەرگرتن.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: كل من تطلب معرفته بالدليل، فلا بد أن يكون مشعوراً به قبل هذا، حتى يطلب الدليل عليه أو على بعض أحواله. وأما ما لا تشعر به النفس بوجه فلا يكون مطلوباً لها[1].

واتە: هەرشتێك پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە بێت لەسەری ئەوا دەبێت پێشوەختە بوون و هەستپێکردنی لەسەر بووبێت تاوەکوو بەڵگەی بەدەست کەوێت لەسەری، وە هەرشتێکیش نەفس و ناخی ئادەمیزاد هەستی پێنەکات داواکاری و هەوڵدانی بۆی لەسەر نابێت.

وە ئەم (تعريف) بۆکراوە وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: المعرفة وإن كانت ضرورية في حق أهل الفطر السليمة فكثير من الناس يحتاج فيها إلى النظر، والإنسان قد يستغني عنه في حال ويحتاج إليه في حال[2]. ئەم (معرفة)یە ئەگەرچی زانستی (ضروري)یە لە ئاستی (فطرة) پاکەکاندا، بەڵام زۆری لە خەڵکی پێویستیان بە تێڕوانین و بەڵگەکاری هەیە، هەندێ جاریش پێویستی لەسەر نییە، وە هەندێ جاریش پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە بە ڕێگەی نموونە و هاوشێوە و نزیك خستنەوەی لەو شتانەی کە بیری لێدەکاتەوە.

هۆکارەکانی مانەوە و پاراستنی پاکی (فطرة) بەم هۆکارانەیە[3]:

١. تێڕوانین لە بوونەوەرەکان بە شێوەیەکی دیقەت و ووردەکار هەر لە ئەستێرە و زەوی و ئاسمان تا بوونەوەرەکانی تر هۆکارە بۆ پەیوەستبوون بە ئیمانەوە و تازەکردنەوەی، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٨/ ٥٣٢).

(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٣/ ٣٠٤).

(٣) "الفطرة" لعلي عبد الله بن علي القرني ص١٧٧.

لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٠﴾ [آل عمران : ١٩٠]. وە دەفەرموێت: ﴿سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلْءَافَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾﴾ [فصلت : ٥٣]. دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازییەکانی شەو و ڕۆژ بەڵگەیە بۆ خاوەن عەقڵەکان، لە بوونەوەر و خۆشیاندا نیشانە و بەڵگەکانی ئێمەیان پێ نیشان دەدەین تاوەکوو بزانن ئەم پەیامە حەقە و ئەوەش بەسە کە خوا بالآدەستە بەسەر هەموو شتێکدا.

٢. ناردنی پێغەمبەران و دابەزینی پەیامەکانی خوا بۆ هەموو مرۆڤەکان و بیرخستنەوەیان و یارمەتیدان و ڕێنموونییان هۆکارە بۆ مانەوەیان لەسەر (فطرة).

٣. ڕوودانی ناخۆشی و ڕووداوە گەورەکانی ژیان لە زەمین لەرزە و تێکچوونی بوونەوەرەکان و مردن و ژیان دەبێتە هۆکاری ترس و داچڵەکاندنی مرۆڤەکان و گەڕانەوەیان بۆلای خوای خۆیان و تازەکردنەوەی (فطرة)یان.

٤. پەیوەستبوون بە دینی خوا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و لانەدان لێی گەورەترین هۆکارە بۆ پاراستنی پاکی (فطرة) و سەلامەتی لە شێواندن.

(فطرة) پاکی مرۆڤەکانیش بەڵگەیە لەسەر:

أ. باوەڕبوون بە خوا و بەڕیبوون لە شەریك و هاوبەش بڕیاردان.

ب. (فطرة) بە تایبەت بەڵگەیە لەسەر ئیسلام و دەرنەچوون لێی.

ج. (فطرة) هۆکار و بناغەیەکە بۆ ئەنجامدانی عیبادەت و پەرستنی خوا و دوورکەوتنەوە لە شەریك بڕیاردان، وەك ئەو پیاوەی وتی: ﴿وَمَا لِيَ لَآ أَعْبُدُ ٱلَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٢﴾﴾ [يٰسٓ : ٢٢]. بۆچی ئەو خوایە نەپەرستم کە دروستی کردووم و هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێینەوە؟!

د. (فطرة) ڕێگایەکە بۆ ڕوونکردنەوەی شەرعی خوا و شەرعی خواش گونجاوە لەگەڵیدا[1].

هۆکارەکانی تێکچوونی (فطرة) و شێواندنی[2]:

ئەم هۆکارانە هەموویان دەبنە پاڵنەرێك بۆ ترازاندنی ناخ پاکی و پیسکردنی و نەگەڕانەوەی:

(١) "آثار حجج التوحيد" لمدحت حسن الفراج ص٤٧ - ٧٨.

(٢) "الفطرة" لعلي عبد الله بن علي القرني ص١٨٥ - ٢٠٦.

أ. شەیتان و گومڕاکارانی مرۆڤەکان: پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەیگێڕێتەوە کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی: «خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ، وَإِنَّهُمْ أَتَتْهُمُ الشَّيَاطِينُ فَاجْتَالَتْهُمْ عَنْ دِينِهِمْ»(١). بەندەکانم پاك و بێگەرد دروستکردووە بەڵام شەیتانەکان فریویان داون لە دینەکەیان.

ب. کەش و پێگەیەکی خراپ (البئة الفاسدة): چواردەور و کاریگەرییەکانی لە خێزان و کۆمەڵگا و هاوەڵ و نزیکەکانی تا بە لاڕێدا بیبەن و نەیەڵن بگەڕێتەوە بۆ ڕێگەی (فطرة) پاکی خۆی.

ج. شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزووەکانی ئادەمیزاد: وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكَ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَآءَهُمْ﴾ [القَصَص: ٥٠]. گەر وەڵامیان نەدایتەوە ئەوە بزانە شوێنی هەوا و ئارەزووەکانیان کەوتوون، وە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ [ص: ٢٦]. شوێنی هەوا و ئارەزووەکان مەکەوە تا گومڕات نەکات لە ڕێگەی خوا.

د. خۆبەگەورە زانین و وەرنەگرتنی حەق: وەکوو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ، وَغَمْطُ النَّاسِ»(٢). خۆبەگەورە زانین بریتییە لە ڕەتکردنەوەی حەق و ڕقلێبوونی خاوەنەکانیان.

هـ. (الغفلة والإعراض) بێ ئاگایی و پشت هەڵکردن: خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا ﴿٢٨﴾﴾ [الكهف: ٢٨]. گوێرایەڵی ئەوانە مەبە کە بێئاگامان کردوون لە پەیامەکەمان و شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزووەکانیان و کاریان پەرتەوازەیە.

---

(١) رواه مسلم (٢٨٦٥)، والنسائي في "الكبرى" (٨٠١٦)، وابن حبان في "صحيحه" (٤٧٥٥)، والبزار في "المسند" (٣٤٩١)، والطبراني في "الكبير" (٩٨٧)، وعبدالرزاق في "المصنف" (٢١١٥٥)، والطيالسي في "مسنده" (١١٧٥).

(٢) رواه مسلم (٩١)، والترمذي (١٩٩٩)، والطحاوي في "شرح مشكل الآثار" (٥٥٥٧)، والبيهقي في "الشعب" (٥٧٨٢)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (١٦١١).

پەیوەندی نێوان (فطرة) و عەقڵ[١]
العلاقة بين الفطرة والعقل

سەرەتا پێناسە و وشەی عەقڵ چوار مەبەست دەگرێتەوە[٢]:

یەکەم: (الغريزة المدركة): ئەو بوون و غەریزەیەیە کە لە مرۆڤدا هەیە و وەکوو هێزی بینین و بیستن ...، ئەم غەریزەیە جیاکارییە لە نێوان گیانلەبەران و مرۆڤەکاندا.

دووەم: (العلوم الضرورية): زانستە عەقڵییە پێویستییەکانی سەر ئادەمیزاد کە توانای لێدەرچوونی تیادا نییە، وەکوو زانست بەسەر (محكمات وواجبات وممتنعات) ئەوانەی دەبێت ببێت یاخود پێویستە ببێت یاخود نابێت ببێت.

سێیەم: (العلوم النظرية): ئەو زانستانەی کە بە تێڕوانین و بیرکردنەوە و بەڵگەکاری دێنە دی، لەم زانستەدا زانا و نەزان لە یەك جیادەبێتەوە، ئەم زانستەش بوونی ڕێژەییە و بە هەوڵ تێکۆشان دێتە دی.

چوارەم: (العمل): عەقڵ واتە کارکردن بەوەی دەیزانیت، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَقَالُواْ لَوۡ كُنَّا نَسۡمَعُ أَوۡ نَعۡقِلُ مَا كُنَّا فِيٓ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ١٠﴾ [المُلك: ١٠]. دۆزەخییەکان دەڵێن ئەگەر بمانبیستایە و کارمان پێ بکردایە لە دۆزەخییەکان نەدەبووین.

لەم چوار جۆرەی عەقڵدا (فطرة) بناغەی هەموویانە، ئەوەی ڕای جیاواز هەڵنەگرێت (العلم الضروري)یە، وە ئەوەی ڕای جیاواز لەخۆبگرێت (العلم النظري)یە.

(فطرة) بناغەی عەقڵی (الغريزية)یە و لەسەر بنەمای ئەو (معلومات)ە پێناسەکراوانەی لای مرۆڤەکانە دەتوانێت بیربکاتەوە لە شت و دەتوانێت بیناسێت: ويكون هذا الوضوح سائقاً للنفس نحو مقتضياتها، وبمعنى أن الإنسان مفطور على التسليم بها بمجرد تصورها بحيث لا يحتاج في ذلك إلى برهان، ... بل هي وجوب تحققها مع سلامة الحواس والغريزة العقلية[٣]. ئەو

---

(١) لە کتێبی "الفطرة حقيقتها ومذاهب الناس فيها" لعلي عبد الله بن علي القرني ص٣٠ - ٣٩.

(٢) "منهج الإستدلال على مسائل الإعتقاد" لعثمان بن علي حسن ص١٥٨، و "الفطرة" لعلي عبد الله بن علي القرني ص٣١، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٢٨٦).

(٣) "الفطرة" لعلي عبد الله بن علي القرني ص٣٣، و "المعرفة في الإسلام" لدكتور عبد الله بن محمد القرني ص٣١٠.

تێگەیشتن و زانینە عەقڵییانە (فطرة) نەفسی ئادەمیزاد ڕاپێچ دەکات بەرەو خۆبەدەستەوەدانی و باوەڕپێبوونی، بەو واتایەی مرۆڤەکان ڕاهێنراون لەسەر خۆبەدەستەوەدانی، تەنها بە دەرکپێکردنی، بەبێ هێنانەوەی بەڵگەکاری بۆی، مەرجی هێنانەدییەکەشی سەلامەتی هەستەکان و بوونی غەریزەی عەقڵە تا کاری خۆی بکات.

ئەم عەقڵە غەریزەییە پێیدەوترێت (بديهية، قبلية، ضرورية)، (بديهية) واتە پێویستی بە هیچ شتێك نییە لەپاش دەرکپێکردنی عەقڵی، (قبلية) واتە باوەڕبوون پێی پێش تاقیکردنەوەیە، (ضرورية) واتە توانای ڕەتکردنەوەی نییە لەپاش تەسلیمبوونی.

وەك (عبد الرحمن المعلمي اليماني) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وأعني به ما تيسر للأميين ونحوهم ممن لم يعرف على الكلام ولا الفلسفة[1].

واتە: ئەم عەقڵە غەریزەییە ڕەخساوە بۆ نەخوێندەوار و ئەوانەی ئاگایان لە زانستی قسە و فەلسەفە نییە تا لەو ڕێگەیەوە لە شتەکان تێبگەن.

خوای پەروەردگار بەم عەقڵە دەفەرموێت: ﴿قَدَّرَ فَهَدَىٰ﴾ [الأعلى: ٣]. **خوای گەورە ئادەمیزادی بەشێوەیەك ڕاهێناوە کە لە سوودمەندی و زیانەکانی و پێویستییەکانی تێبگات و هەوڵی لەپێناودا بدات.**

بنەمای ئەم غەریزەیەش شێوازێکی گشتی لەخۆگرتووە: مبادئ هذا العقل تتسم بالعمومية[2]. **واتە:** تكون الحقيقة واحدة عند جميع الناس العاقلين على السواء، ولا تتوقف على مزاج أحد، ولا تنسحب على فردٍ، دون فردٍ[3]. **واتە حەقیقەتەکان یەك شتن لای هەموو عاقڵان و لەسەر مەزاج و ویستی کەس نەوەستاوە، وە لە کەسیش وەرناگیرێتەوە، خێر هەر خێرە لای هەموان، وە شەڕیش هەر شەڕە لای هەموان.**

بەڵام ئەم هێزە غەریزەییە ڕێژەییە، بە پڕ و تێر و تەسەلی لای هەموو کەس نییە و بەگوێرەی

(١) "القائد إلى تصحيح العقائد" لعبد الرحمن بن يحيى بن علي بن محمد المعلمي اليماني ص٣٧.

(٢) "الفطرة" لعلي عبد الله بن علي القرني ص٣٤.

(٣) "مصادر المعرفة" لدكتور عبد الرحمن بن زيد الزبيدي ص٣٣٤.

بیرکردنەوە و ڕۆشنبیری و هەوڵدان دەگۆڕێت: وَمَعْلُومٌ أَنَّ النَّاسَ يَتَفَاوَتُونَ فِي قُوَى الْأَذْهَانِ أَعْظَمَ مِنْ تَفَاوُتِهِمْ فِي قُوَى الْأَبْدَانِ[1]. واتە خەڵکان جیاوازییان لە هێزی عەقڵیدا زۆر زیاترە تا لە هێزی لاشەییدا.

بەڵام ئەم عەقڵە غەریزەییە بنەماکانی لەسەر بناغەی ئەو (فطرة)ی خواییەیە کە مرۆڤەکانی لەسەر ڕاهێناوە، واتە ناتوانێت لەو بنەما و چوارچێوانەی دەرچێت و داهێنانی بۆ بکات، ئەوەی تیایەتی هەر ئەوەیە لە بوونیدا، وەکوو بیستن و بینین هەر ئەوەیە دەیبینێت و دەیبیستێت ... وە ئەو بابەتانەیە تیایدا کە بەرنامەڕێژی و پێناسە و (تعریف) بۆکراوە.

کەواتە (فطرة) بناغە و بنەمایەکە کە غەریزەی عەقڵ توانیویەتی کاری لەسەر بکات.

عەقڵی (ضروریات)یش ئەو زانیاریانەیە کە عەقڵی غەریزی دەتوانێت لەسەری کارەکان تێبگات، بە هەستە دەرەکی و ناوەڕۆکییەکانی ئادەمیزاد، بۆخۆی ئەمانەش کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا و ڕێگا و جۆری تێگەیشتنە کە پەروەردگار لە خۆت و چواردەورتدا چنیویەتی، وەك جیاوازی ڕەش و سپی و تاریك و ڕووناکی و خێر و شەڕ و ئاسمان و زەوی و جیهانەکانی تر کە ئادەمیزاد توانای زانستی عەقڵی بێجگە لە چواردەور و بوونەوەرەکان شتی تری پێ نییە.

ئەم زانستەش بە هەمان شێوە بە هۆکاری مەعریفییەکانی (فطرة)وە توانای کارکردنی هەیە، لەوانەش بڕازێت عەقڵی (نظري) و تێڕوانین و فیکرییەکانە لای مرۆڤەکان، وە تەنانەت بیرکردنەوەی ئادەمیزاد لەسەر زانستە سەرەتاکانی (فطرة)ە و بگرە ناتوانێت لێی دەرچێت، وەکوو پێوانەی هاوشێوەکان و جیاکردنەوەی نێوان جیاوازەکان و دیاریکردنی هۆکار و مەبەستەکان لە شتەکاندا.

دەتوانین بڵێین لێرەدا ئادەمیزاد ناتوانێت دەرك بە بابەتە غەیبییەکان بکات بێجگە لە ڕێگەی سەرچاوەی خۆیەوە نەبێت کە ئەویش (معلومات) و زانستی خوایە کە ڕەوانەی کردبێت بۆ ئادەمیزادەکانی، وە بەو ڕێگە و یاسایانەی پێشوەختە نەبێت ناتوانێت وەری بگرێت.

مەرجی کارکـردنی ئەم عەقڵانەش لە (غريزي وضروري ونـظري) ئەوەیە: فَإِنَّ مَبْنَى الْعَقْلِ

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ١٠٣)، و "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٨٩.

عَلَى صِحَّةِ الْفِطْرَةِ وَسَلَامَتِهَا[١]. **دەبێت (فطرة) و ناخ و سروشتی (معلومات)ی ئادەمیزاد خوا چۆنی دروستکردبێت دەبێت بەو شێوەیە تێك نەچووبێت و پارێزراو بێت.**

وەکوو فەیلەسووفەکان دەڵێن: إن من الصعب أن نضع حداً فاصلاً بين الأحكام الأولية التي يقول بها العقل بفطرته، والأحكام المكتسبة من التجربة[٢]. **واتە زۆر زەحمەتە سنوورێك دابنێین لە نێوان ئەو بابەتانەی کە عەقڵ بە (فطرة)ی خۆی دەیڵێت لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە بەدەستی دەهێنێت بە تاقیکردنەوە.**

کەواتە لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی (فطرة) و زانستەکانی بناغە و سەرچاوەی هەموو جۆرە زانستەکانە.

لەم دەرئەنجامەدا دەڵێین: أن الفطرة تقدم على العقل عند التعارض[٣]. **دەبێت (فطرة) پێشبکەوێت بەسەر عەقڵدا لەکاتی دژایەتی و پێچەوانەیی نێوانیان.**

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **ئەم بابەتە بە ووردی دەسەلمێنێت و دەڵێت:** أن الفطرة لا ترد بما دلت عليه مقاييس العقل ولا تعارض بها لأنها يقينية، ومقاييس العقل قد تكون ظنية ولأنها لو كانت يقينية لم تعارضها، لأن اليقينيات لا يمكن أن تتعارض لوجود كونها حقاً واستحاله خطأ أحدهما[٤].

واتە: زانستە (فطري)یەکان ڕەت ناکرێنەوە بە پێوانە عەقڵییەکان و بگرە توانای دژایەتیکردنیشیان نییە، لەبەرئەوەی (فطرة) دڵنیایی و یەقینییەکانە، وە پێوانەی (نظري) عەقڵییەکان (ظنية) و دەشێت گومان بێت، خۆ ئەگەر یەقینی بوایە دژایەتی نەدەکرد بە هۆکاری ڕاستی و دروستییەکەیەوە، وە ئەستەمە لەم کاتەدا بڵێین یەکێکیان هەڵەیە لەبەرئەوەی یەکێکیان هەڵە هەر وەرناگرێت کە (فطرة)یە.

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٢٢٦)، و "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٣٢٣.

(٢) (٣) "الفطرة" لعلي عبد الله بن علي القرني ص٣٦.

(٤) "الفطرة" لعلي عبد الله بن علي القرني ص٣٦، **بە شێکراوەیی لە کتێبی** "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٢/ ٢٥٢ - ٢٥٤)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٦٨).

لەلایەکی تریشەوە: تقدم الفطرة لأن الحق في الأقيسة العقلية فطري مدرك بالفطرة[١]. **تەنانەت پێوانە عەقڵییەکان (فطرة)یە و بە (فطرة)ش دەرکی پێ کراوە، کەواتە عەقڵییەکانیش نەیتوانیوە لە (فطرة) دەرچێت.**

بە بەڵگەی ئەوەی عەقڵیش ناتوانێت لە هەندێك بواردا سەربەخۆ کاری تیادا بکات وەکوو بابەتە غەیبییەکان ... دڵنیایی لەمانەدا لای دەستناکەوێت، ئەوەی بە (فطرة) دەستدەکەوێت بە (مقاييس العقلي) پێوانە عەقڵییەکان دەستناکەوێت، وە (فطرة)ی مرۆڤەکان بەبێ فێربوونیش بابەتە ژمارەییەکان (حسابات) و (هندسي)یەکانی دەزانن ئەگەرچی وورددەکارییەکانی بە فێربوونە.

ئەو پێوانانەی کە زانایانی (منطق) دایانڕشتووە: ما وضعه أرسطو والمناطقة من بعده من أدلة منطقية كانت نتيجة استقراء لما في الفطرة البشرية، ... بعد أن كانت الفطرة تحسه وتتعامل مع الأشياء على أساسه، ... جهد بشري ليس معصوماً[٢]. **هەموو ئەو بابەتانەی ئەرستۆ و زانایانی (منطق) دایانناوە هەمووی لە ڕێگەی ناخ و (فطرة)ی مرۆڤەکانەوەیە کە هەستیان پێکردووە و ئەمانیش مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە لەسەر ئەو بنەمایانە، بەڵام هەوڵی مرۆڤەکانیش و لە هەڵە پارێزراو نییە.**

لە ئەنجامدا (فطرة) پێشدەکەوێت بەسەر عەقڵ و قیاس و پێوانەییەکاندا، لەبەرئەوەی (فطرة) و زانستەکانی دارێژراو و مەعریفەی خواییە بۆ ئادەمیزاد، بەڵام عەقڵ و پێوانەییەکان دروستکراو و تێکەیشتوویی مرۆڤەکانە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بزانین کە بەڵگە عەقڵییەکان هۆکاری بەهۆش هاتنەوە و زیندووکردنەوەی زانستە (فطري)ییەکانە، باشترین ڕێگاش بۆ ئەم زیندووکردنەوە و بەهۆش هاتنەوەیە ڕێگە و شێوازەکانی قورئانە کە کاریگەری تەواوی بەسەر هۆش هێنانەوەی (فطرة) و ناخ پاکییەکانی ئادەمیزاددا هەیە بەپێچەوانەی زانستەکانی (منطق وفلسفة وعقل)ەوە کە هەموویان هۆکاری گومانن.

---

(١) "الفطرة" لعلي عبد الله بن علي القرني ص٣٧، وانظر "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٦٨، ٦٩).

(٢) "الفطرة" لعلي عبد الله بن علي القرني ص٣٧، وانظر "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٣٨١.

ئەو ڕێگایانەی کە قورئان گرتوویەتییە بەر بۆ زیندووکردنەوەی زانستە (فطرة)ییەکان ئەم ڕێگایانەیە[1]:

١. بەڵگە قورئانییەکان ڕاستەوخۆ وتاری بەکاردەهێنێت لەگەڵ ناخ و (فطرة)ی ئادەمیزاددا، بەدوور لە هەموو (قیاسات ومنطق وفلسفة) و ڕێگەی دوور و درێژ و سەختی ئەو زانستانە.

وەك سەلماندنی خوا و پەرستنی بە تێڕوانین لە ئاسمان و زەوی و دروستکروەکان و بەڕێوەبردنیان و ووردەکارییەکان تیایاندا.

٢. قورئان لەخۆگری هێزێکی قەناعەتپێکردنە کە ناخ و (فطرة) دەهەژێنێت و سەیری جیهانی چواردەوری دەکات هیچی بۆ نامێنێتەوە بێجگە لە تەسلیمبوون و گوێڕایەڵی نەبێت وەکوو وتووێژەکانی نێوان (ابراهیم) عليه السلام و نەمرود، وە (موسی) عليه السلام وفیرعەون، وە (محمد) ﷺ و بێبڕوایانی قوڕەیش.

٣. ڕێگەکانی قورئان و جۆری وتارەکانی بۆ هەموو ئاستێك دەشێت و دەگونجێت، هەر لە نەخوێندەوارێکەوە تا زانایەك سوودی خۆی لێ وەردەگرێت و بێبەش نییە لە تێگەیشتنی، بە پێچەوانەی (منطق وفلسفة وعلم الكلام)ەوە کە ئەمانە بۆ چینێکی دیاریکراو و چەند ڕێگایەکی تایبەت قسە دەکات.

٤. هەموو وتار و ڕێنموونییەکی قورئان بە بەڵگە عەقڵییەکانەوە بەستراوەتەوە، مەبەست تیایدا وەرگرتن و دۆزینەوەی حەقە و باوەڕپێکردن و کارپێکردنیەتی لە ژیاندا.

بەپێچەوانەی فەلسەفە و (منطق) کە بەس زانینێکی زیهنی مێشکییە و دوورە لە کردار و کارپێکردنی.



(١) "الفطرة" لعلي عبد الله بن علي القرني ص٣٨، وانظر "مصادر المعرفة" للزنيدي ص٤٠٠.

بـــەشـــی دووەم

تـایبەتمەندییەکانی عەقیدە لای ئەهلی سوننەت

خصائص العقيدة عند أهل السنة

عەقیدە و بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ جیاکردنەوەی لە هەموو بیروباوەڕە گومڕاکانی چواردەوری هەر لە ئایینە ئاسمانییەکان و فیرقە گومڕاکانی ناو بازنەی ئیسلام هەتا دوایی، ئەو سیما و تایبەتمەندییانە نیشانەی سەربەخۆیی و تۆکمەیی و کاملّی تەواوی پڕ حەق و خێرە هیچ بەرنامە و ڕێڕەوێکی تر توانای بەشداریکردن و لەخۆگرتنی ئەو سیما و تایبەتمەندییانەی نابێت، تایبەتمەندییەکانی بەرنامەی ئەهلی سوننەتیش زۆرن، بەلاّم هەرە نیشانە و تایبەتمەندییە دیار و ناودارەکانی ئەمانەن:

یەکەم: (التوقيفية) ڕاوەستاو لەسەر دەقەکان و شوێنی ئیجتیهاد و بیروڕا نییە.

دووەم: (الغيبية) بابەتێکی غەیبییە.

سێیەم: (الشمولية) گشتگیرە.

چوارەم: (الوسطية) نێوەندگیرە.

پێنجەم: (الفطرية) گونجاو لەگەلّ ناخ و دەروونی ئادەمیزاد.

تـایبەتمەندی یەکەم: (التوقيفية) ڕاوەستاو لەسەر دەقەکان و شوێنی ئیجتیهاد و بیروڕا نییە.

واتە پەیوەستبوون بەو وشە و دارشتنە عەقیدەییانەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە بە مەرجی دەرنەچوون لێیان لەگەلّ دوورکەوتنەوە و خۆپاراستن لە هەموو ئەو وشە و دارشتنە داهێنراوانەی کە بیدعەکاران دروستیان کردووە لەم بوارەدا، ئەوکات سنووردارى لەم بوارەدا دروستدەبێت.

هۆکارەکانی پەیوەستبوون و دەرنەچوون (توقيفي) لە بواری عەقیدەدا بۆ ئەمانە دەگەڕێتەوە[١]:

أ. پشتگیری و پشتیوانیکردنی هەموو ئەو دەقانەی کە قورئان و سوننەت پێداگری لەسەر دەکات بۆ پەیوەستبوون و شوێنکەوتەیی: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ﴾ [النِّسَآء : ٥٩]. **بە واتای دەرنەچوون لەو دوو ڕێگە حەقە کە جێگرەوەی نییە و نابێت.**

ب. دڵنیابوون لەسەر تەواوبوونی دین و گەیاندنی بە موسوڵمانان و لەخۆنەگرتنی کەم و کوڕی لەگەڵ نەمانی هیچ پێویستییەکی دینی بە شوێنی تر: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾ [النِّسَآء : ٣].

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێت:** إذ لا خلاف بين فرق الأمة: أن تأخير البيان عن وقت الحاجة لا يجوز بحال، ومعلوم أن أمر التوحيد وإثبات الصانع لا تزال الحاجة ماسة إليه أبداً في كل وقت وزمان[٢].

واتە: کۆدەنگی هەموو فیرقەکان و ئەهلی سوننەت لەسەر ئەوەن کە ڕوونکردنەوە و گەیاندنی دین نابێت دوابکەوێت لە کاتی پێویستیدا، وە ئاشکراشە بابەتەکانی تەوحید و ناسینی خوا پێویستی هەموو کات و سەردەمێکە.

ج. حەرامە و قەدەغەکراوە قسە لە دینی خوادا بکرێت بەبێ شارەزایی و زانستی تایبەتی دینی خۆی، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْىَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾﴾ [النِّسَآء : ٥٩]، ﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُواْ فِى دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ﴾ [الأعراف : ٣٣]. **خوای پەروەردگار لە ڕیزی حەرامەکاندا حەرامی کردووە قسەکردنتان لەسەر خوا و دینەکەی بەبێ زانست و شارەزایی.**

---

(١) "علم التوحيد عند أهل السنة والجماعة" لدكتور محمد يسري ص١٧٩.

(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٧/ ٢٩٦).

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أَنَّ السَّلَفَ كَانُوا يُرَاعُونَ لَفْظَ الْقُرْآنِ وَالْحَدِيثِ فِيمَا يُثْبِتُونَهُ وَيَنْفُونَهُ عَنْ اللَّهِ مِنْ صِفَاتِهِ وَأَفْعَالِهِ فَلَا يَأْتُونَ بِلَفْظِ مُحْدَثٍ مُبْتَدَعٍ فِي النَّفْيِ وَالْإِثْبَاتِ[1].

واتە: پێشینە سالّحەکانی ئەم ئوممەتە ڕەچاوی وشە و دارشتنەکانی قورئان و سوننەتیان کردووە لەو دارشتنانەی کە بۆ خوا بەکارئەهێنرێت و یاخود ڕێگری لە بەکارهێنانی دەکرێت، بە هیچ شێوەیەك وشە و دارشتنی داهێنراویان بەکارنەهێناوە.

پەیوەستبوون بە شێوەی (توقيفي) هۆکارە بۆ پاراستنی لە هەموو ڕێگاکانی گومڕایی لە (تحريف وتأويل وتعطيل وتكييف وتمثيل وتشبيه ...) و دەرگاکردنەوە لەو گومڕاییانە بەناوی لەخۆگرتنی دژایەتی نێوان دەقەکان و عەقڵ (الجدال والخصومة) و هەموو جۆرە دەمەقاڵێ و دووبەرەکایەتییەك، لەلایەکی تریشەوە هۆکارە بۆ پاراستن و کارکردن بۆ داخستنی دەرگای بیدعە بەسەر بیدعەکاراندا و پاراستنی ئەهلی سوننەت و ڕێڕەوی دینییان لە هەموو هەڵە و لادان و تێکدانێك لە تێگەیشتنی دینیدا.

وەك (عبد الله بن مسعود) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەڵێت: إِنَّا نَقْتَدِي وَلَا نَبْتَدِي، وَنَتَّبِعُ وَلَا نَبْتَدِعُ ، وَلَنْ نَضِلَّ مَا تَمَسَّكْنَا بِالْأَثَرِ[2].

واتە: ئێمە شوێنکەوتەین نەك پێشکەوتە بین، وە پەیوەستین نەك بیدعەکار بین، وە بە دڵنیاییەوە گومڕاش نابین هەتا پەیوەست بین بە دەقەکانەوە.

بەم هۆکارانە ئەم عەقیدەیە جێگیرە و قابیلی مانەوەیە و خۆڕاگرە بەرامبەر ئەو هەموو لێدانانەی بەدوای یەکدا هاتووە لە جوولەکە و گاوور و مەجووسی و بێبڕوایان و فیرقە گومڕاکانی ناوخۆ و نەزانەکان، بگرە بە بەرەکەتی ئەو پەیوەستبوونەوە تەنانەت داگیرکەرانیش هێرشیان هێنابێتە سەر جیهانی ئیسلامی وەکوو تەتەر و تورك و بەربەرییەکان و ڕۆمەکان ... لە کۆتاییدا بە ئیسلامەوە گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان و ئیسلامیان گەیاندووەتە چین و ئەوروپا و ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامی، لەبەرئەوەی هەر ئەو دینەیە بە خۆی و عەقیدە و شەریعەتییەوە لەگەڵ

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٤٣٢).

(٢) "شرح أصول اعتقاد" للالكائي (١/ ٩٦) برقم (١٠٦)، و "الفقيه والمتفقه" للخطيب البغدادي (١/ ٣٨١)، و "ذم الكلام وأهله" للهروي (٢/ ١٨٢) عن علاء بن المسيب، و "الحجة في بيان المحجة" للأصبهاني (١/ ٢٢٢) عن علاء بن المسيب، و "الاقتصاد في الإعتقاد" للمقدسي ص٢١٤.

(فطرة) و ناخی مرۆڤەکاندا تەبا و گونجاوە و بووەتە هۆکاری بەختەوەری.

عەقیدەیەکە لەگەڵ دەروون و هەستەکانی ئادەمیزاددا ڕۆچوو و گونجاوە و قابیلی زیاد و کەمی نییە و گۆڕانکاری و لادانەکان توانایەکی کاریگەریان نییە لەسەری، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو هەموو فیرەقە گومڕاییانە هەیە، بەڵام هەر بوونی ماوە و توانای زیندووبوونەوە و زاڵبوونی هەبووە بەسەر هەموویاندا، ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین موعجیزەکانی پاراستنی دینی خوا لەلایەن خۆیەوە بۆ سەلماندنی تاکە ڕێگەی ڕاستی خوایی.

تاکە عەقیدە و ڕێگەیە کە پەیوەندی و سەنەد و گەیاندنی بە زیندوویی دەگاتەوە سەر پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان و شوێنکەوتووانی بە گوفتار و کردار، ئەمەش تایبەتمەندییەکی تری ئەم دینەیە تەنانەت دوژمنانیشی دانی پیادا دەنێن[1].

ئەم عەقیدە و تەوحیدە هۆکار و مایەی خۆشحاڵی و ڕازیبوون و کامەرانی هەڵگرانیەتی، وە هۆکاری پاراستنیانە لە هەموو تێکچوون و شڵەژانێکی نەفسی و گومڕایی و عەقڵییەك کە بێجگە لە لەخۆگری ئەم تەوحید و عەقیدەیە هەڵگرانیان تووشیان بووە، وە عەقیدەیەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە و گرێ و شاراوەیی و نادیاری تێدا نییە و لەخۆی ناگرێت، وەکوو چۆن عەقیدەی گاوورەکان و جوولەکەکان لەخۆیانی گرتووە دەربارەی ناسینی خوا و پێغەمبەرانی، لێرەدا ناسینی خوایەکی تاك و تەنیا و بێ هاوتایە و داهێنەر و بەڕێوەبەری بوونەوەرەکانە و شاییستەی پەرستنە، وە تاك و تەنیایە لە کار و گوفتاردا، وە هەروەها ناسینیان بۆ پێغەمبەران بریتییە لەوەی کە (مخلوق)ن و سیفاتی خوایەتییان تیادا نییە، وە لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی سادەش نین تا لەخۆگری گومڕایی و نەزانین بن، بەڵکوو (عبده ورسوله) بەندە و نێردراوی پەروەردگارن[2].

هەڵگرانی ئەم عەقیدەیە لە ناخی خۆیاندا هەست بە خاوەن شارەزایی و ڕێزداری و پێگەیەکی بەرز و تایبەت دەکەن لەچاو چواردەور و دینەکانی تردا، خاوەن بیر و عەقیدەیەکی ڕۆشن و پرشنگدارن و لەخۆگری دەروون و هەستێکی پڕ لە ئارامین، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖ﴾ [المجادلة: ١١]. خوای پەروەردگار ئەوانەی باوەڕیان بەم دینە هێناوە پلەبەرزیان دەکات بەتایبەت زانایان.

---

(١) "الخلاصة في خصائص العقيدة الإسلامية" لعلي بن نايف الشحود ص٦٨.

(٢) "الخلاصة في خصائص العقيدة الإسلامية" لعلي بن نايف الشحود ص٤٣.

تـايبه تمەندی دووەم: (الغيبية) بابەتێکی غەيبييە.

هەموو زانست و زانيارييەکان لای ئادەميزاد زانست و زانياری (مادي)يە واتە بەرجەستەکانن، بەڵام زانستی غەيب ئەو زانستانەن کە پەروەردگار شاردوونيەتييەوە لە مرۆڤەکان و لای خۆين و هەر خۆی (علام الغيوب)ە.

بابەتی عەقيدەش بابەتێکی غەيبييە و بە رێگەی (معلومات) و زانستی خوايی دەرکی پێدەکرێت و ئادەميزاد دەستەوەستانە لە ئاستيدا و هيچ بواريکی نييە بێجگە لە تەسليم بوون و خۆبەدەستەوەدان و باوەڕپێکردنی نەبێت، هيچ سەرچاوەيەکيش لەو بارەيەوە نييە بێجگە لە سەرچاوەی خوايی نەبێت.

مەبەست بە غەيبی لە عەقيدەدا ئەو بابەتە غەيبييانە دەگرێتەوە کە عەقڵ هيچ بواريکی نييە لە زانينيدا، بنەماش تياياندا باوەڕپێکردن و خۆبەدەستەوەدانيەتی بە شێوەی ڕەها و گشتی.

بابەتە غەيبييەکان ئەم پەيوەستبوونانە دەگرێتەوە:

١. تەسليمی خوا و پێغەمبەرەکەی ببين، لە ڕوانگەی قورئان و سوننەتەوە.

٢. پێويستە بە هيچ جۆرێك لە عەقيدەدا کاری ڕۆچوون و بيروڕای جياواز لە ئاستی دەقەکانيدا ئەنجام نەدرێت، شيکاريمان لە سنووری ڕوونکردنەوە و بەڵگەکاری دەرنەچێت، لەگەڵ پەيوەستبوون بە ڕێڕەو و بەرنامەی پێشينە سالّحەکان (السلف الصالح) لە گەياندن و شيکاريدا.

٣. لە بەرامبەر دەقە عەقيدەييەکاندا واتاگۆڕين (تأويل) پەنای پێ نەبەين، لەگەڵ دەرنەچوون لە ڕووکەش و شێوازی دارشتنەکانيدا بەبێ بەڵگەی شەرعی[1].

هەر لەبەر ئەمەيە کە قورئان زۆری وەسفەکانی ئيمانداران کۆدەکاتەوە لە بابەتی باوەڕبوون بە غەيبدا، وەکوو دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْغَيْبِ﴾ [البَقَرَة : ٣]، ﴿تِلْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهَآ إِلَيْكَ﴾ [هُوْدٌ : ٤٩]، ﴿ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ﴾ [الأنبيَاء : ٤٩].

(ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: الإيمان بالغيب أجلّ المقامات على الإطلاق[2].

واتە: باوەڕبوون بە بابەتە غەيبييەکان بەرزترين پلەوپايەيە بە شێوەيەکی گشتی.

---

(١) "المفيد في مهمات التوحيد" لدكتور عبد القادر عطا صوفي ص٤٠.

(٢) "طريق الهجرتين" لابن القيم ص٢٩٢.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَالْإِيمَانُ بِالْغَيْبِ لَا يَتِمُّ إِلَّا بِالْإِيمَانِ بِجَمِيعِ مَا أَنْزَلَهُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى[1].

واتە: باوەڕبوون بە بابەتە غەیبییەکان نایەتەدی هەتاوەکوو ئیمان بە هەموو ئەوانە نەبێت کە ناردوویەتییە خوارەوە.

وە ئەم بابەتە غەیبییانە لە سەرەتادا بەشێوەیەك لێی تێدەگەن تا ڕادەیەك هەمووی پێچەوانەی عەقڵ بێت و نەتوانرێت وەکوو خۆی وەربگیرێت، بەڵام لە وردکردنەوەدا بەو شێوازە نییە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَالرَّسُلُ جَاءَتْ بِمَا يَعْجِزُ الْعَقْلُ عَنْ دَرْكِهِ. لَمْ تَأْتِ بِمَا يُعْلَمُ بِالْعَقْلِ امْتِنَاعُهُ[2].

واتە: پێغەمبەران بە بەرنامەیەکەوە نێردراون کە دەشێت هەندێکی لە توانای عەقڵدا نەبێت و دەرکی پێ نەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە بەرنامەیەکەوە نەهاتوون کە لە عەقڵدا بواری وەرگرتنی نەبێت، دەڵێت: فَهُمْ يُخْبِرُونَ بِمُحَارَاتِ الْعُقُولِ لَا بِمُحَالَاتِ الْعُقُولِ[3]. واتە هەوالّی پێغەمبەران عەقڵ سەرسام دەکات نەك مەحاڵی و ئەستەمی لە عەقڵدا دروستەکات.

سروشتی عەقڵ وایە لە ئاستی ناسینی خۆی و چواردەوریشیدا دەستەوەستانە، چی جای بابەتە غەیبییە گەورەکان کە ناسینی خوا و ڕۆژی دوایی و فریشتەکان و بەهەشت و جەهەننەمە.

تـایبە تمەندی سێیەم: (الشمولية) گشتگیرە.

عەقیدەی ئیسلامی لەخۆگری گشتگیرییەکی ڕەهای تەواوە بەسەر بیروباوەڕ و کردار و دونیا و کۆتاییشدا، بەسەر پەیوەندی نێوان خۆی و خوا و خەڵکیشدا، بابەتی عەقیدەیەك نابینیت تێهەڵکێش نەبووبێت بەسەر ئەمانەدا.

هەموو ڕوکنەکانی ئیمانی پەیوەندیدار کردووە بەیەکەوە بە شێوەیەکی زۆر تۆکمە و نەپچڕاو هەر لە (ربوبية)ە وە پاشان پەیوەستکردنی بە (الألوهية) و عیبادەتەوە پاشان پاکژکردنی بیروڕای لە (الأسماء والصفات)دا، پاشان پەیوەستکردنی بە باوەڕبوون بە (ملائكة) و پێغەمبەران و ڕۆژی

(١) (٢) "الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح" لابن تيمية (١/ ١٣٧).

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ٣١٢).

دوایی و بەرنامە یەك لەدوای یەکەکانی خوا بۆ سەر ئادەمیزاد و لێپرسینەوە و سزا و پاداشت و زیندووبوونەوە ... هەموو ئەمانە بەیەکەوە زنجیرە و نەپچڕاوی یەکترین، و خۆ ئەگەر پچڕاندنیان تێدا بێت ئەوا (یؤمن ببعض ویکفر ببعض) باوەڕبوون بە هەندێك و باوەڕنەبوون بە هەندێکی تر ئیمانی وەرگیراو نییە.

ئەم تەوحیدە پێکهاتەیە لە تەوحیدی بیروڕا و زانستەکان (العلمي الخبري)، کە پێکهاتەیە لە تەوحیدی (ربوبية والأسماء والصفات)، وە لەپاش ئەم عەقیدە و بیروباوەڕە ڕاستەوخۆ بەدوایدا تەوحیدی (الطلبي الإرادي) نیەت و کارکردن دێت کە ئەویش (الألوهية)ە، کە تەوحیدی کار و نیەتەکانە، کەواتە تەوحید لە ئیسلامدا تێڕوانینێکی فیکری و بیروڕای ڕووت و تەنیا نییە وەکوو فەلسەفە و (منطق)، وە تەوحید دەبێتە هۆکاری پەیوەستبوونی نێوان کارکردن بۆ دونیا و کارکردن بۆ ڕۆژی دوایی لە یەك کاتدا بەبێ پچڕاندن لە نێوانیانداو، بۆیە دەبینین لە قورئاندا هەر حوکم و یاسایەکی دونیایی دابڕێژێت کۆتایی ئایەتەکە بە چەند ناو و سیفاتێکی خوایی دێنێت بۆ پەیوەندیکاری نێوان تەوحید و کردارەکان.

هەر تەوحیدە لەلایەکەوە ڕێڕەوی بیرکردنەوە و کارکردن گرێ دەدات وە لەلایەکی تریشەوە جەستە و ڕۆحی بەیەکەوە پەیوەست دەکات و بە یەك ڕێڕەو و یەك ئاڕاستە دەیانبات.

هەر عەقیدەی ئیسلامییە هەموو جۆرەکانی ئادەمیزاد تێهەڵکێش دەکات لە نێوان تاك و خێزان و کۆمەڵگا و دەوڵەت و دەسەڵاتدا و بەیەکیانەوە گرێ دەدات بە ڕێڕەوی کارکردن لە پێناوی خوادا و دوور لە مەبەستە دونیایی و تاکەکەسییەکاندا کە قسە و ناونیشانیان بریتییە لە ﴿لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا﴾ [الإنسَان: ٩].

هەر تەوحیدە ڕێگە بە کەمترین دەرچوون و نارەزایی نادات لە یاسا و کارکردندا بۆ خوا و لە پێناوی ئەودا، وە ڕێگە نادات بە قبوولکردنی پێچەوانەکەی کە یاسا و هەوا و ئارەزوو و دەسەڵاتی مرۆڤەکانە بەسەریەکەوە.

هەر تەوحیدە (مخلوق) و (خالق) لەیەك جیادەکاتەوە و ڕێگە نادات هیچ جۆرە (مخلوق)یێك هەرچەندە پلەوپایەی بەرزی هەبێت ببێتە خوایەك و پەرستراوێك بەسەریانەوە، هەر بە هۆکاری بوونی تەوحیدەوەیە کە سیفەتی خوایەتی نادرێتە هیچ بوونەوەرێك، وە سیفەتی (معصوم)ی بێجگە لە پێغەمبەران نادرێتە هیچ زانا و ناوداریێك.

تەوحید وەکوو سەر وایە لە لاشەدا، ڕێکخەری هەموو کارەکانی دونیا و کۆتاییە، پێغەمبەری خوا ﷺ سیانزە ساڵ لە مەککە تەنها بانگەوازی بۆ تەوحید دەکرد، قورئان یەك لەسەر سێی تەوحیدە، دوو بەشەکەی تریشی بەسەرهات و کاری موەحیدەکانە یاخود فەرمان و قەدەغەکراوەکانە لە پێناوی هێنانەدی تەوحیددا.

تـایبه تمەندی چوارەم: (الوسطية) نێوەندگیرە.

نێوەندگیری (الوسطية) **واتە:** ما كان بين طرفي الشيء، وبمعنى خيار، وأفضل، ويأتي وسط بمعنى عدل ... أعدله[1]. **واتە ئەوەی کە لە نێوانی دوو شتی جیاوازدایە، بە واتای چاکترین یاخود ڕێکترین دێت.**

عەقیدەی ئیسلامی بۆیە پێی دەوترێت نێوەندگیر (وسط) **لەبەرئەوەی:** أفضل العقائد، وخيارها، أعدل العقائد، لا إفراط ولا تفريط فيها[2]. **باشترین و چاکترین عەقیدەیە، یاخود ڕێك و دروستترین تەوحیدە، یاخود عەقیدەیەکە لە زیادەڕەوی و کەمڕەوی بەدوورە.**

عەقیدەیەکە حەق بە (خالق) **دەدات و مافی** (مخلوق)**یش دەپارێزێت، هیچ کامیان لەگەڵ یەك تێکەڵ ناکات، ماف بە ژیانی دونیا و هەوڵدانی دەدات و لەگەڵیشیدا هەڵگری خەمی دوارۆژیشە کە قیامەتە، ماف بە ڕۆح دەدات و مافی جەستەش فەرامۆش ناکات، پەیوەستت دەکات بە فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەکەیەوە و عەقڵیش دەخاتە کار لە سنوور و توانای خۆیدا و فەرامۆشی ناکات، خاوەنی ئەم عەقیدەیە** (توكل) **و پشت بە پەروەردگاری دەبەستێت و هۆکارەکانیش دەگرێتەبەر بەبێ یەقین و** (توكل) **لەسەریان، بەردەوام ئەم عەقیدە و تەوحیدە پارێزەری هەڵگریەتی لە زیادەڕەوی و کەمڕەوی لە هەموو کارەکانی دین و دونیادا، مافەکانی خۆت و خەڵکی و دەوڵەت بەیەکەوە گرێ دەدات و مافی کەمینە لەپێناوی زۆرینە و گشتیدا دەبەخشێت، ڕاگری بنەمای ژیانی پارێزراوی خەڵکییە، عەقیدەیەکە کۆکەرەوەی نێوان** (خوف ورجاء) **ترس و هەوڵدان لەگەڵ بێئومێد نەبوون و پاڵنەدانەوە، داوای کارکردن و پارێزگاری لە**

(١) "المفيد في مهمات التوحيد" لدكتور عبد القادر عطا صوفي ص٣٢، وانظر "بصائر ذوي التمييز" للفيروزآبادي (٥/ ٢٠٩)، و "تاج العروس" للزبيدي (٥/ ٢٣٨).

(٢) "المفيد في مهمات التوحيد" لدكتور عبد القادر عطا صوفي ص٣٢.

یاساکان دەکات و پاساو و ڕوخسەتەکانیش دەخوێنێتەوە لەکاتی پێویستدا (العزيمة والرخصة)، عەقیدەی ئیسلامی بە سادەیی و ئاسانی شتەکانت تێدەگەیەنێت، دوور لە هەموو گرێ و تێنەگەیشتنێك، وەرگرتنی لە ئاستی نەخوێندەوارێکەوە تا دەگاتە زانایەك کارئاسانی بۆ کراوە و وتارەکانی (فطرة) و ناخ و عەقڵ و هەستی مرۆڤەکان دەهەژێنێت و بەرەو یەقینی و قەناعەت دەیانبات، بەردەوام ئیمان و کارکردن بەیەکەوە گرێ دەدات، کاریگەری تەواوی لەسەر ئاکار و ئاداب و ڕەوشتەکان هەیە لە ڕێگەی فەرمان بە دادپەروەری و چاکە و ڕێگری لە خراپە و ستەم و لادان، وە نەفس و هەست و ڕۆح و ژیانی مرۆڤەکان ئاسوودە دەکات، لە ناخی پیسی یەکترى پارێزراویان دەکات، عەقیدە و تەوحید سەلامەتە لە هەموو دژایەتی و پێچەوانەیەتی و شڵەژان و تێکچوونێك و گۆڕانکارییەك، لە ڕێزداری ئەم عەقیدەیە ئەوەیە کە هەڵگرانی دەگەیەنێتە ئاستێك لە پلە و پێگەی بەرزی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و بانگەوازی کە بگاتە ئاستی پێغەمبەرانی پێشووی گەلان[1].

چەند نموونەیەك لە (وسطية) و نێوەندگیری عەقیدەی ئەهلی سونەت لە ئاستی دینەکانی تردا[2]

خوای پەروەردگار وەسف و باسی گەلی موسوڵمانی کردووە بە ئومەتێکی نێوەندگیر، وەك: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ﴾ [البَقَرَة: ١٤٣]. ئێوەمان کردووە بە ئومەتێکی (وسط) واتە خێر و چاکترین ئومەت، لەبەرئەوە ئێوە شایەتن بەسەر گەلانەوە، لەخۆگری حەقێکن کە لە نێوان دوو بەتاڵدایە، ئەوانیش زیادەڕەوی و کەمڕەوییە.

(ابن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێبێت: إن الإسلام وسط في الملل بين الأطراف المتجاذبة والسنة في الإسلام كالإسلام في الملل[3].

---

(١) "الخلاصة في خصائص العقيدة الإسلامية" لعلي بن نايف الشحود ص٦٥ – ٨٥، و "مباحث في عقيدة أهل السنة والجماعة" لدكتور ناصر بن عبد الكريم العقل ص٢٤.

(٢) لە کتێبی "علم التوحيد عند أهل السنة والجماعة" لدكتور محمد يسري ص٢٠٠، و "المفيد في مهمات التوحيد" لدكتور عبد القادر عطا صوفي ص٤٤، و "وسطية أهل السنة بي الفرق" لمحمد باكريم محمد ص١٧٥ – ٣٢٥.

(٣) "الصفدية" لابن تيمية (٢/ ٣١٠)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ١٤١).

واتە: دینی ئیسلام نێوەندگیرە لە نێوان دینەکانی تردا، هەروەها ئەهلی سوننەتیش نێوەندگیرە لە نێوان فیرقەکانی ناو ئیسلامدا.

وە دەڵێت: وَقَدْ تَقَدَّمَ أَنَّ دِينَ اللهِ وَسَطٌ بَيْنَ الْغَالِي فِيهِ، وَالْجَافِي عَنْهُ. وَاَللهُ تَعَالَى مَا أَمَرَ عِبَادَهُ بِأَمْرٍ إِلَّا اعْتَرَضَ الشَّيْطَانُ فِيهِ بِأَمْرَيْنِ لَا يُبَالِي بِأَيِّهِمَا ظَفِرَ: إِمَّا إِفْرَاطٌ فِيهِ وَإِمَّا تَفْرِيطٌ فِيهِ. وَإِذَا كَانَ الْإِسْلَامُ الَّذِي هُوَ دِينُ اللهِ لَا يُقْبَلُ مِنْ أَحَدٍ سِوَاهُ قَدْ اعْتَرَضَ الشَّيْطَانُ كَثِيرًا مِمَّنْ يَنْتَسِبُ إِلَيْهِ؛ حَتَّى أَخْرَجَهُ عَنْ كَثِيرٍ مِنْ شَرَائِعِهِ؛ بَلْ أَخْرَجَ طَوَائِفَ مِنْ أَعْبَدْ هَذِهِ الْأُمَّةِ وَأَوْرَعِهَا عَنْهُ حَتَّى مَرَقُوا مِنْهُ كَمَا يَمْرُقُ السَّهْمُ مِنْ الرَّمْيَةِ[1].

واتە: وەکوو لەمەوپێش باسمان کرد دینی خوا نێوەندگیرە لە نێوان زیادەڕەوی و کەمڕەویدا، خوای گەورە هەر فەرمانێکی دەرکردبێت شەیتان پێشی لێدەگرێت بە دوو کار: بە زیادەڕەوی یاخود کەمڕەوی، هەرکامێکیان ئەنجام بدات ئەو مەبەستەکەی خۆی پێکاوە، وە لای خواش لەو دینە زیاتر هیچی تر وەرناگیرێت، بەڵام شەیتان ڕێ بە ڕێڕەوانی دەگرێت تاوەکوو زۆریان لە دینەکەی لادەدات، تەنانەت کۆمەڵێکی بە لاڕێدا بردووە دیندارترین و خۆپارێزترین کەسانی موسوڵمانان بوون، گەیاندوونیەتییە ئەو ئاستەی کە لە دینی دەرکردوون وەکوو چۆن تیر لە نیشانەکەی دەردەچێت، وەکوو خەوارجەکان.

چەند نموونەیەکی نێوەندگیری حەق و ڕاستی ئیسلام لەناو دینەکاندا و ئەهلی سوننەت لەناو فیرقەکاندا دەخەینە ڕوو:

یەکەم: نێوەندگیری ئیسلام لە عەقیدە و تەوحیددا لەچاو دینەکانی تردا.

ئیسلام نێوەندگیرە لە نێوان جوولەکە و گاوورەدا لە تەوحید و ناسینی خوادا، جوولەکەکان خوای پەروەردگار وەسف دەکەن بە هەرچی سیفاتی نەقس و ناتەواوی هەیە کە شیاوە بۆ مرۆڤەکان، لەوانە بەخیل و هەژار و دەستگیری و هیلاك و پەشیمانی لە کار ...، وە گاوورەکانیش شێوەکاری (مخلوق) بە (خالق) دەکەن بە پێچەوانەی جوولەکەکانەوە، دەڵێن (مسیح) عليه السلام بەشێکە لە سێ بەشی خوا و کوڕیەتی و فیداکاری بۆ مرۆڤەکان کردووە و شیفادەر و یارمەتیدەر و ڕزگارکاری هەموو کەسێکە و هەموو شتەکان بەدەستی ئەوە.

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٣٨١).

بەڵام موسوڵمانان تەوحید و عەقیدەیان پاراستنی وەسفی خوایە بە (مخلوق)ەکانەوە، وە پاراستنی وەسفی سیفاتی (مخلوق)ەکانە تاوەکوو نەکرێت بە سیفاتەکانی (خالق)ەوە، وە هەروەها وەسفی سیفاتەکانی خوا دەکەن بەو شێوە و مەبەستەی کە شایستە بە خوا بێت، وە (مخلوقات)ەکانیش کە شایستە بە خۆیان بێت، هەرکەسێك هەرچەندە پێگەی هەبێت لە (مخلوق)یەتی دەرناچێت و سیفات و وەسفێکی نادرێتێ کە شایستەی نەبێت.

دووەم: نێوەندگیری ئیسلام لە پێغەمبەراندا علیهم الصلاة والسلام.

جوولەکەکان وەسف و پێگەیەك بۆ پێغەمبەران بڕیار دەدەن و دەڵێن مرۆڤێکی ئاسایین و دەشێت لەخۆگری هەرچی سیفاتی نەشیاوە بن، تا دەیانکوشتن و بە خراپ باسیان دەکردن: ﴿وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾ [البَقَرَة : ٦١].

گاوورەکانیش زیادەڕەوییان بەرامبەریان دەکرد، بەشێك لە سیفاتی خوایەتییان پێدەدان و عیبادەتیان بۆ ئەنجام دەدان، تەنانەت قەشە و ناوداڕەکانیشیان: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَـٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ ﴾ [التَّوبَة : ٣١]. دەیانگەیاندنە ڕیزی خواوە لە گوێڕایەڵی و پیرۆزیدا.

بەڵام موسوڵمانان پێغەمبەران بە بەندە و نێردراوی خوا دەزانن و لە چوارچێوەی بەندایەتیدا بەندەی خوان و لە بازنەی پێغەمبەرایەتیدا (معصوم)ن، دەبێت گوێڕایەڵی فەرمانەکانیان بکرێت و لێی دەرنەچن، نێردراو و هۆکاری گەیاندنی دینی خوان.

سێیەم: نێوەندگیری ئیسلام لە شەرع و دینی خوادا.

جوولەکەکان خۆیان زۆر شتیان لەسەر خۆیان حەرام دەکرد بە ئارەزوو و ویستی خۆیان: ﴿إِلَّا مَا حَرَّمَ إِسْرَٰٓءِيلُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ مِن قَبْلِ أَن تُنَزَّلَ ٱلتَّوْرَىٰةُ ﴾ [آل عِمرَان : ٩٣]. وە باوەڕیان بە (نسخ) سڕینەوەی یاسا و شەرعی خوا نەبوو.

گاوورەکان بەپێچەوانەوە زۆر شتیان لە حەرامەکان حەڵاڵ دەکرد، وەکوو مردارەوەبوو، عەرەق، گۆشتی بەراز، خوێن ...، وە ڕێگە دەدەن بە قەشە و ناوداڕەکانیان کە شەرعی خوا لە حەڵاڵ و حەرام بە ویستی خۆیان گۆڕانکاری تیادا بکەن.

لای موسوڵمانان یاسای حەڵاڵ و حەرام پەیوەستە بە خواوە و هیچ کەس بۆی نییە دەستکاریکردن و یاسای (تشریع) بگرێتە ئەستۆ، وە پێغەمبەریش گەیاندنی لەسەرە و حەقی (تشریع)ی نییە لەلایەن خودی خۆیەوە: ﴿وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ﴾ [النور : ٥٤]. بەڵام ڕووڵکار و شیکاری یاساکانی خوای لە ئەستۆیە.

چوارەم: نێوەندگیری ئیسلام لە عیبادەتدا.

جوولەکەکان شارەزایی و زانستیان هەیە بەسەر عیبادەتەکاندا بەڵام کاری پێناکەن، بۆیە خوا بە شوێنی خەشم و غەزەبی خۆی ناویان دەبات: ﴿غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ﴾ [الفاتحة : ٧].

گاوورەکانیش کارێکی زۆری عیبادەتیان هەیە بەبێ شارەزایی و زانستی شەرعی خوا و کارەکانیان پڕ لە بیدعە و گومڕاییە: ﴿وَرَهْبَانِيَّةً ٱبْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَٰهَا عَلَيْهِمْ﴾ [الحديد : ٢٧].

بەڵام موسوڵمانان لەخۆگر و خاوەنی (العلم والعمل)ن لە شارەزایی و کارپێکردندان و دژایەتی هەموو بیدعە و لادان و گومڕاییەك دەکەن لە شەرع و دینی خوادا.

چەند نموونەیەك لە (وسطية) و نێوەندگیری عەقیدەی ئەهلی سوننەت لە ئاستی فیرەقە گومڕاکاندا[1] :

یەکەم: ئەهلی سوننەت نێوەندگیرن لە نێوان فیرەقەکاندا لە (توحيد الأسماء والصفات)دا.

هەندێك لە فیرەقەکان ڕۆچوون لە (نفي)دا و لە ئەنجامدا هەمووی یاخود زۆرینەی ناو و سیفات و کارەکانی خوا باوەڕیان پێی نییە و (نفي) دەکەن و دەکەونە (تعطيل الكلي) باوەڕنەبوونی تەواو بە هیچ باس و وەسفێکی خوا، وە هەندێکیشیان لە بەرامبەردا ڕۆچوون لە (اثبات) و باوەڕبوون بە هەموو سیفاتەکانی خوا تا کەوتوونەتە (تشبيه وتمثيل) خوا شوبهاندن بە سیفاتەکانی (مخلوقات)ەوە، بەڵام ئەهلی سوننەت باوەڕیان بە (اثبات ونفي) هەیە بەبێ کەوتنە ناو (تحريف وتشبيه وتعطيل وتكييف)، دەوەستن لە سنووری دەقەکاندا و باوەڕیان بە هەموو ناو و

(١) لە کتێبی "علم التوحيد عند أهل السنة والجماعة" لدكتور محمد يسري ص٢٠٠، و "المفيد في مهمات التوحيد" لدكتور عبد القادر عطا صوفي ص٤٤، و "وسطية أهل السنة بي الفرق" لمحمد باكريم محمد ص٣٢٥ - ٥٠٠.

سیفات و کارێك هەیە کە لە قورئان و سونەتدا هاتووە لە چوارچێوەی ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾ [الشورى : ١١]. هیچ شتێك هاوشێوە و لێکچووی نییە، لە کاتێکدا کە بیسەر و بینەریشە.

دووەم: نێوەندگیری ئەهلی سونەت لە قەزاوقەدەردا.

قەدەرییەکان باوەڕیان بەوە هەیە ئادەمیزاد کاری خۆی بۆخۆی خاوەنیەتی و دایدەهێنێت و دروستی دەکات و خوا دەسەلاّتی تیادا نییە.

وە جەبرییەکانیش باوەڕیان بەوە هەیە ئادەمیزاد هیچ توانا و دەسەلاّتێکی نییە لە هێنانەدی و دروستکردنی کارەکانیدا و هەمووی کاری خوایە.

ئەهلی سونەت باوەڕیان بە دروستکردن و هێنانەدی کاری خوا هەیە لە کارەکانی مرۆڤدا، وە مرۆڤیش خۆی خاوەن ئیرادە و بژاردە و عەقلّ و ویستی خۆیەتی و خوای گەورە ستەم لە کەس ناکات و هەرچییەکیش دێتە دی لە چوار پێگەکەی قەدەر دەرناچێت ئەویش (العلم والكتابة والمشيئة والخلق)ە، خوای گەورە ئادەمیزادی دروستکردووە و کارەکانیشی بۆ ڕەخساندووە، وە ئادەمیزادیش خاوەنی کردارن بە ڕاستی و دروستی، وە توانای خواش بالاّدەستە بەسەریاندا.

قەدەری کەونی و شەرعی لەژێر باری ویست و ئیرادەی خوادایە بەو شێوەیەی کە پێی خۆشە و پێی ڕازییە لەسەری: ﴿لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ﴾ [الأعراف : ٥٤]. هەموو دروستکراوێك و فەرمانێك بۆ جێبەجێکردن هەر بۆ خوایە.

سێیەم: نێوەندگیرییان لە دەقەکانی هەڕەشە و موژدەکانی خوا (الوعد والوعيد).

هەڕەشە و موژدەکانی قورئان و سونەت پەیوەندی بە (خوف ورجاء) ترس و ئومێدبەخشینەوە هەیە، (خوارج ومعتزلة)کان زیادەڕەوییان کردووە لەلایەنی ترس و هەڕەشەکان (الخوف والوعيد) و لایەنی (وعد ورجاء) موژدە و ئومێدەکانیان پەراوێز کردووە، بەو هۆکارەوە بە تاوان و لانەدانەکان کۆمەلّگەی موسولّمانانیان (تكفير) کردووە و ناویان بردووە بە (دار الكفر) و بڕیاری هەلّگەڕانەوە (المرتد)یان بڕیوە بەسەر موسولّماناندا و هەوالّدانەکەی پێغەمبەریان ﷺ بەسەردا هاتووە کە فەرموویەتی: «يَقْتُلُونَ أَهْلَ الإِسْلَامِ وَيَدَعُونَ أَهْلَ الأَوْثَانِ»[1].

(١) سبق تخريجه ص٣٩٥.

موسولّمان دەکوژن و بێبڕوا و بتپەرستان سەلامەتن لێیان، وە دەلّێن (لا ينفع الإيمان مع المعصية كما لا ينفع العمل الصالح مع الكفر) ئیمان سوودی نییە لەگەلّ تاواندا هەروەك چۆن کردەوەی چاك سوودی نییە لەگەلّ بێبڕواییدا، وە ئەوەی بچێتە دۆزەخەوە لە موسولّمانان نایەتە دەرەوە، وە هەموو هەڕەشەکانی قورئان دەبێت بێتە دی وەکوو خۆی وەکوو چۆن موژدەکان وەکوو خۆی دێتە دی، دینداری و خواپەرستییەکەیان پەیوەستکردووە بەس بە لایەنی (خوف) و ترسەوە و لایەنی (رجاء) و ئومێدەکانیان پەراوێز کردووە.

لە بەرامبەر ئەمانیشدا (مرجئة)کان دینداری و کارکردنیان پەیوەست کردووە بە لایەنی (رجاء)ەوە بە پەراوێزکردنی لایەنی (خوف)، دەلّێن (الإيمان لا تضر مع المعصية) واتە تاوان زیانی نییە لەگەلّ بوونی ئیماندا، هەروەك چۆن لەگەلّ بێبڕواییدا عیبادەت سوودی نییە (كما لا ينفع مع الكفر الطاعة)، ئیمانهێنان (معرفة)یەکە ئادەمیزاد وەری دەگرێت و قابیلی زیاد و کەمی نییە، هیچ کار و تاوانێك کاریگەری لەسەر بوون و نەبوونی نابێت و خاوەنەکەی بەو (معرفة)یە خاوەن ئیمانی تەواوە، هیچ کەم و کوڕی و نەبوونی بەسەردا ناهێنێت.

بەلّام ئەهلی سوننەت باوەڕ و ئیمانیان بە (خوف ورجاء، وعد ووعيد) هەیە و کاری لەسەر دەکەن، وە وادە و موژدەکانی قورئان و سوننەت لایان وەکوو خۆیانە و چۆن باس کراون ئاوا دێنە دی، بەلّام (وعيد وخوف) و هەڕەشەکان مەرج نییە وەکوو خۆیان بێنە دی، لەژێر باری (مشيئة وإرادة) و ویستی پەروەردگاردان (في مشيئة الله، إن شاء عذبه، وإن شاء غفر له)، وە موسولّمانان هەرچەندە تاوانبار بن بەلّام ئیمانیان لێ ناسەندرێتەوە بێجگە لە رێگەی کوفر و بێبڕواییەوە نەبێت، چوونە دۆزەخیشیان بە ئەبەدی و هەتا هەتایی نییە بە هۆکاری بوونی ئیمانیانەوە، بەلّام تاوان و لادانەکان ئیمان کەم دەکات، هەروەك چۆن بە کاری چاکە زیاد دەکات، وە موسولّمانان بەردەوام لەخۆگری (طاعة ومعصية)ن و لەژێر باری (خوف ورجاء)دان، زیادەڕەوی و کەمڕەوی ناگرنەبەر لە (خوف ورجاء)دا، هەریەکەیان لە شوێنی گونجاوی خۆیدا کاری لەسەر دەکەن، وە (ولاء وبراء) بەردەوام لە موسولّمانانداو هەیە بەگوێرەی (طاعة ومعصية)یان[1].

(١) "المفيد في مهمات التوحيد" لدكتور عبد القادر عطا صوفي ص٥٢، و "علم التوحيد عند أهل السنة والجماعة" لدكتور محمد يسري ص٢٠٥، و "وسطية أخل السنة بين الفرق" لمحمد با كريم ص٣٣٤ – ٣٥٨.

چوارەم: نێوەندگیری ئەهلی سوننەت لە هەڵوێستیان دەربارەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ.

خەوارجەکان (علي ابن أبي طالب) ﷺ و لایەنگرانی (معاوية)یان ﷺ بە (مرتد) و بێبڕوا دایە قەڵەم، هەروەك چۆن موعتەزیلەکانیش بە (فاسق) و تاوانباریان دانە قەڵەم، وە شیعە و ڕافیزەکانیش بە هەمان شێوە (تکفیر)ی کۆمەڵگەی هاوەڵانیان کرد بێجگە لە حەوت کەس نەبێت، بەم شێوەیە بە کەسانی سادە و ساکاریان هەژمار کردن، هیچ نرخێکیان بۆ پێگەی دینی و کاری هاوەڵی و گەیاندنی دینییان دانەنان.

هەروەك لە بەرامبەردا شیعە و ڕافیزەکان پێگەی هەندێکیان بەرزکردەوە بۆ ئاستی پێغەمبەر کە (معصوم)ن یاخود سیفاتی خوایەتییان پێبەخشین لە عیبادەت و پەرستندا، هەروەك چۆن بە هەموو جێگرەوەیەکی دوای ئەوانیشیان لە ئیمامەکانیان بەخشی.

بەڵام ئەهلی سوننەت هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بە کەسانی سادە دانانێن و زیادەڕەویشیان تێدا ناکەن، بەڵکوو بە کەسانی خاوەن پێگەی دین و کاری بەرزی ئیسلامیان دادەنێن و بە زانا و پێشەوای ئەم ئومەتەیان دەزانن، وشەی (رضي الله عنه)ی قورئانیان بۆ بەکاردەهێنن، وە لە ناونیشان بۆیان پێیان دەڵێن (عدالة الصحابة) دادوەری هاوەڵان.

ئەمانە چەند نموونەیەك بوون لە (وسطية)ی ئەهلی ئیسلام و سوننەت لە کاری دینییاندا.

تایبەتمەندی پێنجەم: تەوحید (فطرية) و گونجاوە لەگەڵ ناخ و دەروونی ئادەمیزاددا.

خوای دروستکاری ئادەمیزاد خۆی زانایە بەو عەقیدە و دینەی کە گونجاوە لەگەڵ ئادەمیزاددا و لەسەری دروستی کردوون، دەفەرموێت: ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾﴾ [الروم: ٣٠]. واتە ڕوو بکەرە ئەو دینە پاکەی خوای پەروەردگار مرۆڤەکانی لەسەر ڕاهێناوە، گۆڕانکاری بەسەر دروستکراوی خوادا نایەت، هەر ئەوە دینی چەسپاو و ڕاست و دروستی خوایە ئەگەرچی زۆری خەڵکیش لەسەری بێئاگا بن.

ئەم عەقیدە و تەوحیدەی ئیسلام هیچ نامۆیی و دژایەتییەکی ئەو ناخە پاکەی ئادەمیزاد ناکات، بۆیە مرۆڤەکان ئەگەر ناخۆشییان بەسەربێت ڕاستەوخۆ هاوار بۆلای خوا دەبەن، وە

کاتێك ڕوو دەکەنە عیبادەت و ناسینی خوا ئاسوودە دەبن، وە کاتێك نیەت و مەبەستەکانیان بۆ ئەو کۆدەکەنەوە لە کار و کردارياندا عەقڵ و ناخ و ژیانیان ئارام و ئاسوودە دەبێت، لە خۆشەویستی و ترسیشدا ئارامگایان هەر گەڕانەوەیە بۆلای ئەو، وە لە ناخیشیاندا بێگومانن لە دادپەروەری و بەزەیی خوا بۆیان، لەبەرئەوەی خوا ئەوانی دروستکردووە و هەر ئەویش خاوەنی دین و عەقیدەی پڕ کامەرانییە بۆیان.

ئەو شێواز و ڕوانگانەی کە دەیسەلمێنێت عەقیدەی ئیسلامی (فطرية) و لەگەڵ ناخ و سروشتی ئادەمیزاددا دەگونجێت:

١. زۆر ئاسان و ئاشکرا و ڕوونە و هیچ قورسایی و گرێیەك لەخۆ ناگرێت، بەس (توحید) شاییستە بە خوایە و (شرك) و ڕێگاکانی ڕێگای گومڕاییە و شیاو نییە بۆ خوا، زیادەڕەوی لە دین و جێبەجێکاریدا شوێنی قبوولکردن نییە و ڕۆچوون لە دونیا و گەورەکردن و (تعظیم)ی ناوداران و زاناکان هەرگیز گونجاو نییە لەگەڵ خوای پەروەردگاردا، وەك دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ﴾ [البَقَرَة : ١٨٥]. خوا کارئاسانی پێخۆشە بۆتان، کارگرانی مەبەست نییە پێتان، وە دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ [الحَج : ٧٨]. لە دینی خوادا هیچ قورساییەکی ئەستەم نییە، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: «هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ»[(١)]. واتە تیابچن ئەوانەی کارگرانی دروستدەکەن.

بە پێچەوانەی عەقیدە و دینی جوولەکە و گاوور و بتپەرستەکانەوە کە لە ئەنجامی نەگونجاندنی عەقیدە و دینیان لەگەڵ (فطرة) و ناخی مرۆڤەکاندا پەراوێز دەکرێن و لەبیر دەچنەوە.

٢. تاکە عەقیدە و شەریعەتێکە کە چەسپاو و دامەزراوە و گۆڕانکاری و ویستەکانی ئادەمیزاد لەخۆ ناگرێت، بە کەمترین دەسکاری و گۆڕانکاری تاوانی ئەوە دەخرێتە پاڵ خاوەنەکەی کە سیفاتی خوایەتی و پێغەمبەرایەتی بۆخۆی بانگەواز دەکات، هەموومان بەندەین و

(١) رواه مسلم (٢٦٧٠)، وأبو داود (٤٦٠٨)، وأحمد في "المسند" (٣٦٥٥)، والبزار في "المسند" (١٨٧٨)، وأبو يعلى في "مسنده" (٥٠٠٤)، والطبراني في "الكبير" (١٠٣٦٨)، وابن عبد البر في "الجامع" (١٨١٧)، والبغوي في "شرح السنة" (٣٣٩٦).

بەندایەتی خوا دەکەین و بەس، وە لە ناخیاندا بە هیچ شێوەیەك قبوولّی ئەوە ناکرێت کە (خالق) بوونی نەبێت، وە قبوولّی ئەوە ناکرێت کە (مخلوق) لە بەندایەتی و پەیوەستبوونی ئەو دەتوانێت دەرچێت.

٣. عەقیدەی ئیسلامی خۆڕاگر و چەسپاو و بەردەوامە بە درێژایی مێژوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو دینە شوێنی پێویستییەکانی مرۆڤە و گونجاوە لەگەلّ ناخ و ژیانیاندا، لەگەلّ ئەو هەموو هەولّی لێدان و گۆڕانکارییانەی ناوەوە و دەرەوە هەر بە بلّندی و خۆڕاگری و پایەبەرزی دەمێنێتەوە و ئادەمیزاد لە ئامێزی دەگرێت، وە تەنانەت دوژمنانی و خاوەن ئایینە جیاوازەکان کاتێك پێی ئاشنا بوون ئەوەی پێشووتریان لەبیرچووەتەوە و پەراوێزیان خستووە و هەلّگری عەقیدە و دینی ئیسلام بوون گەر بە کورت و کوڕیش بێت، لەبەر باشتر و گونجاوتر لەگەلّ ژیان و ناخیاندا لەچاو دینی ڕابوردوویاندا.

٤. عەقیدەی ئیسلامی لەخۆگری (الإضطراب والتناقض واللبس) شلّەژان و دژایەتی و لێێکچوون نییە لەگەلّ ناخ و سروشتی ئادەمیزاددا، وەکوو خوا جَلَّجَلَالُهُ دەفەرموێت: ﴿لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ﴾ [فُصِّلَتْ : ٤٢]. هیچ بەتاڵێك لەخۆ ناگرێت لە هەرچوارلایەوە.

عەقیدەی ئیسلامی خاوەنی سیفاتی (التكامل والترابط) تەواوکاری و پەیوەندیکارە لە نێوان عەقیدە و یاساکانیدا، وە بوون و ناسینی (ملائكة) و ڕۆژی دوایی و لێپرسینەوە و ...، هەموو ئەم بەشانەی ئیمان بە یەك ڕێڕەو و ئاستدا دەتبات ئەویش تەواوکاری باوەڕبوونە بە خوا و هاتنەدی ڕازیبوونەکانی ئەوە، تەوحید و خواپەرستی متمانەی هێنانەدی ژیانی پڕ کامەرانی و ئاسوودەیی و سەربەرزییە بۆ خاوەنەکانی، وە شەریك بڕیاردان هۆکاری ئالۆزی و دوودڵی و گومانە، گرتنەبەری سوننەتیش تاکە ڕێڕەوی ڕزگاربوونە، وە بیدعەکاریش جالّجالۆکەی پڕ هەوا و ئارەزووی (مخلوقات)ە، وە (طاعة) و خواپەرستی هۆکاری پلە و پێگە بەرزییە، وە (معصية) و تاوانیش هۆکاری تێکدانی ژیانی خۆت و چواردەورتە[1].



(١) "الخلاصة في خصائص العقيدة الإسلامية" لعلي بن نايف الشحود ص٣٩ – ٢٣٤، و "مباحث في عقيدة أهل السنة والجماعة" لدكتور ناصر بن عبد الكريم العقل ص٢٢، و "علم التوحيد" لدكتور محمد يسري ص٢٢٦.

بـەشـی سێیەم

پێگەی تەوحید و گرنگییەکەی

منزلة التوحيد وأهميته

باس و بابەت و زانستی (علم التوحيد) لە دیندا گەورەترین و بەڕێزترین زانستە، خۆ ئەگەر زانستەکان بە باس و بابەتەکانیانەوە بەڕێز بن؛ ئەوا زانستی تەوحید دەبێت بەرزترین پێگەی هەبێت، لەبەرئەوەی زانستێکە پەروەردگارت پێ دەناسێنێت و ڕێنموونیت دەکات بۆ پەرستن و پاراستنی مافی خوایەتی و نەکەوتنە ناو (شرك) و هاوبەش بڕیاردان و گومڕاییەوە، هەر لە کۆنەوە زانایان وتوویانە: أَفْضَلُ الْعِلْمِ عِلْمُ التَّوْحِيدِ وَأَنْفَعُ الْعِلْمِ عِلْمُ الْفِقه[1]. بەڕێزترین زانست زانستی تەوحیدە و بەسوودترین زانستیش زانستی (فقه) و یاساکانی ئیسلامە.

ئەوەندە بەسە کە بانگەوازی پێغەمبەرانە و پێغەمبەری ئیسلامیش سیانزە ساڵ لە مەککە لە پێناوی تەوحیددا جەنگاوە و بانگەوازی بۆ کردووە، وە هەموو باسەکانی قورئان لە چوارچێوەی ئەم بازنەیەدایە، وە یەکەم فەرمان و دانپیادانانە کە پێی دێتە ناو ئیسلامەوە، ئەوەندە بەس بێت کە تۆ لە خەندەقی ناسینی خوا و پارێزەری مافەکانی بیت و بەرهەڵستکار و دژایەتیکاری هەموو جۆرە هاوبەش بڕیاردان و زەوتکارییەکی مافەکانی ئەو بیت.

بۆ زیاتر ئاشنابوون لەسەر پلە و پێگەی تەوحید لە دونیا و دیندا لە ژیانی کەسی ئیماندار بە ڕێگەی ئەم خاڵانە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەخەینە ڕوو:

١. خوای پەروەردگار لە پێناوی هێنانەدی پەرستنی خۆیدا بە تاك و تەنیا کە بریتییە لە (توحيد الألوهية)؛ هەموو جیهانی جن و مرۆڤەکانی دروستکردووە و بوونەوەرەکانیشی لە پێناویاندا بۆ ڕەخساندوون، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ [الذاريات: ٥٦]. دروستکردن و هێنانەدی جن و مرۆڤەکان بەس لە پێناوی پەرستن و عیبادەتکردنی پەروەردگاری بێ هاوتا بووە.

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٧/ ١٣٢).

٢. هەر تەوحید بووەتە هۆکاری ناردنی سەرتاپای پێغەمبەرانی دونیا سەلامی خوایان لێبێت، تاوەکوو ڕێنموونی ئادەمیزاد بکەن بۆ پەرستنی خوا و شەریك بۆ بڕیارنەدانی، وەك دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾ [النحل: ٣٦]. **لە هەموو گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە تاوەکوو ڕێنموونی خەڵك بکات بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنیا و دوورکەوتنەوە لە هەموو شتێك کە بێجگە لەو دەپەرستڕێت و دەخرێتە ئاستی خواوە.**

٣. هەرچی پەیام و کتێبی خوا هەیە لە پێناوی هێنانەدی تەوحیددا نێردراوەتە خوارەوە، وەکوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «...الْأَنْبِيَاءُ إِخْوَةٌ... وَدِينُهُمْ وَاحِدٌ»[1]. واتە پێغەمبەران ﷺ بران و پەیام و ئەو دینەی پێیان بووە یەك دین بووە، ئەویش تەوحید بووە، بەڵام شەرع و یاسایان جیاواز بووە و هەریەك بەگوێرەی سەردەم و پێویستی خۆی.

٤. تەوحید یەکەم کار و ڕێگەی بانگەوازی پێغەمبەران بووە، بۆ هێنانەدی تەوحید و ڕزگارکردنی خەڵك لە گومڕایی و شەریك بڕیاردان و گەڕانەوەیان بۆ ناسین و پەرستنی خوایەکی تاك و تەنیا و بێ هاوتا، خوای پەروەردگار جَلَّوَعَلَا دەفەرموێت: ﴿قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾﴾ [يوسف: ١٠٨]. **پێیان ڕابگەیەنە ئەمە ڕێگەی بانگەوازی من و شوێنکەوتووانمانە بۆ هێنانەدی تەوحید و ڕزگاربوون لە شەریك بڕیاردان، یەکەم کاری بانگەوازی و قۆناغ بڕینی تاك و کۆمەڵ بۆ سەر ئیسلام دەبێت لە تەوحیدەوە دەستپێبکات و عەقیدە و بیروباوەڕ پاك بکاتەوە و تەوحیدیان پێ بناسێنێت و ڕزگاریان بکات لە شەریك و هاوبەش بڕیاردان.**

٥. تەوحید تاکە ڕێگایەکە لە دیندا کە ئەگەر حەق و مافی خۆی بدرێتێ بەتەواوی؛ ئەوا بەبێ هیچ لێپرسینەوە و سزایەك خاوەنەکەی دەچێتە بەهەشتەوە، ئەم وادەیە لەسەر هیچ ڕێگایەکی تری وەکوو نوێژ و ڕۆژوو حەج و زەکات و ئاداب و ئاکارەکان ... نەدراوە.

---

(١) رواه البخاري (٣٤٤٣)، ومسلم (٢٣٦٥)، وأحمد في "المسند" (٨٢٤٨)، والبزار في "المسند" (٩٥٧٤)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٣٧٥٢٦)، والطيالسي في "مسنده" (٢٦٩٨)، والبغوي في "شرح السنة" (٣٦١٩).

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «سَبْعُونَ أَلْفًا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ بِغَيْرِ حِسَابٍ وَلَا عَذَابٍ»[١]. واتە حەفتا هەزار کەس لە موسوڵمانان بەبێ هیچ لێپرسینەوە و سزایەك دەچنە بەهەشتەوە، ئەوانیش ئەوانەن کە: «لَا يَكْتَوُونَ، وَلَا يَسْتَرْقُونَ، وَلَا يَتَطَيَّرُونَ، وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ». هەڵگری سیفاتەکانی ووردەکاری تەوحیدن و عەقیدە پاکن و پشت تەنها بە خوا دەبەستن، ئەم ووردەکارییەی تەوحید لە هیچ گەلێکدا نییە بێجگە لە گەلی موسوڵمانان نەبێت[٢].

٦. وەعدی بە هەتا هەتایی نەمانەوەی لە دۆزەخدا بەس لەسەر تەوحید بە ئادەمیزاد دراوە و لەسەر هیچ کار و کردەوەیەکی تر پێی نەدراوە، ئەگەر هەرچەندە تاوانبار بێت و شاییستەی سزادان بێت هەر دەبێت لە کۆتاییدا بە هۆکاری تەوحیدەوە لە ئاگر ڕزگاری ببێت، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ﴾ [الأنعام : ٨٢]. ئەوانەی هەڵگری تەوحید و ئیمان و لەخۆگری بواڕەکانی شەریك بڕیاردان نین، ئەوانە دڵنیایی و ئەمانەتیان پێدراوە و لەخۆگری هیدایەتی تەواوی خوایین.

لە فەرموودەکەی (أبي ذر الغفاري)دا ﷺ پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «أَتَانِي جِبْرِيلُ فَبَشَّرَنِي أَنَّهُ مَنْ مَاتَ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ، قُلْتُ: وَإِنْ سَرَقَ، وَإِنْ زَنَى، قَالَ: وَإِنْ سَرَقَ، وَإِنْ زَنَى»[٣]. واتە (جبریل) عليه السلام هەواڵ و موژدەی پێدام هەرکەسێك لە گەلەکەت شەریك بۆ خوا بڕیار نەدات دەچێتە بەهەشتەوە، منیش وتم: ئەگەر زینا و دزیشی کردبێت؟ فەرمووی: ئەگەر زینا و دزیشی کردبێت. بەڵام ئەم وەعدە هاوبەشی بڕیاردەران ناگرێتەوە، وەکوو خوای پەروەردگار عَزَّوَجَلَّ دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ﴾ [المائدة : ٧٢]. بەهەشت لەسەر ئەوانە حەرامە کە هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار داوە[٤].

---

(١) رواه البخاري (٥٧٥٢)، ومسلم (٢٢٠)، والترمذي (٢٤٤٦)، وأحمد في "المسند" (٢٤٤٨)، والبزار في "المسند" (١٤٤١)، والطبراني في "الكبير" (٩٧٦٥)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٢٣٦٢٤)، والطيالسي في "مسنده" (٣٥٠)، والبيهقي في "الشعب" (١١٢٢)، والآجري في "الشريعة" (٧٩٥)، وأبو نعيم في "الحلية" (٢/٢٤٧).

(٢) (٤) "الجامع الفريد شرح كتاب التوحيد" لعبد الله جار الله الجار الله ص١٥.

(٣) رواه البخاري (٧٤٨٧)، ومسلم (٩٤)، والترمذي (٢٦٤٤)، والنسائي في "الكبرى" (١٠٨٨٩)، وأحمد في "المسند" (٢١٣٤٧)، والبزار في "المسند" (٣٩٧٨).

٧. هەرچی کار و کردەوەی ئادەمیزادە لە خێر و چاکە و عیبادەت؛ وەستاوە و وابەستە کراوە لەسەر بوونی تەوحید لای خاوەنەکەی، وەرگرتن و پاداشت و رێگەی کاملبوونی و ئەنجامدانی هەموو کارەکانی بە تەوحیدەوە بەستراوە.

خوای پەروەردگاریش عَزَّوَجَلَّ دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا۟ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ [الأنعام: ٨٨]. ئەگەر شەریك بڕیاردان کاریان بێت ئەوا هەرچی کار و کردەوەیان هەیە دەیسڕینەوە، وە دەفەرموێت: ﴿أَعْمَٰلُهُمْ كَسَرَابٍۭ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ ٱلظَّمْـَٔانُ مَآءً﴾ [النور: ٣٩]، ﴿أَعْمَٰلُهُمْ كَرَمَادٍ ٱشْتَدَّتْ بِهِ ٱلرِّيحُ فِى يَوْمٍ عَاصِفٍ﴾ [إبراهيم: ١٨]. کار و کردەوەکانی موشرکین وەکوو بریقەی لمی سەحرایە، یاخود وەکوو تەپۆلکەی لماوییە کە لە ڕۆژی بادا هەریەکەی بە لایەکا پەرت و بلاو دەبێتەوە[(١)].

٨. تەوحید ئەو (میثاق) و بەڵێن و پەیمانەیە کە پەروەردگار هەر لە ئەزەلەوە لە هەموو ئادەمیزادی وەرگرتووە کە بیپەرستن و شەریکی بۆ بڕیار نەدەن ئەگەر هاتنە دونیا، وەکوو خوای پەروەردگار عَزَّوَجَلَّ دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ شَهِدْنَآ﴾ [الأعراف: ١٧٢].

٩. تەوحید یەکەم واجبی هاتنە ناو دینی خوایە و جیهادیشی لە پێناودا بەرپا کراوە، وەکوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، ...»[(٢)].

وە کۆتا وشەی چوونەدەرەوەیە لە دونیا، وە یەکەم لێپرسینەوەی ناو گۆڕە، هەروەك لە فەرموودە دوور و درێژەکەی سزای گۆڕدا هاتووە: «مَنْ رَبُّكَ؟»[(٣)][(٤)].

---

(١) "الجامع الفريد شرح كتاب التوحيد" لعبد الله جار الله الجار الله ص١٥. (٤) "معالم التوحيد" لمروان القيسي ص٩ – ١١.

(٢) رواه البخاري (٢٥)، ومسلم (٢٢)، وأبو داود (٢٦٤١)، والترمذي (٢٦٠٨)، والنسائي في "الكبرى" (٣٤١٥)، وابن ماجه (٧١)، وابن خزيمة في "صحيحه" (٢٢٤٧)، وأحمد في "المسند" (٨٥٤٤)، والبزار في "المسند" (٩٨١٠)، والطبراني في "الكبير" (١١٥)، والطيالسي في "مسنده" (١٢٠٦)، والبيهقي في "السنن الكبرى" (٢١٩٩).

(٣) رواه مسلم (٢٨٧١)، وأبو داود (٤٧٥٣)، والترمذي (٣١٢٠)، والنسائي في "الكبرى" (٢١٩٥)، وابن ماجه (٤٠٧٧)، وأحمد في "المسند" (١٨٥٣٤)، والبزار في "المسند" (٩٧٦٠)، والطبراني في "الكبير" (٩١٤٥)، وعبدالرزاق في "المصنف" (٦٧٣٧)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (١٢٠٤٨)، والطيالسي في "مسنده" (٧٨٩)، والبيهقي في "الشعب" (٣٩٠)، والآجري في "الشريعة" (٨٦٠)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (٢١٤٠).

١٠. لە پلەوپایەکانی تەوحید: ئیماندار تا خاوەنی تەواوترین و کاملّترین بەشەکانی تەوحید بێت هۆکارە بۆ ڕزگاربوونی لە بەندایەتی خەلّك و پەیوەستبوونی دلّی پێیانەوە لە خۆشەویستی و ترس و کارکردن لە پێناوی ڕازیبوونیاندا، تاوەکوو لەخۆگری تەوحید بێت (الإخلاص) و نیەتپاکی بۆی زیاد دەکات، وە کەمترین کاری گەورەترین و بەرەکەتدارترین کار دەبێت، وە هۆکارە بۆ زیادبوونی ئیمان و خۆشەویستی کارە ئیمانییەکان و ڕازاندنەوەی لە دلّیاندا و ڕقلێبوونی بێبڕوایی و تاوان و لادانەکان، وە هۆکارە بۆ کارئاسانی ئەنجامدانی کارە دینییەکانی و هەست نەکردن و ڕەواندنەوەی قورسایی و ئەرکی سەر لاشە و دلّ لە عیبادەتەکاندا[1].

١١. تەوحید هۆکاری سەرکەوتن و بالّادەستی و دەسەلاّتە بەسەر دوژمناندا و هێنانەدی حوکمی خوایە لەسەر زەویدا، وەکوو خوای پەروەردگار عَزَّوَجَلَّ دەفەرموێت: ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗا﴾ [النور: ٥٥]. وادەی خوایە کە ئیماندارانی خاوەن کاری چاکە بالّادەست بکات و بیانگەیەنێتە ئەو دینە پاك و بێگەردەی خوا تاوەکوو هەر ئەو بپەرستن و هیچ شەریکێکی بۆ بڕیار نەدەن.

وە تەوحید هۆکاری سەرپەرشتیکاری تایبەتی خواییە، وەکوو دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ [البقرة: ٢٥٧]. وە هۆکاری هیدایەت و ڕێنموونی تایبەتی خواییە، وەکوو دەفەرموێت: ﴿يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡقَوۡلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ﴾ [إبراهيم: ٢٧]. وە بە هۆکاری تەوحیدەوە پەروەردگار جێگیر و دامەزراویان دەکات لەسەر ئیمان و ووردەکارییەکانی و مانەوە و یارمەتیدانیان لەسەری بە بەردەوامی، تەوحید هۆکاری سەرەکی لێخۆشبوونی تاوانەکان و سەرپێچییەکانە، وەکوو دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ﴾ [النساء: ٤٨].

وە تەوحید هۆکاری بەدەستکەوتنی شەفاعەتی تایبەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ، وەکوو دەفەرموێت: «أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِي يَوْمَ القِيَامَةِ، مَنْ قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، خَالِصًا مِنْ قَلْبِهِ، أَوْ

(١) "القول السديد في مقاصد التوحيد" لعبد الرحمن بن ناصر السعدي (١/ ٧٩٥) ضمن مجموعة مؤلفات الشيخ.

نَفْسِهِ»[١]. واتە بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی من کەسێکە کە لە ناخی دڵیەوە بە پاکی بڵێت (لا إله إلا الله)، واتە حەقی خۆی پێبدات.

هەر تەوحیدە کلیلی دەرگای بەهەشتە، هەروەکوو لە (وهب بن منبه)یان پرسی: أَلَيْسَ مِفْتَاحُ الْجَنَّةِ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ؟ قَالَ: بَلَى[٢]. ئایا کلیلی بەهەشت (لا إله إلا الله) نییە؟ وتی: بەڵێ.

تەوحید هۆکاری ڕاگرتنی موسوڵمانە لە (بدعة وشرك ومعصية) پەرتەوازەیی و تێکچوون و سەرگەردانی لە دونیا و دیندا، وە هەڵگری تەوحید خاوەنی دەروونێکی دامەزراو و عەقڵێکی بێگەرد دەبێت بە هۆکاری ئەوەی باوەڕی بەس بە قەدەر و حوکمی خوا دەبێت بۆ بەندەکەی و لە وەسوەسەی نەفس و شەیتان سەلامەت و پارێزراو دەبێت[٣].

ئەگەرچی پلە و پێگەی تەوحید زۆر زیاترە لەم خاڵانە لە دونیا و دیندا، لەبەرئەوەی وەکوو سەر وایە لە لاشەدا، وە دین بەبێ بوونی تەوحید هەر بوونی نابێت، بۆیە دەبینین زۆر بە ئاشکرا ئەو فیرقانەی لەخۆگری شەریك بڕیاردانن و پەیوەست نین بە ناوەڕۆکی تەوحیدەوە زۆرترین گومڕایی و لادان و هەڵوەشاندنەوەی دینی و زیانی دونیایی لەخۆدەگرن.



(١) رواه البخاري (٩٩)، والنسائي في "الكبرى" (٥٨١١)، وأحمد في "المسند" (٨٨٥٨)، والبزار في "المسند" (٨٤٦٩)، وابن أبي عاصم في "السنة" (٨٢٥)، والآجري في "الشريعة" (٧٨٨)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (٢٠٤٥)، وابن عبد البر في "الجامع" (١٤٠٦)، والبغوي في "شرح السنة" (٤٣٣٦).

(٢) "الأسماء والصفات" للبيهقي (٢٠٨)، و "الحجة في بيان المحجة" للأصبهاني (٢/ ١٥٨)، و "المطالب العالية" لابن حجر (١٢/ ٣٣٤).

(٣) "فضائل التوحيد" لمحسن بن عوض القليصي ص٢٨٥ - ٤٠٠. بۆ زیاتر ووردەکاری ئەم باسە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی ناوبراو ووردەکاری زیاتر دەدات بەدەستەوە.

بـەشـی چـوارەم

چۆنیەتی هێنانەدی تەوحید و لەکەدارکردنەکانی

كيفية تحقيق التوحيد وقوادحه

باس و شیکاری لەسەر هێنانەدی تەوحید و هۆکارەکانی و خۆپاراستن لە لەکەداریەکانی پێویستییەکی یەکجار زۆرە لەپاش خوێندنەوەی باسەکانی پێشوو.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** الْقُرْآنُ كُلُّهُ مَمْلُوءٌ مِنْ تَحْقِيقِ هَذَا التَّوْحِيدِ وَالدَّعْوَةِ إِلَيْهِ، وَتَعْلِيقِ النَّجَاةِ وَالْفَلَاحِ، وَاقْتِضَاءِ السَّعَادَةِ فِي الْآخِرَةِ بِهِ. وَمَعْلُومٌ أَنَّ النَّاسَ مُتَفَاضِلُونَ فِي تَحْقِيقِهِ، وَحَقِيقَتُهُ إِخْلَاصُ الدِّينِ كُلِّهِ للَّهِ. وَالْفَنَاءُ فِي هَذَا التَّوْحِيدِ مَقْرُونٌ بِالْبَقَاءِ، وَهُوَ أَنْ تُثْبِتَ إِلَهِيَّةَ الْحَقِّ فِي قَلْبِكَ، وَتَنْفِيَ إِلَهِيَّةَ مَا سِوَاهُ، فَتَجْمَعَ بَيْنَ النَّفْيِ وَالْإِثْبَاتِ، ... وَحَقِيقَتُهُ أَنْ تَفْنَى بِعِبَادَتِهِ عَمَّا سِوَاهُ، وَمَحَبَّتِهِ عَنْ مَحَبَّةِ مَا سِوَاهُ، وَبِخَشْيَتِهِ عَنْ خَشْيَةِ مَا سِوَاهُ[1].

واتە: قورئان هەمووی پڕە لە هۆکارەکانی هێنانەدی و حەقپێدانی تەوحید و بانگەوازیکردن بۆی، وە هەموو ئەو پەیوەستبوونیانەی کە هۆکاری ڕزگاربوون و سەرفرازی ڕۆژی دواییە و پەیوەستە پێوەی، ئاشکراشە خەڵکی جیاوازن لە هێنانەدییەکانیدا، وە هێنانەدییەکانیشی پاك و بێگەردی دینداریە بۆ خاوەنەکەی، قوولبوونەوەشی لەم تەوحیدەدا گرێ دراوە بە مانەوەیەوە لەسەری، ئەویش جێگیرکردن و ناسینی خوایەتی حەقە لە دڵدا، هۆکاری نەمان و توانەوەی هەموو جۆرەکانی تری خوایەتییە بێجگە لەو، ئەو کەسە بەردەوام کۆکەرەوەی (النفي والإثبات)ە لە تەوحیددا مافەکانی خوا جێگیر بکرێت و دژایەتی هەموو جۆرەکانی دژ بەو بکرێت، وە ڕاستی و دروستی هێنانەدییەکەشی عیبادەتکردنە بۆ ئەو و نەبوونی هیچ جۆرە عیبادەتێکی تر بۆ بێجگە لەو، واتە پاکبوونەوە لە هەموو جۆرەکانی هاوبەش بڕیاردان لە وورد و درشت و گەورە و بچووك و کەم و زۆریەوە، وە پاکبوونەوە لە چڵك و پیسی شەریك و هاوتا بڕیاردان لە عیبادەتی دڵی و ئەندامەکانی لاشە بۆ بێجگە لە خوا، وە توانەوە لە ویست و ئیرادە و ڕازیبوونەکانی خوای

(١) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٥/ ٣٤٧).

پەروەردگاردا.

خاوەن هێنانەدی تەواوی تەوحید کەسانی تایبەتی خوا و بژاردەی ئەون، ئەوانە شوێنکەوتەی فەرموودەکانی خوا و پێغەمبەرن و پێهەڵگری سەر ڕێگەی ڕاستی پەروەردگارن.

بۆ زانینی چۆنیەتی هێنانەدی و حەقپێدانی تەوحید و ڕێگەی بەدەستهێنانەکانی، زانایان ئەم حەقپێدانەی تەوحید دەکەنە دوو بەشەوە[1]:

بەشی یەکەم: (تحقيق الواجب): هێنانەدی تەوحید بە شێوەیەك کە (الواجب والأصل) بێت لە دیندا لەسەر ئیمانداران.

بەشی دووەم: (تحقيق المندوب والكمال): هێنانەدی تەوحید بە شێوەی تەواوکاری و کاملبوون.

بەشی یەکەم

تحقيق الواجب

هۆکاری هێنانەدی تەوحید بە شێوەی بنەما و واجبێکی شەرعی بەم سێ ڕێگایە دەبێت:

ڕێگای یەکەم: (تخليصه من الشرك المنافي للتوحيد):

پاکبوونەوەی لە هەموو ئەو بواڕە شەریك و هاوبەش بڕیاردانانەی کە هەڵوەشێنەرەوەی تەوحیدە، ئەمەش پێی دەوترێت (حق الله) جَلَّ وَعَلَا.

ڕێگای دووەم: (تخليصه من البدع التي تنافي كماله الواجب):

پاکبوونەوەی لەو بیدعە و داهێنراوانەی کە دژایەتی تەواو و کاملبوونی تەوحیدی (واجب) دەکات، ئەمەش پێی دەوترێت (حق الرسول) ﷺ.

ڕێگای سێیەم: (تخليصه من المعاصي التي تنقص من ثوابه وتؤثر فيه):

پاکبوونەوەی لەو تاوانانەی کە کاریگەرە لەسەری و ناتەواوی بۆ دروستدەکات، ئەمەش پێی دەوترێت (حق الناس والنفس).

---

(١) "جهود شيخ الإسلام ابن تيمية في توضيح توحيد العبادة" لدكتور أحمد بن عبد الله الغنيمان ص١٢٣، و "شرح كتاب التوحيد" للحازمي (١٣/ ١٣)، و "شرح كتاب التوحيد" لسليمان بن عبد الله ص٩٩.

پلەی یەکەم کاریگەری هەیە لەسەر دووەم، وە دووەمیش لەسەر سێیەم، هەموویان هۆکاری تەواوکاری یەکترین.

ڕێگای یەکەم: ڕزگاربوون لە (شرك) و گرتنەبەری ڕێگەی پاککردنەوە لێی بەڵام بە شێوەی (واجب)، ئەمە بنەمایەکە دەبێت بوونی هەبێت لە کەسی ئیماندارا وەکوو هەڵگری سەرەتای تەوحید.

ئەم پاکژیەش لە شەریك بڕیاردان بەوە دێتە دی کە خاوەنەکەی بە تەواوی دابڕانبێت لە شەریك بڕیاردانی گەورە و بچووك (الشرك الأكبر والأصغر).

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَمَنْ اسْتَسْلَمَ لَهُ وَلِغَيْرِهِ فَهُوَ مُشْرِكٌ وَمَنْ لَمْ يَسْتَسْلِمْ لَهُ فَهُوَ مُسْتَكْبِرٌ وَكِلَاهُمَا ضِدُّ الْإِسْلَامِ[1].

واتە: ئەوەی تەسلیمی خوا و بێجگە لە خوا بووبێت ئەوە شەریك بڕیاردەرە، وە ئەوەی تەسلیمی خوا نەبێت خۆبەگەورەزان و لووت بەرزە، هەردوولایان دژ بە ئیسلامن.

ڕزگاربوونیش لە هەردوو جۆرەکەی شەریك بڕیاردانی گەورە و بچووك بەم کارانە نەبێت نایەتە دی:

١. نیەت پاکی (الإخلاص): ئەم نیەت پاکییەش لە کار و گوفتاردا بە دڵنیابوون لەسەر ئەمانە نەبێت دروست نابێت و نایەتە دی:

أ. (توقف قبول العمل على الإخلاص): بزانە هەموو کارەکان لای خوا ڕاوەستاون لە وەرگرتن و قبوڵبوونداا لەسەر نیەتپاکی و بێگەردی بۆ خوا، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا ﴿١١٠﴾﴾ [الكهف: ١١٠]. ئەوەی ویستی گەیشتنە بە ڕازیبوونی خوایی با کارەکانی کاری چاك بێت لەگەڵ بێگەردبوون لە شەریك بڕیاردان.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکدا لە خوای پەروەردگارەوە عَزَّوَجَلَّ دەیگێڕێتەوە کە دەفەرموێت: «أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ فَمَنْ عَمَلَ عَمَلًا فَأَشْرَكَ فِيهِ غَيْرِي فَأَنَا مِنْهُ بَرِيءٌ

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٥/ ١٦٣).

وَهُوَ لِلَّذِي أَشْرَكَ»[1]. من زۆر لەوە بێ پێویستترم كە هاوبەشم بۆ بڕیار بدرێت، هەركەسێك هاوبەشم بۆ بڕیار بدات لە كارێكدا ئەوە من بەریم لێی و هەموو كارەكەی بۆ هاوبەش بڕیاردراوەكەیە.

ب. (الإخلاص هو الأصل الذي بعث الرسل به وأمر به الخلق): نیەتپاكی ئەو بنەمایەیە كە پێغەمبەرانی لەپێناودا نێردراوە، وە فەرمانی تایبەتی خواییە بۆ هەموو خەڵكی، وە بانگەوازی پێغەمبەرانە بۆ گەلەكانیان: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ [الأعراف: ٥٩]، ﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ [الأعراف: ٦٥]، ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ [الأعراف: ٧٣]، ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ [الأعراف: ٨٥]، ﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ [هود: ٥٠]، ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ [هود: ٦١]، ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ [هود: ٨٤]، ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ [المؤمنون: ٢٣]، ﴿فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ [المؤمنون: ٣٢]. هەموو ئەم ئایەتانە ئاماژەن بۆ یەكەم كاری پێغەمبەران بۆ گەلەكانیان، ئەویش ئەوەیە كە خوا بپەرستن و شەریك بڕیاردان لە كردەوەكانیاندا بوونی نەبێت.

بە هۆكاری تەوحیدەوە خەڵكی پۆلێن كراون بۆ ناوی: (مؤمن، مشرك، كافر، منافق)، خوای پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەكات و دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنِّىٓ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿١١﴾﴾ [الزمر: ١١]. ئەی (محمد) ﷺ بڵێ من فەرمانم پێ كراوە خوا بە تاك و تەنیا و بێ هاوتا بپەرستم، ئەوەی باوەڕی پێهێنا (مؤمن)ە، ئەوەشی باوەڕی پێ نەهێنا (مشرك وكافر)ە.

---

(١) رواه مسلم (٢٩٨٥)، وابن ماجه (٤٢٠٢)، وابن خزيمة في "صحيحه" (٩٣٨)، وأبو يعلى في "مسنده" (٦٥٥٢)، والطبراني في "الأوسط" (٦٥٢٩)، والبيهقي في "الشعب" (٦٣٩٦)، والبغوي في "شرح السنة" (٤١٣٧).

ج. (الحذر من الوقوع في الشرك): ئاگاداربوون و خۆپارێزی و ترسان لە کەوتنە شەریك بڕیاردانەوە هۆکارە بۆ دروستبوونی (الإخلاص) لە کردارەکاندا: بەردەوام کەسی ئیماندار دەبێت لەخۆگری ترس بێت لە تووشبوون و کەوتنە ناو جۆرێك لە جۆرەکانی هاوبەش بڕیاردانەوە، لەبەرئەوەی شەریك بڕیاردان ستەمە و تاوانە، وە تەوحیدیش (حق) و مافی خوایە بەسەر بەندەکانیەوە.

٢. (تحقيق العبادة): هێنانەدی عیبادەت و خواناسی لە کارەکاندا.

ئەم دروستبوون و هێنانەدییەی عیبادەت کارە و بنەما کراوە و دامەزراوە لەسەر کارەکانی دڵ و بیروباوەڕی (عمل القلب واعتقاده)، هەردووکیان پەیوەست کراون بە یەکتڕییەوە، خۆ ئەگەر کاری بیروباوەڕ و عەقیدە بەهێز بێت ئەوا کاری دڵی بەهێز دەبێت، وە ئەگەر تەوحید و بیروباوەڕت لاواز بێت ئەوا کاری دڵێشت لاوازە، وە ئەگەر عەقیدە و کاری دڵی بەهێز بێت ئەوا کاری ئەندامەکانی لاشە شوێنکەوتەیانە و بەگوێرەی ئەوان بەهێز و لاواز دەبن.

هۆکارەکانی هێنانەدی کارە عیبادەتییەکانیش بریتییە لەم ڕێگایانە:

أ. دەبێت خوای پەروەردگار ڕووگەی هەموو داواکاری و عیبادەتەکان بێت، (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت: أَنَّ اللهَّ تَعَالَى هُوَ الَّذِي يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ هُوَ الْمَقْصُودَ الْمَدْعُوَّ الْمَطْلُوبَ، ... فَهُوَ سُبْحَانَهُ الْجَامِعُ عَلَى جَلْبِ الْمَحْبُوبِ وَدَفْعِ الْمَكْرُوهِ، ... وَهَذَا مَعْنَى قَوْلِهِ: ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥﴾ [الفَاتِحَة: ٥] ... فَالْأَوَّلُ مِنْ مَعْنَى الْأُلُوهِيَّةِ. وَالثَّانِي مِنْ مَعْنَى الرُّبُوبِيَّةِ[1].

واتە: پەروەردگار پێی خۆشە هەر ئەو شوێنی مەبەست و داواکارییەکان بێت، هەر ئەو یارمەتیدەری هێنانەدی سوودمەندییەکان و لابردنی زیانەکان بێت، ئەمەش واتای ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ە، یەکەمیان پەیوەندی بە تەوحیدی (الألوهية)وە هەیە واتە کار و عیبادەتەکانم هەر بۆ تۆیە و دووەمیشیان پەیوەندی بە تەوحیدی (الربوبية)وە هەیە واتە سەرپەرشتیکردنی دونیا و ئاخیرەتم هەر لەدەست تۆدایە، خۆ ئەگەر بەندەکان ئەمە بزانن و تێبگەن ئەوا ئاوڕ نادەنەوە بەلای هیچ شتێکی تردا بێجگە لە خوادا.

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١/ ٢٢).

ب. خوای پەروەردگار بەندەکانی دروست کردووە تەنها بۆ هێنانەدی عیبادەتەکان، (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أَنَّ اللهَّ خَلَقَ الْخَلْقَ لِعِبَادَتِهِ الْجَامِعَةِ لِمَعْرِفَتِهِ وَالْإِنَابَةِ إِلَيْهِ وَمَحَبَّتِهِ وَالْإِخْلَاصِ لَهُ[1].

واتە: خوای گەورە بوونەوەرەکانی بۆ عیبادەت دروستکردووە تاوەکوو بیناسن و بگەڕێنەوە بۆلای و خۆشەویستی و نیەتپاکییان بەس بۆ ئەو بێت، لەبەرئەوە ئیمان بە خوا و عیبادەت بۆکردنی خۆراکی ڕۆحە و هێزی ئادەمیزادە و هۆکاری ڕێککردنەوەیەتی، داواکارییەکانی خوا بۆ قورسایی و زەحمەت خستنە سەرشانی ئادەمیزاد نییە، یاخود تەنها بۆ ئەوە نییە کە بەس لە پێناوی پاداشتدا بێت، بەڵکوو بەندەکانی سوودمەند و لەخۆگری نیعمەتەکان دەبن ئەگەر بەندایەتی و پەرستنی بۆ ئەنجام بدەن، ئەم کاملّی و تام و چێژە ڕۆحییانە بەرهەمی تەوحیدە و هەڵگرانی دەرکی پێدەکەن.

ج. هۆکاری هێنانەدی تەوحید هەستکردنی خاوەنەکەیەتی بەوەی کە هیچ کەسێك لە دروستکراوەکانی خوا توانای هێنانەدی سوودمەندی و ڕەوینەوەی زیانەکانی نییە، وە لە دەستیاندا هیچ جۆرێك لە هیدایەت و گومڕایی و سەرخستن و شکستی و بەرزونزمی ... نییە، ئەمەش هۆکارە بۆ پشتبەستن و پەنا پێبردنی ئیمانداران بە خوای خۆیان، قورئانیش پڕە لە باسی پێویستییەکانی بەندەکان بۆ خوا بە تاك و تەنیا.

د. پێچەوانەکەشی هۆکارێکی کاریگەرترە ئەویش باوەڕبوونی ئیماندارە بەوەی کە پەیوەستبوون بە بێجگە لە خواوە زیان و زەرەری بۆی هەیە، بەتایبەت ئەگەر لە ڕێژەیەکی زیاد لە خۆی ئەو پەیوەستبوونە دڵنیە هەبێت، هەروەك چۆن خواردن و خواردنەوە و خەوتن ... زیاد لە خۆی بێت زیانبەخشە بۆ خاوەنەکەی، وە سوننەتی خواش وایە ئەوەی دڵت پەیوەست بێت پێوەی پێی تاقی دەکرێیتەوە و تووشی ئەنجامەکانی دەبیت، ئەمە ئاشکرایە کە تاقیکردنەوەکانیش لو ڕێگەیەوەن، وە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لِّيَكُونُواْ لَهُمۡ عِزّٗا ٨١ كَلَّاۚ سَيَكۡفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمۡ وَيَكُونُونَ عَلَيۡهِمۡ ضِدّٗا ٨٢﴾ [مريم: ٨١، ٨٢]. واتە ئەوانەی بێجگە لە خوا پەرستراوێکی تر بۆ خۆیان بژاردە دەکەن تاوەکوو لەو ڕێگەیەوە سوودمەندی و

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١/ ٢٣).

بالآدەستییەکانیان دەستکەوێت، نەخێر دەبێت ڕۆژێك بێت لێی هەڵگەڕێنەوە و بێبڕوا بن بەو پەرستن و کارانەی بۆیان ئەنجامداوە و دژایەتییان بکەن و بەرەنگاریان ببنەوە.

هـ. خوای پەروەردگار بالآدەست و بێ پێویستە بە مرۆڤەکان، هەموو ئەو فەرمان و ڕێگرییانەی کە داویەتی بەسەر بەندەکانیانیدا لەبەر هیچ سوودێك نییە کە بۆ خۆی بگەڕێتەوە یاخود زیانێکی لێ دوورکەوێتەوە، بەڵکوو بەزەیی و چاکە و سۆزێکە لەگەڵ بەندەکانیدا ئەنجامی دەدات، بەڵام بەندەکانی هیچ کارێکیان نییە، بێجگە لە هێنانەدی سوودمەندی و دوورکەوتنەوەی زیان نەبێت لە خۆیان، بەردەوام چاوەڕێی پاداشت و بەرامبەرن لە کارەکانیاندا، مرۆڤەکان مەبەستی سەرەکییان لە هەموو کارێکیاندا مەبەستەکانی خۆیانە بە پلەی یەك، تەنانەت ئەگەر بە زیانیش بگەڕێتەوە سەر چواردەوری؛ لەبەرئەوە خاوەن پێویستییەکان کوێرن لە ئاستی پێویستی بەرامبەردا و مافیان ناخوێنەوە، ئەوەی ئەیبینێت بەس خۆیەتی.

کەواتە بێجگە لە خوا هەر جێگرەوەیەکی تر دابنرێت زیانی زیاترە تا سوودمەندی، جا ئەگەر کەسێك بێت یاخود کۆمەڵێك بێت یاخود دەسەڵاتێك و تاقمێك بێت، ئەمە ڕاستییەکەیەتی.

لەبەرئەوە پەنابردنە بەر خوا و جێبەجێکردنی دینەکەی تاکە ڕێگایە کە بیگرێتە بەر، وە هەر بۆ ئەوەش دروستکراویت، بە دڵنیاییەوە هەموو کارەکان بەدەست خوایە و کلیلی دەرگاکان لای ئەوە بە تەنیا، پەنابردنە بەر بێجگە لەو گومڕایی و سەرگەردانی دونیا و قیامەتی لەپشتە، ڕووکردنە ئەو «وَوَجَّهْتُ وَجْهِيَ إِلَيْكَ» ڕێگەی ڕاست و ئاشکرای پڕ کامەرانییە.

ڕێگای دووەم: پاکژکردنی عەقیدە و دین لە داهێنراوەکان (تخليصه من البدع).

پاراستنی دڵ و کردەوەکان و بیروباوەڕەکان لە بیدعەکارییەکان لە بچووك و گەورەیان گرنگترین کاری بەندەکانە بۆ هێنانەدی تەوحید و گەیشتن پێی، کەوتنە ناو کەمترین بیدعەکارییەوە شێواندن و لەکەداری دروستدەکات: وَجِمَاعُ الدِّينِ أَنْ لَا نَعْبُدَ إِلَّا اللهَ وَلَا نَعْبُدُهُ إِلَّا بِمَا شَرَعَ وَلَا نَعْبُدُهُ بِالْبِدَعِ[1]. کۆکەرەوەی هەموو دین بریتییە لەوەی هیچ پەرستراوێك نەپەرستین بێجگە لە خوا، وە بە هیچ ڕێگایەك نەپەرستین بێجگە لە ڕێگا و شەرعی دانراوی خۆی نەبێت، وَإِذَا أَصَرَّ

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١١/ ٥٨٥).

عَلَى تَرْكِ مَا أُمِرَ بِهِ مِنْ السُّنَّةِ وَفِعْلِ مَا نُهِيَ عَنْهُ فَقَدْ يُعَاقَبُ بِسَلْبِ فِعْلِ الْوَاجِبَاتِ حَتَّى قَدْ يَصِيرُ فَاسِقًا أَوْ دَاعِيًا إلَى بِدْعَةٍ ... فَإِنَّ الْبِدَعَ لَا تَزَالُ تُخْرِجُ الْإِنْسَانَ مِنْ صَغِيرٍ إلَى كَبِيرٍ حَتَّى تُخْرِجَهُ إلَى الْإِلْحَادِ وَالزَّنْدَقَةِ ... فَالسُّنَّةُ مِثَالُ سَفِينَةِ نُوحٍ: مَنْ رَكِبَهَا نَجَا وَمَنْ تَخَلَّفَ عَنْهَا غَرِقَ[1]. **خۆ ئەگەر بیدعەکار سووربێت لەسەر شکاندنی فەرمانەکانی سوننەت؛ ئەوا سزای خواییش دەیگرێتەوە بە رێگری و نەتوانینی ئەنجامدانی کارە واجبە دینییەکان، تا وای لێدێت (فاسق) و تاوانبار دەبێت، یاخود بانگەوازکار دەبێت بۆ بیدعە و گومڕاییەکان، بیدعەکاری هۆکارە بۆ بەردەوام دوورخستنەوە و دەرکردنی خاوەنەکەی بۆ بەرەو بێبڕوایی و دەرچوون لە دین، بە گەورە و بچووکی بیدعەوە ئەمە کاریگەریەکانیەتی، لەبەرئەوە شوێنکەوتەی سوننەت وەکوو کەشتییەکەی (نوح) عليه السلام وایە لە تۆفانەکەدا، ئەوەی سەرکەوت تیایدا ڕزگاری بووە، وە ئەوەی دواکەوت تیاچووە.**

بیدعە و گومڕاییەکانیش دوو جۆرن: الْبِدَعُ نَوْعَانِ: نَوْعٌ فِي الْأَقْوَالِ وَالِاعْتِقَادَاتِ وَنَوْعٌ فِي الْأَفْعَالِ وَالْعِبَادَاتِ. وَهَذَا الثَّانِي يَتَضَمَّنُ الْأَوَّلَ كَمَا أَنَّ الْأَوَّلَ يَدْعُو إلَى الثَّانِي ... وَأَهْلُ الْإِرَادَةِ إنْ لَمْ يَقْتَرِنْ بِإِرَادَتِهِمْ طَلَبُ الْعِلْمِ الْوَاجِبِ عَلَيْهِمْ الِاعْتِصَامُ بِالْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ وَإِلَّا وَقَعُوا فِي الضَّلَالِ وَالْبَغْيِ ... وَلِهَذَا تَجِدُ مَنْ انْحَرَفَ عَنْ الشَّرِيعَةِ فِي الْأَمْرِ وَالنَّهْيِ مِنْ أَهْلِ الْإِرَادَةِ وَالْعِبَادَةِ وَالسُّلُوكِ وَالطَّرِيقِ يَنْتَهُونَ إلَى الْفَنَاءِ الَّذِي لَا يُمَيِّزُونَ فِيهِ بَيْنَ الْمَأْمُورِ وَالْمَحْظُورِ ... وَتَجِدُ أَيْضًا مَنْ انْحَرَفَ عَنْ الشَّرِيعَةِ مِنْ الْجَبْرِ وَالنَّفْيِ وَالْإِثْبَاتِ مِنْ أَهْلِ الْعِلْمِ وَالنَّظَرِ وَالْكَلَامِ وَالْبَحْثِ يَنْتَهِي أَمْرُهُمْ إلَى الشَّكِّ وَالْحِيرَةِ كَمَا يَنْتَهِي الْأَوَّلُونَ إلَى الشَّطْحِ وَالطَّامَّاتِ فَهَؤُلَاءِ لَا يُصَدِّقُونَ بِالْحَقِّ وَأُولَئِكَ يُصَدِّقُونَ بِالْبَاطِلِ. وَإِنَّمَا يَتَحَقَّقُ الدِّينُ بِتَصْدِيقِ الرَّسُولِ فِي كُلِّ مَا أَخْبَرَ وَطَاعَتِهِ فِي كُلِّ مَا أَمَرَ بَاطِنًا وَظَاهِرًا[2]. **بیدعە دوو جۆرە: جۆرێك لە قسە و بیروباوەڕەکاندا، وە جۆرێك لە کار و عیبادەتەکاندا، ئەمەی دووەمیان لەخۆگری یەکەمە، هەروەك چۆن یەکەم بانگهێشتکردنە بۆ دووەم.**

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢٢/ ٣٠٦).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢٢/ ٣٠٦ - ٣٠٨).

خاوەن ئیرادە و کاری عیبادەت ئەگەر پشت نەبەستن بە قورئان و فەرمودە دەکەونە گومڕایی و ستەم لێکردنەوە، گومڕایی سیمای گاوورەکانە، وە ستەمکاریش لە کردەوەی جوولەکەکانە ﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾ [الفَاتِحَة : ٧]. ئەهلی ئیرادە و عیبادەت و ڕێگاکانیان بەرەو ڕۆچوون دەچن لە (فناء)دا تا دەگەنە ئەوەی جیاوازی ناکەن لە نێوان فەرمانەکانی خوا و قەدەغەکراوەکانی، بەمەش شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزووەکانیان دەبن، لەبەرئەوەی شوێنکەوتەی سوننەت نەبوون لە عیبادەتەکانیاندا، سەرئەنجام خۆیان بیدعەکارییان ئەنجامداوە تیایاندا، لەبەرئەوە کەوتوونەتە ویستەکانی خۆیانەوە.

هەروەك چۆن ئەهلی عەقڵ و قسە و باس پەیوەست نەبوون بە هەواڵ و بابەتە عەقیدەییەکانەوە بۆ تێگەیشتن لە دین، کۆتا کاریان ئەوە بوو کەوتنە ناو گومان و دوودڵی باوەڕپێنەکردنی دەقەکانەوە، هەروەك چۆن سۆفییەکانیش کەوتنە ناو قسەی بێ سەروبەر و (شطحات) و پێچەوانەی دینەوە، ئەهلی عەقڵییەکانیش باوەڕیان نەما بەو حەق و ڕاستیانەی کە بوونیان هەیە لە قورئان و سوننەتدا، وە ئەهلی عیبادەتیش باوەڕیان بە هەموو بەتاڵێك کرد، ئەوان لەخۆگری دژایەتی و ڕەتدانەوەی حەق بوون، ئەمانیش لەخۆگری قسەی بەتاڵ بوون.

کاملّی دین لە هێنانەدی تەوحید و دینداریدا باوەڕبوونە بە پێغەمبەر ﷺ و هەموو هەواڵەکانی، لەگەڵ گوێڕایەڵێکردنی لە هەموو کارە دینییەکاندا بە کارە ڕووکەش و ناوەڕۆکەکانەوە.

هۆکارەکانی بیدعەکاریش بێ ئاگایی و نەزانینە (الجهل والهوى) بەسەر ڕێگای خوادا لەگەڵ هەوا و حەزی ئادەمیزاد: الْخَيْرُ بِمَعْرِفَةِ الْحَقِّ وَاتِّبَاعِهِ فِي الْعِلْمِ وَالْعَمَلِ جَمِيعًا ... فَالْعِلْمُ بِالْحَقِّ يُوجِبُ اتِّبَاعَهُ إِلَّا لِمُعَارِضٍ رَاجِحٍ، مِثْلَ اتِّبَاعِ الْهَوَى بِالِاسْتِكْبَارِ وَنَحْوَهُ، كَحَالِ الَّذِينَ قَالَ اللهُ فِيهِمْ: ﴿ سَأَصۡرِفُ عَنۡ ءَايَٰتِيَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَإِن يَرَوۡاْ كُلَّ ءَايَةٖ لَّا يُؤۡمِنُواْ بِهَا وَإِن يَرَوۡاْ سَبِيلَ ٱلرُّشۡدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلٗا وَإِن يَرَوۡاْ سَبِيلَ ٱلۡغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلٗاۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُواْ عَنۡهَا غَٰفِلِينَ ١٤٦﴾ [الأعراف : ١٤٦] ... فَإِذَا سَلِمَ الْقَلْبُ مِنَ الْمَرَضِ أَحَبَّ الْقَلْبُ مَا يَنْفَعُهُ مِنْ الْعِلْمِ النَّافِعِ وَالْعَمَلِ الصَّالِحِ كَمَا أَنَّ الْجَسَدَ إِذَا انْدَفَعَ عَنْهُ الْمَرَضُ

أَحَبَّ مَا يَنْفَعُهُ مِنْ الطَّعَامِ وَالشَّرَابِ فَكُلُّ وَاحِدٍ مِنْ وُجُودِ الْمُقْتَضِي وَعَدَمِ الدَّافِعِ: سَبَبٌ لِلْآخَرِ[1]. هەموو خێرەکان بۆ ئادەمیزاد ناسینی حەق و شوێنکەوتەیەتی لە هەردوو بواری زانستی و کار و کردەوەدا، ناسینی حەق هۆکارە بۆ شوێنکەوتەیی و کارپێکردنی، مەگەر رێگرییەك هەبێت بۆی وەکوو هەوا و ئارەزووی ئادەمیزاد و خۆبەگەورە زانین، هەروەك خوای پەروەردگار لەو ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿ سَأَصْرِفُ عَنْ ءَايَٰتِيَ... ﴾ واتە نایەڵم ئایەت و رێنماییە هیدایەتدەرەکانم بگاتە ئەو کەسانەی کە خۆیان بە گەورە دەزانن بەبێ ئەوەی هیچ حەق و مافێکیان هەبێت تیایاندا، خۆ ئەگەر هەرچی ئایەت و دەسەڵاتەکانی من هەیە ببینن باوەڕی پێ ناهێنن و ناتوانن، رێگەی ڕاست ناگرنە بەر، بەڵکوو کاریان گرتنەبەری رێگای هەڵەیە، خۆ ئەگەر دڵ سەلامەت بێت لە نەخۆشییەکان ئەوا هەرچی زانستێکی سوودمەند و کارێکی چاك هەیە پێی خۆش دەبێت و وەری دەگرێت، هەروەك ئەگەر جەستە سەلامەت بێت لە نەخۆشییەکان حەز لە هەموو خواردن و خواردنەوەیەکی بەسوودی خۆی دەکات، کەواتە ڕوون بووەوە بیدعەکان کاریگەری تەواویان دەبێت لەسەر تەوحید و حەقپێدانی و هێنانەدی بەتەواوی، بەڵکوو لە گوناح و تاوانەکان زیاتر کاریگەرییان دەبێت، لەبەرئەوەی بیدعەکار تەوبە و گەڕانەوەی نییە لەسەر بیدعەکەی، بە هۆکاری ئەوەی خۆی بە حەق دەزانێت و رێگاکەی بە رێگای هیدایەت دەزانێت، بەپێچەوانەی تاوانبارانەوە کە خۆیان بە هەڵە و تاوانبار دەزانن و دایاننناوە تەوبە و گەڕانەوەی لەسەر بکەن، هەر بۆیە ئیبلیس بیدعەی پێ خۆشترە تاوەکوو تاوانەکان.

بەم شێوەیە دەرکەوت ئەگەر تەوحید حەقی خۆی پێبدرێت ئەوا خاوەنەکەی پەنا ناباتە بەر بیدعە، وە ئەگەر لە حەقی خوادا ناتەواوی لە تەوحیددا هەبێت ئەوا شۆڕدەبێتەوە بۆ بیدعەکاری کە ئەویش ماف و حەقی پێغەمبەرەکەیەتی.

رێگای سێیەم: پاککردنەوەی تەوحید لە تاوانەکان (تخليصه من المعاصي).

گومان نییە لە کاریگەرییەکانی تاوان لەسەر لاوازبوونی ئیمان، بەتایبەت هاندەرەکانی تاوان زۆرن و ئاسانکارییان بۆ دەکرێت، پاڵنەری نەفسیش بەهێزە بۆی، لەبەرئەوە جەهەننەم ئابلۆوقە دراوە بە حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤەوە، پێویستە ئیمانداری عاقڵ لانەدات بەلای حەز و ئارەزووە

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٥/ ٢٤٠ - ٢٤٢).

نەفسییەکانیدا، بە هۆکاری هەڵپەی نەفس و کاریگەرییەکانی، وە حەزلێنەکردنی و بێزاندنی هۆکاری کاملبوون و سەرفرازی خاوەنەکەیەتی، وە هۆکاری سەلامەتییەتی لە سزای دونیا و کۆتایی، بەدەر لە کاریگەری خراپی لەسەر لاوازبوونی عەقیدە و تەوحیدی.

تاوانباریەتی دەرگای شەڕ و نەهامەتی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەتایبەت بەردەوامی و سووربوون لەسەری، کە هۆکارە بۆ نەگەڕانەوە و لەبیرکردنی لێپرسینەوە و ترسی خوا، وە هۆکارە بۆ بێئاگاییەکی پڕ لە غەفڵەت کە کۆتاییەکەی دەبێتە ئەسیر و کۆیلەی نەفس و شەیتان.

هۆکارەکانی پاراستن لە تاوانکاری[1]:

١. (لزوم التقوى) پەیوەستبوون بە خواپەرستییەوە: ئەویش بە ئەنجامدانی واجبە شەرعییەکان و دوورکەوتنەوە لە حەرامەکان دێتەدی لەگەڵ گرتنەبەری سوننەتەکان و خۆپارێزی لە (مکروهات)، ئیماندار خۆپارێزی دەکات لەوانەی کە زیانی هەیە بۆی، بۆ ئەوانەی کە سوودی هەیە بۆی، زیان و سوودەکان لە یەك کاتدا کۆنابنەوە، دەبێت بژاردەی لایەك بەسەر لایەکدا ئەنجام بدرێت.

٢. (الإحتراز من المعاصي) خۆپارێزی لە تاوانەکان: هەروەك چۆن ترس و خۆپارێزی هەبووە لە شەریك بڕیاردان و جۆرەکانی تەواوکاری تەوحید، وە هەروەك چۆن خۆپارێزی لە بیدعە هۆکاری تەواوکاری سوننەت و شوێنکەوتەیی بووە، بە هەمان شێوەش خۆپارێزی لە تاوان و نزیکبوونەوە لێی تەواوکاری هێنانەدی (طاعة) و عیبادەتە.

وە تەوحیدیش نایەتە دی بە خۆپارێزی نەبێت لە تاوانەکان، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾ [المَائِدَة: ١٠٨]. واتە خوای پەروەردگار هیدایەتدەری تاوانباران نییە.

دڵ سەرچاوەی هەموو بیروڕا و کارێکە، ئەگەر چاك بێت ئەوا هەموو لاشە چاك دەبێت، وە ئەگەر خراپ بێت ئەوا هەموو لاشە خراپ دەبێت، وەکوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «أَلَا وَإِنَّ فِي الجَسَدِ مُضْغَةً: إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الجَسَدُ كُلُّهُ، أَلَا وَهِيَ القَلْبُ»[2].

---

(١) "جهود شيخ الإسلام ابن تيمية في توضيح توحيد العبادة" لدكتور أحمد بن عبد الله الغنيمان ص١٥٦ – ١٧٨.

(٢) رواه البخاري (٥٢)، ومسلم (١٥٩٩)، وابن ماجه (٣٩٨٤)، وأحمد في "المسند" (١٨٣٧٤)، والطبراني في "الكبير" =

وە هەموو هەڕەشەکانیش لەسەر دڵە، وەکوو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «إِنَّ الْمُؤْمِنَ إِذَا أَذْنَبَ كَانَتْ نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ فِي قَلْبِهِ»(١). تاوان سەرەتا لەسەر دڵ بە خاڵی ڕەش دەستپێدەکات، تا دەگاتە ﴿رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم﴾ [المطففين: ١٤]. دەبێتە تارماییەك، خۆ ئەگەر هەر بەردەوام بێت لەسەری ﴿فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ﴾ [المنافقون: ٣]. دەبێتە مۆرێك و دەدرێت لەسەر دڵیان، پاشان بەرەو مۆری هەڵکەندراو دەڕوات ﴿وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم﴾ [الأنعام: ٤٦]. پاشان بەرەو قوفڵدانی دڵەکان دەڕوات بە چەندەها قوفڵی نەکراوە، وەکوو دەفەرموێت: ﴿أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا﴾ [محمد: ٢٤]. وە لە کۆتاییشدا هەڵگەڕاندنەوەی دڵیان، وەکوو دەفەرموێت: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ﴾ [الأنعام: ١١٠]. خێریان لێ دەبێت بە شەڕ و حەقیان لێ دەبێت بە بەتاڵ، ئەوکاتەش ﴿فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ [مريم: ٣٨]، ﴿فِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ﴾ [إبراهيم: ٣]. لە تەواوی گومڕایی و دوورکەوتنەوەیەکدان کە گەڕانەوەیان نابێت و تەنانەت شەیتانیش خۆی بێبەری دەکات لە گومڕاکردنیان و دەڵێت: ﴿رَبَّنَا مَآ أَطْغَيْتُهُۥ وَلَٰكِن كَانَ فِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ﴾ [ق: ٢٧]. خوایە من گومڕام نەکردووە بەڵکوو خۆی لە گومڕاییەکی دووردا بوو، منیش ئەوکات بەکارم هێناوە.

٣. پاراستنی دڵ لە نەخۆشییەکان: ئەم پاراستنەش بەم هۆکارانە دێتە دی:

أ. بەردەوامبوون لە پاراستنی دڵ و ئاگالێبوونی، لەبەرئەوەی دڵ نەخۆش دەکەوێت هەروەك چۆن لاشە نەخۆش دەکەوێت، بەڵکوو خراپترین لە لاشە، ئیماندار هێز و تواناکانی لە دڵیدایە تا لە لاشەی، تاوانبار و دووڕووەکان ئەگەرچی لاشەیان بەهێز بێت بەڵام دڵیان لاوازە،

= (٥٣)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٢٢٠٠٣)، والبيهقي في "الشعب" (٥٣٥٦)، وأبو نعيم في "الحلية" (٤/ ٣٣٦)، والبغوي في "شرح السنة" (٢٠٣١).

(١) رواه أبو داود في "الزهد" (٢٧١)، والترمذي (٣٣٣٤)، وابن ماجه (٤٢٤٤)، وأحمد في "المسند" (٧٩٥٢) وقال محققه شعيب الأرنؤوط: إسناده قوي، وقال أحمد محمد شاكر: إسناده صحيح، ورواه الحاكم في "المستدرك" (٦) وقال: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ لَمْ يُخَرِّجْ فِي الصَّحِيحَيْنِ، ورواه البزار في "المسند" (٨٩٣٤)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٣٠٣٢٢)، والبيهقي في "الشعب" (٦٨٠٨)، والآجري في "الشريعة" (٢١٢)، وأبو نعيم في "الحلية" (١/ ٢٧٣)، والبغوي في "شرح السنة" (١٣٠٤)، وحسنه الألباني في "صحيح الجامع الصغير" (١٦٧٠).

بە پێچەوانەوەی ئیماندارانەوە کە لاشەیان لاوازە و دڵیان بەهێزە، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ ... يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ﴾ [المنافقون: ٤]. سەیری لاشەیان دەکەیت سەرسامی پێیان، بەڵام هەر هاوارێك بێت دادەچڵەکێن و وا هەستدەکەن هاوارەکە بۆ ئەوانە ئەوەندە دڵ لەرزۆکن.

ئیرادە و ویستەکان لاواز دەبن بە لاوازی دڵ، تا دەگاتە ئەو ئاستەی رِقیان لە حەقێکی بەسوود دەبێت و بەتاڵێکی زیانبەخشیان پێ خۆشە، بۆیە نەخۆشییەکانی دڵ هەندێك جار بە (الشك)، وە هەندێك جار بە (الريب) تەفسیر دەکرێت لە قورئاندا، هەردووکیان نەخۆشی دڵەِراوکێ و گومان و بێ ئۆقرەییە.

ئەگەر سەیری مێژوو بکەین فارس و رِۆمەکان بەو هەموو توانا لاشەیی و ئاسانکارییەی هەیانبوو خاوەنی شارستانیەتییەکی کۆن بوون، کەچی لە بەرامبەر ئیماندارانی بیابانی عەرەبیدا یەك بەدوای یەك هەرەسیان دەهێنا کە بە هۆکاری نەخۆشی و لاوازی و گومانە دڵییەکانیانەوە بوو.

بۆیە پێویستە ئیماندار پارێزگاری لە نەخۆشکەوتنی دڵی بکات بە دوورکەوتنەوە لە (شرك، بدعة، معصية) تاوەکوو بتوانێت سوودی لێ ببینێت و سەرکردەیەکی بەهێز بێت لە جەستەیدا، هەروەکوو (أبو هريرة) ﷺ دەڵێت: «الْقَلْبُ مَلِكٌ وَالْأَعْضَاءُ جُنُودُهُ، فَإِذَا طَابَ الْمَلِكُ طَابَتْ جُنُودُهُ وَإِذَا خَبُثَ الْمَلِكُ خَبُثَتْ جُنُودُهُ»[(١)]. دڵ پاشای ئەندامەکانی لاشەیە و ئەندامەکانیش سەربازین، ئەگەر مەلیك و پاشا چاك بێت ئەوانیش چاك دەبن، وە ئەگەر پیس بێت ئەوانیش پیس دەبن.

ب. کۆششکردن لەگەڵ عیبادەتەکاندا: عیبادەتەکان خۆراکی رِۆحن و هۆکاری زیادبوونی ئیمانن، رِێگایەکە دانراوە بۆ تازەکردنەوەی ئیمان و متمانەی مانەوە لەسەر رِێگەی چاکە، هەوڵی ئیماندار لەوەدایە باشترین و زۆرترین عیبادەتەکان لەخۆ بگرێت و بەردەوام هەوڵی مانەوە و پاراستنیان بدات.

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٧/ ١٨٧)، و "أمراض القلب وشفاؤها" لابن تيمية ص٤٢، و "مفتاح دار السعادة" لابن القيم (١/ ١٩٣)، و "الزواجر عن اقتراف الكبائر" لابن حجر الهيتمي (١/ ١٣١)، و "لوامع الأنوار البهية" للسفاريني (١/ ٤٠٧).

ج. قورئان خوێندنەوە بە تێگەیشتن و تێڕوانینی دڵی لێی، قورئان هۆکاری شیفا و هیدایەت و بەزەیی دڵەکانە لە نەخۆشییە ناوەڕۆکییەکانی و لاوازییەکانی.

د. خێر و خێرات کردن بە ماڵ و سەروەت و پشتگیریکردنی خێرەکان، وە هەروەها خێرە ناوەڕۆکییەکانی (معنوية)، وەك فەرمان بە چاکە و لابردنی خراپە و زانست بڵاوکردنەوە ... و دووعا و داواکردنی لێخۆشبوون بۆیان، وەکوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «كُلُّ مَعْرُوفٍ صَدَقَةٌ»[1]. هەموو چاکەیەك خێر و خێراتە.

هـ. پاراستن و سنووردارکردنی ئیرادە و ویست و بیرکردنەوەکان، ئادەمیزاد خاوەنی ئیرادە و توانایە و بژاردەیش کارەکانیەتی، دوو ڕێگاش لە بەردەمیدا چنراوە، بچێتە سەر هەر ڕێگەیەکیان کارئاسانی بۆ دەکرێت، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ﴾ [البَلَد: ١٠]. واتە ڕێگەی چاك و خراپمان چنیوە لە بەردەمیاندا، ﴿فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡيُسۡرَىٰ ۝٧ ... فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡعُسۡرَىٰ ۝١٠﴾ [اللَّيل: ٧، ١٠]. واتە کارئاسانی بۆ خێر و شەڕ دەکەین.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: يَحْتَاجُ الْعَبْدُ أَنْ يَنْفِيَ عَنْهُ شَيْئَيْنِ: الْآرَاءَ الْفَاسِدَةَ وَالْأَهْوَاءَ الْفَاسِدَةَ فَيَعْلَمُ أَنَّ الْحِكْمَةَ وَالْعَدْلَ فِيمَا اقْتَضَاهُ عِلْمُهُ وَحِكْمَتُهُ لَا فِيمَا اقْتَضَاهُ عِلْمُ الْعَبْدِ وَحِكْمَتُهُ وَيَكُونُ هَوَاهُ تَبَعًا لِمَا أَمَرَ اللهُ بِهِ فَلَا يَكُونُ لَهُ مَعَ أَمْرِ اللهِ وَحُكْمِهِ هَوًى يُخَالِفُ ذَلِكَ[2].

واتە: پێویستە ئیماندار دوو شت لە خۆی دوور بخاتەوە: نیەتە خراپەکان و حەزە خراپەکانی، وە بزانێت کە دانایی و دادپەروەری لە فەرمان و زانست و حیکمەتەکانی خوادایە، نەك لە زانست و دانایی بەندەکانیدا، بۆیە دەبێت حەز و ویستەکانی شوێنکەوتەی فەرمانەکانی خوا بن و لەگەڵ فەرمانەکانیدا حەز و ویستەکانی پێچەوانەی فەرمانەکانی خوا نەبێت.

---

(١) رواه البخاري (٦٠٢١)، ومسلم (١٠٠٥)، وأبو داود (٤٩٤٧)، والترمذي (١٩٧٠)، والنسائي في "الكبرى" (١١٦٣٧)، وابن خزيمة في "صحيحه" (٢٣٥٤)، وأحمد في "المسند" (١٤٨٧٧)، والطبراني في "الكبير" (١١٢٦)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٢٥٤٢٦)، والطحاوي في "شرح مشكل الآثار" (٥٤٧٨).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٠/ ٢٨٨).

لەکەدارکردنەکانی هێنانەدی تەوحید بە شێوە واجبەکەی

قوادح تحقيق التوحيد الواجب

لەدوای هۆکارەکانی هێنانەدی و حەقپێدانی تەوحید بەو شێوەیەی واجبە لەسەر ئیماندار، پێویستمان بە باسی لەکەدارکردن و ناتەواوییەکانی ئەم بەشەی تەوحید هەیە، وەکوو چۆن لایەنی (اثبات)مان باس کرد دەبێت لایەنی (نفي)ش کە ئەم لەکەدارانەیە باس بکەین.

لەکەدارکردنەکانی تەوحید لە ڕووە واجبەکەیەوە دوو جۆرن:

جۆری یەکەم: هەندێکیان بەتەواوی ڕێگرە لە بوون و هێنانەدی تەوحیدی واجب بە گشتی، ئەویش نیشانە گەورەکانە لە (شرك، بدعة، معصية ...)، کە ناوداراە بە (شرط الصحة).

جۆری دووەم: هەندێکی تر لە لەکەدارییەکان دەبێتە هۆکاری ئەوەی تەوحیدی (واجب) دابەزێنێت بۆ تەوحیدی (مندوب) بە هۆکاری تاوانە بچووکەکانەوە.

بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دوو بەشە و جۆرەکانی بە شێوەیەکی کورت و گشتی دەیانخەینە ڕوو بە ڕێگەی ئەم خالانە:

یەکەم: (الشرك بالله) هاوبەش بڕیاردان:

هەموو جۆرەکانی شەریك بڕیاردان بە بچووك و گەورە و شاراوەوە (الأكبر والأصغر والخفي) ڕێگرە لە هێنانەدی تەوحید و پاڵفتەکردنی، بەڵام هەریەك و بەشێکیان حوکمی جیاوازی خۆیان هەیە.

ئیماندار بە خۆبەریکردن لە شەریك بڕیاردان و دژایەتیکردنیان تەوحیدی دێتە دی، هەروەك لە سوورەتی (الكافرون)دا بە چەند جار دووبارەبوونەوە ئەمە دەسەلمێنێت، وە ئەمەش پەیوەندی بە بەشی (نفي)یەوە هەیە لە دوو بەشەکەی پێکهاتەی تەوحید کە (اثبات ونفي)یە و تەواوکاری یەکن، لە هەرسێ جۆرەکەی تەوحیددا هەوڵی پاراستنی مافی خوا دەدرێت کە یەکسان نەکرێت بە (مخلوقات)ەوە و بە هاوشێوەی خواوە؛ لە بەڕێوەبردندا کە (ربوبية)ە و لە پەرستندا کە (الألوهية)ە و لە (الأسماء والصفات)دا کە باوەڕبوونە بە هەموو ئەو ناو و سیفاتانەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی باسی کردوون بەو شێوەیەی کە شاییستەیە بە خوایەتی پەروەردگار و بالادەستییەوە بەبێ کەوتنە ناو (تكييف وتشبيه وتعطيل)ەوە.

دووەم: (البدع) داهێنراوەکان:

لە گرنگترین بابەتەکانی تەوحیددا ئەوەیە ئادەمیزاد بتوانێت ڕزگاری ببێت لە پەرستن و گوێڕایەڵێکردنی هەوا و ئارەزوو و حەزەکانی، بەڵکوو بەندایەتی و گوێڕایەڵییەکانی و ئیرادە و ویستەکانی بخاتە ژێر باری فەرمانەکانی قورئان و سوننەتەوە، لەژێر باری هیچ کۆت و زنجیرێکی بەندایەتی خۆی و چواردەوریدا نەبێت، دڵنیایی ئەوەی لا هەبێت کە هەموو ئەمانە (مخلوق)ن و هەڵگری هەموو سیفاتەکانی پڕ ناتەواوی و لەکەدارین، وە هەموو کاملێییەکی بێوێنە شاییستە بە فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەوەیە ﷺ، پێشکەوتن و بەرامبەرکێکردن لەگەڵ ئەو دوو دەقە هیچ ئەنجامێکی نییە بێجگە لە گومڕایی و زەرەرۆمەندی نەبێت، ئەم ڕزگاربوونە لە (من عبادة العباد إلى عبادة رب العباد)[1] لە بەندایەتی بەندەکان بۆ بەندایەتی خوای بەندەکان، ئەمە پەیامی موەحیدەکانی دونیا بووە، کەواتە تەبەڕڕاکردن لە بیدعە و بیدعەکاران هۆکاری هێنانەدی تەوحید و حەقپێدانیەتی، چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان پەرستنی بتێك یاخود قەبرێك یاخود دەسەڵاتدار و ناوداڕێکدا لەگەڵ هەوا و حەز و ویستەکانی خۆت و چواردەورتدا؟! هەمووی هەر عیبادەت و بەندایەتییە، هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ﴾ [الفرقان: ٤٣]. نابینیت هەوا و ئارەزووەکانی کردووە بە خوا بێجگە لە خوا !

ئەی نابینیت فیرەقە گەورەکان بەچی لە دین دەرچوون و ئەو هەموو گومڕاییانەیان بەسەردا هات؟! هەمووی بە هۆکاری گرتنەبەری ڕێگەی بیدعەوە بووە لە بچووکەوە بۆ گەورە، هەروەك زانایان دەڵێن: الْبِدَعُ بَرِيدُ الْكُفْرِ[2]. بیدعەکاری ڕێگایەکە بەرەو دەرچوون لە دین سەر دەردەکات.

لەبەرئەوەی بیدعەکار بەرامبەریەتی لەگەڵ شەرعی خوا دەکات، بیدعە پەیوەندی بە نەخۆشییە گەورەکەوە هەیە کە (شبهات)ە و گومانکارییە لە دیندا، وە زوڵم و ستەمە لە حەقی پێغەمبەرەکەیدا، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: ﴿لَا تُقَدِّمُوا۟ بَيْنَ يَدَىِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ [الحجرات: ١]. پێشمەکەوە لە بەرامبەر خوا و پێغەمبەردا ﷺ، ئەمەش هەموو جۆرە بیدعەکان دەگرێتەوە لە

(١) "البداية والنهاية" لابن كثير (٧/ ٣٩)، و "تأريخ الطبري" (٣/ ٥٢٠).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٥٥٢).

کاریگەرییان لەسەر تەوحید و نەهێنانەدیدا، بەڵام بیدعە گەورەکان کاریگەری زیاتریان هەیە تاوەکوو بچووکەکان.

سێیەم: (القضاء والقدر) قەزا و قەدەر:

یەکێکی تر لەو لەکەداڕە قورسانەی کە دەبێتە ناتەواوی لە تەوحیددا بابەتی قەزا و قەدەرە، لەبەرئەوەی وەکوو (ابن عباس) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەڵێت: «الْقَدَرُ نِظَامُ التَّوْحِيدِ، فَمَنْ وَحَّدَ اللهَ وَكَذَّبَ بِالْقَدَرِ نَقَضَ تَكْذِيبُهُ تَوْحِيدَهُ»[(١)]. **واتە باوەڕبوون بە قەدەر ڕێکخەری هەموو تەوحیدە، وە ئەوەی باوەڕی پێنەبێت هەڵوەشێنەرەوەی تەوحیدەکەیەتی.**

بەڵکوو سەرتاپای ژیان لە قەدەر دەرناچێت، وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَالْعَبْدُ لَهُ فِي الْمَقْدُورِ حَالَانِ حَالٌ قَبْلَ الْقَدَرِ، وَحَالٌ بَعْدَهُ، وَكُلُّ حَالٍ يَجِبُ أَنْ يَكُوْنَ الْحَقُّ مَنْ فِيهِ عَلَى صِفَاتٍ مُعَيَّنَةٍ[(٢)]. **ئیماندار لە بابەتەکانی قەدەر و ڕووداوەکانیدا لە دوو حاڵەتدا دەبێت، هەر حاڵەتێك خاوەنی سیفاتی سەربەخۆی خۆیەتی، یەکەم حاڵەت پێش قەدەرەکەیە کە دەبێت پشت بە خوا ببەستێت و داواکانی ڕوو لەو بکات و بە فەرمانەکانی و ڕێگرییەکانیەوە پەیوەست بێت لەگەڵ داوای لێخۆشبوون لە کەم و کورتییەکانی و سوپاسگوزاری لەسەر نیعمەتەکانی، وە هۆکارەکانیش وەکوو هۆکار سەیر بکات و بە دڵ پەیوەست نەبێت پێیانەوە، وە لە حاڵەتی دوومدا هەرچییەك ڕوویدا یان ئارامگرتنە یان سوپاسگوزاری خوایە، ئیمان و تێڕوانینی قوڵی بەسەر تێگەیشتنی قەدەردا هەبێت لە هەموو شتێکدا و خەم لەسەر ڕابوردوو و داهاتوو نەخوات، باوەڕی بە قەدەری کەونی و قەدەری شەرعی هەبێت، جێبەجێکاری شەرعی خوا بێت لە (أمر ونهي)دا و باوەڕی تەواو بە قەدەرەکانیش هەبێت و هیچ پێچەوانە و دژایەتییەك لە نێوانیاندا بەدی نەکات، وەکوو چۆن قەدەرییەکان باوەڕیان بە قەدەر نەما، یاخود وەکوو جەبری و مورجیئە و سۆفییەکان کە باوەڕیان بە پەیوەستبوون بە شەرعەوە نەما، هەردووڵایان قەدەر و شەرعیان بە**

---

(١) "شرح العقيدة الطحاوية" لابن أبي العز الحنفي ص٢٥٠، و "الجامع لعلوم الإمام أحمد" (٤/ ١٣٣)، و "السنة" لعبد الله بن أحمد (٩٢٥)، و "القدر" للفريابي (٢٠٥)، و "الشريعة" للآجري (٤٥٦)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ١١٣)، و "الإبانة" لابن بطة (٣/ ١٦٣)، و "شرح أصول اعتقاد" للالكائي (١٢٢٤).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٨/ ٧٦).

پێچەوانەی یەك دانا، یاخود حاڵەتی سێیەم کە باوەڕنەبوونە بە هەردووڵایان کە قەدەر و شەرعە وەکوو ئیبلیس، بەڵکوو باوەڕبوون بە قەدەر و پەیوەستبوون بە شەرعی خواوە ڕێگەی هێنانەدی تەوحید و حەقپێدانیەتی.

چوارەم: (اتباع الهوى) شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزووەکان:

ئەم بابەتە تەواو پێچەوانەی خۆبەدەستەوەدانە بۆ خوا بە شێوەی ڕەها کە کرۆکی تەوحیدە، ئەمەش بە دابڕاندنی تەواوی دڵیەوەیە بە خۆشەویستی دونیا و بریق و باقەکانی کە نەفسی ئادەمیزاد داوای دەکات، لەبەرئەوەی نەفسی ئادەمیزاد ناگونجێت لەگەڵ (أمر ونهي)یەکانی خوادا، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ﴾ [يُوسُف: ٥٣]. نەفس ڕاهاتووە کە فەرمان بە خراپەکاری بکات.

شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزوو و گومانەکانی نەفسی ئادەمیزاد بناغەی هەموو گومڕاییەکە، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهۡوَى ٱلۡأَنفُسُۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلۡهُدَىٰٓ ٢٣﴾ [النَّجْم: ٢٣]. شوێنی گومان و حەزەکانی نەفسیان کەوتوون، لە کاتێکدا کە هیدایەت و ڕێنموونییە خواییەکانیان پێ گەیشتووە.

ئەو شتانەی کە هۆکارە بۆ ڕزگاربوون لە هەوا و ئارەزووەکانی نەفس[1]:

١. (الإخلاص): نیەت پاکی و پاکژکردنی بەردەوام.

٢. (الإستغفار): بەردەوام پیاچوونەوەی خۆت و داوای لێخۆشبوون و پاککردنەوەی ڕابوردوو.

٣. (الخشية من الله): بە هۆکاری پیاچوونەوەی ناو و سیفاتەکانی پەروەردگار ترس لە خوا دروستبکەیت لە خۆتدا و بزانیت کە بە دڵنیاییەوە پشتگوێت ناخات، بەڵکوو بوارت دەداتێ و ڕەقیب و چاودێری تۆیە.

٤. (طلب العلم): هەتا زانستت زیاد بێت و مەعریفەت فراوان بێت چاوکراوەتر دەبیت بەسەر ووردەکارییەکاندا و لە کاری خۆت و خوا تێدەگەیت: ﴿إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْ﴾

(١) "جهود شيخ الإسلام ابن تيمية في توضيح توحيد العبادة" لدكتور أحمد بن عبد الله الغنيمان ص٢٦٧ - ٢٧٤.

[فَاطِر: ٢٨]. ئەوەی لە خوا بترسێت بە ڕاست و دروستی بەس زاناکانن.

٥. (التعلق بغير الله): پەیوەستبوون بە جگە لە خواوە هیچ توانای ژیان و سوودێکیان بۆ تۆ نییە، بەڵکوو ئەوان و تۆش لەژێر باری دەسەڵات و هەڵسووڕاندنی خوادان و دروستکراون.

دڵ گەر بە هەرچییەکەوە پەیوەست بێت ئەوا لە خۆشەویستی و ترسدا بەرامبەری ملکەچ دەبێت بۆی و زەلیلی تووشی دەبێت و لەو ڕێگایەشەوە تاقی دەکرێتەوە، بەندایەتی و ئەسیری دڵ لە بەندایەتی و ئەسیری لاشە قورستر و گەورەترە، خۆ ئەگەر کەسەکە گەورە و بااڵدەستیش بێت بەسەر ئەو شتەی دڵی پێوە پەیوەست کردووە؛ هەر زەلیل و ئەسیرو بێ دەسەڵاتی ئەو شتەیە، وەکوو ژنەکەی عەزیزی میصر کە دڵی پەیوەست کردبوو بە (یوسف)ەوە ﷺ لەگەڵ ئەوەی کە گەورە و پلەداری ئەویش بوو، هەر ڕووی پێویستی لەو بووە، ئەو گەورە و سەیدی ئەو بوو کەچی (یوسف) ﷺ داواکارییەکانی ڕەتدەکردەوە.

وە هەروەها بە هەمان شێوەش بۆ پلەوپایەی دونیا و ماڵ و ڕیا و ناوداریش ... الشَّيْطَانُ يَأْمُرُ بالشرك وَالنَّفْسُ تُطِيعُهُ فِي ذَلِكَ فَلَا تَزَالُ النَّفْسُ تَلْتَفِتُ إلَى غَيْرِ اللهَّ. إمَّا خَوْفًا مِنْهُ. وَإِمَّا رَجَاءً لَهُ فَلَا يَزَالُ الْعَبْدُ مُفْتَقِرًا إلَى تَخْلِيصِ تَوْحِيدِهِ مِنْ شَوَائِبِ الشِّرْكِ ... فَصَاحِبُ الْهَوَى الَّذِي اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِنْ اللهَّ لَهُ نَصِيبٌ مِمَّنْ اتَّخَذَ إلَهَهُ هَوَاهُ فَصَارَ فِيهِ شِرْكٌ مَنَعَهُ مِنْ الِاسْتِغْفَارِ وَأَمَّا مَنْ حَقَّقَ التَّوْحِيدَ وَالِاسْتِغْفَارَ فَلَا بُدَّ أَنْ يُرْفَعَ عَنْهُ الشَّرُّ؛ فَلِهَذَا قَالَ ذُو النُّونِ: ﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ [الأنبياء: ٨٧][1]. بەردەوام شەیتان فەرمان بە شەریك بڕیاردان دەدات و نەفسیش گوێڕایەڵی دەکات، وە بەردەوام نەفسیش ئاوڕ بەلای بێجگە لە خوادا دەداتەوە جا لە ترسا یاخود لە هیوابووندا بێت، بۆیە بەردەوام پێویستی نابڕێت لە پاککردنەوەی تەوحیدەکەی لە بواڕەکانی شەریك بڕیاردان، بۆیە هەوا و ئارەزوو و شوێنکەوتەیی بەشی تەواوی هەیە لەو کەسانەی کە نەفس و هەوا و ئارەزوویان دەکەن بە خوا بەسەر خۆیانەوە، ئەمەش بەشێکە لە شەریك بڕیاردان بۆ خوا و هۆکاری ڕێگرییە لە داوای لێخۆشبوون لە خوای خۆی، بۆیە پێغەمبەر (یونس) ﷺ ئەم دوانەی لە یەك کاتدا لە دووعاکانیدا کۆدەکردەوە کە هیچ خوایەك

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٠/ ٢٦١، ٢٦٢).

بێجگە لە تۆ نییە و من کەسێکی ستەمکارم لە نەفسی خۆم: ﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾.

پێنجەم: (حب التسلط ومنازعة الرب حقوقه) خۆشویستی زاڵبوون و باڵادەستی و زەوتکردنی مافەکانی خوایەتی:

نەفسی ئادەمیزاد ڕاهاتووە لەسەر خۆشەویستی و حەزلێبوونی گەورەیی و باڵادەستی پلەوپایە بەسەر هاوشێوەکانیدا، هەوڵ و کۆششی زۆریشی بۆ دەکات و لایەنگری و دژایەتیشی بۆ ئەنجام دەدات، خواناسان وتوویانە: آخرُ مَا يَخْرُجُ مِنْ رؤوسِ الصِّدِّيقينَ حُبُّ الرِّئَاسةِ[1]. **واتە کۆتا شتێك کە لە سەری ساڵحاندا دەردەچێت خۆشەویستی و ناوداری و باڵادەستییە بەسەر مرۆڤەکاندا، ئەمە لە ساڵحاندا هەیە، هاوار بۆ ئەوانی تر.**

(سفيان الثوري والزهري) ڕەحمەتی خوایان لێبێت دەڵێن: مَا رَأَيْتُ الزَّاهِدَ فِي شَيْءٍ أَقَلَّ مِنْهُ فِي الرِّيَاسَةِ[2].

واتە: نەمانبینیوە زوهد و خۆپارێزی لە هیچ شتێکدا بە کەمتڕین شێوە بکرێت بە هەندەی حەزی ناوداری و پێگە نەبێت.

واتە کەمتڕین زوهد و خۆپارێزی لێ دەکرێت.

(يوسف بن أسباط) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت:** الزُّهْدُ فِي الرِّئَاسَةِ أَشَدُّ مِنَ الزُّهْدِ فِي الدُّنْيَا[3].

واتە: قورستڕین شت لە دونیادا خۆپارێزی لێ بکرێت حەز و ناوداری و پلە و پێگەیە لە دڵی خەڵکیدا.

---

(١) "مختصر منهاج القاصدين" لابن قدامة ص٢٠٩، و "الموافقات" للشاطبي (٢/ ٣٣٤)، و "الاعتصام" للشاطبي (١/ ٢٥٨).

(٢) "حلية الأولياء" لأبو نعيم (٧/ ٣٩)، و "مختصر منهاج القاصدين" لابن قدامة ص٢٠٩، و "سير أعلام النبلاء" للذهبي (٧/ ٢٦٢)، و "العزلة والانفراد" لابن أبي الدنيا ص٦٨.

(٣) "حلية الأولياء" لأبو نعيم (٨/ ٢٣٨)، و "صفة الصفوة" لابن الجوزي (٢/ ٤٠٨)، و "سير أعلام النبلاء" للذهبي (٩/ ١٧٠)، و "المجالسة وجواهر العلم" لأبي بكر المالكي (١/ ٣٩٦).

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: حُبَّ الرِّيَاسَةِ هُوَ أَصْلُ الْبَغْيِ وَالظُّلْمِ[١].

واتە: بناغەی ستەم و خۆزاڵکردن حەزلێکردنی ناوداریيە.

به (أبو داود السجستاني) رَحِمَهُ ٱللَّهُ وترا: مَا الشَّهْوَةُ الْخَفِيَّةُ؟ قَالَ: حُبُّ الرِّيَاسَةِ. فَهِيَ خَفِيَّةٌ تَخْفَى عَلَى النَّاسِ وَكَثِيرًا مَا تَخْفَى عَلَى صَاحِبِهَا[٢].

واتە: حەزە شاراوەکان چيية؟ وتی: حەزلێکردنی ناوداریيە، شاراوەیە لەلای خەڵکی و لەلای خاوەنەکەشی بە شێوەیەکی زۆرتر.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمُ ... الشَّهْوَةُ الْخَفِيَّةُ»[٣].

واتە: ئەوەی ئەترسم لەسەرتان حەزە شاراوەکانە (حب الرياسة).

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: قَالَ بَعْضُ الْعَارِفِينَ: مَا مِنْ نَفْسٍ إِلَّا وَفِيهَا مَا فِي نَفْسِ فِرْعَوْنَ غَيْرَ أَنَّ فِرْعَوْنَ قَدَرَ فَأَظْهَرَ. وَغَيْرَهُ عَجَزَ فَأَضْمَرَ[٤].

واتە: هەندێك لە خواناسان دەڵێن: ئەوەی لە نەفس و ناخی فیرعەوندا هەبوو لای هەموو نەفسێك هەیە، فیرعەون دەری بڕی، بەڵام خەڵکان دەیشارنەوە.

ئەم حەزلێکردنە ئەگەرچی یەکێکە لە غەریزەی ئادەمیزاد کە شێلدراوە لەگەڵ ئەو قوڕەدا کە لێی دروستبووە، بەڵام بەدواداچوون و سەرقاڵبوون پێوەی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەبێتە لەکەدارکردنی تەوحید و نەهاتنەدی وەکوو خۆی، بە سەیرکردنی خۆت بە زۆر کامڵ و ڕێزداری و پلەوپێگەی بەرز و سەیرکردنی خەڵکی بە کەم و ناتەواوی و سووك سەیرکردن ئەمانە و شتەکانی تر ڕاپێچکردنی هەندێك سیفاتی خوایەتی بۆ خۆت.

شەشەم: (اليأس من رحمة الله) بێ ئومیدی لە ڕەحمەت و بەزەیی خوا.

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿إِنَّهُۥ لَا يَاْيْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾﴾ [يُوسُف: ٨٧].

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٨/ ١٦٢).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٦/ ٣٤٦).

(٣) رواه الطبراني في "الكبير" (٧١٤٥)، والبيهقي في "الشعب" (٦٨٢٥)، وأبو نعيم في "الحلية" (١/ ٢٦٨)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (٥٠٨)، و "صحيح الترغيب والترهيب" (٢٣٩٠).

(٤) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٤/ ٣٢٤).

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ﴿٥٦﴾﴾ [الحجر: ٥٦].

واتە: کەسێك نییە بێئومێد بێت بەتەواوی لە بەزەیی خوا بێجگە لە بێبڕوا و گومڕاکان نەبێت لەبەرئەوەی باوەڕیان بە خوا نییە.

حەوتەم: ڕقلێبوونی هەندێك لە فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەر ﷺ و پشت تێکردنی.

هەشتەم: باوەڕنەبوون و واتا گۆڕینی ناو و سیفاتەکانی خوا و پەیوەستنەبوون بە دەقەکانەوە.

نۆیەم: بە گشتی ئاگالێنەبوونی تەوحید و بەشەکانی: نەبوونی شارەزایی لەسەریان و بەدوادانەچوون و کاملنەبوون لەو بوارەدا هۆکارە بۆئەوەی مافی خۆی نەدرێتێ.

ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی نەك بە دیاریکراوی، هەندێك بوون لە لەکەدارکردن و هۆکاری ناتەواوی لە بەدیهێنانی تەوحید و حەقپێنەدانی لە بەشە واجبەکەیدا کە پێویستە ئیماندار خۆپارێزی تەواوی لەم بارانەوە هەبێت.

بەشی دووەم

تحقيق المندوب والكمال

ئەم بەشە بەشێکی زۆر ئازیزە و بوونی زۆر ئەستەمە، مەگەر لە خاوەن ئیمانە پوخت و پاکەکاندا بوونی هەبێت، ئەوانەی خوا بژاردەیانی دەکات و پاکیان دەکاتەوە لە زۆری ناتەواوی و کەم و کورتییەکان.

ئەم بەشە وەکوو سوننەت وایە لە ئاستی فەرزەکاندا، کە ئەگەر ئەم بەشە تیایدا کاملّ بێت ئەوا بەشی واجبەکەی بەتەواوی هێناوەتە دی.

ئەم بەشە پێناسەکەی ئەوەیە: تَرْكُ مَا لَا بَأْسَ بِهِ حَذَرًا مِمَّا بِهِ بَأْسٌ[1]. وازلێهێنانی ئەوانەی کە هیچیان تیادا بەدی ناکرێت لە ترسی ئەوەی نەکەوێتە ناو ئەوانەی کە شتیان تێدا بەدی دەکرێت.

(١) "جهود شيخ الإسلام ابن تيمية في توضيح توحيد العبادة" لدكتور أحمد بن عبد الله الغنيمان ص١٧٩.

وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «اجْعَلُوا بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الْحَرَامِ سُتْرَةً مِنَ الْحَلَالِ، مَنْ فَعَلَ ذَلِكَ اسْتَبْرَأَ لِعِرْضِهِ وَدِينِهِ»[١].

واتە: لە نێوان خۆتان و حەرامدا پەردەیەك بە حەلاڵ هەڵبچنن، ئەوەی بەو شێوەیە بکات ئەوا دین و کەسایەتییەکەی پارێزراوە.

ئەمە لە حوکمە شەرعییەکاندا، لە تەوحیدیشدا دوورکەوتنەوەیە لەو کارانەی کە هۆکار و ڕێگایە بۆ لەکەدارکردنی تەوحید لەبەر خاتری پاراستنی بەشە واجبەکەی.

ئیمانداریش ناگاتە ئەم پلەوپایانە مەگەر بە هەڵگرتنی ڕێگاکانی ئیمان نەبێت، لەو ڕێگایانەش[٢]:

١. بەکارهێنانی ئەندامەکانی لاشە بەگوێرەی داواکارییە شەرعییەکان.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: إِنَّ اللَّهَ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى خَلَقَ الْقَلْبَ لِلْإِنْسَانِ يَعْلَمُ بِهِ الْأَشْيَاءَ كَمَا خَلَقَ لَهُ الْعَيْنَ يَرَى بِهَا الْأَشْيَاءَ وَالْأُذُنَ يَسْمَعُ بِهَا الْأَشْيَاءَ كَمَا خَلَقَ لَهُ سُبْحَانَهُ كُلَّ عُضْوٍ مِنْ أَعْضَائِهِ لِأَمْرٍ مِنْ الْأُمُورِ[٣].

واتە: خوای پەروەردگار دڵی بۆ ئادەمیزاد دروستکردووە بۆئەوەی شتەکانی پێ بزانێت، هەروەك چاوی بۆ دروستکردووە بۆئەوەی پێی ببینێت، هەموو ئەندامەکانی لاشەی بۆ کارێك لە کارەکان دروستکردووە.

ئەگەر هەرکاتێك ئەندامەکانی لاشەی بەکاری هێنا بۆ ئەو مەبەستەی کە بۆی دروستکراوە، ئەوە حەق و مافی خۆی پێداوە، وە هۆکاری سوودمەندی و خێرە بۆ خاوەنەکەی، وە بەو هۆکارەشەوە دەگاتە سەرفرازی و ڕزگاربوون، ئەویش بەکارهێنانی هەریەك لەو ئەندامانەیە لە واجبە شەرعییەکان و پاراستنی لە حەرامەکان.

---

(١) رواه ابن حبان في "صحيحه" (١١٦٢)، والطبراني في "الكبير" (٢٠)، والهيثمي في "موارد الظمآن" (٢٥٥١)، والسيوطي في "جامع الأحاديث" (٦٢٢)، وفي "مستخرج أبي عوانة" برقم (٥٩٠٤)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (٨٩٦)، و "صحيح الجامع الصغير" (١٥٢).

(٢) "جهود شيخ الإسلام ابن تيمية في توضيح توحيد العبادة" لدكتور أحمد بن عبد الله الغنيمان ص١٧٩.

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٩/ ٣٠٧).

هەروەك خوای پەروەردگار جَلَّوَعَلَا دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴿٣٦﴾﴾ [الإسراء: ٣٦]. شوێنکەوتەی ئەو شتانە مەبە کە نایزانیت، بیستن و بینین و دڵت هەموو ئەمانە لێپرسراوی لە ئاستیاندا.

کەواتە ئەوەی عەقڵ و چاو و بینینی لە رێگەی شارەزایی دینی خوادا بەکارهێنا ئەوا لەکاتی پێویستییەکاندا دەوڵەمەندی دەکات لە پێویستی تر، بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «فَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ إِلَى مَنْ هُوَ أَفْقَهُ مِنْهُ»[1]. واتە رەنگە هەڵگری زانستێکی فیقهی یا فەرموودەیەك بیگەیەنێت بە یەکێك کە ئەو لەم باشتر لێی تێبگات.

کەواتە کەسی دووەم هۆکاری باشتر تێگەیشتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئەندامەکانی لاشەی لە تەقوا و عیبادەتەکاندا.

خۆ ئەگەر دڵی ئەو تێگەیشتنە کاملەی تێدابێت ئەوا بیستن و بینین و دەست و قاچ ... هەموویان لە رازیبوون و عیبادەتی خوادا کار دەکەن، بەم شێوازە کارەکان و نیەتەکان لە سنووری رازیبوونی خوادا ئەنجام بدرێت ئەوا هۆکارە بۆ تەواوکاری و کاملبوونی تەوحید لە ڕووە وورەدەکارییەکانەوە.

٢. هێنانەدی پلەی دڵنیایی ئیمان (تحقيق مرتبة اليقين).

بەندەکان هەتا مەعریفەیان بەسەر خوایەتی خوادا هەبێت، لەوەی کە هەر ئەو داهێنەر و بەڕێوەبەر و زانا و بالادەستە و ئیرادەی ڕەهایی هەر لای ئەوە و هاوشەریك و بڕیاردەری نییە و بێئاگا نییە لە وورد و درشتی کار و بوونەوەرەکان؛ ئەوا ئەو دڵە زیاتر جوولە و کاردانەوەی ئەو مەعریفە و زانستانەی تیادا دروستدەبێت، ئەنجامەکەشی زیادبوونی یەقین و دڵنیایی پڕ لە نوورە بۆ خاوەنەکەی، وە لەلایەکی تریشەوە هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوەی گومان و خەم و پەژارەکان، وەك لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «... وَسَلُوا اللهَّ الْمُعَافَاةَ، فَإِنَّهُ لَمْ يُؤْتَ أَحَدٌ بَعْدَ

(١) رواه أبو داود (٣٦٦٠)، والترمذي (٢٦٥٦)، وابن ماجه (٢٣٠)، وأحمد في "المسند" (١٦٧٣٨)، والدارمي في "سننه" (٢٣٤)، والحاكم في "المستدرك" (٢٩٤)، والبزار في "المسند" (٣٤١٦)، والطبراني في "الكبير" (١٥٤١)، والطيالسي في "مسنده" (٦١٨)، وابن أبي عاصم في "السنة" (٩٤)، وابن عبد البر في "الجامع" (١٨٨)، والبغوي في "شرح السنة" (١/ ٢٣٦)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع الصغير" (٦٧٦٥).

الْيَقِينِ خَيْرًا مِنَ الْمُعَافَاةِ»[١]. واتە داوای سەلامەتی و سەرفرازی بکەن لە خوا، لەدوای یەقین و دڵنیایی لەسەر دین هیچ شتێك خێرتر نییە بە هەندەی سەرفرازی.

بەرهەمەکانی یەقینیش لە کاتی تەنگانە و بەڵادا دەردەکەوێت، ئەوکات یا خاوەن ئیمان و دڵنیایی و خۆڕاگر و جێگیرە لەسەر حەق، یاخود بەپێچەوانەی ئەمانەوە لەکاتی بەڵاکاندا ئیمانی دەڕوا و کەم دەکاتەوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [السَّجْدَة: ٢٤]. ئەوانەمان کردە پێشەنگ و پێشەوا و بە فەرمانەکانم هیدایەتدراو بوون کاتێك ئارامیان گرت، وە ئەوان لەسەر ئایەت و فەرموودەکانمان یەقین و دڵنیاییان هەبوو.

هۆکارەکانی زیادبونی یەقینیش ئەم سێ ڕێگایەیە[٢]:

یەکەم: تێڕوانین و تێگەیشتن لە قورئان.

دووەم: تێڕوانین لە بەڵگە کەونییەکان لە ئاسمان و زەوی و ئادەمیزاد بۆ ڕوونبوونەوەی حەق.

سێیەم: ئەنجامدانی ئەو کار و عیبادەتانەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە.

ئەم یەقینە لای ئیمانداران لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر زۆر جیاوازن، هەروەك (بکر بن عبد الله المزني) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: مَا سَبَقَكُمْ أَبُو بَكْرٍ بِفَضْلِ صَلَاةٍ وَلَا صِيَامٍ وَلَكِنْ بِشَيْءٍ وَقَرَ فِي قَلْبِهِ[٣]. واتە (أبو بكر) رضي الله عنه بەهۆی زۆری نوێژ و ڕۆژووەوە پێشتان نەکەوتووە، بەڵکوو بە شتێك کە کەوتووەتە دڵییەوە کە یەقین و ئیمانە.

---

(١) رواه البخاري في "الأدب المفرد" (٧٢٤)، والترمذي (٣٥٥٨)، والنسائي في "الكبرى" (١٠٦٤٩)، وابن ماجه (٣٨٤٩)، وأحمد في "المسند" (٥)، والحاكم في "المستدرك" (١٩٣٨)، وقال: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ، وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ، وَقَدْ رُوِيَ بِغَيْرِ هَذَا اللَّفْظِ مِنْ حَدِيثِ ابْنِ عَبَّاسٍ، وأبو يعلى في "مسنده" (١٢٤)، والطحاوي في "شرح مشكل الآثار" (٤٥٣)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع الصغير" (٣٦٣٢).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٣٠٣).

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ٣٨٥)، و "المنتقى من منهاج الاعتدال" للذهبي ص٣٨٥، و "مفتاح دار السعادة" لابن القيم (١/ ٨٢)، و "لطائف المعارف" لابن رجب الحنبلي ص٢٥٤.

هەروەك سالّحان وتوويانە ئەوەی ئەيەوێت بزانێت پێگەی لای خوا چەندە، با سەيری پێگەی خوا بكات لە دلّيدا.

٣. هێنانەدی پێگەی چاكەكاری (تحقيق مرتبة الإحسان).

ئەم ئيحسان و چاكەكارييە پلەوپايەيەكی ئيمانييە تاوەكوو هەست بەوە بكەيت بەردەوام خوای خۆتت لەگەلّە و لەژێر چاودێری ئەودايت و لێتەوە نزيكە، هەروەك (جبريل) عليه السلام پرسياری لە پێغەمبەر ﷺ كرد سەبارەت بە پێگەی ئيحسان و پرِ چاكە، فەرمووی: «أَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ»[(١)]. هەموو كارە چاكە و خواپەرستييەكانت لەگەلّ خوادا بەشێوەيەك بێت هەست بەوە بكەيت كە ئەو دەتبينێت، ئەمە هەلّوێستی تەواوی تۆ بێت، تاوەكوو بكەويتە بەر: ﴿هَلۡ جَزَآءُ ٱلۡإِحۡسَٰنِ إِلَّا ٱلۡإِحۡسَٰنُ ٦٠﴾ [الرحمن: ٦٠]. ئايا پاداشتی چاكەكاری هەر چاكە نييە لای خوا؟! وە تاوەكوو لە نەخۆشی رِيا و ستەم پارێزراو بيت: ﴿ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ٦ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ٧﴾ [الماعون: ٦، ٧]. لە مافی خوادا رِيا دەكەن و لە مافی خەلّكيشدا رِێگری لە حەقەكانيان دەكەن و ستەميان لێدەكەن.

ئيحسان چاكەكارييە لە عيبادەتدا لەگەلّ مامەلّەكردنی چاك لەگەلّ (مخلوقات)دا.

٤. شاردنەوەی سكالاّكانت لە غەيری خوا (كتمان الشكوى عن غير الله).

(ابن تيمية) رحمه الله دەلّێت: فَأَعْظَمُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ قَدْرًا وَحُرْمَةً عِنْدَ الْخَلْقِ: إذَا لَمْ يَحْتَجْ إلَيْهِمْ بِوَجْهِ مِنْ الْوُجُوهِ ... وَهَذَا مِنْ حِكْمَةِ اللهِ وَرَحْمَتِهِ، لِيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ للهِ، وَلَا يُشْرَكُ بِهِ شَيْءٌ ... فَالرَّبُّ سُبْحَانَهُ: أَكْرَمُ مَا تَكُونُ عَلَيْهِ أَحْوَجُ مَا تَكُونُ إلَيْهِ. وَأَفْقَرُ مَا تَكُونُ إلَيْهِ. وَالْخَلْقُ: أَهْوَنُ مَا يَكُونُ عَلَيْهِمْ أَحْوَجُ مَا يَكُونُ إلَيْهِمْ، لِأَنَّهُمْ كُلَّهُمْ مُحْتَاجُونَ فِي أَنْفُسِهِمْ[(٢)].

---

(١) رواه البخاري (٥٠)، ومسلم (٨)، وأبو داود (٤٦٩٥)، والترمذي (٢٦١٠)، وابن ماجه (٦٣)، وابن خزيمة في "صحيحه" (٢٢٤٤)، وأحمد في "المسند" (٣٦٧)، والبزار في "المسند" (٤٠٢٥)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٣٠٣٠٩)، والآجري في "الشريعة" (٢٠٥).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١/ ٣٩، ٤٠).

واتە: ئادەمیزاد لای هاوشێوەکانی کاتێك زۆر بەڕێز و بەقەدرە کە پێویستی پێیان نەبێت بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکان، ئەمە بۆخۆی بەزەیی و حیکمەتی خوایە بۆ هێنانەدی تەوحید و گەڕانەوەی هەموو خەڵك بۆ لای خوای خۆی بە هەموو ڕێگاکانیەوە، وە ئادەمیزاد کاتێك بەنرخە لای خوا کە هەموو پێویستییەکانی هەر بۆلای ئەو بگەڕێنێتەوە، بەڵام لای خەڵکی کاتێك زۆر بێڕێزە کە پێویستییەکانی ڕووبکاتە خەڵك.

هەروەك چۆن هەرچی لێی بترسیت لێی ڕادەکەیت و دوور دەکەویتەوە، بەڵام تا زیاتر لە خوا بترسیت نزیکتر دەبیتەوە لێی، هەرچۆن لە منداڵیدا بەس باوك و دایکت خۆشدەوێت، بەڵام کاتێك گەورە بوویت خۆتت خۆش دەوێت، وە کاتێکیش پیر بوویت بەس خوات خۆش دەوێت.

هەروەك کارەکانت لە سەرەتای تەمەنتدا بۆ خۆتی دەکەیت، وە لە کۆتایی تەمەنتدا هەر بۆ خوای دەکەیت، خۆ ئەگەر لە دونیادا نەگات بەم پلەیە لەدوای مردن بە یەقینی بۆی دەردەکەوێت.

بەندەکان هەتاوەکوو زەلیل و خاوەن پێویستی بن بۆ خوا و ملکەچی بن؛ زیاتر نزیك و بەنرخن، کامەرانترین کەس ئەو کەسەیە بەتەنیا بەندەی تەواوی خوا بێت، بەڵام (مخلوقات) هەروەك وتوویانە: احْتَجْ إِلَى مَنْ شِئْتَ تَكُنْ أَسِيرَهُ، وَاسْتَغْنِ عَمَّنْ شِئْتَ تَكُنْ نَظِيرَهُ، وَأَحْسِنْ إِلَى مَنْ شِئْتَ تَكُنْ أَمِيرَهُ[1]. پێویستیت بە هەرکەس بێت ئەسیری دەستی ئەوی، پێویستیت بە کەس نەبێت هاوشێوەی ئەویت، چاکە لەگەڵ هەرکەس بکەیت گەورەی ئەویت.

پەیوەستبوونی دڵت بەس لەگەڵ خوا بێت و شکات و سکالاکانت بەس بۆلای ئەو بێت ئەوە تەواوکاری تەوحیدە: ﴿إِنَّمَآ أَشۡكُواْ بَثِّي وَحُزۡنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ [يُوسُفَ : ٨٦]. هەموو سکالا و خەمەکانم ئەگەیەنمە لای خوا.

٥. هەموو داواکارییەکانت بەتەواوی بەس بۆلای خوا بێت (تحقيق المسألة لله وحده).

هەموو داواکاری و پێویستییەکان بەس بۆلای خوا بێت بە تەنیا، خۆ ئەگەر هۆکارت گرتەبەر وەکوو هۆکارێك سەیریان بکەیت و هیچ پەیوەستبوونێکی دڵی و زەلیلییەکی نەدەیتێ و

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١/ ٣٩).

پشتی پێ نەبەستێت، ئەوکات ئەوە تەوحیدی پێ لەکەدار نابێت، پێغەمبەری خوا ﷺ پەیمانی لە هەندێك هاوەڵی وەرگرت فەرمووی: «وَلَا تَسْأَلُوا النَّاسَ شَيْئًا»[١]. داوا لە خەڵکی نەکەن بۆ هیچ شتێك، هەندێکیان قامچییەکانیان لێ دەکەوتە خوارەوە داوایان لە هیچ کەس نەدەکرد بیانداتەوە دەستیان.

هەر بۆیە حەفتا هەزار کەسەکەی کە بێ لێپرسینەوە و سزا دەچنە بەهەشتەوە ئەو کەسانەن کە هیچ داواکاری و پشتبەستنێکیان بە کەس نییە، تەنانەت داوای دووعای خێریان لێ ناکەن.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** فَإِنَّ سُؤَالَ الْمَخْلُوقِينَ فِيهِ ثَلَاثُ مَفَاسِدَ: مَفْسَدَةُ الِافْتِقَارِ إلَى غَيْرِ اللَّهِ وَهِيَ مِنْ نَوْعِ الشِّرْكِ. وَمَفْسَدَةُ إيذَاءِ الْمَسْئُولِ وَهِيَ مِنْ نَوْعِ ظُلْمِ الْخَلْقِ وَفِيهِ ذُلٌّ لِغَيْرِ اللَّهِ وَهُوَ ظُلْمٌ لِلنَّفْسِ. فَهُوَ مُشْتَمِلٌ عَلَى أَنْوَاعِ الظُّلْمِ الثَّلَاثَةِ[٢].

واتە: داواکردن لە خەڵکی سێ جۆر زیانی تێدایە: یەکەم خۆ زەلیلکردنە بۆ بێجگە لە خوا، ئەمەش جۆرێکە لە شەریك بڕیاردان، دووەم ئازاردانی ئەو کەسەی کە داوای لێدەکەیت، ئەمەش ستەمکردنە لە مافی خەڵکی، سێیەمیش زەلیلکردنی نەفسی خۆتە و ستەمکردنە لە خۆت.

٦. هێنانەدی پێگەی ئارامگرتن (تحقيق مرتبة الصبر).

لە نزیکەی نەوەد شوێن لە قورئاندا باسی ئارامگرتن هاتووە، بە کۆدەنگی زانایان ئارامگرتن واجبە و نیوەی ئیمانە و نیوەکەی تری سوپاسگوزاریيە، ئارامگرتنیش سێ جۆرە (صبر بالله وصبر لله وصبر مع الله) ئارامگرتن بە پشتیوانی خوا وە ئارامگرتن لەبەر خاتری خوا وە ئارامگرتن لەگەڵ خوادا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی، وە کۆدەنگی قسەی عاقلانی هەموو گەلانیش لەسەر ئەوەیە کە خۆشییەکان بە خۆشییەکان نایەنە دی، بەڵکوو بە ئارامگرتن دێتە دی[٣].

(ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** الصبر نوعان: اختياري واضطراري والاختياري أكمل من الاضطراري فإن الاضطراري يشترك فيه الناس[٤].

---

(١) رواه مسلم (١٠٣٤)، وأبو داود (١٦٤٢)، وابن ماجه (٢٨٦٧)، والبزار في "المسند" (٢٧٦٤)، والبيهقي في "السنن الكبرى" (٧٨٧٤).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١/ ١٩٠، ١٩١).

(٣) لە "مدارج السالكين"ی ابن القيم (١/ ١٩٠، ١٩١).

(٤) "عدة الصابرين" لابن القيم (١/ ٣٣).

واتە: ئارامگرتن دوو جۆرە: ئارامگرتنی زۆرەملێ ئەوەیە هەموو مرۆڤەکان هەریەکەی بە رێژەیەك بەشدارن تیایدا لە ژیاندا، وە ئارامگرتنی بژاردە لەسەر عیبادەت و کارە خێرەکان، ئەمەیان: فَالْصَّبْرُ الإِخْتِيَارِيُ هُوَ أَشْرَفُ النَّوْعَيْنِ وَأَعْلَاهُمَا أَعْظَمُ دَرَجَةً، قَالَ تَعَالَى: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ لَا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ وَلَا مَخْمَصَةٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَطَئُونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ الْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ بِهِ عَمَلٌ صَالِحٌ إِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ ﴿١٢٠﴾﴾ [التوبة: ١٢٠] (١). ئارامگرتنی بژاردەیی خۆت بەنرختڕین و بەڕێزترین جۆری ئارامگرتنە، وە خاوەنەکانی گەورەترین پاداشت و پلەیان هەیە، هەروەك هاوەڵان بۆ جیهاد لە پێناوی خوادا چییان تووشدەبوو لە هیلاکی و برسیەتی و ناڕەحەتی، هەمووی بژاردەی خۆیان بووە لە پێناوی خوادا.

ئەم پلە و پێگەیەش بەس بە ئیمان و هەڵگرتنی تەوحید دێتە دی و هۆکاری کاملبوونیەتی، تەنانەت ئەم ئارامگرییەش ئەگەر لە ئاستی خەڵکیدا بەکاری بێنن کاتێك هەر هەڵەیەکیان لەگەڵدا کرا و بەرپەرچدانەوەیان نەبێت لە بەرامبەریدا ئەوا یەکەم پاداشتیان پشتیوانی خەڵکی دەبێت بۆیان.

٧. هێنانەدی پلەی خۆشەویستی تەواوی خوا (تحقيق مرتبة المحبة).

خۆشەویستی و پێخۆشبوون لەگەڵ ئیرادەدا بناغەی هەموو کارێکە، هەتا خۆشەویستی بۆ شتێك بوونی نەبێت ئیرادە بەدوایدا نابێت، تەنانەت بۆ ئەو کارانەشی کە ڕقت لێیەتی هۆکاری نەبوونی خۆشەویستییە بۆی، بەڵام خۆشەویستی شتێك تەنیا لەبەر خوا بێت بەبێ هۆکارێکی تر ئەوە سەری ئیمانە، وەکوو خۆشەویستی و ڕقلێبوون لەبەر خوا بەکاربهێنین بۆ هەموو شتێك.

واز لە هیچ شتێك ناهێنرێت مەگەر بۆ شتێکی تر نەبێت، وە بچووك و لاوازەکان لەپێناو گەورە و بەهێزەکاندا دەبەخشرێن، وازهێنانیش لە هەموو خۆشییەکانی نەفس لە پێناوی خوادایە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَمَحَبَّةُ اللهِ وَرَسُولِهِ عَلَى دَرَجَتَيْنِ وَاجِبَةٌ وَهِيَ: دَرَجَةُ الْمُقْتَصِدِينَ ومستحبة وَهِيَ دَرَجَةُ السَّابِقِينَ (٢).

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٠/ ١٢٣).
(٢) "جامع الرسائل" لابن تيمية (٢/ ٢٧٧).

واتە:خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی دوو پلەیە: پلەی واجب، کە ئەمیش پلەی ئیماندارانە، بە گشتی کاتێك لە ئەنجامی هەڵگرتنی تەوحیددا بوونی دەبێت، وە پلەی (مستحب) بە بژاردە و ویستی خۆی، ئەمیش پلەی ئیماندارە پێشەنگەکانە و کاتێك دەیتوانن کە هەڵگری تەوحیدی ڕاستەقینە بن.

بنەما لە بوونی تەوحیددا ڕقلێبوون و دژایەتیکردنی شەریك بڕیاردانە، (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَلَا يُوجد البغض إِلَّا لمحبة وَلَا يَزُول البغيض إِلَّا لمحبة، فالمحبة أصل كل أَمر مَوْجُود وأصل دفع كل مَا يطْلب الْوُجُود[1]. هیچ ڕقلێبوونێك نییە بە هۆکاری بوونی خۆشەویستییەکەوە نەبێت، لابردنیش هەر بەو هۆکارەوەیە، کەواتە خۆشەویستی بنەمای بوونی هەموو کارێکی هاتووەدییە، وە بنەمای هەموو پاڵنەرێکی پێویستییە.

(ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: كُلُّ حَرَكَةٍ فِي الْعَالَمِ الْعُلْوِيِّ وَالسُّفْلِيِّ فَأَصْلُهَا الْمَحَبَّةُ، ... وَذَلِكَ لِأَنَّ الْحَرَكَاتِ ثَلَاثَةُ أَنْوَاعٍ: حَرَكَةٌ اخْتِيَارِيَّةٌ إِرَادِيَّةٌ، وَحَرَكَةٌ طَبِيعِيَّةٌ، وَحَرَكَةٌ قَسْرِيَّةٌ[2].

واتە: هەموو جوولەیەك لە ئاسمان و زەویدا لەسەر بنەمای خۆشەویستییە، وە خۆشەویستییەکانیش لەسەر بنەمای جوولە و ئیرادەیە، وە هەموو جوولە و ئیرادەیەکیش سێ جۆرە: جوولەیەکی بژاردەیی، وە جوولەیەکی سروشتی خۆی یاخود جوولەیەکی بە زۆرەملێیە.

جنۆکە و مرۆڤەکان جوولەیان ئیختیاری و بژاردەییە، دەبێت ئەم جوولە و بژاردانەیان بەگوێرەی خۆشەویستی و ئیرادەی خاوەنەکەی بێت، هەروەك چۆن جوولە سروشتییەکان و جوولە بەزۆرکردنەکان کە لەلایەن (ملائكة)کانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەوانیش بە ئیرادەی خوا و خۆشەویستی ئەوەوە ئەنجامی دەدەن، کەواتە هەموو جوولە و خۆشەویستییەکان سەرچاوەکانیان بەس ویست و خۆشەویستییەکانی خوایە، وەك (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَمَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا مِنْ حَرَكَاتِ الْأَفْلَاكِ وَالشَّمْسِ وَالْقَمَرِ وَالنُّجُومِ وَالرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ وَالْمَطَرِ وَالنَّبَاتِ وَحَرَكَاتِ الْأَجِنَّةِ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِهَا، فَإِنَّمَا هِيَ بِوَاسِطَةِ الْمَلَائِكَةِ وَالْمُدَبِّرَاتِ ... كَمَا دَلَّ عَلَى ذَلِكَ فِي نُصُوصٍ مِنَ الْقُرْآنِ وَالسُّنَّةِ ... وَأَقْسَمَ سُبْحَانَهُ بِطَوَائِفَ مِنَ الْمَلَائِكَةِ الْمُنَفِّذِينَ لِأَمْرِهِ فِي

(١) "قاعدة في المحبة" لابن تيمية ص٩، و "جامع الرسائل" لابن تيمية (٢/ ١٩٥).

(٢) "الداء والدواء" لابن القيم ص٢٠٠.

الْخَلِيفَةِ كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿وَٱلصَّٰٓفَّٰتِ صَفّٗا ۝١ فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجۡرٗا ۝٢ فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكۡرًا ۝٣﴾ [الصَّافَّات: ١ - ٣]، وَقَالَ تَعَالَى: ﴿وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرۡقٗا ۝١ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا ۝٢ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا ۝٣ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبۡقٗا ۝٤ فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرًا ۝٥﴾ [النَّازِعَات: ١ - ٤][1]. **واتە هەرچی لە ئاسمان و زەویدا هەیە لە جوولّەکان بە هۆکاری (ملائکة)کانەوەیە، ئەوانیش جێبەجێکاری فەرمانەکانی خوان، هەروەك لە قورئان و سوننەتدا خوای پەروەردگار سوێند بەو (ملائکة)انە دەخوات کە هەلّسووڕێنەری ئەفلاك و بوونەوەرەکانن.**

بۆیە دەبێت ئیمانداریش شوێنکەوتەی خۆشەویستی و ئیرادەی خوای خۆی بێت کە ئەویش تەوحیدی پێخۆشە و ئیرادەی بەس لەسەر هێنانەدی تەوحیدە، وە ڕقلێبوونیشی بۆ شەریك بڕیاردەران و موشریکەکانە و دژایەتیکردنی بۆ ئەو ڕێگایانەیە کە لە بووندا پێچەوانەی هەموو بوونەوەرەکانە و نامۆیە پێیان، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗا ۝٨٨ لَّقَدۡ جِئۡتُمۡ شَيۡـًٔا إِدّٗا ۝٨٩ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرۡنَ مِنۡهُ وَتَنشَقُّ ٱلۡأَرۡضُ وَتَخِرُّ ٱلۡجِبَالُ هَدًّا ۝٩٠ أَن دَعَوۡاْ لِلرَّحۡمَٰنِ وَلَدٗا ۝٩١﴾ [مَرۡيَم: ٨٨ - ٩١]. **کاتێك بڕیارێکی نامۆ بە بوون و بوونەوەرەکان دەدرێت و دەڵێن خوا کوڕی هەیە، خەریکە بوونەوەرەکان لە ئاسمان و زەوی پارچە پارچە دەبن و شاخەکان وورد دەبن بە هۆکاری ئەوەی کە خوا هاوشێوە دەکەن بە (مخلوقات)ەکانیەوە.**

کەواتە تەوحید بنەمایە لە بوونی ئادەمیزاددا، وە هاوبەش بڕیاردان ڕووداوی کتوپڕی دروستکراوە، خوای پەروەردگار تَبَارَكَ وَتَعَالَى **دەفەرموێت:** ﴿فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ لَا تَبۡدِيلَ لِخَلۡقِ ٱللَّهِ﴾ [الرُّوم: ٣٠]، **وە پێغەمبەری خواش** ﷺ **دەفەرموێت: «كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ، أَوْ يُنَصِّرَانِهِ، أَوْ يُمَجِّسَانِهِ»**[2]. **وە (ابن عباس)** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا **دەڵێت:** كَانَ بَيْنَ

---

(١) "الداء والدواء" لابن القيم ص٢٠٠، ٢٠١.

(٢) رواه البخاري (١٣٨٥)، ومسلم (٢٦٥٨)، وأبو داود (٤٧١٤)، والترمذي (٢١٣٨)، وأحمد في "المسند" (٧١٨١)، والبزار في "المسند" (٤٥١٥)، وأبو يعلى في "مسنده" (٦٣٩٤)، والطبراني في "الكبير" (٨٣٠)، والطيالسي في "مسنده" (٢٤٨٠)، والآجري في "الشريعة" (٣٩٦)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (٩٩٥)، وأبو نعيم في "الحلية" (٩/٢٢٨).

آدَمَ وَنُوحٍ عَشَرَةُ قُرُونٍ كُلُّهُمْ عَلَى الْإِسْلَامِ، ثُمَّ حَدَثَ فِيهِمُ الشِّرْكُ وَالِاخْتِلَافُ[١]. خوای پەروەردگار مرۆڤی لەسەر تەوحیدناسی دروستکردووە، وە منداڵیش هەر لەسەر ئەو پاکییە خوا دروستی دەکات، وە لە نێوان (آدم ونوح)دا سەلامی خوایان لێبێت دە سەدەیە، هەموویان لەسەر تەوحید بوون، پاشان شەریك بڕیاردان دروست بووە، کەواتە سیفەتی خۆشەویستی خوایی لە پێناو دروستبوونی تەوحیددا هۆکاری هێنانەدی حەقیقەتی تەوحید و حەقپێدانیەتی لەناو ئادەمیزاددا.

هۆکارەکانی هێنانەدی تەوحید و حەقپێدانی

بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی هێنانەدی تەوحید لە دوو هۆکاردا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: باوەڕبوون بە خوا (الإيمان بالله).

دووەم: کاری چاکە (العمل الصالح)[٢].

بەشی یەکەم: باوەڕبوون بە خوا زۆر بابەت دەگرێتەوە، لەوانە:

١. زانایی و تێگەیشتنی هەرسێ جۆرەکەی تەوحید بەتایبەت تێگەیشتن و شارەزابوون لە (الأسماء والصفات).

٢. بیرکردنەوە و تێڕوانین لە دروستکراوەکانی پەروەردگار.

٣. پێزانین بەسەر نیعمەتەکانی خوا و سوپاسگوزاریکردنی.

بەشی دووەم: هەستان بە کردەوە و کاری چاکە:

١. هەوڵدان بۆ هێنانەدی کارە دڵییەکان.

٢. کۆششکردن لەگەڵ کرداری ڕووکەشییەکاندا، نوێژ و ڕۆژوو زەکات و حەج و خێرکردن ... .

٣. پاککردنەوەی نەفس و ناخی ئادەمیزاد بە کردەوە خێر و چاکەکان، لەوانە:

أ. زۆر تەقوا و خۆپارێزی.

---

(١) "الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح" لابن تيمية (٢/ ٢٥٨).

(٢) "جهود شيخ الإسلام ابن تيمية في توضيح توحيد العبادة" لدكتور أحمد بن عبد الله الغنيمان ص٢٢٠.

ب. داوای لێخۆشبوون و تەوبەکردنی زۆر لەگەڵ بیرکردنەوە لە کەمتەرخەمی لە هێنانەدی خێر و دوورکەوتنەوە لە تاوانەکان.

ج. بەردەوام هەوڵی سڕینەوەی تاوانەکان بە کاری خێر.

د. فەرمان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپەکان وەکوو چاکەیەکی بەردەوام لەگەڵ خەڵکدا.

ئەمانە بە گشتی هۆکارەکانی هێنانەدی تەوحیدە کە خوای پەروەردگار تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بە کورتی ئاماژەی پێدەکات لە سوورەتی (الْعَصْر)دا و دەفەرموێت: ﴿وَٱلۡعَصۡرِ ۝١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ۝٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ۝٣﴾ [التكوير: ١-٣].

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: فَإِنَّ اللهَّ تَعَالَى أَخْبَرَ أَنَّ جَمِيعَ النَّاسِ خَاسِرُونَ إلَّا مَنْ كَانَ فِي نَفْسِهِ مُؤْمِنًا صَالِحًا؛ وَمَعَ غَيْرِهِ مُوصِيًا بِالْحَقِّ مُوصِيًا بِالصَّبْرِ ... وَلَا يُمْكِنُ الْعَبْدُ أَنْ يَصْبِرَ إنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ مَا يَطْمَئِنُّ بِهِ وَيَتَنَعَّمُ بِهِ وَيُغْتَذَى بِهِ وَهُوَ الْيَقِينُ[1].

واتە: خوای پەروەردگار لەم سوورەتەدا هەواڵ دەدات کە ئادەمیزاد لە زەرەرۆمەندیدایە ئەگەر لەخۆگری کارێك نەبێت لەگەڵ خۆیدا کە ئەویش ئیمان و کاری چاکەیە، وە لەگەڵ خەڵکیشدا پشتیوانی حەق و ئەو بەرنامە پاکە نەبێت و ئامۆژگاری و دڵخۆشیان نەکات بە ئارامگرتن لەسەری، بەڵام ئیماندار ناتوانێت ئارام بگرێت ئەگەر شتێك نەبێت کە دڵنیایی و خۆشی و خۆراکی بێت، کە ئەویش یەقینە.

لەکەدارکردنەکانی هێنانەدی تەوحید
بە شێوەی تەواوکاری و کاملبوون
قوادح تحقيق التوحيد المندوب والكمال

هێنانەدی هۆکارەکانی تەواوکاری لە تەوحیددا جیاوازی هەیە لەنێوان خەڵکیدا لە جۆر و شێوازی کارەکاندا، بۆیە دەشێت کەسێك لە جۆری کارێکدا سەرکەوتوو بێت تاوەکوو لایەکی تر، وە هەروەها جیاوازی لە خودی کارەکانیشدا هەیە ئەویش بەگوێرەی بوونی یەقین و خواناسی

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢٨/ ١٥٢، ١٥٣).

و پەیوەستبوون بە خواوە دەگۆڕێت.

لەو بابەتە گرنگانەی کە هۆکارن بۆ لەکەدارکردنی تەواوکاری تەوحید (شرط الكمال) ئەمانەن:

یەکەم: بە شێوەیەکی گشتی تاوان و سەرپێچییەکان بە وورد و گەورەوە، کاریگەری لەسەر خاوەنەکەی و کەس و کار و چواردەوربیەوە هەیە لە ڕووی جەستە و دڵەوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ٣٠﴾ [الشورى: ٣٠]، ﴿ظَهَرَ ٱلۡفَسَادُ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ بِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِي ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعۡضَ ٱلَّذِي عَمِلُواْ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ٤١﴾ [الروم: ٤١]. هەر بەڵا و ناخۆشییەك تووشتان دەبێت بە هۆکاری کردەوەکانتانەوەیە، خراپەکاری لە وشکانی و دەریادا ڕوودەدات بە هۆکاری کار و کردەوەی یەکترییەوەیە تاوەکوو تاڵاوی هەندێك لە کردەوەکانتان بچێژن.

دووەم: شوێنکەوتەی حەز و ئارەزووەکان (اتباع الشهوات).

ئارامگرتن لەسەر حەرامەکان باشترین پشتیوانییە، ئادەمیزاد تاوەکوو توانای جەستەیی و نەفسی زۆر و زیاتر بێت داواکاری نەفسی بۆ تاوانەکان زیاتر دەبێت، هەروەك چۆن گەر توانای کەم بێت داواکارییەکانیشی کەم دەبێتەوە، بۆیە ئارامگرتن لەگەڵ بوونی توانای جەستەیی و نەفس گەورەترین جیهادە لە پێناوی خوادا، وەکوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «وَالْمُجَاهِدُ مَنْ جَاهَدَ نَفْسَهُ فِي طَاعَةِ اللهِ، وَالْمُهَاجِرُ مَنْ هَجَرَ الْخَطَايَا وَالذُّنُوبَ»[(١)]. موجاهید ئەو کەسەیە کە جیهادی نەفسی بکات لە پێناوی گوێڕایەڵی خوادا، وە کۆچەریش ئەو کەسەیە کە کۆچ لە تاوان و لادانەکانی بکات.

وە جۆرەکانی ئەم حەز و ئارەزووانەش دوو جۆرن: أَصْحَابِ الْبِدَعِ وَأَصْحَابِ الْفُجُورِ[(٢)]. بیدعەکاران لە دیندا و کەسانی تاوانکاران لە دونیادا.

---

(١) رواه الترمذي (١٦٢١) مختصراً، وابن ماجه (٣٩٣٤) مختصراً، وأحمد في "المسند" (٢٣٩٥٨) وقال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح، والحاكم في "المستدرك" (٢٤)، والبزار في "المسند" (٣٧٥٢)، والطبراني في "الكبير" (٧٩٦)، والبيهقي في "الشعب" (١٠٦١١)، والبغوي في "شرح السنة" (١٤)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (٥٤٩).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٤/ ٤٥٩).

سێیەم: ڕەخنە و گازندەی بەردەوام لەسەر قەدەر و ڕووداوەکان بەتایبەت ئەوانەی توانای ئادەمیزادی تیادا نییە لەسەر ڕابوردوو و داهاتوو.

خوای پەروەردگار تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ﴾ [التغابن: ١١]. واتە هەرچییەکتان تووش ببێت بە قەدەر و ئیزنی خوایە لەسەرتان، ئەوەی باوەڕی بە خوا هەبێت لەمەدا هیدایەتی دڵی دراوە.

چوارەم: خۆ بەگەورەزانین و ڕقلێبوونی حەق و خاوەن و هەڵگرانی.

هەموو ئەمانە بە هۆکاری بیروڕای خراپی خۆی و نیەتە بەتاڵەکانیەوەیەتی بە خۆی و کردەوەکانی، هەردوو ئەمانە باوەڕبوون و نیەت لە کاردا تەواوکاری یەکترین، هەر بۆیە بەم دوو هۆکارە کارەکان پێچەوانە دەبنەوە، حەق دەبێت بە بەتاڵ و خێر دەبێت بە شەڕ و مافی خەڵکی دەبێت بە مافی خۆت، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: «الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ، وَغَمْطُ النَّاسِ»[(١)]. واتە تەکەبور و خۆ بەگەورەزانین ڕەتکردنەوەی حەقە و ڕقلێبوونی خاوەنەکانیانە.

پێنجەم: پەراوێزکردنی نوێژ و کارە سوننەتەکان.

هەموو سوننەتەکان بۆ پڕکردنەوەی فەرزەکان دانراوە، لەگەڵ زیادبوون و بەخشینی زیاتری هیدایەت و هۆکاری ڕێنموونی خوایی بۆ کرداری چاك و پلەدارتر.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: مَنْ أَصَرَّ عَلَى تَرْكِهَا دَلَّ ذَلِكَ عَلَى قِلَّةِ دِينِهِ وَرُدَّتْ شَهَادَتُهُ ... وَيُلَامُ عَلَى تَرْكِهَا فَلَا يُمَكَّنُ مِنْ حُكْمٍ وَلَا شَهَادَةٍ وَلَا فُتْيَا مَعَ إِصْرَارِهِ عَلَى تَرْكِ السُّنَنِ الرَّاتِبَةِ[(٢)].

واتە: هەرکەسێك سووربێت لەسەر پەراوێزکردنی سوننەتەکان هۆکاری کەموکورتی دینیەتی و شایەتیدانی خاوەنەکەی ڕەتدەکاتەوە و لۆمەکراوە و بێبەش دەکرێت لە پلەی حوکمکردن و فەتوا ...، پەیوەستبوون بە سوننەتەوە واتە ئەنجامدانی هەموو ئەو کار و کردەوە دینییانەی کە پەیوەندی بە ووردەکاری عیبادەت و کاری خێر و شوێنکەوتەی تەواوی قورئان و فەرموودە هەیە

---

(١) رواه البخاري في "الأدب المفرد" (٥٥٦)، ومسلم (٩١)، وأبو داود (٤٠٩٢)، والطحاوي في "شرح مشكل الآثار" (٥٥٥٧)، والبيهقي في "الشعب" (٥٧٨٣)، واللالكائي في "شرح أصول اعتقاد" (١٦١١).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢٣/ ١٢٧، ٢٥٣).

لەگەڵ دژایەتیکردنی حەز و ئارەزووە گومڕاییەکان ... هەتا دوورەپەرێز بێت لە (شرك وبدعة ومعصية) باشتر حەق بە تەوحید و پڕکردنەوەی لایەنەکانی دەدات، هەتا کورت و کوێر و ناتەواوی تیا بەدی بێنێت زیاتر تەوحیدەکەی لەکەدار و ناتەواو دەکات، وە هەر بابەتێك کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە لە لەکەدارکردنی تەوحید بەگوێرەی گەورە و بچووکی و دینی و دونیایی و عەقیدەیی و کرداری بابەتەکە.

هەتا لەخۆگری کاملّی تەوحید بێت کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر هێنانەدی کاملّترین جۆری نیەت و ئیرادە لەگەڵ باشترین جۆری پەیڕەوکردنی عیبادەت و خوێندنەوەی قەدەر لە کار و ڕۆژانەیدا، وە باشترین جۆری لەخۆگرتنی سوپاسگوزاری و ئارامگرتن، لەگەڵ دروستبوونی گەورەترین خەم و مشوورخواردنی پاراستنی عەقیدە و دینی لە هەموو بیدعە و گومڕایی و شەریك بڕیاردانێك، وە گرنگیدان بە (إخلاص ومتابعة) لە ووردکردنەوەی نیەت و کارەکاندا، وە هەستکردنی بەردەوام بە چاودێری و سزای ووردی خوایی بەسەر هەموو لادان و کار و نیەتێکدا، ئەمانەش پلە و پێگەی عارفین و سالّحان و خواناسانی دونیان، ئەمانەش هۆکار و تەواوکاری سەرەکییان تەوحیدی تەواو و حەقپێدراوی بەشەکانی (واجب ومندوب) سەرەکی و ووردەکارییەکانە.

خوای پەروەردگار بە هۆکاری بەزەیی و ڕەحمەتە فراوانەکانی خۆیەوە بمانگێڕێت لە هەلّگرانی تەوحید و ووردەکارییەکانی.



بـەشـی پێنجـەم

جۆرەکانی تەوحید لای ئەهلی سوننەت

أنواع التوحيد عند أهل السنة

زانایانی ئەهلی سوننەت تەوحیدیان کردووە بە سێ بەشەوە[1]:

یەکەم: توحيد الربوبية: تاك و تەنیایی خوا لە دروستکردن و خاوەنیەتی و بەڕێوەبردن، واتە (توحيد الله في أفعاله) تاك و تەنیایی خوا لە کارەکانیدا.

دووەم: توحيد الألوهية: عیبادەتکردنی خوا بە تاك و تەنیایی و بێ هاوبەش بڕیاردان، واتە (توحيد الله في أفعال العباد) هێنانەدی تاك و تەنیایی خوا لە کاری بەندەکانیدا، ئەم جۆرە تەوحیدە ئەگەر بدرێتە پاڵ خوا وەکوو ئەنجامدانی کار بۆی پێیدەوترێت (توحيد الألوهية)، وەکوو کارکردنی عەبدەکانی پێیدەوترێت (توحيد العبادة).

سێیەم: توحيد الأسماء والصفات: هُوَ إِفْرَاد الله سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى بِمَا تُسَمَّى بِهِ وَوَصَفَ بِهِ نَفْسَهُ فِي كِتَابه أَو عَلَى لِسَانِ رَسُولِهِ، وَذَلِكَ بِإِثْبَاتِ مَا أَثْبَتَهُ وَنَفَي مَا نَفَاهُ. **تاك و تەنیایی خوایە بەو ناو و سیفاتانەی لە قورئاندا یاخود لە سوننەتدا باسکراوە، بەو شێوەیەی بۆخۆی بڕیار داوە بە بوون و نەبوون.**

ئەمە ناودارترین و بڵاوترین جۆری دابەشکردنی تەوحیدە کە دەکرێت بە سێ بەشەوە، مەبەستیش لەم دابەشکردنە جیاکردنەوەی بەشی (الأسماء والصفات)ە لە دوو بەشەکەی تر، تاوەکوو بۆ تاکی موسوڵمان گومڕایی فیرقە فەلسەفییە کەلامییەکان دەرکەوێت لەم بەشەی تەوحیددا، بەپێچەوانەی ئەهلی سوننەتەوە کە پەیوەستن بە هەموو ناو و سیفات و باسێك بۆ خوا بەبێ هیچ (تأويل وتحريف وتفويض) لادان و گۆڕانکاری و نەزانینێك لەو بارانەوە، بەڵام فیرقە فەلسەفییەکان پەنایان بردووەتە بەر ئەو بابەتانە لە (الأسماء والصفات)دا.

---

(١) "تهذيب شرح عقيدة أهل السنة والجماعة" للعثيمين ص٩.

لەگەڵ جیاکردنەوەی (توحيد الربوبية) لە (الألوهية) تاوەکوو بزانرێت بە (توحيد الربوبية) کەس پێی نایەتە ناو بازنەی ئیسلامەوە و پێی موسوڵمان نابێت، تەنانەت موشریکەکانی پێش ئیسلامیش لە (ربوبية)دا باوەڕیان بە خوا هەبووە بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام تەسلیمی (توحيد الألوهية) نەدەبوون، بۆیە بە بێبڕوا و موشریك ناوبران و جیهادیان بەرامبەر دەکرا.

ئەم دابەشکردنە هۆکارێکیشە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە (توحيد الألوهية) بانگەوازی پێغەمبەران بووە و هەموو کتێبەکانی لە پێناودا هاتووەتە خوارەوە و مەبەست لە دروستکردنی ئادەمیزاد و جنەکان ئەم تەوحیدە بووە، وە ناوی ئیمان و کوفر و شیرك لەسەر ئەم تەوحیدە بنیادنراوە و جیاکراوەتەوە.

دەبێت زانستیانە هەموو دابەشکردنێك مەبەست هەبێت تیایدا، وەك (ابن الأثير) دەڵێت: والتقسيم لا يصح في شيء من الأشياء إلا إذا اختص كل قسم من الأقسام بصفة لا يختص بها غيره، وإلا كان التقسيم لغوًا لا فائدة فيه[1]. دابەشکردن بۆ هەرشتێك سوودی نییە بێجگە لەوە نەبێت کە دەبێت مەبەستی بەشێك لە بەشێك و تایبەتمەندییەکانی هەریەکەیان جیابکاتەوە لەوی تر و چاوڕۆشنی بدات بەدەستەوە، گەر نا شتێکی بێهوودە دەبێت.

جۆرێکی تری ناونیشان بۆ دابەشکردنی تەوحید لای زانایانی ئەهلی سوننەت کە دەکەوێتە پێش ئەو دابەشکردنە سێ بەشییەوە، تەوحید دەکەنە دوو بەشی سەرەکی[2]:

یەکەم: توحيد المعرفة والإثبات، توحيد العلمي الخبري، توحيد العلم والاعتقاد، توحيد القولي. هەموو ئەم ناونیشانانە یەك مەبەست و واتان، ئەویش تەوحیدی ناسین و زانستێکی عەقیدەییە کە بە قسە دەردەبڕدرێت.

دووەم: توحيد الطلب والقصد، توحيد العملي، توحيد الإرادي الطلبي. ئەمانەش بریتین لە یەك واتا و مەبەست، ئەمیش واتە تەوحیدی مەبەست و داواکاری و کردار.

---

(١) "المثل السائر في أدب الكاتب والشاعر" لابن الأثير (٢/ ٧١).

(٢) "مدارج السالكين" لابن القيم (١/ ٤٨)، و "عقيدة الطحاوية" (١/ ٤١)، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٣)، و "جهود شيخ الإسلام ابن تيمية في توضيح توحيد العبادة" لدكتور أحمد بن عبد الله الغنيمان ص٧٩، و "الشرك في القديم والحديث" لأبي بكر محمد زكريا (١/ ٦٢)، و "حقيقة التوحيد" لأبي مريم الجبرتيلي ص٩٩، و "لا إله إلا الله" لمحمد بن كريم الأنصاري ص١٩٣.

مەبەستیشیان لەم دابەشکردنە دوو جۆرییە:

أ. ئەم دابەشکردنە دوو جۆرییە بۆ ئاستی سێ بەشەکەی ئیمانە کە باوەڕبوون و گوفتار و کرداڕە (إعتقاد وقول وعمل)، کە تەوحیدی (الربوبية والأسماء والصفات) پەیوەستە بە (الإعتقاد والقول)ەکەوە، وە تەوحیدی (الألوهية)ش پەیوەستە بە تەوحیدی (العمل)ەکەوە.

ب. ئەم دابەشکردنە دوو جۆرییە بۆ پەیوەستکردنە بە دوو جۆرە قەدەرەکەوە کە (القدر الكوني والقدر الشرعي)یە، کە (توحيد الألوهية) قەدەری شەرعییە و بەوە دێتە ناو ئیسلام و هەر بەوە داوای کارکردنت لێدەکرێت و هەر بەوە لێپرسینەوە و سزا و پاداشتت لەسەرە، وە (توحيد الربوبية والأسماء والصفات) پەیوەندی بە قەدەری کەونییەوە هەیە و لێپرسینەوە و کارکردن و سزا و پاداشتی لەسەر نییە.

ج. ئەم دابەشکردنە دوو جۆرییە بۆ جیاکردنەوەی بەشی بیروباوەڕ و عەقیدەیە لە بەشی کارکردن.

د. ئەم دوو جۆرە دابەشکردنە لە بەرامبەر هەردوو جۆری (العلم والعمل)ە، بەشە زانستییەکەی (العلم) پەیوەندی بە (توحيد الربوبية والأسماء والصفات)ەوەیە، وە کردارییەکەشی پەیوەندی بە (الألوهية)ەوەیە، وە لەلایەکی تریشەوە پەیوەستی نێوان (الربوبية والألوهية) دەسەلێنێت کە هەرکەسێك زانست و عیلمی بەسەر (ربوبية)دا هەبێت ئەوا دەبێت پەیوەست بێت بە (الألوهية)شەوە، پەیوەستییەکەیان وەکوو پێشەکی و ئەنجام وایە بۆ یەکتری، وە ئەگەر (علم)ت هەبێت دەبێت (عمل)یشت هەبێت، وە (قول) قسە و زانستی دڵ و زمانە، وە (عمل)یش کرداری دڵ و زمان و ئەندامەکانی جەستەیە، کە ئەمانە هەموویان بەشەکانی ئیمانن و تەواوکار و هێنانەدی ئیمانی ڕاستەقینەن.

ڕەنگدانەوەی ئەم دوو جۆرە تەوحیدەش وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: فَالتَّوْحِيدُ الْقَوْلِيُّ مِثْلُ سُورَةِ الْإِخْلَاصِ: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾، وَالتَّوْحِيدُ الْعَمَلِيُّ: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ﴾، وَلِهَذَا كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقْرَأُ بِهَاتَيْنِ السُّورَتَيْنِ فِي رَكْعَتَيْ الْفَجْرِ وَرَكْعَتَيْ الطَّوَافِ وَغَيْرِ ذَلِكَ[1]. تەوحیدی قسە و گوفتار لە سوورەتی: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾دا

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١/ ٣٦٧، ٣٦٨).

ڕەنگدانەوەی هەیە، وە تەوحیدی کرداری لە سووڕەتی: ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾دا ڕەنگدانەوەی هەیە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوو ڕکاتی پێش نوێژی بەیانی و تەواف و وتر ... بەردەوام خوێندوویەتی.

بە شێوەیەکی گشتی سوودەکانی ئەم دابەشکردنانە بۆ تەوحید ئەمانەن:

١. ناسینی حەقیقەتی بانگەوازی پێغەمبەران لە دونیادا.

٢. ناسینی جۆرەکانی شەریك بڕیاردان و شێوازە جیاجیاکانی.

٣. ناسینی ئەو جۆرە تەوحیدەی کە هۆکاری ڕزگاربوونە لە ڕۆژی دواییدا.

٤. بۆ ناسین و جیاکردنەوەی مەنهەج و بەرنامەی ئەهلی سوننەتە لە بیدعە و گومڕاکاران.

بەڵگەکانی دابەشکردنی تەوحید

أدلة أقسام التوحيد

هەر زانستێك زۆر بەربلاّو بێت لەناو زانایاندا و تەمەنێکی درێژ و زیاد لە هەزار ساڵەی هەبێت، وە زانایان چین لەدوای چین پێداگری لەسەر بکەن بە باسکردن و ڕوونکردنەوە و بەڵگە و شیکاری؛ ئەوا دەبێتە شوێنی دڵنیایی وە گومان هەڵناگرێت، وە هەموو بابەتێکیش زانست لەسەری بەگوێرەی سەردەم گۆڕانکاری لەسەر کرابێت و قۆناغی پێبڕدرابێت هەر لە سەرتاوە تا کاملّبوونی، ئەوە زانستێکی قوڵ و بناغەدار و گومان هەڵنەگرە.

وە زانستی تەوحیدیش خزمەت کراوە لەسەر شێوازی پێناسە و دابەشکردن و ناونیشاندا لەبەرئەوەی ئەم جۆرە ڕێڕەوە زانستییە دەبێتە هۆکاری باشترین جۆری تێگەیشتن و گەیاندنی مەبەست تیایاندا لەبەرئەوەی بە شێوازێکی زۆر کورت و نزیك و ڕێکخستن ئەنجام دەدات بەدەستەوە، ئەگەرچی ئەم دابەشکردنی تەوحیدە حەقیقەتێکی شەرعی هەڵقوڵاوی قورئان و سوننەتە و ڕوونکارییەکانیەتی.

بەڵگەکانی دابەشکردنی تەوحید ئەمانەن[1]:

---

(١) "الشرك في القديم والحديث" لأبي بكر محمد زكريا (١/ ٧١)، و "تهذيب شرح عقيدة أهل السنة والجماعة" للعثيمين ص١٠، و "حقيقة التوحيد" لأبي مريم الجبرتيلي ص٨٨، و "القول السديد في الرد على من أنكر تقسيم التوحيد" لعبد الرزاق بن عبد المحسن البدر ص١٦، و "المطالب المقيدة في مسائل العقيدة" (١/ ١٢١).

١. (الإستقراء والتتبع للنصوص): بەدواداچوون و سەلمێنراوی دەقەکان.

بە ڕێگای خوێندنەوە و بەدواداچوونەوە سەلمێنراوە کە ئەو تەوحیدەی پێغەمبەران ﷺ بانگەوازییان بۆ کردووە و کتێبەکانی خوای لەسەر هاتووەتە خوارەوە لە چوارچێوەی ئەم جۆرە دابەشکراویە دەرناچێت، ئیمان و عەقیدەی بڕوادار نایەتەدی مەگەر بە ڕێگەی هێنانەدی هەموو ئەو بەشانە نەبێت، لەبەرئەوەی بۆ هەموو بەشێك لەو بەشانە پێچەوانە و دژی خۆی هەیە کە دەبێت پارێزراو بێت لێی و هەڵگری نەبێت.

٢. لە قورئاندا بەکارهێنانی وشەی (الرب، الأرباب، الربوبية) یاخود (الإله والآلهة والألوهية) لە چەندەها شوێنی جیاجیا بۆ مەبەستی دیاریکراو و تایبەتی خۆی بەکارهێنراوە، زمانی عەرەبیش ڕوونکاری تەواوی هەیە لەسەر وشەی (ربّ) و جیاکردنەوەی لەگەڵ وشەی (إله)، کە (ربّ) بۆ خاوەنیەتی و گەورە و بەڕێوەبردن و بالادەستی بەکاردەهێنرێت، وە وشەی (إله) بۆ پەرستراو و بەندایەتی بۆکراو بەکاردەهێنرێت، وە ناو و سیفاتەکانیش زۆر ڕوون و ئاشکران لە وەسف و باسی پەروەردگاردا(١).

٣. هۆکاری لۆمەکردن و ڕەخنەگرتنی موشریکەکانی عەرەب و گەلانی پێشوو لە قورئان لەسەر ئەوە بووە کە باوەڕیان بە (ربوبية)ی خوا هەبووە بەڵام باوەڕیان بە (الألوهية)ی خوا نەبووە لە هەموو جۆرەکانی عیبادەتدا.

خوای پەروەردگار تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾ [لقمان: ٢٥]، وە دەفەرموێت: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴾ [الزخرف: ٨٧]، وە دەفەرموێت: ﴿أَفِي ٱللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ [ابراهيم: ١٠]، وە دەفەرموێت: ﴿أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ﴾ [النمل: ٦٠]، وە دەفەرموێت: ﴿أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ تَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ [النمل: ٦٣]. واتە ئەگەر لێت بپرسینایە کێ ئاسمان و زەوی و ئێوەی دروستکردووە دەیانوت خوا، لەگەڵ ئەوەشدا لایان دەدا لە پەرستنی و شەریکیان بۆ بڕیار دەدا، ئەوە گومان هەیە لە خوا کە ئاسمان و زەوی دروستکردووە؟

(١) "معالم التوحيد" للقيسي ص٢٢.

لەبەرئەوە كاتێك زۆريان بۆ دەهات و دەكەوتنە ئەوپەڕی تەنگانەوە هاواريان بە تەنيا بۆ خوا دەبرد، وەكوو خوای پەروەردگار دەربارەيان دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَٱلظُّلَلِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ [لقمان: ٣٢]، ﴿فَإِذَا رَكِبُواْ فِي ٱلۡفُلۡكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ إِذَا هُمۡ يُشۡرِكُونَ ٦٥﴾ [العنكبوت: ٦٥] واتە خۆ ئەگەر زريانێك لەناو دەريادا تووشيان ببوايە هاواريان تەنها بۆ خوا دەبرد بە تاك و تەنيا، پاشان دەهاتنە وشكانی و ڕزگاريان دەبوو شەريكيان بۆ خوا بڕيار دەدا، بەم شێوازە قورئان جياوازی نێوان (الربوبية والألوهية) دەسەلمێنێت.

٤. بەڵگە قورئانی و فەرموودەييەكان:

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤﴾ [الفاتحة]: ﴿لِلَّهِ﴾: تەوحيدی (الألوهية)ە، وە ﴿رَبِّ﴾: تەوحيدی (الربوبية)ە، وە ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾: تەوحيدی (الأسماء والصفات)ە.

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ٣﴾ [الناس]: ﴿بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾: الربوبية، وە ﴿مَلِكِ ٱلنَّاسِ﴾: الأسماء والصفات، وە ﴿إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ﴾: الألوهية.

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا﴾: الربوبية، ﴿فَٱعۡبُدۡهُ وَٱصۡطَبِرۡ لِعِبَٰدَتِهِۦ﴾: الألوهية، ﴿هَلۡ تَعۡلَمُ لَهُۥ سَمِيّٗا ٦٥﴾ [مريم: ٦٥]: الأسماء والصفات.

❁ سوورەتی ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ [الكافرون]: عيبادەتی خوايە (الألوهية).

❁ سوورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ [الإخلاص]: ناو و سيفاتی خوايە (الأسماء والصفات).

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿قُلۡ مَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أَمَّن يَمۡلِكُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَمَن يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُۚ فَقُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ ٣١﴾ [يونس: ٣١]: ئەمە (ربوبية)ە باس لە بەڕێوەبردن و ژيان و مردن و ڕزق و دەسەلآت دەكات بەسەر دروستكراوەكانيدا.

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ [الذَّارِيَات: ٥٦]: **ئەمە (ألوهية)ە کاتێك دەفەرموێت دروستکراوەکان بۆ عیبادەت دروستکراون.**

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ﴾ [النَّحل: ٣٦]: **ئەمە (ألوهية)ە کە دەفەرموێت پێغەمبەران عليهم السلام نێردراون بۆ هەموو گەلێك تاوەکوو خوا بپەرستن و دووركەونەوە لە پەرستراوەکانی بێجگە لەو.**

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ﴿٤﴾﴾ [الإِخْلَاص: ٤]: **ئەمە (الأسماء والصفات)ە کە دەفەرموێت هاوشێوە و هاوتای خوا نییە.**

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ﴾ [الأَعْرَاف: ١٨٠]، ﴿فَلَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ﴾ [الإِسْرَاء: ١١٠]، ﴿لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ﴾ [طَه: ٨]، ﴿لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ﴾ [الحَشْر: ٢٤]: **ئەمە (الأسماء والصفات)ە، دەفەرموێت خاوەنی ناوی تەواو و بێ هاوتایە.**

❁ قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَيْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾ [الشُّورَى: ١١]: **ئەمە تەوحیدی (الأسماء والصفات)ە، دەفەرموێت هیچ شتێك هاوشێوە و هاووێنەی تەواوی خوا نییە، لە کاتێکدا کە بیسەر و بینەریشە.**

ئەمانە چەند بەڵگەیەکی کەمن، گەر نا وەکوو (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: كُلُّ سُورَةٍ فِي الْقُرْآنِ مُتَضَمِّنَةٌ لِلتَّوْحِيدِ، بَلْ نَقُولُ قَوْلًا كُلِّيًّا: إِنَّ كُلَّ آيَةٍ فِي الْقُرْآنِ فَهِيَ مُتَضَمِّنَةٌ لِلتَّوْحِيدِ، شَاهِدَةٌ بِهِ، دَاعِيَةٌ إِلَيْهِ، فَإِنَّ الْقُرْآنَ:

١. إِمَّا خَبَرٌ عَنِ اللهِ، وَأَسْمَائِهِ وَصِفَاتِهِ وَأَفْعَالِهِ، فَهُوَ التَّوْحِيدُ الْعِلْمِيُّ الْخَبَرِيُّ.

٢. وَإِمَّا دَعْوَةٌ إِلَى عِبَادَتِهِ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَخَلْعُ كُلِّ مَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِهِ، فَهُوَ التَّوْحِيدُ الْإِرَادِيُّ الطَّلَبِيُّ.

٣. وَإِمَّا أَمْرٌ وَنَهْيٌ، وَإِلْزَامٌ بِطَاعَتِهِ فِي نَهْيِهِ وَأَمْرِهِ، فَهِيَ حُقُوقُ التَّوْحِيدِ وَمُكَمِّلَاتُهُ.

٤. وَإِمَّا خَبَرٌ عَنْ كَرَامَةِ اللهِ لِأَهْلِ تَوْحِيدِهِ وَطَاعَتِهِ، وَمَا فَعَلَ بِهِمْ فِي الدُّنْيَا، وَمَا يُكْرِمُهُمْ بِهِ فِي الْآخِرَةِ، فَهُوَ جَزَاءُ تَوْحِيدِهِ.

٥. وَإِمَّا خَبَرٌ عَنْ أَهْلِ الشِّرْكِ، وَمَا فَعَلَ بِهِمْ فِي الدُّنْيَا مِنَ النَّكَالِ.

فَالْقُرْآنُ كُلُّهُ فِي التَّوْحِيدِ[١].

واتە: هەموو سوورەتەکانی قورئان لەخۆگری تەوحیدە، بەڵکوو بە گشتی هەموو ئایەتەکان باسەکانی تەوحیدە و بانگەواز و شایەتحاڵی تەوحیدن، بۆیە قورئان:

١. یا خەبەر و هەواڵە لەسەر ناو و سیفات و کارەکانی پەروەردگار، ئەمە بۆخۆی تەوحیدی عیلمی و هەواڵدانە.

٢. یاخود بانگەوازییە بۆ عیبادەکانی خوا و دارِنینە لە عیبادەتەکانی بێجگە لەو، ئەمەش تەوحیدی داواکاری و نیەت و ئیرادەیە.

٣. یاخود فەرمان و رِێگرییەکان (الأمر والنهي) و پەیوەست و داواکارییەکانە، ئەمانەش مافەکانی تەوحید و کاملبوونەکانیەتی.

٤. یاخود هەواڵی رِێز و پلەداری هەڵگرانی تەوحیدە لە دونیا و قیامەت، ئەمانەش پاداشتەکانی تەوحیدە.

٥. یاخود هەواڵە لەسەر موشریکەکان و بەسەرهاتەکانیان لە دونیا و قیامەت.

کەواتە قورئان هەمووی تەوحیدە.

وە هەروەها زیکرەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەمووی لەم باسەدایە، بۆ نموونە:

عَنِ شَدَّاد بْنِ أَوْسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «**سَيِّدُ الِاسْتِغْفَارِ أَنْ تَقُولَ: اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ ...**»[٢].

* «**اللَّهُمَّ**»: **الأسماء والصفات.**
* «**أَنْتَ رَبِّي**»: **الربوبية.**
* «**لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ**»: **الألوهية.**

---

(١) "مدارج السالكين" لابن القيم (٣/ ٤١٨).

(٢) رواه البخاري (٥٩٤٧)، والترمذي (٣٣٩٣)، والنسائي في "الكبرى" (٧٩٠٨)، وابن حبان في "صحيحه" (٥٥٩)، وأحمد في "المسند" (١٧١١١)، والبزار في "المسند" (٣٤٨٨)، والطبراني في "الكبير" (٧١٧٢)، وابن أبي شيبة في "المصنف" (٣١٤١٢)، والبيهقي في "الشعب" (٦٦٧)، والبغوي في "شرح السنة" (١٣٠٨).

٥. تێگەیشتنی تەوحید بەو شێوە دابەشکارییە لە دەربڕینەکانی هاوەڵان و شوێنکەوتووانداا:

✍ ابْنُ عَبَّاس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا **لە تەفسیری:** ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾﴾ [يُوسُف : ١٠٦]**دا دەڵێت:** إِيمَانُهُمْ قَوْلُهُمْ: اللَّهُ خَالِقُنَا، وَيَرْزُقُنَا، وَيُمِيتُنَا، فَهَذَا إِيمَانٌ مَعَ شِرْكِ عِبَادَتِهِمْ غَيْرَهُ[١]. **واتە زۆری ئەوانەی ئیمانیان هەیە بە خوا شەریکی بۆ بڕیار دەدەن، لەو ئیمانەی هەیانبوو ئەوە بوو کە دەیانوت خوا دروستکارمانە و ڕۆزیمان دەدات و دەمانمرێنێت، ئەم باوەڕەیان هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا شەریکیشیان بۆ بڕیار دەدا.**

ئەمەش ئاماژەیە بۆ جیاکردنەوەی (توحید الربوبیة) لە (توحید الألوهیة) لە سەردەمی هاوەڵاندا زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی.

وە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾ [لُقمَان : ٢٥] ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾ [الزُّخرُف : ٨٧]**دا دەیوت:** وَهُمْ مَعَ ذَلِكَ يُشْرِكُونَ بِهِ، وَيَعْبُدُونَ غَيْرَهُ، وَيَسْجُدُونَ لِلْأَنْدَادِ دُونَهُ[٢]. **واتە پرسیارت لێبکردنایە کێ خۆیان و ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە؟ دەیانوت (اللَّهُ)، لەگەڵ ئەوەشدا عیبادەت و پەرستنەکانیان بۆ بتەکان بوو.**

✍ مُجَاهِد رَحِمَهُ اللَّهُ **لە تەفسیری:** ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾﴾ [يُوسُف : ١٠٦]**دا دەڵێت:** إِيمَانُهُمْ قَوْلُهُمْ: اللَّهُ خَالِقُنَا، وَيَرْزُقُنَا، وَيُمِيتُنَا، فَهَذَا إِيمَانٌ مَعَ شِرْكِ عِبَادَتِهِمْ غَيْرَهُ[٣]. **وە لە هەمان شوێندا دەڵێت:** لَيْسَ أَحَدٌ إِلَّا وَهُوَ يَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ خَلَقَهُ، وَخَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ، فَهَذَا إِيمَانُهُمْ، وَيَكْفُرُونَ بِمَا سِوَى ذَلِكَ[٤]. **کەس نییە باوەڕی بەوە نەبێت کە خوا دروستی کردووە و ئاسمان و زەوییەکانیشی دروستکردووە، ئەمە ئیمانیان بووە و باوەڕیان بە بێجگە لەمە نەبووە.**

---

(١) "تفسير الطبري" لابن جرير الطبري (١٣/ ٣٧٢).

(٢) (٤) "تفسير الطبري" لابن جرير الطبري (١٣/ ٣٧٥).

(٣) "تفسير الطبري" لابن جرير الطبري (١٣/ ٣٧٤).

❁ قَتَادَة رَحِمَهُ ٱللَّهُ لە تەفسیری: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾ [يُوسُف: ١٠٦]دا دەڵێت: فِي إِيمَانِهِمْ هَذَا، إِنَّكَ لَسْتَ تَلْقَى أَحَدًا مِنْهُمْ إِلَّا أَنْبَأَكَ أَنَّ اللهَ رَبُّهُ، وَهُوَ الَّذِي خَلَقَهُ، وَرَزَقَهُ، وَهُوَ مُشْرِكٌ فِي عِبَادَتِهِ[١]. واتە کەسێك نابینیت باوەڕی بە خوا نەبێت کە خاوەنی دروستکراوەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا شەریکی بۆ بڕیار دەدرا لە عیبادەتەکاندا.

هەمان جۆر تەفسیر و قسەیان هەیە هەریەك لە (عطاء بن رباح وسعيد بن الجبير وعكرمة وعامر الشعبي وابن زيد ...)[٢].

هەموو ئەم زانایانەی تابعین دابەشکردنی ئەو دوو جۆرە تەوحیدە و جیاکردنەوەیان لە یەکتری زۆر لایان ڕوون و ئاشکرا بووە، وە ئەمەش شتێکی نامۆ نییە بەڵکوو کەسانی شارەزای قورئان ئەمە زۆر بە ڕوون و ئاشکرا لە ئایەتەکانی قورئاندا دەبینن، بۆ تەوحیدی (الأسماء والصفات)یش زۆری ئایەتەکان کۆتاییەکانی بە ناو و سیفاتەکانی خوا هاتووە.

٦. قسەی ئیمامە ناودارەکانی ئیسلام:

✍ (أبو حنيفة رَحِمَهُ ٱللَّهُ مات سنة ١٥٠ هـ) دەڵێت: وَاللهُ تَعَالَى يُدعى من أعلى لَا من أَسْفَل، لَيْسَ من وصف الربوبية والألوهية فِي شَيْء[٣]. واتە داواکردن لە خوا لە سەرەوە دەکرێت (يُدعى من أعلى لاَ من أَسْفَل) ئەمە تەوحیدی (الأسماء والصفات)ە، وە دەڵێت (وصف الربوبية) تەوحیدی (الربوبية)تە، وە دەڵێت (الألوهية) تەوحیدی (الألوهية)ە.

✍ (ابن جرير الطبري رَحِمَهُ ٱللَّهُ مات سنة ٣١٠ هـ) قسەی ئەو هەموو هێناوە لە قوتابییەکانی (عبد الله بن عباس) رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا لەسەر جیاکردنەوەی تەوحیدی (الربوبية والألوهية).

✍ (أبو جعفر الطحاوي رَحِمَهُ ٱللَّهُ مات سنة ٣٢ هـ) دەڵێت: نَقُولُ فِي تَوْحِيدِ اللهَّ مُعْتَقِدِينَ بِتَوْفِيقِ اللهَّ إِنَّ اللهَّ وَاحِدٌ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَلَاشَيْءَ مِثْلُهُ، وَلَا شَيْءَ يُعْجِزُهُ، وَلَا إِلَهَ غَيْرُهُ[٤]. واتە

(١) "تفسير الطبري" لابن جرير الطبري (١٣/ ٣٧٥).

(٢) "تفسير الطبري" لابن جرير الطبري (١٣/ ٣٧٥، ٣٧٦).

(٣) "الفقه الأكبر" لأبي حنيفة ص١٣٥.

(٤) "العقيدة الطحاوية" ص٣١.

دەڵێین: لە تەوحیدی بیروباوەڕدا بە پشتیوانی خوا دەڵێین: خوای پەروەردگار هیچ بوونێك لە (مخلوقات)دا بەشداری خوایەتی ئەو ناکات، ئەمە تەوحیدی (الربوبية)ە، وە هیچ شتێك نییە کە خوا لە ئاستیدا بێتوانا و بێدەسەڵات بێت، ئەمە تەوحیدی (الأسماء والصفات)ە، وە هیچ خوایەکیش نییە بێجگە لەو لە پەرستشدا، ئەمەش تەوحیدی (الألوهية)ە.

✍ (ابن بطة العكبري رَحِمَهُ اللَّهُ مات سنة ٣٩٧ هـ) **دەڵێت:** أَنَّ أَصْلَ الْإِيمَانِ بِاللهِ الَّذِي يَجِبُ عَلَى الْخَلْقِ اعْتِقَادُهُ فِي إِثْبَاتِ الْإِيمَانِ بِهِ ثَلَاثَةُ أَشْيَاءَ:

أَحَدُهَا: أَنْ يَعْتَقِدَ الْعَبْدُ آنِيَّتَهُ لِيَكُونَ بِذَلِكَ مُبَايِنًا لِمَذْهَبِ أَهْلِ التَّعْطِيلِ الَّذِينَ لَا يُثْبِتُونَ صَانِعًا.

الثَّانِي: أَنْ يَعْتَقِدَ وَحْدَانِيَّتَهُ، لِيَكُونَ مُبَايِنًا بِذَلِكَ مَذَاهِبَ أَهْلِ الشِّرْكِ الَّذِينَ أَقَرُّوا بِالصَّانِعِ وَأَشْرَكُوا مَعَهُ فِي الْعِبَادَةِ غَيْرَهُ.

وَالثَّالِثُ: أَنْ يَعْتَقِدَهُ مَوْصُوفًا بِالصِّفَاتِ الَّتِي لَا يَجُوزُ إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَوْصُوفًا بِهَا مِنَ الْعِلْمِ وَالْقُدْرَةِ وَالْحِكْمَةِ وَسَائِرِ مَا وَصَفَ بِهِ نَفْسَهُ فِي كِتَابِهِ[1]. **واتە بنەمای ئیمان بە خوا کە پێویستە خەڵکی ئیمانی لەسەر دامەزرێنێت سێ شتە:**

یەکەم: **باوەڕی بە (ربوبية)ی خوا هەبێت تاوەکوو جیابکرێتەوە لەوانەی کە باوەڕیان بە بوونی خوا نییە بۆ دروستکراوەکانی (مخلوقات).**

دووەم: **باوەڕی بە (وحدانية) و تاك و تەنیایی خوا هەبێت لە پەرستندا تاوەکوو جیابکرێتەوە لە موشریکەکان کە باووەڕیان بە (خالق) هەبوو، بەڵام لە عیبادەتدا شەریکیان بۆ بڕیار دەدا.**

سێیەم: **باوەڕیان بە سیفاتەکانی خوا هەبێت کە بەس ئەو خاوەنیەتی بەو شێوەیەی کە لە قورئاندا باسی کردووە لە (العلم والقدرة والحكمة) زانایی و توانایی و دانایی شاییستە بە خوا.**

ئەمە هەرسێ جۆرەکەی تەوحیدە (ابن بطة) رَحِمَهُ اللَّهُ باسی کردووە لە زانایانی لەدایکبووی (٣٠٤ هـ) سەدەی سێیەم لە ئیسلامدا.

---

(١) "الإبانة الكبرى" (٦/ ١٤٩).

✍ (حافظ ابن منده رَحِمَهُ اللَّهُ مات سنة ٣٩٥ هـ) **هەموو بەشەكانی تەوحيد بە بەڵگەوە دەسلمێنێت و باسی دەكات، لەوانە:** ذكر ما وصف الله به نفسه ودل على وحدانيته عَزَّ وَجَلَّ، وأنه أحد صمد لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفواً أحد، ... وَمِن أسماء الله عَزَّ وَجَلَّ: الغفور، القدير، القوى القابض، ذُو الْعَرْشِ الْمَجِيدُ[١]. **واتە ئەوەی بەڵگەیە لەسەر تاك و تەنیایی خوا لە پەرستندا ئەوەیە كە سوورەتی (الإخلاص) باسی دەكات، وە لە ناوەكانی خواشدا ئەو ناوانەیە كە لە قورئاندا هاتووە.**

✍ (أبي زيد القيرواني المالكي رَحِمَهُ اللَّهُ مات سنة ٣٨٦ هـ) **دەڵێت:** من ذلك الإيمانُ بالقلب، والنُّطقُ باللِّسان أنَّ الله إلَهٌ واحدٌ لا إله غيرُه، ولا شبيهَ له، ولا نَظيرَ له، ولا وَلَدَ له ...[٢]. **واتە باوەڕ بە دڵ و زمان ئەوەیە كە باوەڕت بە خوایەك هەبێت كە تاك و تەنیا و بێ هاوشێوە و هاوتایە.**

✍ (ابن حبان البُستي رَحِمَهُ اللَّهُ مات سنة ٣٥٤ هـ) **لە پێشەكی كتێبی "روضة العقلاء"دا دەڵێت:** الحمد لله المتفرد بوحدانية الألوهية المتعزز بعظمة الربوبية[٣]. **واتە سوپاس و ستاییش بۆ تاك و تەنیایی خوا لە خوایەتیدا، وە بااڵدەستیش لە بەڕێوەبردندا.**

✍ **بەگشتی هەڵوێستی هەموو زانایانی ئەهلی سوننەت بەتایبەت چوار ئیمامە ناودارەكانی مەزهەبەكان (أبو حنيفة ومالك وأحمد والشافعي) رَحِمَهُمُ اللَّهُ هەمان بەرنامە و هەڵگری ووردەكاری تەوحیدن، هەروەك (محمد بن عبد الرحمن الخميس) لە كتێبی "اعتقاد أئمة الأربعة"دا زۆر بە ووردی قسەكانیانی هێناون.**

هەروەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** اعْتِقَادُ الشَّافِعِيِّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ وَاعْتِقَادُ "سَلَفِ الْإِسْلَامِ" كَمَالِكِ وَالثَّوْرِيِّ وَالْأَوْزَاعِي وَابْنِ الْمُبَارَكِ وَأَحْمَد بْنِ حَنْبَلٍ وَإِسْحَاقَ بْنِ رَاهَوَيْه؛ وَهُوَ

---

(١) "التوحيد" لابن منده (١/ ٦١، ١١٦)، (٢/ ١٤، ١٤٦).

(٢) "عقيدة السلف" لأبي زيد القيرواني ص٥٦، وهي مقدمة أبي زيد القيرواني لكتابه "الرسالة"، و "قطف الجني الداني شرح مقدمة رسالة ابن أبي زيد القيرواني" لعبد المحسن العباد (١/ ٤٤).

(٣) "روضة العقلاء ونزهة الفضلاء" لابن حبان ص١٤.

اعْتِقَادُ الْمَشَايِخِ الْمُقْتَدَى بِهِمْ كالْفُضَيْل بْنِ عِيَاضٍ وَأَبِي سُلَيْمَانَ الداراني وَسَهْلِ بْنِ عَبْدِ اللهَّ التستري وَغَيْرِهِمْ. فَإِنَّهُ لَيْسَ بَيْنَ هَؤُلَاءِ الْأَئِمَّةِ وَأَمْثَالِهِمْ نِزَاعٌ فِي أُصُولِ الدِّينِ. وَكَذَلِكَ أَبُو حَنِيفَةَ رَحْمَةُ اللهَّ عَلَيْهِ ... وَاعْتِقَادُ هَؤُلَاءِ هُوَ مَا كَانَ عَلَيْهِ الصَّحَابَةُ وَالتَّابِعُونَ لَهُمْ بِإِحْسَانِ وَهُوَ مَا نَطَقَ بِهِ الْكِتَابُ وَالسُّنَّةُ[1].

واتە: عەقیدە و بیروڕای ئیمامەکانی (الشافعي ومالك وثوري وأوزاعي وابن المبارك وأحمد وإسحاق والفضيل والداراني والتستري وأبو حنيفة) ... هەموویان هەڵگری ئەو بیروڕا و عەقیدەیەن کە هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان لەسەری بوون، ئەویش ئەو عەقیدەیەیە کە قورئان و سوننەت لەخۆی گرتوون.

✍ (ابن تيمية رَحِمَهُ اللهُ مات سنة ٧٢٨ هـ، وابن القيم رَحِمَهُ اللهُ مات سنة ٧٥١ هـ) **هەموو جیهاد و کۆششەکانیان لەسەر تەوحید بووە بەتایبەت (توحيد الألوهية والأسماء والصفات)، وە هەموو کتێبەکانیشیان شایەتحاڵی ئەمەن.**

(**ابن تيمية**) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت**: قَوْلَهُ: [إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ]. تَوْحِيدُ الْإِلَهِيَّةِ وَتَوْحِيدُ الرُّبُوبِيَّةِ؛ وَإِنْ كَانَتْ الْإِلَهِيَّةُ تَتَضَمَّنُ الرُّبُوبِيَّةَ؛ وَالرُّبُوبِيَّةُ تَسْتَلْزِمُ الْإِلَهِيَّةَ[2].

وە (**ابن القيم**) رَحِمَهُ اللهُ **دەڵێت**: اشْتِمَالِ هَذِهِ السُّورَةِ عَلَى أَنْوَاعِ التَّوْحِيدِ الثَّلَاثَةِ الَّتِي اتَّفَقَتْ عَلَيْهَا الرُّسُلُ صَلَوَاتُ اللهَّ وَسَلَامُهُ عَلَيْهِمْ[3].

هەردووکیان لە تەفسیری سوورەتی [الفَاتِحَة]دا باس لە بەشەکانی تەوحید دەکەن، ئەمە وەکوو نموونەیەك، گەر نا هەموو نووسینەکانیان ڕوونکاری هەرسێ بەشەکەی تەوحیدە.

✍ **زانایانی وەك** (أبي العز الحنفي والمقريزي وعلي القارئ) رَحِمَهُمَاٱللَّهُ **لە شەرحی "فقه الأكبر"دا و ئیمامی** (المروزي والطرطوشي) رَحِمَهُمَاٱللَّهُ **لە پێشەکی کتێبی "سراج الملوك"دا دەڵێت**: وأشهد له

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٢٥٦).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٠/ ٢٨٣، ٢٨٤).

(٣) "مدارج السالكين" لابن القيم (١/ ٤٨).

بالربوبية والوحدانية. وبما شهد به لنفسه من الأسماء الحسنى. والصفات العلى[١]. **واتە شايەتی دەدەم لەسەر (ربوبية وألوهية) بۆ خوا و شايەتی دەدەم لەسەر ناو و سيفاتەكانی خوا.**

وە ئيمامی (الصنعاني) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێت:** الحمد لله الذي لا يقبل توحيد ربوبيته من العباد حتى يُفردوه بتوحيد العبادة كلَّ الإفراد[٢]. **واتە سوپاس بۆ ئەو خوايەی كە بە تەنها تەوحيدی (ربوبية) لە عەبدەكانی وەرناگرێت هەتاوەكوو بە تەواوی تەوحيدی (العبادة) ئەنجام نەدات.**

هەموو زانايان تا دەگاتە (محمد بن عبد الوهاب وابن باز والعثيمين والألباني . . .) رَحِمَهُمُ ٱللَّهُ **هەمووياں بە كۆی گشتی شوێنكەوتەی قورئان و سوننەت و بير و عەقيدە و تەوحيدی هاوەڵان و شوێنكەوتووانن.**

٧. نەبوونی ئەم جۆرە دابەشكردن و ناونيشانانە بۆ تەوحيد لەناو (هاوەڵان و تابعين)دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێويستيان پێی نەبووە، لەبەر كاملّی تێگەيشتن و زانايیان بەسەر زمانی عەرەبی و داڕێژراوەكانی قورئان و فەرموودە و مەبەستەكانياندا.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێت:** وَكَانَتْ مَعْرِفَةُ الصَّحَابَةِ لِمَعَانِي الْقُرْآنِ أَكْمَلَ مِنْ حِفْظِهِمْ لِحُرُوفِهِ وَقَدْ بَلَّغُوا تِلْكَ الْمَعَانِيَ إلَى التَّابِعِينَ أَعْظَمَ مِمَّا بَلَّغُوا حُرُوفَهُ[٣].

واتە: ئاشنايی و زانيارى هاوەڵان بەسەر واتاكانی قورئاندا زۆر كاملّتر بووە تاوەكوو پاراستن و حەفێدانی پيتەكانی، وە گەياندنی واتا و تێگەيشتنەكانی قورئان بۆ (تابعين) **شوێنی گرنگی زياتر بووە تاوەكوو گەياندنی حەرفەكانی.**

(محمد بن خفيف الشيرازي) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێت:** فَاتَّفَقَتْ أَقْوَالُ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ فِي تَوْحِيدِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَمَعْرِفَةِ أَسْمَائِهِ وَصِفَاتِهِ وَقَضَائِهِ قَوْلًا وَاحِدًا ... وَلَمْ يَخْتَلِفُوا بِحَمْدِ اللَّهِ تَعَالَى فِي أَحْكَامِ التَّوْحِيدِ وَأُصُولِ الدِّينِ مِنْ الْأَسْمَاءِ وَالصِّفَاتِ كَمَا اخْتَلَفُوا فِي الْفُرُوعِ وَلَوْ كَانَ مِنْهُمْ فِي ذَلِكَ اخْتِلَافٌ لَنُقِلَ إلَيْنَا[٤].

---

(١) "سراج الملوك" لأبو بكر محمد الطرطوشي المالكي ص٣.
(٢) "تطهير الإعتقاد" لمحمد بن إسماعيل الصنعاني ص٤٧.
(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٧/ ٣٥٣).
(٤) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٧١).

واتە: کۆدەنگی هەموو هاوەڵان لە کۆچەری و مەدینەییەکان لەسەر تەوحید یەك دەنگ و یەك قسەن، هیچ ڕای جیاوازیان نییە لەسەر تەوحید و بنەماکانی دین، لە کاتێکدا ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر بابەتە فیقهییەکان، بۆیە گەر ڕای جیاوازییان هەبوایە لەسەر تەوحید بۆمان دەگوێزرایەوە.

٨. لەپاش هاوەڵان و سەدەی یەکەم و دووەم، زانایانی ئەهلی ئیسلام بۆ پێویستی سەردەمی خۆیان و بەرەو دواوەی خۆیان بێجگە لە زانستی تەوحیدیش زۆری زانستە شەرعییەکانیان بە ناونیشان و دابەشکردنی تازە و جۆراوجۆر نەخشاندووە، تاوەکوو کارئاسانی بێت بۆ تێگەیشتنی خەڵکانی تازەی ناو ئیسلام، لەبەر دوورکەوتنەوەی موسوڵمانان لە سەدەی یەکەم و کاڵبوونەوەیان لە زمان و قەریحەی عەرەب، هەموو زانستەکانی (علوم الحديث وأصول الفقه وعلم النحو والبلاغة ...)یان ناونیشان و دابەشکردنیان بۆ ئەنجام داوە، وەك:

- علوم الحديث: علم الدراية وعلم الرواية.
- أصول الفقه: قواعد الفقهية وقواعد الأصولية.
- علم البلاغة: علم البيان والبديع والمعاني.
- علم النحو: اسم وفعل وحرف ... .

هەموو ئەمانە بۆ زیاتر شارەزایی و ئاشنابوونی ئەو زانستانەیە وەکوو خۆیان وە تاوەکوو پارێزراو بن لە گومڕایی و لادان و گۆڕانکاری، ئەم جۆرە دابەشکردن و ناونیشانانە چینی یەکەمی سەدەی ئیسلام لە (الصحابة والتابعين وتابعي التابعين) پێویستیان پێی نەبووە و بە نەبوونیان لەخۆگری ناتەواوی و کەموکورتی تێگەیشتنی دینییان نەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو هەموو لادان و گومڕاییانەی لەدوای ئەوانەوە دروست بووە لە ئاستی فیرەقەکاندا، بەڵام هیچ شتێك لە هاوشێوەی ئەو لادانانەی ئەوان و کەمتریش لەواندا ڕووی نەداوە و بگرە کۆدەنگ و یەك هەڵوێست بوون لە دیندا، ئەگەر چی لە باس و قسە و ئاماژە بۆکردنیان و باسی موشریکەکان و بێبڕوایاندا بە جۆراوجۆر باسیان هەیە.

ئەو زانایانەش کە ئەو زانستانەیان بنیاد ناوە و دابەشیان کردوون و نەخشاندوویانن هیچ شتێکی تازە و زیادەیان نەهێناوە و دژایەتی و نکوولێیان بۆ هیچ شتێکی بنەمای دین ئەنجام نەداوە،

وەكوو دارِشتنی وشەی (ركن وشرط وواجب وسنة ومستحب ...) لە كارەكانی نوێژ و رۆژوو و حەج و زەكاتدا ... كاتێك ئەمانەیان كردووە تەنها بۆ زیاتر نزیكبوونەوە و رِوونكردنەوە و رِێكخستنی ئەو عیبادەت و تێگەیشتنانە بووە كە پێویستییەكی دینی و ئەنجامدانی كارەكانیەتی.

وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَالصَّحَابَةُ لَمَّا اسْتَغْنَوْا عَنِ النَّحْوِ وَاحْتَاجَ إِلَيْهِ مَنْ بَعْدَهُمْ، صَارَ لَهُمْ مِنَ الْكَلَامِ فِي قَوَانِينِ الْعَرَبِيَّةِ مَا لَا يُوجَدُ مِثْلُهُ لِلصَّحَابَةِ؛ لِنَقْصِهِمْ وَكَمَالِ الصَّحَابَةِ[1].

واتە: هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ **كاتێك كە پێویستیان بە یاساكانی زانستی (نحو) زمانی عەرەبی نەبووە، بەڵام كە چینەكانی دوای ئەوان پێویستیان پێی بووە و كۆمەڵێك یاسا و بەرنامەیان بۆ دارِشتووە كە لە سەردەمی هاوەڵاندا نەبووە؛ لەبەر كەموكورتی ئەمانەی دوایی بووە و كاملبوونی هاوەڵان بووە لەو بارەیەوە.**

هەر بەم شێوازەش بۆ تێگەیشتن لە زانستی عەقیدە و تەوحید زانایان هەمان رِێگەیان گرتووەتە بەر و شێوازیان بەكارهێناوە بۆ زیاتر خزمەتی ئەو زانستانە و رِوونكردنەوەی سەردەمیانە.



(١) "منهاج السنة" لابن تيمية (٨/ ٢٠٥).

بـەشـی شـەشـەم

جۆرەکانی تەوحید لای فیرەقەکان

أنواع التوحيد عند الفرق

سوننەتی کەونی پەروەردگار وایە دەبێت جیاوازی لە نێوان ئادەمیزاددا کۆتایی نەیەت هەتا لەسەر ئەم کەون و زەوییە بمێنن، وەکوو خوای پەروەردگار تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ﴾ [هُوْدٌ: ١١٨، ١١٩]. ئەمەش هۆکاری تاقیکردنەوەیە، وە حەق و ناسینیشی بە شێوەی بەهاداری و جوانی و ڕازاوەیی خۆی دەرناکەوێت هەتاوەکوو بەرامبەری لە بەتاڵ و شەڕەکە دەرنەکەوێت، ئەو کاتە قەدر و پلەوپایەی حەقەکە دەگاتە ئاستی خۆی، وەکوو (عمر بن الخطاب) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێت: «إِنَّمَا تُنْقَضُ عُرَى الْإِسْلَامِ عُرْوَةً عُرْوَةً إِذَا نَشَأَ فِي الْإِسْلَامِ مَنْ لَمْ يَعْرِفِ الْجَاهِلِيَّةَ»[(١)]. کەسێك ئیسلام ناناسێت هەتاوەکوو نەفامی نەناسیبێت، وەکوو دەڵێت هەموو شت بە پێچەوانەکەیەوە دەناسرێتەوە.

وەرگرتنی ئەم تەوحید و حەقەش خۆی بۆخۆی قورساییەکی لەسەر ناخە پڕ حەز و ئارەزووە عەقڵییەکان هەیە، بەتایبەت ئەوانەی پێشوەختە بە بەرنامە و ڕێگایەکی عەقڵی فەلسەفی و حەزی کەسەکان خۆیان و چواردەوریان گۆش کراون، سوننەتی خواش وایە کە بەرنامە و دینی خوا پێچەوانەی هەوا و ئارەزووی خاوەن عەقڵ و پلە و پێگەکانی ئادەمیزادە، تاوەکوو پلەی ئیمان و پەیوەستبوونی کەسەکان لە ئاستیدا دەرکەوێت، هەروەکوو ئیمامی (عمر بن الخطاب) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ وتوویەتی: «إِنَّ أَصْحَابَ الرَّأْيِ أَعْدَاءَ السُّنَنِ»[(٢)]. واتە خاوەن بیروڕا و پێوانە عەقڵییەکان لە ئاستی دیندا دوژمنانی سوننەتن.

---

(١) "منهاج السنة" لابن تيمية (٢/ ٣٩٨)، و"الداء والدواء" لابن القيم ص٤٩٦.

(٢) "تأريخ المدينة" لابن أبي شيبة (٣/ ٨٠١)، و"سنن الدارقطني" (٤٢٨٠)، و "شرح أصول اعتقاد" للالكائي (٢٠١)، و "جامع بيان العلم وفضله" لابن عبد البر (١٩٢٤)، و "الفقيه والمتفقه" للخطيب البغدادي (١/ ٤٥٢)، و"إعلام الموقعين" لابن القيم (١/ ٤٤).

بۆیە لە بەرامبەر ئەم تەوحید و دابەشکردنەی زانایاندا بۆ شیکار و ڕوونکردنەوەی شەرع لەسەری؛ فیرەقە گومڕاکانیش بە هەمان دابەشکردن و سەردێڕ دابەشکردنیان هەیە بۆ تەوحید، بەڵام دەقاودەق پێچەوانەی حەقەکەن، ئەمەش نهێنییەکی پەروەردگارە لە گومڕاکاران و لەخۆگرانی بەتاڵ کە دەبێت فاریزە بە فاریزەی حەق ڕەت بکەنەوە تاوەکوو بیسەلمێنن توانای وەرگرتنیان نییە و ئەوەی لە ناخیاندا هەیە خوا پێیان دەردەبڕێت، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ مُخۡرِجٞ مَّا كُنتُمۡ تَكۡتُمُونَ ٧٢﴾ [البَقَرَة : ٧٢]، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مُخۡرِجٞ مَّا تَحۡذَرُونَ ٦٤﴾ [التَّوبَة : ٦٤]. ئەوەی لە ناختاندا دەیشارنەوە و خۆپارێزی دەکەن لە دەرخستنی، خوای گەورە پێتان دەردەخات، تاوەکوو: ﴿لِّيَهۡلِكَ مَنۡ هَلَكَ عَنۢ بَيِّنَةٖ وَيَحۡيَىٰ مَنۡ حَيَّ عَنۢ بَيِّنَةٖ﴾ [الأنفَال : ٤٢]. تاوەکوو هەموو کەس تیاچوون و ڕزگاربوونی بە ڕوونی و ئاشکرایی یەکلابێتەوە.

دابەشکردنی تەوحید لەلایەن فیرەقە گومڕاکارەکانەوە:

١. دابەشکردنی تەوحید لای فەیلەسووفە ئیسلامییەکان: ئەمانە زۆرتر دەرچوون لە دین (زندقة) و بێبڕواییان پێوە دیارە لە بیروڕاکانیاندا.

٢. دابەشکردنی تەوحید لەلای (معتزلة)کان: ئەوانەی عەقڵانین و خاوەنی عیلمی کەلام و قسە و بیروڕان کە پاشکۆی فەلسەفە و بیروڕاکانیەتی.

٣. دابەشکردنی تەوحید لەلایەن (الأشعرية)کانەوە: ئەوانەی تێکەڵن لە نێوان ئەهلی سوننەت و عەقڵانییەکاندا، ئەمانیش تێوەگلاوی عەقڵ و فەلسەفەن.

٤. دابەشکردنی تەوحید لەلایەن (التصوف)ەوە: ئەوانەی لەخۆگری ڕێنمایی تایبەتی عیبادەتی و کاری سەربەخۆن لە ئیسلامدا، ئەمانیش کاریان تێکەڵکردنی عیبادەت و (عمل)ە بە فەلسەفەوە.

٥. دابەشکردنی تەوحید لەلایەن (شيعة)وە: ئەوانەی زۆرتر دووركەوتنەوەی ئیسلامیان پێوە دیارە و لە کاتێکدا بانگەوازیش بۆ پشتیوانی (أهل البيت) دەکەن، ئەمانیش پاشکۆی دینەکانن.

هەریەك لەم ناونیشانانە کۆمەڵێکی زۆرتر لە هاوشێوەکانی خۆیان دەگرێتەوە و بە دوور و نزیك پەیوەندییان هەیە پێیانەوە، یاخود تێکەڵن لە هەموویان کە بە دریژایی میژوو دروستبوون و

دروستدەبن، ئەم گرووپ و دابەشکردنانە بە ڕێژەیەکی دوور و نزیك پەیوەستبوونیان بە ئیسلامەوە پێوە دیارە، هەرچەندە زۆر نامۆشن بە حەقیقەتی ئیسلام.

یەکەم: دابەشکردنی تەوحید لەلای فەیلەسووفە ئیسلامییەکان:

ئەم چینە شوێنکەوتەی فەیلەسووفەکانی دونیان بەتایبەت یۆنان و ڕۆمانییەکان کە داڕێژەر و کۆکەرەوەی دانایی و مەعریفە و قسە و تێگەیشتنەکانی نەتەوەکانی دونیا بوون لە چینییەکان و هندییەکان و فارسەکان و ڕۆمانییەکان، ئەو زانستەیان کۆکردووەتەوە و دایانڕشتووە لە چوارچێوەی (علم المنطق)دا کە: المنطق هو صميم الفلسفة[1]. زانستی ڕەوانبێژی بە ناوەڕۆکی فەلسەفە دادەنرێت، کەواتە (منطق) کۆکەرەوەی تێگەیشتنەکانی مرۆڤەکانە لە دونیادا، ئەڵبەتە لەسەر بواری مەدەنی و دونیاییەکانی ژیانی ئادەمیزاد نەك غەیبییەکان، بۆیە یۆنانییەکان: فإن واضعي المنطق من اليونان لايرون اختصاصهم به، بل يزعمون ضبطه للتفكير الإنساني مطلقاً[2]. دەڵێن (منطق) ڕێکخستنی بیرکردنەوەی گشتی مرۆڤەکانە بە شێوەیەکی ڕەها، خۆیان بە بنیادنەری زانستی ڕەوانبێژی (منطق) بۆ شتەکان نازانن و بە تایبەتمەندی خۆیانی نازانن.

لەناو جیهانی ئیسلامیشدا شوێنکەوتەی ئەم ڕەوتە ڕەنگ دەداتەوە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا کە بە فەیلەسووفە ئیسلامییەکان ناوبراون، وەکوو (فارابي وابن سينا وابن رشد وطوسي واخوان الصفا وحلاج وسهروردي وابن السبعين والرازي وغزالي وكندي ...) ئەمانە کاریگەرییەکانی فەلسەفە لەسەریان هەریەکەیان کەم و زۆر و بە شێوازێکی جیاجیا ڕەنگدانەوەی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەموویان گۆشکراوی بنەما فەلسەفییەکانن.

هەندێك لەمانە وەکوو (فارابي وابن سينا وكندي) بەتایبەت ناوبراون بە (زندیق) بە هۆکاری نقومبوون و زیادەڕەوییان لە فەلسەفەدا و دەرچوونیان لە دین، وە باقیەکەی تریان بە گومڕا و زۆرجار بە هەمان ناونیشان ناوبراون لە خالّی هەستیاردا.

ئەم کۆمەڵە هاتوون بواره (إلـهي) و غەیبییەکانیان بە هەمان پێوەر و پێوانەی یاساکانی

---

(١) "الحد الأرسطي" لسلطان بن عبد الرحمن العميري ص٢٧٨.

(٢) "النقد التيمي للمنطق" لدكتور سعود بن عبد العزيز العريفي ص٣١.

فەلسەفە کە تێگەیشتنێکی دونیایی و مەدەنییە بۆ شتە هەستپێکراوەکان؛ پێواوە، لە ئەنجامدا بۆیان دەرنەچووە و کەوتوونەتە ئەوپەڕی گومڕایی و هەڵە تێگەیشتنی دینییەوە، لەبەرئەوە بنەماکانی تێگەیشتنی میللەتانی تر هیچ پاشماوەیەکی زانستی خوایی ئاسمانییان لەناودا نەبووە و هەموویان بتپەرست و ئەفلاك پەرست بوون لەو بوارەدا، هەروەك تێگەیشتنی زۆری بێبڕوا و ئیسلامییە فیکرییەکانی ئەم سەردەمەش کە تێگەیشتنیان لە تەوحید و عەقیدە و باسی خوا و غەیبییەکاندا تێکەڵە بە چوارچێوەی ئەو باسانە، ئەگەرچی بەشێوەی گشتی خۆپارێزی دەکەن لە چوونە ناوەوە بۆ ناو ئەم باسانە، لەگەڵ ئەوەشدا لەخۆگری بنەماکانیانن.

ئەم بەناو فەیلەسووفە ئیسلامیانەش تێگەیشتنیان و پێناسەکارییان بۆ هەرسێ بەشەکەی تەوحید بەم سێ شێوەیەیە:

أ. توحيد الربوبية:

لە بەشی سەلماندنی باوەڕ بە (خالق)ی دروستکراوەکان ئەم پێرە فەیلەسووفانە هەوڵ و کۆششیان سەلماندنی بوونی (خالق)ێکە بە ناوی (واجب الوجود)، واتە دەبێت بە شێوەی پێویست (واجب) بوونی دروستکارێك هەبێت بۆ (مخلوقات)، ئەمە هەموو عەقیدە و تەوحید و باوەڕبوونێکیانە بە بوونی خوا، زۆر خۆیان هیلاك کردووە و کاتیان بەفیڕۆ داوە بۆ سەلماندنی ئەوەی دەبێت خاوەنێك و (خالق)ێك هەبێت بۆ بوونەکان بە بەڵگەی زۆری جۆراوجۆر، کۆتاییەکەشی بە پڕبوون لە گومان و سەرسامی و ڕامان کۆتایی هاتووە، لە کاتێکدا ئەوەش سەلمێنراوە کە کەس نییە باوەڕی بە بوونی (خالق) نەبێت بۆ بوونەوەرەکان، تەنانەت موشریکەکانیش ئەم باوەڕەیان هەبووە.

بەڵگە و بەڵگەکاریشیان بۆ سەلماندنی بوونی (خالق) بەم شێوەیە بووە:

١. **دەڵێن**: أنه لو كان هناك واجبان لاشتركا في وجوب الوجود الذي هو تمام الماهية، وامتاز كل منهما عن الآخر بما يخصه ... ومعلوم أن ما به الاشتراك غير ما به الامتياز، فيكون واجب الوجود مركبًا، والمركب مفتقر إلى أجزائه التي هي غيره، والمفتقر إلى الغير ممكن[١].

---

(١) "لا إله إلا الله معناها وشروطها عند السلف" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢١٥، وانظر "منهاج السنة" لابن تيمية (٣/ ٢٩٨).

واتە: خۆ ئەگەر دوو خوا هەبن ئەوا دەبێت هەردووکیان بەشداربیان هەبێت لە سیفەتەکانی خوایەتی و کاملبوونیدا، وە ئەگەر خوایەکی بەشداریش بوونی هەبێت ئەوا لەخۆگری پێویستییەکان دەبێت، وە ئەگەر لەخۆگری پێویستییەکان بێت ئەوا (مخلوق)ە و (خالق) نییە، لەبەرئەوەی (خالق) دەبێت بەتەنیا هەر خۆی خاوەنی کاملێییەکان بێت تاوەکوو (واجب الوجود) هەر ئەو بێت و بوونی بەشداربوویەکی تر نەبێت.

٢. دەڵێن: أنهما إذا اتفقا في الوجوب، وامتاز كل منهما عن الآخر بما يخصه، لزم أن يكون المشترك معلولاً للمختص، ... وعلى التقديرين فلا يكون الوجوب صفة لازمة للواجب[١].

واتە: خۆ ئەگەر دوو خوا هەبن کە لە خوایەتیدا وەکوو یەك بن و هەریەکەشیان خاوەنی سیفاتی تەواوی خوایەتی بن، ئەوا بە هۆکاری بوونی هاوشێوەیەتی لە خوایەتی و سیفاتدا یەکێتی هەڵدەوەشێننەوە، لەبەرئەوەی هیچ خوایەکیان خاوەنی سیفاتی سەربەخۆیی تەواوی خوایەتی بێ بەشداربوو نەبوو، کەواتە هیچیان خوایەکی تەواو و سەربەخۆ و بێ بەشداربوو نین.

بەم دوو رێگەیە سەلێنرا دەبێت یەك (خالق)ی سەربەخۆی بێ بەشداربووی تر لە سیفەتی (خالق)یدا بوونی هەبێت، ئەمە تاك و تەنیایی خوایە و (توحید الربوبیة) لای ئەوان بریتی بوو لە سەلماندنی بوونی خوایەك و دەبێت وجوودی هەبێت، بەڵام خۆ فیرعەونیش ئەم عەقیدەیەی هەبوو، وەکوو خوای پەروەردگار جَلَّوَعَلَا دەفەرموێت: ﴿وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا﴾ [النَّمل: ١٤]. نکوولێیان دەکرد لە خوا و دڵنیاش بوون لە بوونی، ئەم نکوولێییەش ستەمێك بوو لە مافی خوادا (ظلمًا) و ستەمکاریش بوو لە مافی خەڵکیدا (وعلوًا)، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێك کەوتە ناو ئاوەکە و زانی نوقم دەبێت وتی: ﴿قَالَ ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِىٓ ءَامَنَتْ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ [يُونس: ٩٠]. باوەڕم بەو خوایە هێنا کە (بني إسرائيل) باوەڕی پێهێناوە.

وە ئەم نکوولێکردنە دژایەتی (فطرة)ی ئادەمیزادە، هەر بۆیە پیرەژنێك گردبوونەوەیەکی بینی لە چواردەوری (الرازي) رَحِمَهُ اللَّهُ، پرسیاری کرد ئەوە کێیە؟ وتیان: ئەوە ئیمامی (الرازي)یە، هەزار بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر بوونی خوا، پیرەژنەکەش وتی: کەواتە هەزار گومانی هەیە بۆیە

(١) "لا إله إلا الله معناها وشروطها عند السلف" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢١٥، ٢١٦.

هەزار بەڵگەی هێناوەتەوە بۆی[١].

هەردوو بەڵگەکەیان بۆ سەلماندنی تایبەتمەندی سیفەتی خوایەتییە کە پێویستە (وجوب الوجود بالذات) بە شێوەی واجب بوونی خوا بەتەنیا هەبێت و بوونێکی تر بەشداری سیفەتی بوونیەتییەکەی نەکات، هەموو هەوڵێکیان لەپێناوی سەلماندنی ئەمەدایە کە بە یاسای (دليل التمانع) ناو براوە، وە کۆتا مەبەستیشیان بۆ پێناسەی خوا ئەوەیە کە: وواجب الوجود عندهم لابد أن يكون واحداً بسيطاً، لا تكثُّر فيه لا ذهناً ولا خارجاً[٢]. دروستکاری بوونەوەرەکان (واجب الوجود) لە پێناسەی ئەواندا دەبێت یەك بوون بێت بە شێوەیەکی ساکار و سادە هیچی بۆ زیاد نەکرێت نە لە عەقڵ و نە لە زیهندا وە نە لە واقیعی دەرەوەشیدا، واتە خاوەنی بوونی زات و ناو و سیفات نییە و بۆی دانانرێت، ئەمە تەوحیدیانە لە (ربوبية)دا، وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: هَذَا مُلَخَّصُ مَا ذَكَرَهُ ابْنُ سِينَا فِي إِشَارَاتِهِ هُوَ وَشَارِحُو الْإِشَارَاتِ كَالرَّازِيِّ وَالطُّوسِيِّ وَغَيْرِهِمَا، وَهَاتَانِ الْحُجَّتَانِ مُلَخَّصُ مَا ذَكَرَهُ الْفَارَابِيُّ وَالسُّهْرَوَرْدِيُّ وَغَيْرُهُمَا مِنَ الْفَلَاسِفَةِ، وَقَدْ ذَكَرَهُمَا بِمَعْنَاهُمَا أَبُو حَامِدٍ الْغَزَّالِيُّ فِي "تَهَافُتِ الْفَلَاسِفَةِ" [٣]. هەریەك لە ابن سينا والرازي والطوسي والفارابي والسهروردي والغزالي بۆ سەلماندنی (ربوبية) پێداگری تەواو لەسەر ئەم دوو خاڵە دەکەن، هەموو نەخۆشییەکەشیان ئەوەیە: وَهَؤُلَاءِ اشْتَبَهَ عَلَيْهِمْ مَا فِي الْأَذْهَانِ بِمَا فِي الْأَعْيَانِ[٤]. وادەزانن ئەوەی لە عەقڵ و زیهندا بوونی هەبێت دەبێت لە واقیعی حاڵیش لە دەرەوەی عەقڵدا بە هەمان شێوە بوونی هەبێت، هەموو هەوڵێکیان بۆ سەلماندنی بەم شێوەیە: ماهية بسيطة في الذهن مجردة من كل شيء، فهو واحد من كل وجه[٥]. باوەڕبوون بە بوونێکی سادە و ساکار لە عەقڵی مرۆڤدا و دارنراو لە هەموو وەسف و باسێك بێت و دەبێت یەك بوون بێت لە هەموو ڕوویەکەوە.

ئەمەش وەکوو یاسایەکی بیرکاری وایە کە بیەوێت ژمارە یەك بسەلمێنیت بە ژمارەیەکی تەنیا.

---

(١) "شرح فتح المجيد" للغنيمان ص٤، و "شرح الطحاوية" لناصر العقل ص١١.

(٢) "لا إله إلا الله معناها وشروطها عند السلف" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢١٥.

(٣) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٣/ ٢٩٩، ٣٠٠).

(٤) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٣/ ٣٠٣).

(٥) "لا إله إلا الله معناها وشروطها عند السلف" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢١٨.

ئەنجامی ئەم عەقیدە و بیروڕایانەیان ئەوەیە کە: فَفِي الْحَقِيقَةِ لَيْسَ عِنْدَهُمُ الرَّبُّ: لَا إِلَهًا لِلْعَالَمِ وَلَا رَبًّا لِلْعَالَمِينَ[١]. **خوا خاوەنی بوونەوەرەکان نییە وە بەڕێوەبەریان نییە و پەرستراو نییە و نازانێت چی لە بوونەوەرەکاندا ڕووەدات.**

وە (ابن سینا) و ئەوان دەڵێن: والله لا يعلم الجزئيات عندهم ولا يقدر على تغيير شيء من العالم ولا يفعل بمشيئته[٢]. **خوا ووردەکاری نازانێت و توانای نییە بەسەر گۆڕانکاریدا و خاوەن کردار نییە بە ویستی خۆی.**

بۆیە ئەگەر داوا بکرێت لە بوونەوەرە گەورە و بەهاکان وەکوو مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەکان وە لە ڕۆحی نەفسە گەورەکان لە کەسە مردووەکان؛ ئەوانیش تکا دەگەیەنن گەورەتر لە خۆیان، بۆیە: ومعلوم أن كفر هؤلاء بما يقولونه في الشفعاء أعظم من كفر مشركي العرب بما قالوه فيهم لأن كلتي الطائفتين عبدوا من دون الله ما لا يضرهم ولا ينفعهم وقالوا هؤلاء شفعاؤنا عند الله[٣]. **ئاشکرایە کوفر و بێبڕوایی ئەمان گەورەترە لە بێبڕوایی موشریکەکانی عەرەب، لەبەرئەوەی موشریکەکانی عەرەب دەیانوت:** بأن الله عالم بهم قادر عليهم يخلق بمشيئته وقدرته[٤]. **خوا زانایە بەسەریاندا و بە ویستی خۆی دروستیان دەکات و بااڵدەستە بەسەریاندا، بەاڵم ئەمان دەڵێن خوا ئاگای لە ووردەکارییەکان نییە.**

ئەگەر ئەمە بیروڕایان بێت: أي تعطيل للصانع أعظم من هذا التعطيل؟ ... ولهذا كان قولهم شراً من قول اليهود والنصارى، وهم أبعد عن المعقول والمنقول منهم[٥]. **دەبێت چ بێبڕوایی و ئیلحادێك بەرامبەر خوا لەمە گەورەتر بێت؟! قسەکانیان شەڕترە لە قسەی جوولەکە و گاوور و زۆر دوورە لە یاسا و بنەما عەقڵی و نەقڵییەکانەوە.**

---

(١) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٣/ ٢٨٥).

(٢) (٣) (٤) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص١٠٤.

(٥) "لا إله إلا الله معناها وشروطها عند السلف" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢١٨، وانظر "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٥٣٩).

ئەگەر ئەم عەقیدە و بیروڕایە بەرامبەر بوونی خوا دابەزێنینە ئەم سەردەمە ئەوا هەرچی موڵحید و بێبڕوا و عیلمانی و کافرەکان هەیە ئەوپەڕی لە باسی خوادا هەر ئەم بڕوایەیان هەیە کە خوایەك (صانع) و (خالق) و بوونێك هەیە بۆ بوونەوەرەکان و بەس، بەبێ هیچ لەخۆگرییەکی تر بۆ ئەم باسە نە بە کورتی و نە بە درێژی ... کەواتە: وقال أكثر أهل العلم الكفر كله ملة واحدة يرث بعضهم بعضاً، واحتجوا بقول الله سبحانه ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٍ﴾ [الأنفال: ٧٣][1]. **زۆری زانایان وتوویانە کافر و بێبڕواکان یەك گەل و میللەتن، پاشماوەی یەکتری هەڵدەگرن، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: بێبڕوایان سەرپەرشتیکاری یەکترین، هەروەك دەڵێن ئەمڕۆ چەندە لە دوێنێ دەچێت، ئەمانەی پێشوو و ئێستا و دواییش پێیان دەوترێت (أهل التعطيل) کەسانی باوەڕنەبوو بە خوا و لەکارخستنی لە سیفاتەکانی خوایەتیدا جا ئیتر لە (ربوبية) یاخود (الألوهية) یاخود (الأسماء والصفات)دا بێت هیچ جیاوازییەکیان نییە، زۆری موڵحید و عیلمانییەکانی ئەم سەردەمەش دەیانەوێت باوەڕبوونیان بە خوا بسەلمێنن بەم ڕێگەیە تا خەڵکی سادەی پێ هەڵخەڵەتێنن و چاوبەستیان بکەن و نەچنە ژێر باری دینەکەی و پەردەپۆشی بێبڕواییەکانیانی پێ بکەن.**

ب. توحيد الألوهية:

لەم بەشەی تەوحیددا بە هیچ شێوەیەك بونیان نییە، بەڵکوو هەموو نووسراوەکانیان وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: وليس في كتب المشائين دعوة إلى عبادة الله ومحبته أصلًا، بل غايتهم أنهم يقولون: "الفلسفة التشبه بالإله على قدر الطاقة" ولفظ إله في كلامهم يعني هذا المعنى ... فالإلهية عند القوم أمر مشترك بين الله وبين الملائكة ... وهذا الشرك شر من شرك مشركي العرب ... جعلوا التأله لنا هو التشبه بالإله لا أنه يحب ويعبد ويدعى ويسأل، ولهذا لم تكن الآلهة مختصة بالله عندهم، لأن التشبه مبناه على أن الأدنى يتشبه بالذي فوقه ... ثم لما كان مقصود القوم التشبه به فهم في الحقيقة لا يعبدونه ولا يستعينونه، فهم خارجون عن دين

---

(١) "معالم السنن" للخطابي (٤/ ١٠١).

المرسلين القائلين إياك نعبد وإياك نستعين[1]. **لە نووسینەکانی فەیلەسووفەکاندا بانگەوازی بۆ عیبادەتی خوا و خۆشەویستی ئەو بوونی نییە، دەڵێن فەلسەفە خۆشێوەکارییە بە خواوە بەگوێرەی توانا، وە وشەی (إله) لە قسەکانیاندا بەو واتایەیە، خوایەتی لای ئەوان کارێکی بەشداربووە لە نێوان خوا و (ملائكة) و دروستکراوەکاندا، ئەمەش خراپترە لە شەریك بڕیاردانی موشریکەکانی عەرەب، وە خوایەتی لایان هاوشێوەکارییە لەگەڵ خوادا، نەك پەرستنی و خۆشەویستی و داوالێکردن و هاوار بۆبردنی، بەڵکوو خوایەتی کارێکی گشتییە و خۆ شوبهاندنە بە خواوە وەکوو چۆن بچووك و خوارەوە خۆیان دەشوبهێنن بە گەورە و سەرەوە، ئەمانە دەرچووی دینی پێغەمبەرانن.**

بە کورتی خوایەتی لای ئەوان هێزێکی سەرووە و هەموو خوارەوەش خۆشوبهاندنە بەوەوە.

وە تەنانەت: كما ذكره ابن سينا ومن اتبعه فيقولون أن من يستشفع به لا يدعو الله لنا بشئ والله لا يعلم دعاءنا ولا دعاءه ولا يسمع نداءنا ولا نداءه بل ولا يعرف بنا ولا نراه ولا يعرف به، فانا نحن من الجزئيات والله لا يعلم الجزئيات عندهم ولا يقدر على تغيير شيء من العالم ولا يفعل بمشيئته، لكن قالوا لكن نحن إذا توجهنا إلى هؤلاء بالدعاء لهم والسؤال منهم بل وبالعبادة لهم فاض علينا ما يفيض منهم وفاض عليهم ما يفيض من جهة الله[2]. **(ابن سينا) و شوێنکەوتووانی دەڵێن: ئەو کەسەی کە داواکاریمان بۆ بکات لای خوا ئەوا هیچ داواکارییەکی بۆ نەکردووین، لەبەرئەوەی خوا ئاگای لە داواکارییەکانمان نییە، وە دەنگەکانمان نابیستێت، وە ئاگادار نییە بەسەرماندا، نایبینین و ئاشنا نییە بەسەرماندا، ئێمە لە شتە بچووکەکانین، خوا ئاگادار نییە بەسەر بچووکەکاندا، وە بەتوانا نییە بەسەر گۆڕانکارییەکاندا و خاوەن ویست نییە لە کارەکاندا، دەڵێن گەر ئێمە ڕوومان کردە ئەوانەی کە دەیپەرستین لە هەسارەکان بە دووعا و داواکردن یاخود عیبادەتکردن بۆیان؛ ئەوا ئەوەی کە بەسەر ئەواندا ڕژاوە دەیڕژێنێتە سەر ئێمە و ئەوانیشدا.**

---

(١) "الصفدية" لابن تيمية (٢/ ٣٣٢ - ٣٣٦).

(٢) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص١٠٥.

وە تەنانەت: صَنَّفَ الرَّازِي كِتَابَهُ فِي عِبَادَةِ الْكَوَاكِبِ وَالْأَصْنَامِ وَأَقَامَ الْأَدِلَّةَ عَلَى حُسْنِ ذَلِكَ وَمَنْفَعَتِهِ وَرَغَّبَ فِيهِ[١]. **(الرازي)** رَحِمَهُ اللَّهُ **كتێبێکی نووسیوە بەناوی "السر المكتوم في مخاطبة النجوم" واتە نهێنی شاراوە لە قسەکردنی ئەستێرەکان، بۆ هاندان و ڕازاندنەوەی عیبادەتی ئەستێرە و بتەکانە و بەڵگەکاریشی بۆ کردووە.**

وە دەربارەی پێغەمبەران دەڵێن: أَنَّ الْفَيْلَسُوفَ الْكَامِلَ أَعْلَمُ مِنَ النَّبِيِّ بِالْحَقَائِقِ الْعِلْمِيَّةِ وَالْمَعَارِفِ الْإِلَهِيَّةِ[٢]. وقد وضع ابن سينا وأمثاله قانونهم وهؤلاء يقولون: الأنبياء قصدوا بهذه الألفاظ ظواهرها، وقصدوا أن يفهم الجمهور منها هذه الظواهر، وإن كانت الظواهر في نفس الأمر كذباً وباطلاً ومخالفة للحق، فقصدوا إفهام الجمهور بالكذب والباطل للمصلحة[٣]. **لای ئەمان فەیلەسووف زاناترە بە ڕاستییەکان و ئاشنابوون بەسەر خوادا تاوەکوو پێغەمبەران، پێغەمبەران باسەکانیان لە خوا و ڕۆژی دوایی و سزا و پاداشتدایە ... مەبەست تیاياندا تێگەیشتنی خەڵکی ڕەشۆکی گشتییە، گەر نا حەقەکان بە پێچەوانەوەیە، بەڵام درۆ و بەتاڵ دروستە لە باسدا بۆ تێگەیشتنی خەڵکی گشتی و سوودمەندییەکانیان.**

ج. توحيد الأسماء والصفات:

لە هەردوو بەشەکەی پێشوودا دەرکەوت کە ئەم تاقمە باوەڕیان بە خوایەك هەیە: وَمِنْهُمْ مَنْ قَالَ: إِنَّ الْبَارِئَ هُوَ الْوُجُودُ الْمُطْلَقُ بِشَرْطِ الْإِطْلَاقِ كَمَا يَقُولُ ابْنُ سِينَا وَأَتْبَاعُهُ[٤]. **دەڵێن خوا بوونی هەیە بە مەرجی ڕەهایی، واتە بەبێ بوونی حەقیقی بۆی لە ناو و سیفات و زات و کاردا، هەروەك (ابن سينا) و شوێنکەوتووانی ئەم باوەڕیان هەیە،** فَكَانَ قَوْلُ هَؤُلَاءِ مُضَاهِيًا لِقَوْلِ "الْمُتَفَلْسِفَةِ الدَّهْرِيَّةِ" الَّذِينَ يَجْعَلُونَ وُجُودَ الرَّبِّ وُجُودًا مُطْلَقًا بِشَرْطِ الْإِطْلَاقِ لَا صِفَةَ لَهُ. وَقَدْ عُلِمَ أَنَّ الْمُطْلَقَ بِشَرْطِ الْإِطْلَاقِ لَا يُوجَدُ إِلَّا فِي الذِّهْنِ[٥]. **قسەکانی ئەمان لە فەیلەسووفە**

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ٥٥).
(٢) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٨/ ٥٩).
(٣) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٩).
(٤) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ٢٩٥).
(٥) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٢/ ٥١٦).

موڵحیدەکان دەچێت کە باوەڕیان بە خوا نەبوو و دەیانوت: ﴿وَمَا يُهۡلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهۡرُ﴾ [الجَاثِيَة: ٢٤]. **بەبێ خالق بوونمان بووە و زەمەن و کاتیش هۆکاری کۆتاییمانە، دەڵێن (صانع) و دروستکارێك هەیە بۆ بوونەوەرەکان، بەڵام دەبێت بوونی بەس بە قسە بێت و بە شێوەی ڕەها و خاوەنی هیچ بوون و سیفەتێك نەبێت.**

وە تەنانەت دەڵێن: إِنَّهُ الْوُجُودُ الْمُطْلَقُ بِشَرْطِ الْإِطْلَاقِ عَنْ كُلِّ أَمْرٍ ثُبُوتِيٍّ ... كَمَا يَقُولُ ذَلِكَ مَنْ يَقُولُهُ مِنْ الْمَلَاحِدَةِ الْبَاطِنِيَّةِ الْمُنْتَسِبِينَ إلَى التَّشَيُّعِ وَالْمُنْتَسِبِينَ إلَى التَّصَوُّفِ[١]. **خوا بوونێکی ڕەهایە بە مەرجی ڕەهایی و دارنراوە لە هەموو باسێك کە هەوڵی بوونی ناو و سیفات و زاتی بۆ بدرێت، واتە نە باس دەکرێت بە سیفاتی وەسف و کاملی وە نە باس دەکرێت بە بێگەردبوونی لە سیفاتەکانی کەموکورتی و ناتەواوی، ئەمە قسەی موڵحیدە شیعە بێبڕواکانە لە (باطنية)کان و فەیلەسووفە ناوداڕەکانی تەسەوف (حلاج وسهروردي وابن سبعين واخوان الصفا ...).**

ئەم پێناسانە دەڕوات بۆ بێبڕوابوون بە ناو و سیفاتەکان و زاتی خوا کە دەڵێن: قَالُوا لِأَنَّ الصِّفَاتِ أَعْرَاضٌ وَالْعَرَضُ لَا يَقُومُ إلَّا بِجِسْمٍ وَلَيْسَ هُوَ بِجِسْمٍ؛ لِأَنَّ الْجِسْمَ لَا يَخْلُو مِنْ الْحَوَادِثِ وَمَا لَا يَخْلُو مِنْ الْحَوَادِثِ فَهُوَ حَادِثٌ[٢]. **سیفاتەکان هۆکاری دروستبوونی جەستەیە، وە هۆکار و ئەندامەکانیش بەبێ جەستە وجوودیان نابێت، وە خواش لاشە و جەستەی نییە، لەبەرئەوەی جەستە و لاشە دروستکراوە، وە جەستە و لاشەش لەخۆگری سیفاتی دروستکراوەکانە، وە هەرشتێکیش لەخۆگری سیفاتی دروستکراوەکان بێت (مخلوق)ە و (خالق) نییە، واتە ئەگەر سیفاتی بینین و بیستن و دەست دابنێین بۆ خوا ئەوا جەستەی بۆ بڕیار دەدەین.**

بەم هۆکارەوە بە هیچ شێوەیەك باوەڕیان بە ناو و سیفات و زاتی خوا نییە: وخلاصة هذا المذهب أن واجب الوجود واحد بسيط لا كثرة فيه لا ذهناً ولا خارجاً، وكل ما يعبر به عنه من أسماء فمرجعه إلى مفهوم واحد هو نفس ذاته مع ملاحظة سلب أو إضافة[٣]. **کورتەی ئەم**

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٣٤١). (٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٢/ ٣١٥).

(٣) "ابن تيمية السلفي" لمحمد خليل هراس ص٨٨، ٨٩، و "لا إله إلا الله معناها وشروطها عند السلف" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢٢٠.

بیروڕایە ئەوەیە دەبێت (واجب الوجود) واتە خوا یەك دانە بێت و ساكار بێت و هیچ شتێكی تری پێوە نەبێت، نە لە بیروهۆشدا وە نە لە دەرەوەی بیروهۆشیش، وە هەرچییەكیش لە ناوەكان كە بۆی بڕیار دەدرێت دەبێت بگەڕێتەوە بۆ یەك تێگەیشتن و مەبەست كە هەریەك لەو شتانە مەبەست پێی خودی خۆیەتی بەتەنیا نەك بوونی ئەو ناو و سیفاتانەی كە بۆی بڕیار دەدرێت، لەگەڵ تێبینی ئەوەی كە ئەم ناوانە دەبێت هەوڵی نەبوونی بۆ بدرێت یاخود پاش باسكردنی پاشگرێكی هەبێت بۆ سەلماندنی نەبوونی، وەكوو ناوی (سمیع) بەڵام بەبێ (سمع)، كە ئەمە عەقیدەی ئەشعەرییەكانیشە، واتە خاوەنی ئەو ناوانەیە بەبێ بوونی حەقیقی ئەو ناوانە بۆی، بەم شێوەیە دەبێت باس بكرێت و نابێت ئەو سیفات و ناوانە بوونیان هەبێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ببێت ئەوا دەبێت لە (مخلوقات) بچێت، وە هەروەها بەو شێوەیەش بۆ بڕیاردانی زات و كارەكانیشی بۆی.

كەواتە نە زاتی هەیە نە ناوی هەیە نە سیفاتی هەیە، دەبێت بوونیشی بۆ بڕیار بدرێت، وە هەروەها كاری بژاردە (إختياري)شی نییە، كەواتە: وَهَذَا الْقَوْلُ أُدْخِلَ فِي تَعْطِيلِ الْخَالِقِ وَعَدَمِهِ[١]. ئەم بیروڕایە باوەڕنەبوونە بە خوا و لەكارخستنیەتی بەتەواوی، وە هەموو وەسفێكیشیان بۆ خوا بە (سلب ونفي)یە واتە بڕیارنەدان و ڕێگرییە بۆی، هەروەكوو (ابن سینا) دەڵێت: ليس بجسم، ولا مادة جسم، ولا صورة جسم، ولا مادة معقولة ...[٢]. واتە خوا لاشە نییە و مادە و بوون نیە و شێوەی نیە ... وە هەرچی بە عەقڵ دەركی پێ بكرێت بۆی ئەو نیەتی.

هەموو وەسفەكانیان بۆ خوا بە ڕێگەی سەلماندنی نەبوون و (نفي)یە: إِنَّمَا يُوصَفُ عِنْدَهُمْ بِالسَّلْبِ وَالنَّفْيِ مِثْلِ قَوْلِهِمْ لَيْسَ بِجِسْمٍ وَلَا جَوْهَرٍ وَلَا عَرَضٍ وَلَا دَاخِلَ الْعَالَمِ وَلَا خَارِجَهُ[٣]. وەكوو دەڵێن لاشە نییە و مادە نییە و شتێك نییە كە شوێن بگرێت، وە نە لەناو جیهاندایە نە لە دەرەوەی جیهان، ئەمانە زیادەڕەوییان كردووە لە سەلماندنی كاری نەبوندا تا كەوتوونەتە نەبوونی حەقیقییەوە، هەر ئەمەشە عەقیدەی فیـرەقە كەلامییەكانی دوای خـۆیان كە بە كورت و كوێری بە

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١١/ ٢٤٢).

(٢) "ابن تيمية السلفي" لمحمد خليل هراس ص٨٨، و "لا إله إلا الله معناها وشروطها عند السلف" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢١٩، و "رسالة التدمرية" لابن تيمية ص١٧.

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٢/ ٢٠).

هۆکاری بیروڕای ئەمانەوە پێوەی پەیوەستن.

بە کورتی دابەشکردنی تەوحید لای ئەمان سێ بەشە بەرامبەر دابەشکردنەکەی ئەهلی سوننەت: فَإِنَّ عَامَّةَ الْمُتَكَلِّمِينَ الَّذِينَ يُقَرِّرُونَ التَّوْحِيدَ فِي كُتُبِ الْكَلَامِ وَالنَّظَرِ: غَايَتُهُمْ أَنْ يَجْعَلُوا التَّوْحِيدَ ثَلَاثَةَ أَنْوَاعٍ: فَيَقُولُونَ:

١. هُوَ وَاحِدٌ فِي ذَاتِهِ لَا قَسِيمَ لَهُ.

٢. وَوَاحِدٌ فِي صِفَاتِهِ لَا شَبِيهَ لَهُ.

٣. وَوَاحِدٌ فِي أَفْعَالِهِ لَا شَرِيكَ لَهُ[١].

دابەشکردنی تەوحید لایان سێ بەشە:

١. تاك و تەنیایە لە زاتی خۆیدا، دابەشکردنی نییە.

٢. تاك و تەنیایە لە سیفاتەکانیدا، هاوشێوەی نیە.

٣. تاك و تەنیایە لە کردارەکانیدا، هاوبەشی نییە.

ئەوەی زۆر گرنگی پێبدەن بەشی سێیەمە: وَأَشْهَرُ الْأَنْوَاعِ الثَّلَاثَةِ عِنْدَهُمْ هُوَ الثَّالِثُ وَهُوَ "تَوْحِيدُ الْأَفْعَالِ" ... وَيَظُنُّونَ أَنَّ هَذَا هُوَ التَّوْحِيدُ الْمَطْلُوبُ، ... وَأَنَّ هَذَا هُوَ مَعْنَى قَوْلِنَا لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ[٢]. **ناودارترین (توحید) لایان سەلماندنی (خالق)یەتی خوایە بۆ بوونەوەرەکان کە ئەویش بەشی سێیەمە و ئەم بەشە بە تەوحیدی داواکراوی خوایی ناودەبەن و دەڵێن ئەمە واتا و مەبەستی وشەی (لا إله إلا الله)یە.**

هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە کە (خالق) لە بوونەوەرەکان نەچێت، لەبەرئەوەی سەلماندنی بوونەوەرەکان لە بووندا خۆی ئەم جۆرانەن (موجود، ممکن، معدوم، مستحیل)، ئەمانیش خوایان لە (موجود وممکن) دەرکردووە و خستوویانەتە (معدوم ومستحیل)ەوە، لە خەیاڵی خۆیاندا ئەمەیان بۆیە کردووە بۆئەوەی خوا لە دروستکراوەکانی نەچێت، بەڵام خستیانە نەبوونی تەواوەوە.

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٩٨)، و "رسالة التدمرية" لابن تيمية ص١٧٩.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٩٨).

ئەم سەردێڕ و دابەشکردن و وشانەیان تێکەڵ و ئاڵۆزە لە ڕووی مەبەستەوە، وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ بەم خالانە ڕوونی دەکاتەوە:

١. قَوْلُهُمْ: هُوَ وَاحِدٌ لَا قَسِيمَ لَهُ فِي ذَاتِهِ أَوْ لَا جُزْءَ لَهُ أَوْ لَا بَعْضَ لَهُ؛ لَفْظٌ مُجْمَلٌ فَإِنَّ اللهَ سُبْحَانَهُ أَحَدٌ صَمَدٌ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ؛ فَيَمْتَنِعُ عَلَيْهِ أَنْ يَتَفَرَّقَ أَوْ يَتَجَزَّأَ أَوْ يَكُونَ قَدْ رُكِّبَ مِنْ أَجْزَاءٍ؛ لَكِنَّهُمْ يُدْرِجُونَ فِي هَذَا اللَّفْظِ نَفْيَ عُلُوِّهِ عَلَى عَرْشِهِ وَمُبَايَنَتَهُ لِخَلْقِهِ وَامْتِيَازَهُ عَنْهُمْ وَنَحْوَ ذَلِكَ مِنْ الْمَعَانِي الْمُسْتَلْزِمَةِ لِنَفْيِهِ وَتَعْطِيلِهِ وَيَجْعَلُونَ ذَلِكَ مِنْ التَّوْحِيدِ[١].

واتە کاتێك کە دەڵێن خوا تاك و تەنیایە دابەشبوون بەسەر زاتیدا نایەت یاخود بەش و پارچەی نییە، ئەمانە قسەیەکی کورت و ئاڵۆزن، خۆشیان دەزانن کە نابێت و نەبووە خوا بەش بەش بێت یاخود جیاکراوە بێت یاخود پێکهاتە بێت لە چەندەها پارچە و بەش، بەڵام لەژێر ئەم ناونیشانانەدا دژایەتی بوونی خوا دەکەن لەسەر عەرش و دژایەتی جیایەتی و سەربەخۆیەتی خوا دەکەن لەگەڵ (مخلوقات)، وە ئەو قسە و مەبەستانەی کە هۆکارە بۆ نەبوون و لەکارخستنی خوا بەتەواوی، ئەمانە بە تەوحید دادەنێن، قسەکانیان: أن ما يسمونه «توحيدا» فيه ما هو حق وفيه ما هو باطل[٢]. **ئەو قسانەی ناوی دەبەن بە تەوحید لەخۆگری حەق و بەتاڵن.**

٢. قَوْلُهُمْ: هُوَ وَاحِدٌ فِي صِفَاتِهِ لَا شَبِيهَ لَهُ فَإِنَّهُ لَيْسَ فِي الْأُمَمِ مَنْ أَثْبَتَ قَدِيمًا مُمَاثِلًا لَهُ فِي ذَاتِهِ سَوَاءٌ ... بَلْ مَنْ شَبَّهَ بِهِ شَيْئًا مِنْ مَخْلُوقَاتِهِ فَإِنَّمَا يُشَبِّهُهُ بِهِ فِي بَعْضِ الْأُمُورِ وَقَدْ عُلِمَ بِالْعَقْلِ امْتِنَاعُ أَنْ يَكُونَ لَهُ مِثْلٌ فِي الْمَخْلُوقَاتِ ... فَإِنَّ ذَلِكَ يَسْتَلْزِمُ الْجَمْعَ بَيْنَ النَّقِيضَيْنِ[٣]. **واتە مەبەستیان بەوەی کە تاك و تەنیایە لە سیفاتەکانیدا و هاوشێوە نییە، لەوەی کە هاوشێوەی دەقاودەقی خوا هەبێت، بەڵکوو مەبەستیان هاوشێوەی خوایە لە هەندێك سیفاتدا کە هەبێت یا چەند شێوەیەکی، هەر لە عەقڵیشدا هاوشێوەی تەواوی خوا لە سیفاتەکاندا وەکوو تەواوی خۆی بوونی نییە، بەڵکوو ئەوە کۆکردنەوەی دوو جۆر جیاواز و دژبەیەکن.**

---

(١) "التدمرية" لابن تيمية ص١٨٤، ١٨٥، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ١٠٠).

(٢) "التدمرية" لابن تيمية ص١٨٥، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ١٠١).

(٣) "التدمرية" لابن تيمية ص١٨٢، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٩٩).

٣. قَوْلُهُمْ: هَوَ وَاحِدٌ فِي أَفْعَالِهِ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَلَكِنْ غَايَةُ مَا يُقَالُ: إِنَّ مِنْ النَّاسِ مَنْ جَعَلَ بَعْضَ الْمَوْجُودَاتِ خَلْقًا لِغَيْرِ اللهَّ كَالْقَدَرِيَّةِ وَغَيْرِهِمْ؛ لَكِنَّ هَؤُلَاءِ يُقِرُّونَ بِأَنَّ اللهَّ خَالِقُ الْعِبَادِ وَخَالِقُ قُدْرَتِهِمْ وَإِنْ قَالُوا إِنَّهُمْ خَلَقُوا أَفْعَالَهُمْ وَكَذَلِكَ أَهْلُ الْفَلْسَفَةِ وَالطَّبْعِ وَالنُّجُومِ الَّذِينَ يَجْعَلُونَ أَنَّ بَعْضَ الْمَخْلُوقَاتِ مُبْدِعَةٌ لِبَعْضِ الْأُمُورِ ... لَا يَقُولُونَ إِنَّهَا غَنِيَّةٌ عَنْ الْخَالِقِ مُشَارِكَةٌ لَهُ فِي الْخَلْقِ[١]. **واتە مەبەست بەوە نییە بوونی زاتێکی تر هەیە وەکوو خوا شت دروستدەکات، بەڵکوو مەبەستیان پێی ئەوەیە کە هەندێك شت هەیە خوا دروستی ناکات، وەکوو قسەی قەدەرییەکان کە دەڵێن خۆمان کردەوەی خۆمان دروستدەکەین، خوا دروستی ناکات، یاخود هەڵگرانی فەلسەفە و ئەستێرە پەرستەکان کە دەڵێن هەندێك ڕۆژ وە ئەستێرە هەن هەندێك کار دروستدەکەن، مەبەستیان ئەوە نییە کە هەندێك هەیە وەکوو خوا شت دروستدەکات و پێویستی بە خوا نییە یاخود خوا بەشدار نییە تیایدا.**

بەم شێوەیە بۆمان دەرکەوت قسەکانیان: التوحيد له ثلاث معان، وهو: واحد في ذاته لا قسيم له، ... وهذا المعني الذي تتناوله هذه العبارة فيها ما يوافق ما جاء به الرسول صلي الله عليه وسلم، وفيها ما يخالف ما جاء به الرسول، وليس الحق الذي فيها هو الغاية التي جاء بها الرسول، ... فهذا من الكلام الذي لبس فيه الحق بالباطل وكتم الحق[٢]. **کە دەڵێن تەوحید سێ بەشە، ئەم قسانەیان لەخۆگری حەق و بەتاڵە، تیایاندایە گونجاوە لەگەڵ پەیامی خوا و تیاشیاندایە نەگونجاوە، ئەوەشی کە گونجاوە تەواو نییە لەگەڵ حەقدا بەتەواوی، بەڵکوو پێویستی بە زیادە ڕوونکردنەوەیەك هەیە، بەڵکوو ئەم قسانەیان حەقیان بە بەتاڵەوە تێکەڵ کردووە و حەقیان تیادا شاردووەتەوە و مەبەستی ڕوونیان لەسەری نییە.**

کەواتە سەلێنرا ئەم فەیلەسوفانەی ناو بازنەی ئیسلام بە هیچ شێوەیەك باوەڕیان بە تەوحیدی (الألوهية) نەبووە، هەر (الألوهية)یشە بانگەوازی پێغەمبەرانە و مەبەستی خوایە لە ناردنی پێغەمبەران و دابەزینی پەیامەکانی و دروستبوونی ئادەمیزاد و جنەکان، وە لە تەوحیدی (الأسماء

---

(١) "التدمرية" لابن تيمية ص١٨١، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٩٨، ٩٩).

(٢) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٢٢٦).

والصفات)یشدا بێبڕوابوون بە زاتی پەروەردگار و بە هەموو ئەو ناو و سیفاتانەی کە باسکراوە لە قورئان و سوننەتدا، وە تەنانەت لە (ربوبية)یشدا بە لاڕێدا بردوویانە و هەموو مەبەستەکانیان بۆ بوونێکی زیهنی بیروهۆشە کە لە عەقڵدا بوونی ببێت بە شێوەیەك کە باوەڕت بە خوایەك هەبێت بە مەرجی نەبوونی لە واقیعی بووندا.

هێشتا موشریکەکانی عەرەب کەمتر گومڕاتر بوون تاوەکوو ئەمان، ئەوان شەریکیان بۆ بڕیار داوە، ئەمان هەر باوەڕپێنەبوونە و بەڵام بە ڕەمزی بوونی هەیە، ئەوان باوەڕیان بە (خالق) و بەڕێوەبردن و ژیان و ڕۆزی و مردن هەیە کە خاوەنەکەی بەس خوایە، ئەمان ئەو باوەڕەشیان نییە، بەڵکوو ئیلحادە و بە جۆرێکی تر، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: ﴿وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ سَيُجۡزَوۡنَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٨٠﴾ [الأعراف: ١٨٠]. ئەوانەی کە بێبڕوان بە ناوەکانی خوا و حەقیقەتەکانی؛ پەراوێزیان بکەن، دەبێت سزا بدرێن بەو کارانەیان.

ئەگەرچی وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: وَمَعْلُومٌ أَنَّ الْمُنْتَسِبِينَ إِلَى الْإِسْلَامِ مِنْ أَتْبَاعِ الْفَلَاسِفَةِ؛ كَالْفَارَابِيِّ وَابْنِ سِينَا وَالسُّهْرَوَرْدِيِّ الْمَقْتُولِ، وَابْنِ رُشْدٍ الْحَفِيدِ[1]. ئەم بەناو فەیلەسووفانەی ناو ئیسلام شوێنکەوتە و پێهەڵگری وتە و باسی فەیلەسووفەکانی دەرەوەی ئیسلامن.

ئەمانە بەم کارانە ویستیان دینی ئیسلام بشێوێنن: كَمَا أَفْسَدَ بولص دِينَ النَّصَارَى[2]. وەکوو چۆن بۆڵسی کۆنە جوولەکە بوو بە گاوور و دینی مەسیحی شێواند، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: ﴿يُضَٰهِـُٔونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُ﴾ [التوبة: ٣٠]. قسەی گاوورەکان هەمان قسەی فەیلەسووفەکانە، وە دەڵێن: وَهَذَا كَانَتْ الْفَلَاسِفَةُ الَّذِينَ يَقُولُونَ بِصُدُورِ الْعُقُولِ وَالنُّفُوسِ عَنْهُ عَلَى وَجْهِ التَّوَلُّدِ وَالتَّعْلِيلِ يَجْعَلُونَهَا لَهُ أَنْدَادًا وَيَتَّخِذُونَهَا آلِهَةً وَأَرْبَابًا[3]. واتە: دەڵێن عەقڵەکان لە خوا (واجب الوجود) بووە، وە لەویشەوە نەفس بووە، وە دەڵێن: الْعُقُولُ

(١) "الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح" لابن تيمية (٥/ ٣٦).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ٥١٨).

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٤/ ١٣٤).

الْعَشَرَةُ هِيَ بَنُوهُ، وَالنُّفُوسُ الْفَلَكِيَّةُ هِيَ بَنَاتُهُ[١]، الْعُقُولَ وَالنُّفُوسَ هِيَ الْمَلَائِكَةُ[٢]. **نەفسەکان وەکوو کچی خوا وان کە فەلەکەکانە، وە عەقڵەکانیش وەکوو کوڕی وان، هەموویان بە ڕێگەی بوون لەو بوون.**

ئەم فەیلەسووفانە بەگوێرەی قسە و حاڵیان لە دەرەوەی ئیسلامن بە ڕوون و ئاشکرایی.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **باسی (نصير الطوسي) دەکات کاتێك پشتیوانی تەتارەکانی کرد بۆ داگیرکردنی بەغداد و ڕووخاندنی دەوڵەتی عەباسی کە ئەم پیاوە مەلایەکی شیعە بوو، دەڵێت:** ولما انتهت النوبة إلى نصير الشرك، والكفر الملحد، وزير الملاحدة، النصير الطوسي وزير هولاكو ... ورام جعل إشارات إمام الملحدين ابن سينا مكان القرآن فلم يقدر على ذلك. فقال: هى قرآن الخواص. وذاك قرآن العوام[٣]، ولهذا قال شيخ الملحدين ابن سينا في "إشاراته" [٤].

واتە: کاتێك سەرەی (نصير الطوسي) کە هات سەرخەری شیرك و کوفر و ئیلحاد و (وەزیری موڵحیدەکان و هۆلاکۆ) بوو، ویستی کتێبی "إشارات"ی ئیمامی موڵحیدین (ابن سينا) بکاتە جێگرەوەی قورئان و نەیتوانی، وتی: کتێبی "إشارات"ەکەی (ابن سينا) قورئانی تایبەتمەندەکانە و قورئانیش قورئانی خەڵکی ڕەشۆکییە گشتییەکەیە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** الفلاسفة الملاحدة كابن العربي وابن سبعين وابن الفارض وأمثالهم[٥].

وە (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أن الملاحدة درجت على أثر هذا المعلم الأول، حتى انتهت نوبتهم إلى معلمهم الثاني: أبي نصر الفارابي ... وكان على طريقة سلفه: من الكفر بالله تعالى، وملائكته، وكتبه، ورسله واليوم الآخر. فكل فيلسوف لا يكون عند هؤلاء كذلك

---

(١) "الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح" لابن تيمية (٤/ ١٥١).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ٣٠١)، و "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٣٦).

(٣) "إغاثة اللهفان في مصايد الشيطان" لابن القيم (٢/ ٢٦٧).

(٤) "شفاء العليل" لابن القيم (١/ ٤٨).

(٥) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (٣/ ١٦٥).

فليس بفيلسوف في الحقيقة[1].

واتە: فەیلەسووفەکان بە شێوەی گشتی موڵحید و بێبڕوان بە شەریعەتی ئیسلامی، هەر لە باوەڕبوون بە خوا و ڕۆژی دوایی و فریشتەکان و پێغەمبەران ... هەتا دوایی وەك ابن عربي وحلاج وابن سبعين وابن الفارض، وە مامۆستای دووەمیشیان فارابي تورکی لەسەر ڕێڕەوی فەیلەسووفەکانی یۆنان و ڕۆمان بوو بە بەرگێکی دینییەوە کە هەموو قسەکانیشی دەرچوون بوو لە دین، ئەوەشی بەو شێوازە نەبێت ئەوە فەیلەسووفی حەقیقی نییە لای ئەوان.

دووەم: دابەشکردنی تەوحید لەلای فیرقە کەلامییەکان (المعتزلة ...):

فیرقە فەلسەفییە کەلامییەکان ئەوانەن کە شوێنکەوتە و پێهەڵگری فەیلەسووفەکانی ناو بازنەی ئیسلام و دەرەوەی ئیسلامن، ئەم فیرقە کەلامیانە کە ناوێك هەموویان لەخۆی کۆبکاتەوە و لەخۆیانی بگرێت ناوی (المعتزلة)یە، ئەوانەی وەکوو سەرەتا لە (الحسن البصري) و ئەهلی سوننەت جیابوونەوە لە شاری بەصرەی عێراق و وورده ووردە بەرنامە و بۆچوونەکانیان کۆبووەوە تا وای لێهات لە بەرنامەیەکی بەرهەڵستکاری و دژایەتی ئەهلی سوننەتدا خۆی بینییەوە، بە شێوەیەك زیاد لە سنووری خۆی (مقدس)ی و ڕێزی بێپایان بۆ عەقڵ ڕەنگی دایەوە تیایاندا، تاوەکوو بە تاکە سەرچاوەیەکی عەقیدە و بیروڕای ئیسلامی ناسرا و هەموو دەقە شەرعییەکانیشیان خستە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی عەقڵەوە بە شێوەیەکی ڕەها لە بەرامبەردا دوودڵیش نەبوون لە ڕەتکردنەوەی گەورەترین تاوەکوو بچووکترین دەقێکی قورئان و سوننەت لە ئاستی عەقڵدا، بۆیە عەقڵ ناسرا بە (قطعي الدلالة) بەڵگەکان دڵنیایی، وە قورئان و سوننەتیش ناسرا بە (ظني الدلالة) بەڵگە گوماناوییەکان.

ئەم (معتزلة)انە لەژێر ناونیشانیاندا هەموو ئەو فیرقانەی کە بەرنامەیان عەقڵی و فەلسەفەیە کۆدەبێتەوە، وەکوو (القدرية، الجبرية، الجهمية، المرجئة وكلابية ...)، هەروەك ئەمڕۆش گرووپە ئیسلامییەکان بە دوور و نزیك و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ مەنهەجی ئەهلی سوننەت و ڕێڕەوی ئەوان گۆش نەکراون و پێهەڵگری نین، بۆیە بزانن و نەزانن کەوتوونەتە ناو فیکرە و بەرنامەی ئەوانەوە، هەموو بۆچوون و بیروڕایەکیان دەچێتەوە ژێر سەردێڕ و باسێکی ئەوان و خۆشیان زۆر

---

(١) "إغاثة اللهفان في مصايد الشيطان" لابن القيم (٢/ ٢٦٠).

بە سەردەمیانە و ڕۆشنبیری تازە بۆ ئەو ئیسلامەی کە ناپاسن دەدەنە قەڵەم، (وا إسلاماه وا إسلاماه)، وەکوو دەڵێن ئیسلام لە شۆڕشێك و موسوڵمانانیش لە شۆڕشێکی تر.

لەژێر سایەی عەقڵی موعتەزیلەکاندا کار گەیشتە ئەوەی ئەسڵ و بنەمای ئیمان کە بریتییە لە شەش بنەما بیگۆڕن بە پێنج و بە ناونیشانی جیاوازتر، ئەوەی ئەم گرووپانە لەخۆی کۆبکاتەوە و ناویشانی (المعتزلة) لەخۆی بگرێت دەبێت هەڵگری ئەم پێنج بنەمایە بن: ولیس یستحق أحد منهم اسم الاعتزال حتی یجمع القول بالأصول الخمسة: التوحید والعدل والوعد والوعید والمنزلة بین المنزلتین والأمر بالمعروف والنهي عن المنکر. فإذا کملت في الإنسان هذه الخصال الخمسة فهو معتزلي[1].

کەسێك شاییستەی ئەوە نییە پێی بوترێت موعتەزیلە تاوەکوو ئەم پێنج بنەمایە لەخۆ نەگرێت:

١. التوحید: مەبەستیان لەژێر ئەم ناونیشانەدا باوەڕنەبوونە بە سیفاتەکانی خوا.

٢. العدل: مەبەستیان باوەڕنەبوونە بە قەزاوقەدەری خوایە بەسەر بەندەکانیەوە.

٣. المنزلة بین المنزلتین: مەبەستیان حوکمدانە بەسەر ئەنجامدەرانی تاوانە گەورەکان و دەرکردنی موسوڵمانانە لە ئیسلام بەتایبەت نەیارانی بەرنامەیان.

٤. الوعد والوعید: دارشتنی بەرنامەیەك بۆ خوا بەناوی (العدل الإلهي) کە دەبێت خوا پەیوەست بێت بە هەڕەشە و وەعدەکانی خۆیەوە بەرامبەر بە بەندەکانی، مەبەستیشیان بەتایبەت هەڕەشەکانە تاوەکوو موسوڵمانان بەر حوکمی بێبڕوایی بکەون.

٥. الأمر بالمعروف والنهي عن المنکر: مەبەستیان بەرپاکردنی شۆڕش و هەڵگەڕانەوە و شەرعیەتپێدانیەتی لە دەسەڵاتی ئیسلامی بەتایبەت هەڵگری بەرنامەی ئەهلی سوننەت.

---

(١) "لا إله إلا الله معناها وشروطها عند السلف" لفهد بن کریم بن محمد الأنصاري ص٢٣١، و "الانتصار" للخیاط المعتزلي ص١٨٨، ١٨٩، و "شرح الأصول الخمسة" ص١٢٣.

هەڵوێستیان لە بەشەکانی تەوحیددا:

أ. التوحيد الربوبية:

بە هەمان شێوەی فەلسەفییەکان تەوحید لای ئەمان بەس (توحيد الربوبية)ە و سەلماندنی بوونی خوایە، وە تایبەتمەندترین یاسایان بۆ سەلماندنی خوایەتی سیفەتی (قديم)یەتە، واتە ئەزەلییە و ئەبەدییە و هەر بووە و هەر دەبێت، هەرشتێك بەشداری لەگەڵ ئەم سیفەتەدا بکات ئەوا بەشداریکردنە لە سیفەتی قەدیمیەتدا و لە ئەنجامدا کردنە بە خوا، تەنانەت ئەگەر ناو بێت یاخود سیفات بێت، هەرچییەك لەمانە بۆ خوا دابنرێت ئەوا لە وەسف و باسیشدا بڕیاردانە لەسەر (قديم)یەتی ئەو شتانە و لەگەڵیدا دەبێتە بەشداربووی جیاواز لەو سیفەتەدا.

(واصل بن عطاء) **دەڵێت**: ومن أثبت معنى صفة قديمة فقد أثبت إلهين[1]. **واتە هەرکەسێك سیفەتێك بڕیار بدات بۆ خوا بە شێوەی قەدیمی و ئەزەلی ئەوا بڕیاری بوونی دوو خوای داوە.**

(أبو علي الجبائي) **دەڵێت**: أخص وصف الباري تعالى هو القدم، والاشتراك في الأخص يوجب الاشتراك في الأعم[2]. **واتە تایبەتمەندترین وەسفی خوا (قديم)یەتە، بەشداریکردن لەو تایبەتمەندیەدا بەشداریيە لە گشتیدا، واتە بەشداریکردنە لەگەڵ خوادا.**

وە ئەم سیفەتی (قديم)یەش ئەمانە لەخۆدەگرێت:

قال أبو علي الجبائي: إن القديم يوصف بأنه واحد على وجوه ثلاثة:

أحدها: بمعنى أنه لا يتجزأ ولا يتبعض.

والثاني: بمعنى أنه منفرد بالقدم لا ثاني له.

والثالث: أنه منفرد بسائر ما يستحقه من الصفات النفسية من كونه قادراً لنفسه، وعالماً لنفسه وحياً لنفسه[3].

---

(١) "الملل والنحل" للشهرستاني (١/ ٤٦).

(٢) "الملل والنحل" للشهرستاني (١/ ٨٣)، و "لا إله إلا الله" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢٣٤.

(٣) "لا إله إلا الله" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢٣٥

مەبەستیان بە وشەی (قدیم) واتە:

یەکەم: هیچ بەش بەش و پارچە پارچە بوونێکی نییە، واتە ئەگەر سیفات و شوێن و کاری بژاردەی بۆ بڕیار بدەین ئەوە دەکەوێتە بەر ئەو بەش بەش و پارچەبوونە، بۆیە دەڵێین ئەگەر بڕیاری بیستن و بینین و دەست و ... ئەمانەی بۆ بدرێت ئەوە پارچە پارچەکردنە و دەبێتە چەندەها بەش.

دووەم: گەورەترین ناو و سیفات بۆ خوا (قدیم)یەتە، سەلماندنی ئەمە تەوحیدە و بانگەوازی پێغەمبەرانە و دەبێت هەر بوونی خوا هەبێت، سەلمێنەری ئەوەیە کە شتێکی تر بوونی نەبێت بۆ (مخلوقات)، ئەمەش عەقیدە و بیروڕای موشریکەکانی عەرەب و جیهانە، وە کەسیش نییە باوەڕی بە بوونی خوا نەبێت.

سێیەم: ئەگەر سیفاتێکیشی هەبێت دەبێت ئەو سیفاتانەی هەبێت کە دەربڕین لە ناخی بکات و پەیوەندییان بە ناوەڕۆکەوە هەبێت، وەکوو (علم وقدرة وحي وعزيز ...) زانست و توانا و زیندوویەتی، بەڵام گەر سیفاتی بیستن و بینینی هەبێت و دەستی هەبێت ... ئەوا دەبێتە جەستە و لاشە و ئەویش (مرکب) و لێکدراوە و پێکهاتە دەبێت، ئەمەش بۆ خوا شاییستە نییە.

ئەمەش بۆخۆی بریتییە لە (توحید الربوبیة) و کردوویانەتە جێگرەوەی (توحید الألوهیة)، وە (الربوبیة)ش پەیوەندی بە قەدەری کەونییەوە هەیە و دروستکراوە لە پێناوی هێنانەدی تەوحیدی (الألوهیة)دا کە قەدەری شەرعییە.

ب. التوحید الألوهیة:

گومان نییە ئەوەی فیرقە کەلامییەکان لێی بێئاگان تەوحیدی عیبادەت و خوایەتییە (توحید الألوهیة والعبادة) لە پەرستن و هێنانەدی جۆرەکانی، وە دوورن دژایەتیکردنی جۆرەکانی شەریك بڕیاردان لە گەورە و بچووك، لای ئەم فیرقانە گرنگیپێدان و کارکردن و بانگەوازی بۆ هێنانەدی (توحید العبادة) هەر بوونی نییە، بەڵکوو سەردەمی ئەوان و ئەو شوێنانەشی کە ئەمانی لەخۆگرتبێت پڕ بووە لە قەبر پەرستی و والاکردنی دەرگای شەریك بڕیاردان، وە بگرە هەڵگرانی ئەم کەلام و فەلسەفەیە زۆرییان پەرەیان بەو شتانە داوە و ڕەواجیان پێداوە، وە گرنگییان بە بورج و ئەستێرە و باوەڕبوون بە کاریگەرییەکانی ئەفلاك داوە، ئەو تەوحیدەی ئەوان لە پێناویدا شەکەت بوون؛ لە سەلماندن و باوەڕبوون بە (خالق) و دروستکارێکی تەنیای ئەم بوونەوەرە دەرناچێت، وە

هەموو هەوڵێكیان بۆ سەلماندنی نەبوونی دوو (خالق وصانع) دەخەنە گەڕ، ئەمە بە تەوحیدی داواكراوی خوا دەزانن، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو گەلانی ئەم سەر زەوییە باوەڕی بە یەك (خالق) هەیە و تەنانەت ئەوەشی كە بە شەریك و هاوبەشی ئەوی دادەنێن باوەڕیان نییە بەوەی وەكوو (خالق) وایێت لە سیفاتدا، بەڵكوو دەڵێن ﴿لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ [الزمر : ٣]، ﴿هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ﴾ [يونس : ١٨]. ئەمانە نزیكمان دەخەنەوە و تكاكارمانن بۆلای خوا.

لە شەریك بڕیاردانیشدا باوەڕیان بە شەریك بڕیاردانی كرداری (عملي) نییە، بەڵكوو باوەڕیان بە شەریك بڕیاردانی عەقیدەیی هەیە (الشرك الإعتقادي)، واتە ئەگەر كەسەكە هەر كارێكی (شرك) و هاوبەش بڕیاردانی ئەنجام دا؛ ئەوە شەریك بڕیاردان نییە، مەگەر بە عەقیدە و بیروباوەڕی وایێت كە ئەو شتە وەكوو خوا (صانع) و دەسەڵاتدار و بەتوانایە و ئەو شتەی كە داوای لێدەكەیت لە دەسەڵاتیدا هەیە، ئەوكات دەبێتە شەریك بڕیاردان، بۆیە هەركەسێك هەر كارێكی كوفر و شیرك بكات بە مەرجێك باوەڕی وانەبێت ئەو شتەی كە داوای لێدەكات بە هاوشێوەی خوا لەو كارەدا دەسەڵات و بوونی هەیە؛ ئەوا شەریك بڕیاردان نییە، ئیتر (توسل واستعانة واستغاثة وسجود ونذر وطواف ...) هەرچییەك لەمانە بێت، هەروەك بیروباوەڕی عەقلانییەكانی ئەمڕۆ بۆ تەوحید كە هەر بەم شێوەیەیە، ئیتر خۆیان بە موسوڵمان بزانن یاخود نا.

ج. التوحيد الأسماء والصفات:

هەموو عەقیدە و بیروڕای فیرقە فەلسەفییەكان سەلماندنی (ذات مجردة من كل الصفات) بوونی زاتێكی تەنیا و دارنراوە لە هەموو سیفاتێك، تاوەكوو تەنیا بێت و هاوشێوەی نەبێت، هەموو عەقیدە و بیروڕاكانیان وەكوو فەیلەسووفەكان بەس سەلماندنی (قدیم)یەتە و زۆری وەسفی خوا بە شێوەی (النفي) دەكەن و بڕیاری نەبوونی بۆ شتەكان دەدەن تاوەكوو لێكنەچوویی خوا بە شتەكانی تروە بسەلمێنن.

(معتزلة)كان و فیرقەكانی هاوشێوەیان ئەم گومڕاییانەیان هەیە لە ناوەكانی خوادا[1]:

١. (أسماء الله ليست توقيفية): ناوەكانی خوا وەستاو نییە لەسەر دەقە شەرعییەكان، ئەمە

(١) "لا إله إلا الله" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢٤٥.

پێچەوانەی عەقیدەی ئەهلی سوننەتە، بۆیە لای ئەمان دەتوانرێت هەر ناوێك ببێت بەکاربهێنرێت بۆ خوا بەبێ ئیزنی ئەو، لەبەرئەوەی بە عەقڵ ئەومان ناسیوە وە بە عەقڵیش دەزانین چی شاییستەیەتی.

وەکوو (قاضي عبد الجبار) دەڵێت: اعلم أن جميع ما ذكرناه في الدلالة على حسن إجراء الأسماء على المسميات من غير إذن يدل على حسن إجرائها على القديم تعالى ذكره من غير إذن، لأنا إذا علمنا بالعقل، وعلمنا ما يستحق من الأوصاف[١]. **بزانە هەموو ئەو ناوانەی بەبێ ئیزن بەکاریان دەهێنین کارێکی گونجاوە لەبەرئەوەی هەموویان کۆکراون لە وەسفی (قدیم)دا، لەبەرئەوەی بە عەقڵ ئەومان ناسیوە وە هەر بە عەقڵیش دەزانین چی شاییستەیەتی لە وەسفەکان، وەك (قديم، أزلي، أبدي ...).**

٢. (أسماء الله تعالى إعلام محضة): ناوەکانی خوا ناوێکی ڕووت و دارنراون لە باسدا بەبێ ئەوەی (صفات) و واتا و وەسفێك بگەیەنن، لەبەرئەوەی ئەگەر ببنە سیفاتەکانی ئەوا سیفەتی (قدیم)یەت بۆ خوا نامێنێت و سیفەتەکان دەبنە (تعدد القدماء) و چەندەها شتی تر سیفەتی (قدیم)ی خوا لەخۆ دەگرن.

٣. (أسماء الله مخلوقة): ناوەکانی خوا دەبنە بێجگە لە خوا، بۆ سەلماندنی ئەم بیروڕایە یاساکەیان بریتییە لە (الإسم غير المسمى) ناو ناوبراو نییە، کەواتە بە پێناسەی ئەوان ناوەکانی خوا (قدیم) نین و (حادث)ن دروستکراون، ئەوەشی لە خواوە جیا بێت ئەوە دروستکراوەکانیەتی نەك خۆی: فَيَقُولُونَ: الِاسْمُ غَيْرُ الْمُسَمَّى وَأَسْمَاءُ اللهِ غَيْرُهُ وَمَا كَانَ غَيْرُهُ فَهُوَ مَخْلُوقٌ[٢]، وَأَمَّا الَّذِينَ يَقُولُونَ: إِنَّ الِاسْمَ لِلْمُسَمَّى كَمَا يَقُولُهُ أَكْثَرُ أَهْلِ السُّنَّةِ فَهَؤُلَاءِ وَافَقُوا الْكِتَابَ وَالسُّنَّةَ وَالْمَعْقُولَ[٣]. **ناو ناوبراو نییە وە ناوەکانی خوا بێجگە لە خوان ئەوەشی بێجگە لەو ببێت ئەوە لە دروستکراوەکانە، ئەهلی سوننەت دەڵێن (الإسم للمسمى) ناو بۆ ناوبراوە ئەوە گونجاوە لەگەڵ قورئان و سوننەتدا و عەقڵیش پشتگیریەتی نەك ناو ناوبراو نییە.**

---

(١) "لا إله إلا الله" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢٤٥، و "المغني" لقاضي عبد الجبار (٥/ ١٧٩).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٦/ ١٨٦).

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٦/ ٢٠٦، ٢٠٧).

دەربارەی بڕیاردانیش بۆ ناو سێ دابەشکردن هەیە:

١. ناو ناوبراوە (الإسم هو المسمى): وەکوو گەر بڵێیت ئاگر ڕاستەوخۆ ئەو ناوە ببێت بە ئاگر لە دەمتدا. ئەمەش هەڵەیە، لەبەرئەوەی سیفاتەکانی خوا کە ناوی دەبرێن نابن بە خودی خوا.

٢. ناو ناوبراو نییە (الإسم غير المسمى): وەکوو بڵێیت خوا بیسەرە و بیسەریەتیش بۆ ئەو نەبێت. ئەمەش گومڕاییە.

٣. ناو بۆ ناوبراوە (الإسم للمسمى): کە دەڵێین خوا بیسەر و بینەرە؛ دەبێت بیسەر و بینەر بێت.

بیروباوەڕیان لە سیفاتەکانی خواشدا:

لە سیفاتەکانی خواشدا ئەوە هەر باوەڕیان بە بوونیان نییە لەبەر ئەم گومانانە[1]:

١. شبه تعدد القدماء: گومانی زۆربوونی ڕێژەی سیفەتی (قدیم) کە تاکە سیفەتی جیاکەرەوەی خوایە لە دروستکراوەکانی.

٢. شبه لتجسم وحدوث الأعراض: گومانی دانانی جەستە و ئەندامەکان بۆ خوا وە دانانی ڕووداوی کاری تازە بۆ خوا وەکوو هاتنە ئاسمانی دونیا سیفەتی دروستکراوەکانە (حادث) نەك سیفەتی (قدیم).

٣. شبه التركيب: گومانی پێکهاتە و لەخۆگری بەشەکانی پێکهاتە وەکوو جەستەی ئادەمیزاد لە چاو و دەست و قاچ، تاکە سیفاتی جیاکەرەوەی خوا لە (مخلوقات) سیفەتی (قدیم)ییە هەرچی لە ناو و سیفات ئەگەر بە ئەزەلی بڕیاری لەسەر بوونی بدرێت بۆی ئەوا یەك بەیەکیان دەبنە (قدیم) و سیفەتی چەند خوایەك پێکدەهێنن، بەڵام لە واقعیشدا بوونێك نییە بەبێ هیچ (مواصفات)یێك مەگەر لە عەقڵدا بوونی هەبێت، وە یاسای (مَا لاَ يَخْلُو عَنْ الْحَوَادِثِ فَهُوَ حَادِثٌ) ئەوەی ڕووداو و شتی تازە و گۆڕانکاری لەخۆبگرێت ئەوە دروستکراوە (محدث) کە ئەویش سیفەتی (مخلوقات)ە، ئەم یاسایەش هەڵەیە لە ئاستی خوادا بەکاربهێنرێت لەبەر ئەوەی خستنە ژێر باری خوایە بۆ پێناسەی دروستکراوەکانی.

---

(١) "لا إله إلا الله" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢٤٩.

دەڵێن ئەوەی کە سیفات و کار و ڕووداوی تازە لەخۆ بگرێت ئەوە دەبێتە جەستە، وە خواش نابێت جەستەی هەبێت وەکوو دروستکراوەکانی.

بەڵام نەزانن بەوەی کە سیفاتەکان و کارەکانی خوا دەبێت شاییستە بە خۆی بێت، وە (مخلوقات) بە هیچ شێوەیەك لەو ناچێت ئەگەر لە ناو و سیفات و کاریشدا بەشداری بەکارهێنانیشیان هەبێت لە باسکردندا، لەبەرئەوە بە شێوەیەك دەبێت کە هەریەکەیان لائیق و شاییستە بە خۆی بێت، هەروەك چۆن لەناو (مخلوقات)دا سیفاتەکانیان یەك ناوی هەیە و لە هەمان کاتیشدا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تریان جیاوازە.

ئەم جۆرە بەڵگەکاری و ڕێگەی سەلماندنەی ئەوان زۆر دوورودرێژە و لەخۆگری دابەشکاری و شیکارییەکی درێژە کە بە هیچ شێوەیەك ناتگەیەنێتە ئەنجام، بەڵکوو کۆتاییەکەی بە گومان و دوودڵی و یەکلانەبوونەوە کۆتایی دێت، ئەنجامی هەمووی دژایەتی (فطرة) و عەقڵ و شەرعی خوایە، ئەو هەموو بەڵگە و ڕێگای (شرعي وفطرة وحسي وعقل)یانە هەیە کەچی پەنایان بردووەتە بەر وەسوەسەی نەفس و شەیتان تا لە کۆتاییدا گومڕا بوون.

هەموو بەڵگەکانیان یا دروستکراو و بیدعەیە لەژێر باری عەقڵدا، یاخود لەخۆگری وشەی کورت و کوێرە و حەق و بەتاڵ لەخۆ دەگرێت، تەنانەت خاوەنەکەی نازانێت کامیان بۆ خوا بەکاربهێنێت، وە ئەنجامی ئەمە ڕێگایە باوەڕنەبوونە بە خوا و سیفەتەکانی.

هەموو تەوحیدیش لای ئەمان (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فإن عامة المتكلمين الذين يقرّرون التوحيد في كتب الكلام والنظر غايتهم أن يجعلوا التوحيد ثلاثة أنواع، فيقولون: هو واحد في ذاته لا قسيم له، وواحد في صفاته لا شبيه له، وواحد في أفعاله لا شريك له[1].

سێ بەشەکەی تەوحید لای ئەمان هەمان شێوەی بابەتە فەلسەفییەکانی پێش خۆیانە:

* واحد في ذاته لا قسيم له: لە زاتی خۆیدا تەنیا خوایە و دابەشکردنی بۆ نییە.
* واحد في صفاته لا شبيه له: تەنیایە لە سیفاتەکانیدا و هاوشێوەی نییە.
* واحد في أفعاله لا شريك له: تەنیایە لە کارەکانیدا و هاوبەشی نییە[2].

---

(١) "التدمرية" لابن تيمية ص١٧٩.
(٢) شیکار لەسەر ئەم خالانە لە لاپەڕە (٥٣٦، ٥٣٧)دایە.

سێیەم: دابەشکردنی تەوحید لای ئەشعەرییەکان (تقسيم التوحيد عند الأشاعرة):

ئەشعەرییەکان ناونیشانێکە بۆ هەڵگرانی ڕێڕەوی (أبو الحسن الأشعري) لە قۆناغی ژیان و بۆچوونی دووەمیدا پانتایی جوگرافیای جیهانی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی دەگرێتەوە بێجگە لە حیجاز، ئەوان هەڵگری بەرنامەی ئەهلی سوننەتن، ڕێڕەویان لە (فقه والعقيدة)دا ڕێڕەوی ئیمام (أحمد بن حنبل)ە رَحِمَهُ اللَّهُ، وڵاتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی وەکوو پاکستان و ئەفغانستان و تورکیا ... تێکەڵن بە بەرنامەی ماتۆریدی و ئەشعەری ئەو دوو ڕێڕەوەش جیاوازییەکی زۆر کەمی دارشتنیان هەیە، وە گەر نا لە ناوەڕۆکدا وەکوو یەکن، وە هەرچی بەناو زانا و تەنانەت خوێندنی زانکۆکانیان لە سەروو هەموویانەوە ئەزهەری میسر و کۆلێژە ئیسلامییەکانیان لە عەقیدەدا بەرنامە و ڕێڕەوی ئەشعەرییەکان بەرنامەیانە، هەر لە خوێندنی مزگەوتەکان و کۆلێژە شەرعییەکانیان هەتا وتاربێژ و ئیمامەکانیان زۆر بێئاگان لە بەرنامە و ڕێڕەوی ئەهلی سوننەتی حەقیقی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرهەڵستکارییەی کە ئەشعەری و ئەشعەرییەکان گرتیانە بەر لە بەرامبەر لێشاوی (موعتەزیلە و فەلسەفییەکاندا) لە کاتی خۆیدا بەناوی ئەهلی سوننەتەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی بناسرێن بە ئەهلی سوننەت لای خەڵکی گشتی، تەنانەت بە ڕێڕەوی ئەهلی سوننەت ناوبراوە لە کتێبی باسی فیرقەکاندا، وەکوو (شهرستاني) دەڵێت: وأما التوحيد فقد قال أهل السنة[1]. دەربارەی تەوحید ئەهلی سوننەت دەڵێت، مەبەستی (شهرستاني) پێی خۆیانە کە ئەشعەرین، وەك (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەربارەی ئەشعەرییەکان دەڵێت: فإنهم أقرب طوائف أهل الكلام إلى السنة والجماعة والحديث وهم يعدون من أهل السنة والجماعة عند النظر إلى مثل المعتزلة والرافضة ونحوهم[2]. واتە ئەشعەرییەکان نزیکترین کەسن لە ئەهلی سوننەت و زانایانی فەرموودەوە، ئەشعەرییەکان بە ئەهلی سوننەت هەژمار دەکرێن لە بەرامبەر (معتزلة ورافضة)کاندا.

کەواتە واقعێکی تاڵە لە دوو لاوە، لایەك ونبوونی بەرنامەی حەقی ئەهلی سوننەت و لایەکیش ڕەواجدان بە ئەشعەریەت و بەرنامە گومڕاییەکانیان.

---

(١) "الملل والنحل" للشهرستاني (١/ ٤٢).
(٢) "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٣/ ٥٣٨).

دابەشکردنی تەوحید لای ئەشعەرییەکان هەمان جۆری دابەشکرنی ئەهلی فەلسەفە و کەلامن لە فەیلەسووفەکانی ناو ئیسلام و (معتزلة) عەقلانییەکان.

وەك (الغزالي والشهرستاني والقشيري وابن فورك) دەڵێن: الباري تعالى واحد في ذاته لا قسم له، وواحد في صفاته لا شبيه له، وواحد في أفعاله لا شريك له[١]، وأما التوحيد فقد قال أهل السنة، وجميع الصفاتية: إن الله تعالى واحد في ذاته لا قسيم له، وواحد في صفاته الأزلية لا نظير له، وواحد في أفعاله لا شريك له[٢].

هەڵوێستیان بەرامبەر هەر سێ بەشەکەی تەوحید بەم شێوەیەیە:

أ. التوحيد الربوبية:

ئەشعەرییەکان گرنگی تەواویان داوە بە تەوحیدی (الربوبية) بە شێوەیەکی گشتی و هەوڵی سەلماندن و بەدەستهێنانیان بۆ ئەم جۆرە تەوحیدە داوە، وە بە مەبەستی ناردنی پێغەمبەران و هاتنەخوارەوەی کتێبەکانی خوای دادەنێن، وەك (محمد عبده) دەڵێت: كان الغاية العظمى من بعثة النبي ﷺ كما تشهد به آيات الكتاب العزيز[٣].

ئەشعەرییەکان لە نووسین و کتێبەکانیاندا هیلاك بوون و هەوڵ و کۆششێکی یەکجار زۆریان داوە بۆ هێنانەدی ئەم تەوحیدە، کردوویانەتە جێگرەوەی (توحيد الألوهية).

وە تەنانەت وشەی (الإله) لە قورئاندا ئەوان بە واتای (القادر على الاختراع) بەتوانا لەسەر دروستکردن واتایان کردووە، تاوەکوو ئەو بەشە تەوحیدە بگرێتەوە کە بریتییە لە (الربوبية).

وە دەڵێن: أخص خصائص الألوهية وأخص وصف الرب هو القدرة على الإختراع[٤].

---

(١) "نهاية الأقدام في علم الكلام" للشهرستاني ص٩٠.

(٢) "الملل والنحل" للشهرستاني (١/ ٤٢)، و "قواعد العقائد" للغزالي ص٩٥، و "رسالة التوحيد" لمحمد عبده ص٨، و "بيان تلبيس الجهمية" لابن تيمية (٣/ ١١٨).

(٣) "رسالة التوحيد" لمحمد عبده ص١٧.

(٤) "لا إله إلا الله" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢٧٦، وانظر "الملل والنحل" للشهرستاني (١/ ١٠٠)، و "الصفدية" لابن تيمية (١/ ١٤٨)، و "دعوة التوحيد" للهراس ص٢١٩، و "نهاية الأقدام في علم الكلام" للشهرستاني ص٩١، و "أصول الدين" للبغدادي ص١٢٣.

تايبەتمەندترين وەسف و لـەخۆگرترين واتای (الإله والرب)؛ بەتواناييە بەسەر دروستكردندا.

(**ابن تيمية**) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت**: والإله هو بمعني المألوه المعبود الذي يستحق العبادة، ليس هو الإله بمعني القادر علي الخلق، فإذا فسر المفسر الإله بمعني القادر علي الاختراع، واعتقد أن هذا أخص وصف الإله، وجعل إثبات هذا التوحيد هو الغاية في التوحيد، ... وهو الذي ينقلونه عن أبي الحسن وأتباعه، لم يعرفوا حقيقة التوحيد الذي بعث الله به رسوله، فإن مشركي العرب كانوا مقرين بأن الله وحده خالق كل شيء، وكانوا مع هذا مشركين[1].

واتە: هەركەسێك واتای (الإله) كە بە واتای (مألوه، معبود) دێت واتە شاييستەی عيبادەت، بگۆڕێت بۆ واتای (القادر على الإختراع) بەتوانا لـەسەر دروستكردن؛ وەكوو (أبو الحسن الأشعري) و شوێنكەوتووانی؛ ئەوا حەقيقەت و ڕاستی و دروستی ئەو تەوحيدەی كە خوا ناردوويەتی بۆ پێغەمبەران و بانگەوازيان لـەسەر كردووە نەياناسيوە، بەڵكوو موشريكەكانی عەرەب باوەڕيان بەوە هەبوو كە بەتەنيا خوا دروستكار و (خالق)ی هەموو شتێكە و لـەگەڵ ئەوەشدا هەر موشريك و بێبڕوا بوون.

گەورەترين بەڵگەشيان بۆ سەلماندنی (ربوبية)ی خوا (دليل التمانع)ە، كە ئەم بابەتە بە ووردەكارييەوە لـە باسی (ربوبية)دا دێت لـەمەودوا إن شاء الله.

ب. التوحيد الألوهية:

ئاشكرايە لای هەموو فيرەقەكان (توحيد الألوهية) تەوحيدی كار و عيبادەت باس و مەبەستيان نييە، بەڵكوو بەس تەوحيدی عەقيدەيی (ربوبية) بوونی هەيە و جێگرەوەيەتی.

بۆ ئەم مەبەستەش پێداگری لەسەر دوو خاڵ دەكەن:

١. پێناسە و تەفسيری وشەی (الإله) بە واتای (القادر على الإختراع) بەتوانا لـە دروستكردندا، واتە بە ڕێگەی پێناسەكاری (توحيد الألوهية)يان گۆڕيوە بۆ (ربوبية).

٢. ئەشعـەرييەكان هـەژمار دەكرێـن بە (جـهمي ومـرجئة)كان، بە هۆكاری ئەوەی (عمل) و

---

(١) "درء تعارض العقل والنقل" لابن تيمية (١/ ٢٢٦).

کردار لە ئیمان دەردەکەن، ئیمان بە باوەڕپێهێنانی دڵی بەس (تصديق القلبي) پێناسە دەکەن و پێداگری لەسەر دەکەن.

هەروەك (الجويني) دەڵێت: المرضى عندنا أن حقيقة الإيمان التصديق بالله تعالى[١].

واتە: ئەوەی شوێنی ڕازیبوونمان بێت ئەوەیە ڕاست و دروستی پێناسە بۆ ئیمان باوەڕی دڵییە و بەس.

وە (أبو بكر الباقلاني) دەڵێت: وقد اتفق أهل اللغة قبل نزول القرآن وبعث الرسول عليه السلام على أن الإيمان في اللغة هو التصديق دون سائر أفعال الجوارح والقلوب[٢].

واتە: کۆدەنگی زانایانی زمانەوانی لەسەر ئەوەیە پێش هاتنەخوارەوەی قورئان و ناردنی پێغەمبەر ﷺ ئیمان لە زمانی عەرەبیدا باوەڕپێهێنان و ناسینی دڵییە بەبێ کار و کرداری دڵ و لاشە. خۆ ئەمە ڕاستە بەڵام مەبەست لێرەدا پێناسە شەرعییەکەیەتی کە دەبێت (عمل)ی تێدا بێت.

ئەمە بووەتە هۆکاری تەواو و پەراوێزخستنی (توحيد العبادة، العملي) تەوحیدی کردار و عیبادەت و هیچ قەدر و بەهایەکی نەما لایان.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَأَبُو الْحَسَنِ الْأَشْعَرِيُّ نَصَرَ قَوْلَ جَهْمٍ فِي الْإِيمَانِ ... وَاتَّبَعَهُ أَكْثَرُ أَصْحَابِهِ ... وَهُوَ قَوْلُ لَمْ يَقُلْهُ أَحَدٌ مِنْ أَئِمَّةِ السُّنَّةِ بَلْ قَدْ كَفَّرَ أَحْمَد بْنُ حَنْبَلٍ وَوَكِيعٌ وَغَيْرُهُمَا مَنْ قَالَ بِقَوْلِ جَهْمٍ فِي الْإِيمَانِ الَّذِي نَصَرَهُ أَبُو الْحَسَنِ. وَهُوَ عِنْدَهُمْ شَرٌّ مِنْ قَوْلِ الْمُرْجِئَةِ[٣].

واتە: (أبو الحسن الأشعري) سەرخەری بیر و قسەی (جهم بن صفوان)ە کە پێشەوای جەهمییەکانە، وە لایەنگرانی ئەشعەریش شوێنکەوتەیین لەم بابەتەدا، ئەمەش قسە و بیروڕایەکە هیچ کەس لە زانایانی ئەهلی سوننەت ئەم بیروڕایەیان نەبووە، بەڵکوو ئیمام (أحمد ووكيع) و زانایانی تر هەڵگری قسەکەی جەهمیان کافر کردووە لە ئیماندا کاتێك ئەشعەری سەرخەریەتی، وە بەڵای زانایانەوە ئەم قسەیە لە قسەی (مرجئة)کان خراپترە.

---

(١) "الإرشاد" للجويني ص١٥٨.

(٢) "الإنصاف" للباقلاني ص٨٤، و "أصول الدين" للبغدادي ص٢٤٧.

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٧/ ١٢٠).

ئەم دوو هۆكارەش پێناسەی (الإله) بە (الرب) و دەركردنی (عمل) لە ئیمان ئەم ئەنجامە خراپانەی دروستكرد:

أ. **(توحيد الربوبية) بەسە بۆ كەسێك كە پێی بێتە ناو ئیسلامەوە و هۆكاری رِزگاربوونی دوارۆژی بێت.**

ب. **دژایەتیكردنیان و رِەتدانەوەی (توحيد الألوهية)، بە لایەنی كەمەوە پەراوێزخستنی بووە و هۆكاری بەربلاّوی شەریك بڕیاردانێكی جۆراوجۆر لە پەرستنی گوڕ و سالّحان.**

هەروەك (أحمد زيني دحلان)یان دەلّێت: وأما جعلهم التوحيد نوعين: توحيد الربوبية وتوحيد الألوهية فباطل أيضا، فإن توحيد الربوبية هو توحيد الألوهية[(١)]. **واتە تەوحید كردنە دوو جۆر بێبنەمایە لەبەرئەوەی تەوحیدی (الربوبية والألوهية) یەكێكن و جیاواز نین.**

ج. **سنووردارکردنی شەریك بڕیاردان بەس لە تەوحیدی (ربوبية)دا، هەروەك (محمد علوي المالكي) دەلّێت:** أنه لا يكفر المستغيث إلا إذا اعتقد الخلق والإيجاد لغير الله[(٢)]. **واتە هاواربردن بۆ بێجگە لە خوا خاوەنەكەی پێی كافر نابێت مەگەر لەگەلّیدا باوەڕی وابێت كە ئەوەی هاواری بۆ بردووە توانای دروستكردن و هێنانەدی ئەو كارەی هەبێت وەكوو خوا، ئەوكات پێی كافر دەبێت.**

واتە هەرچی كرداری عیبادەت هەیە كە بۆ غەیری خوا ئەنجام دەدرێت ئەگەر خاوەنەكەی بە عەقیدەوە وەكوو خوا سیفەت و خاوەنیەتی پێ نەدات ئەوا پێی كافر نابێت و (شرك)یش نییە.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەلّێت:** ولهذا كان من أتباع هؤلاء من يسجد للشمس والقمر والكواكب، ويدعوها كما يدعو الله تعالي، ويصوم لها، وينسك لها، ويتقرب إليها، ثم يقول: إن هذا ليس بشرك: وإنما الشرك إذا اعتقدت أنها هي المدبرة لي، فإذا جعلتها سبباً وواسطة لم أكن مشركاً، ومن المعلوم بالاضطرار من دين الإسلام أن هذا شرك[(٣)].

---

(١) "الدرر السنية في الرد على الوهابية" لأحمد بن زيني دحلان ص٤٠.

(٢) "مفاهيم يجب أن تصحح" لمحمد بن علوي المالكي ص١٠٥.

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١/ ٢٢٧، ٢٢٨).

واتە: لە شوێنکەوتەی ئەمانە تیایاندایە سوجدە بۆ ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان دەبات، وە داوایان لێدەکات وەکوو داواکردن بۆ خوا، وە بەڕۆژوو دەبن و قوربانییان بۆ دەکەن و لێیان نزیك دەبنەوە بە جۆرەکانی عیبادەت، لەگەڵ ئەمەشدا دەڵێن ئەمە شەریك بڕیاردان نییە، بەڵکوو شەریك بڕیاردان ئەوەیە عەقیدە و بیروڕات وابێت ئەوەی داوای لێدەکەیت هەڵسووڕێنەر و هێنەرەدی کارەکەیە وەکوو خوا، بەڵام ئەگەر کردتە هۆکار و نێوەندگیر بێت ئەوا شەریك بڕیاردان نییە، ئەمە کارەش زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە لە دینی ئیسلامدا شەریك بڕیاردانە.

پەیوەندی ئەشعەرییەکان بە (تصوف)ەوە

کاتێك بەرنامەی ئەشعەری ئەم لادان و گۆڕانکارییانەی بەخۆوە بینی لە بوارەکانی تەوحیددا، گۆڕەپانی جیهانی ئیسلامی بووە زەمینەیەکی لەبار بۆ گەڕانەوەی (شرك وبدعة) لە بواری عەقیدە و شەریعەتدا، نامۆیی ئیسلام و دوورکەوتنەوەی هاتە کایەوە، شارێك نییە لە شارەکانی جیهانی ئیسلامی کە قەبرێك یاخود چەند قەبرێك وەکوو (لات وعزة وهبل ...) تەواف و نەزر و داوا و هاوار و سوێند و تەبەروکیان پێوە نەکرێت و سەروەت و سامانێکی زۆری موسوڵمانان لە پێناوی قوببە و منارە و ڕازاندنەوەیاندا بەهەدەر دەدرێت، لەگەڵ ئەوەی موسوڵمانان بەدەست تالاوی ژیانەوە دەنالێنن، گۆڕەپانی موسوڵمانان بووە لەدایکبوونی چەندەها (طریقة)ی سۆفی و دەروێش و دروستبوونی (طواغیت)ەکان بەسەر ئەم دینەوە، لەگەڵ گومڕاکردنی خەڵکی و هەوڵدانێکی زۆر بۆ نەمان و بنەبڕکردنی تەوحید و ڕێگری لە بانگەوازکارانی، وە هاتنەکایەی کۆمەڵێکی زۆر لە (خطيب وواعظ وإمام وداعي ...) پەروەردەکراوی ناو ئەو مەدرەسە و خوێندنگە ئایینیانەی کە هەڵگری بیروڕای ئەشعەری و عەقلانییەکانن.

ئەهلی سوننەت و بەرنامەیان ئەوەندە دوور و غەریبە، پێویست ئەکات وەکوو (فتوحات)ەکانی زوو سەرلەنوێ (فتوحات)ی تازەیان بە ڕێگەی زانست و زانا و داعییە بانگخوازەکانی هەڵگری تەوحید و بەرنامەی ئەهلی سوننەتەوە فەتحی ئەو ناوچانە بکەنەوە، تاوەکوو جیهانی (شرك وبدعة) و لادانەکان بماڵن و موسوڵمانان ڕزگاریان بێت و ئیسلامێکی ڕاست و دروستیان پێبگات.

بەرنامەی ئەشعەرییەکان و بوونە هۆکارێك و زەمینەیەك بۆ دروستبوونی (تصوف) لـەوێشەوە دەرگای هەموو گومڕاییەکانی تر کرایەوە، لـەبەرئەوە شتێکی سروشتییە ئەگەر تۆ هەڵگری تەوحید و مەنهەجی پاك نەبوویت ئەوا دەبێت لـەخۆگری دژەکانی بیت (الخبيثات للخبيثين)، وە بە قەبارەی خۆت و ناوەڕۆکت کارەکانت بۆ دێتە دی، وە هەرچییەکیشت لـەگەڵدا بگونجێت لێت کۆدەبێتەوە، وە لـە پاشاندا دەبێتە تێکەڵەیەك لـە واقعێکی خۆت.

تەنانەت ئیمامی (أبو المظفر الأسفراييني) لـە کتێبی "التبصير في الدين" سەردێڕێکی هەیە بەناوی: من فُصُول المفاخر لأهل الْإِسْلَام وَبَيَان فَضَائِل أهل السّنة وَالْجَمَاعَة وَبَيَان مَا اختصوا بِهِ من مفاخرهم. چەند بەشێك لـەسەر بڵندی ئەهلی ئیسلام و پلەوپێگەی ئەهلی سوننە و جەماعەت و ئەو تایبەتمەندییانەی کە هۆکاری سەربڵندییانە دەڵێت: وسادسها علم التصوف والإشارات وَمَا لَهُم فِيهَا من الدقائق والحقائق لم يكن قطّ لأحد من أهل الْبِدْعَة فِيهِ حَظّ بل كَانُوا محرومين[1]. واتە شەشەم تایبەتمەندی زانستی (تصوف) و هێما و شاراوەکانیەتی لـە وورددەکاری دین و حەقیقەتەکانی، کە بۆ هیچ کەسێك لـە بیدعەکاران (موعتەزیلـە و فیرەقە کەلامییەکان) بەشیان تیایدا نەبووە و بەڵکوو بێبەش بوون، زانستی (تصوف) بە بەشێك لـە بڵندییەکانی ئەهلی سوننەت ناو دەبات.

وە تەنانەت لـە (طبقات) و چینەکانی ئەو ناودارانەی کە بەرنامەی ئەشعەرییان لـە (أبو الحسن الأشعري)یەوە وەرگرتووە دەست بە دەست پێنج (طبقة) و چینن، هەریەك لـەو پێنج چینە یەکێکیانی تیادایە کە ناوداڕە بە ڕێڕەوانی ئەهلی (تصوف)، لێرەشدا لـە هەموو چینێکدا ئەو ناوداڕە باس دەکەین[2]:

- (طبقة)ی یەکەم یەکێك لـەو کەسانەی ڕاستەوخۆ لـە ئیمامی (أبو الحسن الأشعري)یەوە ئەشعەریەتیان وەرگرتووە، (أبو عبد الله محمد خفيف)ە کە لـە سالّی ٣٧١ هـ وەفاتی کردووە سۆفییەکی شافیعی مەزهەب بووە.

---

(١) "التبصير في الدين" لأبو المظفر الأسفرايني ص١٨٧، ١٩٢.

(٢) "منهج أهل السنة والجماعة ومنهج الأشاعرة في توحيد الله تعالى" رسالة ماجستير جامعة الإسلامية لخالد عبد اللطيف ص١٦٢.

- (طبقة)ی دووەم ئەوانەی لە هاوەڵانی (أبو الحسن الأشعري)یەوە مەزهەبی ئەشعەرییان وەرگرتووە لەناویاندا ناودار (أبو علي الدقاق) کە لە سالّی ٤٠٥ هـ وەفاتی کردووە.
- (طبقة)ی سێیەم لەناویاندا (أبو ذر الهروي) لە سالّی ٤٣٤ هـ وەفاتی کردووە.
- (طبقة)ی چوارەم لەناویاندا (أبو القاسم القشيري) لە سالّی ٤٦٥ هـ وەفاتی کردووە.
- (طبقة)ی پێنجەم لەناویاندا (أبو حامد الغزالي) لە سالّی ٥٠٥ هـ وەفاتی کردووە.

ئەگەرچی سەرەتاکانی ئەم پەیڕەوە باشتر بوون تا کۆتاییەکانی و زۆرتر نزیك بوون لە ئەهلی سوننەت و فەرموودەوە، بەڵام گۆڕانکارییەکان نەوەستاون تا گەیشتووەتە (أبو حامد الغزالي) کە تەسەوفی تێکەڵی فەلسەفە کردووە و لە ئەنجامدا (وحدة الوجود) لەدایك بووە.

کاتێکیش کە ئەهلی تەوحید و مەنهەجی پاك بوونیان هەبووە و کار و نووسین و بانگەوازییان لەسەر تەوحیدی (الألوهية) کردووە؛ لایەنگرانی ئەشعەری تێکەڵ بە (تصوف) هەستاون بە دژایەتیکردن و ڕەتدانەوەیان، هەروەك لە سەردەمی (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ ئیمامی (السبكي) ناوداری مەزهەبی شافیعی لە بابەتی (توسل)دا کتێبێکی بەناوی "شفاء السقام في زيارة خير الأنام"ی نووسیوە و بەرپەرچی (ابن تيمية)ی پێداوەتەوە، وە (ابن حجر الهيتمي)ش کتێبێکی بەناوی "الجوهر المنظم في زيارة القبر الشريف" لە ڕەتدانەوەی (ابن تيمية)دا نووسیوە، هەردووکیان بە فەرموودەی (ضعيف وموضوع) کتێبەکانیان پڕکردووە بۆ سەلماندنی کۆمەڵێك بابەت، لەوانە دەبێت بە نیەتی قەبرەکەی پێغەمبەرەوە بچیت بۆ مەدینە نەك مزگەوتەکەی و داواڵێکردن و پەناپێبردن و تکاکاری لێی.

وە (ابن عاشر) کتێبێکی بە شیعر بەناوی "المرشد المعين" نووسیوە بۆ پەیوەندی تەواو لە نێوان ئەشعەری و سۆفییەکاندا کە یەکێك لەوانەی شەرحی دەکات دەڵێت: أجزأت نظمة هذا جمع مهمات العلوم الثلاثة وهي: العقائد والفقه والتصوف المتعلقة بأقسام الدين الثلاثة وهي الإيمان والإسلام والإحسان[1]. ئەم شیعرانەم نووسیوە بۆ کۆکردنەوەی سێ جۆرە زانستە گرنگەکان، ئەویش عەقیدە و فقە و تەسەوفە کە پەیوەندی بە سێ بەشەکانی دینەوە هەیە ئەویش ئیمان و ئیسلام و ئیحسانە.

(١) "الحبل المتين على نظم المرشد المعين" لمحمد الفتحي المراكشي ص٧.

وە (الباجوري ومحمد الأمير وأحمد دحلان والنبهاني ومحمد طاهر يوسف تا دەگاتە محمد علوي مالكي ...) ئەمانە نموونەيەكی ئاشكران لە ئەشعەری و تەسەوفدا(١).

تا گەيشتووەتە ئەو ئاستەی ناوداركانيان ناوی خۆيان بردووە بە هەڵگری ڕێڕەوی ئەشعەری لە عەقيدەدا و شافيعی لە مەزهەبدا و (طريقة)يەك لە تەريقەكانی سۆفی لە ڕێڕەودا.

بۆيە دەبينين وەكوو دروێنەيەكی تاڵ هەرچی گرووپ و بەناو (جماعة)يەكی ئيسلامی دروستبوون بۆ بانگخوازی و گەڕانەوەی ئيسلام هەموويان هەڵگر بوون بەم ڕێڕەوە تێكەڵە، بگرە بنيادنەری يەكەمی ئەم كۆمەڵانە پەروەردەی دەستی ڕێڕەوێكی سۆفی بوون ياخود هەڵگری بەرنامەی ئەوان بوون هەر لە هيندستان و پاكستان و تورکيا و وڵاتە عەرەبييەكان، ئەگەرچی بەرگی بانگەوازی سەردەمیانەيان پۆشيوە بەڵام ناوەڕۆكياندا ئەم تاڵاوەيە، وەكوو (جماعة الإسلامية)ی پاكستان كە (محمد اقبال وأبو الحسن الندوي وأبو الأعلى المودودي) ناودارياندە وە (جماعة التبليغ) و قورئانييەكانی هيندستان و ئێران، وە (إخوان المسلمين) كە پێشەوايان (حسن البنا)يە لەسەر (طريقة)ی (الحصافية الشاذلية) بووە لە ميسر، وە بزووتنەوەی (تحرير)، وە بزووتنەوەی (سنوسي)يەكان لە ليبيا، وە (سعيد النورسي) كۆمەڵەی نوری بنياد نا، وە چی گرووپی سياسی ئيسلامی ئەم سەردەمەشە پەيوەندی تێكەڵاو و ناڕاستەوخۆی بە شيعەی ئێرانەوە هەيە، هەردووڵايان لە سۆفی و شيعە خاڵی يەككگرەوەيان دژايەتی تەوحيد و مەنهەجی پاكی ئەهلی قورئان و سوننەتە، لەبەرئەوەی جيهانی پێش ئێستا جيهانی سەفەوييەكان و عوسمانييەكان بووە، ئەوڵايان شيعە بوون و ئەملاشيان سۆفی بوون.

ئەم تێكەڵييەش هۆكار بووە بۆ سەرنەكەوتنی (دعوة) و بانگەوازييەكانيان و گەڕانەوەی ئيسلام، لەبەرئەوەی لە بەرامبەر ئيلحاد و عيلمانی و قەوميەكاندا ئەهلی بەتاڵ نوێنەرايەتی ئەهلی حەق دەكات، تاوەكوو لەو نێوەندەدا تێكەڵی و (نفاق)يێك دروست بووە، خۆ ئەگەر ئيسلامێكی تێكەڵ بە قەومی و عەقڵانی و سياسی و بناغە بە ئەشعەری و مەزهەبی و سۆفی و دينێكی پڕ لە (شرك وبدعة وحديث الضعيف والموضوع والإسرائيليات ...) بێت ئەوا (وا إسلاماه).

---

(١) "منهج أهل السنة والجماعة ومنهج الأشاعرة في توحيد الله تعالى" رسالة ماجستير جامعة الإسلامية لخالد عبد اللطيف ص١٦٥.

بەرهەمیشیان هەروەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فلا للإسلام نصروا ولا لأعدائه كسروا[1]. واتە نە ئیسلامیان سەرخست و نە دوژمنیان شکاند.

ج. التوحيد الأسماء والصفات:

ئەشعەرییەکان لە دابەشکردنی تەوحیددا پەیوەستن بە سێ بەشەکەی فیرەقە فەلسەفی و عەقلانییەکانەوە، ئاشکرایە مەبەستیان بە بەشی یەکەم: (إن الله واحد في ذاته لا قسيم له) خوا تاك و تەنیایە لە زاتی خۆیدا و دابەشکاری بەسەردا نایەت؛ مەبەستیان پێی (فرد، صمد لم يلد ولم يولد) نییە، بەڵکوو مەبەستیان بەوەیە لەسەر عەرش نییە و نایەتە ئاسمانی دونیا و لە ڕۆژی دواییدا نابینرێت و لێپرسینەوەی خەڵکی ناکات، ئەمانە پێیان دەوترێت (الأفعال الإختيارية) واتە ئەو کارانەی کە خوا بە ویستی خۆی دەیکات، دەڵێن لەبەرئەوەی ئەگەر ئەمانە وابێت ئەوا دابەشکردن بەسەر زاتیدا دێت.

هەروەك (الرازي) دەڵێت: هەموو جیاکارییەك و جیابوونەوەیەك دابەشکارییە، وە هەموو دابەشکارییەکیش تاك و تەنیا نییە[2]. واتە ئەگەر دابەشکاری بەخۆیەوە ببینێت ئەوا لە تاك و تەنیایی دەردەچێت.

واتە بینینی خوا و بوونی لەسەر عەرش و هاتنە ئاسمانی دونیا و بوونی ڕووی خوا و بڕیاردان لەسەر دەست و چاو و حیجاب و پەردە لە ڕووی خوا ... ئەمانە هەمووی هۆکاری دابەشکاری و جیابوونەوەیە، کەواتە یان دەبێت تاك و تەنیا نەبێت یان دەبێت ئەو سیفات و کارانەی نەبێت.

بەشی دووەمیش: (وأنه أحد في صفاته لا شبيه له) لەژێر ئەم ناونیشانەدا هەندێك لە سیفاتەکان دەخەنە ژێر باری هاوشێوەکاری مرۆڤەوە و باوەڕیان پێی نییە و (تأويل) و واتاگۆڕینی بۆ دەکەن تا لە ئادەمیزاد نەچێت، هەروەك (معتزلة)کان هەموو سیفاتەکانیان دەخستە ژێر باری هاوشێوەکارییەوە و باوەڕیان پێی نەبوو.

بەشی سێیەم: (أنه واحد في أفعاله لا شريك له) تەنیایە لە کارەکانیدا و هاوبەشی نییە واتە لە

---

(١) "الرد على المنطقيين" لابن تيمية ص٢٧٣.

(٢) "التسعينية" لابن تيمية (٣/ ٧٨٠).

(ربوبية)دا، ئەمەیان حەقە و تەواوە، ئەگەرچی (معتزلة)کان لەژێر ئەم ناونیشانەدا باوەڕیان بەوەیە ئادەمیزاد خۆی کرداری خۆی دروستدەکات و خوا دەسەلاّتی تێدا نییە.

لە ناوەکانی خوادا ئەشعەرییەکان تا ڕادەیەکی زۆر گونجاون لەگەلّ ئەهلی سوننەتدا بێجگە لە هەندێك ووردەکاری نەبێت، بەلاّم لە سیفاتەکانیدا جیاوازن.

ئەشعەرییەکان لە ناوەکانی خوادا گونجاون لەگەلّ (منهج السلف)دا لەم خالاّنەدا[1]:

١. **(أسماء الله توقيفية)**: ناوەکانی خوا لەسەر بەلّگە شەرعییەکان وەستاوە و شوێنی ڕاوبۆچوون نییە.

٢. **(إنها أعلام وأوصاف مشتقة وليست جامدة)**: ناوەکان واتای سیفەتەکانی تیادایە، بێ واتا نییە.

٣. **(إنها ليست محصورة)**: ناوەکان دیاریکراو نین لە ڕووی ژمارەوە.

٤. **(إنها غير مخلوقة)**: ناوەکان بێجگە لە خوا شتی تر ناگرێتەوە، تا لە ڕیزی (مخلوق) و دروستکراوەکان هەژمار بکرێن و (خالق) نەگرێتەوە.

٥. **(النهي عن الإلحاد فيها)**: باوەڕنەبوون بە ناو و جۆرەکانی ئیلحاد قبوولّ نییە تیایاندا.

ئەوەیشی کە جیاکاری بکەن لەگەلّ (منهج السلف)دا ئەوەیە کە ئەشعەرییەکان هەندێك ناو بۆ خوا بڕیار دەدەن هیچ بەلّگەیەکی شەرعی لەسەر نییە، وەکوو (القديم، الموجود، المريد، المتكلم، المنتقم ...) ئەمانە لەژێر ناونیشانی هەوالّدان لەسەر خوا (الأخبار) جێگەی دەبێتەوە بەلاّم وەکوو ناو نەخێر بۆ خوا بڕیار نادرێت.

یەکێکی تریش لەو جیاکارییانە ئەوەیە کاتێك ئەگەنە شەرح و شیکاری هەندێك لە ناوەکانی خوا لەسەر (منهج) و بەرنامەی خۆیان شەرحی دەکەن جیاواز لە شەرح و شیکاری حەقی ئەهلی سوننەت، وەکوو ناوی (العلي) واتای دەکەن بە خاوەن پێگە و پایەی بلّند، واتای ناکەن بەوەی خوا لەسەر عەرشە و شوێنی بەرزە بەسەر دروستکراوەکانیدا، لەبەرئەوەی باوەڕیان وایە خوا لە هەموو شوێنێکە، تاوەکوو لە (مخلوقات) نەچێت کە لەخۆگری سیفەتی کات و شوێنە.

---

(١) "لا إله إلا الله" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢٨٣.

بیروڕایان لە سیفاتەکانی خوادا بەم شێوەیەیە:

١. باوەڕیان بە حەوت سیفات هەیە بۆ خوا و بەس، ناوی دەبەن بە (صفات المعاني النفسية) ئەوانیش: (العلم والقدرة والإرادة والكلام والسمع والبصر والحياة)[١].

ئەم سیفاتانەش بەم چوار ڕێگەیە باوەڕیان پێیەتی[٢]:

أ. ئەم سیفاتانە دەبێت جیا بن لە زاتی خوا و زاتی خوا نەگرێتەوە (ليست هي الذات بل زائدة عليها).

ب. ئەم سیفاتانە پەیوەستن بە زاتی خواوە و نابێت بێجگە لە زاتی خوا بگرێتەوە (كلها قائمة بذاته لايجوز أن يقوم شيء منها بغير ذاته) واتە نابێت شتێکی تر بێجگە لە زاتی بگرێتەوە.

ج. ئەم سیفەتانە هەموویان ئەزەلین و تازە نین (كلها قديمة)، گەر نا خوا دەبێتە شوێنی ڕووداو و تازەکاری (محل الحوادث) کە ئەمەش جیاکاری تەواوە لە پێناسەی (قديم).

د. ئەو ناوانەی لەم سیفاتانەدا دروستدەبێت هەر لە ئەزەلەوە لەگەڵیدایە و لێی نابێتەوە، بەڵام دەڵێن تازەکاری تیایاندا دروست نابێت، وەکوو (الإرادة، الكلام ...)، کە ئەمەش شوێنی گومڕایی و لادانی ئەشعەرییەکانە، ئەو سیفاتانە پەیوەست ناکەن بە ویست و ئیرادە و بژاردەی خواوە، واتە هەرکاتێك بیەوێت قسە بکات و ئیرادەی هەبێت: لَكِنْ لَمْ يُثْبِتُوا الصِّفَاتِ الِاخْتِيَارِيَّةَ مِثْلَ كَوْنِهِ يَتَكَلَّمُ بِمَشِيئَتِهِ[٣].

ئەشعەرییەکان بەم بیروڕایانەیان دەیانەوێت خۆجیاکردنەوەیان لە (معتزلة)کان بسەلمێنن، وە لەلایەکی تریشەوە بیسەلمێنن کە هەڵگری بەرنامەی ئەهلی سوننەتن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەڵگری بیروڕای موعتەزیلەکانن، وە بە ڕووکەشیش چەند دارشتنێکیان هەیە بۆ خۆنزیکخستنەوەیان لە ئەهلی سوننەتەوە.

---

(١) ينظر "العقيدة الأصفهانية" لابن تيمية، و "اللمع"، و "رسالة التوحيد" لمحمد عبده ص٤١، و "هداية المريد" ص٣٤، و "لا إله إلا الله" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢٨٧.

(٢) "لا إله إلا الله" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٢٨٨.

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٣/ ١٣١).

٢. باقی سیفاتەکانی تری خوا باوەڕیان پێی نییە و (تأویل)ی بۆ دەکەن، ئەویش لەژێر ناونیشانی (الأعراض، الحدوث، الأجسام، التركيب، الاختصاص ...) تاوەکوو خوا لاشە و پێکهاتە و پارچەیی بەخۆیەوە نەبینێت وەکوو مرۆڤەکان کە دەست و قاچ و چاو و باقی جەستەکانی تری هەیە ئەوکات مرۆڤە، هەموو ئەم ناونیشانانە سەرچاوەکەی فەلسەفە و جەهمیە و موعتەزیلەکانە و ئەشعەرییەکانیش بە هەمان رێچکەی ئەواندا دەڕۆن و پێهەڵدەگرن، هەمووی لەژێر ناونیشانی ئەوەی تاوەکوو لە (مخلوقات) نەچێت.

دەڵێن (چاو چاوی ڕەحمەتی خوایە، دەست دەستی قودرەتی خوایە ...) چاو دەکەن بە ڕەحمەت وە دەستیش دەکەن بە قودرەت و توانا، ئەی ڕەحمەت و قودرەت واتای چییە؟ تەنانەت لە زمانەوانیشدا ئەم واتایانە بە هیچ شێوەیەك هەڵناگرێت.

وە لەلایەکی تریشەوە دەڵێن خوا سیفاتی نییە، تاوەکوو سنووردار نەکرێت لە لاشە و جەستەدا، ئەی باشە دیاریکردنی حەوت سیفەت و بەس ئەمە سنووردارکردن نییە؟ لەولاوە لێی ڕادەکەن و لەملاشەوە دەکەونەوە ناوی.

لە کۆتاییدا ئەشعەرییەکان بەرنامە و پەیوەستبوونیان نییە بە تەوحیدی (الألوهية)ەوە و باوەڕیشیان نییە و پەیوەستیش نین بە تەوحیدی (الأسماء والصفات)ەوە وەکوو خۆی، بەڵکوو هەموو باوەڕ و عەقیدە لای ئەمان هەر (توحيد الربوبية)ە.

کەواتە وەکوو (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: إِنَّ الْمُعْتَزِلَةَ مَخَانِيثُ الْفَلَاسِفَةِ؛ وَالْأَشْعَرِيَّةُ مَخَانِيثُ الْمُعْتَزِلَةِ[1].

واتە: وەکوو زانایان دەڵێن موعتەزیلەکان دوو تۆخمە (نێرەمووك)ی فەلاسیفەکانن، وە ئەشعەرییەکانیش دوو تۆخمەی موعتەزیلەکانن، واتە سەر و بنی یەکن.

بەڵام دەڵێت: وَأَمَّا مَنْ قَالَ مِنْهُمْ بِكِتَابِ "الْإِبَانَةِ" الَّذِي صَنَّفَهُ الْأَشْعَرِيُّ فِي آخِرِ عُمْرِهِ وَلَمْ يُظْهِرْ مَقَالَةً تُنَاقِضُ ذَلِكَ فَهَذَا يُعَدُّ مِنْ أَهْلِ السُّنَّةِ؛ لَكِنَّ مُجَرَّدَ الِانْتِسَابِ إلَى الْأَشْعَرِيِّ بِدْعَةٌ لَا سِيَّمَا وَأَنَّهُ بِذَلِكَ يُوهِمُ حُسْنًا بِكُلِّ مَنْ انْتَسَبَ هَذِهِ النِّسْبَةَ وَيَنْفَتِحُ بِذَلِكَ أَبْوَابُ شَرٍّ وَالْكَلَامُ مَعَ

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٦/ ٣٥٩).

هَؤُلَاءِ الَّذِينَ يَنْفُونَ ظَاهِرَهَا بِهَذَا التَّفْسِيرِ[١].

واتە: بەڵام ئەوانەی لە ناودارانی ئەشعەری هەڵگری قسەکانی (أبو الحسن الأشعری)ن لە کتێبەکەی "الإبانە"دا کە لە کۆتایی تەمەنیدا نووسیویەتی ئەوە ئەهلی سوننەتن، بەڵام خۆدانە پاڵ ناوی ئەشعەری بە شێوەیەکی گشتی بیدعە و ڕێگە خۆشکەرییە بۆ هەموو ئەو ڕێگایانەی کە باسمان کردووە.

چوارەم: دابەشکردنی تەوحید لای سۆفییەکان (أهل التصوف):

تەوحید لای سۆفییەکان وەکوو (أبو اسماعيل الهروي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: والتوحيد على ثَلَاثَة وُجُوه: الْوَجْه الأول: تَوْحِيد الْعَامَّة الَّذِي يَصح بالشواهد، وَالْوَجْه الثَّانِي: تَوْحِيد الْخَاصَّة وَهُوَ الَّذِي يثبت بالحقائق، وَالْوَجْه الثَّالِث: تَوْحِيد قَائِم بالقدم وَهُوَ تَوْحِيد خَاصَّة الْخَاصَّة. فَأَما التَّوْحِيد الأول فَهُوَ شَهَادَة أَن (لَا إِلَه إِلَّا الله) وَحده لَا شريك لَهُ ... وَأما التَّوْحِيد الثَّانِي الَّذِي يثبت بالحقائق فَهُوَ تَوْحِيد الْخَاصَّة وَهُوَ إِسْقَاط الْأَسْبَاب الظَّاهِرَة ... وَهُوَ أَن لَا تشهد فِي التَّوْحِيد دَلِيلا وَلَا فِي التَّوَكُّل سَببا وَلَا للنجاة وَسِيلَة ... وَأما التَّوْحِيد الثَّالِث فَهُوَ تَوْحِيد اختصه الْحق لنَفسِهِ ... أَنه إِسْقَاط الْحَدث وَإِثْبَات الْقدَم[٢].

واتە: تەوحید لای سۆفییەکان و (أهل التصوف) سێ بەشە:

یەکەم: توحيد العامة: تەوحید و عەقیدەی ئاستی گشتی خەڵکی، ئەوەیە کە بە بەڵگە ئاشکراکان دەسەلێنرێت، (أبو اسماعيل الهروي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَأَمَّا التَّوْحِيدُ الْأَوَّلُ فَهُوَ شَهَادَةُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، الْأَحَدُ الصَّمَدُ، الَّذِي لَمْ يَلِدْ، وَلَمْ يُولَدْ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ. هَذَا هُوَ التَّوْحِيدُ الظَّاهِرُ الْجَلِيُّ، الَّذِي نَفَى الشِّرْكَ الْأَعْظَمَ، وَعَلَيْهِ نُصِبَتِ الْقِبْلَةُ، وَبِهِ وَجَبَتِ الذِّمَّةُ، وَبِهِ حُقِنَتِ الدِّمَاءُ وَالْأَمْوَالُ، وَانْفَصَلَتْ دَارُ الْإِسْلَامِ مِنْ دَارِ الْكُفْرِ، ...

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٦/ ٣٥٩، ٣٦٠).

(٢) "منازل السائرين" لأبي اسماعيل الهروي ص١٣٥ - ١٣٨ المتوفي ٤٨١ هـ، وانظر "منهاج السنة النبوي" لابن تيمية (٥/ ٣٤٥)، و "مدارج السالكين" لابن القيم (٣/ ٤٤٥).

وَالشَّوَاهِدُ هِيَ الرِّسَالَةُ[١]. **تەوحیدی یەکەم گشتی وشەی (شهادتین) واتای (سورة الإخلاص)ە، ئەمە ئەو تەوحیدە ئاشکرایەیە کە دژایەتی شەریك بڕیاردانی گەورە دەکات، هەر بەم هۆکارەوە قیبلە دیاری کراوە، وە (أهل الذمة) جیاکراوەتەوە، وە خوێن و مالّی خەڵکی پارێزراوە، وە بووەتە جیاکەرەوەی مالّی ئیسلام لە کوفر و بێبڕوایی، بەڵگە ئاشکراکانی قورئان و سوننەت مەبەستیان پێی ئەم جۆرە تەوحیدەیە.**

واتە سۆفیەکان مەبەستیان بە (توحيد العام) عەقیدەی ڕەشۆکی خەڵکی (توحيد الألوهية) زۆر بە کەم و سووك سەیری دەکەن و دەڵێن (العامة، يصح بالشواهد) گشتی خەڵکییە و تایبەتی تیادا نییە و بەڵگەکانیشی شتە زۆر ئاشکرا و ڕوونەکانە ئەویش ئایەت و پەیامی خوا و بەڵگە دونیاییەکانە.

دووەم: توحيد الخاصة: تەوحیدی تایبەتمەندەکان کە بە هۆکاری حەقیقەتەکان دەسەڵێنرێت (يثبت بالحقائق)، واتە کەسانی قۆناغ بڕ لە ئیسلامدا و ئەوانەی خاوەنی حەقیقەتی ئیمانن خاوەنی ئەم تەوحیدەن، ئەوانیش: وَأما التَّوْحِيد الثَّانِي وَهُوَ إِسْقَاط الْأَسْبَاب الظَّاهِرَة والصعود عَن منازعات الْعُقُول وَعَن التَّعَلُّق بالشواهد وَهُوَ أَن لَا تشهد فِي التَّوْحِيد دَلِيلا وَلَا فِي التَّوَكُّل سَببا وَلَا للنجاة وَسِيلَة[٢]. **تەوحیدی دووەم لەکارخستنی هۆکارەکان و بەکارنەهێنانیانە، وە بەکارنەهێنانی ڕەخنە و گازندە عەقڵییەکانە، لەگەڵ پەیوەستنەبوون بە گرتنەبەری هۆکارەکان لە (توکل)دا، وە پێویستنەبوونی بەڵگەکانی قورئان و سوننەتە لە تەوحیددا، وە نەگرتنەبەری هیچ هۆکارێکی ڕزگاربوون لە (طاعة وعبادة) و دوورکەوتنەوە لە (معصية).**

دەڵێن تەوحیدی دووەم ئەو قۆناغەیە کە خاوەنەکانیان خاوەنی (طاعة ومعصية) نین، لە کاتێکدا لەخۆگری ئەو هەموو بیروڕایەن، بە پێچەوانەی تەوحیدی یەکەمەوە کە خاوەنی (طاعة ومعصية)ن[٣].

---

(١) "منازل السائرين" لأبي اسماعيل الهروي ص١٣٥، ١٣٦، و "منهاج السنة النبوي" لابن تيمية (٥/ ٣٤٣).

(٢) "منازل السائرين" لأبي اسماعيل الهروي ص١٣٧، و "منهاج السنة النبوي" لابن تيمية (٥/ ٣٤٤).

(٣) **سەیری** "دروس في العقيدة" للراجحي (٦/ ٧).

ئەم قۆناغە خاوەنەکەی پەیوەست نییە بە شوێنکەوتە و جێبەجێکردنی (شريعة)ەوە و ناوبراوە بە (اسقاط الأمر)، واتە هەرچی عیبادات هەیە لەسەری لاچووە و لە قۆناغی (فناء)دایە کە ڕۆچوون و تێکەڵ و والابوونە، بەڵام چ ڕۆچوونێك؟! بێگومان لەگەڵ نەفس و شەیتاندا[1]. لەگەڵ باوەڕبوونیان بە (أقطاب وأوتاد ونجباء) کە کاری (مخلوقات) دەبەن بەڕێوە لە بریتی خوا.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَأَمَّا التَّوْحِيدُ الثَّانِي الَّذِي ذَكَرَهُ وَسَمَّاهُ "تَوْحِيدَ الْخَاصَّةِ"، فَهُوَ الْفَنَاءُ فِي تَوْحِيدِ الرُّبُوبِيَّةِ ... كَمَا هُوَ قَوْلُ الْقَدَرِيَّةِ الْمُجْبِرَةِ ... وَالْأَشْعَرِيِّ وَغَيْرِهِ[2]. **واتە تەوحیدی (الخاصة) ڕۆچوونە لە تێڕوانینی (ربوبية)دا، ئەمەش بیروڕای عەقیدەی (جبري وجهمي وأشعري)یەکانە کاتێك کە دەڵێن هیچ بژاردە و دەسەڵاتێك بۆ ئادەمیزاد نییە، بەڵکوو هەمووی قەدەر پێی دەکات.**

سێیەم: توحيد خاصة الخاصة: تەوحیدی تایبەتی تایبەتمەندەکان.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **لێیانەوە نەقڵ دەکات وەکوو (أبو اسماعيل الهروي) خاوەنی "منازل السائرين" دەڵێت:** وَأَمَّا التَّوْحِيدُ الثَّالِثُ فَهُوَ تَوْحِيدُ اخْتَصَّهُ الْحَقُّ لِنَفْسِهِ، وَاسْتَحَقَّهُ بِقَدْرِهِ، وَأَلَاحَ مِنْهُ لَائِحًا إِلَى أَسْرَارِ طَائِفَةٍ مِنْ صَفْوَتِهِ، وَأَخْرَسَهُمْ عَنْ نَعْتِهِ، وَأَعْجَزَهُمْ عَنْ بَثِّهِ، ... أَنَّهُ إِسْقَاطُ الْحَدَثِ، وَإِثْبَاتُ الْقِدَمِ، ... فَإِنَّ ذَلِكَ التَّوْحِيدَ تَزِيدُهُ الْعِبَارَةُ خَفَاءً، وَالصِّفَةُ نُفُورًا، وَالْبَسْطُ صُعُوبَةً، ... وَقَدْ أَجَبْتُ فِي سَالِفِ الدَّهْرِ سَائِلًا سَأَلَنِي عَنْ تَوْحِيدِ الصُّوفِيَّةِ بِهَذِهِ الْقَوَافِي الثَّلَاثِ:

مَا وَحَّدَ الْوَاحِدَ مِنْ وَاحِدٍ ... إِذْ كُلُّ مَنْ وَحَّدَهُ جَاحِدُ

تَوْحِيدُ مَنْ يَنْطِقُ عَنْ نَعْتِهِ ... عَارِيَةٌ أَبْطَلَهَا الْوَاحِدُ

تَوْحِيدُهُ إِيَّاهُ تَوْحِيدُهُ ... وَنَعْتُ مَنْ يَنْعَتُهُ لَاحِدُ[3]

ئەمانە هەمووی قسەی (أبو اسماعيل الهروي)یە کە (ابن تيمية) نەقڵی کردووە.

---

(١) "مدارج السالكين" لابن تيمية (٣/ ٤٥٨).
(٢) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٥/ ٣٥٥).
(٣) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٥/ ٣٤٦)، و "مدارج السالكين" لابن القيم (٣/ ٤٧٤).

بۆ تەوحیدی سێیەم دەڵێت: تەوحیدێکە بۆ کەسێك خوا بژاردەی کردووە بۆ خۆی وە بە حەقی خۆی گەیاندوویەتییە ئەو پێگەیە، کۆمەڵێك نهێنی بۆ ئاشکرا کردووە، تاوەکوو گەیشتوونەتە ئەو پلەیەی لالّی کردوون لە وەسفیدا و بێتوانای کردوون لە بلاّوکردنەوەیدا، ئەویش گەیشتن بووە بەوەی هەموو بوونێك لەبیر بکات و بەس بوونی خوا لای مابێتەوە، بۆیە ئەم تەوحیدە لای خاوەنی هەتاوەکوو دارِشتنی بۆ بکات شاراوە دەبێت، وە تاوەکوو وەسفی بکات نامێنێت، وە تاوەکوو والاّی بکات قورستر دەبێت، وە دەڵێت: لەمەوپێش پرسیاری تەوحیدی سۆفییەکانیان لێ کردووم وە منیش بەم سێ دێرە شیعرە وەڵامم داونەتەوە: هەرکەسێك باسی تاك و تەنیایی خوا بکات؛ نکوولّی لێدەکات، تەوحیدی ئەو هەرکەسێك وەسفی بکات؛ خوا بەتالّی دەکاتەوە، تەوحیدی ئەو (واتە اتحاد والحلول)؛ تەوحیدیەتی، وە وەسفکردنی؛ ئیلحادیەتی.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت: وَأَمَّا التَّوْحِيدُ الثَّالِثُ فَهُوَ تَوْحِيدٌ اخْتَصَّهُ الْحَقُّ لِنَفْسِهِ، وَاسْتَحَقَّهُ بِقَدَرِهِ. . . إلَى آخِرِ كَلَامِهِ ... وَحَقِيقَةُ قَوْلِ هَؤُلَاءِ الِاتِّحَادُ وَالْحُلُولُ الْخَاصُّ، مَنْ جِنْسِ قَوْلِ النَّصَارَى فِي الْمَسِيحِ[1]. واتە تەوحیدی سێیەمیان: بەرهەم و حەقیقەتی قسەکانیان بیروڕای (الاتحاد والحلول) و تێکەڵبوونە لەگەڵ خوادا، ئەوەش قسەی گاوورەکانە بۆ (مسيح) عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ.

کەواتە تەوحیدی یەکەم (الألوهية) تەوحیدی ڕەشۆکی خەڵکییە (هەڵگرانی ئەو تەوحیدەش پێغەمبەرانن) عَلَيْهِمُ ٱلسَّلَامُ، وە تەوحیدی دووەم تەوحیدی (الربوبية) و ڕۆچوونە تیایدا تاوەکوو دەگەنە (اسقاط الشرعية) دەرچوون لە شەریعەت و دین، وە تەوحیدی سێیەم (الاتحاد والحلول) و تێکەڵبوونی (ناسوت)ە بە (لاهوت)ەوە، واتە تێکەڵبوونی خەڵکی بە خواوە. ئەم تەوحیدی دووەم و سێیەمە لای ئەوان ئەولیاکانی خوا هەڵگرانین.

ئەمە جۆرەکانی تەوحیدە لایان، بە دوور و نزیك پەیوەندی بە تەوحیدی (إبراهيم ومحمد)ەوە سەلامی خوایان لێبێت نییە کە بە دڵنیاییەوە و بە بەڵگەی قورئان هەرکەسێك لە تەوحیدیان دەرچێت کەم عەقڵ و تێکچووە، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُۥ﴾ [البَقَرَة : ١٣٠].

---

(١) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٥/ ٣٧٠).

(ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: قسَّم التَّوحيدُ الخلائقَ قسمين: سفيهًا لا أسفه منه، ورشيدًا. فالسَّفيهُ: من رغب عنه إلى الإشراك. والرَّشيدُ: من تبرّأ من الشِّرك قولًا وعملًا وحالًا[١].

واتە: خوای گەورە لەو ئایەتەدا تەوحید و عەقیدەی خەڵکی کردووە بە دوو بەشەوە، بەشێکیان لێیان کەم عەقڵ و تێکچووتر نییە، ئەوانیش ئەو کەسانەن کە لە تەوحیدی (إبراهيم) ڕادەکەن و دەکەونە شەریك بڕیاردانەوە، دووەمیشیان کاملەکانن، ئەوانەی بێبەریبوونی خۆیان ڕادەگەیەنن لە هەموو جۆرەکانی شەریك بڕیاردان، هەر لە قسە و کار و بارودۆخیان هەتا دوایی.

ئەهلی تەصەوف بە شێوەیەکی گشتی لە دوو بەش دەرناچن:

١. التصوف الزهدي: ئەمانە کاریان عیبادەت و هەڵسوکەوت و بارودۆخی ئیمانییە (أهل السلوك والأحوال)، بەڵام پڕن لە کاری بیدعەکاری و شەریك بڕیاردان.

٢. التصوف الفلسفي: ئەم جۆرەیان فەلسەفە و (الاتحاد والحلول) ناوەڕۆکەکەیەتی، ئەنجامەکەشی دەرچوونە لە دین و بەتاڵکردنەوەی شەرعی خوایە.

بە هەمان شێوەی موشریکەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ کە لە هەردوو بواری عەقیدە و (تشريع)دا لادان و گومڕاییان هەبوو.

بیروڕای تصوف بەم چوار قۆناغەدا تێپەڕیوە[٢]:

قۆناغی یەکەم: سۆفییە سەرەتاکانی سێ سەدەی سەرەتای ئیسلام، ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی لادان و گۆڕانکاری گەورەیان تیادا دەرنەکەوت، ئەگەرچی بێبەش نەبوون لە وورده کرداری بیدعە و قسە و هەندێك حاڵەتی تایبەت کە لە هاوەڵان و تابعیندا هاوشێوەی نەبووە، بەڵام بە هۆکاری نزیکییان لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و سێ سەدە پڕ خێرەکەوە پارێزراو بوون و زۆرتر پەیوەستییان بە (منهج السلف)ەوە پێوە دیار بووە و بگرە هەندێکیان فەرموودەناس بوون.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَالثَّابِت الصَّحِيح عَن أَكَابِر الْمَشَايِخ يُوَافق مَا كَانَ عَلَيْهِ السّلف وَهَذَا هُوَ الَّذِي كَانَ يجب أَن يذكر فَإِن فِي الصَّحِيح الصَّرِيح الْمَحْفُوظ عَن اكابر الْمَشَايِخ

---

(١) "مدارج السالكين" لابن القيم (٤/ ٤٩٨).

(٢) "لا إله إلا الله" لفهد بن كريم بن محمد الأنصاري ص٣١٢ - ٣٤٠.

مثل الفضيل ابْن عِيَاض وَأبي سُلَيْمَان الدَّارَانِي ويوسف بن أَسْبَاط وَحُذَيْفَة المرعشى ومعروف الْكَرْخِي إِلَى الْجُنَيْد بن مُحَمَّد وَسَهل بن عبد الله التسترِي وأمثال هَؤُلَاءِ مَا يبين حَقِيقَة مقالات الْمَشَايِخ، ... هَذِه الطَّائِفَة بنوا قَوَاعِد أَمرهم على أُصُول صَحِيحَة فِي التَّوْحِيد صانوا بهَا عقائدهم عَن الْبدع ودانوا بِمَا وجدوا عَلَيْهِ من السّلف وَأهل السّنة من تَوْحِيد لَيْسَ فِيهِ تَمْثِيل وَلَا تَعْطِيل[1].

واتە: ئەوەی بنەمایە ئەوەیە کە پیاوە گەورەکانی ئەم ڕێگایە هاوشێوەی (السلف) بوون، بۆیە ئەمە پێویستە باس بکرێت، ئەوەی ڕاست و دروستە و ماوەتەوە لەو پیاوە گەورانەی وەك (فضيل، الداراني، يوسف، معروف الكرخي، جنيد البغدادي وسهل التستري) هاوشێوەی ئەمانە کە دەبنە متمانەی قسەکانی ئەمان، ئەوەیە ئەمانە بنەمای کارە دینییەکەیان لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست بووە لە تەوحیددا و پارێزراو بوون لە بیدعەکاری، وە پشتیوانی پاشماوەی (السلف وأهل السنة) بوون و تەوحیدیان هاوشێوە و لەکارخستنی تیادا نەبووە.

قۆناغی دووەم: ئەم قۆناغەی تەسەوف بەناوی قۆناغەکانیەوە ناوبراوە (الوجد والرسم والفناء ...) لەم قۆناغەدا جۆرێك ونبوون و بێئاگاییان بەناوی حاڵەتی تایبەتییەوە بەسەردا هاتووە و خۆیان بینیوەتەوە لە جیهانێکی پڕ خەیاڵ و بێ دەربڕین، نموونەی ئەم چینە وەکوو (الشبلي وأبو اسماعيل الهروي وعطاء ...) سەبارەت بە تەوحید دەڵێن: مَا شم روائح التوحيد من تصور عنده التوحيد[2]. **واتە بۆنی تەوحیدی نەکردووە ئەوەی تەوحیدی پێناسە کردووە و ناساندوویەتی.**

وە (الهروي) دەڵێت:

مَا وَحَّدَ الْوَاحِدَ مِنْ وَاحِدٍ ... إِذْ كُلُّ مَنْ وَحَّدَهُ جَاحِدُ[3]

واتە: هەرکەسێك باسی تاك و تەنیایی خوا بکات ئەوە تەوحیدی باس نەکردووە، هەرکەسێك بەو شێوەیە تەوحید پێناسە بکات ئەوە دژایەتی تەوحیدی کردووە.

---

(١) "الاستقامة" لابن تيمية (١/ ٨٢، ٩١).
(٢) "الرسالة القشيرية" (٢/ ٤٦٧).
(٣) "منازل السائرين" للهروي ص١٣٩.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ سەبارەت بە شیعەکەی (أبو اسماعيل الهروي) دەڵێت: وَقَوْلُهُ: إنَّهُ لَا تَصِحُّ الْعِبَارَةُ عَنْ التَّوْحِيدِ: كُفْرٌ بِإِجْمَاعِ الْمُسْلِمِينَ[١]. کاتێك دەڵێت هیچ دەربڕینێك نییە لەسەر تەوحید، ئەم قسەیە کوفرە بە کۆدەنگی موسوڵمانان.

وە (ابن عطاء) دەڵێت: علامة حقيقة التوحيد نسيان التوحيد[٢]. واتە نیشانەی حەقیقەتی تەوحید لەبیرکردنی تەوحیدە.

قۆناغی سێیەم: بریتییە لە پەیوەندی تەسەوف بە ئەشعەرییەکانەوە، لەدوای سەردەمی (الغزالي والقشيري)یەوە ناودارانی ئەشعەرییەکان پەیوەندییان بە رێگەیەك لە رێگاکانی تەسەوفەوە هەبووە، وەکوو (السبكي وابن حجر الهيتمي والباجوري وزيني دحلان)، پەیوەندییەکەشیان بریتی بووە لە پێداگری لەسەر تەوحیدی (الربوبية).

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: غَايَةَ مَا يُقَرِّرُهُ هَؤُلَاءِ النُّظَّارُ؛ ... إنَّمَا هُوَ تَوْحِيدُ الرُّبُوبِيَّةِ ... وَطَائِفَةٌ مِنْ أَهْلِ التَّصَوُّفِ وَالْمَعْرِفَةِ: يُقَرِّرُونَ هَذَا التَّوْحِيدَ مَعَ إثْبَاتِ الصِّفَاتِ فَيَفْنَوْنَ فِي تَوْحِيدِ الرُّبُوبِيَّةِ مَعَ إثْبَاتِ الْخَالِقِ لِلْعَالَمِ ... وَآخَرُونَ يَضُمُّونَ هَذَا إلَى نَفْيِ الصِّفَاتِ[٣]. واتە کۆتا کاری ئەم سۆفییە فەلسەفیانە تەوحیدی (ربوبية) بووە، وە هەندێکیان لە شارەزایانی (تصوف) خاوەن زانستێك بوون کە باوەڕیان بە (ربوبية) هەبووە لەگەڵ باوەڕبوون بە سیفاتەکانی خوا، بەڵام هەندێکیان کەوتوونەتە باوەڕنەبوون بە سیفاتەکان و لەکارخستنیان لەگەڵ پێداگرییان لەسەر (ربوبية).

قۆناغی چوارەم: (تصوف الاتحاد والحلول): بە دوورکەوتنەوەی تەواویان لە سەردەمی هاوەڵان و تێکەڵبوونیان بە فەلسەفەوە کەوتنە ئەوپەڕی گومڕایی و لە دین دەرچوون، لە گاوور و جوولەکە گومڕاتر بوون، لەبەرئەوەی ئەمان دەیانوت هەموو بوون بوونی خوایە، بەڵام ئەوان بەس بە پێغەمبەرانیان دەوت تێکەڵی خوا دەبن، لای ئەهلی ئەم (تصوف)انە ڕایان وایە (فإنَّ الإله الْمُطْلَقَ

---

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ٣٥١).

(٢) "الرسالة القشيرية" (٢/ ٤٦٧)، و "حماية الرسول" لمحمد بن عبد الله الغامدي ص٤٣.

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٣/ ١٠١، ١٠٢)، و "التدمرية" لابن تيمية ص١٨٦ - ١٨٨.

لا يَسَعُه شيءٌ لأنه عينُ الأشياء)[١]. واتە خوا ڕەهایە و هیچ شتێك نایگرێتەوە لەبەرئەوەی خودی بوونەکانە.

پێشڕەوی ئەمانە (محي الدين ابن عربي، وابن سبعين، وابن الفارض، وسهروردي، والكلاباذي، والنابلسي، وعبدالكريم الجيلي ...)ن، هەموو ئەمانە قسە و کاریان کوفر و بێبڕوایی و دەرچوون بووە لە دین.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** مَشَايِخُ الْإِسْلَامِ وَأَئِمَّةُ الْهُدَى ... مِثْلُ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيِّبِ وَالْحَسَنِ الْبَصْرِيِّ وَعُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ وَمَالِكِ بْنِ أَنَسٍ وَالْأَوْزَاعِي وَإِبْرَاهِيمَ بْنِ أَدْهَمَ وَسُفْيَانَ الثَّوْرِيِّ والْفُضَيْلِ بْنِ عِيَاضٍ وَمَعْرُوفٍ الْكَرْخِي وَالشَّافِعِيِّ وَأَبِي سُلَيْمَانَ وَأَحْمَدَ بْنِ حَنْبَلٍ وَبِشْرٍ الْحَافِي وَعَبْدِ اللهَّ بْنِ الْمُبَارَكِ وَشَقِيقٍ البلخي وَمَنْ لَا يُحْصَى كَثْرَةٌ. إلَى مِثْلِ الْمُتَأَخِّرِينَ: مِثْلُ الْجُنَيْد بْنِ مُحَمَّدٍ القواريري وَسَهْلِ بْنِ عَبْدِ اللهَّ التستري وَعُمَرَ بْنِ عُثْمَانَ الْمَكِّيِّ وَمَنْ بَعْدَهُمْ إلَى أَبِي طَالِبٍ الْمَكِّيِّ إلَى مِثْلِ الشَّيْخِ عَبْدِ الْقَادِرِ الكيلاني وَالشَّيْخِ عَدِيٍّ وَالشَّيْخِ أَبِي الْبَيَانِ وَالشَّيْخِ أَبِي مَدِينٍ وَالشَّيْخِ عَقِيلٍ وَالشَّيْخِ أَبِي الْوَفَاءِ وَالشَّيْخِ رَسْلَانَ وَالشَّيْخِ عَبْدِ الرَّحِيمِ وَالشَّيْخِ عَبْدِ اللهَّ اليونيني وَالشَّيْخِ الْقُرَشِيِّ وَأَمْثَالِ هَؤُلَاءِ الْمَشَايِخِ الَّذِينَ كَانُوا بِالْحِجَازِ وَالشَّامِ وَالْعِرَاقِ وَمِصْرَ وَالْمَغْرِبِ وَخُرَاسَانَ مِنْ الْأَوَّلِينَ والآخرين. كُلُّ هَؤُلَاءِ مُتَّفِقُونَ عَلَى تَكْفِيرِ هَؤُلَاءِ[٢].

واتە: کۆدەنگی زانایانی ئیسلام و ئیمامانی ئەم دینە لەوانەی ناویان هاتووە لە ولاتانی حیجاز و شام و عێراق و خوراسان و میسڕ و مەغریب و لە سەردەمانی پێشوو و دوای ئەوانیش لەسەر ئەوەن کە ئەمانە بێبڕوان، وەك ئیمامی (الذهبي) رَحِمَهُ اللَّهُ لە بارەی "فصوص"ی (ابن عربي)یەوە دەڵێت: فَإِنْ كَانَ لَا كُفْرَ فِيهِ، فَمَا فِي الدُّنْيَا كُفْرٌ[٣]. **واتە ئەگەر ئەمانەی لە "فصوص"دایە کوفر نەبێت ئەوە لە دونیادا کوفر هەر نییە.**

---

(١) "فصوص الحكم" لابن عربي ص٤٤٠.

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ٤٧٤)، و "مجموعة الرسائل والمسائل" لابن تيمية (١/ ١٧٩).

(٣) "سير أعلام النبلاء" للذهبي (١٦/ ٣١٠).

تەسەوف و شیعەکان بە یەك سك و لە سکی ولاتێکدا لەدایك بوون کە عێراقە[١]، تەسەوف لە بەصرە لەگەڵ قەدەرییەکاندا کە بیروڕایان تێکەڵ بە بیروڕای ئاسیای ڕۆژهەلاتە بە ڕێگەی دەریای هیندستان گەیشتووە تە بە بەسرە و ڕۆژهەلاتیش هۆکاری بوونیان بووە و بە ڕێگەی ئەوان لەدایك بوون هەر لە زەرادەشتی و بوزایی و هەتا دوایی، وە شیعە و ڕافیزەکانیش لە کوفە کە لە پاشماوەی مەجووسییەکان لەدایك بوون.

بەڵام (تصوف)ە زوهدییەکە لەناو خەڵکی گشتیدا بوونی هەیە، وە فەلسەفییەکەشی لەناو نووسەر و شاعیر و عەقڵانییەکانی ئەم ڕێڕەوەدا بوونی هەیە.

پێنجەم: دابەشکردنی تەوحید لای شیعەکان:

شیعە بە هەموو بەشەکانیەوە هەر وەکوو فیرقەکانی تر لەپاش سەردەمی هاوەڵان دروستبووە، ئەگەرچی فیرقەکانی تر خاوەن بەرنامە و تێڕوانینی تایبەتن و بە مەدرەسەیەکی سەربەخۆ دادەنرێن، بەڵام شیعەکان خاوەن مەدرەسە و بیروڕایەکی سەربەخۆ نین تا ڕادەیەکی زۆر، ئەگەرچی بەرنامەیان دروستبووە بە تێپەڕبوونی کات: إن الشيعة بأصولها ومعتقداتها لم تولد فجأة، بل مرت بمراحل كثيرة ونشأت تدريجياً ... رأي الشيعة في نشأة التشيع ... ثلاثة آراء ... الرأي الأول: إن التشيع قديم ولد قبل رسالة النبي صلى الله عليه وسلم ... الرأي الثاني: أن الرسول صلى الله عليه وسلم هو الذي وضع بذرة التشيع، وأن الشيعة ظهرت في عصره ... الرأي الثالث: يجعل تاريخ ظهور الشيعة يوم الجمل ... الرأي المختار: ... ولكن طلائع العقيدة الشيعية وأصل أصولها ظهرت على يد السبئية باعتراف كتب الشيعة التي قالت بأن ابن سبأ أول من شهد بالقول بفرض إمامة علي، وأن علياً وصي محمد[٢]. واتە شیعە بە بنەما و بیروباوەڕیانەوە لەپڕ لەدایك نەبوون، بەڵکوو بە قۆناغێکی زۆردا تێپەڕ بوون و بە تێپەڕبوونی کات گەشەکردنیان هەبووە، خودی بیروڕای شیعە خۆیان لەسەر سەرەتای دروستبوونی ڕێڕەوی شیعە سێ ڕایە، یەکەم: لەپێش ئیسلام و هەموو پێغەمبەرێك هەوالّی داوە بە ئیمامەت و وەلیەتی (علي

(١) "منهاج السنة" لابن تيمية ص٢١١، و "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢٠/ ٣٠٠).

(٢) "أصول مذهب الشيعة الإمامية الإثني عشرية" رسالة دكتوراه لناصر بن عبد الله بن علي القفاري ص٥٧ – ٧٨.

ابن أبي طالب) ﷺ، دووەم: پێغەمبەری خوا ﷺ بناغەی شیعەی دامەزراندووە و لە سەردەمی ئەودا دەرکەوتووە، سێیەم: لەدوای شەڕی جەمەل دروستبووە.

بەڵام ڕای تەواو و بژاردەکراو ئەوەیە شیعە وەکوو سەرەتا لەسەر دەستی (عبد الله بن سبأ) کە پێیان دەوترێت سەبەئییەکان وەکوو داڕێژەری بناغەی فیکری شیعە دروستبووە، (ابن السبأ) خاوەنی بیرۆکەی جێگرەوەی پێغەمبەری بڵاوکردووەتەوە کە دەبێت لە بنەماڵەی ئەو بێت، واتە دەبێت بە شێوەی فەرز و واجب (علي ابن أبي طالب) جێگرەوەی پێغەمبەر بێت.

شیعە فیرەق و گرووپیان زۆرە، (المسعودي) لە "مروج الذهب"ەکەیدا کە خۆی شیعەیە دەڵێت: أن فرق الشيعة بلغت ثلاثا وسبعين فرقة، وە (أبو الحسن الأشعري) لە "مقالات الإسلاميين"دا[١] بناغەی فیرەقە شیعەکان دەکاتە سێ بەشەوە (الغالية والرافضة والزيدية)، وە کۆی پەلەکانیان گشتیان (٤٥) گرووپن، وە (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەیانکاتە سێ بەشەوە (الغالية) زیادەڕۆکان کە خراپترینیانن، بەشێك لە خوایەتی بە (علي ابن أبي طالب) ﷺ دەدەن یاخود دەیکەنە پێغەمبەر، وە پلەی دووەم (الرافضة) وە پلەی سێیەم (الزيدية)[٢].

بەڵام بە کۆی گشتییان دەوترێت شیعە، وە زەیدییەکان لە هەموویان نزیکترن لە ئەهلی سوننەتەوە[٣].

وە (الأثنى عشرية) لەڕووی ژمارەوە لە هەموویان زیاترن، جیاوازی نێوان شیعە و (الرافضة) ئەوەیە کە شیعەکان (خلفاء الراشدين أبوبكر وعمر وعثمان) ﷺ و کۆی ئەهلی سوننەت کافر ناکەن، بەڵام (الرافضة)کان: الرَّافِضَةَ الَّذِينَ هُم شَرٌّ مِن هَؤُلَاءِ، وَهُم الَّذِينَ يُكَفِّرُونَ جَمَاهِيرَ الْمُسْلِمِينَ؛ مِثْل الْخُلَفَاءِ الثَّلَاثَةِ وَغَيْرِهِمْ، وَيزْعُمُونَ أَنَّهُم هُم الْمُومِنُونَ وَمَن سِوَاهُم كَافِرٌ[٤].

ڕافیزەکان پیسترینیانن و هەموو موسوڵمانانی ئەهلی سوننەت کافر دەکەن بە سێ خەلیفەکەشەوە و بە خۆشیان دەڵێن ئیماندار و بە بێجگە لە خۆیان دەڵێن کافر، بەڵام ئێستا هەموو شیعەکان

---

(١) "مقالات الإسلاميين" لأبو الحسن الأشعري (١/ ٦٦).

(٢) بڕوانە "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٥/ ٤٠)، وە سەیری "أصول مذهب الإمامية" بکە ص٩٠.

(٣) بڕوانە "الفتاوى الكبرى" لابن تيمية (٦/ ٣٧٠): بل هم إلى أهل السنة أقرب منهم إلى الرافضة.

(٤) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢/ ٤٧٤)، و "مجموعة الرسائل والمسائل" لابن تيمية (١/ ١٧٩).

لەخۆگری ئەم فیکرەیەی ڕافیزەن و بوونەتە ئەوان بە هۆکاری تێپەڕبوونی کات، لە ئەنجامی بەرهەڵستکارییان لە بەرامبەر ئەهلی سوننەتدا وە هەوڵێك بۆ خۆجیاکردنەوەیان بوونەتە خاوەن (منهج) و بیرورا و نووسین و (تألیفات) لەسەر بەرنامەی شیعە بەجۆرێك کە سەربەخۆیی پێوە دیار بێت، ئەگەرچی نەشبووە و ناشبێت، لەو ڕوانگەیەیانەوە هەڵوێستیان لەسەر بابەتەکانی تەوحید دەخەینە ڕوو:

یەکەم: توحید الربوبیة.

شیعەکان دابەشکردنی تەوحیدیان لا نییە و بگرە بەرنامەیان هەمووی تێکەڵە بە بەرنامەی فیرەقە ئیسلامییەکانەوە، وە لە تەوحیددا ئەوەی باس و سەلماندنی هەبێت بەس (توحید الربوبیة)ە و سەلماندنی بوونی خوایە بەشێوەی گشتی، بەڵام لەم تەوحیدەدا چەندەها جۆر شەریك بڕیاردان و گومڕاییان هەیە کە بە شێوەی خاڵ دەیانخەینە ڕوو[1]:

١. باوەڕبوونیان بەوەی (الرب هو الإمام) واتە هەر وشەیەك لە قورئاندا کە بە وشەی (الرب) هات ئەوە مەبەست پێی ئیمامی (علي)یە، وەکوو لێوەی دەگێڕنەوە وتوویەتی: أنا رب الأرض الذي یسکن الأرض به[2]. من خوای سەر زەویم کە سەر زەوی پێی ئارامە.

٢. دونیا و ئاخیرەت هەمووی لەژێر هەڵسووڕاندنی ئیمامدایە، هەروەك سەردێڕی بەشێك لە کتێبی "أصول الکافي" للکلیني (٤٠٧/١) کە خستوویانەتە ئاستی "صحیح البخاري" ئەهلی سوننەت، نووسیویەتی: باب أن الأرض کلها للإمام. هەموو سەرزەوی لەژێر دەسەلاتی ئیمامدایە.

باوەڕیان وایە هەموو داواکردن و پاڕانەوە و هاوار بۆ بردن و سوێن پێخواردن و هەموو جۆرەکانی عیبادەتیان بۆ ئەنجام دەدرێت لەبەر بوونی دەسەلاتیان بەسەر هەموو شتەکانی کەوندا.

٣. بڕوایان وایە هەموو ڕووداوەکانی کەون هۆکاری دەسەلاتی ئیمامەکانە: کتێب و سەرچاوەکانیان پڕن لە حیکایەتی ئیمامەکانیان لەسەر ئەم بابەتانە، وەکوو (المجلسي والمفید) لە کتێبی "بحار الأنوار" و "الإختصاص" و "البرهان" دەڵێن: هەورەکان ئیمامی (علي) دەیانگێڕێت،

---

(١) "أصول مذهب الشیعة الإمامیة الإثني عشریة" رسالة دکتوراه لناصر بن عبد الله بن علي القفاري (٢/ ٥٠٧ – ٥٢١).

(٢) "مرآة الأنوار ومشکاة الأسرار" لأبي الحسن ص٥٩.

وەكوو دەڵێن: ئیمامی (علي) دەڵێت: والذي فلق الحبة وبرأ النسمة إني لأملك من ملكوت السماوات والأرض[١]. واتە سوێند بەوەی دانەوێلەكان لەت دەكات و خەڵكی دروستدەكات من بالآدەستم بەسەر ئاسمانەكان و زەویدا.

٤. دەڵێن بەشێك لە خوایەتی تێكەڵی ئیمامەكانمان بووە: ئیمام (حسين) دەڵێت: قال أبو عبد الله: ثم مسحنا بيمينه فأفضى نوره فينا. وقال: ولكن الله خلطنا بنفسه[٢]. واتە خوا دەستی بەسەرماندا هێناوە و نووری تێكەڵمان بووە، خوا خۆی تێكەڵی ئێمە كردووە.

ئەمە بیروڕای (وحدة الوجود والاتحاد والحلول)ە كە (ابن عربي) پێشەنگیانە، وە (الخميني) لە كتێبەكەیدا بەناوی "مصباح الهداية" (ص٨٤، ٩٤، ١١٢) ناوی (ابن عربي) دەبات بە (الشيخ الكبير) و زۆری قسەكانی ئەو دەگوازێتەوە بۆ بەڵگەداری لەسەر (الاتحاد والفناء)، هەروەك لە زمانی (ابن عربي)یەوە دەڵێت: لنا مع الله حالات هو هو ونحن نحن، وهو نحن ونحن هو[٣]. واتە حاڵاتی تایبەتمان هەیە لەگەڵ خوادا، هەندێك جار ئەو ئەوە، ئێمە ئێمەین، وە هەندێك جاریش ئەو ئێمەیە و ئێمە ئەوین.

٥. باوەڕیان بە سیحر و فاڵ و جادووگەری ئەفلاك و ئەستێرەكان و بورجەكان هەیە لەسەر ژیان و مردن و ڕۆزی و باش و خراپی جۆری ژیانی ئادەمیزاد.

هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای بەجێماوی ئاگرپەرست و مەجووسییەكانی فارس كە بە ڕاستی خاوەنی داهێنەر و دروستكاری فیرقەی شیعەن بۆ لێدانی ئیسلام لە تۆڵەی ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی فارسی مەجووسی.

دووەم: توحيد الألوهية.

هەروەك چۆن لە تەوحیدی (الربوبية)دا شەریكیان بڕیارداوە لە (خلق، الأمر، التدبير) لە دروستكراوەكانی خوادا، ئەوە لە تەوحیدی (عبادة)دا هەر مەپرسە، قەبر و (شرك، بدعة) لەكوێ بێت شیعە لەوێیە، مزگەوتەكانیان چۆڵ و هۆڵە لە عیبادەتدا، بەڵام قەبرەكانیان جمەی دێت لە

---

(١) "بحار الأنوار" للمجلسي (٤٠/ ٢٧).
(٢) "أصول الكافي" للكليني (١/ ٤٤٠)، و "بحار الأنوار" للمجلسي (١/ ٤٤١).
(٣) "مصباح الهداية" للخميني ص١١٤.

شەریك بڕیاردان و تەواف و هاوار و سوجده و داواکردن ... و بەخشینی سەروەت و سامانەکانیان بۆ نزیکبوونەوە لێیان و داوای تکاکارییان.

هەروەك (أبو الحسن الندوي) لە کتێبی "من نهر كابول إلى نهر يرموك" ص[٩٣] دەڵێت: فإذا دخل غريب في مشهد سيدنا علي الرضا لم يشعر إلا وأنه داخل الحرم فهو غاص بالحجيج مدوى بالبكاء والضجيج عامر بالرجل والنساء، مزخرف بأفخر الزخارف والزينات قد تدفقت إليه ثروة الأثرياء وتبرعات الفقراء. واتە ئەگەر کەسێکی غەریبە لەسەر قەبری (علي رضا) لە ئێران خۆی ببینێتەوە وا هەست دەکات لەناو حەرەمی مەککەیە، لەبەر دەنگەدەنگی سەردانیکارانی و گریان و هاواری تەوافکارانی لە پیاوان و ژنان، وە ڕازاوەیی قەبرگاکە بە چەندەها جۆری زەخرەفە و زینە و ڕووناکی و جۆری ڕازاندنەوە، لەگەڵ بەخشینی سەروەت و سامانی دەوڵەمەندان و هەژاران بۆ ناو گۆڕەکە بە لێشاو.

مزگەوتەکانیان ناویان مزگەوت (المسجد) نییە وەك چۆن لە قورئاندا ناوبراون، بەڵکوو ناویان (الحسينية)یە بۆ خۆجیاکردنەوەیان لە ئەهلی سوننەت، هەر بە ناوەکەیدا پێوەی دیارە کە بۆ خوا نییە و بۆ (حسین)ە و پڕە لە قەبر و مەراسیمی قەبر و شەخس پەرستی تیادایە نەك حواپەرستی، وە شوێنەکانی نوێژیان بێ گۆڕ و مەزارگەی هەڵبەستراو نییە.

تەوحیدی (الألوهية) لای ئەمان دژەکەی و پێچەوانەکەی حەقە، واتە (توحيد) بووەتە (شرك) وە شەریك بڕیاردانیش بووەتە تەوحید و خواپەرستی.

خاڵە سەرەکییەکانیان لە (توحيد الألوهية)دا ئەمانەیە[(١)]:

١. باوەڕبوونیان بەوەی هەرچی دەق هەیە لە قورئاندا کە باس لە ئیمان بە خوا و عیبادەتی دەکات مەبەست پێی باوەڕبوونە بە ئیمامەت و ویلایەتی (علي ابن أبي طالب) ﷺ، وە هەرچی وشەی (شرك) هەیە مەبەست پێی باوەڕنەبوونە بە هاوبەش و شەریکی کەسانی تر لە ئیمامەتی (علي) و ئیمامەکانی تریان، هەروەك (أبو الحسن الشريف الفتوني) ص[٢٠٢] کە یەکێکە لە ئیمامەکانیان دەڵێت: إن الأخبار متضافرة في تأويل الشرك بالله والشرك بعبادته بالشرك في

(١) "أصول مذهب الشيعة الإمامية الإثني عشرية" رسالة دكتوراه لناصر بن عبد الله بن علي القفاري (٢/ ٤٢٦).

الولاية والإمامة، أي يشرك مع الإمام من ليس من أهل الإمامة وأن يتخذ مع ولاية آل محمد ﷺ ولاية غيرهم.

وقال (المجلسي) في "بحار الأنوار" (٢٣/٣٩٠): اعلم أن إطلاق لفظ الشرك والكفر على من لم يعتقد إمامة أمير المؤمنين والأئمة من ولده عليه السلام.

قسەی ئەم دوو ئیمامە ناودارەیان ئەوەیە هەرچی ڕیوایەت و تەفسیری ناودارەکانیانە لەسەر ئەوەی وشەی (شرك بالله) کە شەریك بڕیاردانە بە خوا و شەریك دروستکردنە لە عیبادەتەکاندا؛ مەبەست پێی ئەوەیە کە کەسێك باوەڕی بە ئیمامەت و ویلایەتی ئیمامی عەلی و ئیمامەکانی دوای ئەوان نەبێت، یاخود کەسێکی تر بڕیار بدەن بۆ ئیمامەت بێجگە لەوان.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗا﴾ [النِّسَآء : ٣٦]، **وە دەفەرموێت:** ﴿لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٦٥﴾ [الزُّمَر : ٦٥]. **هەموو ئەم ئایەتانە لای ئەوان باسی ئیمامی عەلی و ئیمامەکانی تری ئەوان دەکات، ئەمە تەفسیری (باطني)یەکانە، هەرچی فیرقە موخیدە گومڕاکان هەیانە دەڵێن تەفسیری قورئان ڕووکەش و ناوەڕۆکی هەیە، تەفسیرە ناوەڕۆکەکانیش بەس ئیمامەکان دەیزانن، هەمان بیروڕای سۆفییە فەلسەفییەکانیان هەیا بۆ تەفسیری قورئان کە دەڵێن ڕووکەش و ناوەڕۆکی هەیە، قورئان لای سۆفییەکان سۆفییانەیە و لای شیعەکان شیعەیەتییە و لای عەقڵانییە سیاسییەکان عەقڵانییە و لای هەموو فیرقەکان قورئان قورئانی خۆیانە، بەڵام قورئانە ئەسڵییەکە ونە و لە قورئانی خوا دەرچووە.**

٢. باوەڕبوونیان بەوەی هەرچی کار و کردەوە هەیە وەرگرتنی وەستاوە لای خوا لەسەر باوەڕبوون بە ئیمامەتی (علي) و ئیمامەکان، نەك تەوحید و عیبادەت بۆ خوا.

لە کاتێکدا تەوحید بنەمایە بۆ وەرگرتنی کار و کردەوەکان، وە شەریك بڕیاردان هۆکاری بەتاڵکردنەوەیەتی، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ﴾ [النِّسَآء : ٤٨، ١١٦]. **واتە خوای پەروەردگار لە شەریك بڕیاردان خۆش نابێت، بەڵکوو لێخۆشبوونی بۆ ئەوانەیە کە لە خوار شەریك بڕیاردانەوەن.**

بەڵام لای شیعەکان بەپێچەوانەوەیە باوەڕبوون بە ئیمامەکان و پێگەی دینییان هۆکاری قبوولبوونی کردارەکانە، هەروەك (المجلسي) لە "بحار الأنوار"دا (١٦٦/٢٧) لەژێر ناونیشانی (باب أنه لا تقبل الأعمال إلا بالولاية) حەفتا و یەك بەناو ڕیوایەتی لەسەر ئەو بابەتە کۆکردووەتەوە.

٣. باوەڕیان لەسەر ئەوەیە کە ئیمامەکان هۆکار و شەفاعەتکاری نێوان خوا و خەڵکین، هەروەك (المجلسي) لە "بحار الأنوار"دا (٩٧/٢٣) دەربارەی ئیمامەکان دەڵێت: (فإنهم حجب الرب والوسائط بينه وبين الخلق) واتە ئەوان پەردەی خوان و هۆکاری نێوان خوا و خەڵکین.

هەمان عەقیدە و بیروڕای موشریکەکانی سەردەمی پێغەمبەریان هەیە سەبارەت بە بتەکانیان کە دەیانوت: ﴿هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ﴾ [يُونُس: ١٨]، ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ [الزُّمَر: ٣]. ئەم بتانە هۆکاری تکاکاری ئێمەن بۆلای خوا، نایان پەرستین بێجگە لەوە نەبێت کە دەمانەوێت نزیکمان بکەنەوە لە خوا.

هەر بۆیە قەبرەکانیان وەکوو حەرەمی مەککە ڕازاوەتەوە و قەرەباڵغە بە تەوافکاران و زیارەتکاران و عیبادەت بۆکردنیان تاوەکوو لێیان نزیك ببنەوە و بیانگەیەنن لای خوا، تەنانەت ڕۆشتنیان بۆ گۆڕەکانیان بە حەج ناویان دەبەن و بگرە لە حەجکردن بۆ مالّی خوا بەلایانەوە حەفتا جار گەورەترە، وە (کربلاء) لە مەککە بەڕێزترە و ئاداب و نەریتی تایبەتی خۆی هەیە بۆ سەفەرکردن بۆلایان، وە (المفيد)ی ناوداریان کتێبێکی بەناوی "مناسك المشاهد" واتە حەجکردن بۆ گۆڕەکان بۆ نووسین بە ڕێنمایی حەجکردن و ئادابی عیبادەتکردن تیایدا ڕازاندوویەتیەوە.

دەڵێن هۆکاری هیدایەت بۆ کەس نییە بێجگە لە هۆکاری ئیمامەکان نەبێت، هەروەك (المجلسي) لە "بحار الأنوار"دا (١٠٣/٢٣) ڕیوایەتی (أبو جعفر الصادق) دەهێنێت کە دەڵێت: (بنا عبد الله و بنا عرف الله و بنا وَحَّد الله) واتە بە هۆکاری ئێمەوە خوا پەرستراوە و ناسراوە و بە تاك و تەنیا ناو براوە.

خوای گەورەش جَلَّوَعَلَا دەفەرموێت: ﴿مَن يَهۡدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلۡمُهۡتَدِۖ وَمَن يُضۡلِلۡ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ وَلِيّٗا مُّرۡشِدٗا ١٧﴾ [الكَهۡف: ١٧]. ئەوەی خوا هیدایەتی بدات هیدایەتدراوە و ئەوەشی گومڕا دەبێت هیچ ڕێنموونیکار و سەرپەرشتیکارێکی نییە بۆ هیدایەت.

داواکردن بەناوی ئیمامەکان هۆکاری قبوڵبوونی دووعاکانە، وەك دەڵێن: من دعا الله بنا أفلح[١]. ئەوەی داوا بە ئێمەوە بکات بۆلای خوا ڕزگاری بووە.

خوای پەروەردگاریش سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا﴾ [الأعراف: ١٨٠]. واتە بە ناوەکانی خواوە داوا بکەن.

وە دەڵێن: من زار قبر أبي عبد الله كتب الله له ثمانين حجة مبرورة[٢]. هەرکەسێك سەردانی گۆڕی ئیمام حوسەین بکات خێری هەشتا حەجی قبوڵکراوی بۆ دەنووسرێت.

وە بەناوی (علي بن الحسن)ەوە کە ناوداڕە بە (زين العابدين) دەڵێن: اتخذ الله أرض كربلاء حرماً آمناً مباركاً قبل أن يخلق الله أرض الكعبة[٣]. خوای گەورە کەربەلای کردە حەرەمێکی پارێزراو و بەبەرەکەت پێش ئەوەی زەوی کەعبە دروست بکات.

٤. بیروباوەڕیان بە (ولاية الفقيه)ی پێگەی ئیمامەکانیان هەیە، ئەویش ئەو پێگە دینییەیە کە هەموو گۆڕانکارییەکی دین لە دەستیاندایە، لەبەرئەوەی ئیمامەکان (علم الباطن)یان هەیە، لە توانایاندایە گۆڕانکاری لە حەلاڵ و حەرام و (تشريع)ی خوادا بکەن، هەمان ئەم باوەڕەش سۆفییەکان بۆ بەناو شێخ (الطريقة) و ئەولیاکانیان هەیانە.

ئەم پێگەیە ناوی دەبەن بە (مرجع) واتە شوێنی گەڕانەوەی هەموو دین بۆلای ئیمامەکانە، هەمان فیکرە و بیروبۆچوون هەیە بۆ گرووپە ئیسلامییە خاوەن بنەما سۆفییەکان کە پێگەی سەرکردەی حیزبەکەیان (علم الباطن)ی سیاسی هەیە و لە سەروو پێگەی زانایانی دینین، دەبێت مەلا و بەناو زانا دینییەکان ڕێ و شوێن و ڕێنمایی لەوەوە وەربگرن، ئەوان (علم الباطن) و کاملێیان هەیە و مەلاکان (علم الظاهر) و ڕووکەش دەزانن، ئەگەر هەرچەندە شارەزایی دین و زانستەکانیشی بن، ئەمەش بە هەمان شێوە لەناو سۆفییەکاندا هەیە کە دەبێت مەلاکان شوێنکەوتەی (الشيخ الطريقة) بن و پێگەیان لە خوار ئەوانەوەیە، لەناو شیعەدا بەناوی (مرجعية) و

(١) "بحار الأنوار" للمجلسي (٢٣/ ١٠٣).

(٢) "ثواب الأعمال" للقمي ص٥٢.

(٣) "بحار الأنوار" للمجلسي (١٠٧/ ١١٠).

لای ئەمان بەناوی شێخایەتی، بە مەرجێك شێخەکانیان زۆر نەفام و نەزان بوون بەسەر (العلوم الشرعية)دا و بگرە بەشداری جومعە و جەماعەت و کۆڕی زانستییان هەر نەبوو، بێئاگابوون و خەڵکیش وەکوو مەڕ و مالآت ڕاپێچ دەکران بەشوێنیاندا، وشەی (مرجع) بە پێناسەی تەوحید واتە (طاغوت)، ئیتر ئایەتولآیەك بێت یاخود شێخی تەریقەتێك بێت یاخود سەرکردەی حیزبێکی ئیسلامی بێت ئەگەر بۆخۆی زەوت بکات، بە هیچ شێوەیەك (حق التشريع) مولکی مرۆڤەکان نییە و گەڕانەوەی دین (مرجع) قورئان و سوننەتە، زانایان چەندە پەیوەست بن بە قورئان و سوننەتەوە و بەڵگەکاری پێیانەوە و شوێنکەوتەی ئەو دوو سەرچاوەیە بن ئەوکات گوێیان لێدەگیرێت و لە هەمان کاتیشدا (معصوم) نین و قابیلی وەرگرتن و ڕەتدانەوەن، (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: قَالَ غَيْرُ وَاحِدٍ مِنْ الْأَئِمَّةِ: كُلُّ أَحَدٍ مِنْ النَّاسِ يُؤْخَذُ مِنْ قَوْلِهِ وَيُتْرَكُ إلَّا رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ[1]. واتە زۆرێك لە زانایان یەك قسەیان هەیە ئەویش: هەموو کەس قسەی لێ وەردەگیرێت و ڕەتدەکرێتەوە بێجگە لە پێغەمبەر ﷺ نەبێت.

بەڵکوو ئەوە گومڕایی (أهل الكتاب)ە لە گاوورەکان کە: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ [التوبة : ٣١]. زۆری قەشە و عابیدەکانیان دەکردە خوا بێجگە لە خوا، کەواتە ئەوەی حەقی (تشريع) و خوایەتییە شایستە بە ئادەمیزاد نییە و تەنانەت حەقی پێغەمبەرانیش نییە ﴿ مَّا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُۗ ﴾ [المائدة : ٩٩]. پێغەمبەرانیش بەس گەیاندنیان لەسەر بووە.

ئەم فیکرەی ئیمامەتە لای شیعە کە (معصوم)ن و دەبێت جێگرەوەیان هەبێت تاوەکوو (مهدي المنتظر) دێت، وە ئەو جێگرەوانەشیان مافی یاسادانانیان هەیە بەناوی (مرجع وولاية الفقيه) هەمووی قۆرخکردنی دینە لە هەوا و ئارەزووی چەند مرۆڤێکدا.

بناغەی ئەم بیروڕای ئیمامەت و بنەماڵەی (آل بيت)ە پەیوەندی بە دوو جەمسەری شیعەوە هەیە، یەکەمیان لایەنی فارسایەتی کە بنەمای دروستکردنی شیعەن، ئەویش لە بیروڕای فارس و ئیمپڕاتۆریەتی فارسایەتی دەبوایە سەرکردە و سەرۆکایەتی فارسەکان هەر لە بنەماڵەی کیسرا و

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢٠/ ٢١١).

کیسراوییەکان بوایە، ئەمانیش هەمان بیروڕای دینییان لەسەر ئەوە داڕشتووە کە دەبێت جێگری پێغەمبەر ﷺ (علي ابن أبي طالب) بێت وە پاش ئەو دەبێت هەر لە بنەماڵەی ئەودا بێت.

دووەمیان بیروڕای جوولەکەکانە کە دەڵێن دەبێت دەسەڵات و مولك لە بنەماڵەی (آل داود) بێت، وە شیعەکانیش دەڵێن دەبێت لە بنەماڵەی (آل بیت) بێت بەتایبەت (حسین) رضي الله عنه لەبەرئەوەی خێزانێکی فارس بووە[1].

وە لە ژمارەی ئیمامەکاندا لای جوولەکەکان ﴿وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ ٱثْنَىْ عَشَرَ نَقِيبًا﴾ [المَائِدَة : ١٢]، ﴿وَقَطَّعْنَٰهُمُ ٱثْنَتَىْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا أُمَمًا﴾ [الأعراف : ١٦٠]. لەناو جوولەکەکاندا (١٢) سەرکردە و چین بوون، لەناو شیعەشدا (١٢) ئیمامەکە پێیان دەوترێت دوانزە ئیمامی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری بنیادنەری بەردی بناغەی دروستکردنی شیعەکان لەلایەن (عبد الله بن سبأ) کە جوولەکەی یەمەن بوو بەناو موسوڵمان بوو، هەموو بیروڕای جوولەکەیەتیەکەی گواستەوە بۆ ناو ئیسلام.

لە پێگەی خۆشیاندا (شعب الله المختار) گەلی هەڵبژێردراوی خوایین و دەڵێن: ﴿نَحْنُ أَبْنَٰٓؤُا۟ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ﴾ [المَائِدَة : ١٨]، ئەمانیش دەڵێن شیعە (آل بیت)ی پێغەمبەری خوان، ناوی خۆیان ناوناوە بە (مؤمنون) و باقیەکەی تری (عامة) و موسوڵمان و ڕەشۆکی خەڵك.

وە عەقیدە و بیروڕای گەڕانەوەی (المهدي المنتظر) لای جوولەکەکان هەیە و لای شیعەکانیش گەڕانەوەی (المهدي المنتظر) لە (آل بیت)ی (حسین بن علي) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ هاوشێوە و لێکچووی شیعە و جوولەکە بە شێوەیەکی وورد ئەوا لە کتێبی "بذل المجهود في اثبات مشابهة الرافضة لليهود"ی دکتۆر (عبد الله الجميلي) لە دوو بەرگدا شتی سەیر و سەمەرەی بێ نکوولێکار دەبینیت.

لە (توحيد الألوهية)دا شیعە بەتەواوی لەناو شەریك بڕیاردان و قەبر پەرستی و عیبادەتکردن بۆ (مخلوقات)دایە دەبینیت بە هەموو جۆرەکانی عیبادەتی و عەقیدەیی بە شێوەیەك کە سەردەمی (الجاهلية)ی پێش ئیسلامت بیردەکەوێتەوە، کاتێك پێغەمبەر و هاوەڵان هەموو خوێن و مااڵیان لە

(١) لە "بذل المجهود في اثبات مشابهة الرافضة لليهود" لعبد الله الجميل (١/ ٢١٦).

پێناوی جیهادکردن بۆ بنەبڕکردنی ئەو (جاهلية)ە بەخشی، بەڵام دەبینی ئەمڕۆ ئیسلام و تەوحیدی ڕاست و دروست بووەتە (شرك وبدعة وكفر)، ئەمەیە غەریبی و نامۆیی ئیسلام لەم سەردەمەدا.

سێیەم: توحيد الأسماء والصفات.

ئەگەر هەردوو بەشەکەی پێشووی تەوحید پڕاوپڕ بێت لە (شرك وتعطيل)، ئەوا گومان نییە ئەم بەشە تەوحیدە هەستیارەیان خراپتر.

لە تەوحیدی (الأسماء والصفات)دا شیعەکان دوو قۆناغی زۆر دوور و جیاواز و پێچەوانە لە یەکتر بەخۆیانەوە دەبینن، لەبەرئەوەی (عقيدة) و بەرنامەی شیعە قۆناغ بە قۆناغ دروستبووە و هەر قۆناغەی خاوەنەکانیان لە بارودۆخێکی زۆر جیاوازدا بوون و بەگوێرەی سەردەم هەر (انحرافات)یەکی تازە بووبێت بە ڕابوردووشەوە ئەمان وەکوو موگناتیس ڕاپێچی خۆیانیان کردووە، هەروەك (محب الدين الخطيب) دەڵێت: أن أهل السنة لايقولون بتطور الدين ... أما الشيعة فيطور مدلول الدين عندهم ... بينما الممقاني يقول: ان ما كان يعد يومئذ غلواً صار بعد الآن من ضروريات المذهب، هذا تقرير علمي في أكبر وأحدث كتاب لهم في الجرح والتعديل يعترفون فيه بأن مذهبهم الآن غير مذهبهم قديماً ... فمذهبهم اليوم غير مذهبهم قبل الصفويين، ومذهبهم قبل الصفويين غير مذهبهم قبل ابن المطهر. ومذهبهم قبل ابن المطهر غير مذهبهم قبل آل بويه، ومذهبهم قبل آل بويه غير مذهبهم قبل الشيطان الطاق، ومذهبهم قبل شيطان الطاق غير مذهبهم في حياة الحسن والحسي وعلي بن الحسين[1].

ئەهلی سوننەت باوەڕیان بە گۆڕانکاری دین نییە، ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵان و تابعیندا دین بووە هەر ئەوە دین و بەڵگەکارییە لەسەر ئیمام و شوێنکەوتووانی، بەڵام شیعە باوەڕیان بە گۆڕانکاری دینییان هەیە، (الممقاني) لە "تنقيح المقال"دا لە باسی پیاوانی مەزهەبیاندا دەڵێت: ئەوکاتە هەرکەسێك لە ڕیوایەتکارانی شیعە (غلو) و زیادەڕەوییان ببوایە پیاوانی کۆنیان ڕیوایەتیان لێ وەرنەدەگرتن، بەڵام ئێستا (غلو) و زیادەڕەوی دین یەکێکە لە پێویستییەکانی دینی

(١) لە پەراوێزی "المنتقى" للذهبي ص٢٠٥.

شيعه، ئەمە بەدواداچوونێکی زانستییە لە گەورەترین سەرچاوەیاندا، کە دان بەوەدا دەنێن رێڕەو و مەزهەبی ئیستایان رێڕەو و مەزهەبی پێش سەفەوییەکان نییە.

وە مەزهەب و رێڕەوی سەفەوییەکان وەکوو پێش (ابن المطهر)یان نییە، وە (ابن المطهر) وەکوو پێش (آل بویه) نییە، وە ئەمانیش وەکوو پێش (شیطان الطاق) نییە، وە ئەمانیش مەزهەبیان وەکوو سەردەمی ئیمام (علي وحسن وحسين) کوڕی و (زين العابدين)ی کوڕەزاشیان نییە، ئەم گۆڕانکارییە بەردەوام هەبووە، بۆیە شیعەی ئیستا لەخۆگری هەموو بیر و ڕێبازی فیرەقەکانە بە تێکەڵی، هەروەك سەرچاوەکانیان هەمووی پڕە لە درۆ و هەڵبەستراو و بەناوی ئیمامەکانیانەوە بە شێوەیەك شتی جێگیرت دەسناکەوێ، دینیان (الغلو والكذب) زیادەڕەوی و درۆکردنە، هەروەك ئیمامی (الشافعي) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: لَمْ أَرَ أَحَدًا مِنْ أَصْحَابِ الأَهْوَاءِ، أَشْهَدَ بِالزُّورِ مِنَ الرَّافِضَةِ[(١)]. وە دەڵێت: أُجِيزُ شَهَادَةَ أَهْلِ الْأَهْوَاءِ كُلِّهِمْ إِلَّا الرَّافِضَةَ[(٢)]. واتە هیچ کەسێکم لە فیرەقەکان نەدیوە لە ڕافیزەی شیعەکان درۆزنتر بێت، شایەتی هەموو فیرەقەکان وەردەگرم بێجگە لە شایەتی ڕافیزەکان نەبێت.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أَنَّ الرَّافِضَةَ أَكْذَبُ طَوَائِفِ الْأُمَّةِ عَلَى الْإِطْلَاقِ وَهُمْ أَعْظَمُ الطَّوَائِفِ الْمُدَّعِيَةِ لِلْإِسْلَامِ غُلُوًّا وَشِرْكًا[(٣)].

واتە: ڕافیزەکان بە ڕەهایی درۆزنترین فیرەقن، کۆمەڵێکن زۆرترین زیادەڕەوی و شەریك بڕیاردانیان تیادایە، ئەتوانین بڵێین فیرەق و کۆمەڵێکن لە دەرەوەی ئیسلام دروستبوون، ئەگەر فیرەقەکانی تر (شبهات) و گومانکاری بن ئەوا ئەمان لەخۆگری (شبهات وشهوات)ن، دینیان بنیادنراوە لەسەر حەڵاڵکردنی درۆ بەناوی (تقية) و زینا بەناوی (متعة) و دزی بەناوی (الخمس) و قسەوتن و زمان پیسی بەرامبەر ناوداران و هاوەڵانی پێغەمبەر بە دینداری و (حب آل بيت) دەزانن و بنەمای دینییان دژایەتیکردنی ئەهلی حەقە بەناوی (ناصبة) و بکوژی (حسين)، تەنانەت ئەمانە لە

---

(١) "آداب الشافعي ومناقبه" لابن أبي حاتم الرازي ص ١٤٤، و "الكامل" لابن عدي (٣/ ٤٠٨)، و "ميزان الاعتدال" للذهبي (١/ ٢٨).

(٢) "السنن الكبرى" للبيهقي (١٠/ ٣٥٢)، و "مناقب الشافعي" للبيهقي (١/ ٤٦٨)، و "مناقب الشافعي" للرازي ص ١٤٢.

(٣) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٢٧/ ١٧٥).

دینی بوزایی و هندۆسییەکانیشدا نییە.

شیعەکان لە تەوحیدی (الأسماء والصفات)دا دوو جۆر بەرنامە و تێڕوانینیان هەیە:

تێڕوانینی یەکەم: **تێڕوانینی پێشەواکانیان لەسەر ناو و سیفاتەکانی خوا کە بڕیاری لاشە و جەستەی بۆ دادەنێن (التجسيم والتشبيه)، هەموو سیفاتەکانی خوایان بە جەستە و شێوازەکانی ئادەمیزاد دەشوبهاند، ئەمەشیان لە یەهود و جوولەکەوە وەرگرتووە کە (توراة)یان پڕ لەم بابەتانە، هەروەك (فخر الدين الرازي) دەڵێت:** الْيَهُود أَكْثَرهم مشبهة وَكَانَ بَدو ظُهُور التَّشْبِيه فِي الْإِسْلَام من الروافض مثل بنان بن سمْعَان الَّذِي كَانَ يثبت لله تَعَالَى الْأَعْضَاء والجوارح وَهِشَام بن الحكم وَهِشَام بن سَالم الجواليقي وَيُونُس بن عبد الرَّحْمَن القمي وَأَبُو جَعْفَر الْأَحول[(١)].

جوولەکەکان زۆرترینیان (مشبهة) و هاوشێوەکار بوون لە سیفاتەکانی خوادا، وە سەرەتای دەرکەوتنی (تشبيه) بڕیاری لاشەدانان بۆ سیفەتەکانی خوا لە ڕافیزەکانەوە سەری هەڵدا، وەکوو (هشام بن الحكم وهشام الجواليقي ويونس القمي وأبو جعفر ...)، ئەمانە ناودارەکانی شیعە و فەیلەسووفەکانیانن.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَأَوَّلُ مَنْ عُرِفَ عَنْهُ فِي الْإِسْلَامِ أَنَّهُ قَالَ: إنَّ اللَّهَ جِسْمٌ هُوَ هِشَامُ بْنُ الْحَكَمِ[(٢)]. **واتە یەکەم کەس لە ئیسلامدا کە وتی خوا لاشەی هەیە (هیشامی کوڕی حەکەم) بوو.**

ئەم بیروڕایانەشیان ئیمامەکانی بنەماڵەی (آل بيت) بەڕەچیان داونەتەوە و پەیوەست بوون بە بەرنامەی ئەهلی سوننەتەوە هەروەك: وَالنَّقْلُ بِذَلِكَ ثَابِتٌ مُسْتَفِيضٌ فِي كُتُبِ أَهْلِ الْعِلْمِ، بِحَيْثُ إنَّ مَعْرِفَةَ الْمَنْقُولِ فِي هَذَا الْبَابِ عَنْ أَئِمَّةِ أَهْلِ الْبَيْتِ يُوجِبُ عِلْمًا ضَرُورِيًّا بِأَنَّ الرَّافِضَةَ مُخَالِفُونَ لَهُمْ لَا مُوَافِقُونَ لَهُمْ[(٣)]. **هەڵوێستی ئیمامەکانی (آل بيت) ئاشکرایە لەسەر ڕێڕەوی حەقیان کە شیعەکان بە پێچەوانەی ئەوانەوەن.**

---

(١) "اعتقادات فرق المسلمين والمشركين" للرازي ص٦٤.

(٢) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (١/ ٧٣).

(٣) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٤/ ١٧).

تێڕوانینی دووەم: (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** أَنَّ مَا ذَكَرَهُ مِنْ الصِّفَاتِ وَالْقَدَرِ لَيْسَ مِنْ خَصَائِصِ الشِّيعَةِ، وَلَا هُمْ أَئِمَّةُ الْقَوْلِ بِهِ، وَلَا هُوَ شَامِلٌ لِجَمِيعِهِمْ، بَلْ أَئِمَّةُ ذَلِكَ هُمُ الْمُعْتَزِلَةُ، وَعَنْهُمْ أَخَذَ ذَلِكَ مُتَأَخِّرُو الشِّيعَةِ. وَكُتُبُ الشِّيعَةِ مَمْلُوءَةٌ بِالِاعْتِمَادِ فِي ذَلِكَ عَلَى طُرُقِ الْمُعْتَزِلَةِ، وَهَذَا كَانَ مِنْ أَوَاخِرِ الْمِائَةِ الثَّالِثَةِ، وَكَثُرَ فِي الْمِائَةِ الرَّابِعَةِ لَمَّا صَنَّفَ لَهُمُ الْمُفِيدُ وَأَتْبَاعُهُ كَالْمُوسَوِيِّ وَالطُّوسِيِّ، وَأَمَّا قُدَمَاءُ الشِّيعَةِ فَالْغَالِبُ عَلَيْهِمْ ضِدُّ هَذَا الْقَوْلِ، كَمَا هُوَ قَوْلُ الْهِشَامَيْنِ وَأَمْثَالِهِمَا[1].

واتە: شیعەکان لە باسی باوەڕنەبوون بە سیفاتەکانی خوا و بابەتی قەزا و قەدەر هیچ تایبەتمەندی و لێزانینێکیان نییە لەسەری و هەموشیان یەك قسە نین، بەڵکوو پێشەنگ و ئیمام لە بابەتەکانی سیفات و قەدەر (معتزلة)کانن، شیعەکانی ئەم دواییەیان هەموویان شوێنکەوتەی قسەی (معتزلة)کانن و ئەم قسانەشیان لە بارەی باوەڕنەبوون بە سیفاتەکانی خوا لە سەدەی سێیەمی ئیسلامدا دروستبووە، وە لە سەدەی چوارەمدا شیعە زۆرترین شوێنکەوتەی ئەم قسانەی (معتزلة)کان بوون کاتێك ناوداڕەکانیان وەکوو (المفيد، الطوسي، الموسوي ...) نووسینیان بە شێواز و شوێنکەوتەیی (معتزلة)کان بلاّوکردەوە، ئەگەرچی پێشووەکانیان پێچەوانەی ئەم قسانە بوون.

وە دەڵێت: ثُمَّ قُدَمَاءُ الْإِمَامِيَّةِ وَمُتَأَخِّرُوهُمْ مُتَنَاقِضُونَ فِي هَذَا الْبَابِ، فَقُدَمَاؤُهُمْ غَلَوْا فِي التَّشْبِيهِ وَالتَّجْسِيمِ، وَمُتَأَخِّرُوهُمْ غَلَوْا فِي النَّفْيِ وَالتَّعْطِيلِ[2]. **پێشووەکانی شیعە و ئەم دواییەیان پێچەوانەی یەك بوون، پێشووەکانیان زیادەڕەوییان دەکرد لە شێوەکاری و لاشە دانان بۆ خوا (التشبيه)، بەڵام ئەم دواییەیان زیادەڕەوییان دەکرد لە باوەڕپێنەبوون و (التعطيل) و لەکارخستنی ناو و سیفاتەکانی خوا.**

شیعەکان: وَهُمْ مِنْ أَجْهَلِ هَذِهِ الطَّوَائِفِ بِالنَّظَرِيَّاتِ، وَلِهَذَا كَانُوا عِنْدَ عَامَّةِ أَهْلِ الْعِلْمِ وَالدِّينِ مِنْ أَجْهَلِ الطَّوَائِفِ الدَّاخِلِينَ فِي الْمُسْلِمِينَ[3]. **شیعەکان نەزانترین کەس بوون بە بوار و**

---

(١) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٢/ ١٠١).

(٢) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٢/ ١٠٣).

(٣) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (١/ ٩).

تێڕوانینە عەقڵییەکان، بۆیە لای گشت زانایان و خاوەن دین نەزانترین کۆمەڵ بوون لەناو فیرەقەکانی ئیسلامدا.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَلَيْسَ فِي شُيُوخِ الرَّافِضَةِ إِمَامٌ فِي شَيْءٍ مِنْ عُلُومِ الْإِسْلَامِ لَا عِلْمِ الْحَدِيثِ وَلَا الْفِقْهِ وَلَا التَّفْسِيرِ وَلَا الْقُرْآنِ، بَلْ شُيُوخُ الرَّافِضَةِ إِمَّا جَاهِلٌ وَإِمَّا زِنْدِيقٌ، كَشُيُوخِ أَهْلِ الْكِتَابِ[١].

واتە: لە ناوداڕەکانی شیعەدا و پێشەواکانیان هیچ کەسێکیان تیادا نییە ئیمام و پێشەوای تەواو بێت لە عیلمەکاندا، نە زانستی فەرموودە، نە فیقە نە تەفسیر و نە قورئان ...، بەڵکوو زۆری ناوداڕەکانیان یا زۆر نەزان و نەفام بوون یاخود زۆر بێ دین و دژە دین بوون هەروەك قەشەی گاوور و جوولەکەکان.

بەڵکوو خۆدانە پاڵ ناوی شیعە بەرگی خۆشاردنەوەی زۆری گرووپ و کۆمەڵە موڵحیدەکان بووە: فَإِنَّ الْمَلَاحِدَةَ مِنَ الْبَاطِنِيَّةِ الْإِسْمَاعِيلِيَّةِ وَغَيْرِهِمْ وَالْغُلَاةِ النُّصَيْرِيَّةِ وَغَيْرِ النُّصَيْرِيَّةِ إِنَّمَا يُظْهِرُونَ التَّشَيُّعَ، وَهُمْ فِي الْبَاطِنِ أَكْفَرُ مِنَ الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى، فَدَلَّ ذَلِكَ عَلَى أَنَّ التَّشَيُّعَ دِهْلِيزُ الْكُفْرِ وَالنِّفَاقِ[٢]. **زۆری موڵحیدەکان هەر لە فیرەقە (باطني)یەکانەوە کە دەوڵەتی (فاطمي)یان لە میسر دروستکرد و دەوڵەتی بووەیهییەکانیان لە ڕۆژهەڵات دروستکرد، وە (نصيري)یەکان کە پێیان دەوترێت (علوي)یەکان، وە هەر گرووپێك دروستبووبێت بەرگی شیعەگەری لەبەرکردووە بۆ شاردنەوەی بیروڕاکەی، لە کاتێکدا ئەو گرووپ و فیرەقانە بێبڕواتر و موڵحیدتر بوون لە گاوور و جوولەکەکان، لەبەرئەوە شیعەگەری تونێل و حەشارگەی بێبڕوایی و دووڕوویی و (نفاق) بووە.**

لە تەوحیدی (الأسماء والصفات)دا قسە و بەرنامەی (معتزلة) و کەلامییەکانیان جوێوەتەوە، هەروەك (ابن بابويه) دەڵێت: كمال التوحيد نفي الصفات عنه[٣]. **واتە کاملّی تەوحید باوەڕنەبوونە بە سیفاتەکانی خوا.**

---

(١) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٧/ ٢٨٦، ٢٨٧).

(٢) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٨/ ٤٨٦).

(٣) "التوحيد" لابن بابويه ص٥٧.

هەر لەو كتێبەيدا حەفتا ڕيوايەت دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی خوا (لا يوصف بزمان زلا مكان ولا كيفية ولا حركة ولا انتقال ولا بشيء من صفات الأجسام ...)، خوا وەصف ناكرێت بە كات و شوێن و چۆنيەتی و جوولّە و گۆڕان و سيفاتە لاشەييەكان.

هەموو ئەمانە قسەی موعتەزيلەكانە لەسەر نەبوونی سيفات، بەرنامەيان (النفي المفصل) و (اثبات مجمل)ە، بە ڕێگەی دوور و درێژی سەلماندنی نەبوونييە، بۆيە ئەويش ئەنجامەكەی كەوتە نەبوونەوە، وە بە شێوەی زۆر كورت باوەڕيان بە هەندێك لە سيفاتەكان بوو، بۆيە ئەويش بووە هۆكاری نەبوونيەتی، ئەمە بەرنامەی هەموو فيرقە فەلسەفييە عەقلانييەكانە لە سيفاتدا، بەپێچەوانەی (أهل السنة)ەوە كە (الإثبات المفصل والنفي المجمل) ڕێژەی زۆری سەلماندنی بوونی سيفاتەكانە و بە كورتی و كەمی بڕيار لەسەر نەبوونی پێچەوانەی سيفەتەكانە ئەويش بە پێچەوانەوە بۆ سەلماندنی سيفاتەكانە بە جۆرێكی تر، وەكوو نەمردن بۆ سەلماندنی ژيان.

هەندێك بيروڕا و هەڵوێستيان لە بابەتە عەقيدەييەكاندا[1]:

١. **بابەتی (القرآن مخلوق):** شيعەكان لەم بابەتەدا شوێنكەوتەی موعتەزيلەكانن، لە كاتێكدا كە موعتەزيلەكان بە ئەهلی سوننەت و بەناوی خەڵكە گشتييەكە (العامة) ناو دەبەن، كەچی مامۆستای ئەوانيشن، ئەم بڕيارەيان پێچەوانەی ئيمامە ناوداركانی پێشوويانە، وەكوو (أبو جعفر الصادق) كە شوێنكەوتەی گەورە هاوەڵەكانی پێغەمبەرە ﷺ.

المجلسي دەڵێت: باب أن القرآن مخلوق[2]. بابەتی سەلماندنی ئەوەی قورئان (مخلوق)ە، يانزە ڕيوايەتی هەڵبەستراوی لەم بارەيەوە كەڵەكە كردووە.

وە محسن الأمين دەڵێت: قالت الشيعة والمعتزلة: القرآن مخلوق[3]. واتە ڕای شيعە و موعتەزيلەكانە كە دەڵێن قورئان (مخلوق)ە.

٢. **بابەتی (رؤية الله):** بينينی خوا لە قيامەتدا شيعە گومڕاكانی ئەم دواييە باوەڕيان پێی نييە،

---

(١) "أصول مذهب الشيعة الإمامية الإثني عشرية" رسالة دكتوراه لناصر بن عبد الله بن علي القفاري (٢/ ٥٤١ – ٥٧١).

(٢) "بحار الأنوار" للمجلسي (٩٢/ ١١١٧).

(٣) "أعيان الشيعة" لمحسن الأمين (١/ ٤٦١).

هەروەك لە "بحار الأنوار" (٣١/٤)دا ڕيوايەتى هەڵبەستراوى بەناوى (جعفر الصادق)ەوە هێناوە لەسەر ئەوەى خوا نابينرێت.

٣. ئيمامەكانيان بە ناوەكانى خواوە ناو دەبەن، (قال جعفر: نحن وجه الله)، (وقال علي: أنا وجه الله، أنا جنب الله، وأنا الأول، وأنا الآخر، وأنا الظاهر وأنا الباطن ...)[١].

٤. بابەتى (نزول الرب): باوەڕيان بە هاتنى خوا بۆ ئاسمانى دونيا و قيامەت نييە و بە هەمان شێوەى پێشوو ڕيوايەتى درۆيان كەڵەكە كردووە بەناوى ئيمامەكانيانەوە.

٥. ئيمان لاى ئەوان كە پێى دێيتە ناو ئيسلام و خوێن و مالّت پێى سەلامەت دەبێت؛ ئيمانە بە ئيمامەكان.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: وَكَثِيرٌ مِنْ هَؤُلَاءِ يَقُولُ: حُبُّ عَلِيٍّ حَسَنَةٌ لَا يَضُرُّ مَعَهَا سَيِّئَةٌ[٢].

واتە: زۆريان دەڵێن: خۆشەويستى ئيمامى عەلى چاكەيەكە هيچ تاوانێك زيانى پێ ناگەيەنێت.

ناسين و (معرفة)ى ئيمامەكان ئيمانە، هەمان قسە و بيروڕاى (مرجئة)كانە بە شێوەيەكى تر كاتێك دەڵێن (عمل) لەناو ئيماندا نييە.

هەريەك لە (وعد ووعيد) هەڕەشە و موژدەكانى قورئان لەسەر باوەڕبوون بە ئيمامەكانيان دادەنێن، وە دەڵێن (ملائكة)كان لە نووری ئيمامەكان دروستبوون، وەكوو لە "بحار الأنوار"دا هاتووە دەڵێت: خلق الله من نور وجهه علي بن أبي طالب سبعين ألف ملك. أن جبرائيل دعا أن يكون خادما للأئمة[٣]. واتە لە نووری عەلى حەفتا هەزار مەلائيكە دروستبووە، وە جبريل داواى كرد خوا بيكات بە خزمەتكاری ئيمامەكان.

٦. شيعەكان باوەڕيان بە هاتنەخوارەوەى وەحى هەيە بۆ ئيمامەكان، بەتايبەت ئەوەى كە پێى دەڵێن (مصحف فاطمة) كە دەڵێن ئيمامى عەلى بۆى دەنووسيوە: (... ما مصحف فاطمة عليه

---

(١) "أصول مذهب الشيعة" (٢/ ٥٥٨)، و "بحار الأنوار" (١٨/ ٩٤)، و "رجال الكشي" (٣٧٤).

(٢) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (١/ ١٠٦).

(٣) "بحار الأنوار" للمجلسي (٢٣/ ٣٢٠)، (٢٦/ ٣٤٤).

السلام: قال مصحف فيه مثل قرآنكم هذا ثلاث مرات ما فيه من قرآنكم حرف واحد)[١]. واتە قورئانەکەی فاطمة بە هەندەی سێ جاری قورئانەکەی ئێوەی تیادایە و یەك حەرفیشی لەوەی ئێوە ناچێت.

٧. بیروڕایان لەسەر عەقیدەی (البداء) عەقیدەی جوولەکەکانە واتە خوا شتێك دەکات و پاشان بۆی دەردەکەوێت کە بەو شێوەیە نەبووە و دەیگۆڕێت، ئەمەش ناتەواوی (علم)ی خوایە و شێوەکارییە بە (علم)ی مەخلوقاتەوە، تەنانەت گەورەی دەکەن ئەم عەقیدەیە و دەڵێن: ما عبد الله بشيء مثل البداء[٢]. واتە خواپەرستییەك نییە لەناو دیندا بە هەندەی ئەوەی باوەڕت بە (بداء) بۆدەرکەوتنی خوا بێت، کەواتە متمانە نییە لەسەر کارەکانی خوا لەبەرئەوەی زانستی تەواوی لەسەر نییە.

وەکوو عەرەب دەڵێت (قل لا حرج) چی ئەڵێی بیڵێ دەربارەی عەقیدە و دینی شیعە هیچت لەسەر نییە زبڵدانە هەمووی جێگای دەبێتەوە (دِهْلِيزُ الْكُفْرِ وَالنِّفَاقِ)[٣]. تونێلی دووڕوویی و بێبڕواییە.

لەبەر ئەوە (التقية، الرجعة، الظهور، الطينة، الإمامة ...)[٤] درۆکردن، گەڕانەوەی مەهدی، دەرکەوتنی محمد عەسکەری لە کونەکەی سامەڕا، ئەو قوڕەی شیعەی لێ دروستبووە، جیاواز و تایبەت تاوەکوو ئەهلی سوننەت ... ئیمامەکانیان ... وە تەناتە (أركان الإيمان) ڕوکنەکانی ئیمان کاتێك شەشن لە قورئان و سوننەتدا کە عەقیدەی ئەهلی سوننەتە: «... الْإِيمَانُ أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ، وَمَلَائِكَتِهِ، وَكُتُبِهِ، وَرُسُلِهِ، وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ»[٥]. شیعەکان کردوویانە

---

(١) "أصول الكافي" للكليني (١/ ٢٣٩)، و "بحار الأنوار" للمجلسي (٢٦/ ٤٤).

(٢) "أصول الكافي" للكليني (١/ ١٤٦)، و "التوحيد" لابن بابويه ص٣٣٢.

(٣) "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (٨/ ٤٨٦).

(٤) "أصول مذهب الشيعة" (٢/ ٦٤٩ - ٩٥٥).

(٥) رواه مسلم (٨) كِتَابُ الْإِيمَانَ، بَابُ معرفة الْإِيمَانِ، وَالْإِسْلَامِ، والقَدَرِ وَعَلَامَةِ السَّاعَةِ، وأبو داود (٤٦٩٥)، وأحمد في "المسند" (٣٦٧)، والطبراني في "الكبير" (١٣٥٨١)، والطيالسي في "مسنده" (٢١)، والبيهقي في "الشعب" (١٧٧)، وفي "القضاء والقدر" (١٨١)، والآجري في "الشريعة" (٢٠٦)، وأبو نعيم في "الحلية" (٨/ ٢٠٢).

به چوار و دەڵێن: أصول الدين عند الإمامية أربعة، التوحيد والعدل والنبوة، والإمامة[1].

ڕوکن و بنەماکانی دین لایان: تەوحید ئەو تەوحیدە جوانەیە کە هەیانە، (العدل) بابەتی قەزاوقەدەر وەکوو موعتەزیلەکان وان (لموافقتهم المعتزلة في القدر والصفات)، باوەڕیان بەوەیە خۆیان کاری خۆیان دروست دەکەن و خوا دەسەڵاتی تیادا نییە، وە (النبوة والإمامة) پێغەمبەرایەتی بە مەرجی جێنشینی ئیمام (علي بن أبي طالب) و نەوەکانی.

(أصول وأركان)ی دینیشیان جیایە لە ئەهلی سوننەت، (جهمية)کانن لە سیفاتەکانی خوادا، قەدەریەکانن لە قەدەردا، (مرجئة)کانن لە ئیماندا، (وعيد) خەوارجەکانن لە هەڕەشەکاندا، (معتزلة)کانن لە فەلسەفە و عەقڵدا بۆ دین، جوولەکەن لە خۆدزینەوە لە دیندا و گاوورەکانن لە کاری پڕ لە بیدعەکاری و (شرك) و بتپەرستن وەکوو (وثنية) بتپەرستەکان دینێکی تاشراوە بە بنەمای فارسایەتی مەجووسییەکان و دروستکراوی دەستی بەرنامەی جوولەکەکان و شوێنکەوتەی ناودار و (أرباب) و ئیمامە گومڕاکانیانن.

لە تەوحیدی (الربوبية)دا هەموو (الخلق والأمر والتدبير ...) بۆ ئیمامەکانیانە، هەروەك چۆن سۆفییەکان باوەڕیان بە (أقطاب)ەکان هەیە لە (ربوبية)دا.

لە تەوحیدی (الألوهية)دا هەرچی عیبادەتە ئەنجام دەدرێت و دەکرێت بۆ قەبری ئیمامەکانیان و جێگرەکانیان، لە تەوحیدی (الأسماء والصفات)دا بوونی نییە و هەرجارەی لەسەر گومڕاییەکی فیرەقەکانن و خەزێنەی درۆ و هەڵبەستراوین بۆ دین.

شەشەم: دابەشکردنی تەوحید بەناوی (توحيد الحاكمية):

هەموو ئەو دابەشکردنی تەوحیدانەی پێشوو لای فیرەقەکان هۆکاری سەربەخۆ هەبووە بۆ ئەو دابەشکردنانە، لەم دواییەدا چەند نووسینێکی تایبەت لە ڕووگەیەکی تایبەتەوە لەناو ئەهلی سوننەتدا و ئەم بەشی چوارەمەی تەوحید بەناوی تەوحیدی (الحاكمية)ەوە دروستبووە، بەڵام بە هۆکاری بێ بنەمایی زانستی و کەسایەتی لاوازی عیلمی هەموو جار دەبێتە هەرەسهێنانی بابەتەکە، بۆیە بە کاریگەرییەکانی ئەم سەردەمە کاتێك خەلافەتی ئیسلامی نەماوە و حوکم و یاسا و دەسەڵاتی عیلمانی بە بنەمای ئیلحاد سەپێنراوە بەسەر جیهانی ئیسلامیدا و لەدوای

---

(١) "مختصر منهاج السنة" لابن تيمية ص٤٤، اختصره عبد الله بن محمد الغنيمان، و "منهاج السنة النبوية" لابن تيمية (١/ ٩٩).

پارچەپارچەکردنی ولاتە ئیسلامییەکان و هێنانەدی (قومية، إقليمية، ديمقراطية، علمانية ...) ئەوەندەی تر خەڵك تووشی ستەم و چەوساندنەوە و شەکەتی بوو لە دونیادا، وە بووە گومڕایی و دوورکەوتنەوە لە دین و دژایەتیکردنی بە هەموو جۆرێك، سەرلەنوێ لەناو موسوڵمانانداا لە ئاستی ئەم ئیلحادەدا وشیاربوونەوەیەکی دینی ڕووی کردە جیهانی ئیسلامی، بەڵام سروشتی لەدایکبوونەکە گومانی تیادا نییە کە لە خاڵی سەرەتاییەوە دەستی پێکرد، بەو هۆکارەوە نەزانین و بێئاگاییەکی گەورەیان تیادا بوو بەسەر حەقیقەتی ئیسلام و بەرنامەی ڕاست و دروستی ئەهلی سوننەت، نەك هەر بێئاگایی لەو بارەیەوە بەڵکوو بێئاگایی بەسەر فیرەق و لادان و گومڕاییەکانی ناو بازنەی ئیسلامیشدا هۆکارێکی تر بوو لە شەکەتی موسوڵمانان، نە خاوەنی هەڵگری حەق بوون و نە خاوەن ناسینی بەتاڵ، ئیتر بۆخۆی لە زەلکاوێکی زۆر بەتاڵ و ئاڵۆزدا بوون، لەبەرئەوە نە بانگەوازییەکمان (دعوة) بوو وە نە بەناو زانا و بانگخوازەکانمان ئەوان بوون وە نە تێکۆشان و هەوڵدانەکانمان جیهادی ڕاستەقینە بوو، بە ئیفلیجی لەدایك بووین، لەناو باوەشی دوژمنەکانماندا گەورە بووین، یەکێکی وەکوو (شيعة) پشتیوان و پاڵپشت بوو بۆ گرووپەکانی ئەهلی سوننەت، یاخود بناغەدارێژی ئەو ڕێگایە لەسەر دەستی (مشرب)ی سۆفییەکاندا بوو، یاخود لەسەر دەستی ئەدیب و شاعیر و نووسەر و وتاربێژە فیکرییەکاندا پێشەوایەتی و بنیادنەری ئەو کۆمەڵ و گرووپە ئیسلامییانە بوون، وە زۆرجاریش کەسانی بێ پسپۆڕ سەرکردەیان بووە، وە بگرە پسپۆڕییەکانیان زۆر دووربوون لە پسپۆڕییە زانستە ئیسلامییەکان بەلایەنی کەمەوە، وەکوو پسپۆڕی (الطب والهندسة ...) پزیشك و ئەندازیار و دەرمانسازی بوون ... یاخود قوتابی بەردەستی زانایانی ئەهلی سوننەت نەبوون تاوەکوو قۆناغێکی باش و چاو و گوێ کراوەییان هەبێت لە بواره دینییەکەدا.

بەم هۆکارەوە هەرجارەی تووشی (مأساة ونكسة) و خەم و هەڵدێرانێك دەبوون، وە زۆرجار دوژمنان ئاشێکیان بۆ دەسازانین و گەنج و ناودار و دڵسۆزەکانمان خۆراکی ئاشەکە بوون بە هۆکاری بێ زانستی و نەزانینەوە، تەنانەت لەناویاندا ئەوەندەی ئیسلامی ڕاست و دروست نامۆ بوو هیچ شتێك ئەوەندە نامۆ نەبوو، وە ئەوەندەی خۆمان پێویستمان بە شارەزایی و (دعوة) بوو ئەوەندە دەرەوەی خۆمان پێویستی نەبوو.

لەناو ئەم کەشە پڕ لە سـۆز و تینەدا هەرجارەی بابەتێکی زۆر هەستیار دەهوروژا و بەری پێ

نەدەگیرا و ئەنجامەکەی بەس نەپێکاندن بوو، وەك (ابن القيم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: ولا ريب أن الصديق الجاهل قد يضر ما لا يضره العدو العاقل[1]. **ئەوەندەی دۆستێکی نەزان زیان دەگەیەنێت ئەوەندە دوژمنێکی عاقڵ زیان ناگەیەنێت، ئەمە سوننەتی پەروەردگارە:** ﴿وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً أَتَصْبِرُونَ﴾ [الفرقان: ٢٠]. **هەندێکتان بۆ هەندێکتان تاقیکردنەوەن، ئایا ئارام ئەگرن؟!**

یەکێك لەو بابەتە وروژاوانە ئەم دابەشکردنە بیدعەکارییەیە لە تەوحیددا بەناوی (توحيد الحاكمية)، کە ئەم دابەشکردنە زۆر بە کارێکی ئاسان و سادەش دەزانرێت، هەروەك (صلاح الصاوي) دەربارەی دابەشکردنی تەوحید لای ئەهلی سوننەت بۆ دوو بەش و سێ بەش دەڵێت: فإن هذا التقسيم اصطلاحي، الهدف منه تقريب القضية وتنظيم دراستها، ... وعلى هذا فلا مُشاحة في الاصطلاح وليست هناك حدود فاصلة بين ما يدخل في توحيد الربوبية وبين ما يدخل في توحيد الألوهية وبين ما يدخل في توحيد الأسماء والصفات، بل إن هذا التقسيم ابتداء على هذا النحو لم يرد به فيما تعلم آية محكمة أو سنة متبعة ... يجعله جزءا من التراث السلفي، فينبغي قبوله على أن لايكون في ذاته معقد ولاء وبراء[2]. **واتە ئەم دابەشکردنی تەوحیدە مەبەست تیایدا نزیکخستنەوەی بابەتەکەیە و ڕێکخستنی خوێندنەوەیەتی، لەبەرئەوە هیچ قسەکردنێك پێویست ناکات لە دارِشتندا، لەبەرئەوە هیچ سنووڕێکی دیاریکراو نییە لە نێوان هەرسێ بەشەکەی تەوحیددا، ئەم دابەشکردنە بەم شێوازە هیچ ئایەتێکی (صریح) و هیچ سوننەتێکی شوێنکەوتەی لەسەر نییە، بەڵکوو بەشێکە لە پاشماوەی پێشینە سالّحەکان، بۆیە پێویستە وەربگیرێت و (ولاء وبراء)ی لەسەر بنیاد نەنرێت.**

ئەمە ئاستی زانستی شەرعی داعییەکی ناوداڕە بۆ گرنگترین بابەتەکانی دین کە ئەویش تەوحیدە و دابەشکردنەکانیەتی بە بەڵگەکارییەوە کە بە یەکێك لە جۆرە (متغيرات) و گۆڕانکارییە

---

(١) "شفاء العليل" لابن القيم (٢/ ١١٢).

(٢) "الثوابت والمتغيرات في مسيرة العمل الإسلامي المعاصر" للدكتور صلاح الصاوي ص١٥٤.

ناجێگیرەکانی دین دادەنێت، لە هەمووی سەیر و سەمەرەتر خۆی بە ئەندازیاری دیاریکردنی (ثوابت ومتغیرات) شتە جێگیر و گۆڕانکارییەکانی ناو دین مەزەندە دەکات و دەڵێت هیچ بەڵگەیەکی ڕوونی ئایەت و فەرموودە نییە لەسەری، وە هیچ جیاواز و سنووردارییەك نییە لە نێوان تەوحیدەکاندا و پاشماوەی پێشووانە نەك دین، پێویستی بە هیچ کارێکی لایەنگری و نکوولێکار ناکات، ئەمە خاوەن پڕۆژەی ڕێڕەو و کاری ئیسلامییە؟!

بەم کارە دەرگایەك والآ دەکات کە بۆ هاتنەژوورەوەی جۆرەها بیر و بەرنامەی جیاواز داخستنی نابێت، سەلماندمان لە باسەکانی پێشوودا کە هەموو لادان و گومڕاییەك ئەمە یەکێك بوو لە هۆکارەکانی، کە دەرگایان والآ کرد لە ئاستی هەموو شتێکدا بەبێ سنوور و ڕێکخستنێکی شەرعی.

بەڵکوو ئەم دابەشکردنی تەوحیدە، وەکوو (عبد الرزاق البدر) دەڵێت: وبهذا يعلم أن هذا التقسيم من الحقائق الشرعية المستمدة من كتاب الله تعالى، وليس أمراً اصطلاحياً أنشأه بعض العلماء[1]. **حەقیقەتێکی شەرعی هەڵگوێزراوی قورئانە، نەك دارشتنێکی پێناسەیی تاوەکوو هەندێك لە زانایان بنیادیان نابێت.**

(**بكر أبو زيد**) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** هذا التقسيم الاستقرائي ... وهو استقراء تام لنصوص الشرع وهو مطرد لدى أهل كل فن[2]. **ئەم جۆری دابەشکردنی تەوحیدە ئەنجام و بەدەستهێنانی تەواوی خوێندنەوەی دەقە شەرعییەکانە و کارێکی ئاشکرایە لای هەڵگرانی هەموو جۆرە زانستەکان.**

وە (الشنقيطي) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** وَقَدْ دَلَّ اسْتِقْرَاءُ الْقُرْآنِ الْعَظِيمِ عَلَى أَنَّ تَوْحِيدَ اللَّهِ يَنْقَسِمُ إِلَى ثَلَاثَةِ أَقْسَامٍ: الْأَوَّلُ: تَوْحِيدُهُ فِي رُبُوبِيَّتِهِ ... الثَّانِي: تَوْحِيدُهُ جَلَّ وَعَلَا فِي عِبَادَتِهِ ... النَّوْعُ الثَّالِثُ: تَوْحِيدُهُ جَلَّ وَعَلَا فِي أَسْمَائِهِ وَصِفَاتِهِ[3].

---

(١) "القول السديد في الرد على من أنكر تقسيم التوحيد" لعبد الرزاق بن عبد المحسن البدر ص٢٨.

(٢) "التحذير من مختصرات الصابوني في التفسير " ص٣٠.

(٣) "أضواء البيان" للشنقيطي (٣/ ١٧، ١٨).

ئەم دابەشکردنە لە ئەنجامی خوێندنەوەی تەواوی دارشتنەکانی قورئانە بە شێوەیەك هەموو خاوەن زانستێکی عیلمی بۆی دروستدەبێت و توانای نکوولێکردنی نابێت.

لەبەرئەوە هیچ دابەشکردنێکی تەوحید بێجگە لەو دابەشکردنە قابیلی حەقپێدانی تەوحید و بەشەکانی نییە و هەڵقوڵاوی تێگەیشتنەکانی قورئان و سوننەتە، کەواتە ئەوانەی بەشی چوارەمی تەوحید ناو دەنێت بە (توحید الحاکمیة) هەڵەیەکی زانستی شەرعییە بەم هۆکارانەی خوارەوە:

١. ئەم دابەشکردنە بە ناوی (توحید الحاکمیة) لەلایەن زانایانی ئەهلی سوننەتەوە نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان تایبەتمەندی سەرەکین لەم بوارەدا، وە بگرە بەرهەڵستی ئەم جۆرە بڕیارانە دەکەن، کەسانێك هەستاون بەم دابەشکردنە کە کاردانەوەی ڕوانگەی خۆیانیانی تیادا دەردەکەوێت ئەویش ڕوانگە جیهادییەکانە، بە هۆکاری ئەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی نییە و دەسەڵاتی عیلمانییەکان بالادەستە لە جیهانی ئیسلامیدا و حوکمی خوا جێبەجێ ناکرێت، ئەم جۆرە دابەشکردنەیان وروژاندووە بەبێ ڕەچاوکردنی مەنهەجی ئەهلی سوننەت و سەرپەرشتیکردن و خستنە بەردەستی زانایانی ناوداری ئیسلام.

٢. ئەم دابەشکردنە و ناولێنانە کراوە بەبێ هیچ ڕەچاوکردنێکی پەیوەستبوون بە یاسا و سنووردارە شەرعی و زانستییەکان (الضوابط الشرعیة والعلمیة)، ئەم پەیڕەونەبوونە بۆخۆی سیمای بیدعەکارانە، وشەی (الحاکمیة)یە واتە جێبەجێکاری دەسەڵات و حوکمی خوا، ئەم وشەی (الحاکمیة)، پەیوەندی بە هەرسێ جۆرەکەی تەوحیدەوە هەیە بە تایبەتیان (توحید الألوهیة) لەبەرئەوەی جۆرێکە لە جۆرەکانی عیبادەت و ڕازیبوون بە (ألوهیة) بۆ خوا، لە (ربوبیة)یشدا باوەڕبوونە بەوەی خوا (حاکم) و بالادەستە بەسەر (مخلوقات) و بەڕێوەبردنیاندا، هەروەها لە (الأسماء والصفات)دا هەر دەبێت هەموو سیفاتە کاملەکان بۆ ئەو بڕیار بدرێن و بێجگە لەو خاوەنی نییە، واتە خاوەنیەتی سیفەتەکان هەر بۆ ئەو بێت.

کەواتە ئەم دابەشکردنە «كَلِمَةُ حَقٍّ أُرِيدَ بِهَا بَاطِلٌ»[1]. دەشێت مەبەست پێی حوکومدان بێت بەسەر (حاکم ومحکوم)دا وەکوو یەك لە کاتێکدا کە حوکم بە ئیسلام نەکرێت، کە ئەمە خاڵی مەنهەجی جیاکەرەوەی نێوان ئەهلی سوننەت و خەوارجەکانە.

---

(١) "صحيح مسلم" (١٠٦٦)، و "الشريعة" للآجري (٥١، ٥٢).

ئایا ئەکریّت هەرکاتیّك موسولّمانان کەمتەرخەم و لادەر و گومڕا بن لـە شتیّکدا ئیّمە جۆرێك دابەشکردنی تازە بهێنینە کایەوە! وەکوو خەڵکی ئەگەر لـە شوێنکەوتەی سوننەتدا بێباکبوون، یاخود لـە مامەڵەکردنی نێوانیاندا لەسەر (الولاء والبراء) یاخود دووبەرەکایەتی و حیزبایەتیکردن ... ئەوا بڵێین: (توحید المتابعة، توحید الولاء والبراء، توحید الجماعة، توحید الکفر بالطاغوت وتوحید السمع والطاعة ...)، ئەمە کردنەوەی دەرگاری هەوا و ئارەزووەکانە.

٣. ئەم جۆرە داڕشتنە وشەکاریانە شێوەیەکی گشتی و ڕەها لـەخۆدەگرن، ئەوەش هۆکارە بۆئەوەی حەق و بەتاڵی تیادا جێگا بێتەوە، بەهۆی ئەم بێ سنووردارییەوە زۆرترین کەس لـەخۆی دەگرێت و دەبێتە جۆرێك لـە چەواشەکاری و چاوبەسکردن، ئەمەش سیمای بەرنامەی بیدعەکارانە لـەژێر ناونیشانی (حب آل بیت) تەکفیرکردن و قسەوتن بە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ، وە لـەژێر ناونیشانی (نفي النقائص) ڕەواندنەوەی ناتەواوی و کەموکورتی لـە سیفاتەکانی خوا باوەڕیان بە هیچ سیفاتێك نەما، وە لـەژێر (تعظیم حق الله) بە قەدر و بەها سەیرکردنی مافەکانی خوا خەوارجەکان هەموو موسولّمانانیان لـە ئیمان دەرکرد، وە بەناوی (بدعة الحسنة) و کارکردن بە عەقڵ هەموو هەوا و ئارەزووەکانی ئادەمیزاد بووە دین، بەناوی (زهد، ورع)ەوە سۆفیگەریەتی و بەناوی (توحید والعدل) باوەڕیان بە تەوحید و قەدەر نەما لای قەدەرییەکان، هەرچی دەرگای فیتنەکانە بە وشەی گشتگیر و ڕەهاکان کراونەتەوە و گومڕایی بڵاوبووەتەوە، هەروەك (ابن القیم) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: أصل بلاء أكثر الناس من جهة الألفاظ المجملة التي تشتمل على حق وباطل، فيطلقها من يريد حقّها، فينكرها عليه من يريد باطلها، فيرد عليه من يريد حقّها. وهذا باب إذا تأمّله الذكي الفطن رأى منه عجائب، وخلّصه من ورطات تورّط فيها أكثر الطوائف[1].

بناغەی بەڵاکانی ناو زۆری خەڵکی لـەڕووی بەکارهێنانی وشەی کورت و کۆڕەوەیە کە حەق و بەتاڵ لـەخۆدەگرێت، ئەو کەسەی کە مەبەستی حەق بێت ئەوا بە شێوەی گشتی بەکاری دەهێنێت، وە ئەو کەسەشی کە مەبەستی پێی بەتاڵ بێت ئەو وشەیە ڕەتدەکاتەوە، خاوەن مەبەستی حەقیش ڕەتی دەداتەوە، ئەم بابەتە ئەگەر کەسی وریا و عاقڵ تێڕوانینی لـەسەر بکات شتی سەرسام دەبینێت و هـۆکارە بۆ ڕزگاربـوونـی لـە زۆری ئەو تـێوەگلانانەی کە زۆری فیـرەقەکان تـێوەگلاون و بەو

(١) "شفاء العليل" لابن القيم (١/ ٤٤٤).

هۆکارەوە کەوتوونەتە هەڵەوە.

وە (ابن تيمية) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: فَإِنَّ كَثِيرًا مِنْ نِزَاعِ النَّاسِ سَبَبُهُ أَلْفَاظٌ مُجْمَلَةٌ مُبْتَدَعَةٌ وَمَعَانٍ مُشْتَبِهَةٌ حَتَّى تَجِدَ الرَّجُلَيْنِ يَتَخَاصَمَانِ وَيَتَعَادَيَانِ عَلَى إطْلَاقِ أَلْفَاظٍ وَنَفْيِهَا وَلَوْ سُئِلَ كُلٌّ مِنْهُمَا عَنْ مَعْنَى مَا قَالَهُ لَمْ يَتَصَوَّرْهُ فَضْلًا عَنْ أَنْ يَعْرِفَ دَلِيلَهُ وَلَوْ عَرَفَ دَلِيلَهُ لَمْ يَلْزَمْ أَنَّ مَنْ خَالَفَهُ يَكُونُ مُخْطِئًا بَلْ يَكُونُ فِي قَوْلِهِ نَوْعٌ مِنْ الصَّوَابِ وَقَدْ يَكُونُ هَذَا مُصِيبًا مَنْ وَجْهٍ وَهَذَا مُصِيبًا مِنْ وَجْهٍ وَقَدْ يَكُونُ الصَّوَابُ فِي قَوْلٍ ثَالِثٍ[1].

واتە: زۆری دووبەرەکایەتی و ڕاجیاوازی نێوان خەڵکی هۆکارەکەی وشە کورت و بیدعەکانە کە واتای جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، تاوەکوو جاری وا هەیە دوو کەس دەمەقاڵێیان تووش دەبێت و ستەم لە یەك دەکەن لەسەر بەکارهێنانی وشەیەکی ڕەها بە شێوەی (نفي واثبات) مەبەست لەسەر نەبوون یاخود بوونی ئەو شتە، تاوەکوو گەر پرسیار لە هەرکامێکیان بکرێت بۆی یەکلا ناکرێتەوە چییە مەبەستەکەی چ جای زانینی بەڵگەکەی، وە ئەگەر بەڵگەکەی بزانێت ئەوا بەرامبەرەکەی بە هەڵە نازانێت، لەبەرئەوەی قسەی بەرامبەرەکەی جۆرێك لە ڕاستی هەڵدەگرێت، لەبەرئەوە دەشێت ئەم لەلایەکەوە پێکابێتی و ئەویش لەلایەکی ترەوە پێکاویەتی، بەڵام دەشێت قسەی حەق و ڕاست و دروست لە قسەی سێیەم کەسدا بێت

ئەمە گرفتی هەموو سەردەمێکە وشە ڕەهاکان هۆکاری چاوبەسکاری و چەواشەکارییە، وەکوو وشەی (الدعوة، الجهاد، التربية، الجماعة ...) هیچیان لەژێر باری پێناسە شەرعییەکان و چوارچێوە زانستییەکاندا دروست نەبوون و زانایانی ناوداری ئەم سەردەمە زۆر بێئاگان لەم وشانە و بەکارهێنانیان، چینێکی جیاوازتر خاوەنی ئەم دەستەواژانەیە.

ئەم وشەی (الحاكمية)ە نازانین مەبەست پێی حەقپێدانی تەوحیدە یاخود حوکم بەسەر خەڵکیدا، نازانین ڕوونکارییە بۆ چ جۆرێکی تەوحید و شیکاری تازەیە بۆ کامیان، نازانین جۆری چوارەمە و زانایان بێئاگان لە بەڵگەکانی یاخود ناوی تازەیە بۆ یەکێکیان، نازانین مەبەست پێی گەڕانەوەی دەسەڵات و حوکمی ئیسلامییە یاخود نارازیبونی خەڵکییە بەو حوکمەی کە لەسەریانە

(١) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (١٢/ ١١٤).

و پێویستە ئەم حوکمە بدرێت بەسەریاندا ...؟!.

ئەگەرچی ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ [الأنعام: ٥٧]، ﴿أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا﴾ [المائدة: ٥٠]. **بەشێکی گرنگە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا و ڕازیبوون پێی لە تەوحیدی (الألوهية)دا جۆرێکی سەرەکی لە عیبادەت هەڵدەگرێت.**

٤. کەسانی خاوەن پسپۆڕ (أهل الإختصاص) کە زانایانی ئەهلی سوننەتن ئەم جۆرە دابەشکردن و ناونیشانانەیان بە بیدعەکاری لە دیندا داوەتە قەڵەم.

(ابن باز) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت: ليست أقسام التوحيد أربعة، وإنما هي ثلاثة كما قال أهل العلم، وتوحيد الحاكمية داخل في توحيد العبادة. فمن توحيد العبادة الحكم بما شرع الله، والصلاة والصيام والزكاة والحج والحكم بالشرع كل هذا داخل في توحيد العبادة[1].

واتە: تەوحید چوار بەش نییە، بەڵکوو سێ بەشە، وەکوو زانایان دەڵێن (توحيد الحاكمية) لەناو تەوحیدی (الألوهية العبادة)دایە، واتە حوکمکردن بە شەرعی خوا لە عیبادات و شەرعدا، نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج و حوکمکردن بە یاسا شەرعییەکان هەموو ئەمانە لەناو تەوحیدی عیبادەتدان.

(ابن العثيمين) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت: السؤال: ما تقول فيمن أضاف للتوحيد قسماً رابعاً وسماه توحيد الحاكمية؟ الجواب: نقول: إنه ضال وجاهل؛ لأن توحيد الحاكمية هو توحيد الله عز وجل ... فإن توحيد الحاكمية داخل في توحيد الربوبية؛ لأن توحيد الربوبية هو توحيد الحكم والخلق والتدبير لله عز وجل، وهذا قول محدث منكر[2].

واتە: پرسیاری لێ دەکرێت دەربارەی کەسێك دەڵێت تەوحید چوار بەشە و بەشی چوارەمی ناو ناوە (توحيد الحاكمية)، دەڵێت: ئەوە گومڕا و نەزانە لەبەرئەوەی (توحيد الحاكمية) خۆی بۆ خۆی تەوحیدی (الألوهية)یە و داخڵی تەوحیدی (الربوبية)یشە، لەبەرئەوەی دروستکردن و بەڕێوەبردنی (مخلوقات) هەر بۆ خوایە، ئەم قسەیە قسەیەکی بیدعە و هەڵەیە.

---

(١) "مجموع فتاوى ومقالات متنوعة" لابن باز (٣٠/ ٣٢٨).

(٢) "لقاء الباب المفتوح" لمحمد بن صالح العثيمين (١٥٠/ ١٢).

٥. ئەگەر مەبەستیش بەم دابەشکردنە ئەوە بێت: أن السلف حين ذكروا أجزاء التوحيد نسوا بعض جوانب التوحيد فقد أخطئوا خطأً فاحشًا بيِّنًا، ... لو أرادوا بذلك أن مهمة الرسل عليهم الصلاة والسلام إنما هي توحيد الحاكمية فقط، يلزم منه نسبة القصور إلى دعوة الرسل الذين لم يقيموا الدولة ولا الحكم الشرعي فيها، وحينئذ يكون هذا القول مردودًا بنصوص القرآن والسنة[1]. **مەبەستیش لەپشت ئەم دابەشکارییەوە ئەوە بێت کە پێشینەکان (السلف الصالح) لە زانایانی شوێنکەوتەی هاوەڵان ئەم بەشەی تەوحیدەیان لەبیر کردووە ئەوا کەوتوونەتە هەڵەیەکی زۆر گەورە و خراپەوە، وە ئەگەر مەبەستیشیان بەوە بێت کاری سەرەکی پێغەمبەران ﷺ تەوحیدی (الحاکمیة) و حوکمڕانی دەوڵەت بێت ئەوا کەموکورتی دەخەنە پاڵ پێغەمبەرانێك کە ئەو کارەیان ئەنجام نەداوە، هیچ حوکمێکی شەرعییان ئەنجام نەداوە و ئەم قسەیان بەرپەرچ دەدرێتەوە بە دەقەکانی قورئان و سوننەت.**

تێبینی: ئەوەی نکوولّی لەسەرە لەم بابەتەدا ئەوەیە کە خاوەنەکەی دەرگای (تقسیمات) دابەشکاری تازەی کردووەتەوە و سنوور بەزاندنی (منهجية) و بەرنامەی ئەهلی سوننەتی کردووە، ئەمەش بۆخۆی خۆشکەری ڕێگای بیدعەکارییە لەناو (منهج السلف الصالح)دا و قابیلی قبوولّ و وەرگرتن نییە، لەبەرئەوەی هەموو کێشمەکێشمی ئەهلی سوننەت لەگەڵ فیرەقەکاندا لەسەر پاراستنی (منهج) و ڕێڕەوی دینی ئەهلی سوننەیە تێکەڵ بە بیدعەکاران نەبێت، هەموو هەوڵێکی زانایانیش بۆ پاراستنی ئەو ڕێڕەوەیە کە بەتەنیا حەقیقەت و ڕاستی دینی ئیسلامی تیادا بەرجەستەیە.

گەرنا بابەتی وشەی (الحاکمیة) بەم مەفهوم و تێگەیشتنە ناوەڕۆك و کرۆکی مەبەستەکانی هەموو تەوحیدە، وشەی (الحاکمیة) مەبەست تیایدا عیبادەتە وەکوو هەموو عیبادەتەکانی تر لە نوێژ و ڕۆژوو و حەج ...، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ﴾ [يُوسُفَ: ٤٠]. هەموو حوکم و فەرمانێك بەس بۆ پەروەردگارە، هەر ئەوە فەرمانتان پێدەکات کە هیچ پەرستراوێك بڕیار نەدەن بێجگە لە پەرستنی ئەو نەبێت، ئەوە ڕاست و دروستی و ناوەڕۆکی دینە، (أمر ألا تعبدوا) فەرمانی بە عیبادەتی ئەو کردووە، واتە جێبەجێکردنی حوکم و

(١) "الشرك في القديم والحديث" رسالة ماجستير لأبو بكر محمد زكريا (١/ ٨٠).

یاسا عیبادەتە و هەر بۆ ئەوە، هەروەك لـەم سێ ئایەتەدا چەند بارەی کردووەتەوە: ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ يَقُصُّ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰصِلِينَ ٥٧﴾ [الأنعام : ٥٧]، ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ﴾ [يوسف : ٦٧]. ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾ [يوسف : ٤٠]. **وە بنەبڕی پێچەوانەکەشی دەکات و دەفەرموێت:** ﴿وَلَا يُشۡرِكُ فِي حُكۡمِهِۦٓ أَحَدٗا ٢٦﴾ [الكهف : ٢٦]. **کەسێك بەشداری یاسادانان ناکات لـەگەڵ خوادا.**

(الشنقيطي) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێت:** ﴿وَلَا يُشۡرِكُ فِي حُكۡمِهِۦٓ أَحَدٗا ٢٦﴾ [الكهف : ٢٦]. أَنَّ مُتَّبِعِي أَحْكَامِ الْمُشَرِّعِينَ غَيْرِ مَا شَرَعَهُ اللهُ أَنَّهُمْ مُشْرِكُونَ بِاللهِ، وَهَذَا الْمَفْهُومُ جَاءَ مُبَيَّنًا فِي آيَاتٍ أُخَرَ، كَقَوْلِهِ فِيمَنِ اتَّبَعَ تَشْرِيعَ الشَّيْطَانِ فِي إِبَاحَةِ الْمَيْتَةِ ... ﴿وَإِنَّ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ١٢١﴾ [الأنعام : ١٢١] فَصَرَّحَ بِأَنَّهُمْ مُشْرِكُونَ بِطَاعَتِهِمْ، وَهَذَا الْإِشْرَاكُ فِي الطَّاعَةِ ... ﴿يَٰٓأَبَتِ لَا تَعۡبُدِ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ﴾ [مريم : ٤٤][(١)].

وە دەڵێت: وَلَمَّا كَانَ التَّشْرِيعُ وَجَمِيعُ الْأَحْكَامِ شَرْعِيَّةً كَانَتْ أَوْ كَوْنِيَّةً قَدَرِيَّةً مِنْ خَصَائِصِ الرُّبُوبِيَّةِ كَمَا دَلَّتْ عَلَيْهِ الْآيَاتُ الْمَذْكُورَةُ كَانَ كُلُّ مَنِ اتَّبَعَ تَشْرِيعًا غَيْرَ تَشْرِيعِ اللهِ قَدِ اتَّخَذَ ذَلِكَ الْمُشَرِّعَ رَبًّا، وَأَشْرَكَهُ مَعَ اللهِ[(٢)].

واتە: ئەوەی شوێنی یاسادارێژەرەکان بکەوێت بەبێ شەرعی خوا ئەوانە موشریکەکانن کە شەریك بۆ خوا بڕیار دەدەن، ئەم تێگەیشتنە ڕوونکاری لەسەرە لە ئایەتەکانی تردا، وەکوو ئەوە وایە شوێنی یاسای شەیتان بکەویت لە حەڵاڵکردنی مردارەوەبووەکاندا، وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ أَطَعۡتُمُوهُمۡ إِنَّكُمۡ لَمُشۡرِكُونَ ١٢١﴾ [الأنعام : ١٢١]. **ئەگەر گوێڕایەڵییان بکەن ئەوا ئێوە موشریکن، واتە شەریك بڕیاردەرن لە گوێڕایەڵیدا، وەکوو (ابراهیم) عَلَيْهِ السَّلَامُ بە باوکی وت:** ﴿يَٰٓأَبَتِ لَا تَعۡبُدِ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ﴾ [مريم : ٤٤]. **ئەی باوکە گوێڕایەڵی شەیتان مەبە و عیبادەتی مەکە بە ڕێگەی گوێڕایەڵی.**

---

(١) "أضواء البيان" للشنقيطي (٣/ ٢٥٩).
(٢) "أضواء البيان" للشنقيطي (٧/ ٥٣).

هەموو یاساکان ئەگەر کەونی بێت یاخود شەرعی ئەوە تایبەتمەندە بە خواوە و مولکی خوایە لە تەوحیدی (ربوبیة)دا، هەرکەسێك دوای یاسا و شەرعێکی دروستکراو بکەوێت کەواتە خاوەنەکانیانی کردووە بە خوا و شەریکی بۆ خوا بڕیار داوە لەگەلّیاندا.

(ابن تيمية) رَحِمَهُ ٱللَّهُ لە شەرحی فەرموودەکەی (عدي بن حاتم)دا «إِنَّا لَسْنَا نَعْبُدُهُمْ، فَقَالَ: «أَلَيْسَ يُحَرِّمُونَ مَا أَحَلَّ اللهُ فَتُحَرِّمُونَهُ، ويُحِلُّونَ مَا حَرَّمَ اللهُ فَتَسْتَحِلُّونَهُ؟» قُلْتُ: بَلَى»[(١)] دەلّێت: فَقَدْ بَيَّنَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّ عِبَادَتَهُمْ إِيَّاهُمْ كَانَتْ فِي تَحْلِيلِ الْحَرَامِ وَتَحْرِيمِ الْحَلَالِ لَا أَنَّهُمْ صَلَّوْا لَهُمْ وَصَامُوا لَهُمْ وَدَعَوْهُمْ مِنْ دُونِ اللهِ فَهَذِهِ عِبَادَةٌ لِلرِّجَالِ وَتِلْكَ عِبَادَةٌ لِلْأَمْوَالِ[(٢)].

واتە: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ بە (عدي حاتم الطائي) فەرموو: ئەوە قەشەکان حەلاّلیان بۆ حەرام نەکردن و حەرامیان بۆ حەلاّل نەدەکردن؟ ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ [التَّوۡبَة: ٣١]. **ئێوەش گوێڕایەڵیتان دەکردن و دەتانکردن بە خوا بێجگە لە خوا، کردن بە خوایە لە یاساداناندا، ئەمەش جۆرێکە لە عیبادەتکردن بۆیان، نەك کردنی عیبادەتەکانی نوێژ و ڕۆژوو و داواکاری بۆیان.**

(عبد الرحمن بن ناصر السعدي) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەلّێت: فإن الرب والإله هو الذي له الحكم القدري، والحكم الشرعي، والحكم الجزائي، وهو الذي يؤله ويعبد وحده لا شريك له، ويطاع طاعة مطلقة فلا يعصى، بحيث تكون الطاعات كلها تبعا لطاعته[(٣)].

واتە: وشەی (الرب والإله) ئەو زاتە دەگرێتەوە کە حوکمی قەدەری و شەرعی و لێپرسینەوەی لەدەست بێت، ئەویش ئەو خوایەیە کە دەپەرستێت بە تاك و تەنیا و گوێڕایەڵی ڕەهای بۆ دەکرێت و فەرمانی ناشکێنرێت، وە هەموو گوێڕایەڵییەکی تر لەژێر گوێڕایەڵی و پابەندبوونی ئەودایە.

---

(١) رواه الترمذي (٣٠٩٥)، والطبراني في "الكبير" (٢١٨)، والبيهقي في "المدخل" (٢٦١)، وفي "الجامع الصحيح للسنن والمسانيد" (٥/ ٤٦).

(٢) "مجموع الفتاوى" لابن تيمية (٧/ ٦٧).

(٣) "القول السديد شرح كتاب التوحيد" للسعدي ص١٣٥، ١٣٦.

لـه تەفسیری ئایەتی ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ﴾ [النِّسَآء: ٥٩].دا دەڵێت: فالرد إليهما شرط في الإيمان فلهذا قال: ﴿إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ﴾ فدل ذلك على أن من لم يرد إليهما مسائل النزاع فليس بمؤمن حقيقة، بل مؤمن بالطاغوت[1]. گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت لە کاتی دووبەرەکایەتیدا مەرجە بۆ هەبوونی ئیمان، بۆیە دەفەرموێت ﴿إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ﴾ ئەگەر ئیمانتان بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نەگەڕانەوە بۆ یاسای خوا لە کاتی ڕای جیاوازدا ئەوا خاوەن ئیمانی حەقیقی نییە، بەڵکوو ئەوە ئیمان بە (طاغوت) و پەرستراوێکە بێجگە لەو.

حوکمدانیش بەسەر کەسی نەگەڕاوە بۆ حوکمی قورئان و سوننەت دەبێت ڕەچاوی (منهج السلف الصالح) و زانایانی شوێنکەوتەیان تێدابێت و پارێزراو بن لە بیروڕای فیرقە گومڕاکان کە لەخۆگری زیادەڕەوی و کەمڕەوین، هەروەك دەڵێن: (ليس على فهم رافضي مارق أو جهمي متزندق أو مرجيء محترق أو خارجي مفارق، بل على فهم السلف الصالح). لەسەر تێگەیشتنی ڕافیزەیەکی دەرچوو لە دین و جەهمییەکی موڵحید و مورجیئەیەکی سوتاو بە هۆکاری حەڵاڵکردنی تاوانەکانەوە و خەوارجییەکی جیابووەوە لە موسوڵمانان و هاوشێوەکانیاندا نەبێت، بەڵکوو لەسەر تێگەیشتنی پێشینە سالحەکان بێت لە هاوەڵان و تابعین و شوێنکەوتووانی لە زانایانی هەڵگری ئەم بەرنامە و ڕێڕەوە.

بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی بنەما و پێشەکییەکانی زانستی تەوحید، وە بە یارمەتی پەروەردگار (إن شاء الله) دەست دەکەین بە نووسین لەسەر هەرسێ بەشەکانی تەوحید لە (توحيد الربوبية وتوحيد الألوهية وتوحيد الأسماء والصفات) بەشێوەی سەربەخۆ و لەخۆگری وورددەکاری تەواو بە ئیزنی پەروەردگار و پشتیوانی ئەو و یارمەتیدانی.

---

(١) "تيسير الكريم الرحمن" للسعدي ص١٨٣.

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي بِنِعْمَتِهِ تَتِمُّ الصَّالِحَاتُ

وَصَلَّى اللَّهُ وَسَلَّمَ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

٥ / صَفَر / ١٤٤٥ هـ ٢١ / ٨ / ٢٠٢٣ م



ناوەرۆك

بـــابـەت

لاپـەرە

پێشەکی ٧
بەندی یەکەم: بەشی یەکەم: ١٩
پێناسەی تەوحید ١٩
پێناسەی تەوحید لـە زمانەوانیدا ١٩
پێناسەی تەوحید لـە بەکارهێنانی شەرعیدا ٢١
کورتترین و کۆکراوەترین پێناسەی تەوحید لای زانایان ٢١
ناوەکانی زانستی تەوحید لای ئەهلی سونـنەت ٢٤
ناوە شەرعییەکانی تەوحید ٢٤
ناوی یەکەم: علم التوحید ٢٤
ناوی دووەم: العقیدة ٢٥
ناوی سێیەم: الإیمان ٢٥
ناوی چوارەم: السنة ٢٦
ناوی پێنجەم: أصول الدین ٢٧
ناوی شەشەم: الشریعة ٢٧
ناوی حەوتەم: الفقه الأکبر ٢٨

ناودارترین ناوی شەرعی بۆ تەوحید ٢٨
ناونیشانەکانی زانستی تەوحید لای فیرەقەکان ٣١
ناوی یەکەم: علم الكلام ٣١
ناوی دووەم: الفلسفة ٣٣
ناوی سێیەم: الإلهيات ٣٣
پێناسەی تەوحید لای فیرەقەکان ٣٤
پێناسەی تەوحید لای فەیلەسووفەکان ٣٤
دابەشبوونی فەلسەفە بۆ دوو بەش لە ئاستی تەوحیددا ٣٩
پێناسەی تەوحید لای (معتزلة) و (المتكلمين) و شوێنکەوتووانی فەلسەفە ٤١
پێناسەی تەوحید لای ئەشعەرییەکان و ماتۆریدییەکان ٤٣
کاریگەری پێناسەی فیرەقەکان لەسەر تەوحید ٥١
بەشی دووەم: ٦١
سەرچاوەکانی ئەهلی سوننەت لە واتا و دارشتنەکانی تەوحیددا ٦١
جۆری یەکەم: سەرچاوە سەرەکییەکانی بەڵگەکانی ئەهلی سوننەت لە تەوحیددا ٦٣
سەرچاوەی یەکەم: قورئان ٦٣
ئیعجازەکانی قورئان لە باس و بەڵگەکارییەکانی هێنانەدی تەوحیددا ٦٤
سەرچاوەی دووەم: فەرموودە (صحيح)ەکان ٦٧
گرنگترین شێوازی قورئان کە سوننەت لەخۆدەگرێت ٦٨
جۆری دووەم: ڕاگر و تەواوکاری ڕێڕەوی تێگەیشتنی سەرچاوەکان ٧٤
یەکەم: ڕێڕەوی شەرح و شیکاری هاوەڵان ٧٤
وەسفەکانی قورئان لەسەر هاوەڵان ٧٥

وەسفەکانی سوننەت لەسەر هاوەڵان ٧٥
سوودمەندییەکانی پەیوەستبوون بە تێگەیشتن و شیتەڵکاری هاوەڵانەوە لە دیندا ٨٦
دووەم لە ڕاگر و تەواوکاری ڕێڕەوی تێگەیشتنی سەرچاوەکان: زمانی دەقەکان ٨٧
مەبەت بە تێگەیشتنی پێشینە سالّحەکان ٩٤
بەشی سێیەم: ٩٥
بنەماکانی ئەهلی سوننەت لە واتا و دارشتنەکانی تەوحیددا ٩٥
مەبەست لە بنەماکانی دین و پەلەکانی ٩٥
پێگەی بنەماکان و بەڵگەیەتییان لای ئەهلی سوننەت ١٠١
سەرچاوەی بنیادنانی بنەما شەرعییەکان ١٠٣
سەرچاوەی بنیادنانی بنەماکانی فیرقەکان ١٠٥
بنەمای یەکەم: پەیوەستبوون بە دارشتنە شەرعییەکانەوە ١٠٧
جۆرەکانی ئیمان و باوەڕبوون بە باس و دەقەکانی قورئان و سوننەت ١٠٧
بنەمای دووەم: لەخۆگرتنی قورئان و سوننەت لەسەر بەڵگە و بنەماکانی تەوحید ١١٢
بنەمای سێیەم: پەیوەستبوون بە دارشتنە شەرعییەکانەوە ١١٦
ئیجتیهاد ١١٦
سرینەوە ١٢١
بنەمای چوارەم: ئیمان بە ڕووکەشی دەقەکان کە لەخۆگری مەبەستە شەرعییەکانە ١٢٥
ڕێگەی دەربڕینی مەبەستەکانی قسە ١٢٦
ڕێگاکانی ناسینەوەی مەبەستی خاوەن قسە ١٢٦
جۆری دەقە شەرعییەکان لە ڕووی مەبەست و واتاکانیەوە ١٢٧
ئایا دەقەکان مەبەستی ڕووکەش و ناوەڕۆکیان هەیە؟ ١٢٩

بنەمای پێنجەم: نەبوونی دژایەتی
لە نێوان خودی دەقەکان و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ عەقڵدا ١٤٢
تەوەری یەکەم: نەبوونی پێچەوانەیەتی و دژایەتی لەنێوان دەقە شەرعییەکاندا ١٤٢
دەشێت بوونی پێچەوانەیەتی و دژایەتی
لە ناخی زانای مجتهددا هەبێت نەك لە ناوەرۆکی فەرمانەکەدا ١٤٤
جۆر و هۆکارەکانی کورتبینی ئاستی زانستی بەسەر دەقەکاندا ١٤٥
بەڵگەکاری عەقڵ لەسەر نەبوونی دژایەتی بەڵگە شەرعییەکان لە نێوان خۆیاندا ١٤٦
رێگاکانی ڕەواندنەوەی ڕووکەشە دژایەتییەکان ١٤٧
رێگەی یەکەم: الجمع بين الدليلين ١٤٧
رێگەی دووەم: الناسخ والمنسوخ ١٤٨
رێگەی سێیەم: الترجيح ١٤٩
رێگەی چوارەم: التخيير ١٤٩
تەوەری دووەم: نەبوونی دژایەتی لە نێوان
بەڵگە (صحيح)ە شەرعییەکان و عەقڵێکی بێگەرددا ١٥٠
پێناسەی ژیری و عەقڵ ١٥٠
جۆرەکانی عەقڵ ١٥٠
شوێنی عەقڵ ١٥٠
رێگاکانی بەدەستهێنانی زانست و مەعریفەی عەقڵی ١٥١
جۆری یەکەم رێگەی هەستەکان ١٥١
جۆری دووەم هەواڵە ڕاستەکان ١٥٤
جۆری سێیەم رێگەی زانستە عەقڵییەکان ١٥٥
پلە و پێگەی عەقڵ لە ئیسلامدا ١٥٥

زیادەڕەویکردن لە بەکارهێنانی عەقڵدا ١٦٠
پێشخستنی عەقڵ بەسەر وەحیدا ١٧٨
پێشەکییەك لەسەر عەقڵ و ژیری ١٧٨
هۆکارەکانی پێشخستنی عەقڵ بەسەر دەقەکاندا ١٨١
جۆری دابەشکردنی بەڵگەکان لە ڕووی دیناییەوە ١٨٦
ڕێگەی پێوانە عەقڵییەکان لای زانایانی ئەهلی سوننەت ١٩٧
لە ئەگەری بوونی پێچەوانەیەتی نێوان عەقڵ و دەقەکاندا ٢٠٧
پێگەی دەقە شەرعییەکان ٢١٤
کەم و کورتی و پەراوێزکردنی عەقڵ لە بەرکارهێناندا ٢١٧
ئەو گرووپ و کۆمەڵانەی کە بەرنامەیان
بەکارنەهێنان و لەکارخستنی مەعریفە عەقڵییەکانە ٢١٨
گرووپی یەکەم: نکوولێکارانی بوون و حەقیقەتەکان (السوفسطائیون) ٢١٨
گرووپی دووەم: (الكشف الصوفي) ٢٢١
گرووپی سێیەم: دوورخستنەوەی عەقڵ لە تێگەیشتنی بەڵگە شەرعییەکان ٢٢٤
جۆرەکانی تەقلید و شوێنکەوتەی کوێرانە ٢٣١
بنەمای شەشەم: باوەڕبوون بە دەقە (متشابه)ەکان و کارکردن بە جۆری (محكم) ٢٣٣
مەبەست لە (المحكم والمتشابه) ٢٣٧
جۆرەکانی لێکچووەکان..... ٢٤٠
بوونی (المتشابه) لە دەقە شەرعییەکاندا ٢٤١
بەرنامەی ئەهلی سوننەت لە بنەمای شەشەمدا ٢٤٣
بیدعەکاران و گومڕایان لە بنەمای شەشەمدا ٢٤٤

بنەمای حەوتەم: بەڵگەکاری بە تێگەیشتنی پێشینە سالّحەکان ٢٤٥
بەرنامە و هەڵوێستی بیدعەکاران دەربارەی هاوەڵان ٢٥٤
حوکمدانی بیدعەکاران بەسەر هاوەڵاندا ٢٥٦
بەشی چوارەم: ٢٦٨
سەرچاوە و بنەماکانی بیدعەکاران لە داڕشتنەکانی تەوحیددا ٢٦٨
یەکەم: سەرچاوەکانی بیدعەکاران لە داڕشتنەکانی تەوحیددا ٢٦٩
سەرچاوەی یەکەمی بیدعەکاران: ژیری (العقل) ٢٦٩
سیما و کاری بیدعەکاران بە شێوەیەکی کورت ٢٨٤
سەرچاوەی دووەمی بیدعەکاران: ڕەوانبێژی و فەلسەفە (المنطق والفلسفة) ٢٩٣
بابەتەکانی (منطق) ٢٩٣
هۆکاری دروستبوونی (منطق) لە یۆنان ٢٩٤
پەیوەندی زانستی (منطق) بە (فلسفة)ەوە ٣٠١
حوکمی زانستی (منطق) ٣٠٧
شوێنگرەوەی (منطق) ٣٢٩
میژوو و هۆکاری هاتنەناوەوەی (منطق) بۆ ناو موسوڵمانان ٣٣٢
سەرچاوەی سێیەمی بیدعەکاران: ئایین و ڕێبازی گەلان (الملل والديانات الأخرى) ٣٣٤
جۆرەکانی گومڕایی و هەڵە لە باوەڕبوون بە خوا و ناسینیدا ٣٣٦
سەرچاوەی چوارەمی بیدعەکاران: پلەی دەرکپێکردن و خەو بینین ٣٤٤
ڕێگاکانی زانست و مەعریفەی دینی لای ڕێبازی (تصوف) و چۆنیەتی بەدەستهێنانی ٣٤٨
ڕێگای یەکەم: الكشف ٣٤٨
ڕێگای دووەم: خەوبینینەکان (الرؤى) ٣٥٠

ڕێگای سێیەم: خستنە دڵەوە (إلهام) ٣٥١
ڕێگای چوارەم: تێگەیشتنە شاراوەییەکانی ناو دڵ (الفراسة) ٣٥١
ڕێگای پێنجەم: (الخضر علیه السلام) ٣٥١
ڕێگاکانی بەدەستهێنانی مەعریفەی سۆفی ٣٥٢
شەریعەت و حەقیقەت ٣٥٦
هەڵوێستی ئەهلی سونەت لەسەر مەعریفەی (تصوف) ٣٦٢
دووەم: بنەماکانی بیدعەکاران لە تەوحیددا ٣٧٦
بنەمای یەکەم: پەیوەستنەبوون بە دەقەکان و دارشتنەکانیانەوە ٣٧٦
بنەمای دووەم: بەکارهێنانی وشەی داهێنراو و کورت ٣٧٩
بنەمای سێیەم: پەیوەستنەبوون بە واتای زمانەوانی و بەکارهێنانەکانی ٣٨٤
بنەمای چوارەم: واتاگۆڕین و لادان و لەکارخستن ٣٩٢
بنەمای پێنجەم: بەڵگەکاری بە دەقە لێکچووەکان ٣٩٥
چەند نیشانە و شێوازێکی تایبەت بۆ ناسینەوەی شوێنکەوتووانی بەڵگە (متشابە)ەکان ٣٩٧
بنەمای شەشەم: ڕەخنە و پەراوێزکردنی بەرنامەی پێشینە سالّحەکان ٤٠١
بەندی دووەم: بەشی یەکەم: ٤٠٥
ڕێگای گەیاندن و بنیادنانی عەقیدە لای ئەهلی سونەت ٤٠٥
ڕێگای یەکەم: عەقڵ ٤٠٧
ڕێگای دووەم: ناخ پاکی ٤١١
بەڵگەکانی سەلماندنی بوونی (فطرة) لای ئادەمیزاد ٤١٨
هۆکارەکانی مانەوە و پاراستنی پاکی (فطرة) ٤٢٤
هۆکارەکانی تێکچوونی (فطرة) ٤٢٥

پەیوەندی نێوان (فطرة) و عەقڵ ٤٢٧
ئەو ڕێگایانەی کە قورئان گرتوونیەتە بەر بۆ زیندووکردنەوەی زانستە (فطرة)یەکان ٤٣٢
بەشی دووەم: ٤٣٣
تایبەتمەندییەکانی عەقیدە لای ئەهلی سوننەت ٤٣٣
تایبەتمەندی یەکەم: التوقيفية ٤٣٣
هۆکارەکانی پەیوەستبوون و دەرنەچوون (توقيفي) لە بواری عەقیدەدا ٤٣٤
تایبەتمەندی دووەم: الغيبية ٤٣٧
تایبەتمەندی سێیەم: الشمولية ٤٣٨
تایبەتمەندی چوارەم: الوسطية ٤٤٠
چەند نموونەیەك لە نێوەندگیری عەقیدەی ئەهلی سوننەت لە ئاستی دینەکانی تردا ٤٤١
چەند نموونەیەکی نێوەندگیری حەق و ڕاستی ئیسلام
لەناو دینەکاندا و ئەهلی سوننەت لەناو فیرقەکاندا ٤٤٢
یەکەم: نێوەندگیری ئیسلام لە عەقیدە و تەوحیددا لەچاو دینەکانی تردا ٤٤٢
دووەم: نێوەندگیری ئیسلام لە پێغەمبەراندا ٤٤٣
سێیەم: نێوەندگیری ئیسلام لە شەرع و دینی خوادا ٤٤٣
چوارەم: نێوەندگیری ئیسلام لە عیبادەتدا ٤٤٤
چەند نموونەیەك لە نێوەندگیری عەقیدەی ئەهلی سوننەت لە ئاستی فیرقە گومڕاکاندا ٤٤٤
یەکەم: ئەهلی سوننەت نێوەندگیرن لە نێوان فیرقەکاندا لە (توحيد الأسماء والصفات)دا ٤٤٤
دووەم: نێوەندگیری ئەهلی سوننەت لە قەزاوقەدەردا ٤٤٥
سێیەم: نێوەندگیریان لە دەقەکانی هەڕەشە و موژدەکانی خوا (الوعد والوعيد) ٤٤٥
چوارەم: نێوەندگیری ئەهلی سوننەت

لە هەڵوێستیان دەربارەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ٤٤٧
تایبەتمەندی پێنجەم: الفطرية ٤٤٧
ئەو شێواز و ڕوانگانەی کە دەیسەلمێنێت
عەقیدەی ئیسلامی (فطري)یە و لەگەڵ ناخ و سروشتی ئادەمیزاددا دەگونجێت ٤٤٨
بەشی سێیەم: ٤٥٠
پێگەی تەوحید و گرنگییەکەی ٤٥٠
بەشی چوارەم: ٤٥٦
چۆنیەتی هێنانەدی تەوحید و لەکەدارکردنەکانی ٤٥٦
بەشی یەکەم: هێنانەدی تەوحید بە شێوەی بنەما و واجبێکی شەرعی (تحقيق الواجب) ٤٥٧
ڕێگای یەکەم: ڕزگاربوون لە شيرك ٤٥٧
هۆکارەکانی هێنانەدی کارە عیبادەتییەکان ٤٦٠
ڕێگای دووەم: پاکژکردنی عەقیدە و دین لە داهێنراوەکان ٤٦٢
جۆرەکانی بیدعە و گومڕایی ٤٦٣
ڕێگای سێیەم: پاککردنەوەی تەوحید لە تاوانەکان ٤٦٥
هۆکارەکانی پاراستن لە تاوانکاری ٤٦٦
لەکەدارکردنەکانی هێنانەدی تەوحید بە شێوەی واجبەکەی ٤٧٠
یەکەم: هاوبەش بڕیاردان ٤٧٠
دووەم: داهێنراوەکان ٤٧٠
سێیەم: قەزا و قەدەر ٤٧٢
چوارەم: شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزووەکان ٤٧٣
هۆکارەکانی ڕزگاربوون لە هەوا و ئارەزووەکان ٤٧٣

پێنجەم: خۆشویستنی زاڵبوون و باڵادەستی و زەوتکردنی مافەکانی خوا ٤٧٥
شەشەم: بێ ئومێدی لە ڕەحمەت و بەزەیی خوا ٤٧٦
حەوتەم: ڕقلێبوونی هەندێك لە فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەر و پشتێکردنی ٤٧٧
هەشتەم: باوەڕنەبوون و واتاگۆڕینی
ناو و سیفاتەکانی خوا و پەیوەستنەبوون بە دەقەکانەوە ٤٧٧
نۆیەم: بە گشتی ئاگالێنەبوونی تەوحید و بەشەکانی ٤٧٧
بەشی دووەم: هێنانەدی تەوحید
بەشێوەی تەواوکاری و کاملبوون (تحقیق المندوب والکمال) ٤٧٧
هۆکارەکانی زیادبوونی یەقین ٤٨٠
هۆکارەکانی هێنانەدی تەوحید و حەقپێدانی ٤٨٧
لەکەدارکردنەکانی هێنانەدی تەوحید بە شێوەی تەواوکاری و کاملبوون ٤٨٨
بەشی پێنجەم: ٤٩٢
جۆرەکانی تەوحید لای ئەهلی سوننەت ٤٩٢
بەڵگەکانی دابەشکردنی تەوحید ٤٩٥
بەشی شەشەم: ٥٠٨
جۆرەکانی تەوحید لای ئەهلی سوننەت ٥٠٨
دابەشکردنی تەوحید لەلایەن فیرەقە گومڕاکارەکانەوە ٥٠٩
دابەشکردنی تەوحید لای فەیلەسووفە ئیسلامییەکان ٥١٠
دابەشکردنی تەوحید لای فیرەقە کەلامییەکان ٥٢٥
دابەشکردنی تەوحید لای ئەشعەرییەکان ٥٣٣
پەیوەندی ئەشعەرییەکان بە (تصوف)ەوە ٥٣٨

دابەشکردنی تەوحید لای سۆفییەکان ٥٤٦
دابەشکردنی تەوحید لای شیعەکان ٥٥٤
دابەشکردنی تەوحید بە ناوی (توحید الحاکمیة) ٥٧٢
ناوەڕۆك ٥٨٥